گۆلدا مایەر

# ژیانی من

## ژنێک، سەرکردەی نەتەوەیەک

لە ئینگلیزییەوە: شەفیقی حاجی خدر

ناوی کتێب: **ژیانی من**
بابەت: **بیرەوەری**
نووسەر: **گۆلدا مایەر**
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: **شەفیقی حاجی خدر**
بەرگ و دەرهێنانی هونەری: **محەمەد جەبار**
نۆرەی چاپ: **سێیەم**
تیراژ: **٢٠٠٠ دانە**
چاپخانەی **کارۆ/ سلێمانی**
نرخ: (٥٠٠٠) دینار

**لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٨٢٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دراوەتێ.**

# MY LIFE

## by Golda Meir

G. P. Putnam's Sons
New York

## ناوەڕۆک


**ئەم چاپە نوێیە بۆ؟ .................................. ٥**
**١- منداڵیم ....................................................... ٨**
**٢- هەرزەیەکی سیاسیی.......................................... ٣٠**
**٣- من فەڵەستینم هەڵبژارد.................................... ٥٨**
**٤- دەستپێکی ژیانێکی نوێ..................................... ٨٦**
**٥- پیشەنگەکان و کێشەکان.................................... ١١٧**
**٦- "دەبێ دژی هیتلەر بجەنگین" ................................ ١٥٥**
**٧- ململانێ لەگەڵ بەریتانیا ..................................... ١٩٨**
**٨- ئێمە خاوەنی دەوڵەتی خۆمانین .............................. ٢٥١**
**٩- وەزیر بۆ مۆسکۆ ............................................ ٣٠٩**
**١٠- مافی بوون ................................................... ٣٦٠**
**١١- دۆستایەتی ئەفریقایی و ئەوانی دیکەش .............. ٤٠٣**
**١٢- ئێمە تەنیاین .................................................. ٤٤٥**
**١٣- سەروەزیرەکە ................................................ ٤٨٥**
**١٤- جەنگی یۆم کیپور ........................................... ٥٣٧**
**١٥- کۆتایی ڕێگاکە ............................................... ٥٨١**

## ئەم چاپە نوێیە بۆ؟

زۆر جار لە نووسەر و وەرگێڕ دەپرسیٚ ئاخۆ کامە بەرهەمی خۆی لە هەموویان خۆشتر دەویٚ؟ پرسیاری لەوەش هەراسانتر ئەوەیە ئاخۆ لە هیچیان پەشیمانە؟

لە مێژیشە گوتراوە، هیچ کات پرسیار ناقۆلا نییە، بەڵکو ئەوەی ناقۆلایە وەلامە.

ئیدی لە بن ئەو ڕێسایە و بۆ بەرسڤی پرسیارەکەی سەروو، بە ڕاستگۆیی ئەوە دەڵێم، هەموو وەرگێڕانەکانم خۆش دەویٚن، هەر یەکەیان زادەی قۆناغێک و پەیامەکەشی لە ناوەڕۆکەکەوە سەرهەڵدەدا، ئاخر گەر هەر لە بنەڕەتەوە خۆشم نەویستبان، ئەوا لە قۆناغی خوێندنەوە نە دەپەڕینەوە بۆ وەرگێڕان. هەرچی دەربارەی پرسیارە قوڕسەکەی دیکەشە، ئایا لە هیچیان پەشیمانم؟ ئەوا بە هەمان پێوەر دەڵێم، نەخێر لە هیچیان پەشیمان نیم، چونکە هیچیانم بە شێوەی بەڕاداندان نەهێناوەتە بەرهەم، لە هەر یەکێکیشیاندا دەستەیەک لە خۆشەویستانم بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوە خەریککردوون، ئەوسا بە شێوەی پرس و ڕاوێژ بیٚ، یان بە شێوەی بەسەرداچوونەوە و هەڵەبڕی بیٚ، لە ئاکامیشدا خوێنەرە خۆشەویستەکانیشم کردوونەتە سەنگی مەحەک. وەرگێڕانەکانم نە منەتە و نە ئەرکە بەسەر کتێبخانە و خوێنەری کورد، بەڵکو هەوڵێکی تاکەسی خۆمە، دوای ئەوەی بە ناوەڕۆکەکەیان کارانگاز بووم، ویستوومە کەسە خۆشەویستە نزیک و پەیوەندیدارەکانیشم لیٚی بە ئاگا بن، ئینجا بە پاڵپشتی و دنەدانی ئەوان و قەناعەتی خۆشم، کە بواری وەرگێرانم بۆ هاتووەتەپێش، مشووری لە چاپدانیانم خواردووە. ئینجا ئەگەر بە لای خوێنەر باش و بە سوود و

مایەی چێژلێوەرگرتن بووبن، ئەوا هەم سوپاسگوزار و هەم شانازیشم، خۆ ئەگەر پێچەوانەش بێ، ئەوە گوتراوە ماڵی قەڵب سەر بە ماخۆکەیەتی.

لـی گەلـۆ، لێـرەدا ڕاسـتییەک هەیە، ئەو ڕاسـتییەش زادەی کـاتی وەرگێڕان و چاپکردنە. لەوانەیە وەک پاش ڕستەی بەڵامیش وەڵامەکە فراژی بکا. هەرچەنده ئەوە زۆر ڕاستە، لە هیچ کارێکی وەرگێڕانم پەشیمان نیم، بەڵام لە پێـواژۆی هێنانەبەردەسـتی خـوێنەر، لە قۆنـاغی دوای وەرگێـڕان، لە پرسـی ئامـادەکردن، لە پێداچوونەوە و هەڵەچنـی و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوە، لەوانەیە لەو قۆنـاغەدا، کەموکـوڕیم هەبـووبێ، بـۆیە کورتهێنانێـک هـاتبێتە گـۆڕێ، ئیـدی وەرگێـڕانەکە بە کۆمەڵێـک هەڵەی تایـپ و ڕێنـووس کەوتبێـتە بەردەسـتی خـوێنەر. بەم جـۆرە لەو قۆنـاغەدا ئۆبـاڵی هەمـوو کێماسـییەک لە ئەستۆی من دایە، هەق بوو دەستنووسی وەرگێڕانەکانم نیشـانی ژمـارەیەکی زۆرتـری هاوڕێیـانم بـدابووایە، بمخسـتبانە بەردەسـتی هەڵەبـڕ و زمـانزانی کارامە، تـا بکرێ بە کەمترین هەڵە بکەوێتە بەردەسـتی خـوێنەر، بەڵـێ کـاتێ ئەو کـارەم لە دەسـت نەهـاتبێ، یـان نەمکردبـێ، ئەوا هەم پەشـیمانم و هەم لێرەشەوە داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم.

ماوەیەکیشە خۆزگەی ئەوە دەخوازم، بەڵکو وەرگێڕانەکـانم دووبـارە بە چـاپ بگەیەنـم، هەر هـیچ نەبـێ تـا خـۆم لەم کەموکـورتییە دەربـاز بـکەم. کـاتێکیش بـاس دێـتە سـەر یادەوەرییەکـانی ژنە سـەرکردەیەکی وەک گۆلـدا مایەر، دوای ئەوەی بۆ خۆشبەختی پاڵپشتێکی چاپیشی بۆ پەیدا بـوو، ئیدی زۆر مەراق بووم، ئەمجارەیان زۆر بە پوختەیی چاپ بکرێتەوە.

ئەوە بـوو دوو هـاوڕێی ئـازیز و کـوردیزان و وردبـین، هەر یەک لە هاوڕێیـان (ڕێبـاز مسـتەفا)ی وەرگێـڕی بە توانـا و (لوقمـان شـلانی) ، ئەو کەسـەی زۆر لەمێـژە بـووەتە فلـتەری یەکەمـی ڕەشنووسـی وەرگێرانەکـانم، هـاتنە پـێش و هەر یەکەیـان نیـوەی کتێبەکەی بۆ ئەم کـارە هەراسـانە گرتە ئەسـتۆ. منـیش هەقە دان بەو ڕاسـتییەدا بنـێم، کە پینەکـردن کـارێکی چەنـد سەخت و جاڕسە.

بە هاوکاری ئەم دوو هاوڕێیە، نەوەک هەر هەڵەی تایپ و ڕێنووسی نێـو ئەم کتێـبەم چـاک کـردوونەتەوە، بەڵکـو بە ڕاوێـژ لەگەڵ ئەوان و هــی

دیکەش، هاتینە سەر ئەو ڕایە، جارێکی دیکە وەرگێڕانەکە لەگەڵ دەقە ماکە ئینگلیزییەکە بەروارد بکەمەوە، لەمەش زیاتر شێوەی چاپەکەش هەموار بکرێتەوە، کە کاتی خۆی هەرچەندە دوو جارانیش چاپکراوەتەوە، بەڵام هەینێ تێبینی و ڕوونکردنەوەکانی وەرگێڕ بۆ کتێبەکە لە نێو دەقەکەدا جێگەیان کرابووە و خرابوونە نێوان دوو کەوانەوە و ناوەکانی ناویشی بە ئینگلیزیش نووسرابوونەوە، بەڵام ئەم جارەیان هەموو ئەمانەم هێناونەتە خوار و لە پەراوێز دامناون، سەرباری پەراوێزی دیکەش.

بە دەر لەو دوو بەڕێزانەش، دەبێ ئەوەش بڵێم، کە هاوکاریی هەر یەک لە هاوژینی خۆشەویستم (کنێر جەمیل خەیلانی) و کاکە(ڕا)ی کوڕم نەبووایە، لەوانە نەبوو بە ئاسانی لە بن باری ئەم ئەرکەمدا دەربچم.

پێم، وایە ئەم کتێبە هی ئەوەیە، هەموو ڕۆشنبیرێک، نەخاسمە ئەوانەی بە لای سیاسەتدا دەیشکێننەوە، بیخوێننەوە؛ چونکە پڕە لە دەرسی سەرکردەیەکی لێهاتووی دڵسۆز، کە هەر لە تەمەنی هەرزەییەوە خۆی بۆ دۆزێک تەرخان کردووە، تا بە ئامانجی خۆی گەیاند، ژنێک دوای ئەوەی قۆناغەکانی خەباتی ژێر زەمینی و بە دەوڵەتبوون و کاربەدەستی حکوومەت هەر لە باڵوێز بۆ وەزیر پاشان سەرووەزیری دەبڕێ، پاشان وەک داپیرەیەک دەچێتەوە ماڵەوە، جێگە بۆ گەنجێکی دوای خۆی چۆڵ دەکا.

وەرگێڕ

# ١
# منداڵیم

جارێ هەر بە ڕێگاوە، پێم وایە ئەو ماوە کەمەی سەرەتای منداڵیم، هەشت ساڵی بەرایيم، ئەو هێندە سەرەتایەی، کە پێی دەگوترێ ساڵی ساوایەتی، ئەگەر وابێ ئەوا مایەی خەمگینییە چونکە من زۆر کەم یادەوەریی خۆش و شادمانی ئەو کاتم لە بیرە.

ئەو سەردەمە گۆشەگیرییە کە لە ماوەی ئەو حەفتا ساڵەی ژیانمدا لەگەڵمدا بووە، بەشە هەرە زۆرەکەی ناخۆشی و تەنگانە بوو، خانەوادەکەمان لە ژێر باریدا دەیناڵاند، ئەویش بریتی بوو لە هەژاری، سەرمابردەیی، برسێتی و ترس. پێشموایە بیرهاتنەوە تۆقێنەرانەکەی ئەوێ ڕۆژێم لایە ڕوون و زەقەکەی بیرەوەرییمە. من دەبێ زۆر ساوا بووبم ئەو دەمە، هەر سێ یان سێ و نیو یاخود چوار ساڵان بووبم. ئێمە لە یەکەمین نهۆمی خانوویێکی بچووک لە کییف دەژیاین. من هێشتا ئەوەم بە ڕوونی لەبیرە، کە باس لە ڕەشبگیریی[1] سەرمان دەکرا. بێگومان ئەوکات نەمدەزانی ڕەشبگیری واتای چییە، بەڵام ئەوەندەم دەزانی شتەکە پەیوەندی بە خەڵکی جوو و شەپۆڵی ئەو هەراوهوریای شارەوە هەیە؛ پەیوەندی بە سەرەڕمی تیژ و تیخی لە هەساندراوی کێرد و هاتوهاواری "کریستیانە بکوژەکان"ەوە هەیە، کە سەیری جووەکانیان دەکرد، تا بەڵایەک بەسەر من و خێزانەکەمدا بهێنن.

ئەوەم لە بیرە، لە سەر پەیژەکە وەستابووم، دەچوومە نهۆمی دووەمەوە، ماڵێکی جووی تێدا دەژیا، دایکەکە دەستی کچە ساواکەی گرتبوو، تەماشای باوکی منیان دەکرد، کە چۆن بە لەوحەدارێک دەرگا سەرەکییەکەی

---

[1] pogrom

دەگـــرت. لە ڕاســـتیدا ڕەشـــبگیرییەکە ئەنجـــام نەدرا، بەڵام ئەو ڕۆژەم لەبیرنـاچێتەوە چـۆن تۆقیبـووین؛ چـۆنیش بـاوکم تـووڕە ببـوو، دەیەویسـت بمانپارێزێ، ئیدی بە بزمار لەوحەداری لەیەکدەدان تا ڕێ لە تێکدەران بگرێ. لە سەرووی هەموو ئەمانەش ئەوەم دەزانـی، ئەو هەمـوو شـتە بۆیە لە ئێمە دەقەومێ، چونکە جوو بووین. جوو بوون دەبووە مـایەی جیاکردنەوەمـان لە منداڵانی گەڕەک. ئەوە هەستکردنێک بوو، چەند جاری دیکەش لە ژیانماندا دووبـارە بـووەوە. هەسـتی تـرس، بێهیـوایی، ئاگـایی ئەوەی کە تـۆ بە هـۆی قــووڵایی بونیــادی بیروبــاوەڕەوە جیــاواز، ئەوەی بیویســتبا دەربــازببێ، دەبووایە کردەیەکی چالاکانەی لەبارەی خودی خۆی نواندبا.

هەروەهـا ئەوەشـم لە بیـرە ئـێمە چەنـد هەژار بـووین. هیچمـان بە ڕاددەی پێویسـت و تێربـوون نەبـوو، نە خـواردن، نە جلـوبەرگی ئەسـتور و گەرم، نە گەرمکەرەوەیەک لە ماڵ. من هەمیشە ئەو زارۆکە بووم، لە دەرەوە سـەرما و لە مـاڵیش زۆر زگبەتـاڵ بـووم. هەتـا هەنووکەش دوای ئەو مـاوە دوور و درێـژە، هەنـدێ شـتم لە بیرمـاوە، کە هـیچ کـاریگەریەکی نییە؛ بەڵام دیمەنەکەم وەک خۆی لەبەرچاو ماوە، وێنەی خۆم دێتەوە بیر، لە سووچێکی نانــدینەکە چـــاو بە فرمێســـک دانیشـــتبووم، ســـەیری دایکمـــم دەکـــرد، چۆن تریتەکە، کە مافی خۆم بوو دەرخواردی زیپکە،[2] خوشکە بچووکەکەمی دەدا. ئەوێ دەمێ، تریتە لە ماڵی ئێمەدا خۆشترین و نایابترین خـواردن بـوو، من بە دڵگرانی و نـابەدڵییەوە بەشـی ئەوانـی دیکەم دەدا تـا ئەگەر زارۆکیش بووبـا. سـاڵانێک دواتـر بە ئەزمـون ڕووبەڕووی ترسـی برسـێتی منداڵەکانی خۆم بوومەوە و فێربووم چۆن بڕیاربدەم و پێشتر زگی کامە منداڵ تێربکەم، بەڵام بێگومان لە ناندینەکەی کییفدا هەرئەوەم دەزانـی، ژیـان زۆر قورسـە و دادپەروەریـیش لە هـیچ کونجێکدا نییە. مـن بەوە شـادمان بـووم کە پێیـان نەگوتبـووم، زۆر جـاران خوشـکە گەورەکەم لە قوتابخـانە لەبەر برسـێتی دەبوورایەوە.

---

[2] Zipke

دایک و باوکم لە کییف نۆماڵ بوون. ئەوان یەکدیان لە پینسک[3] دیتبوو، ئیدی ببوونە هاوسەری یەکدی. ماڵباتی هەر لەوێش دایکم دەژیا، سەرەنجام ئێمەش لە ١٩٠٣دا بۆ ئەوێ گەڕاینەوە. ئەوکات من پێنج ساڵان بووم. دایکم زۆر شانازی بەو پەیوەندییە ڕۆمانسییانەی دەکرد، کە لەگەڵ باوکمدا هەیبوو، زۆر جاریش بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە، بەڵام من لە دڵەوە ئەوەم بۆ دەرکەوت، بۆیە هەرگیز هەوڵم نەدا گوێی لێبگرم. دایک و باوکم بە شێوەیەکی زۆر بەدەر لە نەریت بوونە هاوسەری یەکدی، بێ ئەوەی لە شادچان[4] ڕێوڕەسمە نەریتییەکە بەهرەمەندبن.

من ئەوە بە تەواوی نازانم چۆن باوکم، کە لە ئۆکراین لەدایکببوو، ئەرکی سەربازیی لە پینسک بەجێهێنا. ئیدی هەر لەوێ بە ڕێکەوت جارێکیان دایکم لەسەر جادەدا دەیبینێ. ئەو پیاوێکی باڵابەرز و قۆز دەبێ، هەر بە زوویی یەکدیان خۆشدەوێت و دایکیشم زاتدەکات و لە بارەیەوە بە ماڵباتەکەی بڵێ. لە کۆتاییدا داواکارەکەی دەستی دایکم بانگهێشتی ماڵ دەکرێ بۆ ئەوەی وردەکارییە تەکنیکییەکان ڕێکبخرێن. ئەوەی مایەی سەرنجدانە – لە چاوی دایکم و هی ئێمەش- ئەو ڕاستییە هەبوو، دایکم توانی باوەڕ بە دایبابی خۆی بهێنی، کە خۆشەویستی نیگای یەکەم بەسیەتی، هەروەها داوای مارەیی و شتی لی نەکەن، لەبەرئەوەی باوکم هەتیو و نەدار بووە. بەڵام هێشتا یەک ڕاستی مابووەوە، ئەویش ئەوە بوو باوکم نەزان نەبوو. ئەو لە ساڵەکانی هەراشیدا دەمێک لە یشیڤیا[5] خوێندبووی. یشیڤیا فێرگەیەکی ئۆلی جوو بوو. ئەو تەوراتیشی زانیوە. دیاربوو باپیرم (باوکی دایکم) ئەو ڕاستییەی بەهەند هەڵگرتبوو، هەروەها من هەمیشە گومانم لەوە

---

[3] Pinsk

[4] Shadchan دەسەڵاتی فەرمی قەیدنامەی مارەبڕین لای جوو. وەرگێڕ

[5] Yeshiva پەیمانگای فێرکردنی جوو، کە تیشک دەخاتەسەر خوێندنی دەقە دینییە نەریتییەکان، نەخاسمە تەلمود و تەورات و هالاخا (شەریعەتی جوو). وەرگێڕ

هەبوو، کە باپیرم کەوتبووە بن ئەو کاریگەرییەش، ئاخر دایکم هەرگیز بەوە نەناسراوبوو ڕای خۆی سەبارەت بە پرسێکی چارەنووسساز بگۆڕێ.

دایک و باوکم زۆر لە یەکدی جیاوازبوون: باوکم موشێ ئیسحاق مابۆڤیچ[6] لاوازێکی سیما شیرین، پیاوێکی بنەڕەت گەشبین، زۆر بڕوای بە خەڵک هەبوو تا ئەوکاتەی دەردەکەوت هەڵە بووە، بە گشتی بە واتای وشە هەر ئەو خەسڵەتەش وای لێکردبوو لە ژیاندا سەرکەوتوو نەبێ. بە کورتی دەکرێ بە کابرایەکی پاک و بێوەی وێنابکەین، ئەو جۆرە پیاوە بوو لە کارە ئاسانەکاندا سەرکەوتوو بوو. بلومی[7] دایکم، پرچ قاوەییەکی سووورباوی شۆخوشەنگ، چەلەنگ، ڕووگەش و زۆر سەنگینتر و تێکۆشەرتر لە باوکم، بەڵام وەک ئەو بە بنەڕەت گەشبین و هاتیەوە بوو لەگەڵ خەڵکی. بەدەر لەو هەموو شتە، لە شەوانی هەینیداماڵەکەمان پڕ دەبوو لە خەڵک، بە زۆریش ئەندامانی بنەماڵەکەمان. من پۆلێک ئامۆزا و خاڵۆزا و کوڕ و کچەپوور و ئامۆزای دوورتر و پلک و خاڵ و مامەکانم بوون. هیچیان لە دەست هۆلۆکۆست قوتار نەبوون، بەڵام لەنێو چاوی بیری مندا دەژین. ئەوکات لە دەوری مێزی نانخینەکەمان کۆدەبووینەوە و چایان لە پەرداخ دەخواردەوە و لە شابات و ڕۆژانی پشوشدا بۆ چەندان سەعات گۆرانییان دەچڕی، من لە بیرمە دەنگی شیرینی دایک و باوکم بەسەر دەنگی هەموویان دەکەوت.

ماڵمان بە شێوەیەکی تایبەتی دیندار نەبوون. بێگومان باوانم پەیڕەوی نەریتی جوولەکانەیان دەکرد. ئەوان لە ناندینەدا کۆشەریا[8] یان ئامادەدەکرد و هەموو بۆنە و ئاهەنگەکانی جووایەتییشیان یاددەکردەوە. وەلێ ئایین- بە شێوەیەکی فرەوان، کە لە نەریتی جوولەکان جیابکرێتەوە- ڕۆڵێکی بچووکی لە ژیانی ئێمەدا وازیدەکرد. من لە منداڵییەکەم هیچم

---

Moshe Yitzhak Mabovitch[6]

Blume[7]

Kosher[8] ژەمە خواردن بەگوێرەی شەریعەتی جوو. وەرگێڕ

نایەتەوەیاد، کە بیرمان لە خوا کردبێتەوە یان نزا بۆ یەزدان بکەین، کاتێکیش من گەورە بووم- بێگومان ئەوکات هەموومان لە ئەمریکا بووین- هەندێ جار پرسی ئاینم لەگەڵ دایکم تاوتوێدەکرد. لەبیرمە جارێکیان دایکم ویستی بسەلمینێ خوا هەیە. ئەو گوتی "بۆچی بۆ نموونە بەفر و باران دەبارێ؟" ئیدی ئەوەم بۆ شیکردەوە، کە لە قوتابخانە لەبارەی بارانبارین فێربووبووم، بەڵام ئەو گوتی "کەواتە گۆلدا ئەگەر تۆ ئەوەندە زیرەکی، دە باران ببارێنە!" ئەو ڕۆژانەش کاتی گرمەگرمی هەور نەبوو، نەمدەتوانی بیر لە وەڵامێک بکەمەوە. بەوەی کە جووەکان خەڵکێکی بژاردەن، من هەرگیز ئەوەم پەسەند نەکردووە. تا ئێستاش هەر وایە بۆ من، ئەوەش زیاتر گونجاوە بۆ بڕواپێکردن، کە نەک یەزدان جووەکانی هەڵبژاردووە، بەڵکو جووەکان یەکەمین گەل بوون، خوایان هەڵبژارد. یەکەمین گەل بوون لە مێژوودا، هەندێ شتی شۆڕشگێڕانەیان ئەنجامدا و هەر ئەو لێبژاردنەشیان بووە مایەی بێ وێنەییان.

هەرچۆنێک بێ-وەک لە بوارەکانی دیکەشدا- ئێمە بەم شێوەیە وەک زۆرینەی جووەکان لە شار و دێهاتی ڕۆژئاوای ئەوروپا دەژیاین. ئێمە دەچووینە سیناگۆک[9] لە میهرەجان و ڕۆژانی بە ڕۆژووبوون، ئێمە شابات (شەممە)مان پیرۆزدەکرد و ڕۆژمێرەکەشمان ڕادەگرت: ڕووسییەک، کە ئەوەندە دوور بوو لە وڵات و ٢٠٠٠ساڵیش بوو ئاوارە بووبوو، کەچی هێشتا سروش و دابونەریتە کۆنەکانمان لە کییف و پرینسک پەیڕەو دەکرد.

دایبابم هاتبوونە کییف ئەوکات شینا[10] (نۆ ساڵ لە من هەراشتر بوو) هێشتا زۆر بچووک بوو. باوکم دەیویست بارودۆخەکەی باشتر بێ، هەرچەندە کییف لەودیو قەڵەمڕەوی نشینگەی پێیل[11] بوو، لەو بەشەی ژیانی

[9] سیناگۆک: پەرستگەی جوو. وەرگێڕ

Sheyna[10]

Pale [11]

ئاسـاییانەی جـوو قەدەخە بـوو، بەڵام ئەو پیشـەگەر بـوو، گەر هاتبـا و بیسەلماندبا دارتاشێکی لێهاتووە و لە تـاقیکردنەوە دەردەچێ، ئەوا دەیتوانی مـۆڵەت وەربگـرێ و بچێـتە کییـف. ئیـدی ئەو مێزیکـی شـەترەنجی نایـابی دروستکرد و لە تاقیکردنەکە دەرچوو، ئەوسا بارگەوبنەی خۆمان تێکنا و بە دڵێکی پڕ لە هیواوە بەرەو کییف چووین. لە کییف باوکم لای حکومەت ئیشی دەستکەوت، بەوەی کاری دارتاشی بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکان بکا و بەرەو پێشەوە ڕۆیشت. بەو پارە و هەندێکی دیکە، کە داییابم قەرزیانکرد، دوکانێکی دارتاشـی کـردەوە، پێدەچوو بارودۆخەکەمـان بەرەو باشـی بـڕوا. کەچـی لە کۆتاییدا کارەکە شکستیخوارد. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ وەک باوکم گوتی، چونکە ئێمە جوو بووین و کییفیش بەرە و دژەسـامیزم تەکانیـدا. هەرچۆنێک بێ، هەر زوو نە کار ما و نە پارە، دەبووایە ئەو قەرزەش کە لە سـەری بـوو، بیداتەوە. ئەوەش تەنگژەیەک بوو لە منداڵیم دووبارە بووەوە.

باوکم بە داماوی بە دوای کارێک دەگەڕا لە هەرکوێیەک بێ. ئەو بە هەمـوو ڕۆژەکە تەنـانەت زۆر شـەوانیش هەر لە دەرەوە بـوو، کـاتێکیش لە شـەوەزەنگەکانی زسـتانی ڕووسـیادا دەهـاتەوە مـاڵ، بە ئاسـتەم ئەوەنـدە ئازوقەمـان هەبـوو بەشـی ژەمەخواردنێک بکـا. دەبـووایە بڕیمـان بە ماسـی هارینگ و خوێ و نان بشکێنین.

دایکیشم تەنگوچەڵەمەی دیکەی هەبوو. چوار زارۆکی کوڕ و کچـی نەخـۆش کەوتـن. دووانیـان بەرلەوەی تەمەنیـان بگـاتە یەک سـاڵی مـردن و دوانیش لە مـاوەی یەک مانگدا فەوتـان. دایکم بە دڵێکی شکسـتخواردووەوە پرسـەی بۆ دانـان، بەڵام هەروەک دایکە جووەکانی نەوەی ئەو سـەردەم، بە ئیـرادەی خـوا قـایلبوو. ئەو بەرەنجامەشـی نەگـرتەبەر لەبەردەم گـۆڕە بچووکەکـان دۆشـدابمێنێ و واز لە پەروەردەکردنـی منـداڵی دیـکەی بهێنـێ. یەکسەر دوای مردنی دوا زارۆکەکە، خێزانێکی خواپێداو، کە لە نزیک ئێمەوە دەژیـان، کـاری مامـانی بە دایکـم سـپارد تـا شـیر بـداتە کۆرپەلەکەیـان. لـێ مەرجی هەبوو: دەبووایە دایکم و شینا ژووره تاریک و ناخۆشـەکەی خۆیـان جێهێشتبا و چووبانە دیوێکی گەورە، ڕووناک و هەواداری ئەوان، هەروەهـا دەبـووایە پەرسـتارێکیش بنەماکـانی بەخێـوکردن و چـاودێریکردنی

کۆرپەلەکەیان فێری دایکە هەژارەکەم بکا. ئیدی بە چاکەی ئەو شیرەخۆرە ژیانی شینا باشتربوو، منیش تا ڕادەیەک لە بارێکی ڕێکوپێک، خاوێن و تەندروست لە دایکبووم. بەگوێرەی خێرخوازەکە دەبووایە دایکم تێر بە زگی خۆی بخوات، ئیدی هەر زوو دایک و باوکم بوونە خاوەنی سێ منداڵی دیکە، شینا، زیپکە و من.

لە ١٩٠٣دا کە من لە سەرووی پێنج ساڵیدا بووم، گەڕاینەوە پینسک. باوکم لەو کەسانە نەبوو کۆڵبدا، خەونێکی نوێی بۆ پەیدابوو. ئەو گوتی؛ جا شکستەکەی کییف قەیدی چییە. ویستی بەرەو ئەمریکا بڕوا. ئەمریکا هەروەک جووەکان دەیانگوت "وڵاتی زێڕ" و لەوێ سامانیان بەسەریەکەوە دەنا. دەبووایە دایک، شینا، زیپکە (کیژە تازەبووەکە) و من لە پینسک چاوەڕێمان بکردبایە. ئیدی ئەو کەلوپەلەکانی جارێکی دیکە خڕکردنەوە و بەرەو کیشوەرێکی نادیار کەوتەڕێ و ئێمەش چووینە ماڵی باپیرەمان.

هەرچەندە من لە پینسک ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دایبابی دایکم دەژیام، بەڵام نازانم باندۆری باپیرە و نەنکم لەسەر من چەندبوو. بە دڵنیاییەوە ئەوە بۆ من قورسبوو بڕوابکەم، کە باوکی باوکم هیچ ڕۆڵی لە ژیانی مندا وازینەکردووە، چونکە بەر لە بە یەکگەیشتنی باوک و دایکم، کۆچی دوایی کردبوو. بەڵام کەسایەتی ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکان لە منداڵیمەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کاردانەوەی خۆی هەیە، ئەمەش بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە. من وەها هەستدەکەم بەشێکە لە مێژوو. ئەو یەکێک بوو لەو هەزاران منداڵە ڕفێنراوانەی جوو شانگاهاید[12] لە سوپای قڕاڵی ڕووس تاکو بۆ ماوەی ٢٥ساڵ خزمەت بکەن. ئەوان بە جلکی پەڕپوت، خۆراکی کەم و خراپ و تۆقاندنی بەردەوام، لەوەش زیاتر گوشاریان لەسەر بوو تا ببنە کریستیانیش. مابۆڤیچی[13] باپیرەم لە تەمەنی سێزدەساڵیدا

---

Shanghaied[12] شانگایید: بێگارییپێکردن لە دەریاوانییدا. وەرگێڕ

Mabovitch[13]

بردرایە نێو سوپا. ئەو کوڕی خێزانێکی بەرزی ئۆلدار بوو، وەها پەروەردە کرابوو ببێتە خاڵێکی پڕشنگدار لەنێو نەریتی جووە ئەرسەدۆکسەکاندا. ئەو بۆ ماوەی سیزدە ساڵی دیکەش خزمەتی سوپای ڕووسی کرد، لەو ماوەیەدا هەرچەندە هەڕەشەی لێدەکرا، گاڵتەی پێدەکرا و زۆریش سزا دەدرا، کەچی هەرگیز تخونی خواردنی ناکۆشەر[14] نەکەوت. لەو هەموو ماوەیەدا ئەو لەسەر نان و میوەی نەکوڵاو ژیا. لەژێر گوشاری توند بۆ ئەوەی واز لە دینەکەی بێنێ، بەڵام ملی بۆ دانەنەواند، ناچارکرا بە چەندان سەعات لەسەر زەوی کڕنۆش بەرێ، بەڵام هەرگیز خۆی بە دەستەوەنەدا. کاتێکیش ئازادکرا و گەڕایەوە ماڵ، ترسی ئەوەی هەبوو مەبادا بە بێدەستی خۆی قانونی جووایەتی شکاندبێ. بۆ ئەوەی تۆبەی ئەو گوناحەی بکاتەوە، ساڵانێکی دوورودرێژ لەسەر کورسی سیناگۆگ دەنوست و بەردی دەکردە سەرین. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە بە گەنجی سەربنێتەوە.

وەنەبێ هەر باپیرەم وا خۆگر بووبێ، یان بەواتایەکی دیکە ڕەنگبێ هەندێ کەس ڕایان لە وشەکە نەبێ، بۆیە وا سەرسەخت نەبوو، هەروەها داپیرەشم لە دایکەوە ئەوەی من هەر نەمدیتبوو، منیان بە ناوی ئەو کردووەتەوە، بە خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵایین و ڕەفتارسالاری ناسرابوو. وەک بۆیان گێڕاوینەوە کەس لە خانەوادەکەمان بە بێ پرسی ئەو نەیدەوێرا هیچ بکا. بۆ نموونە هەر گۆلدای داپیرەگەورەم بووە مایەی ئەوەی کە دایکم و باوکم بۆ یەکدی ببن. کاتێک باوکم هاتبووە داخوازی دایکم، باپیرەم نایدیچ[15] بە نابەدڵییەوە سەری هەژاند و ئاهێکی ساردی هەڵکێشا، کە چۆن جگەرگۆشەکەی بلوم[16] شوو بە بابایەکی دارتاش بکا، هەرچەندە وەستاش بێ. کەچی داپیرەم بە هانای دایکم هات و ڕزگاریکرد، کاتێ گوتی؛ "ئەرێ مەسەلەکە چییە؟ هەرچییەک بێ مرۆڤە، ئەگەر ئەو ئێستا دارتاش بێ، دەکرێ

---

[14] ناکۆشەر: حەرام بەگوێرەی شەریعەتی موسا. وەرگێڕ

[15] Naiditch

[16] واتە دایکی نووسەر. وەرگێڕ

ڕۆژێک بێت ببێتە بازرگان." باوکم هەر بە دارتاشی مایەوە، بەڵام بە هۆی گۆلدای داپیرەم، باپیرەم پیرۆزبایی لێکردن. بۆب گۆلدای نەنکم نەوەد و چوار ساڵ ژیا. یەکێک لە سەربردەکانی، کە بەباشی لەبیرمە ئەوەبوو، هەمیشە لە جیاتی شەکر خوێی لە چا دەکرد. دەیگوت: "بۆ ئەوەیە تا تامی دیاسپۆرا[17] لەگەڵ خۆم ببەمە جیهانی ئەودیو." مایەی سەرنجدانە دایبابم پێیانگوتم من لەو دەچم.

بێگومان ئەوان هەموویان ڕۆیشتن، خۆیان و منداڵ و منداڵی منداڵیشیان، هەروەها شێوەی ژیانیشیان ڕۆیشت. شتێتلیش کە گوندێکی بچکۆلانەی جووەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوو، بە ئاگر سوتێنرا و خاپورکرا، یادەوەرییەکە بە تەواوی لەنێو ئەدەبیاتی یدیشی[18]مایەوە، کە بووە مایەی ژیانەوەیەکی خێرا. ئەو جۆرە گوندانە لە ڕۆمان و فیلمەکاندا بە شێوەیەک نۆژەنکرانەوە یان جێیانگرتەوە، کە باپیرەکانم هەرگیز نەیانبیستبوو، یان ئەو کابرایە دڵگەرمە کەمانچەژەنە لە بن هەنوانی شتێتلی نازداردا موزیکێکی بە جۆش و ناسکی لێدەدا، ئەوەی ئاماژەپێکرا پەیوەندی بە یادەوەریی منەوە نییە، هیچ پەیوەندی بە باری نەداری، کوێرەوەریی کۆمەڵگای جووەکانەوە نەبوو، کە بناوانی ژیانیان بوو، ئەوان خواخوایان بوو ڕۆژێک ژیان و گوزەرانیان باشتر ببێ، بەڵام دیاربوو هەر ئەو باوەڕەیان بووە خاڵی نەگبەتییان.

زۆربەیان لەخواترس و خەڵکی ئازا بوون، بەڵام ژیانیان هەروەک ژیانی مۆبۆڤیچی باپیرەم لە جەوهەردا تراژیدیا بوو. من هەرگیز ئەو هەستەم لا پەیدا نەبووە – بۆ چرکەساتێکیش بێ– بە یادی جارانەوە بژیم کە تیایدا لە دایک بووم، هەرچەندە بە قووڵی ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیان و

---

[17] دیاسپۆرا، یان دایاسپۆرا Diaspora: دەربەدەبوونی خەڵک لە سەر زیدی خۆیان. ژیانی خەڵکی جوو لە دەرەوەی فەڵەستین یان ئیسرائیلی ئێستا، لە بنەڕەتەوە وشەکە گریکییە. وەرگێڕ

[18] زمانی جووەکانی ئەشکەنازی و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بە ئەلفبێتکەی عیبری دەنووسرا و لە سەدەی نۆزدەهەمدا باو بوو. وەرگێڕ

بیروباوەڕمدا هەبووە و کاری تێکردووم سەبارەت بەوەی هەرچی پیاو و ژن و منداڵە لە هەرکوێیەک بن هەرچیەک بن شایانی ئەوەن ژیانی خۆیان بە بەرهەمداری و ئازادانەی بێ سوکایەتیپێکردن بژین، لەوەش زیاتر سەبارەت بە بارودۆخی جوو بە تایبەتی کە هەقە هەبن و بژین. لەو دواییانەدا زۆرم لەبارەی ژیانی گوندەکانی شتێتل بۆ ڕۆڵەکانم و نەوەکانم باسکردووە، بە تایبەتی ئەو تارماییەی لە بیرمدا مابوو، ئەوەش منی شادمانکرد، کە ئەو زانیارییانە بۆ ئەوان لە دەرسێکی میژوویی زیاتر نەبوون. دەرسێکی زۆر بایەخدار لەبارەی بەشێکی گرنگی پێشینانمان. ڕاستییەکەی بەو شێوە نییە خۆیانی تێدا ببیننەوە، چونکە ژیانی ئەوان بە تەواوی هەر لە دەستپێکیەوە جیاوازبوو.

هەرچۆنێک بێ باوکم سێ ساڵی ڕەبەقی تەنیایی لە ئەمریکا بەسەربرد. بە زەحمەت و ئازارەوە ئەو بڕە پارەیەی پەیداکرد بیگەیەنێتە ئەوێ. هەروەک هەزاران جووی ڕووسیایی لە سەرەتای وەرسوڕانەوەی سەدەدا، ڕژانە وڵاتی زێڕین[19]. ئەو بڕوای وابوو، لەوێ دەتوانێ بایی ئەوەندە سامان بەسەریەکەوەبنێ و بگەڕێتەوە ماڵ لە ڕووسیا تا ژیانێکی نوێ دەستپێبکا. بێگومان نە بۆ ئەو و نە بۆ هەزارانی وەک ئەو، کارەکە مەیسەر نەبوو، بەڵام ئەو هیوایەی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا لەسەر گەڕانەوەی هەڵمان چنیبوو، خەمی دووری باوکمانی سوککردبوو.

هەرچەندە کییف، شوێنی لە دایکبوونم، لەنێو تەمتومانی ڕۆژگاردا لای من ون بووبوو، بەڵام هەندێ وێنەی ناخەوەم لەبارەی پینسکەوە بەبیردادێن، ڕەنگبێ زیاتریش لەبەر ئەوەبێ، کە زۆرم لەبارە بیستووە و خوێندووەتەوە. زۆر لەوانەی لەدواییدا دیتمن و لەگەڵیان ئاشنابووم لە بنەڕەتدا خەڵکی پینسک یان شارەکانی دەوروبەری بوون، لەنێویاندا خانەوادەی حایم وایزمەن و موشێ شارێت.

[19] مەبەست ئەمریکایە. وەرگێڕ

ساڵانێکی زۆر دواتر، دووجار بۆ پینسک گەڕامەوە. لە ١٩٣٩دا کاتێ بە ئەرکی بزووتنەوەی کرێکاران لە پۆلەندا بووم، لەو ڕۆژەی سەردانی شارەکەم کرد، خراپ نەخۆش کەوتم، ئیدی گەشتەکە هەڵوەشایەوە. پاشان لە ١٩٤٨دا، ئەوکاتەی وەک وەزیرێکی ئیسرائیلی لە یەکێتیی سۆڤیەت دەستنیشانکرام[20]. ئەوکات تاسەی شارەکە زۆری بۆ هێنام، کە بۆ پینسک بگەڕێمەوە تا بە خۆم سۆراخی کەسوکارەکەم لە ڕزگاربووانی دەستی نازییدا بکەم، بەڵام یەکێتیی سۆڤیەت ڕێگەی نەدام بچم. هیوام وابوو ڕۆژێک بێ ڕێگەم بدرێ گەشتەکەم بکەم، بەڵام لە ١٩٤٩دا دەبووایە بگەڕێمەوە ئیسرائیل، ئیدی گەڕانەوەم بۆ ئەوێ بۆ کاتێکی نادیار دواخرا. لەوانەیە ئەوەش ئەوەندە خراپ نەبووبێ، چونکە دواتر زانیم تەنیا یەک خزمی دوورم لەو بنەماڵە گەورەیەماندا بە ساخی مابووەوە.

شارەکە وەک لەبیرمدێ پڕبوو لە جوو. پینسک یەکێک بوو لەو ناوەندە ئاهەنگێڕانەی ژیانی جوو لە ڕووسیا، لەو سەردەمدا جووەکان زۆرینەی پێکهاتەکەی بوون. شارەکە لەسەر دوو ڕوباری مەزنی پینا و پریپێت ڕۆنرابوو، هەر دوو ڕوبارەکە دەڕژانە نێو دینیپەر. ئەو ڕوبارانە سەرچاوەی ژیانی زۆبەی جووەکانی ئەوێ بوون. ڕاوەماسی، بارکردن و داگرتنی کەشتییەکان، کاری بەندەر، قەبارەی گەورەی شەختە و جەلیتیان بە زستانان دەشکاند و دەیانخستە سارنجەکانەوە و بە هاوینان بۆ ساردکردنەوە بەکاریاندەهێنا. جارێکیان باپیرەم کە کۆگایەکی سارنجی گەورەی سەهۆڵی هەبوو، لە شەممە گەرمەکاندا دراوسێکان بە دەفر دەهاتن بەفریان بۆ نەخۆشەکان دەبرد. جووە دەوڵەمەندەکان بازرگانییان بە دار و خوێوە دەکرد. خاوەنی زۆر لە کارگەکان وەک کارگەی بزمار، تەختەدار و ئەوانی دیکە جوو بوون، بێگومان بە دەیان کرێکاری جووشیان هەبوو.

زۆر جار بیر لە پینکسەر بلۆت دەکەمەوە، ئاخر ئێمە لە ماڵدا وامان پێدەگوت، ئەویش ئەو زۆنگاوانە بوون، وەک زەریایەکی قوڕ و لیتە وابوون، فێرکرابووین هەروەک چۆن لە تاعون دووردەکەوینەوە، لەوانیش دوور

[20] باڵیۆزی ئیسرائیل بە پلەی وەزیر-وەرگێڕ

بکەویــــنەوە. لە یـــادەوەریی منـــدا ئەو زۆنگـــاوانە بەردەوام لە تیـــرۆری کۆزاکەکان[21] دەچوون. شەوانی زستان کە لە باریکەڕێیەکی نزیک زۆنگاوە قەدەخەکە لەگەڵ منداڵاندا گەمەمان دەکرد، ئیدی لەخۆیە سەرچاوەشیان دیارنەبوو، ڕەنگبێ لە خودی زۆنکاوەکە هاتبن، کۆزاکەکان بە سواری ئەسپ و بەتاو بەسەر ئێمەی لەرزەگرتوودا هاتن، دایکیشم هەر بە ترسولەرز و گریانەوە گوتی"جا چیت بۆ باسبکەم؟"

وەنەبێ هەر کۆزاک و زۆنگاوە بێ بنە ڕەشەکان لە پینسک سەرچاوەی تیرۆرمان بوون، لە بیرمە ڕیزە باڵاخانەکەی شەقام کە بەرەو ڕووبارەکە دەکشا، لە بەرانبەریشیدا، لەسەر گردەکە پەرستگایەک هەبوو. لە بەردەمیدا هەموو ڕۆژێ ژمارەیەکی زۆر پرچ پەشۆکاو و چاوداهێزراو هەڵتۆقیو دەپاڕانەوە و دەرۆزەیاندەکرد. هەوڵمدەدا لێیان دووربکەومەوە یان کە بە بەردەمیاندا ڕەتدەبووم، چاوم دەنوقاند. کەچی کاتێک دایکم بیوستبا بمترسێنێ، دەیزانی لەچی دەترسم، بۆیە ئیدی هەر ناوی هێنابان، یەکسەر من دەستبەرداری کەللەڕەقییەکەم دەبووم.

لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ هەموو شتێک هەر بە ئاقاری ترس و تۆقان تێپەڕیبێ. من منداڵ بووم، وەک هەموو منداڵێک یاریمدەکرد، گۆرانیم دەگوت و چیرۆکیشم بۆ زارۆکان دەگێڕایەوە. بە یارمەتی شیناوە فێری خوێندن و نووسین و هەندێک حیسابیش بووم، هەرچەندە لە پینسک دەبووایە بچووبامایە بەرخوێندن، بەڵام نەچووم. دایکم دەیگوت: "پێت دەڵێن منداڵە زێڕینەکە." ڕاستییەکەی ئەو لە پینسک سەرقاڵیکردبووم، پێم وابێ شتفێربوون بوو لەبارەی ژیان، کە دووپاتی دەکەمەوە بەشی هەرە زۆری لە شیناوە بوو.

شینا چواردە ساڵان بوو، کە باوکم بەرەو ئەمریکا ڕۆیشت. کچێکی دیار، گورج و ڕۆناکبیر، کاریگەرییەکی زۆری ئەوکات و بەردەوامیش لەسەر ژیانی من هەبوو. بەڵکو گەورەترین کاریگەر بەدەر لە هاوسەرەکەم لەسەر

---

[21] Cossacks

منی هەبوو. بەدەر لە پێوەرەکان، خوشکەکەم کەسێکی ئاسایی نەبوو، بۆ من نموونەیەکی پڕشنگدار، خۆشەویسترین هاوڕێم بوو. ڕێبەرم بوو. تەنانەت لە ژیانی دواییشمدا، کاتێ گەورەبووین و بووینە سەرەژن و داپیرە، لە ڕاستیدا شینا یەکێک بوو لەوانەی ستایش و سەلماندنی-بۆ من لە کاتی بردنەوەمدا، کە کارێکی ئاسان نەبوو-زۆر شتی بۆ من دەگەیاند. بەڵێ، شینا بەشێک بوو لە بەسەرهاتی ژیانی من. ئەو لە ١٩٧٢دا مرد، وەلێ بەردەوام بیری لێدەکەمەوە، منداڵ و نەوەکانی لای من وەک هی خۆم لا خۆشەویستن.

هەرچەندە لە پینسک ئێمە لە دۆخێکی هەژاری دەژیان و خێرمان پێدەشیا، دایکیشم (بەیارمەتی باپیرەم) هەر ئەوەندەی پێدەکرا، مەمرەومەژی گوزەرانمان بۆ دابینبکا، کەچی شینا ڕەتیکردەوە بچێ کاربکا. گەڕانەوەمان لە کییفەوە بۆ پینسک زۆر بە گرانی لەسەر خوشکم کەوت. ئەو لە کییف دەچووە قوتابخانەیەکی نایاب، خەریکی خوێندنێکی وەها بوو نەک هەر ژیانی خۆی پێباش بکا، بەڵکو زیاتر لەوە دەیویست یارمەتیی گۆڕانی دونیاش بدا. شینا شۆڕشگێڕبوو، ئەندامی بزووتنەوەی سۆشیالیستی زایۆنزمی بوو، ئەوەش بە دووسەرە لە چاوی پۆلیس دژوار بوو، هەمیشە ڕەچاودەکرا بگیرێ و سزابدرێ. نەوەک هەر خۆی و هاوڕێکانی "پیلانیان دەگێڕا" بۆ ڕوخاندنی قڕاڵی خاوەنشکۆ و هێز، بەڵکو ئەوان جاڕی ئەوەیان دەدا خەونەکەیان بهێننەدی و دەوڵەتی سۆشیالیستی جوو لە فەڵەستین دابمەزرێنن. لە ڕووسیای سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تەنانەت کچە قوتابییەکی چواردەساڵان یان پانزەساڵانیش، کە هەواداری ئەو شتانەی سەرەوە بووایە، لەبەر ئەو کارە تێکدەرانەدا دەگیرا. هێشتا هاوار و قیژەی ئەو پیاو و ژنانەم هەر لە مێشکدایە، کاتێ لە پۆلیسخانەی نزیکمان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرا، گوێم لێدەبوون.

دایکیشم گوێی لەو هاوارهاوارە بوو، بۆیە ڕۆژانە لە شینا دەپاڕایەوە دوور لەو بزووتنەوەیە بکەوێتەوە، چونکە نەوەک هەر بۆ خۆی دژوار بوو، بەڵکو مەترسی دەخستە سەر باوکەش لە ئەمریکا، بەڵام شینا کەللەڕەق بوو. بۆ شینا بەس نەبوو داوای گۆڕان بکا، بەڵکو لە بەدیهێنانیشیدا بەشداربوو. شەو لە دوای شەو دایکم خۆی دەگرت، بێداربوو تا شینا لە

کۆبـوونەوە نهێنییەکـانی دەهـاتەوە، ئەو کـات مـن چووبـوومە نێـو جێگـا، بە بێـدەنگی قسـەم دەکـرد: شـینا خـۆی تەرخـانکردووە بـۆ ئەو پرسـەی کە بە تونـدی دەسـتی پێوەگرتبـوو. دایکـم زۆر پەرۆشـە، باوکیشـم (کە بـۆ مـن راڤەنەکراوە) لێرە نییە، ئەو سەردەمە دەنگی سمی ئەسپەکانی کۆزاکەکانیش لە دەرەوە دەهات.

لە شەممەدا، کە دایکم بەرەو سیناگۆک چوو، شینا کۆبوونەکەی لە مـاڵێ ڕێکخسـت. کـاتێکیش دایکـم پێیزانـی، لە شـینا پـاڕایەوە نەیانخـاتە مەترسییەوە. ئیدی نەیدەتوانی لەبارەی ئەو کۆبوونەوانە هیچ بکا مەگەر بە شڵەژاویەوە بێتەخوار و لە ماڵێ بچووبایەدەر. کاتێکیش لە بەیانیانی شـەممە لە سیناگۆگ دەهاتەوە، وەک ئێشکگری لێدەهات، هەر پۆلیسێک یان کەسێکی گومـانلێکراوی بـدیتبایە، بە پەلەپـروزێ پیلانگێڕانـی کۆبـوونەوەی ئاگـادار دەکردەوە. لی گەلۆ خۆ دایکم هەر لە خەمی ئەوەدا نەبوو پۆلیس بەسـەر ماڵێمانـدا دابـدەن و شـینا بگـرن، بەڵکو لەوە دەترسـا (لەبەرئەوەی بەردەوام لەو ڕۆژگـارەدا لە ڕووسـیادا کارەسـات دەقەومـا) نەوەک یەکێک لەو دەمەدا لەنێو کۆبوونەکان ناپاک دەربچێ و لێیان هەڵبگەڕێتەوە و خەبەریان لێبدا.

بێگومان من ئەوکات بچووک بووم و لە بەڵگەوبەند و فرمێسکەکان و مشـتومڕیان تێنەدەگەیشـتم. ئەوە بـوو خـۆم گرمـۆڵە دەکـرد و دەچـوومە سـەرەوە، لە لوولەی سۆبا خەڵوزیەکەوە (کە لەنێو دیواردا دروستکرابوو) بە چەندان سـەعات لە بەیانیـانی ڕۆژانـی شـەممە دادەنیشـتم و گوێم لە شـینا و هاوڕێکانی دەگرت، هەوڵمدەدەدا لەوە تێبگەم، چۆن ئەوان وەها بە جۆشـن و دایکیشـم دەگـری. هەنـدێک جـاریش بە بەهـانەی نووسـینەوەی سـیپارەیەکی سیدور[22] لەنێو دۆلابەکە خۆم سەرقاڵدەکرد، ئەوەی ڕاستییش بێ هەوڵمدەدا لە شـینا بـگەم، کە چـۆن بەجۆشـەوە شـتەکە بـۆ دایکـم شـیدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لێـی تێگەیشـتم ئەوە بـوو، شـینا دەسـتی لەگەڵ جـۆرە کارێـک

---

[22] Siddur سیدور: سیپارەی نوێژی جوو. وەرگێڕ.

تێکەڵکردووە، نەوەک هەر بۆ خەڵکی ڕووسیا بەڵکو زیاتریش بۆ جوو مایەی نیگەرانی بوو.

لەبارەی بزووتنەوەی زایۆنیزم، بەشێکی زۆری نووسراوە – لە پاشەڕۆژدا پتریشی لەسەر دەنووسرێ– بە لای کەمییەوە خەڵکێکی زۆر ئەو بیرۆکەیان هەیە، ئاخۆ وشەی "زایۆنیزم" واتای چی دەگەیەنێ. واتای گەڕانەوەی خەڵکی جوو بۆ وڵاتی باب و باپیرانیان – وڵاتی ئیسرائیل، کە بە زمانی جوو– دەدا. کەچی ڕەنگبێ تا ئەمڕۆش هەمووان لەوە تێنەگەن، کە مایەی تێبینیە ئەو بزووتنەوەیە خۆرسکانە یان زیاتر بە دنەدانەوە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئەوروپادا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرەیهەڵدابێ. ئەوەش لە درامایەک دەچوو، کە بە شێوازی جۆراوجۆر و بە قۆناخی جۆراوجۆرو بە زمانی جۆراوجۆر داڕێژرا، بەڵام هەمووشیان پەیوەندیان بە یەک پرسەوە هەبوو: ئەوەی کێشەی جوو بوو (بێگومان لە ڕاستیشدا کێشەی کریستیانیش بوو) بنەماکەی بۆ بێ ماڵوحاڵی جوو دەگەڕایەوە، بۆیە نەدەکرا و نەدەشیا بیر لە چارەسەرییەک بکرێتەوە، وڵاتی تایبەت بەخۆیان نەگرێتەوە. ئاشکراش بوو ئەو وڵاتە لە زایۆن بوو، ئەو وڵاتەی دوو هەزار ساڵ بوو جووەکانی لێ دەربدەرکرابوو، لەو ماوە بەردرێژەشدا، پرسی گەڕانەوە هەر جۆشدەری ڕۆحیان بووە و لە بیر و خەونی خۆیان بەدەر نەبووە. کاتێک من لە پینسک و لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کیژۆڵەیەک بووم، ئەوێش وڵاتێکی لاپەڕگە و پەڕاوێزخراو بوو، ویلایەتێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ناوی فەلەستین.

یەکەمین جوو، کە لە سەردەمی نوێدا گەڕایەوە زایۆن لە ١٨٧٨دا بوو. لەوێ گوندی مارەکانی[23] بە ناوی پیتاج تیکڤا (بە مانای دەروازەی هیوا) دروستکرد. لە ١٨٨٢شدا دەستەیەکی بچووک لە زایۆنیستەکان لە ڕووسیاوە کە بە خۆیان دەگوت هۆڤەڤای زایۆن (ئەویندارانی زایۆن) گەیشتنە وڵات و مکوڕبوون لەسەر گەڕاندنەوەی خاک، کێڵگەیان دروستکرد

[23] مارە: ئەو کەسەیە لە یاری کەلایانێ(هەڵماتێن)دا، یەکەم کەس نۆرەی دێت و تێشی خۆی دەهاوێ. بەرایی، پێشقەڕەول و پێشەنگ. وەرگێڕ.

و داکۆکیشیان لێکرد. کەچی لە ١٨٨٢دا، تیۆدۆر هیرتزل، کە بە دامەزرێنەری ڕێکخراوی زایۆنیستی جیهانی و دواتریش لە جەهەردا بە باوکی دەوڵەتی ئیسرائیل ناسرا، ئەوکات بێدەنگ بوو. ئاگای لە ڕووداو و پێشهاتەکانی جووی ئەورووپای ڕۆژهەڵات نەبوو. هەروەها ئاگای لە بوونی خۆشەویستانی زایۆنیش نەبوو. ئەو پەیامنێرە زیرەکە پاریسییەی ڕۆژنامەی بەناوبانگی ڤیەننایی Neue Freie Presse، واتە هێرتزل تەنیا لە ١٨٩٤دا بوو، کە چارەنووسی جووەکان بووە مایەی سەرنجدانی. ئەویش کاتێک وەک پەیامنێرێک بۆ ڕوومالّی دادگاییکردنی کاپتن داریفوس[24] دیاریکرا. تیۆدۆر هێرتزل بە هێدمەگرتن لەبارەی ئەو بێدادییەی بەرانبەر ئەفسەرێکی جوو، هەروەها بە ڕاشکاوی دژایەتی سامیزم لە لایەن سوپای فەرەنسییەوە کرا، هاتە سەر ئەو بڕوایە، تەنیا یەک چارەسەری هەمیشەیی بۆ بارودۆخەکە هەیە. بەرەنجامی دەستکەوت و شکستەکانی ئەو، هەموو چیرۆکە سەرسوڕهێنەکەی هەوڵدانی بۆ ئافراندنی دەوڵەتێکی جوو، بەشێکە لە مێژوو، لە لایەن هەموو قوتابیانی ئیسرائیلیەوە دەخوێندرێ؛ هەروەها لە لایەن هەر کەسێک، کە لەوە بکۆڵێتەوە و بزانێ زایۆنیزم چییە دەبێ ئەو مێژووە بخوێنێتەوە.

دیاربوو دایکم و شینا شتیان لە بارەی هیرتزلەوە دەزانی، یەکەمین جاریش کە لە بیرم بێم ناوی هیرتزلم بیستبێ، ئەو کاتە بوو، پوورمان هاتە لامان (پورم لە هەمان خانوو دەژیا کە خێزانی وایزمەنی لێدەژیا، بۆیە زۆر وابوو مژدەی بۆدەهێنایین، ئەوسا بە خۆش و ناخۆشییەوە) ڕۆژێکیان بە چاوی بە فرمێسکەوە هات، تا بە دایکم بڵێ، ئەو شتەی بیری لێناکەینەوە قەوما: تیۆدۆر هێرتزل مرد. قەت ئەو بێدەنگییە ترسناکەم لەبیرناچی، کە بەو

---

[24] Dreyfus ئەلفرێددرایفس: (١٨٥٩–١٩٣٥) ئەفسەرێکی فەرەنسی بنجوو بوو لە هەنگی تۆپخانە، لەپاریس و ١٨٩٤دا بە تاوانی ناپاکیکردن بۆ سوپای ئاڵمانیا گیرا و دادگاکەشی دەساڵی خایاند و لە دوا جاریشدا بێ خەتا دەرچوو، بەڵام لە ماوەی دادگاییەکەدا بەهۆی بنەچەکەیەوە، پەنجەی تاوان و خراپەکاریی و گەندەڵی بۆ جووە نیشتەجێبووەکانی ئەوێ درێژکرا و لەسەر ئەوەش ڕەشبگیر کران و لێییان قەڵوعام کرا. لە مێژووشدا بە گۆبەندی درایفس ناسراوە. وەرگێڕ.

هەواڵە باڵی بەسەرماندا کێشا. هەر لەوێوە شینا -وەک تایبەتمەندییەکی خۆی- بڕیاریدا وەک پرسەدارێک تەنیا جلوبەرگی ڕەش بپۆشێ، لەو ئێوارەیەی ١٩٠٤ەوە تا دوو ساڵ پاشتر گەیشتبووینە میلواکی[25] هەر ڕەشپۆش بوو.

هەرچەندە تاسە و پەرۆشی جوو بۆ خاکی خۆیان ڕاستەوخۆ بەرەنجامی کۆمکوژییەکان نەبوو (بیرۆکەی نیشتەجێبوونەوەی جووەکان لە فەلەستین لە لایەن جووەکان و غەیرە جووەکان زۆر پێش ئەوەی ڕەشبگیری و کوشتارگەکان-پرۆگرۆم- ببێتە بەشێک لە گەنجینەی واتاکانی نێو فەرهەنگی جووەکانی ئەوروپادا بوو) ڕەشبگیریی ڕووسەکان لە سەردەمی منداڵیمدا ڕاستەوخۆ ئەو تێڕوانینەی لا دروستکردم، بەتایبەتیش بۆ جووەکان ڕوون و ئاشکرابوو، کە خودی حکومەتی ڕووس ئەو قۆچی قوربانییە بۆ ئەوە بەکاردەهێنێ، بەڵکو بەر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بگرێ، تا دەسەڵاتەکەیان سەرنگوم نەبێ.

زۆربەی شۆڕشگێڕە جووەکانی پینسک هەرچەندە یەکگرتووبون بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی قراڵ و کۆتاییهێنان بە ڕژێمەکەیان، بەڵام لە پەرۆشبوونیان بە لایەنی ڕووناکبیری و تێگەیاندن تا لە دەست بەدبەکارهێنانی دەسەڵاتی ڕووسەکان دەربازبن، دابەشببوونە سەر دوو بەرە. لەوانە ئەندامانی یەکێتییەکە[26] بڕوایان وەها بوو چارەسەی تەنگژەی جووەکانی ڕووسیا بە دەستەبەرکردنی سۆشیالیزم دەبێ. هەر کاتێک بەگوێرەی پێوەری یەکێتییەکان باری ئابوری و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی جوو گۆڕا، ئیدی دژەسامیزم بە تەواوی نامێنێ. لەو جیهانە سۆشیالیستیە باشتر و ڕووناکترەدا، جوو دەتوانن گەر بخوازن ناسنامەی کلتوری خۆیان بپارێزن و بە زمانی یدیشی بئاخڤن و دابونەریتی خۆیان هەڵبژێرن، هەر خواردنێک

---

[25] Milwaukee میلواکی: گەورەترین شاری ویلایەتی وینسکۆسینی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. وەرگێڕ

[26] Bund

بیانەوێ بیخۆن. ئینجا لەوێ هیچ هۆیەک نامێنێتەوە تا بە هۆیەوە دەست بە بیرۆکە کۆنباوەکەیان، واتە دەوڵەتی جووەوە بگرن.

بۆچوونی پۆڵای زایۆن (کرێکارانی زایۆنیست)یش وەک شینا و هاوڕێکانی بە تەواوی جیاواز بوو. ئەوان بڕوایان وەها بوو، ئەوەی پێی دەگوترێ کێشەی جوو، ڕەگوڕیشەی دیکەی هەیە، بۆیە چارەسەرییەکەی بەوە دەبێ دەستکەوتی دوورتر و ڕادیکالانەتر بەدیبێ لەوەی کەمێ باری لەنگی ئابوورییان ڕاستبکریتەوە و یەکسانی کۆمەڵایەتیشیان پێبدرێ. سەرباری هاوبەشییان لە بیرۆکەی کۆمەڵایەتییدا، ئەوان پێیان لەسەر نمونەی نەتەوایەتی ناسیونالی دادەگرت، کە بنەماکەی بۆ گەلبوونی جوو دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ نیشتەجێ ببنەوە و سەربەخۆ بن. لەو ڕۆژگارەدا بێگومان هەردوو ڕەوتەکە قاچاخ بوون، مایەی تەوسبوو، کە سەرسەخترین دوژمنی زایۆنیزمەکان یەکێتییەکان بوون، زۆر لەو دەمەتەقێیانەی لە مێشکم خولدەخۆن، ئەوانە بوون کاتێ شینا و هاوڕێکانی بە یەکەوە لە ماڵی ئێمەدا پرسی ئەو بەرەیان تاوتوێدەکرد.

هەندێک جار کاتێ لەگەڵ شینا دەبووە شەڕمان، جڵەوم لە دەستدەدا، هەڕەشەی ئەوەم لێدەکرد، هەموو چالاکییەکی سیاسییان بە ماکیسم، ئەو پۆلیسە زلە دەموچاوسوورەی دراوسێمان بڵێم. بێگومان هەرگیز ئەم کارەم نەکرد، شیناش دەیزانی قسەکانم مایەپووچن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەترسا. شینا لێی دەپرسیم: "ئەرێ چی بە ماکسیم دەڵێی؟" منیش هاوارمدەکرد: "پێی دەڵێم خۆت و هەموو هاوڕێکانت دەتانەوێ قڕاڵ بڕووخێنن."

شینا وەڵامی دەدامەوە: "ئایا دەزانی ئەوسا چیم بەسەردێ؟ ئەوا دەمنێرنە سیبیریا، لەوێ لە سەرمان ڕەقدەبمەوە و هەرگیز ناگەڕێمەوە. هەموو ئەوانەی شاربەدەردەکرێن، وایان بەسەردێ."

با ڕاستیتان پێ بڵێیم، هەمیشە بە خۆپارێزیەوە خۆم لە ماکسیم دوور دەگرت. هەر کاتێک بەرەو ڕووم بهاتبا، پێملێهەڵدەهێنا و ڕامدەکرد. چەند ساڵێک دواتر شینا پێیگوتم، هەرگیز ماکسیم بە دەستی بە خۆی کەسی

دەستگیرنەکردووە، بەڵام ئەو زۆر دڵنیابوو، کە ماکسیم بەردەوام ڕاپۆرتی پڕاوپڕ لە زانیاری لەسەر گەنجەکان دەدایە دەسەڵاتداران.

لەبیرکردنەوەی دووەممدا، دەبووایە بە لای کەمی دەرسێکی هەرە گرنگی ناسیاسیانەش لە سەرووی بۆڕییە سۆبەکەوە فێربم، ئەوەیش ئەوەبوو، کە هیچ شتێک هەر وا لەخۆوە ڕوونادا. هەر ئەوەندە بەس نییە تۆ بڕوا بە شتەکان بکەی، بەڵکو دەبێ لە هەمبەر تەگەرەکان و خەباتدا خۆگربی. من دەبووایە دەستم پێ کردبایە، کاتێک شەش یان حەفت ساڵان بووم، دەبووایە هەڵگری ئەو فەلسەفەیە بووبایەم، کە لە شیناوە دەهات. تەنیا یەک ڕێگا بۆ کردنی هەموو شتێک هەیە، ئەویش ڕێگای ڕاستە. شینا لە تەمەنی پازدەساڵیدا هەراش بوو، کچێک بوو بەگوێرەی بنەما بەرزەکان دەژیا، ئەوسا بە هەر نرخێک بووایە، ئەرکەکانی خۆی ڕادەپەڕاند، چونکە بە جەرگ و توندوبەند بوو.

تەنانەت دوای ئەوەی بە یەکەوە بۆ چەندان ساڵ ژیاین، سەرەتا لە فەلەستین دوایی بوو بە ئیسرائیل، ئیدی دەیتوانی شتگەلێکی وای هەبێ کە ژیان ئاسان بکات، بەڵام ئەو بە بێ ئەوانە هەڵیکرد، چونکە هەستیکرد، نوێنەرایەتی ستانداری ژیان دەکا، کە بۆ وڵاتەکە بەهایەکی بەرزبوو. لە دواییدا و لە ١٩٦٠دا، کاتێ بە تەمەندا چوو و باری تەندروستیشی لەنگ بوو، تاکە ئامێرێکی لوکسەی (کەمالیات)ی نێو ماڵی بەفرگرەیەک بوو. ئەو بە بێ فڕن هەڵیدەکرد و لە هەموو ژیانیدا خواردنی لەسەر ئامێرێکی گاز لێدەنا، پێی وا بوو بەکارهێنانی ئامێرێکی کارەبایی تێکهەڵکەرە، بۆ ژیانی ئەو زۆرە و نابێ ڕێگەی پێبدا. ئاخۆ دەبووایە نەرمتربا و ئەوەندە بۆ خۆی و خەڵکی توند نەبووبایە، دەبووایە ئەو تێگەیشتبا، کە کۆبوونەوەکانی لە پینسکدا واتای ترس و نیگەرانی بوون بۆ دایکمان، ئیدی دەبووایە هەندێک خۆی بەدەستەوەدابایە. لێ بێهودەبوو، نەخاسمە ئەو شتانەی مایەی مشورخواردنی بوون، کۆبوونەوەکانی ماڵەکەمان بەردەوام بوون هەرچەندە هەراوزەناشیان کۆتایی نەدەهات. جارێکیان شینا لە ماڵ تووڕە بوو، ڕۆیشت

له ماڵی پوورم بژیێ، بەڵام ئەوان کەمتر دەرفەتی ئەو جۆرە کۆبوونەوە و چالاکییە سیاسیانەیان دەدا، بۆیە بە دڵشکاوی گەڕایەوە ماڵ.

له سەروبەندی ئەو کاتەدا بوو خوشکم شامای کرۆنگۆلدی ناسی، دواتر مێردی پێکرد. شامای گەنجێکی بەهێز، زیرەک، دەستبەرداری خۆشەویستی خوێندن و پەرۆشی بیرکاری بوو، کە تیایدا بەهرەدار بوو، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی بێتە ڕیزی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکە. ئیدی هەردووکیان زیاتر لە یەک نزیکبوونەوە و یەکدیان خۆشویست، هەروەها شامای بووە بەشێکیش لە ژیانی من. ئەوە سەرکردەیەکی زایۆنیستە لاوەکان بوو، نازناویشتی لە بزووتنەکە کۆپەرنیکۆس بوو. شامای تاقە نەوەی مامۆستایەکی ناوداری تەورات بوو، کە خۆی و دایک و باوکی لە ماڵی ئەو مامۆستایە دەژیان و گوزەرانیان لەسەر ئەوبوو. شامای زووزوو سەردانی دەکردین، لە بیرمە بە چرپە لەگەڵ شینا دەئاخافت و لەبارەی پەرەسەندنی جۆشوخرۆشی شۆڕشگیران لە شار و قۆشەنەکانی کۆزاک، کە لە ڕێگادابوون بۆ بەسەرداданی پینسک و سەرکوتکردن بە شمشێرە بریقەدارەکانیان. هەر لەو وتووێژەیاندا ئەوەم لێهەڵکڕاند شتێکی تۆقێنەر لە جووەکانی کیشینۆف قەوماوە و جووەکانی پینسکیش خەریکی خۆتەیارکردنن بە چەک و بۆمبی دەستی تا داکۆکی لە خۆیان بکەن.

لە کاردانەوەی بەرەوخراپتربوونی بارودۆخەکە، شینا و شامای کاریان لەوە زیاتر کرد، هەر کۆبوونەوە بکەن، بەڵکو هەوڵێکی زۆریان دا، خەڵکی دیکە بهێننە ڕیزی بزووتنەکە، تەنانەت تاقە کچەکەی قەسابە ڕدێنسپییە ترسناکەکەشیان هێنایەڕیز، ئەوەی ئێمە خانووەکەمان لێ بەکرێگرتبوو. لە دواییدا دایکمان لەبەر شینا و زیپکە و من ئۆقرەی نەما، دەستیکرد بە نووسینی نامەیەکی ئاگراوی بۆ باوکمان، لەوە دەرچوو ئێمە بتوانین چیدیکە لە پینسک بمێنینەوە. ئێمە دەبێ خۆمان بگەنینە ئەو لە ئەمریکا.

وەلێ وەک زۆر شتی دیکە لە ژیاندا، ئەوەش کارێکی وەها ئاسان نەبوو بکرێ. باوکم کە تازە لە نیویۆرکەوە چووبووە میلواکی، هەر بەزەحمەت گوزەرانی خۆی بۆ دابین دەکرا. نامەی ناردەوە، کەوا هیوادارە

بەو زووانە کارێک لە هێڵی ئاسنیندا پەیدا بکا، بەڵکو بایی بلیتی سەفەری ئێمە پارە پەیدابکا. ئیدی لەوێش گواستمانەوە چووینە ئەپارتمانی نانەواخانەیەک. بە شەو نانیان دەکرد بۆیە ئەپارتمانەکەمان هەموودەم گەرم بوو، هەر لەوێشدا دایکم کاری دەستکەوت. دواتر لە ١٩٠٥ بە درەنگەوە نامەیەکمان لە میلواکییەوە بۆ هات. باوکم چوەتە سەرکار، ئینجا دەکرێ خۆمان بۆ کۆچکردن ئامادەبکەین.

ئامادەکارییەکانی گەشتەکەمان درێژ و ئاڵۆزبوون. کارێکی ئاسان نەبوو، ژنێک و سێ کیژ، کە دوانیان زۆر بچووک بوون، هەر بە تەنیا لە پینسکەوە بەرەو میلواکی بڕۆن. بۆ دایکم ئاهوەبەرهاتنەوەکە تێکەڵ بوو بە مشورخۆری، بۆ شیناش بەجێهێشتنی ڕووسیا واتای بەجێهێشتنی شاما و هەموو ئەو شتانەی کە زۆر بە سەختی هەوڵیان بۆدەدا، دەگەیاند. من ئەو هەراوزەنای دوا هەفتەی پینسکم لەبیرە، خواحافیزیکردن لە بنەماڵە، لە ئامێزگرتن و فرمێسکڕشتن. بەرەو ئەمریکا ڕۆیشتن وەک ئەوە وابوو بچیتە سەرمانگ. ڕەنگبا گەر دایکم یان پوورەکانم ئەوەیان زانیبا، کەوا ڕۆژێک دادێ من وەک نوێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل یان وەک سەرەکوەزیرانی ئیسرائیل دەگەڕێمەوە ڕووسیا، ڕۆژێک بە سەدان جووی ئەو وڵاتە کۆدەبنەوە و بە چاوی بە هەنسکەوە پێشوازی گەرمم لێدەکەن و لە باوەشم دەگرن، ئەوکات لەوانە بوو بە وشکی و تالاوی نەگریابان، هەرچەندە هەر خواش دەیزانی لە ماوەی ساڵانی دەستوەردانەکەدا زیاتر لە فرمێسکی خانەوادە بەجێماوەکەمانی دەخواست. هەروەها گەر بمانزانیبا هەزاران خێزانی جوو وەک ئێمە خەریکی کۆچکردن بوون بەرەو جیهانی نوێ، ڕەنگبا بەو شێوەیە نەتۆقیبایین. کەچی ئێمە هیچمان لەبارەی کۆچی هاوشێوەی خۆمان لە ئیرلاند، ئیتالیا و پۆلەندا بۆ ئەوەی بگەنە مێرد و بابەکانیان لە ئەمریکا، نەدەزانی. بۆیە زۆر پەشۆکا بووین.

زۆر لە وردەکاریی گەشتەکەمان بەرەو میلواکی لە ١٩٠٦دا لەبیرنەماوە، زۆربەی ئەوەی پێیم وابێ لە یادمدا مابێ، ڕەنگبێ هەر گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەی دایکم و شینا بێ بۆ من. ئەوەی لەبیرم ماوە بڕینی سنوور بوو بەرەو گالیسیا بە نهێنی، چونکە سێ ساڵ لەمەوبەر باوکم

یارمەتی برادەرێکی دابوو، بگاتە ئەمریکا بەوەی ژن و کچەکانی کابرا لەگەڵ کاغەز و بەڵگەنامەکانیان تاخۆی وەها نمایشبکا یەکماڵباتن. بۆیە کاتێک نۆرەی ئێمەش هات، دەبووایە ئێمەش خۆ وەها نیشانبدەین خانەوادەی کەسێکی دیکەین. هەر چەندە بە ئەنقەس ناوی نویمان لە خۆمان نا، شیناش باش تەڵقینی من و زیپکەی دا تا تەواو وانەکەمان ڕەوانکرد، بەڵام لە پەڕینەوەدا دایکم بەو پارەیەی دەستی کەوتبوو، پۆلیسەکەی کڕی. لەو کەین و بەینەدا بە پەشۆکاوی زۆر لە کەلوپەلەکانمان ون بوون یان دزیان. هەر چۆنێک بێ لە بیرمە کۆتاییەکەی لە سپێدەیەکی زووی بەهاری تەزیو

هەر دەگریا تا سەرەنجام ڤیتارەکە گەیشت. ئەنجا سواربووین، ڤیتارەکە لە زنجیریەک وێستگەدا وەستا، سەرەتا لە ڤیەننا پاشان ئەنتوێرپن، لەوێش چل و هەشت سەعاتی دیکە لە مەڵبەندی کۆچبەران وەستاین، چاوەڕوانی ئەو پاپۆڕە بووین بمانگەیەنێتە ئەمریکا لای باوکمان.

گەشتە چواردە ڕۆژییەکە گەشتێکی ڕابواردن وخۆشیی نەبوو. خۆخزاندنە نێو تاریکی، کابینەی پیس، کە چوار کەسی دیکەشی تێدابوو، شەوەکانمان لەسەر دۆشەکی بێبەرگ و ڕۆژەکانیشمان بە نۆرەگرتنی خواردن بەسەردەبرد. هەروەک مێگەل ڕیزیان پێدەگرتین. دایکم، شینا و زیپکە زۆربەی کاتەکە نەخۆشی دەریایان گرت. بەڵام من ساخ بووم، بە بیرم دێ بە سەعاتان سەیری زەریام دەکرد، سەرسام بووم بەوەی دەبێ میلواکی چۆن بێ. کەشتییەکە لە کۆچبەرە ڕووسیە ڕەنگبزرکاو و داهێزراو و تۆقیوەکان جمەی دەهات. هەندێک جار لەگەڵ منداڵەکانی دیکەدا یاریم دەکرد، ئەوانیش وەک ئێمە سواری شوێنە هەرزانەکە بووبوون، ئیدی چیرۆکمان سەبارەت بە هاتوبەراتی لەخەیاڵنەهاتووەکەی وڵاتی زێرین بۆ یەکدی دەگوتەوە. لێ من گومانم هەبوو، ئەوانیش هەروا، ئەووی ڕاستی بێ، ئێمە پابەندبووین بە جێگایەک، کە هیچمان لە بارەیەوە نەدەزانی و وڵاتێک بە تەواوی لامان نامۆبوو

# ٢
# هەرزەیەکی سیاسیی

لە میلـواکی لەگەڵ باوکمـان یەکمـانگرتەوە. ئەو پێـدەچوو گـۆڕابێ، ڕیشی نەمابوو، ڕوخسارێکی ئەمریکیانەی هەبوو، لە ڕاستیدا هەندێک غەریب بوو. هێشتا بە تەواوی مشوری جێوڕێی ئێمەی نەخواردبوو. بە شـێوەیەکی کاتی، کە ناخۆشیش بوو، چووینە ئەو تاقە ژوورەی کە هی خانەوادەیەکی جووی پۆلـۆنی بـوو، تـازە گەیشـتبوونە ئەوێ. میلـواکی تەنـانەت ئەو بەشـە بچووکەشـی بەلای مـنەوە، کە لە مـاوەی ڕۆژە یەکەمەکانـدا گەیشـتنە ئەوێ، زۆر خۆشبوو:

خـــواردنی نـــوێ، سەرســـامی گـــۆکردنی ئەو زمـــانە نـــامۆیە، سەرلێدەرنەکردنی بەکارهێنانی ئامێرەکان، کە هەمیشـە لەبیـرم دەچوو. ئەوە هەمووی وای لێکردم هەست بە شتێکی سەیر بکەم، لەسـەر شـەقام بوەسـتم و سەرسام بم کە من کێم و لە کوێم؟

وام زانــی دیســان بە یەکگەیشــتنەوە لەگەڵ خێـزانەکەی دوای ئەو مـاوە درێژە، بۆ بـاوکم کـارێکی ئاسـان نەبێ. هەرچۆنێک بێ، پێش ئەوە و دوای ئەو گەشـتە دووردرێـژەش پشـوو بـدەین، یـان دووبـارە بیناسـینەوە، باوکم سەیروسـەمەرەترین ڕەفتاری نواند: بێ گوێدانە هیچ بەڵگەوبەندێکی ئێمە، فەرمانیدا بۆ بەیانی ڕۆژی گەیشتنمان بمانباتە بازاڕ و لەناو دوکانەکان بمانگێڕێ و شت بکڕین. ئەو بە گەیشتنی ئێمە هێدمەگرتی بووبوو. ئێمە زۆر شپرزە دیاربووین، کۆنباو بووین نەخاسمە شینا بە خۆی و ئەو جلە ڕەشـە سـەنگینانەی. ئەو لەسـەر کڕینـی سـەر و دەسـتەجلی تـازە سـووربوو، بەو جلگۆڕینە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا وای دانا ئێمە بکاتە سێ کیژی ئەمریکـایی. یەکەمـین نـۆرە هـی شـینا بـوو، بلـوزێکی ئاودامـان نەخشـین و شـــەپقەیەکی پۆشـــی، کە لێوەکـــانی بە گـــوڵی خاشـــخاش و چاوپشـــیلە و

گوڵەبەڕۆژە نەخشابوو. ئەوسا پێیگوت: "ئێستا لە بنیادەم دەچی." شیما لە شەرم و توڕەییدا یەکسەر گریا. وەڵامیدایەوە، "ڕەنگبێ ئەوە شێوازی جلوبەرگی تۆ بێ لە ئەمریکا، بەڵام من هەرگیز ئاوا ناپۆشم." شینا پێگیربوو بلوزەکە و نە شەپقەکە لەبەر نەکا. پێم وا بوو بەرایی ئەو دەمەقاڵێەیان لەناو جەرگەی بازاڕدا، لە ساڵانی دواییشدا لە تینوتاوی خۆی نەکەوت.

نەوەک هەر کەسایەتییان جیاواز، بەڵکو لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی ڕابردووشدا، دایکم بەردەوام نامەی بۆ باوکم دەنووسی، گلەیی لە شینا و هەڵسوکەوتە خۆپەرستانەکەی دەکرد. لە ناخی دڵییەوە باوکم وا بۆیچووبوو، هەر خەتای شینابوو کە ئەو جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە بۆ ڕووسیا، بەڵکو ئێمە بێین بۆ ئەمریکا. نەک لەبەر ئەوەی خوانەخواستە ئەو لە میلواکییدا شادمان نەبێ، بە پێچەوانەوە، لەو ڕۆژانەی ئێمە گەیشتین ئەو بەشێک بوو لە ژیانی کۆچبەرانی ئەوێ. ئەو ئەندامی سیناگۆکی بوو. ئەو پەیوەندی بە یەکێتی کرێکارانەوە کردبوو، کاری لە هێڵی ئاسنینی میلواکی دەستکەوتبوو، هەندێک دۆستیشی بۆ خۆی پەیدا کردبوون. لە چاوی خۆی ببووە جوویەکی ئامریکی تەواوعەیار، دڵخۆشیش بوو پێی. دواشت کە چاوەڕوانی نەدەکرد کچەکەی گوێڕایەڵی نەبێ و داوای هەمان ژیانی پینسک و پۆشاکی ئەوێ بکا و منجڕ و سەرڕەق بێ. ئیدی هەر زوو ئەو مشتومڕەی بەیانییەکەی کۆگای جلوبەرگەکان بووە دەماقەڵێیەکی ڕاستی. بەڵام من زۆر بە جلە نوێکانم گەشامەوە، بە سۆدە و ئایسکرێم و ژیان لەنێو هەوربڕێکی دڵڕفێندا، باڵەخانەیەکی پێنج نهۆمی، پێشتر قەت نەمدیتبوو، دڵم زۆر خۆشبوو. دنیایەکی دیکە بوو. بە گشتی من میلواکییم زۆر پێخۆش بوو. هەموو شتێک ڕەنگین و تازە بوو، پێم وا بوو تازە دروستکراوە. بە سەعات لە جادەوبەر و خەڵکیم دەڕوانی. ئەو ترومبێلەی باوکم ئێمەی لە وێستگەی شەمەندەفەڕەوە بۆ ژوورەکەی خۆی پێ گواستەوە، یەکەم جارم بوو سواربیم. بەو ژمارە زۆرەی ترومبێل، گالیسکە و بریقەی پایسکلان لەسەر جادە سەرسامبووم.

بە پیاسە دەڕۆیشتین، من لە شتان ڕادەمام، چاوم بڕوای نەدەکرد لە نێو دەرمانخانەکان، کە خاوەنەکانیان بە جەوی کەتیرە ڕیکلامیان بۆ ڕۆنی گورچیلەی ماسی کۆد هەڵدەواسی، سەرتاشخانە بە سەیر و دوکانی

جگەرەفرۆشتن بە داری هیندی، ئەمانە هەمووی لای من مایەی تێرامان بوون. بە چاوی ئیرەییەوە سەیری کیژۆڵەیەکم کرد، کە باشترین جلی بۆ یەکشەممە پۆشیبوو؛ بە جلی قۆڵفش و پێڵاوی پانیبەرز و بە خۆبادانەوە بووکەڵەکەی دەسووڕاند و جارجارەش وەک بالیف لەبن هەنگڵی دادەنا، هەروەها دیمەنی سەرنجڕاکێشی ئەو خانمەی فستانێکی سپی لەبەردابوو لەگەڵ چەند کەسێکی سپی پۆشی بۆینباخدار ڕێیدەکرد سەرجنجڕاکێش بوو. ئەوانە هەمووی سەیرو نامۆبوون، هەرگیز لەوانە نەدەچوون کە پێشتر دیتبوونم. من ڕۆژانی یەکەمینم لە میلواکی بە جۆرێک لە جۆشێکی دڵڕفێن بردەسەر.

زۆری نەبرد گواستمانەوە بۆ باڵەخانەیەکی بچووکی خۆمان لە شەقامی واڵنوت لە بەشی هەرە هەژاری جوونشینی شارەکە. هەنووکەش ئەو شوێنە ڕەشپێستی لێ ئاکنجین و بەشێکی زۆریشی هەروەک جاران بە هەژاری ماوەتەوە. بەڵام لە ١٩٠٦دا بۆ من ئەو خانووانە باشترین و خۆشترینیان بوون. بیردەکەمەوە شوقەکەمان (کەنە کارەبا و نە گەرماویان هەبوو) گرانترین لوکسەمان بوو. باڵەخانەکە دوو هۆدە بوو، نانەدینێکی بچکۆلانەشی هەبوو، ڕێڕەوێکی درێژیشی هەبوو دەیگەیاندینە خۆشترین و سەرنجڕاکێشترین شوێنی دایکم، هەرچەندە نابێ بڵێم لەو زیاتر بۆ کەس، ئەویش ئەو دوکانە بوو کە دایکم بەسەرپەرادەگەیشت و ڕایدەپەڕاند. باوکم، کە بێگومان هەستەکانی ئازاری دەدان بەوەی نەیتوانی وەک پێویست لەکاری دارتاشییدا دەستگیرۆییمان بکا، بۆیە ڕەزامەندیی لەسەر داخوازی دایکم دا بۆ کردنەوەی دوکانەکە بە مەرجێک ئەو هیچ سەروکاری بە دوکانەکەوە نەبێ. ئەویش بۆ من بووە مایەی هیلاکی. سەرەتا وەک دوکانێکی شیرەمەنی بوو، پاشان پەرەیسەند بۆ سەوزە و میوەفرۆشیش، لێ هەرگیز گەشەی نەکرد و هەمیشە لەو ساڵانەی من لە میلواکیم بەسەربردن مایەی داهێزران بوو.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بڕیارەکەی دایکم، تەنیا لە سوربوونەکەی سەرم سوڕما. ئێمە هێشتا دوو هەفتە نەبوو گەیشتبووینە میلواکی، ئەو تەنانەت وشەیەکی ئینگلیزیشی نەدەزانی، هیچی لەبارەی ئەو کەلوپەلانەش

نەدەزانی کە بۆ فرۆشتن دەشیان، هەرگیز پێشتریش کاری وای نەکردبوو. لەبەر ئەوەی زۆر تۆقیبوو لەو قاتوقڕیەی ئێمە لە ڕووسیا تێیکەوتبووین، ئیدی ئەو بەرپرسیاریەتیە گەورەیەی لە ئەستۆگرت، بێئەوەی بیر لە ئاکامەکانی بکاتەوە. کردنەوەی دوکان هەر ئەوەندە نەبوو بچێ شت بە قەرز بێنێ (چونکە ئێمە هیچ وشکە پارەیەکی پاشەکەوتمان نەبوو)، بەڵکو دەبووایە بەیانیان زوو بچووبایە بازاڕ و ئەو شتانەی بکڕیبان، کە دەکرا قازانجیان لێ بکا، ئەوسا بگەڕێتەوە ماڵ. زۆر لە ئاکنجییانی ئەوێ، خۆشیان نوێماڵبوون، بۆیە لە کاردانەوە سروشتییانەکەی خۆیاندا کۆمەکی دایکمیان کرد. هەندێ دەستەواژەی ئینگلیزیان فێرکرد، هەروەها فێریانکرد چۆن لە پشت مێزدا بوەستێ و هەڵسوکەوتبکا و چۆن پارەی کاش بژمێرێ و بڕەکەی تۆماربکا، هەروەها کێشان و پێوانی تەرازوشیان فێرکرد و کەسێکی متمانەدار بۆ قەرزلێکردنیان پێناساند.

هەروەک گەشتە بەدبەختییەکەی بازاڕی باوکم، دایکیشم بە پەلە بڕیاری لەبارەی کردنەوەی دوکانەکەیدا، ئەوەش بە ئەرخانینبوونەوە بەشێک بوو لە کاردانەوەی دایبابم سەبارەت بە هەستکردنیان بەوەی لەگەڵ ژینگەکەیاندا نامۆن. بۆ بەدبەختی هەنگاوە هەڵەشەییەکەی هەردووکیان کاریگەرییێکی جدی نەک هەر بەسەر ژیانی شینا، بەڵکو هی منیشەوە هەبوو. هەرچەندە بە پلەی جیاوازیشەوە بوو. ئەوەی مایەی نیگەرانیم بوو، دایکم ناچاربوو بۆ شتکڕین و هێنان دەربچێ ، ئیدی هەموو بەیانییەک دەبووایە کەسێک جێگەی ئەو لە دوکانەکە بگرێتەوە. شینا هەروەک باوکم ڕەتیکردەوە هیچ یارمەتیەکی بدا. وەک ڕایگەیاند بنەما سۆشیالیستەکانی ڕێگەی نادەن. بە ئاشکرا گوتی: "ئەز بۆ ئەوە نەهاتوومەتە ئەمریکا تا ببمە دوکاندار." باوانم زۆری لێ تووڕەبوون، ئاخر کەسایەتییەکەی وا بوو هەر ئەوەی دەکرد، کە بڕوای پێبوو. ئەویش کاری بۆ خۆی دۆزییەوە. پێش ئەوەی بچینە ئەوێ، شینا لای بەرگدروویەک قۆپچەی بەدەست لێدەدان. ئەمەش کارێکی سەخت بوو، کارەکەی بە خراپی دەکرد بۆیە قینی لێهەڵگرت، تەنانەت خۆی وەها دادەنا، کە بووەتە ئەندامێکی چینی پرۆلیتاریا. دوای ئەوەی بڕی کرێ و مزی ٣٠ سەنتی بۆ سێ ڕۆژ کار وەرگرت، باوکم پێی گوت وازبێنێ و

یارمەتیی دایکمان بدا. تەنانەت لەو کاتەشدا ئەوەی ڕێکدەخست هەر کاتێک بیویستبایە دوکانەکەی جێدەهێشت، ئیدی بە مانگان هەموو بەیانییەک دەبوایە لەسەر دەخیلەکە بوەستم تا دایکم لە بازاڕ دەگەڕایەوە. بۆ کیژۆڵەیەکی هەشت یان نۆ ساڵانە کارێکی ئاسان نەبوو.

لە تەلارێکی گەورەی قەلائاسا، لە شەقامی چوارەمی میلواکی نزیک کارخانەی بیرەی بەناوبانگی شلیتز بۆ یەکەم جار چوومە بەر خوێندن. قوتابخانەم خۆشویست. بەبیرم نایەتەوە چەندی پێچوو تا فێرە ئینگلیزی بووم (بێگومان لە ماڵ بە یدیشی قسەماندەکرد، هەروەک زۆربەی دانیشتوانی شەقامی والنوت) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبیرم نایە هیچ کێشەیەکی ڕاستەقینەم لە ڕووی زماندا هاتبێتە پێش. بۆیە بە خێرایی زمانە نوێیەکە فێر بووم. هەر زووش برادەرم پەیداکردن. دووان لەوان کە پلە یەک یان دوو بوون لە برادەرایەتی، لە هەموو ژیانمدا هەر برادەر و هاوڕێ ماینەوە و هەردووکیشیان هەنووکە لە ئیسرائیل دەژین. یەکیان ڕێگینا هامبۆرگەر (ئێستا ناوی بووەتە مێدزینی)، هاوشەقام بووین هاوزەمانیش ئەمریکامان بەجێهێشت. ئەوی دیکەیان سارا فێدەر بوو، کە بووە یەکێک لە سەرکردەکانی کرێکارانی زایۆن لە وڵاتە یەکگرتوەکاندا. هەرچۆنێک بێ، کەمێک دواکەوتن لە پۆل زۆر ئازاربەخش بوو، لە ڕێگاکە تا دەگەیشتمە قوتابخانە هەر دەگریام. جارێکیان پۆلیسێک هاتە دوکانەکەمان تا لەبارەی خۆدزینەوەی قوتابخانەم لە دایکم بپرسێ. زۆر بە ئاگادارییەوە گوێی لێگرت، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشت، بۆیە من لە چوونم بۆ قوتابخانە هەر دوادەکەوتم و هەندێک جاریش هەر نەدەگەیشتم، ئەوەش مایەی شەرمەزارییەکی گەورە بوو. دایکم - لەبەر ئەوەی جێگرەوەوەیەکی زۆرتری نەبوو- پێنەدەچوو بێزاریی من لە دوکانەکە کاریتێبکا. دایکم دەیگوت: "ئێمە دەبێ بژین، وا نییە؟" ئەگەر باوکم یان شینا — هەر یەکە و بە کارێک و هۆیەکەوە- نەکرابا یارمەتی دایکم بدەن، ئەوا وای نەدەگەیاند کە من لە بن باری ئەرکەکە دەرچم. لەو بارەدا دایکم پێیدەگوتم: " کەواتە کەمێک زیاتری پێدەچێ تا ببیە ژنێکی ڕووناکبیر." هەرگیز من نەبوومە زانا و ڕۆشنبیر، بەڵام زۆرشت لە قوتابخانەوە فێربووم.

دوای پتر له پەنجا ساڵ- واته تەمەنم حەفتا و یەک ساڵ بوو، سەروەزیر بووم- بۆ چەند سەعاتێکی کەم گەڕامەوە هەمان قوتابخانە. گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا نەهاتبوو، بێجگە لەوەی کە زۆرینەی قوتابییەکان ئەمجارەیان ڕەشپێست بوون نەوەک جوو وەک ساڵی ١٩٠٦. ئەوان بەخێرهاتنێکی زۆر گەرمیان لێکردم وەک ئەوەی شاژن بم. باش لە بیرمە لەسەر سەکۆ جیرجیرکەرە کۆنەکە وەستاین، کە بە بزمار دایانکوتابوو، ئەوان بە یدیشی و عیبری گۆرانییان بۆ گوتم و سروودی نیشتمانی ئیسرائیلیی هاتیکڤایان بۆ گوتم، کە فرمێسکی لە چاودا باراندم. هەموو پۆلەکانیان بە شێوەیەکی جوان بە پۆستەر سەبارەت بە ئیسرائیل ڕازاندبووەوە و شالۆم (سلاو)یان لەسەر نوسیبوو. یەکێک لە قوتابییەکان پێی وا بوو شالۆم نازناوەمە. کاتێک لە قوتابخانەکە چوومە ژورەوە، دوو کیژۆڵە، کە ئەستێرەی داودیان لە نێوچاوان بەستبوو، بە ڕێزێکی زۆرەوە گوڵێکی سپی گەورە، کە لە کاخەز دروستکرابوو پێشکەشکردم. هەموو ڕۆژەکە گوڵەکەم لە یەخەم دا و لەگەڵ خۆشم بردمەوە ئیسرائیل.

دیارییەکی دیکەی ئەوێ ڕۆژێی ١٩٧١ لە قوتابخانەی فۆرت ستریت بڕوانامەی نمرەکانم، هی یەکێک لە ساڵەکانی ئەوێم وەرگرتەوە، کە بەمشێوەیە بوو: خوێندنەوە ٩٥، سپێلینگ ٩٠، بیرکاری ٩٥، موزیک ٨٥ و ٩٠ نمرەی سەیری دیکەش هی شتێک بوو پێیاندەگوت کاری دەستی، کە من هیچم لەبیر نەمابوو. کاتێکیش منداڵەکان داوایان لێکردم، چەند خولەکێک قسەیان بۆبکەم، ئیدی وتەکەم لەبارەی کتێبەوە هەڵنەبژارد. من لەو قوتابخانەیەدا زۆرتر لەوە فێربووم، کە هەر ژمیریاریی و سپێلینگ بێ، بڕیارمدا ئەو شتە بەو منداڵە ئامادە و پەرۆشانە بڵێم، کە لە کەمایەتی بوون و ڕێرەوی ژیای خۆمدا بەسەرخۆمدا هاتووە، بێئەوەی هیچ زیادەڕۆیی بخەمەسەر. بە شێویەکی نەرمونیان هەوێنی فێربوونەکەم پێگوتن: "ئەوە بە ڕاستی ئەوە گرنگ نییە لە تەمەنێکی زۆر گەنجدا بڕیاربدەی ببیتە چی کاتێ کە گەورە بووی. ئەوە گرنگترە بڕیاری ئەو ڕێگایە بدەی، کە دەتەوێ پێی

بژی. ئەگەر ئێوە لەگەڵ خۆتان و برادەرەکانتاندا ڕاستگۆ بن، ئەگەر ئێوە پابەند بن بە شتگەلێک، کە بۆ خەڵکی دیکەش باش و بە سوود بێ نەوەک هەر بۆ خۆتان، ئیدی ئەو کات بۆ من شتەکە دیار و بەس و دەربەستە، لەوانەیە بابەتی ئەوەی ببنە چی تەنیا لەسەر دەرفەت پەکی بکەوێ." ئیدی هەستمکرد لێمتێدەگەن.

هەر چۆنێک بێ، بەدەر لە دوکانەکە و بەدەر لە حاڵپەشێوی ژیانی شینا —لە ماڵ و بەجێهێشتنی شامای خۆشەویستی بە نەخۆشی لە ڕووسیا کە زۆری بیردەکرد- ئەز بیر لەو پێنج ساڵانەی میلواکی دەکەمەوە، کە زۆر بە کەیف بووم. لەوێ ئەوەندە شت هەبوو ببینی، بیکەی و فێرببی، خەریکبوو یادگارییەکانی پینسکی لە مێشکدا دەسڕیمەوە. خەریکبوو بەڵام نەوەک بە تەواوی. لە ئەیلوولدا، ئێمە سێ مانگ بوو لە ئەمریکا بووین، باوکم پێیڕاگەیاندین، ڕێوڕەسمی مەزنی ڕۆژی مارشی کرێکاران هەیە و خۆیشی تیادا نمایشدەکا، بۆیە دڵنیایکردینەوە سەیری بکەین. جلی نوێمان لەبەرکرد، دایکم و زیپکە و من جێگەی خۆمان لە گۆشەیەکی شەقامەکە گرت، ئیدی باوکم ڕێنمایی کردین لەوێ بوەستین تا مارشەکە دەستپێدەکا. ئەوکات بە باشی نەماندەزانی مارش چییە، وەلێ هەرچۆنێک بێ خۆمان بردە پێشەوە تا سەیری بکەین. لە هیکەوە زیپکە پۆلیسە سوارئەسپەکانی دیتن، دەستبەجێ ترسا و زراوی چوو، لە هاواریدا: " ئەوە کۆزاکەکانن! کۆزاک هاتن! " زۆر بە گوڕ گریا، بە ناچاری بردرایەوە ماڵ و خرایە ناو جێگا. کەچی بۆ من – ڕێوڕەسمەکە، پۆل پۆلی مارشەکە، گرووپی مسین، عەرەبانەی ڕازاوە، بۆنی گەنمەشامی و گۆشتی باسترمە – هێمای ئازادیی ئەمریکا بوون. پۆلیسی ئەسپسوار لە جیاتی ئەوەی وەک لە ڕووسیا خۆنیشاندەران سەرکوتکەن و پەرتەوازەیان پێبکەن، کەچی پێشقەڕەوڵیان بوون، ئیدی هەستم بە کاریگەری شێوازی نوێی ژیان کرد. من نەمدەزانی و بە هەندیشم هەڵنەدەگرت – ئەویش تا ماوەیەک- بەبیرمداهات کە ویسکۆنسن بە گشتی و میلواکیش بە تایبەتی لە لایەن بەڕێوبەرایەتییەکی لێهاتو و بەختەوارانە بەڕێوەدەچێ. میلواکی شارێکی کۆچبەران بوو. خاوەن نەریتێکی پتەوی سۆشیالیستی بوو، شارەوانە سۆشیالیستەکەی ڤیکتۆر

بێرگەر بۆ چەندین ساڵ یەکەمین کۆنگرێسمانی سۆشیالیستی ئەمریکایی بوو. بێگومان کاردانەوەمان لەوێ بۆ ڕێڕۆیشتنەکە هەمان ڕێوشوێنی شارەکانی دیکەی ئەمریکایی بوو. ڕەنگبێ لە میلواکی هەندێ تایبەتمەندی چالاکبوونی سۆشیالیستی ڕۆژی کرێکاران هەبووبێ، بە تایبەتی شارەکە ژمارەیەکی زۆری ئاڵمانە لیبرال و ڕۆشنبیرەکانی لێبوون، لەبەر نوشستی شۆڕش لە ١٨٤٨ ڕوویان تێکردبووە ، ئیدی ئەوێ بە گورجوگۆڵی یەکێتیی کرێکارانی بیرە دەناسرا. بە هەرحاڵ بینینی باوکمان لەو مارشە نمایشەدا وەک ئەوە وابوو لە تاریکییەوە ڕوومانکردبێتە ڕووناکی.

هەڵبەتە بارودۆخەکەمان باشتر دەبوو گەر هاتبا دایکم وا بە سەختی کاری نەکردبا، شیناش ئاسانتر لەگەڵ باوانم هاتبایەوە و بڕێکی زیاتر پارەمان هەبووایە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای غەمگینیە نهێنییەکەم و بێزراندنی دوکانەکە، ئەو ساڵە بەراییانەی میلواکی بۆ من پڕ و باش بوون. کەچی بۆ شینا وەها نەکەوتەوە. خەریکبوو هەموو شتێک بۆ ئەو خراپ بڕوا. ئەو زۆر بە زەحمەت خۆی دەسازاند، بە زەحمەت فێرە ئینگلیزی بوو، هەروا بە زەحمەتیش هاوڕێی بۆ خۆی پەیداکردن. ئەو بە هۆی نادیارەوە ماندوو دیاربوو، گوێی نەدەگرت، زۆر جار و بەردەوام لە ماڵ هەرای دەنایەوە، ئیدی دایبابم هەوڵیاندا مێردێکی بۆ بدۆزنەوە، هیچ حیسابیشیان بۆ هەبوونی شامای نەدەکرد. لە هەژدەساڵیدا لە پڕێکەوە ژیانی زۆر لێ تەنگ بوو.

پاشان –وەک لە پەڕجوییەک بچێ- شینا گوێی لە کردنەوەی کارخانەیەکی گەورەی جلوبەرگ لە شیکاگۆ بوو، چووە ئەوێ. کەچی لەبەر چەند هۆیەک نەکرا لەوێ دەستبەکاربێ، بەڵام کاری لای کارخانەیەکی بەرگدرویی بچووکتر دەستکەوت –بە ڕاستی کارێکی ماندووکەرانە بوو بۆ جلوبەرگی ژنانە. لە کۆتاییدا لەوێ گیرسایەوە. پاش ماوەیەک دیسان گەڕایەوە میلواکی و پەنجەی بە خراپی هەوکردبوو. بێگومان کەمتر دەجووڵا، ئەوە بوو زووش چاکبووەوە، ئەمەش وایکرد چەند هەفتەیەک لە ماڵ بمێنێتەوە. دایک و باوکم بە گەڕانەوەی شادمان بوون. من زۆر بە داخ بووم بۆی، لە ماوەی ئەو هەفتانەی کە یارمەتیم دەدا و مشورم دەخوارد، پرچم شانە دەکرد، جلم لەبەردەکرد، زیاتر لە یەک نزیکبووینەوە.

ڕۆژێکیان پێی گوتم نامەیەکی لە پوورم لەبارەی شامایەوە پێگەیشتووە. ئەو گیراوە بەڵام توانیویەتی ڕابکا و هەنوکەش بەڕێوەیە بەرەو نیویۆرک. پوورم بە لێزانیەوە ناونیشانەکەی تۆمارکردبوو، شیناش یەکسەر نامەیەکی بۆ نووسیەوە. لەو کاتەی کە سۆراخی شامای بۆهات، شینا پەنجەکەی چاکبووەوە و کارێکی دیکەی دەستکەوتبوو. سەرقاڵی ئەوە بوو شامای بهێنێتە میلواکی.

پێویست بە گوتن ناکا، ئەز زۆر شادمان بووم، کە شینا لە کۆتاییدا گیان و ورەی هاتەوەبەر. ڕەنگبێ هەنووکە شاما بەرەو ئێرەبێ، کەواتە شینا هەمیشە بەختیاردەبێ و لەوانەشە بارودۆخیماڵیشمان بگۆڕێ. من زۆر شتم لەبارەی شامای لەبیر نەماوە، لێ بە دڵخۆشییەوە وەک شینا چاوەڕوانی هاتنی ئەوم دەکرد. کەچی بۆ بەدبەختی باوانم نەخاسمە دایکم بە شێوەیەکی دیکە پێشوازی لە هەواڵەکە کرد، کە لە هی ئێمە زۆر جیاواز بوو. دایکم گوتی: "چۆن شینا مێرد بە شامای بکا؟ خۆ ئەو جارێ هیچ ئایندەی نییە. ئەو هەژارو لانەوازە، گەنجێکە بێ واتا و بێ پاشەڕۆژ." ئەو – بەدەر لە لۆژیک- لە هەمان کاتدا زۆر باش بوو بۆ شینا، ئەو سەر بە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند بوون، بەڵام بۆی نەدەسەلمێندرا. ژنومێردایەتییان دەکرا ببێتە کیفەڕات، هەرچەندە یەکیان لە ئەویدیکە دەچوو.

ئاساییانە شینا بەرەوپێشەوە ڕۆیشت وەک چۆن بیری لێدەکردەوە. شامای هێنایە میلواکی و ژوورێکی بۆ بەکرێ گرت. ئەو بە مەلوولی گەیشت و لە خۆیشی دڵنیا نەبوو. شینا کەسێکی بڕوابەخۆ بوو، بەیەکەوە بەسەر تەگەرەکان زاڵبوون. لە دواییدا کارێکی لە کارخانەی جگەرە دۆزیەوە و بە شەوانیش خەریکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بوون.

پاشان شینا نەخۆش کەوت، ئەمجارەیان بە گرانی کەوت. پشکنینەکانی دکتۆر وایان نیشاندا تووشی دەردی سیل بووە، بۆیە پێویستی بە بووژانگە (نەخۆشخانەی تایبەتی سیلدار و دەردە کوشندەکان) هەبوو. ئەوەش بووە مایەی ئەو پرسەی ئایا دواتر توانستی شووکردنی دەبێ یان نا. ژیانی بەم پێشهاتە داڕما. ئیدی دەستبەرداری کارەکەی و ژوورەکەی

بوو، بە دوودڵی گەڕایەوە ناومان. باوانم خەفەتخواردنی خۆیان لەبن سێڵاوی سەرزەنشتکردن و پەستبوون شاردەوە، منیش منداڵکارانە ڕەفتارم نواند، کارێکی وام نەکرد کە لە بری باوانم دڵخۆشی شینا و شامای بدەمەوە کاتێ گرژیەکە خەریکبوو بتەقێتەوە و ببێتە تەنگژە.

لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا هەموو شتێک گۆڕا، شینا ماڵی جێهێشت و چووە نەخۆشخانەی جووەکان لە دێنڤەر ، شاماش چووە شیکاگۆ بە بارکەوتویی و بێهیوایی بەبدوای کارێک دەگەڕا. منیش دەستم بە پاشەکەوتکردنی ئەو بڕە پارە کەمەم کرد تا پوولیان پێبکڕم و بۆ شینایان بنێرم، بەڵکو نامەم بۆ بنووسێتەوە. جارێک یان دووجاران پارەی پوولەکانم لە دایکم قەرزکرد، بەڵام تا ئەوکات نامەگۆڕینەوە لەنێوان شینا و دایبابمدا نەبوو. من تاکە پەیوەندیی نێوانیان بووم، بە مەش پێم وا بوو قەرەبووی تاوانەکەم دەکردەوە.

لەو نامانەم بۆ شینا، کە مایەی سەرسوڕمانم بوو، تا ئەو سالانەی دوایی هەڵمگرتبوون. لەبارەی ژیانی خۆم هی ماڵم بۆ نوسیبوو. نوسیبووم: "لە قوتابخانە زۆر باشم." لە ١٩٠٨دا نوسیبووم: "دەتوانم پێتبڵێم باوکمان هێشتا کاری نەدۆزیوەتەوە، دوکانەکەش زۆر سەرقاڵکەر نییە و خۆشحاڵیشم تۆ لەناو جێدا هەڵساویتەوە."

پرسەکە ئەوە بوو کاری باوکم لە میلواکی زۆر کەم هەبوو، کاتێکیش کاری دەستدەکەوت مزەکەی بوو لە سەعاتێکدا تەنیا بیست تا بیست و پێنج سەنت. دوکانەکەش باش هەڵنەدەسووڕا و داهاتی خراپ بوو، سەرباری ئەوەش دایکم لەبن باری منداڵ لەبارچوون دەینالاند و پزیشکیش پێیگوت دەبێ چەند هەفتەیەک لەسەر جێگادا بکەوێ، ئیدی من چێشتم لێدەنا، ماڵم پاکدەکردەوە، جلەکانم هەڵدەخستن و بیروهۆشیشم لای دوکانەکە بوو، ئەوکات بەردەوام لە تووڕەیی و هەژمەتان دەگریام، چونکە دەبووایە ماوەیەک نەچمە قوتابخانە. لێ نەمدەویست شینا خەمی ئەوە بخوات. ئەو کاتێکی تەنگانە و سەختی لە دێڤنەر لە پێشدابوو، وام دەدی لە نامەکانمدا فرمێسکەکانم بهێڵمەوە، هەرچەندە بە ئەنقەست سەبارەت بە کاروباری ناوماڵ بە هەڵەمدا نەبرد.

زۆر غەریبی شینام دەکرد، بەڵام ساڵەکان بە بێ ئەو بە خێرایی بەسەر دەچوون. قوتابخانە لە خۆی گرتبووم، ئەو ماوە کەمەی دەشمایەوە بۆ دوکان ( یارمەتی دایکم لە ماڵ و زیپکە-کە بەڕێز فین بەڕێوبەری قوتابخانە ناوی کردبووە کلارا)م دەدا و هەر دەشم خوێندەوە. من و ڕێگینا هامبورگەر لە ڕێی قوتابخانە بلیتی شانۆگەری یان سینەمامان دەستکەوت. ئەو سەردەمە سەودای سەیرسەیر دەکرا، شتێکی سەرنجڕاکێشی ئەوێ ڕۆژێم لەبیرماوە، کابینە(خانوچکە)ی مام تۆمم[27] لەبیرە، چۆن لەو ڕۆژگارەدا بە خۆی و ئیڤا (حەوا) ئازاری دەچێژا. هێشتاش ئەو بازدانەی نێو تیاترۆخانەکەم لەبیرە، کە قاچەکانم هەڵدەبەزینەوە، کاتێ تەماشای شانۆکەم دەکرد و لەپاڵ ئەوەشدا بە دڵ رقم لە سیمۆن لیگری[28] دەبووەوە. پێم وابێ یەکەمین نمایشێک بووبێ لەسەر تەختەی شانۆوە دیتبێتم. لە ماڵێش بەسەرهاتەکەم بۆ دایکم و کلارا گێڕایەوە. ئەوەش شێوەیەکی واقیعی ژیانی هەمووومانی تێدا بوو.

یەکێک لە شتە گرنگەکان بۆ من، لەو کاتە ڕوویدا، کە من لە پۆلی چواردا بووم. تازە سەروبەندم لەگەڵ یەکەمین "کاری جەماوەری"م پەیداکرد. هەرچەندە چوونە قوتابخانە لە میلواکی بێپارە بوو، بەڵام بڕە پارەیەکی کەم (ڕەمزی)یان بۆ کتێبەکان وەردەگرت. زۆر لە قوتابیانی هاوپۆلم نەیاندەتوانی پارەکەش بدەن. دەبووایە یەکێک کارێکی وای کردبا و کێشەکەی چارەسەرکردبا، بۆیە بڕیارمدا سندوقێکی پارەکۆکردنەوە بکەمەوە. ئەوەش یەکەمین کارم بوو بۆ کردنەوەی هاوکاریی، بەڵام ئاستەم بوو دوا جار بێ.

---

[27] ڕۆمانێکی هاریت بیچەر ستۆو Harriet Beecher Stoweی ئەمریکیە دژی کۆیلایەتی و لە ساڵی ١٨٥٢ چاپکراوە-وەرگێڕ

[28] شانۆگەرییەکی کلاسیکی کۆمیدیی، کەسایەتی سیمۆن دیگری Simon Legree خاوەن کۆیلەیەکی دڵڕەق بوو-وەرگێڕ-

ڕێگینا و من کۆمەڵێک لە کچەکانی قوتابخانەکەمان کۆکردەوە، ئامانجی سندووقەکەمان بۆ شیکردنەوە، هەموو پۆستەرەکانمان وێنەکێشا و ڕامانگەیاند، کۆمەڵەی خوشکانی گەنجی ئەمریکایی (بە تایبەتی شانازیمان بەو ناوەی ڕێکخراوەکە دەکرد کە بوونی نەبوو) هەڵدەستێ بە سازدانی کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لەبارەی کتێبەکانی قوتابخانە. ئیدی هەر لەوێ بە سەرۆکی کۆمەڵەکە دانرام. هۆڵێکم بەکرێگرت و بانگهێشتنامەم بۆ هەموو گەڕەکەکە نارد. ئەمڕۆ پێم سەیرە کەسێک ئامادەبێ هۆڵێک بەکرێ بداتە منداڵێکی تەمەن یانزە ساڵان. خۆشبەختانە کۆبوونەکە لە وادەی خۆی لە ئێوارەی شەممەدا ڕێکخرا و بە دەیان کەسیش ئامادەبوون. بەرنامەکە زۆر ئاسان بوو: من لەبارەی پێداویستەکانی قوتابییەکان سەبارەت بە کتێبەکان دوام، کە مافی خۆیان بوو کتێبیان هەبێ، ئەوسا پارەیان هەبێ یان نەبێ. کلاراش، کە تەمەنی هەشت ساڵان بوو بە زمانی یدیشی هۆنراوەیەکی سۆشیالیستیانەی خوێندەوە. ئێستاش دیمەنی ئەوم لەبەرچاوە؛ کچێکی زۆر بچوکی قژسوور، لە بەرانبەر جەماوەر لە هۆڵی پاکن هۆل وەستا و شانۆکارانە نمایشدەکا. ئەنجامی کۆبوونەکە دووقات بوو: چ سەبارەت بەو بڕە پارەیەی (بەپێی پێوەری ئێمە) کە کۆکرایەوە، هەروەها باوانیشمان بەشان و باڵی زیپکە و منیان هەڵدا، کاتێ شەو گەیشتینەوە ماڵ. تاکە ئارەزوم ئەوەبوو شیناش لەوێ بوایە. لە دواییدا کرا نامەیەکی بۆ بنووسم و هاوپێچیش وێنەی خۆم و ئەو پارچە ڕۆژنامەیەی لەبارەی کۆبوونەکەمانی نوسیبوو، بۆ بنێرم:

*" نیشانە بردنەوەی ئەو منداڵانەی کە دەستبەرداری کاتی یارییەکەیان و سەنتە کەمەکانیان بوون بۆ کاری خێرخوازی، هەروەها سازدانی ڕێکخراوێکی خێرخوازی لەسەر دەستپێشخەری خۆیان ... ئەوەش دەهێنێ کە کۆمێنتێک لەسەر ئەو کارە خێرخوازییە بدرێ، کە بۆ خودی خۆی پلانێکی دەنگدەرە لەسەر ئەو ڕاستییەی منداڵان دەچنە بەرخوێندنی گشتیی بە بێ بەسەردابەشکرنی پێداویستییەکانی کتێبەکانیان. دە بیربکەنەوە ئاخۆ ئەمە واتای چی دەگەیەنێ...!"*

ئەو نامەیەی بۆ شینام نارد وەک هۆنراوەکەی کلارا بە جۆش بوو. نووسیم: "خوشکی خۆشەویستم؛ ئێستا دەتوانم پێتبڵێم، سەرکەوتنێکی باشمان لە هۆڵی پاکن بەدەستهێنا. هەروەها خۆشییەکەشی لە بن نەهاتووبوو...."

دایکم لێم پاڕایەوە، ئەوەی لە وتارەکەمدا هاتبوو بۆی بنووسم، کەچی من هەر ئەوەم بۆ نووسی کە دەمویست، ئەوەم بۆ نووسی، کە لە دڵم دابوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی یەکەمین نامەی گشتییم بوو، کارێکی باشمکرد و لێی ڕازیبووم. هەرچۆنێک بێ بەدەر لە زۆرینەی ڕاگەیەندراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان یان کنیست (پەڕلەمانی ئیسرائیلی)، هەرگیز خووم بە دەقی نوسراوەوە نەگرتبوو بەکاریشم نەدەهێنا. ئیدی بۆ ماوەی نیو سەدەی داهاتوو "ئەو وتانەی لەمێشکم گینگڵیاندەدا" دەردەبڕین، ئەوەش هەروەک چۆن لە هاوینی ۱۹۰۹دا بۆ شینام لە نامەکەدا نووسی.

لە دواییدا لە ماوەی پشووی هاوینەدا، ڕێگینا و من یەکەمین کارمان دەستکەوت: ئەویش وەک فرۆشیارێکی سەرەتایی بوو لە کۆگایەکی نێو بازاڕ. ئەوەی ئێمە بە زۆری دەمانکرد پێچانەوەی پاکێتەکان بوو، چوونە دەرەوە بوو. هەفتەی چەند دۆلارێکی کەممان کۆکردەوە، ئیدی لەوە ڕزگارم بوو هەموو ڕۆژێک لە دوکانەکەمان لەسەر پێ بوەستم. باوکم بە نابەدڵییەوە شوێنی منی لە دوکانەکە گرتەوە. ئیدی هەستێکی گەورە بوو لە لام، کە سەربەخۆیانە تەنوورە و کراسەکەم دەپۆشی و بۆ سەرکارم لە بازاڕ شۆڕدەبوومەوە. هەرچەندە زۆر بە پێیان دەڕۆیشتم، لە بری ئەوە پارەی پاسەکەم پاشەکەوتکرد و چاکەتێکی زستانەشم پێکڕی. ئەوەش یەکەمین شتێک بوو بە پارەی هەقدەستی خۆم کڕیبێ.

کاتێکیش قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکرد، تەمەنم چوارده ساڵان بوو. نمرەکانم باش بوون. منیان وەک قوتابییەکی سەرکەوتوو دانا تا وتاری خواحافیزیی دەرچووان بخوێنێتەوە. پاشەڕۆژم زۆر ڕوون و پرشنگدار دەهاتە بەرچاو. ئەوەی ڕاستی بێ، دەمەویست بچمە قوتابخانەی باڵا و ببمە مامۆستا، چونکە ئاواتم بوو. پێم وا بوو – هەنوکەش هەر لەو باوەڕەدام –

که مامۆستایەتی سەنگینترین و پەسندترینی هەموو پیشەکانە. مامۆستای باش دەرگای هەموو جیهان بەسەر منداڵاندا دەکاتەوە. بۆیان دەلوێنێ فێرببن، چۆن مێشکی خۆیان بەکاربهێنن و بەزۆر ڕێگە ببێتە ئامراز و کلیلی ژیانیان. دەمزانی دەتوانم بە باشی دەرس بدەمەوە، بە توانای خۆشم خۆم ڕۆشبنیرکرد و دەمەویست بەرپرسیارێتییەکەشی هەڵبگرم. ڕێگینا و سارا و من بێبڕانەوە لەبارەی ئەو پرسەی، کە گەورە بووین ببینە چی قسەمان دەکرد. لە بیرمە ئێوارەیەک لە ئێوارەکانی هاوینی ئەوان ساڵان لەبەر دەرکەی ماڵمان وەستابووین و بە سەعات ئەو شتەمان تاوتوێدەکرد. وەک هەر کچێکی هەرزەی هەر شوێنێک، پێمان وابوو بەدەر لە شووکردنمان ئەوە گرنگترین بڕیارە بیدەین. ئەوەشی دەهێنا زۆری لەسەر بدوێین.

هەرچەندە دایبابم -لێی تێگەیشتبووبم بەڵام واش نەبوو- پلانێکی دیکەیان بۆم هەبوو. وام بەبیردادەهات باوکم حەزی لێبوو زیاتر بخوێنم، کاتێک بڕوانامەی نمرەکانم لە قوتابخانەکە وەرگرتەوە چاوەکانی لە خۆشیان تەڕ بوون. پێم وا بوو ئەو لە ئاڵۆزبوونەکە تێگەیشتبوو، بەڵام ژیانی خۆی نوشستی بە خۆی هێنابوو نەیدەتوانی زێدە کۆمەکم بکا. دایکیشم لەگەڵ ئەو پەیوەندییە دەردوبەڵایەی لەگەڵ شینادا هەیبوو، بە تەواوی دەیزانی من چیدەکەم. هەنووکە قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکرد، بە باشی بە بێ مینگەمینگ بە ئینگلیزی دەپەیڤیم، وەک دراوسێکەشمان گوتی گەشەم کردووە و بوومەتە کچێکی سەرڕاست، دەکرێ دانە ڕۆژێک یان ڕۆژی تەواو کاربکەم - ئەوسا درەنگ یان زوو، بەڵام زووش بێ چاکترە- ئەوسا شێلگیرانەش بیر لە مێردکردن بکەمەوە و وەک ئەو بە بیری هێنامەوە، کە بۆ خانمە مامۆستا بە پێی قانونی وڵات قەدەغەیە.

ژنە دراوسێکە پێی گوتم، گەر هەر سووربم لەسەر داواکردن بۆ ئەوەی ببم بە پیشەگەر، ئەوا دەبێ بچمە فێرگەی سکرتایەت و فێری پیتچنین (تایپێست)ی ببم. هەرچۆنێک بێ من نەمدەویست تا قەیرەبوونیش هەر بەو شێوەیە بمێنمەوە. باوکیشم سەرێکی بۆ لەقاندم و ئاگاداریکردمەوە: "پێویست بەوە ناکا، کەس پارە ناداتە زیرەکی. خەڵک کچی زیرەکی ناوێت."

هەروەک شیناش پێش من کردی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ و تەقەللام دا بیرکردنەوەی دایک و باوکم بگۆڕم. بە چاوی بە فرمێسکەوە بۆم ڕوونکردنەوە، کە ئەم ڕۆژانە خوێندەواری زۆرگرنگە، تەنانەت بۆ ژنی بە مێردیش. هەروەها دەمەتەقێی ئەوەم لەگەڵ کردن نیازی مێردکردنم نییە و هێشتا زۆرم لە پێشدا ماوە. سەرباری هەنسکەکانم دەمەویست بمرم نەک هەموو ژیانم یان بەشێکی لەپشت مێزی پیتچنینەوە لە ئۆفیسێکی بۆگەندا بەسەرببەم.

بەڵام نە بەڵگەوبەندەکانم نە فرمێسکەکانیشم سوودیان نەبوو. باوانم بڕوایان وابوو، قوتابخانەی باڵا بۆ من بە لای کەمییەوە نەک هەر پێویست نییە و خولیایەکی مجێزبەرزانەی زامننەکراوە، بەڵکو هەر داخوازیش نییە. لە دوورەوە لە دیڤنەر شینا (چاکبۆتەوە و خەستەخانەکەی جێهێشتبوو) لە هەڵمەتەکەمدا هانیدەدام، هەروەها شامایش، کە گەیشتبووە ئەوێ بە هەمان شێوە، کە نامەشیان بۆ دەنووسیم بۆ ناونیشانی ڕۆگینایان دەنارد، نەبادا باوانم بەو نامە گۆڕینەوانەمان بزانن. ئەوەم زانی شامای سەرەتا لە خەستەخانەکە قاپی دەشوشتن، دواتر کاری لە خزمەتگوزاری لە هوتێلەکانی دێنڤەر دەستکەوت. لەو کاتەی بۆشی دەمایەوە دەفتەرداری (ژمێریاریی) دەخوێند، لە هەمووشی گرنگتر سەرباری وریاکردنەوەی دکتۆرەکان لەبارەی باری شینا، بوونە ژنومێردی یەکدی. شامای بڕیاریدا: "باشترە کەمتر بژین بەڵام بەیەکەوە بین." ئەوەش شادترین ژنهێنان و مێردکردن بوو. لەگەڵ پێشبینی مرومۆنی دکتۆریشدا هاوسەریەکە چل و سێ ساڵی خایاند و ئەنجامیشی سێ منداڵ بوون.

دایبابم سەرەتا زۆر بەو شووکردنە پەستبوون، بەتایبەتی دایکم بە لاقرتێوە دەیگوت: "شێتایەکی دیکەی بیرۆکەیەکی شێتانەی دیکەی گەورە بێ ئەوەییەک قرانیشیان لە باخەڵدا هەبێ." ئەوە مێردی شینا بوو، ئەو ئەو پیاوە بوو، کە پشتیگرت و خەمخۆری بوو، بەڵام شامای نەک هەر شینای خۆشدەویست بەڵکو لێشی تێدەگەیشت. هەرگیز مشتومڕیان لەگەڵ یەکنەدەکرد. لەو کاتەی کە دەیزانی لەسەر شتێک هەقە بەردەوام دەبوو لەسەری و جێبەجێیدەکرد، شیناش بەردەوام دەیزانی کەی دەدۆڕێ، بەڵام

کاتێک شینا شتێکی دەویست و لە ڕاستیشدا زۆر بۆی گرنگ بوو، هەرگیز شامای ڕێگری لێنەدەکرد. بۆ من هەواڵی مێردکردنەکەی شینای واتای ئەوەی دەگەیاند، گەیشتۆتە زۆرترین ئەو شتەی کە دەیویست، لە بەرەنجامدا منیش برایەکم پەیدابوو.

لە نامە نهێنییەکانمدا بۆ دیڤنەر بە درێژی لەبارەی دەمەقاڵێیەکانی ماڵەوەمان سەبارەت بە قوتابخانەکەم نووسی، کە چۆن ژیانیان لێ تەنگ کردووم و ئیدی ئەوان ناچارم دەکەن هەرچی زووە بڕیاری سەربەخۆیی خۆم بدەم. لە پایزدا، پایزی ۱۹۱۲دا لێبڕاوانە وەرزی یەکەمی قوتابخانەی باڵام لە میلواکی دەستپێکرد، دوای نیوەڕۆ و ڕۆژانی پشووی هەفتەش کاری جۆراوجۆر و سەیرم دەکردن، ئیدی هەرگیز داوای پارەم لە باوانم نەدەکرد. بەڵام ئەوەش دادی نەدا، کێشە و قڕەمان لە ماڵ هەر نەدەبڕایەوە.

دوا تین بۆ هێنانی دایکم ئەوە بوو، مێردێکم بۆ بدۆزێتەوە. هەڵبەتە نەیدەویست من مێرد بکەم، بەڵام زۆر حەزیدەکرد دڵنیابێ لەوەی نەوەک لەبەر ئەوەی، کە تەمەنم هاتووە بەڵکو تا وەک شینام لێ نەیەت و شوو بە پیاوێکی ڕاستەقینە بکەم. کابرا مەرج نییە دەوڵەمەند بێ، بەڵکو بەلای کەمییەوە کابرا گورجوگۆڵ بێ. ئەووی ڕاستی بێ، دایکم دەستی بە دەمەتەقێی دانوستانێک لەگەڵ بەڕێز گۆدستاین کردبوو. گۆدستاین برادەرێکی ڕووخۆش، تەمەن سی ساڵەی تا ڕادەیەک حاڵخۆش بوو. ئەرێ گۆدستاین! بەڵام ئەو دوو تەمەنی منی هەبوو، بۆیە نامەیەکی ئاگراویم بۆ شینا نارد. وەڵامی دیڤنەرم زوو بۆ هاتەوە. شامای نووسیبووی: "نەخێر، نابێ قوتابخانەت ڕابگری. تۆ هێشتا زۆر گەنجی بۆ ئیشکردن. تۆ دەرفەتی باشت لەبەردەمدایە، بەڵکو ببیە شتێک." بە بەخشندەییەکی تەواوەوە لە نامەکەدا هاتبوو: "ئامۆژگاری من ئەوەیە، تۆ دەبێ ئامادەبی بێیتە لای ئێمە. هەرچەندە ئێمەش دەوڵەمەند نین، بەڵام لێرە دەرفەتی خوێندنت باشترە و ئێمەش ئەوەی لەسەرمانە دەیکەین" لە کۆتایی نامە بانگهێشتنە هۆشدارییەکەیدا شینا نووسیبووی: "پێویستە دەستبەجێ بگەیتە لای ئێمە." ئەو دڵنیای کردمەوە، جێگەی هەمووان دەبێ و "هەموو بە یەکەوە دەبێ

یەکەم ئەوە ڕێکبخەین، کە دەرفەتی خوێندنت لە دەست نەچێ، دووەم پەکی خواردن ناکەوێ، سێیەمیش تۆ پێویستت بە جلوبەرگێک وەک هەر کەسێکی ئاسایی هەیە."

نامەکەیان هەستجووڵێنەر بوو. ئەمڕۆش کە دەیخوێنمەوە پتر ڕامدەتەکێنێ، ئاخر ئەو جووتە هێشتا ماویان بوو جێگیر ببن، کەچی باوەشیان بۆ من کردەوە و هەموو شتێکیان لەگەڵمدا بەشکرد. نامەکە لە دیڤنەرەوە لە تشرینی دووەمی ١٩١٢دا نووسراوە، خاڵێکی وەرچەرخێنەری ژیانم بوو، چونکە لە دیڤنەرەوە خوێندنی ڕاستەقینەی من دەستیپێکرد و لەوێوە گەشەمکرد. وام دانابوو گەر شینا و شامای فریام نەکەوتبان، شەڕم لەگەڵ باوانم دەکرد و بە شەوان دەگریام، بە هەر شێوەیەکیش بووایە دەچوومە خوێندنگەی باڵا. خەیاڵم بۆ ئەوە نەدەچوو لەژێر گوشارێکیشدا بووایە لە خوێندنم داببڕێم و مێرد بە ناحەزێکی وەک گۆدستاین بکەم. بانگێشتنەکەی شامای وەک پەتی ڕزگارکردن وابوو، منیش بە مەحکەمی دەستم پێوەگرت.

لەو ساڵانەی، کە دوای تشرینی دووەمەکە تێپەڕبوون، هەمیشە بیرم لە نامەکەی شینا دەکردەوە. شینا نووسیبووی: "شتە سەرەکییەکە ئەوەیە نەورووژێی، هەردەم هێواش و ڕەفتار سارد بە. ئەم ڕێ هەڵبژاردنە ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە. ئازاش بە." ئەوەش ئامۆژگارییەکە بوو، لە ماڵ ڕابکەم. من هەرگیز ئەوە لەبیرناکەم و بەکەڵکیشم هات نەخاسمە لە ساڵە کەمەکانی دوایی، کە هاتمە ئەو جێیەی بە ڕاستی ماڵم بوو، ئەو وڵاتەی خۆم تێیدا تەیارکرد تا مردن بجەنگم، بۆ ئەوەی تێیدا بمێنمەوە.

چوونە دیڤنەر ئاسان نەبوو. بە هیچ جۆرێک چاوەڕوانی ئەوە نەبووم دایک و باوکم ڕەزامەند بن لەسەر چوونم بۆلای شینا تا لەوێ بژیم. هەرگیز ڕێگەیان نەدەدا. تاکە چارەسەر ئەوە بوو، هیچیان پێنەڵێم، کورتییەکەی بەجێیانبێڵم. ئەوەش بوێرانەترین ڕەوت نەبوو، بەڵام کاریگەرترینیان بوو. شینا و شامای برە پارەیەکیان بۆ ناردم تا بلیتی قیتاری پێبکڕم. ڕێگینا و منیش وردەکاری نەخشەی هەڵاتنەکەمان دارشت. کێشەی یەکەم، دابینکردنی باقی پارەکە بوو بۆ ڕۆیشتنەکە. بڕێکم لە سارا

قەردکرد، بە دڵنیاییەوە لەوە سەرسام بووم، چونکە هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو ئاخۆ چۆن لە داهاتودا قەرزەکە بدەمەوە. ڕێگینا و من بە دوای ئەو کۆچبەرە نوێیانەدا گەڕاین، کە چەند دەرسێکی ئینگلیزیان پێبدەین، سەعاتی بە دە سەنت. کاتێکیش پارەی پێویستمان خڕکردەوە، نەخشەی دەرچوونمان دارشت.

ڕێگینا پشتیوانێکی نایاب و دڵسۆز بوو. نەک هەر نهێنیپارێز و متمانەدار بوو، کە هیچ شتێک لە بارەی پلانەکەوە بۆ باوانم یان هیچ کەسی دیکە نەدرکێنێ، بەڵکو زۆر خەیاڵفراوانیش بوو، هەنووکەش کە لەبارەی ئەو بەسەرهاتە دەنووسم، پێم وایە ئەو راکردنەکەی من و ڕەدووکەوتنی تێکەڵی یەک کردبێ. ئەوەی پێشنیازی کرد منیش بە خۆشییەوە پەسندمکرد، لەو کاتەی لە سەرووی دوکانەکە دەژیان، دەبوایە جلەکانم بکەمە ناو بوخچەیەک (بەڵام نابێ بوخچەکە زۆر گەورە بێ)، ئینجا ئێوارەکەی پێش ئەوەی ڕێگینا بڕوا شۆڕیبکەمەوە، ئەویش بە دزییەوە دەیباتە لای وێستگەی قیتار، بۆ بەیانییەکەی لەجیاتی ئەوەی بچمە قوتابخانە، یەکسەر بچمە وێستگەکە.

کاتێک ئێوارە چارەنووسسازەکە داهات، من لە ناندینەکە لەگەڵ دایک و باوکم دانیشتبووم، وەک ئەوەی هەر شەوێکی ئاسایی بێ، بەڵام دڵم زۆر پڕ و قورس بوو. لەو کاتەی چایان دەخواردەوە و گفتوگۆیان دەکرد، لەسەر پارچە کاخەزێک شتێکم بۆ نووسین تا بەیانییەکەی بیخوێننەوە. تەنیا چەند وشەیەک بوون، بەڵام باشیش هەڵنەبژێردرابوون. نوسیبووم: "من دەڕۆم لەگەڵ شینا دەژیم تا درێژە بە خوێندنم بدەم." ئەوەشم بۆ زیادکردبوو، کە خەمم نەخۆن و لە دێنڤەریش نامەیان بۆ دەنووسم. هەڵبەت لە بەیانییدا خوێندنەوەی کورتە نامەکە ئازاریانی دا، بەڵام گەر هاتبا و ئەمڕۆ بمنووسیبا ئەوا تەنیا ئەو کاتە دەمنووسی کە زۆر بیرم کردبایەوە و مشوورێکی زۆرترم بخواردبا. لێ ئەوکات لەبن گوشارێکی زۆردا بووم و هەر پازدەساڵیش بووم. ئەو شەوە پێش ئەوەی بچمە ناو پێخەفەکەمەوە، چوومە ژوری کلارا و سەرێکمدا. خۆم بە تاوانبار دەزانی، بێئەوەی خواحافیزی لێبکەم، بڕۆم. پێشهاتەکەم لاسەیربوو، کە هەردووکمان، من و

شینا ماڵمان بەجێهێشت. هەمیشە بیرم لێ دەکردەوە. کلارا زیاتر لە ئێمە ئەمریکاییانەتر گەورە دەبوو، کچێکی ئارام، شەرم لەخۆکێش، کیژێکی بچکۆلانەی سادە و سەلار، هەموو کەس خۆشیاندەویست، بەڵام هەرگیز من زۆر ئاگام لێی نەدەبوو، بەڕاستیش نازانم بۆ. هەنووکە خەریکم بەجێیدەهێڵم، بەبیرم دێ لە پڕێکەوە هەستی بەرپرسیارێتیم بەرانبەری بزوا. ئیدی ڕووم وەرگێڕا و لە ژوورەکەی دەرکەوتم. ئەوکات نەمدەزانی، کە تاکە منداڵی خێزانەکەمان بوو ژیانی ئاسان دەکرد. باوانم زۆر دڵنەرم بوون لەگەڵ کلارا، هەمیشەش لەگەڵ شینا و مندا وا بوون، بەڵام هەندێک جار دایکم تێکیدەدا. ئێمە خێزانێکی خۆدەرخەر نەبووین، کەچی شەوی تایین دەستێکم بەسەر دەموچاویدا داهێنا و ماچێکم کرد، هەرچەندە کاتی خواحافیزییەکەم، ئەو لە پرخەی خەودابوو.

بەیانییەکەی سەر لە زوو، هەروەک نەخشەمان بۆ کێشابوو، ماڵم بەجێهێشت و ڕوومکردە ویستگەی قیتار، لەوێش بۆ دێنڤەر. من هەرگیز پێشتر بەتەنیا گەشتم نەکردبوو، ئەوەش کە قیتار بەگوێرەی خشتەی دیاریکراوی خۆی دەڕوا نە بە بیری من و نە هی پیلانگێڕەکەم دانەهات. بۆیە بە شپرزەییەوە لە شوێنی خۆم لە وێستگەکە وەستام و دڵیشم لای دایک و باوکم بوو، کە پەیامی ماڵ بەجیهێشتنەکەم دەخوێننەوە. هەروەک بە زمانی یدیشی دەڵێن، من زیاتر بەختم هەبوو لەوەی مێشک. کەس بایەخی بە پەشێویەکەم نەدا و کەسیشم بە دوامدا نەهات و قیتارەکەش بەرەو ماڵی شینا بەڕێکەوت. دەمزانی دڵی دایکم و باوکمم بریندارکردووە، بەڵام ئەو کارە بۆ من چارەنووسسازبوو. لەو دوو ساڵەی لە دێنڤەر بەسەرمبرد، باوکم نەیبەخشیم و تەنیا یەک جاریش نامەی بۆ نووسیم، بەڵام ناوبەناو لەگەڵ دایکم نامەمان دەگۆڕیەوە، کاتێکیش گەڕامەوە، چیدیکە هەرا و شەڕمان پەیدانەبوو لەسەر ئەو مافانەی دەمویست بەدەستیانبهێنم.

هەریەک لە ڕێگینا و کلارا لە نامەکانیاندا بە گوڕ و تینەوە وەسفی کاردانەوەی ماڵیان لەسەر ڕۆیشتنەکەم بۆ نووسیم. نامەکانی کلارا پڕبوون لە تۆمەتبارکردن. دایکم فرمێسکی زۆر تاڵی ڕشتبوون، تا چاوەکانی وشک بوون ئەوسا چووبوو بۆ لای دایکی ڕێگینا. لەو کاتەدا ڕێگینا لە قوتابخانە بە

دڵخۆشی دێتەوە، دایکیشی هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە، کە چۆن کارێکی ناپەسەندی کردووە، بەڵام ئەو بێدەنگ دەبێ و هیچ نادرکێنێ. ئەو برادەرێکی باش بوو، لە نامەکانیدا خۆی لە لۆمە و گلەییدا دەبوارد. بەڵکو بەپێچەوانە، لێبوردنخوازیش بوو. بۆی نووسیم: "هیوادارم ئازاری هەستەکانتم نەدابێ، بەڵام لێرە هەموویان وای بۆ دەچن، کە تۆ رەدووی کابرایەیکی ئیتاڵی کەوتووی. ئەرێ چۆن ئەو بیرۆکەیان بۆ هاتووە، من ناتوانم هیچ ... گۆلدای خۆشەویست، هەنوکە تکایە سەبارەت بەو نامەیە لێم تووڕە مەبە، بەڵام نازانم چی بکەم، تۆ پرسیارت کردبوو... لە تووڕەیی و هەژمەتان خەریکە گڕدەگرم، بەڵام ئایا چیم پێدەکرێ؟"

هەر بە ڕاستی لە دێنڤەردا دەرگای ژیان لەسەر من کرایەوە، هەرچەندە شینا و شامای وەک باوانم لەگەڵمدا تووندوتیژ بوون، هەمووشمان کاری سەختمان دەکرد. شامای دانێک لە کۆمپانیای تەلەفۆنی شار دەرگەوان بوو، وەکی دیکەش دوکانی وشکەشۆری خۆی دەکرد، هەر کاتێ من لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، جێگەی ئەوم لە دوکانەکە دەگرتەوە تا ئەو بۆ ئیشی دووەمی بڕوا. من ئەرکی ماڵەوە (ئەرکی قوتابخانە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان)م لە دوکانەکەدا دەکرد، خۆ گەر مەعمیلێک ئوتووی بویستبایە، ئەوا دەمکرد.

لە شەویشدا دوای خواردنی نانی شێوان، شینا لەسەریدەکردم خەریکی دەرسودەوری خۆم بم، بەڵام من سامگرتی دەبووم بەو خەڵکەی دەهاتنە ماڵ و تا درەنگی شەو دەکەوتنە قسان. من ئەو وتوێژە نەبڕاوەیان لەبارەی سیاسەت پێم لە هەموو دەرس وندەورەکانم سەرنجڕاکێشتربوو. ئەپارتمانە بچکۆلانەکەی شینا بووە جۆرە مەکۆیەک لە دێنڤەر بۆ جووە کۆچبەرەکانی ڕووسیا، کە بۆ چارەسەر هاتبوونە نەخۆشخانە ناودارەکەی جووکان لە دێنڤەر (شیناش ماوەیەکی زۆری لەوێ بۆ چاکبوونەوە بەسەر بردبوو). هەندێکیان ئانارشیست (پاشاگەردان)، هەندێکیان سۆشیالیست و هەندێکیشیان سۆشیال زایۆنیست بوون. هەموویان نەخۆش بووبوون یان هێشتا هەر نەخۆش بوون، هەموویان ڕیشەکێشکرابوون، هەموویان سەبارەت بە پرسی سەرەکی ڕۆژ بە سۆز و گوڕەوە نیگەران بوون. ئەوان

دەپەیڤین، مشتومڕیان بوو تەنانەت دەمەقاڵەشیان بوو لەبارەی ئەوەی لە جیهان ڕویداوە و ڕوودەدا. لەبارەی فەلسەفەی ئانارشیستی ئێما گۆلدمان پیتەر کرۆپتۆکن دەپەیڤین، لەبارەی سەرۆک ویلسن و بارودۆخی ئەوروپا قسەیان دەکرد، لەبارەی پاسیفیزم (لاشەڕیی)، ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا، ئایندەی گەلی جوو دەدوان و ئیستکان لە دوای ئیستکان چای بە لیمۆشیان دەخواردەوە. من دڵخۆش بووم بە چاگێڕانەکە، هەرچەندە شینا زۆری پێیناخۆش بوو، بەڵام وام کرد زۆربەی دانیشتنەکان ئامادەبم، خۆبەخشانە پیاڵەکانم هەڵدەگرتن و دەمشوشتن، کەم وابوو ڕێملێبگرن.

دیارە ئەز گەنجترین ئەندامی ژوورەکە بووم. زمانی یدیشیم وا ڕەوان نەبوو وەک زۆربەی وتووێژکاران، بەڵام ئەو وشانەم باش دەرخکردبوون، کە پێم وا بوو چارەنووسی مرۆڤایەتیی پێدەگۆڕێ و پاش ماوەیەکیش دەربڕی خودی بیروبۆچوونەکانم بوون. زۆر لە دەمەتەقێی ئەو شەوانەم لە بیر نەماوە. ئەو کات نەمدەزانی ماتریالیزمی دیالیکتیک چییە و دەقاودەق هیگل، کانت و شۆپنهاوەر کێن، بەڵام دەمزانی، کە سۆشیالیزم واتای دیموکراسی، مافی کرێکاران بۆ ژیانێکی شایستە، هەشت سەعات کار و ناچەوساندنەوە دەگەیەنێ. هەروەها تێگەیشتم، دەبێ ستەمکار بڕووخێ، بەڵام دکتاتۆری هەر شێوەیەکیان بێ- بە هی پرۆلیتاریاشەوە- بە هیچ شێوەیەک بانگەوازی من نەبوون.

بە پەرۆشەوە گوێم لە هەموویان دەگرت، بەڵام وام خۆدەدیتەوە، کە بە ئاگاییەوە گوێ لە سۆشیال زایۆنیستەکان دەگرم، پێم وا بوو ئەو فەلەسەفە سیاسییەیە زیاتر شت بۆ من دەگەیەنێ. تێگەیشتم و کاردانەوەشم بۆ ئەو بیرۆکەی ماڵێکی نەتەوەیی بۆ جوو هەبوو، شوێنێک لەسەر ئەم زەمینە، کە جوو تێیدا ئازاد و سەربەخۆ بن، پێم وا بوو شتێکی بەڵگەنەویستە لەو جێگەیەدا کەس ڕاوەدونانرێ و ناچەوسێنرێتەوە، کەس لە ژیانی خۆی و لە کەس ناترسێ. زیاتر ئەو شێوە ماڵە نەتەوەیی (ناسیۆنالیستیە)ی زایۆنیستەکان، کە دەیانویست لە فەڵەستین بیئافرێنن، سەرنجیانڕاکێشام لە نمایشی سیاسییەکانی خودی دێنڤەر یاخود ئەوەی لە ڕووسیادا دەگوزەرا.

ئاخاوتنی شێوازی ماڵی شینا ئازادانه و کراوه بوو- نزیکەی هەموو ئاخاوتنەکان بە زمانی یدیشی بوون، چونکە هەندێکیان هێشتا بایی ئەوەندە ئینگلیزیان نەدەزانی بیروبارەڕیان پێ دەرببڕن-. هەندێک ئێواران زۆربەی قسەکان لەبارەی ئەدەبیاتی یدیشی بوو، ئێوارەکانی دیکە تەرخانکرابوو بۆ پرسی تایبەتمەند، وەک دەنگدانی ژنان یان ئایندەی یەکێتیی کرێکاران. من هەموویانم لاخۆش بوو، لێ کاتێ لەبارەی هەندێ کەسی وەک ئارۆن دایڤد گۆردۆن، ئەوەی لە ١٩٠٥ەوە چووبووە فەڵەستین و دەگانیا (ئەو کیبۆتە – نشینگەیە-ی سێ ساڵ دواتر لە شوێنێکی پەراوێزخراوی زێی گالیلیای دروستکرد)، زۆر سەرسامی دەکردم و خەونیشم پێوەدەدی، منیش بچمە ڕیزیان و ببمە یەکێ لە ماڕە و پێشقەڕەوڵەکان.

لە بیرم نەماوە چ گەنجێک سەرەتا لە دانیشتنەکانی لای شینا لە بارەی گۆردۆن پەیڤی، بەڵام ئەوەم باش لەبیرە، چەند هێدمەگرتی بووم بە بیستنی ئەوەی، کە پیاوێکی تەمەن مامناوەند بە ڕیشێکی درێژی سپی وەک سەردەمی قەشەکانی بەرێ، پیاوێک تا ئەوکات کارێکی جەستەیی نەکردبوو، لە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە بە خۆی و خێزانەکەی دەڕواتەوە فەڵەستین و مشتێک خۆڵ هەڵدەگرێ و لەبارەی "دینی کرێکاران" دەنووسێ و وەک ئەوەی هاواری ناسراوی حەوارییەکان (شاگردەکان) بێ. گۆردۆن بڕوای وابوو، کە ڕۆنانی فەڵەستین هاوبەشییەکی گەورەیی جوەکانە بۆ مرۆڤایەتی. جووەکان لە خاکی ئیسڕائیلدا ڕێگای خۆیان دەدۆزنەوە تا بە هۆی کاری بازوویان کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە دروستبکەن و هەریەکەشیان گوڕ و تەوژمی تاکێتی خۆی بەو ئاڕاستەیەدا ببا.

گۆردۆن لە ١٩٢٢دا کۆچیدواییکرد- ساڵێک دوای ئەوەی گەیشتمە فەڵەستین- و من هەگیز نەمبینی. بەڵام پێم وایە لە هەموو ئەو بیرمەندە مەزن و شۆڕشگێڕانەی، کە لە کۆبوونەوەکانی شینادا گوێم لێیانبوو، ئەویان سەردەستەبوو، سەرمەشق بوو، حەزمدەکرد خودی خۆم بیناسم و نەوەکانیشم عەوداڵی دیتنی بوون.

ئەز بە چیرۆکە ڕۆمانتیکەکەی ڕاشێل بلوستاین شێتوشەیدا بووبووم. ڕاشێل ئەو کیژە ناسکە ڕووسیاییە بوو، کە لە سەروبەندی کۆچی

گۆردنـدا هـاتبووه فەڵەسـتین و زۆریشـی پێـوه کارانگـاز بـوو. شـاعیرێکی بەهرەمەند، لە نشینگەیەکی نویٚ لە نزیک زێی گالیلیا لەگەڵ خاکدا کاریکرد، هەر لەوێش زۆرینەی شیعرە جوانەکانی خۆی نووسی. هەرچەندە پێش ئەوەی بچێتە فەڵەستین هیچ وشەیەکی عیبری نەدەزانی، بەڵام دواتر بووە پێشەنگی شاعیرە نوێخوازەکانی عیبری، زۆر لە شعرەکانی ئاوازیان بۆ دانرا و ئێستاش هەر بە گۆرانی دەگوترێنەوە. لە دواییدا زۆر نەخۆشبوو (سیل گرتی و لە تەمەنی چل ساڵیدا کوشتی). کاری کشتیاری پێنەدەکرا، کە زۆر حەزی لێبوو، بەڵام هێشتا هەر مابوو، گەنج بوو کاتێک من لە دێنڤەرەوە لە زاری یەکێکی ڕووسیاییەوە گوێم لەناوی بوو.

ساڵانێک دواتر، کاتیٚ لای گەنجەکان باوبوو لەبەر توندوبەندی و زبری، کۆنباوی و دڵسۆزی بۆ خۆجێگیرکردن گاڵتەیان بە نەوەی ئێمە دەکرد. من بیرم لە ڕۆشنبیرە یاخیبووەکانی وەک گۆردۆن و ڕاشێل و دەیانی دیکەی وەک ئەوان دەکردەوە. بە بڕوای من هیچ هیپییەکی مۆدێرن وەک پێشقەڕەوڵەکانی سەرەتای سەدە بۆ پرسی نیشتەجێبوون، شۆڕشگێڕ مکوڕ نەبوون. زۆر لەوان (نۆبەرەکان، پێشەنگەکان) لە خانەوادەی بازرگان و زانایانەوە هاتبوون، تەنانەت زۆریشیان لە خانەوادە بەرەوپێشچووە تواوەکان بوون لەنێو کۆمەڵگاکانیاندا. زایۆنیزم ئەوانی ڕەوانەکرد، دەکرا ئەوان بهاتانە باخی پرتەقاڵیان کڕیبا و کرێکاری دەستی کاری عەرەبیان بۆ بەکرێگرتبا. ئاخر دەکرا ژیانیان ئاسانتر بووبایە، بەڵام ئەوان کەسانێکی ڕادیکاڵ بوون، لە دڵ و دەروونەوە بڕوایان وابوو، بە ڕەنجی بازووی خودی خۆیان بە ڕاستی دەتوانن جوو لە گێتۆ (ئۆرودگای زۆرەملیٚ) و مێنتالیتیەکەیان (شێوەی بیروهۆشیان) ڕزگار بکەن، لە پاڵ مافی مێژووییان و بۆیان بسازێنن، کە داوای خاکیان بکەن و شایستەی مافە ڕەواکانیان بن. هەندێکیان شاعیر، هەندێکیان حولحولی، هەندێکیان ژیانی تایبەتیان سەخت بووە، بەڵام پشکی هاوبەشی هەموویان بە جۆشبوون بوو بۆ ئەزموون، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باش لە فەڵەستین، یاخود بە لای کەمییەوە کۆمەڵگایەک باشتر بیٚ لە هەموو ئەوانی دیکە. ئەو کۆمەڵگایانە –کیبۆتەکانی ئیسرائیل–ی دروستیان کرد، مانەوە و بەرگەیان گرت. ئەز دڵنیام ئەوەش بە

هـۆی ڕاسـتگۆیەتی شۆڕشـگێڕانەی بیـرۆکەی سۆشیالیسـتیەکەیان بـوو، کە دنەیدەدان و هەنووکەش هەر دنەیان دەدا.

هەرچۆنێـک بـێ بەرفرەوانبـوونی شـێواز و قـاڵبی قـایلبوونم بە پاشـەڕۆژ و ئەو بیرۆکـانەی، کە مـایەی پەسـندبوون و پەسـەندنەبوونم بـوو، ئەوا گفتوگـۆی شـەوانەی دێـنڤەر ڕۆڵێکـی بەرچاویـان تێـدا وازیکـرد، بەڵام مانەوەم لە دێنڤەر ئاکامێکی دیکەشی لێکەوتەوە. گەنجێک، کە دەهـاتە مـاڵی شینا، جوامێرێک بوو، بە نەرمی دەدوا و بـرادەری ئەوانـی دیکەبـوو، نـاوی مـۆریس مایرسـن بـوو. خوشـکەکەی لە خەسـتەخانەدا لەگەڵ شـینادا بـوو. خـــانەوادەی مـــۆریس لە لیتوانیـــاوە بەرەو ئەمریکـــا کۆچیـــان کردبـــوو، هەروەک ئێمەش زۆر هەژار بوون. مۆریس هێشـتا هەر مێردمنداڵ بـوو، کە باوکی کۆچی دوایی کردبوو، بۆیە لە تـافی لاوێتییەوە دەچێتە بەر کـارکردن تـا یـارمەتیی دایکی و سێ خوشکەکانی بدا. لەو کـاتەی یەکدیمان دیـت، بە پچڕپچڕی نیگاری دەکێشا.

هەرچەنـدە ئەو هەرگیـز دەنگـی بەرز نەدەکـردەوە، تەنـانەت لە بە هاتوهاوارترین دەمەتەقێی شـەوەکانی لای شـیناش، پێم وابێ یەکەمجـار، کە تێبینیم کرد لەبەرئەوەبوو، مۆریس سـەرتاپای بە خـۆی خـۆ فێـرە ڕۆشـبیری کردبوو، ئەوەندە لە شتەکان شارەزا ببوو، نە من و نە زۆربەی برادەرەکـانی شینا و شاماش پەیمان پێنەدەبرد. شـیعر، هـونەر و مـوزیکی خۆشدەویسـت، زۆر شتی گرنگـی لەبـارەوە دەزانـی و تێدەگەیشـت. ئامـادەبوو تـا چەنـد بڵێـی لەبـارەی نایـابی سـۆنێت[29] و سـۆناتا[30] بـۆ کەسـێکی پەرۆش (یـان نەزان)ی وەک من بدوێ.

کـــاتێکیش لەگەڵ مـــۆریس یەکـــدیمان باشـــتر ناســـی، دووبەدوو دەچـــووینە کۆنســـێرتە ئـــاهەنگە بەخۆڕاییەکـــانی پارکەکـــان، مـــۆریس بە لەسەرخۆیی، شادی موزیکی کلاسیکی پێناساندم. شیعرەکانی بـایرن، شـیللی

---

[29] هۆنراوەیەکی چواردە دێڕی کلاسیکیە. وەرگێر

[30] ئاوازێکی موزیکی کلاسیکی یەک ئامێریە بە پیانۆ لێدەدرێ. وەرگێڕ.

و کیتس و چوارینەکانی عومەری خەیامی بۆ دەخوێندمەوە و دەیبردمە نێو وانەکانی وێژە و دیرۆک و فەلسەفە. من تێگەیشتنی کۆپلەی موزیک و هەواڕونی چیاکانی دێنڤەر بۆ ئەوکاتانە دەگەڕێنمەوە کە لەگەڵ مۆریسدا هەموو ڕۆژانی یەکشەممان ی ساڵی ١٩١٣دا پیاسەمان بە پارکەکانی ئەوێدا دەکرد.

تا ئێستاش یەکێک لەو کۆنسێرتانە نیشانەکانی لە مێشکی من ناسڕێتەوە، ئەویش نەک لەبەر موزیکەکە -کە بە ئاستەم گوێمان لێدەبوو- بەڵکو لەبەر ترسوسامی هەرەشەی ئاسمان بوو. دەمەویست بە باشترین شێوە خۆم نیشانی مۆریس بدەم، بۆیە سەرێکی دوکانی پێنج تا دە سەنتیەکەم دا و شەپقەیەکی نوێیم کڕی. تاکە ڕەنگەکەی سوورڕێکی بریقەداربوو، ئیدی هەڵمگرت، دوودڵیش بووم مەبادا ڕێکوپێک نەبێ، بەڵام لێمدەهات و هیواداریش بووم بە مۆریسیش جوان بێ. بە ترسوسامەوە هێشتاش لە بیرمە، کە یەکەم ئێوارە کردمە سەرم. ئێوارەیەکی هەوراوی بوو، ڕۆژێکی تاریک، مۆریس هەر سەرنجیشی لێنەدا؛ زراوم لەوە چووبوو مەبادا بباریێ و ڕەنگە سوورەکەی بە سەرمادا بێتەخوار، بۆیە سەرتاپای ئێوارەکە هەر خەمی ئاووهەواکەم بوو.

یەکجار زۆر بە مۆریس سەرسام بووم – لەوانەی مایەی سەرسامیم بوون لە هەموویان زیاتر بێجگە لە شینا- سەرسامبوونەکەم هەر بۆ زانیارییە ئینسکلۆپیدیایەکەی نەدەگەڕایەوە، بەڵکو بۆ جوامێرییەکەی، زیرەکی و هەستی نایابانەی بۆ خۆشمەحشەریەکەی دەگەڕایەوە. ئەو تەنیا پێنج یان شەش ساڵێک لە من باوخۆشتر بوو، بەڵام بە تەمەنتر دیاربوو، زۆر هێواشتر و زۆریش سەنگینتر. بێئەوەی سەرەتا بە خۆم بزانم چیم بەسەردێ، هەستمکرد کەوتوومەتە داوی خۆشەویستییەکەی و ئەویش هەروا. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژیش هیچ کاممان لەبارەی شێوازی هەستکردنەکەمان نەدواین.

شینا، مۆریسی چووبووە دڵەوە، ڕێگریش نەبوو بەردەوام بیبینم. بەڵام نەک بەردەوام، چونکە پێیڕاگەیاندم بۆیە یارمەتی داوم لە ماڵ ڕابکەم تا بخوێنم. شینا پێیگوتم، من بۆ خوێندن هاتوومەتە دێنڤەر نەک بۆ گوێگرتن

له موزیـک و فێربـوونی شـیعر. ئەو ئەرک و سەرپەرشـتیکردنی منـی زۆر بەهەند وەرگرتبوو، تا وای لێهاتبوو وەک هەڵۆیەک چاودێری دەکردم، پاش چەند مانگێک پێم وا بوو هەر لە میلواکی بمابامایەوە باشتر بوو. شامای کەمتـر گوشـاری بـۆ دەهێنـام، بەڵام جـڵەوەکە تـا دەهـات کشـتتر دەبـوو، هەسـتمکرد هەدادانـم نـامێنێ. ڕۆژێکیـان کاتێـک شـینا بە شـێوەیەکی تایبەتمەندانە سالارئاسا ڕەفتارینواند، فەرمانی پێکردم و وەک ئەوەی منداڵ بم سەرزەنشتی کردم. ئیدی بڕیاری ئەوەمدا کاتی هاتووە بە تەنیا بم، بە بلـوزێکی سـپی و تەنـوورەیەکی ڕەشـەوە لە باڵەخـانەکە هـاتمە دەرەوە و ڕۆیشتم، تەواوی ڕۆژەکە خۆم نەگۆڕی تەنانەت مەکسی شەوانەشم لەگەڵ خۆم نەبرد. بیرم کردەوە گەر ماڵی شینا و دەسەڵاتەکەی جێبهێڵم، ئەوا بۆم نییە هیچ شتێک، کە بۆیان کریبووم لەگەڵ خۆم بەرم. ئیدی دەرگام داخست و بە ڕەقوتەقی هاتمە دەرەوە و لە دواییدا هەر خۆم بەتەنیا بووم.

دوای ڕۆیشـتنم بە دە خـولەک هـاتمەوە هـۆش خـۆ، خـۆ دەبـێ شـوێنێکم هەبـێ داڵـدە بـدرێم تـا لەسـەرپێی خـۆم دەوەسـتم. هەنـدێک بە خەمبارییەوە، بەڵام بە خۆشییەوە بانگهێشتنی دوو برادەری شینام پەسەند کرد، کە زۆر لەگەڵم باش بوون، نەخاسمە ئەو کات کە بێ لانە بووم. بۆ بەدبەختییم ئەوەش بژاردەیەکی بەهەشتیانە نەبوو بۆم. هەردوو خانەخوێکە لە پلەیەکـی بـاڵای سـیلداریدا دابـوون، ئەو ڕۆژانەش هـیچ شـیکردنەوەیەکم نەبـوو زیـاتر لەوەی، کە دایکـم پێیـدەگوتم بەختـی شـێتانەم هەیە بـۆیە نەخۆشـییەکەم تـووش نەبـوو. ئەوان لە کـۆڵانێکی تەسـک دەژیـان، خانۆچکەکەیـان لە ژوورێـک لە مـلا و پەنـاگەیەک لە ناوەڕاست و نانـدینێکی بچکۆلانەش لە بەرانبەر پێکهاتبوو. پەناگەکەیان دایە من تا ئەوکاتەی بمەوێ تێیـدابم، بەڵام کاتێـک نەخۆشـییەکەیان سـەختر دەبـوو، نەمـدەوێرا لەگەڵیـان بمێـنمەوە. هەرزوو دەچـوومە سـەرجێگا، کە تـاریکیش دادەهـات نەمـدەوێرا چـراکە هەڵـبکەم. لە ڕاسـتیدا تـاکە جـێگە کە تیایـدا دەرسـودەورم بـکەم و بخوێنمەوە بێ ئەوەی هەراسـان بکرێم، گەرمـاوەکە بـوو، لەوێ پەتـۆیەکم لە خـۆم لوولـدەدا و ئەو کتێـب و وتـارانەم دەخوێنـدەوە، کە مـۆریس لیسـتێکی دوورودرێژی بۆ کردبووم، زۆربەی شەوان بەوە کاتم بەسەردەبرد.

له تەمەنی شانزە ساڵییدا، مرۆ بە بێ هەبوونی نزیکەی هیچ شتێکیش بە خەویشەوە، هەڵدەکا، منیش بەو ڕێکخستەنە نوێیەم شادمان بووم. بۆ ئەوەی ڕاستگۆبم، ڕام لەخۆم بوو. نەک هەر خۆم دۆزییەوە بەوەی لە شوێنێکی دیکە دەژیم، بەڵکو گەیشتبوومە ئەو بەرەنجامەش، کە دەکرێ قوتابخانەی باڵا جارێ دوابخرێ. بەخۆم دەگوت جارێ ئەوە گرنگە فێرببم بە تەنیا هەڵبکەم، ئینجا بە دوایدا بخوێنم درێژەش بکێشێ، قەیناکا. یەکەمین شت ئەوە بوو هەنووکە پەنایەکم هەیە، ئیدی نۆرەی کارپەیداکردنە. باوکم قسەی قەزاوقەدەریانەی دەکرد "کاتێ کە دار دەبڕی، تڵیشت بەردەکەوێ،" بۆیە خۆم بۆ تڵیشەکان ئامادەدەکرد، کار زەحمەتیش بێ دەبێ پەیدابکرێ. لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا ئیشێکم لە دوکانێک دەستکەوت، کاری من ئەندازەگرتنی مەعمیلەکان بوو بۆ قات و تەنوورەکانیان. کارەکە ئەوەندە بەرز و باش نەبوو، بەڵام گوزەرانی بۆ دابیندەکردم و جێگەیەکی بچکۆلانەشم بۆ خۆم بەکرێبگرم، ژوورێک دوور لە میکرۆب، هەمووشی هەر بۆ خۆم و هی خۆم. بەڕێکەوت هەنووکەشی لەگەڵدابێ لە سەیرکردنی جلوبەرگدا، خۆزاییانە سەرنجی دامێنی تەنوورەکان دەدەم وئەندازەکەی بە دڵنیاییەوە دەزانم، ئەمەش بۆ ئیشی ئەوکاتم دەگەڕێتەوە.

هەستمکرد لەوکاتدا تەمەنم باڵادەکا، بەڵام ڕاستییەکەی زۆر چرکەسات هەبوون لام پەسەندتر بوو لای شینا و شاما و جودیتی مەلۆتکە تازە لەدایکبووەکەیان بژیابام. هەڵبەت من مۆریسم هەبوو، لەبارەی ئەوم لە نامەیەکدا بۆ ڕێگینا نوسیبوو: "ئەو زۆر قۆز نییە، لێ گیانێکی جوانی هەیە!" هەروەها چەند برادەرێکی دیکەشمان هەبوون، بەتایبەتی لەوانە گەنجێکی ناوازەی شیکاگۆ بەناوی یۆسێل کۆپەلۆڤ بوو. یۆسێل کاری سەرتاشی هەڵبژارد، پێی وابوو تەنیا ئەو پیشەیە کاتی تەواوی بۆ خوێندنەوە پێدەدا، لەگەڵ مۆریس و ئەودا کاتی زۆرمان بە یەکەوە بردەسەر. بەڵام برادەر و خزم، شتگەلی تەواو لە یەک جیاوازن؛ هەندێک جاران نەخاسمە، کە مۆریس لەوێ نەدەبوو، سەربەخۆش بووم، بەڵام تەواو تەنیا بووم. تا ئەوکاتەی نە شینا و نە من پێمان لە هەڵەی خۆمان نەدەنا و داوای لێبوردنمان لە یەکدی نەکرد، چەند مانگێکی پێچوو تا لە دواییدا ئاشتبووینەوە.

پاشان دوای ئەوەی نزیکەی ساڵێک بوو بە تەنیا دەژیام، نامەیەکم لە باوکم بۆ هات، تاکە نامە بوو لەو ماوەیەی ماڵ بەجێهێشتنمدا بۆی نوسیبووبم. نامەکە زۆر چڕوپڕ بوو، نووسیبووی: ئەگەر ژیانی دایکت لا گرنگە دەستبەجێ بگەڕێوە ماڵ. منیش تێگەیشتم، کە ئەو بۆ من بنووسێ کەواتە ئەو بەخۆنازییەی خۆی خواردووەتەوە. تەنیا بۆ ئەوەشی نووسیوە، کە بە ڕاستی لە ماڵ پێویستیان بە منە. ئیدی من و مۆریس لەو بارەیەوە وتویژمانکرد و بڕیارمدا بگەڕێمەوە لای باوانم و کلارا و قوتابخانەی بالا لە میلواکی. هەرچەندە مۆریسیشم بەجێدەهێشت، بەڵام پەشیمان نەبووم لە گەڕانەوەم، ئەو دەبووایە لە دینڤەر بمێنێتەوە تا خوشکەکەی لە نەخۆشی چاکدەبێتەوە. شەوێکیان بەرلەوەی بگەڕێمەوە، مۆریس بە شەرمەوە پێیگوتم، کەخۆشی دەوێم و دەیەوێ بمهێنێ. بە خۆشیەوە بۆم ڕوونکردەوە و بە شەرمەوەش پێمگوتەوە، منیش ئەوم خۆشدەوێ، بەڵام من هێشتا گەنجم بۆ مێردکردن، ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی جارێ بوەستین و چاوەڕێبین. لەو ماوەیەشدا دەبێ پەیوەندییەکەمان بە نهێنی بهێڵینەوە و بەردەوام نامە بۆ یەکدی بنووسین. ئاوا بۆ ڕۆژی دواتر هەروەک بۆ ڕێگینام نوسیبوو، بە دڵشادییەوە دینڤەرم بەجێهێشت و گەڕامەوە میلواکی.

# ٣
# من فەڵەستینم هەڵبژارد

کاتێ گەڕامەوە، ماڵمان زۆر گۆڕابوو. دایبابم زۆر پێگەییبوون، باری داراییان باشتر ببوو، کلاراش هەراش ببوو. خێزانەکەمان گواستبوویەوە ئەپارتمانێکی نوێ و جوانتر لە شەقامی دەیەم.

شەقامەکەش لە خەڵک و جموجۆڵەکانیان جمەی دەهات. دایک و باوکم ئەمجارەیان زامنی ئەوەم بوون بچمەوە قوتابخانە، هەرچەندە دوای ئەوەش لە قوتابخانەی باڵا دەرچوم، ناوی خۆم لە ١٩١٦دا لە قوتابخانەیەکی ئاسایی میلواکی (ئەوکات پێیان دەگوت: کۆلیژی پێگەیاندنی مامۆستایان) بە بێ هیچ نارەزایەتیەکی ئەوان نووسی. پێم وا بوو بڕوایان نەدەکرد پێویستم بەخوێندنی زیاتر هەبێ، بەڵام لێم گەڕان بە ڕێگای خۆمدا بڕۆم. وردەوردە پەیوەندییەکانمان ئاسایی و باش دەبوونەوە، هەرچەندە هەندێ جاریش لەگەڵ دایکم دەبوو بە قڕە. یەکێک لە دەمەقاڵێیەکانمان لەسەر نامەکانی مۆریسەوە بوو. دایکم وەک ئەرکێکی دایکایەتی دەیەوسیت لەبارەی ناوەڕۆکی نامە ڕۆمانسییەکان، کە لە دێنڤەرەوە دەهاتن (ڕەنگبێ هەندێکیان شینا ناوەڕۆکەکەی بۆ باسکردبێ) بزانێ. جارێکیان کلارای ڕاسپارد تا گوژمە نامەکانی بۆ بخوێنێتەوە و بیکاتەوە سەر زمانی یدیشی (مۆریس و من نامەمان بە ئینگلیزی دەنووسی و ئاڵوگۆردەکرد، دایکم نەیدەتوانی بیانخوێنێتەوە). هەروەک کلارا دوایی پێی گوتم دایکم دوای پێزانینی بە نامەکان، کارێکی هەڕەشەئامێزانەی کرد و جوێنی دا و گوایە ئیدی هەقی بەسەر جڵەوگیری مندا نابێ، لەو کاتەوە مۆریس نامەکانی بۆ ماڵی ڕێگینا دەناردن.

لەوێ، کە ژیان ئاسانتر دەبوو، دایبابم کاراتردەبوون لەنێو جڤاکەکەدا. پێم وا بوو دایکم هەرگیز لە دەرەوەی بازنەی خانەوادەکەی و ئەرکەکانیدا قسە ناکات و بیروڕای دەرنابڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوت و

بەهرە سروشتییەکانی بۆ کاری چاکە بەکاردەهێنا، ئەمەش ڕەنگبێ لە ئاکامی ئەو تێکەڵاویەی بووبێ کە لە ڕێی دوکانەکەوە لەگەڵ خەڵکدا پەیدایکردبوو. لە سەروبەندی کێشان و پێوانی برنج و شەکردا لەگەڵ مەعمیلەکان باسیان لە کردنەوەی گرێکوێرەکان دەکرد و ئیدی بەم جۆرە پەرەیسەند. هەر چۆنێک بێ، دایکم لە جاران سەرقاڵتر بوو، بەڵام لە جارانیش نەرمونیانتر، لەگەڵ خووەکەشیدا (کە زۆری پەستدەکردم) بەوەی هیچ شتێکی میلواکی بە باشتر لە پینسک دانەدەنا. بۆ نموونە باسی میوە بکە، کێ لە پینسک میوەی دەخوارد؟ بە دڵنیاییەوە خێزانەکەمان نەیدەخوارد! بەردەوام دایکم باسی ئەو شتانەی "ماڵ"ی دەکرد، لە دواییدا فێربووم خۆم بگرم و نەیگەیەنمە مریشکەڕەشە و ڕادەی پیاهەڵشاخان.

دایکم هەردەم چێشتی لێدەنا، نانی دەکرد، گوێی لە کێشەی غەواران دەگرت یان یارمەتیدەدان و دەچووە بازاڕە نزیکەکەمان یان پشکی یانسیبی دەکڕی. ئەو کابان و چێشتلێنەرێکی باش بوو، فێریکردم چۆن بە ئاسانی خواردنی جووانە ئامادە بکەم. ئەو جۆرە خواردنەی تا هەنووکەش حەزم لێیەتی، هەرچەندە کوڕەکەم و یەکێک لە نەوەکانم، کە خۆشیان بە ئاشپەزی کارامە دادەنێن، هەموو شتێک بە شەراب لێدەنێن، لووتی خۆیان لە خواردنەکەی من بادەدەن و بە خواردنێکی" نەهاتوە بەرچاو" وێنادەکەن. (وەنەبێت ڕەتیشیبکەنەوە!). لە ئێوارەی هەینی کە لەسەر فراوینی شابات دادەنیشتین، - ژەمەکە بریتی بوو لە گۆشتاو، ماسی سوورەوەکراو، گۆشت لەگەڵ پەتاتەی کوڵاو و پیاز لەگەڵ شلەی گێزەر و هەڵوژە – سەرباری باوکمان، کلارا و منیش تا ڕادەیەک بە بەردەوامی میوانمان هەبوون، ئەو میوانانە بۆ چەند هەفتەیەک سەردانیان دەکردین و دەمانەوە.

لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا دایکم ماڵەکەمانی کردبووە کۆگایەکی کاتی بۆ ئەو لاوە خۆبەخشە جووانەی لەژێر ئاڵای جوودا و لە چوارچێوەی لەشکری بەریتانییدا دەچوونە جەنگ، تا فەلەستین لە دەستی تورکان ڕزگاربکەن. زۆر لەو لاوانەی لە میلواکییەوە خۆیان گەیاندە لەشکر (کۆچبەرەکان لە سەربازگیری هەڵاوێردرابوون) ماڵی ئێمەیان بە تەیاربوونەوە بەجێدەهێشت، کە هەگبەکانیان بە دەستی دایکم چنرابوو، تیایدا

بەرماڵێکی نوێژ و نوشتەی تیادا بوو؛ هەروەها هەگبەیەکی گەورەتریش کە پڕبوو لە کێک و هێشتا گەرمایەتیی فڕنیەکەیان لێ ساردنەبووبووەوە. بە دڵێکی کراوە، دەرگای ماڵی والاکردبوو، هەر کاتێک یادی ئەو ڕۆژگارە بکەمەوە، گوێم لێیدەبێ لە نانکدینەکەوە بە دەم پیازسوورکردنەوە، گێزەر قاشقاشکردن و ماسی لەتکردنەوە لە شەوانی هەینیدا پێدەکەنێ و قسە لەگەڵ میوانێکمان دەکا، کە لەسەر قەنەفەی ژووری دانیشتن بۆ ماوەی پشووی کۆتایی هەفتەدا دەمایەوە.

باوکیشم بە قووڵی سەروکاری لەگەڵ ژیانی جووەکانی شارەکەدا پەیداکرد. زۆر لەو میوانانەی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، کە لەسەر قەرەوێلە ناودارەکەی ژوری میوانمان دەنوستن، سۆشیالستیخوازی ڕۆژهەڵاتی بوون (کرێکارانی زایۆنیست)، نووسەر و وانەبێژی یدیشی بوون، کە هاموشۆی شارەکە و دەرەوەی شارەکەیان دەکرد و ئەندامی بنای بریس (ڕێبازی برایەتی جووەکان، کە باوکیشم لە ڕیزیاندابوو) بوون. دایبابم بە تەواوی لەگەڵ کۆمەڵەکە سازابوون، ماڵەکەیان ببووە شێوە دەزگایەک بۆ پرس و خەمی جووەکانی میلواکی و میوانەکانیان. زۆر لەوانەی کە یەکەمین جار بینیمن یان یەکەمجارم بوو لەنێو جەماوەردا گوێم بۆ گرتن، هەندێکیان کاریگەرییەکی زۆریان نەک هەر بەسەر منەوە هەبوو، بەڵکو زۆر لەوە گرنگتر بەسەر بزووتنەوەی زایۆنیستی و پتریش بەسەر کرێکارانی زایۆنیزمەوە هەبوو. دواتر ناوی هەندێکیان چووە نێو لیستی ئەو ناوانەی بە باوانی دەوڵەتی ئیسرائیل دادەنرێن.

ئەگەر ئێستا پشوویەک بدەم و بیر لەو کەسە بکەمەوە، کە بەهێزترین ڕەنگدانەوەی بەسەر مندا هەبووبێ، ئەوا یەکەم جار بیر لە جوویەکی وەک ناخمان سیرکین، کە یەکێک لە بەگوڕترین بیرمەندەکانی کرێکارانی زایۆنیزم بوو، دەکەمەوە. ئەو جوویەکی ڕووسی بوو. فەلسەفە و سایکۆلۆژی لە بەرلین خوێندبوو. لە دوای شۆرشی ١٩٠٥ دەگەڕێتەوە ڕووسیا پاشان بەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچدەکا و دەبێتە سەرکردەی پۆلای زایۆنی (ئەویندارانی زایۆن)ی ئەمریکایی. سیرکین لەو بڕوایە دابوو، کە تاکە هیوای پرۆلیتاریای جوو (ئەو ناوی نابوو "کۆیلەی

کۆیلەکان" یان "پرۆلیتاریای پرۆلیتاریاکان") لە کۆچکردن بۆ فەلەستین خۆی دەبینێتەوە. ئەو زۆر نایابانە لە ئەوروپا و ئەمریکادا لەبارەی ئەو پرسەی نووسی و هەم دەشدوا. خۆشترین و پەسندترین چیرۆکم لەبارەی سیرکین (کچەکەی بەناوی ماری بووە هاورێیەکی نزیکم و دواتر بایۆگرافیانوسیشم بوو) بۆ ئەو دەمەتەقێیەی نێوانی لەگەڵ دکتۆر حایم زیتلۆڤسکی دەگەڕێتەوە. زیتلۆڤسکی قارەمانی بەناوبانگی یدیشی وەک زمانی نەتەوەیی جووەکان بوو، لە کاتێکدا سیرکین بە سۆز و جۆشێکی زایۆنیست پارێزەرێکی بووژاندنەوەی زمانی عیبری بوو. لە ڕەوتی دەمەتەقێیەکەدا سیرکین بە زیتلۆڤسکی گوت، "زۆر باشە، با جارێ لەسەر دابەشکردنی هەموو شتێک ڕێکبکەوین. تۆ هەموو ئەو شتانە ببە کە هەن، منیش هەموو ئەو شتانە دەبەم کە جارێ نین. بۆ نموونە ئیریتز ئیسرائیل (خاکی ئیسرائیل) وەک دەوڵەتێکی جوو کە بوونی نییە، بۆ من؛ ئاوارەییش (دیاسپۆرا) کە هەیە بۆ تۆ. زمانی یدیشی کە هەیە بۆ تۆ؛ بەڵام زمانی عیبری کە هێشتا ڕۆژانە قسەی پێناکرێ، بۆ من. کەواتە هەرچی ڕاستییە و کۆنکرێتە بۆ تۆ؛ هەرچی ئەوەش کە پێی دەڵێن خەونێکی بەتاڵ، بۆ من."

شماریاش (ناوەکەی بە تەواوی شماریا لڤین) یەکێکی دیکە بوو. بێ دوولی یەکێک بوو لە گەورە دواندەرانی زایۆنسیتی ئەوێ ڕۆژێ. پیاوێک بوو بە زیرەکی و جادوبەندی دڵی هەزاران جووی سەرزەمینی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. لەو ڕۆژگارەدا وەک سیرکین بەشداری هەڵمەتەکەی لە سێبەری گەورە بیچمەکاندا کرد، لای زۆرینەی گەنجان ناسراوبوو، تەنانەت شارە بچووکەکانیش، شەقامەکانیان بە ناوی ئەوان دەکرد. بەڵام بۆ نەوەکەی من ئەو یەکێک بوو لە زەبەلاحەکانی بزووتنەوەکە. من و هاورێکانم کەسێکمان پێشەنگ بووایە، بێگومان ئەوا ئەو ڕەوانبێژە لەبلەبان ڕووناکبیرە قەناعەتپێکارە بوو، کە ناوی شماریا بوو. هەڵسوکەوتی نموونەیەکی یدیشیانە بوو، بە شێوەیەک زەحمەتە بتوانرێ بکرێتە ئینگلیزی[31]. بۆ نموونە

[31] (نووسەر کتێبەکەی بەئینگلیزی نوسیوە بۆیە لێرە باس لەوەرگێڕان دەکا-وەرگێڕ-

به تەوسەوە لەبارەی جووەکان دەیگوت:" ڕاستە ئیمە گەلێکی بچووکین، بەڵام نەبەزین لە بەرانبەر نەمان." یان بە لاقرتێیوە وەسفی فەڵەستینی دەکرد بەوەی وڵاتێکی سەرسوڕهێنەرە، زستانان دەکرێ بچییە میسر (کە بارانی بە دەگمەن لێدەبارێ) و هاوینانیش بچییە چیاکانی لوبنان. جارێکیان لە کۆنگرەی زایۆنستەکان لە سویسڕا هاتە لام و بە خرۆشاویەوە گوتی "ئەرێ گۆلدا، من ڕێڕەوشتێکی ڕەونەقدارم بۆ ئەفسانەیە هەیە، هەموو ئەوەی من دەمەوێ ئەفسانەکە خۆیەتی." لە ١٩٢٤دا شماریا لە فەڵەستین جێگیربوو، زۆرجاریش ڕێگەمان بە یەک دەگەیشت، بەڵام وروژێنەرترین دیمەنی بیرەوەریم هەر بۆ نمایشە ئابلۆقەدراوەکەی شیکاگۆ لە ١٩٢٩دا دەگەڕێتەوە، لەوێ داوام لێکرا بچمە سەر سەکۆ و قسە بۆ خەڵک بکەم. ئەوەش یەکەمجارم بوو لە کۆبوونەوەیەکی وەها فراواندا و لەبەردەم جەماوەردا دوان بدەم. ئەوەی تۆقاندبوومی بوونی شماریا بوو لە ڕیزی پێشەوەدا. لە دڵی خۆمدا گوتم: "خودایە، جا چی بکەم؟ چۆن بتوانم دەمم بکەمەوە کاتێ شماریا لەوێ لە بەرانبەرم قیت دانیشتبێ." خۆسبەختانە لە ئاکامدا ئاخقیم و جەماوەریش بە دڵیان بوو، مایەی خۆشحاڵیم بوو شماراش پەسنی چۆنیەتی دوانەکەی کرد.

یەکەمین جووی فەڵەستین کە چاوم پێیکەوت ئیسحاق بن زیڤی بوو، کە بووە دووەمین سەرۆکی ئیسڕائل. هەروەها یاکۆڤ زێروباڤل، نووسەر و زایۆنستێکی کرێکارانەی ناسراوبوو لەگەڵ داود بنگۆریۆن دا. بن زیڤی و بنگۆریۆن لە ١٩١٦دا هاتنە میلواکی تا سەرباز بۆ لەشکر (ئۆردو)ی جوو کۆبکەنەوە، ئەوەش دوای ئەوەبوو، کە هەردووکیان لە لایەن دەسەڵاتدارە تورکەکانی فەڵەستین وڵاتبەدەرکرابوون، بۆشیان نەبوو بۆی بگەڕێنەوە. زێروباڤلیش کە حوکمی زیندانی تورکی بەسەردا درابوو، توانیبووی ڕابکا، بەڵام بە غیابی حوکمی پانزە ساڵ و کاری قورسیان بۆ بڕیبووەوە.

من هەرگیز پێشتر کەسانی فەڵەستیننشینی وەهام نەدیتبوون و گوێم لە چیرۆکەکانیان نەبوو، کە لەبارەی یوشوڤ دەدوان (یوشوڤ ئەو ئۆرودگا جوونشینە بچووکە بوو، کە ژمارەیان هەر لە کەمی دەدا لە

(٨٥،٠٠٠ هـاتبوونه سـەر ٥٦،٠٠٠). ئەوەش یـەکەمین تەلیسـم بـوو لەبـارەی ژانوناسـۆرەکانی ئۆرودگانشـینەکان و چەوسـاندنەوە بـێ بەزەییـانەکەی تورکان بزانم، کە پێشتر ئەو نشینگانە بەشی زیندووی وڵاتەکە بوون. ئەوانە هاتبوونە ئەمریکا خەم و مشووریان چارەنووسی جووەکانی فەڵەستین بوو، هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە و تەقەللاشیان هەر بۆ ئەوە دەدا، کە دەکرێ باری ژیانیـان لەسـەر خـاکی خۆیـان لە فەڵەسـتین تەنیـا ئەوکـاتە بـاش دەبـێ، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی سەربازی وەک جوو لە ڕیزی لەشکری خۆیاندا ببینن. لە ڕاسـتیدا کە باسـی لەشـکر و ئـۆردوی جوویـان دەکـرد، یەکسـەر هەوڵمـدا خۆبەخشـانە بچـمە ڕیزیـان، لـێ هەوڵەکەم شکسـتی هێنـا چـونکە کچیـان وەرنەدەگرتن.

لەوانەوە زۆر لەبارەی فەڵەستین فێربووم، هەڵبەت بەشـی زۆری زانیارییەکـانم تیۆریـانە بـوون. ئەو فەڵەسـتینیانە بـۆ ئـێمە لەبـارەی واقعـی فەڵەسـتین دەدوان نەوەک لەبـارەی ڕوانـگە و تیـۆری زایـۆنیزم. ئەوان بە درێژی باسی ئەو پەنجا نشینگە کشتیارییە سەیرەیان بۆ دەکردین، کە پێشتر دامەزراون و بە نشینگەکانی گۆردۆن وێنادەکران. دێگیان یەکێک لەو نشینگە ئـاوەدانەیە بـوو بە خـوێن و گۆشـت بنیـاتنرابوو. دیـاردەیەکی واقیعیـانە نەک بە دەسـت پاڵەوانـانی نێـو ئەفسـانەدا دروسـتکرابێ. هەروەهـا لەبـارەی تەل ئەبیبیش قسەیان بۆ کردین، کە تازە لەسەر گردە لماویەکانی دەرەوەی یافا دروستکرابوو. بە هەمان شێوەش لەبارەی هاشۆمەر، کە یەکەمین ڕێکخراوی بەرگری جووەکان بوو، هەریەک لە بن زیڤی و بنگۆریۆن تیایدا کارابوون. لە هەمـووی زیـاتر هیـوا و خەونەکانیـان بـوو، بەڵکـو هاوپەیمانـان بەسـەر تورکەکانـدا زاڵ بـبن. هەموویـان بە یەکەوە لە فەڵەسـتین هاوکـار بـوون، بـن زیڤی زۆر جار باسـی ئەندامی چوارەمینیان دەکرد کە راسـیل یانێیت بـوو، دواتـر بـووە خێزانـی. کـاتێ گـوێم لێـدەگرتن، بیـرم لە ژنەکـانی یوشـوڤا (ڕێکخـراوە بەرگریکـارەکە) دەکـردەوە، کە چـۆن دەتـوانن ئەرکەکانیـان وەک ژن، وەک دایـک و وەک هـاوڕێی چەک ڕاییـبکەن، بەردەوامـیش بەرگەی ناخۆشی و زبریی بگرن بێئەوەی هیچ سکاڵایەکیش دەرببڕن. ئیدی ئەوان بە هەموو هەستێکەوە ئەرکی خۆیان جێبەجێدەکرد بێ ئەوەی چاویان لە هیچ

زێدە مافێک بێ، وەک ئەوەی لەبارەیان بنووسرێ یان مافی دەنگدانیان هەبێ وەک ژنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلستانێ، بە ڕاستی ئەوان شایستە بوون.

تەلیسمئاسا گویم لەو فەلەستینیانە دەگرت، دەرفەتی بیستنی دوانەکانیانم لە دەستنەدەدا، هەرچەندە چەند مانگێکی پێچوو تا زاتبکەم لە نزیکەوە خۆیان پێ بناسێنم. بن زیڤی و زێروباڤێل ئاسانتر بوون لە بنگۆریۆن بۆ قسە لەگەڵ کردن. ئەوان دووربوون لە دۆگمایی و کەسانی هاموشۆگەرم بوون. بن زیڤی هاتە میلواکی و ماڵمان، چەند جاران لە دەوری مێزەکە دادەنیشت، گۆرانی فۆلکلۆری یدیشیانەی لەگەڵمان دەچڕی، بە حەوسەڵەشەوە وەڵامی پرسەکانی ئێمەی سەبارەت بە فەڵەستین دەدایەوە. ئەو پیاوێکی باڵابەرز، گەنجێکی واقورماوی خەندە شیرین و خۆشەویست بوو، شێوازە ڕاڕایەکەی بە جارێک خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشا.

لە ڕاستیدا یەکەمین بیرەوەریشم لەبارەی بنگۆریۆن بۆ ئامادەنەبوونی دیدارەکەی دەگەڕێتەوە. بڕیار وابوو بێتە میلواکی و وەهاش ڕێکخرابوو، لە شەوی شەممەدا دوانێک بدا و فراوینی یەکشەممەش لە ماڵی ئێمەدا بخوا. بەڵام هەمان ئێوارەی شەممە تیپی موزیکی هارمۆنی شیکاگۆ لە شارەکە بوو. مۆریسیش (لەگەڵ ئەوان هاتبوو) هەفتەیەک پێشتر بانگهێشتی کۆنسێرتەکەی کردبووم، ئیدی پابەندبووم لە گەڵیدا بچمە شەوە ئاهەنگەکە، هەرچەندە ناشتوانم بڵێم، شەوی گۆڕین چێژێکی زۆرم لە موزیکەکە وەرگرت. بۆ بەیانییەکەی کرێکارانی زایۆنیست پێیان ڕاگەیاندم، کە خوانەکە ساز نادرێ. ئەوان گوتیان کەوا نابەجێ بوو بۆ ئەو کەسەی کە هەراسان نەبێ بە لێدوانی بنگۆریۆن- هەڵبەتە من زۆر دڵتەنگبووم بەوەی چۆن بۆیان ڕوون بکەمەوە، کە هۆکارێکی زۆر تایبەتمەندیم هەبوو لە ئامادەنەبوونەکەدا - خۆی بە زێدەمافێکی خۆشبەسەربردندا بباتەسەر. من بەمە دڵم شکا، بەڵام بیرمکردەوە، کە ئەوان هەقبوون و ئیدی بە دانبەخۆداگرتنەوە حوکمەکەیانم پەژراند. بێگومان دواتر بنگۆریۆنم دیت، لە بیرمدێ ماوەیەکی زۆریش سامی ئەو دایگرتبووم. ئەو لە هەموو ئەوانەی ناسیمن کەمتر مایەی لێنزیکبوونەوە بوو. هەندێک شتی دیکەش هەیە

لەبارەی ئەو، کە ببێتە مایەی زەحمەتی بۆ پێوەئاشنابوونی. زۆرتر باسی بنگۆریۆن دێ، ئەمما دواتر.

به هێواشی زایۆنیزم خەریکبوو مێشک و ژیانم پڕبکاتەوە. بێ سێ و دوو بڕوام وابوو وەک جوویەک سەر بە فەڵەستینم، وەک کرێکارێکی زایۆنستیش دەکرا هەموو پشکە توانای خۆم بۆ یشوڤ (نشینگەکانی جووی ئەو سەردەم) تەرخان بکەم؛ بۆ ئەوەی ئامانجی سۆشیال و ئابورییەکەی بەدیبێن. هێشتا کاتەکە پێنەگەییبوو، بڕیار بدەم بچمە ئەوێ. بەڵام دەمزانی من ناچمە ئەوێ تا ببمە پارێزەرێکی نشینگەکان لە ئۆفیسێک لە فەڵەستین دابنیشم، ڕەتیشمکردەوە بچمە نێو پارتی کرێکارانی زایۆنیزم تا ئەو کاتەی دەتوانم بڕیاری یەکلاکەرەوە بدەم.

لەو ماوەیەدا قوتابخانە و مۆریسم هەبوون. لەو کاتەی ئەو هێشتا هەر لە دێنڤەر بوو، بەردەوام نامەمان بۆ یەکدی دەنارد. لەنێو ئەو نامانەدا- کە دوای ئەو هەموو ساڵانە دەیانخوێنمەوە- دەبینم دوودڵی و تراژیدیایەکی بچووکی ژیانی کچانەی تێدایە. ئەرێ بۆچی پرچێکی ڕەش و چاوی گەورە و درەوشاوەم نەبوون؟ ئەرێ بۆچی سەرنجڕاکێشتر نەبووم؟ ئەرێ چۆن مۆریس منی خۆشویست؟ ئەرێ بە ڕاستی ئەو منی خۆشدەویست؟ من دەبووایە نامەکانم وا بنووسیبایە، کە لە بنەوە داوای دڵنیاییم کردبا، هەمیشەش دڵنیای دەکردمەوە، هەرچەندە بەردەوام بە دەستەواژەیەکی ڕاشکاوانە نەیدەنووسی. جارێکیان بۆی نووسیم: "من چەند جارم بۆ دووپاتکردیەوە، سەبارەت بە پرسی جوانیەکەت بەرپەرچم مەدەرەوە. تۆ ئێستا هەر لە سەرەوەی، بەڵام بەهۆی ئەو تێبینییەوە شەرمنانە و خۆشکاندنەوانە دەردەبڕی، ئیدی بۆم قوتنادرێ."

لە نامەکانی دیکەدا نابەجێیانە هەوڵماندا نەخشەی ئایندەیەکی هاوبەش دابنێین و بە مسۆگەریش بەوە کۆتاییهات هەریەکەمان لەبارەی فەڵەستین بۆ یەکدی بنووسین. مۆریس کەمتر لە من دڵنیابوو لە زایۆنیزم، ئەو زۆر ڕۆمانتیکیانە بوو، سروشتێکی زۆر یەکلاییکەرەوانەی نەبوو. ئەو خەونی بە جیهانێک دەبینی، کە هەموو کەسێک بە ئاشتیانە تیایدا بژیابا و پرسی بڕیاری چارەنووسی نەتەوەییانە کەمتر سەرنجی ئەوی رادەکێشا. بە

ڕاستی بیری لەوە نەدەکردەوە، کە دەوڵەتێکی سالار (سەروەر) زۆر بە هانای جووەکانەوە دێ. بە لای ئەو هەر ژمارەیەک لە بوونی دەوڵەتەکان زیادبێ، دەبێ بە مۆرکی ژان و سزاکانی دەوڵەتیانەی خۆی. لە نامەیەکی لە ١٩١٥دا نووسیویەتی دەڵێ:

*"من نازانم نە خۆشحاڵ بم نە نیگەران، بەوەی کە تۆ ناسیۆنالیستێکی دڵگەرم و بەجۆشی. من لەو پرسەدا بە تەواوی ناکارا (پاسیڤ)م، هەرچەندە پەسنت دەدەم بۆ چالاکییەکان، وەک چۆن بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارن بۆ ئەوەی شتێک بکەن بە ئاراستەی یارمەتیدانی نەتەوەیەکی لێقەوماو. ڕۆژێک تێبینیەکم بۆهات، کە ئامادەی کۆبوونەوەیەک بم... بەڵام لەو کاتەی کە بە تایبەتی گوێم لەوە نەبوو ئاخۆ جووەکانی ڕووسیا یان ئەوانی وڵاتی پیرۆز ئازار دەچێژن یان نا، ئیدی نەچووم..."*

لە ١٩١٥دا جووەکان لە هەموو لایەکەوە لەبن باری چەوساندنەوەدا دەیانناڵاند، باوکم و منیش بە یەکەوە دەستمان بە چەندان چالاکی کۆمەک و بە هاناچوونەوە کرد. ئەو بەیەکەوەکارکردنە ئێمەی زیاتر لە یەکدی نزیک دەکردەوە. لە ڕاستیدا زۆر لەو کار و چالاکییە کۆمەکبەخشانەی جەنگی دووەمی جیهانی دووەم بۆ سەردەمی جەنگی یەکەم دەگەڕێنەوە، بەڵام بە بەرگێکی نوێوە. لەبەر ئەوەی بارودۆخ لە چلەکان جیاواز بوو، بۆیە مایەی تێبینییە ئەو ڕێکخراوەی لە نیویۆرک دامەزرا لەبەردەستی بیرۆکراتەکان خەفە بووبوو، بۆیە زۆر ڕەخنەی توندیان لێگرت. لە ئامیشدفا گرووپە کرێکارە جووەکان بڕیاریاندا خۆیان مشوری سندوقی ڕێکخراوە کۆمەکبەخش و بەهاناهاتووەکانی خۆیان بخۆن و ناویشیان لێنان کۆمیتەی فریاکەوتنی خەڵک، لە میلواکیش باوکم و من چووینە ڕیزی ئەو جۆرە ڕێکخراوە. ئێمە بە یەکەوە بە سەرگەرمی کارمان دەکرد، هەنوکەش بە شادمانییەوە یادی ئەو هاوکارییە دەکەمەوە. هەرچەندە مایەی هێدمەگرتنیشبوو بۆ باوکم، کە من بەڕێوەبووم بۆ تەواو هەراشبوون و خۆناسین. باوکم نوێنەری بازرگانی یەکێتییەکەی لە نێو ڕێکخراوەکەدا دەکرد و ئەزیش قسەکەری گروپێکی بچوکی ئەدیبانی کرێکارانی زایۆنیستی بووم و دوای دەوامی قوتابخانە لەوێ ئامادە دەبووم. هەرچەندە ناوە

فانتـازیەکەی گروپەکەشـم لەبیرنەمـاوە بەڵام لە نوێنەرایتیکردنیـان کـارابووم. بەرنـامە ئەدەبییەکەمـان هێنـانی کەسـانێکی دوانـدەر بـوو لە شـیکاگۆوە بـۆ میلواکی. هەردوو هەفتە جارێک لە دەرەوەی شار دەهاتن و دەبووایە ئێمەش سیمیناریان لەسەر ئەدەبیاتی یدیشی بۆ سـازبدەین. ئێمە بەردەوام لە ڕووی پارەوە کێماسیمان هەبوو، چونکە دەبووایە پارەی هـاتوچۆی دوانـدەران و هۆڵیش بە کرێ بگرین، بۆیە داوامان لە ئەندامەکانمان کرد هەریەکە و بیست و پێنج پنس بۆ کۆبوونەکان بدا، ئەو کاتیش ئەو بڕە پارەیە زۆر بوو، بەشـی دەکـرد. لەبیـرمە جارێکیـان پیاوێـک کە بـۆ هەمـوو کۆبـوونەوە ئەدەبییەکـان دەهات، ڕەتیکردەوە بڕە پارە دیارکراوەکە ببەخشێ و گوتی: "مـن بـۆ بـابەتە ئەدەبییەکە نەهاتووم، تەنیا بۆ ئەوە هاتووم پرسیار بکەم."

لە سـەروبەندی کۆتاییهـاتنی جەنـگەکە، ڕێکخـراوی زۆریـنەی بزووتنەوەی جووەکـان لەدایکبوو، کە کۆنگرێسـی جووەکـانی ئەمریکـا بـوو. ڕێکخـراوەکە ڕۆڵێکـی سـەرکردایەتییانەی بـۆ کـۆنگرەی جیهـانیی جـوو لە ١٩٣٠دا بینی. هەرچەندە لەو ڕۆژگارەدا ڕێکخـراوی بوند (کە گواسـتبوویەوە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا) دژی دامەزرانـدنی کـۆنگرەی جووەکـان نەوەستایەوە، کە بە تونـدی دژبەری لایەنگرانـی ڕووکـردنە فەلەسـتین بـوو. کاتێکیش لە ١٩١٨دا هەڵبژاردن بۆ کۆنگرەی جووەکانی ئەمریکا لەنێو کۆمەڵە گەورەکانی ئەمریکادا کرا (ئەوەش یەکەمجـار بـوو جـوو هەڵبژاردنـی خۆیـان بکەن) هەست و ورە زۆر بەرز بوو. زایۆنیستەکان بەرەو لایەک ڕایاندەکێشا و بوندەکانیش بەرەو لایەکی دیکە. باوکم و من بە گەرمی بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەمـان کـرد و هەسـتێکی بە هێزمـان هەبـوو، کە کـۆنگرە دەبـێ ئاڕاستەی زایۆنیستەکان بگرێتەبەر.

وەک بڕیارمـدا بـۆ ئەوەی هەر هەڵمەتێـک (کەمپینێـک) لە نێـو جووەکانـدا بکەیـت، باشـترین شـوێنی نیشـتەجێبوونت سـیناگۆک و دەوروبەرەکەیەتـی بە تـایبەتیش لە ڕۆژانـی پشـوودا. ئـاخر هەمـوو کەسێک دەچێـتە ئەوێ، بەڵام لەبەرئەوەی تەنیـا پیـاوان لەوێ بـۆ نـوێژکردن گرددەبـوونەوە، بە ناچـاری سـندوقێکم لە دەرەوەی سـیناگۆکە دانـا، ئیـدی خەڵـکەکە لە هـاتن و چوونیـان بەبەر دەممـدا تێـدەپەڕین و دوا هەواڵـی

پلاتفۆرمی کرێکارانی زایۆنزمم پێدەگوتن و شیدەکردەوە. پێم وا بوو زیاد لە بەشی خۆم کارم کردووە یان لە ئەوانی دیکە، هەر کاتێکیش کۆمەڵەیەکی گەورەی خەڵک دەورەیان لێدەدام و گوێیان بۆ هەڵدەخستم، هەر بە ئەوەندە وازم نەدەهێنا و هەوڵمدەدا بچمە شوێنێکی دیکەش بۆ هەمان مەبەست، بەڵام ئەمجارەیان باوکم بە نەخشەکەی زانیم و بووە شەڕەقڕەیەکی گەرممان. بە تووڕەییەوە پێیگوتم کچەکەی مابۆڤیتچ وەک تۆ سندوقی لەسەر جادە دانەناوە و خۆی نەکردووەتە سینەما. ئەوە لە ڕادەی قبوڵکردن بەدەرە و شەرمەزاریە. هەوڵمدا تێی بگەیەنم، کەوا خۆم ئەوێم هەڵبژاردووە و برادەرەکانم لەسەر جادە چاوەڕێمن، ئەو کارەش مایەی پەسەندی هەموو لایەکە، بەڵام باوکم ئەوەندە دەهەری بوو گوێی لێنەگرتم. دایکم کەوتە نێوانمان و دەمەقاڵییەکەی ئێمەش بە دەنگ بەرزکردنەوە گەیشتبووە لوتکە.

لە کۆتاییدا شتاقمان بۆ ئەویدیکەی نەسەلماند. باوکم سوور هەڵگەڕابوو، گڕیگرتبوو، گوتی ئەگەر هەر سووربی لەسەر چوونت بۆ سەر جادە، ئەوا دێم و لەبەر چاوی خەڵک بە کەزییەکانت ڕاتدەکێشمەوە تا ماڵێ. من گومانم لەوە نەبوو بیکات، چونکە دەمزانی قسەی خۆی دەگەیەنێتە سەر. لێ هەرچۆنێک بێ من هەر چووم. لە ڕێگا لەسەر سووچی جادەکەوە برادەرەکانم ئاگادارکردنەوە، کەوا باوکم لە شەڕە نەوەک بە یەکجاری لە کاتی قسەکانماندا پەیدابێ و بتۆقێن. لە کۆتاییدا کاتێ گەڕامەوە ماڵێ، بینیم دایکم لە نانی‌دینێ چاوەڕێمدەکا. باوکم هەر زوو نوستبوو، پێیگوتم باوکم هاتۆتە سەر سووچی جادەکە و گوێی لە قسەکانم بووە. باوکم بە سەرسامییەوە بە دایکمی گوتبوو :"نازانم ئەو کچەمان ئەو شتانەی لە کوێ هێناون." ئەو ئەوەندە مشووری خواردبوو بگاتە نزیک سەکۆی دوانەکەم گوێم لێبگرێ تا تووڕەییەکەی خۆی بیرچووبووەوە! ئیدی هیچ کامێکمان بە لای ئەو دەمەقاڵییەماندا نەچووینەوە، پێم وابێ دوانەکەم لە دوانە هەرە سەرکەوتووەکان بووبێ.

لە سەروبەندی ئەو ڕۆژگارەدا دەستم بە دەرسدانەوەیەکی ڕاستەقینە کرد. ڕێکخراوی کرێکارانی زایۆنیست قوتابخانەیەکی یدیشی یەک دانەڕۆژی (پارتایم) لە مەکۆی جووەکانی میلواکی کردەوە. پۆلەکان لە

ئێوارانی شەممە، بەیانیانی یەکشەممە و ئێوارەیەکی دیکە لە هەفتەدا کرایەوە. من وانەی خوێندنەوە و نووسین و هەندێ ئەدەبیاتی یدیشم دەدایەوە. بەلای منەوە یدیشی بەهێزترین پەیوەندی نێوان جووەکان بووە. حەزم لە وانە وتنەوە بوو. قوتابخانەکە وەک قوتابخانەیەکی ئاسایی میلواکی نەبوو، کەچی زۆر لێی ڕازیبووم بتوانم هەندێ لە منداڵانی شارەکە بە نووسەرە ناودارەکانی ئیدیشی بناسێنم، کە پێیانەوە کارانگاز بووم. بە دڵنیاییەوە ئینگلیزی زمانێکی نایاب بوو، بەڵام یدیشی زمانی شەقامی جووەکان بوو، ئەو زمانە سروشتییە گەرموگوڕە بوو نەتەوە لە یەکترازاوەکەی یەکدەخست. گەر بگەڕێمەوە دواوە، ئەوا خۆم وەها دەبینمەوە، کە هەندێ تەسکبین و لەخۆباییانە بووم سەبارەت بە زمانی یدیشی، پێم وا بوو گەورەترین تاوانە گەر هات و منداڵان یدیشی لەگەڵ ئینگلیزیدا تێکەڵ بکەن. هەروەها پێم وا بوو دەبێ جووەکان دوو زمانیان لە فەڵەستیندا هەبێ، عیبری و یدیشی. چۆن دەکرێ بیر لە بەلاوەنانی زمانی یدیشی بکرێتەوە؟ کاتێک کرێکارانی زایۆنیست ویستیان دوانەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بدەن و داوایان لە من کرد، منیش پێمگوتن ئەوە کاری من نییە و نەمکرد. ئەگەر خەڵک بیانەوێ بێنەڕیز و هەواداری ئەویندارانی زایۆن (پۆلای زایۆن)، ئەوا دەبێ بە لای کەمییەوە یدیشی بزانن! هەڵبەتە وای لێهات بانگەوازی زمانی عیبری بکەم، بەڵام کێ دەیزانی؟ ئاخر لە دواییدا کاتێ ئێمە چووینە فەڵەستین، فێرە عبریش بووین، بەڵام هەرگیز عیبرییەکەم بەقەد یدیشیەکەم ڕەوان نەبوو.

من چێژم لە دەرسدانەوەی قوتابخانەی گەل وەرگرت. منداڵەکانم خۆشویستن، ئەوانیش منیان خۆشویست و هەستمکرد کۆمەکبەخشم. کاتێکیش ئاووهەوا خۆشدەبوو، لە ئێوارانی ڕۆژانی یەکشەممەدا دوای کۆتایی هاتنی دەوامی قوتابخانەی گەل، خێزانەکەم، هەندێک لە قوتابییەکانم و مۆرسیش (هەر کاتێک کە لە میلواکی بووبایە) دەچووینە سەیران. دایکم خواردنی ئامادە دەکرد و لەژێر دارەکاندا دادەنیشتین و گۆرانیمان دەگوت. ئەو کات جگەرەم نەدەکێشا، منیش بێوەخران و بەبێ هۆی لەبار هەڵمدەکردە گۆرانی. دایبابم لە بن دارەکە لێی دەنوستن و دەموچاویان بە ڕۆژنامە یدیشیەکە دادەپۆشی، کە هەموو پشوانی هەفتە لە بەرگەوە بۆ بەرگ

دەیانخوێندەوە، باقی ئێمەش دادەنیشتین باسی ژیان، ئازادی و شوێنکەوتنی شادمانیمان دەکرد. دانیشتنەکەشمان تا ڕۆژئاوابوونی دەخایاند. ئینجا دەگەڕاینەوە ماڵ و لەوێش دایکم فراوینی دەرخوارد دەداین.

ڕاستەوخۆ دوای جەنگ، کاتێک ڕەشبگیری (پۆگرۆم)ی دژەسامی لە ئۆکراین و پۆلەند بەرپابوو (لە ئۆکرایندا بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیەکە لە ملی فەرماندەی بەدناوی سوپای ئۆکرانی سیمۆن پێتلیورادا بوو، کە یەکە سەربازییەکانی یەخەی هەموو کۆمەڵگە جووەکانی ئەوێی گرتبوو)، یارمەتی ڕێکخستنی ڕێپێوانێکی نارەزاییم بەناو شەقامە سەرەکییەکانی میلواکیدا دا. خاوەنی کۆگایەکی گەورە، کە جووش بوو، گوێی لە نەخشەکەم بوو، بانگیکردم و پێیگوتم: "وەها تێگەیشتووم گوایە دەتەوێ ڕێپێوانێک بە شەقامی واشنتندا (شەقامێکی شاری میلواکی)دا بکەی. ئەگەر کارێکی وەها بکەی، من شارەکە جێدەهێڵم." لە وەڵامدا پێمگوتەوە، بە هیچ شێوەیەک لاریم لە چوونە دەرەوەی ئەو نییە لە شارەکەدا و بە تەماشم نەخشەکەمان پیادەبکەین و ڕێڕۆێشتنەکە بکەین. هەرچەندە بە گوێرەی ئەو، شتەکە ناحەکیمانەش بوو، بەڵام باکم بەوە نەبوو خەڵک لەبارەی ڕێپێوانەکە چی دەڵێن. پێم وا بوو هیچ شتێک نەماوەتەوە، کە جوو شەرمی لێبکەنەوە، بە پێچەوانەوە پێمڕاگەیاندن، بە نمایشەکەمان ئەو کوشتار و لە پەلوپۆخستنی جووەکانی ئەوبەری زێیان نیشاندەدەین، ئەوسا کارەکەمان دەبێتە مایەی زیاتر لێتێگەیشتن و ڕێزگرتنی باقی شارەکە.

ڕێپێوانەکە وای لێهات سەرکەوتوترین مارش بێ. سەدان کەس بەشداریان تێداکرد، پێدەچوو ئەستەم بێ ئەوەندە جووە لە میلواکیدا هەبن. بە ڕێکەوت وەها هاتە بەرچاوم ( هەرچەندە دەنگم دلێریش بوو لە هەمبەر کابرای خاوەن کۆگا گەورەکە)، کە زۆر لە کەسانی غەیرەجووش بەشداریان تێداکرد، ئەوەشم لە بیرە، کە چاوم لەو حەشاماتەی لێواری سەر جادەکانیش بوو تەماشایان دەکردین، هەستمان کرد پشتیوانمانن. لەو ڕۆژگارەدا ڕێپێوانی زۆر نەدەکران، بۆیە تیشکی ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا لەسەر ئێمە بوو. لە جێی خۆیدایە ئاماژە بە شتێک بکەم، کە خۆم هەرگیز تووشی دۆخێکی دژەسامیزم لە میلواکیدا نەبوومەتەوە. هەرچەندە لە گەڕەکێکی

جوونشـیندا دەژیـام و لە قوتابخـانە و دەرەوشـدا هاموشـۆم لەگەڵ خەڵکـی جـوودا بـوو، بەڵام بـرادەری غەیـرە جووشـم هەبـوون، هەڵبەتـە لە هەمـوو ژیانمـدا بـرادەری لەو جـۆرەم هەر هەبـوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەرگیـز بەقەد جووەکانم لێیان نزیک نەبووم، بە تەواوی هەستم بە ئازادی و ماڵەوە دەکرد کاتێ لەگەڵیاندا دەبووم.

وەهـا بیـردەکەمەوە کـاتێ ئەوێ ڕۆژێ بەنـاو شـارەکەدا، خەریکـی ڕێپێوانەکە بووین، هاتمە سەر ئەو بڕوایە چیدی ناتوانم بڕیارەکەم سەبارەت بە چوونە فەڵەسـەتین دوابخەم. هەرچەندە ڕەنگبێ زۆر زەحمەتیش بێ بۆ خۆشەویسـتەکانم، بەڵام نەدەکـرا زیـاتر بیرکـردنەوەم لەسـەر ئەو شـوێنەی دەمەوێ لێیبـژیم بەلاوەنـێم. هەسـتمکرد کە فەڵەسـتین لە میلواکیـدا بەهەشـت نییە، بەڵکو وەڵامێکی ڕەشەکوژیەکەی پێتلورایە. پێویستە جووەکانیش وڵاتـی تایبەت بەخۆیان هەبێ، ئەمنیش دەبێ یارمەتیدەربم لە ڕۆنانیدا، نەوەک تەنیـا بە دوان و پارەکۆکردنەوە، بەڵکو بە ژیان و ئیشکردن تیایدا.

یەکەم جار و بە فەرمی چوومە ڕیزی پارتی پۆلای زایۆن، ئەوەش یەکەمـین هەنگـاوی ڕێگـام بـوو بـۆ چـوونە فەڵەسـتین. لەو سـەردەمەدا ڕێکخـراوی کرێکـارانی زایۆنیسـت هێشـتا بـزووتنەوەی لاوانـی نەبـوو. بە گـوێرەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پـارتەکە، بـۆ وەرگرتنـی ئەنـدام پێویسـت بـوو تەمەنی بەربژێر هەژدە سـاڵ بـوایە. مـن هەر حەڤدە بـووم، بەڵام هەر زوو لەبارەی ئەندامێتیم دەزانی و لێشمگەڕان بچمە ڕیزی شانەبەندیەکەیان. ئیدی هەنوکە دەبووایە بڕوا بە مۆریسیش بێنم لەگەڵم بێتە فەڵەستین، چونکە لەبەر چـاوی مـن ئەسـتەم بـوو بە بێ یەکدی هەڵبکەین. مـن دەمزانـی گەرهاتبـا و ڕازیش بووایە ئەوا پێویست بوو یەک دوو ساڵێک چاوەڕێمان بکردبـایە – تـا بڕە پارەیەکمـان لەگەڵ شـتی لایەقی دیکە کۆکردبـایەوە– بەڵام ئەوە حەتمـی بـوو. مـۆریس بەر لەوەی ن مێـردی پێـبکەم دەیزانـی مـن بڕیـاری چـوونە فەڵەستینم یەکلاکردووەتەوە. من بارودۆخەکەم بۆ ئەو وەک مەرجێک دانەنا، بەڵام بە ئاشـکراش بـۆم ڕوونکـردەوە. مـن زۆرم حەزکـرد مێـردی پێبکەم و داشم نابوو بچم لە فەڵەستین بژیم. پێمگوت: "مـن ئەوە دەزانـم تـۆ هەسـتێکی

وات نییه له فەلەستین بژی، بەڵام لێت دەپاڕێمەوە، لەگەڵم بێی." ئەو وەڵامی دامەوە کە زۆری خۆشدەوێم، بەڵام هەرچی لەبارەی فەڵەستینەوەیە، دەبێ ورد بیری لێبکاتەوە تا بەخۆی دەگاتە بڕیاردان. ئەمڕۆ تێدەگەم، کە مۆریس زۆر لە من وردتر و بە سەرنجتر بوو بەڵام وەک منیش بە گوڕ و تەوژم نەبوو، دەیەوست نەک هەر چوونی ئێمە بۆ فەڵەستین هەڵبسەنگێنی، بەڵکو ئەوەش بنرخێنی تا لە دواییدا ئاخۆ ئێمە بەیەکەوە دەگونجێین. لە نامەیەکیدا، کە هێشتا هەر لە دێنڤەر بوو، بۆی نوسیبووم: "ئەرێ قەت بیرت لەوە کردووەتەوە کە مۆریسەکەی تۆ خەسڵەتێکی بەدەر لە خەسڵەتە بێ بەهاکانی دیکەی هەبێ، ئەویش ئیرادەیەکی نەبەزیوە؟" ئەوە یەکێک بوو لەو پرسیارانەی دوو خۆشەویستی لە یەک دەکرد، بێئەوەی بیانەوێ یان چاوەڕوانی بەرسڤەکەی بکەن. منیش لە لایەن خۆمەوە هیچ دوودڵییەکم نەبوو. بەڵام مۆریس ژیرتربوو، هەستی پێکردبوو، لە هەندێ بار و ڕوانگەدا ئێمە لەیەک جیاوازین، بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو جیاوازییانەی نێوانمان دەکرێ زەقتر بین.

بەم شێوەیە بۆ ماوەیەک لە یەک دوور کەوتینەوە. من قوتابخانەم جێهێشت (چەند سەیر بوو چونکە بەشێکی زۆر گرنگم لە دەستدا) و چوومە شیکاگۆ؛ کارێکم لە کتێبخانەی گشتیی دەستکەوت، لە میلواکیش بۆ ماوەیەکی کەم لە کتێبخانەدا کارم کردبوو. شینا و شامای و دوو منداڵەکانیشیان گواستبوویانەوە شیکاگۆ، شامای لەوێ لە ڕۆژنامەیەکی جوودا کاریدەکرد. ڕێگیناش هاتبووە شیکاگۆ، ئیدی ئەوانەم زۆر دەدیتن، هەرچەندە لەگەڵ برادەرێکی دیکەدا دەژیام، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بەختیار نەبووم. ئەو بیرۆکەی دەبووایە لەنێوان مۆریس و فەڵەستیندا یەکیان هەڵبژێرم، شپرزەی کردبووم، بەشی هەرە زۆری بە تەنیا بووم، لە کاتی دەستبەتاڵیمدا کارم بۆ کرێکارانی زایۆنیست دەکرد، وتارمدەدا، کۆبوونەکانم ڕێکدەخستن و سندوقی پارەکۆکردنەوەم دادەنا. شتێک هەبوو پێشنۆرەی خەمە تایبەتییەکانم بوو، بۆ خۆی ڕادەکێشام و کەمتر بیرم لە تایبەتمەندییەکانی خۆم دەکردەوە، ئەو ڕەوشەشم لە ساڵانی شەش دەیەی دواترمدا گۆڕانی بەسەردا نەهات.

به خۆشــبەختییەوە مــۆریس هێشــتا بیــرۆکەی فەڵەســتینی هەر لێکـدەدەدایەوە و ســەرەنجام بیـرۆکەی گـۆڕی و ئەوەی پەژرانـد، بە یەکەوە بچینە فەڵەستین و لەوێ بـژین. بێگومـان بڕیـارەکەی ئەو لەژێـر بانـدۆری بەرفرەوانبوونی ڕاستییە پێشهاتەکانی ١٩١٧دا بـوو، کە حکومەتی بەریتانیا ڕایگەیانـد، پێــی خۆشــە "مــاڵێکی نیشــتمانی بــۆ جوولەکــان لە فەڵەســتین دابمەرزرێنێ" و هەوڵیشدەدا بۆ دەستبەرکردنی "باشترین هەوڵ و کۆششی سەرخســتنی ئەو بــابەتە." ڕاگەیەنـدراوەکە نــاوی لێنــرا جاڕنــامەی بلفــۆر-بۆیەش ئەو نـاوەی لێنرا چونکە ڕاگەیەندراوەکە بە ئیمزای ئارسـەر جێمس بلفۆری وەزیـری دەرەوەی بەریتـانی دەرچـوو- ڕاگەیەندراوەکە لە شـێوەی نامەیەکـدا بـوو لە جـێمس بلفـۆرەوە بـۆ لـۆرد ڕۆتشـیلد. نـامەکە لەو کـاتەدا بڵاوکـرایەوە، کە تــازە هێزەکــانی بەریتانیــا بە فەرمانــدەیی ژەنەڕاڵ ئەلنبــی فەڵەستینی لە دەست تورکەکان دەرهێنا بوو. هەروەها نـامەکە بە شـێوەیەکی وا ڕاڤەهەڵگر داڕێژرابوو، کە ئەو سـاڵانە وای لـێ تێدەگەیشـتن ئیـدی کۆتـایی بە خـوێنڕژان لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دێنـێ، لەو ڕۆژگـارەدا پێشـوازییەکی گەرم لە لایەن زایۆنســـتەکانەوە لە ڕاگەیەنـــدراوەکە کـــرا، چـــونکە ئەوەی تیـادابوو بە لای کەمیـیەوە کۆمۆنوێلسـێکی جـوو لە فەڵەسـتین دادەمەزرێ. ئیــدی کۆتــایی بــو ئــاوارەیی جووەکــان دێ. لە ڕاســتییدا بەیەکگەیشــتنە ڕاســتەقینەکە دەســتپێدەکاتەوە، مــۆریس و منــیش وەک ملیۆنــان جــوو بە دڵنیاییەوە دەڕژێینە فەڵەستین.

لە ســایەی ئەو پێشــهاتەدا و لە ٢٤ی دیســێمبەری ١٩١٧دا ئــێمە ئاهەنگی بۆ یەکبوونمان لە ماڵی دایبابمـدا گێڕا. لە سـەروبەندی مێردکردنمـدا قڕە و دەمەتەقێیەکی خێزانـی و سـۆزداریانەی گەرممـان لەگەڵ دایکمـدا کـرد. ئێمە دەمانەویست بۆنەکە مەدەنیانە بێ، نە میوان نە هیچ سەرئێشەیەک. ئێمە سۆشیالیست بووین، لەخۆبوردە بوویین بەڵام ملمان بۆ نەریت دانەدەنواند. ئێمە نە دەمانەویست نە پێویستیشمان پێبوو ڕێوڕەسمەکە ئۆلییانە بێ، بەڵام دایکـم ڕاشـکاوانە پێـی ڕاگەیانـدین، کە هاوسـەرگیرییەکی مەدەنیـانە دەبێـتە مـایەی کوشـتنی ئەو. ئەگەر وا بکەین ئەوا بەیەکجـاری میلـواکی بەجێدێڵێ و من دەبمە مـایەی شـەرمەزاری تاهەتـایەی خانەوادەکەمـان، هیـچ فـرم بەسـەر

کۆمەڵگەی جووەکانەوە نامێنێ ئەگەر بە پێی نەریتی جووانە شوو نەکەم. سەرەڕای ئەوە، ئایا ئەو ڕێوڕەسمە زیانی پێدەگەیاندین؟ بۆیە مۆریس و من بۆمان دانەواندن و بەگوێمان کردن. ئاخر چی دەبێ ئەگەر بۆ ماوەی پازدە خولەکێک لەبن سەرپۆشی بووکایەتیدا دابنیشم، ئایا ئەمە هیچ لە بنەماکانمان دەگۆڕێ؟ خەڵکانێکی کەممان بانگهێشتکرد، دایکم مشووری شەربەت و خواردنەوەی خوارد و رابی سکۆنفێلدیش کە یەکێ لە زانا ئۆلدارەکانی جووی میلواکی بوو، مارەی بڕیم. دایکم تا ئەو کاتەش کۆچی دواییکرد بە شانازییەوە، هەر باسی ئەو ڕۆژەی دەکرد، کە رابی سکۆنفێلد هاتووەتە ماڵمان و پیرۆزیی کردووین و وتەیەکی کورتیشی دا. رابییەکە لە بارەی دینەوە زۆر توند بوو، بۆیە بە پێی ڕێسا هیچی هەر نەخواردەوە چ جای خواردن لە دەرەوەی ماڵی خۆی، تەنیا تامی کێکی دەستی دایکمی کرد. من زۆر جاران بیرم لەو ڕۆژەمان دەکردەوە، کە بۆ دایکم چەند واتای گرنگی دەگەیاند، خەریکبوو بە پێداگرتنم لەسەر مارەبڕینی مەدەنیانە ژیانی لێسەراوبن بکەم.

جارێکی دیکە دەستم بە ژیانێکی نوێ کردەوە، هەر یەک لە پینسک، میلواکی و دێنڤەر وێستگەی ژیانم بوون. هەنوکە تەمەنم نزیکەی بیست ساڵ و ژنێکی بەمێرد و لە ڕێگای خۆمم بۆ ئەو شوێنەی کە بە ڕاستی بانگم دەکا، بەڵام کە هێشتا شەڕ[32] کۆتایی نەهاتووە، ئەستەمە بۆ مان ئۆغربکەین. هەنوکە لە ماڵی دایبابیشم ژوورێکی زیادە نییە، ئێمەش نامانەوێ لەگەڵ کەسدا بژین، بەرەو شوێنێک ڕۆیشتین، کە بە تەنیا بین و دوو ساڵمان وەها بەسەربرد. لە ماوەی ئەم ساڵانەدا من بە هۆی کرێکارانی زایۆنیستەوە زۆر گەڕام، چەند لە میلواکی دەبووم، ئەوەندەش لە هاتوچۆدابووم. پێم وا بوو لەبەرئەوەی ئەوەندە داوای سەفەر لە من دەکەن، چونکە گەنج بووم، زمانی ئینگلیزی و ئیدیشیم بە ڕەوانی دەزانی و ئامادەش بووم بچمە هەر شوێنێک کە پێم ڕابسپێرن تا دوان و وتارەکانی خۆم بدەم، بێ ئەوەی پێشتر تۆماریان بکەم.

[32] مەبەست جەنگی یەکەمی جیهانییە – وەرگێڕ

بۆ نموونە چەند مانگێک دوای مێردکردنم، پارتەکەمان بڕیاریدا ڕۆژنامەیەک بڵاوبکاتەوە و داوایان لە منیش کرد فرۆشی بۆ پەیدا بکەم. باوکم لێ هاروهاج بوو، بە سەرمدا هاورایکرد: "باشە، کێ کە نۆبووک بێ و زاواکەی بەجێدەهێڵی و دەکەوێتە سەر ڕێگای گەڕان؟" باوکم لەو بیرۆکەیەم زۆر داخدار بوو، کە قایلبووم بۆ کاری پارتایەتی ڕۆژێک و دوان لە میلواکی دوور بکەومەوە. بەڵام مۆریس لەوە تێگەیشتبوو، کە نەمدەتوانی بە بزووتنەکە بڵێم نەخێر، بۆیە ڕۆیشتم. من بۆ چەندان هەفتە بەدەرکەوتم. کارەکەیان وا ڕێکخرابوو، هەفتانە پازدە دۆلاریان دەدامێ بۆ هەموو خەرجییەکەم، واتە بۆ خواردنم، بەڵام شیرنەمەنی لەسەر خۆم بوو، کە ئایسکرێمێکم بخواردبایە، دەبووایە لە گیرفانی خۆم بووایە. هیچ کەسێکی پارتەکە لە میوانخانەکان نەدەمایەوە. من شەوان دەبوومە میوانی ئەندامانی پارتی، جاری واش هەبوو لەگەڵ خانەخوێکەمدا پێخەفەکەمان بەشکردووە.

من چوومە کەنەدا، لەوێ بۆم دەرکەوت کە پاسپۆرتم نییە. مۆریس هێشتا نەبووبووە هاووڵاتی ئەمریکی، منیش ژنێکی بە مێرد بووم، دەبووایە ناوی مێردەکەم هەڵگرتبا. دەکرا پاسپۆرتی باوکم بە هانام هاتبا، بەڵام ئەو هێشتا هەر لێم تووڕەبوو، لە داخان پاسپۆرتەکەی بۆ نەناردم. بۆیە هەوڵمدا بە بێ پاسپۆرت بۆ کەنەدا بپەڕمەوە. هەڵبەت کاتێ گەیشتمە مۆنتریال، لە قیتارەکە گیرام و منیان بردە دەزگای کۆچبەران و پۆلیسیش بە وردی کەوتە پرسیارکردنم، ئاخۆ لەوێ چیدەکەم. سەیر لەوە دابوو من نەوەک هەر لە میلواکیدا (شاری سۆشیالیستان)ەوە هاتووم بەڵکو من لە دایکبووی ڕووسیاش بووم! پێم وا بوو دەسەڵاتدارنی کەنەدا سەرەتا وایان بیرکردووەتەوە، کە ئاژانێکی بەلشەفیکییان گرتووە، بەڵام لە دواییدا ناودارێکی ڕێکخراوی کرێکارانی زایۆنست فریامکەوت و ئینجا ڕێگەم پێدرا لە کەنەدا ئازادانە بێم و بچم. من زۆر پشکی ڕۆژنامەکەشم فرۆشتن. ڕۆژنامەکە ناوی دی زایت (سەردەم) بوو. کاتێکیش چووینە نیویۆرک ئێواران لەسەر جادەدا دەمفرۆشت، بەڵام بەو هەموو ماندوبوونەش ڕۆژنامەکە دەرینەهێنا.

بـۆ مـۆریس دەرچوونەكـانم زۆر زەحـمەت بـوون، بەڵام زۆر بە حەوسـەڵە بـوو، لە دۆخەكە تێدەگەیشـت. هەنـوكە، كە بیـری لێدەكەمەوە مـن زۆر سوودم لە ئارامییەكەی ئەو وەرگرتـووە و بەكاریشـم هێنـاوە. كاتێک لە شـارەكە دەردەچـووم، نـامەی دوورودرێـژم بـۆ دەنووسـی، بەڵام لە جیـاتی ناوەڕۆكی نامەكانم لەبارەی پەیوەندییەكانمان بێ، لەبارەی كۆبوونەكـان و بـزووتنەكە یـان فەڵەسـتینم بـۆ دەنووسـی. مـۆریس لە كـاتی دەرچـوونە زۆرەكانمدا دڵی خۆی بە ئەپارتمانە بچوكەكەمان دەدایەوە، كردبوویەماڵێكی ڕاستەقینە وەک ئەوەی من لە میلواكی بـم و چاوەڕێم بكات. ئەو وێنەی لە ڕۆژنامەكـان دەكردنەوە و لە چوارچێوەی دەگرتن و دیـواری مـاڵەكەی پـێ دەڕازانـدەوە. هەرچەنـدە پارەشـمان نەبـوو، زۆریـش وابـوو ئەو بێكـار بـوو (پیشــەكەی وێنەكـارێكی سـەربەخۆ بـوو)، هەمـوو جارێـک، كە دەگەڕامەوە هەندێ دەسكەگوڵ لە ماڵمان بوو. كە دەڕۆیشتم ئەو كاتەكەی بە خوێندنەوە، گوێگرتن لە موزیک و یارمەتیدانی كلارا لە تەمەنە دڵەڕاوكێیەی هەرزەكاریدا بەسەردەبرد. بە یەكەوە دەردەچوون و پیاسەیان دەكرد. زۆر جـار مـۆریس لەگەڵ خــۆی دەیبــردە كۆنســێرت و شـــانۆ. بە ڕاســتی ئەو ئەنــدامێكی ڕاستەقینەی خانەوادە بوو، كاتی زۆری لەگەڵ ئەودا بەسـەر دەبرد. كلاراش زۆری پێ سەرسام بوو هەموو نهێنییەكانی بۆ دەدركاند.

جووەكـان لە ١٩١٩دا یەكەمـین كـۆنگرەی خۆیـان لە فیلادیلڤیـادا بەسـت. مەبەسـتی سـەرەكی كۆنگرەكە داڕشـتنی بەرنـامەیەک بـوو ( تـا لە كۆنگرەی ئاشتی ڤێرسای پێشكەش بكرێ )، بۆ ئەوەی مسۆگەریەک بۆ مـافە مەدەنییەكانی جووی ئەوروپا دابینبكرێ. مـایەی سەرسـامیم بـوو، كە منیـان لەنێـو نـوێنەرانی میلـواكی بـۆ كـۆنگرەكە هەڵبـژارد. ئەوەش ئەزمـوونێكی كـۆمەكبەخش و سـەرنجڕاكێش بـوو بـۆ مـن. هێشـتا هەر لەبیـرمە، چەنـد شـانازیم بەو هەڵبژاردنەوە دەكـرد، كە بـوومەتە نوێنەری كۆمەڵگەكەمـان، لە خۆشییان باكیشم بە گەرما و چاوەڕوانی ڤیتـار لە میلواكییەوە بۆ فیلادیلڤیا نەبوو. من هەمیشە (لەو ڕۆژگارەدا) لە هەموویـان گەنجتر بـووم. هەموویـان نازیـان دەكێشـام، تـا دەهـاتە سـەر ئەوەی ئەركـم بـدەنێ. ئەمـڕۆ كاتێـک ڕۆژنامەنووسـێک لـێم دەپرسـێ كارنـامە سیاسـییە ڕاسـتەقینەكەت كەی

دەستیپێکرد، ئیدی مێشکم هەمیشە بۆ ئەو کۆنگرەیە دەگەڕێتەوە. لەو هۆڵە پڕ دووکەڵە جگەرەی ئۆتێلی فیلادلڤیا کە بە سەعاتان دادەنیشتم بە پەرۆشییەوە گوێم دەگرت، شادمان بووم بەوەی دەتوانم دەمەتەقێ بکەم و دەنگ بدەم. لە خۆشیان لە نامەیەکدا بۆ مۆریسم نوسی: "پێت ڕادەگەیێنم کە هەندێ جار وتوێژەکە ئەوەندە بە جۆش دەبێ، دەگاتە لووتکە، دوای ئەوە مرۆ حەزدەکا لە خۆشیاندا بمرێ."

لە شیکاگۆوە شینا نامەیەکی کەمتر شادمانیانەی بۆ نووسیوم و هۆشداری ئەوەی دابوومێ، کە من زیاتر بە کاری جەماوەرییەوە خەریکم لەوەی کاروباری تایبەتیانەی خۆم. لە نامەکەدا هاتبوو: "هەرچی لەبارەی خۆشی کەسییەوەیە، دەستی پێوەبگرە و چێژی لێببینە. تاکە شتێک لە ناخی دڵەوە داخوازم بۆ تۆ، کە هەوڵ نەدەی بۆ ئەوەی ببیە ئەوەی دەتەوێ بەڵکو هەوڵبدە وەک ئەوەی بیت کە هەی. ئەگەر هەمووان بیانویستبا وەک ئەوەی هەن ئەوا دنیا خۆشتر دەبوو..." من لەوە خاترجەم بووم، کە دەتوانم لەگەڵ هەموو شتێکدا ڕابێم و مۆریسم لەوە دڵنیاکردەوە ئەگەر لە دواییدا بچینە فەڵەستین، ئەوا بەردەوام لەو جموجۆڵەی ئێستامدا نابم.

لە میانەی زستانی ١٩٢٠دا وای لێهاتبوو کە خەریکبوو وادەی دەرچوونمان بەرەو فەڵەستین هاتبێ. لە مۆرینگساید هایتەس لە نیویۆرک ئەپارتمانێکمان بە کرێگرت و خۆمان بۆ گەشتەکە ئامادەکرد. ڕێگینا و ژن و میردێکی کەنەدی بەناوی مانسۆن (لە دوایدا نەهاتنە فەڵەستین) و یۆسل کۆپلۆف لە گەڵمان هاتنە ئەپارتمانەکە. هێشتا بەهارێکی زوو بوو، کە بلیتی کەشتیمان کڕی و دەستمان بە ساخکردنەوەی ئەو کەمە کەلوپەلەی هەمان بوو کرد، چونکە لەوێ پێویستیمان پێنەدەبوو، ئێمە دەبووایە لە فەلستین وەک بابایەکی مارە بژین. سەربارى هەموو ئەو شتانەی کە لەبارەی فەڵەستین گوێمان لێبووبوو هەروەها خوێندبوومانەوە، بیرۆکەی ئێمە بۆ ژیانی ئەوێ زۆر سەرەتاییانە بوو؛ وامان دانابوو لە خێوەت بژین، بۆیە بە خۆشییەوە هەموو شتومەکی ناو ماڵمان فرۆشت، پەردەکانمان، ئوتیەکە، تەنانەت چاکەتە خورییە ملدارەکەشم فرۆشت (ئاخر ئێمە ناواقیعیانە بڕوامان وابوو، لەوێ پێویستمان بە جلی زستانە نابێ).

تـاکە شـتێک کە ڕێککەوتـین لەگەڵ خۆمانـدا بیـبەین، لە ڕاسـتیدا ئـامێری قەوان و تۆمارکەرمـان بـوو. ڕیکـۆردەرەکە بە دەسـت هەڵـدەگیرا – دەکرا لە خێوەتیش بەکاربهێنین- هەروەهـا دەمانەویست هەر چۆنێکیش بێ لەو بیابانەدا گوێمـان لە موزیک بێ. لە سۆنگەی هەمـان هۆوە، لەو هەمـوو شـتە تەنـا بەتانییەکـانم پێچـانەوە. ئەگەر ئـێمە لەوێ لەسـەر زەوی بخەویـن، وەها باشترە پێشتر خۆمان بۆی ئامادە کردبێ.

ئیدی کاتی ماڵئاوایی کردن و دوعاخواستن هات. لەسەر ڕێمـان بـۆ میلواکی بۆ خواحافیزیکردن لە دایباب و لە کلارا، لاماندایە شیکاگۆ لای شینا و شامای. هەندێکیش لەو سەردانەم بە خەم بووم، چونکە وام دەزانی شینا کـۆچکردنی ئـێمە پەسـەند ناکـا. لە نـامەیەکی ئەم دوایـیەدا بـۆی نوسـیبووم: "ئەرێ گۆلدا بیرناکەیتەوە، کە ئەوێ ناوەڕاستی ڕێگای ئایدیالیزمیە؟ "لەبیرمە چـــۆن لە ژوورە بچـــوکەکەی دانیشـــتندا لە مـــاڵی شـــینا دانیشـــتبووین، شینا و شامای و هەردو منداڵی؛ جودیت دە سـاڵان و حـایمیش سـێ سـاڵان بـوو. لەبـارەی گەشـتەکە قسـەم بـۆ کـردن، کە بە تەمـاین چـی لەگەڵ خۆمـان ببەینە ئەوێ. شینا بە وردی گوێیلێڕاگرتم و لە هیکەوە شامای لەسەر خاڵێک هەڵوەستەیەکی کرد و بە خەندەوە بە شینای گوت: "ڕەنگبێ تۆش حەز بکەی بچی؟" ئەوەی مایەی سەرسامیی من و هی خۆشی بـوو لە پڕێکەوە وەڵامـی دایەوە: "بەڵـێ دەمەوێ." بـۆ چرکەسـاتێک پێمـان وابـو تەنیـا نوکتەیەکە، بەڵام شینا بە ڕاستی بـوو، گـاڵتەی نەکرد. ئەگەر چـوونی ئـێمە لەبەر ئەوە بێ، کە هەسـت دەکەیـن پێویسـتە بچـین، ئەوا هەر هەمـان ئـامـاژەش لای ئەو هەبـوو. لەوەش زیـاتر، شـینا ئەوەی درکانـد، ئەگەر شـامای بـیەوێ بمێنێـتەوە، ئەوا دەتوانێ لێرە بمێنێتەوە، بەڵکو کاربکا و هەندێ پارە پەیدابکا، ئەویـش لەگەڵ منداڵەکان لەگەڵمان بێتە فەڵەستین.

لە سـەرێکەوە ناتوانرێ بگوترێ، بڕیاری شینا بۆ چـوونە فەڵەسـتین بڕیـاڕێکی کتوپڕیـانە بـوو و ڕەچـاو نەکـراویش بـوو. ئەو هەر لە گەنجیـیەوە کچێکی زایۆنیستی بـوو، هەرچەنـدە ئەو لە مـن لە هەنـدێ ڕووەوە وریـاتربوو، بەڵام ئەویش بۆ هەمان دۆز بە قووڵی کارابوو. ئاخر بە ڕاستیش نەمـدەزانی بۆ لەو کاتەدا ئەو بڕیارەی دا، بەڵام هەقە ئەو خاڵە ڕوونبکەمەوە، نە مۆریس

و نە شیناش لەبەر خاتری من نەهاتنە فەڵەستین، بەڵکو هەردووکیان بە خۆیان گەیشتبوونە ئەو ئاکامە، کە دەبێ بچنە فەڵەستین.

من هیچ ستایشم لەوە گەورەتر نەدەهاتە مێشک بۆ شینا و هەروەها بۆ شامای خۆشەویستی، کە بڕیارەکەی شینای پەژراند. نەوەک هەر هەوڵی نەدا بە توندی وای لێبکا شینا بڕیارەکەی خۆی بگۆڕێ، بەڵکو تکای لێکرد هەندێک بوەستێ تا ئەویشیان لەگەڵ بچێ، ئاخر خراپترین کاتیان هەڵبژاردووە بە تایبەتیش بە دوو منداڵ، چونکە لە یەکی ئایاری ١٩٢١دا زنجیرەیەک هێرش کرانە سەر نشینگە جووەکانی باکووری وڵاتەکە و بە جارێک پەلاماری عەرب بۆ سەر جوو لە فەڵەستین بەرفرەوان بووبوو. زیاتر لە چل کەس، زۆریان کۆچبەرە نوێکان بوون لەو پەلامارانەدا کوژرابوون و کەلوکۆم کرابوون. تەنیا ساڵێک پێشتر چەندین جوو کوژرا بوون و لە لایەن باندە عەربەکان لە شارە دێرینەکەی ئۆرشەلیم دەستدرێژیش کرابووە سەر ژنەکانیان. هەرچەندە ئەوەش قەومابوو، بەڕێوبەرایەتی مەدەنی بەریتانییەکان (کە تازە دەسەڵاتی لە لەشکر وەرگرتبووەوە) بە توندی بەرانبەر بەرپرسیاران جووڵایەوە تا ئارامی بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئاشوب دووبارە سەریهەڵدایەوە. شامای لە وتووێژەکەیدا پێی وا بوو لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، ئاشتی لە فەڵەستین بەرقەرار دەبێ، ئیدی عەرەبە ناسیونالیستەکان توانای بەسەرردادانی خوێنڕشتنی گوندنشینەکانیان نامێنێ، ئەوسا وڵاتەکە ئارام دەبێ و دەکرێ خەڵک بە ئاشتی تیایدا بژی! بەڵام شینا لەسەر بڕیارەکەی مکوڕ بوو، دوای ئەوەش زانیمان، کە جوویەکی میلواکییش لەوێ لەو ئاژاوە و بەسەرردادانەدا کوژراوە، شیما بە هێواشی هەر خەریکی پێچانەوەی کەلوپەلەکانی بوو.

لە میلواکی خواحافیزیم لە دایبابم و کلارا کرد. بەڵێ، بەجێهێشتن و دوعاخواستنەکەمان زەحمەت نەبوو، هەرچەندە دڵنیایی ئەوەمان دا گەر هاتوو لە دواییدا کلارا خوێندنی خۆی لە زانکۆی ویسکۆنسن تەواوکرد، ئەوا هەموویان دەتوانن کۆچبکەن و لە فەڵەستین یەکدیبگرینەوە. بەڵام ئەز بە خامۆش و بە سامناکییەوە بۆ دایبابم پەرۆشبووم- بە تایبەتی باوکم- ئەویش کاتێک لە وێستگەکەدا ماچمکرد. باوکم پیاوێکی بە جەرگ بوو،

دەیتوانی ئازارەکانی ناخەوەی بخواتەوە و دەرنەدا، بەڵام ئەو بەیانییە لەوێ ڕەق وەستابوو، فرمێسک بە سەر ڕوویدا قەتارەیان بەستبوو. دایکیشم - لەوانەیە گەشتە دەریایەکەی خۆی بەبیرهاتبێتەوە - زۆر بچووک دیار بوو، تەماشایکردین و دواتر کشایەوە و دیارنەما.

بەشی ئەمریکایی ژیانم لەوێدا داخرا. بێگومان دواتر لە کاتی خۆش و ناخۆشدا گەڕامەوە بۆ ئەمریکا، تەنانەت جاری وا هەبووە بە مانگیش ماومەتەوە. لێ چیدیکە ئەمریکاماڵی من نەمابوو. بەشێکی مەزنی ئەمریکام لەگەڵ خۆم بردە فەڵەستین، زیاتر لەوەی کە بتوانم دەریببڕم: تێگەیشتنی واتای ئازادی، پێزانینی ئەو دەرفەتەی بۆ تاک هەبوو لە نێو دیموکراسیەکی ڕاستەقینەدا و یادکردنەوەی بەردەوامی جوانی دەشتودەری ئەمریکایی. من ئەمریکام خۆشویست و شادمان بووم، کە بۆی دەگەڕامەوە، بەڵام هەرگیز لەو هەموو ساڵانەمدا چرکەساتێکیشم نەهاتۆتە پێش، هەستی ئەوەی پێی دەگوترێ دوورە وڵاتی بکەم، یاخود پەشیمان ببمەوە، کە ئەوێم بۆ فەڵەستین جێهێشتووە. نە من و نە شیناش ئەو ڕەوشەمان بەسەردا نەهات. هەڵبەت، ئەو بەیانییەی وێستگەی گۆڕین بڕوام وابوو، جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە ئەمریکا و بە خەمبارییەوە لە برادەرانی منداڵیم جیابوومەوە، بەڵێنم پێدان لە ڕێی نامەنووسینەوە پەیوەندییەکانمان بەردەوام بێ.

سەبارەت بە گەشتە دەرياييەکەمان لەسەر پشتی کەشتی ئێس ئێس پۆکانۆتاس، مرۆ دەکارێ کتێبێکی لەسەر بنوسێ. هەر لە سەرەتای سواربوونمانەوە نەگبەتی بوو، ئەگەری ئەوە هەبوو لە هەر چرکە ساتێکدا کێفەڕاتێک بقەومێ، بەڵام پەڕجوئاسا وا ڕێککەوت، هیچمان لێ نەیەت. کەشتییەکە لە سەرەتاوە دەرکەوت هی ئەوە نییە گەشتە دووورودرێژەکە بکا، تاقمی کەشتییەکەش پێش دەرچوون بووە هەرا و شەڕیان. ڕۆژی دواتر واتە ٢٣ی ئایاری ١٩٢١ ئێمە گوایە بەڕێدەکەوین، لەو ڕۆژەی کەشتییەکە بەرەو دەریا بڕوا و گوایە چاکیان کردووەتەوە، تاقمەکەی یاخی بوون، لە کۆمپانیای گەشتەکە تووڕەبووبوون و ڕێبوارەکانیان هەراسانکرد. نەوەک هەر کەشتیەوانەکان ئاوی دەریایان لەگەڵ هی خواردنەوە تێکەڵاوکرد و خوێیان

ڕژاندبووە سەر خواردنمان بەڵکو ماتۆڕی کەشتییەکەشیان زیان پێگەیاند، وای لێهات دەبووایە دیسان بۆ چاککردنەوە بوەستابایە. یەک هەفتەی پێچوو تا لە نیۆیۆرکەوە گەیشتینە بۆستۆن. لەوێش دەبووایە نۆ ڕۆژی ڕەبەقی دیکە بوەستین، تا گەشتی دەریایی تاینمان دەستپێبکاتەوە. لە بۆستۆن نێردەیەکی کرێکارانی زایۆنیست سەردانیان کردین، خواردن و خورادنەوەیان بۆ هێناین و قسەیان بۆ کردین و پەسنی کارە پاڵەوانئاساکەیان داین. سێ لە کۆمەڵەکەی ئێمە (کە دەستمان بە گەشتەکە کرد ژمارەمان ٢٢ کەس بوو) سەلماندیان، ئەوان پاڵەوان نین، بۆیە ژنومێردێکی پیر و بوکێکی گەنج کەشتییەکەیان جێهێشت و گەڕانەوە. شیناش برووسکەیەکی هەستبزوینی لە شامایەوە پێگەیشت، لێی پاڕابووەوە ئەویش دابەزێ، هەڵبەت شینا نەیسەلماند.

لە دواییدا گەشتەکەمان دەستپێکردەوە. گەشتە دەرياييەکەمان بە ناو زەریالووشی ئەتلەنتیکدا مۆتەکەیەک بوو بۆ خۆی. یاخیبوونەکە هەندێک دامرکابووەوە، بەڵام کۆتایی نەهاتبوو، هەموو ڕۆژێک کارەبا دەبڕا، دەبووا خواردنی خراپ و ئاوی سوێرمان خواردبایەوە. لە پۆنتا دەلگادای ئازۆریسدا دەرکەوت، کەشتییەکەمان لە بارێکی خراپدایە و دەبووایە هەفتەیەک بوەستابایین بۆ چاککردنەوە. چوار لە تاقمی کەشتییەکە بە شانازییەوە دابەزینە کەنار و دەیانگوت کەشتییەکە پێش ئەوە بگاتە ناپولی، نقوم دەبێ. کاتێکیش کاپتنەکە ئەو قسەی پێگەیشتەوە، هەر چواریانی دەستگیرکرد. لە میانەی ئەو هەفتەیەدا ئێمە هەندێک هاتینەوە سەرخۆ، هەرچەندە ئاسانیش نەبوو. لە بیرمە بە قەراخ بەندەرە جوانەکەی شارەکەدا دەڕۆیشتین، هەندێک چێژمان لە ئاوهەوا خۆشەکە و دیمەنە بێ وێنەکەی ئەوێ وەرگرت. یەکێک لە لایەنە سەیروسەمەرە وەستانە ناچاریەکە، دۆزینەوەی کۆمەڵەیەکی بچووکی جووی سیفاردی (جوەکانی ئیسپانیا و پورتەگال) بوو، کە ژمارەیان هەر ٣٠ کەسێک دەبوون، بۆ ئێمە مایەی سەرنجڕاکێشان بوون. ڕابیەکەیان چەند ساڵێک پێشتر مردبوو، کۆمەڵەکەیان – وەک باپیرەم – لە ترسی سەرپێچی حەڕام و حەڵاڵی خواردنی جووانە، بە یەکجاری وازیان لە خواردنی گۆشت هێنابوو. لەو کاتەی ئازۆرمان

جێهێشت، هێشتا ڕێگاکەمان مانگێکی مابوو، بەڵام ترس و تۆقینمان هەر لەپێشدا مابوو. لە دوا قۆناخی گەشتەکەماندا – هێشتا نیمچە یاخیبوونەکە هەر مابوو – ساردکەرەوەی کەشتییەکەمان شکێنرا، ئیدی دەبوووایە سێ ژەمە لەگەڵ برنج و چای بە خوێ هەڵبکەین، بەڵام ئێمە هەر لە سەرتاوە بە درامای سەرسوڕهێنەر ڕزگارمان بوو. سەرەتا یەکێک لە ڕێبوارەکان مرد، لەو کاتەوەش سەهۆڵدانەکەی کەشتییەکە تێکچووبوو، دەبوووایە تەرمەکە فڕێبدرێتە نێو زەریا. ئەوسا برای کاپتنەکە، کە لەنێو کەشتییەکەدا بوو، لێیگۆڕا و دەستی بە هاتوهاوار کرد، دوایی کەلەپچە کرا و خرایە نێو کابینەکەی خۆی. لە دواییدا لە ڕەوشێکی تۆڵەئاسای دڵتەنگییەکە، پێش ئەوەی بگەینە ناپولی، کاپتنەکە خۆی کوشت، هەرچەندە هەندێک گوتیان گوایە کوژراوە.

دەنگوباسی ڕەوشی کەشتییەکەمان پەڕیبووە دەرەوە، دەنگۆی وا لەنێو برادەرەکانمان لە نیویۆرک و بۆستندا بڵاوببوەوە، کە چارەنووسمان لەگەڵ کەشتییەکەدا نغرۆ بووە، بەڵام لە ناپولی توانیمان نامە بۆماڵەوە بنووسین بە وەی هەرچۆنێک بێ سەلامەتین. لە ناپولی پێنج ڕۆژان بە دیار کێشەی پاسپۆرت ماینەوە. هەر لەوێدا نەوت بۆ چرا و هەندێک خواردنمان کڕی و چاوەڕێی شتومەکەکانمان کرد، کە ون بووبوون. لە کۆتاییدا بەرەو بریندیسی سواری قیتار بووین.

لەوێ تووشی گروپێکی کرێکارانی زایۆنیستی لیتوانیا بووین. ئەوان دوو جاری دیکە هەوڵیان دابوو بگەنە فەڵەستین، بەڵام ناردرابوونەوە. جارێکی دیکەش هەوڵدەدەن بچنەوە فەڵەستین. ئێمە پێشتر هەرگیز "بە ڕاستی" پێشقەڕەوڵانی هاوتەمەنمان نەدیتبوون، بۆیە کەوتبووینە ژێر کاریگەرییان. ئەوان بن زیڤی و بنگۆریۆنیان بیر هێنامەوە، هەرچەندە زۆریش گەنجتر بوون. ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ئێمەدا ئەزموونداتر و توندوبەندتربوون، هەروەها پێدەچوو زۆریش لە خۆیان دڵنیابن. لە ئەورووپا لە کێڵگەی ڕاهێنان، کە بزووتنەوەی زایۆنیش دایمەزراندبوو، کاریانکردبوو، بۆیە بە بێ هۆ نەبوو خۆیان لە ئێمە باڵاتر بزانن. ئەوان نەیانشاردەوە، کە ئێمە کۆچبەری بەنازی "شلوخاو"ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاین و سەر

به چینی بۆرژوازین، له ڕاستیدا هەر دەتوانین چەند هەفتەیەکی کەم له فەلەستیندا بمێنینەوە، گوایە چیدیکە هەڵناکەین. هەرچەندە هەر هەموومان هەمان ئامانجمان لە پێشبوو، سواری هەمان پاپۆڕیش بووبووین، بەڵام ئەوان وەک ڕێبواری کەشتیوانی ڕەفتاریان نواند و نەیاندەویست هیچ هاموشۆمان بکەن. لە ڕاستییدا بە ئاستەم چاوم لێوەردەگێڕان، ئەوان هەموو شتێکیان هەبوو، کە داوام دەکرد، هیوادار بووم وەک ئەوان دڵسۆز، توندوبەند و لێبڕاوانە بووبام. ئەز بەوان سەرسام بووم و ئێرەییم پێدەبردن، حەزم دەکرد بە هاوڕێی خۆیانمان پەسەند بکەن، بەڵام خۆیان دوورگرت.

لە بریندیسیەوە یۆسێل لە نامەیەکیدا بۆ شامای باوکی بەو شێوە وێنای ئەو کۆچبەرە لیتوانیانەی کرد: "ئەوان هێرکۆلۆسی ڕاستەقینەن. ئەوان ئامادەن وڵات بە هێزی بازوویان بنیاتبنێن. نەوەک هەر وڵات بەڵکو زمانی نوێش… کەرەستەیەکی مرۆیی نایابن، کە دەبنە مایەی شانازی هەر گەلێک."

کاتێک بەرەو ئەلێکساندەرییە سواری کەشتییەکە بووین، پێشنیازێکم بۆ هاو گەشتەکانم کرد، کە کەمێ دەستبەرداری "خۆشگوزەرانییەکەمان" بین و خۆمان بگەیەنینە گەنجە لیتوانییەکانی سەر بانی کەشتییەکە. کەس پەرۆشی بیرۆکەکەم نەبوو، نەخاسمە کە ڕێبوارانی سەربانی کەشتییەکە بۆیان نەبوو ژەمە خواردنی گەرم بخۆن. بەڵام من زیاتر لەسەر خاڵە دەستنیشانکراوەکەم ڕۆیشتم؛ دەمەتەقێی ئەوەم لەگەڵدا کردن، کە ئەرکی ئێمەیە وەک ڕابەرەکان (پێشقەڕەوەڵەکان)، هەر لە زووەوە ژیانی هاوبەشمان لەگەڵ زایۆنیستەکانی دیکەدا هەبێ، ئەوەش دەبێ ڕەفتارمان وابێ، ئەوسا با لەسەر پشتی کەشتییەکەوە دەستپێبکەین تا ڕاستگۆیەتی ژیانی مەمرە و مەژیمان بۆ دەربکەوێ. پێمگوتن با" نادینەکەمان ببیەنە سەربانی کەشتییەکە" و کارێکی وا بکەین هەر هیچ نەبێ منداڵەکانیان لەسەربان بەبێ هەنوان نەنون. بە چەند دۆلارێک، بڕوامان بە گەورە چێشتلینەرەکەمان هێنا ڕێگای منداڵە لیتوانەکان بدا لەوێ نان بخۆن دوای ئەوەی هەمووان لەخۆدەبنەوە. هەروەها کابینەی بەتاڵیشمان بۆ دۆزینەوە (بێجگە لە کچەکانی شینا) ڕێککەوتین، کە دەکرێ منداڵەکانیان

لەوێ بڕازێن بەڵام دەبێ سەعات پێنجی بەیانی ئەوێیان جێهێشتبێ! لەسەر بانی کەشتییەکە کۆسپەکانی نێوان هەردوو گرووپەکە لەبەین نەما. ئێمە لەبارەی ژیانی ئەمریکامان بۆ لیتوانیەکان باسدەکرد، ئەوانیش ژیانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتییان بۆ باسدەکردین. کاتێکیش ئەستێرەی ئاسمان هەڵهاتن بە یەکەوە دەستمان بە گۆرانی یدیشی دەکرد و سەمای هۆرامان[33] بە یەکەوە دەکرد.

بەدبەختی یەخەی هەر بەرنەدەداین. لە ئەلکسەندرییە پۆلیسی میسری بەسەر کەشتییەکەی دادا، گوایە لە جووتەیەک بە ناوی راپاپۆرت دەگەڕێن کە پێیان دەگوتن " کۆمۆنیستی شەپڕێو". لەنێو گرووپەکەدا جووتەیەک بەو ناوە هەبوو، بەڵام هەمان کەسە داواکراوەکە نەبوون. بە هەرحاڵ دایانبەزاندن و بۆ چەند سەعاتێک خستنیانە بەر پرسیاران. ڕووداوەکە هەمووانی تۆقاند و خەمگین کرد. دوای ئەوەی لە دواییدا جووتەکە گەڕانەوە سەرپشتی کەشتییەکە، بڕیارماندا ئێمە هەر بە قیتار درێژە بە گەشتەکەمان بدەین، بۆیە خواحافیزیمان لە هاوڕێ لیتوانییەکان کرد و چووینە وێستگەکە تا سواری قیتاری ئەلقەنتارا ببین. لە ڕێگامان بەرەو وێستگە تووشی ناخۆشترین ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووین: پۆلێک لە دەرۆزەکەران بە پیاو، ژن و منداڵی پەڕپووت و مێش لێنیشتووەوە، ئەوان سواڵکەرەکانی پینسکیان بیرهێنامەوە، کە چەند لێیان تۆقیبووم. دەمزانی کە هەر یەکێک دەستم لێبدا لە هاوار دەدەم ئەوسا، لە ڕابەرەکان بم یان نا. بەهەر شێوەیەک بێ، بە پاڵنان و چنگەپڕێ گەیشتینە وێستگەی قیتارەکە. لێرەوە ئێمە ئەوەندە ملکەچی نەگبەتییەکان بووین، مایەی سەرسامیمان نەبوو کەوا چڵکن بین. گەرمایەکە هی بەرگەگرتن نەبوو، لە هیچ شوێنێکیش ئاو نەبوو، بەڵام لە دواییدا دەمانزانی خەریکە دەگەینە دوا مەنزڵمان. لە دواییدا قیتارەکە لە ئەلکسەندریەوە بەڕێکەوت، ئیدی ئێمە هەر بەڕێوەین، هەندێک ماندوو، شەکەت و هەراسان بەڵام هێشتاش ئەو نووزەیەمان لەبەرمابوو گۆرانی لەبارەی " گەڕانەوە بەرە زایۆن" بڵێینەوە.

[33] جۆرە سەمایەکی بازنەیی ئیسرائیلیانەیە-وەرگێڕ

لە ئەلقەنتـارا، کە بە لـم داپۆشـرابوو، قیتارەکەمـان لە نیوەشـەودا گـۆڕی. پێـواژۆیەکە زۆری خایانـد، فەرمـانبەرانی دەزگـای کـۆچبەران، کە لە دواییـدا دۆزیمـانەوە، هـیچ پەلەیـان نەبـوو تـا کـاخەزە پێویسـتییەکانمان بـۆ پڕبکەنەوە، هەروەها توانای ئەوەشیان نەبوو لە مات و مەلولییەکەمان بگەن. لە بیـرمە لەو شـوێنە تـاریکە وەسـتابووم، حەجمـانم لە دەسـت یەکێکیـان نەمـابوو، بەڵام بێهـودە بـوو. دواتـر بە بـێ تـاقەتیەوە سـواری دوا قەتارمـان بـووینەوە، ئەو قەتـارەی بە هەڵـبەز و دابەزەوە بەنـاو گێژەڵـووکەی لمـاوی چاوکوێرکەرەدا دەڕۆیشت، نیمچە دوورگەی سینامان بەرەو فەڵەستین بڕی. لە قەتـار و لەسـەر کورسـییە ڕەقوتەقە پیسـوپۆخڵەکە دانیشـتبووم، منداڵێکی شیناش لەسەر باسکم ڕازابوو، بۆ یەکەم جار دوای جێهێشتنی میلواکی بەوە سەرسام بووم، ئاخۆ تۆ بڵێی بە ڕاستی بگەینە تەل ئەبیب.

# ٤
# دەستپێکی ژیانێکی نوێ

یەکەم جار لەو بەیانییە سووتێنەرەی تەمموز و لە پەنجەرەی ئەو قیتارەی لە ئەلقەنتاراوە سوار بووبووین، تەلئەبیبم بینی، هەرچەندە وام هاتە بەرچاو گوندێکی گەورە بێ نەوەک بچووک و ناپێشچاو بێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ڕەوتی تەلئەبیب بۆ ئەوە دەڕۆیشت، ببێتە گەنجترین شاری دنیا و مایەی شانازی ئوشیڤ (کۆمەڵگەی جووەکانی فەڵەستین) بوو.

من نەمدەزانی ئاخۆ تەلئەبیب بە کوێ دەچێ، بە دڵنیاییشەوە خۆم ئامادە نەکردبوو بۆ ئەوەی بەچاوی خۆم بینیم.

لە ڕاستییدا من (یان هەر یەکێک لە ئێمە نەخاسمە لەبارەی ئەو پرسە) لەبارەی تەلئەبیبم دەزانی، بە تایبەتیش ئەو زانیارییەی لە ١٩٠٩دا لە لایەن شەستماڵباتی جووی گەشبین دامەزرابوو. هەندێکیان دەوێران پێشبینی ئەوە بکەن، کە ڕۆژێک دادێ قەراخی باخچە نوێکەیان (کە لە دەرەوەی یافای ی عارەبەوە دروستکرابوو) لەوانەیە ژمارەی دانیشتوانەکانی بگاتە ٢٥٠٠٠ کەس، بەڵام کەسیان زاتی ئەوەیان نەدەکرد خەونێکی لاساریش بەوە ببینن کە لە ماوەی تەنیا پەنجا ساڵدا تەلئەبیب ببێتە گەورەترین شار کە جێگەی ٤٠٠٠٠٠ ئاکنجی تێدا ببێتەوە یاخود لە ١٩٤٨دا ببێتە یەکەمین پایتەختی کاتیی دەوڵەتی ئیسرائیل.

لە ماوەی شەڕەکەدا[34]، تورک تەواوی دانیشتوانەکەی تەلئەبیبیان دەربەدەر کردبوون. لەو کاتەی ئێمە گەیشتینە ئەوێ ١٥،٠٠٠ کەسی دووبارە لێ دەژیان و هەڕەت و هەرمێنی باڵەخانە دروستکردن بوو. هەندێک بەشی شارەکە، وەک دواتر بۆم دەرکەوت، بە ڕاستی جوان و دڵگیر بوون، هەر

[34] مەبەست جەنگی یەکەمی جیهانە – وەرگێڕ–

ماڵێک باخچەی خۆی هەبوو، لێواری جادەکانیش داری کاسوارینا و داربیبەر بوون، کاروانی کەر و حوشتر، باری چەو و لمیان لە لێواری زەریاوە بۆ دروستکردنی خانوەبەرە دەگواستەوە. کەچی لایەکەی دیکەی شار هێشتا تازە بوو داری لێ نەڕوێنرابوو، تەواو نەکرابوو، بۆیە تۆقێنەر و پەرپوت بوو. هەرا و فەرتەنەی ئایاری ١٩٢١یش، تەلئەبیبی پڕکردبوو لە جووە ئاوارەکانی یافا. کاتێکیش ئێمە گەیشتین، هەر چەند هەفتەیەکی کەم پاش ئەو رووداوە بوو، هێشتا بە سەدان لەو جووە ئاوارانە هەر لەوێ مابوون، بە ژیانێکی کولەمەرگی لەنێو کۆڵیتە پەڕپوت و چادرەکاندا دەژیان.

دانیشتووانی تەلئەبیب لە ١٩٢١دا بریتیبوون لەو جووانەی بۆ فەڵەستین کۆچیان کردبوو (زۆرینەیان هی لیتوانیا، پۆلەندا و ڕووسیا بوون)، ئەوەش بە ئالیاهی سێیەم، واتە کۆچڕەوی سێیەم دەناسرا. بێجگە لەو زۆرینەیە، جووە کۆنەکانی سەردەمی بەریشی لێبوون. هەندێ لە کۆچبەرە نوێیەکان خۆیان بە "سەرمایەدار" دەناساند- بازرگان و دوکاندار بوون، کە هەندێ کارخانە و دوکانیان دروستکردبوون- زۆرینەکەش کرێکاران بوون.

هەر تەنیا ساڵێک پێشتر فیدراسیۆنی گشتی کرێکارانی جوو (هیستادروت[35])یان دامەزراندبوو، لە ماوەی دوانزە مانگدا ژمارەی ئەو ڕێکخراوەیە لە ٤٠٠٠ ئەندامی تێپەڕاند.

هەرچەندە تەلئەبیب تەمەنی هەر دوازدە ساڵ بوو، بەڵام بە زوویی پەرەیسەند و بەڕێوبەرایەتی تایبەتی خۆی هەبوو. تازە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ماندات بەریتانییەوە ڕێگەپێدراو بوو تا باجی خۆی لە باڵەخانە و کارخانەکانی بستێنێ و سیستمی ڕاژەی تایبەتی ئاوی خۆیشی هەبوو. هەروەها تەلئەبیب هیچ گرتوخانەی نەبوو - بۆ ماوەی چەندان ساڵیش بوو بەندیخانەی هەر نەبوو- هێزە پۆلیسییەکەی خۆی تەنیا بریتیبوو لە بیست و پێنج پیاو، هەمووان شانازییان پێوە دەکردن. شەقامە سەرەکییەکەی (ناونرا تیۆدۆر هێرتزل) لە کۆتاییەکەی بە تەلاری قوتابخانەی باڵای هێرتزلیا ڕازابووەوە، کە یەکەمین و سەرنجڕاکیشترین تەلاری شارەکە

---

[35] Histadrut

بوو. لەوێدا چەند کەمە شەقامێکی دیکە هەبوون، گەڕەکی بزنس و تاوەری ئاویش هەبوو، کە جێگەی گردبوونەوەی گەنجان بوو. هاتوچۆ گشتییەکەش لە ڕێی پاسی بچکۆلە و گالیسکەی ڕاکێشرا و بە ئەسپ بوو، بۆ ماوەیەکیش سەرۆکی شارەوانی تەلئەبیب مایەر دیزینگۆڤ بە سواری ئەسپە سپییە ڕەونەقدارەکەی بەناو شاردا دەسووڕایەوە.

تەلئەبیب لە ١٩٢١دا ژیانی کەلتوریانەی لە برەودابوو؛ ژمارەیەک لە نووسەرانی لێ جێگیر ببوون، لە نێویاندا فەیلەسوف و نووسەر ئەحەد حا ئام[36] و حایم ناخمان بایلیک[37] بوون. دەستەیەکی شانۆیی کرێکارانیش بەناوی چادر( ئۆهێل) پێشتر دامەزرابوو، هەروەها چەند قاوەخانەیەکی کەمیش هەبوون، چالاکانە کێشە کەلتوری و سیاسییەکانی ڕۆژانەیان بە یەکەوە هەموو ئێواران و شەوان تاوتوێدەکرد. کاتێکیش ئێمە بە قیتار گەیشتینە وێستگەی ئەوێ، هیچ کام لەو چالاکییانەی تەلئەبیب و هیچ ئاماژەیەکی وای ئەو شارەمان بۆ دەرنەکەوت. ئێمە بە زەحمەت و لە سەختترین کاتدا گەیشتینە ئەوێ، هەموو شتێک، هەر لە هەوا و لم و گەچی سپیی خانووەکان لەو نیوەڕۆیە بە تاوەدا لەبەر ڕۆژ دەقرچانەوە و شۆستەی وێستگەکەش بە تەواوی چۆڵ و هۆڵ بوو. ئێمە بە دڵێکی شکاوەوە پەییمان بەو ڕاستییە برد، کە کەس بە پیرمانەوە نەهاتووە و نایەت، هەرچەندە پێشتر بە وریایی و خۆپاریزیشەوە بۆ برادەکانی تەلئەبیبمان (ئەوانەی دووساڵ پێشتر هاتبوونە فەڵەستین) نووسیبوو. دواتر زانیمان لەو ڕۆژەدا هەموویان چووبوونە ئۆرشەلیم تا پلانی بەجێهێشتنی وڵات تەواو ڕێکبخەن، ئەم هەواڵەش بۆ دابەزینی ورە و دوودڵی و شپرزەبوونی ئێمە بووە سەربار.

هەرچۆنێک بێ، ئەوە ئێمەین؛ دوای ئەو گەشتە ناسۆرەمان لە دواییدا گەیشتینە تەلئەبیب. خەونەکەمان هاتەدی. لە دوورەوە دەتوانین

---

[36] Ahad Ha-Am

[37] Chaim Nachman Bialik

وێستگەی هێڵی ئاسنین، خانووەکان و تەنانەت قووڵایی لمی دەوروبەرمان وەک بەشێک لە ماڵی نیشتمانی جوو ببینین. کاتێک لەوێ لەبەر تاوی ئەو خۆرەدا چاوەڕێ بووین، نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین، تەنانەت ڕێگای گەڕانەوەشمان نەبوو. زۆر قورس بوو تەنانەت بیریش بکەینەوە ئایا بۆچی هاتووین و لەچی دەگەڕێین. یەکێک لەوانەی گرووپەکەمان (ڕەنگبێ یۆسێل بووبێ) هەستی بێ ئومێدیمانی بە چەند وشەیەک دەربڕی، بە نیوە گاڵتەیەکەوە گوتی: "زۆر باشە گۆلدا، تۆ دەتەویست بگەیتە خاکی ئیسرائیل. ئەرێ ئەوە ئێمە لێرەین. هەنوکە دەتوانین هەموومان بگەڕێینەوە - ئیدی بەسە" بە بیرم نایەتەوە کێ بوو وای گوت، بەڵام لە یادمە، خەندە داینەگرتم.

لە پڕێکەوە کەسێکمان لێوە دەرکەوت و بە یدیشی خۆی پێناساندین. ناوی باراش بوو. خاوەنی میوانخانەیەکی نزیک بوو. بە هانامان هات و یارمەتیدان. گالیسکەیەکی بۆ هێناین و ئێمەش بە مەمنوونییەوە هەگبەکانمان لێ بارکرد. ئەنجا بە پێشمان کەوت و ئێمەش بە شەکەتییەوە بە دوایدا ڕۆیشتین، سەرسام بووین ئاخۆ چەندی دیکە دەتوانین لەو قرچەی گەرمایەدا بە پێیان پێماندەکرێ بڕۆین. هەر لە وێستگەکە هاتینە دەرەوە دارێکم بینی، تاقە دارێک کە بە پێوەری ئەمریکا دارێکی بەرز و گەورە نەبوو، بەڵام لەو ڕۆژەدا ئەوە یەکەمین دار بوو ببینم. ئیدی بیرم بۆ ئەوە چوو، ئەم دارە هێمای ساوایەتی خودی شارە نوێیەکە دەگەیەنێ، پەڕجوئاسا لەنێو ئەو لمەدا دەڕوێ و گەشەدەکا.

لە میوانخانەکەدا خواردمان و خواردمانەوە و خۆمان شۆری. ژوورەکان گەورە و ڕووناک بوون، بەڕێز باراش و خانمەکەی زۆر میواندۆست بوون. ئاهێکمان هاتەوەبەر، هاتینە سەر ئەوە جارێ بڕیاری هیچ نەدەین و تا پشوو نەدەین. کەچی بۆ مایەی ترس و تۆقینی ئێمە، بۆمان دەرکەوت نوێن و پێخەفەکان دڕوان و کێچیان تێدایە. بە تووڕەییەوە بەڕێز باراش ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە، ئەو گوتی لەوانەیە مێشوولە هەبێ، بەڵام کێچ هەرگیز نابێ ! لەو ماوەیەدا بەرگەدۆشەک و سەرینەکانیان گۆڕین، بەڵام شینا، ڕەگینا و من خەومان لێزڕا باقی ئەو ڕۆژەمان بەوە بەسەر برد،

که لەوە دڵنیابین ڕەنگبێ لە داهاتووی تەلئەبیبدا کێشەی گرنگترمان لە کێچی نێو پێخەفەکان بێتە پێش.

بۆ بەیانی، سەرلەزوو شینا خۆبەخشانە چووە بازاڕ تا هەندێ میوە بۆ منداڵەکان بکڕێ. دوای کەمێک بە پەلەپڕوزێ و مەلوولی گەڕایەوە. بە سەرسوڕمانەوە گوتی، لێرە مێش لەسەر هەموو شتێک هەڵنیشتووە. نە کاخەز هەیە نە عەلاگەش تا میوەکانی تێبکەین، هەمووی هەر سەرەتاییانەیە، ڕۆژیش ئەوەندە بە تین و تاوبوو نەیدەتوانی زیاتر بەرگەبگرێ و بوەستێ. پێم وانییە هەرگیز شینام لەمەوبەر بەو شێوە دڵشکاوییە بینیبێ، ئیدی من سەرمسوڕما لەوەی لەمەوپاش من و شینا چۆن دەتوانین لەگەڵ ژیانی نوێ هەڵبکەین. ڕاستییەکەی لە میلواکی ئاسان بوو باس لە پێشەنگەکان بکەین، بەڵام دواتر ئەو ناخۆشییەمان ڕووبەڕووهات و ئەو کۆچبەرە لیتوانیانە ڕاستیان کرد، کە ئێمە بۆ ئەم وڵاتە، نەرم و شلین و دەربەست نایەن. هەستەکانی من سەبارەت بە ناخۆشی و خەتا و نوشستییەکانم –ترسی ئەو نائارامییەی کاردانەوەی مۆریسیشم لەبارەی شکستی ئەزموونەکەمان هەبوو– لە ماوەی هەفتەی یەکەممماندا زاڵ بوو. لەوانەیە گەر هاتبا لە پایز نەک لە ناو جەرگەی هاوین گەیشتباین، یان لە شوێنێکی نزیکتر لە زێ دابەزیبان بای شەماڵمان بۆ بهاتبا، لەوانەبوو ڕەوشەکەمان ئاسانتر بووبایە. بەڵام لەو کاتەدا وەک تووشی بووین گەرما بوو، ماندوو هەراسان و ورەشمان دابەزیبوو.

لە سەرووی هەموو شتێکەوە، برادەرەکەمان لە ئۆرشەلیم گەڕایەوە و ئێمەی بۆ ئێوارەخوانی شەممە بانگهێشتکرد. نەک هەرباسی ئەو گێرەوکێشانەی کرد، کە تووشی ئێمەمانان بووە، بەڵکو هەمبەرگەرێکیان دەرخواردداین کە تامی سابوونی لێدەهات، پێمان نەدەکرا قووتی بدەین. هەموو شتێک لە دەورماندا هەراسانکەر بوو- بە منداڵەکانیان گوت چیدیکە نووزەنووز نەکەن - دەرکەوت کە پارچە سابوونێک کەوتبووە ناو گۆشتەکە. بەڵام ڕوونکردنەکەیان نەبووە مایەی ئەوەی شتەکە بخورێ و گەڕاینەوە میوانخانەکەی بەڕێز باراش، هەستمانکرد نەخۆشین و پەستیش بووبووین.

پاش چەند ڕۆژێکی کەم پێدەچوو نەکرێ چیدیکە لە میوانخانەکە بمێنینەوە. هەروەک ئەو دارەی لە لای وێستگەکە بینیمان، دەبێ ئێمەش ڕەگوڕیشەمان شۆڕکەینەوە، سەرباری ئەوە پارەشمان تەواو بوو. ڕاستە ئێمە لە ئەمریکاوە هاتبووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بودجەکەمان کەم بوو، کەسیش باوەڕی نەدەکرد. هەمان هاوین جارێکیان لە تەلئەبیب تووشی خانمێک هاتم و باوەشی پێداکرم و ڕایموسیم و گوتی: "سوپاس بۆ خوا ئێوەی ملیۆنێری ئەمریکایی هاتوونەتە ئێرە. ئیدی لەمەوپاش هەموو شتێک باش دەبێ!"

نەخشە بنەڕەتییەکەی ئێمە وەها بوو هەفتەیەک یان دوان لە تەلئەبیب بمێنینەوە، ئینجا بچینە نێو نشینگەیەک (کیبۆتێک). هەر لە میلواکییەوە نشینگەیەکیشمان دیاریکردبوو. لێ کاتێ لە تەلئەبیب داوامانکرد، پێیان ڕاگەیاندین دەبێ تا دوای بەسەرچوونی هاوینەکە بوەستین و هەندێ فۆرمیش پڕبکەینەوە. لە جیاتی ئەوەی دەردەست لەسەر خاکەکە جێگیر بین، تووشی کاری کەمتر پاڵەوانئاسایانە بووینەوە. ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو. خانوو زۆر کەم بوون و نرخەکانیشیان زۆر بەرز بوون، ئێمەش دەبووایە حەوت جێ نوێنمان پەیدا کردبا. ئێمە بەسەر دوو دەستەدا دابەش بووین، بە پەرۆشەوە بە دوای دۆزینەوەی خانووی بەکرێدا گەڕاین. لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا خانوویەکی دوو ژووریمان دەستکەوت، کە دەکەوتە کۆتایی شەقامێکی بێ شۆستەی خۆشنەکراو لە بەشە کۆنەکەی تەلئەبیب بە ناوی نیڤاه زێدیک، پێش دروستکردنی تەلئەبیب چارەگی ئەم گەڕەکە هەر هەبووە. خانووەکە بێ کارەبا و نە گەرماو و ئاودەستیشی نەبوو، ئەو شتە پێویستیانەش لەگەڵ چل سەرنشینی حەسارەکە هاوبەش بوون. ناندینێکی بچکۆلەی هەبوو، هەرچەندە لە ئەمریکاشەوە ڕاهاتبووین، داوامان لێکرا پێشەکی تەنیا سێ مانگی کرێی خانووەکە بدەین.

بە کرۆبێدەنگی چووینە نێو خانووەکە و خۆمان ڕێکخستەوە. چەند بەرگە دۆشەک، سەرین، چەرچەف، قاپوقاچاخمان قەرزکرد . شینا بووە کابانمان، خواردنی لەسەر زۆپایەکی نەوتی لێدەنا، ناوەناوەش دەنگی دەهات و دەتەقییەوە. ڕێگینا کاری پیتچنی لە فەرمانگەیەک دەستکەوت؛ یۆسێلیش لە

سەرتاشخانەیەک، مۆریسیش جۆرە کارێکی دەفتەرداری دەزگایەکی گشتیی بەریتانی لە لیدا وەرگرت، منیش دەرسی تایبەتی زمانی ئینگلیزیم دایەوە. لە ڕاستیدا داوام لێکرا لە قوتابخانەی باڵا وانە بڵێمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی درەنگ یان زوو دەبووایە چووباینە نشینگەیەک، بۆیە گوتم ئیشێکی جێگیر جارێ بۆ من دەستنادا، چونکە پێیەوە دەبەسترێمەوە. هەرچەندە لە تەلئەبیب هەر کەسێکمان بدیتبا باسی ئەوەی دەکرد، وانە وتنەوە بۆ پێشەنگەکان پیشەیەکی ڕۆشنبیرانەیە و نەخوازراوە، بەڵام هەر دەبووایە ڕوونکردنەوە بدەم، کەوا ئیشەکەم کاتییە و بۆ ئەوەش نەهاتوومەتە فەڵەستین تا کەلتوری ئەمریکاییانە بڵاوبکەمەوە.

بە گشتیی بە شێوەیەکی جوان خۆمان ڕێکخستەوە، هەرچەندە زۆریشی خایاند تا دراوسێکانمان ڕەفتارە سەیرە ئەمریکاییەکانی ئێمەیان پەژراند، لەبەر مێش و مەگەز ئێمە پەردەمان لە پەنجەرەکان دەدا. هەمووان لە دژی پشیلە بەڕەڵاکان تۆڕێکی گەورەیان لە دەرکەی دەرەوە دا، بەڵام ئەدی مێش؟ ئەرێ مێش چییەتی؟ بێگومان مێش بەشێکی دانەبڕاو و حەتمی بوو لەو بەشەی جیهانەدا. هەرچۆنێک بوو سووربوین لەسەر ئەوەی خانووەکەمان وەها لێ بکەین بە کەڵکی ژیان بێ و لەوەشیاندا سەرکەوتوو بووین. کاتێکیش باولەکانمان لە ناپۆلییەوە گەیشتن، وەک مێز و قەنەفە بەکارمان هێنان. مۆریس دیوارەکانی بۆمان نەخشاند و چەرچەف و پەردەکانمان سازاندن. بێ سێ و دوو خۆشەویسترین شتمان لە لا نەوار و ئامێری تۆمارکردنەکە بوو، ئیدی وردەوردە خەڵکیش دەهاتنە لامان، ئێواران چایان لا دەخواردینەوە و بەیەکەوەش گوێمان لە موزیک دەگرت.

زۆر جاران هەوڵمداوە ئەوە بۆ کۆچبەرە نوێکان ڕوون بکەمەوە، کە لە زەحمەتی و ئاستەنگەکانی ژیانی نوێیان تێدەگەم، هەوڵمداوە هەندێ شتیان بۆ باسبکەم، کە لە هاتنە یەکەمجارەکەی ئێمە بۆ فەڵەستین دەچوو، بەڵام ئەزموونی تاڵم، فێریکردم ڕەنگبێ ئەو چیرۆکانە بە بەشێک لە پروپاگەندە لە قەڵەم بدەن یان لەوەش خراپتر وەک دوان و ئامۆژگاری بزانن و گوێی لێنەگرن. با بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕاستییە، کەوا ئێمە بە خۆمان ئەو جۆرە ڕێگایەی ژیانمان هەڵبژاردبوو. ئەوکات نە دەوڵەتی ئیسرائیل لە

گۆڕێدا بوو، نە وەزارەتی لەخۆگرتن و نە ئاژانسی جووەکانیش. کەس یارمەتی فێربوونی زمانی عیبری نەداین، کەسیش شوێنی ژیانی بۆ نەدۆزینەوە. ئێمە دەبووایە هەموو شتێک بۆ خۆمان بە خۆمان بکەین، هەرگیزیش ئەوە ڕوویندا کەس لە ڕووی ئاکار و ڕەوشتەوە پابەندی کۆمەککردنمان بێ. هەرچۆنێک بێ ئێمە بالادەستی سەر ئەوکۆچبەرانەی ئەمرۆ دێنە ئیسرائیل نین، هەرەها من بەلای کەمییەوە هەستیار نیم بەرانبەر ئەو نائاسودەییەی ڕابردوو، کە ئێمە بە کڵۆڵییەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو. لێ من تەواو لەوە دڵنیام بە گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی دێرین؛ ئێمە بەردەوام لە مێشکماندا ئامانجێکمان هەبوو لە فەلەستین، دەشمانزانی کەس داوای لێنەکردبووین کۆچ بکەین و کەسیش بەڵێنی هیچی پێنەدابووین، لە کۆتاییدا بە باشی لەگەڵ ڕەوشەکە ڕاهاتین. ئێمە دەمانزانی، ئەرکی هەر تاکێکمانە، ژیانمان لە فەڵەستین ئاسانتر بکات یان وەهای لێ بکا ژیانمان واتای هەبێ، هەروەها ئێمە هیچ جێگرەوەیەکی دیکەمان نەبوو غەیری ئەوەی تا بۆمان بلوێ بە زوویی نیشتەجێ ببین.

هەرچۆنێک بێ، بە دانپێدانانەوە لە هاوینی یەکەممان هیچ چارەیەکمان نەبوو - سەرباری هەموو شتێکیش، حایم، کوڕەکەی شینا هەوکردنێکی خراپی تووش بوو، هەروەها جودیتی کچیشی بۆ چەند هەفتەیەک دومەڵ بەری نەدا - بەڵام تا ئەو ئەندازەیەی من بیزانم، کەسمان بە جدی بیری ئەوەمان نەکردبووەوە وڵات بەجێبێڵین، دواتر بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی هەفتەکان وای لێ هات هەستبکەین لەو ژیان و ڕەوشە نوێیەی ئەوێ پارچەیەکی دانەبڕاوین. بە خۆپارێزیشەوە نامەمان بۆ کەسوکارمان دەنارد و لایەنە هەرە ناخۆشەکەی ژیانمان لێدەردەهاوێشت. کەچی لە نامەیەکمدا بۆ شامای، دوای شەش هەفتە لە گەیشتنمان بۆ فەڵەستین، تیایدا هەندێ هەستی سەرچڵییەکەمان دەربڕیبوو. نوسیبووم:

*"ئەوانەی باسی گەڕانەوە دەکەن، ئەو کۆچبەرانەن*
*کە تازە گەیشتوون. کرێکار و کۆنەکان پڕن لە ورەبەرزی و*
*جۆشوخرۆش. ئەز ئەوەت پێدەڵێم ئەوانە تا شتی کەم*

*بئافرێنن هەر ئەوەن کە هەن، من ناتوانم ئێرە بەجێبێڵم و پێویستە تۆ بێیتە ئێرە. من ئەوەم نەدەگوت گەر هاتبا و نەمزانیبا، کە توانای ئیشی کارکردنی قورست نییە لێرە. ئەوەی ڕاستی بێ، تا کاری زەحمەتیش بە زەحمەت دەدۆزرێتەوە، بەڵام دڵنیام لەوەی تۆ دەیدۆزیتەوە. هەڵبەتە ئێرە ئەمریکا نییە، مرۆ دەبێ لێرە لەبن باری سەختی ئابوریدا بناڵێنێ. لەوانەیە دیسان ڕاوەدونان سەرهەڵبداتەوە. بەڵام گەر یەکێ خاکی خۆی بوێ و لە ناخی دڵییەوە خوازیاری بێ، دەبێ بێ بۆ لێکەوتەکانی تەیار و لەسەرپێ بێ. کاتێکیش تۆ بێیتە ئێرە، دڵنیام دەتوانین نەخشە دابنێین... هیچی دیکە نەماوە چاوەڕوانی بیت"*

پێم وا بوو بۆ من ئەوێ شتێکی سروشتییە هەستم بەو شێوەیە بێ، چونکە لە دوای هەموو شتێک، من تازە لە سەرەتای تەمەنی بیست ساڵاندا بووم، لە ڕووی جەستەوە وەک گوێز ساخ، بە جۆش و خرۆش بووم، ئەوەم دەویست کە خۆم دەمەوێ بیکەم، ئەوانەی لەگەڵیشمدا بوون زۆرینەی شتیان بۆ من دەگەیاند- مێردم، خوشکم و باشترین دەستەخوشکیشم. من هیچ منداڵم نەبوون تا خەمیان لێبخۆم، هەروەها باکیشم بەوە نەبوو ئاخۆ بەفرگرەمان هەیە یان نا، یاخود قەسابەکە گۆشتەکەمان بۆ لە پارچە کاخەزێکی ڕۆژنامە کە لەو گۆڕەی کەوتووە، دەپێچێتەوە یان نا. لەوێ شتگەلی دیکەش هەبوون قەرەبووی ئەو زەحمەتیانەمان بدەنەوە، هەروەک پیاسەی ئێوارانی یەکەمین هەینیمان بە شەقامەکانی تەلئەبیبدا، کە هەستت دەکرد ژیان لەوە گرنگتر نییە کە لەوێ بیت و من لەوێ لە شارێکدا بووم، کە تاقە شاری جوو بوو لە جیهان. لەوێ هەموو کەسێک هەر لە شوفێری پاسەوە تا خانمی خاوەن خانووەکەمان هەموویان بە قووڵی هەمان هەستیان هەبوو، نەک هەر مێژووومان هاوبەش بوو، بەڵکو هەمان ئامانجیشیان بۆ دوارۆژ هەبوو. ئەو خەڵکە لە شاباتدا پەلەیان بوو تا بگەنەوە ماڵ، هەر یەکەیان چەند گوڵێکی پێبوو لەسەر مێز دایدەنا، بەڕاستی ئەوانە خوشک و برای من بوون و دەشمزانی دەبێ ئێمە

ئەو پابەندبوونەمان بە یەکدی بۆ تاھەتایە بھێڵینەوە. ھەرچەندە ئێمە لە وڵاتی جیاجیاوە ھاتبووینە فەڵەستین، لە کولتوری جیاجیاوە و زۆر جاریش بە زمانی جۆراوجۆر دەدواین. ئێمە ھەروەک بیروباوەڕەکەمان دەیخواست ھەر لەوێ جووەکان دەتوانن بە ڕاستی بژین، لە بری ژانوناسۆر ئیدی تەنیا لێرە جووەکان دەتوانن سەردار بن نەوەک قوربانی قوربانیی چارەنووسی خۆیان، بۆیە مایەی سەرسوڕمان نەبوو لەگەڵ ھەموو تەنگوچەڵەمەیەکیشدا لە ناخەوە بە قووڵی شادمان بووم.

لێ گەلۆ، کاتێک بیرم دەکەوێتەوە کە شینا چۆن بەبێ ھیچ شتێک و یارمەتی ھیچ کەسێک لەو ڕەوشەدا ھەڵیکرد، ئەوەش بۆ ئەو زۆر قورس بوو – چونکە لە ڕاستیدا ھەردوو منداڵەکانی بچوک و نەخۆش بوون شامای مێردیشی دوور بوو، پۆستی نامەبردنیش زۆر درەنگ دەکەوت مانگێکی دەخایاند تا نامە ئاڵوگۆردەکران- یان چۆن مۆریس بڕیاری ھاتنە دەرەوەی دا –سەرباری دوودڵبوونی سەبارەت بە ھاتنی بۆ فەڵەستین بە تایبەتی، کە نەیدەتوانی لە کتێبەکانی دوورکەوێتەوە- من دیسان سەرسام بووم بە ئەوان، خۆ ئەگەر لە شوێنی ئەوان بوومایە ئەوا کەڕەپانە[38] ڕەفتارمدەنواند. ھەڵبەتە ئەو برادەرانەی قەول وا بوو یەکەمجار وەک کۆچبەری نوێ لەگەڵ گەیشتنماندا بمانبینن، بەڵام نەتوانرا بیانگرنە خۆو وازیان لێھێنان – وەک ھەندێک لەوانەی کە ناتوانن ھەر ئەمڕۆ بڕیار بدەن ئەوێ بەجێبھێڵن. ھەمیشە بە لێبوردنەوە ھەستمکردووە ئەو جۆرە خەڵکە دۆڕاون.

لە ئەیلوولدا خۆمان بۆ ئەندامێتی نشینگەی مێرھاڤیا لە دەشتی جێزریل، کە ناومان لێنابوو ئێمەک تۆمارکرد. ئێمە ئەو نشینگەیەمان بە تایبەتی لەبەر ھۆیەکی گەلێک سادە ھەڵبژارد (وەک زۆر جاران ڕوویداوە)، ئەویش برادەرێکی مۆریس و من پێشتر لەگەڵ قۆشەنی (لەشکری) جووەکان ھاتبووە فەڵەستین و لەو نشینگەیەدا نیشتەجێ ببوو. ئێمە زۆر کەممان شت لەبارەی مێرھاڤیا دەزانی، لە ڕاستیدا و بە گشتی زانیاریی کەممان لەبارەی

[38] کەڕەپ: سەرڕەق، لامل، نەسەلمێن. وەرگێڕ

کیبۆتەکان (نشینگەکان)ەوە هەبوو. هەر ئەوەندەمان دەزانی ئەو نشینگانە نشینگەی گشتین و کەس خاوەنی نییە، کرێگرتەیی لەوێ نییە و بازرگانیشی تێدا ناکرێ. ئەندامەکانی بەشێوەیەکی هەرەوەزانە بەرپرسن لە هەموو شتێک وەک خزمەتگوزاری و پێداویستی تاکەکان. ئێمە هەردووکمان بڕوامان وابوو- من بە ئیمانێکی تەواو و مۆریسیش کەمتر لەوە- ژیانی کیبۆتەکان ئەو ژیانەیە زیاتر لە شێوەکانی دیکە ڕەنگدانەوەی زایۆنیسیتیەکەمان بێ، وەک  کەسایەتییەکی جوو و وەک مرۆڤیش.

دیارە لەسەر ئەو خاڵە، دەمەوێ بە کورتی شتێک لەبارەی خۆمانەوە بڵێم، چونکە چیرۆکی هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی ئەو نشینگەیە بەشێکی دانەبڕاوی چیرۆکی ڕەنج و کۆششی زایۆنستییە بە گشتی. کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی کۆتایی پێهات و فەڵەستین لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان خرایە بەر ڕاسپاردەیی (ماندات)ی بەریتانیای گەورە، دەرووی هیوایەکی نوێش لە سۆنگەی ڕاگەیەندراوی بلفۆر بۆ دامەزراندنی ماڵێکی نەتەوەیی بۆ جوو لە فەڵەستین کرایەوە. ساڵانێکیش بەر لەو پێشهاتە، لە ١٩٠١ەوە فەندی (سندوقی) نەتەوەیی جووەکان لە لایەن بزووتنەوەی زایۆنیزمییەوە دامەزرابوو، سندوقەکەش بە تایبەت تەرخانکرابوو بۆ مەبەستی کڕین و پەرەپێدانی زەوی لە فەلەستین، کە سەرتاپای بە ناوی خەڵکی جوووە بکرێ. بەشێکی مەزنی ئەو خاکەی، کە جوو خاوەنیەتی بە پارەی ئەو سندوقەی خەڵکی نانەوا، بەرگدروو، مافوورچنەکانی پینسک، بەرلین و میلواکییەوە کڕدراوە. وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریش، کاتێک من هێشتا کیژۆڵەیەک بووم، بە بیرم دێ قوتوویەکی دەخیلەی بچووکی شین بۆ پارە کۆکردنەوە لە تەنیشت مۆمەکانی شاباتەوە لە ژووری میوانمان داندرابوو، هەفتانە نەک هەر ئێمە، بەڵکو میوانەکانیشمان دراویان تێدەکرد، ئەو سندوقە وەک هەموو سندوقە شینەکانی ماڵە جووکانی دیکە بوو. ڕاستیەکەش ئەوە بوو، لە ١٩٠٤ەوە بەو پارەوپولە خوردەیە خەڵکی جوو ڕووبەڕێکی زۆری زەویان لە فەڵەستین کڕی.

ئینجا وەرە بیر لەوە بکەرەوە، من زۆر بێزار دەبم لە بیستنی ئەوەی گوایە جوو زەوی عەرەبەکانی فەڵەستینی "دزیوە". پارەی زۆر

دەستاودەستی کردووە، بە ڕاستی عەرەب زۆر زۆر پێی دەوڵەمەند بوون. بێگومان ڕێخکراوی دیکە و تاکی لە ژمارە نەهاتووش ڕووبەری زۆریان لەو زەویانە کڕین، بەڵام لە ١٩٤٧دا سندوقی نەتەوەیی جوو بە تەنیا – بە ملیۆنان لەو سندوقە شینانەی هەبوون – خاوەنی زیاتر لە نیوەی ئەو زەویانە بوون، کە جوو لە بندەستیدا بوو. دەی لێگەڕێ با ئەوان لەسەر قەوانی ناوزڕاندنەکەیان هەر بەردەوام بن.

لە سەروبەندی ئەو کاتەی ئێمە گەیشتینە فەڵەستین، هەندێک لەو زەوی کڕین و فرۆشتنانە لە ئیمیک ڕوویاندا، هەرچەندە زۆر لەو ڕووبەرە زەویانە بریتیبوون لە زۆنگاوی ڕەش، کە شتێکی حاشاهەڵنەگر بوو مەلاریا و لەرزوتا و میزی خوێناوی لەگەڵ خۆی دەهێنا. مایەی سەرنج بوو زۆربەی ئەو پەینەی دەشهێنرایە کێڵگەکان، بە پارەیەکی زۆر دەکڕدرا، بەشێکی زۆریشی بە ڕێکەوت لە لایەن بنەماڵەیەکی خواپێداوی عەرەبی دانیشتووی بەیروت بە سندوقی نەتەوەیی جوو دەفرۆشرا.

هەنگاوی داهاتوو سازاندی زەوییەکان بوو بۆ کشتوکاڵ. سروشتی مرۆڤ وایە کە کشتیار و کێڵگەداری تایبەت نەیدەویست و نەدەشیتوانی خۆی لە قەرەی ئەو پڕۆژە سەخت و دژوارانە بدا، چونکە دیاربوو ساڵانێکی دوورودرێژی دەویست تا قازانج پەیدا بکا. تەنیا کەسانێک توانیبێتیان ئەو جۆرە پڕۆژانە بگرنە ئەستۆو زۆنگاوەکانی ئیمەک وشکبکەنەوە، پێشەنگی نیازبەرزی بزووتنەوەی کرێکارانی زایۆنیست بوون. ئەوانەی ئامادەبوون بۆ داواکردنەوەی خاک، بەبێ گوێدانە بارودۆخی سەخت و دژوار و قوربانیدانیان درێژە بە ڕێگەیان بدەن. لەوەش زیاتر ئەوان ئامادەبوون کارەکە هەر بە خۆیان بکەن نەوەک بە کرێکارە بەکرێگیراوەکانی عارەب، کە لەژێر سەرپەرشتی بەڕێوبەراتی کشتیارانی جوودا کاریاندەکرد. ئاکنجییە بەراییەکانی نشینگەی مێرهاڤیا لەو کەسانە بوون، زۆریش لەوان لە ژیاندا مابوون دیتیان، ئێمەک بۆتە خۆشترین و بە پیتترین دۆڵی ئیسرائیل، کە بە دێهاتی جوان و نشینگە هەرەوەزییەکان ڕازاوەتەوە.

مێهراڤیا (ناوەکە واتای گەردونی بەرفرەوانی خودا دەگەیەنێ)، یەکێک بوو لە کیبۆتە یەکەمەکان کە لە ئیمێک دروستکرا. لە ١٩١١دا

دەستەیەکی گەنجی ئەورووپایی هاتنە ئەوێ و کاری کشتیاریان تێداکرد، بەڵام بە زەحمەت توانیان تا سەر خۆیان ڕابگرن. کاتێکیش جەنگ لە ١٩١٤دا هەڵگیرسا، بەهۆی تێهەڵکێشێکی مەلاریا، نەیاربوونی دراوسێ عارەب و هەوڵی تورک لە ساردکرنەوەی دەستەکە بۆ جێهێشتنی ئەوێ، لە کۆتاییدا دەستەکەی یەکەمجار لەوێدا ئاشبەتاڵیان کرد. دوای جەنگ دەستەیەکی دیکەی پێشەنگەکان لە ئەورووپاوە هاتن و لە هەمان شوێندا بارگە و بارخانەی نشینگەیان هەڵدا، هەندێک لە جەنگاوەرە دێرینەکانی بەریتانی و ئەمریکایی کە لە سوپای جوولەکان بوون (لەدواییشدا مۆریس و منیشیان چووینەپاڵ) ئاوەدانکرایەوە، بەڵام دواتر ئەوانیش بڵاوەیان لێ کرد. سێیەمین و دوایەمین دەستەش لە کرێکارانی زایۆنیست لە ١٩٢٩دا لێیان داکوتا و هەر لەوێ مانەوە.

لەو کاتەی ئێمە مەراق بووین بچینە مێهراڤیا، بە پەلە فۆرمی ئەندامێتیمان پڕکردەوە، بەڵام بە زوویی وەڵامیاندایەوە وەرماننناگرن. هۆی وەرنەگرتنەکەمان زۆر پێ ناشیاو و نادادگەرانە بوو. ڕاستییەکەی سەرەتا کەس ئامادە نەبوو هۆی ڕەتکردنەوەکەمان پێبڵێ، بەڵام من هەر مکوڕبووم ڕاستییەکە بزانم، دواتر بە دوودڵییەوە بۆیان ڕوونکردینەکە، دوو هۆکار بۆ ڕەتکردنەوەمان هەبوون. یەکێکیان ئەوە بوو کیبوتەکە نەیدەویست ژن و مێرد بچنە ئەوێ، چونکە مەلۆتکە و قاڕوقوڕی منداڵ لەوێ جۆرێک بوو لە زێدە خۆشگوزەرانی. هۆیەکەی دیکەش – کە بەلای منەوە ناپەسەند بوو – ئەو دەستەیەی ئەو کات. کە لەوێ بوون ژمارەیان حەوت ژن و سی(٣٠) پیاو بوون، ئەوەیان پێ قوت نەدەدرا کچێکی "ئەمریکایی" بتوانێ ئەو کارە قوڕسە بازودارەی نێو نشینگەکە وەک ئەوانی دیکە بکا. هەر لەو کاتەی ژمارەیەک لە کۆچبەران لە ئەمریکاوە چووبوونە ئەوێ، خۆیان بە شارەزا لە هەموو شتیک زانیبوو، ئیدی وەک دەگوترا ئەوان لە ئەمریکاوە ڕاهاتبوون، لەبەر ئەوەی منیش هەر لەوێوە هاتبووم بە هەمان چاو سەیریان کردم. هەندێک لە کچەکانی مێهراڤا کە پێشتر لەوێ بوون گوێیان لە پیاوەکان بووبوو سەبارەت بە پسپۆڕێتی ئەمریکاییەکان بۆیە منیان نەپەژراند.

هەستمکرد بیرم دووبارە بۆ گرووپە لیتوانییەکان بچێ، چونکە لەوێ سەلماندبووم هەرچەندە لە ئەمریکاوەش هاتبووم، بەڵام دەمتوانی وەک ئەوان کاری قورس بکەم. بە گرتیبەربوونەوە دەمەتەقێی ئەوەم لەگەڵداکردن، کە مافی ئەویان نییە بەو شێوەیە بەبێ ئەوەی دەرفەتێکم پێبدەن تاوانبارم بکەن. یەکێک لە خاڵەکان بە دەقاودەقی، کە دژی منیان بەکارهێنا، ئەو بڕیارەم بوو، کە وانەوتنەوەی زمانی ئینگلیزی پێش کاری جەستەییم هەڵبژاردبوو. پێدەچوو ئەو بڕیارەم ئاڵۆزکاوی بێ و لەخۆم تێکدابێ.

ئێمە شەڕەکەمان بردەوە. لە لایەن ئەندامانی کیبۆتەکەوە بۆ چەند ڕۆژێکی کەم بانگهێشتی مێهراڤیا کراین تا بمانبینن و تاقیمان بکەنەوە. لەوەش ئەرخاین بووم دواجار ڕێگامان دەدەن، هەرواش دەرچوو. "کۆمەڵۆکەی" تەلئەبیبمان خەریکبوو لێکهەڵدەوەشا. ڕێگانا کارێکی دۆزیەوە و ئەوێی بەجێهێشت. یۆسێلیش لەوێ نەما. تەنیا شینا و منداڵەکانی لە خانوەکەدا مانەوە. لە بیرمە لە ئێوارەیەکی ئەیلوولدا بە کەیفخۆشیەوە بروبزگوڕەکانمان دەپێچایەوە تا بچینە مێرهاڤیا، لە پڕێکیش بۆمان دەرکەوت مۆریس و من شینا بەجێدێڵین، ئیدی ئەو بە تەنیا لە خانوەکەدا دەمێنێتەوە و هێشتا شامای مێردیشی بە هەزاران مایل لێیەوە دوورە و هەردوو منداڵەکانیشی هەر ناساخن. داوام لە شینا کرد، بەڵکو زیاتر لە تەلئەبیب بمینینەوە، بەڵام قایلنەبوو نەخشە دارێژراوەکەمان بگۆڕین. پێیگوتین: "من یەکێک لە ژوورەکان بەکرێدەدەمەوە. هەروەها بە دوای کاریشدا دەگەڕێم. هیچ خەمی منتان نەبێ." وەک پێیڕاگەیاندین هەوڵی ئەوەی دەدا وەک پەرستارێکی خۆبەخش لە نەخۆشخانەی هاداسا، کە تازە لە تەلئەبیب کرابۆوە، وەربگیرێ. ڕەنگبێ لە دوایدا بشخرێتە سەر لیستی پارەی مانگانە. هەرچی لەبارەی شامای مێردیشیەوە بوو، لەوە دڵنیابوو بەو زووانە خۆی دەگەیەنێتە فەڵەستین. تا ئەو کاتەش دەتوانێ لەگەڵ دۆخەکە ڕابێت. منیش وەها خۆمنواند بڕوای پێدەکەم، سروشتی مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە، هەرچەندە لە ناخی دڵمانەوە دەمانزانی ژیانی مێرهاڤیا چەند سەختە بۆ ئێمەمانان، بەڵام لەوە ئاسانترە، کە شینا بە تەنیا لە تەلئەبیب بمێنێتەوە.

ئەمڕۆ مێرهاڤیا گەورەیە، نشینگەیەکە بە قوتابخانەی باڵای خۆجیی کە منداڵ لە هەموو لایەکی ئیمەکەوە بۆیدێن جمەی دێ. هەروەک کیبۆتە مەزنەکانی دیکە، لە بە یەکەوەگرێدانی کشتوکاڵ بە پیشەسازی سەرکەوتوو، هەنوکە پڕ خانووە، کارگەی بۆڕی پلاستیک و چاپ و وەشاندنی لێ هەیە. پیاو و ژنەکانی مێرهاڤیای مۆدێرن بە خۆشی دەژین، هەرچەندە هێشتا هەر کاری قورس دەکەن. ژوورەکانیان سەرنجڕاکێش و ئاسودەبەخشە، ژووری خواردنیان خۆشە و ئێرکۆندیشنی تێدایە، نادینەکەیان تەواوعەیار پڕ ئامێری کارەباییە. هەموو ئەو شتانە بێئەوەی شتێکی ڕیشەیی لەو بنەمایانە بگۆڕن و قوربانی پێبدەن، کە کیبۆتەکەی لە ١٩٢١دا لەسەر دامەزراوە. ئەمڕۆ ئەندامانی کیبۆتەکە بە گوێرەی گرێبەستی کۆمیتەی کار، هەشت سەعاتی خۆیان لە ڕۆژێکدا کاردەکەن، هەرچەندە ئەم ڕۆژانە دەتوانن ئەوەی لەسەریانە بیکەن، کە بۆی ڕاهێنراون و پێی بە کەیفن. هەمووان کاری ڕۆتینی ڕۆژانەیان دەکەن - پاکردنەوەی ژووری خواردن، کارکردن لە ناندین، ئێشکچێتی و..- هەمووشیان بەشدارن لە بڕیاری زۆرینە، کە بە نشینگەکەوە پەیوەندیدارە، ئەو بڕیارانە لە کۆبوونەوەی گشتی هەفتانەیاندا تاوتوێدەکرێن و دەنگیان بۆ دەدرێ. هەروەک لە ١٩٢١دا منداڵەکانی کیبۆتەکان بە یەکەوە پەروەردە دەکران، خواردنیان بە یەکەوە بوو، بە یەکەوە دەیانخوێند و لە بەشی ناوخۆییش دەنوستن، هەرچەندە ژوورەکانی "دایبابیان" هەر ماڵی خۆیان بوو، شوێنەکە بۆ خێزان تەرخان بوو، لە هەندێک کیبۆتدا منداڵەکان لە ژوورێکی نزیکەوە دەخەوێندران.

من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم، کە کیبوتەکان ئەو شوێنەن مرۆڤ هەڵدەسەنگێنن و دەیانپەژرێنن، هەروەها دەرفەتی پشکدارییەکی تەواویان لە کۆمەڵگادا پێدەدەن، ئەوەش نەوەک بە هۆی ئەو شێوە کارەی دەیکەن، بەڵکو بە هۆی کرۆکی بەهاکان وەک مرۆڤ. وەنەبێ ژیانی کیبۆتەکان بێ کێماسی و ئێرەیی و ناڕاستگۆیی، یان تەمبەڵی نەبووبێ. کیبۆتنشینەکان فریشتە نەبوون، ئەوان هەر ئەو خەڵکە بوون، تا ئەو ڕادەی من بیزانم بەڕاستی هەموو شتێکیان بە زبارە (هەرەوەز) و هاوبەش بوو، ئاریشەکانیان، پاداشتەکانیان بەرپرسیارێتی و ئاسوودەییان. لە سۆنگەی شێوەی ژیانیان،

به دڵنیاییەوە توانیان پشکیان لە پەرەسەندنی ئیسرائیلدا هەبێ. ئەمڕۆ تەنیا ٢٣٠ کیبوت لە ئیسرائیلدا ماون، بەڵام ئەستەمە (بە لای کەمییەوە بۆ من) خەیاڵم بۆ ئەوە بچێ، کە وڵات بێ ئەوان بێ چۆن دەبوو چۆن دەبێ. سارای کچم ٣٠ ساڵە ئەندامی کیبوتی ریڤیڤمە لە نەقەب، هەر کاتێک سەردانی خۆی و خێزانەکەی دەکەم – کە لە ڕابردوودا بەهۆی باردودۆخ نەدەکرا زۆر سەردانی بکەم – هەردەم بیرەوەرییم تێکەڵەیەک دەبێ لە هیوا و ترس، کە خۆم و باوکی دەمێکی درێژە لە مێرهاڤیا دەرچووینە، چاوەڕوانی ئەوە بووم هەر لەوێ بژیابام – ئەگەر ئەوان بیانویستبا بەس ئێمەیان هەبووبا.

بۆ ساڵانێکی زۆر هیواداربووم ڕۆژێک بێت بگەڕێمەوە ژیانی کیبوت، بەڵام یەکێک لە نائومێدیە گەورەکانم نەکردنی ئەو کارە بوو. بێگومان هۆکاری ئەوەم هەبوو، ئەستەم بوو بمتوانیبایە ببمەوە کیبۆتنشین، زۆربەش لەبەر کەڵەکەبوونی ئەرکە گشتییەکانم بوون، کە پێیانەوە پابەند بووم. بەڵام تا ئەمڕۆش زۆر بە قووڵی پەشیمانم لەوەی شکستمهێنا لە زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرە و فشارانەدا، کە لە ژیانی کیبۆتنشینیمدا ڕێگربوون لێم، کاتێکیش لە دواییدا کاتم هات، زۆر پیربووم و نەمتوانی هیچ لە شتەکان بگۆڕم. زۆر شت هەن من لێیان دڵنیا نیم، بەڵام ئەوەی لێی خاترجەمم: ژیانی خۆم هەمووی لە کیبۆتدا خەرجکردبایە – وەک ئەندامێکی ڕاستەقینە نەوەک سەردانکاریکی ڕۆژانی پشووی هەفتە– ئەوا لە ناخەوە پاداشت و ئاسوودەییم بەقەد ئەوە دەبوو، کە لە ژیانی گشتییمدا[39] پێیگەیشتم.

ئەو کیبۆتەی کە ئێمە لە ١٩٢١ بۆی چووین لە چەند خانووییەکی کەم و دەوەنە دارێک پێکهاتبوو، کە پاشماوەی نشینگە کۆنەکە بوو. نە ڕەزوباخ هەبوو نە مێرگ، نە گوڵ نە هیچ، لە ڕاستیدا بێجگە لە با، بەرد و کێڵگەی هەڵقرچاوی بەرخۆر هیچی دیکەی لێنەبوو. لە بەهاردا سەرتاسەری ئیمیک شین دەبوو. چیاکانی چواردەوری دۆڵەکە، تەنانەت زۆنگاوە

[39] مەبەست کار و چالاکییە سیاسی و حکومییەکانەیە، کە دواجار گەیشتە پلەی سەرۆوەزیری و خۆی وازیهێنا – وەرگێڕ

ڕەشـەکانیش بە گـوڵی کێـویلە دادەپۆشـران، بـۆ چەنـد هەفـتەیەک مێهراڤیـا دەبووە جوانترین شـوێن کە بینیبێتم، بەڵام یەکەمین نیگام پێش بارانبارینی زستان بوو، وەهاش نەدەهاتە پێشچاو، کە خەیاڵ و ئەندێشـە بۆی دەچوو. یەکەمین و سەختترین کۆسپ و تەگەرە، کە بکرابا بەسـەریدا زاڵ ببین، هـیچ پەیوەنـدی بە دیـمەنەکەیەوە نەبـوو. مـن لای خـۆمەوە بڕیارمـدا دەبـێ وەک ژنەکـانی ئەوێ خـۆگر و توندوبەنـد بـم و ئەو ئەرکەی بـۆم دیاریـدەکەن ڕاییبکەم. من هەموو ئەو کارانەم لەو ڕۆژانەی "تاقیکردنەوەیە" لە بیر نەماوە، بەڵام دەزانم بۆ چەندان ڕۆژ خەریکی ئەوە بووم، داری بادام لە باخچەیەکی نزیکی کیبۆتەکەمـان هەڵبکەنم و بیهێنم و لەو لای ئەو دەونەدارە بچـوکەی لای خۆمان لەنێو چەقەڵە بەردەکانی ئەو ڕێگایەی بۆ مێهراڤیا دەچوو، بچێنم. ئەمـڕۆ بە تەواوی بـۆتە دارسـتانێکی چڕوپـڕی سـەرنجراکێش، هەر کاتێـک بەلایدا تێدەپەڕم، ئەوەم بەبیردادێتەوە چۆن قۆرت (چاڵ)ی زۆر قووڵمان لەو خـاکە قـاقڕ و ڕەقەنە، لەنێو بەردەکانـدا لێدەدا و بە وریـاییەوە نەمامەکانمـان لـێ دەچانـد. سەرسـامبووین و بیرمـان دەکـردەوە ئـاخۆ کەی نەمامەکـان هەراش دەبـن و ڕێگـاکە جـوان و دڵگیـردەکەن، ئەوەی ڕاسـتی بـێ، ڕەنگبـێ هەمـوو وڵاتەکە بە گەورەبوونی ئەو دارانەوە پابەند بێ. مـن هەرگیـز یەکەم ڕۆژی کـاری داچانـدنی ئەو نەمامـانەم بیرنـاچێتەوە. کاتێـک ئێـوارەکەی بـۆ ژوورەکەم گەڕامەوە، نەمدەتوانی پەنجەکانم بجـووڵێنم، بەڵام دەمزانـی ئەگەر نەچـمە ژووری فـراوینەکە و نەمبیـنن، ئەوا هەموویـان گـاڵتەم پێـدەکەن، پێمـدەڵێن: "ئەدی چیمـان پێگـوتی؟ ئەوەیە کچـی ئەمریکـایی!" مـن لە نـاخەوە شادمان دەبووم، کە نەچووبامە سەرخوان، چونکە شـۆربای نۆکەکە ئەوەی نەدەهێنا پەنجەکانی بۆ کەوچکەکە بۆ بەری، بەڵام هەر چـووم. لە کۆتاییدا دارەکـان ڕوان و مـانەوە منیش هەروا. دوای چەند مـانگێکی کەم مـۆریس و منیان وەک ئەندامی کیبۆتەکە پەژراند، ئیدی میهراڤیا بووە ماڵمان.

لە بیسـتەکان (سـەدەی ڕابـردوو)دا، ژیـان لە کیبۆتـدا لە هەرچـی خۆشگوزەرانییەک، کە هەیە دوور بوو. هەر لە سەرەتاوە خواردن کەم بـوو، ئەوەی هەشبوو تامی زۆر ناخۆش بوو. خۆراکی ڕۆژانەمان دانەوێڵەی ترش و تێکچـوو بـوو، ڕۆنەکەرەی نەپـارزنراو (لە عەرەبەکانمـان دەکـڕی و لەنێو

پێستی بزن (مەشکە)دابوو تامی زۆر تاڵ بوو) کەمێک میوەی کیبۆتەکەمان و گۆشتی قوتوکراوی مانگا، کە لە ئازوقەخانەی لەشکری بەریتانیەوە دەهات، ئەویش لە پاشماوەی جەنگ لەوێ مابوونەوە، ماسی هارینگ لەنێو ئاوی تەماتە، کە بە تەوسەوە بە تازەیی دەناسرا (پێم وا بوو بۆ بەهەڵەدا بردن لەسەری نووسرابوو تازە). ئێمە ئەو "تازە"یەمان هەموو بەیانیان دەخوارد! هەر کاتێک نۆرەی من لە ئاشپەزخانەکەدا دەهات، هەموویان سەریان لە پێخۆشبوونی من سورِدەما. هەنوکە بە ڕاستی دەتوانم شتێک لە بارەی ئەو خواردنە ترسێنەرە ئامادەبکەم.

دەی لێمگەڕێن با ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە بۆچی ئەوان ڕۆژان، ژنەکان ڕقیان لە کاری نان‌دین بوو، ئەوەش نەوەک لەبەرئەوی کارێکی سەخت بوو (بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی دیکە، ئاسانتر بوو)، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەستیان دەکرد بە چاوێکی سووک و کەم تەماشادەکرێن. خەباتی ئەوان بۆ یەکسانی مافە "مەدەنییەکان" نەبوو، کە ئەوکات فرە بوو، بەڵکو بۆ یەکسانی ڕەنجکێشان بوو. ئەوان دەیانەویست ئەو کارانە بکەن، کە هاوڕێ نێرەکانیان دەیانکرد. کارەکانیش ڕێگەلێدان، زەویکێڵان، خانوودروستکردن یان ئەرکی ئێشکگرتن بوو، بۆ ئەوەی سەودای وایان لەگەڵدا نەکرێ، کە جیاواز بن، ئیدی ئۆتۆماتیکیانە فڕێبدرێنە نان‌دین. ئەوەش نیو سەدە بەر لەوەی کەس دەستەواژەی کلۆڵی "ئازادی ژنان" دابهێنێ، بوو؛ ئەوەی ڕاستی بێ، ژنەکانی کیبۆتنشین یەکەمین و سەرکەوتووترین جەنگاوەر بوون بۆ پرسی یەکسانیی ڕاستەقینە. کەچی هەستی من بۆ ئیشکردن لە نان‌دین وەک شێوازی ئەوان نەبوو. من لە ژیانمدا لەوە تێنەگەیشتم ئەو هەراوزەنایە لەبارەی کاری نان‌دینەوە، بۆچی؟ من لەو کچانەی کە گاڵتەیان بە کاری نان‌دین دەهات پرسیم: "بۆچی پێت باشترە کار لە تەویلەدا بکەی و مانگاکان ئالیک بدەی، لەوەی لە نان‌دین خواردن بۆ هاوڕێکانت ئامادە بکەی؟" هیچ کەس وەڵامی قەناعەتپێکەرانەی نەدامەوە و من بەردەوام خەمم لە چۆنیەتی خواردنەکەمان دەخوارد لەوەی یەکسانی مێیینانە (فێمینیانە).

بە جۆشـەوە دەسـتم بە ڕێکخسـتنەوەی نانـدینەکە کـرد. یەکەمجـار کەرە (نقیشکە) ترسێنەرەکەم لادا. پاشان ماسییە "تازەکە"شم دوور خستەوە و لە جیـاتی ژەمێکـی هەریسـەی دانەوێـڵەم بـۆ ئامـادەکردن، بەم شـێوەیە خەڵکەکە کاتێک لە بەیانیانی زستان دەگەڕایەوە، بەو سەرمایە هەر هیچ نەبا شتێکی گەرم و تامخۆش هەبوو بیخۆن. کەس لاری لە هەڵگرتنی نقیشکەکە نەبوو، بەڵام لەبارەی هەریسەکە دەردەست نارەزایەتیان نیشاندا. هەر یەکێک لەوان دەیگوت: "ئەوە خۆراکی زارۆکانە دەرخواردمان دەدا. ئەوەش یەکێکە لە بیـرۆکە ئەمریکـاییەکەی." مـن هەر سـوور بـووم لەسـەری، لە دواییـدا بەرەبەرە مێهراڤیـا لەگەڵ داهێنـانە تـازەکە ڕاهـات. ئینجـا بڕیارمـدا شـتێک لەبـارەی شـێوازی خـواردن و خـواردنەکە بـکەم. کـوپە میناکـانی چـا خواردنەوەمـان – کە نـوێ بـوون سپی و جـوان و بـریقەدار بـوون – بەڵام دوای چەنـد هەفـتەیەک ژەنـگ و کلـس دەیـانگرت و بێـزم نەدەهـات هەر تەماشاشـیان بکەم. بـۆیە پـێش ئەوەی نـۆرەی مـن لە نانـدینەکە بێـتەوە، بە پشتبەسـتن بە سـەرکەوتنم لە بـابەتی هەریسـەکە، کوپەکـانم لادان و چـووم سـەرو پەرداخـی شووشـەم بۆ هەمـووان کـڕی. پەرداخەکـان زۆر جـوانتر و بە پێزتر و خۆشتربوون بۆ چاتێخواردنەوە، بەڵام دەبێ دان بە وەدا بنێم، کە هەفتەیەکی نەبرد زۆربەیان شکان، ئیدی دەبووایە هەموو کیبۆتەکە بە نۆرە چا بخواتەوە چونکە هەر دوو سێ پەرداخ بە ساخی مابوونەوە.

هارینگ لە خواردنی بەیانیان هەڵگیرا، بۆ نیوەڕۆیـان دادەنـرا، بەڵام هێشـتا کێشـەی هەبـوو. هەمـووان چەقـۆ و چەنگـاڵ و کەوچکیـان نەبـوو، بە زۆری هەر یەکەیـان دەفرێـک، چەقۆیەک، چەنگاڵێک یـان کەوچکێکی هەبـوو. ئەو کچانەی لە ناندینەکەدا کاریاندەکرد هارینگەکەیان دەشوشت و دەیانکردە چەند پارچە، بەڵام پاکیان نەدەکرەوە (واتە توێکڵە ماسییەکەیان دانەدەمـاڵی)، بـۆیە کاتێـک هارینگەکەیـان لەسـەر خـوان دادەنـا، هەر یەکە دەبـووایە خـۆی توێژاڵە سەدەفەکانی لێبکاتەوە. ئەوکـاتیش شـتێک نەبـوو دەسـتی پێبسـڕنەوە، ئیـدی بە پەڕۆکەکـانی ئەوانەی نانـدینەکەیان دەسـترییەوە. کاتێـک مـن هـاتمە ئەوێ، بڕیارمدا هارینگەکانیش پاکبکەمەوە. کچەکانی دیکە کەوتنە گلەییکردن گوتیـان: "ئەرێ دەبینـی، ئەو کـارەش دەکـا" بەڵام مـن وەڵامـی خـۆمم پێبـوو.

"ئەرێ لە ماڵی خۆتان چیتانکرد؟ ئەرێ چۆن لە ماڵی خۆتان هارینگ ئامادەدەکەن و دەیهێننە سەر خوان؟ ئێرەش ماڵی خۆتانە! ئەوانە کەسوکاری ئێوەن!"

بەیانیانی شەممە قاوەمان دروستدەکرد. لەبەرئەوەی لە شەمموواندا نەماندەتوانی شیرەکەمان ببەینە حەیفا، بۆیە ژەمەکانی شەمووانمان لەسەر شیر وەستا بوو. ئێمە قاوەمان هەبوو، ماستاویشمان دروستدەکرد. ئەو کچانەی کێکیان (کولیچە) دروست دەکرد، ئەوانەی بەیانیانی ڕۆژانی شەممە بە گیانی خۆیان ئێشکیان لێدەگرت، چونکە خواردنی بەیانی بریتیبوو لەو کێکە دروستکراوە. شەوانی هەینی دوای خواردنی شێوان، هەندێک لە هەرزەکارەکان دەستیان بە راوە کێک دەکرد و ئەگەر دەستیان بە سەردا گرتبا، ئەوا بەیانیانی شەممە دەبووە تراژیدیا. کاتێک نۆرەی کاری من لە بەیانیانی شەممەدا دەهات دەمبینی، نە ڕۆن ماوە نە شەکر و نە هێلکە (هەندێ مریشکی لەڕولاوازمان هەبوو، ناوەناوە هێلکەیەکیان دەکرد)، ئەوسا ئاوی زیاتر و کەمێک ئاردی دیکە تاکو کێکی زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی بەشی شەوی هەینی و بەیانی شەممانیش بکا. لە سەرەتاوە ئەوە وەک "دژە شۆڕش" دەزانرا، بەڵام دوای ماوەیەک بیرۆکەی دوو جار کێک لە هەفتەیەکدا بە هەمان پارە، بۆیان قووتدرا.

زۆرترین بەشداریە "بۆرژوازیانە" ئاهەنگێڕیەکەی من، کە بۆ ماوەی چەندان مانگ لە ئیمیک بە سووکی باسیان دەکرد، داپۆشینی مێزی نانخواردنی شێوانی هەینی بوو بە پارچە پەڕۆیەک، کە ناوەڕاستەکەی بە گوڵێکی کێویلە ڕازابووەوە! ئەندامانی مێهراڤیا ئاهیان هەڵکێشا، بۆڵەبۆڵیانکرد و هۆشداریان دامێ، گوایە من ناوی کیبۆتەکە بەد دەکەم، بەڵام هەر لێمگەڕان و کارەکەم بکەم.

ئێمە مشتومڕی زیاترمان لەسەر شتەکانی دیکەش هەبوو، بۆ نموونە جل و بەرگ. هەموو کچەکان هەمان شێوە کراسیان دەپۆشی. کراسەکە لە قوماشێکی چنراوی زبری دەستی عەرەبەکان پێکهاتبوو، کە دەمان بڕی و سێ کونمان تێدەکردن: یەکیان بۆ سەر دووەکانی دیکەش بۆ باسکەکان. پەتێکیشمان بۆ کەمەر بەستنەوە لە ناوەڕاستەوە بەکاردەهێنا،

ئەمە پۆشـاکەکە بـوو. لە ئێـوارانی هەینیـدا بە گـوێرەی نەریـت دەبـووایە گۆڕانکاریمـان کردبـایە: پیاوەکـان کراسـی خـاوێن و کچەکـانیش تەنـوورە و بلوزیـان لە جیـاتی کراسـەکەی ئـیش و دەرپێـیەکە دەپۆشـی. بەڵام مـن ئەو لۆژیکەی خۆگۆڕین خۆپۆشتەکردنەم، ڕۆژێک لە هەفتەدا، بە دڵ نەبوو. من باکم بەوە نەبوو ڕۆژانە چی لەبەر دەکەم، ئەگەر هاتبا و ئوتوکرابێ. هەمـوو شەوێک ئوتو قوڕسەکەمان بە خەڵوز گەرمدەکرد، دەرویێشئاسا "خەرقەکەم" ئوتودەکرد، کیبۆتنشینەکان نەک هەروایان دەزانی کەوا بوومەتە دێوانە بەڵکو بە گومان بوون لەوەی، لە ناخی دڵەوە لە پێشەنگەکان بم. هەمـان شتیشیان لەبارەی وێنەکێشانەکانی مۆریس دەگوت، کە دیواری ژوورەکەمـانی بە گـوڵ نەخشاندبوو. لە ڕاستییدا مـاوەیەکی باشـی خایاند تـا کیبۆتنشـینەکان خـووە سەیرە "ئەمریکاییەکەمان" و ئێمەیان پەژراند. هۆکـاری سـەرەکی کە ئێمەیـان پەسندکرد زیاتر لەبەر ئامێری نەوارەکەمان بوو. مـن سـەرەتا لە لای شـینام بەجێهێشـتبوو، بەڵام دوای چەنـد مـانگێکی کەم هەسـتمکرد کیبـۆتەکە زیـاتر پێویسـتی پێیەتـی لە شـینا. ئیـدی بێبەزەییـانە لە شـینام سـتاندەوە و هێنـامە ئیمیـک. لەوێـش خەڵکێکـی زۆری بـۆ خـۆی کێشـکرد هەروەک تەلئەبیـب. هەندێک جار سەرسـام دەبـووم ئـاخۆ ئاسـوودەیی مێهراڤیا مـارەییەکە بەبێ بووکەکە پەسەند بکا!

لە زستاندا منیان دانا تا لە کێڵگەی پەلەوەردا کار بکەم و بۆ چەنـد هەفتەیەکی کەمـیش نێردرامە قوتابخـانەی کشـتوکاڵی بـۆ فێربـوون و مەشـق لەسـەر چـۆنیەتی مشـورخواردنی هەڵهێنـانی جـوجکە و پەلەوەر. سـاڵانێک دواتر کاتێ ئەو پرسەی ئەو سەردەمەم بۆ داییابم گێڕایەوە، زۆریان پێخۆش بوو، گوایە لە بـواری پەلەوەردا مـن بـوومەتە شـارەزا، چـونکە تـا ئەو کـاتەی نەهـاتمە مێهراڤیا لەلای خـانەوادەکەم بەوە ناسـراو بـووم، کە سەروسـەودام لەگەڵ پەلەوەردا نییە نەخاسـمە لەگەڵ باڵنـدە. مـن نـاتوانم ئەوە بڵێم کە هەر بەڕاسـتی لەگەڵ پەلەوەرەکـانی کـێڵگەگەی کیبـۆتەکە گەورە بـووم، بەڵام وا خـۆم بینـیەوە پێیـانەوە پەیوەسـتم، مـایەی شانازیشـم بـوو، کە پەلەوەربەخێوکەرانی ئیمێک دەهاتن سەیری کولانە مریشکەکانی مێهراڤیایـان دەکـرد چـۆن سـەرکەوتوانە هەڵـدەهێنران. بـۆ مـاوەیەک قسـەم لەسـەر

پەلەوەران دەکرد، لەبارەی کڕکەوتن و هێلکەکردن و جوجکە هەڵهێنانیان و داندانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارانیان. جارێکیش چەقەڵ بەسەر کولانەکەی دادا، دواتر بۆ چەندان شەو خەونم بە قەسابی مریشکەکانەوە دەدیت. هەروەها وزە و کاتم بە بەرچاوم بۆ بەرهەمی دیکەی پەلەوەر وەبەرهێنا. هەرچەندە خوا دەیزانی، کە ئێمە نە دەبوا هەرگیز دەستبلاویمان پێوەکردبا، لە دواییدا هێلکە تەنانەت مریشک و قازیشمان بۆ سەر خوان ئامادەکرد. هەندێک جار، کە شینا لەگەڵ جودیت و حایم دەهاتنە سەردانمان لە مێهراڤیا "تایبەتانە،" پیازمان سوور دەکردەوە لەگەڵ هەندێک لە هێلکە خۆماڵیەکەمان لە ڕۆن دەکرد و بە چا دەمانخوارد. هەنوکە ئەو خوانە واتایەکی وای نییە، بەڵام ئەوکات ژەمێکی نایاب بوو.

مانگەکان بە خێرایی تێدەپەڕین. ئێمە هەمیشە لە کاری بازوودا کورتیمان دەهێنا و هەندێک جار وا پێدەچوو، ئەگەر هەموو خەڵکەکەش تووشی مەلاریا نەبووبێ، ئەوا دیزەنتری (سکچوون و خوێن لە پیساییدا هەبوون) یان نەخۆشی پاپاتاسی، کە تایەکی مێشە لمی ناوچەکەیە و زۆر هەراسانکەر بوو، دەیانگرت. لە زستاناندا کیبۆتەکە لە قوڕ و لیتە دەپنگایەوە، دەبووا بە ناویدا بێینە دەرەوە ژەمەکانی خۆمان بخۆین و بچینە سەرکار. هاوینیش ئاسان نەبوو؛ ڕۆژەکانی زۆر درێژ و گەرم بوون. لە بەهارەوە تا پایز تووشی هەور و لێشاوی مێشوولە، مێش و مەگەزی لم دەبووین. ئاساییانە لە سەعات چواری بەیانییەوە دەچووینە سەر کار، لەو کاتەی کە دەگەیشتینە کێڵگەکان، ڕۆژ زۆر بێ بەزەییانە هەڵدەهات. تاکە شتی بەرگریمان دژی مێش و مەگەزەکان مەڵحەمی ڤازلین (ئەویش ئەگەر دەستکەوتبا) بوو، ئیدی ئەو شوێنەی بە دەرەوەبا لە جەستەمان پێ چەور دەکرد و مێش و مەگەزەکان دەچەقین — هەروەها تەنوورەی درێژ و کراسی یاخەقەبە و سەردەست درێژمان لەبەردەکردن – هەرچەندە لەو هاوینەدا زۆر شەپڕێوانە دەهاتنە بەرچاو. جارێک یان دووان نەخۆش کەوتم، شتێکی زۆر خۆشم بە بیردێ، کە چەند مەمنون بووم، کاتێ کوڕێک پارچە سەهۆڵێک و لیمۆیەکی بچکۆلەی لە گوندێکی دراوسێوە بۆ هێنا بووم، ئیدی ئاوەلیمۆیەکی ساردم بۆ خۆم دروستکرد. هەڵبەتە گەر توانیبامان چامان کە

سارد دەبۆوە گەرم کردبایەوە یان لە تینوتاوی هاویندا شتێکی ساردمان بخواردبایەوە، ئەوەندە پەشێوحاڵ نەدەبووین، بەڵام پەیڕەوی کیبۆت دەیخواست نەدەبوو دەستت بۆ هیچ شتێک بردبا گەر بەشی هەمووان نەدرابا.

من لە هێڵە سەرەکییەکانی هۆکاری ئەو هەڵوێستە زێدەڕەوییەی کیبۆتەکە تێدەگەیشتم و سەلماندیشم، بەڵام بۆ مۆریس تا دەهات ئەو ژیانەی کەمتر پێسەرنجڕاکێش بوو، بیریدەکردەوە، کە نابەجێیە ژیانێک هێندە ڕەق و زەحمەت بێ، تۆش زێیدەتر لە سۆنگەی پەیڕەوەوە ئاڵۆزتر و وشکتری بکەی. بە زۆری بە دەست کەمبوونەوەی ڕووبەری ژیانی تایبەتیانە و سنووردارکردنی بواری ڕووناکبیرییانەوە دەیناڵاند. لە مێهراڤیای ئەوێ ڕۆژێ کەس پەرۆشی گفتوگۆکردن نەبوو لەسەر ئەو شتەی کە جێمشوری مۆریس بوو وەک کتێب، موزیک و نیگارکێشان. ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی کیبۆتنشینەکان نەخوێندەوار بوون، بەڵکو پێشنۆرەییان جیاوازبوو. ئەوان لە خەمی ئەوەدا بوون چۆن سەبەتە گەورەی ٥٠٠ هێلکەیی بفرۆشن یان شتێکی ئاڵۆزکاوی ئایدیۆلۆجی وەک یەکێکیان لە کۆبوونەوەی پێنجشەممان گوتی وەک کتێب، موزیک و نیگارکێشان. لەگەڵ ئەوەشدا مۆریس هەستیکرد، کە خەڵکی مێهراڤیا یەک ئاڕاستەی بیرکردنەوەیان هەیە، ئەویش زۆر تەسکە. هەروەها گوتی ئەوان لەبارەی هەموو شتێکەوە زۆر جدی و لێبڕاون و پێدەچێ هەرچی پەیوەندی بە گاڵتە و خۆشییەوە هەبێ لەوێ باریکردبێ.

هەڵبەتە ئەو بە تەواوی هەڵە نەبوو. ئێستا پێم وایە گەر ئەو کات کیبۆتنشینەکان هەندێ لە بارەی ڕەفتار و ئایدیۆلۆژیاوە نەرمکێشتربووبان، بۆ نموونە دوو شتیان پەسند کردبان، کە ئێستا زۆر باون، ئەویش دوش و ئاودەستی تایبەت و چالێنان لە ژووری تایبەتی خۆت، ئەوا خەڵکی وەک مۆریس ژیانی کیبۆتیان بەجێنەدەهێشت. لێ ئەوانە شتگەلێک بوون، کە لە کیبۆتەکانی ١٩٢٠دا جێیان نەدەبووەوە. منیش بە نەبوونی ئەو شتانە هەراسان نەدەبووم.

من چێژم لەوە وەردەگرت، کە لەگەڵ خەڵکانێکدا بووم لە پێری خۆم بوون، ئەوانەی هەمان ڕوانینی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی منیان هەبوو،

ئەوانەی هەمــــوو شـــــتێکیان لە ڕەگوڕیشــــەوە و بە چڕوپـــڕی کێشــــە کۆمەڵایەتییەکانیـان تاوتوێـدەکرد. حەزم لە هەمـوو شـتێکی کیبـۆتەکە بـوو، ئەگەر ئیشـــی بەخێـوکردنی پەلەوەر بـا، فێربــوونی ڕازی هەویرشــێلان و ئامــادەکردنی بــۆ نــان و کێکدروســتکردن، یــان خــواردنە ســووکەکانی نیوەشـەوان بـووایە کـاتێ کوڕەکـان لە نـۆرەی پاسـەوانێتی دەگەڕانەوە و بە ســـەعات لە نانـــدینە بە کـــۆمەڵەکە دەوەســـتان، گـــوێم لە گێـــڕانەوەی چیرۆکەکانیـان دەبـوو. پـاش مـاوەیەکی کەم بە تەواوی هەسـتمکرد لە مـاڵی خۆمم، وام هەستکرد لە هـیچ شـوێنێکی دیکە نەژیابووبم، هەروەهـا هەر ئەو ڕووەی ژیـان بـوو مـایەی خەمـی مۆریس بـوو بەوەی ئاسـتەمترین کۆسـپی شادمانییە، بە لای منیش مایەی شادمانی بوو. هەڵبەتە لە مێهراڤیا خەڵکی وا هەبـوون، کە زەحـمەت بـوو لەگەڵیانـدا بگـونجێی، نەخاسـمە هەنـدێک لە ژنە "قاڵبووەکان-دێرینەکان"، ئەوانەی پێیان وابوو بە دەست ئەوان دەبێ قانون بۆ ئاکنجیانی کیبۆتەکە دابنێن و فەرمانی وا بکە و وامەکە دەربکەن. بەڵام بە گشتی من جێبەجێم دەکردن.

بێگومان دەبـووایە بـاجی ئەو کـارە قورسـانە بدەین کە بە درێژایـی سـاڵ دەمـانکردن، بە تـایبەتی ئـاووهەوا و ژیـانی سـەرەتاییانە ڕۆڵـی خۆیـان هەبـوو. بـاو و تینوتـاوی خـۆر لێیـدەدام و پێسـتی دەسـووتاندم، هەینـێ لە کیبۆتەکـان وەک ئێسـتا نە سـالۆن و نە شـوێنی خۆجـوانکردن نەبـوو، بـۆیە ژنانی کیبۆتنشین لەچاو ژنانی شارەکان زووتـر پیریـان پێوە دیـاربوو، بەڵام سەرەڕای چرچ و لۆچی دەموچاویشیان لە ژنانی شـار نامێیینـانەتر نەبوون. لە بیـرمە بـرادەرێکم لە میهراڤیـا، کچێـک کە لە نیویـۆرکەوە هـاتبوو، سـاڵ و نیوێـک بەر لە ئـێمە هـاتبووە کیبـۆتەکە، پێیڕاگەیانـدم کە جارێکیـان سـەردانی شـاعیرێکی گەنجـی کـرد بـۆ خواحـافیزیلێکردن چـونکە دەگەڕایەوە ئەمریکـا، پێشتر لەگەڵ لەشکری جوو هاتبووە فەلەستین. کاتێک دەستی بـۆ درێـژ کـرد تەوقەی لەگەڵـدابکا، گەنـجەکەش پێیگـوت: "لە ئەمریکـادا مـایەی خۆشـحاڵیم دەبوو دەسـتتم بگرتبایە. هەنوکەش لێرە مـایەی شـەڕەفە." کـچەکە زۆر بەو جوامێریەی کـوڕەکە سەرسـام بـوو، بەڵام مـن پـێم وا بـوو وتەیەکـی پـووچە. پیـاو دەسـتی ژنێـک لە کیبۆتێـک دەگـرێ و ئێسـتاش دەیکـا هەروەک لەهەر

شوێنێک وەها بکا. ئەوکات و هەنوکەش ڕۆمانسێتی و هاوسەرێتی کیبۆتێک وەک ژنومێردایەتی هەر شوێنێک وایە، هەندێک باشتر یان خراپتر. هەڵبەتە خەڵک نهێنیتر لەبارەی خۆشەویستی دەدوا وەک ئێستا کراوە نەبوو. ئەوەش لەبەر ئەوە وابوو، کە خەڵکی گۆی زەوی بە گشتی لە ١٩٢١دا کۆنەپارێزتر بوون لەمڕۆ، نەک لەبەر ئەوەی خەڵک لە مێهراڤیا و دێگانیا نەدەکەوتنە داوی خۆشەویستییەوە.

سەرباری ئەو هەموو کارقورسیەش، من لەو ساڵانەدا بەختیار بووم. کیبۆتم خۆشویست، کیبۆتیش منی خۆشویست و سەلماندیشی. لە سەرەتاوە من بۆ کۆمیتەی ئاڕاستەکاری هەڵبژێردرام، ئەو کۆمیتەیەی بەرپرسیار بوو بەرانبەر دانانی سیاسەتی کیبۆتەکە، ئەوەش بۆ من مایەی شانازیەکی گەورە بوو. دواتر بە نێردەی مێهراڤیا بۆ کۆڕبەندی بزووتنەوەی کیبۆتەکان لە ١٩٢٢دا کرا هەڵبژێردارم، ئەمەش بە ڕاستی شکۆمەندی بوو. کاتێ ئێستاش لەبارەیەوە دەنووسم، ئەو هەستەی شانازیکردنم بەو ڕاستییەی کیبۆتەکە بایی ئەوەندە متمانەی پێدام نوێنەرایەتی لەو کۆبونەوە بایەخدارەدا بکەم و تەنانەت مۆڵەتی تایبەتمەندیانەشی پێدابووم، کە تێبینییەکانم بە زمانی یدیشی دەرببڕم، چونکە ئەوکات عیبرییەکەم دووکەڵی دەکرد.

کۆنگرەکە لە دێگینیا، "دایکی هەموو کیبۆتەکان" بەسترا. ئەو نشینگەیەی کە گۆردۆن یارمەتی ڕۆنانی دابوو، لە ماوەی ساڵێکیشدا، کە ئەو مرد، هەر لەوێش نێژرا. ئەو دانیشتنانەی من تیایدا ئامادە بووم، بابەتەکانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئایندەی کیبۆتەکانەوە هەبوو. پێم وا بوو بۆ بێگانەیەک ئەو جۆرە باسوخواسانە سەیر بوون – تەنانەت بە گوێرەی کاتەکەش ناواقیعی بوون- چونکە خەڵکەکە چەندان ڕۆژ بە چڕی لەبارەی باشترین قەوارەی کیبۆت خەریکی وتوویژ بوون، ئاخۆ دایکان ڕۆژی چەند جاران لە ماڵی هاوبەشی زارۆک و دایەنگاگاکان سەری کۆرپەلەکانیان بدەن، یاخود چۆن داواکاری ئەندامبوون لە کیبۆتدا تەتەڵە بکرێ و هەڵبسەنگێندرێ. ئاخر ئەوکات هەر بە ئەندازەی لەپی دەستێک کیبۆت لە فەلەستیندا هەبوون، هەموو ئەندامەکانیشیان تەنیا چەند سەد کەسێک دەبوون. وڵاتەکە خۆی لە

بن باری ڕاوەدونانی دژەجوو دەنالاند، هەر چۆنێک بێ ڕەوشی جووەکان کە ژمارەی ئەو کاتیان ٨٣،٠٠٠ کەس دەبوون (لە ١٩٢٢دا سەروبەندی ١١%ی دانیشتوانی پێکدەهێنا)، ڕوون نەبوو. ڕەنگبێ یەکێک بپرسێ ئاخۆ وردەکاریی وتوێژی بابەتی ئەو شەوە دووروودرێژانەی ئەو هەفتە ڕەبەقە چی بوون. من هەروەک ئێستا دێتە بەرچاوم، لە دەوری چرا نەوتاوییە دووکەڵدارەکە دانیشتبووین، بە تەواوی سەرقاڵی هەندێ لایەنی تیۆری ژیانی کیبۆتەکان بووین، هەوڵدەدرا گرێکوێرەکان بکرێنەوە، کە زۆریان هێشتا هەر سەریشیان هەڵنەدابوو.

لە سەرێکی دیکەوە، لە کۆتایی شرۆڤە کردنەکەشدا، بەوەی هەرچی واقیعیە و هەرچی ناواقیعیە، هەر بەوە بەندە ئاخۆ کێ پێناسەکەی دەکا. ڕاستییەکەی هیچ کام لەو خەڵکەی لە کۆبوونەکان ئامادەبوون- ئەوانەی هەموو ڕۆژەکە کاریاندەکرد، کە ئێستا پێیدەڵێن بارودۆخی نالەبار، شەوانیشیان دابەش بوو لە نێوان بەپێوە ئێشکگرتن و هێنانەوەی بەڵگەوبەندی ئاڵۆزکاوی ئایدۆلۆژیانەی داڕێژەر- بە هیچ شێوەیەک و هیچ گومانیان نەبوو لەوەی، کە بناخەی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی دەخەنە سەر ئەزمونە مەزنەکەی دیرۆکی جوو. هەڵبەتە لەوەشدا ڕاست بوون.

ئەو هەفتەیە لە دێگانیادا چاوم بە زۆر لە کەسە ناودارەکانی بزووتنەوەی کرێکاران کەوت، نەک هەر بنگۆریۆن و بن زیڤیم دیتنەوە، کە لە میلواکی پێشتر دیتبوونم، بەڵکو کەسە دیارەکانی دیکەشم دیتن، کە دواتر بوونە برادەری زۆر نزیکم و هاوڕێم، لەوانە کەسانی وەک ئاڤراهام هارتزفیلد ، ئیسحاق تابنکین، لیڤی ئەشکۆل، بێرل کاتزنێلسن، زالمان ڕوباشۆڤ (شازار) و دایڤید ریمز و هەندێکی دیکەش. لە ساڵە سەختەکانی دواییدا بە گەرمی لەگەڵ ئەواندا پەیوەستبووم، بەڵام لە دێگینادا تەنیا گوێم لە دوان و وتارەکانیان دەگرت و قسەکانی ئەوانم دەجوویەوە، ئاستەم بوو زاتی ئەوە بکەم قسەیان لەگەڵدا بکەم. بە جۆشوخرۆشەوە گەڕامەوە مێهراڤیا، بە زەحمەت خۆم بۆ دەگیرا تا هەموو شتێک کە گوترا و کرا، بۆ مۆریس بگێڕمەوە.

هەر لەو ساڵانەدا بەناو وڵاتیشدا گەڕام و سووڕام. کاتێک خانم فیلیپ سنۆودن، مێردی بە سەرکردەیەکی پێشووی پارتی کرێکارانی بەریتانی کرد، سەردانی فەڵەستینی کرد. لەو کاتەدا پێویستی بە ئینگلیززانێک هەبوو تا لەگەڵیدا بێ، بزووتنەوەی کرێکارانیش لە تەلئەبیب بانگی منیان کرد، بەڵکو خۆبەخش لەگەڵی بکەوم. کەچی بە تووڕەبوونەوە گوتم: "ئایا من کاری خۆم بە فیڕۆ بدەم تا لەگەڵ یەکێک بکەوم تا بەناو وڵاتدا بگەڕێم؟" لە دواییدا دیسپلینی پارت سەرکەوت و منیش بە نابەدڵی ملمدا. پاشان زۆرم لێخۆش هات، کە گەشتم لەگەڵ خانمە بەریتانییەکەدا کرد. من هۆبە و هەواری ڕەوەندەکان (بەدەوی)[40]م بۆ یەکەم جار لەو گەشتەمدا دیتن، کە چۆن ژەمێکی گەورەیان لە گۆشتی بەرخ، برنج و نانی تیری[41]، ئیدی عەرەبە خانەخوێکان کەوچکیان بۆ هێناین، چونکە من ترسم لەوە بوو، وەک ئەوان بە دەست نان بخۆم. ڕەنگبێ خانم سنۆودنیش زۆر چێژی لە خۆ وەرگرتبێ، چونکە زۆرم لێداوادەکرا خۆم وەک کەسێکی زۆر گرنگ (VIP) نیشانبدەم، هەر چەندە لە کاتی سەعاتەکانی کار ئەوەم هەرگیز نەکردووە.

بەڵام ڕەوتی ژیان هەرچەندە بە ئاسانیش دەڕۆیشت، لێمان ئاڵۆزکا. مۆریس نەک هەر لەبەر رەوشی مێهراڤیا نەخۆش بوو، بەڵکو هەر بە جەستە بە ڕاستی نەخۆش کەوت. ئاووهەوا، شەپۆلی دووبارەبوونەوەی مەلاریا، خۆراک، کاری کەمەرشکێنی نێو کێڵگە وهەموو ئەوانە بۆ مۆریس زۆر سەخت بوون. هەرچەندە لەبەر خاتری من ئەوپەڕی توانای خۆی بەکارهێنا، بەڵام بەرەبەرە لەوە نزیک دەبووینەوە، کە ڕۆژێ دێت، دەبێ ژیانی کیبۆت جێبهێڵین، هەر هیچ نەبێ تا گوڕ و تینی دێتەوەبەر. ئەو ڕۆژەش زووتر داهات لەوەی چاوەڕێم دەکرد. ئێمە لە کیبۆتی مێهراڤیا نزیکەی دوو ساڵ و نیو ماینەوە، مۆریس بۆ چەندان هەفتە نەخۆش بوو، کەوتە نێو جێگا. دوای نیوەڕۆیەک پزیشکەکە بە شێوەیەکی ترسناکانە

---

[40] Bedouin

[41] نووسەر دەڵێ نانێکی خڕی پان، بۆیە منیش کردمە نانی تیری لەوانەیە لەواشەش بووبێ. -وەرگێڕ-

پێیڕاگەیاندم، نابێ هیچی دیکە لەوێ بمێنینەوە مەگەر بمەوێ مۆریس تا هەتایە هەر بەو دەردە بناڵێنێ. ئیدی دەبووایە بە زووترین کات مێهراڤیا بەجێبێڵین.

ئەو ساڵانە ڕابردن، زۆر جاریش پێم سەیر بوو، مەراقیش بو بمزانایبایە گەر هاتبا مۆریس لە ڕووی گیانی و جەستەیی لە کیبۆتەکەدا باشتر بووبا و ڕاهاتبا، منیش باشتر ئاگام لێبوایە و کاتی زیاترم لەگەڵ ئەو بەسەر بردبایە، بە گشتی کەمتر بە کاروباری گروپەکە خەریکبووبامایە، لەوانەبو ڕەوشیکە ئاسانتر تێپەڕیبووایە، بەڵام خۆ هەرگیز ئەوکات ئەوەم بە مێشکدا نەدەهات، کاتێ لە نانخانەکە بە سەعات بۆ ئەو کوڕانەی لە ئەرکی پاسەوانێتی دەگەڕانەوە خەریکی ئامادەکردنی لەفەئامادەکردن دەبووم، یان کاتێ خەریکی کۆرسی چۆنیەتی بەخێوکردنی پەلەوەر بووین، یاخود کاتێکی زۆرم بە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بەسەردەبرد، کە مۆریسم لە هیچ شتێک بێبەش کردبێ. ئەگەر هاتبا بە قووڵی و بایی ئەوەندە بیرم لە هاوژینایەتییمان کردبایەوە یان خەمم لێخواردبایە، تێدەگەیشتم، کە هەڵبەتە مۆریس بە تەنیا لە زۆرانبازیدا بوو تا لەو شێوە ژیانە ڕابێت، کە زۆر بۆی سەخت بوو.

هەروەها ڕێکنەکەوتنێکی گرنگی دیکەی تایبەتمەند لە نێوانماندا هەبوو. من زۆرم پێخۆشبوو منداڵێکمان ببێ، بەڵام ئەو سەرسەختانە دژی هێنانە کایەی منداڵی بە کۆمەڵ بوو، مەبەستی ڕێگای کیبۆتەکان بوو بۆ بەخێوکردن و پەروەردکردنی منداڵ. هەروەک ئەو دەیویست ژنی بۆ خۆی هێناوە، هەروەها دەشیەویست منداڵەکەش بەخۆی پەروەدە بکا نەوەک ببێتە بابەتێک و وردەکاری ژیانەکەی بکەوێتە بەرچاوی هەڵسەنگاندنی (هەندێک جارانیش ڕەتکردنەوەی) کۆمیتەیەک و دواتریش تەواوی کیبۆتەکە. ئەو بە تەواوی پرسی منداڵبوونی ڕەتکردەوە، مەگەر میهراڤیا بەجێبێڵین. دەکرا بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بیروڕای بگۆڕێ، بەڵام لەشساخیەکەی لەنگ بوو، بۆیە بەجێهێشتنی کیبۆتەکە پرسێک بوو بڕابووەوە.

ئێمە جارێکی دیکە بڕوبزگوڕمان (کەلوپەلی پەڕپووتی ماڵەوە) پێچایەوە –ئەمەیان لە ماوەی سێ ساڵدا، جاری سێیەم بوو – و

خواحافیزیمان کرد. بەجێهێشتنی کیبۆتەکە بۆ من پەژارەیەکی گەورە بوو، بەڵام دڵی خۆم بەوە دەدایەوە، بەڵکو زوو بگەڕێینەوە، بەڵکو مۆریس بڕستی بێتەوەبەر و کۆرپەلەیەکیشمان پەیدابێ، ئەو پەیوەندییەی نێوانیشمان – کە لە مێهراڤیا خراپ ببوو- باش ببێتەوە. ئەگەر هەموو ئەمانە ڕووبدەن، لە دڵی خۆمدا بە خۆم دەگوت، ئەوا بەجێهێشتنی مێهراڤیا بۆ ماوەیەکی کەم ئەو کەمە نرخەی دەهێنا. بۆ بەدبەختی، ئەم مەزندەکردنەی سەروو نەهاتە دی.

بۆ چەند هەفتەیەکی کەم لە تەلئەبیبماینەوە. لەو ماوەیەدا شامای گەیشتبووە فەلەستین و خێزانەکەیان چووبوونە خانوێکی نوێ، کە گەرماو ئاودەستی تێدا بوو. شینا مووچەیەکی باشی دەستدەکەوت، شاماش ببووە بەڕێوبەری کارخانەیەکی هەرەوەزی پێڵاو، بەڵام بێ هەڕمێن. لێ ماڵیان هەبوو، بایی ئەوەشیان پەیدادەکرد پێی بژین. هەر چۆنێک بێ، بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئێمەدا ئەوان باشتر بوون. بە شێوەیەک لە شێوەکان نەمان توانی شوێنێک لە تەلئەبیب بۆ خۆمان پەیدابکەین. من کارێکم وەک دەخیلەچی دامەزراوەی هیستادروتی کاری گشتی دەستکەوت، دواتر ناوی دامەزراوەکە گۆڕا. دامەزراوەکە تازە بوو، مۆریسیش خەریکی بڕست پەیداکردنەوە بوو. بەڵام ئێمە بە شێوەیەکی لەبار ئاکنجی نەبووین. من زۆر غەریبی کیبۆتەکەم دەکرد، لەوە زیاتر بیرم بۆیدەچوو، مۆریسیش بەردەوام لە لایەن دایک و خوشکەکانییەوە نامەباران دەکرا و داوایان لێدەکرد بگەڕێتەوە وڵاتە یەکگرتوەکان و پارەی گەڕانەوەکەشیان بۆ دەدا. من دەمزانی، ئەو نەیدەویست من یان وڵاتەکە بەجێبێڵی، بەڵام هەردووکمان هەر هەراسان و خەمبار بووین.

بە بەراورد لەگەڵ "ڕووبەرە بەرفرەوانەکەی خوا" لە ئیمێک، تەلئەبیب پێدەچوو زۆر بچووک و تەسک بێ، پڕ لە ئاپۆرای خەڵکی و ژاوەژاو بوو. ماوەیەکی زۆری خایاند تا مۆریس هاتەوە سەرخۆی و لەسەر پێیەکانی بوەستێ؛ بە مانگ مایەوە تا لێکەوتەی نەخۆشیەکانی بەسەردا بڕوات و هەڵسێتەوە. منیش هەستمدەکرد دوای میهراڤیا ونبووم و بێ ئاڕاستە مابووم، ئێمە شووم بووین، تا هەتایە هەر بە شێوەیەکی کاتی بمێنینەوە. من غەریبی باوەشی گەرموگوڕی برادەریەتی کیبۆتەکەم دەکرد،

بیری ئەو ئێشەم دەکرد، کە دەبوایە لەوێ تەواوی بکەم. ئاخر نەدەکرا سەرسام نەبم بەوەی باری ورە و دنەدان و گەشبینییم بە تەواوی لە دەستبدەم، گەر وەها بووایە، ئەرێ چیمان لێ بەسەردەهات. هەروەها هیچ کامێکمان بە دەنگی بەرز هیچی نەگوت، پێم وا بوو هەردووکمان لەسەر بارودۆخەکە لۆمەی یەکدیمان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر من بوو، کە مۆریس هاتە مێهراڤیا، هەنوکەش بە هۆی "نوشستی" مۆریسەوەیە، فرمێسکی زۆرم بەچاودا دێنەخوار. لەوانە بوو گەر ئێمە بە کراوەتر لە یەک نزیکببواینەوە، دەکرا باشتر بووبایە بۆمان، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەکرد. لەبری ئەوە هەردووکمان هەستمان بە خاوەخاوی کۆتایی دەکرد و زۆربەی کاتەکەش جاڕس ببووین.

لەو بارودۆخەدا ڕۆژێکیان بەڕێکەوت تووشی داڤێد رەمزی بووم، ئەو کەسەی لە دێگینایەوە ناسیم، ئەویش لێی پرسیم بەڵکو مۆریس و من بمانەوێ بچینە فەرمانگەی سۆلێل بۆنە لە ئۆرشەلیم. هەردووکمان دەرفەتەکەمان قۆستەوە و تەلئەبیبمان جێهێشت. بیرمان کردەوە بەڵکو هەوای فێنکی چیای ئۆرشەلیم بمانبوژێنێتەوە و ڕاستەڕێمان بکا. پێدەچوو کاتێ لە سەروبەندی بارکردنماندا، پێم زانی، دووگیانم، مژدەیەکی زۆر سەرسوڕمێن بووبێ

لە ئۆرشەلیم و لە وەرزی پاییز، لە ٢٣ی تشرینی دووەمدا کوڕەکەمان مناحیم لە دایکبوو. ئەو مەلۆتکەیەکی تەندروست و خۆشەویست بوو، من و مۆریسیش بووینە دایک و باوک. چەندان سەعات بە دیاریەوە بووین و لەبارەی پاشەڕۆژەکەی دەدواین. بەڵام هێشتا من لە پەرۆشییەکەی خۆم بۆ مێهراڤیا نەکەوتبووم، کاتێکیش مناحیم تەمەنی گەیشتە شەش مانگان، بۆ ماوەیەک گەڕامەوە کیبۆتی گۆرین. پێم وا بوو دەکرا بگەڕێمەوە، جارێکی دیکە خۆم دیتەوە، بەڵام هەڵبەتە شتەکان ئاوا ئاسان نەبوون. نە دەکرا لەوێ بە بێ مۆریس جێنشین بم، هەروەها خەیاڵیکی دیکەم نەمابوو؛ ئەوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە مۆریس نە دەیتوانی و نە حەزیشی دەکرد بگەڕێتەوە مێهراڤیا. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی یەکسەرەم لەبەر دەمدابوو، دەبووایە بیدەم. بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە بم، دەبووایە بڕیار بدەم کامەیان

پێشنۆره دێ: ئەرکەکەم بەرانبەر هاوسەرم، ماڵ و کۆرپەلەکەم یاخود ئەو شێوە ژیانەی دەمەویست و عەودالّی بووبووم. ئەوەش یەکەم جارم نەبوو- هەروەها بە دڵنیاییەوە دواجاریش نەبوو- بێمە سەر ئەوەی لە کێبەرکێی نێوان ئەرک و خواستەکانی ناخمدا، هەر ئەرکەکەم پێشنۆره بخەم. ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ جێگرەوەیەکم نەبوو لەوە زیاتر لە خەیاڵ و ئەندێشەی ژیانێک بوەستم، کە نابێتە هی من، بۆیە گەڕامەوە ئۆرشەلیم نەوەک بە پێشبینی دڵخەبەردانێک بەڵکو بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، کە بە نۆژەنی تێهەڵبچمەوە. لە دواییدا بە ڕاستی من ژنێکی بەختیار بووم. مێردم بە کەسێک کردبوو خۆشم دەویست. ڕاستە مۆریس ئەو پیاوە نەبوو پڕ بە بالای ژیانی هاوبەشیانە، یاخود کاری بازوو، بەڵکو دەمەویست بە هاوسەری ئەو بمێنمەوە تا شادمانی بکەم، ئەگەر بهاتبا و بمتوانیبایە. پێم وا بوو گەر سەرسەختانە هەوڵی بۆ بدەم، سەرکەوتوو دەبم، بە تایبەتیش کە هەنوکە لە هێنانەدنیای کوڕێکدا هاوبەشین.

# ٥
# پێشەنگەکان و کێشەکان

لەگەڵ هەموو ئەو هیوا و نیازانەشدا بە خۆم گوت، ئامادەم ژیانێکی ئاسودەی خۆجێییانە بپەژرێنم، کەچی ئەو چوار ساڵەی ژیانی ئۆرشەلیمم شەپڕێوترین و هەناسەساردترین ئەزمونم بوو.

هەروەها ئەو ماوە بەرفرەوانە وەک دەڵێن زۆر درێژ بوو! بەسەرمبرد، هەمووی هەر شاش دەڕۆیشت، هەندێک جار هەستمکرد ناخۆشترین ڕۆژگاری ژیانی دایکم دەژیینمەوە. لەبیرمە بە دڵێکی ڕەقی بەردئاسا سەربردەی خۆی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە؛ ئەو کاتەی لەگەڵ باوکم لە ڕووسیا تەواو هەژار و نەدار بوون. بە ڕاستی پارە وەک بۆ ئەوان کێشە بوو بۆ من وەها نەبوو، یان هەرگیز نەبووە کێشە، یاخود خۆشڕابواردنی جەستەیی بایەخی تایبەتمەندی من نەبوو. گەر لە دەستپێکەوە باسبکەم، نە من هەرگیز و نە ئەوانەی وەک منیش کە هاتنە فەڵەستین بۆ بەرزبوونەوەی باری دارایمان نەهاتبووین. هەردووکمان مۆرس و من پێشتر ژیانی هەژاریمان دیتبوو، هەردووکمان لەسەر ژیانی پێوانەیی سادەییانە ڕاهاتبووین. هەروەها دەقیشمان بە شێوازی ژیانەکەوە گرتبوو، کە زۆر کەممان هەبێ و کەمیش داوابکەین. بایی ئەوەندەمان هەبێ بیخۆین، شوێنێکی خاوێنمان هەبێ بۆ خەوتن، کتێبی نوێ یان نەوار، هەموو ئەوانە داواکارییە ماددیەکانی ئێمەبوون. ئەوەی پێیدەگوترا ژیانێکی باشتر نەوەک هەر بۆ ئێمە دوورەدەست بوو، بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ ئێمە نائاشنا بوو، گەر هاتبا و ڕۆژگارەکەش کەمێ ئاسانتر بووبایە بۆمان، ئەوا بەو موچە کەمەی مۆریس هەیبوو، هەڵماندەکرد.

لێ گەلۆ، ژیان ئاسان نەبوو، پێداویستی سەرەتایی هەبوون کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەبوو: پێداویستیەکانی خۆمان و لە سەرووی ئێمەشەوە هی منداڵەکانمان. ئەوان دەبووایە بە شێوەیەکی گونجاو نیشتاک و خۆراک و پۆشاکیان هەبووایە. ئازادبوون لە ترس ئەو شتە بوو، کە تۆ هەرچەندە بە سەختیش بۆت تێدەکۆشا، بەڵام نەتدەتوانی بیدەیتە منداڵەکانت، کە زۆر جەوهەریش بوو. ڕاستییەکەشی وەهایە، ئەم شتە بە لای منەوە لە بنەمای مافەکانی مرۆڤی هەموو دایبابێکە. من لە ڕووی تیۆریەوە و پێش ئەزمونی خۆم ئەو پرسەم دەزانی، بەڵام کە بە خۆت تاقیبکەیتەوە، ئەوا مایەی لەبیرچوونەوە نییە. یەکێک لە شتە دانەبڕاوەکانی ژیانی کیبۆت، بێگومان ئەوەبوو، کەس بە تەنیا نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو جۆرە مەڕاقانە هەڵبکا. هەرچەندە کیبۆتەکە تازەبووبا و ساڵەکەش ساڵی هەژاری و نەداری بووبایە، ئەوا هەراشەکان (مەبەست ئەوانەی سەروی تەمەنی باڵقبوونە) دەبووایە زگی خۆیان بگوشیبایە و بە بەردەوامیش منداڵەکان بایی ئەوەیان هەبووایە بیخۆن. من هەمیشە لە ساڵە ئەستەنگەکانی ئۆرشەلیمدا بیرم لە مێهراڤیا دەکردەوە، خەمبار دەبووم. پاشان بیست ساڵ دواتر لەسەردەمی زووی جەنگی دووەمی جیهانییدا بە بیرمدێ چۆن هەستمپێدەکرد. جارێکیان بە ڕاشکاوانە پێشنیازی ئەوەم کرد، هەموو کۆمەڵگەکانی (یوشیڤ) لە فەڵەستین ببنە جۆرێک لە کیبۆت، تا ڕەوشە ئاوارتەکە تێدەپەڕێ و بۆ ئەوەی ڕایەڵێکی هەرەوەزیی ئاشپەزی و شتی دیکە دابمەزرێندرێ، بۆ ئەوەی گەر هەر شتێکی نەخوازراوی دیکەش ڕوویدا، ئەوا منداڵەکان بە لای کەمییەوە جۆرێک لە دڵنیایی خۆراکیان دابینکرابێ. هەرچەندە پێشنیارەکەم بەهەند هەڵنەگیرا و کەس بە لایەوەدا نەچوو، بەڵام ئێستاش پێم وابێ بەشێکی زۆری هۆشمەندی تێدابوو.

تەنیا باری هەژاریمان -یاخود ترسانی بەردەوامامان لەوەی نەبادا منداڵەکانمان برسیان بێ- مایەی شپرزەیی و کڵۆڵیمان نەبوو. هەروەها تەنیاییبوونمان و هەستی دابڕان و گۆشەگیربوون، کە من لێی ڕانەهاتبووم و ئەو هەستە بەردەوامەی کەوا دابڕێندراوم لەو مەبەستەی منی هێناوەتە فەڵەستین، ئەویش کارابوون لە یارمەتیدانی بنیاتنانی ماڵی نیشتمانیی جوو،

بەوەی بەرهەمێکــی لــێ پەیــدا ببــێ. لەجیــاتی ئەوەدا بەرکەنــاربوونم لەو خــانۆچکەیەی ئۆرشــەلیم و خەرجکردنــی هەمــوو هــزر و وزەم تیایــدا و قەتیسمانەوەمان بەو برە موچە کەمەی مۆریس. لەوەش خراپتر زۆر جاران سۆلێل بۆنیخ (ئەو شوێنەی مۆریس کاری تیادا دەکرد) بە نەخت پارەکەی نەدەدا، بەڵکــو پســولەی قەرزی لەجیــاتی دەدا- پســولەکانیش نە خــاوەن خانووەکە، نە شیرفرۆشەکە و نە مامۆستای قوتابخانەی ساوایان-وەریان نەدەگرت و نەختینەیان بە قەرز نەدەگۆڕیەوە.

لە ڕۆژی پارەدانـدا، دەبـووایە بەرەو لای میوەفرۆشــەکە ڕابـکەم و هەموو هەوڵێکم بەکاربهێنم، بەڵکو میوەفرۆشەکە قایل بکەم پۆندێک (نزیکەی نیـو کیلـۆ) پەتـاتەی (کەبـایی ١٠٠ پیاســتەر بـوو) بە ٨٠ پیاســتەر(دراوی ئەوکاتەی فەڵەستین) لێ بکڕم؛ دەمزانی بەو نرخە دەمداتێ. بەڵام ئەوهەشتا پیاستەرەشمان بە کاش نەبوو بیدەین، تەنیا کۆمپیالەی قەرزمان بەدەستەوە بوو. ئیدی دەبووایە بە و کۆمپیالانە بچمە لای خانمە مریشک فرۆشەکە، دوای مشتومڕێکی زۆر، ئەوسا قەناعەتم پێهێنابایە، کە چەند پارچەیەکی کەمی مریشکم بەو پسولەی قەرزانە پێ بفرۆشێ، ئەوەش دوای داشکاندنی نرخی پسولەکان دە تا پانزە لە سەد. بەو پارچە مریشکانە دەمتوانی سوپێک بۆ منداڵان دروستبکەم.

هەندێک جاران شامای دەهاتە ئۆرشەلیم و بۆ ماوەی ڕۆژێک یان دووان دەمایەوە، ئیدی شینا کەمێک پەنیر و سندوقێک میوە و سەوزەی پێدادەنارد. ئەو دەم ژەمێکی باشمان دەخوارد و کەمتر هەستم بە ئاڵۆزی خــــۆراکی خێزانەکەمــــان دەکــــرد، بەڵام زۆربەی کــــات مــــن هەر بە بەخەفەتلێخواردنەوە دەمخوارد.

تا ئەو کاتەی سارا لە بەهاری ١٩٢٦دا لەدایک بوو، ئێمە هەندێ بڕە پارەی دیکەمان لە بەکرێدانەوەی ژوورێک لەو دوو ژوورەی هەمان بوو، دەستدەکەوت، کە نەگاز نە کارەبای نەبوو. بەڵام کاتێ سارا هاتە سەر دنیا، بڕیارماندا واز لە بەکرێدانەوەی ژوورەکە بهێنین، هەر چۆنێک بێ پێویستە بە بێ ئەو بڕە پارەیە هەڵبکەین، بۆ ئەوەی منداڵەکان ژوورێکی بچکۆلانەی

خۆیان هەبێ. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو برە پارەیەی پیشتر لەبەکرێدانەوەی ژورەکە دەستماندەکەوت، دەبوایە کارێک بدۆزمەوە بە بێ ئەوەی لە کۆرپەکەشم دووربکەومەوە. بۆیە پێشنیازێکم بۆ مامۆستای قوتابخانەی دایەنگای مناحیم کرد، کەوا شوشتنی جلوبەرگی هەموو دایەنگاکە لە ئەستۆ دەگرم بەرانبەر ئەوەی پارەی مناحیمم لێنەستێنن. ئیدی دەبوایە بە مرومۆنی بە سەعاتان لە حەوشە خەریکی شوشتن و هەڵگوشین و هەڵخستنی دەستە خاولی، بەروانکە و پەڕۆکی مندالان بم. دەبووایە ئاوەکەم لەسەر زۆپا گەرمکردبا، خەمی ئەوەشم بوو گەر تەشتەکەم بشکابا، چیمکردبا.

پرسەکە هەر کارەکە نەبوو، بیرم لێدەکردەوە، ئاخر لە مێهراڤیا کاری زۆر قورسترم دەکرد و حەزیشم لێبوو. لێ گەلۆ لە مێهراڤیادا من بەشێک بووم لە دەستەکە، ئەندامێکی کۆمەڵگەیەکی چوست و چالاک بووم، کە سەرکەوتنی بۆ من هەموو شتێک بوو لە دنیادا. لە ئۆرشەلیمدا من شێوەیەک لە پیشەنگەکان بووم وەک ملیۆنان ژن، کە لە چارەیان نووسرابێ و جلەویان لەدەستدابێ و گیرۆدەبن بەدەست بارودۆخێک، بەوەی نەتوانن قەرزە کەڵەکەبووەکانیان بدەنەوە، دەبووایە ئاگایان لە پێڵاوەکانیان بێ لێیان نەدڕێ و نەکەوێ، چونکە توانای کڕینەوەی جووتێکی دیکەیان نەبوو، خەموخەفەتیان لە کۆخەی منداڵەکانیان دەخوارد مەبادا تاوولەزرە بگرن بە هۆی خۆراکی نادروست و لەزستانانیشدا نەیاندەتوانی ماڵەکەیان گەرم بکەنەوە، بۆیە بەردەوام باری لەشساخیان لەنگ بوو.

هەڵبەتە هەندێک ڕۆژ باشتر بوون لە ئەوانی دیکە. کاتێک ساماڵ بوو ڕۆژ بە دەروە بوو، ئاسمان شین بوو (پێم وابێ لە هاویندا ئاسمانی هیچ شوێنێک ئەوەندەی ئۆرشەلیم شین نییە) دەوەستام و سەیری منداڵەکانم دەکرد یاریان دەکرد، دوعای خێرم بۆ دەکردن، بەڵام کاتێک سارد و زریان دەبوو، منداڵەکان ساخ دەرنەدەچوون (بەتایبەتی سارا، کە زۆربەی کات هەر نەخۆشبوو) ئەگەر هەستم بە بێئومێدیش نەکردبێ ئەوا بێزاربووم لە ژیانی خۆم. ئایا ئەمە هەمووی هەر لەبارەی هەژاری، وشکێتی و خەمخۆرییەوە بوو؟ لەوەش خراپتر هەستمدەکرد نەدەبووایە هیچ بە مۆریس بڵێم. بە

ڕاستی ئەو پێویستی بە ئارامی هەبوو، خواردنێکی لەبار و ئاسودەیی مێشک؛ بەڵام هیچێک لەمانە بەدینەدەهات، ئەوەشم نەدەدی ئاخۆ لە دواڕۆژدا هیچ شتێک کتوپڕانە بگۆڕێ.

دامەزراوەی سۆلیل بۆنیخ خراپی بەسەرهات، ئێمە دەترساین بە تەواوی لەکار بکەوێ و دابخرێ. تاکە شتێک هەبوو بە پەرۆشەوە دامەزراندنی دەزگایەکی ناڕەسمی بۆ کار بوو، کە کرێکارانی جوو ڕابهێنێ و دەست بە خانوودروستکردن بکا، بەڵام چەندان شتی داخواز بوو، پێویستی بە پارەی پێویست و شارەزایی هەبوو تا ڕێگاوبان لێبدا و خانوبەرە دروستبکا. تاکە شتێکی ئەو کات لەبری پارەدانەکە، کە دەزگای سۆلیل بۆنیخ لە دەستی دەهات، پێدانی کۆمپیاله(قەرزنامەی) ١٠٠ یان ٢٠٠ پاوەنی بوو. کاتێکیش کارەکە تەواو دەبوو، بڕی کۆمپیالەکان زیاتر دەبوو. یەکێک لەو چیرۆکە زۆرانەی نێو خەڵکی سەبارەت بە خانودروستکردن لە فەڵەستین، گوایە جوویێک دەڵێ گەر هاتبا و پەڕەمریشکم بایی یەک سەرین هەبووایە، ئەوا دەمتوانی خانوییەک بۆ خۆم دروستبکەم. لێیانپرسی چۆن؟ لە وەڵامدا گوتی زۆر ئاسان. "ئەگەر سەرینێکی باشت هەبێ، ئەوا بە پاوەنێک دەیفرۆشی. بەو پاوەنە دەتوانی ببیە ئەندامی کۆمەڵەی قەرزکاران. بە هۆیەوە دەکرێ دە پاوەن قەرز وەربگری. بەو دە پاوەنەی دەستت دەتوانی بە دوای پارچە زەویەکدا بگەڕێی. کاتێکیش پارچە زەویەکەت دۆزیەوە، ئەوا لەگەڵ خاوەنەکەی دەکەویە گفتوگۆ، ئەوەیش بە دە پاوەنی نەختی پێشوەخت و باقیەکەی دیکە بە کۆمپیاله ڕازی دەبێ. ئیدی بوویە خاوەن زەوی، پاشان بە دوای بەڵێندەرێکدا دەگەڕێ و پێی دەڵێی، ئێستا خاوەن زەویم، ئەوەی لە تۆم دەوێ تەنیا خانۆچکەیەکە بۆ خۆم و خێزانەکەم."

بەڵام لەبارەی ئەو ڕێگایەی کە من هەستم پێدەکرد هیچ شتێکی گاڵتەجاڕیانە نەبوو. هەندێکجار ڕێگینا کە لە فەرمانگەی ڕاپەڕاندنی زایۆنیسیت لە ئۆرشەلیم کاریدەکرد، سەردانی دەکردم، دەیدی بەخەمباریەوە ماڵەکە پاک دەکەمەوە و گوێی لە هەموو خەمەکانی من دەگرت و هەوڵیدەدا دڵخۆشم بکا. هەڵبەتە من نامەم بۆ دایبابم دەنارد، بەڵام نامەکانم بە شێوەیەکی دیکە دەڕازاندەوە و دیمەنێکی دیکەی ژیانم بۆ ئەوان دەنەخشاند

و وێنامدەکردن. هەروەها باری زۆر خراپی خۆشم لە شینا دەشاردەوە، پێم وا بوو ئەم کارەشم هەڵخەڵەتاندن نەبوو.

کاتێک بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێمەوە، ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو بە ڕاستی زۆر ئاگام لە دەورووبەرەکەم نەبوو، هەرچەندە ئۆرشەلیم ئەوکات خرابووە بندەستی ڕاسپاردەیی (ماندات) کۆمسیاری باڵای بەریتانی، سەرەتا بەڕێز هێربەرت سامۆئیل بوو، پاشان لە ١٩٢٥دا لۆرد پلەمەری وەک حاکمی وڵاتەکە هاتەجێگا. وەک هەمیشە لە مێژووشدا هاتووە، ئۆرشەلیم شارێکی سەرنجڕاکێش بووە. بەشێکی وەک مۆزایکێکی مەزارگا و شوێنە پیرۆزەکانە، بەشێکی دیکەی سەرۆکایەتی بەڕێوبەرایەتی کۆلۆنیالیستە (مەبەست دەسەڵاتی مانداتی بەریتانیایە). سەرباری هەمووانیش سیمبۆلی ژیانی کۆمەڵگەی دیرۆکی جووەکان بووە، پەیوەستی و پابەندی گەلی جوو بوو بە خاک و وڵات. دانیشتوانەکانی لە هی بەشەکانی دیکەی فەلەستین نەدەچوو. تەنانەت دراوسێکانمان سەرنجڕاکێش بوون، کە لە میا شێریم جێگیر ببوون، ئەو شوێنەی لە ئۆرشەلیم کە ئاکنجیەکانی جووە هەرە ئۆرسۆدۆکسەکان بوون. ئەوانە ڕیشداربوون، جلوبەرگەکانیان بەگوێرەی ڕێنماییە دینیەکە دەپۆشی و نزیکەی هەمان شێوازی سەدەی شانزەهەمی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیان وەک خۆیان پاراستووە، لەلای ئەوان ئێمەمانان، مۆریس و من تەنیا یەک هەنگاو لە گاوران(بتپەرستان)ەوە دووربووین. لێ هەرچۆنێک بێ دیمەنی شارەکە و وڵاتەکە، ڕەنگینی خەڵکەکە و بیروباوەڕیان و ڕێڕۆیشتنیان لەسەر شەقام، زۆرینەی خەڵکە ڕەشوڕوتەکە مایەی تێڕامانی من نەبوون. من زۆر ماندوبووم، زۆر پەست و هەراسان بوم، هەروەها زۆر خەمخۆری خۆم و خێزانەکەم بووم لەوەی دەبووایە بپرژێمە سەر شتی دیکە.

ئێوارەیەکیان کە یەکەمین جارم نەبوو چوومە لای دیواری ڕۆژئاوا. لەگەڵ مۆریسدا هەفتەیەک یان دوو هەفتە دوای گەیشتنمان بۆ فەلەستین چووبوومە ئەوێ. من لە خانەوادەیەکی جوو گەورە و پەروەردەکرابووم، کە خانەوادەیەکی باشی نەریتدارییانەی جوو بوون، بەڵام من ئەوەندەش لەخواترس نەبووم، لە ڕاستیدا کە چووم بۆ لای دیوارەکە هیچ

هەستوسۆزێکی وەها وروژێنەرم نەبوو، وەک هەر شتێک بیزانم دەبووایە بچم. پاشان لە پڕێکەوە، لە کۆتایی کۆلانە تەنگەبەرەکەی شارە کۆنەکەدا شتێکم بینی. خودی دیوارەکە دوای ئەو هەموو هەڵکۆڵینانەش لەوەی ئێستا هەیە بچووکتر دیاربو، بەڵام ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو، ببینم ژن و پیاوی جوو لەپاڵ دیوارەکە نوێژ بکەن، بپاڕێنەوە و بگرییێن و سکاڵانەماکانیان (کڤیتلاخ) بخەنە بەردەم یەزدانی مەزن و لە کونە دیوارەکانی ڕابکەن. ئەوەش لە نەمری ڕابردوو ماوەتەوە، هەر ئەو دیوارە لە پاشماوەی پەرستگاکەی داود سولەیمان ماوەتەوە. هەر چۆنێک بێ، هێشتا هەر لەوێیە. لە سکاڵانامەکانی ئەو جووە ئەرسەدۆکسانەدا ئەوەم بینی، نەتەوەکە ئەوەی ڕەتکردووەتەوە، کە تەنیا ئەو دیوارە هەر بەردی پاشماوە بێ بەڵکو دەربڕینێکی متمانەدار بوو بۆ هێنانەدی پاشەڕۆژ. من دیوارەکەم بەجێهێشت، بەڵام هەست و ورەم بەرزبووەوە. لەو ئێوارەوە دوای ساڵانێکی دورودرێژ هەر کاتێک شتێک هەراسانی کردبام، دیوارەکە پەیامی خۆی پێڕادەگەیاندم.

لە ١٩٧١یشدا، کە پاداشی ڕزگاری ئۆرشەلیمم-لەوانەیە مەزنترین پاداشت بێ کە وەرم گرتبێ-وەرگرت، لە بۆنەکەدا ئەم جارەیان باسی یاداشتێکی هەمان دیوارم کرد، بەڵام هی ١٩٦٧ دوای شەڕی شەش ڕۆژە. بۆ ماوەی نۆزدە ساڵان، هەر لە ١٩٤٨ەوە تا ١٩٦٧ عەرەبەکان، شارەکۆنەکە و چوون بۆ بەردەم دیوارەکە تا نوێژەکانمانی لێ بکەین، لێیان قەدەخەکردبووین. کەچی لە ڕۆژی سێیەمی شەڕی شەش ڕۆژەکە، لە چوارشەممەی ٧ی حوزەیراندا هەموو ئیسرائیل بارگاوی بوو بەو هەواڵەی، کەوا سەربازەکانمان شارە دێرینەکەیان ڕزگارکردوە، کەوتەوە دەست ئێمە. من دەبووایە دوای سێ ڕۆژی دیکە بچووبامایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام نەدەکرا بێئەوەی سەرێکی دیوارەکە بدەم ئیسرائیل بەجێبێڵم. بۆیە بەیانی ڕۆژی هەینی، کە هێشتا ڕێگای مەدەنییەکان نەدرابوو بچنە ئەوێ، چونکە تەقوتۆق هەرمابوو، ڕێگەیان بە من دا بچم؛ هەرچەندە ئەودەم لە حکومەت نەبووم، بەڵکو هاووڵاتییەکی ئاسایی بووم وەک هەر کەسێک.

من بە یاوەری چەند سەربازێک چوومە لای دیوارەکە. لەبەردەم دیوارەکە مێزێکی دارین و چەند شەشتیر و ڕەشاشی لێبوو. هەندێ

پەڕەشـــوتوان کە بەرمـــاڵی نویژیـــان لە خـــۆ وەرپێچـــابوو، بە دیـــوارەکەوە نوســـــابوون، هەرواتـــــدەزانی بەشـــــێکن لە دیـــــوارەکە و بەزەحـــــمەت لەیەکەجیادەکرانەوە. ئەوان و دیوارەکە ببوونە یەک. تەنیا چەند سـەعاتێک پێشـتر نەبەزانە شـەڕی ڕزگـارکردنی ئۆرشـەلیمیان کردبـوو، بە چـاوی خۆشیان هاوڕێی چەکیان بینیبوو، کە چۆن خۆیان بەختکردبوو. هەنوکە بە دیـوارەکە هەڵزەنیـون و بەرمـاڵی نوێژیشـیان لەخـۆ شـەتەکداوە و دەگـرین، منیش لەگەڵیـان گریـام، پـارچە کـاخەزێکم هێنـا و وشـەی شـالۆم (ئاشـتی)م لەسـەرنووسـی و خسـتمە کـونێکی دیـوارەکەوە، وەک چـۆن زۆر لەمەوبەر جووەکـانم دەدی وایـان دەکـرد. کاتێـک کە لەوێ وەسـتابووم، یەکێـک لە سـەربازەکان (گومـانم لەوە هەبـوو کە بیناسـیبم) لە پـڕێکەوە باوەشـی پێداکردم، سەری خستەسەر شـانم و ئیدی بەیەکەوە دامـانە پڕمەی گریانێ. پێم وا بوو پێویستی بە باوەشی پیرەژنێک هەبوو تا خەمەکانی هەڵبڕێژێ، بۆ منیش هەستیارترین چرکەساتی ژیانم بـوو، بەڵام هەمـوو ئەوەش بێگومـان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی درەنگتر.

ئەو چەوساندنەوەی جووەکانی فەڵەستین لە کۆتایی بیستەکاندا هەر بە تەنیـــا منـــی نەگرتبـــووەوە. لە ١٩٢٧دا ٧،٠٠٠ ژن و پیـــاو لە کـــۆمەڵگە جوەکانی فەڵەستین (یوشوڤ)، کە دەیکردە ڕێژەی پێنج لە سـەدی تەواوی جووەکـانی فەڵەسـتین بێکاروکاسـبی بـوون. وەک ئەوەی زایـۆنیزم سـنووری خۆی تێپەڕاندبێ وابوو. ژمارەیەکی زۆروزەوەندی کۆچبەران هـاتنە وڵاتەکە، زیـاتر لەوەی یوشـیڤەکان بتـوانن بەکاریـان بـخەن. بـۆ نمـونە لەو ١٣،٠٠٠ جـووەی لە ١٩٢٦دا هـاتنە فەڵەسـتین، پتـر لە نیوەیـان ئەوێیـان جارێکی دیکە بەجێهێشـت، هەروەهـا لە ١٩٢٧دا بـۆ یەکەمـین جـار بـوو بە شـێوەیەکی ترسناکانە ڕێژەی کۆچ لێکردن (بارکردن) زیاتر ببێ لە کۆچ بۆکردن. هەندێ لە کۆچبەران چوونە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوانی دیکەش چوونە ژێر بەشەکانی بندەستی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی. هەروەها گروپێکی دیکەش هەبـوون کە ئەنـدامی "بەتـالیۆنی کرێکـاران" بـوون (ئەوانەی لە ١٩٢٠دا دامەزرابـوون و ئیشـیان لە ڕێگاوبانەکـان دەکـرد، کە لە لایەن دەسـەڵاتی مادانتەوە کۆمەکدەکران) لەبەر هۆی ئایدۆلۆژیاوە گەڕانەوە ڕووسیا، پاشان

بەشێکیان لێ ڕەوانەی سیبیریا کران یان لەداردران، ئەوەش هەر لەسۆنگەی "ئایدۆلۆژیاوە" بوو.

کۆمەڵێ هۆی جۆراوجۆر بۆ قەیرانی ئەوکات هەبوو. ئابوری یوشوڤەکان لە شوێنی خۆی چەقی بوو، پەرەی نەسەند. بێجگە لە کاری بیناسازی(کە زیاتر لە نیوەی کرێکارە جووەکانی فەڵەستینی لەخۆگرتبوو) لەگەڵ ڕەز و باخی پرتەقال، ئیدی ئیشی پێویست و دەرفەتی وا نەبوو، کە سەرمایەی بەسەردا بسووڕێ. تۆ دەتتوانی پڕۆژە پیشەسازیەکانی جوو بە پەنجەی تاکە دەستێک بژمێرێ. کرێکارانی دەریای مردوو هەبوون، وەک کارخانەی خوێ و کانەکان لە ئاتلیت، کۆمپانیای هاوبەشی کارەبای فەڵەستینی (کە وێستگەی بەرهەمهێنانی وزە بوو لەسەر کەناری ڕوباری ئوردن دروستکرابوو)، کارخانەی سابون و ڕۆن و کارخانەی چیمەنتۆی نیشەر لە حەیفا هەبوو. هەندێ پڕۆژەی بچوکتریش هەبوون لە نێویاندا نەمامچاندن و شەڕابدروستکردن، ئیدی ئەمە هەر هەمووی بوو.

لەوێ هێشتا زۆر کێشەی دژوارتر هەبوون: کرێ و مزی کرێکارانی جوو زۆر نزم بوو؛ بەڵام کرێکارە عەرەبەکان بە پلەی نزمتریش ڕازیبوون، زۆر لە وەرزێرانی جوو، ئەوانەی خاوەنی ڕەزوباخی پرتەقاڵ بوون، وایان لێهاتبوو بەرەو دەستی کاری هەرزانی عەرەبەکان بڕۆن و کاریان پێبکەن. هەرچی لەبارەی دەسەڵاتی ڕاسپاردەیی (مانداتی)ش بوو بەدەر لە تۆڕی ڕێگاوبان هیچ شتێکی وای نەکرد، ئابوری وڵات ببوژێنێتەوە، هەر زوو ڕێگای سەرهەڵدانی مەیل و هەواداریێتی دژەجوولەکەیی خۆشکرد، بەمە گوشاری لەسەر جووەکان دروستدەکرد و دنەی عەرەبە توندڕەوەکانیشی دەدا، هەروەک حاجی ئەمین ئەلحوسەینی مفتی ئۆرشەلیم و کەسانی دیکە. هەرچەندە چەند ساڵێکی کەم بەسەر منداتەکە ڕۆیشتبوو، کە فەڵەستین بەر بەریتانیا کەوتبوو، حکومەتەکە بە شێوەیەکی بەرچاو، نەیاریێتی خۆی بەرانبەر جووەکان نیشاندا. لەوەش خراپتر دەسەڵاتەکە بەرەو ئەوە ڕۆیشت، کە کەفوکوڵی کۆچکردنی جووەکان بەرەو فەڵەستین دابمرکێنێتەوە و لە ١٩٣٠دا هەڕەشەی وەستانی کرد بۆ ماوەیەک، ئیدی ماڵی نەتەوەیی جووەکان گەشانەوەی بە خۆیەوە نەبینی.

له ماوەی ئەو ساڵانەی له ئۆرشەلیمدا دەژیام، به زەحمەت دەچوومه تەلئەبیب، ئەو کاتانەی دەشچوومه ئەوێ بۆ سەردانی شینا و خێزانەکەی یان بۆ دیدەنی دایبابم دەچوومه ئەوێ. ئەوان له ١٩٢٦دا هاتنه فەڵەستین. له میانەی ئەو سەردانانەشدا، هەوڵی زۆرم دەدا تا کۆنه برادەرەکانم ببینمەوە، بشزانم ئاخۆ چی بەسەر بزووتنەوەی کرێکاراندا هاتووە، هەروەها چەند بەندوباوێکیش لەبارەی مێهراڤیا بزانم و دیسان هەست به خۆم بکەمەوە–ئەگەر بۆ ماوەی چەند سەعاتێکیش بێ–که بەشێک بم لەو پێشهاتانەی له وڵاتەکەم ڕوودەدەن. باوکم که ئێستا بیری لێ دەکەمەوە، نموونەیەکی کۆچبەرانی ١٩٢٧ بوو، هەرچەنده له وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هاتبوو نەوەک ئەورووپا. له میلواکییدا هەندێ پارەی بەسەریەکەوە نابوو، که به شانازیکردنەوە دوو پارچه زەوی له فەڵەستین پێ کڕێ، بەشێکی وەک زایۆنیستیەک دەیەویست له فەڵەستین بژی و بەشێکیشی بۆ ئەوەبوو، که لەگەڵ منداڵەکانی(خێزانەکەی) یەکبگرێتەوە. هەردوو پارچه زەویەکەش لمەکەیان زیاتر بوو لەخۆڵ. یەکیان له هێرتزلیا بوو، که چەند مایلێک له سەروی تەلئەبیبەوە بوو، پارچەکەی دیکەش له ئافولا بوو، که زۆر دوورنەبوو له مێهراڤیا، بەنیازبوو لەوێ خانوییەکی لەسەر ڕۆبنێ. کاتێک لێم دەپرسی، ئایا بۆچی دەتەوێ لەو هەموو شوێنه زۆرانه به تایبەت لەوێ بژی، که نه له شینا و نه له منەوە نزیکه. له وەڵامدا دەیگوت که ئاوفولا دەبێته یەکەمین شوێنی فەڵەستین بۆ دامەزراندنی ماڵی ئۆپێرا، ئیدی دەیەویست لەو شوێنه مەزنەی ناوجەرگەی موزیکدا بژی. من شارەزای ئافولا بووم، کاتێ له کیبۆتنشین بووم زۆر جار به ئەرک دەچوومه ئەوێ. ئەوێ گوندێکی بچکۆلەی تەپوتۆزاوی بوو، دڵنیاش بووم که ناکرێ ماڵی ئۆپێرا لەوێ دروستبکرێ، هەر هیچ نەبێ له ئایندەیەکی پێشبینیکراودا، بەڵام باوکم هەر نەیدەسەلماند. بۆ ماوەیەکی درێژ گوێی له هیچ بەڵگەوبەند(ئەرگومەنت)ێک نەدەگرت و شیناو منی به بڕوالاواز تۆمەتباردەکرد. به دارسانەوە[42] دەیگوت: "تەلئەبیبیش گردۆلکەی لماوی نەبوو، ئەرێ وانەبوو؟" له کۆتاییدا دایکیشمان به گوڕەوە هاته پاڵمان، ئەوسا

[42] ئاڵنگاری، تەحەددا. وەرگێڕ.

به ئاخ هەڵکێشـانەوە بـاوکم دەسـتبەرداری ئەو بیـرۆکەیە بـوو، کە لە ئیمەک بژیێ، ئیدی ڕازیبوو خانوێک لە هێرزالیا بەبێ ئاوازی ئۆپێرا دروستبکا.

بـاوکم بە دەسـتەکانی خـۆی وەک دارتاشـێکی بـاش خـانووییەکی گەورەی دروسـتکرد. خـانووەکەی یەکێـک بـوو لە خـانووە یەکەمە ڕاسـتەقینەکانی ئەو نـاوچەیە، هەر زووش دایبـابم وەک چـۆن لە میلـواکی گونجـان و دامەزران، لەوێـش ئـاوا خۆیـان گونجانـد. بـاوکم چـووە ڕیـزی سـیناگۆکە خـۆجێییەکە، بۆشـی دەرکەوت کە سـیناگۆگەکە سەردەسـتەی تەوراتخـوێنی نییە، بۆیە خۆبەخشـانە بۆ ئەو کـارە چـووە پـێش. هەروەهـا پەیوەندیشی بە هەرەوەزییەکەی دارتاشەکانەوە کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کات ئیش کەم بوو، بۆیە ئەوێ زۆر دادی بۆ نەدا، بەڵام دایکە کۆڵنەدەرەکەم بیرۆکەیەکـی نـاوازەی هەبـوو. ئەو چێشـتی لێـدەنا و ژەمـی نێوەڕۆیـانی ئامـادەدەکرد، باوکیشـم یـارمەتی دەدا. لەو سـەردەمدا چێشـتخانەی کەم لە سەرتاسـەری فەڵەسـتین هەبـوون و هیچیشـیان لە هێرزیلیـا نەبـوون، بـۆیە بیرۆکەی دایکم زۆر سـەرکەوتووانە بـوو. بـۆ چەند پیاستەرێکی (پولی ئەو سـەردەمی فەڵەسـتین) کەم، خـواردنێکی خـۆش و بەتـام و هەرزانـی دەدایە کرێکاران.

لەگەڵ ئەوەشـدا، لەگەڵ ئەو مکوڕبوونەیـان کە ژیـانی خۆیـان لە فەڵەستین دروستبکەن-هەرچەندە ئەوان ئێستا گوڕوتینی جارانیان نەماوە- دایبـابم بە سـەختی لەبـن بـاری قوڕسـی دارایـیەوە دەیانناڵانـد. بـۆ نمـوونە لەبیرمە جارێکیان هەفتەیەک بەر لە جەژنی قیامەت، پەلی منداڵەکانم گرت و بـردنمە هێرتزلیـا تـا لە ئامادەکـاریی جەژنەکەدا یـارمەتی دایکـم بـدەم. مۆریسیش ڕۆژێک پێش جەژن گەیشتە لامان، هەروەها شینا و خێزانەکەشی هـاتن. لـی گەلـۆ، ئـێمە هەموومـان ئەوەنـدە هەژار بـووین، هـیچ نەبـوو ئامادەکـاری پێـبکەین. باوکیشـم هەر دەهـات و دەچـوو وەک ئەوەی شـتێک پێوەیدابێ. خەیـاڵی ئەو هەنـوکە لە فەڵەسـتینە، لەگەڵ تەواوی خـانەوادەکەی (تەنیـا کـلارا هێشـتا هەر لە زانکـۆی ویسکۆنسـنی وڵاتە یەکگرتووەکـان مـاوەتەوە، چـاوەڕێی وەرگـرتنەوەی بڕوانـامەی دەکـات) ئیـدی تەنـانەت هەویرتـرش یـان بوتڵێـک شـەڕابیش لە مـاڵەکەدا نەبـوو، چ جـای خـواردنی

سەرخوانی سیدەر[43]. من لە دیمەنە شڕووڕەکەی باوکم خۆم پێ ڕانەدەگیرا، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چ کارێکی ئومێدبڕانە دەکا. ئەو خۆی بە ڕیسوا دەزانی، هەرچەندە پێشتریش هەژاری هەرگیز پێشتر چۆکی پێدانەدابوو.

پاشان شتێکی سەرسوڕمێن قەوما. سەگێک قەپاڵێکی لێگرتم! بۆ یەکێکی دیکە دەبووە گرفتێکی گەورە، بەڵام بۆ من وەک پەرجوو وابوو. دەبووایە بۆ دەرزی دژەسەگ گەستن چوبامایە تەلئەبیب، لەوێش بە دوای کەسێکدا دەگەڕام، بەڵکو پارەم بە قەرز بداتێ. بانکێکم دۆزیەوە، کە ئامادە بوو دە پاوەنم بە قەرز بداتێ (ئەوکات بڕە پارەیەکی زۆر بوو) و دەبووایە زامنکارێکیش دەستەبەر بکەم. بۆیە دیسان بە شارەکەدا بە دوای زامنکارێکیشدا گەڕام، بەداخەوە کەسی وام نەدۆزیەوە بانک پێی قایل بێ، کاتێکیش بانک کەسێکی بۆ دەستنیشانکردم، کەچی کابرا ئامادەنەبوو هیچ سەرچڵییەک بنوێنێ. لە دواییدا کەسێکم دۆزییەوە، کە بایی ئەوەندە سەرمایەی هەبوو بانک بیپەژرێنی، پیاوێک بوو دڵێکی جووانەی گەورەی هەبوو، خاوەن ناووڕوومەتێکی باشیش بوو. ئەوە بوو بە گیرفانی دە پاوەندی گەڕامەوە هێرزلیا تا بیدەمە باوکم، هەرچەندە سەگیش گەستبوومی بەڵام هەستم بە جۆشوخرۆشێک دەکرد.

لەو سەردانە دەگمەنانەمدا بۆ تەلئەبیب، هەمیشە بەوە خەمبار دەبووم و هێدمە دایدەگرتم، کە دەمدی خەڵکی بێ ئیش لە گۆشە و کەناری شەقامەکان کەوتوون، هەروەها چەندان باڵەخانەی شارەکەش مابوون تەواو بکرێن، کاریان تێ داوەستابوو. وەک ئەوەی وزەیەکی زۆر بە فیڕۆ درابێ. هەڵبەتە بێگانەکان بە شێوەیەکی دیکە دەبینران. سەرباری قەیرانە ئابورییەکە، هەزاران جوو لە فەڵەستین دەژیان، منداڵیان دەبوون، سەرکردایەتیی خۆیان پێش دەخست، کشتیارییان دەئافراند و نشینگەی شارستانییان دروستدەکرد، هەموو ئەو کارانەیان تەنیا بە کۆمەکی –بەپێی شیکردنەوەی دارایی- بزوتنەوی زایۆنستی هەندەرانەوە ئەنجامدەدا، کە

---

[4343] فراوینێکی جووانەیە بە بۆنەی یەکەم شەوی یان هەر دوو شەوی جەژنی قیامەت ئامادەدەکرێ. وەرگێڕ.

دەســـتکەوتی مەزنـــی بەدەســـتهێنان. گەر بە چـــاوی مێژوونووســـانەش ســـەیربکرێ، ئەوا لە ڕۆژانـــی تەنگـــانەش جێـــپەنجەی کـــارای بـــزوتنەکەی پێوەدیارە. بەڵام من نە بێگانە و نە مێژوونوس بووم، پەرۆشبووم بۆ ئەوەی پشکم لەبەرەوپێشبردنی بارودۆخەکەدا هەبێ، تاکو شتێک بۆ خۆم بکەم.

باشـترین سـامانی مەزنـی مـن هیسـتادروت (فیدراسـیۆنی گشـتی کرێکارانی جوو) بوو، ئەو ڕێکخراوەی سـاڵانێکی دورودرێژ تێیدا و بۆیشـی کارمـدەکرد، حەزی کـارگوزاری کەسـێکی مـن بـوو. مـن پێشـتر لە تەلئەبیـب کارم بۆ سۆلیل بۆنیخ دەکرد و لە ئۆرشـەلیمیش بۆ مـاوەیەکی کـورت کـارم بـۆ دەکـرد و زۆر خەڵکیشـم لە بـزووتنەوەی کرێکـاران دەناسـی. ئەوان ئەو کەسانە بوون، کە پێیان سەرسام بووم و خۆشمدەویستن. حەزمدەکرد لێیان فێرببم و لەگەڵیشیاندا کاربکەم، بە تەواوی لەگەڵ ئەوان وەک ماڵ هەستم بە ئاسـودەیی دەکـرد. ئەوانـیش وەک مـن مەرامە بنگەییەکـانی هیسـتادروتیان دەزانـــی، کە زۆر نەبـــوو، ئەویـــش پاڕاســـتنی دەســـتبەجێی نـــان و ڕۆن و بەرژەوندییەکانی کۆمەڵگا کرێکارییەکان بوو، چـونکە پاشـەڕۆژی جووەکـانی فەڵەستین بوو، ئەوانەی لەوێ بوون و بەردەوامیش بۆی دەهاتن.

لە زۆر ڕێگـاوە هیسـتادروت بێ وێنە بـوو. خـودی خـۆی نمونەیەک بـوو بـۆ خـۆی، نەک نمـوونەی ڕێکخـراوە کرێکارییەکـانی دیکە بێ، چـونکە پێگەی کرێکارانی جوو لە فەڵەستین بە تەواوی لە پێگەی کرێکارانی بەریتانیا و فرانسـا یـان ئەمریکـا جیـاواز بـوو. وەک هەر شـوێنێک مـافە ئابورییەکـانی کرێکـارانی جـوو وەک کرێکـارانی عەرەب لە فەڵەسـتین زامنکرابـوو، بەوەی مافی مانگرتن، مافی کرێی گونجـاو، مـافی ڕۆژانـی پشـوو بە کرێیەوە، مـافی مـۆڵەتی نەخـۆش و ئەو شـتانەیان پـارێزراوبوو. کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا ناونیشانی فەرمی فیدراسـیۆنی گشـتی کرێکارانی جوو بـوو، بەڵام شـێواندنە گەر هیسـتادروت تەنیـا بە یەکێتیـی پیشـەوەران لە قەڵەم بـدرێ، چـونکە بە بیرۆکە و کردار زۆر لەوە زیاتر بوو. لە پێش هەمـوو شـتێکەوە هیسـتادروت لەسـەر بنەمـای یەکێتـی هەمـوو کرێکـارانی یشـوڤ (کـۆمەڵگە نیشـتەنیەکانی جـولەکەی فەڵەسـتین) دامەزرابـوو، ئەوسـا ئەگەر کرێگـرتە بووبـان، ئەنـدامی کیبۆتەکان بووبان، کرێکاری ڕەنگ شین بووبان یـان ڕەش، کرێکـاری بـازوو

بووبـان یـان ڕۆشـنبیر، هەروەهـا هەر لە سـەرەتاوە لە خەبـات بـۆ هێنـانی جـولەکە بـۆ فەڵەسـتین پێشـەنگ بـوو، هەرچەنـدە هێنـانی کـۆچبەران دەبـووە باریش بەسەر شانیەوە.

لە دوای ئەوە هێشتا فەڵەسـتین لە ڕووی ئـابورییەوە ئامـادەنەکرابوو بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی کۆچبەران جوو. هەڵبەتە هەندێک نشینگەی بچـووکی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی لـێ هەبـوو. لـێ ئەو پـڕۆژانە دەرەقەتـی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان نەدەهـاتن، ئێمەمـانـانیش کە بـۆ بنیاتنـانی مـاڵی نیشتمانیی جوو هـاتبووینە فەڵەسـتین، دەمـانزانی دەبـووایە شـتێک بئافرێنین، کە ئەمڕۆ بە "ئابوریی نەتەوەیی" ئاماژەی بۆ دەکرێ"! ئەگەر هـات و تـۆ بیر لە لەخـۆگرتنی- پیشەسـازی، گواسـتنەوە، بنیاتنـان، بـاری داریـی بکەیـتەوە نەوەک بـاس لە ئامرازەکـانی سـەوداکردن لەگەڵ خۆشـگوزەرانی و بێکاریـدا بکەی –ئەوا بۆ ئێمە ئافراندنی ئەوانە، شتێک بوو لە نەبوونەوە بوو. تەنـانەت لەو کاتەی من لەبارەیەوە دەنوسـم، ئەو کـاتەی کرێکارەکـانی فەڵەسـتین هەم ژمارەیان کەم بوو هەم زۆریش گۆشەگیربوون، لە سـۆنگەی هیسـتادروتەوە بە بـێ دوودڵـی بەرپرسـیارێتی پێشـەنگبوونی دروسـتکردنی دەوڵەتێکیـان هەڵگرتبوو، هەرچەندە کەسیش ئەرکەکەی بەسەردا نەسەپاندبوون.

ئاخر هەر لەسەرەتاوە بە نموونە پێشەنگی زایۆنزمی جۆشێندرابوو، بۆیە هیستادروت هەموو لایەکی ژیان و ماڵی نیشتمانی جووی وەک یەک بە گرنگـی داپۆشـیبوو. ئەوکـات (ئێسـتاش هەر مـاوە) هەمـوو پڕۆژەیەکـی هیستادروت بە دوو پێوەر لە سەنگی محەک دەدرا: ئایا پڕۆژەکە دەربەستی پێویسـتییە هەنوکەییەکـانی نەتەوە دێ؟ هەروەهـا ئایـا لە ڕوانـگەی سۆشیالیستیەوە مایەی پەسندبوونە یان نا؟

یەک نمونەی بـاش بـۆ مکوڕبوونی هیسـتادروت لەسـەر پێشخسـتنی ئـابوری پڕۆژەکـانی، چـاودێریکردنی ئەو دانەیەی، کە لە نێـو کۆمەڵگـای کرێکاران بەرگی هەمووی پۆشیوە. لە سەرەتای ١٩٢٤دا ئۆرگانێکی قانونیانە نـاوی هێرڤـات هاڤـادیوم بـوو( کـۆمەڵەی هەرەوەزی گشـتییی کرێکـارانی جولەکە لە فەڵەستین)، نوێنەرایەتی هەموو ئەندامەکانی هیستادروتی دەکرد و بـووە "خـاوەنی" هەمـوو سـەرمایەی هیسـتادروت، کە ئەوکـات زۆر نەبـوو.

سۆلێل بۆنیخ یەکێک بوو لە سەرمایەکانی، کاتێکیش زۆر قەبە بوو، لە دواییدا لە ١٩٢٧دا داڕما، کەسێک لە دەرەوەی بزووتنەوەی کریکاران خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو، جارێکی دیکە نۆژەن بکرێتەوە. بەڵام هیستادروت دەبێ و هەمیشەش دەبێ، کە پێویستییەکی زۆر بە تەلارسازی و کۆمپانیاکانی کاری گشتی هەیە بۆ ئەوەی خزمەتی داخوازییەکانی نەتەوەیی بکا، بە شێوەیەک کۆمپانیا خاوەندارییە تایبەتەکان پێیان نەدەکرا. ئیدی سۆلێل بۆنیخ جارێکی دیکە لەدایکبووەوە. ئەمڕۆ چەندان ڕێگای خۆڕێکخستنەوە هەن، لە نێویاندا نۆژەنکردنەکەی ١٩٥٨، کە لەسەر بنەمای سێ کۆمپانیا دامەزرا (کۆمپانیای بیناسازی، کۆمپانیای کرێکارانی بەندەر و ئەودیوی زێ و کۆمپانیای ڕاگرتنی پیشەسازی و یاریدەدەرەکانی) کە یەکێکە لە سەرکەوتووترین فیرما لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کاتێک یادی پەستی و گرژی فەرمانگە بچوک و تەنگەکەی سۆلیل بۆنیخی ئۆرشەلیم لە ١٩٢٧دا دەکەمەوە، لەو کاتەی پارەی نەختینەی ئەوەندە نەبوو، تەنانەت کرێ و مزی مانگێکی دەفتەردارەکەشی بدا، دە ئەوسا بیر لە ٥٠،٠٠٠ ژن و پیاوی کرێکار بکەوە یان بیر لە هەر سێ کۆمپانیا پێکهێنەرەکەی بکەرەوە، کە ڕەگەکەیان بۆ سۆلیل بۆنیخ دەگەڕایەوە، ئەوەی بەسەر یەکەوە دەیکردە ٢.٥ پارەی ئیسرائیلی. لێرەوە من دادەڕسێمە هەر کەسێک، مشتومڕی ئەوەم لەگەڵدا بکا و بڵێ زایۆنیزم بە تەواوی لەگەڵ گەشبینی یان لەگەڵ سۆشیالیزم نایەتەوە.

لەبارەی ئەو ڕەخنانەی پەنجا ساڵ بەر لەئێستا لە بزووتنەوەی کریکارانی جوو دەگیرا، کە بیرۆکەی هیستادروت، ڕۆمانسی، شکۆدار و چارەنووس نوشوست بوو، لێمگەڕێن با ئاماژە بە سۆلیل بۆنیخ بکەم نەوەک هەر پێنج دەیەی ئاستەنگی تێپەڕاندن، بەڵکو ژیا تا زۆرترین ڕۆڵی چارەنووسسازیانە لەسەر گۆڕەپاندا بگێڕێ، ئەوسا لە دروستکردنی خانوو بۆ هەزاران خێزان، ڕێگا، قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی ئیسرائیل هەروەک پێشەنگێکیش بوو لەو پڕۆژانەی پەلیان بۆ دەرەوەی ئیسرائیلیش هاوێشت وەک ئەفریقا و بەشێکیش لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵام سۆلیل بۆنیخ تەنیا بەشێک بوو لە بونەوەرەکانی هیستادروت، چونکە دەیان پڕۆژەی دیکە- کشتوکاڵی، پیشەسازی، پەروەردەو خوێندن، کلتورو دەرمانزاسی-

هەبوو هەمووشیان ڕەگیان بە قوڵاییدا چەسپابوو، کرێکارە ڕاستەقینەکانی ئیسـرائیل پێشـنۆرەیی خۆیـان وا دەربـڕی تـا شـتێکی وەهـا بنیـاتبنێن، کە دەوڵەتی ئێستای ئیسرائلی لێکەوتۆتەوە.

هەرچۆنێـک بـێ ئەوێ ڕۆژێ مـن زۆر شـادمان بـووم، ڕۆژەکە باراناوی بوو، ئەو کاتەی لەگەڵ یەکێک لە دەرەوەی فەرمانگەی هیستادروت لە تەلئەبیـب داڤیـد ڕەمـز قسـەم دەکـرد (ئەوکەسـەی چـوار سـاڵ پیشـتر پێشـنیازی بـۆ مـۆریس و مـن کردبـوو کە بـۆ سـۆلیل بـۆنخ لە ئۆرشـەلیم کـاربکەین) داوای لێکـردمەوە ئەگەر حەزبـکەم بچـمەوە سـەرکار و بـبمە سکرتێری ئەنجوومەنی کرێکارانی ژن لە هیستادروت. لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ئۆرشەلیم لە مێشکی خۆمدا کەوتمە تاوتوێکردنی پێشنیازەکە. بڕیارەکەش وا ئاسـان نەبـوو. دەمزانـی گەر کـارەکە وەربگـرم، ئەوا سەروسـەودای زۆرم لەگەڵ دەرچـوون بـۆ نـاوەوە و دەرەوەی فەڵەستین پەیـدادەبێ، بـۆیە دەبـێ شـوێنێک بـۆ نیشـتەجێبوون لە تەلئەبیـب پەیـدابکەین، ئەمەش سـەخت بـوو. ئەمما لەوەش سەختتر و گرنگتر، دەبووایە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببمەوە، ئەگەر بگەڕێـمەوە سـەر کـار، ئەوا کۆتـایی ئەو هەوڵانەم دێ، کە سـەرتاپای ئەرک و کـاتم بـۆ خێـزانەکەم تەرخـان بـکەم. هەرچەنـدە ئامـادەش نەبـووم تەنانەت بۆ خودی خۆشم سەبارەت بەو پرسـە، دان بە بەزینی خۆمـدا بنێم. پێشـتر پـێم لەوە نـابوو، کە ئاڕاسـتەی ئەو چـوار سـاڵەی هاوسـەرێتیم لە ئۆرشەلیم نوشستی هێنابوو. وەرگرتنی ئیشی تەواوکات (فولتایم) لەژێر ئەو بـــارودۆخەدا واتـــای ئەوەی دەدا، دەبـــووایە شـــانی بـــدەمەبەر، ئەوەش دەیترسـاندم. لە سـەرێکی دیکەشـەوە بە خـۆم دەگـوت، لەوانەیە گەر ئـێمە دڵشـاد بـین و کـارجێبەجێکەر بـین، ئەوا بـۆ هەمـوولایەک بـۆ مـۆریس و بـۆ منداڵەکان و منیش باشتر دەبێ. لەوانەیە بتوانم دەرەقەتی هەموو شتیک بێم: ڕزگـارکردنی ئەو بەشـەی لە هاوسـەرێتیمان مـاوە تـا چیدیکە بەرەو داڕمـان نەڕوا، بـوون بە دایکێکـی بـاش بـۆ سـارا و منـاحیم هەروەهـا جۆرێـک لە ئامانجیشم هەبێ، کە حەزم لەو ژیانە بوو بۆی پەرۆش بووم.

هەڵـبەتە وەک ویسـتم وەهـا نەهـاتەوە، هـیچ شـتێک کتومـت وەک چـاوەڕوانی دەکەی نـایەتەوە. ئەگەر ڕاسـتگۆ بـم نـاتوانم بڵـێم لەو بڕیـارەم

پەشیمانم، یان ئەگەر بشگەڕێمەوە دواوە بڵێم گوایە لە بڕیارەکەدا هەڵەبووم. لێ ئەوەی لێی پەشیمانم-زۆریش پەشیمانم-هەرچەندە من و مۆریس هەر بە ژن و مێرد ماینەوە و یەکدیمان خۆشدەویست تا ئەو ڕۆژەی لە ١٩٥١دا لە ماڵەکەی من کۆچی دوایی کرد، من نەمتوانی هاوسەرایەتییەکەمان سەرکەوتوانە ببەمەسەر. ئەو بڕیارەی لە ١٩٢٨دا دام مۆری سەرەتای لەیەکجیابوونەوەمان بوو، هەرچەندە تا نزیکەی دە ساڵیش کۆتایی نەهات.

تراژیدیاکە ئەوە نەبوو، کە مۆریس لە من تێنەدەگەیشت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو زۆر باش تێدەگەیشت و هەستیدەکرد ناتوانێ لێی دەربازببێ یان ڕایەکەم پێبگۆڕێ. من دەبووایە ئەوەبم کە خۆم بم، ئەوەی من بۆ ئەو کردمە مەحاڵ ئەوە بوو، کە ژنێکی هەبێ ئەو بیەوێ و پێویستی پێبێ. بۆیە ڕێگری نەکرد لە گەڕانەوەم بۆ سەر کار، هەرچەندە دەشیزانی، گەڕانەوەی من بۆسەر کار چیدەگەیەنێ.

ئەو هەمیشە بەشێک لە ژیانی من و هەڵبەتە هی منداڵەکانیش مایەوە. پەیوەندیی نێوان سارا و مناحیم لەگەڵ مۆریس هیچ کات لاواز نەبوو. ئەوان زۆر پێ یسەرسام بوون و زۆر زوش دەیاندیت. ئەو بایەخێکی گرنگی پێدەدان هەروەک چۆن بەشێکی گرنگیشی بە من بەخش. هەرچەندە لەیەکیش جیابووبووینەوە، ئەو باوکێکی زۆر نایاب بوو. ئەو کتێبی بۆ دەکڕین و بۆی دەخوێندنەوە، لەبارەی موزیک قسەی بۆ دەکردن، هەمیشەش بە سۆز و گەرموگوڕیەوە، کە خەسڵەتێکی ئەوبوو، لەگەڵیان دەجووڵایەوە. ئەو کەسێکی ئارام وسەنگین بوو. بۆ جیهانی دەرەوە وەها پێدەچوو ناکاریگەر و ناسەرکەوتو بێ، لە ڕاستییشدا لە ناخی ژیانیدا کەسێکی زۆر پڕ و دەوڵەمەند بوو -لە من پڕتر بوو لەگەڵ ئەو هەموو چالاکی و بزوێنەرانەش- هەروەها ئەو لەگەڵ برادەرە نزیکەکانی، خێزانەکەی و منداڵەکانی بەخشندە بوو.

ئاوەها لە ١٩٢٨دا لەگەڵ سارا و مناحیمدا ئۆرشەلیمم بەجێهێشت و چوومە تەلئەبیب؛ تەنیا لە ڕۆژانی پشووی هەفتەدا دەهاتەوە لامان لە ماڵ.

منـــداڵەکان دەچـــوونە قوتابخـــانە-کە لە لایەن بـــزووتنەوەی کرێکـــارانەوە بەڕێوەدەچوو- منیش گەڕامەوە سەرکار.

ئەنجـوومەنی کرێکـارە ژنەکـان و ڕێکخـراوە دەسـتە خوشـکەکەی لە دەرەوە ژنـانی پێشـەنگ، یەکەمـین و دوایین ڕێکخـراوی ژنـان بـوو، کە کـارم تیـادا کردبـێ. ئەوەی سـەرنجی منـی بـۆ لای ئەوان ڕاکێشـا ئەوە نەبـوو، کە خەمی پرسی ژنیان بوو، بەڵکو خودی ئەو کـارەی پێی هەڵدەستان لای مـن گرنـگ بـوو، بەتـایبەتیش لە کـێڵگە مەشـقییە کشـتوکاڵییەکاندا، کە بـۆ کـچە کۆچبەرەکانیان دامەزراندبوو. ئەمڕۆ ئەنجوومەنی کرێکاران (کە بەشـێکە لە هیسـتادروت) سـەرقاڵبوونی سـەرەکی و خزمەتگـوزارییە کۆمەڵایەتییەکـانە, ئەمەش لەگەڵ کاروباری قانوونی ژنان (باربووی دایکـانە، خانەنشـینی، ئیدی بەم شێوەیە)، بەڵام لە ١٩٣٠دا مشوری سەرەکییان ڕاهێنـانی پیشـەییانە بـوو بۆ ئەو سەدان کچە گەنجەی دەهاتنە فەلەستین بۆ کارکردن، بەڵام خۆ ئەوان نە هـیچ پاشـخانێکی کێڵگەدارییـان هەبـوو، نە هـی هـیچ کاروکاسـبی دیـکەش. ئەنجوومەنەکە مەشقی کێڵگەیی بەو کچـانە دەدا، کە واتـایەکی زۆری هەبـوو، لەوە، پتـر کە هەنـوکە مەشـقی پیشـەییان پێدەدرێ. یـارمەتی ئەوەیـان دەدان بەخێرایی خۆیان لەگەڵ وڵاتەکە ڕابهێنن، زمانی عیبریان فێردەکردن و وایـان لـێ دەکـردن، ئاکنجیبوونیـان لە وڵات واتـا و هیـوای خـۆی هەبـێ، چـونکە هەنـدێکیان بەبـێ خێـزان بـوون، هەندێکیشـیان بە بـێ ڕەزامەنـدی دایبابیـان هـاتبوون. ئەو "کـاری کـێڵگەی ژنـانە" لە کاتێکـدا بـوو، کە هێشـتا بیـرۆکەی ڕاهێنان و مەشقی ژنان بۆ هەر کارێک چ جای کاری کشتوکاڵی، لای زۆر لە خەڵکی ڕەفتارێکی نەشیاو بوو.

ئەز لەو کەسانە نیم، کە زۆر بە فێمینیزم سەرسـام بـم بەوەی داوای سوتاندنی مەمکدان، بێزرانی پیاو یان هەڵمەت دژی دایکایەتی بکەم، بەڵام من ڕێزێکـی زۆرم بـۆ ئەو ژنە کرێکـارە وزەدارانە هەبـوو، کە لەنێـو ریزبەنـدی بزووتنەوەی کرێکاراندا بوون- ئادا مایمون ، بیدا ئیدلسۆن، ڕاشێل یانیت بن زیڤی، تەنیا ناوی کەمێکیانم هێناوە- کە سـەرکەوتووبوون بـۆ چەکدارکردنی ئەو کیـژانەی لە شـار گەورە بووبـوون. بە زانیـاریی تیـۆری و ڕاهێنـانی کردەیی بۆیـان، کە پشـکی خۆیـان هەبـێ (زۆر جـار زیـاتر لە پشـکی خۆیـان

هەبوو) لەو کارەی نشینگە کشتوکاڵییەکانی سەرتاپای فەڵەستین. ئەو شێوە بونیادنانەی فیمینیزم بە ڕاستی کارێکی وای کرد ژنان بە بیرو بازووی خۆیان زیاتر بن لەوانەی کە تەنیا لە ماڵ گەسک لێبدەن یان لە پشت مێز دابنیشن.

هەڵبەتە سەبارەت بە پێگەی ژنان بە گشتی دەکرێ زۆر بگوترێ (لەوانەیە زۆریش تا ئێستا لەو بارەیەوە گوترابێ)، لێ من بیرۆکەی خۆم لە بابەتێکدا کورت و پوخت دەکەمەوە. شتێکی سروشتییە دەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە ژنان لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن، بەڵام ئەوەش ڕاستە، خەڵکی جوو ناکرێ لە هەموو ئادەمیزادێکی دیکە باشتر بن یاخود هەستبکەن، کە ئەوەی لە سەریانە پەرجوئاسا لە هەموو کاتێکدا ئەرکەکان بە پوختی تەواوبکەن. لە سەرێکی دیکەشەوە -چیرۆکەکە وەک من بیزانم هەمووی وەک یەکە- جارێکیان دەنگۆی ئەوە لەنێو ئیسرائیلدا بڵاوبووبووەوە، گوایە داود بنگۆریۆن (یەکەمین سەروەزیری ئیسڕائیل) منی بەو شێوە وێناکردبوو کە "تاکە پیاوم" لە کابینەی حکومەتەکەیدا. ئەوەی سەیرم پێهاتبوو ئەوەبوو، بە لای ئەو (یان هەر کەسێک چیرۆکەکەی داهێنابێ) باشترین موجامەلە و پەسنێک بوو، درابێتە پاڵ ژنێک. بەڵام من زۆر گومانم لەوە هەیە، کە هیچ پیاوێک پێیخۆش بێ بەو جۆرە پەسنی بدەن بەوەی بڵێن تاکە ژنی حکومەتەکەیە!

ئەوەی ڕاستی بێ، من لە تەواوی ژیانمدا لەگەڵ پیاواندا ژیاوم و کارم کردووە. هەرگیز و بە هیچ شێوەیەکیش ژنایەتیم نەبووەتە کۆسپ. هیچ کات کارەکەی زەحمەت نەکردووم یان هەستێکی وەهای نیشان نەداوم، گرێی خۆبەکەمترزانینم هەبێ، بەوەی گوایە پیاوان لە ژنان باشترن، یاخود منداڵبوون بە کارەسات بزانم. نەخێر بە هیچ شێوەیەک ئەمە ڕوویانەداوە. هەروەها پیاوانیش سەودای پێشنۆرەییان لەگەڵدا نەکردووم بەوەی لەبەر ئەوەی ژنم باشتر حیسابم بۆ بکەن. لێ بە ڕای من ئەوە ڕاستە، کە ژن ئەوسا چ لە دەرەوە کاربکا یان لە ماڵەوە، کاتی سەخت و تەنگانەی زۆر لە پیاوان زیاترە، چونکە ژنان دووقاتی پیاوان باریان قورسە (لەگەڵ هەڵاوێردنێکی تێبینیدار کە ژنانی کیبۆتنشینن، چونکە ژیانیان وەها ڕێکخراوە

بتوانن کار بکەن و منداڵانیش بەخێوبکەن). ژیانی دایکێک کە ئیش بکا و لە هەمان کاتیشدا دووربێ لە پشتگیری باوکی منداڵەکانی، ئەوا سێ کەڕەت قورسترە لە هەموو پیاوێک کە لە ژیانمدا توشیان هاتبم.

مەودای ژیانم لە ئۆرشەلیم، دوای ئەوەی تەلئەبیبم بەجێهێشت دەرخەرەیەکی دووڕیانەکان و ئاستەنگەکانم بوو. بەردەوام دەبووایە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە غاربدەم، بۆ سەرکار، بۆ ماڵ، بۆ کۆبوونەکان، مناحیم ببەمە وانەی موزیک، مەوعیدەکانی دکتۆر بۆ سارا وەربگرم و نەیاندۆڕینم، بچمە بازار، چێشت لێبنێم، کاربکەم و بگەڕێمەوە ماڵ. بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژانە، من دڵنیانەبووم ئاخۆ منداڵەکانم ئازارداون یان پشتگوێمخستوون، هەرچەندە هەوڵێکی زۆریشم دەدا تەنانەت سەعاتێکیش لێیان دورنەکەومەوە مەگەر زۆر ناچار و پێویست نەبووبێ. کەچی وا گەورەبوون و لەشساخیش دەرچوون، بەرهەمهێنەربوون، بەهرەدار و کەسی باش دەرچوون، هەردووکیان بوونە دایبابی نایاب بۆ منداڵەکان و یاوەری من بوون. بەڵام کاتێک گەشەیان دەکرد، دەمزانی لە چالاکی چوونەدەرەوەکانم لالوت و نارەحەتن.

من بە شەوان بێدار دەبووم تا خواردنیان بۆ ئامادە بکەم، جلەکانیانم دەدروینەوە، دەچوومە کۆنسێرت و فیلم لەگەڵیان. هەمیشە بە یەکەوە قسەمان دەکرد و پێدەکەنین، بەڵام ئایا شینا و دایکم لەسەر هەق بوون، کە بە ساڵان لۆمەیان دەکردم بەوەی منداڵەکانم لە زۆر شت بێبەش کردوون؟ پێم وایە هەرگیز ناتوانم بەرسڤی ئەو پرسە بدەمەوە بە جۆرێک، کە لێی قایل ببم، هەرگیزیش داوای ناکەم. ئایا منداڵەکانم ئەو کات و دواتر شانازیان پێوە دەکردم؟ هەڵبەتە من حەز دەکەم وەها بووبێ، بەڵام بە ڕاستی تەواو دڵنیانیم، لە دایکێک کە بە بەردەوامی لە ماڵ دیارنەمێنێ. بەبیرمە جارێکیان سەرۆکی دانیشتنێکی ژنان بووم. لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییدا داوامکرد ئەوەی لەگەڵ پرسەکەدایە با دەستەکانی خۆی بەرزبکاتەوە، ئەوەی تەواو مایەی سەرسوڕمانیم بوو، کە سارا و مناحیم (کە بەدزیەوە هاتبووە هۆڵەکە تا سەرنجم رابکێشن) دڵسۆزانە دەستیان بۆ ئەو پێشنیازەم بەرزکردبووەوە. ئەوەش باشترین خاترجەمیم بوو بۆ دەنگێکی پڕ لەمتمانە، کە وەرمگرتبێ،

بەڵام ئەوەش هەر لایەندام لەو بیرکردنەوەیەی، کە دەنگدان بۆ دایک ئەوەندە باش و گرنگتر نییە لەوەی دوای تەواوبوونی قوتابخانە چووبایەوە ماڵ.

هەڵبەتە ساڵانی دواتر زۆر دەچوومە دەرەوەی وڵات. هەر کاتێ سەفەرم دەکرد هەستی گوناحەکەم زێدەتردەبوو. هەموو کات نامەم بۆ دەنووسین، تەنانەت دەنگیشم بۆیان تۆماردەکرد، کە پێدەچوو سۆزاوی تربێ، هەروەها هیچ کات بەبێ دیاری نەگەڕاومەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لەو هەستە دەربازنەدەبووم، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئازارایان دەدام. ساڵانێک دواتر، هەندێک لەو هەستانەم کردنە کۆمەڵە وتارێک و وەک یاداشتنامە (بە ناوی ژنەجوتیارێک) بە ناوێکی خوازراوەوە لەگەڵ ئەو ژنە چالاکانەی یۆشوڤ لەو سەردەمدا بڵاوکردنەوە. چەند بڕگەیەکی کەم لەو وتارەی ساڵی ١٩٣٠دا مایەی سەرنجڕاکێشانی زۆر لە ژنان بوو تەنانەت ئەمڕۆش، چونکە ئەو ئاریشانەی ئەو کات بە هاتنی ماشێنی جلشۆر، ماشێنی قاپشۆر و وشکەرەوە توشم بووبوون، هەنوکەش کارتێنەکراو بوو، هەر چەندە ئەوانە یارمەتییەکی زۆریان داوم. لە وتارەکەمدا هاتبوو:

*ئەگەر بە گشتی وەریبگری، زۆرانبازی و بێئومێدی ناخەوەی ئەو دایکەی دەچێتە سەر کار چەند کەمە، هێڵێکی تەریبانەی هەیە، بەڵام لەنێو ئەو شتە گشتییەدا پلەی جیاوازجیاواز هەن. هەندێک دایک هەن تەنیا ئەو کاتە کاردەکەن، کە ناچاربن، بۆ نموونە کاتێک مێردەکەیان نەخۆشدەکەوێ یان بێکار دەبێ، یان خودی خێزانەکە بە هەر هۆیەکەوە بێ ژیانی ئاساییانەی لێترازاوە. لەو بارەدا دایکەکە هەستدەکا، کە پێویستیبوونە ڕەوایەتی بە کارەکەی دەدا، چونکە گەر وەها نەکا، قوتی منداڵەکانی دابین نابێ. ئەمما خۆ جۆریکی دیکە لە ئافرەتان هەن ناتوانن بە هەر هۆیەکەوە بێ لە ماڵ بمێننەوە. سەرباری جێگەوڕێگەی منداڵەکان و خێزانەکەی لە ژیانیدا، سروشتەکەی شتی زیاتری لێدەخوازێ. ئەو ناتوانێ خۆی لە ژیانی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی جیابکاتەوە. ئەو ناتوانێ منداڵەکانی ئاسۆی*

بەرتەسک بکەنەوە. بۆ ئەو جۆرە ژنانە حەوانەوە لە گۆڕێدا نییە.

لە ڕووی تیۆرییەوە پێدەچێ ئەم ڕەوتە ڕێکوڕەوان بێ. ئەو ژنەی جێگەی ئەو بۆ منداڵەکان دەگرێتەوە بۆ ئەو مەبەستە تەرخانە، منداڵی خۆشدەوێن، ئامادەیە و شیاوە بۆ ئەوکارە و منداڵەکانیش باش مشووریان دەخوری، بەڵام بیردۆزێکی پەروردەی منداڵ هەیە، داوادەکا، کە لەڕاستییدا بۆ منداڵان وەها باشترە، دایکیان بە بەردەوامی لە دەوریان نەسوڕێتەوە، هەروەها ئەو دایکەی کە تەواو سەرقاڵە و دەستی لە دنیای دەرەوە بۆ مێردەکەی و منداڵەکانی شوشتووە، ئەوا ئەو کارەی لەبەر هەست و ئەرک نەکردووە، لەبەر خۆتەرخانکردن و خۆشەویستی نەکردووە بەڵکو لەبەر بێتوانایی کردووە، چونکە گیانەکەی هی ئەوە نییە هەمەلایەنەی ژیان بگری لەگەڵ ژانوناسۆر لەگەڵ خۆشییەکانی. هەروەها ئەگەر ژنێک لەگەڵ منداڵەکانیدا بمێنێتەوە و هیچی دیکە نەکا، ئایا ئەوە دەسەلمێنێ، کەوا خۆتەرخانکردنەکەی بۆ منداڵەکانی لەو دایکەی دەچێتە سەر کار زیاترە؟ ئایا ئەگەر ژنێک برادەری نزیکی نەبن، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە مێردەکەی زۆر خۆشدەوێ؟

بەڵام دایک لە زۆر ئەو کارانەی دەیکا ناخۆشی دەچێژێ. هەمیشە ئەو هەستەی هەیە، کارەکەی وەک پیاوێک یان وەک کیژێکی بێ مێرد ئەوەندە بە بەرهەم نییە. بەردەوام منداڵەکان داوایان هەیە، ئەوسا چ لە کاتی لەشساخیدا یاخود نەخۆشییدا بێ. ئەوەش وا دەکا ناخی دابەشببێ، ئەمە گوریسڕاکێشانەکەی ناخەوەی دووقات دەکا، ئەو تەوژمەی هەست، بەوەی ئەرکەکەی ئەنجام نەداوە-ئەمڕۆ بەرانبەر خێزانەکەی و بەیانیش بەرانبەر کارەکەی- ئەمەیە کوڵی گرانی سەرشانی دایک...

زۆر ڕێکوپێک نەبوو کە ئەوکات نامە بنوسم و ئێستاش بیخوێنمەوە، پێدەچێ هەندێ ڕەق بێ بۆ من، بەڵام ئەو کات بە سوێوە نوسیبووم...

بە جیا لە هەموو شتێک بۆ چەندان ساڵ سارا هەر ناساخ بوو. پێیان گوتین کێشەی لەگەڵ گورچیلەکانیدا هەیە، بۆیە بە زەحمەت، مانگ تێدەپەڕی ئەگەر بە مەڕاقەوە سەردانی پزیشکمان نەکردبا. سارا کیژێکی، جوان، ڕووخۆش، زۆر وشیار بوو، زۆریش باش بوو لەگەڵ ئەو سیستمە خواردنەی بۆی دیاریکرابوو، دەبووایە دەرمانەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بمابانەوە و لەسەر مێزی پێخەفەکەی بووان تا لەکاتی پێویستیاندا قوتیان بدا. ئەو ڕۆژانەی دەبووایە لەسەر پێخەفەکەی خۆی بمابایەوە بە تەمای یەکێکی دیکەم بەجێهێشتبا، بۆ من کارێکی ئاسان نەبوو. کاتێکیش هەڵدەسەتایەوە تەماشای دەوروبەرەکەی دەکرد، هەمیشە هەر چاوەڕێی دەکردم. شینا و دایکم کۆمەکی زۆریان کردم، بەڵام هەمیشە هەستمدەکرد دەبێ بۆیان ڕوونبکەمەوە و پاساویان بۆ بهێنمەوە، کەوا لەبەیانیەوە بۆ کار دەردەچم و ئێوارە درەنگانیش دەگەڕێمەوە.

لەمێژ نییە نامەیەکی ئەو سەردەمەم دۆزیوەتەوە، کاتی خۆی بۆ شینام نوسیبوو. بۆ چەند هەفتەیەک بە ئەرکی ژنە پێشەنگەکان نێردرابوومە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دوای حەفت ساڵ، ئەوە یەکەمین جارم بوو، بگەڕێمەوە ئەمریکا. لەسەر ڕێگاشم ئامادەی کۆنگرەی سۆشیال ئەنتەرناشیۆنال بووم، کە لە بروکسل بەسترا. بروکسل باوەشی بۆ کردبوومەوە. من ئەوکات بە تەواوی دنیای دەرەوەی فەڵەستینم لەبیرچووبووەوە. ئیدی بە زەحمەت باوەڕم بە شتەکانی وەک داروبار، ترام، گوڵ و میوەی دانراو، سەرماوسۆڵە، ئاوهەوای خۆڵەمێشی دەکرد. ئەوانە هەمووی هیچیان لە هی تەلئەبیب نەدەچوون. هەموو شتەکان مایەی دڵڕفێنی من بوون. من گەنجترین ئەندامی نێردەکەمان بووم (تێیدا بنگۆریۆن و بن زیڤی هەبوون)، من کاتی گەڕانم هەبوو هەروەها بە چەندان سەعات گوێ لە دووانی کەسە ناودارەکانی سۆشیالیست بگرم، کە پێشتر بێگومان نەمبینیبوون، وەک ئارسەر هیندرسۆن سەرکردەی پارتی کرێکارانی بەریتانا، ئەو کات سەرۆکی سۆشیالیست ئەنتەرناسیۆنال بوو؛ یاخود کەسێکی دیکەی

وەک لیۆن بلوم، کە یەکەمین سۆشیالیستی فەرەنسی و یەکەمین جوو بوو ببێتە سەرۆک وەزیر. هیندرسۆن تازە قایل بووبوو هاوپەیمانییەک بۆ کرێکارانی فەڵەستین ڕێکبخا، بەمەش ئەو کەوتە بەر داخلەدڵترین هێرشی جووە غەیرە سۆشیالیست زایۆنیستەکان، تا ڕاددەیەک خەمی ئەوەمان هەبوو باردوخەکە بارگاوی بکا. بەدەر لەوە سەرباری هەموو ئەو شتانەی لە دەروروبەرم ڕوویاندا، ڕۆژێکیان خۆم دزیەوە و یەک سەعات دوورکەوتمەوە بۆ ئەوەی لە شینا وردببەمەوە و دڵنیایی بکەمەوە، کە من دایکێکی خراپ و خۆپەرست نیم. لە بروکسلەوە ئەم نامەیەم بۆ نوسی:

> *من تەنیا یەک شتم دەوێ ئەویش ئەوەیە لێم تێبگەن و بڕوام پێبکەن. چالاکییە سۆشیالیستیانەکەم ڕێکەوتانە نییە؛ بەڵکو ئەم کارانە زۆر پێویستن بۆ من... پێش ئەوەی لەوێ دەربچم پزیشکەکە ئەرخاینی کردمەوە، کە لەشساخی سارا بەرەوباشی دەڕوا، هەروەها مشوورێکی باشی مناحیمیشم خواردبوو ئەوجا دەرکەوتم... بەڵام لە بارودۆخی هەنوکەیی ئێمەدا نەدەکرا ئەوەی داوام لێکرا ڕەتبکەمەوە. بڕوام پێ بکە، دەزانم ئەوە ڕزگارکەر/فریادڕەس[44] نییە، بەڵام پێم وایە نابێ هیچ دەرفەتێک لەدەست بدەین بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی دەستڕۆیشتوو ڕوونیبکەینەوە، کە ئێمە کێین و چیمان دەوێ....*

لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە شینا بە خۆی لە ماوەیەکی کەمدا بۆ تەواوکردنی خوێندنی خۆراکناسی بگەڕێتەوە ئەمریکا و هەردوو منداڵەکانی لە فەڵەستین جێبهێڵی، کەچی لەسەر لۆمەکردنم هەر بەردەوام بوو بەوەی گوایە من" کەسێکی نێو خەڵکم نەک هی ماڵەوە." دایکیشم هەر سەرزەنشتی دەکرم. ئەوەی ئەوانی پەست و بێزار دەکرد، بەردەوام دەرچوونەکانی من

---

[44] *نوسەر وشەی میسیای Messiahبەکارهێناوە، وشەیەکی دینییە واتای مژدەبەخش و ڕزگارکەر/ فریادڕەس دەگەیەنێ-وەرگێڕ*

بوو. ئیدی دەبووایە منداڵەکان ژەمی نیوەڕۆیان بە بێ من لە خواردنگە هەرەوەزییەکی خانەی کرێکاران بخۆن، ئەو شوێنەی کە لێی دەژیان لە شەقامی هایارکۆن بوو، دەیڕوانیە سەرزێ لە باکوری تەلئەبیب.

لە ڕاستیدا ئێمە بە باشی کاروبارەکانمان ڕێکخستبوو. من هەمیشە یەکێک لە سێ ژورەکانمان بە کرێ دەدا بۆ ئەوەی منداڵەکان بە تەنیا نەمێنینەوە (بۆ چەندان ساڵ من لەسەر قەنەفەی کە ژوری دانیشتن و خواردنی بە یەکەوە دەبەستەوە، دەنوستم)، کاتێکیش کە دەچوومە دەرەوە، هەمیشە یەکێکم پەیدادەکرد جێگەم بگرێتەوە. لێ هەڵبەتە منداڵەکان کەمتر لە پێویست منیان دەدی. من بەردەوام سەرقاڵ بووم ئەوسا چ بە ئاریشەکانی کار بووبا یان ماڵەوە.

ئەمڕۆش فەرمانگە سەرەکییەکەی هیستادروت پێکهاتووە لە باڵاخانەی زۆر مەزن، لەسەر یەکێک لەشەقامە سەرەکیەکانی تەلئەبیب، ئێستا لە کوورە هەنگێکی گەورە دەچێ کە سەدان دەنگ و ژاوەژاوی تایپێستەکان و تەلەفونکارەکانی لێوەدێ، بەڵام ئەو کات شتەکە زۆر جیاواز بوو. ئێمە تەنیا چەند ژوورێکی کەممان هەبوو، جوتێک تایپێست و یەک تەلەفونمان هەبوو، هەمووومان یەکدیمان دەناسی. ئێمە ئەو کات بە واتای تەواوی وشە هاوڕێ بووین. بەردەوامیش لەنێو خۆماندا دەمەتەقێمان لەسەر وردەکاری و شتە تەکنیکییەکان دەکرد، ئێمە هەمان شێوەی ژیان و هەمان بەهاکانیمان هەبوو. زۆر لەو پەیوەندییانەی ئەوکات پەیدامکردن - تا ئەمڕۆ بەردەوام بوون-بە شێوەیەک لە شێوەکان (هەرچەندە لە ماوەی ئەو چەند کەمە ساڵەی دواییدا ئامادەی چەندان ڕێوڕەسمی ناشتنی هەڤاڵەکانم بووم، چونکە ئەوان ئەوکات وەک من و هیستادروت گەنج بوون).

لەو دەستەیەدا سێ چوار کەسیان لە دەرەوەی کۆمەڵگە جووەکانی فەڵەستینیش ناسراو بوون. سەبارەت بە بنگۆریۆن کە بووە – لەبەر هۆکاری باش- کەسایەتییەکی بەرجەستەی ئیسرائیل لە دنیا هەروەها بە دڵنیاییەوە وەها یاددەکرێتەوە، کە یەکێکە لە جووە ڕاستەقینە و مەزنەکانی سەدەی بیستەم، دواتر لەبارەیەوە دەنوسم. ئەو لەنێو هەمووواندا تاکێک بوو دەقاودەق دەتتوانی بڵێی لە خەباتی گەلی جوو بۆ سەربەخۆیی نەدەکرا

دەستی لێ هەڵبگیرێ، بەڵام من هەر بە ئاستەم لەو ڕووەوە دەمناسی. لەنێو کۆمەڵەکەدا ئەوانەی دەمناسین و لەگەڵیان ئاشنا بووم شنێر زالمان شازار بوو، کە بووە سێیەمین سەرۆکی ئیسرائیل؛ لیڤی ئەشکۆلیش بووە سێیەمین سەروەزیر؛ داڤید ڕێمێز و بێرل کاتزنلسن، هەروەها یوسف شپرینزاک، کە بووە یەکەمین وتەبێژی کێنێست (پەرلەمانی ئیسرائیلی).

من شازارم (ناوەکەی پێش نێوە عێبریەکەی روباشۆڤ بوو) یەکەم جار دوای ئەوەی کیبوتی میهراڤیامان بەجێهێشت و گەڕاینەوە تەلئەبیب، دیت. ئەوەش لە یەکی ئایاری ڕۆژی کرێکاراندا بوو، من و مۆریس چووینە نێو ئەو گوڕدەمی ئاپۆرەیەی کە هیستادروت لە گۆڕەپانی قوتابخانەی باڵای هێرزالیای ڕێکی خستبوو. من هەر بە سروشت حەزم لە گوێگرتنی وتاری دورودرێژ نەبوو-تەنانەت ئەگەر لەبارەی بزووتنەوەی کرێکارانیش بووبایە-، بەڵام کاتێ گەنجێک چووە سەرسەکۆی دوان و دەستی بە قسان کرد، مێشکم بۆ لایەکی دیکە ڕۆیشت. من دەتوانم ئێستا بیبینم، لاوێکی بە جۆش، ڕوباشکا (بلوزێکی ڕووسییا بوو کە کرێکارانی فەڵەستینی لەبەریان دەکرد)ی پۆشیبوو، شاڵێکیشی لە کەمەر پێچابوو، دوولینگەیەکی خاکیشی لەپێدابوو. ئەو ئەوەندە بەگوڕ وجۆش و عیبریەکی شیرین قسەیدەکرد، هەر یەکسەر پرسیم ئەرێ ئەوە کێیە؟ پێیان گوتم "ئەوە ڕوباشۆڤ"ە، وەک ئەوەی ناسیبێتم. "شاعر و نوسەر .گرنگترین پیاو". کاتێک ناسیم منیش پێیەوە کارانگاز بوم، ئیدی بووینە دوو دۆستی نزیک.

شازار وەک هەندێک لە ئێمە نەبوو، ئەوانەی پێگەیان بۆ دارِسانە گەورەکەی زایۆنیزم دەگەڕایەوە و ئەوانەی ئەگەر لەژێر هەلومەرجێکی دیکەدا بوونایە ئەو پایەیان بەدەست نەدەهێنا، بەڵام شازار نائاساییانە شتێک و بەهرەیەکی دیکە بوو. ئەو بەڕاستی زانا بوو، لە زانیاریی جووایەتیدا قوڵ بووبووەوە- ئەو تاکە کوڕی خانەوادەیەکی هاسیدیک (بزوتنوەیەکی جولەکانی سەدەی ١٨م بوو لە پۆلۆنیا) لە لوباڤیجەرس (ناوی یەکەمی لە مالمی یەکەمیانەوە لوباڤیتچەوە هاتبوو)- هەروەها ڕۆژنامەوانێکی بەهرەدار و پەخشاننووس و سەرنووسەریش بوو. لە ١٩٧٤ و لەتەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا دوای ساڵێک لە وازهێنانی لە سەرۆکایەتی ئیسرائیلدا مرد. کاتێک بە

ساڵدا چووبووه پیرەمێرد، خەڵکانی گەنج لە ئیسرائیلدا حەزیان لێبوو بە هەست و سۆزە بارگاوییەکانی، بە وتارە درێژ و ڕەنگینەکانی، کە شێوازەکەی هەر لە ١٩٢٠ەوە زۆر بەکەمی گۆڕابوو، پێدەکەنین.

لێ گەڵۆ خۆ شازار هەموو دەم شتێکی گرنگی هەبوو بیڵێ، هەرچەندە هەندێک جاریش کاتیشی دەویست تا بیدرکێنێ. وەک سەرۆکی دەوڵەت کۆڵنەدەرانە و بوێرانە ڕژدبوو لەسەر یەکێتییەکی جەوهەریانە، پێی دەگوت "خێزانی ئیسرائیل"، کە مەبەستەکەی هەموو جوەکانی وڵاتی دەگرتەوە، چ جوە ڕەچەڵەک ئەوروپاییەکان (وەک هی خۆی) یان چ ئەو هەزاران هەزار جوەی وڵاتە عەرەبزمانەکان، ئەوانەی کلتووری هادیسم و زمانی ئیدیشی بۆ ئەوان هیچی نەدەگەیاند. بۆ چەندان ساڵ شازار ڕۆژنامەی ڕۆژانەی داڤار ی بزووتنەوەی کرێکارانی دەردەکرد، لەبیرشمە جارێک یەکێک گوتی، "شازار زالمان زیاتر چێژ لە ڕاستکردنەوەی وتاری کەسانی دیکە وەردەگرێ لەوەی بە خۆی شت بنووسی. ئەو دەبووایە بە ڕاستی مامۆستا بووبایە."

ئەو قەت مامۆستایەتی نەکرد، بەڵام لە ١٩٤٨دا بووە یەکەمین وەزیری پەروەردەی ئیسرائیل، ئەو ئەرکەی کە بە تاسەوە وەرگرت. من هەمیشە سەربردەی یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی وەک وەزیرم لاخۆشەویستە، چونکە ئەوە ڕووندەکاتەوە، پیاوێکی چەند دڵگەرم و سادە و دڵسۆز بوو. کاتێک دەگاتە وەزارەتەکەی، بۆی دەردەکەوێ تەنیا یەک ژووری هەیە و سکرتێرێکی پیاویشی لە تەنیشت دانیشتووە، بەڵام ئامێری چاپ (تایپ)یان نییە. ئەمەش زۆر نابێتە مایەی نیگەرانی شازار. ئیدی شەپقەکەی دادەنێ، دادەنیشێ و بە گورجوگۆڵی بە سکرتێرە نوێکەی دەڵێ، "تکایە تێبینی بنووسە، ئامێری چاپ نییە؟ قەیناکا. بە دەستخەت بینووسە. ئامادەی؟ هەموو منداڵانی ئیسرائیلی لە نێوان تەمەنی چوار تا هەژدە ساڵیدا، دەبێ بە بێ پارە و بە چۆنایەتییەکی بەرزیشەوە بخوێنن." کاتێک سکرتێرەکەی ویستی کۆمێنتێک بڵێ بەوەی دەبێ چەند ڕۆژێک بوەستێ تا کارەکە ڕاییبکرێ، ئاخر هێشتا تەمەنی دەوڵەتەکە هەر یەک ڕۆژ بوو. شازار بە تووڕەبوونەوە پێیدەڵێ: "کاتێک شتێک پەیوەندی بە خوێندنەوە هەبێ،

ئامادەنیم هیچ مشتومڕی لەسەربکەم. ئەوە یەکەمین فەرمانی منە و وەک وەزیریش لێی بەرپرسیارم." ئەو کردی، لە ڕاستیشدا دوای ئەوە، قانونی پەروەردە و خوێندنی ئیسرائیلی دەرکرد.

کاتێک شازار سەرۆکی دەوڵەت بوو منیش سەروەزیری بووم، تا بۆم کرابا دەچوومە لای و دەمدیت. ئەو قینی لە گۆشەگیری سەرۆکایەتی بوو، منیش بەردەوام یان تەلەفونم بۆ دەکرد یان سەردانم دەکرد تا وای لێ بکەم دووربێ لە هەندێ بارودۆخی سیاسیی دەنگدەرەوە، نەخاسمە ئەوانەی بەرۆکی بزووتنەوەی کرێکارانی دەگرتەوە. پێمدەگوت: "زالمان، ئەوەت لەبیر نەچێ کە تۆ سەرۆکی، بۆیە نابێ دەستبخەیتە نێو کاروبارەکان." زۆر جاران شازار بە نابەدڵی لەبەر ڕاوێژەکەم سەری دەهەژاند، بەڵام هەرچۆنێک بێ بەهەندی هەڵدەگرت.

لیڤی ئەشکۆل (ناوی رەسەنی خۆی شکۆلنیک بوو)، یەکێک بووە لەو گەنجە جێئومێدانەی کە لە١٩٢٠دا بوومە ئاشنای. ئەو تەواو لە شازار جیاواز بوو، هەرچەندە ئەویش لە خانەوادەیەکی هاسیدیکی ڕووسیەوە هاتبوو، بەڵام ئەو زیاتر پیاوی کردار و کەمتر پیاوی وتار بوو. ئەو لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا هاتبووە فەڵەستین، دوای ئەوەی چەند جار کاری کرێکاری کشتوکاڵی لە بەشە جیاجیاکانی وڵات کردبوو، دوایی خۆی گەیاندبووە ڕیزی قۆشەنی سەربازی جوو لەگەڵ بنگۆریۆن و بن زیڤیدا (چوار ساڵان لەوێ مایەوە، ئیدی لافی ئەوەی بەسەر بنگۆریۆن لێدەدا، کە پێش ئەو بووەتە نائیب عەریف). کاتێکیش جەنگ تەواو بوو، ئەشکۆل بووە ئەندامی دێگانیا، لەوێوە هاوکاریی هیستادروتی دەکرد، هەرچەندە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کیبۆتەکاندا تا لە ژیاندا مابوو هەر بەهێز مایەوە. ئەشکۆل نموونەی بەرجەستەکردنی ئایدیالیستی سەردەمەکە بوو: پەرۆشی هەرەگەورەی زەوی، ئاو و بەرگریکردن بوو، هەرچەندە ڕیزبەندییەکەش پێویست نەبوو، هەروەها بە خۆشحاڵییەوە سەودای لەگەڵ خاک و کێشەکانی دەکرد. سیاسەت بە شێوەیەکی ئەبستراکت(مجرد) سەرنجی ئەوی ڕانەدەکێشا، هەروەها قینی لە پێواژۆ بیرۆکراسییەکان دەبووەوە، بەڵام دارِسانێکی تایبەتمەندانەی دەدایێ، ئیدی بە تێکەڵەیەکی ناوازەی مکوڕبوون، لێهاتوویی و زۆرزانانە

ڕووبەڕووی دەبـووەوە. ئەگەر تـۆ مـاڵێکی نیشـتمانیی جـووانەت بـوێ، ئەوا دەبـێ جـوو لەسـەر خاکـدا جێنشـین بـکەی، گـرنگیش نیـیە زەویەکە بە هەر نرخێک بێ، یان قەیدی نەدەکرد کە دەسـەڵاتی مانداتەکە هەر کۆسـپێکی لە ڕێی دامەزراوە جووەکان دانابا بۆ کڕینـی زەویەکـان. فەرمانـداری کۆلۆنیـالی بەریتـانی لە ١٩٢٩دا بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی نـاڕەوای سـنووردارکردنی کـۆچبەری و زەویکـڕین لە فەڵەسـتین گـوتی: "لە فەڵەسـتین تەنـانەت ژوور بــۆ پشــیلەش نەمــاوە تێیــدا خــۆی بخــولینێتەوە." بەم جــۆرە ئەشــکۆل ســــی(٣٠)ســــاڵی داهــــاتوی خــــۆی بــــۆ گەڕان بە دوای جێــــوڕێ و نشـینگەکاندا بەسـەر بـرد تـا زۆرتـرین ژمـارەی جـووی لێـی جێگیـر بکـا، وەک ســـەرۆکی هـــۆبەی نیشـــتەجێکردنی ئاژانســـی جـــوو سەرپەرشـــتی دامەزرانـدنی نـزیکەی چوارسـەد گونـدی نـوێی بـۆ جووەکـان کـرد، بەڵام تـۆ نەتـدەتوانی نشـینگە دابمەزرێنـی ئەگەر ئـاو و ئـاوەڕۆ دابـین نەکەی، بـۆیە ئەشکۆل خەریکی بەدواداگەڕانێکی چڕوپڕی ئـاویش بـوو. ئەوەش گەڕانێکـی گرانبەها بوو، دەبووا پارەکەشی پەیدا بکردبـایە. دوای ئەوە ئەگەر تۆ زەوی و ئاوت پەیداکردبا، ئەوا بۆ بەدبەختـی دراوسـێی نەیارت هەبـوون، دەبـووایە هەوڵـی پەیـداکردنی هێـز و مەشـقپێدانی لەشکرەکەشـت دابـووایە، چیرۆکـی پشکهەبوونی ئەشکۆل بۆ چەکدارکردنی ئیسرائیلییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٢١ (ئەو کاتەی چووە ڕیزی یەکەمین کۆمیتەی بەرگری هیسـتادروت)، ئیـدی بە درێژای ڕۆژگار لەو کاتەی سەروەزیر و وەزیری بەرگری بوو، کە لە سـاڵی ١٩٦٣دا بـوو، ئەوا چیرۆکێکـی تـایبەت بەخـۆی بـوو. وەک سـەروەزیری لە مــاوەی شــەڕی شــەش ڕۆژەدا زۆر(بە زۆریــش نـاڕەوایـانە) ئەو ڕەخـنەی سەری وەک دوودڵـی بە بەدکاری قۆزرایەوە- هەرچەنـدە بە دڵنیاییەوە ئەو سـەرکردەیەی دوودڵ نەبـێ لە نـاردنی گەنجـان بـۆ بەرەکـانی شـەڕ، ئەوا کارەســاتێکی نەتەوەییــانەیە-و هەمــوو ئەو نــوکتە ناقۆڵایــانەی لەبــارەی ناکـارامەیی ئەو دەگـوتران تـا کـاری تێبکەن. درامـای گەورە و ئـازاری دوا ســاڵەکانی ئەشــکۆل، هەرچەنــدە (ئەو بە فشــاری دڵ لە ١٩٦٩دا مــرد) ئەو لێکتــرازانەی بــوو لەگەڵ بنگۆریۆنــدا، کە بــێ دوودڵــی بــۆ چەنــدان دەیە شوێنهەڵگرێکی دڵسۆز بوو، لەسەر داوای ئەویش لە ١٩٦٣دا پایەی سـەرەک

وەزیری وەرگرت. ناکۆکییە بێزراوەکەیان تەواوی بزووتنەوەی کرێکاران و نزیکەی هەموو ئیسرائیلی لەباریەک هەڵوەشاند، بەڵام ئەم پرسە دەگەڕێتەوە ڕۆژگارێکی دواتر ،بۆیە بۆ کاتی خۆی هەڵیدەگرم.

ئەگەر وشەی باوی کاریزما بەکاربهێنی، ئەشکۆل وەها نەبوو. ئەو کەشخە نەبوو، بەڵام نائاساییانە کەسێکی داهێنەر بوو، ئەو پیاوە ئەو کارانەی ئەنجامدەدان، کە زۆر پێویست بوون، هەرچەندە کارەکەش قورس بووایە. ئەو پیاوەبوو خەڵک و هەستەکانیان لای ئەو هەر لەسەرەتای کارەکەیەوە بەهەند هەڵدەگیران، من خۆشمویست و متمانەم پێکرد. بەیەکەوە لە تەلئەبیب کارمان دەکرد، خەونی ئەوە بوو ببێتە سەروەزیر و ئەزیش لە نووسینگەکەیدا کاربکەم. لە ١٩٥٠دا کاتێ ئەشکۆل وەزیری دارایی ئیسرائیل بوو، منیش وەزیری کار بووم، ئێمە زۆر بەیەکهەڵدەشاخاین، بەڵام هیچ مشتومڕێکیشمان لەسەر شتی کەسیی نەبوو. ئەو کاتە ئەو ساڵانە بوو، کە دەوڵەتە ساواکە بە بن لافاوی سەدان هەزار کۆچبەری هەژار، برسی، لانەوازی جووی ئۆردوگاکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و گێتۆکانی دەوڵەتە عەرەبی زمانەکان کەوتبوو، تاکە ڕێگای لەخۆگرتنی ئەو سێڵاوە مرۆڤییە ،ئاکنجیکردنیان بوو لە ئۆردوگاکانی خۆمان.

ڕۆژێکیان ئەشکۆل بە تووڕەییەوە لە نوسینگەکەمدا بەسەرمدا تەقیەوە و هاواریکرد: "ئێمە دەبێ ئەوان لەو ئۆردوگایانە لابەرین. پێویستە بەسەر بەشەکانی وڵات دابەشیان بکەین. ناشزانم چۆن ئەو کارە بکەین، یان ئەو پارە لە کوێ بێنین، یاخود بە چی بژین. بەڵام هەر دەبێ لە ئۆردوگاکان لایان بەرین." من پێمگوت هەنوکە ئەم کارە ئەستەمە و پێمان ناکرێ، ئیدی قسەی لەسەر مەکە و بڕایەوە، چونکە کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام ئەو لەسەر ێایەکەی هەر سووربوو، هەر ئەویش ڕاست بوو. ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینەوە، لەو بڕوایەدابووم، کە لەو ساڵە سەرەتاییانەی پاشاگەردانییەکەی دوای ١٩٤٨دا نەدەکرا دەرباز بین، گەر هاتباو مکوڕبوونی ئەشکۆل نەبووبایە بۆ دەرکردنی ئەو ٧٠٠.٠٠٠ کۆچبەرانە و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیان بەسەر بەشەکانی وڵاتدا و دروستکردن و هەڵدانی

خێوەتگا بۆیـان، کە لەمـاوەی چەنـد هەفتەیەکدا وەک قـارچکی هەڵتۆقیـووی لێهاتبوو، بەڵام لە دواییدا لە شوێنەکانیان جێگیربون.

وەک وەزیری کار ئەرکی من بوو کـار بۆ ئەو خەڵکانە بدۆزمەوە و لەو ژیانە کولەمەرگیانەیان ڕزگاربکەم، بۆیە من ئەشکۆلم هەراسان کردبوو، تـا لە ڕووی داراییەوە پڕۆژە نیشتەجێبووەکان و دروستکردنی خـانوبەرەم بـۆ فەنـدبکا، بەڵام خـۆ ئەو پـڕۆژەی دیـکەی پێشـنۆرەتر هەبـوون. ئەو دروشمێکی هەبوو، جارێکیان پێیگوتم: "سەیرکە، تۆ ناتوانی خانوێک بدۆشی، بەڵام دەتـوانی مانگا بدۆشـی. هەر ئێستا ئەگەر تـۆ پـارەت دەوێ ئەوا بـۆت دابینـدەکەم، بەڵام تەنـا بـۆ مانگاکـان!" جارێکیـان ئەوەنـدە تووڕەبـووم، بـۆیە خـۆم گەیانـدە لای بنگۆریـۆن پێمگـوت بە نیـازم دەسـت لە کـار بکێشـمەوە. مـن ئەرکـی وەزیـری کـارو پەرەپێـدانم لەئەسـتۆگرتووە (کە خانوبەرەشـی دەگرتەوە) نەک وەزیری بێکار و خێوەتگاکان! لەکۆتاییدا بێگومان من دەستم لە کـار نەکێشـایەوە و ئەشـکۆلیش بـڕە پـارەیەکی لە شـوێنێک بـۆ پـڕۆژەی دروستکردنی خانوبەرە بۆ دابینکردم.

برادەرێکی دیکەی خۆشەویست لە سـاڵی یەکەم دوای گەڕانەوەم بـۆ سـەر کـار، داڤید ڕێمـز بـوو، پێشـتر ناومهێنـاوە. ئەو هەمـان گەرموگـوڕیی و هەسـتی مەحشەرخۆشـی ئەشـکۆلی هەبـوو، وەک ئەویـش نەخشـەی چارەسەرکردنی کێشـە کردەییەکـانی زایۆنیزمی دەکێشـا، سـەرەتا لە سـۆلیل بۆنیخ و دواتریش لە پڕۆژەکانی هیستادروت کە پەیوەندیداربوو بە هـاتوچۆ و گواسـتنەوە و ڕێگاوبـان، کەشـتیرانی تەنـانەت فـڕۆکەوانیش. ڕێمـز سـەربە پاشـکۆی ئەوەی پێیـدەڵێین کـۆچڕەوی دووەم-ئالیـاهی دووەم-(ئەو ٣٥،٠٠٠ جـولەکە نائاسـاییانەی ڕێگـای خۆیـان لە سـەروبەندی ١٩٠٩ تـا بەرپـابونی جەنگی یەکەمـی جیهـانیی بەرەو فەڵەسـتین کـردەوە) بـوو، تـا ڕاددەیەک ئەو نموونەی نەوەی پێشەنگەکان بوو. لە گەنجێتیدا هۆنراوی دەنووسی، لەبارەی سۆشیالیزم دەیخوێندەوە و قسەی دەکرد، بە درێژایی ژیانی پەرۆشی زمانی عیبـری بـوو، خوێنـدنی قانونیشـی تەواوکردبـوو (بـۆ مـاوەیەک لە زانکـۆی ئەستەمبۆل خوێندبووی، لەوێ چاوی بە داود بنگۆریۆن، بن زیڤی و موشـێ شـارێتی گەنـج کەوتبـوو). کـاتێکیش دەگـاتە فەڵەسـتین، شـتە تیۆرییەکـان و

کتێبەکان دادەنێ و دەستدەداتە پاچ و بێڵ و بۆ ماوەی پێنج ساڵی سەخت بە کردەوە وتە و دوانەکانی وەک کرێکارێکی جوو لە ڕەز و باخەکانی پرتەقاڵ لە سەرتاپای وڵات بەرجەستەدەکا.

ڕێمز لە هەموو ژیانیدا (لە ١٩٥١دا مردوە) بۆ بزووتنەکە تێکەڵەیەکی پڕ سۆز و پەرۆش بووە، بۆ یەکێتیی کرێکاران و ئایندەی سۆشیالیزم بۆ ماڵی نیشتمانیی جولەکە، کە بەهەمان ئەندازە پەرۆشی شەقڵوەرگرتنەکەی بوو. ئەو سەروکاری لەگەڵ بوژاندنەوەی زمانی عیبریدا نەدەبڕا تەنانەت لەو کاتانەی کاری کەشتیرانیشی دەکرد، یەکێک لە شێوازە پارێزبەندییەکانی دۆزینەوە و داڕشتنی وشەی عیبریانە بوو لە ڕەگی عیبری کۆندا. تەنانەت ئەو وشانەی ڕێمز دایهێنان (ڕەنگبێ سیانیان زۆر گرنگ بن ئەوانیش وشەکان بوون بۆ بلدۆزەر، هێماکانی ڕێگا و پێشنۆرەیی بوون)، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کاراکتەرەکانی ژیانی ڕاستەقینەوە هەبوو-بەدەر لە شتگەلی ئایدیۆلۆژی- هەروەها ئەو بەشێوەیەکی ناوازە لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی کرێکاراندا کارابوو، بۆ چەندان ساڵیش سکرتێری گشتیی هیستادروت بوو. مایەی بەبیرهێناوەیە، ڕێمز لە ١٩٤٨دا یەکێک بووە لە داڕێژەرانی ڕەشنووسی جاڕنامەی سەربەخۆیی ئیسڕائیل. کاتێکیش دەوڵەتەکە دامەزرا، ئەو بووە یەکەمین وەزیری هاتوچۆ، پاشان وەزیری خوێندن و پەروەردە. هەریەکەمان پشکی گەورەی لە ئەوی دیکە دەدۆزییەوە، بە یەکەوە بەگوێرەی ڕووبەڕووبوونەوەی شتەکان، شتگەلی هاوبەشمان هەبوو. ڕێمز یەکێک بوو لە هاوڕێ کەمەکانم، کە لەگەڵیدا پرسە تایبەتمەندییە کەسییەکان، شتە غەیرە سیاسییەکانم تاوتوێدەکرد، پشتم بە بەشێکی مەزنی پرس و ڕێنماییەکانی دەبەست و تا ڕۆژی ئەمڕۆشم هەر غەریبی دەکەم.

لە سەرووی هەمووشیان بێرل کاتزنێلسن هەبوو. ئەو لە ١٩٤٤دا مرد و هەرگیز دەوڵەتی ئیسرائیلی بە چاوی خۆی نەبینی. مرۆ زۆرجار بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێ، تۆ بڵێی ئەو بمابایە چی بە ئێمە دەگوت؟ من گومانم لەوەدا نەبوو، کە زۆر شت دەگۆڕا- باشتر دەبوون- گەر هاتباو بێرل لەو سی ٣٠ساڵەی دواییدا لەگەڵ ئێمە بمابایە. ئەو بێ ڕکابەر

سەرکردە و ڕابەری ڕۆحی بزووتنەوەی کرێکاران بوو، ئەگەر هاتبا و بمابایە، ئەوا دڵسۆزیی دەمایەوە و بنەمای بۆ دادەنا، ڕەنگبوو کۆمەڵگایەکە بگەیشتبا ئامانجی مەزنی یەکسانی. بێرل ڕۆڵێکی بێوێنەی لەنێو بزووتنەکەدا گێڕا، هەرچەندە بۆرە پلەوپایەکی فەرمی لەناو بزوتنەکەدا هەبوو، من بە ڕاستی شەرمەزارم لەو ڕاستییەی، کە بێجگە لە دوانزە بەرگی نووسین و دوانەکانی کە چاپکراون، تا ئێستا کەسێک ژیاننامە ڕاستەقینەکەی نەنووسیوەتەوە. بە دڵنیاییەوە ئەز مێژوونووس نیم، ناشتوانم (ناشکرێ) وەها دابنێم یان خۆم لەقەرەی لێکدانەوە یان هەڵسەنگاندنی کاریگەربوونی بێرل لەسەر هەر هەموومان بکەم. بەڵام بە لای کەمییەوە دەتوانم شتێک بکەم، کە ناوی ئەو بە جیهانی دەرەوەی ئیسرائیل بناسێنم، ئەو پیاوێک بوو، کە هەمووان، لەنێویشیاندا بنگۆریۆن لە ناخەوە ڕێزیاندەگرت. ئەو بێ سێ و دوو خزمەتی هەمووانی کرد و زۆریش دەسەڵاتی ڕەوشتدارییانەی خۆشدەویست.

بێرل زۆر لە ڕووی فیزیکیەوە شایان نەبوو. ئەو بچووک؛ پرچەکەی بەردەوام نارێک؛ جلەکانیشی هەمیشە هەڵگلۆچاو بوون. بەڵام خەندە شیرینەکەی، ڕوخساری دەکردەوە، چاوەکانیشی - هەمیشە بە لای خەمیان دەڕوانی- یەکسەر دەیبڕی، بۆیە هەر کەسێک دواندبێتی، لەبیری نەچۆتەوە. پێم وایە وەک هەزاران جار دیتومە، لە یەکێ لەو دوو ژورە پڕکتێبەی کەلێی دەژیا کە دەکەوتە جەرگەی تەلئەبیب لەسەر کورسییەکی شەقوشڕی کۆنینە دانیشتووە، لەوێ کە کاری دەکرد هەموو کەس بۆ دیدەنی دەهاتە لای (ئەو حەزی نەدەکرد بچێتە نووسینگەی فەرمانگەکان کاربکا). هەڵوێستەکانی وەک ڕێنمایی وابوو. کەس سەرپێچی لێنەدەکرد. ئەوەش نەوەک لەبەر ئەوەی ئەو دادگایی بکا یان فەرمان دەربکا، بەڵکو هیچی نەدەکرد، بەتایبەتی هیچ بڕیارێکی گرنگی بزووتنەوەی کرێکاران، یاخود بە گشتی لە کۆمەڵگا نیشتەجێکانی فەڵەستین بەبێ ئەوەی یەکەمجار بیروڕای بێرل وەربگیرێ، نەدەدرا.

ئەو لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشت و چەناگەی لەناو لەپی دەستی بوو، بە چەندان سەعات دەدوا و گوێیدەگرت، ڕوانینەکەی هەمیشە وابووە

که بڕیاردەر و یەکلاکەرەوە بووە، تاکە نووسینگەیەکی بەڕێوبەرایەتیش، کە لەنێو دامەزراوەی کرێکاراندا وەریگرتبێ، سەرنوسەری داقار (ڕۆژنامە) و بەڕێوبەری خانەی ئام ئۆڤد بووە بۆ چاپوبڵاوکردنەوە. من خاترجەم بووم لەوەی گەر بهاتبا تا ١٩٤٨یش بژیابا، ئەوا کاری کابینەی حکومەتی ڕەتدەکردوە و وەرینەدەگرت و ئیدی دەبووایە هەمووومان بچووباینە لای تا ڕێنوێنیمان بکا و هانمان بدا. دەسەڵاتنەویستنی بیرل ساختە و هەرزانفرۆشی نەبوو. بە ڕاستی حەزی بە داموودەزگای سیاسیی نەبوو، پێی وا بوو شتێکی هیچە، تینوتاوی ئەو بەردەوام سەرقاڵبوون بوو بە کرۆکی پرسەکە. ئەو وەک ئارکۆلۆجیەک وابوو، بە دوای ڕاستییدا دەگەڕا، زۆرینەی کاتیش پێیدەگەیشت، بە هیچ شێوەیەکیش هیچ گوێی بە شێوەی خۆنمایشکردن یان بەوەی بەرچاو ببێ نەدەدا. بۆیە لە ماوەی ساڵانی بیستەکان، سییەکان و سەرەتای چلەکانیش تا کاتی مردنی، هیچ کەس لە بزووتنەوەی کرێکاران نەبوو بیری بە لای شتێکدا بڕوا، کە ئەنجامی بدا بێ ئەوەی بپرسێ "ئەرێ تۆ بڵێی بیرل لەو بارەیە چۆن بیربکاتەوە؟"

ئەو بەلای کەمییەوە دوو پشکی نایابی هەبوون، سەرباری تێنوێتی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی. بیرل پیاوێکی بێئەندازە زیرەک و کاریزمایەکی مەزن بوو. سەیر لەوەدا بوو گەر هاتبا ئاشنای **بوو**بای، نەدەکرا نەکەوتبایە ژێر کاریگەریی هۆشمەندییەکەی یان کەسایەتییەکەی. لە بیرمە لە کۆنفراسی پارتدا بەشی زۆری کاتەکەی لە ڕێڕەوەکاندا بەسەردەبرد و قسەی لەگەڵ خەڵکی "ناگرنگ" دەکرد لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی پارت لەسەر مێز دابنیشی، بەڵام کاتێکیش نۆرەی قسە و دوانەکانی ئەو دەهات، هەموو کەس بە پڕتاو خۆی بە ژووردا دەکرد و دادەنیشت و گوێی لێ دەگرت. ئەو وتاربێژ نەبوو. هەرگیز ئەو دوانی فەرمی نەداوە. قەت قسەی بۆ کەس نەدەکرد. ئەو تەنیا دەچووە سەر سەکۆی دوان و دەستی بە وتوویژ دەکرد-هەندێکجار بۆ چەندان سەعات- قومە ئاوێکی دەخواردەوە ئیدی دەستی بە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی خاڵی ئەرێنی و نەرێنی هەموو شتێک بە شێوەیەکی سادە و دڵڕفێن دەکردەوە. ئەوپەڕی کارامەیی زیرەکایەتی بەکاردەهێنا تا ڕون و ڕەوان بێ و ڕێ لە ئاڵۆزی و

سەرلێشێوان بگرێ. هەرگیز لە کاتی دوانەکانی نە کەس تێبینی دەنوسییەوە، نەکەس چرپەیەکی دەکرد و نەکەسیش هۆڵی دوانەکەی بەجێدەهێشت، هەرچەندە زۆر جارانیش یەکسەرە دوو یان سێ سەعاتی دەخایاند.

ئایا ئەو بڕوای بە چی بوو؟ وەک زۆر لە ئێمە –هەرچەندە ئێمە دەبێ ئەوە لەبیر بکەین، کە بیرل لەناوماندا نەماوە- بڕوای وابوو سۆشیالیزمەکەمان شێوەیەکی جیاوازە، ئیدی ئێمە کۆمەڵگایەک دەئافرینین، کە بە تەنیا یەکێتییەکی کاسبکاران نییە و زۆرانبازی چینایەتی تیادا بەرچاو نییە، چونکە هێشتا ململانێی چین چینانێی هەر تیایدا سەرهەڵنەداوە. ئەو بڕوای وابوو، زایۆنیزم یەکێکە لە مەزنترین بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان، بەوە وێنای دەکرد، کە "نەخشەیەکە مێژووی هاوچەرخی جووی لەسەر بەندە." مەبەستەکەشی ئەوەبوو، دەیگوت: "یاخیبوونێکی گشتییە دژی کۆیلایەتی دیاسپۆرا(هەندەران)، ئەوسا بەهەر شێوەیەک بێ. هەروەها " ئافراندنی جەماوەرێکی کرێکاری جووەوە، کە هەموو لقوپۆپەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی لەخۆبگرێ." ئەو بووە مامۆتکی (عەڕراب) زۆر لە ئۆرگانە گرنگەکانی هیستادروت. ئەوە هەر بێرل بوو، بیرۆکەی پێویستبوونی کرێکارانی بە بانکی تایبەت بە خۆیان داڕشت، بانکێک بۆ هاوکاریی و هەرەوەزی تەواوی کۆمەڵگا و لەهەمان کاتیشدا سندوقی کرێکارە نەخۆشەکانیش بێ.

هەر کرۆکی ئەو مشورخواردنەش وای لێ کرد ببێتە یەکەمین داڕێژەری ژمارەیەکی زۆری کۆچبەرە جووە دەستنیشاننەکراوەکان بۆ فەڵەستین (لەو سەردەم مەیلێک لای بزووتنەوەی کرێکاران هەبوو، یارمەتیی خانەوادەی کۆچبەران بەوە بدرێ، کە هەندێ مەشقی سەرەتایی کشتوکاڵیان لە دەرەوە پێبکرێ پێش ئەوەی بێنە ناو فەڵەستین). ئەو دەیگوت؛ "لە ئێستاوە پەنابەرەکان نەک پێشەنگەکان پیشڕەومانن." ئەوەی ئەو باسی لێوەدەکرد لەبارەی چارەنووسی ئەو کۆمەڵگا جووە فەڵەستینیانە بوو، کە کاری پاڵەوانئاسایانەیان لە قۆناخە جۆربەجۆرەکاندا دەکرد، هەنگاو بە هەنگاو و بە پێی پێشهات. هەرچەندە بێرل ئەوەندە نەژیا تا هەمووی بە چاوی خۆی ببینێ. یەکێک لە قۆناخە بچوکەکان کە ئەویش تیایدا بەرپرسیار بوو ئەوە

بــوو، دانــانی جــووی فەڵەســتین بــوو لە پشــت بەرەی نازییەکــانەوە (کە لەچوارچێــوەی هێــزی هاوپەیمانــان دابــوو) لە هەوڵێکــی بێئومێــدی بــۆ خۆگەیانــدنە جووەکــانی ئەوروپــا لە میــانەی جەنگــی جیهــانیی دوهەمەوە، هەروەها ئەو لە یەکەمەکانمان بوو بۆ داڕشتنی داوای دەستبەجێی دەوڵەت، هەرچەنـدە بنگۆریـۆن ئەو پرســەی پـێش کۆبـوونەکەی میوانخـانەی شـاری نیویۆرک لە ١٩٤٢دا هێنایە پێشەوە.

بە ڕەچــاوکردنی ڕاددەی تێگەیشــتویی و زانیــاریی بێــرل، مــایەی سەرنجڕاکێشــانە، کە پــێم وابــێ ئەو بەکــردەوە هــیچ خوێنــدنێکی فەرمــی تەواونەکردووە. ئەو بە منداڵیش هەر نەخۆش بووە، بە ناسۆرەوە لە ماڵ ماوەتەوە، ئیدی لە ماڵ پێیان خوێندوە و خوێندووەتەوە. جارێکیان بە منی گوت؛ "هەر شتێک کەوتبایە بەردەستم دەمخوێندەوە. تالمود بە عیبری و ئارامی، پوشکین و گۆرکی بە ڕوسی، مێندەل مۆخەر سفۆریم بە یدیشی و گۆتە و هـاینە بە ئاڵمـانی." لەو کاتەشـدا تەمەنـی دەگـاتە ١٣سـاڵی، بـاوکی دەمرێ، ئیدی دەبێ کۆمەکی خانەوادەکەی بکا و دەرسی تایبەتی بداتەوە.

تا ئەو کاتەی ماوەیەکی زۆری دەخایاند تا بگاتە بەرەنجام لەبارەی هەرشـتێک، بێـرل هەمیشـە سەرسـامی خەڵکانێـک بـووە وەک بنگۆریـۆن کە دەیتوانی زوو بڕیاربدا و هەنگاوی کردەیی بۆ بهاوێژێ. ئەو پێی وا بوو بنگۆریـۆن وەک دەیگـوت "بـۆ کـاتی ئێسـتامان" دەوڵەتمەدارێکـی مەزنە، کە بـزووتنەوە و گەلـی جـوو هەیەتـی. بنگـۆرین تـا مـردیش هەر وێنەی بێرلـی لەسەر مێزەکەی بوو. (هەروەها تاکە وێنەشە، کە لە ژوری دانیشتنی مندا هەیە.) هەرچەنــدە تەنیــا یەک بــۆنە هەیە، کە بێــرل بە ڕاشــکاوی لەگەڵ سیاسەتی بنگۆریۆن نەبوو، ئەمەش وای کرد لە پارتی کرێکاراندا دەنگ دژی بنگۆریۆن بدا. ئەوەندە بەس بوو، بگوترێ کەوا بێرل لەگەڵ ئەو شتەدا نییە، ئیدی دەبووایە پێداچوونەوە بۆ پرسەکە کرابا، هەرچەندە ئەگەر پرسەکە یان دەنگهەڵبـڕەکە خـودی بنگۆریـۆنیش بووبـایە. لە١٩٣٧دا بنگۆریـۆن لایەنگـری پێشـنیازی کۆمسـیۆنی پیـل بـوو بـۆ دابەشـکردنی فەڵەسـتین، بیـرل دژی پەسـەندنامەی ئێمە بـوو بـۆ نەخشـەی پیل لەسـەر ئەو بنەمـایەی (پاشـانیش ڕاســت دەرچــوو) کە بەریتانیــا هەرگیــز جێبەجێــی ناکــا، لەو کــاتەی، کە

بەڵگەوبەند (ئەرگومێنت)ی ئێمە دەکرا تۆماربکرێ و بە دڵنیاییشەوە لە دژی ئێمە بەکاربهێندرێتەوە.

ئەو پیاوێکی خۆشەویست بوو، هێمن و دوور لە ڕەشبینی، بەشێکی زۆری کات و ئاگاهی خۆی دەبەخشییە خەڵکی گەنج، لەوانەیە ئەوەش لەبەر ئەوەبووبێ، کە خۆی منداڵی نەبوون. هەر کاتێک پێویستم بە قسەکردن بووبا لەگەڵیدا، ئەوا بە دەم پیاسەیەکی دورودرێژەوە قسەی بۆ دەکردم. ئێمە بە بۆلیڤاری ڕۆتشیلد تا نیوەی شەو دەهاتین و دەچووین و باسوخواسمان تاوتوێدەکرد، چی لە ڕووسیا قەوماوە (زۆر ڕقی لە بەلشەفیکەکان بوو)، پێگەی زمانی عیبری شۆڕشی زایۆنیستی داگرتووە، بایەخی چاپکردنی کتێبە خۆشەکان بە عیبری و باسکردنی پێویستی یەکێتی خەڵکی جولەکە لە چاودێری شابات و قانونی جووایەتی بۆ خۆراک (کاشروت) لە هەموو دامودەزگاکانیماڵی نیشتمانی جوودا. ئەو کەیفی بە خشتە نەدەهات، بۆیە هەموو کاتی دەدامێ، کە پێویستم پێی هەبوو بێئەوەی جارێک تەماشای کاتژمێرەکەی بکا، ئەمنیش لەسەر ئەوە خۆشمویست. ئەو لەگەڵ دەستە گەنجەکانی هەموو وڵات دادەنیشت و حەزی لێبوو گوێیان لێ بگرێ. لەبیرمە شەممەیەکیان، ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی بمرێ، کاتێک تەماشای پۆلە گەنجێکم کرد (لەنێویاندا سارای کچم) لەو کیبۆتەی کە بێرل هەموو ئێوارانی ڕۆژانی پشوی هەفتە دادەنیشت و لەگەڵ گەنجاندا قسەیدەکرد، بێرل و پازدە کوڕ و کچ بەیەکەوە دەدوان. ئەو لە ١٩٤٣دا کۆرسی مانگانەی بۆ گەنجەکانی سەرتاسەری فەڵەستین لەسەر شۆڕش ڕێکخست، من ئێستا دەتوانم بیهێنمە بەرچاوم، کە چۆن لە هەیوانەکەدا دانیشتووە و شەپقە کۆنینە بۆرەکەی داگرتووە و بیروهۆشی لەسەر روانینێکی ناگرنگی خەست کردووەتەوە، کە گەنجێک سەبارەت بە هیستادروت. هێناویتە بەرباس.

بێگومان هەرگیز ئەو شەوە تۆقێنەرەشم لەبیرناچی، کە بێرل لە ئۆرشەلیم بە دەردی مێشک وەستان، کۆچی دوایی کرد. ساڵانێک دواتر کاتێک سەرۆک کێنێدی لەناوبرا و هەموو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێدمە دایگرت و لەرزی، ئەمن یەکسەر بیرم لەو شەوەی ٣٠ ساڵ بەر

لەئێستام کردەوە. کاتێک بێرل مرد، نە من و نە کەس لە ئێمە خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو بە بێ ئەو چۆن هەڵبکەین. من ئەوکات لە تەلئەبیب بووم، من لە سەیری شانۆنامەیەک بووم، کە لە شانۆخانەی هامبیاهەوە نمایشدەکرا، کاتێکیش بە پاس دەگەڕامەوەماڵ، گوێم لێبوو خەڵک بە چرپە لەگەڵ یەک دەدوا، وەک ئەوەی شتێکی ترسناک قەومابێ. شتگەلی ترسناک بەردەوام لەو ماوەدا لە ١٩٤٤دا دەقەومان، منیش کاتێ دەستەیەک لە برادەرەکانم بینین لە دەرەوەی ماڵەوەمان لە شەقامی هایراکۆن گردببونەوە، کەمێ دڵتەنگ بووم. ئەوان چاوەڕێی منیان دەکرد. گوتیان : "بێرل مرد. "ئیدی هیچی دی پێویست نەبوو بیڵێن. دەستبەجێ تەلئەبیبم بەرەو ئۆرشەلیم بەجێهێشت. بنگۆریۆنیش شەوەکە لە حەیفا بوو، بەڵام دوای ئەوەی گوێی لە هەواڵەکە بوو، کەس نەوێرابوو قسەی لەگەڵدابکا. تەواوی شەوەکە لەسەر جێگابوو، دەلەزی و دەگریا. ئەو کەسێکی لەدەستدا، کە تاقانە بوو لای، ئەو بیروڕای دەنرخاند، لەوانەیە تاکە برادەی ڕاستەقینەشی هەر بێرل بووبێ.

# ٦

# "دەبێ دژی هیتلەر بجەنگین"

مــن لە ١٩٢٩ و ١٩٣٠دا زۆر جــاران لە فەڵەســتین دەردەچــووم. جارێکیــان بە نــوێنەرایەتی ئەنجــوومەنی ژنــانی کرێکــار چــوومە وڵاتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا و دوو جــاریش هەر بە هەمــان نــوێنەرایەتی لە ئینگلستان بانگهێشتکرام.

هەڵـبەتە لەو ڕۆژانەدا مـرۆ هیـوای وای نەبـوو، بە فـڕۆکە هەمـوو ئاسمانی زەریالوشەکە ببڕێ (هەرچەندە من یەکەمجار لە ١٩٢٩دا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فڕیم، ئازایانە هەموو ڕێگایەکە قیت دانیشتبووم و لە ترسـان هەڵـدەلەرزیم بەڵام هیـوام وابـوو، بەڵکـو زیـاتر لەوەی هەسـتم پـێ دەکـرد بـاوەڕم بەخـۆم بـێ)، هەریەک لە گەشـتەکانم بـۆ دەرەوە چەنـدان هەفتەی دەخایاند. دەشـمزانی منـاحیم و سـارا لە گەشـت و دەرچوونەکـانم دەترسن. یەکێک لە بۆنە دەگمەنەکان کە منی لە ماڵەوە لە تەلئەبیب هێشتەوە، سەرئێشــەکەم بــوو، ئەوان ئەمەیــان پێخۆشــبوو و لە دەورەمــدا کردیــانە هەلەکەسەما و هەڵیانکردە گۆرانی؛ "هـۆی، دایکمـان ئەمرۆ لە مـاڵە، دایکمـان ژانەســەری هەیە! دایەمــان ئەمــڕۆ لە مــاڵ دەمێنیــتەوە!" مــانەکەم یــارمەتی سەرئێشــەکەی نەدام، بگـرە ئـازاری زۆری دڵیشـی دام؛ بەڵام ئەوە فێربـووم گەر بتەوێ شتێک بەدەستبهێنێ، دەبـێ هەمـوو شـتێکی بۆ بکەی، هەرچەندە بەردەوامیش خەتاباربی.

ئەوە زۆر سەیر بوو بۆ من، کە دوای حەفت ساڵ بگەڕێمەوە وڵاتە یەکگرتووەکـان. وەک ئەوە وابـوو سـەردانی وڵاتێکـی نـامۆ بـکەم، هەنـدێک

کاتیشی ویست تا لێرابیمەوە و ڕێگای خۆم لە نیویۆرکدا بدۆزمەوە و بە خشتەی هاتنوچوونی هێڵی ئاسنین و پاسەکان ئاشنا ببمەوە و جارێکی دیکە گوێم بە گۆکردنی زمانی ئینگلیزی بزرنگێتەوە. لە ڕاستیدا زۆر لەو ژنانەی لە نێردەکە لەگەڵمدا بوون بە زمانی یدیشی دەپەیڤین. ئەو ڕێکخراوەی منی بۆ نێردرابوومە وڵاتە یەکگرتوەکاندا، ژنە دەستپێکەکان بوون، کە سێ چوار ساڵێک پێشتر لە لایەن ڕاشێل یانێت بن زیڤیەوە دامەزرابوو، ئەو ژنە ئەندامانەش ئەوانەبوون، کە مێردەکانیان لە بزووتنەوەی کرێکارانی زایۆنیست ئەمریکادا کارابوون. زۆربەی خانمەکان لە ئەورووپادا لەدایکبووبوون. ئەوان لە ماڵ بە زمانی یدیشی دەدوان، بۆ ئەوانەی کەنەشیان ناسیبان، بە مەزندەی من وەها دەردەکەوتن، کە وەک دایکی ئەوان بن، وەک دایکی یدیشییەک دەردەکەوتن، هەموو خەمیان خواردن ئامادەکردن و ڕاگرتنی ماڵ بێ. هەڵبەتە ئەوان جیاوازبوون. ئەوان ئایدیالیست، گردبوویەکی سیاسی، ژنی گەنجی لیبرال بوون، کە هەر شتێک لە فەڵەستین بقەومابایە، خەمیان لێ دەخوارد. ئەوان ئەو کاتەیان دۆزیبۆوە خۆیان لەنێو ڕێکخراوەیەکدا وەک کەسانی چالاک و کارا ڕێکبخەن، پارە و باربوو بۆ کشتیاران و کچان لەسەر مەشقی کشتیاری لە پێتچ تیکڤیا ، ناخلات یاهوندا و هاندەرا کۆبکەنەوە و لەسەر کاریان ڕابهێنن، ئەو شوێنانەی کە هەرگیز نەیاندیبوون و ڕەچاویش نەدەکرا بیانبینن. لەوە زیاتر نمونەی کرێکارانی زایۆنیزم لە ١٩٢٩دا زۆر جەماوەری نەبوو، لیستی کارە نمونەییەکانیان ڕەنگبێ بۆ وڵاتە یەکگرتوەکان و بۆ هەڵمەتی ژنە پێشەنگەکانی ئەنجوومەنی ژنە کرێکارەکان، هەورازێکی سەخت بووبێ، تا ئەو کاتەی تەخت بکرێ.

ئەوەی لەسەرم بوو بۆ کۆمەککردن و هاندانیان کردم. من دوانم دەدا، وەڵامی سەدان پرسیاریانم دایەوە، پێویستی کاری دەستی ژنە کشتیارەکانم بۆ ڕوونکردنەوە و بە چەندان کاتژمێریش لەبارەی کۆمەڵگەی نوێی جووەکان لە فەڵەستین، کە لە لایەن بزووتنەوەی کرێکاران ئافرێنرابوو، بەوەی بەشداری یەکسانی ژنانی تێادا مسۆگەرە، دوام. هەروەها قسەم لەبارەی لایەنی سیاسیی نێوخۆی فەڵەستینیش بۆ کردن، ئەوەش مایەی

سەرسوڕمانم بو،و بە پەرۆشی و دڵگەرمییەوە لایان لەو پرسانە دەکردەوە، تەنانەت نوێنەرایەتی نمونەی ئەو کۆمەڵگایانەشیان نیشاندا. لە ماوەی ساڵێکدا دوو پارتی گەورەی کرێکاران سەریان هەڵدا: هاپۆل هاتزایر (کرێکارە لاوەکان) کە بەشێکی زۆری لەژێر کاریگەریی گۆردۆن دا بوو، هەروەها پارتی ئاخدوت ها ئاڤۆداش (من و ئەوانیش چووبووینە ریزیان) ئەو پارتەش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیستی دامەزرابوو، کە خۆی بە بەشێک لە سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال دادەنا. هەرچەندە هەر دوو پارتەکە جیاوازییان هەبوو بەڵام دوایی یەکیانگرت و پارتی ماپای (واتە پارتی کرێکارانی وڵاتی ئیسرائیل)یان پێکهێنا، هەرچەندە پارتەکەی یەکەم هاتزایر (پاسەوانە لاوەکان) زۆربەیان ئەندامی کیبۆتنشینەکان بوون ،کە خاوەن ئایدیۆلۆژیای مارکسیستی بوون، لە پێشەوەبوون.

زۆر دواتر لە ١٩٤٠دا دەستەیەک لە ماپای جیابووەوە و خۆی لەگەڵ هۆشمۆر هاتزایر لەیەکدا و پارتێکی نوێیان بە ناوی ماپام (پارتی یەکگرتووەی کرێکاران) پێکهێنا. پاشان لە ١٩٦٠دا جارێکی دیکە لەیەکدراوێکی چارەنووسییانە و گۆڕانکاری ڕوویدا، بەڵام ماپای لەو هەموو ساڵانەدا سەردەستە مایەوە. ئەوەش خودی مێژوو و چارەنووسی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو، کە هەرگیز بەبێ جەمسەرگیریی ماپای نەدەبووە حکومەت یان حکومەتی پێکنەدەهێنا. هەرچەندە هەندێک جاریش بچووک بووبایەوە. سەبارەت بە خۆشم، هەر لە بەراییەوە ماپای پارتی من بوو، هەرگیز لە دڵسۆزیشی نەکەوتم، بڕوام وابوو، تاکە دامەزراوەی کرێکارانی زایۆنیزمە بۆ ئەوەی ببێتە یەک ڕێسا و چەترێک بێ هەموو بیروڕا جیاوازەکان لە خۆی کۆبکاتەوە. لە ساڵەکانی داهاتووشدا بەختیاربووم بەوەی بتوانم بیرۆکەکە زیاتر لە جارێک بە کردەوە پیادەبکەم.

هەر چۆنێک بێ، ژنە پێشەنگەکان بە چڕی پەیوەندیداربوون بەوەی لە فەڵەستین ڕوویدەدا، ئەوەش بووە مایەی ڕەزامەندیەکی زۆرم، کە ڕۆڵێکی باشم لە کارەکەمدا گێڕا، هەرچەندە خەمم لەبارەی بەرفرەوانبوون و بەردەوامبوونی ئەو گروپە دەخوارد، کە درێژەدان و لەسەرڕۆیشتنی زمانی یدیشی لەنێوان کۆچبەرە جووەکانی ئەوروپای ئەو ساڵانە لە پاشەکشەدابوو.

ئەوە بۆ ئەوان مایەی خۆشحاڵیبوو، دڵنیام بکەنەوە کە منداڵەکانیان بە زمانی یدیشــی دەدوێــن و ڕۆژنــامەی یدیشــی و شــانۆی یدیشــی لە ئەمریکــادا لەبــرەودایە. منــیش هەروەک ئەوان کۆچبەربــووم و دڵنیــاش بــووم، کە لە فەڵەستیندا دەبێ زمـانی یدیشـی بەرەبەرە جێ بـۆ زمـانی عیبـری چۆڵبکـا، هەروەها لەوەش دڵنیابووم، ئەگەر زمانەکە بۆ یەک دەیەی دیکە بمینێتەوە، ئەوا دەبێ ژنە پیشەنگەکان ئاسۆی خۆیان و منداڵەکانیان بەرفرەوانتر بکەن، زیـاتر بەرەو ئەمریکـاییبوون بـڕۆن و بە ئینگلیـزیش قســەبکەن. ئیـدی لەو بارەیەشـــــەوە زۆرم قســــەکردن و بـــۆ چەنـــدان ڕۆژ لەگەڵ هـــــاوڕێ ئەمریکاییەکانم دوام.

چوومە کلیڤەلاند تا کلارا ببینم. ئەوکات شـووی بە گەنجێک کردبـوو بە ناوی فرێد ستێرن و کوڕپەیەکی جوان و چاوگەشیشـی بە نـاوی دانییڵ داڤید هەبوو. من کلارام لەمێژ بوو نەدیبوو، لەو کـاتەی کچێکی مێردمنداڵانە بــوو، هەنــدێک جـار نامەمــان بـۆ یەکـدی دەنووســی (هەڵــبەتە دایبــابم بە بەردەوامی لەگەڵیدا بە نـامە لەسـەرخەت بوون) بەڵام هەندێکیشـی پێچـوو تـا لەگەڵـی ڕابێمەوە. پێدەچوو-پێشـتریش وابـوو- دوو جیهـانی لەیەک جیـاواز بووین. هەموو شتێک کە جێی بـایەخی مـن بـوو، لە فەڵەسـتین بـوو، هەرچـی جێی بـایەخی کـلاراش بـوو لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا بـوو. مـن بە تەواوی عەوداڵـی زایـۆنیزم بـووم، هەر بـۆیەش لە نێویـدا کارنـامەی ژیـانم دەستپێکرد و بەردەوامبووم، ئەوەش بە ئەندامێتیم لە بزووتنەوەی کرێکاران و پلەی سـەرەتایی لە کۆمەڵگـای جووەکـانی فەڵەسـتین دەسـتپێکرد. کلارا و فرێـدی مێـردی هەردووکیــان کۆمەڵنــاس بــوون، لەو کــاتەی فرێــدم بینــی، خوێنـدنەکەی تەواوکردبـوو، بـڕوانەمەی بەدەسـتهێنابوو. ئەو پیـاوێکی زۆر زیـــرەک بـــوو، زۆری دەخوێنـــدەوە و ڕۆشـــنبیربوو. ئەو کەم تـــا زۆر لە شـــەقامەکانی میلـــواکی گەورەبووبـــوو، هەر لە تەمەنـــی شـــەش ســـاڵییەوە ڕۆژنامەکـانی دەفرۆشـت و بە تەواوی "خـۆی خـۆی پێگەیانـدبوو". ئەوانـیش وەک خۆم پەیوەندیداربوون بە ژیـانی جـووایەتی، بەڵام تەنیا لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگە و کـاری کۆمەڵایەتی، نەوەک سیاسیانە یـان نەتەوەییـانە، هەروەهـا ئێمە بەتەواوی بە دوو زمـانی جیـاواز قسـەمان دەکردن. مـن دەمزانـی کلارا

دەیەوێ لە وڵاتە یەکگرتوەکان بمێنیتەوە، ئەوەش نەوەک لەبەرئەوەی ژیان لە ئەمریکا ئاسانترە (من لەو هەژاری و نەداری ئەوان لە کلیڤەلاند زراوم چوو) بەڵکو لەبەر ئەوەی هەستیدەکرد ئەو سەر بە ئەوێیە نەوەک شوێنێکی دیکە. هەرچەندە حەزی لە فەڵەستینیش بوو، بەڵام حەزەکەی ئەکادیمیانە بوو. لەو کاتەدا فرێد لە ماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا ناپەسەندی خۆی بەرانبەر هەموو ناسیونالیزمێک نیشاندام و واشی دادەنا، کە بزووتنەوەی زایۆنیزم کاردانەوەیەکی توندڕەوانەیە.

نەخشەی کلارا و فرێد وەها بوو، تەنیا یەک منداڵیان هەبێ تا بتوانن هەموو شتێکی بۆ دابین بکەن، بەڵام دایکم پێیگوتن "مرۆ دەکا تەگبیران، خودا دەدا تەدبیران". پاشان دانییڵ داڤید بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە لەتەمەنی هەژدەساڵیدا لەوکاتەی لەخزمەتی سەربازی ئەمریکا دەبێ دەمرێ. دوای ئەوە فرێد بەسەختی نەخۆشکەوت. قاچێکی لە دەستدا و بۆ چەندان ساڵ کەوتە نێو جێگا. بەڵام کلارا هەرگیز هەستی بە پەشیمانی بۆ خۆی نەکرد، هەرگیز لە کاری زەحمەت و کۆڵنەدان نەوەستا- سەرباری ئەو هەموو کارەساتانەش- لە ژیانی پیشەییانەی خۆیدا سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا. ئەوان پێش مردنی دانییڵ و نەخۆشکەوتنی فرێد گواستیانەوە بۆ بریگپۆرت و کلاراش بووە بەڕێوبەری جیبەجێکار لە ئەنجوومەنی یەکگرتووی جوو لەوێ.

لە ١٩٣٠دا جارێکی دیکە چوومەدەرەوە. ئەمجارەیان لە ئینگلستانێ ئامادەی کۆنفرانسێکی ژنانی سۆشیالیست بووم. لەوێ زیاترلە ١٠٠٠ نێردراو هەبوون. ئەوە بۆ یەکەمین جارم بوو تێبگەم خەڵکی هەندەرانیش لە غەیرە جوو پەرۆشی ئەو کێشەیەن، کە ناویان نابوو" کێشەی فەڵەستین". من لە کۆنفرانسەکەدا تەنیا چەند خولەکێکی کەمم بۆ دواندان بەرکەوت، بەڵام دواتر داوایان لێکردم بۆ گروپی بچوکتر لە ئینگلستان قسەبکەم، ئیدی لەنێو ماڵی خۆیان چاوم بە بەریتانییەکان کەوت. ژنە سۆشیالیستەکان سەبارەت بە هیستادروت، کیبۆتەکان، ئەنجوومەنی ژنانی کرێکار، ئەو شێوە ژیانەی ئێمەی ئەوێ هەروەها چۆن لەگەڵ عەرەبەکان هەڵسوکەوت دەکەین، کە جیاوازبوون لەو یەک دوو ژنە بەریتانییەی لەوێ بینیبوونم،

پرسـیارکوتیانکردم. بەریتانییەکـان ئێمەیـان بە کەسـانێکی بەرایـی و سـادە دادەنـا ، بەوەی خەڵکێکـی خـۆدەرخەر و خوازخـوازۆکین[45]، کەچـی عەربەکانیـان بە خـاکی و نایـاب دادەنـا و لە ئێمەیـان بەرزتـر ڕادەگـرتن. لە خودی ئینگلسـتانێ، لە لەنـدەن و مانشسـتەر و هۆل، قسـەم لەگەڵ ژنگەلێکدا کردن، کە زۆر سەرسام بوون بە ئەزمونی زایـۆنیزم، خۆ ئەگەر لایەنگریش نەبووبان ئەوا پەرۆش بوون بۆ ئەوەی زیاتری لێتێبگەن.

لەو بڕوایەدانەبـووم ڕەوانبێژیـی و لەبلەبـانێتی زایـۆنیزم زۆر کاریـان تێبکـا، بـۆیە بڕیارمـدا هەنـدێ ڕاسـتییان بـۆ بابسـبکەم، ڕاسـتی لەبـارەی ئەو شـتانە ڕەنگبـێ سودبەخشـبێ. لەوێ و لە ١٩٢٩دا دیسـان ڕەشـبگیریەکی دیکەی عەرەبەکـان بە ڕابەرایەتـی حـاجی ئەمـین حوسـەینی، مـوفتی قـودس (ئەوکەسەی لە جەنگی دووەمی جیهانییدا بـووە لایەنگری فاشـی و دنەدەری نازییەکـان لە نێـو عەرەبـان) ، ئیـدی لە کۆتاییـدا بەریتانییەکـان ئارامییـان گەڕانـدەوە، ئەوان بە شـێوەیەک هەراکەیـان دامرکانـدەوە، هـیچ عەرەبێکـی دەستبەخوێنسوور، هەر عەرەبێک کە جوویێکی کوشتبێ یان ماڵی تالانکردبێ بە تونـدی سـزا نەدرێ. مـن لەوێ لە مـاوەی کۆنفەرەنساکەدا بەختیـار بـووم بەوەی دەرفەتـێکم هەبـێ تـا ڕاسـتییەکانی پێشـهاتەکە بـۆ دەستەخوشـکە سۆشیالیستەکانی ئینگلستانێ ڕوونبکەمەوە.

هەر لەو سـەردانەمدا – هەروەهـا بـۆ یەکەمـین جـارم- چـاوم بە ئەنـدامە ژنەکـانی کۆمەڵگـا هاوکارییەکـانی بەریتانیـا کەوت، لەوێ گـوێم لە ڕاپۆرتە پڕشنگدارەکان بوو سەبارەت بە پەرجوەکانی سـۆڤیەتی ڕووسـیا. لە یـادمە کە بیـرم لەوە دەکـردەوە گەر بماتنوانیبـایە ئەو ئەنـدامانە بهێنیـنە فەڵەستین و کارە تەواوکراوەکانی ئێمە ببینن، ئەوا دەکرا بە هەمـان تاسـەوە باسی ئێمەش بکەن. مـن هەرگیـز بیروڕاکەم سـەبارەت بەو بـابەتە نەگـۆڕی، هەنـوکەش پـێم وایە، کە تـاکە سـەردانێک بـۆ ئیسـڕائیل لە سـەدان وتـار بەکەڵکترە.

---

[45] خوازخوازۆک: ئەو کەسانەی زۆر شت داوادەکەن و وازناهێنن. وەرگێڕ.

لە هەمان ساڵدا جارێکی دیکە گەڕامەوە ئینگلستانێ، ئەمجارەیان نوێنەر بووم بۆ کۆنفرانسی کرێکارانی شانشین و دوو هەفتە مامەوە. ئەوکات رامسی ماکدۆنالد سەروەزیر بوو. هەرچەندە ئەو هاوسۆزمان بوو، پەرۆشی نەشونماکردنی کۆمەڵگەکانی یوشوڤ بوو، بەڵام هەر حکومەتەکەی ئەو بوو کە لە ١٩٣٠دا کتێبی سپی[46] (ناسراوبوو بە بڕوانامەی پاسفیلد) دەرکرد، کە هاتنی رێژەی کۆچبەران و دروستکردنی نشینگەکانی کەمکردەوە. سێزدە ساڵ دوای دەرچوونی جاڕنامەی بلفۆر، بەریتانییەکان لەجیاتی ئەوەی بەڵێنەکانیان بەدیبهێنن، مشووری ئەوەیان خوارد لە عەرەبەکان بچنە پێش و ڕازییان بکەن. یەکێک لە لەندەن بە تەوسەوە پێیگوتم؛ "ئێوەی جوو ماڵێکی نەتەوەییتان دەویست، بەڵام ئەوەی بەدەستتان هێنا باڵەخانەیەکی بەکرێ بوو!" هەرچۆنێک بێ ڕاستییەکان لەوەش ڕەقتربوون. ئەوە سەرەتایەک بوو کە ئاغای سەردار هەنوکە دەیەویست بەڵێننامەی بەکرێدانەکە هەڵبوەشێنێتەوە، هەرچەندە لە ١٩٣٠دا کەس خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو، تەنیا هەژدە ساڵی ماوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا جاڕبدا تا مانداتەکەی لەسەر فەڵەستین چیدیکە کارپێناکرێ و ناخوا.

لەوانەیە ئەوە لەبەر ئەوەبووبێ، من بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەمریکا ژیابم و نەکەوتبمە ژێر گەمەی بەریتانییەکان وەک هەندێ هاورێم کەوتبوونە ژێری. من بە خەڵکی بەریتانی سەرسام بووم و خۆشیانمویست لەنێویشیاندا سەرکردایەتی پارتی کرێکاران، بەڵام ڕاستگۆنابم ئەگەر بڵێم هێدمە دایگرتم کاتێ ئەوان وازیان لێهێنایین بکەوین، چ ئەوکات و چ دواتریش. زۆر ئەگەر نەڵێم زۆرینەی جووەکانی فەڵەستین نیگەرانبوون، بەڵام هەر سۆزداربوون و متمانەیان بە بەریتانیا هەبوو بەڵکو لە دواییدا بەڵێنەکانی بێنێتە جێ، بە چاوپۆشین لەو بادانەوەی بەلای عەرەبەکان و گوشاری بەردەوامیان. پێم وا بوو زۆر لەو دردۆنگییانە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕاستییەی کەوا حکومەتی بەریتانیا لە پێواژۆی گۆڕینی نیازمەندێتی خۆی بوو لەبارەی بەرپرسیارێتییەکەی لەمەڕ زایۆنیزم، لەوە بناوانیگرتبوو کە ڕێزێکی زۆریان

---

[46] White Paper

بۆ ئەو دیموکراسیە هەبوو، کە بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەیەم لە ئەوروپای ڕۆژئاوای دامەزراندبوو.

بە گشتی بۆ ساڵانێکی دورودرێژ، زۆر لە هاوڕێکانم پێیانوابوو پەرلەمانی بەریتانی و دامەزراوە دەستورییە مەدەنییەکانی و پێواژۆکەی تەنیا پەڕجوویەکی کورتە، کەچی من کە بە ڕاستی لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ژیابووم، کەمتر لەوان پێی شاگەشکەبووم. شتێکی ڕێکەوتانەیە و مایەی سەرنجیشە لەگەڵ ئەو باوبۆرانە پڕ کێشە دەمدرێژە و ناکۆکی نێوانمان لەگەڵ بەریتانیادا، ئەو ڕێگە چارەیەی کە لە ١٩٤٨دا کێشەکە کۆتاییپێهێندرا. ئێمەی ئیسرائیلی هێشتا باوەشمان بۆ گەلی بەریتانیی کردبووەوە و ڕێزێکی لەبننەهاتوومان بۆیان هەبوو، زۆریشمان لا گران بوو، کە ئەوان نەوەک نەتەوەیەکی دیکە پشتمان لە زەوی بدا. بۆ ئەمەش چەند هۆکاری جیاواز هەن؛ یەکێکیان هەڵبەتە ئەو هۆیەبوو، کە بەریتانیا جاڕنامەی بلفۆری پێبەخشین. هۆیەکی دیکەش ئەوەبوو، جووەکان هەرگیز ئەو هەڵوێستە تاقانەیەی بەریتانیا لەبیرناکەن، کە چۆن بەرانبەری نازییەکان وەستایەوە. هۆیەکی دیکەش بە مەزەندەی خۆم ڕەنگبێ بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە جوو داب ونەریت پارێزبوون. هەرچۆنێک بێ لەماوەی ئەو (٣٠)سی ساڵەی ماندێت، کۆمەڵگا جووەکان-یشوڤ- هەمیشە بە ڕوونی حکومەتی مانداتیان لە گەلی بەریتانی جیاکردبووەوە، فەرمانبەرە فەرمییەکانی دەسەڵاتی کۆلۆنی و وەزارەتی دەرەوەیان لە کەسێکی بەریتانی ئاسایی سەر جادە جیاکردبووەوە، هیواشیان بەوە هەبوو پشتگیریی ڕەهای بەریتانیی بۆخۆیان بەدەستبهێنن. کەچی لەسەر ئاستی سیاسییدا بە زۆری هەروا مایەوە، کە هەر خۆشەویستیەکی یەکلایەنە باڵکێش بوو.

وام مەزەندەدەکرد، زوو یان درەنگ یان بە هەر شێوەیەک بێ بمنێرنەوە ئەمریکا، بەڵام لە ١٩٣٢دا سارا زۆر نەخۆشکەوت، بۆیە پێشنیازم کرد لەگەڵ منداڵەکان بچمە ئەمریکا، بەڵکو نیشانی دکتۆرێکی شارەزای بدەم، هەرچەندە دکتۆرە خۆجێییەکان لەوە دڵنیانەبوون ئاخۆ سارا بەرگەی گەشتەکە دەگرێ یان نا. هەندێ جار دەموچاوە وردیلانەکەی ئەوەند دەئاوسا بە ئاستەم دەمتوانی چاوەکانی ببینم و بەردەوامیش تای دەگرت.

پزیشکەکەمان پێی گوتم: "ئەگەر کچەکەت ببەیتە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوا دەیکوژی. تۆ ناتوانی ئەو لە زەریالوشەکە بپەڕێنیتەوە." سارا هیچی پێنەدەخورا، چەند ڕۆژێک بوو تەنیا شەش یان حەوت پەرداخی لە چای شیرین دەخواردەوە، بێ ئەوەی هیچ خوارندێک بخوا. وای نمایش دەکرد کەوا "ئەوە سوپە، ئەوەش گۆشتە، ئەمەیان نانە و ئەوەشیان گێزەرە ئەوی دیکەشیان تریتەیە." شەوێکیان کاتێ مناحیم و سارا نوستبوون، مۆریس و من لە بالکۆنەکە تا بەیانی دانیشتین مێشکی خۆمان هەڵگوشی ئاخۆ چی بکەین و بڕیاری چی بدەین. چوومە لای ئەنجوومەنی ژنانی کرێکاران و داوام لێ کردن بەڵکو بە نێردە بۆ لای ژنانی پێشەنگ بمنێرن.

بارودۆخەکەی سارام بۆ دایبابم ڕونکردەوە و گوتم : "ئەگەر مشوورێکی نەخۆین، دەمرێ، ئیدی هەموومان تا لە ژیاندا مابین ئەوە دەزانین، کە هەموو هەوڵەکانی ڕزگارکردنیمان نەخستووەتەگەڕ." باوانم پێیان وا بوو کارێکی شێتانەیە ئەو ڕێگە دورودرێژە بەو نەخۆشە شڕە ببڕم، بەڵام من دەمزانی کە جێگرەوەیەکی ڕاستەقینەی دیکەمان لەبەردەستدا نییە و ئیدی ناشتوانم لە بەرانبەریدا دەستەوئەژنۆ لێیدانیشم و بیبینم کە لاوازتر، ڕەنگ سپیپاتەتر و شێواوتر بێ تا تەواو دەبێ.

ئەوەش نەخشەی گەشتێکی ئاسان نەبوو. مۆریس دەبووا بمێنێتەوە و لە حەیفادا کاربکا، منیش بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکان ملی ڕێگای گەشتە دورودرێژەکەم گرت. سەرەتا بە قیتار بۆ پۆرت سەعید، لەوێشەوە بە بەلەمێکی فەڕەنسی بۆ مارسیلیا، ئەوسا لەوێش بە قیتار بۆ چیبورگ Cherbourg لە کۆتاییشدا بە بەپشتی پاپۆڕی ئێس ئێس بریمن بۆ نیویۆرک. گەشتەکە هەمووی دوو هەفتەی پێچوو، تۆ بڵێی کەس بیزانیبێ ئاخۆ لەو دوو هەفتەیەدا چی بەسەر ساراوە دێ؟ بەڵام هەستمکرد دەرەتانێکی دیکەمان نییە، بۆیە ئەو ڕێگا کوشندەیەی زەریامان گرتەبەر.

پێم وا نییە لەم دوو هەفتەیەدا بۆ ساتێکیش ئۆقرەم گرتبێ. مناحیم زۆر باش بوو، بە تەواوی خۆی ژێرکربووەوە، هەرچەندە ساراش شەش ساڵان و زۆریش نەساخ بوو، مایەی سەرسوڕمان بوو. وەک ئەوە وا بوو بزانێ من چەند تۆقیوم، بۆیە دەیویست دڵنیامب کاتەوە و دڵم بداتەوە.

لەسەر پشتی کەشتیەکە کابینەیەکی دوو پێخەفیمان هەبوو، شەوانیش لەسەر کورسی لە تەنیشت ساراوە پاڵدەکەوتم و تەماشای دەستی سارام دەکرد، پێم وا بوو بە شێوازی خۆم نوێژم بۆی دەکرد.

فاننی و یاقوب گۆدمان، کە دوو کۆنە برادەری خۆشەویست بوون، لە باڵەخانەکەی خۆیانیان لە بروکلین دایاننابن، ئیدی یەکسەریش ئەوەم ڕێکخست، سارا بخرێتە نەخۆشخانەی بێت ئیسرائیل لە بەشی خۆرهەڵاتی مانهاتن. هەر کەسێک منداڵێکی لەخەستەخانە دانابێ، پێویست ناکا پێی بگوترێ، بەجێهێشتنی کچێک یان کوڕێکی لە خەستەخانەدا چەند سەختە. نەوەک هەر نەخۆشخانەکە نامۆ بوو بەڵکو ساراش، بێگومان ئەو هیچ ئینگلیزی نەدەزانی، لە یەکەم دوو هەفتەدا بە هەنسکەوە هانای بۆ هێنام و لێم پاڕاپایەوە کە لە نەخۆشخانەکە بە تەنیا جێینەهێڵم.

لە نەخۆشخانەی بێت ئیسرائیلدا ئەوەندەی پێنەچوو دکتۆرەکان جۆری نەخۆشییەکەیان دۆزییەوە. بەڕاستی وابوو، سارا لەدەست ژانی گورچیلەکانی دەیناڵاند، بەڵام لە فەلەستین هەر بۆ تاکە جارێکیش ئاوڕیان لە گورچیلەکانی نەدایەوە. لەوێ نە پێویستی بە ڕێجیمێکی توندوبەندی خواردن هەبوو نە مانەوەش لەنێو جێگادا. کاتێکیش هێزوشەنگی هاتەوەبەر، دەکرا بچێتە قوتابخانە، یاری خلیسکانێ و مەلەوانی، هەروەها لە پلیکانە دابەزین و سەرکەوتنیش. سارا چارەسەری بۆ کرا و گۆشتن بوویەوە، دوای شەش هەفتەش بە" لەشساخییەوە" وەک لەنامەیەکدا بۆ مۆریسم نوسیبوو، کە فرمێسکی خۆشیش بەچاوم دەهاتنە خوارەوە، لە نەخۆشخانە دەرکرا.

ئەوە بوو کاتم بۆ کارەکەم و مناحیم پەیدابوو. جارێ لە مناحیم نەدەگەڕان بچێتە لای سارا لە نەخۆشخانە و هەروەها لەو کاتەی گەیشتبووینە نیویۆرک بە هۆی سەرقاڵی ئیشوکارمەوە، منی کەم دەبینی. ئەو زۆر لەوە توڕەبوو، ئیدی بەو چەند وشە کەمە ئینگلیزیە کە لەگەڵ عیبری و یدیشی تێکەڵدەکردن، دەیەویست پەرستارەکانی نەخۆشخانە حاڵی بکا. منداڵەکان زۆر غەریبی مۆریسیان دەکرد و رقیان لە من دەبووەوە، چونکە زووزوو سەفەرم دەکردن و بەجێمدەهێشتن و زۆر جارانیش بە مانگ نەدەگەڕامەوە ماڵ. لەوێ هەر دووکیانم بردن بۆ سەردانی کلارا و

فرێد و دایکی مۆریس، بردنمن بۆ کۆنسێرتی منداڵان، بۆ سینەما و ئۆپێرا بەو هیوایەی بینینی ئەو دنیا ڕەنگین و دەوڵەمەندە، کە جیاواز بوو لە تەلئەبیب، هەڵیانسێنێتەوە. هەر چۆنێک بێ هەردووکیان بەم شتانە گەشانەوە و ساراش وای لێ هات نەناسرێتەوە. ئەوەش ئەوەی نەدەگەیاند، هیچ کامیان لەوان بە ئاشکرا دانی بەوەدانابێت، کە هەموو شتێکی ئەمریکا لە هی فەڵەستین باشترە و چوونە ژێر کاریگەری یاخود ئەوان لەو هاتنەدەرەوەیاندا سەریان لێتێکچووبێ و نیگەران بووبن. بۆ نموونە لەبیرمە، بۆ چەند هەفتەیەک مناحیم لەوە تێنەدەگەیشت ئاخۆ بۆچی تەواوی برادەرەکانمان لە نیویۆرک دەیانگوت کەوا دەیانەوێ بڕۆنە سەر سندوقەکان و دەنگ بۆ رۆزڤێلت بدەن. بۆیە دەیپرسی: "ئەرێ بۆ ناچن دەنگ بۆ بن زیڤی یان بنگۆریۆن بدەن؟"

هەرچی سەبارەت بە منیش بوو، لەو دوو ساڵانەدا بێماندووبوون کاری زۆرم کرد. کاتێکیش ئەوێم بەجێهێشت، گۆڤاری ژنانی پێشەنگ کە تیایدا نووسەر بووم، بە پێڵێهەڵبڕینەوە پەسنیاندام، لەژێر سەرهێڵی "گەشتی گۆلدا مایەرسۆندا" ئەوەت دەخوێندەوە:

"گۆلدا شنەی بۆنی گولە پرتەقاڵی، گڵۆکی میوەجات، پشکوتنی داری بۆ هێناین، ئەو مانگا و مریشکی بەخێودەکرد، لێبڕاوانە ناوچەی پاواندەکرد، ڕەگەزە کوشندەکانی لەناودەبرد، ئەوەش هەمووی ئاکامی کار و کار و کار بوو. کارێک نەوەک لەژێرگوشار یان بۆ خۆشی خۆی، بەڵکو ئارەقە و خوێن، کێڵگە و کێڵان، ڕێگا و چیمەنتۆ، بەیار و ئۆقرەگرتن، زۆنگاو و نەخۆشییەکانی، دژواری، نەداری، کۆسپوتەگەرە، نەگبەتی، ورە و کار تەنیا لەپێناوی کاردا و تەنیا بە تاسە و جۆشوخرۆشی ئافراندن... ئەو ڕەوانی و ڕاستگۆیەتیەی، هاوسەنگی و سادەییەی لە لای گوێگرەکانی چەسپاو بووە، مایەی ڕێزێکی زۆر بوو بۆ دۆز و ڕێکخراوەکەمان. ئێمە لەبری ئەوانەی پێی سەرسام بوون و

که لەگەڵمانــدا کاریــانکردووە هیــوای ســـەرکەوتنی بـــۆ دەخوازین."

بەڵام ئەوەی زۆر بە گەشـی لەو مانگـانەی گەشـتەکەمدا (جاریێکیـان سەفەرێکم کرد نزیکەی هەشت هەفتەی لەسـەریەک خایاند، لەوێدا لەبارەی فەڵەسـتین و بـاربوکۆکردنەوە دوایـن و هەوڵمانـدا خەڵـک بهێنیـنە ریـزی ڕێکخراوەکەمـان) بـۆنی وێسـتگەکانی قیتـار و گوێلێبـوونەوەی سـەدای خـۆم بـووم. ئەو بـڕە پـارەی لەو جـۆرە گەشـتانەی ئەوێ ڕۆژێ کـۆدەکرایەوە، لەوەی ئێستا نەدەچـوو کە ئەم ڕۆژانە لە هەمـان جـۆرە گەشـتدا بە ملیۆنـان دۆلار کۆدەکرێتەوە، هەینێ بەشـە باربووەکـانیش بە زەحمەت کـۆدەکرانەوە، بەڵام هەر سـنتێکی ئەوسـا وەک هەنـوکە کـاری خـۆی دەکـرد و گرنـگ بـوو. ئەگەر ژنە پێشـەنگەکانی نیویۆرک، نیوجێرسی ویستبایان لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٣ تا تەموزی ١٩٣٤دا ١٦٥ دۆلار کۆبکەنەوە، لەڕاسـتیدا تەنیا ١٧دۆلا رو چـل سـنتیان کـۆکردبـایەوە و یـاخود یـانەی بـاڵی ڕۆژئـاوای شـیکاگۆ هەوڵـی کۆکردنەوەی ٤٢٥ دۆلاری دابا و بە یەکەوە تەنیا ٧٦ دۆلاریان کۆکردبایەوە، ئەوەش ئەوەی دەگەیاند دەبووایە ئەندامەکان هەوڵـی زیاتریـان دابایە. ئیـدی دەبووایە کارتی خۆتوبەختی دیکە یان بازاڕی دیکە ڕێکبخرابایە، دەبـووایە ئـاهەنگی سـەمای دیکە ڕێکبخرابایە (کە بیتـاقەکەی بە بیسـت و پێـنج سـەنت بـوو)، یـان دەبـووایە کـۆڕێکی دیکە لەسـەر "ڕۆڵـی ژنـان لە کیبۆتەکانـدا" یـان "ژیانی کرێکاران لە فەڵەستین " بگیرابایە. ئەمانەش هەر هەمووی بۆ پیتاک و پارەکۆکردنەوەبوو.

نـامەیەکی نمـونەییم لە (ئەمەیـان لە وینیپـێگەوە هـاتبوو) بارەگـای سـەرەکی ژنـانی پێشـەنگ لە نیویـۆرکەوە پێگەیشـت، ئەمەی خـوارەوی تێـدا نوسرابوو:

*"ســەرۆکی هۆبەکانمــان بە یــارمەتیی کۆمیتەکــان کەوتنەکـار. ئـێمە هەفتـانە یەکـدی دەبینـین، بە بەردەوامـیش وتـاری کەسـانی ناودارمـان خسـتۆتە نەخشـەکەمان. لەدوا*

*هەفتەدا د. هینێل کۆڕێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە سەردانەکەی خۆی بۆ فەڵەستین پێشکەشکردین. یەکەمین هەڵمەتی دارایی ئەمساڵمان سازدانی بۆنەیەکی چاخواردنەوەبوو کە ٤٥ دۆلارمان کۆکردەوە. هەنوکەش پلانمان داناوە جەژنی هانوکا بگێڕین، بەڵام تا ئێستا دڵنیا نین بە چ شێوەیەک بێ. لە ئێستاوە هەموو ئەندامەکانمان بە تاسەوە کاردەکەن بۆ ئەوەی ژەمە خواردنی پێنج دۆلاری ڕێکبخەن و بە پەرۆشیشەوە چاومان لە هاتنی تۆیە."*

لە هەمان پۆستەنامەدا، کلیڤەلاندیش داوایان لێکردبووم یارمەتیان بدەم لە ڕێکخستنی هەڵمەتێکی پارەکۆکردنەوە بەوەی ژەمە خواردنێک لەگەڵ بەرنامەیەکی کلتووری لەژێر ناوی " سەرەتا و گەشەکردنی گروپە سیاسییەکانی زایۆنیزم" ساز بکەن، لەو کاتەشدا لە شاری کانساس ەوە داوایەکمان بۆ هات، کە لەوێ لە ئێوارەی هەینیدا لە دانیشتنێکی کۆمەڵایەتییدا ئامادەبیم و وتارێک لەسەر "بابەتێکی جووایەتی" بدەم. من دەبووایە شەوان تا درەنگ لە دەیان ماڵ لە ئەمریکا و کەنەدادا بمێنمەوە بۆ ئەوەی بە یدیشی و ئینگلیزی وتار و دوان بۆ چەندان گروپی لیکۆڵینەوە بدەم. زۆر جاران برستم لێدەبڕا؛ بەڵام هەرگیز هەراسان نەدەبووم، لەوەش زۆر گرنگتر هەرگیز بۆ ساتێکیش بۆ بەپیروەچوونی بانگ و داوای دەستبەجێ و پێویستی ژنانی پێشەنگ دوودڵ نەدەبووم.

هەروەها هەندێ یادەوەری سادەتری گەشتە بەردەوامەکانم ماون. جارێکیان لە بەیانییەکی زریاناوی زستاندا، کە هێشتا زۆر زوو بوو بە قیتار گەیشتمە وینیپێگ. لەوێ هیچ کام لەو ژنانەم نەدی، کە چاوەڕوانم دەکرد بیانبینم یان بێنەدوام. ئیدی پێم باشتربوو بچمە میوانخانەیەکی نزیک، لەوەی ژنێک لەوانەی چاوەڕێیان دەکردم بەم ناوەختە لە خەو هەڵبستێنم، بەڵام هێشتا لە میوانخانەکە هەگبەکانم دانەنابوون، زەنگ لێدرا. دەنگێکی هەناسەسارد پێی گوتم "خانم مایەرسۆن، ئێمە هەموو لە وێستگەی شەمەندەفەر چاوەڕێتین، نێردەیەک هاتونەتە پێشوازیت. ئاخر چۆن دەتوانم

بەوان بڵێم، تۆمان نەبینیوە؟ چۆن من ئەوان لەو پەرۆشی و تاسەیە بێ ئومێدبکەم، کە شەرەفی ئەوەیان پێدەبڕا یەکەمین کەس بن تۆقەت لەگەڵدا بکەن و بەخێرتبهێنن. ئەوان بەو شێوەیە بی هیوا دەبن!"

منیش پێمگوتەوە، "خەم مەخۆ، تەنیا چەند خولەکێکە و دێمەوە ئەوێ." دیسان هەگبەکەم هەڵگرتەوە، تاکسییەکەم بانگکرد و بە چارەگێک گەیشتمەوە وێستگەکە. لەوێ نێردەکەم بینی و بە کەیفخۆشیەوە منیان بردەوە ماڵێکی میوانداری.

هەروەها ئەوەشم لە بیرە، چومە کۆبوونەوەیەکی گەورە لە شارێکی ڕۆژئاوا، سێ جاران دانم لێدا، جارێکیان ئێوارەی شەممە بوو، ئەنجا بەیانی یەکشەممە و دواتر بۆ جاری سێیەم ئێوارەی یەکشەممە. لە ئێوارەی یەکشەممەدا من لە ماڵی یەکێکیان بۆ پشودان بۆ سەعاتێک پاڵکەوتبووم، کە سەرۆکی یانەی ژنە پێشەنگە خۆجێییەکە هاتە لام و لە سوچێکی پێخەفەکەمدا دانیشت و دەستی بە قسەی دوورودرێژ کرد. پێیگوتم :"سەیرکە گۆلدا، تۆ بە باشی دوان دەدەی، بەڵام تۆ وەک ژنان قسە ناکەی. کاتێک ڕاشێل یانیت بن زیڤی لێرەبوو، ئەو گریا و ئێمەش هەموو لەگەڵیدا گریاین. بەڵام تۆ وەک پیاو قسەدەکەیت و کەسیشمان ناگرێنی."

منیش هیچم پێنەما، بە دەستەمۆییەوە پێمگوتەوە: "داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام بە ڕاستی من ناتوانم بە شێوازی دیکە قسەبکەم." هەرچەندە دەیدی من لەپەلوپۆکەوتم و زۆریش ماندووم، ئەو وای هەستدەکرد، پەیامێکی پێیە و ئیدی بۆ ئەو کاتژمێرە بە نرخەشمی بە جوینەوەی قسەکانی خۆی کوشت، هەر ڕژدبوو لەسەر ئەوەی، دەبێ لەمەودوا فێرببم ژنانە بدوێم. وەک ڕوونیکردەوە، ئەوەی هەراسانی کردبوو، ئەوە بوو کاتێ من بۆ ژنانی پێشەنگ دەدوێم، نەوەک هەر باسی ئەنجوومەنی ژنانی کرێکارانیان بۆ دەکەم، بەڵکو بە گشتی باسی هیستادروت، باسی کێشەگەلی کۆچبەران و بارودۆخی سیاسییانە دەکەم، پێی وابوو ئەمە پارەی پێ پەیداناکرێ!

لە سەرێکی دیکەوە بە دڵنیاییەوە نەمدەزانی، کە ئەمە هەمووی لەپێناو باربووخڕکردنەوەیە. لە گەشتێکدا بۆ شارێکی بچکۆلانە لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوادا و بۆ دۆزینەوەی هەموو ئەندامان کەمایەی خۆشی بوو. ئەوان لەو

ساڵەدا پارەیەکی زۆریان لە جاران زیاتر کۆکردبووە، هەرچەندە گروپێکی بچوکیش بوون. لێمپرسین، "ئەمەتان چۆنکرد؟"
وەڵامیان دامەوە، "ئۆۆ، بە گەمەی کاغەز." من لەوە لەپڕ هەڵچووم و توڕەبووم.
پێمگوتن: "ئەریّ بە ڕاست ئێوە لەپێناو فەڵەستیندا گەمەی کاغەزتان کرد! ئایا ئێوە ئێمە بە چی دەزانن! کەی ئێمە پێویستمان بەو جۆرە پارانە هەیە؟ ئەگەر ئێوە بتانەویّ کۆنکان بکەن، ئەوا دەتوانن بە ئارەزووی خۆتان بیکەن نەوەک بە ناوی ئێمەوە."
کەسیک نەبوو شتێک بڵێ، بێجگە لە یەکێکیان زۆر بەهێواشی گوتی: "خانم گۆلدی، ئایا ئێوە لە فەلستین گەمەی کاغەز ناکەن؟"
بە توندییەوە وەڵامم دایەوە: "بە خاترجەمییەوە نەخێر. ئەریّ ئێوە چۆن لە ئێمە دەڕوانن و چۆن بیرمان لێدەکەنەوە؟"
پاشان دوای ساڵێک کاتێک کە گەڕامەوە باڵەخانەکەمان لە تەلئەبیب، سەرنجم دا، هەندیّ لە ئەندامانی هیستادروت لە بالکۆنەکە دانیشتون کۆنکان دەکەن، بەڵام سوپاس بۆ خوا، کە بۆ پارە نەبوو. دەمەویست نامە بۆ ئەو خانمە بنووسم، کە لەویّ وەڵامی دامەوە و خۆم لیّ توورەکرد، بەڵام بە داخەوە ناوەکەییم نەدەزانی.

لە میانەی گەشتەکەمدا بۆ وڵاتەکە، وتارم بۆ گۆڤارەکان و بۆنەی کردنەوەی بازاڕی فرۆشتنی ئە وکەلوپەلانەی لە فەڵەستینەوە دەهات دەنووسی. پڕۆژەیەکم دەستپێکرد لە برۆنکس بوو، ئەویش فرۆشتنی نانی ماتزۆس[47] لە فەڵەستین بەتایبەت بۆ جەژنی پاس(جەژنی هەڵسانەوە لای جوو) دروستیدەکەن. من بارەگام لە فرۆشگایەکی گەورەدا دانا، لەویّ نانمان لوولدەدا و دەمانخستە پاکەتێکەوە بۆ هەموو دراوسێکانمان دەنارد. من هەمیشە بڕوام وابووە کات بەفیڕۆ نەدەین، بۆیە کاتێک نانمان دەپێچایەوە، ژنە هاوکارەکانم فێرە دوا گۆرانی یشوڤ (کۆمەڵگەی جووەکانی فەڵەستینی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)دەکرد.

[47] Matzos ماتزۆس، جۆرە نانێکە لە نانی تیری خۆماڵیمان دەچیّ-وەرگێڕ

هەمیشە سەروتارەکانم ئەو کێشە سیاسییانەیان دەخستەڕوو، کە زۆرتر بە مشورخواردنەکانی کرێکارانی زایۆنیزم پەیوەستبوون، هەنوکە بینیم چۆن ئەو ژنە پێشەنگە کارایە پێیگوتم، گوایە من ئەوەندە سۆزبزوێن نیم، بنگۆریۆنیش جارێکیان بۆ هاوڕێیەکی، کە لەگەڵیدا بووبووە دەمەقاڵێ، نوسیبووی: "هەستناسکیی تاوان نییە، ئەوسا چ لە گۆشەنیگای سۆشیالیستیانەوە بێ یان زایۆنیزمیانە." من بڕوام وابوو و هەنوکەش هەر بڕوام وایە، ئەو خەڵکەی بە دۆزێکەوە پەیوەندیدارن، کاتێ شایەنی گفتوگۆیەکی جدییانە و ڕۆشنبیرییانە بێ، ئەوا ناکرێ فرمێسکهەڵڕشتن لە بزووتنەوەی زایۆنیزم هەڵبواردرێ. خوا دەیزانی، هەمیشە بایی ئەوەندە هەیە کە بۆی بگری!

وتارێکم لە ١٩٣٣دا بڵاوبووەوە، خۆی وەڵامێک بوو بۆ سەرکردەیەکی هاداسا، بەوەی کاریگەری سەرکەوتنی کرێکارانی زایۆنیزم پەیوەندیدارە بە کۆمەکی دارایی "بۆرژواز-سەرمایەدارانی جوو":

> *"ئێمە هەمیشە پێمان لەسەر ئەوە داگرتووە، کە سەرکەوتنی کاری زایۆنیزم بە شێوەیەکی سەرەکی بەندە بە فاکتەری ناوەخۆی جوو- کرێکارانن کاردەکەن و ئەو پارەیەش کارەکە دەستەبەردەکا. ئێمە نازانین ئاخۆ ئەو بڕە پارە و پوولەیەی لە جەماوەری بەرفرەوانی جووەوەڕا دێ پێیویستە لێی بنوسرێ "پارەی چینێک."... ئێمە ئەو پارە و پوولەی سندوقی نەتەوەیی جوو و کێرن هایسود (کە تەرخانە بۆ دارایی کۆچی جوو و نشینگەکردنیان لە فەڵەستین) وەک هێزی کار، بزووتنەوەی پیشەنگەکان دادەنێین، کە بە بەرفرەوانی بۆ نمایشی بڕیاری چارەنووسی نەتەوەیە... کەواتە ئایا ئەوە دەگەیەنێ دژی سەرمایەی تایبەت و دەستپێشخەری تایبەت بین؟ هەڵبەتە نەخێر.*

*کرێکارانی زایۆنیست بە شێوەیەکی سەرەکی بە تاسەوەن بۆ کۆچێکی ئاپۆرەییانە بۆ فەڵەستین. ئەگەر ئێمە لە ڕێی سەرمایەی نەتەوەییەوە نەگەینە ئەو دوائامانجە، ئەوا بەخێرهاتنی سەرمایەی تایبەت دەکەین. ئەوەش ڕاستە، سەرمایەی تایبەت دەبێ لە ڕاژەی دوا ئامانجی زایۆنیزمدا بێ. ئەو سەرمایە تایبەتەی کە کرێکاری جوو پێ نەخرێتە سەرکار، کۆمەکی ئاڕاستەکەمان ناکا... مایەی نیگەرانیمانە، کە چەند جارێک گەواهیدەر بووین لەسەر ئەوەی پرۆژەی تایبەت لە فەلستین تەنیا بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکارهێنراوە، ئەوەیان لەبیرچووەتەوە، کە پرسی کۆچبەرانی جوو لە فەڵەستین بە شێوەیەکی سەرەکی بەندە بە توانستی کارپەیداکردن لە وڵات. ئێمە جارێکی دیکە دەمانەوێ بە مکووڕییەوە ئەوە رابگەیەنین: ئەو سەرمایە تایبەتەی کرێکاری جووی پێنەخرێتە گەڕ، لە فەڵەستین دەستخۆشی لێناکرێ، چونکە سەرمایەی تایبەت کە ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێ دەرفەتی کۆچی پڕ ئاپۆرە بۆ فەڵەستین نادا، وەک ئەوەی ئێمە و هاداسا ئاواتمانە..."*

لە هاوینی ١٩٣٤دا خۆمان ئامادەکرد بگەڕێینەوە فەڵەستین. من دوا گەشتم بە وڵاتە یەکگرتوەکاندا کرد تا خواحافیزی لە یانەی ژنانی پێشەنگ بکەم و هەموو ئەوانەی کە لەوێ ناسیمن. هەر بە ڕاستی ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو ماندوونەناسیە، ئەو سادەییە، ئەو ژنە دڵسۆزانەی کارێکی زۆریان لێکردم هەبوو، حەم لێی بوو پێیبزانن چەند سوپاسگوزارم. من دەمزانی هەر شتێکمان لە فەڵەستیندا بەسەردا بێ، ئەوا کۆمەکمان دەکەن، بێگومان ڕۆژگاریش ڕاستی پرسەکەی سەلماند.

کاتێ لە ١٩٣٢دا بە خۆو دوو منداڵەکەمەوە گەیشتمە نیویۆرک، هیچ کامیان وشەی ئینگلیزییان نەدەزانی. کاتێکیش لە ١٩٣٤دا گەڕامەوە فەڵەستین، هەر دوو منداڵە بچوکەکەم ئینگلیزی و عیبریان دەزانی، ئیدی بە

کەیف بوون کە مۆریس ببیننەوە. زۆر دڵشکستی لە ژیانی مۆریسدا هەبوو، بەڵام سەرچاوەیەکی بەردەوامی پڕشنگداریشی بۆ هەبوو، کە مناحیم بەشانازییەوە سەروسەودای لەگەڵ موزیک پەیداکردبوو، هەروەها تیاشیدا بەهرەدار بوو. هەرچەندە دواتر دەبووایە من چەلۆکەی هەڵبگرم و بیبەمە دەرسی موزیک (تا گەورە بوو وایلیهات خۆی ئامێرەکەی بە دوایخۆیدا رابکێشێ) بەڵام لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەر مۆریس بوو لە کۆتایی هەفتەدا گوێی لە مەشقی مۆریس دەگرت، ژەنینەکەی بۆ تۆماردەکرد و هانیدەدا و وای لێ کرد، کە گەورەش بوو پشتی بەخۆبەست موزیکی خۆشبوێ.

کاتێکیش گەڕامەوە ڕووبەڕووی دارِسانێکی گەورەتر بوومەوە لەوەی وەک سکرتێری ژنانی پێشەنگ لە ئەمریکا کاربکەم. لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمی دوای گەڕانەوەمان بۆ ماڵ، داوایان لێکردم بچمە ڤاد هاپول (کۆمیتەی بەڕێوبەرایەتی هیستادروت).

تا ئەو ڕاددەیەی هیستادروت نوێنەرایەتی دەکرد، بۆ هەمووان و زۆریش بەرفرەوان بوو، وەک خۆبەڕێوبەرێتی جووەکانی فەڵەستین دەجووڵایەوە، لەنێویشیدا ڤاد هاپول وەک کابینەی وەزیران وابوو، بۆ ماوەی چواردە ساڵی پڕ لە هەراو زەنای داهاتوودا، چەندان پۆست و بەرپرسیارێتیم تیادا بینی. هیچ کامێکیان کاری ئاسان نەبوو یان وەک چاوەڕێ دەکرا ئەرکی وەها نەبوون، وەک خود تیا هەڵبکەوێ و خۆشەویست و جەماوەردار بی، بەڵام کاری مەزنیان ئەنجامدا. ئەو کارانە زۆرترینیان ئەوانەبوون کە جێ خەم و مشوری خۆم بوون، بەوەی بنەماکانی سۆشیالیستی بە کردەوە بۆ سەر ژیانی ڕۆژانەی ئاساییمان وەربگێڕین.

پێم وا بوو ئەگەر ساڵانی ناوەڕاستی سیەکان و چلەکان لە فەڵەستین لە ڕووی ئابوری و سیاسییەوە باش بووبایە- یان بە لای کەمییەوە باشتر بووبایە لەوەی هەبوو-ئەوا ڕێژەییانە شتێکی ئاسان بوو لەنێو کۆمەڵگای کریکاراندا باری سەرشانیان دابەشی سەر هەمووان بێ. دوای ئەوە جیاواز لەوەی بۆ ژیان هەوڵیان دەدا، بە ڕاستی هیچ جیاوازییەک -چ ئابوری و چ کۆمەڵایەتی- لەنێوان ئەوەی پێی دەگوترا پلەوپایەی ئەندامان و ئەوانەی

پێیانــدەگوترا ســەرکردایەتیی هیســتادروت نەبــوو. هەمووماــان هەر ئەو کرێیەمان پێدەدرا، کە پێی بژین، ئەوەش بەند بوو بە پێشنۆرەیی ناچاری کتوپڕی و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەی، ئەو ڕێسایەش بێ ڕیزپەڕ بوو. من دەزانم هەنوکە خەڵک لە ئیسرائیل یان هەرجێیەکی دیکە ئەو پێوەرە یەکسانییەی جاری جاران بە مۆدێیکی کۆنباو دادەنێن و پێیان وایە چیدی بۆ کارکرپێکرن ناشێ. ڕەنگبێ وابێ، بەڵام خۆم لە لام پەسندبوو، هەروەها لە هەموو سوچێکیشەوە هەر مایەی پەسندی بوو. من هێشتا هەر بیری لێ دەکەمەوە، پێم وایە سەدایەکی باشی نمایشی سۆشیالیزمی بوو-ئاساییانە سەلیقەیەکی باش بوو-بۆ دەرگەوانی تەلاری هیستادروت کە نۆ منداڵی هەبوون بەوەی مانگانە موچەکەی وا بدرێتێ، کە قوتی هەر نۆیان دابین بکا وەک بابایەکی من نەبێ کە تەنیا دوو منداڵم هەبوون.

سۆشــیالیزم لە پەیڕەوکردنــدا لەوە زیــاتری دەگەیانــد، کە مــن دەرگەوانەکە بە شمول بانگ بکەم و ئەویش من بە گۆلدا بانگ بکا. هەروەها سۆشیالیزم ئەوەی دەگەیاند، کە ئەرکەکانی بەرانبەر ئەندامەکانی دیکەی هیستادروت وەک هی من بێ. بارودۆخی ئابوری لە فەڵەستین وەک هەر جێگایەکی دیکەی ئەوکات زەحمەت بوو، بۆیە ئەو ڕووە سەودا سەندیکایە بووە خاڵی تەوەرەیی و چەقی بازنەی من، کە پێم لەسەر دادەگرت و لە هیستادروت شەرم لەسەردەکرد.

موچەدانەکانی هیستادروت بەپێی تای تەرازوو وەک باجی سەر داهات وا بوو. پارەکە هەموو مانگان بە یەکجار دەدرا، کە ڕووپۆشی سندوقی سەندیکا بوو، سندوقی خانەنشینی کوپات هۆلیم (سندوقی کرێکارە نەخۆشەکان) بوو کە پێیدەگوترا باجی تاقانە. من بڕوام وابوو کە ئەو باجی تاقانەیە لەسەر بناخەی موچەی بنەڕەتی یان تێکڕای پارەی بەدەستهێنراو، یاخود بڕە پارەیەکی مەزەندەکراو نەبێ، بەڵکو لەسەر بناخەی تەواوی ئەو بڕە پارەیە بێ، کە هەر کرێکارێک بە کردەوە وەریدەگرێ. ئەگەر وا نەبێ کەواتە ئەو "یەکســانییە"ی زۆر باســی لێــوەدەکەین لە کوێــوەیە؟ ئایــا دابەشکردنەکە بۆ ئەوەیە ببێتە موڵکی کیبۆتەکان یان دانوستانەکە بۆ ئەوە کراوە ژیانی کرێکارانی تەلئەبیبی پێ بچێتەسەر؟ هەروەها ئایا چی لەبارەی

بەرپرسیاریێتی بە کۆمەڵی ئەندامانی هیستادروت بەرانبەر هاوڕێکانیان کە بێکارن، بگوترێ؟ ئایا ئەوە دەکرێ، کە هیستادروت دەنگی خۆی بگەیەنێ (و هەست بە بوونی بکرێ) بۆ هەر پرسێک کە بۆ کۆچبەرانی پشوڤ، نشینگەکان، بەرگری لەخۆکردن چارەنووسسازبێ، بەڵام ڕووی خۆی لە هەموو ئەو پیاو ژنانە وەرگێڕی، کە بێکارن و منداڵەکانیان بە ئاستەم پی بەخێو دەکرێ؟ ئەگەر هیچ نەمێنێ ئەوا دەستگیرۆیی یەکدی-یەکێک لە بنەماکانی هیستادروت- بێگومان پێشمەرجێکی سۆشیالیزمە، هەرچەندە بۆ کرێکاریکی ئەندامی هیستاروت قورس و ئازاربەخشیش بێ، بەوەی بەشێک لە ڕۆژانەکەی مانگانە بداتە سندوقی بێکاران. بەڵام من لەسەر ئەو بنەمایە توند و شێلگیرانە بووم و پێم لەسەر ئەو سندوقە دادەگرت، هەرچەندە دەنگی نارەزاش لە بەرانبەردا هەبوون. ئێمە ناومان لەو شتە نابوو میفدێ، کە واتای فریادڕەسی دەدا، کاتێکیش ژمارەی بێکاران زیاد دەبوو (لە ١٩٣٠دا ژمارەکە گەیشتە ١٠،٠٠٠ ئەندامی هیستادروت)، من پاڵنەری هەڵکشانی باجی بێکاران بووم و ئیدی میفدێی دووەممان دامەزراند.

هەندێ لە برادەرەکانم بە" تێکدانی هیستادروت" خەتاباریان دەکردم و دەیانگوت گوایە من "داوای مەحاڵ" دەکەم، بەڵام بنگۆریۆن، بێرل کاتزنلسۆن و دایڤد ریمز پشتیانگرتم و ئیدی هیستادروت لەگەڵ ئەوشدا بە ساخی دەرباز بوو. لە ڕاستیدا ئەو کەمپینەی میفدێ وەک پێشینەیەکی گرنگ خزمەتێکی زۆریکرد و دواتر باجێکی قورستری خۆبەخشانە داندرا، ئەوەش زۆری نەخایاند، کە لەشێوەی باربوی پشوڤ چەسپێندرا، ئەم ستەش لە کاتێکدا بوو، کە پشێوی نانەوەی عەرەب لە ١٩٣٦دا زۆر گرانمان لەسەر کەوت، بۆیە دەبووایە بە باجی قورسی بەرگریکردن لەسەر هەموو تاکێکی جولەکە ڕووبەڕووی ببینەوە. تەنانەت دواتریش لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانییشدا، کە لەشەڕدابووین ئەو ئەزموونەی میفدێ لەو ڕۆژە سەخت و قێزەونانە بە هانامانەوە هات.

هەروەها لە ئاکامێکی تاڵتری پێشهاتەکان، منیشی گرتەوە (کە ساڵانێکی خایاند) ئەویش ئەو کارەساتە ناخۆشە بوو بەسەر بزووتنەوەی

کرێکاراندا هات. ئەو کات من لە وڵاتە یەکگرتووەکان بووم. یەکێک لە ئەستێرە باش و گەشاوەکانی ماپای گەنجێک بەناوی ئارلۆسۆرۆف هەبوو، تازە لە ئەرکێکی لە ئاڵمانیای هیتلەردا گەڕابووەوە، لەسەر کەناری تەلئەبیب کاتێ لەگەڵ ژنەکەیدا پیاسەی دەکرد، درایە بەر گولله و کوژرا. ئەبراهام ستاڤسکی ئەندامی باڵی ڕاستی پارتی ریڤیژیۆنیست بە کوشتنی تۆمەتبارکرا، هەرچەندە دواتر لە دادگادا بە هۆی بێ بەڵگەیی ئازادکرا. ناسنامەی بکوژەکە هەرگیز دەرنەکەوت، بەڵام ئەوکات تەواوی سەرکردایەتییە هێدمێگرتی و سەرسامبووەکەی بزووتنەوەی کرێکاران بە منیشەوە، ستاڤسکیمان بە تاوانبار دەزانی. ئارلۆسۆرف نوێنەرایەتیی نوێخوازی، وشیاربوونەوە و هاوسەنگی کێشەکانی جیهانی دەکرد. هەڵبەتە بۆ ئێمە تراژیدیای مەرگی وەک بەرەنجامێکی حەتمی ئەو جۆرە دژایەتیەی سۆشیالیزمی باڵی ڕاست و شۆڤێنیزمی نیشاندەدا، کە ریڤیژۆنیستەکان بانگیان بۆ هەڵدەدا. من بە باشی ئارلۆسۆفم نەدەناسی، بەڵام وەک هەمووان کە دەیانناسی، زۆر کەوتبوومە ژێر کاریگەری هێزی زیرەکیی و سەلیقە سیاسییانەکەی و کاتێکیش لە نیویۆرک هەواڵەکەم پێگەیشت بە تەواوی هەژاندمی.

بەڵام لەوە زیاتر من لەو بیرۆکەیە تۆقام، کە لە فەڵەستیندا جوویەک دەستی بچێتە خوێنی جوویەکی دیکە و ڕەوتی توندڕەوی سیاسیانە لەنێو یوشیڤ سەرهەڵبدات و بەرەو خوێنڕشتن بڕوا. هەرچۆنێک بێ بە کوشتنی ئارلۆسۆف، کە پێشتریش بە ساڵان درزکەوتبووە نێوان باڵی ڕاست و چەپی بزووتنەوەی زایۆنیزم، وای لێ هات ببێتە کەلێن و لە هەندێ ڕووەوە لەو ڕۆژگارەدا جوبران نەبێتەوە، ڕەنگبێ هەرگیز بە تەواویش یەکدی نەگرێتەوە.

کۆتایی ١٩٣٣ و سەرەتای ١٩٣٤دا وەک ئەوە وابوو هێڵی شەڕ لەنێوان کەسانی نێو کۆمەڵگەکانی یوشیڤ لە بەرەی کرێکراندا کێشرابێ. ڕیڤژیۆنیستەکان هیستادروتیان بە خوێنپیس تاوانبار دەکرد، گوایە دەستیان بەسەر یوشیڤدا داگرتووە و غەیرە سۆسیالیستەکان لەسەرکار دەردەکەن و نەیارە سیاسیەکانیان دەفەوتێنن. هەروەها لەوێ بەردەوام، کێشە و دەمەقاڵە و پێکهەڵپڕژان لەنێو کرێکاران لەسەرتاسەری وڵاتدا پەیدابوو. بنگۆریۆن بڕوای وا بوو، کە دەبێ یەکێتیی ڕیزەکانی کۆمەڵگای جوو لە فەڵەستین

بەهەر نرخێک بێ بپارێزرێ، زۆریش لە ئێمەمانان (بە منیشەوە) هاوڕابووین. ئەو پێشنیازی شەڕراگرتنی لە شێوەی ڕێککەوتنێک لەنێوان چەپ و ڕاستدا کرد، پێی وا بوو بەمە کۆتایی بە لێکترازانەکە دەهێنێ. ئێمە بە چەندان هەفتە "ڕێکەوتنننامە"کەمان بە توڕەبوون، هەندێ جاریش بە هەڵچوونی هێسترییایانە تاوتوێدەکرد. بەڵام کوشتنی ئارلۆسۆف بەسەر هەموو دەمەتەقێکانماندا باڵکێشبوو، ئیدی بۆ بەدبەختی پێشنیازەکەی بنگۆریۆن سەرینەگرت.

لێ گەلۆ بێکاری لە لایەک و کێشەی نێوەخۆیش لە لایەکی دیکەوە، بە تەنیا ئەو کێشانە نەبوون، کە ڕووبەڕوومان بووونەوە. بەڵکو کێشەگەلی زۆرتر و ترسناکترمان لە ناوەوە و دەرەوەی فەڵەستین بۆ هاتن. هیتلەر لە ١٩٣٣دا دەسەڵاتی گرتەدەست، هەرچەندە بانگنامە نابەجێیەکەی لەبارەی بەرزی نەژادی ئاری، توندوتیژی دژەسامیبوون وەک بانگاشەی بۆ دەکرد، هەروەک یەکەمجار بە دوان و وتاری ڕەوانبێژییانە نەمایەوە. لە ڕاستیدا یەکەمین کاری دەستپێکی هیتلەر قانوننامەیەکی دڕندانەی فەوتانی جووەکان بوو، کە بەهۆیەوە جوەکانی ئاڵمانی لە هەموو مافێکی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ دامالّی. هەڵبەتە ئەو کات بە منیشەوە کەسمان بە خەونیش نەماندەبینی، هیتلەر بتوانێ هەڵمەتی لەناوبردنی جوو پیادەبکا. پێم وایە دەبێ ئەوە بگوترێ سنووری متمانەی ژن و پیاوێکی ئاسایی و شایستە ئەوەبوو، کە بڕوایان نەدەکرد شەیتانێکی دێوەزمەی هیتلەرئاسا بێت و ئەوە بکا، کە کردی، یان جیهان ڕێگەی ئەوەی پێبدا. ئەوەش ئەوەی نەدەگەیاند، گوایە ئێمە ساویلکە بووین. سوکوئاسان ئەوەبوو ئێمە نەماندەتوانی بڕوابکەین، ئەوەش هەر مایەی بڕوانەکردن بوو. ئەمڕۆش هیچ تۆقاندنێک مایەی بڕوانەکردن نییە.

تەنانەت پێش "دوایین چارەسەری" هیتلەر، یەکەمین بەرەنجامی چەوساندنەوەی نازی –کە بە قانون دەقنووسکرا- هەر مایەی ترسوتۆقین بو. دووبارە هەستمکرد تەنیا یەک شوێن لە سەر گۆی ئەم زەمینە هەیە، کە جوو ڕوی تێبکەن، ئەوەش بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دەسەڵاتی بەریتانی کۆتوبەندی توندی خستبووە پێش ڕەوتی کۆچبەران بۆ فەڵەستین. لە ١٩٣٤دا بە هەزاران پەنابەری ڕیشەهەڵکەنراو و لانەوازی جوو ڕوویان کردە

فەڵەستین. هەندێکیان کەمێک لەو کەلوپەلانەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، کە بۆیان دەرچووبوو، کەچی زۆربەیان بە ڕووتوقوتی هاتن، بێ ئەوەی هیچ شێکیان بۆ دەرچووبێ. ئەوان کەسانێک بوون ئاستبەرز و پلەی خوێندنیان بالا، کەسانی پیشەوەر و بە جۆشوخرۆش بوون و دەستگیرۆییان بۆ کۆمەڵگاکانی یوشیڤ زۆر مەزن و قەبە بوو. بەڵام ئەوەش واتای ئەوەی دەگەیاند کە دەبوایە لە پڕ و دەستبەجێ جێورێی ٦٠،٠٠٠ پیاو و ژن و منداڵ لەنێو کۆمەڵگەیەک، کە سەرنشینانی کەمتر لە ٤٠٠،٠٠٠ کەس پێکهاتبوون بکرێتەوە. شایانی باسە ئەو خەڵکە بە ئاستەم قوتی ژیانی خۆی پێ دابیندەکرا. ئەوان نەوەک هەر دەبوایە لە دەست زەبروزەنگی عەرەبان دەرباز بووبان، بەڵکو دەبوایە لەبەر بێ مەیلی – گەر نەگوترێ ناحەزیی-حکومەتی مانداتی بەریتانیاش دەرچووبان.

بە شێوەیەکی تایبەتی، لەخۆگرتنی کۆچبەران جیاوازە لە پێشوازیکردنی پەنابەران. ئەو هەزاران ژن و پیاو و منداڵەی لە ئاڵمان و ئوتریشەوە گەیشتینە فەڵەستین، دەبوایە جێورێ و کاریان بۆ دابینبکرێ و فێرە زمانی عیبری کرابان؛ کۆمەکیان کرابا تا لەگەڵ ژیانی نوێیاندا ڕابێن. بابای پارێزەری بەرلین، موزیسیانەکەی فرانکفۆرت، لێکۆڵەرە کیمیستەکەی ڤیەننا بە ناچاری ببوایە مریشک بەخێوکەر یان شاگردی خواردنگە و بەردەستی وەستای دیوار، دەنا بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی کار پەیدابکەن. هەروەها ئەوان شەوان دەبوایە لە ژیانێکی سەخت و کولەمەرگی و نەداریدا ڕاهاتبان. ئەوەش بۆ ئەوان و ئێمەش قورس بوو، لەو بڕوایەدابووم، ئەوێ ڕۆژێ مایەی سەرنج بوو کە کۆمەڵگاکانی یوشیڤ زۆر بە بەهێزی و بەرگەگری بەرچاوتر لە جاران دەرکەوتن. من پێم وا بوو تەنیا دوو هۆکاری لۆژیکیانە بۆ ئەو کاردانەوە نەتەوەییە هەبوون. یەکێکیان داڕوخان بوو، خۆدانەدەست بوو بەوەی بڵێی "ئیدی ئەوە ناکرێ ببێ." ئەویدیکەشیان دانگیرساندن و بەرەنگاریبوونەوە بوو، شەڕەکەش بەپێی پێویست لە زۆر بەرەوە بوو، زۆریشی خایاند، ئەوەی ئێمە کردمان دەقاودەق وەک ئەوە وایە، کە هێشتا هەر خەریکین و دەیکەین.

ئەوەی ڕاستی بێ زۆر جاران بیر لەوە دەکەمەوە، چۆن ئێمە لە فەڵەستین لە ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا دەربازبووین. ئیدی ئەو یادەوەریانە هانمان دەدەن، هەر چەندە هەر هەمووشیان مایەی خۆشحاڵیمان نەبوون، بەڵام کاتێک لە ١٩٧٥دا خەڵک پێمدەڵێن، "ئەرێ چۆن دەکرێ ئیسرائیل بەرگەی هەموو شتێک بگرێ؟ بەرگەی عەرەب, کە لای خۆیان یەکلاکەرەوە بڕیاریانداوە قڕمانبکەن، ئەو دەستڕۆیشتنەی عەرەبان لەبارەی پارەوپول، پیاو و لەشکر، لەگەڵ ئەو لێشاوەی هەزاران کۆچبەری ڕووسی، لەگەڵ ئەو بارە نەگۆڕە بێ مەیلەی دونیا سەبارەت بە کێشەکان و ڕەوشی خراپی ئابوری، کە پێدەچوو چارەسەرنەکرێ؟" من تەنیا یەک وەڵامم هەبوو، ئەویش ڕاستگۆیانە دەیڵێم: "ڕەوشی چل ساڵی ڕابردوو هەمیشە لە هی ئێستا سەختر بوو، بەڵام ئێمە تێمانپەڕاند، هەرچەندە و هەرچۆنێکیش بووبێ هەمیشە باجەکەی زۆر قورس بووە." لە ڕاستیدا هەندێک جار ئەوەم بە بیردادێ، کە تەنیا ئەوانەی لەو چل ساڵانەی ڕابردوودا کارابوون و لەوە تێدەگەن کە ئێمە لەوساتەوە چیمان بەدەستهێناوە یاخود سەرکەوتنەکانمان چەند مەزن بوون، ڕەنگبێ ئەوەش مایەی ئەو گەشبینییە مەزنە بێ، کە هەنوکە پیرەکانی وەک من لە ئیسرائیلدا هەیانە، ئەوانەی بە مسۆگەری ئەوەیان دەستەبەر کردووە، کە بووژاندنەوەی نەتەوەیەک هەرگیز بێ ژان و ناسۆر و قوربانیدان مەیسەرنابێ.

هەرچۆنێک بێ ئێمە ئامانجە پێشنۆرەییەکانمان دیاریکردن. کاری ڕۆژانە دەبووایە بکرابایە، هەر چەندە ڕەوشی ناکاوی دەستبەجێش هەبووایە. تا ڕاددەیەک ئەوەی مایەی مشورخواردنم بوو ئەوەبوو، من وەک سەرۆکی بۆردی بەڕێوبەرانی سندوقی نەخۆشی کرێکاران بم، سەرپەرشتیکردنی ڕەوشی کاری ئەندامە کرێکارەکانی هیستادروت لە باڵەخانەی کۆمەڵگای سوپای بەریتانیا لە سەرتاسەری وڵاتدا و هەڵسوڕاندنی دانوستاندنی کرێکارانی دیکە، لەگەڵ راپەڕاندنی کاری ماڵەوەم و یارمەتیدانی مناحیم و سارا لە ئەرکی قوتابخانەییاندا. ئەوەش کاری ڕۆتینی سەرقاڵییەکانم، بوو.

له هەمان کاتیشدا دەبووایە هەندێک بڕیاری گرنگی دیکە سەبارەت بە بارودۆخی هەمەلایەنەی کۆمەڵگاکانی یوشیڤ بدەین و جێبەجێیان بکەین. یەکێک لە پرسەکان و دەبوو دەستبەجێش کاردانەوەمان لەبارەیەوە هەبووایە ئەویش ئەوە بوو: ئایا دەبێ لە ئاست هەڵگیرسانی ئاژاوە توندوتیژ و تیرۆریستییەکانی عەرەب چی بکەین؟ تەنیا لە ساڵی ١٩٣٦دا و لە ئاکامی ئاژاوە دڕندانەکە، وێرانکردنی سەدان هەزار داری لێکەوتەوە کە بەوپەڕی خۆشەویستیەوە داچەقێنرابوون، بەپەرۆش و هیواوە ڕواندبوویان، کۆسپ خستنەبەری بێژماری قیتار و پاسەکانمان، سوتاندنی سەدان کێڵگە؛ لە هەمووشیان تۆقێنەرتر لەو دوو هەزار پەلامارە چەکدارانەیاندا بۆ سەر جووەکان، هەشتا هەر لێیان دەکوشتین و زۆر لەو ژمارەیەش زیاتر بە دژواری برینداردەکران.

ئاشوبەکە لە نیسانی ١٩٣٦دا دەستیپێکرد. کاتێ گەیشتە هاوینیش چیدیکە گەشتی جوو لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە بێ مەترسی نەبوو. هەر کاتێکیش بۆ کۆبوونەوەیەک لە تەلئەبیبەوە بچوومایە بۆ ئۆرشەلیم- ئەو جۆرە کۆبوونەوانەش زووزوو دەکران- ئەوا بەیانییەکەی پێش دەرچوونم منداڵەکانم ماچدەکردن و دوعاخوازیم لێدەکردن، چونکە دەمزانی ڕەنگبێ جارێکی دیکە نەگەڕێمەوە و نەیانبینمەوە، ئەگەری ئەوە هەبوو پاسەکەمان بکەوێتە بۆسەیەکەوە، یان کاتێ دەگەمە دەروازەی ئۆرشەلیم بە گوللەی تفەنگی نیشانشکێنێکی عەرەب بپێکرێم، یاخود لە قەراخ تەلئەبیب ڕووبەڕووی گوڕدەمی ئاپۆرەی چەکدارە عەرەبەکان ببمەوە و بکوژرێم. هاگانا (ڕێکخراوی بەرگری ژێرزەمینی جوو) لەو سەردەمدا لە هەراوئاشوبی ١٩٢٩دا چەکی باشتریان هەبوو، لە عەرەبەکانیش ڕێکخراوتر بوون، بەڵام ئێمە نیازمان نەبوو وەک ئامرازێکی ڕووبەڕووبوونەوە بەکاریان بهێنین هەر لەبەر ئەوەی ئەوان عەرەبن، یاخود بیانو بدەینە دەست بەریتانییەکان مەبادا کۆسپی زیاتر بخەنە بەردەم ڕەوتی کۆچبەران و نشینگەکان؛ چونکە هەر جارێک بەرچاوانە لەسەرخۆمانمان کردبایەوە، ئەوا دەسەڵاتی ماندانی بەریتانی کاردانەوەی نەرێنیانەی دەبوو. هەرچەندە هەمیشە خۆگرتن سەختتر بوو لەوەی دەستبکەیتەوە. ئێمە ئیعتبارێکی سەرەکییمان هەبوو:

نابێ هیچ شتێکی وا بکەین-تەنانەت ئەگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کردەی ناقۆڵای جاڕسبوون و کوشندەش بێ- کە بەریتانییەکان بوروژێنین، نەوەک لە بەرانبەردا ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی دەهاتنە فەڵەستین کەمبکەنەوە. سیاسەتی دانبەخۆداگرتن (بە عیبری پێیدەڵێن هاڤلاگاه) بە توندی سەپێندرا. لە هەرکات و لە هەر شوێنک جوو پارێزگاریان لەهەمبەر پەلامارەکان لەخۆکردبایە، بەڵام هیچ کردەیەکی تۆڵەی هاگانای لە ماوەی ئەوسێ ساڵەدا بەدوانەهاتبا ئەوا بەریتانییەکان بە خۆشییەوە ناویان لێدەنا " پشێوی."

ئەو بڕیاردانەمان بەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین بێ ئەوەی تۆڵە بکەینەوە، سەرکەوتو نەبوو، هەرچەندە دنیاش ئافەرینی بۆ یوشیف لێدەدا. کەمینە داوای ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکرد و سیاسەتی هاگانایان لە کن سیاسەتێکی ترسنۆکانە بوو. من هەمیشە لەنێو زۆرینەدا بووم، کە بە تەواوی بڕوامان بەوەبوو، هاگانا دەبێ تەنیا تاکە ئاڕاستەی ڕەوشت پەیڕەوبکا. بیرۆکەی پەلاماردانی عەرەب لەسەر بنەمای جیاکاری، بەدەر لەوەی کە ئەوان خاوەنی ئەو هەموو ئاژاوە و پشێوییەن، بە شێوەیەکی ئاسایانە مایەی بێزلێبوونەوەم بوو. پەلاماری تایبەتمەند دەبووایە بەری پێبگیرابایە و تاوانێکی تایبەتیش دەبووایە سزای بەدوادا بهاتایە. ئەوەش ڕەفتارێکی شیاو و باش بوو، بەڵام ئێمە نەدەبووایە هەر لەبەرئەوە عەرەب بکوژین کە عەرەبن، یاخود سەر بکێشین بۆ زەبروزەنگێکی دڕندانە، کە نمونەی شێوازی عەرەبەکان بوو دژی ئێمە.

ڕێگام بدەن لەم قۆناخەدا – هەرچەندە بە کورتیش بێ- لایەک لەسەر ئەو تۆمەتە بکەمەوە، کە چەندان ساڵە گوێم لێ دەبێ بەوەی گوایە ئێمە لە فەڵەستیندا بە تەواوی عەرەبەکانمان پشتگوێخستبوون، ئەو هەموو پێشکەوتنانەی بەدەستمان هێناون عەرەبمان لێبواردوون. کاتێک هاندەرانی ئاژاوەی عەرەب لە کۆتایی١٩٣٠دا داوایان دەکرد وەک کە کردیشیان، گوایە عەرەبەکان بۆیە هێرشمان دەکەنەسەر چونکە :"ڕێکخراون". ئەوەم لەبەر دەستدا نییە سەیری تۆماری بەریتانیەکان بکەم بەوەی لەوەتەی نشینگەکانی جوو لەوێ جێگیربوونە، سەرژمێری عەرەبەکانی فەڵەستین دووئەوەندە زیادیکردووە. من بە چاوی خۆم ڕێژەی زیادبوونی عەرەبەکانم لەو کاتەوە

بینیوه، که بۆ یەکەم جار هاتینە فەڵەستین. نەوەک هەر پێوەری ستانداردی ژیانی عەرەبەکانی فەڵەستین لە هاونەژادەکانیان لە هەرشوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێپەڕیکردبوو، بەڵکو ژیان لە فەڵەستین دەرفەتێکی وای ڕەخساند، کە ئــۆردو و قۆشـــەنی عەرەب لە ســوریا و وڵاتە دراوسێکانیشـــەوە لەو ســاڵانەدا بەرەو فەڵەســتین کــۆچبکەن. لەو کــاتەی نــوێنەرانی حکــومەتی بەریتانیا لە فەڵەستین بە دڵنەرمییەوە ڕێگایان بە ڕەوی کۆچی جوو دەگرت و جارِپاندەدا، کەوا هیچ شوێنێک لە فەڵەستین نەماوەوە و پڕبووە؛ لەبیرمە وتارم لەبارەی توانستی بەرفرەوانی لەخۆگرتنی فەڵەستین بۆ کۆچبەران دەدا، ئەوەش بە ئامــاژەدان بەو ئامــارانەی کە بە دوودڵــی و گومــانەوە لە سەرچاوە بەریتانییەکان وەرمدەگرتن، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەکی پتەو بوو، ئاخر بەچاوی خۆم بینی و گەواهیدەربووم.

ڕێگـام بـدەن ئەوەشـی بخەمەسـەر؛ لە سیەکاندا بەردەوام هیـوام وا بــووە، عەرەب لە فەڵەســتین شانبەشــانی ئـێمە بە ئـارامی و یەکســانی وەک هــاووڵاتییەک لە نیشــتمانی جــوودا بــژین، هەروەهــا هیواشــم وا بــوو ئەو جولەکــانەی لە وڵاتە عەرەبییەکانــدا دەژیــن، ڕێگایــان بــدرێ بە ئــارامی و یەکسانی بژین. ئەوەش هۆکارێکی دیکە بوو، کە سیاسەتی دانبەخۆداگرتن لە هەمبەر هێرشی عەرەبەکان زۆر بۆمان گرنگ بێ. هیچ نەبوو، من هەستمکرد لە داهاتودا ئاستەنگ و تاڵاوی زیاتر هەبێ. هەر چەندە من بەو شێوەیە کارم نەکــردووە، بەڵام مــاوەیەکی زۆری خایانــد تــا ئەو ڕاســتییە بپەژرێنــین، کە ئەوەی لە ئاشتەواییدا چاوەڕێمان دەکرد بێبەرهەم و دەستبەتاڵی بوو.

ئیدی بڕیارماندا ئەو بۆشاییە ئابورییە پڕبکەینەوە کە کۆمیتەی بـاڵای عەرەب بەسـەرۆکایەتیی مـوفتی دروسـتیکردبوو، بەوەی مـانگرتنێکی گشـتی ڕاگەیانـدبوو. بەو هیـوایەی کۆمەڵگەکـانی یوشـیڤمان بە تەواوی و بەیەکەوە پەکبخـا. هـیچ عەرەبێکـت لە هـیچ شـوێنێک دەسـتنەدەکەوت کـاری پێـبکەی، ئەوەش بڕیــاری مــوفتی بــوو، تــا ئەوکــاتەی ســەرجەم کــۆچی جــوو دەوەســتێندرێ و هەمــوو ئەو زەویــانەی لە لایەن جووەکــانەوە کڕابــوون، ڕادەگیرێن. لە بەرانبەر ئەوەدا ئێمە کاردانەوەیەکی سادەمان هەبوو. ئەگەر بەندەری یافا چیدیکە کارنەکا، ئەوا پێویستبوو دەروویەک لە لای خۆمان لە

تەلئەبیب بەسەر دەریاوە بکەینەوە. ئەگەر جوتیارانی عەرەب چیدیکە بەروبومەکانیان نەخەنە بازاڕەوە، ئەوا دەبێ کشتیارە جووەکان، هەوڵەکانیان دووقات و سێقات بکەن. ئەگەر هەموو گواستنەوەی عەرەب لە ڕێگاکانی فەڵەستین چەقی بێ، ئەوا دەبێ شوفێرە جووەکانی لۆری و پاسەکان شەفتی زیاتر کاربکەن و ترومبێلەکانیان قەڵغاندار بکەن. ئەوەی عەرەبەکان ڕەتیاندەکردەوە بیکەن، ئێمە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبووایە بمانکردبایە. هەڵبەتە لەوێ و ئەوکات هەندێ کەس هەبوون، بە دادوەرییان و بە بیروبۆچوونیان بە کەسایەتییان، کاریگەرییان بەسەر بڕیارەکانەوە هەبوو- لە نێویاندا بە شێوەیەکی بچکۆلانەش من بووم- بەڵام لەوێ پیاوێک هەبوو لە سەرووی هەمووانەوە بوو، خاوەنی توانا و لێهاتوویەکی بەرچاوی سەرکردایەتی و کارامەییەکی سەرسوڕهێنەری حیکمەتی سیاسییانە بوو، ئەوێ ڕۆژێ ئێمە بەردەوام پشتمان پێدەبەست. ئەو پیاوەش داود بنگۆریۆن بوو. تاکە کەسێک لەنێوماندا، کە بە قوڵی لەو بڕوایەدام تەنانەت تا سەد ساڵی دیکەش ناوبانگەکەی بۆ جوو و غەیرە جوو وەک یەک وایە. زۆر لەمێژ نییە، سەردانی گۆڕەکەی بنگۆریۆنم لە سدی بۆکرلە کیبۆتی نەقەب کرد. ئەو لەوێ دوا ساڵی ژیانی خۆی بردەسەر، هەر لەوێش لەسەر خواستی خۆی نێژرا. لەوێ بە تەنیا لە حزوری وەستابووم، لە پڕێکەوە وتووێژێکی دێرینەی ساڵی ١٩٦٣م لەگەڵ ئەودا بە بیردا هات، لەو کاتەی وەک سەروەزیری ئیسرائیل دەستی لەکارکێشایەوە ( بۆ دووەم و دواجار) چەندانێکیش لە ئێمە لێی پاڕاینەوە، کە ڕای خۆی بگۆڕی و بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە.

پێمگوت: "هەڵبەتە هیچ کەسێک هی ئەوە نییە دەستیلێهەڵبگری. خۆت ئەوە دەزانی و ئێمەش دەیزانین. بەڵام بنگۆریۆن من یەک شتت پێدەڵێم، ئەگەر بێت و بچینە گۆڕەپانی تایمز سکوێر[48] خەڵک بوەستێنین و لێیان بپرسین تا ناوی سەرۆک و سەروەزیرانی گرنگترین وڵاتانی جیهانمان پێبڵێن، بێگومان ناتوانن بەرسڤمان بدەنەوە. بەڵام ئەگەر لێیان بپرسین ئایا

[48] مەیدانێکی بەناوبانگی مانهاتنی شاری نیویۆرکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە-وەرگێڕ-

کێ سەروەزیری دەوڵەتی ئیسرائیلە؟ ئەوا هەموویان وەڵامەکە دەزانن." بەم باسەم زۆر کاریگەریم نەخستە سەر بنگۆریۆن، بەڵام پێم وا بوو، لەبنی کوولەکەم داوە و ڕاستییم گوتووە. لەوەش پتر، لەوە خاترجەم بووم، کە ناوی ئیسرائیل و بنگۆریۆن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕەنگبێ بۆ هەتاهەتایەش لە مێشکی مرۆڤدا بە یەکەوە گرێدرابن. بێگومان کەسمان نازانێ، ئاخۆ ئایندە چۆن و چیمان بۆ دێنێ، بەڵام من زۆر دوودڵم و گومانم هەیە، کە گەلی جوو سەرکردەیەکی وا مەزن یان دەوڵەتمەدارێکی لەو بوێرتر و پیتۆڵتر بەرهەمبهێنێ.

تۆ بڵێی ئەو وەک کەس، لە کێ دەچوو؟ بۆ من بەرسڤی ئەو پرسە سەختە، چونکە سەختە کەسێک وێنابکەی، کە هەم مایەی سەرسوڕمانت بووە و هەم بۆ ماوەیەکی زۆریش شوێنکەوتووی بووی، هەروەها بەتوندیش نەیاری بووی وەک لە دواییدا ڕووبەڕووی وەستامەوە، بەڵام هەوڵنادەم بڵێم ئەو شێوەی پێی بینیومە تاکە شێوازێی دیتن و ڕامان بێ  بۆ ئەو، کە بەو شێوازە ببینرێ، یاخود وەسفی من بەپێی پێویست دەقاودەق پڕ بەپێستی بێ.

کاتێک ئێستا دادەنیشم لەبارەی بنگۆریۆنەوە بنوسم، یەکەمین شت کە دێتە پێشم ئەوەیە، ئەو پیاوە نەبوو من زۆر لێی نزیک بووبم. بەڕاستی نەوەک هەر من بەڵکو پێم وا نیە هەرگیز هیچ کەس بەدەر لە پاولای ژنی و ڕەنگبێ ڕێنانای کچی زۆر لێی نزیک بووبن. باقی ئەوانی دیکەمان وەک بیرل، شازار، ڕیمز، ئەشکۆل نەوەک هەر هاوڕێی چەک بوون بەڵکو حەزیان بە هاوڕێیەتی یەکدی کردووە و ئێمە ویستومانە سەردانی یەکدی بکەین و سەبارەت بەپرسگەلەکان بدوێین، نەک هەر بە تەنیا پرسە سیاسیەکان یان ئابورییەکان بەڵکو لەبارەی خەڵک، لەبارەی خۆمان و خانەوادەکانیشمان بدوێین. بەڵام بنگۆریۆن نا. بۆ نموونەش هەرگیز بە مێشکمدا نەدەهات، بانگی بنگۆریۆن بکەم و پێی بڵێم: "ئەرێ دەکرێ ئەمشەو سەردانێکت بکەم؟" دەبووایە تۆ بابەتێکی دەقاودەقت هەبوایە تا لەبارەی بدوابایە، کاروبارێک لەگەڵی تاوتێکرابایە یاخود نەدەبووایە هەر چووبایە لای. ئەو خەڵکی لەسەر شێوازی ئێمە نەدەویست. ئەو زیاتر لە ئێمە خۆڕێکخەر بوو، بەڵام هەڵبەت

ئەویش زۆر شتی لەبارەی خەڵکەوە نەدەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لە من زۆر توڕەدەبوو کاتێ لەو بارەیەوە لەگەڵی دوابام.

پێم وایە بەشێکی ئەو لەبەر ئەو ڕاستییەی پێی زەحمەت بوو لەگەڵ خەڵک بدوێ، کەس پێوستی پێنەبوو. ئەو وردە دەمەتەقێی نەبوون. لەبیرمە کە پێی ڕاگەیاندم کاتێ بۆ یەکەمینجار لە ١٩٠٦دا هاتۆتە فەڵەستین، بۆ ماوەی شەوێکی ڕەبەق بە جاددەکانی ئۆرشەلیم لەگەڵ ڕاشیل یانیتدا سوڕاوەتەوە بێ ئەوەی تەنانەت وشەیەکیش بدرکێنێ. من دەتوانم سەربردەی ئەو بە هی مارک جاگال[49] بچوێنم. ساڵێک لەمەوبەر جاگال چیرۆکی خۆی بۆ گێڕامەوە. باوکی جاگال لە ڤیتبیسک ئاوبەرێکی هەژار بوو. ئەو ڕۆژانە سەتڵی پڕئاوی هەڵدەگرتن و دەیگواستنەوە، شەودرەنگانیش دەگەیشتەوە ماڵ. جاگال بۆی باسکردم: "ئەو دەهاتەوە ماڵ، دادەنیشت، دایکیشم شتێکی بۆ ئامادەدەکرد و لەپێشی دادەنا تا بیخوا. هەرگیز بە بیرم نایەت قسەی لەگەڵدا کردبم، یاخود بە یەکەوە تاکە بابەتێکیشمان لێکدابێتەوە. باوکم تەنیا لەسەر مێز دادەنیشت، هەموو شەوان بە دەست لەمێزەکەی دەدا. ئیدی من بەو شێوە گەورەبووم، بێئەوەی بزانم چۆن قسە لەگەڵ کەس بکەی." دواتر جاگال دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کیژێک، بە چەندان ساڵ لەگەڵ یەکدیدا دەبن، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە قسەی لەگەڵدابکا. کاتێکیش ڤیتبسکی بەجێهێشتووە، کچەکە چاوەڕێی کردووە، ئەویش ویستویەتی نامەی بۆ بنووسێ و داوای دەستی بکا، وەلێ نەیتوانیوە نامەکەی بنووسێ، هەروەک نەیتوانیوە لەگەڵ کەس بدوێ. بۆیە کچەکە چیدی لە سەری نەوەستاوە، مێردی بە یەکێکی دیکە کردووە. بنگۆریۆنیش وەک ئەو وابوو، هەرچەندە ئەو دەیتوانی بنووسێ، بەڵام خەیاڵم بۆ ئەوە ناچێ کە هەرگیز لەگەڵ کەس لەبارەی ژنهێنانەکەی دوابێ یاخود لەبارەی هیچ شتێکی وەها لەگەڵ منداڵەکانی پەیڤی بێ. ئاخر خۆ ئەوە لای ئەو بە فیڕۆدانی کات بوو.

---

[49] Marc Chagal تابلۆکێشێکی فەرەنسی ١٨٨٧-١٩٨٥-وەرگێڕ-

له سـەرێکی دیـکەوە هەر شـتێک سـەرنجی ڕابکێشـابا یـان لە لای بووبایە بابەت، بە قووڵی لێی ڕادەما و خوردی دەکردەوە، بە ڕاددەیەک کە هەموو کەس پەسنی ئەو شتەی نەکا یاخود هەر لێی تێنەگا. جارێکیان، پێم وابـێ لە ١٩٤٦ بـوو، داوایکـرد واز لە سـەرۆکایەتی ئاژانسـی جـوو بێنـێ، ئەوکـات سـەرۆکی بـوو، بـۆ ئەوەی لەبـارەی خۆڕێکخسـتنەکانی هاگانـاوە ئاگاداربێ ئـاخۆ بە دەقـاودەقی پێویسـتیان بە چـی هەیە، چـونکە خەبـاتێکی بەردرێژیان لەپێشە. هەمووان بەو بیرۆکەیەی پێکەنین و تەنانەت ناویشیان لێنا سیمیناری بنگۆریۆن. ئاخر کێ بێ لەو قەیرانە بەردەوامە و لەو ڕۆژانەدا کـاتی خـۆی بە خوێنـدن و لێکـۆڵینەوە بەسـەرببا؟ هەڵبەت وەڵامەکەش ئەوە بـوو، کە بنگۆریـۆن کـردی، کـاتێکیش دوای وچـانەکە گەڕایەوە سـەرکار، زانیـــارییێکی وای ســـەبارەت بە هاگانـــا و بەهێزکردنـــی پەیـــداکردبوو، لە هی هەمووان پتر بوو. دوای گەڕانەوەی بۆ سەرکار بە چەند ڕۆژێکی کەم بـانگی کـردم و پێیگـوتم؛ "گۆلـدا، وەرە لام، دەمەوێ هەنـدێک قسـەت لەگەڵـدا بـکەم." ئەو لە ژووری خوێنـدنەکەی لە نهـۆمی سـەرەوە دەهـات و دەچـوو، پێیگوتم؛ "هەستێکی وەهام لا پەیدا بووە وەک ئەوەی شێت بووبم وایە. ئەرێ بە ڕاســت چیمــان بەســەردێ؟ مــن دڵنیــام لەوە، کە عەرەب هێرشــمان دەکەنەسـەر، ئێمەش بـۆ ئەوە خۆمـان ئامـادەنەکردووە. ئێمە هیچمـان نییە. ئەرێ چیمـان بەسـەردێ." ئەو بە تەواوی پەشـۆکابوو. دواتـر دانیشـتین و دەستمان بە قسـان کـرد. پێم ڕاگەیاند ئایندەمان چەند ترسناکە، یەکێک لە هاوڕێکانمــان لە بــزووتنەوەی کرێکارانــدا، ئەو پیــاوەی هەمیشــە دژی چالاکییەکـانی بنگۆریـۆن دەوەسـتا و هەنـوکە لە سـاڵە تاریـک و شـومەکاندا ئەوەی ئـێمە پێـی دەڵێـین مەئاڤـاک (خەبـاتی تەواوعەیـار)، دژی بەریتانیـایە. بنگۆریـۆن بە سـەرنجەوە گـوێی لـێ گـرتم ئەنجـا گـوتی؛ "خـۆت دەزانـی ئازایەتییەکی زۆری ویست تا مرۆ بترسێ، لەوەش زیاتر ئازایەتی دەوێ بۆ ئەوەی وا بڵێی. بەڵام ئەویـش نـازانێ کە لێـرە مـرۆ چەنـد دەترسـێ." مـایەی بەختیـاری بـوو، کە بنگۆریـۆن دەیزانـی. ئەو پێشـبینیە مەزنـانەی خـۆی بە شێوەیەکی ڕێک لەگەڵ ئەو زانیاریانەی، کە دەکرا کۆبکرێنەوە، لێک گرێدەدا، ئەوسا شتێکی لەبارەیەوە دەکرد. ئەو سێ ساڵ پێش شەڕی سەربەخۆیی لە

١٩٤٨دا چووبــووە لای جووەکــانی وڵاتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا و داوای لیستێکی کۆمەکی لێکردبوون، کە ناوی نابوو "ئەگەری لەپێش"ی شــەڕ لەگەڵ عەرەب. ئەو هەمیشــە هەر ڕاســتی نەدەپێکــا، بەڵام ئەو زۆرتــر لەســەر هەق بوو تا هەڵە، لەو پرسەشدا بێ سێ و دوو ئەو ڕاست بوو.

وەنەبێ بنگۆریۆن هەرگیز پیاوێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق بووبێ، بەڵام ئەو دەیزانی، دەبێ هەندێک جار بڕیاری وەها بدا، کە ژیانی کەسانێک بکرێتە قوربــانی. ئەوکــات زۆر لە خەڵکــی لە کۆمەڵگاکــانی یوشــیڤ پێیــان وا بــوو، دامەزرانــدنی دەوڵەتــی ئیســڕائیل و پاراســتنی ســەرکەوتووانەی دەوڵەتەکە، نەکــردە و مەحــاڵە، کەچــی بنگۆریــۆن جێگرەوەیەکــی ڕاســتەقینەی دیــکەی نەدەبینــی، منــیش بــۆ جارێــک لەگەڵــی کــۆک بــووم. تەنــانەت کەســانی وەک ڕێمزیش لەوەدا گومانی گەورەیــان هەبوو. لە بیرمە لە ئێوارەیەکی ١٩٤٨ لە قەپەنگی دوودەرییەک لە قەراخ دەریا دانیشــتبووین، لەبــارەی ئەوە قســەمان دەکرد ئاخۆ ئایندە چی لەنێو هەگبەیدا بۆ ئێمە هەڵگرتــووە، ئەوکــات ڕیمــز بە سەنگینییەوە پێی گوتم؛ "تۆ و بنگۆریــۆن دەتــانەوێ دوا هیــوای خەڵکــی جــوو بڕوخێنن." لەگەڵ ئەوەشدا بنگۆریــۆن دەوڵەتــی ئیســڕائیلی ڕۆنــا. هەڵبــەتە ئەو بە تەنیــا نەبــوو، بەڵام بە گومــانم ئەگەر ســەرکردایەتی ئەو نەبــووایە، ئەوا دەوڵەت دامەزرابایە.

هەر لەســــەرەتاوە ئــێمە بە باشــــی کارمــــان لەگەڵ یەکدیــدا دەکــرد. بنگۆریــۆن متمــانەی پێدەکردم و پێم وا بــوو منــی بە دڵە. بــۆ ســاڵانێکی زۆر ڕێــگەی نەدەدا لەبەردەم ئەودا ڕەخــنەم لــێ بگیــرێ، هەرچەنــدە کــاتی وەهــا هەبووە، مــن لەســەر دۆزی تایبەتمەنــد وەک پێشــنیازی کۆمســیۆنی پییــل بــۆ دابەشــکردنی فەڵەســتین لە ١٩٣١دا یــاخۆ بــایەخی بە قاچــاخ کــۆچکردن بــۆ فەڵەستین لەگەڵیدا هاوڕا نەبــووم. ســەرەتاش بنگۆریــۆن ئەو پرســەی زۆر بە هەند هەڵنەگرت.

ئایــا ئەو دیکتــاتۆر بــوو؟ ڕاســتیەکەی نەخێــر. ســاکارانەیە گەر بڵێــی خەڵک لێیدەترسا، بەڵام ئەو بە دڵنیاییەوە کەسێک نەبوو ڕاشکاوانە لەگەڵیدا هاوڕا نەبێ. لەنێو ئەو کەسانەدا کە لەبەرچاوی بنگۆریۆن کەوتن و تەنگ بە

ژیانیـان هەڵچنـرا، دوو سـەروەزیری ئیسـڕائیل هەبـوون، ئەوانـیش موشـێ شارێت و لیڤی ئەشکۆل بوون. لێ بێجگە لەوان کەسانی دیکەش هەبوون.

ئەو قینـی لەوە دەبـووەوە کە لە بەڕێـوەبردنی پارتەکەیـدا تۆمەتبـار بکـرێ، دواتـر بەشـێوەیەکی ئۆتۆکراسـیانە لەبەڕێـوەبردنی حکومەتـدا. لە کۆبوونەوەیەکی حزبدا کاتێک تۆمەتەکانی بۆ خوێندرانەوە، ڕووی دەمی لەو وەزیرە کرد، کە پێی وا بوو لە پشت پرسەکەوەیە پێیگوت؛ "ئەرێ نافتالی دە پێم بڵێ ئایا من کۆبوونەوەکانی حزب نادیموکراسیانە بەڕێوەدەبەم؟"

پیرتـــز نافتـــالی بـــۆ ســـاتێک ســـەیرێکی کـــرد بە ناســـکی و بیرلێکردنەوەییانە بەرسڤی دایەوە، "نەخێر، من نەمدەویست وەها بڵێم. من دەمەویســت بڵــێم هەرچەنــدە لە زۆر مــۆدەی دیموکراسیشــدا ئەوە هەیە، حـــزبەکە هەمیشـــە بەو شـــێوە دەنگـــدەدا، کە خـــۆت حەزت پێیەتـــی." لەوەتەی بنگۆریۆن هـیچ هەستێکی بـۆ گـاڵتەوگەپ نەبـوو (هەرگیـز بەبیرمـدا نـایەت نـوکتەیەکی گـوتبێ) ئیـدی ئەو بە باشـی لەگەڵ ئەو وەڵامەی نافتـالی قایل بوو، لە ڕاستیشدا وەڵامەکە لە وردەکاری بە دوور نەبوو.

بابەتی کۆبوونەوەکـانی حکومەت و دەنگدان لەسـەر بڕیارەکـان، ئەو دەمەتەقێیەی چەند ساڵێکی ڕابردووم بە بیردێنێتەوە، کە لە کۆبـوونەوەیەکی سۆشیالیست ئەنتەرناسـیونالدا ئامـادە بووبـووم. مـن لە گەڵ ویلـی براند[50] و برونۆ کرایسکی (١٩١١-١٩٨٠ ڕاویژکاری ئوتریش)، یەکێک لە سەروەزیرانی وڵاتێکـــی ئەســـکەندیناڤی و هارۆلـــد ویلســـن (١٩١٦-١٩٩٥ ســـەروەزیری بەریتانیا) کە ئەوکات نەبووبووە سەروەزیر دانیشتبووم. بە یەکەوە قسـەمان لەســـەر پێـواژۆی حکـومەت دەکـرد، هەر ئەوەنـدەم زانـی یەکێکیـان ڕووی تێکـردم و لێـی پرسـیم، "ئەرێ کـابینەی حکـومەتەکەی ئێـوە چـۆن ڕەفتـار دەنوێنێ؟"

وەڵامم دایەوە "ئێمە دەنگ دەدەین."

---

[50] Willy Brandt(١٩١٣-١٩٩٢) ڕاویژکاری ئاڵمان-وەرگێڕ

هەموویان سەرسامبوون. "تۆ لە کۆبوونەوەی کابینەی خۆتدا دەنگ دەدەی." وەڵامم دانەوە "بەڵی، بێگومان. ئەدی ئێوە چیدەکەن؟"
براند بۆی ڕوونکرمەوە لە بۆن[51] پرسێک دەخاتەڕوو، کە گەنگەشەی لەسەرکرابێ، پوختەیەکی باسدەکا پاشان بریارەکەی خۆی لەبارەیەوە دەخوێنیتەوە. کرایسکیش سەری ڕەزامەندیی بۆ لەقاند و ئەوەی خستەسەر، " چ وەزیرێک دەوێری ناکۆک بێ لەگەڵ پوختە و بڕیاری سەروەزیر. بەڵێ ئەگەر وا بێ دەبێ بڕواتەوە ماڵ." لێ ئەوە هەرگیز ئەو ڕێگایە نەبووە، کە لە ئیسرائیل پەیڕەومان کردووە، تەنانەت لە ڕۆژگاری بنگۆریۆنیشدا وەها نەبووە. ئێمە هەمیشە وتوویژێکی دوورودرێژمان لەبارەیەوە کردووە، ئەنجا ئەگەر پێویستی کردبێ دەنگدانێکی ڕاستەقینەمان بۆ کردووە.
من پێم وا نییە کاتێ سەروەزیر بووم هەرگیز لە کەمینەییدا بووبم، بەڵام لەو کاتەی، کە ئیتلافێکی حکومیمان هەبوو، بەمەش پێگەی کابینەکە بەرفرەوان بوو، ئەوسا زۆر لە ئەندامانی کابینەکە بۆ ئەوەی لە کاروبارەکانیان سەرکەوتوبووبان، تەواو پرسەکانیان تاوتوێ دەکرد و دەیانگەیاندە بنی هەمبانێ، تەنانەت ئەگەر بابەتەکەش بە تەواوی تاوتوێکرابێ، ئەوا پێش بڕیاردان نیو سەعاتی دیکە دەمەتەقێی لەسەر دەکرا. من هەرگیز ئەو واقوڕمانییەی سەر دەموچاوی براند و کرایسکیم لەبیر ناچی، کاتێ من ئەو شتانەم بۆ باسکردن.

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر بنگۆریۆن، بەڕاستی شتێکی نامۆی لە ژیانی سیاسییانە هەبوو؛ تەنانەت گەر هاتبا و لە لایەنی تیۆرییشەوە هەڵەبایە، ئەو دەبوایە لە مەیدانی کردەوە تێیهەڵبێنێتەوە و بابەتەکە بە ڕاست وەربگێڕێ، ئەنجا لە دوای ئەوەش جیاوازی لەنێوان دەوڵەتمەدار و سیاسەتمەداردا هەیە. هەرچەندە من هەرگیز ئەو زامەم ،کە بە هۆی ئەو لە گۆبەندی لاڤۆن بەرکەوت، لەبیرناچێ؛ ئەو ناپەسەندییەی کە بەسەر کۆنە هاوڕێکانیدا هێنا یان ئەو زیانەی لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا لە بزووتنەوەی کرێکارانی دا. من هێشتا هەر هەمان هەستی جارانم هەبوو، کاتێ جارێکیان

[51] ئەو کات پایتەختی ئاڵمان بوو-وەرگێڕ

بروسکەیەکم بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی بۆ لێدا، ئەوکات بە ئەرکێک لە دەرەوەی وڵات بووم. لە بروسکەکەدا نوسیبووم: "ئازیزم بنگۆریۆن، ئێمە لە ڕابـردوودا زۆر بەڵگەوبەنـدمان هەبـوون، هەنـوکەش زۆرترمـان هەن، بەڵام هیچیـان بە چاوپۆشـین لەوەی پاشـەڕۆژ چـی لەنێو توێشـودایە، هیچیـان و هەرگیزیش ئەو هەسـتە مەزنە زێدەمافییەم لێناسـێنیتەوە، کە شانبەشـانی تۆ بـۆ دەیـان سـاڵ لەگەڵ پیاوێـک، کە زیـاتر لە هەمـوو تاکەکـانی دیـکە لە دامەزراندنی دەوڵەتی جولەکەدا بەرپرسیاربووە، کارمان کردووە." من بڕوام بەوە هەبوو و هێشتاش هەر بڕوام پێیەتی.

لە ١٩٣٧دا نێردرامەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمجارەیان بۆ باربوکۆکردنەوە بۆ پڕۆژەکانی هیستادروت، کە مایەی سەرنجڕکێشانی خۆم و منداڵەکانیشـم بـوو. ئەوەش هەڵمەتـی هەوڵـدانی پڕۆژەیەکـی گواسـتنەوەی دەریاوانی بوو بەناوی ناخشـۆن (دوای ئەوەی یەکەمین ڕۆڵەکانی ئیسـڕائیل گوێڕایەڵی فەرمانی موسا بوون بۆ پەڕینەوە لە دەریـای سـور لە ڕۆژگـاری ئیکسۆدوس -ڕەوەگەورەکەی دەرچـوون- لە میسـر)، منیش هەمـوو شـتێکی ئەو بابەتەم بە دڵ بوو. ئەوەش بیرۆکەیەکی داڤید ڕێمز بـوو، دوای مـانگرتنە گشـتییەکەی عەرەبـان لەدایکبـوو. جـوە دێرینەکـانی فەڵەسـتین کەسـانێکی دەریـاوان بـوون، هەڵـبەتە ئەو هونەرەشـیان لەو ٢٠٠٠ سـاڵەی ئاوارەییـدا ونکردبوو. ئەوەی کە کرا تەنیا بوژاندنەوەی بـوو. ئەو مـانگرتنە کرێکارییەی بەنـدەری یافـای لە ١٩٣٦دا هـانی ئەوەی دا، کە کۆمەڵگـای یوشـیڤ هەوڵـی کردنەوەی بەندەری خۆیان بدەن و خەڵکی لەسەر ڕابهێنن. کاتێکیش لە وڵاتە یەکگرتووەکانـدا بـۆ جەمـاوەری ئامـادەبوو لەو بـارەیەوە دوام، پێمگـوتن: " کارکردن لە دەریادا وەک ئەوەی لەمێژ بێ لەسـەر خـاک مەشقمان پێکردبێ وەهـایە." ئەوەش واتـای ئەوەی دەگەیانـد بەنـدەری خۆمـان بکەینەوە، بەلەم بکـڕین، مەشـقی لەسـەر بکەیـن و هەوڵبـدەین جـارێکی دیـکە ببیـنەوە بە نەتەوەیەکی دەریاوان.

ئەو ڕۆژەی بەنـدەری تەلئەبیـب بـۆ کاروبـار کـرایەوە، پـڕ بە واتـای وشـەوە بـۆ جووەکـانی فەڵەسـتین ڕۆژێکـی نیشـتمانی بـوو. هێشـتاش هەر لە مێشکمدا ئەو یادە دەخولێتەوە؛ حەشامات بە ریز وەستابوون ئینجا چۆن بۆ

یارمەتی کەشتیوانەکان تەکانیان دەدا -کە هەموویان جووی سالۆنیکا بوون- بـدەن لە دابەزانـدنی کیسـە چیمەنتۆکـان لە کەشـتیە یۆگسـلاڤییەکە، کە یەکەمجاری بوو لە تەلئەبیب لەنگەربگرێ. هەموومان ئەوەمان دەزانی، کە بەربەستە دارینەکە هێشتا نەبۆتە بەندەرێکی ڕاستەقینە، بە دڵنیاییەوە نە ڕۆتەردام و نە هامبۆرگ بوو، بەڵام خۆ هی خۆمان بوو، بۆیە مایەی شانازی و شادمانیمان بوو. دواتر بەربەستە دارینەکە کرایە ئاسنین و هەمـوو جـارێکیش (ئەگەر بەریتانییەکـان زەنگـی قەدەخەی هاتوچۆیـان ڕانەگەیاندبا) خەڵکی شارەکە دەهاتە تەماشای ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەوێ. شـاعیرەکانیش هۆنراوەیـان لەبـارەیەوە نووسـی، گـۆرانیبێژانیش بە شەرەفمەندییەوە گۆرانیان بۆ دەچڕی، لە هەمووشیان گرنگتر پاپۆڕەکان ئەوێیان بەکارهێنا!

لەوێ شتێک لەبارەی ئەو بیرۆکەیەوە هەبوو، کە جارێکی دیکە جوو بۆ دەریا بگەڕێنەوە، ئەوەش مایەی سەرنجڕاکێشانم بوو، بە خەندەوە ناوم لێنابوو کەشتی جوو، یەکەمیان ئێس ئێس تەلئەبیب بوو، هەموو شتێکی ناخشۆنی لەسەر پشتهە ڵگرتبوو، یەکەم جاریش بوو کەوتەگەڕ؛ ڕێمز، بێرل کاتزەنلسۆن و منیش جارێکیان بە یەکەوە بە سواری کەشتییەکەوە چووینە کۆنگرەکەی سویسرا. بێگومان لەوێ گومانکاری وا هەبوو لەوە نەدەگەیشت ئاخۆ لەسەر کەناری ئاویی فەڵەستین چی ڕوودەدا، کە هەموو شتەکان لەبن دەستی غەیرە جوەکاندا بوو، بەڵام من ناخشۆنم وەها دەدی، کە قۆناخێکی لەپێشتری سەربەخۆیی جووەکانە. من گەشتی نوێنەرایەتیی دیکەشم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بە مەبەستی پیتاککۆکردنەوە کرد. هەندێکجار وەک وچان خەریکی چێشت ئامادەکردن، خواردنەوە یان قسەکردن بووم. هەندێکجار کاتێک لە ئامادەکردنی خواردن دەبوومەوە بۆ ڕۆژی دادێ، ئەگەر هاتبا و هیچ کۆبوونەوەیەکم لە هاپول نەبووبایە، ئەوا لە بەر هەیوانی ماڵەکەم دادەنیشتم، لە بەرانبەر دەریاوە، شنەی شەماڵێکی فێنکی لێدەدام، بەسەرسامییەوە بیرم لەوە دەکردەو ئەرێ چی دەبێ ئەگەر کەشتیگەل و هێزی دەریایی خۆمانمان هەبێ، کەشتیڕانی بازرگانیمان گەشەبکا و بەلەمی پیادەڕۆیانیش ئاڵای ئەستێرەی داود هەڵبدەن و گەشتی ئەورووپا و ئاسیا و

ئەفریقا بکەن. ئەوەش شێوەیەکی پشوودان و حەوانەوەم بوو، هەروەک چۆن بنگۆریۆن بە دزییەوە دەچووە سینەما و چیرۆکی پۆلیسیانەی دەخوێندەوە یان وەک خەڵکی دیکە پولیان کۆدەکردەوە. من هەموو کات واتای ئەو ڕاستییەم دەزانی، کە بۆ ئێمە زەریا زیاتر مرومۆنە، چونکە تاکە ڕێگایە، کە پەنابەرە جووەکانی ئەووروپای نازی بتوانن بگەنە فەڵەستین، بەڵکو بەریتانییەکانیش ڕێگایان پێبدەن. لە ۱۹۳۹دا بەر لە سەدای جەنگی جیهانییەوە، ئەوە ڕوونوئاشکرابوو، کە فەرمانگەی کۆلۆنیالی بەریتانی بە تەواوی خۆی داوەتە دەست گوشاری عەرەب و بە شێوەیەکی شێلگیرانە خەریکە هەموو کۆچێکی جووو بۆ فەڵەستین بوەستێنێ.

کۆمسیۆنی پیل کە لە ۱۹۳٦دا بە فەڵەستیندا گەڕا، ڕێنمایی دابەشکردنی فەڵەستینی بەسەر دوو دەوڵەتدا کرد، بەوەی دەوڵەتی جوو بە هەر هەمووی تەنیا ۲،۰۰۰ مایلی چوارگۆشە لەخۆبگرێ و باقی دیکەش هەمووی بۆ دەوڵەتی عەرەبان بێ، هەروەها ئۆرشەلیم (قودس)یش ناوچەیەکی نێودەوڵەتی بێت و ڕێڕەوێکی تەسکیشی بۆ سەر کەنار هەبێ. پێشنیازی دەوڵەتی جوو نە بیرۆکەی من بوو نە توانستی ئەوەشی تێدابوو ببێتە ماڵی نەتەوەیی بۆ گەلی جوو، چونکە زۆر بچوک بوو، زۆریش بەرتەسک کرابووەوە. پێم وا بوو پێشنیازێکی غەریبە، من وام دەگوت هەرچەندە زۆر لە هاوڕێکانم بە ڕابەڕایەتی بنگۆریۆن بە دوودڵی بڕیاری پەسندکردنی دابەشکردنەکەیان دا. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی حزب، کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیازی کۆمسیۆنەکە تەرخانبوو، گوتم؛ "ڕۆژێک دێ کوڕەکەم لێم بپرسی، ئەرێ بە چ هەقێک ئێوە دەستبەرداری زۆرینەی خاکی وڵات بوون، من لە هەنوکەوە دەمەوێ ئاخۆ چۆن وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە." هەڵبەتە لەنێو حزبدا من هەر بە تەنیا نەبووم. بێرل هەروەک پێشتر ناوم هێناوە لەگەڵ چەند کەسێکی کەمی دیکەی ئەندامی پلەباڵای بزووتنەوەی کرێکاران، لەگەڵمدا کۆکبوون، بەڵام ئێمە شاش بووین، بنگۆریۆن بە پیتۆڵییەکەی خۆی، موناقەشەی ئەوەی دەکرد، کە بوونی دەوڵەتێک لە نەبوونی باشترە، ئەویش ڕاست بوو.

سوپاس بۆخوا، ئەوکات نەوەک بەهۆی منەوە، بەڵکو بەهۆی عەرەبەوە لە ١٩٣٧دا دەوڵەتە پێشنیازکراوەکەمان دەستنەکەوت. عەرەب پلانی دابەشکردنەکەی پەکخست، هەر چەندە گەر هاتبا پەسندیان کردبا ئەوا چل ساڵ بوو خاوەنی دەوڵەتی "فەڵەستین" دەبوون[52]. بنەمای ڕێبەرایەتیکردنی هەڵویستی عەرەب لە ١٩٣٦ و ١٩٣٧دا لەمەڕ پێشنیازی کۆمسیۆنەکە هەمیشە هەروا بووە: بڕیارەکانیان لەسەر بنەمای ئەوە دانەڕێژرابوون تا چەند بۆیان باش بێ، بەڵکو لەسەر ئەو بنەمایە بووە تاچەند بۆ ئێمە خراپ و بەد دەبێ. بە ئاوڕدانەوە بۆ ئەوێ ڕۆژێ، خودی بەریتانییەکانیش نەیانویستووە نەخشەی کۆمسیۆنەکە جێبەجێبکەن. هەرچۆنێک بێ، لەوە دڵنیابووم هەرگیز نەمدەتوانی لەو ساڵانەی رابرد، لەخۆم ببورم گەر هاتبا و لۆمەی من کرابا بۆ لەبارچوونی پێشنیازەکە. گەر هاتبا و ئێمە تەنیا ساڵێک بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ، دەوڵەتۆکەیەکی بچکۆڵەی گاڵتەجاڕیشمان هەبووایە، ئەوا سەدان هەزار جوو –لەوانەبوو زیاتریش- لە دەست نەفرەتی کوورەی ئاگر و توونی مەرگی نازییەکان ڕزگاریان بووبایە.

هەرچەندە پرسی کۆچبەر و ئاوارەکان لای جوەکانی ئەوروپا بە زوویی بووە پرسی ژیان و مەرگ، پێدەچوو تەنیا ئێمە خۆمان لەو دۆزە بگەین، ئاخر کێ هەبوو گوێمان لێبگرێ؟ ئەرێ ئێمە لە کوێ بووین؟ چەند سەد هەزار جوو، کە زۆر لەوە دوور بوون چارەنووسی خۆیان بە دەست خۆیان بێ و لە گۆشەیەکی بچوکی ڕۆژهەڵاتی ناوین گیریان خواردبوو، تەنانەت بەشێکی دانەبڕوایش نەبوون لە کۆمۆنوێلسی بەریتانی، ئەو توانستەشیان تێدا نەبوو بە جووە هەڕشەلێکراوەکانی ئەوروپا بڵێن، "تا کار لەکار نەترازاوە وەرنە لای ئێمە." ئەوە بەریتانییەکان بوون، کە کلیلی دەروازەی نیشتمانی جولەکەیان لەدەستدا بوو، ئەوانیش زۆر بەزەقی دەرگاکانیان کلۆم دابوو، بە چاوپۆشین لەوەی کە قەوما.

---

[52] تێبینی: گۆلدا مایر ئەم یاداشتنامەی لە ١٩٧٥دا چاپکردووە، بۆیە بۆ بەراوردکردنی مێژووەکان هەقە پرسی کاتبەندییەکە ڕەچاوبکرێ-وەرگێڕ.

لـێ گەلـۆ لە فەڵەسـتین کە لە جووەکـانی ئاوروپـا دووربـوو، ئایـا وڵاتەکانی دیکە چۆن بـوون؟ لە هـاوینی ١٩٣٨دا بـۆ کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی پەنابەران کە لە لایەن فرانکلین دیلانۆ رۆزڤێلت[53] لە ئیڤیان لێس باین (نزیک جنێڤ) ڕێکخرابوو. من لەوێ لەبارێکی پێکەنیناویدا بووم، هی ئیرەیی پێبردن نەبـــووم. مـــن "چـــاودێرێکی جـــوو بـــووم لە فەڵەســـتین" بەڵام جـــێگەم لەنێـــو نێردەکـــان نەبـــوو، بەڵکـــو لەگەڵ جەمـــاوەری ئامـــادەبوودا بـــوو، هەرچەنـدە ئەو پەنـابەرانەی مـایەی قسەلەسـەرکردن و دەمەتەقێکـان بـوون، خەڵکـی مـن بـوون، ئەنـدامانی خـانەوادەکەی خـۆم بـوون. لەوێ لەو هـۆڵە گەورەیە دانیشـــتبووم، گـــوێم لە وتەکـــانی هەر ٣٢ دەوڵەتەکە گـــرت، هەر یەکەیـان بە نـۆرەی خـۆی، باسـی ئەوەیـان دەکـرد: ئایـا ژمـارەیەکی زۆری پەنابەران وەربگـرن و تـا چەنـدەش بـۆ بەدبەختـی توانـای ئەو لەخۆگرتنەیـان نییە، بە ڕاستی ئەوەش ئەزموونێکی تـاڵ و سـامناک بـوو. مـن پـێم وا نەبـوو هیچ کەس، کە لەوێ نەژیابی بتوانێ لە هەستەکانی ئەوکـاتم تێبگـا. لە ئیڤیـان هەستم تێکەڵەیەکی نیگەرانی، تووڕەیی، بێئومێدی و تۆقین بوو. حەزم دەکرد هەڵبستمە سەرپێ و بەسەر هەموویاندا بقیژێنم و هـاوار بکەم، " ئەرێ ئێوە ئەوە نازانن، کە ئەو ژمارانەی باسی لێوەدەکەن مرۆڤن، خۆ ئەگەر ڕێگایـان بۆ نەکەنەوە، ئەوا دەبێ تا ماون لە ئۆردوگا زۆرەملێکان بەکولەمەرگی بژین، یـاخود وەک گەڕوگولەکـان بە دنیـادا بخـولێنەوە؟" بێگومـان ئەوکـات ئەوەم نەدەزانــی، کە لە جیــاتی ئۆردوگــای زۆرەملــێ بەڵکــو ئۆروگــای قڕکــردن چاوەڕێی ئەو پەنابەرانەیە کە کەس نایانەوێن. گەر هاتبا و ئەوەم زانیبا، ئەوا نەدەچوومە ئەوێ  تا بە بێدەگی بە چەنـدان سـەعات شاگردئاسـا و بەڕێزانە دابنیشم.

یادەوریـــم بـۆ شـتێک دەڕوا، مـایەی بیرلێکـردنەوەم بـوو، ئەویـش کـۆنگرەی ئەنتەرناسـیۆنال بـوو کە سـاڵێک پێشـتر لێـی ئامـادەبووم، کاتێـک سەیری شاندی ئیسپانیم کرد، دەگریان و دەپاڕانەوە تا مەدریدی پایتەختیـان

---

[53] Franklin Delano Roosevelt (١٨٨٢-١٩٤٥) سی و دووەمین سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا-وەرگێڕ

ڕزگـاربکرێ. سـەبارەت بەو هەمـوو شـتەش ئێرنسـت بێڤـین[54] گـوتی؛ "کرێکارانی بەریتانیـا ئامادەنین لەبەر ئێوە بچنە شـەڕەوە." زۆر دوای ئەوە مـن زۆر دەرسـوپەند لەبـارەی برایەتـی سۆشیالیسـتەکان فێربـووم، بەڵام لە ئیڤیاندا ڕەنگبێ بۆ یەکەمین جاریشم بووبێ -لەو کاتەی کە کیژێکی بچکۆلانە بووم و لە دەنگی پێی ئەسپی کۆزاکەکـان دەتۆقیم، کە وەک بروسکە بەنـاو شـاردا دەڕۆیشـتن- ئیدی هـاتمە سـەر ئەو ڕاستییە، کە بۆ خەڵکی زەبوون هەر ئەوەندە بەس نییە بۆ دادپەروەری بپاڕێنەوە.

سەبارەت بەو پرسەش "هەیت یان نیت" پێویستە هەر نەتەوەیەک بە شێوازی خۆی وەڵام بداتەوە. هەروەها نە جوو و نە هیچ کەس نابێ بەند بن بە هـیچ کەسـێکەوە کە مـافی ژیانیـان بـداتێ. لە ١٩٣٨ەوە پێشـهاتی گەورە لە جیهان ڕوویدا، بۆ کۆمەڵگەکانی یوشیڤ و بۆ خودی خۆشم زۆرترینیان هەر سامناکیی بوو. بەڵام هەر چۆنێک بێ هەنوکە چیدیکە گوێت لە دەستەواژەی "پەنابەری جوو" نابێ، چونکە دەوڵەتی جوو هەیە، ئامادەیە هەر جوویيەک- کرێکارێکی لێهاتوو بێ یا نا، پیر بێ یان گەنج، نەساخبێ یان تەندروست- کە بیەوێ لێرە بژی، لە باوەش بگری.

لە ئیڤیان هیچ شتێک لە پەخشـانخوێندنەوە زیـاتر نەبـوو، بەڵام پێش ئەوەی ئەوێ بەجێبـێڵم، کۆنفرانسـێکی ڕۆژنـامەوانیم بەسـت. خـۆ هەر هـیچ نەبـێ ڕۆژنامەنووسـەکان گوێیـان لەوەی دەمویسـت بیڵـێم، گـرت؛ لە ڕێـی ئەوانیشـەوە دەکـرا دەنگمـان بگـاتە جیهـان و دووبـارە هەوڵمـان دایەوە بە ئاگایـان بهێنینـەوە. لەوێـدا گـوتم؛ "تەنیـا یەک شـت هەیە، پـێش ئەوەی بمـرم، حەزم لێبوو ببینم، ئەویش ئەوەیە، گەلەکەم چیدیکە پێویستیان بە دەربڕینـی بەزەییەوە نەبێ."

کەچی لە ئاداری ١٩٣٩دا لەگەڵ هەڵچوونی چەوساندنەوە و کوشتنی جووەکانی ئوتریش و ئاڵمان، بەریتانیا دوای ئەو هەمـووە، بڕیاریـدا کە کـاتی هـاتووە دەرگاکـانی فەڵەسـتین دابخـا. حکـومەتی چەمبەرلـین[55] ڕێگـای بـۆ

[54] Ernist Bevin :١٨٨١-١٩٥١ سەرکردەیەکی پارتی کرێکارانی بەریتانیا و وەزیری دەرەوە-وەرگێڕ

[55] Chaberlain: (١٨٦٩-١٩٤٠) سەروەزیری بەریتانیا-وەرگێڕ

سـەرانەی عەرەبەکـان خۆشـکرد هەروەک چـۆن بە هەمـان شـێوەش ڕێگـای نازییەکانیـــان دا. ئەگەر سیاســـەتی ڕازیکـــردن چارەســـەری "کێشـــە"ی چیکۆســـلۆڤاکیا بـــووایە، ئەوا بە دڵنیـــاییەوە دەبـــووایە خزمەتـــی هەمـــان ئامانجیشـی لە فەڵەسـتیندا بکردبایە، کە پێنەدەچـوو کەسـێک هەبـێ بە باشـی مشووری ئەوێ بخوا. لە ڕاستیدا کتێبی سپی ١٩٣٩ لە فەڵەسـتین کۆتـایی بە مانـداتی بەریتانیـا هێنـا، هەرچەنـدە هەوزینگەکانی(ئـاویلکەدان) مـردن لەوێ هێشـتا نـۆ سـاڵی دیکەشـی خایاند. دەبـووایە دەوڵەتـی فەڵەسـتین لە مـاوەی یەک دەیەدا لەســەر بنەمـای دەسـتور و چەسـپاندنی "مـافی کەمینەکـان" و سیستمی کانتۆنەکان دامەزرابا. دەبووایە کڕینی زەوی لە لایەن جووەکان لە فەلسـتیندا بوەسـتێنرابا-بەدەر لە ڕێـژەی ٥%ی وڵات نەبـێ- هەروەهـا دەبووایە کۆچی جوو بۆ فەڵەستین سـەرەتا سنوورداركرابا بۆ ڕێژەی هەرە زۆری ٧٥،٠٠٠ جـوو لە مـاوەی پێـنج سـاڵدا و دواتـریش بـۆ هەمیشـە بوەستابایە" مەگەر عەرەبەکان خۆیان ڕێگەیان دابوایە."

ڕۆژێـک یـان دووان بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبی سـپی، وتـارێکم بـۆ گۆڤاری ئەنجوومەنی ژنانی کرێکار نوسـی. هەمـوو شـەوەکەی بێداربووم تـا وتارەکەم بنوسم، کە لێی بوومەوە هەناسەیەکی حەسانەوەم هەڵکێشا. ئەمڕۆ کە دەخوێندرێتەوە، سەیرم بە کاتبەندییەکەی دێ.

*" هەمـوو ڕۆژێ هەواڵ لەبـارەی تیـاچوونی سـەدان و هەزاران خەڵـکەوە هەیە. ئـێمەی دایـک ئەوە دەزانـین، کە ڕۆڵە جووەکـــانن لە هەمـــوولایەکی ئەم دنیـــایە دەکەون و دایـــکە جووەکـانیش لە زۆر وڵاتـدا تەنیـا داوای یەک شـت دەکەن:" ئادەی ڕۆڵەکانمان بەرن، بیانبەن بۆ هەر شـوێنێک دیاریدەکەن. تەنیا و تەنیا لەو دۆزەخەیان ڕزگار بکەن!"*

*منـدڵان هەر لە ئاڵمـان تـا ئـوتریش، لە ئوتریشـەوە تـا چیکۆسلۆڤاکیا، لە چیکۆسلۆڤاکیا تـا ئینگلستان- ئەرێ کـێ بـێ ئەو دایکـــانە دڵنیابکـــاتەوە، کە ئەگەر جگەرگۆشـــانەیان لە دۆزەخێکەوە بەرەو دۆزەخێکی دیکەوە نابەن؟*

*لێـره جگەرگۆشــەکانمان بـۆ گەلــی جـوو دەپـارێزرێن. هەروەها من لێرە ناتوانم ئەوە بخەمڵێنم، کە لە ئەرکەکانماندا، لە بەرەنگاریمـان لە تـاکە نشـینگەیەکیش هەرچەنـدە بچـوکیش بـێ، شکسـت بێنـین، کـاتێ وێـنەی ئەو هەزاران جـووەی ئۆردوگـا زۆرەملێکـان بهێنینـە بەرچـاوی خۆمـان. لێـرەوە هێڵـی هێزمـان دەردەکەوێ... بنەمای باوەڕبوونمان بە ژیان. ئەوەی بۆ خەڵکی دیکە و وڵاتی دیکە کرا، بۆ ئێمە ناکرێ.*

لەو بـارەیەوە کەمـم دەزانـی، ئـاخر ئەوەی بـۆ جووەکـان دەکـرا، دەبووایە بە دترینینیان وێنبکردبایە

ئاشـکرابوو کتێبـی سـپی هـی جێبەجێکردن نەبـوو. ئێمە کۆبـوونەوە، مانگرتن و خۆپیشـاندانی نارەزایەتیمـان ڕاپەڕاند، بەڵام بڕیارەکان درابوون. هەر ئەوەنــدە بەس نەبــوو شــین و شــەپۆر و دادەداد لە دەســت ناپــاکیی بەریتانیـا بکەیـن یـان بە دڵێکـی پـڕ لە سفتوسـوێ و سـەرکزی لە شـەقامە سەرەکییەکانی تەلئەبیب، ئۆرشەلیم و حەیفادا ڕێپێوان بکەین. ئاخر دەبـووایە چیمـان بکردبـایە؟ لە کوێ بەرەنگـاری بەریتانیـا بووبـاینەتەوە و چۆن؟ ئایـا بزووتنەوەی زایـۆنیزم بە چ ئاڕاستەیەک هەنگـاو بنـێ، کە هەنـوکە بەریتانیـا ئاڕاستەی خۆی هەڵبـژاردووە- لەوپەڕی ناچـاری و پێویسـتبوونمان- بەوەی کە دەستیان لە بوژاندنەوەی گیانی نەتەوایەتی جوودا شوشت؟

لە ئابـدا بە بێـزارییەوە ئەوەم بـۆ منـداڵەکان ڕوونکـردوە، کە دەبـێ بچمەوە دەرەوە، ئەمجارەیان بۆ کۆنگرەی زایۆنیزم لە جنێڤ، لەوێ مشوری کێشـەی هەرە مەزن، کە ژیـانی یوشـیڤە دەخـورێ، ئـاخر خەریکبـوو بـن پـێ بـکەوێ. ئەوان[56] ترسـناکانە بـێ ئومێـد ببـوون، مـن دەمـدی ئەگەر هەنـدێک جاریش موناقەشـەیان دەکرد، یـان لە کاتی پێویسـتدا لێیـان دەپرسـیم، بەڵام ئەمجارەیـان هیچیـان نەگـوت. کـاتێکیش ئەوێـم بەرەو جنێـڤ بەجێهێشـت، سیاسەتی ماپای داڕێژرابوو. هەر چۆنێک ڕەوشی نێردەکانی زایۆنییەکـان لە

[56] واتە منداڵەکانی نووسەر-وەرگێڕ

دەرەوە بێ، ئێمە هەڵوێستمان ڕوونوئاشکرا بوو. ڕەوتی کۆچبەران دەبێ بەردەوام بێ، ئەگەر هاتوو لەگەڵ بەریتانییەکان پێکدادانی چەکداریش ڕوویدا، بەردەوام دەبین لە دروستکردنی نشینگەکان و پاریزگاریش لە وڵات دەکەین. لە ڕاستیدا ئەوەش واتای ئەوەی دەگەیاند، کە بەمە خۆمان لە قەرەی شەڕ دژی بەریتانیا بدەین. ئێمە ئەو کەسە بێبایەخەش بووین تەنانەت نوێنەرایەتییەکی تەواویشیان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی پەنابەران پێنەداین، بەڵام لەوێ هیچ جێگرەوەیەکی دیکە نەبوو، مەگەر دەستەمۆی سیستەمەکە باین و بهاتباینەوە نێو کۆمەڵگای نەتەوەیەک کە لە "ناخەوە پەشیمان و نیگەران" بووایە، کە ناتوانێ هیچ تەکانێک بۆ ڕزگارکردنی جوو لە تونی مەرگەوە بدا.

لەو کاتەی جەنگ لە ئەیلوولی ١٩٣٩دا هەڵگیرسا، بنگۆریۆن چڕوپڕ بەڵام ڕاشکاوانە بەرگری لە ڕەوشی خۆمان دەکرد: "ئێمە دەبێ دژی هیتلەر بجەنگین وەک ئەوەی، کە کتێبی سپی لە گۆڕێدا نەبێ، هەروەها بەرەنگاری کتێبی سپی ببینەوە وەک ئەوەی هیتلەر هەر لە گۆڕێدا نەبووبێ."

# ٧

# ململانێ لەگەڵ بەریتانیا

پێم وایە لە ١٩٣٩ەوە، پتر لە هەزار جار هەوڵمداوە ئەوە بۆ خۆم ڕوونبکەمەوە –چ جای بۆ خەڵکی دیکە- ئاخۆ چۆن لە ماوەی ئەو ساڵە دوورودرێژانە ئەوە ڕوویدا، کە بەریتانیا بوێرانە و لێبڕاونە دژی نازییزم بجەنگن، کەچی ئەو کاتەشیان دۆزییەوە و (دەشیانویست) هەموو وزەو توانایان بەکاربهێنن و شەڕێکی دژواربکەن و دژی هاتنی لێشاوی پەنابەرانی دەستی نازیزمیش بۆ فەڵەستین بوەستنەوە.

کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێ لێکدانەوەیەکی ئاوەزمەندانەم بۆ ئەو پرسە نەدۆزیوەتەوە، ڕەنگبێ ئەو لێکدانەوەش هەر لە ئارادا نەبێ. هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە، دواکەوتنی سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ ساڵانێکی زۆر لەبەر شەڕی بەریتانیا و پێداگرییە سەرشێتانەییەکەی دژی ئێمە دەگەڕێتەوە.

وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، هەر تەنیا ئەو کاتە بوو، کە حکومەتی بەریتانیا– لەبەرچاوی هەموو هۆکارە مرۆییەکانەوە- خۆی کردە دیوارێکی ئاسنین لەنێوان ئێمە و دەرفەتی ڕزگارکردنی جوو لە دەست نازییەکان. ئیدی ئێمە گەیشتینە ئەو ڕاستییەی، کە سەربەخۆیی سیاسییانە شتێک نەبوو بە بێ گوێدانە ئامانجی دوور بۆی بڕۆین. پێویستی جڵەوکردنی کۆچبەرایەتی لەبەرئەوەی ژیانی مرۆڤەکانی لەسەر بەند بوو، تاکە شتێک بوو هانیداین ئەو جۆرە بڕیارە بدەین، کە ئەگەر بارودۆخێکی باشترمان (خۆ گەر نموونەییش نەبووایە) هەبوایە، وێدەچوو بڕیارەکە شتێکی دیکە لێ بکەوتبایەوە، بەڵام لە ١٩٣٩دا ئەو ڕێسا و قانوونانەی لە لایەن بێگانەوە دانران، ژیانی جووەکانیان لە لا لاوەکی بوو، لەبری ئەوەی تەواوی بابەتی

مافی کۆمەڵگاکانی یوشیڤ وا لێ بکەن بەخۆیان، خۆیان بەڕێوەبەرن، کەچی لێیـــان کـــردین بە گوشـــار و تەنگپێهەڵچنـــین و بەرتەســـکردنەوەی ئەو پێداویستییانەی کە ئێمە پێویستیمان بوون. ئەوەیش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو، کە لە هەناوی ئەو پێویستیە چارەنووسسازییەدا سەریهەڵدا، ئاشکرایە تەنیا سێ ساڵ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ[57] هاتە ئارا.

ئایا ئەوە داخوازییەکەمان بوو کە بەریتانیاش بەوپەڕی سەرڕەقانە ڕەتیدەکردەوە، پێمان ببەخشێ؟ ئەمڕۆ تەنانەت بەرسڤەکە بۆ منیش سەیر و بڕوانەکراوە. ڕاستییەکەی هەموو ئەو شتەی کە یوشیڤ لە ١٩٣٩ تا ١٩٤٥ دەیویست، ئەوەبوو تا بکرێ ئاوارە جووەکانی دەستی نازیزم ڕزگار بکا و لەخۆیان بگرێ. ئەوە هەموو شتێکمان بوو. خوازیاربووین تەنیا ڕێگامان بدرێ ئەو بڕە شتە کەمەی هەمانە لەگەڵ ژن و منداڵ و پیاوانێک بەشبکەین، کە بـــایی ئەوەنـــدە بەختیـــان هەبـــوو لە تـــونی مەرگ و کـــوورەی گـــاز و زیندەبەچاڵکردن ڕزگاریان بووبوو.

ئـێمە هـیچ شـتی زیـادەی دیکەمـان داوانەدەکـرد، لە زێـدەماف هەر گەڕێ، نە دەسـەڵات و نە بەڵێنـیش بـۆ پاشـەڕۆژ. ئـێمە تەنیـا دەپـاڕاینەوە-دیمەنی بڕیاری مەرگی ئەو ملیۆنان جووەی ئەوروپاشمان لە پێشچاو بوو، کە هیـتلەر خەریکـی جێبەجێکردنـی بـوو- بەڵکـو ڕێگامـان بـدرێ تـا بکـرێ ئەوانەی لە تـونی مەرگ دەربازیـان بـووە، بەرلەوەی ئەوانـیش بفەوتـێن لە خۆیان بگرین و شوێنێکیان لەو جێیەی کە دەیانەوێت، بۆ بکرێتەوە. کاتێک بەریتانیـا لە ئاسـت ئەو داوایە گـوێی خـۆی کـردە کەڕەی شـەربەت و لە وەڵامـدا گـوتی چیـدی "ئەو بـارەی پێهەڵنـاگیرێ"، بـۆ پاسـاویش دەسـتی بـۆ هەموو شێوە تەکنیکیەکان و لەبارنەبوونی هۆکار برد (بـۆ نمـوونە "کێماسـی لە بەلەم"، هەرچەنـدەلە ١٩٤٠دا بەلەم و کەشـتی زۆروزەوەنـدیان پەیـداکرد کاتێک "پێویست بـوو" کە کۆچبەرە "قاچاخەکان" لە فەڵەستینەوە ڕاکێشنەوە مـاوریتیوس)، ئیـدی ئـێمە لە داخـوازی دیـکە وەسـتاین و کەوتیـنە سـەر سووربوونی کردەی خۆمان بە خۆمان.

---

[57] مەبەست جەنگی دووەمی جیهانە-وەگێڕ

بەڵام نە پاڕانەوە، نە فرمێسک، نە خۆپیشاندان، نە ناوبژیوانیکردنی دۆستان، هەرچەندە دەستڕۆیشتوش بوون، نە هیچ شتێک دادی نەدا. کتێبی سپیی بەریتانییەکان بە داری زۆری[58] مایەوە، دەروازەکانی فەڵەستینیش تەنیا لەسەر ئەو ژمارە مەرجدارەی لە نێو بەڵگەنامە خەجاڵەتبارەکەدا هاتبوو، کرایەوە، لەوە زیاتر شتێکی دیکە لە ئارادا نەبوو. هەمووشمان ئەوەی هەمیشە گومانی بۆ دەچوو دەمانزانی: هیچ حکومەتێکی بێگانە نە دەیەوێ و نە دەشتوانێ هەست بە ژانوناسۆرەکانی ئێمە بکا، هیچ حکومەتێکی بێگانە نایەوێت بەهای ژیانی جوو وەک ئێمە بنرخێنێ. ئەوەش دەرسێکی سەخت نەبوو بۆ فێربوون، بەڵام کە فێریش بووین، پێ نەدەچوو دەرسەکە هی ئەوەبێ هیچ کەسمان لەبیری بچێتەوە؛ هەرچەندە مایەی سەرسوڕمانە سەرلەبەری جیهان بە چەند ڕیزپەڕییەکی کەمەوە نەبێ، دیاربوو لە بیریان چووبێتەوە. ئەوەش وەک ئەوە نەبوو بیرتان بۆی چووبێ، کە بە ڕاستی نەتەوەی دیکە هەبن بە ڕیز لەبەردەم فەرمانگەی کۆلۆنیالی بەریتانی وەستابن و داوای وەرگرتنی پەنابەر، خۆراک و نیشتاک و ئاساییکردنەوەی بارودۆخیان بکەن. ئەو چەند وڵاتە کەمەی – بەگوێرەی پێوەری نێوەخۆیان- ئامادەبوون هەندێ لە جوو بگرنەخۆ، کە توانیبوویان لەدەست هۆلۆکۆست ڕزگار ببن. کەچی لە هیچ کونوقوژبنێکی سەر ئەم زەمینە بەدەر لە فەڵەستین، هیچ وڵاتێک خەمخۆری وەرگرتنی جوو نەبوو، ئامادە نەبوو هیچ پارەیەکیان بداتێ یان هیچ هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنیان بدا.

بەریتانییەکان سەرڕەقانە مانەوە. ئەوان شێرئاسا دژی ئاڵمان، ئیتاڵیا و ژاپۆن جەنگان، بەڵام نەیاندەتوانی یان نەیاندەویست ڕووبەڕووی عەرەبەکان ببنەوە، هەرچەندە ڕاشکاوانەش بەشێکی زۆری جیهانی عەرەب لایەنگری نازییەکان بوون. لە ژیانم تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ لەوە تێنەگەیشتم لەبەرچی بوو ئەو شتە بەسەر گەلی جوودا هات، بۆچی ئەستەم بوو بۆ بەریتانیا بە عەرەبان بڵێ: " ئێوە هیچ شتێکی واتان نییە خەمی لێبخۆن.

---

[58] بە داری زۆری: بە توپزی، شتێک بە خورتی بەسەرتدا بسەپێنرێ. وەرگێڕ.

کاتێک هەر شەڕیش تەواو بوو، ئەوکات سەیری کتێبی سپی دەکەین و بە زۆر جێبەجێی دەکەین، ئەگەر ئەوانیش دامانبڕسێنی، ئەوا لەشکری بەریتانیایان بۆ دەنێرین، هێزی دەریایی و ئاسمانی تا جووەکانی فەلەستین دابمرکێنیتەوە. بەڵام هەنوکە بەهەر شێوەیەک بێ ئەوەی لەگۆڕێدایە نە پرسی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوینە نە منداتە یان نە کەفوکوڵی ناسیونالیزمە. بەڵکو ئەوەی لەگۆڕێدایە پرسی ژیانی ملیۆنان مرۆڤە، بۆ ئێمەش بەریتانیا نابێ ببێتە کۆسپ لە بەردەم ڕزگارکردنی قوربانییەکانی هیتلەر. دەبێ کتێبی سپی چاوەڕێ بێ تا جەنگەکە بەسەر دەچێ."

لە دواییدا ئەرێ چی دەبوو گەر هاتبا و بەریتانیا جاڕنامەیەکی لەو چەشنەی دەرکردبا؟ ئەوا چەند سەرکردەیەکی عەرەب هەندێ لێدوانی هەڕەشەئامێزانەیان دەدا. ڕەنگ بوو یەک دوو ڕێپێوانی نارەزایەتی دەبڕینیش لەملا و ئەولا بکرابانایە. لەوانەش بوو لێرەولەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەندێ کاری تێکدەرانەی لایەنگری نازییەکان ڕوویدابایە و هیچی دیکە نەدەقەوما. لەوانە بوو بەو شێوەیەش هێشتا درەنگبووبایە بۆ ڕزگارکردنی زۆرینەی جووەکانی ئەورووپا، بەڵام خۆ دەکرا هەزاران و زیاتریش لەو شەش ملیۆنەی قڕکران، ڕزگاربوونایە. هەزاران لە جەنگاوەرانی گێتۆکان و پارتیزانە جووەکان چەکدارەکران و دەخرانە ڕیزی سوپاوە. ئیدی شارستانێتی لەو تۆمەتبارکردنە سامناکە ڕزگاری دەبوو، بەوەی بگوترێ، هیچ دەستێک بۆ کۆمەکی جوو لەو مەرگەساتەی تێیکەوتبوون، درێژنەکرا.

ئەوەی لەو ساڵە کێفەڕاتبارەی جەنگ و پاشتریش کرا، ئەوەبوو کەوا من ڕووبەڕووی هیچ کەسێک نەبوومەتەوە- هەروەها نەشم بیستوە- کە تاکە جوویەکی فەلەستینی هەبێ بۆ ساتێکیش بێ دوودڵبێ لە بەخشین و کردنی هەر شتێک بێ، هی کەسی یان نەتەوەیی، کە پێویست بێ بۆ ئەوەی باقی جووە ڕزگاربووەکانی ئەورووپا بە سەلامەتی بگەیەنرێنە فەلەستین. خۆ ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو، کە هەمیشە یەکدەنگی لەنێوانیاندا هەبووە، بەڵکو بە پێی زانیارییم بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە یەک پرس پێویست بوو بکرێ و هەر ئەویش لە ئارادا بوو. ئەگەر هات و هیچ کەسی دیکە بە هانامانەوە

نەیەت، ئەوا دەبێ بە تەنیا خۆمان شانی بدەینەبەر- ئیدی ئەوە بوو کە کردمان.

لە ١٩٣٩دا و لە کۆنگرەی زایۆنیستەکان لە جنێڤ، من کاتی زیاتری خۆم لە کۆبونەوە لەگەڵ نێردەی ڕێکخراوە گەنجەکانی بزووتنەوەی کرێکارانی ئەورووپا بەسەربرد بۆ ئەوەی نەخشەیەک دابنێین تا بەردەوام لە پەیوەندیدا بین دوای ئەوەی کە شەڕ هەڵدەگیرسێ. بێگومان نە من و نە ئەوانیش بە "دوا چارەسەری" هیتلەرمان نەدەزانی، بەڵام لەبیرمە دەستی یەکدیمان دەگوشی و دەمانگوت "شالۆم". ئەوە بوو سەیری نێوچاوانی ئەوانم دەکرد، تۆ بڵێی کاتێ دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵیان، چی چاوەڕێیان بکا.

زۆرجاران، ئەوەی لە کۆتایی ئابی ١٩٣٩دا و لە دەمەتەقێکانی کۆنگرەی جنێڤدا باسدەکرا، لە مێشکی خۆمدا گوتووەتەوە. ئاخر هەندێکیان دواتر بوونە قوربانیی ئاوشویتز[59]. لە وانە مادانێک و سۆبیبۆر، بەڵام لەنێویشیاندا سەرکردەی جوو هەبوون لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەرگریکاری بزوتنەکە بوون. ئەوان ئەوکەسانە بوون، لە نێو گێتۆکاندا هاوشان لەگەڵ ئەو پارتیزانانەی دەرەوەی تەلبەندەکانی ئۆردوگاکانی مەرگ، دژی نازییەکان دەجەنگان. هەنوکە بە زەحمەت بەرگەی یادەوەرییەکانیان دەگرم، بەڵام لە ناخەوە لەو باوەڕەدام، ئەو شتەی وای لێ کردن تا دوا هەناسە دژی ئەو ڕەوشە سەیر و ناهەموارە بجەنگن، ئەوەبوو دەیانزانی، کە ئێمە هەمیشە لەگەڵیاندایـن و ئیدی ئەوان بە تەنیا نین. من بە شێوەیەکی تایبەتمەند سەرکێش نیم بۆ سۆفیزم، بەڵام هیوادارم بپووردرێم لەوەی، کە دەڵێم لە ساتە سەختودژوارەکانماندا ئەوە یادەوەری ڕەوانشادی ئەوان بوو، بوێری و ورە و هێزی دایەبەر ئێمە، لە سەرووی هەمووشیەوە دەربەستی ڕەوایەتیدان بوو بۆ زەقکردنەوەی ڕەتکردنەکەمان و ژیانیشمان بۆ باقی دیکەی جیهان ئاسانتر بکەین. لە دوا لێکدانەوەدا، ئەوە جووەکانی ئەورووپا بوون، کەوتنە داو، گیران و تێکشکێنران، ئەوەش فێریکردین، کە دەبێ خۆمان

---

[59] گەورەترین ئۆردوگای زۆرەملێی نازییەکان لە باشوری پۆلەندا، کە جووەکانی تێدا فەوتان-وەرگێڕ

کوێخای خۆمان بین و لەو بڕوایەشدام، هەر لەو سۆنگەیەوە گوترابێ؛ دەبێ بڕوامان پێی قایم بکەین بیپارێزین.

ئەو گوتەیەی بنگۆریۆن :"ئێمە دەبێ دژی هیتلەر بجەنگین وەک ئەوەی کتێبی سپی هەر لە گۆڕێدا نەبووبێ، هەروەها دژی کتێبی (سپی)شین وەک ئەوەی هیتلەر هەر نەبووبێ." بووە دروشمی راپەڕینمان، بەڵام پەیڕەوکردنەکەشی ئاسان نەبوو. لە ڕاستییدا نەک بە تەنیا هەر یەکێک بەڵکو سێ ململانێ لە فەڵەستین لەساڵەکانی دەسپێکی سەرەتای شەڕەکەوە، زۆر بەچڕی بە یەکەوە گرێدرابوون (لەگەڵ ئەوەی هیشتا هەر لەیەک جیان)، منیش وەک ئەندامێکی ڤائاد هاپول بەشداری هەموویانم کردووە: لەوەی خەباتێکی بێهودە لەگۆڕێدابوو بۆ ئەوەی تا بکرێ ژمارەیەکی زۆری جوو بهێنرێنە فەڵەستین، ناچاری شەڕێکی شەرمەزار و بێواتا کراین، بەڵکو بڕوا بە بەریتانیا بهێنین، لێمان بگەڕێن دژی نازییەکان بەشداری لایەنێکی کردەی چەکداری بین. لە کۆتاییشدا خەبات بۆ راگرتنی ئابوری یوشیڤ-هەڵوێستی بەریتانیا نەگۆڕا- بە شێوەیەک لە شەڕەکە بێتە دەرەوە، دواتر وەها بەهێز بێ بتوانێ ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران لە خۆی بگرێ و باربووی هەر جوویەک بکا، کە بیەوێ بەرەو فەڵەستین کۆچ بکا.

لەو کاتەوە هەندێک جار سەرم لەوە سوڕدەما، کە چۆن لەو ساڵانەدا ئێمە دەرچووین و پارچەپارچە نەبووین، بەڵکو خۆگری فیزیکی و ورەمان بەزۆری لێ بووە خوو، هەرچۆنێکیش کێماسیی هەبووایە، ئەوا کێماسیمان لەوەدا نەبوو، کە خۆمان لە کاتی تەنگژەکاندا تاقی بکەینەوە. خەڵکی لەوانەش بەتایبەت خانەوادەکەمان وایان ڕاهێنابوو تا بکرێ شانبدەینە بەر کاری قورس و شێلگیر و ماندونەناس بین. هەتا هەنوکەش کە ژیان لە چاو جاران ئاسانترە، بۆیە منداڵەکانیش هەمیشە لەگەڵمدان، چونکە هەست دەکەم بایی پێویست" نەحەساومەتەوە". بەڵام لە ماوەی ئەو ساڵە دورودرێژانەی شەڕ، دەرسێکی هەرە گرنگ فێربووم: مرۆ هەمیشە دەتوانێ تەکانی زیاتر بە خۆی بدا لەوەی دوێنێ پێی وا بوو، کە ئیدی ئێرە سنوری ئۆقرەگرتنیەتی. هەرچۆنێک بێ، من بەبیرم نایەت، کە ئەوێ ڕۆژێ هەرگیز

هەستم بەماندووبوونی کردبێ، بۆیە وا پێویستە وشەی داهێزران[60] بەکاربهێنم، وەک هەر کەسێکی دیکە من لەسۆنگەی مەڕاق و ترسەوە وام لێ هاتبوو کە ڕۆژ (یان شەو بۆ هەمان مەبەست)بایی ئەوەندە درێژ نین تا بتوانیین کارەکانمان تێیدا ڕاییبکەین. هۆی سەرەکیش هەر وا بوو، بە چاوپۆشین لەوەی خەڵک زەحمەت بوو باوەڕ بەوە بکا، کە نازییەکان لە پێواژۆی قڕکردنی جووەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدان، بەڵام زۆرینەمان بڕوامان وا بوو کە دەیکا، کاتێکیش دەمانزانی چرکەژمێری ژیانی خەڵکمان بۆ دواساتەکانیان دەژمێردرێ، ئیدی ئەوەندە شتەی لە باردا نەمابوو، بیکەین.

ئەو ڕۆژەم بە ڕوونی لەبیرە، کە هەواڵەکان سەبارەت بە کوورەی گاز، ئەو سابوون و ڕۆنی چرایەی لە تەرمی جوەکانیان دروستکردبوون، بڵاوبوونەوە و گەیشتن. کۆبوونەوەیەکی بە پەلەمان لە بارەگای هیستادروت سازدا و بڕیارماندا بە دوای هەواڵەکان دابچین و کەسێک بنێرینە ئەنکەرە تا پەیوەندی بە جوەکانی ئەوێوە بکا. مەڕاق و کوشندەیی ڕەوشەکە کارێکی وای کرد، کەسمان پرسیار لەبارەی زانیارییەکانەوە نەکا. هەموومان باوەڕمان بە ڕاستی تەواوی ڕاپۆرتەکانەوە کرد. ڕۆژی پاشتر بەڵێنی دیدەنییەکی لاوەکییم لەگەڵ کاربەدەستێکی بەریتانی لەسەر چەند پرسێکی ڕۆتینی هەبوو. من هەمیشە ئەو کاربەدەستەم بە دڵ بوو، بێگومان ئەوانم لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە دڕندەیی نازییەکان ئاگادار کردەوە. پاش چەند خولەکێک، سەیرێکی کردم، ئەوسا ئەو قسە سەیرەی پێگوتم: "خانم مایەرسۆن، خۆ هەڵبەتە بڕوا بەو شتانە ناکەی؟" ئیدی دەستی بە ڕونکرندەوەی پڕوپاگەندەی دڕندە و تێکدەرانەی جەنگی یەکەمی جیهانیی کرد، گوایە تا چەند سەیروسەمەرە بووە. منیش نەمدەتوانی بۆی ڕوونبکەمەوە چۆن یاخود بۆچی من ئەوە دەزانم کە ئەم ئەمە دۆخەیان جیاوازە، بەڵام ئەوەم لەنێو چاوە شینەکانی خوێندەوە، خەریکبوو لە

---

[60] نووسەر وشەی Tired –ماندو-و Fatigue–داهێزران-ی بەکارهێناوە-وەرگێڕ.

بێدەنگیدا شێت دەبووم. پێش ئەوەی بڕۆم بە هێمنییەوە پێی گوتم: "پێویست ناکا بڕوا بە هەموو شتێک بکەی، کە گوێت لێی دەبێ".

هەرچۆنێک بێ، ئێمە ئەو ڕۆژە کارە ئاساییەکەی خۆمان کرد و بە شـــەویش باسوخواســـمان لەســـەر ئەوەبـــوو، کە چـــی بکـــرێ لەبـــارەی ئەو جەنـــگەی دژی جـــووو لە گۆڕێـــدایە. هەر لەو کـــاتەی لەبـــواری دانوســـتانی کرێکاراندا ئیشمدەکرد، دەچـوومە سـەرکارەکەم، هەر چەندە هەنوکە زیاتر ســـەروکارم لەگەڵ دەســـەڵاتی لەشـــکری بەریتانیـــا دایە. بەریتانییەکـــان وەک باســـمکردووە بەرانـــبەر ئەوەی کە جوەکـــان خۆبەخشـــانە بچـــنە ریـــزی ســـوپاکەیانەوە چەقیبـــوون (هەرچەنـــدە ١٣٠،٠٠٠ کەســـیش وایـــان کـــرد) و زنجیـــرەیەک خشـــتەی ئاڵۆزکاویـــان (زۆربەشـــیان شکســـتیان خـــوارد) دانـــا تـــا ژمـارەی لیسـتی یوشـیڤەکان کەمبکەنەوە بۆ ڕاددەی هەرە نزم، لەگەڵیشـیدا مکوڕبوونیـان لەسـەر وەکیەکیـی ئەنـدامێتی جـوو و عەرەب لە هـاتنەڕیزی سوپاوە. کەچی کاتێک شەڕ گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئیدی هاوپەیمانەکان بینیان، کە پێویستیان بە سەرچاوەی بەتوانا و لێهاتووی هێزی مرۆیی لەو نـــاوچەیەدا هەیە. دەیـــان هەزار لە لاوە جووەکـــانی فەڵەســـتین، ئەوانەی قەدەغەبوو بچنە ریزی یەکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا، وەک شـوفێر، دەسـتەی کەلوپەل و تفاقی جەنگیی و دەستەی پزیشـک و دەرمانسـازی چـوونە نـاو جەنـگەکە. ئەوان بە نـاوی "فەڵەسـتینییەکان" نەک جووەکـان ناسـێندران، و ڕەفتـاری "خۆجێی"یـان لەگەڵ دەکـرا، بەڵام هەر چۆنێـک بـێ ئەوان بەشـێکی لەشکرەکە بوون. هێزی مەدەنی کرێکارانی یوشیڤ، هەرچەندە کە –لێهاتوو و لێنەهاتوشیان تێدابوو– نەک هەر بە "خۆجێی؛ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرا، بەڵکو بە پێی پێوەری میسریانەش پارەیان دەدرایێ. ئەو کاتەش ئەوە بۆ هیستادروت پەسند نەبوو، ئیدی من بە مانگ وتوویژم لەو بارەیەوە کرد و بەڵگەوبەنـد[61] لەســـەر بەڵگەوبەنـدم بـۆ بارەگـای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیان هێنـــایەوە. لە دواییـــدا بەشـــێکی زۆری عەرەبەکـــانی فەڵەســـتینیش لە ڕێـــی نوێنەرەکانیـــانەوە بـــۆ گفتوگۆکـــان لەگەڵمـــان کەوتـــن، هەرچەنـــدە یەکێکیـــان

[61] بەڵگەوبەند: ئەرگومێنت. وەرگێڕ.

پیاوێکی کەشخەش دیاربوو، خەڵکی حەیفا بوو، گیانی لەسەر ئەو یەکێتییەوە دانا کاتێک لە لایەن تیرۆریستە عەرەبەکان لە ١٩٤٧دا لەناوبرا.

لە میانەی ئەو قۆناخە ڕۆژگارەی ئەوێ ڕۆژێ، کە بە چەندان هەفتە خەریکــی وتوویژبــووم لەگەڵ فیرمــایەکیی بۆرمــایی، کە وەک ئاژانســی گواســتنەوە لە ژێــر مانــداتی بەریتــانی لە فەڵەســتین کاریــدەکرد. لەو بڕوایەدابووم ئەو فیرمایە پێشتر کەسی بە گوێرەی لێوەشاوەیی دانەناوە و دەرنەکردبوو، بەڵام من هەر سووربووم لەسەر ئەوەی ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیـدابکەم و بەڵکـو شتێکیشـیان لێهەڵبکـڕێنم. ئەوان پێیـانگوتم؛ "لە بۆرمـا پێویسـتمان بە هاوکـاریی کرێکـاری دیـکە نیـیە، چـونکە ئـێمە دامەزراوەی هاوکاریی خۆمانمان هەیە، کە لە هەشت هەزار کرێکار پێکهاتووە." کەچی لە دواییـــدا ئەوان ڕازیبـــوون لەگەڵ هیســـتادروت گفتوگـــۆبکەن، هەروەهـــا فێریشبوون هەندێ خەمی یوشیڤیش بخۆن.

کاتێ بارودۆخی سەربازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە خراپەوە بۆ وێرانبـوون دەڕۆیشـت، زیـاتر و زیـاتریش ژمـارەی جووەکـانی فەڵەسـتین دەچـوونە نێـو کـار و چالاکییەکـانی جەنـگەوە، حکـومەتی مانـداتیش هەسـتی بەوە کـرد، دەبـێ جـۆرە دەزگـایەکی گشـتی دروسـت بکـا تـا سـەروکاری لەگەڵ ڕاوێژی بـاری ئابورییدا بێ. ئیدی ئەنجوومەنی ڕاوێژکـاری ئـابوریی جەنگیـان دامەزرانـد، لەوێـدا تـا شـەڕەکە کۆتـایی هـات مـن بـوومە یەکێـک لە ئەندامەکانی.

لەوێ دەبـووایە کـاری گرنـگ کرابـان، بەڵام هێشـتا خۆیـان لەقەرەی ئەوە نەدەدا ببنە مەکۆی چالاکییەکان. سـەرقاڵییەکەی مـن لەوێ جیـاوازبوو. ئەو پیاوەی ناردمانە ئەنقەرە (ناوی لیش نیوستاد بوو هەنوکە ناوەکەی بۆتە نۆی)، ڕۆژێکیان هاتەوە، ڤائاد هاپول هەواڵی وەهای هێنا، هەمووانی سامناک کــرد. هەواڵەکە وەک ئەوە وا بــوو، کە پەیــامی لە هەســارەیەکی دیــکەوە هێنـابێتەوە. لەوێ خەڵکـانێکی لە تورکیـا دۆزیبـۆوە کە دەیـانتوانی بە نهێنـی پەیوەنـدی بە جوەکـانی پۆلەنـداوە بکەن، بەڵام هۆشـداریی ئەوەشـی پێدابن، هەڵبەتە ئەوان فریشـتە نـین. سـەرباری ئەوەی داوای پـارەیەکی زۆریـان بـۆ ئەو کـارە کردبـوو، پێـی وا بـوو لەو شـتانەش کە بە حیسـاب بیـانگەیەنێتە

گێتۆیەکانی ئەوێ، مسۆگەرە بەشێکی زۆری لێدادەبڕێ، دڵنیاش بوو لەوەی کە هەندێکیشیان نازی بوون. بەڵام خۆ ئێمە کارمەندی دەزگایەکی فەرمیمان بە کرێ نەگرتبوون. ئێمە بە دوای پەیامنێرگەلێک دەگەڕاین، کە بتوانن بە سوک و ئاسانی بە ناوچە ئەوروپاییەکانی بندەستی نازییەکاندا بگەڕێن، بۆیە کارنامەی ژیانی ئەوانمان لا مەبەست نەبوو. ئیدی هەینێ دەستمان بە دامەزراندنی سندوقێکی نهێنی کرد. ئێمە ئامانجێکی ٧٥،٠٠٠ پاوەنی ئیستەرلینیمان لە پێش چاوی خۆماندا دانا، هەرچەندە پێشوەخت دەشمانزانی لەو برە پارە زۆرەدا گەر بۆشمان کۆبکرێتەوە، ڕەنگبێ هەر بەشێکی کەمی بگاتە شوێنی مەبەست، بەڵام بەو برە پارەیە دەکرا کەمێک چەک و خۆراکیان بۆ دابین بکرێ، کە لەژێر ئەو بارودۆخەدا تاڕادەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی بەرەنگاریی بزووتنەوەی جوو هەر بە کارایی بمێنێتەوە.

ئەوە سەرەتایەکی ڕاستەقینەی هەوڵە بێهودەکانمان بوون تا وەڵامی ناوچەکانی بندەستی نازییەکان بدەینەوە و سەرەداوێکی ژیان لە گەڵ جووەکانی ئەوێ بهێڵینەوە. تا شەڕەکەش کۆتایی هات، ڕێچکە نەما نەیگرینەبەر، دەروازە نەما پێیدا تێنەپەڕین، ئەگەر نەما هەوڵی بەدیهاتنی بۆ نەخەینەگەڕ. بۆ چەندان ساڵ لە هاوپەیمانەکان پاڕاینەوە بەڵکو پیاوەکانمان بنێرنە جەرگەی ئەوروپا، ئەوسا چ بە پێ یان چ بە ژێر دەریایی، یان لە دواییشدا بە هێڵی ئاسمانیی. بەریتانیا لە دواییدا و لە هاوینی ١٩٤٣دا بە خۆگرتن و دوودڵییەکی زۆرەوە قایل بوو. ئەوان ڕازی بوون نەوەک سەدان کەس وەک ئێمە داوامان کردبوو، بەڵکو تەنیا سی و دوو جووی فەلەستینی ڕێگە بدرێن خۆیان بخزێننە ناوچەکانی بندەستی سوێندخۆرەکان، لەوێ دەکرا کارێکی دووەوسەرە بکەن، بەوەی هاوکاریی دیلەکانی هاوپەیمانان بکەن (زۆربەیان فڕۆکەوانە گیراوەکان بوون) بۆ ڕاکردن، هەروەها کۆمەک و هانی جووە پارتیزانەکانیش بدەن.

کاتێ ئەم دێڕانە دەنووسم، لەپێش خۆمدا دەموچاوی دوو پیاو، کە هیچ کامیان ئەمڕۆ لە ژیاندا نەماون، دەبینم. ئەوان هەر دووکیان لە پاشخانیان، لە کەسایەتی و شێوازیشیان لەگەڵ یەک زۆر جیاواز بوون، بەڵام هەر دووکیان لای من ئازیز بوون، کاتێکیش ئێستا- بە سوێبوونەوەی

برین و ئازار- وەک نموونەی ناسینەوەی ئەو ڕۆژگارە سەخت و تاریکانە بیریان لێ دەکەمەوە. یەکێکیان ئێلیاهو گۆلۆمب، ئەویدیکەش ئینزۆ سیرینی بوو. لەو کاتەش گێڕانەوەی وردەکاری چیرۆک و بەسەرهاتی کردە و هەوڵی جووەکانی فەڵەستین لە ماوەی هۆلۆکۆستدا بۆ نووسەر و مێژوونوسان بەجێ بهێڵدرێ، من تەنیا لەبارەی ئەو دووانە دەنووسم، هەر چەندە زۆری دیکەش لە پیاو و ئافرەتانی هاوچەشن هەبوون، خەڵکانێک، کە وەک ئیلیاهو و ئینزۆ خۆشەویست بوون.

من ئیلیاهوم باشتر و پیشتر لە ئینزۆ دەناسی. ئەو بەشێک بوو لە خێزانێکی بەرچاو، چوار برازاوا بوون، ڕۆڵێکی دیاریان لە بنیاتنانی یوشیڤ و بزووتنەوەی کرێکاراندا بینی. لەبارەی یەکێکیان کە موشێ شارۆتە، دواتر زیاتر دێمەوە سەری، چونکە ژیان و کار و چالاکییمان زۆر بە یەکەوە ئاڵۆزکابوو. هەریەک لەو چوارانە ( یاخود هەر هەموویان بە یەکەوە) دەکرێ ببنە بابەتی کتێبێک، هیواشم وایە ڕۆژێک دابێ یەکێک بینووسێتەوە. موشێ شاریت ئەوکات سەرۆکی بەشی سیاسیی ئاژانسی جووەکان بوو. ئەو لە ١٩٣٣وە میراتگری کەسایەتی حایم ئارلۆسۆرۆف بوو، هەمیشەش بیری لە خۆ دەکردەوە (پێم وا بوو هەر لەو کاتەوەش) بەوەی بەربژارێکی لە پێشە بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە، ئەگەر هات و دەوڵەتی جوو دامەزرا. ئەو لەو چوارەیاندا لە هەموویان پتر زیرک، بەت وانا و زمانزانێکی بلیمەت بوو. بەڵام لە هەمان کاتیشدا فەرمییانە و زۆر پەروەردەکارێکی وردبین بوو. سەرەڕای بەهرە بەرچاوەکانی، بەڵام نە بنگۆریۆن بوو نە بێرل کاتزنلسنیش بوو. بەڵام بە شێوەیەکی نایاب و بۆ چەند ساڵێک وەزیری دەرەوە، تەنانەت بۆ ماوەیەکیش لەنێوان ئەو ماوە ناخۆشە و پڕتاوەی دەستلەکارکێشانەوەی بنگۆریۆن سەروەزیر بوو. لەماوەی جەنگەکەدا ئەوە شارێت بوو زیاتر لە هەرکەسێکی دیکە بە دڵ و بە گیان شەڕێکی دێوانەئاسای بۆ دامەزراندنی تابوری جوو دەکرد، لەدوایدا و لە دواساڵی جەنگەکەدا دایمەزراند و بە شەڕی ئیتالیاش ڕاگەیشت.

یەکێک لە خوشکەکانی شارێت مێردی بە دۆڤ هۆس کردبوو، کە چەندین ساڵ بوو خزمەتی هیستادروتی وەک "پیاوەکەی لەندەن" کرد،

لەوێش پەیوەندییەکی گەرمی لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا پەیداکردبوو. ئەو لە ڕووی جەستەییەوە پیاوێکی سەرنجڕاکێش نەبوو، بەڵام جوامێری و تێگەیشتنێکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، لە بەریتانییەکان دەچوو. بۆیە بە زۆری ئەومان دەکردە نوێنەری خۆمان لای دەسەڵاتی ماندات. دڵڕفێنترین پڕۆژەش لە لای ئەو پەرەپێدانی فڕۆکەوانیی بوو لە فەڵەستین، چونکە بە خۆی فڕۆکەوانیش بوو، بۆیە لەو بارەیەوە زۆریش لێی دەترسایین. لە ١٩٤٠دا و لە فەڵەستین لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا بە خۆی و ڕیڤکاهی هاوسەری و کچەکەی گیانیان لەدەستدا، بە مەرگی ئەو دینگەیەکی ڕاستەقینەی بەهێزبوونمان لە بەین چوو. کاتێ بەر لە جەنگ لە لەندەن دەبووم زۆر کاتم لەگەڵ ئەو بەسەردەبرد، دواتریش زۆر کارمان هەبوو، کە بە یەکەوە بیکەین نەخاسمە لەبارەی هێنانەڕیزی کەسانی خۆبەخش بۆ نێو سوپای بەریتانی.

خزمەتکردن لە ڕیزی سوپای بەریتانیا ئەو شتە نەبوو، کە هەموو کەسێک لە یوشیڤدا حەزی پێبێ وەک ئێمە کردمان. خەڵکانێک هەبوون- ژمارەشیان کەم نەبوو- مشتومڕی ئەوەیان دەکرد، کە مایەی مەترسی و دژوارییە هەموو هێلکەکانمان بخەینە نێو یەک سەبەتەی بەریتانیا، ئاخر لەو کاتەدا کە بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بشکێ، ئەوا ئاسایشی نشینگەکانمان دەکەوێتە بەر هەڕەشە. ئەو جۆرە خەڵکە دەیانگوت؛ "باشە هیچ لاریمان لەوە نییە، هەڵمەتی خۆبەخشین بۆ چوونە ریزی سوپاییەک کە دژی نازییەکان دەجەنگێ، بەڵام ئەگەر سوێندخۆرەکان سەرکەوتن، ئایا چی بەسەر کۆمەڵگاکانی یوشیڤ دێ؟" ئەرێ کێ بۆ بەرگریکردن لە تەلئەبیب، یان دێگانا یاخود ڕێهۆڤێت دەمێنێتەوە؟ ئایا تەنیا ژمارەیەک دەستی هاگانا بە کەرەستەیەکی پڕ لە کەموکورتی؟ بێگومان ئەوان بە تێڕوانینی من خاڵێکی پێداگرتنیان هەبوو، بەڵام پنتێکی باش نەبوو. ئەو بیرۆکەیەی جارێ چاوەڕێبکەین تا هیتلەر دەگاتە سەرسنورەکانی فەڵەستین ئەوسا شەڕبکەین، بیرۆکەیەکی نابەجێ بوو. ئێمە دەمانەویست لە ڕووخانی نازیزم لە هەرکوێیەک بێ، کۆمەک بکەین، ئیدی ڕۆژ لەسەر

ڕۆژمـان بـۆ ئەوە تەرخانـدەکرد، بەرانبەرەکانمـان چ لەنێـو و چ لەدەرەوەی هیستادروت و ماپای بێنینە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەوان بە هەڵەدا چوونە.

زاوایەکی دیکەی شارێت شاول ئاڤیگور، پیاوێکی نایاب بوو. سوپاس بۆ خودا، هێشتا لە ژیاندا ماوە. هیچ کەسێک ئەمرۆ یان ئەوکات، لە سەر شەقامەکانی تەلئەبیب، یان لە کارکردنی لە باخچەکانی کیبۆتی کینەرت (تا ئێستاش هەر ئەندامە تیایدا) هەرگیز گومانی ئەوە لە دەموچاوە بە کوریشکاویەکەی ئەو نەکرد، ئاخر لە ماوەی ئەو ساڵە دورودرێژانەی خەبات بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەو لە خەباتی ژێرزەمینیماندا وەزیری بەرگری بووە. شاول ئەو کەسە بوو دەزگای هەواڵگریی (سوسەکردن)ی ئەفسانەئاسای هاگانای دامەزراند و هەرئەویش بو کاتێ کە جەنگ کۆتایی هات، بووە سەرۆکی ئەوەی پێی دەگوترێ مۆساد[62] (دەزگاکە) و سەرپەرشت و ڕێکخەری کردەی کۆچی قاچاخی ئاڵۆز و دژواری پاشماوەی جوەکانی ئەوروپای بۆ فەڵەستین کرد. هیچ شتێکی ڕواڵەت یان شێوەی قسەکردنی، ئەو ڕاستییە نادرکێنێ، کە ئەو لە شارێت، دۆڤ، ئێلیاهو یاخود من نەچێ، بۆ ئەو مەبەستە ئەو لە زگماک پیلانباز بوو. من هەرگیز نەمزانیوە، کە شاول تێبینیەک یان وشەیەکی گۆترەی نوسیبێ. هەر چییەکی کردبێ و فەرمانی دابێ ئەوا بەو پەڕی نهێنی جێبەجێکراوە، لە چاوی ئەو هەموو کەس جێی گومان بووە یاخود ئەگەری ئەوە هەبووە بێ سەلیقە بووبێ. هەندێکجار پێی پێدەکەنین، چونکە پێمان وابوو لە هۆشدارییەکانی ڕەفتاری زێدەڕەویانەی نواندووە. لەبیرمە، کاتێ بۆ ماوەیەک کچەکەی لە ئینگلستانێ بوو، داوای لە باوکی کرد، دەستەیەک ڕۆژنامەی عیبری زمانی بۆ بنێرێ، ئیدی مایەی سەرسوڕمانی کچەکە نەبوو کاتێ لەسەر پۆستەکە نوسرابوو "تەواو جێی متمانەیە"! بەڵام ئێمە هەموومان زۆر ڕێزمان دەگرت و هەرواش مایەوە. دەسەڵاتەکانی لە هەر کاروبارێکدا وەک ئەوەی بە نهێنی کڕینی چەک لە ئەوروپا لە ١٩٤٧، هێنانی پەنابەرە

---

[62] Mossad مۆساد واتای ، دەزگا، یان پەیمانگا دەگەیەنێ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەردوو کتێبی (نهێنییەکانی مۆساد) و (کردە هەرە گرنگەکانی مۆساد). وەرگێڕ.

جووەکان لە وڵاتە عەرەبییەکان لە جەرگەی شەڕ و کۆکردنەوەی دۆسیەکانی CIDی بەریتانی (کاروباری لێکۆڵینەوە لە تاوانباران) جێی پرسیار نەبوو. شاول نموونەئاسا یەکەمین کەسی ئێمە بوو، کە لە ساڵەکانی ڕابردوودا خۆی بۆ دۆزی کۆچبەرانی جووەکانی ڕووسیا تەرخانکردبوو.

لێ گەلۆ، ئەو سەردەم چوارەمین زاوا، ئیلیاهۆ گۆلۆمب بوو، کە لەناوجەرگەی شتەکاندا بوو. ئەوە ماڵەکەی ئەو بوو لە تەلئەبیب، نووسینگەکەی ئەو (ژووری ١٧) بوو لە باڵەخانەی هیستادروت کە بەڕاستی مەکۆی ڕاستەقینەی شادەمارەکانی ئێمە بوو. لەو باوەڕەدا نەبووم هەرگیز چرای ماڵی ئیلیاهۆ لە ماوەی سەرلەبەری جەنگدا کوژابێتەوە، ماڵەکەی هەرگیز چۆڵ نەبووە. گەر بارەگایەکی سەرەکی تایبەت بە خۆمان هەبووایە، ئەوا ئەوێ بوو. هەر کات و ساتێک، چ ڕۆژ چ شەو چووبایتە لای ئیلیاهۆ بۆ پرسێک(ئێمەش هەمیشە بە هەر هۆیەک بووبایە بەنێو ناندینەکەیدا دەڕۆیشتین) ئەوا خەسوی ئیلیاهۆ(دایکی شارێت کە ئێمە بە مامۆچکا بانگمان دەکرد) بە هێواشی و تەوسەوە گەر نیوەشەویش بووایە ڕێگای بۆ چۆڵ دەکردین، ئیدی ئادا گۆلۆمبیش بە خۆی و ئیستکانی چاوە ئامادەی بەخێرهێنانمان بوو. بنگۆریۆن، شارێت، دۆڤ هۆس و ئەوانی دیکە سیاسەت داڕێژەر و دانوستانکار و وتەبێژی یوشتیف بوون بۆ جیهانی دەرەوە، لە کاتێکدا ئیلیاهۆ گۆلۆمب –کە لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە لە بێرل نەدەچوو – سەرکردەی گشتیمان بوو، لە ١٩٣١ەوە تا کۆچیدوایکردنی لە ١٩٤٥دا سەرۆکی کاریگەری هاگانا بوو. ئەویش هەروەک بێرل هەرگیز دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی بە چاوی خۆی نەبینی، هەروەها بە چەشنی بیرل نەمانی ئەو لە ساڵە یەکەمەکاندا بۆشاییەکی زۆر گەورەبوو، دەمەویست بەردەوام ئەوە بڵێم، نەمانی ئەو کۆست و لەکیسچوونێک بوو بۆ هەمووان، چونکە ئەو لە زۆر ڕێگەوە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرە ڕاستەقینەکان.

ئەرێ تۆ بڵێی :"سەرکردەی گشتی"یمان بە کێ دەچوو؟ ئەرێ بە ڕاست هەر یەکێک لە ئێمە بەکێ دەچوو؟ بەدەر لە بنگۆریۆن بە خۆیی و قژە بژ و سپییەکەی، کەسی دیکەمان لە دامەزرێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕووی ڕوخسارەوە سەرنجڕاکێش و نیشانەیەکی جیاکەرەوەمان نەبوو، بە

خاترجەمیشـەوە ئیلیاهۆ لەو ڕێسایە بەدەرنەبوو. ئەو پیاوێکی بچکۆلانەی باڵاکورت و هەنیەبەرز و هەردەم بە زیپکە و قوڵبین بوو، بەڵام وەک بێرل چاوەکانی جوان بوون، شێوە یەکبەرگییەکی -ڕوباشکا-ی لەبەردەکرد، کە قۆپچەی خـوارەوی دەبەسـت و پـانتۆڵێکی خاکیشـیی لەبەردەکـرد. هەرگیـز ئەوەم بەبیر نایەت بە قاتەوە دیبێتم. زۆریش بە هێواشی قسەی دەکرد، زۆر لەسـەرەخۆ، زۆر قەنـاعەتپێەکرانە دەدوا و باشـیش دەخوێنـدرایەوە. لە ڕاستییدا وەک زانیبێتم کەمتر لە پیاوە سەربازییەکان دەچوو، هەروەها نە ئەو خۆدەرخسـتنە و نە ئەو ڕەفتارخۆنواندنەشـی هەبـوو، کە هەنـدێ لە سـەرکردە ژێرزەمینیەکـان بـۆ سەرنجڕاکێشـانی شـوێنکەوتوانیان هەیـانبوو. هەر بە ڕاسـتی هـیچ شـتێکی جیـاکەرەوەی نەبـوو، بەدەر لە کەسـایەتیەکی بەهێـز، ئەوەش بـۆ کەس دەرنەدەکەوت مەگەر بـۆ ئەوانەی کە زۆر لێـیەوە نزیک بووبان. بناوانی حیکمەت و هێزی هاگانا بەشی هەرەزۆری بۆ ئیلیاهۆ دەگەڕایەوە. ئەو لە ١٩٠٩دا لە ڕوسیاوە بەرەو فەڵەستین کۆچی کردبوو، بە یەکەوە لەگەڵ شارێت لە دەستەی یەکەمین دەرچووەکانی قوتابخانەی بـاڵای هێرتزلیای تەلئەبیب بوون. لە نێو تـابوری جوو، لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا ئاشنایەتی لەگەڵ بیرل پەیداکردووە بۆتە برادەری، لەژێر باندۆری بێـرلەوە گەڵاڵەنـامە بیـرۆکەی بەرگریلەخـۆکردنی جووەکـانی فەڵەسـتینی پەرەپێداوە.

هەر لە دەستپێکەوە بۆچوونی ئێلیاهۆ بۆ هاگانا ئەوەبوو، کە وەک بزووتنەوەیەکی گەریلایی یان هەر هێزێکی گوڵبژێر سەیرنەکرێ، بەڵکو زۆر لەوە بەرفرەوانتـر بـێ تـا ببێـتە کـاردانەوەیەکی نەتەوەیـی بـۆ پێویسـتیی پارێزگـاری تەواو لە یوشـیڤ، وەک بەشـێکی دانەبـڕاویش لە بـزووتنەوەی زایـۆنیزم، دابنـدرێ. ئەو بـڕوای وابـوو، خۆپـارێزی نە کەمتـرە و نە زۆر گرنگتریشـە لە زاڵبـوون بەسـەر بیابـان یـاخود کۆکردنەوە و گەڕانـدنەوەی ئاوارەکـان. ئەوەش وا بـوو، هاگانـا هەم گەشـەی کـرد و هەم هـی تەواوی حەشیمەتی جووەکان بوو، بۆیە دەبووایە لەژێر دەسـەڵاتی باڵای دامەزراوە نیشتمانییەکانی یوشیوڤەوە کاربکا، بە چاوپۆشین لەوەی، کە دەبووایە ئەرکە دەقاودەقەکانی زۆر بە نهێنی ئەنجام بدا. هەر لەو ڕوانگەیەوەبوو ڕەفتاری

ئیلیــاهوو لە هەمــبەر دوو ڕێکخــراوی جەنگــاوەری هەڵــگەڕاوەی دیــکە سـەرچاوەی گرتبـوو: ئیرگون زڤـای لیمـی و لیهـی (دەسـتەی ستێرن)، کە بە شـێوەیەکی ســەرەکی بە هاگانــاوە پەیوەندیــداربوون، چــونکە سیاســەتی هاگانایان لەبارەی خۆگرتن و خۆپارێزی، تۆڵەنەکردنەوە و خۆبەدورگرتن و بێزرانــدنی تیــرۆری جوەکانیــان، لا پەســەند نەبــوو. بەڵام هەر زوو لە دەستپێکەوە ئیلیاهو لە پێویستی ئامادەکاریی هاگاناوە بۆ وازیکردنی ڕۆڵێکی چارەنووسســاز لە خەبــاتی ســەربەخۆییدا، تێگەیشــتبوو. هەمیشــەش وای دادەنا، کە هاگانا کرۆکی سوپای جووەکانە، توانای ئەوەی تێدایە پارێزگاری لە مافی هاتنە نێو فەڵەستینیان بکا، بۆ ئەوەی بێنە وڵاتێک کە بەسەربەستی تێیدا بژین.

بەو پێناســەیە، هاگانـا ڕۆڵێکـی بێـوێنەی گێـڕا. خۆپـارێزی لە چـاوی ئیلیاهۆ ئەوەی دەگەیاند، کە یوشـیڤ هەمیشـە سـەرچاوەی کەم، ئەوسـا هەر کاتێــک و لە هەر شــوێنێک پێویســتی پێبــوو، بەکــاربێنێ. هەمــان کەســە بزۆزەکـان، ژن و پیـاو، ئەوانەی بە "قاچـاخ" جولەکەیـان لە دەرەوە دەهێنـانە فەڵەستین دەشیان پاراستن و پاسـەوانی نشـینگەکانیان دەکردن و شـورەیان لە دەورەدا بۆ دروستدەکردن و تانکی ئاویان بۆ دادەنان. هەڵبەتە ئەمەش بە پێی ڕێنماییەکانی کتێبی سپی قەدەغە بوو، هەروەهـا هەوڵیـان دەدا کارخـانە دابپۆشن و ئازوقە حەشاربدەن، بۆ ئەگەری هێرشی دواڕۆژ و تەنانەت وەک پەڕەشوتوانیش دەچوونە پشت بەرەکانی شـەڕ، لەو ناوچانەی لەژێر رکێفی نازییەکانــدا بــوون. ئەو هاگانــای کردبــووە داردەســتێکی ڕاســتەقینەی ڕزگـارکردنی نەتەوەیـی، هەمیشــە کەلـوپەل و تفاقەکـانی بـێ دەسـتکاری و ئامـادە دادەنـا تـا ١٩٤٨ هـات، ئەوسـا پێویسـتبوون، سـەلماندی کە بـۆتە چ کەرستەیەکی ڕزگاریی نیشتمانی. ئەو دوا ئامـانجی هەمیشـە بە شـانازییەوە دەپاڕاسـت بـۆ ئەوەی هەرگیـز بـۆگەن نەکـا. بێگومـان ئەو تـوانی ئەوە بکـا، چونکە ئەو لە بنەماوە پێشـەنگ، ئایدیالیسـت، سۆشیالتسـتیخواز و جوویەکی باش و سەرکردەیەکی ڕۆژگاری خەباتی ژێرزەمینی بوو.

شــتێکی تــاڵە کە هەنــوکە لەبــارەی ئیلیــاهۆ بنووســرێ، چــونکە لە جیهانێک کە ڕێگەی بە تیرۆریزمی عەرەبیەوە داوە تـا بەوپەڕی دڵڕفێنیەوە

دان بەوەدا بنێین و ئەنجوومەنی نەتەوەکان پیاوێکی وەک یاسر عەرەفات بانگ بکەن، ئەو کەسەی سەرکردایەتی کوشتوبڕ و سەرۆکی بزووتنەوەیەکە، کە خۆی بۆ تەفروتوناکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل تەرخان کردووە. بەڵام لە قەناعەتی تەواومدا –مایەی دڵنەوایشمە- ئەو تۆوە مسۆگەرە شکستخواردویەی تیرۆریزمی عەرەب ڕشتوویەتی سەرچاوەکەی هەر بۆ خودی ڕوانگەی تیرۆریزمییەکەیان دەگەڕێتەوە. هیچ بزووتنەوەیەک، بە چاوپۆشین لەو بڕە پارەیەی لە بەردەستیدایە یان ئەو سیاسەتە ڕازیکەرییەی دەیچێنێ- لە سۆنگەی ئەو پرسەوە ئەو سیاسەتی ڕازیکردنە هەمیشە کاولکاری دەهێنێتە گۆڕێ- ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەربکەوێ، ئەگەر سەرکردایەتی زڕعەیار بێ و تەنیا سەرانەستێن و خوێنڕێژ بن. بەدیهێنانی ئامانجی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی بە کوشتن، شەلوگۆجکردنی منداڵان، ڕفاندنی فڕۆکە و لەناوبردنی دیپلۆماتەکان نابێ. پێویستە ناوەڕۆک و ئامانجێکی هەبێ بۆ ڕاژەکردن دوای ئەوەی لەتەنگژەکەدا قوتاربوو، هەروەها دەبێ –ڕێگەی جیهانی دێرین بەکاربهێنن- خوازیاری زیرەکی و ڕەوشتپاکی بن.

لە کۆتاییدا گەورەترین بەخششی ئیلیاهۆ هەر ئەو مێشکەی نەبوو، کە ئۆپەراسیۆنەکانی هاگانای بەڕێوەدەبرد، بەڵکو ئامانجی بنەمایی، ئەویش کە کاتی هاتبا بە دەستلێنەدراوی بخزێندرابایە نێو لەشکری ئیسڕائیلی. دیارە لەوێ هەندێ هەڵە (هەندێکجار قوربانیی مەزنیشی لێدەکەوتەوە) و شکست و زۆر ناکۆکیش هەبوون، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەرکی هاگانا ڕاژەی گەلی جوو بوو، نەک تیرۆرکردن و فەوتاندن و زاڵبوون بەسەر خەڵکی دیکە؛ لەبەرئەوەش هاوسەنگی پەرەسەندن و بڕیاری خۆبڕیاردانی وەک یەک ڕادەگرت، ئیدی بردیەوە و ڕۆحیەتیەکەی بەردەوام بوو.

هەرچەندە من هیچ سەروکارم لەگەڵ گۆڵبژێرکردنی ئەو خۆبەخشانەی هاگانا نەبوو، کە وەک پەرەشوتوان لە ئەورووپا بەربدرێنە خوارەوە، بەڵام هەموویانم دیتن، چونکە هەموویان بۆ خواحافیزیکردن لێمان هاتنە هیستادروت. ئەوە دەرفەتێک بوو، کە مشتومڕی وا لەگەڵ ئینزۆ

سیرینی بکەم، تا بەتەواوی دەست لەو ئەرکە هەڵبگرێ. ئێوارەیەکیان من لە ژوورەکەم لە ڤائاد هاپول کارم دەکرد، هەر ئەوەندەم زانی دەرگا کرایەوە و ئینزۆ هاتەژورەوە. لەودیو چاویلکەکەیەوە چاوەکانی لە جاران گەشتر دەبریسکانەوە. پێی گوتم: "هاتوم مالاواییت لێبکەم."

پێمگوتەوە: "تکایە مەڕۆ. جارێ لە پێشەوە تۆ بۆ ئەو کارە بە تەمەنی و لێرە بەکارتری. تکایە ژیرانە بیربکەوە، لەبەر خاتری هەمووان بمێنەوە و مەڕۆ." من دەمزانی هەرگیز ناتوانم بڕوای پێ بهێنم کە نەڕوا، بەڵام زۆر هەوڵم لەگەڵدا، بۆ ماوەی چارەگە سەعاتێک قسەم لەگەڵدا کرد.

کاتێک لە قسەکانم بوومەوە، دەستیگرتم و پێی گوتم: "گۆلدا، پێویستە لەوە تێبگەی، کە من ناتوانم لە دوای ئەوانە بەجێبمێنم، کە زۆریان خۆم ڕەوانەم کردوون. تەنیا ئەوەندە هەیە، خەم مەخۆ. من گفتی شەڕەفمەندانەت دەدەمێ، کە جارێکی دیکە یەکدی ببینینەوە."

حەیف هەرگیز یەکدیمان نەدیتەوە. لە شەوێکی ١٩٤٥دا لەسەر کەنار لە فەلەستین، شنەبایەکی شەوانەی هەڵکردبوو، بە دیار بەلەمێکی هاگاناوە، کە ناوی ئنزۆ سیرینی بوو، وەستابووم، هەزار قوتاربووی دەستی تونی مەرگی نازییەکان بوو، کە بە بێوەیی بەنێو ئابلۆقەی بەریتانیەکاندا ڕەت بووبوون. بە بیرمدێ خەیاڵ و ئەندێشەم لای ئەوەبوو، کە شەڕەفی هەموو نەتەوەیەک پاڵەوانەکانیەتی، ئەوەش بە ڕێی خۆی، هەر ئەمەش ڕێگەکەمان بوو، هەڵبەتە ئینزۆش حەزی لێبوو.

پاشخانی ئنزۆ بە تەواوی لە هی هاوڕێکانی جیابوو. ئینزۆ لە ئیتالیا لەدایک ببوو، هەرلەوێش پەروەردە و گەورەببوو. باوکی پزیشکی تایبەتی پاشا بوو. بۆیە ئەو بە باشی لە نێو کۆمەڵگەی ئیتالیای توابووەوە، خانەوادەیەکی پلەباڵای ڕۆشنبیر بوون. یەکێک لە مامەکانی پارێزەرێکی بەناوبانگ بوو، برایەکیشی بووبووە سیناتۆرێکی کۆمۆنیستی سەرکردە. لەوێ هیچ شتێک نەبوو، کە ئینزۆ بە زایۆنیزمەوە ببستێتەوە، بەدەر لە تاسەی زۆری بۆ شۆسیالیزم و هەڵوەدابوونی بۆ بزووتنەوەی کیبۆتنشین، کە لە بارەیەوە زۆری خوێندبوەوە و زۆریشی بیر لێ کردبووەوە. لە ١٩٢٠دا و دوای بەیەکدادانە گەورەکە لەگەڵ فاشیستەکان، هاتبووە

فەڵەستین، لەوێ کیبوتێکی دۆزیبووەوە، بووبووە کەسێکی کارا لەنێو بزووتنەوەی کرێکاراندا. ئەو بڕوای بە لقێکی تایبەتمەندی سۆشیالیزم هەبوو، کە تێکەڵەیەک بوو لەگەڵ هەستێکی بەهێز بۆ دین، نمونەییانەش ئەو بووبووە پاسیفستێک. هاموشۆی زۆرمان بە یەکەوە بوو، زۆریش مشتومڕمان لەسەر بابەتەکان دەکرد، بەتایبەت لە ماوەی ئاژاوە و پشێوییەکانی نێوان ١٩٣٦-١٩٣٩، کە تیایدا ئینزۆ ڕژدبوو لەسەر ئەوەی بە شەوان بە بێ چەک بە دەوری گوندە عەرەبەکاندا بسوڕێینەوە، چونکە دەیگوت ئەرکی ئەوەیە ئاکنجییە عەرەبەکان هێور بکاتەوە، بەڵام هیچ کەس نەبوو وای لێ بکا بنەماکانی پێ بگۆڕێ. ئەگەر شتێک شایانی ئەوەبا بکرابا، ئەوا خۆی دەیکرد. بۆیە ئێمە کاتێک یەکسەر دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، خۆبەخشانە چووە نێو سوپا، زۆر هێدمەگرتی نەبووین.

ڕاستە خۆبەخشیی شتێکە، بەڵام بە پەڕەشوت خۆهەڵدانە پشتەوەی دوژمن شتێکی دیکەیە. تەمەنی ئەو ئەوکات نزیکەی چل ساڵان دەبوو، خێزانی هەبوو، فەڵەستین پێویستی زۆری پێهەبوو. ئەوەش دەزانرا گەر هاتبا لە لایەن فاشستەکانەوە بگیرابایە، ئەوا لە دەستیان قوتار نەدەبوو. ئەوەش واتای ئەوەی نەدەگەیاند گەر هاتبا و نەچووبا ئەوا وا دادەنرا، کە بەشداری شەڕی نەکردووە. ئەو بەردەوام لەبری هێزە هاوپەیمانەکان لە ڕادیۆ پەیامی بۆ ئیتاڵیا بڵاودەکردەوە، ڕۆژنامەیەکی دژەفاشی دەردەکرد، کە لەلایان هەزاران ئیتالی دیلکراوی جەنگ دەخوێندرایەوە. ئەو لە کاری سەرچڵییانەی کەم نەبوو. چیرۆکە ڕاستەقینەکەی نەبەردییەکانی ئینزۆ لە عێراق لە ١٩٤١وە هەر دەگێڕدرێنەوە، یەکێک لەو شتانەی کە کردی، ڕابەڕایەتیکردنی گەنجەکانی جوو بوو بۆ دەربازبوون لە گیتۆکانی عێراق، کە بە ترسولەرزی بیاباندا خۆیان گەیاندە فەڵەستین. هەمووکات ئەو خەمی لە ئازار و مەینەتی جووەکانی ئیتالیا دەخوارد، بۆیە بڕیاریدا بە هانایانەوە بچێ، یاخود هەرهیچ نەبێ لە مەینەتیەکانیاندا لەگەڵیاندا بێ. بۆیە هاوکاریی ئیلیاهۆ بوو تا پەڕەشوتانان هەڵبژێرێ و مەشقیان لەسەر بکا و دواتر لەپشت هێڵەکانی ئیتاڵیا بەربدرێتەوە. ئەو دەردەست دوای خۆبەردانەکە گیرا،

به بەلەمــیش گواســترایەوە لای ئۆردوگــای جووەکــان لە داچــاو[63] و هەر لەوێش نازییەکان کوشتیان. ئەو تەنیا یەکێک بوو لە ٣٢ کەسە پەڕشوتوانە- ناودارترینیشیان شاعیرێکی گەنج بوو بەناوی هانا سێنچ - بەڵام بە هەر شێوەیەک بێ ئەو بۆ من هێمای هەمووان بوو، هەروەها هێمای دۆخی بێ فریادڕەسیی ئەوکاتیشمان بوو.

زۆر جاران لە چاوپێکەوتنەکان لێم دەپرسن، ئەرێ هەستت لەبارەی ئاڵمانەکان چییە؟ پێدەچێ ئێرە جێگەیەکی باش بێ، کە بەرسڤی ئەو پرسە بدەمەوە. دوای جەنگ ئاڵمان شتێک بوو، کە دەوڵەتی ئیسرائیل سەودای لەگەڵداکرد، پەیوەندی لەگەڵ گرێدا و کاری لەگەڵدا کرد. ئەوەش یەکێک لەو ڕاستیانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانییدا بوو، ئەو ڕاستیانەی لە ژیاندا دەبــووایە ڕووبەڕووی ببیــنەوە، هەرچەنــدە ئازاربەخشــیش بووبــان. ئەوە دەبــووایە وا بەڕێــوەبچێ بێــئەوەی بگــوترێ، کەوا هەرگیــز هــیچ شــتێک کــاریگەری هۆلۆکۆســت نــافەوتێنێ. ئــاخر کوشــتنی شــەش ملیــۆن جــوو ڕاستیەکی ژیان بوو، ئەو ڕاستییەی هەرگیز نابێ لە یادەوەریی مرۆڤ و بە دڵنیاییشــەوە کەسانی غەیرەجوو-یان ئاڵمان- بسڕدرێتەوە، بەڵام چەندان ساڵی خایاند تا خودی خۆم جارێکی دیکە لە ١٩٦٧دا پێم نایەوە سەر خــاکی ئاڵمــان، مــن هەمیشــە لەگەڵ قەرەبــووکردنەوەدا بــووم، واتە پــارە لە ئاڵمانەکــان وەربگــرین، تــا وڵاتەکەمــانی پــێ بنیــاتبنێین، تــا ئەو ڕادەی بڕوام پێبوو، کە ئەوان بەلای کەمییەوە ئەوەندە قەرزباری ئێمەن تا هەموو جووە دەربازبووەکــان لەخــۆ بگــرین. مــن هەروا بــڕوام وایە، کە ئیســڕائیل دژ بە هۆلۆکۆستێکی دیکەیە بەهێزترین مسۆگەری دەستەبەرە.

کە کاتیشـــی هـــات، مـــن لەو کەســـانە بـــووم ڕاچانـــدنی ڕایەڵەی دیپلۆماسیانەم لەگەڵ ئاڵماندا بە چاک دەزانی، هەرچەندە بە توندی دژی هەڵبژاردنــی حکــومەتی ئاڵمــان بــووم بــۆ دانــانی باڵوێزەکەیــان. مــن زۆر تووڕەبووم بە دانانی ڕۆلف پاولس، چونکە ئەو لە جەنگدا بەشدار بوو، شەڕیکردووە برینداریش بووە (باسکی لە شەڕدا لە دەستداوە). گوتم "ئەوە

---

[63] Dachau

قەیناکـا، کە دیپلۆمـاتێکی کـارامەیە. ئەوەش هەر قەیناکـا، کە ئەنـدامی حزبـی نازییەکان نەبووە. بەڵام هەقە ئاڵمان بە لای کەمییەوە باڵوێزێک دەستنیشـان بکـا، تۆمـاری جەنگیـی نەبـێ." کەچـی حکـومەتی ئاڵمـان ڕەتـی کـردەوە بژاردەکەیان بگۆڕن. ئیدی رۆلف پاولس هاتە ئیسرائیل، لەوێش خۆپیشـاندان دژی ڕێکخـرا، مـن دڵنیـابووم کە بانگ دەکرێتەوە، کەچـی شـاش دەرچـووم. ئەمڕۆ ئەو باڵوێزی بۆنە لە پەکین، بەڵام هێشتاش هەر پشتگیرکارێکی قایم و باشترین دۆستی ئیسرائیلە.

کاتێـــک پـــاولس یەکەمـــین جـــار لە ئۆرشـــەلیم بڕوانـــامەی دەستبەکاربوونی پێشکەشکرد، مـن وەزیـری دەرەوە بووم. لەو سـاتەوە پێم وا بــوو پێــی گــوتراوە، بــۆیە دەقــاودەق دەیزانــی چ هەســتێکم لەبــارەی دیــدەنیەکەیەوە هەیە، ئەوەش ســاتێکی ئاســان نەبــوو، بەڵام لە دواییــدا بیرمکـردەوە، کە ئەو دەمە دەمـی ڕاسـتییە. مـن پێمگـوت: "تـۆ ئەرکێکـی زۆر قورســت لە بەردەم دایە. ئەم وڵاتە بە قەبــارەیەکی زۆر بــۆ قوربانییەکــانی هۆلۆکۆست ڕۆنراوە. بە ئاستەم خـانەوادەیەک دەدۆزییەوە لەگەڵ مـۆتەکەی یـادەوەریی مەرگەسـاتەکە نەژیـابێ، یـاخۆ زارۆکەکانیـان نەبـووبنە نیشـانەی گوللەی نازییەکان، یان جێی تاقیکردنەوەی "زانا" نازییەکـان نەبـووبن. نـاکرێ ئێـــوە چـــاوەڕوانی پێشـــوازییەکی گەرم بـــکەن. تەنـــانەت ئەو ژنەی لەوێ لەســەر مێـز چـاوەڕێیە، کـاتێ کە تـۆ دێیـتە لای مـن بـۆ ژەم خـواردن، ئەوا نیشانەژمارەی نازاییەکانی لەسەر قۆڵ هەڵکەندراوە."

پـاولس وەڵامـی دامەوە: "بەڵـی دەزانـم. مـن هەر ئێسـتا لە یـاد ڤێشـێم {مۆنـومێنتی ئیسـرائیلییەکان بـۆ ٦،٠٠٠،٠٠٠}ەوە هـاتووم". ئیـدی ئەو لەسـەر قسەی خۆی بوو.

جارێکیان سەبارەت بە سەردانێکی بیست و چوار سەعات بـۆ ئاڵمـان لەگەڵ پاولسدا دوام، هەر لە بیرمە چۆن ڕەنگی دەموچاوی سپی هەڵگەڕا و گوێی لـێ گـرتم. منیش یەکسـەر دوای شـەڕی شـەش-ڕۆژە چـوومە ئاڵمـان، ئەوکاتە لە حکومەت نەمابووم. من بە یاوەریی هاوڕێی دێرین ڕێوڤن بارکات ئا لە پاریس مـادەی کۆنفرانسـێکی سۆسیالیستەکان بووم. بەیانییەکیـان ئابـا

ئیبـان[64]ی وەزیـری دەرەوەمـان لە نیویـۆرکەوە تەلەفـونی بـۆ کـردم. ئەو لە نەتەوە یەکگرتووەکـان بـوو، شـەڕێکی بێهـودەی دژی بڕیـاڕێکی ئەوەی پێـی دەگوترا یۆگسلاڤیا (لە ڕاستییدا روسەکان بوون) دەکرد، یەکێک لە بڕگەکانی بڕیارەکە ئەوەبوو، کە ئێمەی بە دەستدرێژکار دەناساند و داوای دەستبەجێ کشـانەوەی بێمەرجـی لە ناوچە"داگیرکراوەکـان" دەکـرد. فەڕەنسـییەکان کە پشتگیریی بڕیارەکەیان دەکرد، گوشارێکی زۆریان خستبووە سەر نوێنەرانی وڵاتە ئەفریقاییە فەڕەنسیزمانەکان، وەک ئیبان گوتی تا دەنگ بۆ بڕیارەکە بدەن. ئەوکات سەرۆکی نوێنەرانی فەڕەنسیزمانەکانی ئەفریقا وڵاتی ساحلی عـاج بـوو کە وەزیـری دەرەوەی زۆر هاوسـۆزی ئیسـرائیل بـوو، هەروەهـا سەرۆکەکەشی فیلیکس هاوفۆویت بۆگنی برادەرێکی خۆشەویستی خۆم بوو. ئیبان لێی پرسیم بەڵکو بچم (بۆگنی) ببینم، دیار بوو ئەوکات لە شوێنێک بوو لە ئەوروپـا-بەڵام نەیـدەزانی دەقـاودەق لە کـوێیە- بـۆ ئەوەی ڕاسـتەوخۆ لەبارەی بڕیارەکە قسەی لەگەڵدابکەم.

دەرکەوت هاوفیت بۆگنی بۆ پشودان لە ئاڵمانە، بەرلەوەی هەر لەوێ سـەردانە فەرمییەکەی دەسـت پـێ بکـا. مـن پـێم خۆشـبوو قـۆڵی ڕاسـتم لە دەسـت بـدەم نەک بچـمە ئەوێ، بەڵام ئیبـان زۆر گوشـاری بـۆ هێنـام، هەڵبەتە لەوەش تێدەگەیشـتم بـۆچی تینم بـۆدێنێ. ئیـدی چـووم و سـەرۆکم بینـی و قسـەم لەگەڵـدا کـرد، بەڵام بە ئاسـتەم نـان و ئـاوم خـوارد، زۆر بە زوویـش ئەوێـم جێهێشـت. کـاتێکیش گەڕامەوە پـاریس، بارکـات دەیزانـی کە چەنـد چـوونەکەم بـۆ ئاڵمـان پـێ سـەخت بـوو، پێیگـوتم: "هەر شـتێک کە بـۆ ئیسـرائیلت ئەنجـام دابـێ وەک ئەو گەشـتەت سـەخت نەبـووە، ئەرێ وایە؟" منیش بەرسڤم نەدایەوە. تەنـانەت نەمـدەتوانی سـامناکی و دەمـارگرژیی ئەو گەشـتە بیسـتوچوار سـەعاتیەم بـکەمە وشـە و بە بەرگـوێی بارکـات یـاخود دواتر پاولیسی دابدەم. هەموو ئەوەی تـوانیم بیـری لـێ بـکەمەوە دەموچـاوی ئەو خەڵکـانە بـوون، کە لە دادگـای ئایخمـانم بینـین، بیچمـی خـودی ئەدۆلـف

---

Abba Eban[64]

ئایخمـان و ئەو پیـاو و ژن و منـداڵانەی کە لە دۆزەخـی ١٩٤٠دا دەربازیـان بووبوو.

هەرچەندە هیچ شتێک نەیدەتوانی ژیان بۆ کوژراوەکان بگێڕێتەوە، بەڵام دادگای ئەدۆلف ئایخمان لە ١٩٦١دا بە بڕوای من کردەیەکی پێویستی مێژوویی دادپەروەریی بوو. دادگاکە دوای دوو گریێ زەمەنی بە دوای ئەو ساڵە بێهودەییانەدا هات، کە بە هەموو شێوەیەک بۆمان لـوابێ هەوڵ و تەکانمان دەدا تا پێشی پێ بگرین و قوربانیی نەدەین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێشـهاتەکە بـووە تۆمارێک لە هۆلۆکۆست. من ئەوکـات (ئێسـتاش هەروا) تەواو بـڕوام بەوە هەبـوو و هەیە، کە تەنیـا ئیسـڕائیل بـۆی هەیە لەبـاتی دادوەریی جیهان ئایخمان دادگایی بکا، من لە کانگای ناخیشمەوە شانازی بەوە دەکەم، کە کردمـــان. ئەو کارەمـــان بە هـــیچ شـــێوەیەک نمایشـــێکی تۆڵەکردنەوە نەبوو. هەروەک بیالکی شاعری عبری نوسیویەتی، تەنانەت خـودی دێـوەزمەش نـاتوانێ خەون بە تـۆڵەیەکی هاوسـەنگانەی منـداڵێکی مـردوش ببینـێ، بەڵام ئەوانەی لە ژیانـدا مـاون-چەنـدان نەوەش کە هێشـتا لەدایک نەبوونە- شـایانی ئەوەن ئەگەر هیچی دیکەش نەبێ، بە وردەکارییە سامناکەکە بزانن، ئەوەی لە سەردەستی ئەوروپاییەکان بە سەر جووەکانی ئەوروپادا هاتووە.

تـا ئەو کـاتەی لە ژیانـدا مـابم، هەرگیز ئەو دانیشـتنەی هـۆڵی دادگـام لەبیـر نـاچێتەوە کە لەگەڵ شـینادا چووبـووم، لەوێ گـوێم لە گەواهیـدانی ڕزگاربووەکان بوو. زۆر لە برادەرانم هێز و وزەی ئەوەیان تێدابوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە دادگاکە ئامادە بن، بەڵام دەبێ پێی لێ بنێم من تەنیا دوو جار چووم. -لە ئامادەبوونی ساردوسڕی خودی ئایخماندا- دەقاودەق بڵێم بۆ من مایەی بەرگەنەگرتن بوو، لەبری ئامادەبوونم لە ڕێی ڕادیۆوە وەک زۆرینەی ئیسـڕائیلییەکان گـوێم لە دانیشـتنەکان گـرت. بەڵام ئەوەشـیان وای کـرد بە زەحمەت سەروسەودا لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەماندا بکەین. هەڵبەتە من دەچوومە سـەرکار، نـانم دەخـوارد، ڕۆژانە دەچـوومە فەرمـانگەکەم، سـەرم دادەهێنـا، بەڵام نـاخەوەم هەمیشـە بەوە گرێـدرابوو ئـاخۆ لە هـۆڵی دادگـاکە چـی دەگوزەرێ، ڕادیۆش بەردەوام پێکرابوو، بۆیە پێشـهاتی دادگاکە بۆ چەندان

هەفتە بەسەر من و هەموو ئەوانی دیکەشدا باڵکێش بوو. لە بیرمە کە گوێم لەو کەسانە دەبوو چووبوونە دادگا و بەڵگە و گەواهیەکانیان دابوو، پێیان سەیر بوو، چۆن دوای ئەوە ژیاون، چۆن خێزانی نوێیان پێکهێناوەتەوە، چۆن جارێکی دیکە بوونەتەوە بونەوەرێکی مرۆڤییانە. وەڵامەکەش ئەوەبوو کە هەموومان تامەزرۆی ژیانین- بە چاوپۆشین لەوەی لە ڕابردوودا قەوماوە- بەڵام بە ڕاستی هەروەک نازانم ئۆردوگاکانی مەرگ چۆن بوون، ئاواش هەرگیز ئەوە نازانم چۆن جارێکی دیکە دەستپێدەکاتەوە. ئەو زانیارییە بۆ دەربازبووەکان دەگەڕێتەوە.

لە ١٩٦٠دا لە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشدا وەستابووین بۆ بەرسڤدانەوەی ئەو تۆمەتانەی حکومەتی ئەرجەنتین (کە لەوێوە ئایخمان لە لایەن چەند خۆبەخشێکی ئیسرائیلییەوە ڕاپێچکرابوو)، کە بە قاچاخ بۆ ئیسرائیلمان ڕفاندووە، هەرچۆنێک بێ هەوڵمدا ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە دادگاییکردنەکە چ واتایەک بۆ جوو دەگەیەنێ. لەو هەموو دوانانەی ڕووبەڕووی جەماوەرم کردبنەوە، ئەوەیان یەکێک بوو کە زۆری هەڵچۆڕاندم، چونکە بۆ ملیۆنان کەس قسەم دەکرد، کە ناتوانن بۆ خۆیان بدوێن هەروەها دەمویست هەموو وشەیەکیشم واتای خۆی هەبێ-نەک هەر بۆ خولەکێک یان دووان بیانجولێنێ یان بیانترسێنێ. من ئەوەم بۆ دەرکەوتبوو، کە ئەوە زۆر ئاسانترە خەڵکی بگرییێنی یان دەهرییان بکەی لەوەی وایان لێبکەی، بیربکەنەوە.

دوانێکی دورودرێژ نەبوو، لێرەدا تەنیا هەر بەشێکی دەنوسمەوە.

بۆ ئەوە ئەوکارە ناکەم وشەکانم بە چاپکراوی ببینمەوە، بەڵکو ئەوەی مایەی نیگەرانیمە هێشتا خەڵکی وا هەن لەوە تێناگەن، کە ئێمە لە ژیاندا بەڵێنمان داوە و وەهاش ڕەفتار دەنوێنین، کە ئەو جووانەی لە تونی مەرگ و کوورەی گازدا مردن، دوا جولەکە بن کە بە بێ بەرگری لە خۆکردن بمرن. لەبەرئەوەش ئەوان نایانەوێ یان ناتوانن لەمە تێبگەن، ئیدی ئەو جۆرە خەڵکانە هەرگیز لەوەش تێناگەن کە پێی دەگوترێ *"سەرسەختی" ئێمە.*

لەو تۆمارنـامەی دادگـای نورنبێرگـدا قسـەکانی دیـتەر ویزلینسـی یاریدەدەری ئایخمان بەو شێوە لەبارەی پیواژۆی "دواچارەسەر" دەدوێ:

سیاسەتی گشتی تا ١٩٤٠ئەوەبوو کە جوەکانی ئاڵمان و نـاوچە بندەسـتەکانی دیـکەی ئاڵمـان دەستنیشـان بکەیـن و نەخشـەی کۆچپێکردنمـان هەبـوو. لە قۆنـاخی دووەمیشـدا، کە دواتر هات، ئەوە بوو جووەکان بخرێنە ئۆردوگا زۆرەملێکان، ئەوسا جووەکانی پۆلۆنیا یان ئەو ناوچانەی کەوتنە ژێر رکێفی ئاڵمان لە رۆژهەڵات تا بێاخندرێنە نێو گیتۆکان. ئەو قۆناخەش تا سـاڵی ١٩٤٢ درێـژەی کێشـا. قۆنـاخی سـێیەمیش نـاونرا "دوا چارەسـەر" بـۆ کێشـەی جـوو، ئەوەش نەخشـەی قڕکـردن و لەناوبردنی نەژادی جوو بوو، ئەو قۆناخەش تا ساڵی ١٩٤٤ی خایانـد، تـا ئەو کـاتەی هـیملەر فەرمـانی وەسـتانی لەنـاوبردنی دەرکرد.

ئەوسـا زیـاتر لە وەڵامـی ئەو پەیوەنـدییە فەرمیـیەی نێـوان بەنـدی 4 A IVدا ئەو ئاگـای لە هەمـوو فرمانەکـانی قڕکردنی جووەکان بووە، ئەو گوتی: " بەڵێ من یەکەمین جار لە هـاوینی ١٩٤٢دا گـوێم لە ئایخمـان بـوو کە فەرمانەکـانی دەرکردن."

ئـاخر هیـتلەر کێشـەی جـووی بەگـوێرەی پـلانەکە چارەسەر نەکرد، بەڵام شەش ملیۆن جووی ئاڵمان، فەرەنسا، بەلژیـک، هۆلەنـد، لوکسـێمبۆرگ، پۆلەنـد، یەکێتیـی سـۆڤیەت، هەنگاریا، گریک(یۆنان)، ئیتالیا، چیکسلۆڤاکیا، ئوتریش(نەمسا)، رۆمانیـا و بولگاریـای لەنـاوبرد. بە لەنـاوبردنی ئەو جـووانە دەوروبەری ٣٠سـی هەزار کـۆمەڵگەی جووەکـانی فەوتانـد، کە بۆ چەنـدان سـەدە مەکـۆی بیروبـاوەڕی جوەکـان، قوتابخـانە و خوێنـدنیان بـوو. لەنێـو ئەو سـەنتەرانەدا کەڵەپیـاوی مەزن لە بوارەکـانی هـونەر، ئەدەب و زانسـتدا لـێ هەڵکەوتبـوون. ئەرێ هەر بە تەنیا ئەم نەوەیەی جوەکانی ئەوروپا تەفروتونـا کـران؟

*یەک ملیۆن منداڵ –نەوەی پاشەڕۆژ- فەوتێندران. ئەریَ گەلۆ کیَ دەتوانیَ ئەو وێنەیە بەو هەموو تۆقاندن و بەرەنجامەی بۆ چەندان نەوەی گەلی جوو و ئیسرائیل بکێشیَ؟ لێرەوە ئەو یەدەگە سروشتییەیان لەناوبرد، کە دەوڵەتە نوێیەکە لە خوێندەواری، کارامەیی، دڵسۆزیی، ئایدیالیزمی و ڕۆحی پێشەنگەکان پێویستی پێبوو.*

من هەروەها لەبارەی خودی ئایخمان و بەرپرسیارێتیەکەی قسەم کردو بەم شێوەیە لەسەری ڕۆیشتم:

*" من لەوباوەڕەدام کە زۆێک لەو جیهانەدا هەن بە تاسەوەن بۆ هێنانی ئایخمان بۆ بەردەم دادگا، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەردەمێنیَ، کە بۆ ماوەی پازدە ساڵان کەس نەیدۆزیبووەوە. ئیدی ئەو توانیبووی قانون بشکێنیَ بەوەی لەو وڵاتانەی کە بە پاسپۆرت و ناوی قەڵب و خوازراوەوە میواندۆستی وڵاتە خانەخوێکانی بەد بەکاربێنیَ و دەرفەتی قۆستۆتەوە، کە دڵنیام خودی ئەو وڵاتانە لە سامناکیی ڕەفتارەکانی دەسڵەمینەوە. لیَ گەلۆ، هەندێک لە جوو کە تایبەتمەندانە بووبوونە قوربانی دڕندایەتیەکەی، ئۆقرەیان لەبەربڕابوو تا ئەوکاتەی دۆزیانەوە و پەلکێشی ئیسرائیلیان کرد، ئەو وڵاتەی کە بەسەدان هەزار لە دەربازبووەکانی دەستی دۆزەخی ئایخمان لە ڕێی کەنارە ئاوییەکانی هاتنە ناوەوە، ئەو وڵاتەی لە دڵ و مێشکی ئەو شەش ملیۆنەدا بوون، کاتێک بەرەو تونی مەرگ هەنگاویان پێدەنر وا ئەفسوناویانە ئەو برگەیان لە باوەڕی ئێمە دەگوتەوە( من بە تەواوی بڕواوە باوەڕم بە مەسییا-مژدەدر- هەیە)."*

ئەوسا کۆتاییەکەم بەو پرسیارە هێنا:

*"ئایا ئەمە دۆزێکە تا ئەنجوومەنی ئاسایشی تاوتوێی بکا؟ ئەنجوومەن دەزگایەکە پەیوەندیدارە بە هەڕەشەکانی سەر ئاشتی. ئایا ئەمە هەڕەشە و گەفە بۆ سەر ئاشت؟ ئایخمان لە*

*لایەن کەسانێکەوە پەلکێشی دادگا کراوە کە هەموو وزە و توانای بۆ لە ناوبردنی ئەو خەڵکانە تەرخانکردبوو، هەرچەندە ئەو شێوازەی هێنانەشی پێشێلکردنی قانونەکانی ئەرجەنتین بێ، یاخۆ ئایا هەرەشەی سەر ئاشتی لەوەدایە کە ئایخمان دەستی لێ بەربدرێ، سزانەدرێ هەروا ئازادانە بخولێتەوە و ژاری ڕۆحی برژێنیتە سەر نەوەی نوێ؟"*

پاش ئەو وتارەم بە چەندان سەعات تۆقەیان لەگەڵداکردم، بەڵام من هیوام وا بوو بەڵکو بەشێکی ئەو پرسە ڕوونبپێتەوە، ئاخۆ بۆ چی ئێمە ئایخمانمان دایە دادگا.

ئەو پێشهاتە پازدە ساڵ دوای کۆتاییهاتنی هۆلۆکۆست بوو، بەڵام لە سەرەتای چلەکاندا کەس نەیدەزانی کۆتاییەکەی بە کوێ دەگا، یان ئاخۆ هەر بە کۆتا دەگا یان نا. هەرچەندە بازنەی گەمارۆی بەرتیانییەکان لەسەرمان تەسکتر دەبووەوە، بەلەمەکانی هاگانا (کە تێکڕای ژمارەکەیان زیاتر لە ٦٠ دانە دەبوو) یەک لە دوای یەک دەکرِدران و پڕ لە جوو دەکران و ڕەوانەی فەڵەستین دەکران. هەر جارێکیش دیدەوانانی بەریتانی ورياتربووبانەوە، ئەوا گەشتی بەلەم و گەمیە پیسوپۆخڵەکان، کە جمەیان لە کۆچبەران دەهات، بۆ سەرکەنارە ڕەقەنەکان مەترسیداتر دەبوون. ئەوەش هەر بە تەنیا ئەوە نەبوو، کە جوو لە ئۆردوگاکانی ئەوروپا هەڵدەهاتن و بەریتانییەکانیش بەدوایانەوە بوون، هەروەها هاگانا و چەکەکانیشیان کە دەستیان کەوتبا دەبووایە ڕێکیانخستبا، ئیدی لێرەولەوێ دەکەوتنە بەر ڕاوەدوانانی بەریتانییەکان تا ڕێنمایی توندی نوێ و ڕەفتاری دژەجوو، هاگانای ناچار کرد زۆرتر بچێتە ڕۆڵی ژێرزەمینییەوە.

دووساڵ، ئەوسا بە هۆی تایبەتی و سیاسی بێ یان نا، جێگەیەکی دیاری لەنێو بیرەوەرەییەکانمدا هەیە. لە ١٩٤٣دا سارا پێبڕاگەیاندم، کە قوتابخانەی باڵا بەجێدەهێڵێ و دەڕواتە یارمەتیدانی کیبۆتێک لە نەقەب، هەرچەندە ساڵێکیشی مابوو قوتابخانەکە تەواو بکا. سارا گەورە بووبوو، کچێکی نازداری لێدەرچووبوو، زۆر شەرمن و سەنگین بوو، لە خوێندنیش

له مناحیم باشتربوو، چونکه مناحیم زیاتر چووبووه نێو موزیک و پێشتر بڕیاریدابوو ببێته چەلۆژەن. هەر دوو منداڵەکە وەک هەموو مێردمنداڵەکانی یوشیڤ، بە چالاکییەکانی هاگاناوە پەیوەندیدار بوون، هەرچەندە بابەتەکەش ڕاشکاوانە لە ماڵ گفتوگۆی لەسەر نەکرا. لەگەڵ ئەوەی ئەوانیش هیچیان نەدرکاند، کەچی باوان و مامۆستاکانی قوتابخانە دەیانزانی قوتابییەکان زۆر جار درەنگ دێنە قوتابخانە تاک وەک تەتەر یان چاوێکی هاگانا بە نهێنی پۆستەر و بڵاوکراوە پەخش بکەن. من لەبیرمە، ئاخر یەکێکم لەو بڵاونامانە بە خۆم لە ماڵەوە نوسیبوو، بێگومان مشووری ئەوەشم خوارد، منداڵەکانم پێی نەزانن، کە من چیدەکەم. ڕۆژێک یان دووان دوای ئەوە سارا پێیگوتم: "دایکە من ئەمشەو هەندێ درەنگ دێمەوە، ڕەنگبێ دواش بکەوم." هەڵبەتە دەمویست بزانم بۆ. بەڵام وەڵامی دامەوە: "ناتوانم پێت بڵێم." ئیدی ڕۆیشت و شتێکیشی لە بن هەنگڵدا بوو. بە دروستیش دەمزانی ئەو پریاسکەی پێیەتی چیتێدایە، دەشمزانی کە بەقاچاخ لێدانی ئەو پۆستەرانە لەو ڕۆژانەدا چ کارێکی سەرچڵیانەیە. ئەو شەوە تا گەڕایەوە ماڵ بە بێداری مامەوە، بەڵام ئێمە ڕەچاوی هەموو ڕێسایەکمان دەکرد، بۆ بەیانیەکەش هیچم لەو بارەیەوە لەگەڵدا باس نەکرد، هەرچەندە خەریکبووم لە حەسرەتان بمرم.

ساراش هەروەک مناحیم بۆ چەندان ساڵ چووە ڕیزی ڕێکخراوێکی گەنجانی بزووتنەوەی کرێکاران، بۆیە هەر بە ڕاستی کاتێک باسی چوونە نێو کیبۆتەکەی کرد، پێم سەیر نەبوو. هەر لە سەرەتاوە خۆم خوازیاربووم بۆ هەمیشەیی لە کیبۆتدا بژیم، بڕوام وا بوو ژیانێکی دڵگیرانەیە. دووەمیش من بە تەواوی لەوە دەگەیشتم، کە خواستیەتی زیاتر و ڕاستەوخۆیانەتر بەشداری لە پێشهاتەکانی وڵاتەکەیدا بکا. بەریتانییەکان ٨٥%ی نەقەبیان بەلاوەنابوو بەوەی گوایە "بە کەڵکی ژیان نایەت"، هەرچەندە ناوچەکە نزیکەی هێندە و نیوی فەلەستین بوو. بەڵام ئاژانسی جوو بۆ ماوەیەکی دورودرێژ و ماندونەناسانە کاری لەسەرئەوە کرد، کە بە لای کەمییەوە بەشێک لەو دوو ملیۆن ئەیکەرە[65] ئاودێربکرێ، بەڵکو نشینگە بۆ ئەو سەدان

[65] پێوانەیەکە بۆ پێوانی ڕووبەری زەوی، کە بریتییە لە ٤٣٥٧٠ مەتر دووجا. وەرگێڕ

هەزار کۆچبەرە دروستبکرێ. سارا و هاوڕێکانی لە بزووتنەوەی لاوان بڕیاریاندا بەشدارییەکی گەورەی ئەو تاقیکردنەوەیە بکەن. نەخشەکە داوای دامەزراندنی سێ نشینگەی لە باشوری بیرشێبا[66] دەکرد، ئەوکات تەنیا شارێکی بچکۆلانەی لمینی عەرەبەکان بوو. سارا بەو شێوە بانگی ڕادەهێشت: "ئەگەر ئێمە بتوانین بۆ خەڵکی بسەلمێنین، کە دەکرێ لە نەقەب بژیین و دانەوێڵەی لێبچێنین، ئەوا خزمەتی پتری وڵاتەکەمان دەکەین، لەوەی هەر لەقوتابخانەدا بین." ئیدی لە ناخی دڵەوە پێم وا بوو ئەو لەسەر هەقە. بەڵام خۆ دەکرا ساڵێکی دیکە چاوەڕوان بووبا. چونکە دەرچوونی لە قوتابخانەی باڵا هەنگاوێکی مەزن بوو، من خەمی ئەوەم بوو، ئاخر کەسانێکی کەم هەبوون جارێک قوتابخانەیان بەجێهێشتبێ و دواتر بۆی گەڕابنەوە. سەرباری ئەوەش ئایا ئەو لەوە دڵنیابوو، کە ئەو خشتەیەی چوونە کیبۆتەکە بۆ ئەوە نییە خۆی لە دوا ساڵە سەختەکەی قوتابخانە و تاقیکردنەوە کۆتاییەکان بدزێتەوە؟ ئەگەر هاتبا وا بکەوتایەوە، بە دڵنیاییەوە نەدەچوومە ژێربار.

لەو بـــارەیەوە قســـەمان کـــرد، مـــۆریس زۆر زۆر لە بیـــرۆکەی بەجێهێشتنی قوتابخانە تووڕەبوو. ئیلیاهو گۆلۆمب هاتە لام و لێم پارایەوە، پاڵپشتیبم دژی ئەو گەنجانە، چونکە خوشکەزاکەی ئەویش هەمان بڕیاری دابوو. شیناش پێی گوتم، ئەگەر من مل بۆ داخوازییەکانی سارا کەچ بکەم، دواتر هەم خۆم تا لە ژیاندا مابم هەم ساراش پەشیمان دەبینەوە. هەرچەندە ئەوەش ببێتە مایەی سەرسوڕمانی هەندێ کەس، بەڵام من هەرگیز باوەڕم بە کەللەرەقی نەبووە- بەدەر لەوەی شتێک بە ئیسرائیلەوە پەیوەستبێ. ئەو شتانەی پابەندن بە وڵاتەکەی من ئەوا بەقەد تاڵە موویەکیش دەستبەرداری نەبووم، بەڵام هەرچی لەبارەی خەڵکەوە بووبێ، ئەوا شتێکی دیکەیە. هەرچۆنێک بێ، بڕوام وا بوو، پێناچێ سارا دەستبەرداری بیرۆکەکەی بێ، هەروەها منیش وام کرد، هەرچەندە خەمساردیش نەبووم.

---

[66] Beersheba بئر سەبعە

یەکەمین جار کە چوومە سەردانی سارا لە کیبۆتی ڕیڤیڤم، بەڕاستی پێم وا بوو دەمرم. بە چەندان مایل لە دەوروبەری ئەوێدا هیچ شتێک نەبوو، نە دارێک، نە پەلکە گیایەک، نە دەنگی مەلێک، نەخێر؛ هەر هیچی لێنەبوو،قاقڕ قاقڕ، تەنیا لم و تینوتاوی تیشکی ڕۆژ نەبێ. هەروەها لەوێ بە کردەوەش هیچ خواردنێکی لێنەبوو، تەنانەت ئەو ئاوە پڕ بایەخەشیان، کە ئاکنجییەکان بیری قوڵیان بۆلێدابوو، سوێر بوو، نەمتوانی لێی بخۆمەوە، هەرچەندە ئەوان هەندێ میوەیان پەیداکرد؛ ئەوان لەوێ کەمتر پەرۆشی ئاوەکەبوون، وەک من نەبوون! نشینگەکە لە دیوارێکی پاڵپشت، بورجێکی چاودێری و چەند خیوەتێک پێکهاتبوو. بە درێژایی ساڵ لە ڕادەبەر گەرم و لە زستانانیش ساردوسڕ، من پێم وا بوو لەسەر گۆی زەوی بۆ کیژێک کە خەریکبوو لەبەر دەردی گورچیلە لەناوبچێ ئەوێ دوا مەنزڵگەیە، بەڵام من لەبارەی هیچیان نەدوام. کاتێک کە چوومە نێویان بۆ ماوەی چەند سەعاتێکی کەم لەگەڵیان بووم. گوێم لە سارا گرت، لەبارەی گەشەسەندنی کیبوتەکە بۆم دەدوا، تەماشای ئەو جۆگەیەم دەکرد، کە بۆ کۆکردنەوەی ئاوی زستانە لێیاندابوو، هەندێک جاریش قسەم لەگەڵ گەنجێکی یەمەنی دەکرد کە لە ئۆرشەلیمەوە هاتبوو، بەناوی زەکەریا ڕەهابی بوو، سارا زۆری پێدڵگیربوو. لەبارەی خۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە، کە ژیان لە ریڤیڤم (بە عیبری واتای ئاونگ دەبەخشێ) ڕەنگبێ بە تەقەللایەکی کەمەوە خۆش ببێ، هەرچەندە ئەو دەوروبەرە بەیاریشی هەبوو، بەڵام کە بیرم لەوە کردەوە کاتێ لە مێهراڤیادا بووم، خەڵک چۆن بەو جۆرە ئامۆژگاریانە پەست دەبوون، بۆیە زمانی خۆم گرت و هیچم نەگوت.

لە ئەیلوولی ١٩٤٣دا، وەک شاهیدێک لە دادگایەکی سەربازیی لە فەڵەستین لەبارەی دۆزێکی پڕلەمشتومڕ بانگکرام. لە لایەن دەسەڵاتی بەریتانییەوە دوو گەنجی جوو بە دزینی چەک لەسەر فەرمانی هاگانەوە تۆمەتبار کرابوون. وەک ئەندامێکی ڤائاد هاپولیش بانگکرام تا شاهیدی خۆم لە دادگا سەربازییەکەدا بدەم. داواکاری گشتی کەسێکی ڕووگرژ و ناجسن و ناپەسەند، ناوی مێجەر باکستەر بوو، پێیەوە دیاربوو حەزی بە چارەی ئەو دوو گەنجە نەدەکرد، لە چاوی ئەوانیشەوە سەیری ڕێکخراوی بەرگریکاری

جولەکە دەکرد، گوایە بزووتنەوەیەکی بەرفرەوانی تیرۆرستین و ئاسایشی فەڵەستینیان خستۆتە بەردەم گەف و هەڕەشە. هەروەها ڕێگەی بە خۆی دابوو ئەو بەدگۆیی و بوختانەش بە یوشیڤ بکا، بەوەی بڵێ گوایە یەکێک لە هۆکارەکانی جوو بۆ سوپا ئەوەیە، دەستیان بگاتە چەک. بە ڕاستی تۆمەتەکە نەک هەر ڕاست نەبوو، بەڵکو شەڕانگێزانەش بوو. (کەس وەک من لە ١٩٧٥دا واقی لەوە ورنەما، کە نامەیەکم لە میجەر باکستەر لە ئیرلەنداوە پێگەیشت، تیایدا پیرۆزبایی ئەوەی لێکردبووم، کە لە ڕاپرسینامەی ئەمریکیدا بە خانمی ساڵ داندراوم. تیایدا نوسیبووی" ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هات و لە کارێک بگەڕێی، ئەوا من لێرە لە ئولستەر دەتوانم کارێکت بۆ پەیدابکەم، تیایدا بەهرەکانت بەکەڵکن"!)

بۆ ئەوەی ڕاستگۆبم، منیش خۆشحاڵ بووم کە دەرفەتم بۆ پەیدابوو تا ڕوانینم لەبارەی میجەر باکستەرەوە بەیان بکەم. من ئەوەم دەزانی، باکستەر لە هەموو کەسێک پتر دەیەویست بسەلمێنێ، کە ئاژانسی جوو دامەزراوەیەکی فەرمییە و هاگاناش، کە قاچاخە بە یەکەوە دەست لەناودەست کاردەکەن. من سۆزی ئەوەم بە خۆم دا، کە باکستەر هیچ شتێکم لێهەڵنەکرێنێ بەدەر لەوەی کە شایانیەتی، من قسەیەکی دایکمم کردە دروشمی خۆم، کە دەیگوت" ئەو کاتە بڵێ نەخێر کە هەرگیز لێی پەژیوان نەبیتەوە." پێم وایە ئەو لێکۆڵینەوەیەی میجەر باکستەر زۆر شت لەبارەی هەڵوێست و ڕەفتاری بەریتانیاوە لە ١٩٣٤دا لە بەرانبەرمانی دەدرکاند، لەوە پتر هەنوکە لەبارەیەوە دەنووسم. لێرە لە خوارەوە بەشێک لەو ڕاپۆرتەی لە پەخشنامەی ئینگلیززمانی فەڵەستین پۆست (ئێستا بۆتە ئۆرشەلیم پۆست) کە لە ٧ی سێپتێمبەر بڵاوبووەتەوە، وەک خۆی دەقنووس دەکەمەوە. (وشەیەک بۆ رونکردنەوە: بن شێمن ئەو گوندە تازەڕۆنراوە بوو، کە لە لایەن بەریتانییەکان بۆ گەڕان بەدوای چەک هەڵەوگێڕ کرا.)

- میجەر باکستەر: تۆ خانمێکی جوان، ئاشتیخواز و گوێڕایەڵی قانونی، ئایا تۆ وا نی؟
- گۆلدا مایەر: پێم وایە وام.
- مێجەر باکستەر: ئایا تۆ هەمیشە هەر وا بووی؟

❖ گۆلـدا مـایەر: مـن هەرگیـز بە هـیچ شـتێک تۆمەتبـار نەکراوم.

❖ مـیجەر باکسـتەر: بەڵـی، کەواتە گـوێ لەو قسـەیەی خۆتت بگرەوە کە لە ٢ی ئایاری ١٩٤٠دا کردوتە (لە نێو فایلەکەدا دەیخوێنـدەوە: "بـۆ بیسـت و دوو سـاڵە متمانەمـان بە حکـومەتی بەریتانیـا هەیە، بەڵام ناپاکییمـان لەگەڵـدا کـرا. دۆزی بـن شـیمن نمـونەیەکی ئەو پرسـەیە. ئـێمە هەرگیـز گەنجەکـانی خۆمـان بـۆ پەلاماردان فێری بەکارهێنانی چەک نەکردوون، مەگەر تەنیا بۆ مەبەستی بەرگری لە خۆکردن نەبێ. ئیدی ئەگەر ئەوان تاوانبار بـن، ئەوا هەمـوو جووەکـانی فەڵەسـتین تاوانبـارن." ئایـا چـی لەبارەی ئەوە دەڵێی؟

❖ گۆلـــدا مـــایەر: ئەگەر پرســـەکە بە بەرگـــری لە خـــۆکردنەوە پابەنـــد بـــێ، کەواتە منـــیش وەک هەر جـــووێکی فەڵەستینی لەگەڵ بەرگریکردندام.

❖ مـیجەر باکسـتەر: ئایـا لە کـوێ مەشـقی بەکارهێنـانی چەکت کردووە؟

❖ گۆلـدا مـــایەر: نـــازانم، ئایـــا پێویســـتە وەڵامـــی ئەو پرسـیارەت بـدەمەوە یـان نـا، بەڵام هەر چۆنێک بـێ مـن هەرگیـز چەکم بەکارنەهێناوە.

❖ مـیجەر باکسـتەر: ئایـا مەشـقی چەکبەکارهێنانـت بە گەنجە جوەکان کردووە ؟

❖ گۆلـــدا مـــایەر: لاوی جـــوو لە کـــاتی پشـــێوی و ڕەشـبگیریدا دەبـێ بەرگـری لە سـەر و مـاڵی جـوو بکـا. منـیش هەروەک جووەکانی دیکە دەبێ بەرگری بکەم.

❖ ســـەرۆکی دادگـــا: تکـــایە تەنیـــا پرســـیارەکان وەڵام بدەرەوە.

❖ مێجەر باکستەر: ئایا ئێوە دەزگای هەواڵگرییتـان لە هیستادروتدا هەیە؟

❖ گۆلدا مایەر: نەخێر.
❖ مێجەر باکستەر: چی؟
❖ گۆلدا مایەر: گوێت لە من بوو گوتم نەخێر.
❖ میجەر باکستەر: ئایا هیچت لەبارەی "هاگانا"وە بیستووە؟
❖ گۆلدا مایەر: بەڵێ.
❖ میجەر باکستەر: ئایا چەکیان هەیە؟
❖ گۆلدا مایەر: نازانم، بەڵام پێم وایە هەیانبێ.
❖ میجەر باکستەر: ئایا هیچت لەبارەی "پالماخ"ەوە بیستووە؟
❖ گۆلدا مایەر: بەڵێ.
❖ میجەر باکستەر: چیت بیستووە؟
❖ گۆلدا مایەر: یەکەمجار کە لەبارەی پالماخمەوە بیستم، کۆمەڵە گەنجێک بوون بە ئاگاداریی دەسەڵات، خۆیان بە شێوەیەکی تایبەت ڕێکخستبوو، ئەو کاتەش مەشقیان دەکرد، کە لەشکری ئاڵمان لە فەڵەستین نزیک دەبووەوە. بۆ ئەوەش دروستبوون، کە لە هەر بارێکی پێویستدا کاتێ دوژمن پەلاماری دا، یارمەتی سوپای بەریتانیا بدەن.
❖ مێجەر باکستەر: ئایا ئەو کۆمەڵەیە تا ئێستاش ماون؟
❖ گۆلدا مایەر: نازانم.
❖ مێجەر باکستەر: ئایا ئەوان بەگوێرەی قانون ڕێکخراوێکی ڕێگەپێدراون؟
❖ گۆلدا مایەر: هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە ئەوان ڕێکخراوێک بوون بۆ کۆمەکی سوپای بەریتانیا و بە ئاگاداری دەسەڵاتەوە دامەزران. (دوای شاهیدییەکە ئەوە دانرا، کەوا هەر ئەندامێکی هیستادروت دەکرێ ببێتە ئەندامی هاگان و پالماخ، مێجەر باکستەر پرسی ئاخۆ ئەوان ئامادەن ئەوە بکەن، وەک ئەو لە قسەکانی ١٩٤٠دا کردوویەتی.)

❖ گۆلدا مایەر: ئەوان ئامادەبوون هەر کاتێ هێرشیان بکرێتەسەر، بەرگری لە خۆ بکەن. ئێمە ئەزموونێکی تاڵوتفتمان لەم وڵاتەدا هەیە. کاتێک دەڵێم ئێمە ئامادەین، کە پارێزگاری لە خۆمان بکەین، دەمەوێ ئەوە بە تەواوی ڕوونوئاشکرا بێ. ئەو پارێزگاریکردنە هەر تیۆرییانە نییە. ئێمە هێشتا ئاژاوەکانی ١٩٢١، ١٩٢٢ و ١٩٢٩ و ئەو چوار ساڵە پشێویەی نێوان ١٩٣٦ تا ١٩٣٩مان لەبیر نەچووەتەوە. هەموو کەسێک لە فەڵەستین بە دەسەڵاتیشەوە ئەوە دەزانێ، بەوەی نەوەک هەر بە تەنیا لەوێ هیچ شتێک نەدەما بەڵکو ئەگەر خەڵکەکە ئامادەی بەرگری لەخۆکردن نەبووبان، ئەگەر گەنجەکان نشینگەکانیان نەپاڕاستبا، ئەوا ناموسی جووایەتیش لەکەدار دەکرا.

❖ مێجەر باکستەر: ئایا ئەوە نازانی کە حکومەت ٣٠،٠٠٠ جووی کردۆتە پۆلیسی چەکدار؟

❖ گۆلدا مایەر: بەڵێ، دەزانم، ئەوەش دەزانم، کە حکومەت پێش ١٩٣٦یش ئەو شتەی کردبوو، بەڵام هیچ کەسێک لە حکومەت ناتوانێ حاشا لەو ڕاستییە بکا، ئەگەر جوو ئامادەی بەرگری لە خۆ کردن نەبێ، ئەوا شتی ماڵوێرانکەرمان بەسەردا دێ. لەوەش پتر ئێمە شانازی بە جووەکانی گیتۆی وارشۆوە دەکەین، کە بەرانبەر چەوسێنەرەکانیان وەستانەوە، هەرچەندە بێ چەکیش بوون، دڵنیاشم ئەوان نموونەیەکن بۆ بەرگری لەخۆکردنی جووەکانی فەڵەستین.

❖ مێجەر باکستەر: ئەرێ چ لەبارەی دۆزی دزینی ٣٠٠ تفەنگ و تەقەمەنی لەنێو سوپادا دەڵێی؟

❖ گۆلدا مایەر: ئێمە پەرۆشی ئەو شەڕە و سەرکەوتنی هێزە چەکدارەکانی بەریتانیاین، لە ڕوانگەی ئێمەوە چەکدزین لەو سوپایە تاوانە.

❖ مێجەر باکستەر: بەڵام ئایا ئەو چەکانە بۆ هاگانا سودبەخش نین ؟

❖ گۆلدا مایەر: هیچ جوویەک نادۆزیتەوە لەو جەنگەدا و بۆ سەرکەوتنی هێزی بەریتانی بە پەرۆش نەبێ.

❖ مێجەر باکستەر: ئایا تۆ مەبەستت ئەوە، ئایا تۆ ئەوە دەڵێی، کە تفەنگەکان هەر بە خۆیان ڕۆیشتوون؟ (کارتێکی مۆڵەتپیدراوی داوالێکەرێکی نیشانی شاهیدەکە دا) ئەو کارتی لە ڕێسا بەدەرکردنە ئاماژە بە سەربازگیریی دەدا؟ (ئیفادەی شاهیدەکان ئەوەیە کە ئەوە نهێنی نەبووە، کە ئاژانسی جووەکان بۆ ماوەیەک هەڵمەتی هێنانەڕیزی ڕاگەیاندوە، گوایە هەر جوێکی لێهاتوو دەبێ لەنێو هێزی چەکدار جێی خۆی بکاتەوە. "گۆلدا گوتی" ئێمە لە ١٩٣٣ەوە لەگەڵ هیتلەردا لە جەنگداین.")

❖ سەرۆکی دادگا: ئایا تۆ پێت وانییە، کە حکومەت باشترین سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی ئایا سەربازگیری جاڕبدرێ یان نا؟ ئایا ئەوە مایەی ژیری نییە کە دڵسۆز و گوێڕایەڵ بی بۆ بڕیارەکانی حکومەت لە وڵات سەبارەت بە سەربازگیریی؟

❖ گۆلدا مایەر: ئێمە ئەو پێگەیەمان لە فەڵەستیندا نەبوو کە سەربازگیریی ڕابگەیەنین، لێ لە سەرێکی دیکەوە هەردووکیان چ حکومەت و چ سوپا داوایان لە جووەکان کرد بچنە ڕیزی هێزەچەکدارەکان و داوای یارمەتییان لە ئاژانس کرد، ئێمەش بە ڕاستمان زانی و تێمانگەیاندن، کە ئەم جەنگە، جەنگی ئێمەشە.

❖ مێجەر باکستەر: ئایا تۆ ئەوە بە خۆبەخش دەزانی کاتێ پیاوێک لە کارەکەی دەربکرێ ئەگەر هات و ناوی لە لیستی ناونووسینی هێزدا نەبێ؟

❖ گۆلدا مایەر: ئەوە تەنیا گوشارێکی مۆرالیی بوو. ئەو شەڕە واتای زیاتری بۆ جولەکە دەگەیاند لە یەکێکی دیکەی غەیرەجوو. (ئەوە لە لایەن پارێزەی بەرگری د. جۆزیف ڕاست کرایەوە، کە خانم مایەرسۆن گوتی تەنانەت ئەفسەرە پلە باڵاکانی بەریتانیایش بەشداربوون لەو هەڵمەتەی ئاژانسی جوەکان بۆ

سەربازگیریی، هەندێکیشیان چوونە هیستادروت داوای ڕاوێژ و یارمەتیان سەبارەت بە هەڵمەتی چوونە نێو ڕیزی سوپای بەریتانییەوە کرد.)

❖ د. جوزیف: ئایا ئەوە ڕاستبوو کەوا کوشتارگەیەکی سامناک لە هیبرون ڕوویدا و نزیکەی هەموو جووەکانی تێدا فەوتان، هەر لەبەر ئەوەی کە هیچ بەرگریکارێکی جووی تێدا نەکرا؟

❖ گۆلدا مایەر: بەڵێ، ئەوە لەساڵی ١٩٢٩دا بوو، هەمان شتیش لە هەمان ساڵدا لە سافاد قەوما؛ لە ١٩٣٦دا شەوە کوشتارگەیەکی سامناک لە بەشە جوونشینەکەی تەبەریا ڕوویدا، ئەوەش هەمووی لەبەرئەوەبوو، کە هیچ هاگانای لێ نەبوو.

❖ مێجەر باکستەر: ئایا هاگانا پێش جەنگ هەڵگیرسان، چەکدار بوو؟

❖ گۆلدا مایەر: من ئەوە نازانم، بەڵام مەزەندەم وایە وابووبێ. چونکە پێش جەنگیش ڕەشەکوژی و ئاژاوە هەبوو.

❖ سەرۆکی دادگا: من داوات لێدەکەم تەنیا پابەندبە بە دۆزەکە و مەچۆرەوە سەر پاشخان، ئەگەرنا ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە سەر دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر.

❖ گۆلدا مایەر: ئەگەر هاتبا و بەر لە دوو هەزار ساڵ کێشەی جوو چارەسەرکرابایە....

❖ سەرۆکی دادگا: بێدەنگ بە!

❖ گۆلدا مایەر: من ئەو شێوازەی ئاڕاستەکردنەت ڕەتدەکەمەوە.

❖ سەرۆکی دادگا: تۆ پێویستە بزانی چۆن لەنێو دادگادا ڕەفتاربنوێنی.

❖ گۆلدا مایەر: بە داوای لێبوردنەوە، کە قسەم پێبڕی، بەڵام خۆ تۆش نابێ بەو شێوازە لەگەڵمدا بجوڵێیتەوە.

ڕۆژی دواتر چوومە هێرتزلیا سەردانی ماڵە باوانم. دایکم دەرکەی لێکردمەوە و گوتی:" باوکت هەموو بەیانییەکەی هەر لە دەرەوە بووە تا ڕۆژنامەکان نیشانی دراوسێکان بدا و بە هەموو خەڵکی بڵێ" سەیرکەن، سەیری گۆلدای من بکەن."

هێشتا زۆربەی خەڵکەکە هەر لەو باوەڕەدابوون گەر هاتبا و جەنگەکە بە بردنەوەی بەریتانیا برابایەوە، ئەوا بەریتانیا بە سیاسەتی کێفەڕاتبارانەی فەڵەستینیدا دەچووەوە. بەلای کەمییەوە لە ١٩٤٥دا ئێمە لەوە دڵنیابووین، کە ئەو جووە دەربازبووانەی هێشتا لەئەوروپا لە ژیاندا ماون، ڕێگەیان پێدەدرێ بەرەو فەڵەستین کۆچ بکەن. ئیدی وا دادەنرا هەر لە دوای جەنگ قۆناخێکی دیکە دەستپێدەکا و کتێبی سپی هەڵدەوەشێنرێتەوە، بەتایبەتیش کە دوای جەنگ لە بەریتانیا حکومەتی پارتی کرێکاران هاتەوە سەرکار. بۆ ماوەی سی(٣٠)ساڵ کرێکارانی بەریتانیا سیاسەتی بەرتەسککردنی ڕەوتی کۆچبەرانیان بۆ فەڵەستین مەحکومدەکرد و هەر لێدوان لەسەر لێدوانیش بە لایەنگریی زایۆنیزم دەدا. بە ڕاستی شتێکی زۆر ساویلکانە بوو بڕوا بەوە بکەین ئیدی بەو پێشهاتانە هەموو شتێک دەگۆڕدرێ، بەڵام هەر چۆنێک بێ هۆکاری بڕواکردنەکانیشمان نالۆژیکیانە نەبوو، بەتایبەتی لەبەر تیشکی ئەو دیمەنە سامناکەی سەدان هەزار لەڕولاوازی دەربازبوو، کە بە کەچوکرۆمی لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، خۆیان بە باوەشی هێزە چەکدارە ڕزگارکەرەکانی بەریتانیا دادەدا.

هەڵبەتە ئێمە لە مەزندەکردنەکەماندا هەڵەبووین. بە دڵنیاییەوە سیاسەتی بەریتانیا گۆڕا، بەڵام گۆڕانێک بەرەو خراپتر. حکومەتی ئەتلێی[67] نەک هەر کتێبی سپی هەڵنەوەشاندەوە بەڵکو ڕایگەیاند، کە مایەی شەرمەزمەندی نییە هیچ بەڵێنێک لەمەڕ فەڵەستین بهێنرێتەدی، لەوەش خراپتر نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکو بۆ ملیۆنان کرێکار و سەربازی بەریتانیاییش. ئێرنست بێڤین وەزیری نوێی دەرەوەی بەریتانیا سیاسەتێکی خۆی وەک "دوا چارەسەر" بۆ کێشەی جووەکانی ئەوروپا هەبوو، ئەوانەی لانەواز

---

[67] Attlee (١٨٨٣-١٩٦٧) سەرکردەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا و سەرۆوەزیرای دوای جەنگ-وەرگێڕ

ماونەتەوە. ئەگەر ئەوان ئەو هەموو بێلانانە بە یەکەوە کۆبکەنەوە هەوڵیان بۆ بدەن، ئەوا هەر لە ئەوروپا جێگەیان بۆ بکەنەوە. ئەوەش لەبەرچاو نەدەگیرا و قەیدی نەدەکرد، کە ئەوروپا بۆتە گۆڕستانیکی گەورە بۆ ملیۆنان کوژراو، یاخود کە ئەو لانەواز و پەڕپوت و بەستەزمانانە، کە تەنیا یەک شوێنیان لەسەر ئەم گۆی زەمینە شک دەبرد، ئەویش فەڵەستین بوو.

ڕاستییەکەی ئەوە بۆ من سەخت بوو، بەڵکو ئەستەم بوو بڕوا بەو پرسە بکەم لەجیاتی ئەوەی یارمەتیمان بدەن – کە بە شکۆییانە پێشتر بەڵێنیان دەداینێ- و بناخەی قەوارەیەکی سەربەخۆی جولەکەمان بۆ لە فەڵەستین دابمەزرێنن، کەچی حکومەتی کرێکارانی بەریتانی کە لەدوای جەنگ دێتە سەرکار، خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکا سەربازەکانی بنێرێتە شەڕی خەڵکانێک، کە تەنیا یەک شتیان داخوازبوو: لێیانبگەڕێن ئەو ڕۆژانەی لە ژیانیان ماوە، لەگەڵ جووەکانی دیکە لە فەڵەستین بژین. هەموو ڕێوشوێنێک لەبەرچاوگیرا، کە لەداواکاری تێپەڕاندبوو، بەڵام بیڤین بە سیاسەتێکی کەللەڕەقی شێتانەی ئاوەژوکەرانەی بێ پێشینە بەرانبەریان وەستایەوە، وەک ئەوەی چارەنووس و پاشەڕۆژی سەرتاپای ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا لەسەر ئەوە وەستابێ، ئەو سەدهەزار جووە نیوەمردوە دەربازبووەی تونی مەرگ لە ئەوروپا ڕێگەی چوونە نێو فەڵەستینیان لێ بگیرێ. من نە ئەوکات و نە هەنوکەش لەو سیاسەتی تووڕەی ڕاوەدونانی ئەوکاتی حکومەتی بەریتانیا تێنەگەیشتم. بەڵام هەر ئەو تووڕەبوونەبوو هیچ جێگرەوەیەکی(ئەلتەرناتیڤێکی) دیکەی بۆ ئێمە نەهێشتەوە، کە ڕووبەڕووی ئەو دارِسانە ببینەوە، هەرچەندە ئێمە ئەوکات ئامرازی ڕاپەڕاندنی ئەو کارەشمان نەبوو. لەنێوان هاوینی ١٩٤٥ەوە تا زستانی ١٩٤٧دا ئێمە ٧٠،٠٠٠ جوومان لە ئۆردوگاکانی ئاڵمانیای دیموکراتەوە گەیاندە فەڵەستین. هەرچەندە بەلەم و گەمی پەڕپوتمان هەبوو، هەروەها گەمارۆی بەریتانیاش بەردەوام و توند بوو، سەیربوو کە ئەمەش لە لایەن حکومەتێک تا دوێنێ بوو بەشانوباڵی زایۆنیزمیان هەڵدەدا، تەنانەت خۆشم گوێم لە پەسنی هەندێکیان بوو لە کۆنگرەی حزبەکەیان.

ململانێی ڕاستەقینە دەکرێ بۆ ١٩٤٥ بگەڕێتەوە، بەڵام پێم وابێ ساڵی ١٩٤٦ ساڵی بڕیاردان بوو. پاشخانە دەردەستەکەشی ئەو هەڵوێستە سەرسامهێنەی حکومەتی بەریتانیا بوو، کە داوایەکی کەسیی ترومانی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بۆ ڕێپێدانی ١٠٠.٠٠٠جووی پەناخوازی ئاڵمان و ئوتریش ڕەتکردەوە، کە ڕێگەیان پێبدرێ بێنە فەڵەستین، ئەوەش —لەگەڵ هەبوونی کتێبی سپی- لەسەر بنەمای بەزەیی و مرۆڤدۆستییانە بوو. کەچی هەر دوو بەڕێز ئەتێلیێ و بێڤین پێیان وا بوو، کێشەی ئاوارە جووەکانی ئەوروپا هەر بۆ هەراسانکردنی حکومەتی بەریتانیا دەوروژێندرێ، بۆیە بە نەخێر وەڵامی ترومانیان دایەوە. ئەوەشیان خستە سەر، گەر بێتو حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کێشەی جوو بە خەم بێ، با هەوڵبدا چارەیەک بۆ کێشەی فەڵەستین بدۆزێتەوە. ئیدی کۆمسیۆنی ئانگلۆ-ئامریکی بۆ لێکۆڵینەوە لەکاتی خۆی پێکهات. کۆمسیۆنەکە سەردانی ئۆردوگاکانی ئاڵمانیای دیموکراتی کرد، گوێی لە جووەکانی ئەوێ گرت، کە ڕایانگەیاند تەنیا دەیانەوێ بچنە فەڵەستین، قسەشیان لەگەڵ سەرکردە جووەکانی بەریتانیایی و ئەمریکاییدا کرد، ئەوسا لە بەهارێکی زووی ١٩٤٦دا گەڕانەوە فەڵەستین تا دانیشتنی زیاتری گوێلێگرتن ئەنجام بدەن.

لە ٢٥ی ئاداری ١٩٤٦دا من وەک نوێنەری هیستادروت لەبەردەم کۆمسیۆنەکەدا ئامادەبووم. جارێکی دیکە ڕاستییەکان (ڕەنگبێ مایەی لێبوردن بێ لەو کەسەی، کە وابزانێ هەموویان بە ڕاستییەکان ئاشنان) بە سەرپۆشە دیرۆکییە جووەکەی و هەوڵەکانیان لە فەڵەستین دووبارە کرانەوە. هەوڵمدا ئەوە ڕوونبکەمەوە، ئاخۆ ئەو شتە چییە کەوا لە فەڵەستینەوە سەیری کوشتارگەی ملیۆنان جوو بکەیت، کەچی توانای ئەوەشت نەبێ لە ئاستیدا هیچ شتێک بکەیت. هەروەها هەوڵمدا کۆمسیۆنەکە لەوە ئاگاداربکەمەوە، کە ئێمە بەوەی کۆتاییهێنان بەم ڕەوشە خۆمان یەکلاکردووەتەوە، هەروەک چۆن شاعیری گەورەی عیبری حایم ناخمان بیالیک هاواریکرد" بێ واتا ژیان و بێ واتا مردن"ی خەڵکەکەمان.

لەوێدا گوتم: "من بەنوێنەرایەتی سەد و شەست هەزار ئەندامی هیستادروت دەسەڵاتم پێدراوە بۆ ئەوەی بە زمانێکی ڕوونوئاشکرا ڕابگەیەنم، کرێکارە جووەکان هیچ شتێک لەم وڵاتە نەماوە ئامادەکارییان بۆ نەکردبێ، تا ئەو ژمارە قەبەیەی کۆچبەرانی جوو بێ هیچ سنوور و مەرجێک لەخۆ بگرن...." بەڵام ئایا ئەندامە بەڕێزەکانی کۆمسیۆنەکە لەوە تێگەیشتن کە گوتم؟ من دەمەویست دڵنیابن لەوەی پرسەکە ئاڵۆزکاو نییە، بۆیە بڕیارمدا پێیان بڵێم، ئەو هەستەم چۆن بوو کە لە ژووری دادگا بوەستم و "ئیفادەی" خۆم لەبارەیەوە بدەم. ئەوە نابێتە مایەی ئازار بەڵکو ڕەنگبێ کۆمەکبەخش بێ. پاشان ئەوان خەڵکی ڕۆشنبیر و شارستان بوون، پێمگوتن:

*بەڕێزینە هەرچەندە ئێوە ئەوەندە بەختیارن کە سەر بە دوو نەتەوەی مەزنی دێموکراسی بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، تەنانەت لەگەڵ نیازی پاک و باشیشەوە، بەڵام نازانم ئاخۆ لە دۆزەکەمان دەگەن یان نا، بێننەبەرچاوی خۆتان ئاخۆ ئەوە چی دەگەیەنێ ئەندامی گەلێک بی مافی بوونی هەبێ، کەچی بەردەوام لێی بپرسەوە: مافی ئێمە لەوەی کە جوو بین وەک هەین نە زیاتر و نە کەمتر لە خەڵکی دیکە، زمانی خۆمان هەبێ، کلتوری خۆمان هەبێ، مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆمان هەبێ و ئامادەیی خۆمان هەبێ بۆ گرێدانی ڕایەڵی دۆستایەتی و هاوکاریی لەگەڵ گەلانی نزیک و دوور. بە یەکەوە لەگەڵ کۆن و تازە دەربازبووەکانی ئۆردوگاکانی ئاڵمانیای دیموکرات، کرێکارە جووەکانی ئەم وڵاتە بڕیاریان داوە کە لەگەڵ ئەو بارە بێ کۆمەکییە بڕۆن و پشت بە یەکدی ببەستین. ئێمە هەر ئەوەمان دەوێ، کە ئاساییانە دراوەتە هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینە، بۆ ئەوەی کوێخای چارەنووسی خۆمان بین- تەنیا چارەنووسی خۆمان نەوەک هی کەسانی دیکە؛ بۆ ئەوەی بەڕاستی بژین نەک بچەوسێنرێینەوە، دەرفەتی*

*ئەوەمان هەبێ منداڵە دەربازبووە جووەکان پێبگەیەنین، ئەوانەی هیچ شتێکی وایان لەم دنیایەماندا نەماوە، لەو وڵاتە تا لەگەڵ ڕۆڵەکانمان کە لێرە لەدایکبوون گەورە ببن، بێ ترسوبیم و سەربەرزانە. لێرە منداڵەکانمان لەوە تێناگەن بۆچی هەبوونی جوو وەها لەژێر پرسیاردایە. بۆ ئەوان شتێکی سروشتییە، کە جوو بیت.*

بەڵام من نەمتوانی لە سیمای دەموچاوی ئامادەبووان ئەوە هەڵبکرێنم ئاخۆ لێمتێگەیشتن یان نا. لێ بە لای کەمییەوە سێ ئەندام لە کۆمسیۆنەکە هەرچەندە بوونە دۆستی نزیکمان کە بارتلی جروم، ڕیچارد کرۆسمان و جێیمس گی ماکدۆنالد بوو. ماکدۆنالد بووە یەکەمین باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەوڵەتی ئیسرائیل.

لەو کاتەدا فەڵەستین وڵاتێکی پڕ لە هەرا بوو. گەمی لە دوای گەمی دەهات و ئاوارەی لە کەنارەکان فڕێدەدان بۆ ئەوەی بەریتانییەکان ژمارەکە لە ژمارەی کۆچبەرە "قاچاخەکان" دەربهێنن، کە لەو مانگەدا مۆڵەتنامەی هاتنە نێو وڵاتیان پێداون، کاتێکیش هاگانا ڕازی نەبوو هاتنەکەیان بوەستێنێ، بەریتانییەکان دەستبەجێ پەنایان بۆ ڕێسا و قانونە توندەکانیان برد.

لە نیساندا، کاتێک کۆمسیۆنەکە خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان بوون، بەریتانییەکان هەنگاوێکی دیکەیان دژی پەنابەران هاوێشت. دەسەڵاتی بەریتانی هەر ئەوەندەیان بەس نەبوو، کە هێزی دەریاوانی، ئاسمانیی و هەزاران سەربازی بەریتانی بە پاسکردنی کەنارەکانی فەڵەستینەوە سەرقاڵکردبوو، هەوڵیاندەدا "گوناهبارە سیاسییە مەترسیدارەکان" بخەنەداو. ئەوانەی دەیانەویست یارمەتی دەربازکردنی ئاوارەکانی ئۆردوگاکانی ئاڵمانی دیموکرات بدەن. ئیدی شەڕەکە پەڕیەوە وڵاتێکی دیکە. دوو گەمی هاگانا (یەکیان فێدە بوو دواتر ناوی دۆڤ هۆسی لێنرایەوە، دووەمیشیان بەناوی ئیلیاهۆ گۆلۆمب کرا) لە لاسپێزیا لە ڕیڤێریای ئیتالیادا پێش ئەوەی تەکانی دەرچوون بەرەو فەڵەستین بدا، گیرا. گەمیەکە ١٠١٤ پەنابەری لەسەر پشتی

خۆی هەڵگرتبوو. لەژێر گوشاری بەریتانییەکان، حکومەتی ئیتالیا ڕێگەی نەدا گەمییەکە بەڕێبکەوێ، هەرچەندە پەنابەران ڕەتیانکردەوە لە گەمییەکە دابەزن. ئەوان جاڕی مانگرتنیان لە خواردن دا، گوتیشیان ئەگەر داری زۆریان لەگەڵدا بەکاربهێنن، ئەوا خۆیان دەکوژن و گەمییەکەش نغرۆدەکەن.

من گومانم نەبوو ئەوان لە بێئومێدیاندا ئەو کارە بکەن، منیش بەرگەی بیرۆکەی خۆکوشتنی ئەو خەڵکە شەکەت و بەستەزمانانەم نەدەگرت، کە هەموویان وەک ساردین لەسەریەک کەڵەکە بووبوون، خۆیان تەنانەت لەو کەمە خواردنەش بێبەشکرد کە گەیاندبوومانە بەردەستیان. ئەگەر هاتبا و ئێمە نەمانتوانیبا گەمییەکە بێنینەوە، ئەوا بە لای کەمییەوە دەبوووایە نیشانی کۆچبەران –و باقی دنیا – بدەین کە ئاخۆ ئێمە چەند پڕوتوڕەین. سەرەتا چوومە ڤائاد هاپول ئەوسا بۆ لای ڤائاد لیومی (ئەنجوومەنی نەتەوەیی جوو، کە نوێنەرایەتی سەرتاپای کۆمەڵگاکانی یوشیڤی دەکرد و ڕێمزیش سەرۆکی بوو) و پیشنیازم کرد، بۆ سووککردنی باری پەنابەرانی لاسپێزیا جاڕی مانگرتن لە خواردن بدەین. ئێمە دوو مەرجمان دانا: هەر گروپێکی گەورەی یوشیڤ لە نوێنەرێک زیاتر بۆ ڤائاد لیومی لە ئۆرشەلیم نەنێرێ، چونکە ئەوێ شوێنی مانگرتنەکە بوو، مەرجی دووەمیش تەنیا پازدە کەسی تەندروست بۆیان هەیە بەشداریی مانگرتنەکە بکەن.

لاقەکانی منیش لەسەر زەمینەیەکی لەرزۆک بوون، چونکە نەساخ بووم، بۆیە مایەی سەرسوڕمانم نەبوو، کە پزیشکەکەمان پێیگوتم، نابێ بەشداری مانگگرتنەکە بکەم. من بە دکتۆرەکەمم گوتەوە: "بەڵێ باشە، تۆ شتێکم بۆ دیاربکە، ئەوەتا دەچمە ڤائاد لیومی و ماندەگرم یاخود لە ماڵ بە ڕۆژوو دەبم. تۆ نابێ ئەوەم لێ ڕەچاوبکەی نەچمە نێو مانگرتووەکان." ئەو بەمە خۆشحاڵ نەبوو، بەڵام لە دواییدا ملی ناو مۆڵەتنامەی مانگرتنی خستە نێو دەستم. من بە تەنیا نەبووم، کە کێشەی لەشساخیم هەبووبێ، شازاریش نەخۆش بوو، بەڵام ئەو چووە لای دکتۆرێکی دۆست و بێ هیچ کێشەیەک مۆڵەتی وەرگرت (هەرچەندە دوای شکاندنی مانگرتنەکە ڕاستەوخۆ گەیاندیانە نەخۆشخانە و نزیکەی مانگێک لەوێ مایەوە تا هاتەوە سەرخۆی).

ئێمە جێگەمان لە فەرمانگەی ڤائاد لیومی ڕاخست و بۆمان هەبوو لە کاتی تێنوێتیدا تەنیا چا بخۆینەوە ئەمما بە بێ شەکر، بەڵام تا ١٠١ سەعات بێ هیچ خواردنێک، سوپاس بۆخوا جگەرەکێشان قەدەخە نەکرابوو. ئەوێ ڕۆژێ یەک کێشەمان هاتەپێش، ئەویش لە ڕۆژی سێیەمدا بوو کە ڕێکەوتی سەرەتای جەژنی هەڵسانەوەی دەکرد، ئیدیهێرزۆگ سەرۆکی ڕابانیەکان پێی ڕاگەیاندین، بەگوێرەی شەریعەتی جوو دەبێ مانگرتنەکەمان بشکێنین، چونکە هەموو جوو دەبووایە لە سیدەر[68] نان بخۆن. بۆیە ئێمە ڕاوێژێکمان کرد، بە ئەزموونەکان لەنێوماندا پێیان گوتین، ئێمە نابێ لەتە نانێکی بچوکی ماتزۆ (کە لە زەیتونێک گەورەتر نەبوو) بخۆین، بۆیە بەم جۆرە لەسەر مانگرتنەکەمان بەردەوامبووین. جەژنی سیدەری شەوەکە زۆر گەرموگوڕ بوو. ئیدی لە ماوەی مانگرتنەکەماندا مەیدانی تەنیشتمان پڕ لە جوو بوو، نوێژ و نزا و قسەیان بۆ دەکردین، نێردەش لە سەرتاپای وڵات هاتن و هیوای لەشساخیان بۆ دەخواستین. ڕۆژێکیان کە مایەی شادمانیم بوو، مناحێم و سارا دەرکەوتن و بنگۆریۆنیش زۆرجا دەهاتە لامان، هەرچەندە ئەو لەبەر چەند هۆیەک دژی مانگرتنیش بوو. لە ڕووی تیۆرییەوە تەنیا یەکجار لە ڕۆژێکدا مۆڵەت هەبوو خەڵک بێتە سەردانمان، ئەویش بە ڕۆژ لە نێوان سەعات ١٢ تا ١ی دوای نیوەڕۆدا بوو، بەڵام لە ڕاستییدا بە دەگمەن لامان چۆڵ دەبوو.

لە یادمە چەند خولەکێک بەر لە دەستپێکردنی مانگرتنەکەمان، بڕیارماندا سەرێکی ئەمینداری گشتیی حکومەتی فەڵەستین بدەین و دوا داخوازی ڕێگەدانی گەمییەکەی لاسپیزای لێبکەین. ئەو گوێی لێگرتین دواتر ڕووی لە من کرد و گوتی: "خانم مایەرسۆن، ئایا بۆ چرکەساتیکیش بێ پێتوایە حکومەتی شاژنی شکۆدارمان بیەوێ سیاسەتەکەی هەر لەبەر ئەوە بگۆڕێ ئاخۆ ئێوە نان دەخۆن یانا." منیش وەڵاممدایەوە: " نەخێر، من ئەو خەیاڵپڵاویەم لەمێشکدا نییە. کە مەرگی شەش ملیۆن کەس سیاسەتی

[68] Seder : سیدەر جەژنێکی جووە بۆ یادکردنەوەی دەرچوونیان لە میسر بە ڕابەرایەتی موسا، جەژنەکەش دوو ڕۆژ دەخایەنێ-وەرگێڕ

حکومەتیان نەگۆڕی، ئەوەش ڕەچاوناکەم نان نەخواردنی من سیاسەتەکەی پێ بگۆڕێ، بەڵام هەر هیچ نەبێ خۆ دەبێتە هێمایەکی هاوپشتی بۆ ئەوان."

لەگەڵ ئەوەشدا مانگرتنەکە کاری خۆی کرد. لە ٨ی ئاداردا هەردوو گەمییەکە دۆڤ هۆس و ئیلیاهۆ گۆلومب لەژێر چاودێرییەکی توندی هێزەکانی بەریتانی گەیەنرانە کەنارەکانی فەڵەستین و وەک پێویست مۆڵەتنامەی هەر 1.014سەرنشینەکان درا، بەڵام لە ڕێژەی مانگەکەیان دەرهێنان. هەر هەمان مانگ کۆمسیۆنی ئەنگلۆ- ئەمریکایی ڕاپۆرتەکەیان بڵاوکردەوە. پێشنیازی ئەوە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو، کە بەیەک جار ڕێگای ١٠٠.٠٠٠ کۆچبەر بدرێ، ڕێنمایی پرسی کڕین و فرۆشتنی کتێبی سپیش هەڵبوەشێتەوە. هەروەها پێشنیازی ماوەدرێژیش هەبوو، کە مانادات بەرفرەوان ببێ بۆ چاودێرییەکی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام جارێکی دیکە مستەر بێڤین گوتیەوە نەخێر. ئاخر ئەو دەیگوت ئەگەر ڕێگای ١٠٠.٠٠٠ جوو بدرێ بۆ فەڵەستین، کە عەرەب نایانەوێ، ئەوا بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشی فەڵەستین پێویستی بە سەرتاپای سوپای ئیمپراتۆریەتی بەریتانی دەبێ. منیش لە کۆنگرەی حزب لە حەیفادا گوتم: "لەم بارودۆخەدا، ئێمە دەبێ ئەوە بۆ مستەر بێڤین بسەلمێنین ئەگەر هات و سیاسەتەکەی نەگۆڕێ، ئەوا دەبێ سوپاکەی بۆ بەگژداچوونەوەمان بنێرێ." مستەر بێڤین لەم کارەی زۆر دڕدۆنگ بوو، کەچی هەر کردی.

لە ڕاستییدا لە شەممەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا حکومەتی بەریتانیا شەڕی دژی یوشیڤ ڕاگەیاند. سەد هەزار سەربازی بەریتانی و نزیکەی دوو هەزار پۆلیس بەربوونە گیانی خەڵک و خزانە نێو دەیان کیبۆت و گوند؛ بەسەر دامودەزگا نیشتمانییەکانی جووانیان دادا وەک ئاژانسی جولەکان، ڤائاد لومی و ڤائاد هاپۆل؛ ڕەوشی ئاوارتەیان بەسەر هەموو شار و شارۆچکە جوونشینەکانی وڵاتدا سەپاند و زیاتر لە ٣.٠٠٠ جووشیان گرت، لەنێویاندا زۆر لە سەرکردەکانی یوشیڤی تێدابوون. مەبەستی ئەو هەرایە سێ سەرەبوو: یەکەمیان بۆ تێکشکاندنی ورە و مۆڕالی یوشیڤ و سزادانی بوو، تاکو هاگانا تێکبشکێنن و بە یەکجاریش کۆچی "بەقاچاخ-ناقانونی" جووەکان بوەستێنن و بەرپرسەکانی بەقاچاغهێنانەکەش سزا بدەن، بەڵام لە

هەر سێ ڕووەوە شکستیانخوارد، کەچی لەو"شەممە ڕەشەوە" (کە هەنوکە لە ئیسرائیل وەها ناودەبرێ) فەڵەستین بە واتای وشە، بووە دەوڵەتێکی پۆلیسی.

بەختمان لەوەدابوو پێشتر بە جۆرە ئۆپەراسیۆنێکی وامان دەزانی. بۆیە بە دەیان فەرماندەی هاگانا خۆیان شاردەوە، چەکەکان گواسترانەوە بۆ حەشارگەی دیکە، کۆدەی نوێش دارێژران. هەر چۆنێکیش بێ بنگۆریۆن لە دەرەوە بوو، بەڵام ریمز، شارێت و هەموو ئەندامانی ئاژانسی جوو و ڤائاد لیومی گیران و ڕەوانەی ئۆردوگای لاتورن کران. لەو ڕەشبگیرییەدا من نەگیرام، هەرچەندە خەڵکی وەها هەبوو دەیگوت، خراپترین شت کە دەسەڵاتی ماندات دەرهەق منی کردبێ، ئەوە بووە! لەوانەیە من بۆ ئەوان زۆر گرنگ نەبووبم یاخود نەیانویستبێ ژنێک بخەنە زیندانی لاتورنەوە. هەرچۆنێک بێ، مایەی شەرەف بوو ئەوکات بگیرابای و ڕەوانەی لاتورن کرابای. یەکێک لە هاوڕێکانم وا مەراق بووبوو کە دەستگیرنەکرابوو بۆیە لەجیاتی ئەوەی خۆی بشارێتەوە هەموو ڕۆژەکە بە ناو شەقامەکاندا دەسوڕایەوە، بەڵکو بیگرن کەچی لە دواییدا پۆلیس پێی گوتبوو برۆماڵی خۆت دانیشە. بە بیرمە کە پاولا هاوسەری بنگۆریۆن (ئەو ژنەی لەبەر سەلیقەی خۆی ناسراو نەبوو) هەر دوای چەند سەعاتێکی کەم زەنگی بۆ لێدام: "ئەرێ گۆلدا، تۆ هێشتا هەر لە ماڵەوەی؟ ئایا نەهاتن تۆش بگرن؟ "منیش پێم گوتەوە نەخێر، ئەوسا تەلەفونەکەی داخست. پاشان دیسان تەلەفونی کردەوە: "ئەرێ گۆلدا هێشتا هەر نەهاتن؟" ئەو هەموو تەلەفونانە وەک ئەوەی کەس گوێی بۆ هەڵنەخستبێ.

بەریتانییەکان نەک هەر خەڵکیان دەستبەسەرکرد و بە دوای چەک و بەڵگەنامەدا دەگەڕان، بەڵکو زیانێکی بەدرەوشتانەشیان نایەوە. (یاگور) کە یەکێک بوو لە کیبۆتە گەورەکان بۆ هەموو هەفتەکە هەر بە داگیرکراوی لە لایەن هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا مایەوە. بەریتانییەکان جبەخانەیەکی هاگانایان لەوێ دۆزیبووەوە، بۆیە کیبۆتەکەیان لەبارییەک هەڵوەشاندەوە. ئەو ئاکنجیانەش کە لە لایەن بەریتانییەکان گومانی ئەوەیان لێدەکرا ئەندامی هاگانا بووبن، ناوی خۆیان نەدابوو تەنیا بە ناوی "جووەکانی فەڵەستین"

ناوی خۆیان بردبوو. هەموو پیاوەکانیان ڕاپێچی ئۆردوگای دەستبەسەرییدا کردبوون و بە تەنیا ژن و منداڵەکانیان لە یاگور هێشتبوونەوە. کاتێکیش سەربازەکان ئەوێیان چۆڵکرد، چووم تا زیانەکان بە چاوی خۆم ببینم، من هەرگیز وێنەی منداڵانی کیبۆتنشینم لەبیرناچێ کە چاویان بە گوللە ڕژابوون.

لەو کاتەی شارێت لە لاتورن دەستبەسەربوو، من جێگەی ئەوم لە سەرۆکایەتیکردنی هۆبەی سیاسی ئاژانسی جووەکان گرتبووەوە. ئیدی لەو پێگەوە پێشنیازی ئەوەم کرد، دەبێ لە وەڵامی ئەو ڕەشبگیرییە سەرتاسەرییەدا، کە هەزاران کەسی گرتەوە، دەبێ یوشیڤ تەنیا مەدەنیانە کاردانەوەی هەبێ. هەر تەنیا ئەوە نەبوو، کە مەحاڵ بوو لەئاست ئەو ڕەوشەدا بێدەنگ بین، بەڵکو دەبووایە کارێکی کاریگەرانەمان بکردبایە، دەنا دڵنیابووم لەوەی، کە ئیرگون زاڤی لیومی و گرووپی ستێرن جڵەوی ڕەوشەکەیان دەخستە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە.

کات و شوێن بۆ هەموو شتێک هەیە، بەڵام ئەم کتێبە جاری جێگەی نییە و هەروەها کاتەکەشی نەهاتووە، تا بە وردی بەڕە لەسەر ئەو پرسە هەڵبدرێتەوە و باسی چیرۆکی ئەو دوو دەستە هەڵگەڕاوە کە لەنێو یوشیڤدا هەبوون، بگێڕدرێتەوە؛ یاخۆ باسی پەیوەندییەکەیان لەگەڵ هاگاناوە بکرێ. من ئەوە بۆ کەسانی دیکە و بۆ دوارۆژ هەڵدەگرم. بەڵام هەستدەکەم کە ڕاستگۆنابم ئەگەر بە ڕوونی هەڵوێستی خۆم لەمەڕ ڕێوشوێن (و فەلسەفەی) ئیرگون زاڤی لیومی و گرووپی ستێرن ڕوون نەکەمەوە. من هەمیشە لێبڕاوانە دژی –هەردو لایەنی مۆرال و تاکتیکیانەی– هەر جۆرە تیرۆرێک بووم، ئەوسا چ دژی عەرەب بووایە هەر لەبەرئەوەی عەرەبن یاخود دژی بەریتانییەکان بووایە هەر لەبەر ئەوەی بەریتانین. ئیدانەکردنەکەی من لە بەرانبەر ئەو دوو گرووپە هەروا بووە و هەرواش ماوەتەوە، هەرچەندە ئەندامەکانیان تەواو بوێر و خۆبەختکەر بوون، بەڵام ئەوان (بۆ یوشیڤ مەترسی بوون) و کارەکەشیان هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەڵە بووە. من لە هاوینی ١٩٤٦دا پێم وا بوو ئەگەر کاردانەوەیەکی کاریگەرییانە لە هەمبەر

"شــەممەی ڕەشــدا" نەنــوێنین، ئەوا ئەوان[69] کارێــک دەکەن و گۆبەنــدێکیش دەنێنەوە. ئیدی هەر بە زوویی چوومە لای د.حایم وایزمەن[70] لە ڕێهۆڤۆت بەو هیـوایەی قەنـاعەتی پێبهێنم، تـا جۆرێـک لە خۆپیشـاندانی سەرتاســەری ســازبدەین. لەو کــاتەدا دکتــۆر وایــزمەن ســەرۆکی ڕێکخــراوی زایــۆنیزمی جیهانی و سەرۆکی ئاژانسی جووەکان بوو. بێ سێ و دوو ئەو سەرکردە و قسەکەری بنەڕەتی جووەکانی جیهان بوو.

زانای ناوبراو لە ڕووسیا لەدایکبووە، بەڵام بۆ ســاڵانێکی دورودرێژ لە ئینگلستان ژیاوە و کاریکردووە، ڕۆڵێکی مەزنیشـی لە زەمینەخۆشـکردنی جاڕنامەی بلفۆردا هەبووە. ئەو پیاوێکی ئەفسوناوی، باڵابەرز، سیما جوان و بە ئۆقرە بـوو. جووەکـانی سەرتاســەری جیهـان بیـر و قســەیان وا بـوو، کە "پاشـای جووەکـانە"، هەرچەنـدە ئەو سـەر بە هـیچ پـارتێکی سیاسـیی نەبوو. ئەو هەمیشە بە قووڵی سەوداسەری بزووتنەوەی کیبوتیزم و بە گشـتیش لە بزووتنەوەی کرێکاران نزیک بـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا لە لێکترازانێکی مسـۆگەر لەنێــوان وایزمەنــی خــاوەن بڕوانــامە و بنگۆریــۆنی چــالاکوان هەبــوو. پەیوەندییەکەشـیان لە میـانی جەنگـدا خراپتـر ببـوو، کاتێـک بنگۆریـۆن وای هەسـتدەکرد، کەوا حـایم وایـزمەن بە پێـی پێویسـت هەوڵ بـۆ دامەزرانـدنی تابوری جوو نادا تەنانەت پێشنیازی بۆ حزبیش کردبوو داوا لە وایزمەن بکـا واز لە فەرمـانگەکەی بهێنـێ. ئێمە بـۆ ئەو پرسـە لەگەڵ بنگۆریـۆن نەبـووین، بەڵام هەڵبەت دواتر لە کۆنگرەی زایۆنزمی باسل لە ١٩٤٦دا وایـزمەن دەنگـی بێمتمانەیی وەرگرتەوە.

---

[69] مەبەست دوو گروپەکەیە-وەرگێڕ

[70] دکتۆر حاییم وایزمەن: ( ١٨٧٤-١٩٥٢) سەرکردەیەکی بەناوبانگی ئاژانسی جوو و یەکەمین سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل-وەرگێڕ

سـەربارى ئەو چیرۆكـانەى ئەمـڕۆ سـەبارەت بە پەیوەنـدى ئەو دوو پیـاوە دەگێـڕدرێتەوە، بەڵام بە تەواوى لە ڕووى میـزاج و لێكنزیكبـوونەوە جیاواز بوو، بنگۆریۆن وەک باقى ئێمە بە وایزمەن سەرسام بوو، خۆشیشـى دەویست، هەرچەندە ئەو هەرگیز جێ متمانەى وایزمەن نەبوو وەک ئەویـش هەڵوێستى هیوابەخشـانەى بەرانبەر بەریتانییەكان نەبوو. تەنـانەت وایـزمەن دواى ١٩٤٦یـش بـڕواى وابـوو، كە ڕۆژێـک دادێ بەریتانییەكـان هۆشـیان دێتەوەسەر و بە ئاكارى خۆیاندا دەچنەوە. زۆرى پێسەختبوو ئەو ناپاكییەى بەریتانیـا دەرهەق بە جـولەكە بپەژرێنـێ. بەڵام لە نـاوەوە یـان لە دەرەوەى فەرمـانگەكەى هەرچۆنێـک بـووبێ، ئەو بـۆ مـاوەى ئەو ٣٠سـاڵەى مانـدات پیاوێک بوو بۆ دەرەوەى فەڵەستین، بۆ جیهان، كە زایۆنیزمى تێدا بەرجەستە بووبوو، باندۆرى ئەو زۆر مەزن و قەبە بوو.

ئەوە تەنیا وایزمەن بوو بتوانێ سەرۆک ترومان لە سـەعاتى سفر لە ١٩٤٨دا قەنـاعەت پێبهێنـێ، كە دان بە دەوڵەتـى جـوودا بهێنـێ بەوەى نەقەب بەشێک بێ لێى. وایـزمەن پیر و ناسک و نیـوە نابینـاش بـوو، بەڵام كاتێک ترومـــــان لە دوانیـــــوەڕۆى ١٤ى ئـــــادارى ١٩٤٨دا دەســـــەڵاتى دایە وڵاتە یەككگرتووەكـــان كە دەوڵەتـــى ئیســـڕائیل بە فەرمـــى بناســـێنى، ئەوا هەر د. وایزمەن بوو، بووە مایەى بیرلێكرنەوەى ترومان كـاتێ، گـوتى: " هەنـوكە ئەو دكتـۆرە بە تەمەنە بـڕوام پێـدەكا." دیـاربوو ئەوێ ڕۆژێ هـیچ دوودڵیەكیش لە مێشكى بنگۆریۆندا نەبوو كاتێ ئێمە دەوڵەتمـان ڕۆنـا، حـایم وایزمەنیش ببێتە یەكەمین سەرۆكى.

زۆرجـار سـەردانى وایـزمەنم لە شـوێنى خـۆى لە ڕیهۆڤـۆت دەكـرد، لەوێ خـۆى و ڤـاراى ژنـى لە ١٩٣٠ەوە خانوێكیـان دروسـتكردبوو (هەر ئەو خانووەش بووە بارەگاى سەرۆكایەتى لە ١٩٤٨ تـا ١٩٥٢، واتە تـا ئەوكاتەى وایـزمەن كۆچیـدوایى كـرد). زۆر جـاران و ئەو جـاریش كە بـانگى دەكـردم، دەیگـوت" وەرە لامـان ژەمە خواردنێكمـان لەگەڵـدا بخـۆ،" منـیش ئێـوارەكەم

لەگەڵ بەسەردەبردن، قسە و باسوخواسی سیاسییانەمان دەکرد. ئەو لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا زیاتر هەستی بە تالاوی ژیان دەکرد. ئەو باسی خۆی بە شێوەیەک دەکرد کە " زیندانی ڕیهۆڤۆت"ە، وای هەستدەکرد بە ئەنقەست لە داڕشتنی سیاسەتدا دوورخراوەتەوە. جارێکیان لە بیرمە، کە فراوینم لەگەڵدا دەخوارد، زۆر بە خەمگینیەوە لەبارەی دیگۆل دوا، لەبارەی ئەو ڕاستییەی هەر کاتێک دیگۆل بیویستبا، ئەوا ئامادەی کۆبوونەوەی کابینەی حکومەت دەبوو، تەنانەت سەرۆکایەتیشی دەکرد، کەچی سیستمی پەرلەمانی ئێمە جیاوازبوو. پێموابی وایزمەن لەوەدا هەڵەیکرد، کە چوو لە ڕیهۆڤۆت بژیێ، هەرچەندە دەیویست لە پەیمانگای وایزمەن بۆ زانست نزیک بێ، ئەو مەڵبەندە لێکۆڵینەوە زانستییەی لە هەناوی پەیمانگای لیکۆڵینەوەی دانییێل سیف لە ١٩٣٤دا لەدایکبوو. گەر هاتبا وایزمەن لە ئۆرشەلیم ژیابا و دەرکەی ماڵی خۆی بۆ جووەکان –وەک بنزیڤی و شازار لەکاتی سەرۆکایەتییان کردییان- کردبایەوە، ئەوا نە خەمبار دەبوو نە هەستیشی بەگۆشەگیری دەکرد. هەروەها گەر خانمی وایزمەنیش کەمتر بە لەنجەولار و دابڕاو بووبا، ئەوا دەکرا یارمەتی ڕەوشی مێردەکەی بدابایە. هەر چۆنێک بێ ئەو پیاوێکی مەزن بوو، من زۆر شەرەفمەند بووم کاتێک برادەرەکەم مایەر وایسگال، سکرتێری پەمانگای وایزمەن  لە ئاهەنگی سەد ساڵەی وایزمەن لە١٩٧٤دا داوی لێ کردم سەرۆکی شەرەفی جیهانیی پەیمانگاکە بم.

بەڵام کاتێک ئەوێ ڕۆژێ لە ١٩٤٦دا چوومە لای، ئەو هێشتا هەر کەسی یەکەم و دەسەڵاتدار بوو. من پێم گوت: " ئەگەر بێت و بەڕێزتان بانگی سیاسەتی یاخیبوونێکی مەدەنییانە بۆ یوشیڤ دژی حکومەتی ماندات لە فەڵەستین ڕابهێڵن، ئەوا نیشانی جیهانی دەدەین، ئێمە ملکەچی ئەوەی ڕوویدا، نابین. تەنیا ئێوە دەسەڵاتی پێویستی ئەو جاڕدانە کاریگەرەتان هەیە."

وایزمەن پێی گوتمەوە: " زۆر باشە، بەڵام دەبێ لە هاگانا دڵنیابم، کە هیچ کارێک نەکەن تا ئاژانسی جوو لە مانگی ئاب لە پاریس کۆدەبێتەوە." من بەڵێنی ئەوەم پێدا، هەموو هەوڵێک بخەمەگەڕ تا متمانەی ئەو پێنج کەسە (من هێشتا یەکێک نەبووم لەوان) کە بڕیاردەربوون لەسەر پرسەکان بەدیبێنم، ئیدی دەستبەجێ چوومە لای (ئەشکۆل)، ئاخۆ چیدەکرێ بیکەین. لە ڕاستییدا بڕیاری کردەوە نواندن بە دەنگی سێ بە دوو درابوو، بەڵام کاتێ (ئەشکۆل) گوێی لە داوای وایزمەن بوو، دەستبەجێ ڕایگەیاند، کە ڕای خۆی دەگۆڕێ و دەنگی خۆی بە جۆرێکی دیکە دەدا. ئەویش لەو باوەڕەدا بوو گەر دامەزراوە نیشتمانییەکان لە کاردانەوەیاندا شکشت بێنن، ئەوا بێگومان ئیرگون زاڤی لیومی شتێک هەر دەکا. ئیدی وایزمەنیش پاشگەزبووەوە. پێم وایە دۆستەکانی لە ئینگلستانێ پێیان گوتبێ خۆی لە ڕابەرایەتیی هەڵمەتی یاخیبوونی مەدەنیانە بکێشێتەوە، وەلێ هۆکارەکانی هەرچی بووبن، من زۆری لێ پەست و تورە بووم.

لە ئابدا هەروەک نەخشەی بۆ کێشرابوو دانیشتنی ئاژانسی جوو لە پاریس گرێدرا. ئێمە نەماندەویست بنگۆریۆن کە هێشتا لە دەرەوە بوو، بگەڕێتەوە فەڵەستین، چونکە هەر گەڕابایەوە، لەوانەبوو بگیرابایە، ئیدی ئێمە چووینە پاریس و لەوێ گوێمان لە پێشنیازێکی نوێی بێڤین بوو. ئەمجارەیان بێڤین پێشنیازی بە کانتۆنبوونی فەڵەستینی کردبوو، گوایە هەموو جووەکانیش ببنە یەک کانتۆن. لەم خاڵەدا بەریتانییەکان کۆچبەرە" قاچاغەکان"ی فەڵەستینیان ڕەوانەی دەرەوە دەکەنەوە و فڕێیان دەدەنە ئۆردوگایەک لە قوبرس و بە سەربازی زیاتریش سنوورەکانی وڵاتەکە دەتەنن. لەوێ پێنەدەچوو هیچ پێشنیازێکیان ئەوەی لەباردابێ، کە بەرەنجامی دەوڵەتێکی جووی لێ بکەوێتەوە، بەڵام وایزمەن لە گفتوگۆدا لەگەڵ بەریتانییەکان بەدەقاودەقی لەسەر ئەو هێڵانە نەبوو.

بنگۆریۆن ئامادەبوو دنیا بهەژێنی، بەڵام من پێشنیازی فڕین بەرەو لەندەنم کرد تا قسە لەگەڵ وایزمەندا بکەین. ئەو پیاوە بەستەزمانە کە کوڕێکی لەجەنگدا لە دەستدابوو، چاوەکانی خەریکبوو بە تەواوی نابینا ببن، دڵیشی لە لایەن بەریتانییەکانەوە شکابوو، لەوەش دەترسا ئێمە نەخشەی بەکانتۆنبوونی فەڵەستین ڕەتبکەینەوە و یوشیڤ بکەینە مەیدانی سەرتاسەری شەڕ، بەڵام من بەرگەی ئەو تۆمەتەم نەگرت، کە بە "نابەرپرسیار"مان بزانن، بۆیە ئەوکات و- کە بە دەگمەن ئەو حاڵەتەم لێ ڕوودەدا هەڵسام و ژوورەکەم جێهێشت، ئیدی چەندان ساڵی خایاند تا د. وایزمەن لە نەیاربوونەکەم خۆشبوو-دواتریش لە هەمان ساڵدا لە باسل حەوسەڵەی خۆم لە دەست دا.

بە ڕێکەوت ئەوکات تاکەجار نەبوو، کە ژووری دانیشتن بەجێبهێڵم. چەند مانگێکی کەم پێش ئەو بەرواره چوومە لای سکرتێری گشتیی حکومەت بۆ شتێک، لەوێ سەرسامانە گوێم لێبوو بە خۆشحاڵیەوە کاربەدەستەکە پێیگوتم: " خانم مایەرسۆن، هەقە لەگەڵم کۆک بیت کە لەخۆڕا نەبووە نازییەکان جوویان دەچەوساندەوە، خۆ هەر دەبێ هۆکارێکیان بۆ هەبووبێ." ئیدی هەڵسام و بێ ئەوەی ورتەیەک لە دەمم بێتەدەرەوە. هاتمەدەرەوە و ڕەتم کردەوە جارێکی دیکەش بیبینم. دوای ئەوە بۆیان گێڕامەوە کە کابرا ڕەچاوی نەدەکرد وەها توڕە و پەست ببم.

کۆنگرەی بیست و دووەمی زایۆنیزم لە باسل یەکەمین کۆنگرە بوو، کە دوای جەنگ ببەسترێ. وەک ئەوە وابوو خانەوادە کۆستکەوتووەکان سامناکانە کۆببنەوە و شینوشەپۆر بۆ خۆیان و مەرگی بێژماریان بکەن، بەڵام خودی گردبوونەکە —سەرباری داخی زۆر- بۆ ئەوە بوو پارێزگاری لە پاشماوەکان بکرێ و ڕووبەڕووی ئاستەنگە هەنوکەییەکانیش ببینەوە. لەوێدا ڕاشکاوانە بۆ جیهان قسەمان لەبارەی دەوڵەتی جوو دەکرد. قسەکان بە یدیشی دەکران، من بیرم لە ڕۆژە رەشەکانی شەڕ و ئەو پێشهاتانەی بە

دوایدا هاتن دەکردەوە، ئیدی من لەبارەی گەنج، ئەو لاوە سابراییانەی[71] لە فەڵەستین لەدایکبووبوون، لەبارەی ئەوانەوە قسەمان لەگەڵ یەک دەکرد، لەوێدا گوتم " ئایا لەم جیهانەدا، چی ئەو منداڵانەی ئێمە بە گەلی جوویان دەبەستێتەوە؟" دەمویست کە نێردەکانی زایۆنیست بزانن، ئەو گەنجانەی لەمێژ نییە و ڕانەهاتوون بە باری دیاسپۆرا کەمتر لە ئێمە هەڵوەدای کۆچی سەربەستانەی جوو نین.

*ئەوکاتەش هات سابراییەکان خۆیان وەڵامی پرسەکەیان دایەوە. ئەوان نامۆن بە ڕوانگەی خواروخێچی لاساری ڕەوشت. ئەوان پاکوبێگەردن وەک ڕۆژی فەڵەستین. بۆ ئەوان شتەکان ڕوونن، سادە و ئاڵۆزکاو نین. کاتێک لە دنیا کارەسات بەسەر جوودا هات، جووەکانیش بە گەمی "قاچاخ" هاتنە فەڵەستین، کە هێشتاش لەسەری بەردەوامن، بینیمان کە منداڵەکانمان دابەزینە نێو دەریا و ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە- ئەوەش لەبلەبانی نییە- بەڵکو دەقاودەق ڕاستە، کە ملیان لە شەپۆلەکان نا تا گەیشتنە گەمییەکان، ئەوان جوەکانیان خستەسەرشانیان و بەرەو کەنار وەرسوڕانەوە. هەروەها ئەوەش ڕەوانبێژی و لەبلەبانی نییە، فشەکردنیش نییە، بەلام خودی ڕاستیەکەیە کە کوڕ و کچی فەڵەستینی تەمەن شازدە و هەژدە، پاشماوە ڕزگاربووەکانیان بەکۆڵدادابوون. لەو جووانەی بەکۆڵدادرابوون بیستم چۆن بۆ یەکەمجار فرمێسک بە چاویان دەهاتەخوار- دوای ئەو هەموو کوێرەوەرییەی لەماوەی ئەو حەفت ساڵەی ئەورووپا بەسەریاندا هات- کاتێک ئەو گەنجە فەڵەستینییانەیان بینین دەیانخستنە سەرپشت و لە سەر خاکی نیشتمان دایاندەگرتن. ئێمە خواپێداوین بەو گەنجانە کە ئەوان گیانی خۆیان لەسەر لەپی دەست داناوە نەک لەپێناو کیبۆتی تایبەتی خۆیان یاخود بە گشتی لەپێناو یوشیڤەکانی فەڵەستین، بەڵکو*

---

[71] سابرا بەو منداڵە جووە دەگوترێ، کە لەسەر خاکی فەڵەستین لەدایک دەبێ-وەرگێڕ

*لەپێناو هەموو منداڵێک یان پیرەمێردێکی جوو، کە دەیەوێ لە وڵاتەکەی بگیرسێتەوە.*

*ئەوە پەڕجوێکە کە هێشتاش جولەکە لەگەڵ بۆمبی گازپرژێن و گورزی بەریتانیەکان هەر دێن، ئەوەشیان دەزانی، کە ڕەنگە هەندێکیشیان لە ڕێگادا بمرن یاخۆ بۆ ئۆردوگایەکی قوبرس بنێردرێنەوە. بەڵام پەڕجوویەکی دیکە ئەوەیە، منداڵەکانمان لەو ململانێیەدا لەگەڵماندان.*

*بۆ ئایندەش ئەوانە هێز و گورمان وەبەردەنێن، تا داوای تەواوی رزگاریی سیاسییانە بکەین. ئەوەش تەنیا و تەنیا هەر بە دامەزراندنی دەوڵەتی جوەو دەکرێ.*

ئەو شتەی لە کۆنگرەکەشدا نەمگوت، هێشتا بە خۆم نەمدەزانی، ئەویش ئەوەبوو، کە گورزێکی کوشندەمان لەماوەی ٢١ مانگدا پێش ئەوەی ئیسرائیل لەدایکببێ، ووی بکەوێ. چاوەڕێی بو گورزەکە لەوەی تا ئێستا بەسەر ئیسرائیلدا هاتووە درندانەتر بێ.

# ٨

# ئێمە خاوەنی دەوڵەتی خۆمانین

ئەگەر ١٩٤٦ ساڵێکی سەخت بووبێ، ئەوا ساڵی ١٩٤٧ بەوە وێنادەکەم، ساڵێک بوو بارودۆخ لە فەڵەستین بە قەد نیگەرانییە بەریتانییەکان، بە تەواوی لەدەست دەرچوو بوو. لە میانەی ساڵەکەدا جەنگی دژ بە کۆچبەرانی جوو بووبووە شەڕێکی بەربڵاو و مەیدانوالا، شەڕەکەش نەوەک هەر دژی سەرتاپای جووەکانی یوشیڤ بوو، بەڵکو دژی خودی پەنابەرانیش بوو.

وەک ئەوە وا بوو ئێرنست بێڤین هیچی نەبێ تەنیا ئەوە نەبێ، پەنابەرانی جوو لە نیشتمانی خۆیان بێبەش بکا. ئەو ڕاستییەی ئێمە ڕەتمانکردەوە بۆی چارەسەربکەین، ئیدی زۆری تووڕەکرد تا لە دواییدا حەوسەڵەی نەما. بە ڕاستی باوەڕم وا بوو هەندێ لەو بڕیارانەی ئەو لەبارەی فەڵەستین، بەرەنجامی ئەو قین و تووڕەیە هەناوییەی خۆی بوون دژی جوو، چونکە ئەوانیش لە هەر شوێنێک و هەر چۆنێک بووبا هیچ ناوبژییەکی وەزیری دەرەوەی بەریتانایان نەدەپەژراند.

من ئەوە نازانم (بە ڕاستی ئێستا مایەی سەرنجیش نەماوە) ئاخۆ بێڤین کەمێک شێتۆکە بوو یان تەنیا دژەسامیی بوو یاخود هەردووکیان. ئەوەی دەزانم ئەوە بوو؛ ئەو مکوڕبوو لەسەر دنەدانی هێزوگوڕی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا دژی خواستی جوو بۆ ئەوەی بژین و بەو کارەشی نەک هەر ژانوناسۆڕێکی بە سوێی توشی خەڵک کرد، بەڵکو هەزاران سەرباز و دەریاوانی بەریتانیایشی ناچارکرد ڕۆڵێکی پڕاوپڕ لە سامناکیی بگێڕن. لە

بیرمە کە سەیری چەند لاوێکی ئینگلیزم دەکرد، پاسەوانی خێوەتگای ئاوارەکانیان لە قوبرس بوون-ئەو کاتەی لە ١٩٤٧دا سەردانم کردن- پێم سەیربوو ئاخۆ چۆن ئەوان بەرگە دەگرن و چۆن لەگەڵ خۆیان ئاشت دەبنەوە، کە لەمێژ نەبوو هەر بە خۆیان لە ئۆرودوگاکانی نازی ڕزگاریان کردبوون، هەر هەمان خەڵکیش هەنوکە لەنێو ئەو پەرژینە تەلبەندانەیان پەستاندوون، هەر لەبەر ئەوەی ئەوان بێجگە لە فەڵەستین نەیاندەویست لە هیچ شوێنێکی دیکە بژین. من سەیرم کردن، ئەو کوڕە قۆزە ئینگلیزە چاوجوانانە بە زەبیم پێداهاتنەوە. نەمدەتوانی بیر لەوە بکەمەوە ئاخۆ ئەوان ئەوەندە قوربانی خولیای بێڤنن، پتر لەوەی قوربانیی دەستی ئەو ژن و پیاو و منداڵانە بن، کە شەو و ڕۆژ بە چەکەوە لە بەرانبەریان وەستاون.

من چوومە قوبرس بزانم ئاخۆ چیمان پێدەکرێ بۆ ئەو سەدان منداڵەی لەوێ گیریان خواردبوو. ئەو کات نزیکەی ٤٠.٠٠٠ جوو لە خێوەتگاکانی قوبرس دەژیان. هەموو مانگێک دەسەڵاتی بەریتانی ڕێگەی تەنیا بە ١،٥٠٠ جوو دەدا بێنە فەڵەستین، ٧٥٠ کەس بۆ ئۆردوگاکانی ئەورووپا و ٧٥٠ی دیکەش بۆ هی قوبرس بوو. بنەمای بەڕێکردنیش لە قوبرس ئەوەبوو، کێ یەکەم جار هاتۆتە ئەوێ، یەکەم کەسیش بەجێیدێڵێ. واتە یەکەم لە هاتن، یەکەمیش لە دەرچوون. بەگوێرەی ئەم ڕێوشوێنە دەبووایە زۆر لە منداڵان بۆ ماوەی چەند مانگێک لەو دۆخە سەختەدا بمابانەوە. پزیشکەکانمان لە ئۆردوگاکە زۆر خەمی ئەو پرسەیان بوو، ڕۆژێکیان لە نوسینگەکەم لە ئۆرشەلیم شاندێکی پزیشکی لەسەر ئەم بابەتە هاتنە لام.

شاندەکە پێیان گوتم: "ئێمە ناتوانین چیدیکە بەرپرسیارێتی لەشساخیی منداڵە ساواکان بۆ زستانێکی دیکە لە ئەستۆبگرین." بۆیە لەو بارەیەوە کەوتمە دانوستان لەگەڵ حکومەتی فەڵەستینی. ئەو خشتەیەی ئێمە دامانناا ئەوەبوو؛ ڕێگا بەو خێزانانە بدەن، کە ساوای تەمەن خوار یەکساڵییان هەیە و لە نۆرەبەندییەکە ڕیزپەڕ بکرێن، ئیدی ئەو ژمارەیە لە کۆی ژمارەی ڕێگەپێدراو دەربهاوێن. ئەوەش ئەوەی دەگەیاند بڕوا بە حکومەتی فەڵەستین بکرێ، کە هەم نەرمونیان بن و هەم لۆژیکیانەش ڕەفتاربنوێنن-لە کاتێکدا

هیچیان نەبوون- هەروەها بڕوا بە دەسەڵاتی ئۆردوگای ئاوارەکان بێنین، کە سیستمێکی نوێی پێشنۆرەیی بپەژرێنن. ئەوەش کاتێکی باشی خایاند تا شتێک لە حکومەت هەڵبکرێنم، بەڵام لە کۆتاییدا توانیم ئەو بابەتەیان لەگەڵ ڕێکبخەم و تەنانەت مۆڵەتی ئەوەشم وەرگرت، منداڵە هەتیوەکان تا بکرێ بە زوویی ڕەوانەبکرێن.

هەنگاوی دووەمم چوونە قوبرس بوو تا قسە لەگەڵ ئۆردوگای پەنابەراندا بکەم. براداەرێکم ئاگاداری کردمەوە؛ ئەوان" گوێت لێناگرن". پێیگوتم " تۆ تەنیا مل لەکێشە دەنێی و هەرا دەنێیتەوە. تاکە شتێک ئەوان بیانەوێ، دەرچوون بوو لە قوبرس، تۆش دەچی پێیان بڵێی، کە قایلبن هەندێ خەڵک ڕەوانە بکرێن، کە تەنیا هەر هەفتەیەک یان دووهەفتەیە هاتوونەتە ڕیزی چاوەڕوانی. ئەم ئیشەت سەرناگرێ! بەڵام من وای بۆ نەدەچووم. پێم وا بوو بە لای کەم، دەبێ هەوڵێک بدەین، بۆیە بەرەو قوبرس ملی ڕێگام گرت.

کاتێ گەیشتمە ئەوێ، دەستبەجێ چوومە لای فەرماندەی فەرمانگەی بەریتانیی ئۆردوگاکە. ئەو پیاوێکی تەمەنداری درێژی لەڕولاواز بوو، دیاربوو بۆ چەندان ساڵ خزمەتی سەربازی لە هیندستان کردبوو. دەکرێ پێی بڵێی ڕووخۆش و زمانشیرین. بە کورتی خۆم پێناساند و داواکاریی خۆشم پێڕاگەیاندا، هەروەها پێشمگوت ئاخۆ هیچ ڕێگری هەیە لە بەرانبەر ئەوەی، بۆ ڕۆژی دوایی سەردانی ئۆردوگاکە بکەم و بچمە نێو ئاوارەکان.

ئەویش بە گرژ و مۆنییەوە گوێی لێ گرتم، ئەوسا گوتی: "من هەموو شتێک لەبارەی ئەو خێزانانە و زراسکەکانیان دەزانم، بەڵام تا ئێستا هیچ ڕێنماییم سەبارەت بێ دایک و باوکەکان پێنەگەیشتووە."

پێمگوتەوە: "بەڵام ئەمەشیان بەشێک بوو لە ڕێککەوتنەکە، کە لەگەڵ سکرتێری گشتییدا کردم."

بە نابەدڵی وەڵامی دامەوە "زۆر باشە، من پێیدادەچمەوە." لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەسەر قسەکانمان بەردەوامبووین، پاش ساتێک لە پڕێکەوە گوتی: "ئاها زۆر باشە، ڕێنماییەکە هەتیوەکانیش دەگرێتەوە" من لەوە

تێنەگەیشتم، چۆن بوو وا بەئاسانی ملی دایەبەر، بەڵام لە بەیانییەکەی بۆم دەرکەوت، کە بروسکەیەکی لە سکرتێری گشتیی لە ئۆرشەلیمەوە پێگەیشتووە و تیایدا نوسرابوو: ئاگاداری خانم مایەرسۆن بە، ئەو کەسێکی بەسامە! پێم وا بوو ئامۆژگارییەکەی زۆر بەهەند وەرگرتبوو.

ئۆردوگاکە لەوەی چاوەڕوانم دەکرد شەپرێوتر و بێچارەتر دیاربوو، هەرچۆنێک بێ لە ئۆردوگای ئاوارەکانی ئاڵمان، کە ئەمریکاییەکان سەرپەرشتیان دەکرد خراپتر بوو. ئۆردوگاکە لە زیندان دەچوو، چەند هۆبە خێوەت و کۆڵیتێکی ناشیرین-کە لە کۆتایی هەموو گۆشەیەکیش بورجێکی چاودێری هەبوو- ئۆردوگاکە لەناو لمدا بوو، هیچ سەوزایی لێنەبوو. تەنانەت لەوێ ئاوی خواردنەوەش کەم بوو چ جای ئاوی خۆشوشتن، هەرچەندە گەرمیش بوو. هەرچەندە ئۆردوگاکە لەسەر کەناراوایش بوو، بەڵام هیچ لە ئاوارەکان بۆیان نەبوو لە دەریایەکەدا مەلەبکەن. ئیدی زۆربەی کاتی خۆیان بە دانیشتن بە پیسوپۆخڵی لەو چادرە پیسانەدا بەسەردەبرد، هیچ شتێکی واشیان نەبوو لە تینی خۆرەتاوەکە بیانپارێزێ. کاتێک بە ناو ئۆردوگاکەدا دەڕۆیشتم، ئاوارەکان پاڵیان بە تێلدڕەکەوە دەنا و دەوروخولیان دام تا بەخێرهاتنم بکەن، لە چادرگەیەکیان دوو منداڵی بچکۆلە هاتنە لام، دەسکە گوڵێکیان بۆ هێنام، کە لە کاخەز دروستیانکردبوو. من لە ژیانمدا زۆر دەسکە گوڵم بۆهاتوە، بەڵام هیچێکیان بە قەد ئەو چەپکە گوڵە کاخەزەی ئەو منداڵانەی ئۆردوگای قوبرس نەیهەژاندم. خۆ ڕەنگبێ -ئەگەر زانیبێتیشیان- ئەوەشیان لە یادچووبێ، ئاخۆ گوڵی ڕاستەقینە چۆنە، پێدەچوو ئەوەش مامۆستایانی قوتابخانە، کە ئێمە ناردبوومانە ئۆردوگاکە، فێریان کردبن. شتێکی ڕێکەوت بوو، جوویێکی فەڵەستینی کە ئەو کات لە قوبرس بوو، دواتر لەوێ هەڵات و دەرچوو، کیژێک بوو بەناوی ئایان، کچێکی سەرنجڕاکێش، کە رادیۆکارێکی سەر گەمییەکە گیراوەکەی هاگانا بوو، ئەمڕۆ بووەتە پزیشکی منداڵان لە تەلئەبیب و بووکی منیشە.

هەرچۆنێک بێ، دەستپێکی ئەجێنداکەم لە کۆبونەوەم لەگەڵ نوێنەرانی هەموو ئاوارە دەستبەسەرەکاندا، شیکردنەوەی نەخشەکەمان بوو. دواتر دانیشتنێکی ئازادانەی مەیدانی ئۆردوگاکەی لە خۆ گرت، کە نزیکەی

هەموو ئاوارەکان ئامادەبوون. لەوێ پێم گوتن، دڵنیام ئەوان نایانەوێ لە ئۆردوگاکە بمێننەوە، لە دواییشدا هەموویان دەردەچن، بەڵام تا ئەو ڕۆژە دادێ، من هاوکاریی ئەوانم دەوێ تا سەرەتا منداڵەکان دەربازیان ببێ. هەوادارانی ئیرگون زاڤی لیومی لەنێو ئۆردوگاکە بە توندوتیژی ئەو ڕێکەوتننامەیان ڕەتکردەوە، کە لەگەڵ دەسەڵاتی بەریتانییەکانمان بەستبوو. هاواریانکرد یان هەموو یان هیچ شتێک، هەروەها هەوڵی ئەوەش هەبوو پەلاماریشم بدەن، بەڵام لە دواییدا هێوربوونەوە و گەیشتینە ڕێکاری پێویست.

لێ گەلۆ، هێشتا کێشەیەک مابوو، هەراسانی کردم. ئێمە داوامانکردبوو هەتیوەکان ڕێگەی هاتنە نێو فەڵەستینیان بە بێ نۆرەگرتن هەبێ، بەڵام ئایا چیمان لەو منداڵانە کردبا، کە تەنیا هەر یەک کەسیان (دایک یان باوک) مابوو؟ کاتێ گەڕامەوە ئۆرشەلیم، چوومەوە لای کۆمسیاری باڵا، بەڕێز ئالان کەنینگهام و سوپاسم کرد بۆ ئەو کارەی کردی. ئەوسا پێم گوت: "بەڵام هێشتا لایەنێکی دیکەی زۆر کارەساتباری کێشەکەی ڕێکەوتننامەکەمان ماوە. بە ڕاستی ئەوە مایەی سامناکیی ناداپەروەرییە ئەو منداڵەی دایک یان باوکی لە ئاوروپا کوژراوە دەبێ لە ئۆردوگای قوبرس بمێنیتەوە کەچی برادەرەکەی، کە بایی ئەوەندە "بە بەخت" بووە هەردووکیان(باوک و دایکی) لە دەست داوە، بۆی هەبێ ئەوێ بەجێبێڵێ. ئەرێ ئایا دەکرێ لەو بارەیەوە شتێک بکرێ؟"

کەنینگهام کە دوا کۆمسیاری باڵای بەریتانی بوو لە فەڵەستین، بە ڕاستی پیاوێکی شایستە و جوامێر بوو، بە نیگەرانییەوە سەرێکی بادا. ئەوسا پشێکی خواردەوە و بە خەندەوە گوتی: "خانم مایەرسۆن، خەم مەخۆ. بە یەکجارکی مشوری ئەوەشت بۆ دەخۆم."

ئیدی وای لێ هات ناوبەناو یەکدیمان دەدی، هەرچەندیش بارودۆخی فەڵەستین گرژ و ئاڵۆز بووبا، هەمیشە دەمانتوانی بە یەکەوە وەک دوو دۆست لەو بارەیەوە بدوێین. دوای ڕۆیشتنی کەنینگهام لە ١٤ی ئاداری ١٩٤٨دا، چاوەڕوان نەبووم جارێکی دیکە ببینمەوە، بەڵام ڕۆژێکیان، چەند مانگێک دوای ئەوەی کە بوومە سەروەزیر، نامەیەکی ئەوم پێگەیشت. بە

دەسـتخەت لە گونـدێکی ئینگلسـتانەوە نوسـیبووی، ئەوەش دوای ئەوەی خانەنشـین کرابـوو، ئەوەی شـتێکی جەوهەری بـوو ئەوکـات، هەرچەنـدە فشـارێکی زۆرمـان لەسـەر بـوو، ئیسـرائیل نەدەبـووا لە هـیچ بسـتێک، کە لە شەڕی شەش ڕۆژەدا گرتبوومان بکشێتەوە، مەگەر تا متمانەی تەواومـان بە ئاسایشی پاراستنی سنورەکانمان نەبووایە. لەو ڕۆژگارەدا نـامەی نـاوبراوم بۆ هات، بە ڕاستی هەستبزوێن بوو.

یـادەوەریی کەمتـر لەوە شـادتر لەو ڕۆژانەدا ئەوەبـوو، لە ١٩٧٠دا ئامادەی ڕێورەسمێک بووم لە حەیفا بۆ هێنانەوەی ئێسکوپروسکی ئەو ١٠٠ منـداڵەی کە لە ئۆروگـا سـامناکەکانی پەنابەرانـدا مردبـوون، تەرمەکانیـان هێنـابوون لە دامـێن چیـای کارمـل لە حەیفـادا ناشـتیانن. هەوڵمـدا بیرەوەرییەکانم ڕاتەکێنم، بەڵام نەمدەتوانی کۆمەکی ئەو ڕووداوە پەرجووانە بکەم، ئـاخۆ ئەو دوو کـچە بچکۆلانەی ئەوێ ڕۆژی لە ١٩٤٧ەوە بە شـکۆوە گوڵە کاخەزەکانیان بۆ هێنام، لەنێو ئەو سەد کەسە جوانەمەرگەدا بن یان نـا. لە سـەرێکی دیـکەوە زۆرجـار توشـی ئەو خەڵـکە دەبـووم، کە ئامـادەی کۆبوونەکەی قوبرس بوون و بیریـان دەهێنـامەوە. هەر بۆ نموونە نزیکەی پێنج سـاڵێک بەر لە ئێسـتا، لە نەقەب سـەردانی کیبۆتێنشـینێکم کـرد، لەوێ ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندی بە دڵەڕاوکێ هاتە بەردەمم، پێیگوتم: "بمبوورە ئەگەر هەراسـانم کردبـی، بەڵام ئەمە یەکەمـین دەرفەتـمە دوای ئەو هەمـوو ساڵانە بتبینم و سوپاست بکەم." لێمپرسیەوە: "بۆچی؟"

وەڵامـی دامەوە: "مـن ئەو کـات لە ١٩٤٧دا لەگەڵ مەلۆتکەیەکدا بـووم لە قوبرس. تۆش هاتی و ڕزگـارت کـردین. هەنـوکە دەمەوێ ئەو "مەلـۆتکەیە" ببینی." "مەلـۆتکە"ی چـی، زارۆکەکە، کچێکی جـوان و گـورجی تەمەن بیست سـاڵانی لێـدەرچوبوو، تـازە خزمەتـی سـەربازیی تەواوکردبـوو. پێـدەچوو کیـژۆڵەکە بیـری بـۆ ئەوە چـووبێ، کە مـن هۆشـم لە دەسـتدابێ کـاتێ بـۆی چـووم و لەپـێش ئەو هەمـوو خەڵـکە شـڵپەی مـاچێکی گەورەم لێوەهێنـا، بـێ ئەوەی هیچ شتێکیشی بۆ ڕوون بکەمەوە.

لە کـۆنگرەی باسـل لە ١٩٤٦دا بڕیـاردرا، موشـێ شـارێت ببێـتە سەرۆکی بەشی سیاسیی ئاژانسی جوو لە واشـنتۆن، منیش لە جێگەی ئەو

بــم له ســـەرۆکایەتیی بەشـــەکە لە ئۆرشـــەلیم، بەڵام لە ١٩٤٧دا، ژیـــان لە ئۆرشـــەلیم وەک ئەوە وا بـــوو لە شـــارێکی داگیرکـــراوی بـــارمتەکراوی دەسەڵاتێکی بێگانەی توندڕەودا بی. لە ڕاستییدا بەریتانییەکان خۆیان لەنێو قەڵایەکی قایم حەشاردابوو- مەڵبەندەکەیان بە قوڕسی بە پاسەوان تەنرابوو (ئێمە ناومان نابوو بێڤینگراد) و ڕاستەوخۆ دەکەوتە نێوەڕاستی شار-و هەر وروژانێکـی بچـووکیش دەرکەوتبـایە، ئەوا بە تانکەکانیـان شـەقامەکانیان دەهەژانـدەوە و هەمـوو سەروسـەودایەکی سەربازەکانیشـیان لەگەڵ جـوو قەدەخەکردبوو. هەر کاتێکیش ئیرگون زاڤی لێومی و گرووپی ستێرن خۆیان کــردبێتە ســـەرپاڵە-کە بــۆ بەدبەختـــی زۆرجـــاران وایـــان دەکـــرد-ئەوا بەریتانییەکـان کـردەی تۆڵەسـەندنەوەی وایـان دەنوانـد، سـەرتاپای یوشـیڤ بگـرێتەوە، بەتـایبەتیش هاگانـا. بە ئاسـتەم هەفـتە ڕادەبـورد کە ئەو جـۆرە تەنگژانە سـەریان هەڵنەدابا- گیـران و پشـکنین بە دوای چەک، ڕەشـبگیری، زەنگـی قەدەخەکردنـی هـاتوچۆ، کە بە چەنـدان ڕۆژی دەخایانـد و ژیـانی ڕۆژانەی پەک دەخسـت، لە دواییـدا ڕەوانەکـردنەوەی جـوو بێ ئەوەی هـیچ تۆمەتێکیان بـدرێتە پاڵ و چ جـای دادگاییکردن. کـاتێکیش بەریتانییەکـان ئەو ئەندامانەی ئێرگون یان گرووپی ستێرن کە گیرابوون، دارکـاریکرد؛ ئەو دوو ڕێکخـراوە یـاخییە کاردانەوەیـان ڕفانـدنی سـەربازە بەریتانییەکـان بـوو- ئەو هەمـوو شـتانە دەقەومـان لەو کـاتەی شـەڕی ئـێمە بـۆ ئەوە بـوو ڕەوتـی کۆچکردن ئازاد بێ و نشینگەکانیش بنیات بنرێن.

گەر بگەڕێیـنەوە ئەو ســەردەمە، هەڵــبەتە ئەوە دەبیـنم، دەســەڵاتی کۆلۆنیالی دیکەش، کە خۆیـان بەسـەر خەڵکـی خۆجێیی دەسـەپاند( هەروەک بەریتانیەکـان ئێمەیـان دەدی) لە بەرانـبەر یاخیبوونەکەیـان ڕەق و تونـدتر دەجووڵانەوە، بەڵام خۆ بەریتانییەکانیش بایی خۆیان ڕەق و بێبەزەیی بوون. دیـاربوو هەر بە تەنیـا ئەوەنـدە نەبـوو، کە زۆرجـاران ڕێوشـوێنی سـزایانەی تونـدیان دەگرتەبەر و کـارێکی وایـان دەکـرد بەرگەی بـارودۆخەکە نەگیـرێ، بەڵکـو بەپێـی زانیارییەکانمـان، هەر کاتێـک بلوابـایە ئەوا بە فریـای عەرەبەوە دەکەوتـن و دنەیـان دەدان و قسەشـیان نەدەکـرد، کە دژی ئێمەیـان ختـوکە دەدەن. لە سەرێکی دیکەشەوە بیرۆکەی کوشتارگە بەردەوامەکانی فەڵەستین

زۆر سـەرنجی بەریتانییەکـانی ڕانەدەکێشـا-بە لای کەمـی میزاجـی دوای شەڕیان- و لە شوباتی ١٩٤٧دا خودی مستەر بێڤین بڕیاریدا، بەوەی وەک لە پەرلەمانەکەی خۆیدا وتاریکی دا گوایە حکوومەتەکەی لەو هەموو شتە مانـدوو بـووە. ئیـدی باسـی ئەوەی کـرد هەقە نەتەوە یەکگرتووەکـان سـەروکاری کێشـەی فەڵەسـتین بگـرێتە ئەسـتۆ. ئەوە بـوو بەریتانیەکـان هەدادانیان نەما. من بۆچوونم وا بوو، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەو بەرپرسـیارێتیە شاگەشـکە نیـیە، بەڵام نـاتوانێ بە تەواوی ڕەتیشـی بکاتەوە.

کۆمسیۆنی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فەڵەستین UNSCOP لە حـوزەیران گەیشـتە وڵات. بە پێـی ڕێنمـایی دامەزرانـدنەکەی دەبـووایە ڕاپۆرتەکەی لە یەکی ئەیلوولی ١٩٤٧دا بدابایە کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوەکە، کە پێشـنیازی کـۆنکرێتی بـۆ چارەسـەرکردنەکە لەخۆگرتبـا. عەرەبەکـانی فەڵەسـتین ئاسـاییانە وەک جـاران بە هەمـوو شـێوەیەک هاوکـاریی کۆمسـیۆنەکەیان ڕەتکـردەوە، بەدەر لەوان هەمـووان هەرچەنـدە هەنـدێ بێزاریش بوون، بەڵام هاوکارییان کردن: سەرکردەکانی یوشیڤ، حکومەتی فەڵەسـتین تەنـانەت دواتـر هەنـدێ لە سـەرکردەی وڵاتە عەرەبییەکـانیش هاوکارییان بوون. من کاتێکی زۆرم لەگەڵ ئەو یازدە ئەندامەی کۆمسیۆنەکە بەسەربرد، ئەوەش مـایەی سامناکییم بوو، بۆم دەرکەوت ئەوان چەند کەم لەبارەی فەڵەستین یاخود زایۆنیزم و ئەو پرسە دەزانن، بەڵام لەو کاتەی کە جەوهەری بوو بزانن و فێرببن- تا چەند بکرێ بەزوویی- ئێمە دەستمان بە ڕوونکـردنەوە و ڕاڤەکردنـی پرسـەکە کـرد، هەروەک زۆرجـاری دیکەشـمان کردووە. لە دواییدا تێگەیشتن ئەو هەموو هەرایە لەبەر مافی خۆمان بووە بۆ هێنانی دەربازبووەکانی هۆلۆکۆست بۆ فەڵەستین.

هەرچۆنێـک بـێ و بە هەر هـۆیەک بـێ هەرگیـز لێـی تێنەگەیشـتم- گومانیشم هەیە لەوەی کەسی دیکە لێی تێگەیشتبێ- هەر پێش دەرچوونی کۆمسیۆنەکە لە فەڵەسـتین بەگوێرەی خشـتەکەیان، بەریتانیـا نمایشـێکی زۆر دڕندانە و ستەمکارانەی لە ڕەفتارکردن لەگەڵ پرسی کۆچبەرانی جوودا کرد. لەبەر چاوی هێدمەگرتووی کۆمسیۆنەکەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بە تۆپزی

و زۆر ٤٤٠٠ پەنابەرییان کۆکرنەوە و خستنیانە سەرپشتی پاپۆڕێک و بۆ ئاڵمانیایـــان نـــاردنەوە، ئەوانەی بە پـــاپۆڕی ئیکســـۆدیس[72] لە ١٩٤٧دا گەیشتبوونە کەنارەکانی فەڵەستین. بە ڕای من بەو کردەوەیان باربوویەکی سەنگینی کۆمسیۆنەکەیان بۆ دەرکردنی ڕاسپاردەکانیان کرد. گەر تەمەنم بگاتە سەدساڵیش، هەرگیز ئەو دیمەنە ویژدانهەژێنەی سەدان سەرباز بە تەواوی تفاقی شەڕەوەم لە بیرناچیتەوە، کە بە دارحەیزەران، تفەنگ و نارنجۆک لە بەرانبەر کەشتی ئێکسیدۆس وەستابوونەوە. چوارسەد کەس لەوان ژنی دووگیان بوون، بڕیاریان دابوو جگەرگۆشەکانیان لەسەر خاکی فەڵەستین بهێننە سەردنیا. هەروەها من هەرگیز ئەو دەمارگرژییەم لە بیر ناکەم، کاتێ سەربازەکان بەربوونە گیانی ئەو خەڵکە بێ دەرەتانە وەک ئەوەی ئـــاژەڵ بخەیـــتە نێـــو قەفەس و لە کەشـــتییەکەیان بـــارکردن و گەڕانـــدنیانەوە ئۆردوگـــای ئاوارەکـــان لە وڵاتێـــک، کە هێمـــای گۆڕســـتانی جووەکانی ئەوروپا بوو. لە کۆبوونەوەیەکی ڤائاد لێومی تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم بەرلەوەی ڕێبوارانی کەشتی ئێکسیدۆس بەرەو هامبۆرگ بەڕێبکەن، لەوێدا قێز و خەمگینیم بۆ یوشیڤ دەربڕی، بەو هیوایەی تروسکەیەک لە شوێنێک، لە کەسێک، لەو دنیایەدا دەستی خێری ناوبژیکارێک درێژبکرێ و ئەو پەنابەرانە لەو مەینەتیەدا قوتاربکا.

**لەوێدا گوتم: "بەریتانییەکان لە سۆنگەی ڕەوانەکردنەوەی ئیکسۆدۆس ١٩٤٧، هیوایان وایە جووەکانی ئۆردوگای ئاوارەکان بترسێنن و ئێمەش لەگەڵیدا بتۆقێنن. لێرەدا تەنیا یەک وەڵاممان لا هەیە: کۆچڕەوی ئەو گەمییانە ڕاناوەستێ. من دەزانم بۆ جوو هەڵوەدای کۆچکردنن بۆ فەڵەستین، ئەوانەی پشتیشیان دەگرن توشی کێشەی سامناک دەبنەوە بە تایبەتی، کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا تەنیا یەک مەبەستی لە پێش چاوی خۆی داناوە: ئەویش پەلامارادانی ئەو گەمییە پەرپوتانەن، کە پڕاوپڕن لە ژانەکانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام بە تەنیا یەک وەڵامی کاریگەر هەیە:**

---

[72] Exodus

ئەویش نەپچڕانی زنجیرەی بەلەم و گەمی "قاچاخ"ە. من هیچ گومانم لە بارەی جووی نێو ئۆردوگاکان نییە، ئەوان بۆ دەرچوون لە ئۆردوگا ئامادەن سواری ملی هەر مەترسییەک بن. ئەوە ناکرێ و نابێ ئەوەیە، جووە دەربازبووەکانی زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەکان هەر لەوێ بمێننەوە.

ئەگەر ئێمە لە فەڵەستین لەگەڵ ئەمریکا، باشووری ئەفریقا و جووەکانی ئینگلستان بواری ئەوە نەدەین بمانترسێنن، هەقە گەشتی کەشتییەکان بەردەوام دەبێ. لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنجە، مەزنتر لە ڕابردوو، بەڵام هەر بە ئامانجی دەگا. تەنیا بۆ ساتێکیش ئەوە ناشارمەوە، کە ئەو هەزاران بەلەمە لە ماوەی ڕۆژە کەمەکانی داهاتوودا ڕووبەڕووی چی دەبنەوە. من دەزانم هەر یەکێک لە ئێمە خۆی بە بەختیار دەزانێ گەر لەگەڵ ئەواندا بێ. هەر یەکێک لە ئێمە خەمی ئەوەیەتی ئاخۆ چی دەقەومێ، کاتێک جووەکانی ئێکسیدۆس دەگەڕێندرێنەوە ئاڵمان... هێزە چەکدارەکانی بەریتانیا ئازادن لەوەی چ دەرسێک بدەنە ئەو "قانونشکێنانە". هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەوان تا ئێستا خۆگر و چەسپاون. تاکە پرس ئەوەیە، تۆ بڵێی لە دواساتدا هیوایەک پەیدانەبێ و دڵی هەندێ لە بەریتانییەکان نەرم نەبێ.

لەو کاتەی ئێمە بێتوانایانە لە هەمبەر نائومێدیدا، لەو ساتەوەختەدا و لەو شوێنەدا ئارەزوومان وایە، بۆ جارێکی دیکە ڕووی دەممان بکەینە جیهان، ڕووی قسەمان بکەینە نەتەوەکان، ئەو کەسانەی کە زۆر ئازاریان لە میانەی جەنگەکەدا چەشتووە، ئەو خەڵکە زۆرەی کە جوو لە بەرەی ئەواندا دەجەنگان و بۆ ڕزگارییان تێدەکۆشان. بۆ ئەو نەتەوانە ئێمە دوا تکا و هاوارنامە دەنێرین. ئەگەری ئەوەش هەیە هیچ دەنگێک لە ئاست ئەو پرسەدا بەرزنەبێتەوە و ڕەنگبێ بە حکومەتی بەریتانیا نەگوترێ: ئەرێ قامچی و تفەنگەکەت لەسەر ملی جووەکانی ئێکسۆدوس هەڵناگری؟ ئێمە پێویستە بە بەریتانیا بڵێین: ئەوە خەیاڵپڵاوییەکی مەزنە، کە

**پێتوابێ ئێمە زەبوونین. دە لێ گەڕێ با بەریتانیای مەزن بەو هێزە زەبەلاحەی کەشتیڕانی و چەک و فڕۆکەی زۆرەوە باش بزانێ، ئەو خەڵکە لاواز نییە و هێشتا خاڵی بە هێزمان بە باشی جێگیرە....**

دیاربوو پێشتر مۆری چارەنووس لە هەنیەی ئیکسۆدوس درابوو، کەشتیەکەیان گەڕاندەوە ئالْمان.

هاوینی ١٩٤٧ هات و درێژەی کێشا. سەرباری ئەوەی ڕێگاکانی تەلئەبیب- ئۆرشەلیم تا دەهات دەکەوتە ژێر ڕکێفی باند و تاقمی عەرەبەوە، کە هەموو جووڵە و کرێبارێکی جوویان لەسەر ئەو گردانەی دەوروبەر دەکردە نیشانەی تفەنگەکانیان، منیش هیچ چارم نەما تەنیا ئەو کەڵەکە نەبێ لەنێوان هەردوو شارەکە بە یاوەری پاسەوانە گەنجەکانی هاگانا هاتوچۆم پێدەکرد. بە ڕاستی لەو نێوەدا و لەو ڕەوشە سەختەدا پرس ئەوە نەبوو ئاخۆ کەی من لە تەلئەبیب یان لە گەڕانەوەمدا دەپێکرێم، بەڵکو مەترسی ئەوەبوو، ئەو عەرەبانە لە بانگاشەکەیان سەربکەون و بە تەواوی ڕێگاکە بگرن، ئیدی قاتوقڕی دەکەوتە نێو خەڵکی ئۆرشەلیم. منیش بە دڵنیایەوە لەو هەوڵەدابووم بەر بە گەیشتنە ئامانجەکیان بگرم، ئەویش گرتنی ڕێگای بەستنەوەی ئۆرشەلیم بوو بە باقی وڵات. جارێک یان دووان تەقەیان لە جامی پەنجەرەی ئۆتۆمۆبیلی ئاژانسی جووەکانەوە کرد، کە من بۆ هاتوچۆ بەکارم دەهێنا، جاریکیشیان بە ڕێگایەکی هەڵەدا ڕۆیشتین و گەیشتینە گوندێکی عەرەبان، دەمزانی ئەوێ مۆڵگەی بکوژە خوێنڕێژەکانە، بەڵام توانیمان بە خێشکەیی ڕابکەین و نەکەوینە داویان.

هەندێک جار سەرچڵی لە جۆری دیکە هەبوو. هەر بۆ نموونە جارێکیان سەربازە بەریتانییەکان ئۆتۆمبێلەکەی منیان پشکنی و بە دوای چەکدا دەگەڕان، دوای ئەوەی لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بەڵێنم پێدرابوو، کە هەڵمەتی پشکنین بە دوایی ڕادەگیرێ، چونکە ئەو پشکنینە دەبێتە هۆی پەیدابوونی قەرەباڵغی و ئەوەش مەترسیە بۆ سەر ژیانی ڕێبوارانی جوو. هەرچەند نارەزایەتییم بۆ پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە دەربڕی، بەڵام دادی نەدا.

ئیدی تفەنگێکیان دۆزییەوە، کە هی پاسەوانێکی کچ بوو یاوەری منی دەکرد، دەستبەجێ تفەنگەکەیان برد و کچەکەشیان گرت.

پرسیارم لە ئەفسەری سەرپەرشتیاری ئەو ئۆپەراسیۆنە گەورەیە کرد و گوتم: "ئایا ئێوە ئەو کچە دەبەنە کوێ؟"

پێیگوتم: "دەیبەینە ماجدال."

ماجدال شارێکی عەرەبان بوو، بە دڵنیاییەوە ئەوێ شوێنێک نەبوو، کە ئەو کیژە جووە شەوی تیادا بباتەسەر، ئیدی ڕوی دەمم کردە کاپتەنەکە و تێمگەیاند ئەگەر ئەو ببەنە ئەوێ، ئەوا منیش پێ لەسەر ئەوەدادەگرم دەبێ منیش لەگەڵ ئەو ببەن. ئەو کات زانیان من کێم، پێم وا نییە پێی باش بووبێ، دواتر بۆ بەرپرسەکەی ڕوون بکاتەوە، ئاخۆ ئەندامێکی دەستەی بەڕێوبەرایەتی ئاژانسی جوو بباتە ماجدال و شەو لەوێ بمێنێتەوە، بۆیە ڕای خۆی گۆڕی و ئێمەی بردە پۆلیسخانەیەک لە نزیک شارێکی جوو. تا گەیشتینە ئەوێ بووە نیوەشەو، بەڵام من سووربووم بگەمە تەلئەبیب و گەیشتیشم، لەوێ کچە پاسەوانەکەیان بەردا. هەر لەوێشەوە پۆلیسی بەریتانیی ئەوێ و کچە پاسەوانەکەم تا تەلئەبیب یاوەرم بوون، بەڵام ئەوانیدی بەو شێوەی من بەخت یاوەریان نەبوو. باجی مەرگ لەسەر ئەو ڕێگاوبانانە هەفتانە دەدرا، لە تشرینی دووەمی ١٩٤٧دا عەرەبەکان-بە بەرچاوی بەریتانییەکانەوە- دەستیان بە گەمارۆدانی ئۆرشەلیم کرد. لە ٣١ی ئابدا-تەنیا خولەکێک یان دووان بەرلەوەی ماوەکەیان بەسەربچێ- هەر یازدە ئەندامەکەی کۆمسیۆنی UNSCOP لە جنێڤ لەسەر ڕاپۆرتەکەی خۆیان لەبارەی دۆزی فەڵەستین کۆبوونەوە. هەشت ئەندامی کۆمسیۆنەکە ڕێنماییان –هەروەک کۆمسیۆنی پییل Peel ئاسا- ئەوەبوو، کە وڵاتەکە دابەش ببێتە سەر دوو دەوڵەتی عەرەب و جوو، لەگەڵ ناوچەیەکی دابراوی نێودەوڵەتی کە ئۆرشەلیم و ناوچە نزیکەکانی لەخۆبگرێ. کەمینەش (پێکهاتبوو لە نوێنەرانی هیندستان، ئێران و یۆگسلافیا-کە هەموویان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانیان موسڵمان بوون) پێشنیازیان کرد، دەوڵەتێکی فیدرالی عەرەب-جوو پێکبهێندرێ. ئیدی مایەوە سەر کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری خۆی لەسەربدا، لەو نێوەدا هەموو لایەنەکان

له وەڵامەکانیاندا نیگەرانی خۆیان دەربڕیبوو، من ناتوانم بڵێم هیچ شتێکی لەناکاو لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەیەوە ڕوونادا. هەڵبەتە ئێمە نەخشەکەمان پەژراند، بەڵام نەوەک بە شادمانییەکی زۆر، بەڵکو بە ئاسودەبوونێکی مەزنەوە، هەروەها داوامان کرد، دەستبەجێ ماندات کۆتایی پێ بێ. هەموو عەرەب ئەوەیان گوت، کە هیچ گوێ بە نەخشەکە نادەن و هەڕەشەی شەڕیان کرد تا هەموو فەلەستین دەبێتە دەوڵەتێکی عەرەبی. بەریتانییەکان ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند؛ هاوکاریی جێبەجێکردنی نەخشەی دابەشکردنەکە ناکەن مەگەر هەردوو لایان، عەرەب و جوو بە تاسەوە تکایان لێ نەکەن؛ ئێمەش هەموومان دەمانزانی، ئەم هەڵوێستە واتای چی دەبەخشێ. هەر یەک لە ئەمریکا و ڕووسیاش ڕوونکردنەوەیان لە بەرژەوەندی ڕێنماییەکانی زۆرینەدا دا.

ڕۆژی دواتر کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیم لە ئۆرشەلیم سازدا. لەوێدا وێڕای سوپاس و پێزانینم بۆ کۆمسیۆن، کە بەم شێوە خێرایە کارەکانی خۆیان تێکپەڕاند، بەڵام مکووڕیش بووم لەسەر ئەوەی "ئێمە بە ئاستەم خەیاڵمان بۆ دەوڵەتێکی جوو بەبێ ئۆرشەلیمەوە دەچێ" هەروەها گوتم "ئێمە هیوامان وایە، بەڵکو کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم هەڵەیە ڕاست بکاتەوە." هەروەها گوتیشم ئێمە سەبارەت دابڕاندنی ڕۆژئاوای گالیلیا لە دەوڵەتی جوو زۆر دڵخۆش نین، واشم دانا ئەمە لە لایەن ئەنجومەکە ڕاستبکرێتەوە، بەڵام گرنگترین پنت کە ویستم دیاری بکەم ئەوە بوو؛ ئێمە زۆر بە تاسە و پەرۆشین ڕایەڵی پەیوەندییەکی نوێ و جیاواز لەگەڵ عەرەب ڕابچێنین، ئەوانەی کە پێم وا بوو نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ کەسیان دەکەوتنە نێو دەوڵەتی جووەوە. لەوێدا گوتم "دەوڵەتی جوو بەشێکە لە جیهان. ئەوەش هەر تاکە چارەسەر بۆ ئێمە نییە. دەوڵەتەکە دەبێ و دەکرێ ببێتە باشترین پشتگیری بۆ هەموو کەسێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوین." هەنوکەش مایەی دڵشەقبردنە، کە بیر لەوە دەکەینەوە ئێمە -بێهودەییانە- هەر هەمان وشەکانی ١٩٤٧ بەکاردەهێنینەوە!

دەنگدانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان لە لێیک سوکسیس لە نیویۆرک لە ٢٩ی تشرینی دووەمدا بوو. وەک هەموو کەسێکی دیکەی

یوشـیڤ، مـن بە ڕادیـۆوە نوسـابووم، قەڵەم و کـاخەزم لە دەسـتدا بـوو، دانیشـتبووم دەنگەکـانم دەژمـاردن، کە رادیـۆ پەخشـیدەکرد. لە کۆتاییـدا و لەنیوەی شـەو بە کـاتی ئێمە، ئاکـامی دەنگدانەکە ئاشکرا کـرا: سـی و سێ نەتەوە-دەوڵەت- (لە نێویانـدا وڵاتە یەکگرتووەکـان و یەکێتیـی سـۆڤیەت) دەنگیان بۆ دابەشکردنەکە دا، سێزدەشیان، کە بریتیبوون لە هەمـوو دەوڵەتە عەرەبە ئەنـدامەکان[73] دژی وەسـتانەوە، دە دەوڵەتـی دیـکەش بە بەریتانیـای مەزنیشـەوە خۆگربـوون و دەنگیـان نەدا. دوای ئەوە دەسـتبەجێ چـوومە مەڵبەنـدی ئاژانسـی جـوو، ئەوێ هەر جـمەی دەهـات. بە ڕاسـتی دیمەنێکـی دڵگیربـوو: سـەدان کەس، سـەربازە بەریتانیەکانیشـیان لەنێودابـوون دەسـتی یەکدیان گرتبوو گۆرانیان دەچڕی و هەڵپەڕکێیان دەکرد، بەردەوامیش لـۆری پـڕ لەخەڵـک دەڕژانە ئەوێ. لەبیـرمە بە تەنیـا چـوومە نوسـینگەکەی خـۆم، بەرگەی ئەوەم نەگـرت لەنێـو ڤیسـتڤالە گشـتییەکەدا بـم. عەرەبەکـان بڕیارەکەیان بەلاوە نا و تەنیا قسـەیان لەسـەر شـەڕ بوو. حەشاماتەکەش بە خۆشییەوە دەیانخواردەوە و مەست بووبوون، دەیانویست قسـەبکەن، منیش بیـــرم لەوە دەکـــردەوە، کە بەدخـــوییە میزاجەکەیـــان بە ڕەتکـــردنەکە دابمـــرکێنیتەوە. لە بـــانیژەی نوســـینگەکەمەوە بـــۆ چەنـــد خـــولەکێکی کەم قسـەم کردن. بەڵام قسـەکانم بە ڕاستی نەوەک بە تەنیا بۆ ئاپۆرەی خەڵکی ئەوێ بوو، بەڵکو جارێکی دیکە بۆ عەرەب بوو.

لەوێدا گوتم؛ "ئێوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان شـەڕی خۆتـان دژی ئێمە کرد. نەتەوە یەکگرتووەکان- زۆرینەی دەوڵەتەکانی جیهـان- قسـەی خۆیـان کـرد. نەخشـەی دابەشـکردنەکە سـازانێک بـوو: ئەوەش ئەوە نەبـوو، کە ئێوە دەتانەویست، هەروەهـا ئەوەش نەبـوو، کە ئێمە دەمانەویسـت. بەڵام هەنـوکە وازمـان لێبێنن بـا بەیەکەوە بە ئاشـتی بژین." وتەکە بە ئاسـتەم چارەسـەری بارودۆخەکەمـان بـوو. هەر لە ڕۆژی دوایـیەوە هەراوفەرتەنەی عەرەب لە سـەرتاسـەری فەڵەستین دەستیپێکردەوە (لە بۆسەنانەوەیەکی عەرەبان حەوت جوومـــان لـــێ کـــوژران) و لە دووی دیســـێمبەردا بـــۆمبێکی عەرەب لە

---

[73] هی ئەوکات-وەرگێڕ

نــاوجەرگەی ئۆرشــەلیمدا، مەڵبەنــدی بازرگــانی جووەکانیــان ئــاگردا، لەو کاتەشـدا پۆلیسـە بەریتانییەکـان لە بەرانـبەری وەسـتابوون، تەنیـا ئەو کـاتە خۆیان تێهەڵدەقورتاند، کە هاگانا بهاتبایە دەست.

هەڵـبەت ئـێمە بە هـیچ شـێوەیەک بـۆ جەنـگ ئامـادەنەبووین. ئـێمە مـاوەیەکی درێـژ عەرەبە خۆجێییەکانمـان هێشـتبوونەوە، کەم تـا زۆر واتـای ئەوەی نەدەگەیانـد، کە ئـێمە بە هێـز بەسـەریاندا زاڵبـووین. بـۆیە دەردەسـت پێویســـتمان بە چەک هەبـــوو، گەر هاتبـــا و هەر کەســـێکمان دۆزیبـــایەوە ئامـــادەبووایە چەکمـــان پێبفرۆشـــی، بەڵام بەر لەوەش کە چەکەکە بکـــڕین، پێویستمان بە پـارە هەبـوو- نەک ئەو بـڕە پـارەیەش کە وڵاتمـان پڕداروبـار کـرد و یـاخود پەنابەرمـان پێهێنـانە نێـو وڵات، بەڵکـو پێویسـتمان بە بـڕی ملیۆنان دۆلار هەبوو. ئیدی تەنیا یەک گرووپیش لەسـەر ئەو زەمینە هەبـوو، کە دەرفەتـی ئەوە هەبـوو پارەیـان لێوەربگرین، ئەویـش جووەکـانی ئەمریکـا بـوون. سـوک و ئاسـان نە هـیچ شـوێنێک و نە هـیچ کەسـێک بەدەر لەوان نەبوو.

بێگومـان بە هـیچ شـێوەیەکیش قسەلەســەر ئەوە نەبـوو بنگۆریـۆن فەڵەستین بەجێبهێڵێ. ڕۆڵی ئەو کتومت چەقی بازنە بوو. پێم وابێ ئەویـش هەسـتی وا بـوو، کە هـیچ کەسـێکی دیـکە نـاتوانێ ئەو بـڕە پـارە زۆرەیە کۆبکاتەوە، کە لە کۆبوونەوە نهێنییەکانمان لە تەلئەبیب لە دیسێمبەری ١٩٤٧ و سەرەتای ١٩٤٨دا باسمان دەکرد، منیش لەسـەر ئەوە لەگەڵـی هـاوڕابووم، بەڵام خۆ هەر دەبووایە ئەو لە وڵات بمێنێتەوە. من ئـاوڕێکم لەمـلا و ئەولای خـۆم لە سـەرجەم هاوڕێکـانم دایەوە، وا مانـدوو، وا هەراسـان و سەرسـام بـــووم، بـــۆ یەکەمـــین جـــارم بـــوو، نەکـــرێ خۆبەخشـــانە بـــۆ ئەو ئەرکە ڕابســـپێردرێم. هەرچۆنێـک بـێ پێشـتر ئەزمـوونی کـۆکردنەوەی پیتـاک و باربووم لە وڵاتە یەکگرتووەکان هەبـوو، هەروەهـا بە ئینگلیزیەکی ڕەوانیش قسەم دەکرد. دەکرا ڕاژەکانم لە فەڵەستین بۆ چەند هەفتەیەک بوەخرابـان، بیرشم لەوە کردەوە، ڕانەهاتبووم خۆم خۆم پێشـنیازبکەم، هەسـتمکرد دەبـێ ئەو شـتە بە بنگۆریـۆن بڵـێم. سـەرەتا هەر نەیویسـت گـوێیلێبێ. ئەو گـوتی

خـۆی دەچـێ و ئێلیـزەر کـاپلانی خەزنەداری ئاژانسـی جووەکـانیش لەگەڵ خۆی دەبا.

لـێ مشـتومڕی ئەوەم لەگەڵ کـرد، کە "هـیچ کەسـێک نییە جێگـای تـۆ لێرە بگرێتەوە. لە کاتێکدا من دەتوانم ئەو کارەی تۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانـدا بکەم."

هەر نەیسەلماند.

گوتی" نەخێر من لێرە پێویستم بە تۆیە."

پـێم گـوتەوە: "کەواتە بـا پرسـەکە بخەیـنە دەنگـدانەوە." سـاتێک سەیریکردم، ئەوسا سەری لەقاند. ئەنجامی دەنگدانەکە لە بەرژەوەندی مـن شکایەوە کە بچم.

ئینجا بنگۆریـۆن پێیگـوتم: "بەڵام دەردەسـت هەوڵـنەدەی بگەڕێیـتەوە ئۆرشـەلیم." ئیـدی هەر هەمـان ڕۆژ بە بـێ هـیچ هەگـبەیەک بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکـان فـڕیم، هەر ئەو جـلانەم لەبەردابـوو، کە سـەرلەبەیانی بـۆ کۆبوونەکە پۆشیبووم، هەروەها لەگەڵ چاکەتێک.

یەکەمـین دەرکەوتـنم لە ١٩٤٨ لە بەردەم جووەکـانی ئەمریکـا نە نەخشەبۆکێشـرابوو، نە ئامادەکـاری بـۆ کرابـوو؛ هەڵـبەت ڕاشـنەگەیەنرابوو. هەروەهـا بـۆ ئامـادەبووانیش نەناسـراو بـووم. کۆبـوونەکە لە ٢١ی کـانونی دووەمدا لە کۆمەڵەی گشتیی ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی جووەکان و سـندوقی خێرخـوازی بـوو لە شـیکاگۆ، کە ڕێکخراوێکـی غەیـرە زایـۆنیی بـوو. لە ڕاسـتیدا فەڵەسـتین لەنێـو ئاجێندایـدا نەبـوو. بەڵکـو کۆبـوونەکە هـی کـۆکردنەوەی بـاربوویەکی پیشـەییانەبوو، ئەوان لەو جـووە زەحمەتـانەبوون، کە سـەرەداوی پـارە و پیتـاک کـۆکردنەوە بـوون و جڵەوی ڕەوشەکەشیان لە وڵاتە یەکگرتوەکاندا لە بن دەستدابوو. من دەمزانـی ئەگەر ئەوانم کێشکرد ئەوا لە ڕێگەیانەوە دەرفەتێک بۆ کـۆکردنەوەی بـڕە پـارەیەک دەبـێ، کە بتـوانین بە هـۆیەوە بەرگـری لە خۆمـان پێـبکەین و لەسـەر پێـی خۆمـان بوەسـتین. لەوێـدا وتـارەکەم درێـژدارانە نەبـوو، بەڵام هەر شـتێکم گوتبێ لە ناخی دڵمەوە دەهاتە دەرێ. من وێنای بـارودۆخی فەڵەسـتینم وەک خۆی وەک چۆن جێمهێشتبوو، وا کرد. لەوێدا گوتم:

"کۆمەڵگەی جوو لە فەڵەستین تا کۆتایی دەجەنگێ. ئەگەر ئێمە چەکمان هەبێ ئەوا پێی دەجەنگین، ئەگەر نا ئەوا بە داروبەرد شەڕدەکەین.

دەمەوێ بڕوام پێبکەن کاتێ دەڵێم من ئەمڕۆ، کە بەو ئەرکە تایبەتییە هاتومەتە وڵاتە یەکگرتووەکان نەوەک بۆ ئەوەی حەوت سەد هەزار[74] جوو ڕزگار بکەم. لە ماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەی دواییدا، گەلی جوو شەش ملیۆن کەسی لە دەست دا، لە لای خۆمانەوە مایەی شەرمەزارییە، جووەکانی جیهان بەوە نیگەران بکەی، کە ژیانی چەند سەد هەزار جوویەکی دیکە لە مەترسیدا بێ یان نا.

خۆی ئەمە کرۆکی پرسەکە نییە. دۆزەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو حەفت سەد هەزار جووەی فەڵەستین لە ژیاندا بمێنن، کەواتە مانەوەی گەلی جوو و سەربەخۆییەکەی دەپارێزرێ. ئەگەر ئەو حەفت سەد هەزار کەسە بکوژرێن، کەواتە بۆ چەندان سەدە خەونی گەلی جوو و نیشتمانی جوو لە گۆڕ دەنێین.

یاران، ئێمە لە شەڕ داین. هیچ جوویێکی فەڵەستینیش نییە بڕوای بەوە نەبێ، کە لە دواییدا ئێمە هەر سەردەکەوین. ئا ئەمە ڕەوشی ورە و گیانە لە وڵات... بەڵام ئەو گیانە ئازایەتییە بە تەنیا ناتوانێ ڕووبەڕووی تفەنگ و شەستتیر ببێتەوە. تفەنگ و شەستیریش بە بێ گیان کاری زۆریان پێناکرێ، وەلێ گیان بە بێ چەک لەکاتی خۆیدا دەتوانێ لەگەڵ جەستەکەیدا بە یەکەوە بشکێن.

کێشەی ئێمە کاتە.... پرس ئەوەیە ئایا چیمان دەستدەکەوێ. کاتێکیش دەڵێم دەستبەجێ، ئەوا مەبەستم

[74] ئەوکات ژمارەی دانیشتوانە جووەکانی فەڵەستین هەر ئەوەندە بووە-وەرگێڕ

مانگی دادێ نییە. من مەبەستم ئەوە نییە دوای دوو مانگی دیکە. من مەبەستم هەر ئێستا و هەنوکەیە.

من هاتومەتە ئێرە تا کار لە جووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەم، لە ڕاستییدا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، دوو هەفتەیەک، دەبێ بڕی بیست و پێنج تا سی ملیۆن دۆلار کۆبکەینەوە. لە ماوەی دوو تا سێ هەفتەی دادێدا، دەتوانین خۆمان دابمەزرێنین. ئێمە بڕوامان بەوەوە هەیە.

حکومەتی میسر دەتوانێ دەنگ بۆ بودجەیەک بە دژی ئێمە بدا. حکومەتی سوریاش دەتوانێ هەمان شت بکا. ئێمە حکومەتمان نییە، بەڵام ئێمە ملیۆنان جووی دیاسپۆرا (تاراوگە)مان هەن، هەروەک چۆن بە دەقاودەقیش بڕوامان بە گەنجەکانمان لە فەڵەستین هەیە، ئاواش بڕوامان بە جووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە؛ لەو بڕوایەدام ئەوان باری دژواری ئێمە دەهێننە بەرچاوی خۆیان و شتێک دەکەن.

من ئەوە دەزانم، داوای شتێکی ئاسانتان لێناکەین. من بە خۆیشم چەند جارێک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆکردنەوەی پیتاک و باربوودا کارا بوومە، ئەوەش دەزانم بە یەکجار کۆکردنەوەی ئەو بڕە پارە زۆرەیەی کە داوایدەکەم، ئاسان نییە، بەڵام من خەڵکی خۆمانمان لە وڵات بینی. من ئەوانم بینین، کە هاتنە نووسینگەی نۆرینگەکان، کاتێک لە کۆمەڵگاکاندا داوای خوێنبەخشینمانکرد، ئەوانم بیبین چۆن بە ڕیز دەهاتنە بانکی خوێنوەرگرتن تا برینداڕەکانی پێ دەرمان بکەن. من ئەوانم بینی بە چەندان سەعات ڕیزیان بەستبوو، چاوەڕێیان دەکرد تا خوێنیان ببەخشنە ئەو بانکانەی خوێن. ئەوەش خوێنە لەگەڵ پارە کە ببەخشرێتە فەڵەستین...

**ئـێمە باشـترین تـوخم و نەژاد نـین؛ ئـێمە باشـترین جووەکانی سـەرجەم نەتەوەی جوو نـین. وەهـا ڕێکەوتـووە ئـێمە لەوێ و ئێـوەش لێـرە بـن. مـن خـاترجەمم لەوەی گەر هاتبـا و ئێــوە لە فەڵەسـتین بووبــان و ئــێمەش لە وڵاتە یەکگرتووەکــان، ئێــوەش هەر ئەوەتــان دەکــرد، کە ئــێمە دەیکەین و ئێوە ئەو داوایەتان لە ئێمە دەکرد، کە ئێستا ئێمە لە ئێوەی دەکەین.**

**دەمەوێ دارشتنەکەی خۆم بە مەزنترین وتە، کە لە مــاوەی جەنگــی دووەمــی جیهانــدا کرابــێ،- بە وشــەکانی چەرچل -کۆتایی پێبهێنم. من زیادەڕۆییم نەکردووە کاتێک دەڵــێم، یوشــیڤ لە فەڵەسـتین، لە نەقەب و لە گالیلیـا و لە لێوارەکانی ئۆرشەلیم تا کۆتایی دەجەنگێ.**

**ئێوە ناتوانن بڕیاردەر بن ئاخۆ ئێمە دەجەنگین یان نا. ئێمە دەجەنگین. کۆمەڵگای جوو لە فەڵەستین ئاڵای سپی بۆ موفتی هەڵناکا. ئەوە بڕیارێکە و دراوە. هیچ کەس ناتوانی بیگۆڕێ. ئێوە تەنیا بڕیاری شتێکتان پێدەدرێ: ئایا کامـان لەو شەڕەدا دەیبەینەوە، ئێمە یان موفتی؟ دەکرێ ئەوە ئەو بڕیارە بێ، کە جووەکانی ئەمریکا بیدەن. دەشبێ بڕیارەکە زوو بدرێ، لە ماوەی چەند سەعاتێک و چەند ڕۆژێک.**

**مـن لێتـان دەپـاڕێمەوە کە نەکەن دوابکەون. نەکەن دوای ســێ مــانگی دادێ تــاڵاوی پەشــیمانی بــۆ شکســتی ئەمرۆتان بچێژن. ئیدی ئێستا کاتیەتی."**

ئەوان گوێیان گرت و گریان، بەڵێنیاندا بڕە پارەیەک کۆبکەنەوە، کە هێشـتا هـیچ کۆمەڵگەیەک کۆی نەکردبێتەوە. مـن لە وڵاتە یەکگرتووەکـان تـا مــاوەیەک مــامەوە، کە بتــوانم بەرگەی دووری وڵات بگــرم، بە هەمــووی نزیکەی شەش هەفتەم پێچوو، ئیدی جووەکانی هەموو وڵاتەکە گوێیان گرت و گریان و پارەیان کۆکردەوە- ئەوەی کردیان لە بانکەکان قەرزیـان کـرد تـا بەڵێنەکەی دابوویـان جێبەجێیبکەن. کاتێک لە مـانگی ئـازاردا گەڕامەوە وڵات

لەگەڵ خۆمدا بڕی ٥٠.٠٠٠.٠٠٠(پەنجا ملیۆن) دۆلارم کۆکردەوە، ئەو بڕە پارەیەش دەستبەجێ چووە سەر حیسابی هاگانا بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی لە ئەوروپا، بەڵام مـن هەرگیـز خـۆم هەڵنەخەڵەتانـدوە- تەنـانەت دوای گەڕانەوەشم کاتێک بنگۆریۆن پێیگوتم ؛ "ڕۆژێک دێ مێژوو دەینووسێتەوە، کە دەگـوترێ ژنێکـی جـوو پـارەیەکی وای کـۆکردەوە دەوڵەتـی پێدامەزرا." هەمیشـە ئەوەم دەمزانـی، ئەو دۆلارانە نەدراونەتە مـن، بەڵکـو دراونەتە ئیسرائیل.

ئەو گەشتەم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا گەشتێک نەبوو لەوانەی ئەو دەمە کـردبێتم. شـەش مانـگ بەرلە جـاڕدانی دامەزرانـدنی دەوڵەتـی ئیسرائیل، دوو جاران شا عەبدوللا، پاشای ڕۆژهەڵاتی ئوردنم بینیوە، ئەو شا عەبدوللایەی دەکاتە باپیرەی شا حوسێن. هەرچەندە هەردوو دیدارەکەم بۆ سالانێکی زۆر لەبەر هۆکاری تایبەتی خۆیان بە نهێنی مانەوە، تەنانەت دوای لەنـاوبردنی عەبـدوللاش بە دەسـتی دوژمـنە عەرەبەکـانی (لەوانەیە پیاوەکانی موفتی ئەو کارەیان کردبێ) لە ١٩٥١دا. هیچ کەس تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ سەرباری بەندوباوی زۆریش، کە نازانێ کێ بەرپرسیار بووە لە کوشتنی. لەناوبردن[75] لای عەرەبەکان نەخۆشییەکی خۆکردیە. یەکێک لە دەرس و پەنـدەکان، کە زۆر لە دەسـەڵاتدارە عەرەبەکـان فێریبـوون، پەیوەسـتی نێـوان نهێنیپـاریزی و تەمەنـدرێژییانە. کوشـتنی عەبـدوللا جێسـەرنجێکی هەمیشـەییە بەسـەر هەمـوو دەسـەڵاتدارە عەرەبەکـانی دوای خۆی، لە بیریشمە جارێکیان ناسر لە قاهیرە بە ناوبژیکارەکەمانی گوتبوو: "ئەگەر بنگۆریـۆن بێـتە ئێـرە و قسـە بکەیـن، ئەوا وەک پـاڵەوانێکی زاڵ دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر مـن بچـمە ئەوێ، ئەوا لە گەڕانەوەمـدا بەرگـوللەم دەدەن." مایەی نیگەرانیشە ئەو ڕەوشە تا ئێستا هەر باڵکێشە.

یەکەمـین جـار لە ڕۆژێکـی زووی تشـرینی دووەمـی ١٩٤٧دا شـا عەبدوللام بینی. ئەو کـات ئامـادەبوو مـن وەک سـەرۆکی بەشـی سیاسـیی ئاژانسـی جـوو لە مـاڵ لە ناهاریـام (لە ئـوردن) ببینـێ، لەوێ کۆمپانیـای

---

[75] لەناوبردن: کوشتنی کەسانی نەیار بە نهێنییەوە-وەرگێڕ

هاوبەشی کارەبای فەڵەستینی سەرچاوەی هێزی هایدرۆئەلەکتریکی لێبوو. لەگەڵ ئیلیاهۆ ساسۆن، شارەزاکەمان لە دنیای عەرەب، چوومە ئەوێ. ئاساییانە بە یەکەوە قاوەمان خواردەوە، دەستمان بە قسان کرد. عەبدوڵڵا پیاوێکی بچکۆلە و سەنگین و کەشخە بوو. هەر زوو دڵی خۆی لەسەر پرسەکە کردەوە: ئەو نایەوێ ڕەگەڵ عەرەبەکانی دیکە بکەوێ تا هێرشمان بکاتەسەر. پێی گوتین هەمیشە بە دۆستمان دەمێنێتەوە و ئێمەی خۆشدەوێ، ئەو ئاشتی لە هەموو شتێکی دیکەی پتر دەویست. هە رچۆنێکیش بێ ئێمە نەیارێکی هاوبەشمان هەبوو، ئەویش موفتی بوو، حاجی ئەمین ئەلحوسەینی. نەک هەرئەوەندەش بەڵکو پێشنیازی کرد، دوای دەنگدانی نەتەوە یەکگرتووەکان دووبارە یەکدی ببینینەوە.

لە ڕێی گەڕانەوەماندا بۆ تەلئەبیب، ئیزرا دانین، کە پێشتر زۆر جاران عەبدوڵڵای دیتبوو، بە گشتی باسی ڕوانگەی عەبدوڵڵای لەمەڕ ڕۆڵی جوو بۆ کردم. خۆی ئەوە یەزدانی بەخشندە بوو، جووەکانی لە جیهانی ڕۆژئاوادا پەرتوبڵاوکردەوە بۆ ئەوەی کلتوری ئەوروپایی لە خۆ هەڵگرن و بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی ناوین تا بیبووژێننەوە. دانین سەبارەت بەو پشتبەستنە، بە گومان بوو. ئەو پێی نەگوتم عەبدوڵڵا درۆزنە، بەڵام ئەوەی پێگوتم، کە عەبدوڵڵا بەدووە.[76] بەدووەکانیش بیرۆکەی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە ڕاستییەوە هەیە، بە شێوەیەک؛ ڕاستی لە چاوی ئەوان شتێکی کەمتر ڕەهایە وەک لای ئێمە. هەر چۆنێک بێ ئەو گوتی؛ عەبدوڵڵا لە دەربڕینەکانی بۆ برادەرایەتی ڕاستگۆیانەیە، هەرچەندە ئەوە پێویست ناکا بە تەواوی پێیەوە پابەندبین.

لە ماوەی کانونی دووەم و شوباتدا ئێمە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ عەبدوڵڵادا لە ڕێگای نوسینگەی دۆستێکی هەردوولامان پاراست، بەوەی بتوانم لە ڕێگەیەوە ڕاستەوخۆ پەیام بۆ پاشا بنێرم. کە هەفتەکانیش بەسەرچوون، پەیامەکانم پتر مایەی نیگەرانی بوون. کەشەکە تا دەهات بە

---

[76] Bedouin: بەدو، ڕەوەند و کۆچەری عەرەب کە لە بیابان بە دوای مێرگ و سەرچاوەکانی ئاودا دەگەڕێن بۆ هۆبەهەڵدانی خێوەتەکانیان و لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتیان-وەرگێڕ

ڕمڵڵێدان و مەزندەکردن لێڵتر دەبوو، ڕاپۆرتی وام بۆ هات، کە سەرباری بەڵێنەکانی، گوایە عەبدوڵڵا خەریکە بچێتە ڕیزی کۆمکاری عەرەبی. پرسیارم کرد: ئایا بە ڕاست وا بوو؟ وەڵام لە عەمان هەڵدەقولان و نەرێیانە بوون. شا عەبدوڵڵا بەو پرسیارانەم تاسا و ئازاری دا. داوایلێکردم سێ شتم لەبیربێ: یەکەمیان کە ئەو بەدووە، کەواتە پیاوی شەڕەف و قسەی خۆیەتی؛ دووەمیشیان ئەو پاشایە؛ کەواتە دووقات پیاوی شەڕەفە، کۆتاییشیان ئەو هەرگیز بەڵێنی لەگەڵ ژندا ناشکێنی. کەواتە نیگەرانییەکانم بە هیچ شێوەیەک ڕەوا نین.

کەچی ئێمە شتی دیکەی جیاوازترمان لەوە دەزانی. بە هاتنی یەکەمین هەفتەی ئادار، هیچ گومانێک لەوەدا نەمابۆوە و دڵنیایی تەواویش هەبوو، کە لەڕاستییدا عەبدوڵڵا بەختی خۆی خستووەتە نێو باوەشی کۆمکاری عەرەب. ئێمە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنیی داوای دیدارێکی دیکەمان تاوتوێ دەکرد پێش ئەوەی تەواو درەنگ بکەوێ. لەوانەیە قەناعەتی پێ بهێندرێ کە لە دواساتدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ. ئەگەر هەر واش نەبوو خۆ بەلای کەمییەوە لە ڕێی ئەوەوە بۆمان دەردەکەوێ تا چەند خۆی و ئەفسەرە مەشقپێکراوەکانی دەستی بەریتانییەکان، ئۆردوی عەرەبان چوونەتە بن باری شەڕ لە دژمان. بەشە مەزنەکە بە هاوسەنگییەکە بەندبوو: نەک هەر ئۆردوەکە باشترین لەشکری عەرەبەکانی ناوچەکە نەبوو، بەڵکو جێبایەخێکی کوشندەی دیکەش لەئارادا هەبوو. ئەگەر بە هۆی جۆرە پەرجوویێکیش بووبایە، بتوانرابایە ڕۆژهەڵاتی ئوردن لە شەڕ دورخرابایەوە، ئەوا ئەوکات بۆ لەشکری عێراق زۆر سەخت دەبوو بپەڕنەوە فەڵەستین و هێرشمان بکەنەسەر. بنگۆریۆن لەو بڕوایەدا بوو، ئێمە هیچ لە دەست نادەین گەر هەوڵێکی دیکەی لەو بارەیەوە بدەین، بۆیە من داوای دووەمین دیدارم کرد و داواشم لە ئیزرا دانین کرد یاوەریم بکا.

هەرچۆنێک بێ ئەمجارەیان عەبدوڵڵا ڕەتیکردەوە بێتە ناهارایم. بە تەتەرەکەی خۆی گوتبوو، گوایە زۆر مەترسیدارە. ئەگەر من بمەوێ ببینم ئەوا دەبێ بچمە عەممان، ئۆبالی ئەو سەرچڵییەش بە تەواوی دەکەوێتە سەرشانی خۆم. ئەو بەگوێرەی پەیامەکەی ڕەچاوی ئەوە ناکا قۆشەنە

سەربازییەکەی ئاگاداربکاتەوە، کەوا میوانی جووی لە فەڵەستینەوەڕا دێن، هەروەها ئۆبالّی بەرپرسیارێتی هیچ شتێکیش لە ڕێگادا توشیان بێ، هەڵناگرێ. یەکەمین کێشەمان چۆنیەتی گەیشتنە تەلئەبیب بوو، چونکە لەو کاتەدا گەیشتنە تەلئەبیب بە قەد گەیشتنە عەممان سەخت بوو. من لە بەیانی زوو ئەوێ ڕۆژێ لە ئۆرشەلیم چاوەڕێبووم تا حەفتی ئێوارە. چاوەڕێی گەیشتنی ئەو فڕۆکەی تەلئەبیبم دەکرد، کاتێکیش لە دواییدا گەیشت، ڕۆژێکی زۆر بە با بوو، سەختبوو بفڕین. گەر لە بارودۆخێکی ئاساییدا بووایە، ئەوا فڕینەکەمان بۆ ڕۆژێکی دیکە دوادەخست، بەڵام خۆ ئێمە ڕۆژی دیکەمان بە دەستەوە نەمابوو. ڕۆژەکە ١٠ی ئادار بوو، لە ١٤شدا دەوڵەتی جوو ڕادەگەیەندرا. ئەوش دوادەرفەت بوو تا لەگەڵ شا عەبدوللادا بدوێین. منیش هەر مکوڕبووم دەبێ بگەینە تەلئەبیب تەنانەت بە پایپەر کەپیش بێ[77]. ئەو جۆرە فڕۆکەیە بە شنەبایەکیش مەترسی کەوتنەخوارەوەی لێدەکرا چ جای زریان. دوای ئەوەی ڕۆیشتین، پەیامێک لە کەشناسی ئۆرشەلیمەوە هاتبوو، کە کەشوهەوا زۆرخراپە و هی فڕین نییە، بەڵام ئێمە تازە لە ڕێگای خۆماندا بووین.

بەیانی دواتر بەرەو حەیفا لە ناو ترومبێلدا بووم، لەوێ لەگەڵ ئیزرا یەکمان گرتەوە. هەر زوو بڕیاردرا زێدەڕۆییانە دەمامک نەکا، تەنیا عەگالێکی نەریتیانەی عەرەبان ببەستێ. ئەو بە عەڕەبییەکی ڕەوان دەدوا، ئاشناش بوو بە دابونەریتی عەرەب و بە ئاسانی وەک عەڕەبێک دەهاتە پێشچاو. لەمەڕ منیشەوە، دەبووایە عەبایەکی درێژی ژنانەی عەرەب لەبەربکەم. من هەر هیچ عەرەبییم نەدەزانی، بەڵام کە ژنێکی موسڵمان لەگەڵ مێردەکەی بووبایە، ئەوا زەحمەت بوو پرسیاری لێبکرێ، بۆیە ترسی وەڵامدانەوە و قسەکردنم نەبوو. ئەو جل و عەبا و پەچە ژنانەی عەرەب، کە پێویستم بوو، ئامادەکرا و ئیزراش ڕێگەکەی بۆ ڕوونکردمەوە. ئەو گوتی ئێمە دەبێ چەندین جار خۆمان بگۆڕین تا دڵنیابین لەوەی کەس سوسەی نەکردووین و

---

[77] Piper Cub : جۆرە فڕۆکەیەکی بچکۆلانە و سووکی مەشقکردن بوو، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧-١٩٤٧- تەنیا جێگەی فڕۆکەوان و یەک کەسی دیکە دەبووەوە -وەرگێڕ

شوێنپێمان هەڵنەگرێتەوە، ئەوە بوو لە کاتێکی شەودا لە شوێنێک کە زۆر لە کۆشکی شا دور نەبوو، دەهاتنە دوامان و دەیگەیاندینە لای عەبدوڵلا. کێشەی گەورە ئەوەبوو لەو هەموو بازگانەی کە دەهاتنە سەر ڕێگامان نەدەبووایە هیچ گومانێک لای ئوردوی سەربازیی عەرەب دروست بکەین.

گەشتەکە دوورودرێژبوو، بەشەو زنجیرەیەک سواربوون و دابەزینی تێدا بوو. سەرەتا سواری ترۆمبێلێک، پاشان بۆ تەنیا چەند مایلێک دابەزین و سواری یەکێکی دیکە بووین. لە ناهارییاش سواری ترۆمبێلی سێیەم بووین. لە هەموو ماوەی گەشتەکەماندا هیچ قسەیەکمان لەگەڵ یەک نەکرد. من متمانەی تەواوم بە توانای ئیزرا هەبوو، کە بەناو دوژمندا و بە سەلامەتی بمانگەیەنێتە جێ، من زۆر خەمی ئاکامی ئەرکەکەمان بوو، کە ئاخۆ چی ڕوودەدا، خۆ ئەگەر ناشوکری نەڵێم بگیرابایین ئەوا چیمان بە سەردا دەهات. هەرچەندە لە زۆر جێگا دەبووایە خۆمان بناسێنین، بەڵام بەختمان هەبوو بێئەوەی ئاشکرابین ئێمە لەکاتی خۆیدا گەیشتینە شوێنی دەستنیشانکراو. ئەو پیاوەی لەوێ ئێمەی گەیاندە لای عەبدوڵلا، یەکێک بوو لە پیاوە هەرە باوەڕپێکراوەکانی، ئەوەیش (بەدو)یێک بوو، پاشا هەر لە منداڵییەوە گرتبوویە خۆی و بەخێوی کردبوو و کاری هەرە مەترسیداری بۆ سەردارەکەی دەکرد.

کابرا جامەکانی ئۆتۆمبێلەکەی بە مادەیەکی ڕەش داپۆشیبوو، من و ئیزرای سوارکرد و گەیاندینیە ماڵی خۆی. لەو کاتەی چاوەڕێی شا عەبدوڵلا بووین، هەندێ قسەم لەگەڵ ژنە شۆخ وشەنگ و ڕۆشنبیرەکەی ڕێبەرەکەمان کرد. ژنەکە سەر بە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی تورک بوون، دیاربوو گلەیی لە بارودۆخی هەراسانکەری نەگۆڕی ژیانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئوردن دەکرد. ئەوەی بە بیر هێنامەوە، کە منیش هەندێ لەو جۆرە ژیانە یەکڕەنگییە نەگۆڕەدا ژیاوم، بەڵام لەوێ تەنیا سەری هاوسۆزییم بۆ لەقاند.

پاشان عەبدوڵلا هات. ڕەنگی زۆر پەڕیبوو، پێدەچوو لەبن گوشارێکی زۆرلەخۆکردندا بێ. ئیزرا قسەکانی بۆ وەردەگێڕاین و بۆ ماوەی سەعاتێک

گفتوگۆمان کرد. من سەرەتا و دەستبەجێ بەو خاڵە دەستم پێکرد: " ئەرێ دوای هەموو ئەو شتە چۆن ئێوە پەیمانشکێنیت لەگەڵدا کردم؟"

ئەو ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەمی نەدایەوە. لەبری ئەوە گوتی: "کاتێک من ئەو بەڵێنەم دا، پێم وا بوو جڵەوی چارەنووسی خۆم بە دەستە خۆمەوەیە و دەمتوانی ئەوە بکەم کە پێم ڕاست بوو، بەڵام لەو کاتەوە من شتی دیکە فێربووم." ئەوسا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، کە پێشتر ئەو تەنیا بووە بەڵام هەنوکە،" من یەکێکم لە پێنجەکان،" چوارەکانی دیکەمان بۆ دەرکەوت کە میسر، سوریا، لوبنان و عێراق بوون. هێشتاش ئەو پێی وا بوو دەکرێ بەر بە شەڕ بگیرێ.

ئەو لێی پرسیم: "ئەرێ بۆچی ئێوە ئەوەندە لە جاڕدانی دەوڵەتەکەتاندا بە پەلەن. ئەو پەلەیەتان لە چییە؟ ئێوە زۆر بێ ئارامن؟" منیش پێمگوتەوە، لەو باوەڕەدانیم گەلێک دوو هەزار ساڵ بێ چاوەڕوان بێ و ئێستا پێی بگوترێ "بە پەلەیە"، پێدەچوو ئەو وەڵامەی منی بە دڵ بێ.

پێمگوت: "ئایا ئێوە تێناگەن، کە ئێمە تاکە هاوپەیمانی ئێوەین لە ناوچەکەدا. ئەوانی دیکە هەموویان دوژمنتانن."

ئەویش گوتی: "بەڵێ. ئەوە دەزانم. بەڵام چی بکەم؟ شتەکە لە دەستی من نەماوەتەوە."

ئیدی منیش پێم گوتەوە: "ئاوا، کەواتە پێویستە ئەوە بزانن ئەگەر شەڕمان بەسەردا سەپا، ئەوا دەجەنگین و سەریش دەکەوین."

ئاهێکی ساردی هەڵکێشا و دووبارە گوتیەوە: "بەڵێ، من ئەوەش دەزانم. ئەوە ئەرکی ئێوەیە بجەنگن. بەڵام بۆ چی چەند ساڵێکی دیکە ڕاناوەستن؟ داوای کۆچکردنی ئازاد مەکەن. ئەوسا من هەموو وڵاتەکە دەخەمە بن ڕکێفی خۆم، ئەوسا دەکرێ تۆش ببیە نوێنەرێک لەنێو پەرلەمانەکەمدا. من هەڵسوکەوتی زۆر باشت لەگەڵدا دەکەم، ئەوکات شەڕیش لەگۆڕێدا نامێنێ."

هەولمدا بۆی ڕوونبکەمەوە نەخشەکەی ئەو مەحاڵە. پێمگوت: "تۆ ئەوە دەزانی، ئەو هەموو شتەمان چۆن بە ئەوپەڕی زەحمەتی کردووە. ئایا پێت وایە ئەو هەموو کارەمان بۆ ئەوە بووە تەنیا ببینە نوێنەر لە پەرلەماندا؟

تۆ دەزانی ئێمە چیمان دەوێ و چیمان مرازە. ئەگەر تۆ پێت نەکرێ لەوەی ئێستامان پتر پێشکەشبکەی، کەواتە شەڕ هەڵدەگیرسێ و دەشێبەینەوە. بەڵکو ئێمە دووبارە دوای جەنگ و دوای هاتنەکایەی دەوڵەتی جوو یەکدی ببینینەوە."

دانینیش پێیگوت: " پێگەی تۆ پتر بە تانکەکانتەوە بەندە. تۆ لەنێو جیهانی عەرەبدا دۆستی ڕاستەقینەت نین، ئێمەش تانکەکانت تێکدەشکێنین هەروەک چۆن هێڵی ماگینۆت[78] تێکشکا". ئەو وتانە وشەی زۆر بوێرانە بوون، نەخاسمە کە دانین دەقاودەق هێزی زرێپۆشی ئێمەی دەزانی، بەڵام عەبدوڵلا خەمبارانەتر لێیڕوانین و دووبارەی کردەوە، کە ئەو دەزانێ ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵدەستین. پێم وابێ کەساسانە دیاربوو، ئەوەشی خستەسەر کە پێشهاتەکان دەبێ بە ئاڕاستەی خۆیاندا بڕۆن. هەموومان دەبێ ئەوە بزانین، کە لە دواییدا چارەنووسمان چی بۆ ئامادە کردووین.

ئیدی ئەوکات شتێکی دی نەمایەوە باسی بکەین. من دەمویست هەڵبستین و بڕۆین بەڵام دانین و عەبدوڵلا سەرەداوی دەمەتەقێیەکی دیکەیان دەستپێکرد.

دانین گوتی: "هیوادارم دوای شەڕهەڵگیرسانیش هەر لەپەیوەندیدا بین."

عەبدوڵلا بەرسڤی دایەوە: "هەڵبەت. پێویستە بێیت بۆ لام."

دانین لێیپرسی: "بەڵام ئایا من چۆن دەتوانم بتگەمێ؟"

عەبدوڵلا بە خەندەوە پێیگوتەوە: "ئۆو، من بڕوام پێت هەیە، ڕێگایەک هەر دەدۆزییەوە."

ئیدی دانین گلەیی ئەوەی لێکرد کە عەبدوڵلا زۆر ئاگای لەخۆی نییە. پێیگوت:" خاوەنشکۆ، لە مزگەوتدا ڕێگەدەدەی بێن و عەباکەت ماچ بکەن. ڕۆژێک دێ بەدکارێک ئازارت پێبگەیەنێ. کاتی ئەوە هاتووە لەپێناوی سەلامەتیتدا ئەو دابە قەدەخە بکەی" ڕاشکاوانە عەبدوڵلا تاسا، لێبڕاوانە بە

---

[78] Maginot: هێڵێکی بەرگری ئاڵمانەکان بوو لە باکوری فەرەنسا-وەرگێر

دانینی گوت: "من هەرگیز خۆم ناکەمە دیلی پاسەوانەکانی خۆم. من وەک بەدەوییەک، وەک پیاوێکی ئازاد لەدایک بووم؛ هەرواش ئازادانە دەمێنمەوە. لێگەڕێ ئەوانەی دەشیانەوێ بمکوژن با هەوڵی خۆیان بدەن. من هەرگیز خۆم بە زنجیران نابەستمەوە." ئەوسا خواحافیزی لێ کردین و ڕۆیشت.

ژنە خانەخوێکە بانگهێشتی سەر خوانی خواردنی کردین. لە کۆتایی ژوورەکە مێزێکی قەبەی پڕ لەخواردن دانرابوو. من بە هیچ شێوەیەک برسیم نەبوو، بەڵام دانین پێیوتم دەبێ دەفرەکەی خۆم پڕلەخواردن بکەم- هەرچەندە خواردم یان نا- دەنا وا دادەنرێ میوانداریێتی عەرەبانمان ڕەتکردووەتەوە. بۆیە دەفرەکەم پڕ لە خواردن کرد، بەڵام بە کەوچک هەر هەڵگێڕ وەرگێڕم دەکرد. ئیدی هیچ گومانێک لە مێشکمدا نەما، کە شەڕمان لەگەڵ دەکا. لەگەڵ ئەو هەموو کەشوفشەی دانینیش لەبارەی تانکەکان، بەڵام دەمزانی کە تابوری تانکەکان هی گاڵتەپێکردن نین، خەریکبوو دڵیشم لە داخی ئەو هەواڵەی دەبووایە بگەیەنمەوە تەلئەبیب بەردەبووەوە. سەروبەندی نیوەشەو بوو، هێشتا ڕێگایەکی درێژ و مەترسیداری گەڕانەوەمان لەبەردەمدا بوو، ئەو کاتەش هی ئەوە نەبوو بە زڕەهیوایەک بە فیڕۆی بدەین.

دوای چەند خولەکێک ئەوێمان جێهێشت و ڕێگەی گەڕانەوەمان گرتەبەر. شەوێکی تاریک و ئەنگوستەچاو بوو، شوفێرە عەرەبەکە، کە ئێمەی دەگێڕایەوە ناهاریوم (لەوێشەوە دەبووایە هاتبایەنەوە حەیفا) لەو هەموو ڕاگرتنانەی کە لە بازگەکانی قۆشەنە سەربازییەکان ڕایدەگرت، زراوی چووبوو. لە کۆتاییدا، لە دووریەک، پێشئەوەی بگەینە بەنزینخانە، ئێمەی دابەزاند. ئیدی کاتیش ببووە دوو یان سێی بەرەبەیان، ئێمە دەبووایە خۆمان ڕێگەی گەڕانەومان بکوتابایەوە. هیچێکیشمان چەکدار نەبووین، من دەبێ پێی لێبنێم، کە زۆر ترسام و زۆریش پەستبووم. لە پەنجەرەی ترومبێلەکەوە هێزە چەکدارەکانی عێراقمان لە مۆڵگەی مەفرەقەوە بینی، بە چرپەشەوە دەمانگوت ئاخۆ لە ١٤ی ئاداردا چی بقەومێ. لەنبیرمە دڵم خورپەی دەهات کاتێ گوێم لە دانین بوو دەیگوت: "ئەگەر بەختمان یار بێ — و بیبەینەوە- ئەوا تەنیا دە هەزار پیاو لە دەست دەدەین. ئەگەر بەدبەختیش

بین ئەوا زیانەکانمان پەنجا هەزار کەسێک دەبێ." من ئەوەندە دڵتەنگ بووم، بە یەکەوە بابەتی قسەکانمان گۆڕی، لە باقی ڕێگاکە باسوخواسمان لەسەر دابونەریتی موسڵمانان و ناندینی عەرەبەکان بوو. لەو شەوەزەنگە تاریکەدا هەر سەرپەلۆدەچووین، بۆیە نەماندەتوانی زۆریش قسە بکەین. لە ڕاستییدا نەشدەوێراین بە دەنگەوە هەناسە بدەین. من زۆر خراپ بەو جلانەی بەرم گیرۆدە بووبووم، زۆریش لە ئاڕاستەی ڕۆیشتنمان دڵنیانەبووین و نەشمدەتوانی خۆم لەبن باری ڕەشبینی و شکشتخواردنی گفتوگۆکەمان لەگەڵ عەبدوڵلادا دەربهێنم.

مەزندەم وابوو دانین و من نیو سەعاتێک بەپێ ڕۆیشتبین کە گەنجە ئەندامەکەی هاگانا، ئەوەی لە ناهاریوم چاوەڕێی دەکردین و هەموو شەوەکە بەدیار ئێمەوە لەوێ وەستابوو، لە پڕدا لێمان دەرکەوت. من لەبەر تاریکی دەموچاویم نەدی، بەڵام پێم وا نییە دەستی کەسم ئەوەندە توند گرتبێ وەک ئەوکات هی ئەو و ئاهێکی ئاسودەییشم بە بەردا هاتەوە. هەر چۆنێک بێ، بە ئاسانی ئێمەی بەسەر گرد و بەناو دۆڵەکەدا گەیاندە ناهاریوم. پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر جارێکی دیکە برادەرەکەم دیتەوە، ڕۆژێکیان پیاوێکی تەمەن مامناوەندی لە میوانخانەی ئۆرشەلیم هاتە بەردەمم و پێیگوتم: " خانم مایەر، ئایا نامناسیەوە؟" منیش لە مێشکی خۆمدا بە دوایدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە تا خۆی خوێنشیرینانە گوتی: "من ئەو کەسەم شەوەکەی ڕێگای گەڕانەوەم لە ناهاریوم نیشاندان."

لێ دوای ئەوە هەرگیزعەبدوڵلام نەدیتەوە، هەرچەندە دوای جەنگی ڕزرگاریخوازانە، دانوستانێکی دورودرێژیشمان لەگەڵیدا هەبوو. دواتر زانیم لەبارەی منی گوتبوو: "ئەگەر کەسێک هەبێ و لە جەنگەکە بەرپرسیار بێ ئەوا ئەو بوو، چونکە ئەو زۆر لەخۆڕازیبوو لەوەی، کە داوا(بەخشین)ەکەی من بپەژرێنێ." منیش پێویستە ئەوە بڵێم، پێم وابێ بارودۆخی ئێمە وەک کەمینەیەک لە بن دەستی دەسەڵاتدارێکی عەرەب، کە خۆی دووساڵی زێدەتری نەبرد، هەر بە دەستی عەرەب خۆیانەوە کوژرا، چۆن دەبوو؟ من ئەوێ شەوێ هیچ پەشیمان نیم لەو ناکۆکبوونەم لەگەڵ عەبدوڵلادا. بەڵام ئارەزوم وا بوو، ئەوەندە ئازابووایە لە شەڕەکەدا بهاتبایە دەرەوە. ئەگەر

هاتبا و هەندێک کەمتر بە خۆیەوە نازیبا، ئەوا بۆ خۆی و بۆ ئێمەش زۆر باشتربوو.

هەر چۆنێک بێ لە ناهاریومەوە ڕاستەوخۆ بەرەو تەلئەبیب گەڕاینەوە. بۆ بەیانیەکەی دواتر کۆبونەوەیەک لە سەرکردایەتی ماپای هەبوو، ئەو کات هەڵبەتە لە ماوەی هەموو هەفتەکەدا کۆبوونەکان بەردەوامبوون. زانیم بنگۆریۆنیش لەوێیە. کاتێک لە دانیشتنەکە وەژورکەوتم، سەرێکی بەرزکردەوە و پێیگوتم، "ئەنجا؟"من دانیشتم و نوسیم: "کارینەکرد (نەیخوارد)، دەبێتە شەڕ. لە مەفرەقیشەوە ئێزرا و من چڕبوونەوەی هێزەکان و چراکانیمان بینین." بە ئاستەم بەرگەی ئەوەم گرت، کە سەیری دەموچاوی بگنۆریۆنم کرد کاتێ تێبینیەکەمی خوێندەوە، سوپاس بۆ خوا بیروڕای خۆی یان هی ئێمەی نەگۆڕی.

لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەبووایە دوا بڕیار بدرابایە: ئایا دەوڵەتی جوو ڕابگەیەنرێت یان نا؟ دوای ئەوەی گفتوگۆکەی خۆم لەگەڵ شاعەبدوللا بۆ گێڕانەوە، هەندێک کەس لە مینهەلەت هائام (دەقاودەق واتای بەڕێوبردنی کارگوزاری خەڵک دەگرێتەوە) قسەیان لەگەڵ ئەندامەکانی ئاژانسی جوو، ڤائاد لێومی و هەندێ دەستەی بچووک کردبوو، کە دواتر بوونە کاربەدەسەت لە دەوڵەتدا، بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر بنگۆریۆن بەڵکو دوا هەڵسەنگاندنەوە بۆ بارودۆخەکە بکا. داوایانکرد ئەوە بزانن ئاخۆ خەملاندنی هاگانا بۆ کاتژمێری سفر چییە. بۆیە بنگۆریۆن دوو پیاوی بانگکردن: یگال یادین کە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی هاگانا بوو لەگەڵ ئیسرائیل گالیلی، ئەویش وەک ئەمری واقیع سەرکردەی گشتی هێزەکان بوو. بە کردەوە بەرسڤەکانی ئەوان ناسێنەر و سامناک بوون. ئەوان گوتیان دەتوانین تەنیا لە دوو شتدا دڵنیابین: بەریتانیەکان دەڕۆن و عەرەبەکانیش پەلاماردەدەن. ئەدی دوای ئەوە؟ هەردووکیان بێدەنگ بوون، بەڵام دوای خولەکێک یادین گوتی: "باشترین شت کە پێت بڵێین ئەوەیە، دەرفەتی پەنجا بە پەنجامان هەیە. ئێمە پێدەچێ بە قەد ئەوەی بیبەینەوە بە قەد ئەوەش بیدۆڕێنین."

ئــاوا لەبەر تیشــکی ئەو تێبینــیە ئاشــکرا و ڕوونە دوابڕیــار درا. لە ڕۆژی هەینــی ١٤ی ئــاداری١٩٤٨دا (کە دەیکــردە پێنجەمینــی ئیــاری ســاڵی ٥٧٠٨ بەگوێرەی ساڵنامەی عیبری)، دەبووایە دەوڵەتی جوو لەدایک ببێ. ئەو دەوڵەتەی ژمــــارەی دانیشـــتوانەکانی ٦٥٠.٠٠٠ کەس بـــوون، دەرفەتــــی ڕزگــاربوون و مانەوەشــی دەکەوتە ســەر ئەوەی ئــاخۆ تــا چەنـد یوشـیڤ بەرگەی پێــنج ســوپای نیزامــی عەرەب بگــرێ، کە یەک ملیــۆن عەرەبــی فەڵەستینیشیان لەگەڵدابوون.

بەگوێرەی نەخشە بنەڕەتییەکە دەبووایە من لە ڕۆژی پێنجشـەممەدا بگەڕابامایەوە ئۆرشەلیم و ئەو ماوەیەش هەر لەوێ بووبام. ئەوەش قسـەی لەسەر نەبوو، زۆر حەزم دەکرد لە تەلئەبیب بماباماـیەوە، هەرهیچ نەبا تـا ڕۆژی جـــاڕدانەکە، ڕۆژی جـــاڕدانەکە بە نهێنـــی (بەدەر لە ٢٠٠کەســـی بانگهێشتکراوی نامۆ) تـا نزیکەی یەک سـەعات پێش ڕاگەیاندنەکە مـایەوە. چوارشـەممە هەموو ڕۆژەکەی هیوام وابوو بنگۆریۆن نەرم بێ، بەڵام ئەو نەیسـەلماند. پێی گـوتم: "تۆ دەبێ بگەڕێیتەوە ئۆرشـەلیم. بۆیە پێنجشـەممە ١٣ی ئایـار دەبـووایە مـن بە فـڕۆکە بچکـۆلەکەی پیـبەر کەب بگەڕێـمەوە تەلئەبیـب. فەرمـان بە فـڕۆکەوانەکە کرابـوو، مـن لە ئۆرشــەلیم دابگــرێ و خۆیشـی بگەڕێتەوە و ئیسـحاق گرونبـاوم لەگەڵ خـۆی بهێنێتەوە تەلئەبیب. گرونبـاوم بـووە وەزیـری نێوەخـۆ لە حکـومەتی کـاتی. کـاتێکیش فـڕۆکەکە هەڵســاین و گەیشــتینە ســەر گردەکــانی جــودین، مەکینــەی فــڕۆکە کەوتە بــــارێکی هۆشـــدارییانەوە. مـــن لە تەنیشـــت فـــڕۆکەوانەکە دانیشـــتبووم (ئەو فڕۆکە بچکۆلانەیە کە لە خۆشەویستی پێیدەگوترا پریموسس[79] - تەنیا دوو کەســی هەڵــدەگرت)، تەماشــامکرد فــڕۆکەوانەکە زۆر دەمــارگیرببوو. مەکینەکە دەستی بە تەقەتەق کرد وەک ئەوەی لە فڕۆکەکە بەرببێتەوە، ئیدی منیش نەتاسام کاتێ فڕۆکەوانەکە پێیگوتم: " من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، پێموانییە بگەمە سەر گردەکـان، دەبێ بگەڕێمەوە." فڕۆکەکەی سـوڕاندەوە، مەکینەکە دەنگێکی ترسناکانەی لێوە دەهـات، سـەرنجمدا فـڕۆکەوانەکە هەر

[79] Primuses: بە لاتینی واتای یەکەمین دەگەیەنێ-وەرگێڕ

سەیری ئەملا و ئەولای دەکا. من هیچم نەگوت، پاش ساتێکی دیکە مەکینەکە هەندێ باشتر بوو ئەوسا لێیپرسیم: "ئایا دەزانی چی ڕوودەدا؟"

وەڵامم دایەوە: "بەڵێ"

ئەو گـوتی: "مـن چـاودەگێڕم، زۆر پێـدەچێ لە گونـدێکی عەرەبـان بنیشـینەوە." ئەوەش لە ١٣ی ئـاداردا بـوو. ئەنجـا ئەوەشـی بـۆ خستەسـەر: "بەڵام پێـدەچێ بتـوانم بـگەمە بـێن شـیمون و لەوێ دابـبەزین." لەو کـاتەش دەنگی ماکینەکە باشتر بوو، ئینجا گوتی: "نەخێر، پێم وایە دەتوانم بگەڕێمەوە تەلئەبیب."

بەم شـێوەیە لە دواییدا توانیم لە ڕێوشـوێنی ڕاگەیاندنەکە ئامـادەبم، ئیسحاق گریونباومی بەستەزمانیش دەبووایە هەر لە ئۆرشەلیم چاوەڕێ بکا، پێی نەکرا جارنامەکە تا یەکەمین ئاگربەسی دوای جەنگی سـەربەخۆیی واژۆ بکا.

لە بەیـــانییەکەی ڕۆژی ١٤ی مانگـــدا بەشـــداری کۆبـــوونەوەی ئەنجـوومەنی خەڵکـم کـرد، کە بڕیاریـان لەســەر دوا دارشـتەی جـاردانی سـەربەخۆییەکە دەدا. نـاوی دەوڵەتەکە کەمتـر کێشـەداربوو لە چـاو خـودی جارنـامەکە، چـونکە لە دواسـاتدا بەڵگەوبەنـدێک سـەبارەت بە ئامـاژەدان بە نـاوی خـودا هـاتەگۆڕێ. ئەوەی ڕاسـتی بـێ مشـتومڕەکە لە ڕۆژی پێشـتر سەری هەڵدابوو. پێشـتر کۆمیتەیەکی بچـوک لە دوا دێڕی جارنـامەکەدا ئەم دێـڕەی دانـابوو: "پشتئەسـتور بە گاشـەبەردەکانی ئیسـڕائیل، ئـێمە پەنـجەی گەواهیـدان لەسـەر ئەو جاڕنـامەیە دادەنێـین..." بنگۆریـۆن هیـوای وا بـوو دەسـتەواژەی "گاشـەبەردەکانی ئیسـڕائیل" زۆر لـێڵە بـۆ ڕازیکردنـی ئەو جووانەی باوەڕیان بەوە نییە جارنامەکە هیچ ئاماژەیەک بە نـاوی خـودا بکـا، ئەوان بە دڵنیاییەوە دژی هەر ئاماژەیەکی کڵێساییانە دەوەستنەوە.

بەڵام سـازاندنەکە ئاسـان نەبـوو. ڕابـاین فیشـمان مـایمۆن وتەبێـژی پـارتە دینییەکـان ئامـاژەی بەوە دا، کە ناوهێنـانی یەزدان نـابێ ببێتە جێگـای مشـــتومڕ و بە مەرجێکـــیش دەســـتەواژەی "گاشـــەبەردەکانی ئیســـرائیل" پەسەنددەکا ئەگەر وشەی "فریادرەسەکە"شی بۆ بخرێتەسەر، هەرچی ئارۆن زیسـلینگ کە بـاڵی چەپـی پـارتی کرێکـاران بـوو، نەیـاریی خـۆی بەرانـبەر

نیشاندان. ئارۆن گوتی: "من ناتوانم بەڵگەنامەیەک واژۆبکەم، ئاماژە بە خودا بکـا، کە بـاوەڕم پێـی نیـیە." بنگۆریـۆن هەمـوو بەیـانییەکە خەریکـی قەناعەتپێهێنانی مایمۆن و زیسلینگ بوو سەبارەت بە واتای "گاشەبەردەکانی ئیسـڕائیل" کە لەڕاسـتیدا دووانە بـوو: لە کاتێکدا نیشـانەیەکە بـۆ زۆر جـوو، لەوانەیە زۆرینە بن، هەروەها هێمایەکی لادینییشە کە ئاماژە بە "هێزوشەنگی گەلـی جـوو" دەکـا. لە کۆتاییشـدا مـایمۆن قـایلبوو وشـەی"فریادرەس" لەنێـو دەقەکەدا دەربهێندرێ، ئیدی هەر هەمان ڕۆژ، دەقە وەرگێڕدراوە ئینگلیـزیەکە بـۆ خەڵـک ئاشـکراکرا، بەڵام بێئەوەی لەبەر هۆکـاری سـەربازییانە ئامـاژەی "گاشـەبەردەکانی ئیسـڕائیل"ی تێـدابێ، چـونکە لە بـڕگەکەدا کـات و شـوێنی ڕێوڕەسمەکەی تێدابوو.

لە ڕاستیدا خودی ئەرگومەنتەکە ئەوەی نەدەهێنا سـەروەزیر هەمـوو کاتەکەی بۆ تەرخـان بکـا، کە تەنیا چەند کـاژمێری بـۆ جـاڕدانەکە مـابوو، بە تـایبەتیش کە هەڕەشـەی پەلاماردانمـان لەسـەربوو، زیـاتریش مشـتومڕەکان تەنیا لایەنێکی زاراوەسازی بوون. ئێمە هەمووومان بە قووڵی ئەو ڕاستییەمان دەزانـی، جاڕنـامەکە نەوەک هەر بە فەرمـی کۆتـایی بە دوو هەزار سـاڵەی بێلانەیـی جـوو هێنـا، بەڵکـو دەربـڕی زۆر لە بنەمـا دینگەییەکـانی دەوڵەتـی ئیسـڕائیلیش بـوو. بـۆ ئەو هۆکـارە هەمـوو وشـەیەک سـەنگی مـحەک بـوو. ڕێکەوتانە بوو کە هاوڕێکەم زییف شاریف بە یەکەمین سکرتێری حکومەت دانـرا (ماشـینی دامودەزگاکـانی حکومەتی دانـا) و ئەو کـاتەی دۆزییەوە، ئەو بەڵگەنامەیەی ئێوارەکەی واژۆمان کرد، دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمەکە ببات و لە ژێرزەمینی باڵەخانەی بانکی ئانگلۆ-فەڵەستینی هەڵبگرێ، هەر هیچ نەبێ بـۆ نەوەکـانی داهـاتوو هەڵبگیـرێ، خوانەخواسـتە ئەگەر هـات و دەوڵەت و ئـێمەش لە ئەنجـامی شـەڕەکەدا دەربازمـان نەبـووایە ئەوا بەڵگەنـامەکە لە فەوتان دەربازی دەبوو.

سـەروبەندی سـەعات دووی پـاش نیـوەڕۆ گەڕامەوە میوانخـانەکەم لەسـەر کەنـار، سـەرم شوشـت و باشـترین جلـە ڕەشـەکانی خـۆمم پۆشـی. ئەوسا بۆ چەند خولەکێک دانیشـتم، بە ئاستەم هەناسـەم پێدەدرا، بەشـێکیان بیـرم لە منـداڵەکانم -بـۆ یەکەمـین جـار لە مـاوەی ئەو دوو سـێ ڕۆژەی

ڕابــردوو- دەکــردەوە. منــاحیم لە وڵاتە یەکگرتووەکــان بــوو، خوێنــدکاری قوتابخانەی موزیک بوو لە مانهاتن. دەمزانی ئێستا مسۆگەربووە بگەڕێتەوە، زۆر بەتاسەبووم، کە بگەڕێتەوە و یەکدی ببینینەوە. ساراش لە ڕێڤیڤم بوو، هەرچەندە زۆریش دوورنەبوو، بەڵام وەک قەلی هەڵفڕیو لەیەک دابڕابووین. مانگەکانی پێشتر تاقم و باندە عەرەبەکان و دزەکەرانی میسری ڕێگای بە یەکەوەبەستنەوەی نەقەبیان لەگەڵ باقی وڵات بڕیبوو، بەردەوامیش ڕێگەیان دەتەقاندەوە و لوولەکێشی ئاویش، کە دەچووە بیست و حەوت نشینگەی جوو لە نەقەب بڕی. هاگانا ئەوپەڕی توانای خۆی بۆ شکاندنی گەمارۆکە بەکارهێنا. ڕێچکەیەکیان بە تەریبی ڕێگا سەرەکییەکە کردبووەوە تا خۆراک و ئاو بگەیەننە ئەو هەزار ئاکنجییەی باشوور. بەڵام کێ دەیزانی ئاخۆ چی بەسەر ڕێڤیڤم یان نشینگە بچوک و نیوەچەکدارەکانی دیکەی نەقەب دێ کاتێک هێرشی سەرتاسەری میسرییەکان دوای چەند سەعاتێکی دیکە دەستپێدەکا. سارا و زەکەریا هەردووکیان لەسەر بێسیمی ڕێڤیڤم بوون، ئیدی توانیم لەگەڵیان لەسەر هێڵ بم، بەڵام ئەو چەند ڕۆژانە هیچم لەوان و لەبارەیان نەبیستبوو، بۆیە زۆر نیگەران بووم. ئەوە دوارۆژی نەقەب و ئیسرائیل بوو، چارەنووسەکە بە ئازایەتی و ئۆقرەی ئەوانەوە بەندبوو، منیش ئەو بیرۆکەیە تۆقاندبوومی، کە ڕووبەڕووی هێرشی سوپای میسرییەکان بوونەتەوە.

من نوقمی خەیاڵ و بیرکردنەوەی منداڵەکان بووم، ئیدی ئەوێ دەمێم لەبیرە کە زەنگی تەلەفونی ژوورەکەم لێدرا، پێیان ڕاگەیاندم ترومبێل ئامادەیە بمگەیەنێتە مۆزەخانەکە، ئەو شوێنەی ڕێوڕەسمی جاڕدانەکەی لێدەکرا. بڕیاردرا ڕێوشوێنی جاڕدانەکە لە مۆزەخانەی ڕۆتشیلد بۆلوڤوار بێ، نەوەک لە بەرئەوەی کە باڵەخانەیەکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە (کە وا نەبوو) بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوەندە بچووک بوو، بە ئاسانی دەتوانرا پاسەوانی لێ بکرێ. باڵەخانەکە یەکێک بوو لە کۆنترین باڵەخانەکانی تەلئەبیب، لە بنەڕەتدا هی یەکەمین سەرۆک شارەوانی شارەکە بوو، دواتر ویستی بکرێتە مۆزەخانەیەکی هونەری بۆ خەڵکی شارەکە. بۆ بۆنەکەش

تەنیا بڕی ٢٠٠دۆلار بۆ ڕازاندنەوە خەرج کرا. باڵەخانەکە شوشترابوو، زۆربەی تابلۆکانی سەر دیوارەکانی داپۆشرابوون، دیوی دەرەوەی پەنجەرەکانیش لە ترسی پەلاماری فڕۆکەکان ڕەش کرابوون، وێنەیەکی گەورەی تیۆدۆر هێرتزلیش لە پشت ئەو مێزەی هەر سێزدە ئەندامی حکومەتەکە دانیشتبون، هەڵواسرابوو. هەرچەندە تەنیا ٢٠٠ کەسی سەیروسەمەرە بانگهێشتکرابوون، وردەکارییەکەیان دەزانی، بەڵام لەو کاتەی منیش گەیشتم ژوور، حەشاماتێکی زۆریش لە دەرەوەی مۆزەخانەکە وەستابوو.

دوای چەند خولەکێک، بە دەقاودەقی سەعات چواری دوای نیوەڕۆ، ڕێوڕەسمەکە دەستیپێکرد. بنگۆریۆن کە قاتێکی ڕەش و بۆینباخێکی بەستبوو، چەکوچێکی بە دەستەوەبوو، هەڵسایە سەرپێ. بەگوێرەی نەخشەکە، ئەوە هێمایەک بوو بۆ ئۆرکێسترایەکە، کە لە نهۆمی دووەمدا و لە سەروبەندی گوتنەوەی سروودی هاتیکڤادا،[80] چ هەڵەیەک قەوما، ئاخر هیچ تیپێکی موزیک لەوێنەبوو. ئەوە بوو لە خۆوە هەمووومان هەڵساین و دەستمان بە گوتنەوەی سرووده نەتەوەییەکەمان کرد. ئەوسا بنگۆریۆن گەرووی خۆی پاککردەوە و بە هێواشی گوتی: "من جاڕنامەی سیپارەی سەربەخۆیی دەخوێنمەوە." تەنیا چارەگێک بە خوێندنەوەی هەموو جاڕنامەکەوە بوو. زۆر بە هێواشی و ڕەوانی خوێندیەوە، باشم لەبیرە کاتێ گەیشتە یانزدەمین بڕگە، دەنگی گۆڕا و بەرزتربوو :

" بەو پێیە؛ ئێمە، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، بە نوێنەرایەتی گەلی جوو لە وڵاتی ئیسڕائیل و بزووتنەوەی زایۆنیزم، لە ڕۆژی یەکلابوونەوەی ماندانی بەریتانیا لە فەڵەستین کۆبووینەوە و لەسۆنگەی

[80] Hatikvah: هاتیکڤا، سروودی نیشتمانیی ئیسڕائیلە لە لایەن نافتالی هێرز ئیمبەری شاعیر لە ١٨٧٧دا نوسراوەتەوە- بۆ بوونەسروود دەستکاریکراوە؛ دوو کۆپلەی بەم جۆرەن: تا ئەو کاتەی نووزە لە دڵ مابێ، گیانی جوو هەڵوەدایە، بۆ پێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات، چاو سەیری زایۆن دەکا، هیوامان هێشتا ماوە، هیوای دوو هەزار ساڵە، نەتەوەیەکی ئازاد بین، لەسەر زێدمان، زێدی زایۆن و ئۆرشەلیم، وەرگێڕ).

مـافی سروشـتییانه و مێژووییانەمانـدا و لەبەرتیشـکی بڕیـاری کـۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لێرەدا دامەزراندنی دەوڵەتی جوو لە سەر خاکی ئیسرائیل- دەوڵەتی ئیسرائیل رادەگەیەنین."

ئـۆخەی؛ دەوڵەتـی ئیسـرائیل! چاوەکـانم پڕبـوون لە فرمێسـک، دەستەکانیشم دەلەرزین. ئێمە هێنامانەدی. ئێمە دەوڵەتی جوومان هێنایەدی و منیش گۆلدا مابۆڤیچ مایەرسۆن ئەوەندە ژیام تا ئەو ڕۆژە بە چاوەکانی خۆم ببینم. ئیدی هەر چیەک بقەومێ، هەر نرخێک بیدەین، خۆ ئێمە ماڵی نیشتمانیی جوواتیمان ژیاندەوە. ئیدی ئاوارەیی درێژخایەن بەسەرچوو. لەم ڕۆژە بە دواوە، چیدی لە وڵاتی باب و باپیرانمان ناچەوسێندرێینەوە. هەنوکە ئێمەش نەتەوەیەکین وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە کە-بۆ یەکەمی نجار لە ماوەی بیست سەدەی ڕابردوودا- ببینەوە کوێخای چارەنووسی خۆمان. خەونەکەمان هاتەدی، هەرچەندە زۆر درەنگبوو بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی لە هۆلۆکۆستدا فەوتان، بەڵام بۆ نەوەکانی دادێ درەنگ نییە. نزیکەی پەنجا ساڵی ڕەبەقە، کە یەکەمین کـۆنگرەی زایـۆنیزم لە باسل بەسترا، لەوێدا تیۆدۆر هێرتزل لە ساڵنامەکەی خۆیدا نوسیبوی: "لەباسل من دەوڵەتی جووم ڕۆنا. ئەگەر بوێرم بڵێم ئەمڕۆ، ئەوا پێم پێدەکەنن. بەڵام لەوانەیە لە ماوەی پێنج ساڵ یان بە دڵنیاییەوە لەماوەی پەنجا ساڵدا هەموو کەسێک دەیبینێ." ئاوا شتەکە هاتەدی.

کاتێ بنگۆریۆن جاڕنامەکەی دەخوێندەوە، دیسان بیرم لە منداڵەکانم و منداڵەکانی ئەوان دەکردەوە، ئاخۆ ژیانیان چەند جیاواز بێ لە هی من و ژیانی منیش لەمەو پاش چەند جیاوازبێ لە هی ڕابردوو، هەروەها بیرم لە هاوڕێکـانم لە ئۆرشـەلیمی گەمـارۆدراو دەکـردەوە، کە چـۆن لە بارەگـای ئاژانسـی جووەکـان گردبـوونەتەوە و لە ڕێـی ڕادیـۆوە گـوێ لە پەخشـی ڕێوڕەسمەکە دەگرن، لە کاتێکدا من هەر بە ڕێکەوتێکی ڕووتەوە لە خودی مۆزەخـانەکە ئامـادەم. پێـدەچوو بـۆ مـن ئەو ڕۆژەی هەینـی لە هەمـوو جوویەکی سەرزەوی بەختەوەرتر بووبم.

ئیدی وەک ئەوەی نیشانە ئاشکرابووبێ، وابوو؛ هەموومان هەڵسـاینە سـەرپێیان دەگریـان و چەپڵەمـان لێدەدا، لە کاتێکدا بنگۆریـۆن بۆ تەنیا تاکە

جارێک دەنگی نووسا، خوێندیەوە: "دەوڵەتی ئیسرائیل کراوەیە بۆ کۆچبەرانی جوو و کۆکردنەوەی ئاوارەکانی هەندەران." ئەوەش کرۆکی جاڕنامەکە بوو، هۆکاری دەوڵەتەکەش بوو، چەقی بازنەی هەموو خاڵەکان بوو. لەبیرمە، بە دەنگەوە گوێم لە هەنسک بوو کاتێ ئەو وشانەی لەو هۆڵە پڕ و گەرمەدا خوێندنەوە. بنگۆریۆن دەستی دایەوە چەکوشەکەی تا ئارامی هۆڵەکە بگێڕێتەوە ئەوسا لەسەر خوێندنەکەی بەردەوامبوو:

**"تەنانەت لەنێو ئەو پەلامارە توندوتیژیانەی ئەم چەند مانگانەی ڕابردوودا کرایە سەرمان، ئێمە داوا لە ڕۆڵەکانی گەلی عەرەب دەکەین، ئەوانەی لەنێو ئیسرائیلدان ئاشتی بپارێزن و ڕۆڵی خۆیان لە بیناتنانی دەوڵەتەکە لەسەر بنەمای هاووڵاتییەکی تەواو یەکسان بگێڕن و نوێنەرایەتی لە دامەزراوە کاتیی و هەمیشەییەکانیدا بکەن."**

هەروەها :"**ئێمە دەستی ئاشتی و دراوسێتی باش بۆ هەموو دەوڵەتەکانی دەوروبەرمان و گەلەکانیان درێژدەکەین، ئێمە داوای هاوکاریی و یارمەتی دوولایەنە لەگەڵ نەتەوەی سەربەخۆی جوو لە وڵاتی خۆیان لێدەکەین. دەوڵەتی ئیسرائیل ئامادەیە بەشداری لە هەوڵی هاوکاریی بە سوودمەندبوونی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بکا."**

کاتێک ئەو لەخوێندنەوەی هەر ٩٧٩ وشە عبرییەکەی جاڕنامەکە بووەوە، داوای لێ کردین هەڵسینە سەرپێ و "جاڕنامەی دامەزراندنی دەوڵەتی جوو لەخۆبگرین،" بۆیە جارێکی دیکە هەڵساینەوە. ئەوسا شتێک کە زۆر هێمن و سەرنجڕاکێش و لە نەخشەکەشدا نەبوو، ڕوویدا. لە پڕێکەوە ڕابی فیشەرمان مایمۆن هەڵسایە سەرپێیان و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دروودی نوێژی سوپاسنامەی نەریتی عیبریانەی خوێندەوە. "پیرۆزی تۆ، ئەی پەروەردیگار! ئەی خوای ئێمە، پادشاهی گەردوون، ئەو کەسەی ئێمەت لە ژیاندا هێشتەوە و بنباڵت گرتین و ئێمەت گەیاندە ئەم ڕۆژە. ئامین." ئەوە نوێژێک بوو، کە زۆر جارانم گوێ لێبووە، بەڵام بۆ من هەرگیز ئەو واتایەی وەک ئەوێ ڕۆژێ نەدەگەیاند.

پێش ئەوەی هەڵبستین و بە نۆرە هەریەکە و بەگوێرەی ئەلفبێی ناوەکەی بچێ جاڕنامەکە واژۆ بکا، خاڵێکی دیکەی کارنامە هەبوو، کە

سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا. بنگۆریۆن یەکەمین فەرمانی دەوڵەتە نوێکەی خوێندەوە. ڕایگەیاند کتێبی سپی یەکسانە بە هیچ و بەلاوەدەنرێ، بۆ ئەوەی بۆشایی قانونیش پەیدانەبێ، ئەوا هەموو ڕێسا و قانوننامەکانی ماندات بۆ ماوەیەکی کاتی کاریان پێ دەکرێ. ئەوسا واژۆکردنەکە دەستیپێکرد. کاتێ لە نۆرەی خۆمدا لەسەر کورسییەکە هەڵسام بچم جاڕنامەکە واژۆبکەم، سەیرێکی ئادا گۆلۆمبم کرد لە منەوە دوور نەبوو. دەمویست بچمە لای و دەستی بگرم و پێی بڵێم؛ من دەمزانی کە ئێلیاهو و دۆڤ دەبووایە لێرە لە جێگای من بووبان، بەڵام خۆ نەدەکرا ڕێگرتنی واژۆکردنەکە بپچڕم، بۆیە ڕاستەوخۆ چوومە نێوەڕاستی مێزەکە، سیپارەکە لەنێوان بنگۆریۆن و شارێتدا بوو. هەموو ئەوەی لە کاتی واژۆکردنی سیپارەی جاڕنامەکەم بە بیردا دێتەوە، ئەوە بوو بە ئاشکرا لە پرمەی گریانم دا، تەنانەت بۆم نەکرا فرمێسکەکانیشم بسترمەوە، لەبیرمە شارێت لەجیاتی من سیپارەکەی گرت، پیاوێکیش بە ناوی داڤید زڤی پینکوس بوو، کە سەر بە پارتی دینیی میزراحی بوو، هات تا هێورم بکاتەوە و لێی پرسیم: "ئەرێ گۆلدا بۆ ئەوەندە دەگرییێ؟"

منیش گوتم: "چونکە بیرکردنەوە لەو کەسانەیکە دەبووایە ئەمڕۆ لێرەبان و لێرەش نین، دڵم دەشکێنی." بەڵام هێشتا نەمتوانی گریانەکەم بوەستێنم.

تەنیا بیست و پێنج ئەندامی ئەنجوومەنی خەڵک جاڕنامەکەیان لە ١٤ی ئاداردا واژۆکرد. چواردە ئەندامەکەی دیکە لە ئۆرشەلیم بوون، یەکێکیشیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. دوا کەسیش لەوێ واژۆی کرد، موشێ شارێت بوو. ئەو لەچاو من هێورتر و جڵەوگیرتر بوو، وەک ئەوەی بە ئاستەم ئەرکەکەی ڕایی بکا. دواتر جارێکیان لەبارەی ئەو ڕۆژە قسەی بۆ کردم، پێی گوتم کەوا ئەو ڕۆژە کاتێک ناوەکەی خۆی لەسەر سیپارەی جاڕنامەکەدا نووسی و خەریکی واژۆکردن بوو، وەک ئەوە وابوو لەسەر لێواری خەرەندێک وەستابێ و زریانێکیش هەڵبکا و هەموو شتێکی دەوروبەری بهەژێنێ و هیچی لەبەردەمدا نەمێنێ، کە خۆی پێبگرێتەوە، تەنیا

سوربوونی خۆی نەبێ تا نەکەوێتە نێو دەریا، بەڵام ئەودەم هیچی وای نیشان نەدا و پێوەی دیار نەبوو.

دوای ئەوەی ئۆرکێسترای هارمۆنی فەلەستیین سرودی "هاتیکڤای"ی لێدا، بنگۆریۆن بۆ جاری سێیەم دەستی دایەوە چەکوشەکە و ڕایگەیاند: "ئیدی دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا. کۆبوونەکەش کۆتاییهات." هەموومان یەکدیمان لە ئامێز گرت و دەستی یەکدیمان گوشی. بۆنەکە کۆتایی هات. ئیسرائیلیش بووە ڕاستی.

شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، کە ئێوارکە ئێوارەیەکی دڵەراوکێ بێ. من لە میوانخانەکە مامەوە، لەگەڵ هاوڕێکانم دەدوام. یەکێکیان سەری بوتڵە شەڕابێکی هەڵپچڕی و بە خۆشی دەوڵەتەکە پێکی خواردنەوەمان هەڵدا. هەندێ لە میوان و گەنجەکانی هاگانا کردیانە گۆرانی و هەڵپەڕکێ، گوێمان لێبوو هەراوزەنای پێکەنین و گۆرانی لەسەر شەقامەوە دەهات، بەڵام دەمانزانی، لە نیوەشەودا منداتەکە کۆتایی پێدێ، کۆمسیاری باڵای بەریتانی، دوا سەربازی بەریتانی لە فەڵەستین بە پاپۆڕ وڵات جێدێڵێ، لەوەش ئەرخاین بووین لەشکری عەرەب سنوورەکانی دەوڵەتە تازە دامەزراوەکە دەبەزێنێ. ئێمە هەنوکە سەربەخۆ بووین، بەڵام چەند سەعاتێکی مابوو بچینە جەنگەوە. من نەوەک هەر کەیفساز نەبووم بەڵکو لەبەر هۆکاری بەجێ، زۆریش دەترسام. هێشتاش جیاوازییێکی مەزن لەنێوان ترسان و باوەڕشلۆقییەوە هەیە، هەرچەندە سەرتاپای دانیشتووە جووەکانی دەوڵەتە نۆژەنەکە تەنیا ٦٥٠.٠٠٠ کەس بوون، من ئەو شەوە بە دڵنیاییەوە دەمزانی، بناخەمان لێداوە و هیچ کەسێکیش ناتوانێ جارێکی دیکە هەڵمانقەنێ و پەرتەوازەمان بکاتەوە.

لە ڕاستییدا تەنیا ڕۆژی پاشتر درکم بەوە کرد، کە چی لە مۆزەخانەی تەلئەبیب ڕوویدا. سێ شتی لەیەک جیابوون، بەڵام ڕووداوی زۆر بەیەکەوەگرێدراوبوون، ڕاستییەکەیان هێنایە بەردەرکەی ماڵ و بەرجەستەیانکرد، وەک ئەوەی هیچ شتێکی دیکە ئەمەی کردبێ، منیش بۆ یەکەمین جار دەرکم بەوە کرد، کە هیچ شتێک وەک ئەوە نابێتەوە. ئەوەش نەوەک هەر بۆ من، نەوەک هەر بۆ گەلی جوو، نەوەک هەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوینیش. لە سەرەتاوە پێش هاتنی یەکشەممە، من بە چاوی خۆم لە

پەنجەرەی ژوورەکەمدا ئەوەم بینی، کە بە فەرمی پێی دەگوترا سەرەتای جەنگی سەربەخۆیی: چوار فڕۆکەی میسری بەسەر ئاسمانی شارەکەوە دەفڕین وێستگەی کارەبا و فڕۆکەخانەی تەلئەبیبیان وەک یەکەم پەلامار بۆمبابارانکرد. ئەوسا کەمێک دواتر یەکەمین گەمی کۆچبەرە جووەکانیشم بینی، کە چیدیکە "قاچاخ" نەمابوون، لە دەروازەی تەلئەبیبەوە ئازادانە و شانازانە هاتنە ناوەوە. هیچی دیکە کەس ڕاوەدوی نەنان یان کەس سزای نەدان لەسەر ئەوەی کە بۆ نیشتمان دەگەڕێنەوە. سەردەمە خەجاڵەتبارەکەی "مۆڵەتنامەکان" و ژمارەکردنی بنیادەم بەسەرچوو، کاتێکیش من لەوێ لەبەر خۆرەتاو وەستابووم، چاوم بڕیبووە سەر گەمییەکە (گەمییەکی کۆنی گریکی بوو بەناوی (ئێس ئێس تێتی) هەستمکرد ،کە هیچ نرخێک دەرهەقی ئەو دەستکەوتە گرانبەهایە نایەت. یەکەمین کۆچبەری قانونی، کە لەسەر وڵاتی ئیسرائیل دابەزی. پیرەمێردێکی شەکەت بوو بە ناوی سامۆئیل براند، یەکێک بوو لە دەربازبووەکانی بوخنوالد. پارچە کاخەزێکی لەنێو لەپی دەستدابوو کە تەنیا ئەوەندەی لەسەر نوسرابوو: "مافی نیشتەجێبوونی لە ئیسرائیل دراوەتێ." بەڵام کاخەزەکە لە لایەن دەزگای کۆچبەرانی دەوڵەتەوە مۆرکرابوو، ئەوەش یەکەمین ڤیزا بوو، کە درابێ.

هەڵبەتە دوای ئەوە، کاتێ چووینە ڕیزی خانەوادەی نەتەوەکان ساتی دڵڕفێنی فەرمیمان هەبوو. چەند خولەکێک دوای نیوەشەوی ١٤ی ئادار زەنگی تەلەفونەکەم زرینگایەوە. سەراپای شەوەکە زەنگەکە هەر لێدەدرا، منیش چووم وەڵامی بدەمەوە، کە هەواڵەکەم بیست تاسام، بەڵام دەنگەکە لەوسەری تەلەفونەکەوە زۆر شادبوو. " گۆلدا، ئایا گوێت لێیە؟ ترومان دانی پێداناین!" لەبیرم نایەتەوە کە چیم گوت یان چیم کرد، بەڵام لە بیرمە، هەستم بە چی کرد. ئەوەش لەو کاتە زۆر تەنگەتاوەماندا پەڕجوویێک بوو. لەسەروبەندی هێرشکردنەسەرمان، من هەستم بە خۆشی و ئۆخژن کرد. بە هۆیەوە هەموو ئیسرائیل کەیفخۆش و سوپاسگوزار بوو، پێم وایە سەرۆک ترومان ئەوەی ئەو شەوە کردی، واتای زۆرتری بۆ من دەگەیاند لەچاو هاوڕێکانی دیکەمدا، لەبەئەوەی من لە نێویاندا "ئەمریکایی" بووم. منێک لەوانم پتر لەبارەی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەزانی، لەبارەی مێژووەکەی و

خەڵـکەکەی، تـاک بـووم لەنێویانـدا کە لەنێـو ئەو دیموکراسـییە مەزنەی ئەمریکادا گەورە و پەروەردە بووبێ. هەرچەندە وەک هەموو ئەوانی دیکە بە خێرایی دانپێدانانەکەوە سەرسام بووم، لێ بەتەواوی هێدمەگرتی نەبووم بە بەخشندەیی تەکانە بەجێیەکەی ئەم کارە. بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، پێم وابێ وەک زۆربەی پەڕجووەکـان، ئەم کـارە لەوانە دوو شـتی سـادە دنەی دابـێ: ئەو ڕاستییەی کە هـاری ترومـان لە هەوڵ و کۆششـی ئێمە بۆ سـەربەخۆی تێگەیشـت و ڕێـزی لێنـا، ئەو پیاوێـک وەهـا بـوو، ئەگەر هاتبـا و لەژێـر بارودۆخی دیکەدا ببوایە، یەکێک دەبوو لە ئێمە، کاریگەریی زۆر قووڵی حایم وایزمەنیشـی بەسـەرەوە هەبـوو، چـونکە ئەو گەیشـتبووە واشـنتۆن و تکـاخوازی دۆزەکەمـان بـوو، ڕەوشـەکەی بە شـێوەیەک بـۆ کۆشـکی سـپی ڕوونکردەوە، کە پێشتر کەس وای بۆ نەکرابێ. کاری چالاکانەی وایـزمەن لە نرخانـدن نەدەهـات. دانپێدانانی ئەمریکـا گەورەتـرین شـت بـوو لەم شـەوەدا ڕوویدا.

هەرچـی لەبـارەی دانپێـدانانی سـۆڤیەتیش بـوو، کە بەدوای دانپێدانانەکەی ئەمریکادا هـات، ڕەگوڕیشـەی دیکەی هەبوو. لە مێشکی منـدا شـتێک مـایەی گومـان نەبـوو، کە هەڵسـەنگاندنە سـەرەکییەکەی ئەوە بـوو، بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتـی ناویندا نەمێنێ. بەڵام مشـتومڕیش لە پایزی ١٩٤٧دا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ئارادابوو، پێدەچوو بلۆکی سۆڤیەتیش پشتگیرمان بن، چونکە ئەو بـاجە سامناکەی خـودی ڕووسـەکان لەو جەنگە جیهانییە دایان بەو ئاکامەی گەیاندن، جووەکانیش تالاوی ژان و ئازاریـان بە دەسـتی نازییەکـانەوە چەشـتووە. هەرچەنـدە هەڵوێسـتی سـۆڤیەت لە مـاوەی ئەو بیسـت و پێـنج سـاڵەی ڕابـردووەوە گـۆڕاوە، مـن نـاتوانم وێنەی ئەوکـات بشـــێوێنم. ئایـــا ئەو چەک و تەقەمەنـــیەی ئەوێ ڕۆژێ توانیمـــان لە چیکۆسلۆڤاکیا بکڕین و بە ڕێگای یوگسلافیا و وڵاتەکـانی دیکەی باڵکـان لەو ڕۆژە ڕەش و تەنگەتـاوانەی سـەرەتای شـەر بگـوازینەوە وڵات، مـن ئەوە نـازانم ئـاخۆ لەڕاسـتیدا چیمـان دەکـرد تـا گـرژییەکە گـۆڕا وەک ئەوەی لە حوزەیرانی ١٩٤٨دا کرا. بۆ شـەش هەفتەی یەکەمـی جەنگـی سـەربەخۆیی بە شێوەیەکی زۆر(هەڵبەتە نەک سەرتاپایی) پشـتمان بە بۆمـب، ڕەشـاش، گـوللە

و-تەنانەت فڕۆکەش- کە هاگانا توانیبووی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بکڕێ، بەستبوو. لەو کاتەی وڵاتە یەکگرتووەکان جاڕی قەدەخەکردنی فرۆشتن و کەلوپەلی جەنگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین دابوو. کەس ناتوانێ یان پێویست نییە هەوڵی سڕینەوەی ڕابردوو بدا لەبەرئەوەی لەگەڵ ئێستادا ڕێک نایەتەوە. ئەو ڕاستییە هەر دەمێنێ، هەرچەندە یەکێتیی سۆڤیەت لەو ساڵانەی کە هاتن درندانە ڕووی لێ وەرگێڕاین، بەڵام دانپێدانانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ١٨ی ئاداردا نیشانەیەکی بەهێز بوو بۆ ئێمە. واتای ئەوەی دەگەیاند، دوو دەسەڵاتی زلهێزی دنیا بە یەکەوە بۆ یەکەمین جار لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانییەوە یەک نواڕینیان بۆ دەوڵەتی جوو هەبێ، هەرچەندە ئێمە هێشتا هەر لەسەر هێڵی مەرگدا بووین، بە لای کەمییەوە دەمانزانی، ئێمە تەنیا نین. بەو پێودانگە زانینە- تێکەڵاو بە ناچارییی- کە ئێمە گیان و ورە نەوەک کەرستەی ماددیمان دەستکەوت تا کاروانمان بەرەو سەرکەوتن بەهێزتر بکا.

هەروەها مادام من لەسەر ئەو بابەتەم-بۆ تۆمارکردن- دووەمین دەوڵەتیش کە دانی بە دەوڵەتی ئیسرائیلدا نا لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە دەوڵەتە بچکۆلەکەی گواتیمالا بوو، باڵوێزەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا جۆرگ گارسیا گرانادۆس، یەکێک بوو لە ئەندامە کاراکانی کۆمسیۆنی UNSCOP.

ئاوا، ئێمە بووینە ڕاستییەکی پەژرێندراو. تاکە ڕاستی کە مابووەوە- هەر هیچ نەبێ ئەوێ ڕۆژێ سەرسامانە مابووەوە- ئەوە بوو ئاخۆ چۆن بمێنینەوە. نەوەک "ئەگەر" بەڵکو "چۆن." کە بەیانیی ١٥ی ئادار داهات، کەوتینە بەر هێرش و پەلاماری میسرییەکان لەباشوور، سووری و لوبنانییەکان لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات، ئوردن و عێراقییەکانیش لە ڕۆژهەڵات. لەسەر کاخەز پێدەچوو زەمینەیەک بۆ عەرەب هەبێ کە لە ماوەی دە ڕۆژدا ئیسرائیل تێکوپێک بشکێنن.

لە هەموو پێشهاتەکان کوشندەتر، میسرییەکان بوون- هەرچەندە لە پەلاماری هەموو سوپاکاندا تەنیا میسرییەکان بوون، کە کەمترین دەستکەوتیان هەبووبێ. عەبدوڵڵا هۆکاری خۆی هەبوو. هەرچەندە هۆیەکەشی بەدکارانە بوو، بەڵام هەبوو، دەشیتوانی پێناسەی بکا: ئەو

دەیەویست هەموو وڵاتەکە بگرێ بە تایبەت ئۆرشەلیم. سوریا و لوبنانیش هۆکاری خۆیان هەبوو: هیوایان وابوو بتوانن گالیلیا لە نێوان خۆیاندا بەش بکەن. عێراقیش خوازیاربوو بەشداری خوێنڕشتنەکە بکا، وەک دەستکەوتێکی لاوەکیش بووبا، خوازیاربوو ڕێچکەیەکی لە کاتی پێویست بە نێو ئوردندا بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاستدا هەبێ، بەڵام میسر بەدەر لە تاڵان و برۆ و تێکشکاندنی ئەوەی جووەکان بنیاتیان ناوە، هیچ مەبەستێکی جەنگییانەی لە شەڕەکەدا نەبوو. وەک ڕاستییەک هەرگیز نەبووە مایەی تاسانم کە دەوڵەتە عەرەبییەکان بەو شێوەیە بە شەوق و تاسەوە شەڕمان لە دژدا بکەن. هەر لە بەراییەوە، لە سەرەتای نشینگە زایۆنیستییەکانەوە تا ئەمڕۆ، ئەوان بەرانبەرمان پڕ ڕق و کینەن. تاکە ڕاڤە- ئەوەشیان هەر هیچ و پووچە- ئەوان سوکوئاسان بەرگەی هەبوونی ئێمە ناگرن یاخود لێمان خۆشنابن کە هەین، لای منیش زەحمەت بوو بڕوا بەوە بکەم، کە سەرکردەکانی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان هەمیشە و بێهودەییانە لە بیرکردنەوەیەکی سەرەتایی دان.

لە سەرێکی دیکەوە، ئەرێ ئێمە چیمان کردووە تا ببینە گەف بەسەر دەوڵەتە عەرەبییەکان؟ ڕاستە، ئێمە لەسەر ئەو هێڵە نەوەستابوین تا ئەو ناوچانەی لە شەڕدا بردبومانەوە بیانگەڕێنینەوە، بەڵام هەر چۆنێک بێ هەرگیز ناوچەکان جێبایەخی دەستدرێژیی عەرەب نەبوون- لە ١٩٤٨یشدا بە دڵنیاییەوە خاک نەبوو پاڵی بە میسرییەکانەوە نا تا لە باکوری وڵاتەکەی خۆیانەوە هێرشمان بکەنەسەر بەو هیوایەی تەلئەبیب و جووەکانی ئۆرشەلیم تەفروتونا بکەن. ئەدی کەواتە چی لەگۆڕێدابوو؟ ئایا کەڵەگاییەکی ناعەقڵانە بوو تا فیزییکیانە لەناومانبەرن؟ ئایا لەو پەرەسەندنانە دەترسان کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هێنامانە ئارا؟ ئایا ڕق و کینە بوو دژی شارستانێتی ڕۆژئاوا؟ کێ دەیزانێ؟ هەر چییەک بووبێ، بەردەوامبوو، پێدەچێ چارەسەرییەکەشی ساڵانێکی درێژ بکێشێ، هەرچەندە من هیچ گومانم لەوەدا نییە، کە ڕۆژێک دی ئەو کاتەی دەوڵەتە عەرەبییەکان ئێمەیان پێقبوڵە-هەروەک ئەوەی کە ئێمە هەین بەو شێوەیەش کە هەین. بە کورتی

ئاشتی -هەروەک هەمیشەش هەر وا بووە- بە تەواوی بە تەنیا شتێکەوە بەندە: سەرکردە عەرەبەکان ئەوە بسەلمێنن، کە ئێمەش لێرە هەین.

لە ١٩٤٨دا هەرچەندە ئەوە مایەی لێتێگەیشتن بوو، کە دەوڵەتە عەرەبییەکان-خۆیان دابووە دەستی خەیاڵپلاویی – خۆیان وەها دەهاتە پێشچاو، گوایە پرسی ئیسرائیل تەنیا پرسی چەند ڕۆژێکە. گەر لە بەراییەوە پێیدا بڕۆین، ئەوان شەڕیان هەڵگیرساند، لەو دەستپێکردنەوەیەشدا تاکتیکی باڵادەستانەیان هەبوو. دووەمیش؛ ئەوان بە ئاسانی بەڵام بێ ماندوبوون نەبوو، دەروازەیەکی زۆری وشکانییان بۆ ناو فەڵەستین لە ڕێگەی دانیشتووانە عەرەبەکانی فەڵەستین هەبوو، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو دژی جووەکانیان تیژدەکردن. سێیەمیش؛ عەرەبەکان بە بێ هیچ کێشەیەک دەیانتوانی لەم بەشی وڵات بۆ ئەو بەشی بجووڵێن، چوارەمیشیان؛ عەرەبەکان زاڵبوون بەسەر زۆر لە گرد و بەرزاییەکانی فەڵەستین، دەیانتوانی بە بێ زەحمەتی پەلاماری نشینگە ناوچە نزمەکانی ئێمە بدەن. دوایین پێنتیش؛ عەرەبەکان باڵادەستی ڕەهایان لە ڕووی هێزی مرۆیی و چەکەوە هەبوو، بەریتانیەکانیش بە ڕێگای جۆراوجۆر بە هەردوو شێوەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەخۆ یارمەتیدەریان بوون.

لێ گەلۆ، ئایا ئێمە چیمان هەبوو؟ هیچ شتێکی ئەوتۆمان نەبوو- خۆ ئەگەر تەنانەت شوڵیشمان لێ هەڵکێشابا، هەر چەند هەزار تفەنگێک، چەند سەد ڕەشاشێک، چەند چەکی ئاگرپڕژێنی دیکە، بەڵام لە ١٤ی ئاداری ١٩٤٨دا نە تۆپمان هەبوو نە تانک، هەرچەندە نۆ فڕۆکەمان هەبوون ( کە تەنیا دانەیەکیان فڕۆکەیەکی دوو ماشێنی بوو!). چەکوتفاقی جەنگیمان لە سای سەری دووربینیە سەرسوڕهێنەکەی بنگۆریۆنەوە لە دەرەوە کڕیبوو، بەڵام نەماندەتوانی تا بەریتانییەکان جێینەهێڵن بیهێنینە ناو ئیسرائیل، ئەو کات دەکرا کۆبکرێتەوە و بهێنرێ و کاری پێ بکرێ. هێزی مرۆیی مەشقپێکراویشمان بەگوێرەی ئامارەکان کاریگەر نەبوو. ئەوکات ٤٥.٠٠٠ پیاو، ژن و مێردمنداڵ لەنێو هاگانادا هەبوون، چەند هەزارێکیان ئەندامی دوو ڕێکخراوە ژێرزەمینیە هەڵگەڕاوەکە بوون، چەند سەدێکیشیان تازە گەیشتبوون و کەمە مەشقێکیان بە تفەنگی دارین و گوللەی لاستیکییەوە لە

ئۆروگـای پەنـابەرانی ئاڵمـان و ئۆردوگـای قـوبرس دوای سـەربەخۆیی، پـێ کرابوو. چەند هەزارێکی دیکەش خۆبەخشـی جوو و غەیرە جووی دەرەوە بـوون. ئەمە هەر هەمـووی بـوو. لـێ خـۆ ئێمە بەم ڕەوشـەوە نەمانـدەتوانی بەهـار بێنینـە چۆکـان، بـۆیە ئـێمە بە یەکەوە دانیشـتین و جـۆرە ژمـاردنێکی دیکەمان لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەدا کرد، کە ئێمەی ٦٥٠.٠٠٠ زۆر بە هیوا و مـرازین کە لە ژیانـدا بمێنیـنەوە، بە ڕاددەیەک لەوە زیـاتر کە بێگـانەیەکی دەرەوەی ئیسـرائیل لەمە تێبگـا، ئەوەش تـاکە بژارمــان بـوو، ئەگەر ئـێمە نەمانەوێـت بخـرێینە نێـو زەریـا، ئەوا دەبـێ جەنـگەکە ببەیـنەوە. وەهــاش دەرچوو، بردمانەوە. لێ ئەمەشیان ئاسان نەبوو، خێراش نەبوو، هەروەها هەرزانبەهــاش نەبــوو. لەو ڕۆژەی کە نەتەوە یەکگرتووەکــان بڕیــاری دابەشـکردنی فەڵەسـتینی دا (٢٩ی تشـرینی دووەمـی ١٩٤٧) تـا ئەو ڕۆژەی یەکەمـین ڕێککەوتنـی ئـاگربەس لە لایەن ئیسـرائیل و میسـر(٢٤ی شـوباتی ١٩٤٩دا) واژۆکــرا، ٦.٠٠٠ گەنجــی ئیســرائیلی کــوژران، واتە ڕێــژەی یەک لە سـەدی هەمـوو دانیشـتوان، هەرچەنـدە ئەوکـات تەنـانەت بەو هەمـوو گیانانەش ئاشتیمان پێ دابین نەکرا.

بۆ من لەو کـاتەی کە تـازە دەوڵەت دامەزراوە، ئیسـرائیل بەجێبهێڵم، زۆر ســەختتر بــوو لەوەی کە بتــوانم بە قســە بیڵــێم. دواشــت کە بیــرم لێکـردبێتەوە ئەوە بـوو بچـمەوە دەرەوەی وڵات، بەڵام یەکشــەممە، لە ١٦ی ئـاداردا بروسـکەیەک لە هێنـری مۆنتـۆر جێگـری سـەرۆکی جووەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە هات. جووەکانی ئەمریکا زۆر بە قووڵی پەیوەستن بەوەی ڕوویـدا. هـیچ سـنوورێک بـۆ بـوون و بـۆ شـانازییەخۆوەکردن نەمـاوەتەوە. ئەگەر مــن بگەڕێــمەوە ئەوێ گەڕانێکـی کورتماوەیــان بەنێـودا بـکەم، ئەوا ڕەنگبێ پەنجا ملیۆنی دیکەش کۆبکەمەوە. کەسیش لە من باشتر نەیدەزانی، کە ئەو بـڕە پـارەیە چـی بـۆ ئیسـرائیل دەگەیەنـێ، ئـێمە چەنـد پێویسـت و حەوجەی چەک بـووین کە دەبـووایە بکڕدرابـایە یـاخود ئایـا بـۆ هێنـانی ئەو ٣٠.٠٠٠ جولەکە گیرخواردووەی ئۆردوگاکانی قوبرس و نیشتەجێکردنیان لە ئیسرائیل چەندی تێدەچێ. دڵم دەهەژا کە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ دیسان وڵات لەو بارودۆخەدا جێبێڵم، بە ڕاستییش هیچ مژارێکی دیکە نەبوو. دوای

تاوتوێکردنی ئەو باسە لەگەڵ بنگۆریۆندا، دەستبەجێ برووسکەم لێدایەوە، بە تەمـام سـواری یەکەمـین فـڕۆکەی دادێ بـبم. بەختیـاربووم ئامادەکـاریی گەشـتەکەم گەرەک نەبـوو. جلەکـانم کە هەن هەموویـان لە ئۆرشـەلیمن، ئەوەندە دوورەدەست بوون وەک ئەوەی لەسەر مانگ بن وا بوو. بۆیە هەرچی کە لە تەلئەبیب هەمبوو لەگەڵ خۆم بردن، ئەوانیش بریتی بوون لە شانەیەک، فڵچەی دان و بلوزێکی خاوێن، کاتێکیش گەیشتمە نیویۆرک بینیم ئەو پەچەیەی تـا عەممـان پۆشـیبوم هەر لەنێـو جانتـاکەم دایە! شـتێکی وام ڕەخساند کە پەیوەندی بە ساراوە بکەم، پێی بڵێم بە لایەنی زۆر زۆریەوە مـانگێکم پێدەچی چـونکە لە ڕاستییدا هەر ڤیزای یەکسـەرەم دەسـتکەوت، ئەوەش یەکەمین بەڵگەی گەشتکردن بوو، درابێتە هـاووڵاتییەکی دەوڵەتـی ئیسرائیل. ئیدی بە یەکەمین فڕۆکە کە بەردەست بوو بەرەو ئەمریکا فڕیم.

لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەخێرهـاتنێکی وا گەرمیـان لـێ کـردم وەک ئەوەی ئیسرائیل لە مندا بەرجەستە بووبێ. دیسان و دیسـان لەوێ چیرۆکی ڕاگەیانـدنی دەوڵەتـم گێـڕایەوە، هەر لە سـەرەتای دەسـتپێکی شـەڕەوە، گەمارۆدانی ئۆرشەلیم، چەندین جاریشم دڵنیایی خۆم لەوەی دووپاتکردەوە، کە بە هاوکاریی جووەکانی ئەمریکا سەردەکەوین. من شار لە دوای شاری وڵاتە یەکگرتووکان گەڕام و قسەم تێداکردن، لە سەر خوانی شێو، چێشت و چـاو و قـاوەی دامەزراوەی یەکێتیـی جووەکـانی ئەمریکـادا و لە هـۆڵی کۆبوونەکـان و لە مـاڵانیش بـاس هەر باسـی دەوڵەتـی ئیسـرائیل بـوو. هەر کاتێکیشم هەست بە شەکەتی کردبا-کە زۆرجاران بوو- ئەوا ئەوەم بە بیر خـۆم دەهێنـایەوە، کە مـن هەنـوکە نێردراوێکـی دەوڵەتـی جـووم، ئیـدی لە خـۆیەوە مانـدوبوونەکەم دەڕوایەوە. هێشـتاش چەنـد هەفتەیەکـی خایانـد تـا لەگەڵ خۆم ڕاهاتمەوە وشەی "ئیسرائیل" بە باشی گۆبکەم و لەو ڕاستییەش ڕابێم، کە من ئێستا هەڵگری ڕەگەزنامەیەکی نوێم. بەڵام مەبەستی گەشتەکەم سۆزردارانە نەبوو. من بۆ ئەوە چووبووم پارە کۆبکەمەوە، تا بکرێ برە پارەیەکی زۆر بێ، تا بکرێ بە خێرایی بێ و پەیامەکەشم لە ئاداردا وەک هی کانوونی دووەم ڕەقوتەق بوو. بە جووەکانی سەرتاسەری ئەمریکام گوت،

دەوڵەتــی ئیســڕائیل هەر بە چەپڵەڕێــزان دەربازنــابێ. جەنــگ بە وتــار و ڕاگەیانـدنامە یـان تەنـانەت بە فرمێسکەکانی خۆشـیش نـابردرێتەوە. کـاتیش چارەنووسسازە، یان هیچی وەها نامێنیتەوە کە چەپڵەی بۆ لێبدرێ.

لە دەیـان کۆبـوونەوەی جەمـاوەری و تایبەتیـدا گـوتم: "ئێمە نـاتوانین بەبێ کۆمەکی ئێوە بەردەوام بین. ئەوەی ئێمە داواتـان لێدەکەین ئەوەیە، کە ئێوە لە بەرپرسیارێتییەکەدا بەشـدارمان بن، بە هەمـوو شـتێک بەشـداربن کە سەختی، کێشە، بێوچانیی و خۆشیش دەگرێتەوە. خاترجەم بن ئەوەی ئەمڕۆ لە جیهـانی جـوودا دەگـوزەرێ زۆر گـرنگە، ئەوەنـدە چارەنووسســازە، کە ئێوەش شێوەی ژیانتان بۆ ساڵێک، دووان یان سییان بگۆڕێ تـا ئەو کـاتەی بە یەکەوە بتوانین ئیسرائیل هەڵسێنیەوە سەرپێیان. مێشکی خۆتان بخەنەکار و بەرسقم بدەنەوە."

ئەوان بەشـێوەیەکی بەخشـندەیی بێ پێشـینە و خێرا، بە دڵ و گیـان وەڵامیـــان دایەوە. هـــیچ شـــتێک نە زۆر بـــوو نە باشـــیش، ئەوان لە کاردانەوەکەیاندا جەختیـان لە سـەر هەستەکانی هاوبەشبوونمان دەکردەوە، هەروەک من هیواخوازی بووم. ئەو کات وەک ئێستا جیابوونەوەیەک نەبوو لە ئیســـــڕائیل و هەرچەنــــدە کەمتــــر لە ڕێـــــژەی ٥٠% لەو بـــــڕە پـــارەیەی ١٥٠٠٠٠٠٠٠ بـــۆ دامەزراوەی یەکێتیـــی جووەکـــان لە ١٩٤٨دا کۆکرایەوە هـاتە ئیسـڕائیل (بـاقییەکەی دیکە چـووە سـەر حیسـابی کۆمیتەی دابەشکردنی هاوبەش بۆ فریادرەسیی جووەکانی وڵاتە ئەورووپاییەکان)، ئەو ڕێژەی ٥٠٪ەش بێ سێی و دوو یارمەتی بردنەوەی جەنگەکەی دا. هەروەهـا ئەو دەرسەشی فێرکردین، کە پەیوەستبوونی جووەکانی ئەمریکا بە دەوڵەتی ئیسرائیل هۆکارێک بوو پشتمان پێیدەبەست.

لە میـانەی گەشـتەکەمدا توشـی زۆر کەس هـاتم کە دواتـر بـوونە "وتەبێژی" دەوڵەت، کەسانێک پێشتر دەستپێشخەر نەبوون بۆ پەیوەستبوون لەگەڵ هەوڵ و کۆششـی زایۆنیستەکان بەرلە ١٩٤٨دا، بەڵام کـێ دەزانـێ کە ئیســـرائیل دەبێـــتە جەرگەی کاروباریـــان و کـــامەش لە ١٩٥٠دا دەبێـــتە هاوکارێکی نزیکم لە ڕێکخراوی بۆندی ئیسڕائیل بۆ باربووکۆکردنەوە.

لە ڕابـردوودا هەر کاتێـک هـاتبێتمە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، ئەوا بە ئەرکی هیستادروت هاتووم و نزیکەی هەموو کاتەکەی خۆشم لەگەڵ کرێکـارانی زایـۆنیزم بەسـەردەبرد. ئەم جارەیـان جـووی نـوێی دەوڵەمەنـد، کـاریگەر و تەواو ڕێکخـراوم لە ئەمریکـا دیـتن. لە سـەرەتاوە هەڵبەتە هێنـری مۆنتـۆر کە پیـاوێکی قسـەلەڕوو، بەهـرەدار و بە دڵـیش بە ئیسـرائیلەوە پەیوەسـتداربوو، سـەرکارێک کە ماندوونەناسـانە وەک ئەوانـی دیـکە لە هەڵمەتـی ئەوەدابـوون زۆرتـرین بـڕی پـارە کـۆبکەنەوە، بەڵام کەسـانی بزنسـمان، کـۆڵنەدەر، پیشەسـازە شـارەزاکانی وەک بیـل ڕۆسـەنوالد، سـام ڕۆسبێرگ، لو بۆیەر و هارۆلد گۆلدەنبێرگیش هەبوون. ناوی کەمێکیانم هێنا لەوانەی لەو گەڕان و سـوڕانە بەلەزانەی گەشـتەکەدا قسـەم لەمەڕ ئەگەری فرۆشـتنی پشـک بـۆ ئیسـرائیل لەگەڵـداکردن هەروەک چـۆن داوای بـاربویی خێرخوازانەشم لەگەڵداکردن.

لە هەمـوو کاتەکەشـدا زۆر بە تاسـەی ئەو سـاتە بـووم، زوو بگەڕێـمەوە نیشـتمان، هەرچەنـدە دەشـمزانی دەزگـایەکی نـوێی کاروبـاری دەرەوە دامەزراوە، بەتایبەتیش موشێ شـارێت وەک وەزیـری نوێی دەرەوە دەستنیشانکراوە، ئەویش نەخشەیەکی بۆم هەبوو. ڕۆژێک بەرلەوەی بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکـان بفـڕم، شـارێت و مـن لە میوانخـانەکەم لە تەلئەبیـب یەکمان دیت، ئەو لەبارەی کێشەی باڵوێزخانەکان و کونسولەکانی ئیسرائیل، کە دەبـووایە لە مـاوەی چەنـد یەک دوو هەفتەدا بناردرابـانە ئەو دەوڵەتـانەی دانیان بە ئیسرائیلدا ناوە، قسەی بۆ کردم.

ئەو بە دەنگێکـی زۆر نـیگەرانەوە پێیگـوتم:"من تـا ئێسـتا بـۆ مۆسـکۆ کەسم نییە."

منیش پێمگوتەوە: "زۆر باشـە، سـوپاس بـۆ خـوا کەوا ئەوێت بـۆ مـن دانەناوە. ڕووسییەکەم دوکەڵ دەکا!"

وەڵامی دامەوە: "ئەوەی ڕاسـتی بێ، ئەوە کێشـە نییە. کەچـی لەسـەر بابەتەکە زیاتر نەڕۆیشت و وای نیشان دا نوکتەیەکی خـۆش بێ. هەرچەنـدە هەندێ کجار، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ولایەتێک بۆ ئەوی دیکە دەفڕیم،

بیرم لەو دەمەتەقێیەمان دەکردەوە، بە گەرمییەوە حەزم دەکرد شارێت ئەو پرسەی بیرچووبێتەوە.

ڕۆژێکیان هەرچەندە بروسکەکە لە تەلئەبیبەوە هاتبوو، هەر یەکسەر ڕوانیمە واژۆیەکە، پێش ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بخوێنمەوە، بزانم ئاخۆ لەبارەی سارا و مناحێمە (کە لەگەڵ تابورەکەی خۆی لەجەنگدا بوو)، بەڵام کاتێ تەماشای ناوی نێرەرەکەم کرد موشێ بوو، زانیم شتەکە لەبارەی مۆسکۆیە، دەبووایە لە خوێندنەوەی پەیامەکەدا خۆگربم. دەوڵەتەکە هێشتا تەنانەت مانگێکیشی تەمەن نەبوو، جەنگیش کۆتایی نەهاتبوو. منداڵەکان هێشتا پارێزراو نەبوون. ماڵباتەکەم و دۆستە خۆشەویستەکانم لە ئیسرائیل بوون، بۆ من واپێدەچوو بێدادیەکی زەقوزۆپ بێ، کە داوام لێ بکرێ هەگبەکانم تێکبنێم و بڕۆمە ئەو شوێنە دوورەدەستە و نەخاسمە ئەو پۆستە نەناسراوەش. بیرم دەکردەوە و بەزەیشم بەخۆمدادەهاتەوە، "ئەرێ بۆچی هەمیشە هەر من؟" خۆ لەوێ خەڵکی زۆر هەبوون و بۆ ئەو کارە لە من باشتریش بوون، هەر بە ڕاستییش باشتربوون. بۆچی لەنێو ئەو هەموو وڵاتانەدا ڕووسیا، ئەو وڵاتەی من کە کیژۆڵەیەکی بچکۆلانەبووم ئەوێم بەجێهێشت، بێ ئەوەی تاکە یادەوەرییێکی خۆشیشم لەوێ هەبێ. خۆ هەر هیچ نەبێ لە ئەمریکادا شتێک دەکەم کە ڕاستیی بێ، کۆنکرێت و کردەیی بێ، بەڵام ئایا چی لەبارەی دیپلۆماسییەوە دەزانم و یاخود ئایا جێگای مشوورخۆریمە؟ بیرم لە هەموو هاوڕێکانم کردەوە، خۆم بە ناشایستەترینیان دانا بۆ ژیانی دیپلۆماسییانە، بەڵام دەشمزانی کە شارێت بنگۆریۆنیشی ڕازیکردووە، بە دڵنیاییشەوە بنگۆریۆن لە بەرانبەر تکانامەی تایبەتییەوە نەرم نابێ. ئیدی ئەوکات پرسەکە دەمێنێتەوە سەر دیسپلین. ئەرێ من کێم تا گوێڕایەڵ نەبم یان تەنانەت لە کاتێکدا نەیار بم، کە ڕۆژانە هەواڵی تازە لەبارەی قوربانیدانەوە دێ؟ ئەرکی سەرشان ئەرکی سەرشانە، هیچ پەیوەندی بە پرسی دادپەروەرییەوە نییە. کەواتە ئەی چۆنە گەر غەریبی ئیسرائیل بکەم؟ خەڵکی دیکەش غەریبی ئەوێ دەکا، کە منداڵەکانیان سەلامەت بن و هەموویان بە یەک بگەنەوە. بۆیە دوای چەند بروسکە و تەلەفۆنی دیکە، وەڵامی بروسکەکەی شارێتم دایەوە، بەڵام نەوەک زۆر بە

پەرۆشییەوە، بەڵکو بە ڕەزامەندییەوە. واشم بەڵێن بە خۆم دابوو "هەر کاتێ بگەمەوە ئیسرائیل، هەوڵی قەناعەتپێهێنانی موشێ و بنگۆریۆن بدەم، بەوەی لەم دەستنیشانکردنەدا سەرچیخ چوون." لە کۆتایی هەفتەی یەکەمی حوزەیراندا بڕیاری دانانی من وەک وەزیرێکی نوێنەری ئیسرائیل لە مۆسکۆدا ئاشکراکرا.

ڕۆژێکم دانا کە بچم سەر لە کۆنە برادەرەکانم لە نیویۆرک بدەم و خواحافیزیش لە نوێکان بکەم. بڕیارمدابوو پێش گەڕانەوەم سەردانی فاننی و یاقوب گۆدمان بکەم. نە مـن و نە منداڵەکان پەیوەندییمان لەگەڵیاندا نەپچڕاندبوو، پێم وا بوو مایەی خۆشحاڵی بوژانەوەم دەبێ، کە سەعاتێک یان دووانیان لەگەڵدا بەرمەسەر و باسی سارا و زەکەریا و منداڵەکانی شینایان بۆ بکەم. ماوەیەکی درێژ بوو نەیاندیتبوون. لێ هەرگیز نەگەیشتمە ماڵی ئەوان. لە ڕێگامدا بەرەو بروکلین، ئۆتۆمبێلێک خۆی بە تاکسیەکەمان کێشا، هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو، قاچم بە خراپی شکاوە و لە پلاستەری گەورەشدا گیراوە، ئیدی ناونیشانی چەند هەفتەی ئایندەم نە مۆسکۆ بوو نە تەلئەبیب، بەڵکو نەخۆشخانەی شکەستەی (شکانی ئێسک) نیویۆرک بوو! بە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە و میزاجی ئەوکاتم، پێم وابێ هیچ شتێک (بە هاوسانی خوێن و گلۆتەبوونی کە هەمبوو) بتوانێ لەو نەخۆشخانەدا گلمبداتەوە ئەگەر ئەو ڕاستییەی ١١ی حوزەیران نەبووایە، کە بە شێوەیەکی کاتی شەڕ لە ئیسرائیل کۆتایی پێ هاتبوو.

لە ١١ی حوزەیراندا پێشڕەوییەکانی هێرشی عەرەب وەستابوو. میسرییەکان هەوڵیاندابوو تەلئەبیب و ئۆرشەلیم بگرن بەڵام بۆڕدران، هەرچەندە ئوردنییەکان پەیتا پەیتا لە دورەوە، لە لای ڕۆژهەڵات و باکورەوە ئۆرشەلیمیان دەکوتا و بارەگای جووەکانیش لە شارە دێرینەکە کەوتبووە بندەستی قۆشەنە لەشکری عەرەبەکانی عەبدوللا. هەروەها پێشکەوتنی سورییەکانیش لە باکورەوە وەستابوو، بەڵام هێشتا پردە سەرەکییەکەی ڕووباری ئوردنیان لە بن دەستدا بوو. عێراقییەکانیش هێشتا لەنگەرگرتنەکەیان هەر لەو بەشە تەسکەی ساماریا بوو. نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەندان هەفتە هەوڵی سەپاندنی ئاگربەستی دابوو، بەڵام

عەرەبەکـان تـا هیوایـان بە بەزانـدنی ئیسـڕائیل هەبـوو بە لای ئاگربەسـتدا نەچوون. کاتێکیش بۆ ئەوان و بۆ ئێمە ڕوون بووەوە، کە ئەم شتە ڕوونـادا، ئیدی لەسـەر شەڕوەستان رازیبوون، بۆیە یەکەمین ئاگربەست هـاتە ئـارا. ئاگربەسـتەکە بیسـت و هەشـت ڕۆژی خایانـد و دەرفەتێکـی دایە ئـێمە، پشـوویەک بـدەین. خۆکـۆکردنەوە و پلانـی هێرشـە چڕوپڕەکـانی تەممـوز مەترسی لەسەر تەلئەبیب و دەشتە کەنارییەکان نەهێشت و گەمارۆی سـەر ئۆرشەلیمیشی هەڵگرت و هەمـوو بنکە سـەرەکییەکانی دوژمنیشی لە گالیلیا تێکشکاند.

بـۆیە لە ڕووی تیـۆرییەوە ئـازارم هەبووبـایە یـان نـا، دەبـووایە لە نەخۆشـــخانەکە دانـــم بە خۆمـــدا بگرتـــایە- چ لە ڕووی جەســـتیی و چ سـۆزدارییەوە- بەڵام لە ڕاسـتیدا هەمـوو کـاتەکەی لە بـن بـاری گوشـارێکی زۆردابـــووم. خـــۆگەر لە ســـەرەتاوە بیگێـــڕمەوە، کـــامێرای تەلەفزیـــۆن و ڕۆژنامەوانـــان هـــاتن، پێیـــان وا بـــوو ئەو ژنەی وەک وەزیـــر بـــۆ مۆسـکۆ دیـاریکراوە هەر چۆنێک بێ لە ١٩٤٨دا پێشـهاتێکی نـوێی و تـازەیە، بەڵام ژنێک بە سیفەتی وەزیر بۆ مۆسکۆ دانرابێ و نوێنەرایەتیی دەوڵەتـی ئیسرائیل بکا، کە لە جەنگدایە و هەنوکەش لە نیویۆرکە و لە خەستەخانەیە نـــاتوانێ بجـــووڵێ، بە ڕاســـتی ســـەودا و دەســـتکەوتە.[81] وەهـــام دانـــابوو چاوپێکەوتنەکـــان ڕەتـــبکەمەوە، هەڵـــبەتە ئەمـــڕۆش ئەگەر لەبـــن هەمـــان بارودۆخـدا بوومـایە هەر هەمـان ڕەفتـارم دەنوانـد، بەڵام ئەوێ ڕۆژێ بیـرم کـردەوە شـتێکی بـاش دەبێ، کە ئیسـرائیل دەسـتی بە ڕاگەیانـدن و پەخـش ڕابگا، ئیدی هەستمکرد نـابێ داوای ڕۆژنامەوانـان ڕەت بکەمەوە، هەرچەنـدە چەنـدان ئەنـدامی خـانەوادەکەم نەخاسـمە کلارا لەوە تـۆقین، کە بە سـێ ڕیـز دەهاتنە ژوورەکەم.

ئەوەی بـارەکەی خراپترکردبـووم ئەو گوشـارەی سـەرم بـوو بـۆ چـوونە مۆسـکۆ. بە واتـای وشـەوە، لە ئیسـڕائیلەوە بروسـکەبارانیان کـردم. ئەرێ کەی نیویـۆرک بەجێـدێڵی؟ کەی ئەرکەکەت دەگـریە ئەسـتۆ؟ ئەرێ

[81] دیارە مەبەست سەفقەیەکی ڕۆژنامەوانییە-وەرگێڕ.

هەستت چۆنە؟ بەندوباوی وەهاش بڵاوبووبووەوە گوایە ئەوە "خۆنەخۆشکردنێکی" دیپلۆماسیانەیە و منیش هیچم نییە، بێجگە لەوەی کەوا خۆم حەزم لێ نییە بچمە ڕووسیا. بەڵام ئەو هەڵمەتە بە تەنیا چپەچپێکی قێزەون نەبوو، بەڵکو وەها تەنیەوە کە حکومەتی ڕووسیاشی پێ لەکەدار بکرێ بەوەی ئەو "خۆنەخۆشکردنە" لەڕاستییدا تاکتیکێک بووە تا کردەی ئاڵوگۆڕکردنی وەزیرەکان دوابخرێ، بەڵکو باڵوێزی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر لە هی سۆڤیەت بچێتە ئیسرائیل و ببێتە لانەی چنینەوەی بەروبومی دیپلۆماتیانە. هەموو ئەوانە شتگەلێک بوون دەبووایە سەرباری ناساغییەکەشم، بە هەندیان هەڵبگرم. بۆیە هیچی دیکەی وام بۆ نەمایەوە بەدەر لەوەی تکا لە دکتۆرەکانم بکەم مۆڵەتی دەرچوونم لە نەخۆشخانە پێ بدەن. وەک وتم. ئەوە پێویست بوو سیاسییانە بجولێمەوە. خۆی دەبووایە لە نیویۆرک بمێنمەوە تا تەواو چاک دەبوومەوە. چونکە خۆ هەردوو لایان چ نووسینگەی دەرەوەمان و چ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بە بێی منیش هەڵیاندەکرد و هیچیان لێنەدەهات و چەند هەفتەیەکی دیکەش هیچی لە پرسەکە نەدەگۆڕی، منیش ئەوسا خۆم بە باشی کۆدەکردەوە و توشی دەردەسەری نەشتەرگەرییەکەی دواتریش نەدەبووم، بەڵام یەکێک لە سزاکانی فەرمانگەی گشتیی ئەوە بوو، کە یەکێک هەستەکانی چۆنیەتی ڕیزگرتنی لەدەستدابێ و منیش متمانەم بەوەبوو، کە دەکرێ جۆرە قەیرانیکی سامناک پەیدابێ، ئەگەر هات و بە زووی خۆم نەگەیەنمە مۆسکۆ.

من لای خۆم وەهام دانابوو هەر گەڕامەوە ئیسرائیل لەبارەی هەموو شتەکان لەگەڵ شارێت بدوێم، بەڵام ئەوکات تا دەهات دڵم لەسەر هەوڵەکە ساردبووەوە. ڕۆژێکیان چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشم بیست، کە خۆشحاڵی کردم: ئێهود ئاڤریل یەکێک لە پیاوەکانی هاگانا، کە زۆرترین کاری لە چیکۆسلۆڤاکیا ئەوەبوو، چۆن بەسەلامەتی چەک بگەیەنێتە ئیسرائیل، دواتر بوو بە یەکەمین نوێنەری ئیسرائیل لە پراگ. ڕۆژێکیان باڵوێزی سۆڤیەت لە شارەکە بانگهێشتی ئێڤریلی بۆ وتوویژێکردن کردبوو. لە میانەی قسەکردنەکانیاندا، باڵوێزی ڕووسی لە شارەکەدا بە ئاڤریلی گوت: "پێم وابێ خەڵکی وڵاتەکە بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ تا بۆ مۆسکۆی بنێرێ. وا هەست

مەکە ئەوان کەسێکیان بوێ ڕووسییەکی ڕەوان بزانێ یاخود پسپۆڕ بێ لە مارکسیزم و لینینیزم. هیچیان لەو خەسڵەتانە بۆ ئەو پۆستە گرنگ نین. ئەوسا دوای ساتێک وەک ئەوەی شتێکی نەگوتبێ، درێژەی پێدا و گوتی: "هەر بەو بۆنەیەوە، ئەرێ چی بەسەر خانم مایەرسۆندا هات؟ ئایا ئەو لە ئیسرائیل دەمێنێتەوە یان نەخشەیەکی دیکەی هەیە؟" لەم باسەدا هاوڕێکانم —بە شارێتیشەوە- ئەوەیان هەڵکڕاند کە ڕووسەکان بە ڕێگای خۆیانەوە پتر داوای من دەکەن، ئیدی منیش بۆچونم لەبارەی ئەو پرسە گۆڕا.

هەروەک یەکێ لە هەواڵە خۆشەکان کاتێ کە لە نەخۆشخانەدا کەوتبووم پێمگەیشت، بەیانیەکیان بروسکەیەکم لە تەلئەبیبەوە بۆهات، نووسرابوو: ئایا هیچ ناڕەزایەتیت هەیە ئەگەر سارا و زەکەرییا وەک ڕادیۆکار لەگەڵتدا بێنە باڵوێزخانەی مۆسکۆ؟ ئەم هەواڵە گەرموگوڕە خۆشە ڕاکێشیکردم. هاوڕێبوونی سارا و زەکەریا دەرەقەتی دووریەکەم لە ئیسرائیل دەهاتەوە. یەکێک لە پڕۆژەکانم کاتێ گەیشتمەوە ئیسرائیل ئەوەبوو داوام لە شینا کرد بەڵکو سارا و زەکەریا لە ماڵە بچوکەکەیان کە خۆی و ساما پێش چەند ساڵێک کڕیبوویان، زەماوەند بگێڕن. بڕیارماندا کە زەماوەندێکی خانەوادەیی ڕاستەقینە بێ، کە تەنیا چەند میوانێکی " بێگانە" بانگهێشتبکرێن. باوکم لە ١٩٤٦دا کۆچیدوایی کردبوو، کەسێکی زۆر خۆشەویستم کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی نەدی، دایکیشم ئەو گیانە بەستەزمانە چەند ساڵێک بوو پیر و پەککەوتە لە سەر جێ کەوتبوو، یادەوەریی لە دەستدا بوو. زەینی کوێر ببووەوە، بینایی چاوەکانی نەمابوو، کەسایەتیەکەی وردەوردە ون دەبوو، ئەو ژنەی جاران گەرموگوڕ، بە شەنگ و زرنگ نەمابوو. بەڵام مۆریس جوامێرانە، کە هەر شانازیکردنی لێدەباری لەوێ بوو، هەروەها باوانی زەکەریای زاواش بە هەمان شێوە. باوکی زەکەریا، کاتێ هێشتا تورکەکان دەسەڵاتداری یەمەن بوون، هاتبووە فەڵەستین. پیاوێکی زۆر هەژار و ديندار بوو، بەدەر لە تەورات خوێندنی دیکەی فەرمیانەی نەدیبوو، کەچی خێزانێکی دڵگیر و خۆشەویستی پێکەوەنابوو- هەرچەندە زەکەریا بە تەواوی لە داب و نەریتی یەمەنییانە داشۆرابوو.

جارێکی دیکە لە تەلئەبیب لە میوانخانەکەی سەرکەنار گیرسامەوە. سارا لە ڕێڤیڤمەوە هاتە تەلئەبیب و بۆ چەند ڕۆژێکم لەلا مایەوە. زەکەریاش زۆر نەساخبوو، لە نەخۆشخانەیەک لە نزیک تەلئەبیب بۆ چەند هەفتەیەک کەوتبوو تا چاک بووەوە. بۆ زەماوەندەکەی ساراش تەنیا کلارا و مناحیّم لەوێ نەبوون، لە باخچەکەی شینا زەماوەند کرا و ئێمەش زۆر غەریبی ئەوانمان کرد. نەمدەتوانی بیر لەوە نەکەمەوە کە زەماوەندەکەی خۆم چەند جیاوازبوو، ئەو کات لەبن چ بارودۆخێکدا بووین چۆن مۆریس و من سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیمان پێکەوەنا. هەنوکە مایەی سەرسوڕمان نەبوو کە کێ لە شکستخواردنی هاوسەرێتیکەمان خەتابارە و بۆ؟ بەڵام من بیرمکردەوە (بە ڕاستیش وا وەرگەڕا) کە سارا و زەکەریا هەرچەندە لە هەمان تەمەنی ئێمە و کاتی خۆی دابوون، ئەو ڕۆژگارەی لەسەر کورسی بووک و زاوایەتی لە میلواکی دانیشتبووین، بەڵام ئەوان لەگەڵ یەک گونجاوتربوون، فراژیتریش بوون، لە کاتێکدا من و مۆریس شکستمان هێنا، ئەوان دەبێ لە ژیانی هاوسەرێتیان سەرکەون.

لە میانەی ئەو ڕۆژانەدا لە کۆبوونەوەکانی حزبدا بەشداربووم و تا دەهات لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت ئاشنا دەبووم و نەخشەی ڕۆیشتنم دادەنا، خەمی ئەوەم بوو ئاخۆ چ جۆرە نوێنەرایەتییێکی ئیسرائیل لە یەکێتیی سۆڤیەتدا پێویستە. ئایا ئێمە چۆن لە دەرەوە خۆمان نمایش بکەین؟ ئەرێ بە گشتی ئێمە چیمان لە جیهان و بە تایەتیش چیمان لە یەکێتیی سۆڤیەت دەوێ؟ ئایا ئەوان چۆن دەڕواننە ئیسرائیل؟ ئایا ئێمە خەریکی ئافراندنی چ جۆرە دەوڵەتێکین و ئایا بە چ جۆرێکی کاریگەرانەش کاردانەوەمان هەبێ؟ چەند زۆر بیرم لەو بارەیە دەکردەوە، پێم وا بوو ئەوەندەش کەمتر دەبێ لاسایی ئەو دەوڵەتانە بکەینەوە. ئیسرائیل دەوڵەتێکی بچکۆلانە و هەژارە، هێشتاش هەر لە شەڕدایە. حکومەتەکەی تا ئێستا هەر کاتییە،[82] بەڵام زۆرینەی ئەندامەکانی بە دڵنیاییەوە دەبووایە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کرێکاران بن. من بڕوام بەوە بوو، کە ئەو ڕووەی نیشانی جیهانی دەدەین

[82] یەکەمین هەڵبژاردنی کنێست-پەڕلەمانی ئیسرائیل لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩دا کرا -وەرگێڕ.

نەیــڕازێنینەوە. ئــێمە دەوڵەتێکــی پێشــەنگمان لە وڵاتێکــی گەمــارۆدراودا دامەزرانــدووە، لە هەمــوو ســەرچاوەیەکی ســامانداری بە دەرە، دەوڵەتێــک سەدان هەزار لە ئاوارەکانی ئۆردوگاکاندا هەیە –کە ئەوانیش هیچیان نییە– بە هیوای ژیانێکی نــوێ بــۆ خۆیــان بەهیــوان بــڕژێنە نێو وڵات. ئەگەر ئێمە بمانەوێ لێی تێبگەین و لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە مایەی ڕێزگرتن بین، دەبێ وەها خۆمان بە جیهانی دەرەوە نیشانبدەین، کە لە نیشتماندا هەین. ڕابــواردنی دەســتبلاو، باڵەخــانەی قەبە و گرانبەهــا، شــێوازی کەلــوپەلی کەمالیــات و ئەو شــتانە بــۆ ئــێمە نەبــوون. دەستبەخۆوەگرتن(تەقەشــوف)، سادەیی و هەستکردن بە مایە و بایەخی خۆمان، کە پێمان دابین دەکرێ و بەس، بەدەر لەوە هەر نمایشێکی دیکە قەڵب دەردەچێ.

هەمــوو کاتێــک کە بیــرم لەو دیــڕانە دەکــردەوە، شــتێک لە پاشــخانی مێشکی مندا هەبوو، ئەویشم ڕۆژێک دۆزییەوە. نوێنەرایەتی دیپلۆماسیمان لە مۆســکۆ دەبــێ نمــوونەترین شــێوازی ئیســڕائیلیانەی کە پێــی ئاشــنابووم لەخــۆبگرێ، ئەویــش کیبۆتبــوون بــوو. ئــێمە دەبــووایە بە یەکەوە کــاربکەین، بە یەکەوە نان بخۆین، هەمان پارەی گیرفانمان هەبێ و بە نۆرەش هەموو ئیشەکانی ناوماڵ بکەین. هەروەک چۆن خەڵک لە مێهراڤیا و ڕێڤیڤم کاریان دەکرد و لەســەری مەشــقدرابوون، ئەوەش لەگەڵ ڕا و بیرۆکەی فەرمانگەی کاروباری دەرەوەدا دەگونجا، بەڵام گیانی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکە کەش و هەوایەک و تاموبۆیەکی نشینگەیەکی هەروەزیانەی دەدا– بەدەر لە هەموو گەلاڵەکردنێکی دیکە بڕوام وا بوو دەبووایە شتێکی وامان بکردبایە سەرنجی ڕووســــەکانی بە لای خــــۆی ڕاکێشــــابایە (نەک لەبەر ئەو بیــــرۆکە بە کۆمەڵبوونیەی ئەوان لەئارادابوو یان هەرشتێک کە لەبارەیەوە بنووسرێ). ئێمە لەوێ بیست و شەش کەس بووین، بە سارا، زەکەریا و خۆشمەوە لەگەڵ کۆنسولی نوێنەرایەتیی کە مۆردەخای نامیر بوو. مۆردەخای ئەو بێوە پیاوەبوو، کە کیژە پازدە ساڵانەکەشی بە ناوی یائیل لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. (دواتر نامیر وەک باڵوێزی ئیسڕائیل لە یەکێتیی سۆڤیەت مایەوە، دوای ئەوە هاتەوە ئیسڕائیل و بووە وەزیری کار و پاشانیش بۆ ماوەی دە ساڵان بووە ســەرۆکی شــارەوانی تەلئەبیــب.) وەک یاریدەرێکیشــم مــن ژنێکــی نــازدارم

هەڵبژارد، ئایگا شاپیرۆم دیاریکرد، کە نەوەک هەر ڕووسی دەزانی، بەڵکو لە من پتر لەبارەی پێویستییەکانی ژیانی دەزانی و مایەی متمانەش بوو، من لەوەش دڵنیابووم (بۆ خۆم مایەی سامناکیی بوو) کە بۆ ئەو ئەرکە نوێنەرایەتییە بڕیاردان لەسەر چۆنێتی مۆبیلیات و جلوبەرگی کارمەندان و وەزیرەکەش پێویستە.

تەنانەت پێش ئەوەی بگەڕێمەوە تەلئەبیب نامەم بۆ ئایگا نوسی و داوام لێکرد بەڵکو کاتێک پێویست بکا بچمە مۆسکۆ لەگەڵمدا بێ، مایەی دڵخۆشیشم بوو کە قایلبوو. لە کۆتایی حوزەیراندا کە هێشتا هەر لە نیویۆرک بووم، تێبینیەکەی بۆ نوسیبووم، کە شتێکی دەگەیاند نەخاسمە بۆ ژنێکی وەک من لە پلەیەکی باڵای دیپلۆماسییانەدا بنێردرێتە ڕووسیا، کە پێم وا بوو ژیانی ئەویش هەروەک هی نیشتمان دەبێ. ئەو لە نامەکەیدا نوسیبوی:

> **"من قسەم لەگەڵ ئیهوددا کرد. ئەویش پێی گوتم وەک پێویست دەچینە ئەوێ. بۆیە گۆلدا تکات لێدەکەم ئاخۆ بۆ ئەو چاکەتە فەروەی خۆت چی دەکەی؟ ئەو شوێنەی بۆی دەچین زۆر ساردە، زۆربەی خەڵکی ئەوێ چاکەتی فەرو لە زستانانداا لەبەردەکەن. تۆ مەرج نییە بە خۆت چاکەتی کەوڵی مینک[83]، بەڵام چاکەتی کەوڵی بەرخی ئێرانیی خزمەتی باشت دەکا...هەروەها تۆ پێویستت بە جلی شەوانەش هەیە، بۆ خۆت هی خوری بکڕە- ڕۆبی گەرم، گۆرەوی خوری و جلی ژێرەوەش هەر خوری بێ. تکایە جوتە پێڵاوێکی باشی نێوبەفریشت لەبیرنەچێ بۆ خۆتی بکڕی."**

بە زەقی پرسی پۆشاک لە مێشکی مندا نەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەک لەوە نیگەران بووم، کە ئێمە دابێکی نەتەوەییانەمان نەبوو، کە بە یەکجار ئەو

[83] گیاندارێکە لە دەڵەک دەچێ، کەوڵەکەی لە شوێنە ساردەکاندا دەکرێتە چاکەتی زستانان -وەرگێڕ.

جۆره کێشانه بۆ من چارەسەربکا وەک بۆ خانم پاندیت[84] تاکه دیپلۆماتێکی دیکەی ژن له مۆسکۆ کردی، که سارییەکەی[85] خۆی بۆ هەموو بۆنەکان دەپۆشی. له کۆتاییدا ئایگا و من بەوه قایل بووین، که کات هاتەسەر پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکانی کارنامەی نوێنەرایەتییم، ئەوا کراسێکی ڕەشی درێژ که له تەلئەبیب به ڕادانم دابوو، بکەمەبەرم، ئەگەر پێویستیشیکرد ئەوا تاسەکی مەخمەڵیش بکەمەسەرم. هەر کاتێک جێگەی نوێنەرایەتیمان له مۆسکۆدا دیاریکرا، ئایگا مشووری مۆبیلیاتی له ئاسکەندەناڤیاوه بۆ دەخوارد. تا ئەو کاتەش به شێوەیەکی کاتی له میوانخانەدا دەبووایه کیبۆتەکەی خۆمان دابمەزرێنین. هەروەها ئەو شتەش لەگۆڕێدا بوو، ئێمه کەسێکی وا بدۆزینەوه و لەگەڵ خۆمانی ببەینه ڕووسیا، که فەرەنسییەکی ڕەوان بزانێ، چونکه بڕیاردرابوو زمانی دیپلۆماسیانەی ئیسرائیل فەڕەنسی بێ. ئایگا ژنێکی ڕووگەش، سەرنجڕاکێش و تا بلێی لاواز ناوی لو کاداری پێ ناساندم. ناوبراو له پاریس لەدایکببوو، فەڕەنسیەکەی هی ئەوه نەبوو جێی پرسیار بێ و له ماوەی گەمارۆکەشدا له ئۆرشەلیم دەژیاو به سەختیش بریندار کرابوو. هەر له یەکەم دیدارمدا ژنەکەم کەوته بەردڵ، ئەوەش کارێکی باشبوو کردم، چونکه له باشترین بەشی ئەو بیست و حەوت ساڵەی بەدوایداهاتن نزیکترین برادەرم بوو، یاریدەدەرێکی دڵخواز بوو، لەوەش زیاتر یاوەری گەشتەکانم بوو. هەرچۆنێک بوو ئەویش قایلبوو لەگەڵمان بێته ڕووسیا.

من هاوینەکەی ئەوەنده له ئیسرائیل مامەوه تا بەخێرهاتنی یەکەمین باڵوێزی وڵاته یەکگرتوەکان بۆ ئیسرائیل بکەم، ئەو پیاوه له ڕوودانەماو و گەرموگوڕه جێمس گی ماکدۆنالد بوو، من ئەوم پێش پاڤێل یرشۆڤ وەزیرەکەی ڕووسیا بینی. بۆ وڵاتەکەمان ئەو پێشهاتانه نوێبوون و خانوی گونجاویشی کەم بوون، بۆیه نوێنەرایەتی ئەمریکا و سۆڤیەت له تەلئەبیب

[84] Pandit :خانمه دیپلۆماتێکی هیندستان بوو–وەرگێڕ

[85] ساری: کراسێکی درێژی ژنانەیه له هیندستان و پاکستاندا لەبەردەکرێ–وەرگێڕ

ماڵی یەکەمی خۆیان لە هەمان میوانخانەدا هەڵدا، شوێنەکەش لە من زۆر دوور نەبوو، ئەوەش کەم ڕوویدەدا، کەوا ببینی لە لایەکی بانی میوانخانەکە ئالا هەڵدارەکەی ئەمریکا و لە دیەکەی دیکەشەوە داس و چەکوشی ئالای سۆڤیەت بێ و بشەکێتەوە. ئەو "ڕێکەوتانە" هەموویان لە هەفتەی یەکەمی "هاوژیانییەوە" بوون. بۆ نموونە لەبیرمە، کە جەژنی نمایشی ئۆپێرای نیشتمانیی ئیسرائیل یەکەمجار "هاتیکڤا"ی لەسەر شەرەفی ماکدۆنالدا ژەنی، ئەوسا "ئەستێرەکان درەوشانەوە"[86]، بەلام سروودی "ئینتەرناسیۆنال" لێنەدرا، هەرچەندە پیرشۆڤی ڕاویژکاریش لەوێبوو. پیرشۆڤ بەلای کەمی تا پشووە کورتەکە لەوێ بوو، ئەوسا خۆی و یاوەرانی بە دەنگەدەنگ ئەوێیان جێهێشت. هەموو کەسێک لە فەرمانگەی کاروباری دەرەوە سەبارەت بەو باسە گوێزی لە باخەڵی خۆی دەژمارد، تا پیرشیڤ خۆی ڕوونکردنەکەی ئێمەی پەژراند، ئەگەر ئەو لەوێ بمابایەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە سروودی نیشتمانیی سۆڤیەتیش لێدەدرا. ئێستا ئەو جۆرە پێشهاتانە مایەی پێکەنینن، بەلام ئەوێ ڕۆژێ هەموومان زۆرمان بەهەند وەرگرتبوو. هیچ شتێک بۆ ئێمە بێ بایەخ نەبوو، شارێتیش هەر بەسروشتەوە زۆر ورد و هەستیار بوو، تاڕادەیەکی بەرچاو واشی هەستکرد-هەروەک ڕووسەکانیش بە هەمان شێوە- کەوا پرتۆکۆل تا ئەوپەڕی بایەخدارە، هەرچەندە من وام نەدەبینی، ئەوەندە پێداگیریی لەسەر بکرێ.

دووەمین ئاگربەس لە ١٩ی تەموز دەستیپێکرد، ئیدی ئامادەبوو بۆ خولێکی درێژخایەنی بەنئازاری دانوستاندن سەبارەت بە نەقەب، کە کۆنت فۆلکە بیرنادۆتی ناوبژیکارە سویدیەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان رایسپاردبوو بدرێتە عەرەبەکان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوبژیکارێکی ڕاستەقینەیە، پێگەکەی بە سەرسامییەوە کورتهێنبوو لەبارەی بێلایەنیی و بە ڕادەیەکی زۆریش ناخۆشەویست بوو -بەتایبەتیش کاتێ خوێی بەسەر برینندا دەکرد بەوەی کە دەیگوت دەبێ ئۆرشەلیم لە دەوڵەتی جوو دابیرێندرێ و ئاسمان و بەندەرە ئاوییەکانی ئۆرشەلیمیش بخرێنە ژێر ڕکێفی نەتەوەیەکگرتووەکان.

---

[86] سروودی نیشتمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان-وەرگێڕ

خـوا دەیزانـی، کە ئەو جـۆرە ڕاسـپاردانە مـایەی پەژرانـدن نـین و ئەوەش سـەلماندی کە بە ڕاسـتی بێرنـادۆت هەرگیـز لە خەمـی دەوڵەتـی ئیسـڕائیل نەگەیشتبوو. بەڵام بە دڵنیاییەوە ڕێگە لە تاوان ناگیرێ، منیش بەوە تۆقیم کە لە ١٧ی ئەیلوولدا تەنیا دوو هەفتە دوای ئەوەی گەیشـتبوومە مۆسـکۆ، زانـیم لەشـەقامێکی ئـارامی ئۆرشـەلیمدا تەقە لە بێرنـادۆت کـراوە و و کـوژراوە. هەرچەندە بکوژەکانی هەرگیز نەدۆزرانەوە، بەڵام ئێمە دەمانزانی کە پەنجەی تـۆمەت هەر بـۆ جـوو درێژدەکـرێ. پـێم وا بـوو کۆتـایی دنیـا بەم کـارە دێ، ئامـادەبووم هەمـوو شـتێک بـکەم تـا خـۆم بگەیەنـمەوە وڵات و لەو مـاوە قەیرانەدا لەوێ بم، بەڵام من بە تەواوی گیرۆدەی شـتێکی تەواو نـوێ بـووم، کە داوای ژیانی لێدەکردم.

# ٩

# وەزیر بۆ مۆسکۆ

ئـــێمە (لە ڕێــی پـــراگەوە) لە دوای نیـــوەڕۆیەکی بارانـــاوی لە ٣ی ئەیلـــوولی ١٩٤٨دا گەیشـــتینە مۆســـکۆ. یەکەم شـــتیش کاربەدەســـتەکەی وەزارەتـــی کاروبـــاری دەرەوەی ســـۆڤیەت کە هـــاتبووە فڕۆکەخـــانە بـــۆ پێشـــوازیمان، پێیگـــوتم ئەمـــڕۆ بە زەحـــمەت دەتـــوانین بگەیـــنە شـــوێنی حەوانەوەتـان لە میوانخـانەکە، چـونکە لە شـار ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی ئاندرێیا زادانۆڤ یەکێک لە یاریدەدەرە نزیکەکانی ستالین بەڕێوەدەچێ.

لەو سۆنگەیەوە یەکەمین جێسەرنجم لەسەر یەکێتیی سۆڤیەت ئەو ڕێپێـوانە دووردرێـژە بە شـکۆیەی ناشـتنەکە بـوو، کە سـەدان هەزار- لەوانەبـوو بە ملیۆنـان بـن- لەسـەر شـەقامەکانمان دیـتن کاتێـک بەرەو میوانخانەی مێترۆپۆل دەچووین. ئەو میوانخانەیەی بۆ بێگانان گیرابوو، وەک ئەوە وا بوو لە شوێنێکی دیکەوە بێ؛ ژوری گەورژنە گەورۆنە و پەنجەرە و گڵۆپی چلچرای قەبە و پەردەی مەخمەڵی درێژی تێدا بوون، کورسییەکانیش بە بەرگی جوانەوە ڕازابوونەوە، هەروەها لە یەکێک لە ژوورەکان پیانۆیەکی گەورەش دانـدرابوو. لە هەر لابـاڵێکی میوانخانەکەشـدا پیرەژنێکـی مڕومـۆن وەسـتابوو، کە کـاتێ لە میوانخـانەکە دەرچووبـاین کلیلەکانمـان پێـدەدانەوە. دیاریشـبوو ئیشـی سـەرەکیی ئەوان ڕاپۆرتنووسـین بـوو بـۆ کەی جی بـی لەسـەر میوانەکـان، هەرچەنـدە ئەو کەسـەش پێنەدەچـوو تـاکە سـەرچاوەی زانیارییەکانیـان بـێ. ئـێمە هـیچ چـاوی کامێرایەکمـان لە ژوورەکەمانـدا نەدۆزیـیەوە، هەرچەنـدە بەردەوامـیش بە دوایانـدا دەگەڕایـن چاومـان لـێ دەگێڕان، کەچی زۆر لە ئەندامە دێرینەکانی دەستەی دیپلۆماسی لە مۆسکۆ

دڵنیـابوون لەوەی، کە هەمـوو وشـەیەکمان لە سـویتە دوو ژووریەکەمانـدا لەگەڵ سارا و زەکەریادا تۆمارکراون.

لەو ماوەیەی کە هەفتەیەک بوو لە میوانخانەکەدا بووین، درکم بەوە کرد دەبێ تـا زووە دەسـت بە شـێوە ژیـانی کیبۆتنشـینانەمان بکەیـن، دەنـا پارەکەمان بەش ناکا. خەرجی ژیان لەوێ بە ڕاددەیەکی باوەڕپێنەکراو گران بـوو، یەکەمـین لیسـتی حیسـابی میوانخـانەکەش تاسـاندمی. بە دەسـتەکەی خـۆمم گـوت: "تەنیـا یەک ڕێگـا هەیە بتـوانین بەو بـودجە سـادەیەی خۆمـان بــژین، ئەویـــش ئەوەیە هەمـــووان تەنیـــا یەک ژەم لە ژووری نانـــدینی میوانخـانەکەدا بخـۆین. مـن هەوڵـدەدەم خـواردنی چێشـتەنگاو[87] و فراوینـی ئێـواران دابـین بـکەم. لە ڕۆژانـی هەینیشـدا هەمـووان بە یەکەوە ژەمـی ئێوارانمان دەبێ." ڕۆژی پاشتر (لو کادار) و من چووین دەفری کارەباییمـان کـڕین و بەسـەر ژورەکـانی خۆمانمانـدا دابەشـکردن، هەروەهـا سـوراحی و کەوچکیشـم لە میوانخـانەکە وەرگـرتن؛ چـونکە ئەوکـات ئەم جـۆرە شـتانە لە هـیچ دوکـانێکی دوای جەنـگ لە مۆسـکۆ دەسـتنەدەکەوتن. هەرچـی لەبـارەی خواردنیش بوو ئەوا هەفتەی جارێک یان دووان من و  لو سـەبەتەکانمان پڕ لە پەنیـر، سۆسـەج (گۆشـتی قیمەکـراو)، نـان، نقیشـک و هـێلکە دەکـرد (ئەو شتانەمان لە بازاڕ دەکڕین، ئاخر هەندێک هەرزانتر بوون لە چاو دوکانەکانی ناو شار)، ئەو شتانەشمان لە سەر ڕەفەی پەنجەرە گەورەکانی ژوورەکانمان دادەنان تا تێکنەچن. شەمموانیش خۆم ژەمی بەرچایی و نیوەڕۆم بە یەکەوە بـۆ خێـزانەکەم سـازدەکرد (لەگەڵ زگورتییەکـانی سـتافەکەم بە ئایگـا و لویشەوە)، ئەو شێوەشم لەنێو دەفری گەرم لە نانديني سـویتەکەی خۆمانـدا ئامادەدەکرد.

پـێم وایە ئەو چوونـانەم بـۆ بـازاڕ لەو بەیـانییە بەسـتەڵەکییانەی زستانانـدا خۆشترین کاری تاکەکەسیم بووبن لە ماوەی ئەو حەوت مـانگەی لە یەکێتیـی سـۆڤیەت بـووم. هـیچ کاممـان نە (لـو) نە منـیش ڕووسـیمان نەدەزانی، بەڵام دوکاندارانی بازاڕەکە لەگەڵمان زۆرباش و بە ئۆقرەبوون، بە

[87] چێشتەنگاو: بەرکوڵ-بەرچایی. وەرگێڕ

ڕوومان پێدەکەنین و ئاماژەیان بۆ دەکردین، کە زۆر پەلە نەکەین لەو کاتەی دادەماین ئاخۆ دەمانەوێ چی بکڕین. وەک هەموو خەڵکی دیکە، خەڵکە سادەکەی ڕووسیی سەرنجی منیان لەبارەی ڕێز، ڕاستگۆیی و گەرموگوڕییەوە بۆ خۆ ڕاکیشا، هەرچەندە هەڵبەت وەک سۆشیالیستێک بەردەوام ئەو گریمانەیەی لە مێشکی من سەبارەت بە باری چینایەتی لەنێو کۆمەڵگای سۆڤیەتیدا هەبوو، تاساندمی. من بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد کاتێک بە ناو شەقامەکانی مۆسکۆدا دەڕۆیشتم و دەمبینی ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندی شەقامەکانی گەسک دەدا و چاڵ لێدەدا، کەچی تەنیا پەڕۆیەکی لە پێیەکانی ئاڵاندووە هەرچەندە پلەی گەرماش ٤٠ پلە لە خوارووی سفرەوە بوو، کەچی لە هەمان کاتدا ژنی دیکە هەبوون بە پێڵاوی پاژنەبەرز لە نێو ترومبێلی کەشخە و گەورە و بریقەداردا دادەبەزین.

هەر لە بەراییەوە لە ڕۆژانی هەینیدا ژوورەکەم بۆ سەردانکەران خستە سەر گازی پشت. هیوام وابوو خەڵکی ئەوێ بێنە سەردانمان- هەروەک خەڵک لە ئیسرائیل وایان دەکرد- تاکو پارچە کێکێک بخۆن و چایەکمان لەگەڵ بخۆنەوە، بەڵام ئەوە هیوایەکی زۆر ساویلکانە بوو، هەرچەندە کردنەوەی دەرگای ماڵ لە ئێوارانی هەینی لە نوێنەرایەتییەکەمان لە مۆسکۆدا و دوای ڕۆیشتنی منیش بۆ ماوەیەک هەر بەردەوام بوو. ڕۆژنامەوانان هاتن، جوو و کەسانی غەیرە جووی باڵیۆزخانەکانی دیکەش هاتنە سەرەدانی بزنسمانە جووەکان (هەروەک بە گەرمی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا ئەوەیان دەکرد)، بەڵام هەرگیز ڕووسییەک نەهات، هەرگیزیش جوویەکی ڕووسی تا ماوەیەکی درێژخایەنتر دوای ئەوە نەهاتن.

یەکەمین ئیشم نووسینی نامەیەکی فەرمی تازینامە بوو بۆ مستەر مۆلۆتۆڤی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بە هۆی کۆچکردنی زادانۆڤ، ئەوسا ئامادەبوون بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەی نوێنەرایەتیم. سەرۆکی یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت لەوێ نەبوو، بۆیە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی بڕوانامەی نوێنەرایەتیم بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێوەچوو. نابێ پێی لەوەش نەنێم، کە ئەو ڕۆژە نەشڵەژابووم. وا دابنێ شتێکی هەڵە یان

قسـەیەکی شاشـم گوتبـا. ئەوا ئاکـامەکەی زۆر بە گـران بە سـەر ئیسـڕائیل دەشکایەوە. یاخود وەهـات دانابـایە لەگەڵ ڕووسییەکان ناکۆک بووبام. من پێشتر هەرگیز کارێکم لەو دوورەوە نەکردبوو، کارەکانم بەوپەڕی هەستی بەرپرسیارێتیەوە دەکردن. بەڵام ئایگا دڵی دامەوە، پێی سەلماندم ئەو ملوانکە مـرواریییەی لە مـل بـکەم، ئیـدی بە یـاوەری نـامیر ئاریـە لیڤـاقی (یەکەمـین سکرتێری نوێنەرایەتییەکەمـان) و یۆهانـان ڕاتنەر (پاشکۆ سـەربازییەکەمان) چوومە ڕێوڕەسمەکە، من کەم تـا زۆر بە هێورەیی دەڕۆیشـتم تـا بەشـداری ئەو بۆنە کورتخـایەنە بکەم، کە هێمـایەکە بۆ دەسـتپێکی فەرمـی ئەرکەکـانی ئیسـڕائیل لە یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتەکانی سـۆڤیەتدا. دوای ئەوەی نـامەی نـوێنەرایەتیەکەم خوێنـدرایەوە، بە زمـانی عیبـری کـورتە دوانـێکم دا (پێشتر دانەیەکمان بۆ سەرۆکی پرۆتۆکۆلی سۆڤیەت ناردبوو تا ئامادەکاریی وەرگێڕانەکەی بکەن)، ئیـدی پێشـوازی بۆنەیەکی سـادەبوو لەسـەر شـەرەفی من سازکرا.

ئیدی بەم شـێوەیە لایەنە زۆر فەرمییەکە تێپەڕی، بێهودە لە هەوڵـی پەیوەندیکردن بە جووەکـانی ئەوێ بـووم. هەروەهـا بە ئەنـدامانی دەسـتەکەم گوتبـوو هەرکـاتێ لایەنە فەرمیـیەکە تێـپەڕی، ئەوا خوازیـارم سـەردانی سـیناگۆکەکان بـکەم. دڵنیـابووم مەگەر هەر لەوێ دەنـا لە هـیچ جێگـایەکی دیـکەدا چـاوم بە جووەکـانی ڕووسـیا نـاکەوێ. مـن (٣٠) سـاڵە هەر لە سـەردەمی شۆڕشـەوە لێیـان ترازاوم، هەروەهـا لەبارەشیانەوە هـیچ شـتێکی وامان نەدەزانی. ئەرێ تۆ بڵێی ئێستا ئەوان چی بکەن؟ تۆ بڵێی ئەوان دوای ئەو هەمـوو سـاڵە دوورودرێـژانەی ژیـان لە بندەسـتی ڕژێمێـک، کە نەک هەر پڕوپاگەنـدەی شـەڕ دژ بە ئـایین دەکـا، بەڵکـو بەتـایبەتیش دژی زایـۆنیزمە، چـونکە زایـۆنیزم بە تاوانێـک دەزانـێ و تاوانەکەشـی ڕووبەڕووی سـزای دورخسـتنەوە دەهـات بـۆ ئۆردوگـا لاپەڕگەکەکـانی ئاسـیای سـۆڤیەت هەر لەسـەر جـووایەتی خۆیـان مـابن. هەرچەنـدە زمـانی عیبـری قەدەخە کرابـوو، یدیشـیش تەنیـا بـۆ مـاوەیەک ڕێگەپێـدرابوو. لەوێ لە بیرۆبیـدژەن، لەسـەر سنووری چین ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیداری جووەکانی یدیشیزمان هەبوو. لێ هەرگیز چەکەرەی نەکرد، دوای جەنگی دووەمی جیهان (کە بە ملیۆنان جوو

سەریان تێداچوو) دەسەلاتدارە سۆڤیەتییەکان وایان بینی، کەوا زۆر لە قوتابخانە یدیشییەکان و ڕۆژنامەکانیان هەرگیز دەرنەچنەوە و دەستپێنەکەنەوە. لەو کاتەی ئێمەش گەیشتینە یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت نەک هەر سەرکوتکردنێکی ڕاشکاوانە هەبوو، بەڵکو ڕوانگەیەکی شەڕانگێزانەی ڕاستەخۆی دژەسامیزم لە نێو حکومەتدا هەبوو، کە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا سەری کێشا بۆ چەوساندنەوەیەکی سەرتاسەری جووەکان و زیندانیکردنی ئەکتەر و دکتۆر و نووسەرەکانیان، هەمووشی بە تۆمەتی "کۆسمۆپۆلیتیبوون" (جیهانپەرستی/جیهانویستی) و "زایۆنیزمی ئیمپریالیست". بارودۆخەکە وەها دژوار بوو، تەنانەت ئەندامی نوێنەرایەتییەکەمان، کە خزمی نزیکیان لە ڕووسیا هەبوون -برا، خوشک، تەنانەت دایک و باوکیش- تا من لەوێبووم لەو مەینەتیەدا دەژیان، ئاخۆ سەرباری ماوەیەکی درێژ کە نەیاندیتبوون، بوێرن پەیوەندییان پێوەبکەن یان نا، چونکە گەر بیانزانیبا هاووڵاتی جوو پەیوەندییان بە هەر ئیسرائیلییەکەوە هەیە، ئەوا توشی سوڕگومکردن و تاراوگە دەبوونەوە.

ئەوەش دووڕیانێکی پڕ لە ئازار بوو؛ زۆرجاران هەوڵماندا هەر دوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی پرسەکە هەڵبسەنگێنین، خۆمان بگەیەنینە خوشکی ئەوێمان و خواردن و پارە بگەیەنینە برای بەساڵاچوو و دایکی نەخۆش، بەڵام هەر بە سانایی دەگەیشتینە ئەو بەرەنجامە کە هەرچییەک بکەین، ڕەنگبێ ببێتە مایەی ئازار و گێچەڵنانەوە بۆ خزمەکانمان؛ بۆیە وەها باشتر بوو جارێ هیچ نەکەین. هەڵبەتە دۆخی ڕیزپەڕیش هەر هەبوو، لێ هێشتاش ناتوانم ئازادانە لەبارەیانەوە بنووسم، چونکە پێگەی مانەوەی ئەوان لە ڕووسیا دەخاتە ژێر بارێکی دژوار. ئەمڕۆ سەرتاپای شارستانییەت لەوە ئاگادارە چی بەسەر ئەو هاووڵاتییانەی سۆڤیەتەوە هات، ئەوانەی لە سۆنگەی ئەو قانونە لاسارانەی ڕووسیادا، دەسەلاتدارەکان دەیانەویست هەموو شتێک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هەرچەندە لە ١٩٤٨دا هێشتا هەر ساڵی درێژەدەری "مانگی هەنگوینی" بوو، بۆ ئێمەش زۆر سەخت بوو لەوە تێبگەیەن یاخود ئەو سیستمە بپەژرێنین، کە پێی وا بوو ئەوە تاوانێکە دژی دەوڵەت، کە ئەو پیرەژنەی ماوەی ٣٠ساڵی ڕەبەق بوو لە کوڕەکەی

دووربوو، هەوڵی بینینی بدا، تاوانەکەش بە تایبەتی ئەوە بوو، کە کوڕەکە ئەندامێکی دانپێدانراوی دەستەی دیپلۆماسی بێ و هاتنەکەشی بە پێخۆشی و ڕەزامەندیی یەکێتیی سۆڤیەتەوە بێ.

هەرچۆنێک بێ لە یەکەمین شەممەدا کە بە دوای ڕێوڕەسمەکەی پێشکەشکردنی نامەی نوێنەرایەتییەکەوە هات، بە پێیان بەرەو سیناگۆکە گەورەکە (دوو سیناگۆکەکەی دیکەی مۆسکۆ بچوک بوون و لە داریش دروستکرابوون) بەڕێکەوتین، هەر یەک لە پیاوە ئەندامەکانی نوێنەرایەتییەکە بەرماڵێکی نوێژ و سیدور (نوێژنامەی جولەکان)ی لە بنهەنگڵدا بوو. لە سیناگۆکەدا تەنیا سەد یان سەد و پەنجا جووی بەساڵاچوومان بینین. هەڵبەتە هیچیان لەبارەی چوونی ئێمەوە نەدەزانی، هەرچەندە ڕابی سخلیفەرمان لەوە ئاگاركردبۆوە، کە لەوانەیە لە ڕێوڕەسمە ئۆلییەکەی شەممەدا ئامادە ببین. نەریتئاسا دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە پیرۆزبایی بۆ سەرۆکی دەوڵەت خوێندرانەوە و دواتریش، کە مایەی سەرسامیم بوو پیرۆزباییان بۆ منیش نارد. من لەسەر کورسی شوێنی تایبەتی ژنان دانیشتبووم (لە سیناگۆکی ئەرسەدۆکسییەکان ژنان و پیاوان لە یەک کجیان)، کاتێکیش ناوی من هێنرا هەموو ئەوانەی لەوێ گردببونەوە چاوێکیان تێبڕیم، وەک ئەوەی وێنەی دەموچاوم لە مێشکی خۆیاندا بکێشن. کەس هیچی نەگوت. ئەوان تەنیا ئاوڕیان دایەوە و سەیریانکردم.

دوای ئەوەی ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو، خۆم بە ڕابییەکە ناساند، بۆ چەند خولەکێک بە یەکەوە قسەمانکرد. لەو کاتەشدا باقی ئەندامانی نوێنەرایەتییەکە ڕۆیشتن، ئینجا منیش بە تەنیا بە پێیان بەرەو میوانخانەکە بەڕێکەوتمەوە، لە ڕێگادا بیرم لەو ڕێوڕەسمە و ئەو ئاوڕدانەوە و نیگا سەیرانەی نوێژکەران دەکردەوە، ئەوان پیاو و ژنگەلێک بوون شڕ و وڕ، بەڵام هێشتا هەفتانە لە مۆسکۆدا دەچوونە سیناگۆکەکان. من هێشتا زۆر دورنەکەوتبوومەوە، پیاوێکی بە تەمەن بە شێوەیەک خۆی لێ خشاندم دەستبەجێ زانیم ئەوە ڕێکەوت نەبوو؛ بە چرپەوە بە زمانی یدیشی پێیگوتم؛ "هیچ مەڵێ، من لەپێشتدا دەڕۆم و تۆش دوام کەوە." کاتێکیش لە میوانخانەکە نزیک بووینەوە، لە پڕێکەوە وەستا، ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە

ئەوسا ڕووی تێکردم، لەوێ لەسەر ئەو جادە بە بایەی مۆسکۆدا، کابرا دەستی بە خوێندنەوەی دروودی سوپاسگوزاری شێهیهیانو[88] کرد، ئەو سروتەی لە ڕابی فیشەرمان مایمۆنم بیستبوو، کاتێ لە ١٤ی ئادار لە تەلئەبیب دەوڵەتمان ڕاگەیاند. پێش ئەوەی من هیچ بڵێم یان هیچ بکەم، کابرای تایین لێیدا و ڕۆیی، منیش بە تەنیا گەڕامەوە میوانخانەکە، فرمێسک لە چاوانم قەتیس مابوو، بەوە سەرسام بووم، ئاخۆ هەر بە ڕاستی ئەوە کابرای داماوبوو بینیم یاخۆ هەر خەون بوو.

چەند هەفتەیەک دواتر ڕۆش هاشانای نوێبوونەوەی ساڵی جوو بوو. پێم گوترابوو لە پشوودانە گەورەکەدا خەڵکی زیاتر لە شەمماندا ڕوو لە سیناگۆکەکان دەکەن، منیش بڕیارم دایەوە بە هەموو ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتییەکەم لە بۆنەی ڕۆش هاشانا بەشدار ببین. ئەوسا ڕۆژێک یان دوان پێش بۆنەکە، وتارێکی درێژ لە پراڤدا، لە لایەن ئێلیا ئێهرونبورگی ڕۆژنامەنوسی ناوداری سۆڤیەت بڵاوکرایەوە، کە خۆی بە داکۆکیکەر لە جوو دەزانی. ئێهرونبورگ بۆ ستالینی نەبوو، لە خواترسانە نووسی، کە شتێکی وەک دەوڵەتی جولەکە لە ئارادا نییە، ئەو وەهای ڕوونکردبووەوە: " لەگەڵ ئەوەشدا، با هیچ هەڵەیەک لەبارەی پرسەکە نەکەین. دەوڵەتی ئیسڕائیل هیچ پەیوەندییەکی بە جووەکانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە نییە، لێرە هیچ کێشەیەکی جوو نییە، بۆیە پێویست بە دەوڵەتی ئیسڕائیل ناکا. ئیسڕائیل بۆ جووی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانە، لەو دەوڵەتانەی کە دژەسامیزم لە برەو دایە. هەرچۆنێک بێ، لێرە شتێک وەک قەوارەیەکی گەلی جوو نییە. شتێکی هیچوپوچە گەر یەکێک بڵێ، کەوا هەر کەسێک پرچی سور بوو یان شێوەی کەپوووی دیارکراو بوو ئەوا سەربە فلانە گەلە." نەوەک بە تەنیا هەر من بەڵکو جووەکانی مۆسکۆش ئەو وتارەیان خوێندبووەوە. ئەوانیش وەکو من بوون، چونکە دەبووایە واتای نێو دێڕەکانیان لێکبدابایەوە، ئەوان لەوە تێگەیشتن، کە وتارەکە لەبارەی چییە و ئەوەش ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ ئەوان تا خۆیان لە ئێمە دوور بگرن! کاردانەوەش لە لایەن سەدان و

---

[88] Shehehianu

هەزاران ئەو جـووانەی کە بە مەبەسـت و بـوێرانە نیشـانی ئەو هۆشـدارییە شـــەڕانگێزەیاندا، کە پارچەپارچەیـــان کـــرد و منیشـــیان لە ڕۆژگارێکـــدا لەئـامێزگرت، بـوومە گەواهیـدەر و ڕووداوەکەش بـووە مـایەی دنەدانێکـی ڕۆحی بۆم. وردەکاری سەبارەت بەو ساڵڕۆژە نوێیە نییە و منیش ئەوەندە بە ڕۆشـنیی -و بەهەستوسـۆزێکی زۆرەوە-لەبیرنەمـاوە وەک ئەوەی هەر چەند سەعاتێک بەر لە ئێستا ڕوویدابێ.

هەروەک نەخشـەمان بـۆ کێشـابوو، لە ڕۆژی ڕۆش هاشـانا چـووینە سـیناگۆگەکە. ئـێمە هەموومـان بـووین، پیـاو، ژن و منـداڵەکانی دەسـتەی نوێنەرایەتییەکە بە باشترین جلی بەرمان، کە شیاوی جەژنی سەری ساڵی جوو بێ، بەڵام شـەقامی بەردەم سیناگۆگەکە گۆڕابوو. هەنوکە لە ئـاپۆرەی خەڵکی پڕببوو، هەروەک ساردین چووبوونە نێو یەکدی، سەدان و هەزاران بوون، لە هەموو تەمەنەکان بوون، بە ئەفسەرانی سوپای سور، سەربازەکان، مێردمنداڵ و مەلۆتکەکانیشەوە، کە لەباوەشی دایبابیاندا بوون. لە بری ٢٠٠٠ پیـرە جـوو، کە ئاسـاییانە لە جەژن و پشـووەکان دەهـاتنە سـیناگۆگەکە، ئەمجارەیان ئاپۆرایەکە خۆی لە پەنجا هەزار کەس دەدا و چاوەڕێی ئێمەیان دەکـرد. بـۆ سـاتێک نەمتـوانی ئەوە هەرس بـکەم، یـاخود ئـاخۆ ئەوانە کـێن. ئەوسا بۆم دەرکەوت، ئەو جوو باش و مەردانە بۆ ئەوە هاتوون لەگەڵ ئێمە بن، هاتوون خۆیان هەستی خزمایەتییان نیشان بدەن و ئاهەنگی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بگێڕن. لە مـاوەی چەنـد چرکەیەدا دەوروخـولی منیـان دا، خەریکبـوو بەرزم بـکەنەوە، خەریکبـوو خـۆم پێدابـدەن، هەر نـاوی منیـان دەگـوت و دەگـوتەوە. لە دواییـدا بە ڕیـز کشـانەوە و ڕێگایـان دام بچمە نێو سـیناگۆگەکە، بەڵام لەوێـش نمایشـەکە بەردەوام بـوو. هەر بەینـاوبەین لە هـۆڵی ژنـان، یەکێـک دەهـات دەسـتی دەگـرتم، دەیهەژانـدم یـان تەنـانەت دامێنی کراسـەکەی مـاچ دەکـردم. بەبێ هـیچ قسـە و دوانێـک، بێ ئەوەی بە ڕاستی هیچ ورتەیەکیش لە دەمیان بێتەدەرەوە، ئەوا جووەکانی مۆسکۆ بەو پەڕی ئـارەزوو -بە پێویستیشـیان- بە تەواوی بە هاوبەشـبوونی خۆیـان لە پەرجووی دامەزراندنی دەوڵەتی جوو سـەلماند. منیش لەوێدا بۆیـان ببوومە هێمای دەوڵەتەکە.

نەمدەتوانی نە قسەبکەم، نە پێبکەنم یاخۆ دەستم بۆ یان ڕاوەشێنم. مـن لە هـۆڵەکە وەک بەرد دانیشـتبووم، بـێ ئەوەی بجـووڵێم، چـاوی ئەو هەزاران کەسەشـم لەسـەر بـوو. نەوەک وەک قەوارەی گەلـی جـوو، کە ئێهرونبـوگ نوسـیبووی. گـوایە دەوڵەتـی ئیسـرائیل هیچـی بـۆ جووەکـانی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیسـتەکانی سـۆڤیەت نەدەگەیانـد! بەڵام هۆشدارینامەکەی ئەو بە گوێی بەرد دادرا. بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ ئێمە و ئەوان لەیەک جیـابووبووینەوە. هەنـوکە دووبـارە گەیشـتینەوە یەک، کـاتێکیش تەماشـام دەکـردن، زانـیم هـیچ هەڕەشـەیەک هەرچەنـدە ئازاربەخشـیش بـێ نـاتوانێ ئەو گەلە شـەیدایە بوەسـتێنێ، کە لە سـیناگۆگەکەدا بینـیم. لەوێ بە شێوازی خۆیان تێیانگەیاندین، کە ئیسرائیل چ واتـایەک بۆ ئەوان دەگەیەنێ. بـۆنەکە کۆتـایی هـات، منـیش دەبـووایە ئەوێ بەجێبـێڵم، بەڵام بە ئاسـتەم دەمتوانی ڕێبکەم. هەستمکرد لە ناو سێڵاوێکی گەرمی خۆشەویستی دام، بە ئاسـتەم هەناسـەم پێـدەدرا و دڵیشـم خەریکیبـوو خەفەدەبـوو. پـێم وابـێ لە لێـواری بـوورانەوەدا بـووم، بەڵام خـۆ ئـاپۆراکە تـا دەهـات لە دەورم چڕتردەبـۆوە، دەسـتیان بـۆ ڕادەهێشـتم و دەیـانگوت ناشـا گۆلـدا (گۆلـداکەی ئێمە) و شالۆم شالۆم و دەگریان.

لەنێو ئەو شـەپۆلە زێیەی خەڵکیدا، من هێشـتاش دوو دەموچـاوم بە ڕوونی لێوە دیـارن: پیاوێکی بچکۆڵە کە لەبەردەممدا قیت بـووەوە و گـوتی؛ "گۆلـدا، هیـوای تەمەنێکـی درێـژ بـۆ تـۆ و سـەری سـاڵێکی خـۆش". ژنێکـیش بە خەنـدەوە پـێمەوە نوسـابوو مـاچی دەکـردم و هەر دەیگـوت و دەیگوتەوە "گۆدەلێ، گۆدەلێ!"[89]

مەحاڵ بوو لەو ڕەوشەدا بتوانم بگەڕێمەوە میوانخـانەکە، هەرچەنـدە هۆشـداریش دژی شابات(شـەممە) و جەژنـی سـەری سـاڵی جـوو درابـوو، یەکێکیـان پاڵینـام بەرەو تاکسـیەکەم. بەڵام تاکسـیەکەش هەر دەرنەدەچـوو، چـونکە لەبەر ئـاپۆرەی خەڵکی کە دەورەی درابـوو لە خۆشـیان دروشـمیان دەکێشا، پێدەکەنین و دەگریان، ڕێگەی نەبوو بڕوا. من دەمویست شـتێک بەو

[89] Godelle: ناوی گۆلدا بەبچوککراوەیی بۆ خۆشەویستی-وەرگێڕ.

خەڵکە بڵێم، هەر شتێک بێ، تا بزانن من داوای لێخۆشبوونم لێدەکردن، کە نەهاتبانە سیناگۆگەکە، بەم جۆرە نەهاتبانە مۆسکۆ تا نەزانرێ ئەوان ئەو پەیوەستییە بەهێزەیان لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. ئەوە مایەی سەرسامی بوو ئەو ڕاستییە بوو، هێشتا ئەو بەیەکەوە گرێدانەمان لەنێواندا مابوو، بەڵام هیچ وشەیەکم بۆ نەدۆزرایەوە. هەرچەندی کردم، گەوجانە هەر ئەوەندەم بە دەنگێک کە پێنەدەچوو هی خۆشم بێ، یەک ڕستەم بە یدیشی گوت. سەرم لە جامی پەنجەرەی تاکسییەکەم دەرهێنا و گوتم: "سوپاس بۆ ئەوەی هەر بە جوو ماونەتەوە"، ئیدی گوێم لەو ڕستە کەساسە ناتەواوەم بوو، بە گوێی حەشاماتەکەدا وەک گوتەیەکی پەیامبەرانە دەهات و دەچوو.

لە دواییدا، دوای چەند خولەکێکی زۆر، ڕێگەی تاکسیەکەمیان دا بڕوا. لە میوانخانەکەدا هەمووان لە ژورەکەمدا گردبوونەوە. ئێمە لە ناخەوە هەژابووین، شڵەژابووین. هیچ کەسێک قسەی بۆ نەدەهات. تەنیا ئێمە لەوێ دانیشتبووین. ئەوە سروشێکی مەزن بوو تا بۆمان دەربکەوێ و لەسەری بدوێین، بەڵام ئێمە پێویستمان بەوە هەبوو لەگەڵ یەک بین. ئایگا، لوو و سارا وا هەنسکیان دەدا، وەک ئەوەی دڵیان شکابێ، چەند پیاوێکیش دەموچاویان بە لەپی دەستەکانیان شاردبوونەوە. کەچی من نەمدەتوانی تەنانەت بشگریێم. تەنیا دانیشتبووم، ڕەنگی دەموچاوم بە هەڵبزڕکاوی لە بەرانبەم بوو نیگای تێبڕیبووم. ئیدی هەر بەو شێوەیە تا چەند سەعاتێک پڕ قوڵپەی سۆز و هەستجووڵان بێئەوەی بتوانین لەگەڵ یەک بدوێین، ماینەوە. من وا خۆنانوێنم بڵێم گوایە بە دڵنیاییەوە دەمزانی، کە لەماوەی بیست ساڵدا زۆر لەو جووانە لە ئیسرائیلدا ببینم. بەڵام یەک شتم دەزانی: دەمزانی یەکێتیی سۆڤیەت لە شکاندنی گیانی ئەوان سەرنەکەوتووە، ئەو ڕووسیایە بەو هەموو هێز و دەسەڵاتەشیەوە شکستیخوارد. جووە هەر بە جووایەتی خۆیان مانەوە.

یەکێک وێنەیەکی ئەو ئاپۆرایەی جەژنی ڕۆش هاشانای گرتووە، پێم وایە هەزاران دانە لەبەر وێنەکە گیراونەتەوە، چونکە دواتر خەڵکم لە جادە دیتن و بە لامدا تێدەپەڕین بە هیواشی بە چرپەوە شتیان پێدەگوتم، کە سەرەتا لێیان تێنەدەگەیشتم، دەیان چراپندمە بن گوێ، "ئێمە وێنەکەمان

هەیە." هەڵــبەتە دەمزانـــی ئەوان هەمـــان لێشـــاوی خۆشەویســـتییان هەیە و شانازیان بە گەسکەکە[90] دەکرد وەک ئەوەی ئەوانیان ناردبێ تا نوێنەرایتیی ئیسـرائیل بکەن. لێ گەلۆ، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوە زۆر لەسـەرم کـاریگەربوو. چەندان ساڵ دواتر، کاتێ کۆچبەرە ڕووسییەکان هـاتنە ئیسرائیل ئەو وێنە کـاڵبووەوەی بیسـت سـاڵ تەمەنەیـان بـۆ هێنـام ،کە نـامەی نـوێنەرایەتیم لە کـــرملین پێشکەشـــکرد، ئەوەش لە ١٩٤٨دا بـــوو، بـــۆ مـــاوەی دو دەیەش هەڵگیرابوو.

لە یــۆم کیــپەر[91] (ڕۆژی ســـڕینەوەی گونــاح)دا، کە دە ڕۆژ دوای نوێبـــوونەوەی ســـاڵ دێ، جـــارێکی دیـــکە هەزاران جـــوو لە ســـیناگۆگەکە گردبـوونەوە، ئەمجارەیـان هەمـوو ڕۆژەکە لەگەڵیانـدا مـامەوە. لەبیـرمە کـاتێ ڕابـــیەکە دوا دێـــڕی ڕێوڕەســـمە ئـــایینییەکەی دەخوێنـــدەوە "ســـاڵی دادێ لە ئۆرشـــەلیم" وەک بـومەلەرزەیەک وابـوو سـەرتاپای سـیناگۆگەکەی هەژانـد، منیش درووودێکی کورتیلەی خـۆمم خوێندەوە:" خـوایە لێگەڕێ بـا بقەومـێ، ئەگەر سـاڵی دادێش نەبێ، دە لـێگەڕێ بـا جووەکـانی ڕووسـیا بە زووتـرین کات بێنە لامان." لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاستی پێم وا نەبوو لەماوەی ژیانی مندا، ئەوە ڕوویدا.

دوای ئەوە زۆری پێنەچـــوو لە دانیشـــتنێکی تایبەتمەنـــدا مســـتەر ئێهرونبورگم دی. یەکێک لە پەیامنێرانی ئینگلیز، کە لە مۆسکۆدا کاریدەکرد، شەوانی هەینی سەردانی دەکردین و جارێک هـات پێی گوتم بەڵکو بمەوێ ئیهروبورگ ببینم. منیش وەڵامم دایەوە" بەڵێ، دەمەوێ بیبینم. یەک دوو شت هەبوون زۆر بە پەرۆش بووم پێیبڵێم."

پیـاوە ئینگلیـزەکە بەڵێنـی پێـدام "مـن ڕێکـی دەخەم". بەڵام هەرگیـز نەیکرد. ئەوسا چەند هەفتەیەک دواتر ڕۆژی سەربەخۆیی چیک هەبوو، کە باڵوێزخانەکەیـان ئاهەنگێکیـان ســازکردبوو، منــیش لەوێ بــووم، هەمــان

[90] نیشانەی جادویی-وەرگێڕ

[91] Yom Kippur

ڕۆژنامەنوس هاتەلام. پێیگوتم "مستەر ئێهرونبورگ لێرەیە، ئایا دەکرێ بیهێنمە لات؟" ئەوکات ئێهرونبورگ زۆری خواردبووەوە-پێیان گوتم هۆشی بەسەرخۆیەوە نییە – ئیدی هەر لە سەرەتاوە زۆر پڕکێشانە بوو. ئەو بە زمانی ڕووسی دەستی بەقسە کرد.

پێمگوتەوە " ببوورە من ڕووسی نازانم. ئایا دەتوانی بە زمانی ئینگلیزی بدوێی؟"

بە مڕومۆنییەوە سەیرێکی کردم و وەڵامی دامەوە: "من قینم لەو جووانە دەبێتەوە، لە ڕووسیا لەدایک بووبن و بە ئینگلیزی بدوێن."

منیش لە وەڵامدا پێمگوتەوە: "منیش بە داخم بۆ جوویەک، کە عیبری نەزانێ، یان بەلای کەمییەوە زمانی یدیشی نەئاخڤێ!" هەڵبەتە خەڵک لەو بەینەدا دەهاتن و دەچوون، گوێیان لەو دەمەتەقێیەمان بوو، بەڵام پێم وا نییە بە هۆیەوە ڕیزی ئێهرونبورگ لای هیچ کەسێ زیادی کردبێ.

تێبینی و پاداشتدانەوەی پترم لای هاووڵاتیەکی دیکەی ڕووسی بوو، کە بینیم ئەویش لەو ئاهەنگە پیشوازییەی بەڕێز مۆلۆتۆف بوو، ئەمەش بە بۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ڕووسیا بوو، کە بۆ دیپلۆماتەکانی مۆسکۆی ساڵانە سازدەدا. سەرانی نوێنەرایەتییەکان لە لایەن وەزیری دەرەوە لە ژوورێکی تایبەتدا پێشوازییان لێ کرا. دوای ئەوەی تەوقەم لەگەڵ مۆلۆتۆڤدا کرد، ژنەکەی ئیڤی مۆلۆتۆڤ هاتە لام. بە دڵێکی گەرم و پەرۆشەوە بەخێرهاتنی کردم و پێی گوتم " من زۆر خۆشحاڵم، کە ئاخری تۆم بینی. ئەوسا زیاتر لە سەری ڕۆیشت و گوتی "من بە یدیشی قسەدەکەم، تۆ دەزانی."

منیش بە سەرسوڕمانەوە پێمگوتەوە: " ئایا تۆ جووی؟"

بە یدیشی وەڵامی دامەوە: "بەڵێ من کیژی کەسانێکم کە جوون." ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژ بە یەکەوە قسەمانکرد. ئەو هەموو شتێکی لەبارەی پێشهاتەکەی سیناگۆگەکە دەزانی و زۆریش بەوەی ڕوویدابوو دڵخۆش بوو. گوتی: " جووەکان زۆریان پێخۆشە بتبینن." ئەوسا پرسیاری لەبارەی نەقەب لێ کردم، کە بابەتێک بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا وتووێژی لەسەر دەکرا. من تێبینیەکم دا بەوەی نابێ دەستی لێ هەڵبگرین، چونکە کچەکەم لەوێ

دەژی، هەروەها ئاماژەشم بەوەدا، کە ئێستا لە مۆسکۆ سارای کچم لەگەڵدایە. هاوسەرەکەی مۆلۆتۆڤ پێیگوتم ؛ "پێویستە بیبینم." ئیدی سارا و یائیل نامیرم پێناساند، ئەوانیش لەبارەی ئیسرائیل قسەیان کرد و دەیان پرسیاری سەبارەت بە کیبۆتەکان لە سارا کرد، کە ئاخۆ کێ لەوێ دەژی و گوزەرانی لێ چۆنە. ئەو بە یدیشی قسەی لەگەڵ کچەکان کرد و شادمانیش بوو، کە سارا بەهەمان زمان وەڵامی دەدایەوە. کاتێک سارا پێیدەگوت هەموو شتێک لە ڕێڤیڤیمدا موڵکی گشتییە و لەوێدا هیچ خاوەنداریێتیەکی تایبەتی نییە، خانمەکەی مۆلۆتۆڤ پێی ناخۆشبوو گوتی: "ئەوە بیرۆکەیەکی باش نییە. ئاخر خۆ خەڵک نایەوێ هەموو شتێکی بەش بکا. تەنانەت ستالینیش دژی ئەوەیە. تۆ دەبێ لەگەڵ بیرکردنەوە و نووسینەکانی ستالین لەبارەی ئەو بابەتە ئاشنا بیت." پێش ئەوەی خانمەکە ڕووبکاتە میوانەکانی دیکە، ئامێزی لە سارا وەرێنا و بە چاوی فرمێسکاوییەوە پێیگوت: "هیوادارم تۆ باشب ی، ئەگەر هەموو شتێک لەگەڵ تۆ باش هات، ئەوا لەگەڵ جوو لە هەموو شوێنێک باش دێتەوە."

ئیدی من جارێکی دیکە نە خانم مۆلۆتۆڤم دیتەوە نە گوێم لە هەواڵەکانیشی بووەوە. ساڵانیکی زۆر دوای ئەوە لە نیویۆرک، هێنری ساپیرۆ هەواڵنێری دێرینی یەکێتیی ڕۆژنامەنوسان لە مۆسکۆ پێی گوتم دوای ئەو دەمەتەقێیەی لەگەڵماندا کردی، ئیڤی مۆلۆتۆڤ گیرا، منیش ئەو ئاهەنگی ساڵیادەم لەبیرە، کە چۆن ڕۆژەکەی سەرلەزوو تەماشای نمایشی لەشکرم لە گۆڕەپانی سووردا دەکرد. من ئێرەییم بە ڕووسەکان دەبرد، چۆن ئەو هەموو چەکە نمایشدەکەن- ئێمەش لە بەشە هەرە کەمەکەشی دووربووین - وەک ئەوەی مۆلۆتۆڤ کەڵکەڵەی مێشکی منی خوێندبێتەوە، دواتر پێکی ڤۆدکای هەڵبڕی و وەک ئەوەی بڵێ :"پێت وا نەبێ ئێمە ئەوەمان بە ڕۆژێک و دووان پەیداکردبێ. ئەو ڕۆژەگارەش دێ ئێوەش ئەو شتانەتان پەیداکردبێ. گوێمەدەرێ، چاکتان بۆدێ."

کەچی بە هاتنی یانیوەری ١٩٤٩دا ئەوە دەرکەوت، دەبێ جووەکانی ڕووسیا باجێکی گرانی ئەو پێشوازیە گەرمەی ئێمە بدەن، چونکە "ناپاکییە" و

له هزری کۆمۆنیست دەکرێ —له چاوی حکومەتی سۆڤیەتیەوە وابوو- کە بەو شێوەیە بەخێرهاتنی ئێمە بکرێ. شانۆی یدیشی لە مۆسکۆ داخرا. ڕۆژنامەی یدیشی بەناوی ئێنگایت داخرا. دەرگای خانەی چاپ و وەشانی یدیشی کڵۆم درا. ئەوەش هیچی لە پرسەکە نەدەگۆڕی، کە ئەو دەزگا ناوبراوانەی سەروو لەسەر هێڵی کۆمۆنیستی بوون. ڕاستییەکەی ئەوە بوو، جووەکانی ڕووسیا لە نیشاندانی مەیلدارییەکەیان بۆ ئیسرائیل زۆر دوور ڕۆیشتن. لەماوەی پێنج مانگدا ئاماژەی هیچ ڕێکخراوێکی جولەکەی تایبەتمەند لە ڕووسیادا نەما و جووەکانیش جارێکی دیکە توخنمان نەکەوتنەوە.

لەو نێوەدا دڵسۆزانە بەپێی پێویست سەردانی سەرانی نوێنەرایەتی و باڵوێزخانەکانی دیکەم لە مۆسکۆ دەکرد و چاوەڕێش بووم بارەگای هەمیشەیی خۆمان دادەمەزرێنین. لە دواییدا خانووێکیان پێداین، کە ڤیللایەکی دوو کۆگایی بوو، مەیدانێکی بەرفرەوانیشی هەبوو، چەند خانوویێکی تێدابوو وەک ماڵ سودمان لێ بینین. ئەوە زۆر قورس بوو بۆ من، کە نەزانم ئاخۆ چی لە ئیسرائیلدا ڕوودەدا، لەسەر خوان و لەکاتی چاخواردنەوەش، کە ئامادەدەبووم تەنیا گوێمدەگرت و باسی پرسی ماڵە نوێکەمان نەدەکرد. بەڵام هەرچەند زوو بکەوتباینە خۆ، بۆ ئێمە باشتر بوو؛ بۆیە داوام لە ئایگا کرد، بەڵکو بۆ کڕینی ناوماڵ و پەردە و گڵۆپ و پێداویستیەکانی دیکەمان بچێتە ستۆکهۆلم. چەند هەفتەیەکی خایاند تا ئایگا هەموو کەلوپەلەکانی بەو بڕە پارەیەی کە بۆماندانابوو، دۆزییەوە، بەڵام ئایگا کارێکی زۆر باشی کرد و کەلوپەلەکانی کڕی و هەر حەوت ژووره نوستنەکان، هۆڵی پێشوازی، ژووری خواردن، ناندین و هەموو نووسینگەکانمان بە شێوەیەکی هەرزان و سەرنجراکێش ڕاخست. بەڕێکەوت کاتێ ئایگا بەرەو ستۆکهۆلم دەچێ هەموو ئەو پۆستەی دەمانەویست بۆ ئەوروپای بنێرین لەناو هەگبەکانیدا بوون، بەڵام لە ڕێگا بڕیاردەدا، کە ئیسرائیل بە ڕاستی پێویستی بە هەگبەیەکی دیپلۆماسیانە هەیە، بۆیە یەکێک لە ستۆکهۆلم بە ڕادان دەدا. هەروەها ئەوەشی لەبیرنەچووبوو، جلوبەرگی گەرم بۆ هەمووان لەگەڵ خواردنی قوتوکراودا بکڕێ.

له مــاوەی ئەو حەوت مانگــانەی مۆســکۆم، دوو جــاران گەڕامەوە ئیســـڕائیل، هەر دوو جــاریش هەســـتێکی وام لا پەیــدابببوو وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتبم، لە وڵاتێکی پانوپۆڕ، سارد، وڵاتێکی پڕگومـان، نــاحەز و بێــدەنگ بــۆ باوەشــی وڵاتێکــی بچکــۆڵانەی گەرم –کە هێشــتا لە شەڕدایە و ڕووبەڕووی ئەرکی سەخت بووەتەوە، بەڵام کراوە، پڕ لە هیوا و دیموکراســـی، کە بە ئاســـتەم دەرەقەتـــی دووریەکەی دەهـــاتم. لە یەکەم گەڕانەوەمدا کە کەوتبووە دوای هەڵبژاردنەکەمان لە کانونی یەکەمی ١٩٤٩دا، بنگۆریــۆن داوای لێکــردم بەڵکــو بچــمە نێــو کــابینەی حکــومەتەکەی کە پێکیــدەهێنێ. بنگۆریــۆن گــوتی: "دەمەوێ تــۆ وەک وەزیــری کــار خزمەتــی حکـــومەتەکە بـــکەی." ماپـــای واتە حزبـــی کرێکـــاران لە ڕاپرســـییەکاندا سـەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنابوو، کە ڕێژەی ٣٥% تەواوی دەنگەکـان (ڕێــژەی ٢٠% پتــر لە ماپــام ڕکــابەرەکەی)، ئەمەش لەو هەڵبــژاردنەی کە ٨٧%ی ئەوانەی توانـا و مـافی دەنگـدانیان هەبـوو لە ئیسـڕائیلدا بەشـداری هەڵبژاردنەکەیــان کردبــوو. یەکەمــین حکــومەتی دەوڵەت بە هاوپەیمــانێتی پێکهــات، کە یەکێتــی بەرەی ئــایین، پــارتی پێشــکەوتنخواز(کە بەزۆری لە چینــی مامناوەنــدی پیشــەوەرەکان پێکهــاتبوو بە لای ماپــای دەشــکانەوە و هەڵگری ڕوانگەی ناپارتیزانیش بوون) لەگەڵ سیفاردیم (حزبێکی بچکۆلانە بـوو، خـۆی بە نـوێنەری بەرژەوەنـدییەکانی جووەکـانی ڕۆژهەڵات لە قەڵەم دەدا).

سـەرەتا بلـۆکی دینی ئەو بیـرۆکەیەی ئافرەتێک ببێتە وەزیـر، بۆیـان قـوتنەدەدرا؛ بەڵام لە دواییـدا پەژراندیان. ئەمەش لە ڕێـی ئەو بەڵگەوبەنـدەیە بوو، کە لەڕۆژگاری بەریێی ئیسرائیلدا دێبۆراه[92] (کە ژن بـووە) دادوەربـووە، ئەو پلەیەش ئەگەر کاتی خـۆی لە وەزیـر زیاتر نەبووبا ئەوا هاوشانی بـوو! قــایلنەبوونی بلــۆکی دینـــی ســـەبارەت بە مـــن بــۆ ئەوەی نووســـینگەیەک بەرێوەبەرم، لەوە هـاتبوو کە من ژنـم. پرسـەکە جارێکی دیکەش لە ١٩٥٠دا هـاتەپێش، چـونکە ئەوکـات بەربـژاری سـەرۆکی شـارەوانی تەلئەبیـب بـووم،

---

92 Deborah

هەرچەنـدە ئەوکـات وەک سـاڵی ١٩٤٩ خـۆگر نەبـوو. هەرچۆنێـک بـێ بەو داوایەی بنگۆریۆن زۆر شادمان بووم. لە کۆتاییدا دەمەویست لە شوێنێک بم کە حەزم لێیبوو، ئەوە بکەم کە دەمەویست بیکەم، بۆ ئەوکارە و گۆڕانگاری خۆم بە شایستەی ئەو کارە دەزانی. ئەوکات نە من و نە هیچ کەسی دیکەش نەیـدەزانی ئـاخۆ چـی بە دەقـاودەقی دەکەوێـتە نێـو داڕشـتە قـانونییەکەی وەزارەتـی کـار. بەڵام مـن خەیـاڵ و ئەندێشــەم بـۆ ئەو بنیـاتگەلە و ئەرکە دڵخۆشکەرە نەدەچوو کە بە دڵنیاییەوە سەروکاری لەگەڵ کارپەیداکردن و خانوودروستکردن دەبێ بۆ ئەو سەدان هەزارەی کە گەیشتونەتە ئیسرائیل. بۆیە یەکسـەر بێ هـیچ دوودڵییەک بە بنگۆریـۆنم گـوت بەڵـێ بۆ کـارەکە و هەرگیزیش لێی پەژیوان نەبوومەوە. ئەو حەوت ساڵەی وەزارەتی کار بۆ من بێگومان لە ساڵە هەرە شانازیی و خۆشەکان بوون.

لـێ پـێش ئەوەی بـپەڕژێمە سـەر کـارە نـوێکەم، دەبـووایە بـۆ چەنـد هەفتەیەکـی دیـکە بگەڕێـمەوە مۆسـکۆ. گەشتەکەشـم بـۆ مـاڵ نەکەوتە ژێـر کارانگازی زۆرەوە. ئەو بارە کۆمەڵایەتییە نایەکسانە، بە گشتی دڕدۆنگبوون و تـرس لە دانیشـتوان، ئەو گۆشـەگیرییەی ڕووبەڕووی دیپلۆماتەکـان دێ، هەموو ئەوانە بێ چەندوچوون کاری تێکردبووم. هەستم بە جۆرە خەتـایەک دەکـرد، کەوا مـن بە زووی ئەوێ بەجێدەهێڵم کەچـی نـامیر، لیڤـاڤی و بـاقی سـتافەکەی دیکەمـان هەر لەوێ دەمێـنەوە. سـارا و زەکەریـا هەر دووکیـان لەگەڵ لویش زۆر بە حەزرەت بوون ئەوێ جێبهێڵن، بەڵام دەبووایە بۆ چەند مــانگێکی دیــکەش هەر لەوێ بمابــانەوە و لە نــوێنەرایەتییەکەدا خزمەتیــان کردبا. من دەستم بە سازکردنی چەند ئاهەنگۆکەیەک بۆ خواحافیزیکردن لەو چەنــد کاربەدەســتە فەرمیــیەی ســۆڤیەت کــرد، کە بە حــوکمی ئیشـــەکەم سەروســـەودام لەگەڵ پەیــداکردبوون، هەر هەمووشـــیان زۆر بەڕێزبـــوون لەگەڵمانــدا بەڵام زۆریــش بە پێچوپەنــابوون، لەو دە داوایەی پێشکەشـــمان دەکــردن نــۆ داوایــان ســەراوگێڕ دەکــردەوە. کەچــی هێشــتاش ڕەفتاریــان لەگەڵمانـدا خـراپ نەبـوو(ئەگەر باشـیش نەبووبـایە) لەچـاو نوێنەرایتییەکـانی دیــکەدا، هەروەک نوێنەرایەتییەکــانی دیــکەش بەتــایبەتی لەوە ڕاهــاتبووین داواکانمان سەبارەت بە هەر پرسێک بووایە وەڵام نەدرێنەوە یان بە تەواوی

هەر وەڵام نەدرێنەوە. بۆ زۆریان هەڵبەتە نەمدەویست بە ئینگلیزی پێیان بڵێم بە دوعا بەڵکو بە فەرەنسی پێیان بڵێم خواحافیز[93]، بەڵام خەریکبوو کەسیان چیدیی نەدەوێران هاموشۆی نوێنەرایەتییەکەمان بکەن و ئەوە بوو ئەو ئاپۆرای بەردەم سیناگۆگەکانیش نەما.

لە ٢٠ی ئاداری ١٩٤٩دا گەڕامەوە ئیسرائیل. لەو خاڵەدا پێم وایە ئەوە گرنگە باسی پێشهاتەکانی ئەو سەردەم بکەم، چونکە لە ١٩٤٩ بەرەو ١٩٥٠دا ئیسرائیل کەوتبووە بن بارێکی وەها، کە لە هیچ دەوڵەتێکی دیکەدا وێنەی نەبوو، ئاخر ژمارەی دانیشتوانەکانی لە ماوەی تەنیا دوو ساڵدا دووقات ببنەوە. لە بەهاری ١٩٤٨دا شەڕی ڕزگاریخوازی کۆتاییهاتبوو (وەک ئەوەی کۆتایی نەهاتبێ)، ڕێککەوتنەکانی ئاگربەست –نەوەک ڕێککەوتنەکانی ئاشتی– لەگەڵ میسر، لوبنان، ئوردن و سوریاندا مۆرکرابوون، ئەوەش بە هیممەتی د. رالف بونچەی ناوبژیکاری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بوو، کە جێگەی کۆنت بێرنادۆتەی گرتبووەوە. بۆ بەدبەختیش واژۆکان واتای ئەوەیان نەدەگەیاند، کە دەوڵەتە عەرەبییەکان لەگەڵماندا ئاشتبووبنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، واتای ئەوەی دەگەیاند ئەو شەڕەی دنەیان دەدا و لە سەر گۆڕەپانیشدا بە کردەوە دۆڕاندبوویان، دەیانەویست بە شێوەیەکی دیکە هەڵیگیرسێننەوە، کە کەمتر شکستخواردنەکەیان پێوەدیاربێ و هیواشیان وابوو بە هۆیەوە دەوڵەتی تازەی جوو لەناوبەرن. عەرەبەکان کە لە شەڕەکەدا بەزین، ئەمجارەیان لە شەڕی چەکدارییەوە بازیاندایە سەر شەڕی ئابوری. ئەوان لە هەموو کۆمپانیایەک و کەسانێک کە سەروسەودایان لەگەڵ ئێمەدا هەبوو سەنگرانەوە و بایکۆتیان کردن. دەروازەی نۆکەندی سوێسیان بە ڕووی کەشتیەکانمان داخست، ئەمەش پێچەوانەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بوو، کە مەرجی ئەوەی بۆ نۆکەندەکە هەبوو، هەمیشە بەرانبەر کەشتیرانی هەموو دەوڵەتە نەتەوەییەکان کراوەبێ.

ئەوان لە کوشتنی جوو سڵیان نەکردەوە و نەوەستان. بۆ چەندان ساڵ باندە چەکدارە عەرەبییەکان دزەیان دەکردە نێو سنوورەکانمان و

---

[93] au revoir

ئیسـرائیلییان دەکوشـتن، تالانیـان دەکـرد وئاگریـان لە کێڵگەکـان بەردەدا، مێگەلەکانیان دەدزین، بە گشتی ژیانی نشینگەکانیان تاڵکردبوو. هەر کاتێکیش سکالامان بەرزکردبایەوە و ڕوومان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بنابایە، کە لە ڕاسـتییدا ئەو کـردەوانە درێژەپێـدانی شـەڕ بـوون و دژی ڕێکەوتننـامەی ئاگربەستبوون، ئەوا دەوڵەتە عەرەبییەکان خۆیان بێخەتا دەکرد و دەیانگوت گـوایە نـاتوانن هـیچ شـتێک دەرهەق ئەو "ڕووداوانە" بـکەن، هەرچەنـدە دەمـانزانی هەر ئەوان بـوون دنەیـان دەدان و پـارە و چەکیـان دەدانـێ و پشـتیان دەگـرتن، بـۆ هەمـوو ئەو شـتانەش بەڵگەمـان هەبـوو. لە ژێـر هەلـومەرجی ئاسـاییدا پـێم وا بـوو بەردەوامێتـی ئەو شـەڕانگێزییە و هەراسانکردنە دژوارانە دەبووایە بووبایە مایەی تورەییمان، بەوەی تۆڵەیان لێبکەینەوە وەک هەرچۆن دەوڵەتێکی سەردار ئەمەی دەکرد، بەلام لەو کاتەدا ئێمە وا سەرقاڵ و ئالوودەی کێشـەکانی خۆراک، نیشتاک و کارپەیداکردنی ئەو٦٨٤،٢٠١ جووەی حەفتا دەوڵەت بووین کە لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٨ ەوە تا کۆتایی ١٩٥١دا گەیشتبوونە ئیسرائیل؛ بۆیە هەموو ئەوەی سەرەتا کردمان کە سکالا لەبارەی ئەو کردە گێرەشێوێنی و بەسـەردانانەدا بـۆ ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان بەرزبکەیـنەوە، بە ئومێـدی ئەوەی ئەوان شـتێکی لەبارەوە بکەن.

ئەمـڕۆ لەوانەیە هێنانەپێشـچاوی ئەو لێشـاوە خەڵـکەی ئەوێ ڕۆژێ سـەخت بێ. ئەوانەی ئەوێ هەینێ وەک ئەو کـۆچە نەبـوو، کە کـاتی خـۆی شینا و من بە گەنجی و هێز و گوڕەی جاحێڵێکی ئایدیالیست بە جەستەی سـاخەوە هـاتینە ولات، لەسـەر ئەوەش ڕانەوەسـتاین لە نشـینگەیەک دامـان بمەزرێنن، بەڵکو بە بیروبـاوەڕی زایۆنیزمییـانە وەک پێشـقەڕەوڵێک خۆمـان سـەلماند. هەروەهـا کـۆڕەوی ئەمجـارە وەک هـی سـییەکانیش نەبـوو، کە پیشەوەر و بازرگان یان هونەرمەند بوون، هەر کاتێک گەیشـتنە سـەر خـاکی نیشتمان، قۆڵیان لێ هەڵماڵی و دەستیان بەکارکرد و کۆمەڵگەکانی یوشیڤیان بوژاندەوە. ئەمجارەیـان ئەو سـەدان هەزارەی بە لێشـاو هـاتنە ئیسـرائیل، لەو ساڵە بەراییانەی دروستبوونی دەوڵەتدا بە واتـای تەواوی وشـە نەدار بـوون. ئەوان هیچیـان نەبـوو بێجگە لە خواسـتی ژیـان و ئـارەزوی دەرچوونیـان لە

ڕابــردوو. زۆریـــان کەچــوکرۆم ببـــوون، جەســـتەیان تێکشـــکابوو ئەگەر ڕۆحیشیان نە ڕووخابێ، بەڵام بە هەزارانیشیان هەردووکیان چ جەستە و چ گیـان دارمـابوو. سـەرتاپای جووەکـانی ئەوروپـا لە بنبـاری ژان و ناسـۆری تراژیدیاکان دەیانناڵاند، هەرچی جووەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی نـاوین و بـاکوری ئەفریقـاش بـوون، بە شـێوەیەکی بەربـڵاو نەخوێنـدەوار، هەژارو نەداربـــوون و لە نێـــو گێتۆکـــان و گەڕەکەکانیانـــدا بە شـــێوەیەک تۆقێنرابوون، نموونەی لە وڵاتاندا نەبوو؛ ئەوان شتی زۆر کەمیشیان دەزانی یان هەر هیچیان لەبارەی ژیانی سەدەی بیستەمدا نەدەزانی. لە ماوەیەکی کورتدا سێڵاوی جووەکانی چوارکەناری دنیـایێ، کە بە زمـانی جیاوازجیـاواز قسـەیان دەکـرد و لە پاشـخانی تەواو لێک جیـاوازەوە هـاتبوون، خـواردن و دابـونەریتی لێـک جیاوازیشـیان هەبـوو، هەموویـان لە ئیسـڕائیل کۆبـوونەوە. تـــاکە شـــتێک کە کۆیکردبـــوونەوە جـــووایەتی بـــوو، بەڵام ئەوەش نەک هەر شتێکی مەزن بوو، بەڵکو هەموو شتێک بوو.

من دەزانم ژمارە خوێنەر هەراسان دەکا، هەر هیچ نەبێ بۆ من وایە، بەڵام بە داوای لێبـووردنەوە هەنـدێ ژمـارە و ئامـار دەهێـنمەوە تـا وێـنەی کێشـــەکەمان ڕوونتـــر بکـــاتەوە. ئەو کێشـــانەی کە ڕووبەڕووی بـــووینەوە بەتایبەتیش وەزیری کاری ئیسرائیلیش پەیوەندیداربوو، کە چارەسـەریان بۆ بدۆزێتەوە. لە ١٩٤٩دا ٢٥،٠٠٠ جووی ئەوروپایی لە خێوەتگاکانی قوبرسەوە هاتنە ئیسڕائیل، ٧٥،٠٠٠ی دیکەشیان لە ئۆردوگاکانی پەنـابەران لە ئاڵمـان و ئوتریشەوە گەیشتن. لەو ٨٠،٠٠٠ کەسەی کە لە سەرەتای ١٩٤٨دا لە تورکیا بـــوون بە کۆتاییهـــاتنی ١٩٥٠دا ٣٣،٠٠٠ کەســـیان لە ئیســـڕائیل بـــوون. چیکۆسـلۆڤاکیاش مـۆڵەتی جـووە ڕزگاربووەکـانی دەدا، کە سـاڵانە ٢٠،٠٠٠ کەســـیان کـــۆچ بـــکەنە ئیســـڕائیل، بولگاریـــاش ٣٧،٠٠٠، ســـەرباری ئەو ٧،٠٠٠جـوویەی یوگوسـلاڤیا کە لە دوای هۆلۆکۆسـتەوە تـا پـاییزی ١٩٥٠ خۆیان گەیاندبووە ئیسڕائیل. هەواڵی لەدایکبوونەوەی دەوڵەتی ئیسڕائیل لە مـــاوەی ســـێ ســـاڵدا ٥،٠٠٠ جـــووی لە چـــین، ٣٥،٠٠٠ جـــووش لە مۆراکۆ(مەغریب)و جەزائیـر گەیانـدە وڵات. لە سـەرەتادا پۆلەنـدا و ڕۆمانیـا

ڕێگایان بە کۆچکردنی جووەکان نەدەدا، بەڵام دواتر لە سەروبەندی کۆتایی ١٩٤٩دا دڵیان نەرم بوو، ئەوەبوو لە نێوان دیسێمبەری ١٩٤٩ تا فێبرایری ١٩٥١ ٢٨،٠٠٠ لە پۆلەندا و لە ١٩٥٠شدا ٨٨،٠٠٠ جوو لە ڕۆمانیاوە ڕێگەیان پێدرا بەرەو ئیسرائیل کۆچ کەن. لە ١٩٥٠دا جوولەی ئەوەش کەوتە نێو جووەکانی هەنگاریا کە مانگانە ٣٠٠٠ کەسیان کۆچ بکەن. هەرچی کۆچی جوەکانی ئێرانیش بوو لەو ژمارە کەمە نهێنییە بووە لێشاوێک لە پەنابەران کە دەوڵەتەکانی دەوروبەریش لەوێدا گردببوونەوە. ساڵی ١٩٥٠، ئەو ساڵە بوو کە قانونێک لە عێراق دەرچوو بۆ ماوەی دوانزە مانگ ڕێگەی بە کۆچکردنی جووەکان دا، لەوێش بەهەمووی ١٢١،٠٠٠ جوو لە ڕێی هێڵی ئاسمانییەوە گەیشتنە ئیسرائیل، کە هێشتا تەواوی کاتە ڕێگاپێدراوەکەش بەسەرنەچووبوو.

هەر یەک لەو کۆچبەرانە کە خوازیاربون لە دەوڵەتی ئیشرائیل ئاکنجی ببن، هەر یەکەیان دیرۆکێکی تایبەتمەندی خۆیانیان هەبوو، هەر یەکەیان لەوی دیکە جیاواز بوون. بێگومان گواستنەوەی جووەکانی یەمەن لە باشووری ڕۆژئاوای نیمچەدوورگەی عەرەب بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل سەرنجڕاکێشترینی ئەو کۆچڕەوانە بوو. هیچ کەس بە دەقاودەقی نازانێ ئاخۆ کەی یەکەمین جوو گەیشتووەتە یەمەن و تیایدا نیشتەجێ بووە. لەوانەیە سەرەتاکەیان بۆ ڕۆژگاری پاشا سلێمان[94] یان ڕەنگبێ جووەکان لەگەڵ لەشکری ڕۆمانەکان چیاکانی عەرەبستانیان بڕیبێ و لەوێ لە چاخە سەرەتاییەکانی کریستیانێتی جەنگابن. هەر چۆنێک بێ، جووەکان لە یەمەنی موسڵماناندا بۆ چەندان سەدە ژیاون، بەڵام بە شێوەیەک کە لە جیهانی جوودا دابڕابوون، لەوێ چەوساونەتەوە، لە هەموو مافێکی سیاسییانە بێبەشکرابوون و بێ سەرپەرشت بوون، بەڵام هەمیشە بە دڵسۆزی بیروباوەڕ و تەوراتەکەیان ماونەتەوە، کە بە تاکە سەرچاوەی زانیاریی و فێربوونیان بۆ ماوەی سەدان ساڵ ماوەتەوە. ئەوان وەک کۆیلە[95] دەژیان،

[94] لە لای موسڵمانان دەگوترێ پێغەمبەر سلێمان –وەرگێڕ

[95] مسکێنێک کە لەگەڵ زەویدا هەمووسەودایەکی کڕین و فرۆشتنی لەگەڵدا دەکرێ–وەرگێڕ

چـونکە دەسـەڵاتدارانی یەمەن کـاری بازرگانییـان لـێ قەدەخەکردبـوون، لە کاتێکدا بـۆ خەڵکـی دیـکە ڕەوابـوو؛ تەنـانەت بۆشـیان نەبـوو بەو شـەقام و ڕێگایـانە بـڕۆن کە موسـڵمانەکانی پێدادەڕۆیشـتن. لەو پاشـخانە کە نەژادپەرسـتی، کوێربـاوەڕی و هەژاری بـاری بەسـەر وڵاتـدا کێشـابوو، جووەکان نەدارترین و پلە نزمترین هاووڵاتی بوون، بەڵام لە شتێک لە باقی دانیشتوانەکە نەدەچوون ئەویش خوێندەواری بوو. ئەوان لە سیناگۆک و قوتابخانەکانیـان خوێنـدن و نوسـینیی عیبرییـان فێـری ڕۆڵەکانیـان دەکـرد، لەبیرمە یەکەمین جار شتێکی سەرنجڕاکێشم لێیان بەدیکرد، ئەویش توانـای خوێندنەوەیان بوو، کە دەیانتوانی سەراوبن بخوێننەوە. لەبەرئەوەی کتێب لەوێ دەگمەن بوون، بۆیە منداڵەکان لە بـازنەی خوێنـدنیان لە کـۆڵێتە قوڕەکانیان کۆدەبوونەوە، هەڵبەتە قوتابخانەیان بوو، ئیدی دەبوایە فێرە خوێندنەوەی تەورات بووبان لە هەر کونجێک بیاندیتبا.

ئایـا چـۆن ئەوان خۆیـان گـرت و مـانەوە؟ ئەوان بـوونە وەسـتای پیشەوەر و لە مسگری، زێڕینگری، ڕستن و چنین و جۆلاییدا دەستڕەنگین بوون. ئەمڕۆی ئیسرائیل پڕە لە کاری جوان و دەستڕەنگینی پیشەکانیان. هەڵبەتە ئەوان لەوێ نەیاندەتوانی قوتی ژیانی ڕۆژانەیان بەو پیشەدەستیانە دابینبکەن، بۆیە بوونە کەلوپەلفرۆشـی گەڕۆک، کرێکـار و دەسـتگێڕ، بەڵام ژیـانی هەمووشـیان هەر سـووکایەتی و بە نـزم سـەیرکردن بـوو؛ هەروەهـا شـڵۆق و نـاجێگیریش بـوو. لە هەر هەزار مەلـۆتکەیەکی جـوو کە لە یەمەن لەدایـک دەبـوو، نـزیکەی ٨٠٠یـان دەمـردن، هەمـوو منـداڵە جـوویەکی هەتیوکەوتووش دەبووایە لە دینی خۆی هەڵگەرابایەوە و بووبایە موسوڵمان. لەگەڵ ئەوەشـدا بە هەرشـێوەیەک بـێ کـۆمەڵگە جووەکـانی یەمەن لە بەیـن نەچـوون، هەنـوکە و ئەوکـاتیش هەر جـوویەک، کە لە ئیمـامەوە[96] مـۆڵەتی دەرچوونی پێدرابایە یان لە یەمەن ڕایکردبایە و بیابانەکەی بەرەو عەدەن ببڕیبا، ئومێدی ئەوەی هەبوو بگاتە خاکی پیرۆز، ژمارەیەکی کەمیان ئەوەیان ئەمیان بۆ چووبووە سەر.

---

[96] مەبەست ئیمام یەحیای دەسەڵاتداری یەمەن بوو-وەرگێڕ

کاتێک لە ١٩٢١دا من هاتمە فەڵەستین، لەوێ چەند جوویەکی یەمەنی هەبوون. من پێیان سەرسامبووم. دەمزانی خاوەنی توانایەکی گەورەن، بەڵام بۆ من وا پێدەچوو بەو پێسترەشیەیان، وەک بووکەشوشەیەکی ناسک بن لەژێر ئەو جلە رەنگاورەنگە دابونەریتیانەیان ( لە یەمەن بۆیان نەبوو جلی وەک عەرەب بپۆشن). زۆر لە ژنە جووە یەمەنییەکان لە فەڵەستین جلی تەسک و پێچەی قوماشیان لەسەردەنا، شەرواڵەکانیشیان بە جوانی نەخشابوو، لە کاتێکدا پیاوەکانیان کە هەموویان کاکۆڵیان هەبوو، دشداشەی هێڵداری پانوپۆڕیان لەبەردەکرد. لە ماوەی ساڵەکانی جەنگدا چەند هەزار جوویەکی یەمەن، کە مۆڵەتنامەی بەریتانییان پێدرابوو، عەدەن بەرەو فەلەسین جێدەهێڵن، ئیدی ئەوان بە بەلەم لە دەریای سوورەوە نۆکەندی سوێسیان بڕیبوو، خۆیان گەیاندبووە فەڵەستین، بەڵام زۆرینەیان هێشتا هەر لەوێ (واتە لە یەمەن) گیریان خواردبوو. لە ١٩٤٧دا دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە دەنگدانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بڕیاری دابەشکردنی فەڵەستین، لەوێ عەرەب سامناکانە بەسەریاندا دادابوون و بارودۆخی جووی ناو یەمەن پۆلکتر[97] بووبوو. لەو بێئومێدییە ترس و تۆقینەدا، هەزاران جووی ئەوێ گوێیان لەوە ببوو، کە دەوڵەتی ئیسرائیل دادەمەزرێ، ئیدی ژیانی خۆیان خستەسەر لەپی دەستیان و هەڵاتن. ئەو کەمە سامانەی هەشیان بوو، بەجێیانهێشت و خانەوادەکانیان کۆکردەوە،- هەروەک ڕۆڵەکانی ئیسرائیل لە تەورات- بە پێیان بەڕێکەوتن، بەڵکو لە کۆیلایەتی دەربازیان ببێ. باوەڕیان بەوە قایم بوو، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگەنە سەر خاکی پیرۆز. ئەوان ئەوەیان لە ساموئێل یاوریش، ئەو جووەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٨دا سەرێکی یەمەنی دابوو، بیستبوو، کە لە فەڵەستین چالاکی نۆژەنکردنەوەی نشینگەکان دەستی پێکردووە. سامۆئێل ئەو خەڵکە "پاشماوە ونبووەی" دۆزیبووەوە و پەیامی گەڕانەوەی بەرەو زایۆن پێ ڕاگەیاندبوون. ئیدی ئەوان بەدەستە و کۆمەڵی سی کەسی و چل کەسی ملی ڕێگایان بەناو چەتە عەرەبەکاندا گرتبوو، تەنیا

[97] پۆلکتر: خراپتر، بەدتر. وەرگێڕ

پیتایـان(جۆره نـانه ڕەقێکـی عەرەبییە) دەخـوارد، هەنگـوین و خورمایـان کە پێهەڵگیرابـا لەگەڵ خۆیـان دەبـرد و سـەرانەیەکی زۆریشـیان دەدایە ئەو سـەڵتەنەتە عەرەبییـانەی لە بیابانـدا بەناویانـدا تێـدەپەڕین. زۆریـان لەوان گەیشـتنە عەدەن و ئەو چادرگایـانەی کە لە لایەن کۆمسـیۆنی هەرەوەزی هەڵدرابوون و لە لایەن پزیشـک و کارمەندە کۆمەڵایەتییەکانی ئیسـڕائیلیەوە چـاودێری دەکـران. لەوێ پشـوویان دەدا و دەپـاڕانەوە و تەوراتەکەیـان دەخوێنـدەوە. بەڵام لەو کـاتەی مسـرییەکان نۆکەنـدی سوێسـیان بە ڕووی گەمییەکانی ئیسڕائیل داخستبوو، تەنیا یەک ڕێگا هەبوو، کە بە هۆیەوە بگەنە ئیسڕائیل، ئەویش ڕێگای ئاسمانیی بوو. هەموو ڕۆژێک ٥٠٠ تـا ٦٠٠ جووی یەمەنـی بەرەو ئیسـڕائیل دەفـڕین. گواسـتنەوەی ئەو ژمـارە زۆرە بە ڕێگـای فـڕۆکە لە یەمەنەوە بـۆ ئیسـڕائیل نـاونرا ئۆپەراسـیۆنی مـافوری تەلیسـماوی. ئەو هـێڵە هەوایـیەی لە ١٩٤٩دا لەهـاتوچۆدابوو ٤٨،٠٠٠ جـووی یەمەنـی گەیاندە ئیسڕائیل.

هەنـدێک جـار دەچـوومە لیـدیا، کە فڕۆکەکـان لە عەدەنەوە دەهـاتن لەوێ دەنیشتنەوە، مایەی سەرسوڕمان بوو ئەو ڕێبوارە شەکەت و ئارامگرە بە باوەڕانەی دادەبەزاندن. جارێکیان لە پیرەپیاوێکی ڕیشدارم پرسـی: "ئەرێ هەرگیز پێشتر فڕۆکەت بینیوە؟"

وەڵامی دامەوە: "نەخێر."

لێم پرسیەوە: " ئایا لە کاتی فڕینەکەدا نەترسای؟"

بە دڵنیـاییەوە وەڵامـی دامەوە :"نەخێـر. ئەوە هەمـووی لە تەوراتـدا نوسراوە. لە ئیسایادا هاتوە. ئەوان سـواری سـەربالّی هەلّۆکان دەبن." لەوێ لە بەردەم فـڕۆکەدا وەسـتابوو، هەمـوو لاپەڕەکەی تەوراتـی بـۆ خوێنـدمەوە، دەموچاویشـی هەر خۆشـی پەیـامبەرانەی لێدەباری، کە گەشـتەکەی بەکۆتـا هـاتووە. ئەمـڕۆ بە کـردەوە هـیچ جـوویەک لە یەمەنـدا نەمـاوە، شـوێنەواری ئـاوارەییە دورودرێژەکەیـان لەوێدا خەریـکە نـامێنێ. بنگۆریـۆنیش دەیگـوت شـادمانترین ڕۆژی مـن ئەو ڕۆژەیە، کە جـوویەکی یەمەنـی ببێـتە سـەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئیسڕائیل، منیش پێم وا بوو ئەو ڕۆژە زۆر دور نییە.

کاتێک ئەوەی نوسیوومە دەخوێنمەوە، هێشتا هەر بە شیکردنەوەی ژمارەی کۆچبەران و لەخۆگرتنیان سەرسامم، بەڵام ئێمە ئەوسا سەودامان هەر لەگەڵ ژمارەدا نەبوو. ئەوە ئەو ژمارە بیرکارییەی قانوننامەی گەڕانەوە نەبوو کە لە کنێست (پەڕلەمانی ئیسڕائیل) لە تەمموزی ١٩٥٠دا دەرچوو، کە مافی کۆچکردنی دایە هەموو جوویەک و ئۆتۆماتیکیانەش ڕەگەزنامەی ئیسڕائیلی پێبەخشین، ئەوەش زیاتر مایەی پەرۆشیمان بوو. ئەوەی ئێمەی سەخڵەتکرد ئەوەبوو، ئایا ئێمە خۆراک و پۆشاک و نیشتاکی ئەو هەمووانە لە کوێ بێنین، چۆن فێریان بکەین و پەروەردەیان بدەین و مشووری باری لەشساخی ئەو هەموو هەزاران کۆچبەرانە بخۆین. ئایا چۆن و بە چی ئەوە بکەین؟ لەو کاتەی من گەڕامەوە ئیسڕائیل ٢٠٠،٠٠٠ کەس لە چادردا (ئەگەر وشەکەش ڕاست بێ) دەژیان و بە وڵاتدا پەرشببوونەوە. زۆر جار دوو خێزان لەیەک چادر و مەرجیش نەبوو هەردوو خێزانەکە لە یەک وڵات و یەک کیشوەرەوە هاتبن. بەجیا لەوەی کە هیچ لەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشمان کردن دەرەقەت نەدەهات یاخود هەر ئامادە نەبوو بۆ ئەو هەزاران خەڵکە، لەوێدا ژمارەیەکی زۆری نەخۆش، پەککەوتە و کەمخۆراک هەبوون، دەبووایە بایەخیان پێبدرابایە، کەچی لەوبارودۆخەدا دەرۆست نەدەهاتین. ئەو لە ساڵەکانی نازییدا وەک کرێکارێکی کۆیلە دەژیا و لە دەست ئۆردوگای ئاوارەکان قوتاری ببوو، ئەوەندەش بوێر بوو بگاتە ئیسڕائیل، کە لە بارێکی لەنگی تەندروستیدا بوو، تا دەهاتیش لەشساخیەکەی خراپتر دەبوو؛ کەچی لە باشترین باردا بە خۆی و خێزانەکەی (ئەگەر هەیبووبا) ئەوا دراوسێی خەڵکانێک بوو غەوارە تەنانەت زمانەکەشیان لە یەک جودا بوو. بە هەموو پێوەرێک یارۆی دراوسێی کەسێکی بەرایی بوو، چونکە هەرگیز قوڵپەی ئاوی پاککردنەوەی ئاودەستی نەدیتبوو. تا ئەوکاتە دەبووایە خۆی خێراتر ڕاپێچی گۆڕەپانی کار بکا، بەڵکو کارێک بدۆزێتەوە تا بکرێ ماڵێکی گونجاوتری دەستبکەوێ و وەک هەر پەنابەرێکی دیکە هیواخوازبوو. خەمی ئێمە ئەو ئافرەتە نەخوێندەوارانەی لیبیا یان یەمەن یاخود ئەشکەوتی شاخەکانی ئەتلەس بوون، کە لە چادرە شەقوشڕەکان لەگەڵ جووەکانی پۆلۆنی و چیکی گیرسابوونەوە، ئاخر ئەوان ئامادەکردنی خواردنیان جیاواز

بـوو، تەنـانەت خـواردنی ئەوان بـۆ ئەوانـی دیـکە دەبـووە مـایەی نەخۆشـی بەگــوێرەی پێوەرەکانیــان تەنــانەت جــولەکەش نەبــوون، چــونکە نــوێژ و سروتەکانیان بە تەواوی لەگەڵ ئەوان جیاواز بوون.

بە شـێوەیەکی بیردۆزییـانە، هـیچ یەک لەمـانە جێـی پـرس نەبـوون. بیردۆزییـانە نە ئـاپۆرای خەڵکـی کەڵەکەبـوو، نە جیـاوازییە ڕۆشـنبیری و کلتـوری، بۆ ئەو خەڵکانەی ئەزمونی هۆلۆکۆستیان هەبوو یان ئەوانەی لە یەمەن بەنێو بیاباندا دەرچوبوون، جێی بایەخ نەبوو، دە لێگەڕێ، بیردۆز بۆ دۆزەرەوەکــانیەتی. خەڵــک خەڵــکە. ئەو بــارگرژی و نــاڕەحەتییەتی ئەو چادرگەشارە ناقۆڵایانە کە من لە ١٩٤٩دا لێرە و لەوێ بینیم، بە ڕاستی هی بەرگەگرتن نەبوون. دەبووایە دەردەست شتێک بکرابایە، دەبووایە تـا بکرێ کار بۆ ئەو خەڵکە بەدبەختە فەراهەم کرابایە. کەم تا زۆر باری لەشساخی و خۆراکییــان مــایەی مشــورخواردن بــوو: نەخۆشــییەکانی ســیل، تەراخۆما(چاوئێشە)، کەوان و گڕویی، مالاریا، گرانەتا، دیزێنتری(سکچوون)، سـورێژە(خوریکە) و پێلاگـرا (نەخۆشـیەکی درێژخـایەنە) کە کۆچبەرەکـان لەگەڵ خۆیــان هێنابوویــان و لەوەش سەرســامبووم چــۆن پزیشــک و پەرسـتارەکانمان چارەیـان دەکـردن. هەمـوو چادرگەشـارەکان قوتابخـانەی خۆیـان هەبـوو تـا بە چڕوپـڕی زمـانی عیبرییـان فێـربکەن. بەڵام لە ١٩٤٩دا پێدەچوو دەرەقەتی چارەسەرکردنی گرفتی خانوبەرە نەیەین.

هەرچـی لەبـارەی سـەرچاوەی دەرامەتەکانیشـان بـوو، هەرچەنـدە جیهـانی جـوو کـاردانەوەیەکی بەخشـندانەی هەبـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هێشــتا پارەمــان بەشــی نەدەکـرد. لەنێوچــاوانی دراوســێکانمان دەبــووایە بەردەوام بــودجەی بەرگریمــان هەر بەرز بــووایە، هەر چۆنێــک و بە هەر شــێوەیەک بــێ، دەبــوو دەوڵەتەکەمــان لایەک لەو پرســە ســەرەکییە پێویستیانەش بکاتەوە. نەدەکرا ئێمە قوتابخانەکانمان، نەخۆشخانەکانمان و ڕێگاوبانەکانمان یاخود پیشەسازییەکەمان (وەک ئەوەی هەبوو) دابخستبایە یان جڵەوەکەوەمان بە ڕووی پەرەسەندنی دەوڵەتەکەمان زۆر کشت کردبایە. بـۆیە دەبـووایە هەمـوو شـتێک لە یەک کاتـدا بکرابـایە. لـێ خـۆ شـتگەلێک هەبـوون، دەکـرا وەلا نرابـان. لە دوایيشـدا هەر وامـان کـرد. ئـێمە نـزیکەی

هەموو شتێکمان وەک خواردن، جلوبەرگ و پێڵاو بڕیەوە و لەسەر ئەو هزرەش بووین، کە باری سکهەڵگوشینەکەمان چەندان ساڵ بکێشێ. لەو دوایییانەدا چوومەوە سەر دەفتەرێکی بەشە تەرخانکراوەکەی خۆم، کە نامیلکەیەکی پەرپوت بوو لە ١٩٥٠دا وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەریکردبوو، ئیدی ئەوەی بەبیرهێنامەوە، دەبووایە بە چەندان سەعات لە نۆرە بۆ چەند پەتاتەیەک یان سێ هێلکە یاخود ماسی بەستوو بگرم، کە وەریشمدەگرت بە مەمنوونییەوە جەژنمان بوو.

بەختم بەوە هەبوو جلەکانی ڕووسیام هەبوون. بەڵام بە ڕاستی زۆرینەی ئیسرائیلییەکان ڕۆژگارێکی سەختیان بردەسەر. پێوەرە باوەکانی ژیان زۆر دابەزین. دەبووایە لە ١٩٤٨دا بەشی خێزانێک بۆ دوو یان سێ خێزان بووبایە. لە ڕۆژگاری بەرێدا ئەو بارودۆخەی شەڕ و ئاژاوە ئەگەر بۆ چەندان مانگ درێژەی بکێشابایە، ئەوا خەڵکەکە هەڵدەگەڕانەوەو یاخیدەبوون، بەڵام لای ئێمە کەس یاخی نەبوو. هەندێک کەس هەبوون دەیانگوت دەبێ کۆچبەران جارێ چاوەڕێ بن تا بارودۆخەکە سووک دەبێ، بەڵام هیچ کەس، هیچێکیان پێی وا نەبوو، کە بەرگەگرتنەکە هی دەرەقەتهاتن بێ یاخود دەوڵەتە ساواکەمان لەبن ئەو بارەگرانەدا بڕووخێ. ئەو سکهەڵگوشینە نیشتمانییە توندتر بوو، دیسان توندتربوو، بەڵام هەموومان لە بن باری دەرچووین. هەموومان لەبارەی یەک شتیشەوە کۆک بووین، ئەویش ئەوەبوو: بەبێ ئەو جووانە، ئیسرائیل شایانی هەبوون نەبوو.

بەڵێ لەوێدا هەندێ شتی پێشنۆرەیی هەبوون، بە لای منەوە خانوبەرە و کار بۆ کۆچبەران لە پێشەنگی لیستەکەوە بوون. هەموو هاوڕێکانیشم لەسەر ئەو پرسە لەگەڵم هاوڕا نەبوون. شارەزاو پسپۆڕان دابارینەسەرم و بە وردی بە خشتە و گرافیکی پڕۆژەی خانوودروستکردنیان بە کردەوە بۆ ڕوون کردمەوە، ئەوەی من وێنام کردبوو بە ڕای ئەوان بیرۆکەیەکی باش نەبوو. ئەوان گوتیان ئەو مژارە تەنیا ڕادەی هەڵاوسان زیاد دەکا. وەها باشترە ئەو بڕە پارە کەمە بخرێتە خزمەت پێشنیازی کارخانە و کەناڵە ئاوییەکانی کشتیاری، بەڵام من نەمدەتوانی ئەوە بپەژرێنم یاخود پشتگیری هیچ ڕێنماییەک بکەم، کە بە پلەی

یەکەم سەروسەودا لەگەڵ لەخۆگرتنی کۆچبەران نەکا، ئەوەش لەگۆشەنیگای مرۆڤایەتیەوە لێی دەڕوانرا. هەروەها بڕوام نەدەکرد هیچ شتێکی دیکە – لەبارەی پاشەڕۆژی ئیسرائیل-"بەرهەمدارتربێ" لە خانوبەرەی گونجاو بۆ کۆچبەران. بۆ من بە ڕەهایی ئەوە ئاشکراوڕون بوو، کە هاووڵاتییەکی چاک، هەستی ڕاستەقینەی ئینتیما، سەرەتای خۆگونجاندن –بە وشەگەلێکی دیکە، ڕەخساندنی کۆمەڵگەیەکی باش- بەندە بە پلە و ڕادەی ئاخۆ خەڵکەکە چۆن دەژی، ئەوەش پنتێک نەبوو بە دەربێ لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵگا، خوێندەواری یاخود تەندروستی گشتیی، مەگەر بە لای کەمییەوە نەمانتوانیبا هەندێ لەو کۆچبەرە نوێیانە لەوبارە داماوەی چادرگەی شارەکان دەربازبکەین و تا بکرێ بە زوویی ماڵ و حاڵی گونجاویان بۆ دابین بکەین.

چەند هەفتەیەک دوای ئەوەی لە مۆسکۆ گەڕامەوە، چوومە کنێست و نەخشەی دروستکردنی ٣٠،٠٠٠یەکەی نیشتەجێم بۆ ڕوونکردنەوە، سەرەڕای هەبوونی هەندێ ناڕەزایی، بەڵام نەخشەکەمیان پەسەندکرد. هەرچەندە ئێمە نەمانەدەتوانی خانوگەلێکی پڕ لە هەنگوین و شیر دروستبکەین (تەنانەت ئەو کەلوپەلەش هەر لەگۆڕێدا نەبوو)، بۆیە جارێکی دیکە سەری خۆم هەڵگرت و چوومە وڵاتە یەکگرتوەکان. بە دوای سندوقی پێویستدا گەڕام و داوای کۆمەکم لە جووەکانی ئەمریکا کردەوە، لێ گەلۆ ئەمجارەیان "نەوەک بۆ ئەوەی جەنگەکە ببەینەوە بەڵکو بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوامبین". لەوێدا گوتم:

**"لە ڕۆژی پێنجشەممە بەر لە دوو هەفتە بە مەبەستی شیکردنەوەی پڕۆژەی دروستکردنی ٣٠،٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون چوومە پەرلەمان کە تا کۆتایی ساڵ تەواوببێ. خۆشبەختانە نەخشەکەیان پەسەندکرد و خۆشحاڵییەکی زۆریش لە وڵاتدا بۆ ئەو پڕۆژەیە هەیە. کەچی ئەوەی ڕاستی بێ شتێکی نامۆم کرد: من پڕۆژەیەکم پێشکەشکردووە، بەڵام پارەم نییە بە ئەنجامی بگەیەنم.**

**ئەوەی ئـــێمە دەمـــانەوێ ئەوەیە، کە هەر خێزانێـــک خانووێکی لوکسـەی یەک ژووری بۆ دابین بکەین؛ تەنیا یەک ژوور کە لە بلۆکی کۆنکریتی دروستکرابێ. تەنانەت ناشمانەوێ دیوارەکانی مارنج[98] بکەین. دەمانەوێ بان و هەنوانی هەبێ بەڵام بنمیچی بۆنەکەین. هیوامان وایە کە خەڵکەکە فێرە ئیش و بازرگانی بوون باقی خانووەکە بە خۆیان تەواو بکەن، ئەوسا ڕۆژێک دێ کە ژوورێکی دیکەشی بخەنەسەر. لەو نێوەشدا ئێمە شادمان و ئەوان شادمانتر دەبن، تەنانەت کە خێزانێکی دوو کەسی، سێ، چوار یان پێنج کەسی بئاخنینە ئەو خانووە یەک ژوریانەوە. هەڵبەت ئەمە لەوە باشترە، دوو خێزان یان سیانیان بخەینە یەک چادرەوە...**

**ئەوە کـارێکی پـڕ ئـازارە کە دەیکەیـن- ئیمـزا لەسـەر چەکێک بکەین- بەڵام من کردم. من بەڵێنی خانومالّم بەو خەڵکە داوە، خەڵکی ئەو ئۆردوگایانەش دەزانن، حکومەت سـەرقاڵی دروستکردنی سی هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە، ئێمە بە گوێرەی ئەو بڕەپـارەیەی لە بەردەسـتماندا هەبـوو، دەستیشـمان بە دروسـتکردن کـردووە، بەڵام ئەو بـڕە پـارە کەمە بەشـی ئەو سـی(٣٠) هەزار یەکەیە ناکا. هەروەهـا ئەوەش دەکەوێتە سـەر ئێـوە، کە خەڵـکەکە لە ئۆردوگاکـان بهێڵـنەوە و خـواردنی ئامادەکراویـان بۆ بنێرین یـاخود بیـانخەنە سـەرکار و ئـابڕوو بەخۆنازینی خۆیانیان بۆ بگەڕێنینەوە."**

ئەوەبوو من پارەکەم دەستکەوت، ئیدی قۆڵمان لێهەڵماڵی و دەستمان بە دروسـتکردنی یەکەکـان کـرد. هەڵـبەتە لە سـەرەتاوە کۆمەڵێـک هەڵەمـان کـردن، -هەندێکیشـیان گەورەبوون- ئەوسـا چ لە نەخشـەکە بێ یـان لەکـاتی جێبەجێکردنـدا. لێکـدانەکانی ئـێمە ورد نەبـوو، هەڵبژاردنـی شـوێنەکانمان دروست نەبوو، دەرەقەتی ئەو لێشاوەی کۆچبەران نەدەهات. لە کۆتاییدا ئێمە

[98] مارنجکردن: سواقدان، لەبغکردن ئەوسا ج بە قوڕبێ یان گەچ، یان چیمەنتۆ. وەرگێڕ

نەمانتوانی بە خێرایی یاخود پڕبەپێستی نەخشەکە خانووەکان دروستبکەین، بە هاتنی تشرینی یەکەمی ١٩٥٠ تەنیا سێیەکی ئەو خانووانەمان دروستکردن، کە ئۆباڵەکەیمان خستبووە سەر شان، ئەوەش لەبەرئەوە بوو زستانێکی تەڕوتوش و ساردمان تووشهات، وای لێ کردین هەندێک لە پرۆژە سەرەکییەکەمان لابدەین و بە ناچاری ڕووبکەینە دروستکردنی هەزاران کۆڵیت/کوخی ئاسنین، کە بۆ ئەو زستانە شومە لە چادرەکان باشتر بوون، بەڵام لە هاوینە درێژ و گەرمەشدا وەک کوورەی لێهاتبوو. لێ گەلۆ هەموو ئەو لێشاوە لەبننەهاتووەی پەنابەران کە ڕوویان لە ئیسرائیل کرد، هیچێکیان بێ هەنوان نەمانەوە. بە هەر شێوەیەک بێ پێداویستەکانی حەوانەوەمان بۆ هەر هەموویان دۆزییەوە یان داهێنا. کاتێکیش ئاسنی خواروخێچی کۆڵیتەکانیش بڕان، ئەوا قوماشمان بەکارهێنا و لە دارەکانمان دروین و لە کارخانەکاندا کۆڵیت و زنجمان بۆ هەزاران خێزان دروستکرد، کاتێک ئەوانیش بنیان هات، بە ناچاری و نابەدڵی گەڕاینەوە سەر چادرەکان، بەڵام هیچ کەسێکیان لە شوێنێک نەخەوت، کە دەرگای نەبێ، ئێمە هەرگیز لە خانودروستکردن نەوەستاین.

بە کۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٥٠، هەرچەندە دەمانزانی نەماندەتوانی بیر لەو "چادرگە کاتییانە" نەکەینەوە، کە شوێنی پێشوازیکردنی پەنابەران بوون و دەکرا لە ماوەی چەند مانگێکدا بە ڕێکوپێکی بپێچرێنەوە. دیاربوو دەبووایە بۆ چەندان ساڵ هەر بمێننەوە، کە بە هۆیەوە سەرتاپای کاراکتەریشیان بگۆڕێ. ئەوان دەیانەویست ببێتە گوندێکی پڕکار یان بگوازنەوە گەڕەکەکانی دەوروبەری شارەکان، تاکو نزیکی شوێنێک بژین، کە داخوازی دەستی کاربکا. دەیانەویست بە شێوەیەک ڕێکبخرێ خەڵکەکەی کەم تازۆر خۆژیێن بن، بە خۆیان خواردن بۆ خۆیان دروستبکەن، نەک خواردنەکەیان بە یەکەوە و لە ناندینی گشتییەوە بێ و بەشداری خزمەتگوزارییە گشتیەکانیش بکەن. ئێمە نەماندەتوانی باج و موڵکانە لەسەر ئەو ژن و پیاوە بێ پولوپارانە دابنێین، بەڵام دەمانتوانی ڕێگربین لەوەی نەبنە مژارێکی خێرخوازیی.

ئۆردوگا نوێیەکە ناویلێنرا مائابارۆت، کە شێوەی کۆی وشە عیبریەکەی مابارایە (شوێنی لێگواستنەوە)، لە تشرینی دووەمی ١٩٥١دا ئێمە

١٢ مائابارۆتمان هەبوو، کە ماڵی هەموو سەرنشینەکانی کۆچبەران بوو. ژمارەیشیان ٢٢٧،٠٠٠ کەس بوو. لێ بۆ ئەوەی ئێمە دوو چینی کۆمەڵگە لەوێدا دروستنەکەین، یەکێکیان هی سەردەمی دێرین، کە پێشتر لە ئیسرائیل نیشتەجێبوون، لەگەڵ کۆچبەرە نوێیەکان کە لەو ئۆردوگا شەپرێوانەدا بوون، ئەوا دەبووایە شتی زۆرتریان بۆ دابینبکەین و هەر بە خانوو لێنەگەڕێین. ئێمە دەبوووایە مشووری ئەوەمان بخواردبا، ئەو کۆچبەرانە کاریان دەستبکەوێ و کارێکیش بە مز و کرێ بێ، منیش لەو باوەڕەدا بووم تەنیا یەک ڕێگا بۆ ئەم کارە هەیە: نەخشەی کاری جەماوەری دەبێ دابمەزرێندرێ.

ئەمەشیان شتێکی ئاسان نەبوو. زۆرینەی ئەوانەی پێیان دەگوترا جووەکانی ڕۆژهەڵات (ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکوری ئەفریقاوە هاتبوون) بە کردەوە هیچ توانا و لێهاتوویەکی وایان نەبوو، بەکەڵکی بارودۆخی دەوڵەتێکی نوێ بێ. لەوە دەترساین زۆر لەوان هیچ نەکەن، بەڵکو بۆ ماوەی ساڵانێک هەر وا بژین، لەو کاتەشدا کەلێنی جیاوازی نێوان ئەوان و ئێمە پتر دەبوو. بەڵام باری خۆشبژێوی سۆشیال هەرچەندە سووکیش کرابا، ئەوا بە دڵنیاییەوە وەڵامێک نەبوو بۆ ئەم پرسە. دەبووایە دەرفەتی کار فەراهەم کرابایە، ئێمەش دەبوووایە ئەوەمان بۆ دەستەبەرکردبان، بۆیە پێشنیازی زنجیرەیەک پڕۆژەی تایبەتمەندمان کرد، تا ئەو خەڵکانە بخەینە سەرکار، کە پێشتر هەرگیز نە دڕێلیان بەکارهێناوە و نە بلۆک و لگبنیان دەستداوەتێ و تەنانەت لە کێڵگەکانیشدا کاریان نەکردووە. وەزارەتی کار جارێ دروستکردنی پڕۆژیەکی مەزن و قەبەی ڕێگاوبانی لەسەرتاسەری وڵاتدا دا، بە سەدان دۆنمی بەیار و ڕەق و پڕ بەرد پاککرانەوە، بەشێکی زۆری کارەکەش بە دەست کرا. هەمیشە و هەموو کاتێکیش ئێمە مەشقمان بە کۆچبەران دەکرد و کاری بنیاتنەرانەمان پێ دەکردن، هەرچەندە لێشاوی کۆچبەرانیش تا ساڵی ١٩٥٢ دانەمرکایەوە.

هەڵبەتە کێشەی سەرەکی ئاستەنگی فەراهەمکردنی هێزی کار یان دروستکردنی خانەوبەرە یاخود لەخۆگرتنی هەزاران کۆچبەر نەبوو بۆ ناو سیستمی ئابورییەکەمان. هەموو ئەوانە پرسی بلەز و ناچاری بوون، بەڵام

هەرگیز چەقی بازنەی مشوورخواردنەکانمان نەبوون. ئەوەی ئەو ڕۆژانە سەرقاڵیکردبووین- کە بەشێکیشیان تا ئێستا هەر جێبیرکردنەوەی ئیسرائیلییەکانە- کە چۆن ئەو خەڵکە پێک دەگەیەنن و لەگەڵ یەکیان دەگونجێن، چونکە لە ڕوخساردا شتێکی کەم بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە و بە ئاستەمیش لێکتێدەگەن، بەڵام دیسان لەبەرئەوەی جێگرەوەیەکمان نەبوو، ئەوا زۆر جاران سەردەکەوتین، پێدەچوو سەرکەوتنیش لەو بوارەدا مەحاڵ بێ. بۆ نموونە لە بیرمە چۆن هەندێک لە هاوڕێیانم لەبارەی دروستکردنی ڕێگاوبانەکان ڕەشبین بوون – ئەگەر نەگوترێ ناکۆک بوون-. نەوەک هەر ڕووبەڕووبوونەوەی کردەی دروستکردنی ڕێگاوبانەکان گرنگ بوو، بەڵکو هاوردەکردنی کەلوپەلەکانیش خۆی لە خۆیدا کارێکی کەمالییاتی بوو، هەر چۆنێک بووبێ ڕێگاوبانەکان باش نەبوون، چونکە ئێمە ئەو جۆرە کرێکارە لێهاتووانەمان نەبوون، بەڵام پشتم بە سێ شت قایم بوو: خۆتەرخانکردن و ڕاستگۆیەتی ئەوانەی سەردەمی کۆن هاتبوونە فەڵەستین، بەردەوام پەرەسەندنی مرازی کۆچبەرە نوێیەکان بۆ ئەوەی ڕۆژانەی خۆیان بە دەست و بازووی خۆیان بەدەستبهێنن و نەگەڕێنەوە سەر باربووی بەردەوامی دەوڵەت یان ئاژانسی جوو؛ هەروەها تێگەیشتن و بەخشندەیی کۆمەکی جیهانی جوو، کە دیسان و دیسان کاردانەوەیان بەرانبەر داوا نەبڕاوەکانمان بۆ یارمەتیدان هەبوو. بە ئاوڕدانەوە بۆ دواوە دەبێ ئەوە بڵێم، کە من زۆر بە دەگمەن وابووە بێئومێد بووبم، هەرچەندە هەر کەسێک لە وان ڕۆژاندا سەیری ڕێگاوبانە دروستکراوەکانی ١٩٤٩ و سەرەتای ١٩٥٠ی بکردبایە، ئێمەی هەندێک بە شێتۆکە دادەنا. ئێمە دەبووایە توانای وەستایەکی ئۆرشەلیم یان تەلئەبیب بۆ کاری ڕێگاوبانەکان بەکاربهێنین و شەوانیش دەبووایە بیگەڕێنینەوە لای کەمپی سەرکارەکەی لە شوێنێک لە باشوور لێی گەڕابین خۆی سەروکار لەگەڵ کرێکارە بەردەستەکانی بکا، کە بە دە زمانی جیاواز دەدوان، چونکە هەریەکەیان لە وڵاتێکی جیاوازەوە هاتبوون، هەر چەند مانگێکیش بوو، گەیشتبوونە ئیسرائیل، بەڵام هەرچۆنێک بێ و بەهەر شێوەیەک بێ ڕەنگبێ زۆر بەرچاویش نەبێ و گرانیش کەوتبێتەوە ئەوا ئەو

ڕێگەوبانانە (بە تەوسەوە لەسەر شەرەفی من ناویان نابوو ڕێگا زێڕینەکان) دروستکران.

لە کۆتاییدا لە ١٩٥٢ کاتێ لێشاوی کۆچڕەو دابەزی و هاتەسەر ئەوەی ڕۆژانە تەنیا هەزارکەس بێت، ئیدی یەکسەر دەستمان بەوە کرد، کە تازەهاتووەکان لە مائابارۆتەوە بگوازینەوە بۆ ناوچە پەرەپێدراوەکان و گوندەکانی سەرسنوور، کە بە سەتاپای ئیسرائیلدا بڵاوببونەوە و بە کاری کشتییاریەوە خەریکبوون. ئێمە هەر خێزانێکی کۆچبەر نەوەک هەر خانووێکی بچکۆلانەمان دایێ، بەڵکو پارچە زەویەک و مەڕومالاّت و وانەی کشتیاریشمان پێدا. لەو بارەیەشەوە هەڵەمان کرد. پێدەچوو هەوڵ و کۆششی ئەو مەبەستەمان هێشتا زووبێ. ئێمە گوندی وامان دروستکرد، کە ئاکنجییەکانی تێکەڵەیەک بێ وەک کارمەندانی ڕێگاوبان دروستکردن. ئەوان شتگەلێکی زۆریان بە یەکەوە هاوبەش نەبوو، هەندێک جاریش بە سەختی (جاری واش هەبوو بە ئاستەم) بە یەکەوە لە گۆشەیەکی پەرتەوازەی وڵات هەڵبکەن، بە زۆریش وابوو نە ئەزمون و نە هیچ زەوق و سەلیقەیەکی کاری کشتوکاڵیشیان هەبوو. زۆریان لەوان هەڵگەڕانەوە و بەرەو شارەکان هاتن، لەوێ گەڕەکی هەژارنشینیان پێکهێنا، بەڵام زۆریشیان مانەوە و بوونە جوتیاری پلە یەک، کە لەسەر دەستی ڕۆڵەکانیان هەنوکە میوە، گوڵ و بەروبوومی ڕووەکی پەرەپێدراو لە چوارکەناری دنیاییدا دەفرۆشرێ.

من بە تەواوی لەوە دڵنیانەبووم، کە سەردانە بەردەوامەکانم بۆ سەر کاروباری دروستکردنی خانووبەرە و ڕێگاوبانە نوێ و نیشینگەکان دەبێتە مایەی دەستخۆشی ئەندازیار و نەخشەکێشان کە لێیانەوە بەرپرسیاربوون. من نەمدەتوانی لەنێو ئەو خانووە بچکۆلانە گوزەربکەم و تێبینی ئەوە نەدەم، کە دیواری نێوان شوێنی دانیشتن و ناندینەکە، خانوەکە لەپێویست زیاتر بچووک دەکاتەوە، یاخود کاوەنتەری ناندینەکە بە شێوەیەک نەخشەکێشراوە، کە ناتوانی بە بەردەوامی بە پاکوخاوێنی ڕاییگرێ، لیستی ئەو ژنانەی، کە هەرگیز پێشتر لە ڕارەوی ناندینەکەدا چێشتیان لێنەناوە یاخود دوو هەنگاو بەرەو ڕۆنانی خانوویەک لەسەر وێرانەیەک بەس نییە و سێیەمین هەنگاو زۆر چارەنووسسازانەیە بەتایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی، کە هەشت یان نۆ

زارۆکی بچووکیان هەن، ئەو ژنە دووگیانەی یان بە لای کەمییەوە یەکێک (ئەگەر دوو یان سێیانیش نەبووبن) لە باپیرە و داپیرەکان. لەبارەی پێشنیازەکەشم هەمیشە ئەو وەڵامە حازربەدەستەیان دەدامەوە: "بەڵام ئەوەی تۆ دەیڵێی، زۆری تێدەچێ."

هەڵبەتە پەژراندنی ئەو بەڵگەوبەندە ئاسان بوو، کە دەگوترا ئەمە بۆ زۆر لە کۆچبەران- نەخاسمە ئەوانەی لە یەمەن و باکووری ئەفریقاوەڕا هاتبوون- تەنانەت بەو دیزاینە خراپەی خانووەکانیش باشترە لەوەی پێشان لەنێویدا دەژیان. زۆر جار پێم دەگوترا: "ئەوان نازانن لەو خانووانەدا بژین، کە تۆ دەتەوێ. ئەوان بە گەرماو و قوڵپەی ئاوی ئاودەست ئاشنا نین. ئەوان ئەو ژوورانە بۆ کۆگای وردەواڵە بەکاردەهێنن." ئەوە ڕاست بوو ئەوان نەیاندەزانی گەرماو بۆ چییە و نەشیاندەزانی چۆن دوشەکەی بەکاربهێنن، بەڵام ئەوە واتای ئەوەی نەدەگەیاند، ئەم خزمەتگوزارییانەیان بۆ دابیننەکرێ و فێریش نەکرێن چۆنی بەکاربهێنن. هەمان شتیش لەبارەی ناندین، قوتابخانە و تەنانەت خودی دەوڵەتیش. بەڵام ئەوەش هەر ڕاست بوو، کە ئێمە هیچ شتێکمان بە بێ پارەوپول پێنەدەکرا.

بۆیە سەرباری ئەوەش، هەر جارێک دەچوومە دەرەوەی ئیسرائیل، ئێرەییم پێدەبردرا، بەڵام دەچووم لە دەرەوەی وڵات دوانی کۆکردنەوەی فەند و باربووم دەدا، بە ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان و باشووری ئەمریکادا دەگەڕام. دەبووایە فەند پەیداکردنیش لەگەڵ باروودۆخە نوێکەمان بگونجابایە. دەستەی یەکێتیی جووەکان خانەیەکی مەزن و زەبەلاحێکی پارەکۆکردنەوە بوو؛ ئاخر هێشتا هەر تکا و داوابوو، پارەکەش هێشتا هەر 'دیاری " بوو. ئەو وێنەیە مایەی پەستیم بوو کە بۆ ساڵان دەوڵەتی جوو هەر لەسەر فەندی خێرۆمەندەکان بژی، بەدەر لە هەموو شتێک، ئاوا هەرگیز نەماندەتوانی سەرمایەی پێویستیمان گەشەبکا. من لە ئەندازیارێکی بنیاتنەر پتر ئابوریناس نەبووم، کەچی پێویستیشم بە ڕاستە نەبوو تا لە بەرزی دەستتشۆری ناندین تێبگەم، بۆیە پێویستی بە ساڵانێکی زۆری ئەزموون نەبوو لەپێناو ئەوەی بزانم، کە کێرڤی فەندی خێرخوازی بێگومان دادەبەزێ. ئاخر هەر بڕی پارە نەبوو کە بووبووە مایەی خەمخۆریم، بەڵکو چۆنیەتی

ئەو پـارەیە بـوو کە بەدەسـتمان دەهـات. وام بـۆ دەردەکەوت بەردەوامـی بەنـدبوون لەسـەر کـۆمەکی خێرخـوازانە زۆریـنەی ڕەگەزەکـانی ڕوانینـی زایـۆنیزم لەبـارەی خۆژیانـدن، هێـزی کرێکـاری خـۆیی لەدەسـتدەدا، خـۆ لە باسـی سـەربەخۆیی نیشـتمانییانەش هەر بـگەڕێ؛ ئیـدی بیـرم لە توانسـتی سـەرچاوەی دیـکەی فەنـد کـردەوە، تـا جیهـانی جـوو ببێـتە هاوسـەری پڕۆژەکانی زایۆنیزم بۆ "کۆکردنەوەی تاراوگەکانمان." دوای سەردانەکەی ١٩٤٨م بـۆ وڵاتە یەکگرتووەکـان، بەردەوام پەیوەنـدیی نـامەگۆڕینەوە و بروسـکەم لەگەڵ هێنـری مۆتـۆر هەبـوو، هەر کـاتێکیش ئەو، مـن و ئێلیـزەر کاپلان (یەکەمین وەزیری دارایی ئیسرائیل) یەکمان دەدیت، بە قووڵی باسی توانستی چوونە نێو کاروبار و چالاکی ئابورییەکی نوێمان دەکرد، کە خۆی دەربڕی سەرئاوخستنی پرسی فەندەکانی ئیسرائیل بێ.

لە ئەیلـوولی ١٩٥٠دا، کۆنفرانسـێکی سـێ ڕۆژە لە ئۆرشـەلیم بە دەستپێشخەری بنگۆریۆن بەسترا. هەر لەوێش بۆ یەکەمین جار بیرۆکەی قەواڵەی دارایـی ئاشـکرا کـرا. لە کۆنفەرەنسـاکەدا سـەرکردەی زۆریـنەی کۆمەڵگا جووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەبوون. لە بەراییەوە پێشوازییەکی زۆر لە بیرۆکەکە نەکرا. ئایا چی دەبێ ئەگەر هات و فرۆشتنی قەواڵەکان، هەوڵەکانی یەکێتی بانگخوازانی جوو بە کەم زانی؟ هەروەها کێ لە دەرەوەی ئیسرائیل پارەی خۆی خەرجدەکا، کە پێدەچێ شێوەیەک بێ لە بە فیڕۆدانی پارە؟ پارە و باربووی خێرخوازی نەدەکەوتنە بن باری باج، بەڵام قەواڵەکان وا نابێ. ئایا ئاخۆ چی دەبێ ئەگەر هاتوو حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکـان بە چـاوێکی مەیلـدار نەڕوانێـتە پرسـی قەواڵەکـان؟ لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خۆپارێزیانە و مەراقانە، بە گشتی هەستێکی وای لا پەیداکردم، کە دۆزەکە بەرانبەر پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاسان نەبێ. کەسێک نەهات و بوێرانە بڵێ، ئیسرائیل سەرچڵیەکی داراییانە ناکا، بەڵام نەمدەتوانی کۆمەکی ئەو هەستە بکەم، کە هەموو بیرۆکەی قەرزبارێتی ئێمەی ئەوکات نەخوازراو بوو. هەرچەندە قەواڵەکان کەمپینێکی بەهێزییان پەیـداکرد —لەوەی بنگۆریـۆن، کـاپلان، مۆنتـۆر و مـن بە یەکەوە

کـاریگەرتربوون. هێنـری مۆرگەنتـاهو وەزیـری پێشـوی خەزێـنەی وڵاتە یەکگرتووەکـان، بە یەکەوە لە ١٩٤٨دا زۆر کـۆمەڵگە گەڕایـن، ئەو کـات سەرۆکی گشتیی یەکێتیی بانگخوازانی جوو بوو، یەکسەر لە مەبەستەکەمان گەیشـت و سەلماندیشـی. ئەو لەوەش پتـری کـرد. ئەو ڕۆیشـت سـەرۆک ترومـانی لە کۆشـکی سـپییدا بینـی و بۆشـمان دەرکەوت، کە سـەرۆکیش لە دۆزەکە گەیشـت و سەلماندیشـی. بـۆیە کۆنفرانسـێکی دیـکەش سـازدرا، ئەمجارەیان لە واشنتن. من چەکی واژۆکراوم ڕادەستکرد و هەوڵی ئەوەمدا، ئەوانەی بڕوایـان پێنەبـوو بگـۆڕم و گومـان و نارەزایەتیـان بـڕەوێنمەوە و بیانکەمە پشتیوان و هاوکار.

کـاتێکی زۆرم بە پێشـەکی و داڕشـتنی پەخشـان و وشەسـازیەوە نەکوشـت. بـۆ جـاری سـێیەم بـۆ کـۆکردنەوەی پـارە گـوتم؛ ئەگەر ئیسـڕائیل پێشـبکەوێ، گەشـەبکات و پەرەبسـێنی، تەنـانەت بـۆ ئەوەی توانـای ئەوەی هەبێ خۆراکی خۆی دابینبکا ئەوا پێویستمان بە ١،٥ بلیۆن دۆلاری ئەمریکایی بۆ سێ ساڵی داهاتوو هەیە! ئێمە خۆمـان، کە یەک ملیۆن کەسین لەوەدا بەرپرسـیارین، بەڵام یەک بلیـۆن دۆلار دەکـرێ لە لایەن جووەکـانی ئەمریکاوە بە زۆر شێواز بدرێ، لەنێویشیاندا کڕینی قەواڵە.

**"بەشـێک لە پـارەکە بەخشـینە بۆمـان، بەڵام بەشـەکەی دیکەی، کە بەشە زۆرەکەیەتی، پێویستە ئەو پارەیە بێ کە بە سـوودگەڕانەوە وەبەربهێنـدرێ؛ پـارەیەک بگەڕێنـدرێتەوە، پارەیەکیش سووی بچێتەسـەر. سـەرباری ئەو بڕەپارە زۆر و قەبەیەی یەکێتیی بانگخوازانی جوو، ئێمە دەمـانەوێ سـەرمایە وەبەربێنـین، دەمـانەوێ قەواڵەکـان بفرۆشـین، دەمـانەوێ ئێوە پارەمان بە قەرز بدەنێ. من ئەوە نـازانم ئـاخۆ چ متمانەیەکتـان دەدەینـێ یـاخود ئێـوە داخـوازی چ جـۆرە متمـانەیەک دەکەن. لێرەدا تەنیـا یەک جۆرە متمـانە هەیە، کە پێم وایە دەتـوانم بە نوێنەرایەتی حکومەتی ئیسـڕائیلیەوە بەڵێنتـان بدەمێ. دەتـوانم بەڵێنی متمـانەی دوورمەودای خەڵکی ئیسـڕائیلتان بدەمێ، ئەو سەدان هەزار جوویەی هێشتا هەر دەڕژێنە ئیسڕائیل و متمانەی**

**ئەو دەیان هەزار جوویەی، کە لە چادرگەکان دەژین. هەروەها دەتوانم متمانەی ڕۆڵەکانیشتان بدەمێ، ڕۆڵەکانی ڕۆژگاری دێرین و ئەو منداڵە بچکۆلانەی یەمەنییەکان، منداڵە عێراقییەکان و ڕۆمانییەکان، کە ئێستا لە ئیسرائیلدا بە شانازییەوە پەروردە دەبن و دەبنە جوویەکی لەخۆخەنی. ئەوان قەرزەکەتان دەدەنەوە، ئەوان بە شەرەفمەندییەوە نرخی قەواڵەکان بە سووەکەی سەریشی دەدەنەوە."**

کاتێک ئەو قسانەم دەکردن، ڕوخساری منداڵەکان و دایبابیان لە پێش چاو بوو، کە بە ڕیز لە چادرگەکان و کۆڵێتەکان، هەموو بەیانیان بەرەو گردەکان دەردەچوون تا دار بچێنن یان ڕێگاوبان لێبدەن. هەموویان هەر گەنج نەبوون، جلەکانیان شەقوشڕ بوون و جەستەشیان ناسک بوو، بەڵام هەر تەنیا چەند مانگێکی کەمی پێشتر بوو، کە بە پشتی کووڕ و سەرکزییەوە بە شەقامەکانی یەمەندا دەڕۆیشتن یاخود دانیشتبوون، لیستێکی بێزاریش بە تۆقاوی لە ئۆردوگای پەنابەران بوون لە ئەوروپا. هەنوکە سەریان بەرزە، پشتیان ڕاستە و ئێستا تەور و خاکەناسیان هەڵگرتووە. من دەمزانی ئەوان دەنگوسەدای وەبەرهێنانن، خودایە سوپاس من ڕاست بووم. لەو کاتەی یەکەمین هەڵمەتی قەواڵەی ئیسرائیلی لە ئاداری ١٩٥١دا جاڕدرا، تا ئێستا[99] بە نرخی نزیکەی ٣ سێ بلیۆن دۆلار قەواڵە فرۆشراون، لەو نێوەدا یەک بلیۆن دۆلار هەر زوو دەستەبەرکرا. ئەوەش بووە مایەی نەشونماپێکردنی ئابوری ئیسرائیلی و پەرەپێدانی بودجەکەی، قەواڵەکان بە شێوەیەکی جەوهەری و دراماتیکی یارمەتی دامەزراندنی ئابورییەکی گەشەسەندووی نوێی دەوڵەتیان دا.

لێ گەلۆ، لەو سەردەمدا بە تەنیا کارکردن بۆ من هەموو شتێک نەبوو، بەڵکو لایەنی خۆشی ژیان و خەفەتیشم هەبوو. ڕۆژێکیان لە ١٩٥١دا کاتێ بە ئەرکی پارەکۆکردنەوە لە دەرەوەی وڵات بووم، بروسکەیەکم لەمەڕ

[99] مەبەست ساڵی دەرچوونی کتێبەکەیە کە ١٩٧٥ە-وەرگێڕ

کۆچی دوایی مۆریسەوە بۆ هات. دەستبەجێ گەڕامەوە ئیسرائیل تا بە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا ڕابگەم، سەریشم پڕبوو لە هزری ئەو ماوە ژیانەی بە یەکەوە بە سەرمان بردبوو، خۆ ئەگەر من هەندێ جیاوازتربووبام، ڕەنگبوو ڕەوشێکی دیکەمان هەبووایە. ئەو کۆستە ئەوە نەبوو، بتوانم لەگەڵ خەڵکی تەنانەت لەگەڵ خێزانەکەشم بدوێم. هەروەها ئامادەیی ئەوەشم تێدا نییە ئێستا لەبارەیەوە بنووسم، بەدەر لەوەی کە بڵێم، هەرچەندە ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆریش لێک جیاببووینەوە، ئێستا کە لەسەر گۆڕەکەی وەستاوم، ئەوا جارێکی دیکە پەی بەوە دەبەم چ باجێکی قورسم داوە، هەروەها واشم کرد، مۆریسیش باجێکی قورس بدا بۆ ئەو دەستکەوتەی لەو چەند ساڵانەدا بە دەستم هێنا.

هەروەها دووگیانیی ساراش، نەخۆشیەکەی و لەدایکبوونی یەکەمین مەلۆتکەیان و ئەو ڕۆژانە زۆر نیگەرانبووم تا کچەکەم هاتەوەسەرخۆ، زەکەریا و من زۆرمان بۆ پزیشکەکان هێنا، کە ڕاستییەکەمان سەبارەت بە تەندروستی کۆرپەلە و دایکەکەی پێبڵێن، چونکە پێشتر ئاماژەیەکی تۆقێنەرانەیان پێدابن گوایە ژیانی سارا بەهۆی منداڵبوونەکە لە بارێکی زۆر دژواردایە. من بڕوام بەو وتانە نەکرد، چونکە پێشتر گوێم لەو قسانە بووبوون، ڕەنگبێ لەبەرئەوەش بووبێ، کە ئەو قسانە هی باوەڕکردن نەبوون. کەچی سارا لێی دەرچوو، دواتر هەر سوربوو بچێتەوە ڕێڤیڤم، پاشانیش منداڵێکی دیکەی بوو. بۆ من چەند مانگێکی خایاند تا سارا بە تەواوی هاتەوەسەرخۆ و لە بیریشمە چەند بێهودەییانە نەساخبوو، منیش دەمەویست بچمە ڕێڤیڤم و لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە ئۆرشەلیم تاکو بە خۆم چاوم لێبێ. بەڵام دەمزانی لە ئەرکەکەمدا سەرناکەوم، ئیدی دەبووایە لێی بگەڕێم خۆی ئاراستەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێ، بە چاوپۆشین لەو خەموخەفەتانەی لە سەرم دەخواردن.

یەکێک لە گەورەترین خۆشییە تایبەتتیەکانم لە ماوەی ئەو ساڵانەی وەزیری کاربووم، ئەو چاوە خانووە بوو، کە لە ئۆرشەلیم تیایدا دەژیام. من زۆر گرنگیم بە ژینگە نیشتەنییەکەم نەدەدا، بەدەر لەوەی گەر هاتبا و پاک و

ڕێکوپێک و سەرنجڕاکێشبا. ئاخر لە کۆتاییدا خانوو هەر خانووە، هەر لەو کاتەی دەوڵەت دامەزرا، لە چەندان خانوی جۆراوجۆر ژیابووم: شوێنی نیشتەجێی فەرمی وەزیری دەرەوە، ماڵی سەرۆوەزیر و ئێستاش ئەو خانووە نیمچە سەربەخۆیەی لە باخچەی لێواری تەلئەبیب، کە نیوەکەی هی منە و نیوەکەی دیکەی هی مناحیم و ئایا و سێ کوڕەکانیەتی لەگەڵ تولە سەگەکەیان بە ناوی دایسی، کە زۆر خوی خۆی داوەتە سەر من، لەوەی من بیدەمە سەر ئەو. بەڵام هیچ کام لەو خانووانەی تیایدا ژیاوم، لای من وەک ئەو خانۆچکەی لە ١٩٤٩تا ١٩٥٦دا ، دڵگیرتر و خۆشتر نەبوون. ئەوەش مێژوویەکی هەبوو لەوەی هەر پارچە موڵکێکی ڕووت بێ. لە کۆتایی ١٩٤٩دا لەسەر ڕێنمایی بنگۆریۆن دەبووایە بارەگای کێنێست و زۆرینەی دامودەزگاکانی حکومەت لە تەلئەبیبەوە بگوازنەوە بۆ ئۆرشەلیم. ئەوەش بڕیارێکی ئاسان‌نەبوو، کە بنگۆریۆن دەریکرد، بەڵکو وەک خۆی نمونەییانە بوو. هەر چەندە کردنەوەی دانیشتنەکانی کێنێست لە ئۆرشەلیم بوو و دکتۆر وایزمەنیش هەر لەوێ سوێندی سەرۆکایەتی خوارد. ئاشکراشە بە تەنیا هەر خودی ئیسرائیلییەکان پێگەی بێوێنەی ئۆرشەلیم لە ماوەی ڕابردووی داگیرکردن دەزانن، کە لەنێو دڵی هەموو جوویێکدا بوو ئەوسا لە هەر کوێیەکدا بووبان. باقی جیهان هەمیشە پەیوەندییە تۆکمەکەی نێوان ئێمە و شاری داودیان فەرامۆشکردبوو، بە هەندیان هەڵنەدەگرت. هەر دوو کۆمسیۆنی پییل و کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان UNSCOP وایان دانابوو، کە نابێ ئۆرشەلیم پێگەی نە لە نێو دەوڵەتی جوو یان هی عەرەبدا بێ. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕیاریدابوو، دەبێ ئۆرشەلیم بخرێتە بندەستی چاودێری نێودەوڵەتی، بەوەی بەڕێوبەرایتییێکی تایبەتمەندی هەبێ، کە ئەنجوومەن و حکومەتێکی خۆجێی هەبێ و لە لایەن پۆلیسی نێودەوڵەتیشەوە بپارێزرێ. ئەم ڕوانینەش پێدەچوو هەمووی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە شوێنە پیرۆزەکان بپارێزرێن، بەوەی دەسەڵاتی "ڕێسا و ئارامی"ی ئۆرشەلیم تا هەتایە بەردەوام بێ. هەڵبەت عەرەب ئەم نەخشەیەیان ڕەتکردەوە و بە ڕەهایی و سەرسەختانە دژی هەموو پێشنیازێکی دابەشکردن بوون. کەچی ئێمە هەرچەندە پێشمان ناخۆشبوو،

بەڵام هەر پەژراندمان، دڵی خۆشمان بە بەڵێنی نەتەوە یەکگرتوەکان دەدایەوە بەوەی دوای دە ساڵ، ڕاپرسی بۆ "سەرپەرشتی هەمووارکردنەوەی" بکرێ. ئیدی ئەو کات لە ١٩٤٨دا و لە ئۆرشەلیم ١٠٠،٠٠٠ جوو و ٦٥،٠٠٠ عەرەب دەژیان، پێش نەدەچوو لە دواییدا مەحاڵ بێ، کە ئۆرشەلیم ببێتەوە هی ئێمە. ئەو پرسە لە ئارادا نەبوو، کە ئێمە کارمان بۆ دەرکردنی ئاکنجییە عەرەبەکان کردبێ (ئەوەش هەر لە پێشهاتەکانی شەڕی شەش ڕۆژەدا بە وردی سەلمێنراوە)، هەروەها ئەوەش نەبوو، کە ئێمە بە "ڕێسا و ئارامی" شارەکە هەراسان بووبین، کە هەمان ڕێسا بۆ ماوەی ٢٠٠٠ سال ئێمەی تۆقاندبوو. دوای هەموو شتێک ئێمە لە دڵەوە دەمانزانی –تەنانەت ئەگەر خەڵکانی دیکەش فەرامۆشیان کردبێ- کە پشێوی و ئاشوبی توندوتیژی عەرەبەکان هەر لە ١٩٢١ لە ئۆرشەلیمدا ڕیکۆردیان شکاند و دەشمانزانی تەنانەت تاکە ڕووداوێکیش خەتای جووەی تێدانەبووە.

ئەنجوومەنە تایبەتمەندەکەی ئۆرشەلیم هەرگیز دانەمەزرا، بەڵام شارەکە –بۆ ماوەی چەند مانگێک- لە بن ئاگری تەقەی عەرەبەکاندا مایەوە. لە ماوەی ئەو گەمارۆیەی سەر ئۆرشەلیم، کە شارەکە بە شێوەیەکی بێویژدانانە لە لایەن میسری و ئۆردەنییەکانەوە بۆمباران دەکرا، هەموو مشوورخواردنەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ شوێنە پیرۆزەکان بوونە بلقی سەرئاو. بەدەر لە چەند کەمە بڕیارێکی لاوازی نەتەوە یەکگرتووەکان، هیچ کەسێک بێجگە لە جوو شتێکیان لە بارەی دەستدرێژیی عەرەب بۆ سەر شارەکە نەکرد، بێجگە لە جوو هیچ کەسێک بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی شارە دێرینەکە نەجووڵا. قۆشەنە سەربازییەکانی عەرەب شارە دێرینەکەیان داگیرکردبوو، هەر بنیادەمێکی جوو، کە بە زیندوویی لەوێ مابوەوە فڕێیاندابووە دەرەوە. لە ڕاستییدا تەنیا ئێمە بووین، کە شوێنە پیرۆزەکانمان لێ حەڕام کرابوو، بەڵام هێشتا هیچ کەسێک لەم بارەیەوە بەدەر لە جوو خۆی قولماتی لە زار نەهاتەدەرەوە. تەنانەت هیچ کەسێک نەبوو بپرسێ: ئەرێ چۆن دەبێ جوو نەتوانن بچنە سیناگۆک و بارەگاکەیان لە شارە کۆنینەکەدا تا لە بەردەم دیواری ڕۆژئاوادا نوێژ و نزای خۆیان بکەن؟" لە

سۆنگەی ئەو بێدەنگی و خۆکەڕکردنەدا، زۆر سەخت بوو باوەڕبکەین، کە جارێکی دیکە پشتئەستووربین بەوەی کەسێک هەبێ ئۆرشەلیم بپارێزێ یان سکاڵای هەر کریستییانی و موسڵمانێک سەبارەت بە شوێنە پیرۆزەکان بە هەند وەربگرێ. هەر چۆنێک بێ ئێمە بە تەواوی لە تواناماندا بوو پیرۆزگەکانی خۆمان لەپاڵ هی شوێنە دیرۆک و دیینەکانی دیکەی ئیسرائیل بپارێزین. لەوەش پتر هیچ هۆیەکی دیکەی چاوەڕێکردنمان بۆ راپرسیەکە نەمابوو. لەبری ئەوەدا شەڕیان بەسەردا سەپاندبووین.

لەگەڵ ئەوەشدا مایەی بوێرییەکی بەرچاوی بنگۆریۆن بوو- لەبەر چاوی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی دیسێمبەری ١٩٤٩ دەستبەجێ داوای بەنێودەوڵەتیکردنی ئۆرشەلیمی دەکرد- کە بڕیاربدا بەوەی حکومەت بەر لە جێبەجێکردنی بڕیاری ناوبراو بگوازێتەوە ئۆرشەلیم. تەنانەت لەنێو خودی ئیسرائیلیشدا، دەنگی نارەزایی لە دژی مەترسیی بڕیارەکە -بە لایەنە سیاسیی و سەربازییەکەی- بەرزبووەوە؛ بەڵام هێشتا دەنگی ناخی بنگۆریۆن بەهێزتربوو. هەرچەندە زۆر لە ئەرکەکانی کاروباری دەرەوە (لە نێویاندا وەزارەتی دەرەوەش) هەر لە تەلئەبیب مایەوە، ئیدی وەزارەتەکەی من و زۆرینەی ئەوانی دیکەش بارگەوبنەیان بەرەو ئۆرشەلیمی پایتەخت پێچایەوە.

ئەوەش ئەوەی دەگەیاند، من دەبێ بۆ ژیان شوێنێک لە ئۆرشەلیم بدۆزمەوە. بە دڵنیاییەوە نەمدەویست لە میوانخانەیەک یان ژوورێک لەگەڵ خێزانێکی نائاشنا بەشبکەم. هەر چەندە ئەوەشم لە خەڵکی باشتر دەزانی، کە خانوو قاتی بوو، داوام لە هاوکارەکانم لە وەزارەتی کار کرد، شارەکەم بۆ بگەڕێن بەڵکو ژوورێکم بۆ ببیننەوە. پێمگوتن: "هەموو ئەوەی من دەمەوێ تەنیا یەک ژورە، کە دەروویەکی سەربەخۆی هەبێ. بێگومان ئەوەش هەر دەستدەکەوێ."

ئەو لە خانووگەڕانە هەندێ کاتی ویست، بەڵام لە دواییدا زەنگی تەلەفونەکەم لێدرا. "گۆڵدا ئێمە ژوورێکمان دۆزییەوە، کە دەروازەیەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام پێمان وانییە بۆ تۆ دەستب دا. ئاخۆ هێشتا هەر دەتەوێ بێیت و بیبینی..."

دەستبەجێ چووم سەیری ژورەکەم کرد. چاوە خانووەکە لە کەرتی تالبیهی شارەکەدا بوو، ژوورەکە سەربە خانووێک بوو پێی دەگوترا ڤیلای هارونە ڕەشید، پێشتر بارەگای سەرکردایەتی بەریتانیای تێدابوو. خانووەکە دوو نهۆم بوو، بانێکی گەورەی هەبوو، لایەکیشی بە سەر ژوورێکدا دارمابوو، تا بڵێی پیسوپۆخڵیش بوو. قسەی ئەندازیارەکە ڕاستبوو. هەموو خانووەکە نەوەک هەر بە تەنیا سەربانی ژوورێکی بە کەڵک نەدەهات بەڵکو ژیانی تێدا ئەستەمیشبوو. لەگەڵ ئەوەشدا چوومە سەرەوە تا سەربانەکەی ببینم. پێنج خولەک لەوێ وەستام و سەیری دەوروبەرەکەم کرد، کە دڵڕفێنانە بەسەر ئۆرشەلیمدا دەیڕوانی، دوایی هاتمەخوارەوە و پێمڕاگەیاندن " باوابێ، من خۆم لەو ژورە پیسە ڕادەهێنم تا ئەو کاتەی تۆ ئەو خانوچە(شوقە) کە لە لایەکەی دیکە وێران بووە، چاک دەکەیتەوە." لەوێ دەستبەجێ کەوتمە بەر لێشاوی نارەزایەتی.. پێمگوترا کەوا خانۆچکەکە زۆر بچووکە و بۆ وەزیرێک دەستنادا. هەروەها خانۆچکەکە زۆر لە سنوورەوە نزیکە. دەبووایە من لەو ژورە ترسناکە بۆ چەندان مانگ بمێنمەوە، چونکە دروستکردنی خانووێکی بچوک بۆم زۆری دەخایاند. بەڵام تەنیا بە خەندەوە پێمگوتن هەر کاتێک خاوێنکرایەوە ئەوا بە زوویی بۆی دەگوازمەوە. چەند مانگێکی پێچوو تا خانووەکەم تەواوکرا، بەڵام شایانی چاوەڕوانییەکەشم بوو. لە دەلاقە گەورەکەیەوە هەموو ئۆرشەلیمم دەدی، کە دەیڕوانیە سەر گردەکانی جودیا، هەرگیزیش لە سەیرکردنی تێر نەدەبووم. ئەوە لام جێگەی پرس نەبوو ئاخۆ ڕۆژەکەم چەند درێژە و چەندیش ماندوو دەبووم، چەند زۆر سەردانی نشینگەکانم دەکرد و چەندین کۆبوونەوەش ئامادەدەبووم؛ بەڵام هەر کاتێک دەهاتمەوە ماڵ و دەرگام لەسەر خۆم پێوەدەدا، دەچوومە سەربانی خانۆچکەکەم، چایەم دەبرد و دادەنیشتم، چراخانی شارەکەش لە دەورمدا شاریان بۆ ڕووناک دەکردمەوە، ئیدی من ئەوکات تا ئەوپەڕی شادمان دەبووم. هەندێک جاران دەمتوانی بۆ چەندان سەعاتیش هەروا بمێنمەوە و واشم کرد. ئەوسا چ لەگەڵ برادەران و دۆستان یان بەبێ ئەوانیش، سەیری دیمەنی دڵگیری ئۆرشەلیمم دەکرد. دواتر مناحیم و ئیاش

هەر لەویٚ زەماوەندی هاوسەریٚتیان کرد، ئیدی خانۆچکەکە بووە بەشیٚک لە میٚژووی خیٚزانەکەمان.

کاتیٚ لەبارەی ئەو سەردەمەی ژیانم دەنووسم، ناکریٚ ئەوە بە سەرمدا ڕەنگنەداتەوە، تاچەند بەختیار بووم کە هەر لە بەرایی زۆرشتەوە- نەهەوەک بەوەی ئاڕاستەی ڕووداوەکان بە کارانگازیٚتی منەوە بووبیٚ، بەڵکو من بەشیٚکی دانەبڕاو بووم لەو پیٚشهاتانەی لە دەوروبەرم ڕوویاندا، هەندیٚک جاریش وەزارەتەکەم و خۆشم توانای ڕۆڵبینینی یەکلاکەرەوەمان لە بنیاتنانی دەوڵەتەکەدا هەبووە. پیٚم وایە ئەگەر کورتی بکەمەوە-وەک پیٚویست- تەنیا دوو یان سیان لەو پەرەسەندنانە هەڵبژیٚرم، کە لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا مایەی زۆرترین خەڵات و واتابوون بۆم، ئەوا دەبیٚ لەو قانوننامەیەوە دەستپیٚبکەم، کە وەزارەتی کار تیایدا بەرپرسیار بووە. بۆ من لە هەموو شتیٚک پتر پرسەکە هیٚمادار بووە بۆ شیٚوە یەکسانییەکی کۆمەڵایەتییانە و دادپەروەرییانە، کە بە بیٚ ئەوە نەمدەتوانی هەرگیز ویٚنەی کارابوونی دەوڵەت بهیٚنمە بەرچاوم. خانەنشینی بە ساڵاچووان، باربووی هەتیو و بیٚوەژنان، مادۆنی دایکایەتی و دەستەبەرییەکان(زامنکارییەکان)، بیمەی ڕووداوەکانی بواری پیٚشەسازی، پەککەوتەیی و بیمەی بیٚکاری، بۆ هەر کۆمەڵگایەکی بە ڕوومەت پرسگەلی چارەنووسسازبوون، هەرچەند کیٚماسیمان لە شتی دیکەدا هەبووایە، بەڵام ئەو شتانەی سەروو هەر بنەمابوون.

تەنانەت گەر نەشمان توانیبیٚ دەستبەجیٚ هەموو شتیٚک بۆ بزووتنەوەی کریٚکاریی بە قانون دابین بکەین، ئەوا بە لای کەمی ئەرکەکەمان لە ئەستۆ گرتبوو، هەستمکرد تا بکریٚ پرسەکان بە قانون دابڕیٚژین، ئەوەش ئەوەی بۆ من دەگەیاند بتوانین یەکەمین قانوننامەی بیمەی نیشتمانیی دابڕیٚژین، کە بەشیٚکی بەرفرەوانی لەسەر بنەمای خشتەی بیمەی خۆبەخشانەی هیستادروت بوو، کە بۆ کنیٚسیٚت لە یانیوەری ١٩٥٢دا نیٚردرا، ئەوەش ڕیٚگەی خۆشکرد بۆ قانونی بیمەی نیشتمانیی، کە لە ساڵی ١٩٥٤دا کارپیٚکرا. بیمەی نیشتمانییش چارەسەرییٚکی ئەفسوناوییانە نەبوو. باری هەژاری لە ئیسرائیلدا لەناو نەبرد، یان جیاوازییە پەروردە و کلتورییەکانی

لەنێو هاووڵاتیاندا کەم نەکردەوە، یاخود کێشەی متمانە و ئاسایشی ئێمەی چارەسەرنەکرد، بەڵام ئەوەی دەگەیاند هەروەک ئەویش ڕۆژێش بە کێنێستم گوت، "دەوڵەتی ئیسرائیل نابێ هەل بە هەژاری بدا چونکە شەرمە بۆ ژیانی ئادەمیزاد، ئەو ئەگەرە خەجاڵەتییە، کە شادمانترین دەمژمێرەکانی ژیانی دایکایەتی بە نیگەرانبوون لەبارەی پەیداکردنی خواردن بشێوێنێ یان ئەگەری ئەو ژن و پیاوەی کە تەمەنیان بە ساڵدا دەچێ نەفرەت لە ڕۆژی لەدایکبوونیان بکەن، چونکە کار و پارەیان نامێنێ." ئەرێ ئەمە هەڵچۆڕان و وشککردنی سەرچاوە دەرامەتییەکانمان نەبوو؟ هەڵبەتە وابوو، بەڵام دەبێ ئێمە ئەو کارە بە قۆناخ بکەین. بەڵام ئەمە کاریگەری ئابورییانە و کۆمەڵایەتیانەی هەبوو، شایانی ئەوەبوو سەرمایەی بۆ کەڵەکە بکرێ و پارەی لە خولدانەوە بۆ بگیرێتەوە، کە یارمەتیمان دەدا ڕووبەڕووی هەلاوسانی پێببینەوە. لە سەروی هەمووشیانەوە کۆڵی دارایی سەرشان هاوشان دەکا، کارێکی وا دەکا، کە ئەم گرووپە تەمەنێک بەرپرسیار بێ بەرانبەر ئەویدیکە و سەرچڵیش پەرشوبڵاودەکاتەوە. هەروەها لاکاردانەوەیەکی دیکەشی هەبوو، کە ببووە مایەی خەمخواردنم: لەبەرئەوەی وەک بەرەنجامێکی باربووی دایکایەتی ڕێژەی منداڵبوون لە نەخۆشخانەکان بەرزببووەوە (کە خەرجی خەستەخانەشی دەگرتەوە) ڕادەی مردنی مەلۆتکەکانیش -کە لەنێو کۆچبەران و عەرەبەکاندا بەرز بوو- دابەزی. من بە خۆم چوومە نەزارەت و یەکەمین چەکی بیمەم ڕادەستی یەکەمین ژنە عەرەبێک کرد، کە لە نەخۆشخانە منداڵی ببوو، ئیدی پێم وا بوو من لەو ژنە کەیفسازترم.

پڕۆژەیەکی دیکەی وەزارەتی کار، کە زۆر پێیەوە پەیوستبووم، پەیوەندی بە ڕاهێنانی پیشەیی نەوجەوانان و گەورانەوە هەبوو. دیسان پرسەکە هەڵگرتنی دارێکی جادوییانە نەبوو، کۆچبەرە نوێکانیشی نەکردنە دەستڕەنگین و تەکنیکسازیشی بە شەوان فێرنەکردن. بەڵکو چەندان ساڵی خایاند تا خەڵک بۆ کارێکی پیشەوەری یان بازرگانی ئامادە بکا، سەدان لەو کۆچبەرانەش هەرگیز نەبوونە کرێکاری تەواوعەیار، چونکە هەندێکیان تەمەنیان بەسەرچووبوو، زۆر ناساخ بوون، لە ڕووی دەرونییەوە

ڕانەهاتبوون کار بکەن، یاخود بە کورتی لەگەڵ خواستەکانی ژیانی نوێدا نەدەگونجان. لێ گەلۆ، بە هەزاران لە ژن و پیاوەکانیان چوونە قوتابخانە و خولە پیشەییەکان، فێرە ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکان، بەخێوکردن و پەروردەکردنی پەلەوەر، تەنەکەچی و ئەلەکترۆنی بوون، منیش هەرگیز لە سەیرکردنی ئەو ڕەوتە بەردەبازەی گواستنەوەی ئەوان بۆ پیشەکان ماندوو نەدەبووم. تەکانی هەر یەکێک لەوان بۆ سەرکەوتن بوو لە پیشەکەیدا؛ هێزی وەزارەتی کار چووەپاڵ وەزارەتی خۆشبژێوی کۆمەڵ، وەزارەتی خوێندن، سوپا، هیستادروت و ڕێکخراوی خۆبەخشە دێرینەکان وەک ORT(ڕێکخراوی گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی لەڕێگای مەشقەوە)، کە جووەکانی هەندەران ئۆباڵە داراییەکانی خستبووە ئەستۆ. ئێمە بە یەکەوە فشار و دنەمان دەدان، تا ئەوکاتەی ڕاهێنراوەکان جلوبەرگیان درووی، ئەڵماسیان لە کارخانە پیشەسازییەکاندا پوختە دەکرد، بوونە بەشێک لە تیم و تراکتۆریان لێخوڕی. ئەمەش سەرباری ئەو هەوڵ و کۆششە بێوچانەی جەنگ دژی نەخوێندەواریی و فێربوونی زمانی عیبری.

ئەوە بوو شاری نوێ لە سەرتاسەری ئیسرائیلدا وەک دۆمبەلان لەنێو خاکدا هەڵتۆقین و سەریان دەرهێنا. هەموو شارەکان وەک لەسەر نەخشەکێشرابوون وا نەهاتنەوە، هەندێکیشیان شکستیان خوارد، بەڵام هەندێکیان سەریان دەرهێنا و گەشەیانکرد و دەستکەوتێکی گەورەی نەخشەکێشان و ئاکنجییەکانی بوون، لە دروستکردنی هەمووشیاندا جێدەستی حکومەتی پێوەدیاربوو. یەکێک لەو شارە نوێیانە کیرات شمۆنا لە لای هەرە باکوور لە سەروی گالیلیادا هەمیشە جێسەرنجم بوو، لەوانەیە لەبەر هەڵکەوتە دڵڕفێنەکەی بێ یاخود لەبەر ئەوە بووبێ، کە من هەر لە سەرەتاوە سەرباری هەموو ئاستەنگییەکانی بەردەمیشی، دڵنیابووم کە کیریات شمۆنا هەر دروست دەبێ. هەرچۆنێک بێ پەیوەستبوونی من بە ئەوێوە لە ١٩٤٩دا، هەرگیز فەرمییانە نەبوو.

ژیان وەک ئۆردوگایەکی گواستنەوە دەستیپێکرد، ئەو مایابارایانەی لە کەوێڵی[100] تەنەکە دروستکرابوون، ئەو کۆچبەرانەی بۆ خۆڕاکێشا، کاتێ لە فرۆکە و گەمییەکان دادەبەزین، هەر بە ڕاستیش نەیاندەزانی لە کوێن و بۆ لەوێن. ئەو ئاواییانە دوور بوون لە تەلئەبیبی دڵگیر و دڵکێش. تەنانەت هیچ شارێکیشیان لە نزیکەوە نەبوو، بەڵکو هەر چەند کیبۆتێک و رەز و باخچەکانیان بوون. شوێنەکەمان لە نزیک زۆنگاوەکەی دۆڵی هولە ئاواکردەوە، بەڵام خۆ حکومەت بڕیاریدا مەکۆیەکی شارستانی لەوێ بنیاتبنێ، تا ببێتە داینەمۆی ناوچەنشینێکی نوێ بۆ کۆچبەران. ئێمە بۆ ماوەی چەندان هەفتە سەرمان بەسەر نەخشەی جوگرافیا و نەخشەی بیناسازییدا دەگرت و هەوڵ و تەقەلامان ئەوەبوو پێداویستیە ئایندەییەکان دابین بکەین. ئەو ئاواییەی مائابار جێگەی شارێکی سەرەتایی گرتەوە. قوتابخانە، مەکۆ جڤاکییەکان، چرا و ڕووناکی پیشەسازییانە، تەنانەت مەلەوانگەش لە ئاوایی کیرات شمۆنا دروستکرا، ئیدی نەخشەیەکی وردی هەموو شتێک تا دوا دەرزی دانرا و لە چاوەڕوانی کاردانەوەی کۆچبەرە نوێکاندا بووین، کە لەوێدا بژین. بەڵێ دیمەنەکە دڵڕفێنانە بوو، کەشەکە سازگار بوو، بەڵێ پێمگوترا خانووەکان بەرێکوپێکی قیت کرانەتەوە؛ بەڵام تا بڵێی گۆشەگیریانە بوو، بایی هەمووانیش ئیشوکاری تێدانەبوو. جووە ئەوروپاییەکان گوتیان کەوا ئێمەتان لە ناوجەرگەی شوێنێکی لاپەڕگەدا فڕێداوە، هەرچی جووە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بوون بە ڕوونی نیشانیان دا گوایە ئێمە بە زۆری و بە خێرایی شێوەژیانێکی نوێمان بەسەردا سەپاندوون، گوایە شێوەژیانی کۆنینی ئەوان بەلاوەنرا و ڕەفتاری هاوولاتی نمرە دوویان لەگەڵدا کراوە.

لەوێ بەردەوام کۆچ و گەڕانەوەی دانیشتوان هەبوو، هەر جارێکیش دەچوومە کریات شمۆنا، گوێم لە سکاڵاکانیان دەگرت و بارە نالەبارەکەیانم دەدیت، بە لیستە پێشنیازەوە دەگەڕامەوە ئۆرشەلیم، ئەوەندە پارەشمان نەبوو دەربەستی جێبەجێکردن بێ. ئەوەش زۆر دڵی دەشکاندم، کە لەوێ

[100] کەوێڵ: کۆڵیت، کوخ. وەرگێڕ.

خانوومـــان بە چ حاڵێــک تەواودەکــرد، کەچــی چــۆڵیش بــوو، بەڵام ئــێمە باربوومـان زیـادکرد بـۆیە پـۆل پـۆل کـۆچبەری نـوێی بـۆ هـاتن و لەوێ گیرســـانەوە. ئەوان دوای شــــەڕی شــــەش ڕۆژەش هەر لەوێ مــــانەوە، ئاشکراشــە کیریـات شـمۆنا ببـووە جێنیشـانەی ڕۆکێـت و گـوللەی عەرەبە تیرۆریستەکان، کە لەسـەر سـنووری لوبنـانەوە ئۆپەراسـیۆنەکانیان ئەنجـام دەدا؛ تەنـانەت لەم دواییەنەشـدا عەرەبە تیرۆریسـتەکان دزەیـان کـردە نـاو شارەکە و خەڵکیان کوشت. هەر کاتێک پێمکرابا، دەگەڕامەوە کیرات شـمۆنا، لە گۆڕەپانی ناو شارەکە لەگەڵ هەندێ لە بە تەمەنەکان دەمەتەقێمـان دەکرد و باسوخواس و چیرۆکی ئەو ڕۆژانەمـان دەگێڕایەوە، کە پێمـان وا بـوو ئەو شـوێنە هەرگیـز ئـاوەدان نـابێتەوە. ئەمەش وەنەبـێ مـن چیـدیکە بە لیسـتی پێشـنیازەکانەوە نەگەڕێمەوە، نە دەچـوومە ئەوێ؛ یـاخود تەنـانەت ئەمـڕۆش پارەی تەواومان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی هەمـوو شـتێکی تێدا مسـۆگەر ببێ.

لەوانەیە هەنـدێک شـت ببێـتە مـایەی سەرسـامی "شـارە بنیـاتنراوە" ئیسـڕائیلییەکان بەتـایبەتیش بـۆ ئەوانەی پێیـان دەگـوترێ چەپـی نـوێ: لەنێو باقی خـانوو و نشـینگەکان، کە ئێمە لەو حەوت سـاڵە تەنگانـانەدا دروسـتمان کـردن، هەروەهـا بەشـی عەرەبەکانیشـمان دروسـتکرد، چونکە ئێمە لەبـارەی هاووڵاتییـــانی ئیســـڕائیل قســـەمان دەکـــرد، ئـــێمە مەبەســـتمان هەمـــوو هاووڵاتییەکانی نێو سنوری دەوڵەتی ئیسڕائیل بوو. هەر کاتێک بکەوتبامـایە مشتومڕ لەگەڵ ئاکنجیانی کریـات شـمۆنا یـان شـوێنەکانی دیکەی هاوشـێوە، ئەوا بەردەوام، لەنێـــو ئـــاپۆراکەدا هاوارمـــان بە ســـەردا دەکـــرا بەوەی عەرەبەکانمـان باشـتر داڵـدە داون. هەڵـبەتە ئەوەش ڕاسـت نەبـوو، هەروەهـا ئەوەش هەر ڕاست نەبوو- زۆریش شـەڕانگێزیانە بـوو- کە دەگـوترا گـوایە ئــێمە عەرەبەکانمــان پشــتگوێ خســتون. ڕاســتییەکەی ئەوەبــوو ئــێمە ئەو خانووانەی، کە عەرەب لە هەڵاتنی ١٩٤٨ەوە بەجێیان هێشتبوو، بە پێی توانـا بــۆ کــۆچبەرە نوێکانمــان بەکارهێنــا، هەرچەنــدە کەلوپەلەکانمــان لە ژێــر چـاودێرییەکی تـایبەتیەوە بۆ گەڕاندنەوە. لە هەمـان کاتیشـدا ئێمە بەبڕی دە ملیۆن پاوەنـدمان بـۆ خـانوبەرەی نـوێی عەرەبەکـان تەرخـانکرد و ئاڵوگۆڕی

خانووەکانیشمان بۆ ئەو عەرەبانە کرد، کە لەئیسرائیلدا مانەوە و لە ئاکامی شەڕەکەدا بۆ شوێنێکی دیکە گواستبوویانەوە. هاوار لە بارەی سەوداکردنمان لەگەڵ سامانە بەجێمابووەی عەرەبەکان لێ بەرزبووە- هەرچەندە باشترین ڕێگەی هەڵسوکەوتن کردنیش بوو- ئەوە بوو لە ١٩٥٣دا قانونی دەستکەوتنی زەویمان دەرچواند، بەهۆیەوە بە لای کەمی دوو لەسەر سێی هەموو عەرەبەکان، ئەوانەی داوایان بەرزکردبووە، قەرەبووکرانەوە. سامانەکانمان دانەوە، یان لەبریدا سامانی دیکەمان دانێ و کەسیش بۆ جێبەجێکردنی داواکەی ناچار سوێندی دڵسۆزی پێ نەخورا.

هەر کاتێک ئەوە دەخوێنمەوە یان گوێم لێدەبێ، گوایە ئێمە دڵڕەقانە لەگەڵ عەرەب جووڵاوینەتەوە، خوێنم دەکوڵێ. لە نیسانی ١٩٤٨دا بە خۆم لەسەر کەناری حەیفا بە چەندان سەعات وەستابووم، بە واتای وشەوە تکام لە عەرەبەکان دەکرد و لێیان دەپاڕامەوە شارەکە چۆڵنەکەن. لەوەش پتر ئەو دیمەنەم پێناچێ هەرگیز لە یاد بچێتەوە. هاگانا دەستی بەسەر حەیفادا گرت، عەرەبەکانیش چۆڵیانکرد، چونکە سەرکردەکانیان وا لەبلەبانانە دڵنیایان کردبوون، کە ئەم ڕەفتارەی چۆڵکردنە باشترین و ژیرترینیانە و بەریتانییەکانیش بەخشندانە بە دەیان ترومبێلی بارهەڵگریان بۆ ئەو مەبەستە خستبووە بەردەستیان. هەرچەند بو هەر چییەک هاگانا گوتی و کردی دادینەدا، هاگانا بە بڵندگۆی سەر ڤانەکانیان بانگیان بۆ راهێشتن و بڵاونامەیان بەناو گەڕەکە عەرەبنشینەکان بڵاوکردەوە (بە عەرەبی و عیبری تێییدا نوسرابوو: "تکایە مەترسن! بە ڕۆیشتنتان هەژاری و شەرمەزاری بەسەرخۆتاندا دێنن. لە شارەکەدا، کە هی خۆتان و ئێمەیە بمێننەوە") ئەوەش لە لایەن کرێکارانی جووی ئەنجوومەنی حەیفاوە واژۆکرابوو. ڕەوایە قسەیەکی ژەنەراڵێکی بەریتانی سێر هەگ ستۆکوێل کە فەرماندەی هێزەکانی بوو بهێنینەوە، گوتبووی: "سەرکردە عەرەبەکان سەرەتا دەرچوون، ئیدی هیچیان تێدانەما و بووە مایەی ترسوتۆقین." ئەوان بڕیاریان دابوو بڕۆن. سەدانیان لە سنوور پەڕینەوە، بەڵام هەندێکیان خۆیان گەیاندە کەناری دەریا و چاوەڕێی بەلەمیان دەکرد. بنگۆریۆن بانگی کردم و پێی گوتم: "دەمەوێ تۆ هەر ئێستا بچیتە حەیفا و سەیری ڕەوشەکە بکەی و ئاگاداری ئەوە بیت،

ڕەفتـــاری دروســـت و گونجـــاو لەگەڵ ئەو عەرەبـــانەدا بکـــرێ، کە لەوێ مـاونەتەوە. هەروەهـا دەمەوێ هەوڵـی ئەوە لەگەڵ ئەو عەرەبـانە بـدەی، کە چوونەتە سەر کەناری زێ بەڵکو بگەڕێنەوە نێو ماڵوحاڵی خۆیان. پێویستە ئەوە لە مێشـکیان بچەسـپێنی، کە نـابێ لە هـیچ شـتێک بترسـن." ئیـدی مـن دەسـتبەجێ چـوومە ئەوێ. لەوێ لەنێویاندا لەسـەر لێواری زێیەکە دانیشـتم، لێیـان پـاڕامەوە بگەڕێنەوە سـەر ماڵوحـاڵی خۆیـان، بەڵام ئەوان تەنیـا یەک وەڵامیان لابوو: "ئێمە ئەوە دەزانین، کە هیچ ترسێک لەگۆڕێدا نییە، بەڵام هەر دەبێ بڕۆین. ئێمە هەر دەشگەڕێینەوە." مـن سـوور دەمزانـی ڕۆیشـتنیان لە ترسـی ئێمە نەبـوو، بەڵکو لەوە تۆقیبـوون گونـاحی ناپاکییـان لەسـەر "دۆزی عەرەب" بدرێتە پاڵ. من زۆرم ڕست بەڵام دادی نەدا، ڕیسـەکەم لـێم بـووەوە خوری.

ئەرێ گەلۆ، بۆ دەمانەویست ئەوان بمێننەوە؟ دوو هۆی باش بۆ ئەم پرسـە هەبـوون: یەکەمیـان دەمانەویسـت –بە بێ گوێدانە دەهـۆڵ و زوڕنـای سەرکردە عەرەبەکان– بۆ جیهانی بسـەلمێنین، کە دەکرێ عەرەب و جـوو بە یەکەوە بژین، دووەمیشیان سەد لە سەد دەمانزانی ئەگەر نیو ملیۆن عەرەب فەڵەسـتین جێبهێڵـێ، ئەوا ئاشـوب و تەنگژەیەکـی ئـابووریی مەزن لە وڵاتـدا دروستدەبێ. ئەوەش دەمباتە سـەر دۆزێکـی دیکە، دەبـووایە سەروسـەودای لەگەڵدا بکەم. مـن دەبـووایە زۆر جـاران لە بەرانـبەر ئەو پرسـیارە بوەسـتم، ئاخۆ هەر بە ڕاستی چەند عەرەبی فەڵەستینی لە ١٩٤٧ و ١٩٤٨دا ماڵوحاڵیان جێهێشــــــتووە. بەرســــــڤەکەش ئەوەیە: بە لای هەرە زۆرەوە دەوروبەری ٥٩٠.٠٠٠ کەس. لەو ژمارەیەشــدا ٣٠.٠٠٠یــان ڕاســتەوخۆ دوای بڕیــاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە تشرینی دووەمی ١٩٤٧دا بۆ دابەشکردنی فەڵەستین ڕۆیشــتن، ٢٠٠،٠٠٠ی دیکەیــان لە میــانی زســتان و بەهــاری ١٩٤٨دا (لە نێویشیاندا ئەو ژمارە زۆرەی ٦٢،٠٠٠ عەرەبی حەیفا بوون) ماڵەکانی خۆیان جێهێشـــت؛ دوای دامەزرانـــدنی دەوڵەتـــیش لە ئـــاداری ١٩٤٨دا و دوای لەشکرکێشی عەرەب ئیدی ٣٠٠،٠٠٠ی دیکەشیان هەڵاتن. ئەوەش بە ڕاستی تراژیـدیایەک بـوو، ئاکامەکەشـی هەر کێفەڕات بـوو بـۆ خـۆی؛ بەڵام بە لای

کەمیــیەوە بــا بــۆ هەمــوو لایەک ئەو ڕاســتیەی ئەوێ ڕۆژێ و ئێســتاش ڕوونببێــتەوە. جەختکــردنەوەی عەرەبەکــان گــوایە بە "ملیۆنــان" پەنــابەری فەڵەســتینی هەن، هەروەک ئەو داوایە نــاڕەوایە وایە گــوایە ئــێمە ئەوانمــان دەرکــردوون. پرســی "پەنــابەرانی فەڵەســتینی" کە بەرەنجــامی خواســتی عەرەبەکان (هەوڵەکانیان) بوو بۆ ڕوخاندنی ئیسرائیل. ئەوان[101] هۆکارەکە نەبوون. هەڵبەتە هەندێک جووش لە یوشیڤدا هەبوون بڵێن، تەنانەت لە ١٩٤٨دا کۆڕەوی عەرەبەکــان باشــترین شــت بــوو بــۆ ئیســرائیل، بەڵام مــن دەزانم هیچ ئیسرائیلییەکی جدی بە لای ئەم هەستەدا نارِوا.

ئەو عەرەبانەی لە ئیسرائیلدا مانەوە ژیانیان خۆشتربوو لەوانەی لێی دەرچــوون. بە دەگــمەن گونــدێکی عەرەبنشــینت لە ١٩٤٨دا دەدۆزیــیەوە، کە کارەبای هەبێ و پرۆژەی ئاوی بۆ ڕاکێشرابێ. لە ماوەی بیست ساڵیشدا بە دەگــمەن گونــدێکی عەرەبانــت دەدۆزیــیەوە بە کارەبــای نیشــتمانییەوە گــرێ نەدرابێ، یان ماڵێک بۆڕی ئاوی بۆ ڕانەکێشرابێ. کاتێک وەزیری کــار بــووم، کــاتێکی زۆرم لەو گونــدانە بردەســەر، بەوەش دەگەشــامەوە، کە شــتمان بــۆ دەکــردن هەروەک چــۆن بە نە مــانی مائابــارۆت دڵشــاد دەبــووم. دەنگــۆ و بەنــدوبا و شــتێک بــوون و ڕاســتییەکانیش شــتێکی دیــکە. مــن بــووم-نەک ئەنــدامانی چەپــی نــوێ- کە وەزیــری کــاربووم، ڕێگاوبــانم دەکــردنەوە و ســەردانی یەکە خــانووبەرە نوێیەکــانی گونــدە عەرەبییەکــانم لە ســەرتاســەری ئیســــرائیلدا دەکــرد. یەکێــک لە یــادەوەرییە پەســــندەکانی ئەو ســــەردەمم لە گوندێکی گالیلیا بوو، پێویستیان بە ڕێگالێدان بوو، چونکە ئەوێ گردبوو، لە کاتێکــدا گونــدەکە لەدامێنــی گــردەکە بــوو، ئــاوبردنیش لەو گــردەوە شــتێکی گاڵتەنەبوو. بۆیە ڕێگەمان لێدا، کاتێکیش لێی بوینەوە، ئاهەنگێک بەو بۆنەیەوە ســازکرا، تیایــدا ئــاڵا هەڵــدرا و دوان دران. ئیــدی لەوێ لەپــڕ ئــافرەتێکی گەنــج چووە سەر سەکۆ تا بدوێ، ئەمەش لەنێو عەرەباندا باو نەبوو. ئافرەتەکە لە بــن کراســێکی پەمەیــی درێــژدا زۆر جــوان دیــاربوو، وتەیەکــی ناسکیشــی

---

[101] واتە پەنابەرەکان-وەرگێڕ

پێشکەشکرد. ژنەکە گوتی: "ئێمە دەمانەوێ سوپاسی وەزارەتی کار و وەزیرەکەی بکەین، کە ئێش و ئازاری پێیەکانی پیاوەکانمانی سووککرد، بەڵام حەزیشمان لێیە داوا لە وەزیر بکەین، ئاخۆ دەکرێ ئێش و ئازاری سەری پیاوەکانیشمان کەم بکاتەوە." ژنەکە بە شێوەیەکی شعرئامێز قسەکانی هۆنیبووەوە، مەبەستیشی ئەوە بوو بڵێ پرۆژەی لوولەکێشی ئاویان بۆ ڕابکێشرێ، تا چیدیکە ئاو بە دەببە و جەلیکان لەسەر سەر و ملی خۆیان دانەنێن بۆ گواستنەوە، تەنانەت دوای دروستکردنی ڕێگا نوێیەکەش، دوای ساڵێکی دیکە و لە ئاهەنگێکی دیکەدا چوومەوە ئەوێ، ئەمجارەیان من سەری شێرە(بەلوعەکان)م بادا!

هەر لە هەمان کاتدا بوو پۆستی وەزیری کارم لەدەستدا. لە ١٩٥٥دا هەڵبژاردن کرایەوە. ماپای زۆر مەراقبوو سەرۆک شارەوانی تەلئەبیب سەر بە پارتی کرێکاران بێ و بنگۆریۆنیش بڕیاریدابوو، منیش تاکە بەربژارم دەرفەتی دەرچوونم هەبێ. زۆریش پێی خۆشحاڵ نەبووم، نەمدەویست دەستبەرداری وەزارەتەکە بم، بەڵام کە کار هاتە سەر بڕیاری حزب، هەستمکرد ڕێگەی دیکەم لە بەردەمدا نییە. بە بنگۆریۆنم گوت: "پێویستە لەوە تێبەگەی ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ، کابینەکە جێبهێڵم."

لە وەڵامدا گوتی: "شتی وا لە گۆڕێدا نییە، لەپاڵ ئەوەدا دەتکەینە وەزیرێکی بێ هەگبە."

پێمگوتەوە : "نەخێر. ئەگەر من ببمە سەرۆکی شارەوانی، ئەوا هەموو کاتەکەمی بۆ تەرخان دەکەم."

زۆرم لێ تووڕە بوو، بەڵام خۆشبەختانە ئێمە لە ئەنجوومەنی شارەوانی تەلئەبیبدا زۆرینەمان نەهێنا. لەو کاتەش هەڵبژاردنەکەم لەوێ بەندبوو بە دوو پیاو کە سەر بە بلۆکی دینییەوە بوون، یەکێکیان ڕەتیکردەوە دەنگ بۆ ژنێک بدا، بۆیە نەکرامە سەرۆکی شارەوانی و بەردەوام بووم لەگەڵ وەزارەتی کاردا، هیواشم وابوو بۆ چەندین ساڵی دیکە لەوێ بمێنمەوە.

هەرچەندە بە شێوەیەکی کەسەکی ئاهێکی خۆشیم هاتەوەبەر، بەڵام لەو ڕاستییەش نیگەران بووم، کە بلۆکە ئاینییەکە –لەدوا چرکەساتدا– وایان ڕەفتارنواند و ئەو ڕاستییەیان قۆستەوە کە ئەز ژنم، وەک ئەوەی ژنانی ئیسڕائیل بەشی تەواوی خۆیان لە بنیاتنانی دەوڵەتی جوودا نەبووبێ. ئاخر هەر لەبەرایییەوە هیچ نشینگەیەک لە نەقەب یان گالیلیا نەبوو ئافرەتی تێدا نەببوبێ. وەک ئەوەی نوێنەرانی ئەو بلۆکە دینییە لە کنێسێت لەگەڵ ژنان دانەنیشتبن، وەک ئەوەی ئامادەیی ژنانیشیان لە ئاژانسی جوو و ڤائاد لیومی نەپەژراندبێ. ڕەتکردنەوەی من بە سەرەک شارەوانی لەبەرئەوەی ژن بووم، تاکتیکێکی سیاسییانە بوو. من زۆرم بێز لێ دەبووەوە و بە بێ ڕتوشیش ئەوەم گوتووەتەوە.

پرسی ئۆل– بەو واتا فراوانەی لایەنی رابەڕە کڵێسایی بگرێتەوە– ناوبەناو لە پەنجاکان سەریهەڵدەدا. ئێمە بڕیارمان دابوو لەگەڵ بلۆکی دینیی نەکەوینە شەڕێکی کراوە (ئەگەر بکرێ خۆی لێ بە دووربگرین)، چونکە ئێمە سەرەڕای ژانەسەری تایبەتیمان، ئاستەنگمان لەپێش بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا و ئەوساش تەقینەوەی وا لەئارادابوون، کە قەیرانی کابینە لە ئانوساتدا بی. ئەوە بەسە بگوترێ، ڕێگەیەکی ئاسان بۆ دۆزینەوە نەبوو، پێگەی ئایین لە نێو دەوڵەتی جوودا نەبوو. من ئەوکات باوەڕم وابوو، تا ڕادەیەک ئێستاش هەروایە.

یەکێک لەو نوکتانەی لەو ڕۆژگارەدا کە لەنێوان ئیسڕائیلییەکان دەگێڕدرایەوە، هی پیاوێک بوو بە ئۆخژنێکەوە دەیگوت: "ئێمە دوو هەزار ساڵ چاوەڕێی دەوڵەتی جوو بووین، ئەوەش بۆ من بەدیهات!" پێم وابێ بۆ هەمووان–هەرچەندە زۆریش ڕاگوزەرانە بێ– لە سەرەتای ساڵەکانی دەوڵەتەوە ناوبەناو هەمان هەستمان هەبوو. هەرچۆنێک بێ لەو کاتەی هیچ شتێک لە ئیسڕائیلدا مەنگ و وەستاو نەبوو، بنگۆریۆن لە ١٩٥٦دا نەخشەیەکی نوێی بۆ هەبوو.

# ١٠

# مافی بوون

بەر لەوەی باسی ئەو نەخشەیەی بۆ من داندرابوو بکەم، پێویستە هەندێک شت لەبارەی بنگۆریۆن ڕوون بکەمەوە. کاتێک من وەزیری کار بووم، بنگۆریۆن —لە ڕوی جەستەیی و ڕۆحییەوە کەنەفت ببوو- بڕیاریدابوو دەست لە پۆستی سەروەزیری و وەزیری بەرگری هەڵبگرێ. ئەو بیست ساڵەی دوایی بە تەواوی شەکەتی کردبوو، داوایکرد دوو ساڵ لەسەر شانۆ نەمێنێ.

پێوستی بە کەش گۆڕینێک هەبوو، بۆیە چووە سدی بۆکر، کە کیبۆتێکی بچکۆلەی نەقەب بوو، زۆر لە بیرشیباوە دوور نەبوو. پێی گوتین دەیەوێ لەوێ دیسان وەک پێشەنگەکان بژیێ، خۆی بۆ خۆسازاندن لەگەڵ ئەو سروشتە وشک و دڕە، وەک ئەندامێکی نشینگەیەکی هەرەوەزی بسازێنێ. هەواڵەکەش وەک هەورەبروسکەیەک وابوو. لێی پاڕاینەوە نەچێتە ئەوێ، چونکە هێشتا زۆر زوو بوو، دوڵەت تازە پێنج ساڵ تەمەنی بوو؛ هێشتا بە تەواوی ئەوانەی لە تاراوگە بوون، نەگەڕابوونەوە؛ دراوسێکانی ئیسرائیل هێشتا هەر لەگەڵمان لە شەڕدا بوون. کاتەکە هی ئەوە نەبوو بنگۆریۆن پشت لە وڵاتەکەی بکا، کە داوای ڕابەڕایەتی و سروشپێدانی بۆ سالانی پتر لێ دەکرد. بە ڕاستی جێی بڕواکردن نەبوو بڕوا. لێ گەلۆ ئەو بڕیاریدابوو. بڕوا؛ هەرچی بشمانگوتبا کاری تێ نەدەکرد. موشێ شارێت کە هەگبەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی لا مابووەوە، بووە سەروەزیریش. لە کانونی دووەمی ١٩٥٤دا بنگۆریۆن چووە سدی بۆکر (لەوێ تا ١٩٥٥دا مایەوە، کاتێکیش گەڕایەوە نێو ژیانی گشتیی سەرەتا وەک وەزیری بەرگری

پاشـان بـووەوە سـەرۆوەزیر و شـاریتیش هەر وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی جاران مایەوە).

شاریتی سـەرۆوەزیر هەر هەمـان پیاوە زیـرەک و بە ئاگاکەی جاران بوو. دەبێ پێ لەوە بنێم، کە سـەرکردایەتی ئەو بـۆ ماپای ڕێز و پێزانینێکی زۆری بـۆ پەیـداکرد -زۆرێـک لە ئـێمە زیـاتر شـاریتمان بە دڵ بـوو لەوەی بنگۆریـۆن- هەر کـاتێکیش بە ڕاسـتی گرفتێـک هەبـووایە، ئەوا خەڵـک بـۆ پرسـوڕاوێژ ڕووی لە بنگۆریـۆن دەنـا - بە شـارێت خۆشـیەوە. کـاتێکیش بنگۆریۆن چووە سدی بۆکر بەردەوام سـەردان و نامەبـاران کـرا- شـوێنەکە شـەوانە بووبـووە بەناوبـانگترین شـوێنی ئیسـرائیل- و هەرچەنـدە بنگۆریـۆن وەک شوانە فەیلەسوفێکی سـادە بیری لەخـۆی دەکردەوە، کە لە کیبـۆتەکەدا نیـــوەی ڕۆژی بە شـــوانێتی بەرخ بەســـەردەبرد و نیـــوەی دیکەشـــی بە خوێنـــدنەوە و نووســـین، ئەو هێشـــتا هەر دەســـتی بە بنبـــاڵی دەوڵەتەکەوە گرتبوو. ئەوەش بە ڕای من لە ژێر بارودۆخەکەدا شتێکی حەتمی بـوو، بەڵام ئەوەی کێشەی نایەوە ئەوەبـوو سـەربـاری ئەو هەمـوو سـاڵە دوورودرێژانەی هاوڕێبوونیشیان، بنگۆریۆن و شارێت بە ڕاسـتی بە یەکەوە نەسـازان. ئەوان لە بنەمای کەسایەتییدا دوو کەسـی جیاوازبوون، هەرچەنـدە هەر دووکیشـیان دوو پیاوی بە جۆشی سۆشیالیست و زایۆنیست بوون.

بنگۆریـۆن مەیـدانیی بـوو، پیاوێـک بـوو بـاوەڕی بە کـردەوە هەبـوو زیاتر لە ڕوونکردنەوە، باوەڕی وابوو ئەوەی لە دواییدا دەیخوا —هەمیشـەش هەر ئەو پرســـە بـــووە- ئەو شـــتەیە کە ئیســـڕائیلییەکان دەیـــکەن و چۆنیشـــی دەکەن، نەک بەوەی کە جیهـــانی دەرەوەی ئیســـڕائیل چـــۆن بیردەکـاتەوە، یـان چییـان لە بـارەوە دەڵـێ. یەکەمـین پـرس کە لە خـۆی —لە ئێمەشـی-کردبـێ لەبـارەی هەر دۆزێکـی ئەوێ ڕۆژێ کە دەهـاتەپێش: "ئایـا ئەمە بۆ دەوڵەتەکە باشـە؟" مەبەستیشـی: "ئایا لە مەودایەکی دوور ئەو شتە بۆ دەوڵەت باشە و گونجاوە؟" لە ئەنجامدا مێژوو لەنێو چاوی کارەکانەوە بڕیار لەسـەر ئیسـڕائیل دەدا، نەوەک لەسـەر ڕوونکـردنەوە و دیپلۆماسـی، بە دڵنیاییشەوە نەوەک لەسەر ئەو وتارە مەیلدارییانەی لە ڕۆژنامە جیهانییەکان لە بارەیەوە دەنوسرێن. هەر بوونێک بتەوێ —یاخود بونێک سەلمێندرابێ یان

نا- ئەو شتە بایەخدارە نەبوو لای بنگۆریۆن. ئەو بیری لە دەستەواژەکانی سەروەری و ئاسایش، یەکبوون و تەکانی ڕاستەقینە دەکردەوە و حیسابی بۆ ڕای جیهانیی تەنانەتڕرای گشتییش بە شێوەیەکی ڕێژەیی وەها دەکردەوە، کە لە بەرانبەر ئەوی دیکەدا زۆر گرنگ نەبێ.

لە سەرێکی دیکەوە شارێت، بە شێویەک خەمی ئەوەی دەخوارد ئاخۆ سیاسەتداڕێژەران لە شوێنی دیکە چۆن لە هەمبەر ئیسرائیل کاردانەوەیان دەبێ، دەبێ چی بکا تا دەوڵەتی جوو لە بەرچاوی وەزیرانی کاروباری دەرەوەی دەوڵەتان و نەتەوە یەکگرتووەکان شیرین بکا. وێنەی ئیسرائیل و بڕیاری وەزیرانی دەرەوەی وڵاتان –نەوەک مێژوو یاخود مێژوونوسانی ئایندە- لای ئەو پێوەرگەلێک بوون کە لەبەرچاوی بوون، زۆر جار لەسەری دەڕۆیشت. پێم وا بوو بە ڕاستی ئەو ئەوەی بۆ ئیسرائیل دەویست، کە بە پێشکەوتنخواز، و نەرمڕەو و دەوڵەتێکی ئەوڕوپیانەی شارستان ڕەفتار بنوێنێ، کە هیچ ئیسرائیلییەک هەرگیز بەخۆیدا نەشکێتەوە.

خۆشبەختانە بۆ ساڵانێکی زۆر، تا ١٩٥٠ هەردووکیان بە باشی لەگەڵ یەک کاریانکرد و هاوکاربوون. شارێت بە زگماک کەسێکی دیپلۆمات و دانوسانکار بوو. بنگۆریۆنیش بە زگماک جەنگاوەر و سەرکردەیەکی نەتەوەیی بوو. بزووتنەوەی زایۆنزمیش بە گشتیی هەروەک بزووتنەوەی کرێکاری لەو بەهرە تێکەڵییەی هەردووکیان سودمەندبوو؛ تەنانەت دەمەوێ بڵێم ، لە جیاوازییە زۆرەکەی میزاجی هەردوکیشیانەوە هەر سودمەندبوون. ئەوان لە یەک نەدەچوون، بڕادەری ڕاستەقینەی یەکدیش نەبوون؛ بەڵام ستایشی یەکدییان دەکرد، هەڵبەتە لە ئامانجە بنگەییەکەدا هاوبەش بوون. دوای دامەزراندنی دەوڵەتیش بنەما ناکۆکییەکانیان تەشەنەی کرد یان لەوانەیە زیاتر بەرچاو کەوتبێ و کاریگەرتریش بوو. هەرچۆنێک بی کاتێ بنگۆریۆن لە ١٩٥٥دا لە سدی بۆکر گەڕایەوە (لەبەر هۆگەلێک دواتر باسیان دەکەم)، گرژی و ناکۆکبوونیان زیادبوو تا گەیشتە خاڵێک، ئیدی لەگەڵیان هەڵنەکرد.

بوارە سەرەکییەکەی ناکۆکی نێوانی ئەو کاتیان، پرسی تۆڵەکردنەوەی ئیسرائیلییەکان بوو لە کارابوونی تیرۆریستەکان. شارێت

هەروەک بنگۆریۆن بڕوای بەوە هەبوو، دەبێ دزەکردنی باندە چەکدارییە عەرەبییەکان بۆ ناو سنوور بوەستێندرێ، بەڵام بەتوندی لەسەر شێوازی کاردانەوەکە ناکۆک بوون. شاریت کردەی تۆڵەکردنەوەی بە لاوە نەنابوو. لێ لە زۆرینەی ئێمە پتر بڕوای وابوو، کە کاراترین شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕەوشە دژوارەکەدا دەبێ، بە بەردەوامی ئەوپەڕی گوشار بخرێتە سەر زلهێزەکان، تا ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیان ئەوپەڕی فشار بخەنە سەر دەوڵەتە عەرەبییەکان، بۆ ئەوەی دەست لە دنەدان و کۆمەککردنی باندە دزەپێکراوەکان هەڵبگرن. بە شێوەیەکی گونجاو ناڕەزایی و سکاڵادەربڕین بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بنێردرێ، بە ڕوونی و لێهاتوویی زانیاریی بدرێتە دەیپلۆماتەکان، دووبارە و چەندبارە دۆزەکەمان بۆ جیهان نمایش بکرێ، بەم شێوازە شاریت دڵنیابوو لە دواییدا هەوڵەکان سەردەگرن. بە پێچەوانەوە پێی وا بوو کاردانەوە و تۆڵەی سەربازییانە ئیسرائیل دەخاتە بەردەم ڕەخنە و گازاندەی زیاتر و پێگەشمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییدا دەخاتە بارێکی نائاسودە. ئەو سەد لە سەد لەبارەی ڕەخنە و گازاندەکان ڕاست بوو. ئەو گلەییانە لە ڕەشەبایەک پتربوون؛ ڕەخنەکان وەک تۆرنادۆ وابوون. هەر کاتێک هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل تۆڵەی لە دزەکاران کردبایەوە- هەندێک جار بە ناچاری عەرەبی بێتاوانیش دەکەوتنەبەر و برینداردەبوون یاخود لەگەڵ تاوانباراندا دەکوژران- ئیدی ئەو لەبەر ئیسرائیل زۆر خەمی لەو کردەوە "دڕندەییانە" دەخوارد.

کەچی بنگۆریۆن هێشتا بەرپرسیارێتییەکەی خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەردەم سەرۆک دەوڵەتانی ڕۆژئاوا یان دادگای جیهانییدا نەدەبینی، بەڵکو لە بەردەم هاووڵاتییە ڕەشوڕوتەکانی دەبینی، کە لە نشینگەکانی ئیسرائیلدا دەژین و بەردەوامیش دەکەونە بەردەم پەلاماری عەرەبەکانەوە. ئەو باوەڕی وابوو ئەرکی حکوومەتی هەر دەوڵەتێک بە پلەی یەکەم و سەرەکی بەرگری لە خۆکردن و پاراستنی هاووڵاتیەکانێتی، ئەوەش بە بێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ لە دەرەوە چ کاردانەوەیەک سەبارەت بەو بەرگریلەخۆکردنە دێتەئارا. شتێکی دیکە هەبوو، زۆر جێ بایەخی بنگۆریۆن بوو: دەبێ ئەوە فێری هاووڵاتیانی ئیسرائیل –کە خەڵکانێکی هەمەجۆری

زمان و کلتور بوون- کرابێ کە هەر بە تەنیا حکوومەت لە سەقامگیرکردنی ئاسایشیاندا بەرپرسە. ئاشکرایە ئەوە ئاسانبوو کە ڕێگا بە دروستبوونی چەندان دەستەی وریای دژەتیرۆر بدرێ و چاو لە تۆڵەسەندنەوەی تایبەتییانەیان بپۆشرێ و بە ئاشکراش ئۆباڵی بەرەنجامی هەموو ڕوودایکی نەخوازراویشیان بدرێتە پاڵ. بەڵام ئەمە ڕێکاری ئێمە نەبوو. ئەو دەستەی بۆ ئاشتی بۆ عەرەبمان درێژکربوو، هەروا بە درێژکراوەیی مایەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا منداڵی کشتیارەکانی گوندەکانی سەرسنوور دەبووایە شەوانە بە ئارامی بخەون. ئەگەر تاکە ڕێگاش دەستکردنەوە بووایە لە مۆڵگەی ئەو باندە عەرەبییانە، خۆ دەبووایە شانی بدرابایە بەر.

لە ساڵی ١٩٥٥دا، چەندان دژەپەلاماری سزادان کران، کە هەموویان لە تۆڵەی ئەو باجی کوشتنانە بوو کە دامان، لەتۆڵەی داچاندنی ڕێگاکان بە بنەتەقە[102] و بۆسەی ناکاوی سەر جادە و بانەکانمان بوو. ئەو دژەکردەوانەش تیرۆریان کۆتایی پێ نەهێنا؛ بەڵام نرخێکی گرانبەهامان بە ژیانی نشینگەکان دا و ئەوەشی فێرە ئیسرائیلییەکان کرد، کە دەکرێ پشت بە هێزی چەکدارییان ببەستن. ئەوان بە لای کەمییەوە لە دواییدا بۆ نیوەی دانیشتوانە نوییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە جیاوازی هەیە لە نێوان ژیان لە وڵاتێکی پڕ ئازار و ژیان لە وڵاتێک کە هی یەکێک بێ. بۆ بەدبەختیش ئەم درزە بە شێوەیەکی بەرفرەوان خزمەتی لێکترازانی نێوانی بنگۆریۆن و شارێتیشیان کرد، چونکە تا دەهات شارێت لەگەڵ کارداناوە و دژە پەلامارەکان ناکۆک بوو.

دوای ماوەیەک بنگۆریۆن چیدیکە بە ناوی یەکەمی کەسییەوە بانگی شارێتی نەدەکرد، بەڵکو وەک لایدەیەک ڕەفتاری لەگەڵدا دەنواند. شارێت بە دەست ساردی و سڕییەکەی بنگۆریۆنەوە زۆرئازاری چەشت. ئەو بە ئاشکرا هیچی لەو بارەیەوە نەدرکاند، هەرچەندە کە دەچووە ماڵی خۆی لاپەڕەکانی ڕۆژمێرەکەی پڕدەکرد لە لێکدانەوە تووڕە و ئاگرینەکانی سەبارەت بە ئاکار و بەدڕەفتاریی بنگۆریۆن. لە ١٩٥٦دا شتێکی وا

[102] بنەتەقە: مین، لوغم.

هاتەپێشـەوە، کە ماپای بە دوای سکرتێرێکی گشـتیی دیکەی خۆیدا بگەڕێ. بنگۆریۆن بڕیاری دابوو، کە پۆستەکە پڕ بە پێستی من بێ. پرسیاری ئەوەی لێکـردم ئایـا ئیشـەکەم پـێ چـۆنە و پێشـنیازی ئەوەی کـرد، لە ئۆرشـەلیم کۆبـوونەوە دەکـرێ و لەگەڵ هاورێیـان ئەو باسوخواسـە تاوتوێـدەکرێ. هەمووان وەک یەک بۆ ئەو پرسە پەرۆش نەبوون؛ ئەوەش ئەوەی دەگەیاند، کە دانە ڕۆژێـک بـۆ حـزب بـم و دانەکەی دیـکەش بـۆ وەزارەتـی کـار، مـن ئامادەکاری ئەوەم کرد پرسەکە و بڕیاردانەکە بۆ حزب جێبێلم، بۆیە زۆر بە تاسەوە گوێم لە دەمەتەقێکان گرت. بە دڵنیاییەوە نەمدەویست وەزارەتەکەم ڕادەستی کەسێکی دیکە بکەم، بەڵام لە سـەرێکی دیکەشـەوە خەمـی ئایندەی ماپـام بـوو(کە لە هەڵبژاردنـی ١٩٥٥دا بـاری شـڕ بووبـوو). بیـرم لەوە دەکـردەوە، کە ئەنـدامێتی دەبـێ لەوەی هەیە پتـر بەرفـرەوان بکـرێ، ئەو مەترسییەی لەسـەر ماپای لە لایەن هەردوو باڵی توندڕەوی چەپ و ڕاست هەبـوو، ئەوەی خواسـت کـارێکی چڕوپـڕی بـۆ سـەرکردایەتیەکەی بـوێ و بنگۆریـۆنیش پتـر شـانی بـداتەبەر. ئەوە بـوو لە نێـو کۆبـوونەوەکەدا و لە پڕێکەوە گوێم لێ بوو، شارێت بە گاڵتەوە گوتی: "زۆر باشـە، ڕەنگبێ من ببمە سکرتێری گشتیی حزب." هەمووان بێجگە لە بنگۆریۆن بەم ڕاگەیاندنە پێکەنـین، هەنـدێک سـەرمان کـردە سـەر نـوکتەکەی شـارێت. پـێم وا نیـیە کەسمان هەرگیز کارێکی وای کردبێ داوا لە بنگۆریۆن بکا، شارێت بخاتە دەرەوەی کابینەی حکومەتەوە؛ کەچی ئیدی دەرفەتەکە خۆی خۆی نمایشکرد و بنگۆریۆنیش لەو کەسانە نەبوو، هەرگیز دەرفەت لە دەست بدا.

بنگۆریۆن دەستبەجێ گوتی" زۆر چاکە، بیرۆکەیەکی نایابە! دەکرێ ماپای پێ ڕزگار بکرێ." باقی ئامادەبووان هەراسان بوون، کەمێک دایانە دواوە، بەڵام لە نـوارین و بیرکـردنەوەی دووەمـدا پێـدەچوو بیـرۆکەکە بـۆ حـزبیش بـاش بـێ. ئیـدی تـا دەهـات کۆبوونەوەکـانی کـابینەکە دەمەقـاڵەی جیاوازی بۆچوونەکانی سیاسـەتی نێوان بنگۆریۆن و شارێت پتر کراوەتر دەبوون، هەرچەندە چارەسەرێکی لەبلەبانیانەش نەبوو-یان هەر هیچ نەبێ وا پێدەچوو- لە سـۆنگەی کەمبـوونەوەی فشـاری هەمـووان بـۆ سـەریان بـووە مـایەی مشـتومری بەردەوامـی نێوانیـان. دوای یەک دوو ڕۆژ بنگۆریۆن لێـی

پرسیم: "ئایا تۆش پێت وا نییە، کە وا باشترە مۆشێ ببێتە سکرتێری گشتیی حزب؟"

منیش دەمویست زیاتر بزانم:" بەڵام ئایا کێ دەبێتە وەزیری کاروباری دەرەوە."

بە هێواشی وەڵامی دامەوە: "تۆ".

سەرەتا نەمتوانی بڕوا بە گوێکانم بکەم. ئاخر ئەوە هەرگیز بۆ من نەبووە، تەنانەت ئەگەرێکی ئەوپەڕ دووریش بووە، هەروەها لەوەش دڵنیا نەبووم ئاخۆ دەمەوێ لەگەڵ ئەو بارە هەڵبکەم یان نا. لە ڕاستیدا من تەنیا لە یەک شت دڵنیا بووم: نەمدەویست وەزارەتی کار بەجێبێڵم، ئەوەشم بە بنگۆریۆن گوت. هەروەها ئەوەشم پێگوت، کە من بەم شێوازە نامەوێ بچمە جێگەی شارێتەوە. خۆ بنگۆریۆن گوێی لە ناڕازیبوونەکەی من نەگرت. گوتی "هەر ئەوەیە" و ئیدی هەر وەهاش دەرچوو.

شارێت زۆر داخ لە دڵ بوو. پێم وابێ هەمیشە وای دانابوو دەبووایە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، کە لە لایەوە خۆشەویستبوو، ڕەتکەمەوە؛ دەکرا دوایی بنگۆریۆن ملکەچ بووبایە، بەڵام ئەو لەو ڕووانینەدا شاش بوو. گرژیی نێوان بنگۆریۆن و شارێت هەرگیز نەدەڕەوییەوە، ئەوە زۆر درەنگ کەوتبوو، هەرچەندە شارێت تا ماوەیەکی درێژیش پەی بەوە نەبرد. ئەوە بە تەنیا هەر ئەوکاتە بوو، کە ئەو دوو هاوڕێ نزیکەی شارێت، زالمان ئارانا و پینچاس سابیر پێیان گوتبوو، مەگەر دەست لەکابینەکەی هەڵبگرێ دەنا بنگۆریۆن جارێکی دیکە خواحافیزی لە هەمووان دەکا، ئەوسا شارێت چووە بن بار و سەلماندی. جارێکیان لیڤی ئەشکۆل گوتی؛ "بنگۆریۆن وەک سەرۆوەزیر بە لای کەمەوە لە سێ لەشکر بۆ ئیسرائیل باشترە." ئەوەش ئەو پێوەرە باشەی نمایشی بنگۆریۆنی ئەوکات بوو، ئیدی شارێت سەلماندی. هەڵبەتە دواتر لە چەند بۆنەیەکدا ئەوە درکێنرا، گوایە بنگۆریۆن بۆیە خۆی لە دەست شارێت قوتارکرد، تا بتوانێ هەڵمەتی سینا بە بێ منگەمنگی شارێت بە ئەنجام بگەیەنێ، بەڵام من لای خۆمەوە خاترجەم بووم، کە ئەو "پیلانە" لە گۆڕێدا نەبووە. چیرۆکی پەیوەندییەکەیان لەوێوە کۆتایی پێنەهات. شارێت بۆ ماوەیەکی کەم لە ژیانی گشتیی دوورکەوتەوە، بووە سەرۆکی ئاژانسی

جـوو. لە ١٩٦٠دا کاتێـک ئەوەی پێـی دەگـوترا تەقینـەوەی گۆبەنـدی لاڤـۆن. شارێت —بەرلەوە نەخۆش کەوتبوو. لە دواییشـدا لە ١٩٦٥دا کوشـتی- بووە یەکێـک لەوانەی زۆرتـرین ڕەخـنەی لەوە گـرت، کە بنگۆریـۆن لێـنەگەڕا "گۆبەندەکە" بە شێوەیەکی سروشتی سەربنێتەوە.

ئەوەی ڕاسـتی بـێ، باسوخواسـی گۆبەنـدی لاڤـۆن هـاتەپێش، هەر چەنـدە نوسـین لەبـارەی بابەتەکەشـەوە مـایەی بێزارییە، بەڵام پێویسـتە پتـر لەبـارەیەوە بـدوێم. بنەڕەتـی پرسـەکە بـۆ ئەو هەڵە کوشـندەیەی ئاسایشـی ئەرکی سیخوڕێتی لە میسر لە ١٩٥٤دا (کارەسات لەوەدایە نەتوانی لەبارەی جێبەجێکـردنەکە بـدوێی) دەگەڕێـتەوە. ئەوەش لەو کـاتەدا بـوو، کە شـارێت سەرۆوەزیر و وەزیری کاروباری دەرەوە بوو. وەزیرە نوێیەکەی بەرگری کە لە لایەن بنگۆریۆن خۆیەوە داندرابوو، پینچـاس لاڤۆن بـوو. یەکێک بـوو لە بەتوانـاترین یـان بە لای کەمییەوە لە خۆگرترین ئەنـدامانی ماپـای، پیـاوێکی کەشـخە، ڕۆشـبیرێکی ئـاڵۆز و هەمیشـەش کـۆترێکی مەزن بـووە، بەڵام هەر کاتێک سـەروکاری لەگەڵ پرسـە جەنگییەکان کردبا، ئەوا دەبووە هەڵـۆیەکی هەرە بەجۆش و هەڵمەتبەر. زۆر لە ئێمە لەو بڕوایەدابووین، نـاوبراو بـۆ ئەو کـارە زۆر هەسـتیارە ناشـێ. ئەو ئەزمـوونێکی پێویسـتی لەو بـوارەدا نەبـوو، پێشـمان وا بـوو هێـزی پێویستیشـی بـۆ بریـاڕدان لەسـەر شـت نەبـوو. نەوەک هەر مـن بەڵکـو زالمـان ئـارنە و شـاول ئـاڤیگور و چەنـدان هـاوڕێی دیکەمـان -بێهـودە- هەوڵیـان لەگەڵ بنگۆریـۆن دا بـۆ دانـانی جێگرەوەیەکـی دیـکە. هەروەک ڕەوشـی ئاسـاییانەی خـۆی بیـروڕاکەی نەگـۆڕی. ئیـدی ئەو بەرەو سـدی بـۆکر ئـۆغری کـرد، لاڤـۆنیش جـڵەوی وەزارەتـی بەرگـری کەوتەدەست، بەڵام ئەو نەیتوانی لەگەڵ مۆشێ دایانی گەنج و شیمۆن پێرێز، کە دڵسـۆزی پەیـڕەوی بنگۆریـۆن بـوون، هەڵبکـا. ئەو کـات مۆشـێ دایـان سەرۆکی ئەرکان و شیمۆن پێرێزیش بەڕێوبەری گشتیی وەزارەتی بەرگری بـوو. ئەو دووە نە لاڤۆنیـان خۆشدەویسـت و نە متمانەشـتیان پێبـوو، ئەوەشـیان بە ڕوون و ئاشـکرا پـێ گوتبـوو، ئەویـش لە لای خـۆیەوە ئەوەی ئاشکراکردبوو، کە نایەوێ ببێتە سێبەری بنگۆریۆن، بەڵکو ڕێچکەی خۆی بۆ کارکردن هەیە. بۆیە هەر زوو تۆوی کێشەوبێشە چێنرا.

کاتێکیش کەتنەکەی ئاسایش، کە سەرەتای هەموو گۆبەندەکە بوو سەریهەڵدا؛ کۆمیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسەکە پێکهێنرا. من لەوە ئازاد نییم وردەکاری ڕووداوە ناخۆشەکە باس بکەم، یاخود من نامەوێ بیدرکێنم. پێم وایە ئەوەندە بەسە بگوترێ، لاڤۆن داوای هیچ شتێکی نەکرد تا لە ئۆپەراسیۆنەکە بزانێ و سەرۆکی هەواڵگریشی بەوە تاوانبارکرد، کە بە بێ ئاگاداری ئەو نەخشە و پلانی داناوە. کۆمیتەکە بە هەر شێوەیەک بێ نەگەیشتە بەرەنجامێکی ڕاستەقینە، بەڵام بە تەواویش گەردنی لاڤۆنی لە بەرپرسیاریتی ئەوەی قەوما، ئازاد نەکرد. هەر چۆنێک بێ، جەماوەر بە تەواوی لە قۆناخەکانی ئەرکە هەرە نهێنییەکە نابەڵەد بوو، ئەو چەند کەسەی پێشیان دەزانی وایان دانا ئیدی بەزمەکە کۆتایی هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا – بە بێ گوێدانە ئەوەی کێ تۆمەتبارە- هەڵەیەکی سامناک کرا. هیچ جێگرەوەیەکی دیکە بەدەر لە دەستلەکارکێشانەوە لە بەردەم لاڤۆندا نەمابووەوە، ئەوە بوو بنگۆریۆنیش لە سدی بۆکرەوە بانگکرایەوە سەر وەزارەتی بەرگری.

ئینجا دوای شەش ساڵ، جارێکی دیکە هەموو گۆبەندەکە- هەراوبەزمی نایەوە. ئەمجارەیان بووە شەرمەزارییەکی سەرەکی سیاسیی، کە بەرەنجامەکەی کاریگەرییەکی جەرگبڕ بوو بەسەر خودی ماپای. هەراوبەزمەکە بۆ چەندان مانگ بووە مایەی پەستی و بێزاریی جەماوەر، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ملی نا بۆ ترازانی نێوانم لەگەڵ بنگۆریۆن، هەروەها ملی نا بۆ دووەمین و دوا دەستلەکارکێشانەوەی ئەو وەک سەرۆوەزیر. لە ١٩٦٠دا لاڤۆن داوای ئەوەی کرد، گوایە بەڵگەی ساختە دراونەتە لێکۆڵینەوەی سەرەتا، تەنانەت بەڵگەنامەش ساختەکراون. لاڤۆن داوایکرد بنگۆریۆن بە ئاشکرا گەردنی ئازادبکا. بنگۆریۆنیش ئەمەی ڕەتکردەوە؛ ئەو گوتی خۆ لاڤۆنی هەر تۆمەتبار نەکردووە تا بێخەتای دەربهێنی. ئەوە دەبێ لە لایەن دادگایەکی قانونییەوە بکرێ. دەستبەجێش کۆمیتەیەک لەسەر ئەفسەرانی سوپا پێکهێنرا، کە لاڤۆن داوای لەسەر تۆمارکردبوون، بەڵام پێش ئەوەی کۆمیتەکە کارەکانی تەواوبکا، لاڤۆن

تەواوی پرسەکەی خستە بەردەم کۆمیتەیەکی گرنگی کنێست، لەوێشەوە گەیشتە میدیا.

بەشە هەرە زۆرەکەی دیکەی شەڕی لاڤۆن-بنگۆریۆن بە ئاشکرا کرا. لیڤی ئەشکۆل هەروەک خەسڵەتەکەی وا بوو، هەوڵیدا هەموو لایەکی خەمخۆر هێور بکاتەوە، بەڵام بنگۆریۆن لەبارەی لێکۆڵینەوەیەکی دادوەری سەرسەخت بوو. دیاربوو خۆی بۆ ئازاردانی نزیکترین هاوکارانی ئامادەکردبوو، ئەو حزبەش، کە ئەو ڕێبەرایەتی دەکرد دەیەویست کێشەکە بەو ڕێگایە چارەسەربکا، کە هەر خۆی پێی ڕاست بوو، حزب هەوڵیدەدا کێشەکە نەتەنێتەوە نێو سوپا و وەزارەتی بەرگری. بنگۆریۆن داوای پێواژۆیەکی قانونیانەی دەکرد، لە کاتێکدا ئەشکۆل و ساپیر و من هەوڵماندەدا کێشەکە ڕاستەوخۆ و گونجاوانە لە دووتوێی کابینەکەدا چارەسەربکەین. کۆمیتەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوە لە حەوت وەزیر پێکهێنرا، ئێمەش سوپاسگوزار بووین، کە بنگۆریۆن لەوەدا نارازی نەبوو، بەڵام کۆمسیۆنە وەزارییەکە کە بنگۆریۆن هیوای وابوو بەلای ئەودا بۆ لیژنە قانونیەکە بشکێننەوە، ڕایگەیاند پێویست بە هیچ ڕێکارێکی دیکە ناکا: لاڤۆن لە فەرماندەرکردنەکەدا، کە بووە مایەی کەتنە گەورەکە بەرپرسیارنەبووە؛ بۆیە کێشەکە چیدیکە پێویستی بە بەدواداچوون نەکرد. بنگۆریۆن بەمە ئاگری تێبەربوو، مشتومڕی ئەوەی دەکرد ئەگەر هاتبا و کۆمیتەکە لەوە دڵنیابا، کە لاڤۆن فەرمانەکەی دەرنەکردووە، کەواتە ئۆباڵی خەتاکە بە تەنیا دەکەوتە ملی سەرۆکی هەواڵگریی سەربازی. لەو کاتەوە، کە بەڵگەی سەلمێنەریش بۆ ئەوە نەبوون، تەنیا کۆمیتەیەکی دادوەری دەیتوانی بڕیاری ئەوەبدا ئاخۆ کێ بەرپرسیار بووە. لەوەش زیاتر ئەو گوتی، کە کۆمسیۆنە وەزارییەکە زۆر نارێکانە جووڵاوەتەوە. ئەوان ئەوەیان نەکردوە کە لێیان چاوەڕوان دەکرا، بەڵکو کردەی لاڤۆنیان پەردەپۆش کردووە و بە گشتیش ئەوە مایەی شەرمەزارییە. لە یانیوەری ١٩٦١دا دووبارە بنگۆریۆن دەستی لە کار کێشایەوە، لەسەر پێشنیازی خۆشی لیڤی ئەشکۆل کرایە سەروەزیر. بنگۆریۆنیش دەستی بە هەڵمەتی داواکردنی لێکۆڵینەوەیەکی دادوەرییانە کردەوە، بەڵام ئەشکۆل لە گۆبەندی لاڤۆن پڕبوو، بۆیە بیرۆکەکەی

بنگۆریۆنی بۆ لێکۆڵینەوەی سەرلەنوێ ڕەتکردەوە. بنگۆریۆن وەک کەسێک کە جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێ، وای لێهات. ئەو وای دانابوو دەبێ ئەشکۆل گوێڕایەڵی بێ، کەچی ئەشکۆل بیرۆکەکەی ڕەتکردەوە. ئیدی بەم شێوەیە ئەشکۆلی بەستەزمان و تەواوی پشتگیریکارانی لەنێو حزبدا بوونە ئامانجی تووڕەییە شێتگیرییانەکەی بنگۆریۆن.

منیش ناتوانم سەبارەت بەو شێوازە بێ بەزەییانەی بە دوای ئەشکۆلدا چوو یان بەو شێوە ڕەفتارنواندنە و قسەکردنانەی دەرهەق سەرلەبەری هەمووان بە منیشەوە لە بنگۆریۆن خۆش بم. ئەوەش هەروەک ئەوە وابوو ئەو هەموو ساڵانەی بە یەکەوە کارمان کرد، بە فیڕۆچووبێ. لە چاوی بنگۆریۆنەوە ئێمە ببووینە دوژمنی کەسیی، هەر لەبەر ئەوەش بوو ڕەفتارەکەی وا لێهات. دوای ئەوە ئێمە بۆ چەندان ساڵ یەکدیمان نەبینییەوە. من بیرم لەو هەستەم کردەوە، کە هەڵەبووم بەوەی لە ئاهەنگی لەدایکبوونی هەشتاساڵەی بنگۆریۆندا لە ١٩٦٩دا نەچووم (ئەشکۆلیش تیایدا خرابووە دەرەوەی بازنە)، هەرچەندە بنگۆریۆن تەتەرێکی تایبەتیشی بە دوادا ناردبووم. دەمزانی گەر داوەتنامەکە ڕەتکەمەوە ئازارێکی زۆری پێدەگەیەنم، بەڵام نەشمدەتوانی بڵێم بەڵێ. ئەو بە کردەوەکەی بە خراپی هەموومانی بریندار کرد، منیش نەمتوانی لە بیری بکەم. ئەگەر ئێمە وەک ئەوەی ئەو بۆی چووبوو، بە ڕاستی گەوج باین، باشە گەر مرۆڤ گەوجانە لەدایک ببێ، ئەوا هیچی لەگەڵدا ناکرێ و خەتای هیچ کەسیش ناگیرێ، بەڵام هیچ کەس بە زگماک گەندەڵ نییە، ئەوەش بە ڕاستی خەتابارکردنێکی سامناکانەیە! ئەگەر هەر سەرکردەیەکی دیکەی حزب ئامادەی چاوپۆشین بوایە لەو ڕاستییەی لە هێزری بنگۆریۆندا بوو یان بە شێوەیەکی دیکە، کە گوتی گوایە ئەوان گەندەڵن، ئەوا باش بوو. لێ گەلۆ، نە ئەشکۆل و نە منیش نەماندەتوانی وا خۆنمایش بکەین بەوەی هیچ نەقەوماوە. من ناتوانم مێژووو دابڕێژمەوە و ناشمەوێ درۆ لەگەڵ خۆمدا بکەم. من ئەوێ ڕۆژێ بۆ جەژنی لەدایکبوونەکەی نەچووم.

لە ١٩٦٩دا، کاتێک یەکەمین کابینەم پێشکەش بە کنێست کرد. بنگۆریۆن ئەو کات لە ماپای دابڕبوو. ڕافی (لیستی کرێکارانی ئیسرائیلی)

لەگەڵ مۆشـێ دایـان و شـیمۆن پێرێـزدا پێکهێنـابوو، دەنگـی نەدابـوو، بەڵام ڕایگەیاندراوێکی دەرکردبوو. بە کێنێستی گوتبوو؛ "بە هیچ شـێوەیەک گومـان لەوەدا نییە، کە گۆلدا مایر بۆ سەروەزیری لێهاتووە، بەڵام نابێ هەرگیز ئەوە لەیادبکـا، کە دەسـتی لەگەڵ هەنـدێ شـتی نـاڕەوا تێکەڵکـردووە." دیسـان چووبـووە سـەر گۆبەنـدی لاڤـۆن. لەگەڵ ئەوەشـدا لە دواسـاڵەکانی ژیانیـدا پێکهـاتینەوە. لە یـادی هەشـتا و پێنجەمـین سـاڵڕۆژی لەدایکبوونیـدا چـوومە سـدی بـۆکر، هەرچەنـدە بە فەرمـیش ئاشـت نەبووبـووینەوە، بەڵام دیسـان بووینەوە برادەر. ئەویش بە نۆرەی خۆی لە ١٩٧٣دا هاتە ئاهەنگەکەی حەفتا و پێنج ساڵەی لەدایکبـوونم کە سارا لە ڕیڤیڤم، لە کیبـۆتەکەی خـۆی بـۆی سـازکردبووم. هەڵـبەتە ئەو کـات بنگۆریـۆن، بنگۆریـۆنی جـاران نەمـابوو. ئـێمەش هەر هـیچ نەبـێ ئەو لێکتـرازانە ناپێویسـت و بەسـوێیەمان لەیەک گرێدایەوە- تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ هیچ ڕوونکردنەوەیەکی شایستەم بۆی نییە. ئەوەی باسمکرد زۆر بە کورتی گۆبەندی لاڤۆن بوو، ئەوەش یەکەمین ئەڵـقەی سـەربردەکە بـوو، کە لە ١٩٥٦یشـدا بـوومە دووەمـین وەزیـری کاروباری دەرەوە، بە دوامانەوە بوو.

هەر چەنـدە عـورفەکە وابـوو، کە ڕادەسـتکردنی وەزارەت بە فەرمـی بەئامادەبوونی وەزیری کۆنی ڕۆیشتوو و وەزیری نوێی هاتوو دەبوو، بەڵام شـارێت بە شـێوازیکی دیـکە وەزارەتـی بەجێهێشـت. ئەو بە تەنیـا ڕۆیشـت، بانگی سەرۆکی بەشەکانی کردبوو و خواحافیزی لێکردن. ئەوسا بـانگی منـی کرد، ببینم، بە سێ ڕۆژ هەموو شتێکی بە تەواوی تێگەیاندم، ئەو پێگـوتنە و مـاوەی ئەو سـێ ڕۆژە وەک ئەوە وا بـوو سـەرتاپای کاروبارەکـانم لە لایەن هەمووانەوە پێگوترابێ. ئەوە نموونەی شارێت بوو، کە هەموو شتێکی تا دوا وردەکـاری لەبـارەی وەزارەتەکەی دەزانـی، بە نـاوی کارمەنـدان و پاشـناو و کێشـە تایبەتییەکانیـانی هەمـوو ئەوانەی لەوێـدا کاریانـدەکرد. تەنـانەت نـاوی منداڵەکانیشـی دەزانـین، بەڵام پێشـی گـوتم، کە وا لە ڕۆژی یەکەمـدا لەگەڵـم نـایەتە وەزارەت. مـن دەبـووایە بە تەنیـا چووبامـایە ئەوێ. ئیـدی ڕۆژێکیـان خۆم بە وەزارەتدا کرد، هەستم بە دڵتەنگی کرد، بەتەواویش ئەو ڕاستییەم

دەزانــــی، مـــن دەچـــمە شـــوێنی پیاوێـــک، کە نەوەک هەر وەزارەتەکەی دامەزراندووە، بەڵکو لە ١٩٤٨یشەوە ڕابەرایەتی کردووە.

سێ مانگی بەراییم وەک وەزیری کاروباری دەرەوە، زۆر شادمان نەبووم. نەک هەر ئەوەبوو کە من وەک تازەکار بووم لەنێو شارەزا و پسپۆڕەکاندا، بەڵکو شێوازی شارێت لە هی منەوە جیاواز بوو، ئەو خەڵکەش کە هەڵی بژاردبوون کاریان لەگەڵدا بکا، هەرچەندە کەسانێکی خۆتەرخانکەر و بە توانا و ڕاستگۆبوون، بەڵام وەک پێویست ئەو جۆرە کەسانە نەبوون، کە من لە کاتی ئیشکردندا لەگەڵیان ڕاهاتبووم. زۆر لە باڵوێز و کارمەندە قاڵبووەکان لە زانکۆ بەریتانییەکان دەرچووبوون، شارێت پێیانەوە سەرسام بوو، کەچی پێڕی من نەبوون. هەروەها بۆ ئەوەی ڕاستگۆبم لەگەڵ خۆمدا هەندێک لەوان پێیان وا بوو بۆ ئەو پۆستە کەسی گونجاو نیم. بە دڵنیاییەوە من بەوە نەناسرابووم، کە دارشتن و گوتەی ناسکانەم هەبێ، یاخود زۆر خەمی بەزمی پرۆتۆکۆلییم هەبێ؛ ئەو حەوت ساڵەشم لە وەزارەتی کار بیرۆکەیەکی گونجاو نەبوو وەک پاشخانێک بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە. بەڵام دوای ماوەیەک هەمووومان لەگەڵ یەک ڕاهاتین. پێویستیشە ئەوە بڵێم، ئەو هەموو کارەی بە یەکەوە کردمان لەبەر ئەوە بوو، کە زۆر شت هەبوو دەبووایە شانی بدەینەبەر و بیکەین.

من لە هاوینی ١٩٥٦شدا وەزارەتی کاروباری دەرەوەم وەرگرت، لەو کاتەی چالاکییەکانی عەرەبە تیرۆریستەکان –بە تایبەتیش فیداییەکان (ئەو باندە چەکدارە پەلامارداەرانەی لە میسرەوە مەشقیان پێکرابوو پشتگیری دەکران)- گەیشتبووە تۆپکە و هی چاولێپۆشین نەبوو. بە شێوەیەکی سەرەکی فیداییەکان لە کەرتی غەززەوە ئۆپەراسیۆنەکانیان ئەنجامدەدا؛ بەڵام لە ئوردن، سوریا و لوبنانیش بنکەیان هەبوو. بە دەستی ئەوان جوو لە ناوچەرگەی ئیسرائیل وەک شوێنەکانی ڕێهۆڤۆت، لیدا، ڕامەڵا و یافا دەکوژران. دەوڵەتە عەرەبییەکان لەمێژبوو پێگەی خۆیان ڕوونکردبووەوە. نوێنەرێکی میسری لە ١٩٥١دا لە بەرانبەر بەرگریکردن لە ڕەتکردنەوەی ڕێگەدان بە کەشتییەکانی ئیسرائیل بەنێو نۆکەندی سوێس گوتی: "ئێمە مافی

جەنگ ڕاییدەکەین. ئاگربەست کۆتایی بە باری شەڕ نەهێناوە. ئاگربەستەکە مافی ڕاییکردنی شەڕیشی لە دەوڵەت قەدەخە نەکردووە." ئێمە بە باشی دەمانزانی کە ئەو "مافانە" بە تەواوی لە ١٩٥٥ و ١٩٥٦دا بەرزڕاگیران.

کۆلۆنێل جەمال عەبدولناسر، کە لە ١٩٥٢دا لە میسر دەسەڵاتی گرتەدەست، بووە یەکێک لە بە دەسەڵاتدارترین بچمەکانی جیهانی عەرەب. ڕاشکاوانە چەپڵەی بۆ فیداییەکان لێدەدا. پێی دەگوتن: "ئێوە سەلماندتان قارەمانن و هەموو وڵاتەکە لە پشتتانە. دەبێ گیانی خەباتکارانەتان لە نێو خاکی دوژمنەوە بڵاوبێتەوە." ڕادیۆی قاهیرەش بە زمانێکی ڕوون و ئاشکرا پەسنی بکوژەکانی دەدا. ڕادیۆکە دەیهۆنیەوە و دەیگوت؛ "شین و ڕۆڕۆ (وەیل) بۆ ئیسرائیل. ڕۆژی قڕکردنیان نزیک بووەتەوە."

نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ شتێکی کاریگەرانەی بۆ وەستاندنی سنووربەزاندنی فیداییەکان نەکرد. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان داگ هامەرشۆلد[103] لەوەدا سەرکەوت کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە بەهاری ١٩٥٦دا ئاگربەستێک ڕێکبخا، بەڵام کاتێ فیداییەکان سنووریان بەزاندەوە، لێیگەڕا کارەکە لە دەست دەربچێ و نەگەڕایەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین. من ئەمڕۆ دەزانم، کە تاقمێکی دینیی بچوک لە دەوری کەسایەتیی و ڕوانینی بەڕێز هامەرشۆلد گردبوونەتەوە، بەڵام من لایەنێک نیم لێیان. من زۆرجار ئەوم دەدی، ئەوەش دوای ئەوەی کە بنگۆریۆنی دەدی و بە یەکەوە بۆ ماوەی سەعاتێک و دووان لەگەڵ یەک سەبارەت بە بودایزم و بابەتەکانی دیکەی فەلسەفە دەدوان، بابەتەکان مایەی پەرۆشیی هەردوولایان بوون. ئەوسا لەگەڵیدا دەکەوتمە باسکردنی بابەتە گشتییەکان، وەک بەندێک لە ڕێکەوتننامەی ئاگربەستەکە، کە ئوردن سەرپێچی لێدەکا، یان لەبارەی ئەو سکاڵایانەی لە بەرانبەر نەتەوە یەکگرتوەکان هەمان بوون. سەیرنەبوو هامەرشۆلد پێی وا بوو بنگۆریۆن فریشتەیە، ئەوەش ئەستەم بوو بکەومە نێوانیانەوە. من هەرگیز ئەوم بە دۆستی ئیسرائیل دانەناوە، هەرچەندە هەوڵێکی زۆریشم دەدا تا وانیشان نەدەن، چاوەڕێی ئەوەم لێدەکرد درکی بە

[103] Dag Hammarskjold (١٩٠٥-١٩٦١) دووەمین سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان-وەرگێڕ

هەستم کردبێ بەوەی ئەو لەبارەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کەمتر بێلایەنانە دەجووڵایەوە. ئەگەر عەرەب نەخێریان بەرانبەر شتێک گوتبا، -کە هەمیشە هەر وایان دەکرد- ئەوا هامەرشۆلد چیدیکە لەسەری نەدەڕۆیشت. یو تانتیش (دەوڵەتمەداری بۆرمای کە بە دوای هامەرشۆلد بووە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان) زۆر باش نەبوو. سەرباری دۆستایەتی ئەو هەموو ساڵەی نێوان بورما-ئیسرائیل و ئەو پەیوەندییە گەرمییەی خودی یو تانت لەگەڵ دەوڵەتەکەمان و ئێمەدا، ئەو کاتەی ئەو بووە سکرتێری گشتی، ئێمە لە ڕۆژگارێکی زۆر سەختدا بووین. هەروەها ئەو بە ڕەهایی پێدەچوو ئەوەی بە ئەستەم زانیبێ بۆ ڕووسەکان یان عەرەبەکان بسەلمێنی، هەرچەندە ئەو هیچ ئاستەنگی وای نەبوو، کە لەگەڵ ئیسرائیلدا بە باشی بێتەوە.

هەر بەو بۆنەیەوە ئەوە هەموو شتێک بوو. بە دڵنیایەوە سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان لە کوشتنی ڕۆژانە، لە جەردەیی و کاری تێکدەرانەی فیداییەکان بەرپرس نەبوو. لە یەکێک لەو پەلاماردانانە دەستەیەکی ئارکیۆلۆگی بەرکەوت، کە لە ڕاشێکل راماتی نزیک ئۆرشەلیم کاریان دەکرد، لەوێ لەسەر سنووری ئوردنەوە تەقەیان لێکرا. چواریان لێ کوژران و زۆری دیکەشیان بریندداربوون. یەکێک لە چوار کوژراوەکان سەر بە خانەوادەکەم بوو. ئەویش خەزوری مناحیم و باوکی ئایا بوو. پیاوێکی دیار و زانایەکی جوامێر، لە ژیانیدا ئازاری بە کەس نەگەیاندبوو، لەبیرمە بە بێزراوی بیرم لە ڕەوشەکە دەکردەوە چۆن دنیا بەبێدەنگی ئەو کردەوە شێتانە لەژێر ناوی "مافی شەڕ" دەپەژرێنێ، کەچی لە ئاست "مافی ئاشتیشدا" قڕوکپن، بەڵام بە ڕاستی ئۆباڵی بەرپرسیارێتی – ئەوەش نەک بۆ دواجار- دەکەوتە سەر شانی ڕووسەکان.

لە ١٩٥٥دا ڕێکەوتننامەی نێوان چیکۆسلۆڤاکیا (بە یەکێتیی سۆڤیەتی بخوێنەوە) لەگەڵ میسردا وەک بەرەنجام ئەوەی لە خۆی دەگرت، کە بەردەوام و بێبڕانەوە میسر تفاقی جەنگی و کەلوپەلی ژێردەریایی و تانکبڕ و ماشینی سەربازهەڵگر لە چیکۆسلۆڤاکیاوە وەربگرێ. هەقبوو ئەوە بپرسرێ ئاخۆ چۆن لە هیکەوە یەکێتیی سۆڤیەت بڕیاری پڕچەککردنی

دەوڵەتێکی دا، کە ئەو مەیل و خواستەی نەدەشاردەوە وەک کۆلۆنێل ناسر دەیگوت "گەڕاندنەوەی فەڵەستینی داگیرکراو" چەکەکان بۆ ئەو مەبەستە بخاتەگەڕ. وەڵامەکەش لەوە دابوو کردەکە بە هیچ شێوەیەک سەرسوڕهێنەر نەبوو. لەو ململانێ جیهانییەی پەنجاکان (بە دەقاودەقیش ئێمە پێ پەرۆش نەبووین) کە بە جەنگی سارد ناسرا. هەردوو لایان، وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت لە مزایەدەی خۆنزیککردنەوە بوون لە وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتیش میسر. وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا لەو دۆستایەتییەیان لەگەڵ میسردا هەستیان بە نائاسودەییەک دەکرد، بەڵام یەکێتیی سۆڤیەت هەر گوێشی لێ نەبوو. ئەو ڕاستیەی کەوا یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستەکانی سۆڤیەت خەونی میسرییەکان بۆ تێشی[104] دووەمی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا بەدیبێنێ، ڕەوایەتییەکی بۆ ئەوان تێدابوو، ئەوەش لەوەدا خۆی دەگرتەوە، گوایە ڕووسەکان لەم کارەیاندا لەبەر بنەمای زایۆنیزم لەسەر حەق بن، چونکە وەک شەیتانیان دادەنا و دەبووایە لە هەر کوێیەک بێ سەرکوتبکرێ. بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە زایۆنیزم چەند شتێکی بەدفەڕە، ئەوا ئەوەی پێ دەگوترا پیلان و گەلەکۆمەی دکتۆرەکانی مۆسکۆی ١٩٥٣یان قۆستەوە. خەڵکی ڕووسیایان وەها تێگەیاند گوایە نۆ دکتۆر (بە لای کەمییەوە شەشیان جوو بوون) هەوڵیانداوە ستالین هەروەک چەندان لە سەرکردەکانی دیکەی سۆڤیەت بکوژن، بۆیە دادگایەگی بەدناویان وەک بەشێک لە هەڵمەتێکی دژەجوو لە یەکێتیی سۆڤیەتدا ڕێکخست.

پاشان شەوێکیان بۆمبێک لە باخچەی نوێنەرایەتی سۆڤیەت لە تەلئەبیب تەقیەوە. دەستبەجێ ڕووسەکان حکومەتی ئیسرائیلیان پێ تاوانبارکرد و پەیوەندییە دیپلۆماتیەکانیان لەگەڵدا بڕین. بکەچی تەنانەت دوای چەند مانگێک و نوێکردنەوەی پەیوەندییەکانمان پڕوپاگەندەی دژەسامیزم لە یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستخوازەکانی ڕووسیا نەبڕایەوە و بەردەوام پەنجەی تاوانیان بۆ زایۆنیزم ڕادەهێشت و سروودێک لە

[104] تێشی: گێمی، شەوتی.

چیکۆسلۆڤاکیا دەگوترا کە" زایۆنیست نۆکەری ئیمپریالیستە شەڕانگێزەکانە" و لەوێ هەڵمەتی دژی جووگەیشتبووە ئاستێکی نزم و بۆگەن.

سەرباری ئەو شتانەش- کە ئامادەکاری شاراوەی سۆڤیەت-عەرەب بۆ جەنگێکی دیکە لە ئارادا بوو- هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا چەکیان پێنەدەفرۆشتین. ئەوەش پرسێک نەبوو ئاخۆ چۆن و چەندان جار بە دەنگەوە لە دەرکەمان داون، بەڵام هەمیشە وەڵامەکە هەر نەرێیانە بوو، هەرچەندە لە دەستپێکی ١٩٥٦دا وڵاتە یەکگرتوەکان-هێشتا هەر داوای چەکفرۆشتنی بە ئێمە ڕەتدەکردەوە- ئاماژەیان بەوەدا، گەر هات و فەرەنسە و کەنەدا ئەو کارە بکەن، ئەوا قەیدیناکا. بەڵام فەرەنسە چاوەڕێی مۆڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەکرد. لەبەر هۆکارێکی تایبەت بە خۆیان، بڕیاری کۆمەککردنی ئیسرائیلیان دا، لەو کاتەشدا هیچ بەرپرسیارێتی و سنوورێک بۆ "بەخشندە"ییە بێسنورەکەی سۆڤیەت بۆ میسر نەبوو، ئیدی ئێمەش بە تەنیا نەماینەوە و لە ڕووی بەرگرییەوە دۆش دانەماین.

لە هاوینی ١٩٥٦دا کاتێک لە وەزارەت چوومە نێو نووسینگە نوێیکەم، یەکێک لە کارەکانم بۆ ئەوەی بە خانم مایەر بانگبکرێم و واتە مایەرسیۆن پتر ببێتە عیبری (مایر بە عیبری واتای ڕۆشنکردنەوەی دەگەیاند) ئەمەش هەر ملکەچبوونێک بوو بۆ داوایەکی بنگۆریۆن بۆ ئەوەی ناوی عیبرییانە هەڵبژێرین. جەمال عەبدولناسر هێمایەکی دراماتیکییانەی خۆی نمایشکرد. لە تەممووزدا نۆکەندی سوێسی خۆماڵیکرد! هەرگیز هیچ سەرکردەیەکی عەرەب کارێکی وەها سەرسوڕمێنی پێشتر نەکردووە و جیهانی عەرەبیش بە قووڵی کەوتە ژێر باندۆری ئەو پێشهاتە. دوای ئەوەی بووە دەسەڵاتدارێکی گەورەی جیهانی ئیسلامی، هێشتا یەک شت لە بەردەم ناسردا مابوو بیکا، ئەویش لەناوبردنی ئێمەبوو. لە شوێنی دیکەی دنیادا ئەو خۆماڵیکردنەی نۆکەندی سوێس بووە مایەی مشتومڕ و جێ مەراقی زلهێزەکان، بەڵام ئێمە لە ئیسرائیلدا خەمی پڕچەکبوون و بەهێزتربوونی میسر و سوریامان بوو، کە بەیەکەوە پەیماننامەیەکیان بۆ یەکخستنی سەرکردایەتی باڵایان مۆرکردبوو. ئیدی هیچ گومانێک لە مسۆگەریی شەڕدا نەمایەوە و دیسان میسر بووە نێچیری خەیاڵپڵاوی سەرکەوتن بە سەر ئیسرائیلدا، ئەو خولیا و

کەڵکەڵە و فەنتازیا نەمرییەی کەوا ناسر بە خۆی لە فەلەسەفەی شۆڕشی خۆیدا ئاماژەی پێکردبوو.

هەڵبەت پێشتر ئەدەبیاتێکی زۆر (هەندێکیان ڕاستی بوون و هەندێکیشیان ئەندێشاوی) لەبارەی هەڵمەتی سیناوە هەبوون، پێم وایە پشکهەبوونی منی تیادا زۆر سادە بوو، بەڵام دەبێ پێ لەسەر یەک ڕاستی دابگرم: بە چاوپۆشین لە شکستخواردنی هەوڵەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی نۆکەندی سوێس، شەڕەکەی ئیسرائیل لە ١٩٥٦دا دژی میسرییەکان تەنیا و تەنیا یەک ئامانجی هەبوو، ئەویش ڕێگرتن لە تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. هەڕەشەکە هی گاڵتەپێکردن نەبوو. وەک دواتر لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوتم؛ "تەنانەت ئەگەر کەسێکی دیکەش ئەوەی هەڵنەبژاردبا، ئێمە نیشانە و ئاماژەکانمان ناسیبوونەوە." ئێمە دەمانزانی کە دیکتاتۆریی- بەوانەی پلانەکانیشیان بۆ جیهان ڕتووش و جوان دەکەن- بە گشتی بەڵێنەکانیان دەهێننە دی، هیچ کەسێکیش لە ئیسرائیل دەرسوپەندەکانی تونی مەرگی لەیادنەچووەتەوە یاخود ئاخۆ قڕکردن واتای چی دەگەیەنێ. مەگەر ئێمە ئامادەباین بەرەبەرە بکوژرابایین یان بە یەک پەلامار لەناوبرابایین، دەنا دەبوو وایە دەستپێشخەریمان بکردایە، هەرچەندە هەر خواش دەیزانی، ئەمە بڕیارێکی ئاسان نەبوو بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکە درا. ئێمە بە نهێنی دەستمان بە دارشتنی پلانی هەڵمەتی سینا (لە ئیسرائیل بە ئۆپەراسیۆنی کادیش ناسرا) کرد.

فەڕەنسییەکان بۆ پڕچەککردنمان هاتنەپێشەوە و نەخشەی نهێنیشیان بۆ بە یەکەوەگرێدانی هێرشکردنە سەر نۆکەندی سوێس دانا. لە ئەیلوولدا داوایان لە بنگۆریۆن کرد نێردەیەک بنێرێتە فەرەنسا تا لەگەڵ گای مۆلێت[105] (کە سەرۆکایەتی حکومەتە سۆشیالیستەکەی فەڕەنسای دەکرد)، کریستیان پینیو[106] (وەزیری بەرگری فەرەنسە) کۆببنەوە. بنگۆریۆنیش داوای لە من

---

105 Guy Mollet

106 Christian Pineau

کرد وەک وەزیری دەرەوە بچمە پاڵ نێردەکە، کە پێکهاتبوو لە مۆشێ دایان، شیمۆن پێریز و موشێ کارمل ( وەزیری گواستنەوەشمان لە ماوەی جەنگی سەربەخۆییدا وەک ژەنەڕاڵیکی مەزن -فەرماندەی هێز- لە خزمەتدابوو). پێویست بەوە ناکات کە بڵێم تەنانەت لە چوونەکەمدا ئاماژەیەکیشم بۆ سارا نەکرد بەوەی سەفەرێکی دەرەوەم لە پێشە. ئەوەی ڕاستی بێ تۆ دەتوانی لەنێو خەڵکدا تەنیا حیساب لەسەر پەنجەکانی یەک دەست بکەی، بەدەر لەوانەی لە سەفەرەکە لەگەڵتدان، کە هەموو شتێک لەبارەی بیرۆکەکە و قۆناخەکانی دەزانن. بە ڕاستی ئەوەش نهێنییەکەی کونبڕ بوو. تەنانەت کابینەش کە لەبارەی ئەو هەوڵە سێ قۆڵیەی لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا ئاگادارکرایەوە کەچی وردەکارییەکەی هەڵمەتەکە تەنیا چەند ڕۆژێک بەر لە ڕوودانی پێیان گوترا، ئەوەش لە ٢٩ی تشرینی یەکەمدا بوو، بنگۆریۆنیش دوای کابینەکە هەواڵەکەی بە سەرانی ئۆپۆزسیۆن ڕاگەیاندبوو. بە کورتی هەموو کەسێک نەوەک هەر بە تەنیا ناسر لە کتوپڕی هەڵمەتەکە هێدمەگرتی بوو!

ئێمە لە فڕۆکەخانەیەکی نهێنییەوە بە فڕۆکەیەکی جەنگی شەپڕێوی فەڕەنسی بەرەو فەرەنسا فڕین. هەموومان بێدەنگ بووین، هەڵبەتە دەماریشمان گرژ بوو. کەسیش مێشی بە لای ئەوەدا نەچوو کە یارمەتی موشی کارمێل بدەین، چونکە کاتێک دەهاتە نێو فڕۆکەکە، خەریکبوو بکەوێتە سەر کەلێنی بۆمبەکان کە بە تەواوی سەریان دانەخرابوون. خۆشبەختانە توانی خۆی بگرێتەوە و بێتەوە ناو فڕۆکەکە، بەڵام لەو خۆڕاکێشانەوەیدا سێ پەراسووی شکان!

یەکەم هەنگاومان باشووری ئەفریقا بوو، لەوێ لە خانووییەکی فەرەنسیدا مێوانداریيەکی باش کراین و ژەمەخواردنێکی نایابیان داینێ. خانەخوێکەمان هیچ لەبارەی ناسنامەکانمانی نەدەزانی، لە بیرمە چەند بەوە سەرسام بوو، کە بینی ژنێکیش لەنێو ئەو ئەرکە نهێنییەدا هەیە. هەر چۆنێک بێ لەوێوە ڕووە و فڕۆکەخانەیەکی سەربازی نزیک پاریس فڕین تا لەگەڵ فەڕەنسییەکان کۆ ببینەوە. تەنانەت نەشپرژاینە سەر چوونە پاریس، لە بیرمە

له دایـان چەنـد تورەبـووم، ئەویـش خۆشـبەختانە شـتێکی وای کـرد کەس نەیناسـێتەوە. خـاڵی سـەرەکی دانیشـتنەکەمان کـارکردن بـوو لەسـەر چەنـدان وردەکاریی جەوهەری، بەوەی چۆن فەڕەنسییەکان ئاسمانی ئێمە بپارێزن، کە داوامان کردبوو. ئەمەشیان تەنیا یەکەمین جۆرە کۆنفرانسی لەم جۆرە بوو، یەکێکیشیان بنگۆریۆن بە خۆی تیادا ئامادە بوو.

له ٢٤ی تشـــرینی یەکەم و بە نهێنییەکـــی تەواوەوە دەســـتمان بە بانگکردنەوەی یەدەگەکانمان کردەوە. پێم وابێ چ جەمـاوەر و چ هەواڵگریـی میســریش ئەو ســەرنجەیان لا دروســت بــوو گــوایە لەبەر قۆشــەنی هێـزە چەکـدارەکانی عیراقــی کە شــوومانە بەرەو ئــوردن جــووڵاون (بەو زووانە چووبوونە ژێر سەرکردایەتی هاوبەشی سوری و میسری) ئێمە کەوتینە خۆ، جووڵانی بە کۆمەڵی هێزەکانیشمان بۆ سەرسنووری ئوردن هەر ئەو هێما و بەنـدوباوەی بـۆ ئەوان دەبەخشـی. هەفـتەیەک بەر لەدەسـتپێکردنی هەڵمەتـی سینا، کۆنفرانسێک بۆ باڵوێزەکان لە وەزارەتی کاروبـاری دەرەوەدا سـازدرا، لەوێشــدا چــاوم بە هەنــدێ لە گرنگتــرین نوێنەرانمــان کەوت، پــێش ئەوەی کـــــۆمەڵەی گشــــتیی نەتەوە یەکگرتووەکـــــان کـــــۆببێتەوە. ئەوان واتە باڵوێزەکان چوار ڕۆژ بەر لە هەڵگیرسـانی شـەڕ گەڕانەوە شـوێنی خۆیـان و بێ ئەوەی هیچیش لە بارەی پلانەکەوە بزانن. سـەبارەت بە شـاتێتیش، هەر وەزارەتم وەرگـرت، ئەو چووە هیندسـتان، لەوێ لەگەڵ جەواهیـر لال نەهـرۆ کۆ بووەوە، کاتێکیش هەڵمەتی سینا دەستیپێکرد، نەهرۆ بڕوای نەکردبوو، کە میـوانەکەی هیچـی لە بـارەوە نەدەزانـی. ئـاخر بە نهێنـی مـانەوەی تەواوی هەڵمەتەکە چارەنووسساز بوو.

ناوەنـاوە لە دوا هەفتە یـان دوو هەفـتە پێش دەستپێکردنی هەڵمەتـی ســـینا، لە بارەگـــای وەزارەتـــی دەرەوە کـــارم دەکـــرد یـــان تەقەلـــلای خۆڕێکخســتنەوەم لە بارەگـای حەوانەوەی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە دەدا (کە لە هاویـنـدا گواسـتبوومەوە ئەوێ). لەوێ هەر هــیچ نەبــێ خــۆم وەهــا بینیـیەوە حەز بـکەم لەبـارەی ئەو پێشـهاتەی کە لە ٢٩ی تشـرینی یەکەمـدا ڕوودەدا لەگەڵ کەسێک بدوێم. چ لەوە گۆشەگیرتر یان کەمتر سروشـتیانەتر نییە، کە ئادەمیزادێک نهێنییەک بپارێزێ؛ کـاریگەری بەسـەر ژیـانی هەمـوو

ئەوانەی لە دەوروخولییەوە هەن هەبێ، کەسێک ئەو کاتە دەتوانێ ئەو کارە بکـا، کە هەوڵێکـی وا بـدا بە دەربـێ لە توانـای کەسـێکی ئاسـایی. بـۆ هەر کـوێیەک دەڕۆیشـتم و هەر چیـیەکم دەکـرد هەرگیـز ئەوەم لەبەرچـاو لانەدەکەوت، کە هەرچەنـد ڕۆژێکـی دیـکە دەکەوینـەوە نێـو شـەڕ. مـن هـیچ گومانێکم لە بردنەوەی شـەڕەکە نەبوو، بەڵام سـەرکەوتنەکەمان چەند مەزن بووبا، ئەوا قوربانی گەورەشی لێدەکەویتەوە. کاتێک تەماشای سەڕووسیمای هەر کوڕە گەنجێکی وەزارەتم دەکرد، یان ئەو نەوجەوانەی کە ڕۆژنامەی بۆ دەهێنـام یـان ئەو وەسـتا و کرێکـارانەی لە شـەقامی بەرانبەرمـان کاریـان دەکـرد، ئەو سەرسـامییە دایـدەگرتم ئـاخۆ گەر شـەڕ قەومـا، ئەوان چیـان بەسەردێ. ئەوەش بە گشتی هەستێکی ساز نەبوو، بەڵام ڕێگایەکی دیکەمان نەبوو بە هۆیەوە لە دەست فیداییەکان دەربازبین، یان هێزە چەکدارەکانی میسـر تێبگەیەنـین، کە ئـێمە قوتنـادرێین. مـن دوا هەفـتە درێـژەکەی بەر لە ڕووداوەکەی تشـرینی یەکەم لەگەڵ سـارا، زەکەریـا و منـداڵەکانم لە ڕێڤـیڤم بردەسەر. شاول ئەو کات شەش مانگان بوو، زراسک(مەلۆتکە)یەکی جوان، لەو کــاتەی لەدایــک بووبــوو بە ئاســتەم دەمبینــی. هەوڵمــدەدا لە ڕێگــام بۆ کیبۆتەکە بیرلە جەنگ نەکەمەوە، بەڵام ئەوە مەحاڵ بوو. ئەگەر بێ شـتێک بە هەڵە بـڕوا و وەک خـۆی نەیەتەوە، ئەوا هەر لە ڕێـی نەقەب و لە خـودی ڕێڤیڤم دەقەومێ، لەوێوە دەکرێ لەشکری میسری پەلاماری ئیسرائیل بدا و تێکیبشکێنێ. من گەمەم لەگەڵ منداڵەکان دەکرد، لەگەڵ سـارا و زەکەریـا لە بـن سـێبەری دارێـک دانیشـتبووین، کە ڕڤێڤیم شـانازی پێوەدەکرد، ئێـواران لەگەڵ برادەرەکانیـــان دادەنیشـــت و وەک هەمیشـــە باســـی بـــارودۆخی ئیسـرائیلیان دەکرد، ئەوەش لە ئیسـڕائیل ئەوەی دەگەیانـد ئـاخۆ لەم سـاڵەدا چۆن ئیسڕائیلیەکان لە مەترسییە کوشندەکاندا دەرباز بین. هەموو کاتەکەش بیرم لە خۆم دەکردەوە: "ئەرێ تۆ بڵێی ئەوە پێویست بێ، کە هەمیشە هەروا بین، خەم لە منداڵەکان و نەوەکانمـان بخـۆین، هەر بکـوژین یـان بکـوژرێین؟" کەچی نەمدەتوانی ئاگاداریشیان بکەمەوە لەوەی کە لەپێشە ڕووبدا.

پێش ئەوەی ڕێڤیڤم جێبهێڵم و بەرەو ئۆرشەلیم بگەڕێمەوە، پیاوێکی گەنج هاتە پێشم. من بیچمەکەم ناسییەوە (ئەو کیبۆتنشینێکی سەردەمی کۆن

بوو)، بەڵام ناوەکەیم لەبیرنەمابوو. خۆی پێناساندم، ئەوەی ڕوونکردەوە، کە سەروکاری لەگەڵ ئاسایشی ڕیڤیڤم هەیە، ئەوەشی گوت، هەڵبەتە دەزانی کە شتێک دەقەومێ. ئەو وشەی "جۆشدانی" بەکارنەهێنا، بەڵام ئێمە بە باشی لەیەک تێگەیشتین. بە داوای لێبووردنێکی زۆرەوە پێی گوتم: "من دەزانم تۆ ناتوانی هەموو شتێکم لە لا بدرکێنی، بەڵام ئایا پێویست دەکا مەتەرێز لێبگرین؟"

سەیرێکی دەرورووبەری کیبۆتەکەم کرد، دیاربوو شوێنێکی کراوەیە و لە ناوجەرگەی نەقەبدا شوێنێکی قایم نییە، سەیرێکی نێوچاوە مەترسیدارەکانی پیاوە گەنجەکەم کرد و وەڵامم دایەوە: "پێم وابێ ئەگەر لە شوێنی تۆبام، وا مدەکرد." ئیدی سواری ماشینەکەم بووم و ڕۆیشتم. لە ڕێی گەڕانەوەم بۆ ئۆرشەلیم هەموو ئەو ئاماژانەی داواکردنەوەی یەدەگەکانم دیتن ئەوسا چ بە نامە، چ بە بروسکە یان بە تەلەفۆن، بە جلوبەرگی مەدەنییەوە سواری پاسەکان ببوون و بەرەو یەکەکانیان دەگەڕانەوە.

هەڵمەتی سینا بەگوێرەی نەخشەکەی خۆی لەگەڵ ڕۆژهەڵهاتنی ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم دەستپێکرد و هەر بەپێی نەخشەکەش لە ٥ی تشرینی دووەمدا کۆتایی پێهات. بۆ هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل، کە بەشێکی سەرەکییان لە یەدەگەکان بوون، بە شێوەیەکی سەیروسەمەرانە بە ڕیزبەندیی سەربازییانە و ماشێنی باربەری مەدەنییانە کەمتر لە١٠٠ سەعاتی خایاند تا سنوور ببڕن و تەواوی هێزەکانی میسری لە کەرتی غەززە و نیمچە دوورگەی سیناوە بگرن، کە ڕووبەری ناوچەکە دوو ئەوەندە و نیو لە خودی ئیسرائیل گەورەتربوو. حیسابی ئێمە لەسەر کردەی لەپڕ و ناکاو، خێرایی و شڵەژاندنی لەشکری میسرییەکان بوو، بەڵام هەر ئەو کاتەی بەخۆم بەرەو شەرەم ئەلشێخ فڕیم، کە دەکەوتە ئەوپەڕی باشوری سینا، لەوێشەوە بەناو کەرتی غەززەدا بە ترومبێل گەڕام، ئەوسا بە ڕاستی لە قەبەیی سەرکەوتنەکەمان تێگەیشتم، بەنێو ئەو ڕووبەرە بەرفرەوانەدا ئەو هەموو تانک و لۆریی بچوک و گەورە بارهەڵگرە، ترومبێلی تایبەت و تاکسی لە ماوەی حەوت ڕۆژدا پێیدا تێپەڕببوون. تێکشکانی میسرییەکان بێ ئەندازە بوو. مۆڵگە و لانەی فیدایییەکان پاککرانەوە. سیستمە مەحکەمەکەی

میسرییەکان بۆ بەرگریکردن لە سینا- قەڵا و سەنگەرە داپۆشراوەکانی بیابانیان- بە تەواوی لەکارخران. بە سەدان هەزار پارچە چەک و بە ملیۆنان گوللە و فیشەکی کەڵەکەبوو- کە زۆربەیان ڕووسی بوون- ئەوانەی لەدژی ئێمە عەمبار کرابوون، هەنوکە بە بێکەڵکی لەو گۆڕە کەوتبوون. سێ بەشی لەشکری میسری تێکشکێنرا. لەو ۳۰،۰۰۰ سەربازە میسرییەی کە مایەی بەزەیی بوون بەناو لمدا بەسەر لێشێواوی دەڕۆیشتن، ۵۰۰۰ سەربازییان بۆ ئەوەی لەدەست تێنوێتی دەربازیان ببێ، بە دیل گیران (لە دواییدا هەر هەموویان بە یەک سەربازی ئیسڕائیلی کە توانیبوویان بە دیلی بگرن، گۆڕدرانەوە)...

لێ گەلۆ، ئێمە جەنگی سینامان بۆ ناوچەداگیرکردن، تاڵان و بڕۆ، یان بەدیلگرتن نەکردبوو، ئەوەی ئێمە خەممان بوو، لە شەڕە براوەکەشدا هەر خواستمان بوو تەنیا ئاشتی یان بەلای کەم بەڵێنی ئاشتی بوو بۆ چەند ساڵێک یان پتر. هەرچەندە قوربانییەکانمان "کەمبوون" بە بێهوودە هیوامان وابوو کە ئەو ۱۷۲ ئیسڕائیلییانەی لەشەڕەکەدا کوژران (۸۰۰ کەسێکیش بریندار بوون) دوا قوربانی جەنگ بن، کە شینیان بۆ بکەین. ئەم جارەیان پێمان لەسەر ئەوە داگرت، دەبێ دراوسێکانمان بێنە ڕایێ، بینە سەر ئەو باوەڕە کە ئێمەش هەین.

هەڵبەتە شتەکان بە هەمان نیازی چاوەڕوانکراودا نەهاتنەوە. هەر چەندە ئێمە لە دژی میسرییەکان جەنگەکەمان بردەوە، کەچی فەڕەنسە و بەریتانیا هی خۆیان دۆڕاند، ئەوەش لە سایەی باری نالەباری نێو خۆیان، بە زۆریش لەبەر ئەو کاردانەوە نەرێیانەی جەماوەری فەرەنسا و بەریتانیای گەورە بوو، کە لە گۆشەنیگایەکی هێرشێکی ئیمپریالیستانەیان لێ ڕوانی، بەوەی بەسەر دەوڵەتێکی بێ خەتایان داداوە. من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم، کە پەلاماری ئەنگلۆ-فەڕەنسی بۆ سەر کەنالی سوێس خێراتر و کاریگەرتر دەبوو، ئەو شەپۆلە ناڕەزایەتییەی دەوڵەتەکانیشیان لە بەردەم ئەمری واقعدا کپ دەبوو، بەڵام ئەوەی بوو هێرشە بەیەکەوەییەکە شکستیهێنا، فەرەنسی و بەریتانییەکان بە زوویی و کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر گوشاری وڵاتە یەکگرتووەکان و سۆڤیەت داوای

دەستبەجێی کشانەوەیان لە بازنەی نۆکەندی سوێس کرد، کشانەوە. هەروەها ئەو داوایەشیان لە ئیسرائیلییەکان کرد تا لە نیمچە دورگەی سینا و کەرتی غەزەدا بکشێنەوە.

ئەوەش سەرەتای چوار مانگ و نیوی بێ وەنەوز و وەستانی شەڕی دیپلۆماسیی بوو کە دۆڕاندمان. لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو هەوڵ و تەقەللامان ئەوەبوو بڕوا بە نەتەوەکان بهێنین، ئەگەر هات و ئێمە بگەڕێینەوە هێڵی ئاگربەسی ١٩٤٨، ئەوا ڕۆژێکی دیکە سەرلەنوێ شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵدەگیرسێتەوە. ئەم خەڵکە، ئەم ملیۆنان خەڵکەی تەنانەت ئەمڕۆش هێشتا دەرکیان بەو ڕاستییە نەکردووە، کە خەباتی ئیسرائیل بۆ ئەوەیە تا لە ژیاندا بمێنێتەوە، ئەوان بە خێرایی سەرکۆنەی ئێمەیان کرد بەوەی نەرمتر نەبووین و بە خۆشی خۆمان نەگەڕاینەوە سنوورەکانی پێشووترمان، هەر جارێک شەڕمان پێ فرۆشرابێ، دەبووایە بیر لە ڕاستیی دوای پێشهاتەکانی ١٩٥٦ بکەینەوە ئاخۆ ئەگەر لە ژێر گوشار لە سینا و کەرتی غەززەدا بکشێینەوە، کەواتە دەستکەوتمان لە چییدا بوو. وەڵامەکەش هیچ شتێک نەبوو، تەنیا شەڕی پتر و هەر جارێکیش خوێناویتر و قوربانیدانی زیاتر لە هەڵمەتی سینادا. ئایا ڕێگەمان پێدەدرا لەو شوێنەدا بمێنینەوە تا میسرییەکان ئامادەی دانوستان بن لەگەڵماندا، ئەوسا مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر جیاوازتر دەبوو. کەچی گوشارەکان چڕتربوونەوە، لە کۆتاییشدا ئێمە ملمان دا. سەرۆک ئایزناهاوەر کە بە تەواوی لە لایەن هاوپەیمانە ئەوروپاییەکانی لە تاریکییدا هێڵرابووەوە، زۆر تووڕە بوو، گوتی ئەگەر ئیسرائیل بە یەکجاری نەکشێتەوە ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا پشتگیری سەپاندنی سزای سەرمان دەکا.

سەرچاوەی هەرە مەزنی گوشارەکان یەکێتیی سۆڤیەت، نەوەک هەر گەواهیدەر بوو بەسەر شکستە هەمەلایەنەکەی میسر- هەموو هاوکاریی سۆڤیەت دادی نەدا-بەڵکو توانی هەورێک بەسەر دۆزی داگیرکردنی هەنگاریاشدا بهێنێ و پەردەپۆشی بکا، ئەوسا بەرەو ئاسمان بقیژێنێ بەوەی پیلانێکی ترسناکانی ئیستیعمارییانە دژی میسر لە گۆڕێدایە، لە هەمووشی پتر، گوایە ئیسرائیل "جڵەوکێشی ئەو دوژمنکارییەیە." پێنەدەچوو ئەو کات

هەڕەشـــەی ســـەروەزیری ســۆڤیەت نیکـۆلای بۆلگـانین بەوەی ڕاســتەوخۆ سـۆڤیەت خـۆی لە ڕۆژهەڵاتـی نـاوین تێهەڵـدەقورتێنێ، گـوایە دەبێتە مـایەی هەڵگیرســانی شـــەڕی جیهــانیی ســێیەم، ڕاســت بـێ؛ بەڵام ئەوێ ڕۆژێ هۆشــدارینامە شــوومەکەی بولگــانین هەر بەو ئاراســتەیەدا خوێنــدرایەوە. پێدەچوو هەر بەڕاستی هەموو جیهان دژمان وەستابێتەوە، بەڵام پێم وا بـوو نەدەکرا بە بێ شەڕ دەستەوەستان بین.

لە کـــانونی یەکەمـــی ١٩٥٦دا وڵاتـــم بەرەو نەتەوە یەکگرتوەکـــان بەجێهێشـت، کە ئامـاژەی شـومی لێـدەردەچوو. لـێ بەرلەوەی بەڕێـبکەوم، ویستم سینا و کەرتی غەززە بە چاوی خۆم ببینم، بەوەش کامەران بووم کە بینـیم، چـونکە ئەگەر وانەبـووایە هەرگیـز لە دژواری بـارودۆخەکەی پـێش هەڵمەتی سینا نەدەگەیشتم. هەرگیز یەکەم نیگای ئەو سەنگەرە مەحکەمـانەی سـوپای میسـری، کە لەبەرچـاوی نەتەوە یەکگرتوەکـان لەبیرنـاکەم، چۆن لە شـــەرەم ئەلشـــێخدا بە مەبەســـتی ڕێگــرتن لە کەشـــتییەکانمان دروســـتیان کردبوون. ناوچەی شەرەم ئەلشیخ بە ڕاستی خۆش و دڵگیرە؛ وێدەچێ ئاوی دەریای سور شـینترین و ڕوونترین ئـاوی جیهـان بێ، بە دامێنـی چیاکەشـدا ڕەنگەکەی لە سـوورێکی تـۆخ بـۆ بنەوشـەیی و پەمبە دەگـۆڕێ. لەو شـوێنە دڵهێورکەرەوە جوانەدا، لەو کەنارە بەتاڵانەدا، بنکەیەکی گەورەی تۆپهاوێژ بۆ مـاوەیەکی دورودرێـژ بەرانـبەر ئـیلات دانرابـوو تـا هەمـوو جـووڵەیەکی تێـدا پەکبخا. بۆ من وێنەکە بەرجەستەی هەموو شتێکی کرد، دوایی بەنـاو کەرتـی غەززەدا گەڕام، لەوێوە لەو هەمـوو مانگـانەدا، فیدایییەکان بـۆ کـاری کوشـتن دەردەچـــوون لەو کـــاتەی هەر لەوێ میســـرییەکان یەک چـــارەگە ملیـــۆن بنیادەمیان بە ژن و پیـاو منداڵەوە (کە نزیکەی ٦٠%یـان ئـاوارە عەرەبەکـان بوون) لە بـارێکی هەژاری و نەداری خەجاڵەتئامێزدا گلدابوونەوە. لەوێ ئەو دیـمەنە تۆقانـدمی و ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگر بـوو، کە ئەو ژمـارە زۆرەی خەڵکـی بەو شـێوە لەکەداریـیە شـــەرمهێنە بـۆ مـاوەی پتـر لە پێـنج سـاڵ بهێڵـرێنەوە، تەنیـا بـۆ ئەوەی سـەرکردەکانی عەرەب ئۆردوگـای ئاوارەکـان نیشـانی خەڵک بدەن، لە کاتێکدا لە پایتەختەکانیشـیان دەریـانبکەن. دەبـووایە ئەو پەنـــابەرانە لە هەر وڵاتێکـــی عەرەبـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوینـــدا نیشـــتەجێ

بکرابانــایه که له ناســنامه، زمــان، دابونه‌ریــت و دینــدا هــاوبه‌ش بــوون. عه‌ره‌به‌کان هه‌میشه ده‌یانتوانی له‌گه‌ڵمان له شـه‌ڕ و هه‌رادا بن، به‌ڵام به لای که‌مــی نه‌ده‌بــووایه ئه‌و په‌نــابه‌رانه له‌و بــاره دژواره نــیمچه کــوله‌مه‌رگییه‌دا بهێڵنه‌وه، یاخود نه‌ده‌بووایه له‌بن باری تیرۆره قێزه‌ونه‌که‌ی ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی میسردا بوونایه.

من نه‌مده‌توانی ئه‌و شته بکه‌م. ئه‌وه‌ی به چاوی خۆشم له غه‌ززه‌دا بینیم، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که ئێمه له ماوه‌ی ئه‌و هه‌شت ساڵه‌دا بۆ ئه‌و جووانه‌ی هاتنه ئیسرائیل کردمان، به‌راورد بکه‌م- ته‌نانه‌ت له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو هه‌ڵانه‌ی که کردوشـمانن-، بـۆیه پـێم وا بـوو له ڕوونکـردنه‌که‌م له به‌رده‌م کـۆمه‌ڵه‌ی گشـتیی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانـدا له ٥ی کـانونی یه‌که‌مـی ١٩٥٦دا، باسـی ئه‌و شـه‌ڕه‌م نه‌کـرد، که تیایـدا سـه‌رکه‌وتو بـووین، به‌ڵکـو باسـی ئه‌و په‌نـابه‌ره جووانه‌م کرد، که نیشته‌جێمان کردن و دامانمه‌زراندن:

**خه‌ڵکی ئیسرائیل چوونه بیابان تا ڕه‌گوڕیشـه‌یان به‌نـاو گاشـه‌به‌ردی گرده‌کـان شـۆڕکه‌نه‌وه و گونـد و نشـینگه‌ی نـوێ بنیــاتبنێن، تــا ڕێگاوبــان لێبــده‌ن، خــانو و مــاڵ، قوتابخــانه و نه‌خۆشخانه دروستبکه‌ن، که‌چی تیرۆریسته‌کانی عه‌ره‌ب، که له میسـر و ئـوردنه‌وه دزه‌یـان ده‌کـرد، بـۆ ئه‌وه نێردرابـوون هه‌ر بکوژن و ببڕن و ئه‌و ناوه وێران بکه‌ن. ئیسـڕائیل بیـری ئـاوی لێدا، ئـاوی له ڕێگـایه‌کی دوره‌وه به لـووله ڕاکێشـا؛ میسـریش فیداییه‌کانی ناردن تا بیر و لووله ئاوه‌کان بته‌قێننه‌وه. جووه‌کان له یه‌مه‌ن نه‌خۆشــــییان له‌گه‌ڵ خۆیانــــدا هێنــــا، له‌به‌ر که‌م و به‌دخۆراکی له بیست و پێنج منداڵیان ته‌نیا دووانیان نه‌ده‌مردن؛ ئێمه ئه‌و ژماره‌یه‌مان دابه‌زاند به‌وه‌ی که ته‌نیا به ڕێژه‌ی یه‌ک له بیسـت و پێنج منداڵدا بمـرێ. له‌و کاته‌شـدا که ئێمه خۆراکمـان ده‌دایه ئه‌و مه‌لۆتکانه و چاره‌سه‌ری نه‌خۆشیه‌کانمان ده‌کردن، فیداییه‌کان ده‌نێردرانه ئه‌وێ بۆمبیان فڕێ ده‌دانه نێو منداڵان له سـیناگۆکه‌کان و نارنجۆکیـان ده‌هاوێشـته نێـو لانه و دایه‌نگـای ساوایان.**

ئینجا چوومە سەر ئەوانەی بۆ "مافی جەنگ" هەڵدەپەڕین تا بەهانەی "باری دوژمنکارییانەیان" دژی ئیسرائیل پوچەڵبکەمەوە، ئاشکراشە کۆلۆنێل ناسر لە پشت ئەوان بوو، جڵەوی فیداییەکانیشی بەردابوو.

**دابەشبوونێکی ئاسودەییانە هاتۆتە ئارا. دەوڵەتە عەرەبییەکان یەکلایەنانە بە "مافی جەنگ" سەرخۆشن؛ ئیسرائیلیش یەکلایەنە لە پاراستنی ئاشتی بەرپرسیارە. لێ گەلۆ، خۆ شەڕانگێزی ڕێگایەکی یەکسەرە نییە[107]. کەواتە ئایا مایەی سەرسوڕمانە لە کۆتاییدا خەڵکە ڕەنجدەرەکە لەبن باری ئەو دۆخە ناقۆڵایەدا بشێوێن و بە دوا ڕێگاچارەسەرێک نەگەڕێن تا ژیانیان لە مەترسی بەردەوامی شەڕ، کە لە هەموو لایەکەوە ڕووبەرووی دێن، ڕزگاربکەن؟**

خاڵی ڕاستەقینەی ئەو ئاڕاستەکردنە هەرچەندە شێوازێکی خەتابارکردن نەبوو-لەگەڵ ئەوەی ڕەواش بوو- یان هەوڵێک نەبوو لەپێناوی ئەوەی پاشخانی هەڵمەتی سینا بخرێتە بەردەم ئەوەی پێی دەگوترا خێزانی نەتەوە- دەوڵەتەکان. هەروەها تۆماری ئەو زانینەشمان نەبوو، کە پلانێکی داڕێژراوی میسر بۆ قڕکردنی ئێمە لە گۆڕێدابوو. بەڵکو شتێکی دیکە بوو، شتێک زۆر لەوە گرنگتر: بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە ئاشکرا هەوڵێکی دیکە بدەینەوە، بۆ لێوردبوونەوە لە بناوانی ئەو ڕقوقینەی سەرکردە عەرەبەکان بەرانبەر ئیسرائیل هەیانە و دارشتنی پێشنیازی شیاو بۆ ئاشتی. دەمەوێ لەسەر ئەو ڕاستییە ڕژد بم، کە من ئەو دوانەم بەر لە بیست ساڵ و لە ١٩٥٦دا داوە. ئەگەر هەر لەیەکچوونێک لەگەڵ ئەمڕۆماندا هەبووبێ، ئەوا تەنیا لەبەرئەوەیە چونکە ئێمە لەو کاتەوە هەمان شت دەڵێینەوە، کە لەبارەی ١٩٥٦دا زۆر سەکەوتنمان بەدیهێنابێ!

**کێشەی بنەڕەتی هەموو بارودۆخەکە خۆی لە دوژمنکاریێتی ڕێکخراوی سیستماتیکی عەرەب دژی ئیسرائیلدا**

---

[107] واتە ڕێگایەک نییە تەنیا چوونی هەبێ هاتنەوەی نەبێ-وەرگێڕ

دەبینێتەوە. ئەو دوژمنایەتییەی عەرەب دیاردەیەکی سروشتی نییە. ئەوە دەستکرد و پەروەردەکردنە. ئەوە ئەوە نییە کە لێرە وا نیشان دراوە بەوەی ئیسڕائیل داردەستێکی ئیستیعمارییانەیە. ئەوە کێشەی ئیسرائیل- عەرەبە، کە ناوچەکە دەخاتە ژێر ڕەحمەتی مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دەرەکییەکان. تەنیا بە کۆتاییهێنان بە کێشەکە خەڵکی هەرێمەکە دەتوانن بە هیوا و سەربەخۆییانە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. تەنیا لەو ڕوانگەیەوە ئایندەیەکی گەشی یەکسانی و گەشەسەندن و بۆ خەڵکەکە دێتەئارا. ئەگەر ڕق و کینە وەک بنەمایەکی سیاسەتی عەرەب لەبەین نەما، ئەوا هەموو شتێک قابیلی کردنە.

دیسان و چەند بارە حکومەتی ئیسڕائیل دەستی ئاشتی بۆ دراوسێکان درێژکردەوە، بەڵام بێ سودبوو. لە نوێیەم دانیشتنی کۆمەڵەی گشتیدا، نوێنەرانی ئیسڕائیل پێشنیازیان کرد، ئەگەر وڵاتە عەرەبیەکانیش تا ئێستا ئامادەی ئاشتی نەبن، ئەوا مایەی سودبەخشینە کە وەک قۆناخێکی گواستنەوە ڕێککەوتنێک هەموو لایەک بۆ سیاسەتی دانوستان و باریکی پاسیفی ئاشتیانە لەخۆبگرێ، ڕاکێشبکا. ڕاشکاوانە وەڵامەکە ڕەتکردنەوە بوو. داواکەی ئێمە بۆ نوێنەرانی هەموو دەوڵەتەکان یان هەر دەوڵەتێکی عەرەب هێشتا هەر کراوەیە. کەچی هەرگیز لەو دیوی سنوورەوە سەدایەکی بانگەوازی ئاشتیمان نەدرایەوە.

چەمکی لەناوبردنی ئیسڕائیل پاشماوەیەکی شەڕی هیتلەر بوو دژی گەلی جوو، ئەوەش ڕێکەوت نەبوو کە سەربازەکانی ناسر دانە وەرگێڕاوە عەرەبییەکەی ماین کامپفیان[108] لەنێو کۆڵەپشتەکاندا بوو. پێم وایە ئەوانەی خەمی

---

[108] Mein Kampf: کتێبەکەی هیتلەرە، بە عەرەبی بە ناونیشانی کفاحي و بە کوردییش نەبەردییەکەی من وەرگێڕدراوە. -وەرگێڕ

**ئاشتی و ئازادییان لە جیهاندا هەبووایە، ئەدەبیاتی جوامێرانەیان وەک ڕێبەر دادەنا. هێشتاش باوەڕمان وایە، ئەو تۆوە دژوارە نەبووەتە مایەی گەندەڵگردنی تەواوی گەلی عەرەب. ئەو گەمە دژوارە دەبێ هەر خودی سەرکردە عەرەبەکان لەبەر بەرژەوەندیی خەڵکەکەیان بیوەستێنن...**

**ئایا دەبێ هەنوکە چی بکرێ؟ ئایا دەبێ ئێمە بۆ سیستمی ئاگربەست بگەڕێینەوە، کە هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا تەنیا ئاشتی نەبێ و میسرییەکانیش گاڵتەیان پێدەهات؟ ئایا دەبێ جارێکی دیکە سینا ببێتەوە مۆڵگە و لانەی فیداییەکان و خۆیان بۆ قۆناخێکی دیکەی هێرشی چەکداری ئامادە بکەن؟ ئایا هەر دەبێ دیسان تراژیدیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی بەرمیلە باروتدا دووبارە ببێتەوە؟ ئاشتی لە ناوچەکەمان و ڕەنگبێ لە ناوچەکەی ئێمە دورتریش بەندبێ بە وەڵامدانەوەی پرسیارە ناوبراوەکانی سەرەوە.**

هەروەها پرسیم، ئاخۆ کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە خۆی و هەنوکە "بە هەمان شێلگیری و پێداگیرییەوە" بیر لە پاشەڕۆژ دەکاتەوە، کە ئێستا داوا لە ئێمە دەکرێ هێزەکانمان لەودیو سنوور بکێشینەوە تا "بەردەوام بۆ فیداییەکان کراوە و بۆ سەربازانی ئیسرائیلیش داخراو بێ"؟ بە دڵنیاییەوە ئاشتی نەوەک هەر پێویست بوو، بەڵکو قابیلی ئەنجامدانیش بوو. تەنیا بە چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە وتەکانی من گوێم لە نوێنەری میسر بوو لەسەر هەمان سەکۆ قسەی دەکرد —هەرچەندە ڕەسەنانەش نەبوو– بەڵام بە لای کەمییەوە تێبینی گۆڕانی لێدەکرا، کە شەڕانی نەبوو. لە کاتێکدا کە گوێم لێگرتبوو، بۆ خولەکێک دیمەنی ڕۆژهەڵاتی ناوینم هێنایە بەرچاو بەوەی کە هەموو ئاستەنگەکان (بە ڕاستی ئەوان ببوونە کۆسپ و تەگەرە) لەنێوان عەرەب و ئێمەدا لە ئارادا نەمان. کاتێکیش نۆرەی قسەکردنم هات، بیرم کردەوە لەوە خراپتر بم بەوەی هەر وشەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە:

**بە پاڵپشتی زۆرینەی خەڵکی جیهان، میسر گوتی و بەردەوامیش دەبێ لەوەی، کە بڵێ گوایە هەموو نەتەوەکان دەتوانن و دەشبێ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بۆ مۆراڵ یان دەستکەوتی ماددی بە یەکەوە بە یەکسانی، ئازاد و برایانە بژین، بەو زانستە نوێیەش، کە دەرفەتی خزمەتی بۆ مرۆڤ ئافراندووە، هەر لەو کاتەی بە سەربەستی لەدایک دەبێ تا بۆ هەتا هەتایە بەرهەمدار و شەڕەفمەندانە بژی.**

من داوای دەقی وتەکەم کرد، هەنوکە ئەو دێڕانە دەخوێنمەوە کە بە دەنگەوە لە کۆمەڵەی گشتییدا لەسەری بەردەوام بووم:

**ئێمە پڕ بەدڵ لەسەر ئەو ڕاگەیاندنە کۆکین. ئێمە ئامادەین بە کردەوە بیسەلمێنین... ڕاستە ڕۆژهەڵاتی ناوین خراوەتە بەشەلیستی وڵاتە "دواکەوتووەکان": ستانداردی ژیان، دەردەکان، نەخوێندەواری ئاپۆرای خەڵکی، دواکەوتنی وڵاتەکان، بیابان و زۆنگاو هەموو ئەوانە بێهودەییانە هاواری مێشک، دەستوبازوو، سامان و توانا تەکنەلۆژیاکان دەکەن. ئایا دەکرێ هیچ بارێکی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و دراوسێکانی لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی ڕابردوودا بێنینە بەرچاومان، ئاخۆ چ واتایەکی پێبەخشیبین؟ ئایا لە خەیاڵی خۆمان دەتوانین جێگەی تفەنگەکان بە قوتابخانە و نەخۆشخانەکان بگۆڕینەوە؟ ئەو سەدان ملیۆن دۆلارانەی لە چەک و تفاقی جەنگی خەرج دەکرێ، بێگومان دەکرا خزمەتی مەبەستی بنیاتنەرانەی پێبکرابایە.**

**ئەو ڕق و کینە نەزۆکەی تێکوپێکدان بە هاوکاریی نێوان ئیسرائیل و دراوسێکانی بگۆڕنەوە، ئەوسا دەبینن چ هیوا و کامەرانییەک بۆ هەموو خەڵکەکە دەستەبەر دەبێ.**

لێ کاتێک گەڕامەوە سەر کورسیەکەم، نەمدی کەسێک لەو هۆڵە پانوبەرینەدا هاوبەشی نوارینم بێ بۆ پاشەڕۆژ، لە بیریشمە چەند

سەرسامبووم بەو نێردەیەی لەپشت منەوە دانیشتبوو، کاتێ دانیشتمەوە چەپڵەی بۆ لێدام. هەمیشە دانیشتنی سەر کورسییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەگوێرەی ئەلف بێ بووە؛ زۆر شت لە یەکەم کۆبوونەوەی دانیشتنەکاندا، وا وێنەکێشرا ئاخۆ کێ لەسەر یەکەمین کورسی دابنیشێ، پاشان کورسییەکان بە ریزبەندی ئەلف بێ رێکخران. لەو دانیشتنەدا وا کەوتەوە هۆڵەندا بکەوێتە پشتمەوە. ئاوڕم دایەوەڤو زۆر بەڤسوپاسەوە سەرم بۆ نێردە هۆڵەندییەکە لەقاند –یەکێک بوو لەو نێردە کەمانەی دەنگی دژمان نەدا– بەڵام هێشتاش، کە چوومەوە جێگای خۆم، باوەڕم بەو هەمو جێ بەتاڵە زۆرانە نەدەکرد. من قسەم بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان کرد، یەکێک گەر تەماشای دەربڕینی ڕوخساری زۆرینەی نوێنەرەکانی کردبێ، وای بیردەکردەوە قسەم بۆ مانگ کردبێ و گوێزم بۆ ژماردبن، لە ڕاستییشدا ئەوکات هەموو ئەوەی کـردم، هەمـوو ئەوەی ئیسـڕائیل لە نەتەوە یەکگرتوەکـان کردبێتـی، پێشکەشـکردنی پێشـنیاز بـۆ عەرەب، بـۆ ئەنـدامانی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو تا دان بەبوونماندا بنێن و بە یەکەوە بەرەو ئاقاری ئاشتیدا بڕۆین. کەچی کەسێک ڕانەبوو دەرفەتەکە بقۆزێتەوە و بڵێ؛ "زۆر باشە، دەبا قسەبکەین، دەبا بە تەواوی لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکەین. دەبا تەکانێک بەرەو چارەسەری بدەین،" ئەوەش بۆ من وەک تەقینەوەیەک وابوو، نەوەک لەبەرئەوەی کە من ئەندێشەم بە لای جۆرەماڵباتێک بوو، کە ماڵباتی نەتەوەکانیان پێدەگوت. هەر چۆنێک بێ ئەوکات بەرلەوەی دانیشتنەکان تەواو ببن، بەڵێنێکم بە خۆم دا بەوەی ئەگەر هات و هەر چییەکیش بقەومێ، ئەوا جارێکی دیکەش هەوڵدەدەمەوە خۆم بگەیەنمە عەرەب تا وەک دوو کەس چاوبەچاو تکایان لێبکەم: ئەگەر هات و هەنوکە تا زووە شتێک نەکەین، دەنا پاشەڕۆژ داد نادا.

ئەو مانگانە سامناک بوون. وردە وردە کشانەوەمان لە کەرتی غەززە و سینا هەموو کاتەکەی بۆ خۆی داگیرکرد، بەڵام کەسێکیش نەبوو شتێک بڵێ یان کارێک بکا تا هێزە چەکدارەکانی میسر بێنێتە ڕایێ و لەگەڵمان بیانخاتە سەر هێڵی دانوستان، بۆ ئەوەی لە هەڵگرتنی بەربەستەکانی دەربەندی تیران یاخود چارەسەرکردنی کەرتی غەززە

دڵنیابین. ئەو چوار پرسیارەی لە تشرینی دووەمی ١٩٥٦دا کردمان، هێشتا لە تشرینی دووەمی ١٩٥٧دا وەڵام نەدرابوونەوە. هێشتاش لە ڕێی ئەمریکییەکانەوە -بەلای کەمی جۆن فۆستەر دەلەس، ئەو پیاوە ساردە خۆڵەمێشیە، وەزیری کاروباری دەرەوە-نەگەیشتمە ئەوەی پێیان بسەلمێنم، کە ژیانمان بەندە بە دڵنیاکردنەوەیەکی تەواوعەیار، دڵنیاییەک کە ئەوان دەستی پێوەبگرن بەوەی ئێمە جارێکی دیکە نەگەڕێینەوە دۆخی پێش هەڵمەتی سینا، بەڵام هیچ شتێک سودی نەبوو. هیچ بەڵگەوبەندێک، هیچ تکا و داواکارییەک، هیچ لۆژیکێک، تەنانەت ڕەوانبێژی و لەبلەبانێتی ئابا ئیبانی باڵوێزیشمان لە واشنتن دادی نەدا. هەر ئەوەبوو کە ئێمە بە هەمان زمان قسەمان نەدەکرد، هەمان پێشنۆرەییمان نەبوو. دەلەس خولیاگیری "سیاسەتی سەرچڵی کارەساتئامێزانە" بوو، لە ترسی هاتنەبەرچاوی جەنگی جیهانی، کە وەک بە درێژی بۆی باسکردم، لەوەش پتر نەبادا ئیسرائیل لە هەڵگیرسانی جەنگێکی ئاوادا بەرپرسیاربێ، ئەگەر هات و قەوما چونکە گوایە ئێمە زۆر "ناماقوڵانە" بووین.

لەو سەردەمدا زۆر ڕۆژی وا هەبوون، دەمویست بگەڕێمەوە ئیسرائیل، یەکێکی دیکە لەجیاتی من بچێ قرەوکێشە لەگەڵ دەلەس یان گابۆت لۆدگی سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بکا. دەمەویست هەر شتێک بکەم تەنیا ڕووبەڕووی تێشییێکی دیکەی گفتوگۆ شەکەتەکان نەبمەوە، کە هەمیشە بە خەتابارکردنەوە دوایی دەهات، بەڵام لەو شوێنەوە وەستام کە لێی بووم، هەوڵمدا خەمەکان و هەستی ناپاکییلێکران قوتدەمەوە و لە کۆتایی شوباتدا گەیشتینە جۆرە سازانێک. دوا سەربازمان دەبووایە کەرتی غەززە و شەرم ئەلشێخ بۆ ئەو "گریمانەی" نەتەوە یەکگرتوەکان جێبهێڵێ، کە مافی پێداتێپەڕبوونی کەشتیەکانی ئیسرائیلی لە گەرووی تیرانەوە دەستبەرکردووە، ناشبێ سەربازە میسرییەکان بگەرێنەوە کەرتی غەززە. ئەوەش شتێکی زۆر نەبوو، بە دڵنیاییەوە ئەو دەسکەوتەش نەبوو، کە شەڕمان بۆ کرد؛ بەڵام ئەوە شتە هەرەباشەکە بوو کە دەستمانکەوت- هەڵبەت لە هیچیش باشتر بوو.

لە ٣ی ئازاری ١٩٥٧دا و لە دوا کاردانەوەماندا بۆ مستەر دەلەس دوا ڕاگەیاندنمان بڵاوکردەوە:

**ئێستا حکوومەتی ئیسرائیل لە بارێکدایە، کە نەخشەی تەواو و دەستبەجێی کشانەوە لە شەرم ئەلشیخ و کەرتی غەززەدا ڕابگەیەنێ. بەگوێرەی بڕیاری ژمارە یەکی ٢ی شوباتی ١٩٥٧دا، تاکە مەبەستی ئێمە دڵنیاکرایەوە بەوەی لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیلیدا ڕێگای هاتوچۆی ئیسرائیل و کەشتیوانی نێودەوڵەتی بەنێو کەنداوی عەقەبە و گەرووی تیراندا ئازادانە بێ.**

ئیدی ئەوکات، هەروەک بەڵێنم بە خۆم دابوو بیکەم، گوتم:

**هەنوکە دەکرێ چەند وشەیەک لەبارەی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەکە و بەتایبەتیش دراوسێکانی ئیسرائیل بڵێم؟ ئایا لە ئێستاوە ناکرێ هەر هەموومان لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە، لەجیاتی شەڕکردن لەگەڵ یەکدی یەکبگرین و شەڕی هەژاری و دەردوبەڵا و نەخوێندەواری بکەین؟ ئەرێ ئایا ئەوەمان بۆ نالوێ، کە هەموو هەوڵەکانمان، گوڕوتینمان بخەینە خزمەتی یەک مەبەست، ئەویش باشتربوون و گەشەسەندن و پێشخستنی وڵاتەکانمان و گەلەکانمان بێ؟**

کەچی مایەی سەروسوڕمانم بوو، کاتێک لە جێی خۆم دانیشتمەوە هێنری گابۆت لۆدگ هەڵسایە سەرپێ، گوێم لێبوو نەتەوە یەکگرتووەکانی لەوە دڵنیادەکردەوە، کە مافی پێداتێپەڕبونی ئازادانەی هاتوچۆ بەنێو گەرووی تیران دەبێ مەرجی دڵنییایی بۆ دابنرێ و بپارێزرێ، ئایندەی کەرتی غەززە دەبێ لەژێر تیشکی ڕێککەوتنامەی ئاگربەستەکە سەروسەودای لەگەڵدابکرێ. لەوانەیە هەموو ئامادەبووانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە قسەکانی گابۆت لۆدگ نەگەیشتبن، بەڵام ئێمە بە باشی لێی حاڵی بووین. وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان شەڕەکەی خۆی دژی ئێمە بردەوە، حکومەتی سەربازیی میسریش بە قۆشەنە چەکدارەکانی گەڕانەوە غەززە. لەوێ شتێک نەمایەوە بیڵێم. تەنیا لەوێ دانیشتبووم، لێوەکانی خۆم دەکرۆشتن، تەنانەت نەمدەتوانی تەماشای مستەر گابۆت لۆدگی کەشخەش بکەم کاتێک دڵنەوایی هەموو ئەوانەی دەکردەوە، کە خەمی ئەوەیان بوو، ئێمە کشانەوەی بێ مەرج ڕەت بکەینەوە.

ئەوەش ساتێکی خۆش نەبوو لە ژیانمدا. دەبوایە ڕووبەڕووی ڕاستییش بووباینەوە و ئێمەش هەموو شتێکمان نەدۆڕاندبوو. بۆ ماوەیەک تیرۆری فیداییەکان لە بەیندا نەما؛ بنەمای هاتوچۆی ئازادانە بە گەروی تیراندا پارێزرا؛ هێزی فریادڕەسی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتنە نێو غەززە و دەڤەری شەرم ئەلشێخ، ئێمەش شەڕەکەمان بردەوە، کە بووە مێژوویێکی سەربازییانە، جارێکی دیکە تواناکانمان –لە کاتی پێویستیدا– سەلماندییەوە، کە دەکرێ دەستبدەینەوە چەک و بەرگری لە خۆمان بکەین.

بەدرەنگی هەمان ساڵ، لە تشرینی یەکەمدا جارێکی دیکە گەڕامەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمجارەشیان ویستم ئەو لێکترازانە کوشندە دە ساڵییەی پەیوەندی نێوانمان و دەوڵەتە عەرەبییەکان بشکێنم. لە قوڵایی قەناعەتمەوە قسەم بۆ کردن بەوەی کاتی ئەوە هاتووە هاموشۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکدیدا بکەین؛ لەپڕ بێ خۆئامادەکردنێکی پێشتر و بە بێ دەقەنووسینێکی ئامادەکراو گوتم:

**خەریکە ئیسرائیل بگاتەوە ساڵڕۆژی دەیەمی دامەزراندنی، ئێوە نەتاندەویست لەدایک ببێ. ئێوە دژی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان وەستانەوە. ئێوە بە هێزی چەکدارییەوە پەلامارتان داین. ئێمە هەموو گەواهیدەری خەموخەفەتەکان، وێرانکردن و خوێن و فرمێسک ڕژانین. لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل هەیە، گەشەدەکا، پەرەدەستێنێ، بەرەو پێش دەڕوا... ئێمە گەلێکی پتەو و قایمین، هەروەک مێژووەکەمان سەلماندویەتی، بە ئاسانی تێکناشکێین. هەروەک ئێوە، وڵاتە عەرەبییەکان جڵەوی سەربەخۆیی خۆمان بە دەستەوەیە، هەروەک ئێوە، ئێمەش هیچ شتێک وامان لێناکا دەستبەردار بین. ئێمە بۆ مانەوە لێرەین. مێژوو بڕیاریداوە، کە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ئیسرائیلی سەربەخۆ و دەوڵەتە عەرەبییە سەربەخۆکان پێک بێ. ئەو حوکمە هەرگیز هەڵناگەڕێتەوە.**

**لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا، ئایا ئەوە ڕاستییە یان ئەوە سیاسەتی دادپەروەرییە، هەڵوێستێک کە لەسەر بنەمای خەیاڵێکی هەڵبەستراو بنیاتنرابێ، گوایە ئیسرائیل لێرە نییە**

**یاخود نامێنی، ئەرێ ئەوە سود و کەڵکی چییە؟ ئایا ئەوە بۆ هەمووان باشتر نییە، کە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لەسەر بنەمای هاوکاریی بنیاتبنێین؟ ئیسرائیل تەنانەت بە بێ ئاشتیش دەمێنێ و گەشەدەکا، بە خاترجەمییەوە ئایندەی ئاشتی بۆ ئیسرائیل و دراوسێکانیش باشترە. جیهانی عەرەب کە بریتیە لە دە دەوڵەتی سەروەر و ۳،۰۰۰،۰۰۰ مایل دووجا، دەتوانێ خۆی لەگەڵ هاوکاریی ئاشتیانە لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕابێنێ. ئایا قین بەرانبەر ئیسرائیل و جۆشوخرۆشی کاولکردن هیچ منداڵێک لە وڵاتەکەیان دڵخۆشتر دەکا؟ ئایا ئەمە کۆڵیتێک دەکاتە خانوو؟ ئایا کلتور لەسەر زەمینەی قین و ناحەزیی پەرەدەسێنێ؟ ئێمە هیچ سووکە گومانێکیشمان لەوەدا نییە، کە ئاشتی و هاوکاریی لە نێوانماندا هەر پەیدا دەبێ. ئەوە بۆ هەردوو گەل پێویستیەکی مێژووییە. ئێمە بۆ ئەوە ئامادەین؛ مەراقیشین لە ئێستاوە بیهێنینە دی...**

دەکرا وەک کورتە وچانێک هەناسەیەکی ئۆخژن بدەمەوە. دۆستەکانمان لە کۆمەڵەی گشتییدا بەڕێزەوە چەپڵەیان بۆ لێدام، ڕەنگبێ چەپڵەلیدانێکی بە جۆشیش بووبێ بەڵام عەرەبەکان خۆیان لە گوورە نەبرد.

لە ماوەی سەروکارم وەک وەزیری کاروباری دەرەوە، زۆرجاران سەری نەتەوە یەکگرتووەکانم داوە. هەر بە لای کەمییەوە ساڵی جارێک سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی ئیسرائیلم لە کۆمەڵەی گشتییدا دەکرد، تاکە جارێکیش نەبوو، بە هەر شێوەیەک بێ، هەوڵی پەیوەندیکردن لەگەڵ عەرەباندا نەدەم؛ بۆ مایەی خەمگینیم، یەک جاریش سەرنەکەوتم. جارێکیان لەبیرمە لە ۱۹٥۷دا بوو، ناسرم لە دوورەوە بینی، دەڕۆیشت، لەبەرخۆمدا گوتم تۆ بڵێی چی ببێ ئەگەر بچمە پێشی و قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەو بە پاسەوانەکانی دەورە درابوو، منیش پاسەوانم لەگەڵ بوون، دیاربوو نەخشەکەم سەرینەدەگرت. بەڵام تیتۆ لە هەمان بۆنە بوو، بیرمکردەوە لەگەڵ ئەودا قسەبکەم بەڵکو دیدارێکمان بۆ ڕێکبخا. بۆیە لەگەڵ یەکێکی نوێنەرایەتییەکەمان قسەمکرد تا بە ئەندامێکی نوێنەرایەتی یۆگسلاڤیا بڵی، بەڵکو کۆبوونەوەیەک لە نێوان تیتۆ و مندا ڕێکبخرێ. چاوەڕێمکرد،

چاوەڕێبووم، چاوەڕێ بووم هەر چاوەڕێ. تەنانەت گەڕانەوەشم بۆ ئیسڕائیل وەخراند، کەچی وەڵام نەبوو. پاشان دوای یەک ڕۆژ کە نیویۆرکم بەجێهێشت، وەڵامم وەرگرتەوە: تیتۆ دەیەوێ تۆ لە نیویۆرک ببینێ. لێ ئەوکات من گەڕابوومەوە ماڵ. جارێکی دیکە هەوڵمان دایەوە، دیسان هەر بێدەنگی بوو.

لەو ماوەیەدا ناوبژیکارێک نەبوو هانای بۆ نەبەم. لە دانیشتنێکی کۆمەڵەی گشتییدا بوومە دۆستی ژنێکی کارا، کە سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی پاکستانی دەکرد و باڵوێزی وڵاتەکەی بوو لە لەندەن. ڕۆژێکیان هەر بە خۆی لێم هاتەپێش و پێی گوتم، "خانم مایەر ئەگەر ئێمەی ژن لە سیاسەت ئیش بکەین، ئەوا دەکرێ هەوڵی ئاشتییانە بدەین." بەڵێ ئەوەش ئەو شتەبوو، کە چاوەڕێم دەکرد.

من بەو خانمەم گوت: "لێمگەڕێ با شتێکت پێبڵێم. جارێ لە ئاشتی گەڕێ. تۆ بتوانە چەند نوێنەرێکی عەرەب بانگهێشتی ماڵەکەی خۆت بکە و بانگی منیش بکە. من بەڵێنت پێدەدەم، سۆزی شەرەفت دەدەمێ، کە لە عەرەبەکان پتر نابێ هیچ کەسی دیکە بەو دانیشتنەمان بزانێ. منیش نامەوێ لەبارەی ئاشتی لەگەڵیان بکەومە دانوستان. دەمەوێ تەنیا بە یەکەوە دابنیشین و قسەبکەین. تەنیا بەیەکەوە لە ژوورێک دابنیشین."
پێی گوتمەوە: " ئەوە کارێکی زۆر گرنگە، دەیکەم. دەبێ هەر لە ئێستاوە ڕێکی بخەم."

ئیدی چاوەڕێ و هەر چاوەڕێ، هیچ شتێک ڕووینەدا. ڕۆژێکیان پێمگوت دەکرێ لە شوێنی نوێنەرایەتییەکان بە یەکەوە قاوەیەک بخۆینەوە، ئەوە بوو دانیشتین، لەو کاتەدا وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بەوێدا تێپەڕی. (وەزیرەکە پیاوێکی جوامێر بوو، جارێکیان "لە سەرسەکۆی کۆمەڵەی گشتییدا ئاماژەیەکی بۆ کردم و پێی گوتم،" خانم مایەر بگەڕێوە میلواکی، ئەوێ جیگای تۆیە.") کاتێ خانمەکە ئاوڕیدایەوە و وەزیرە عەرەبە عێراقییەکەی بینی، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا و گوتی؛ "ئای خوایە، ئەو منی بینی، کە لەگەڵ تۆدا قسەم دەکرد،" ئیدی بە شپرزەیی هەڵسا و بەجێیهێشتم. ئەوەش کۆتایی سەربردەکە بوو.

ئــاوا کــار بەم شــێوە ڕۆیشــت، تەنــانەت لە دانیشــتنی لاوەکــی و ڕاگوزەریشدا دەبووایە خوانێکی دیپلۆماتیانەمان هەبووایە. سەرانی هەموو نوێنەرایەتییەکــان ئەوە فێربــوون، ئەگەر بیانویســتبا عەرەبەکــان لەســەر خوانیان بن، ئەوا نەدەبووایە ئێمە بانگهێشت بکەن. وەزیرێکی کاروباری دەرەوە هەبوو، کە هێشتا نوێ بوو، بە گەمەکەی نەدەزانی؛ بۆیە بانگهێشتی هەردوولامانی کرد. ئەو نەوەک هەر بانگهێشتی ئێمەی کرد، بەڵکو کورسی نێردە عێراقییەکەی بەرانبەرم دانابوو، بەڵێ کابرای عەرەب هات و دانیشت، دەستی بە خواردنی ماسی سالمۆن کرد، سەرێکی بەرزکردەوە منی دی، یەکسەر هەڵستا و ڕۆیشت. هەڵبەتە لە بانگهێشتننامە پێشوازییە گەورەکاندا، کە سەدان کەسی لەخۆدەگرت، دەکرا خانەخوێیەکە عەرەب و ئیسرائیلیەکان بانگهێشتبکا، بەڵام بۆ سەر خوان و فراوین هەرگیز نەدەبوو! هەر کاتێک یەکێــک لە نــوێنەرانی عەرەب نیگــای بەر ئیســرائیلیەک بکەوتبــایە، ئەوا لە ژوورەکە دەچووە دەرێ، لەم بارەشەوە هیچ شتێکمان پێنەدەکرا.

لێ هەر لەو سەردەمیشدا ساتەوەختی پرشنگدارتر و کۆبوونەوەی فەرامۆشــــنەکراویش هەبـــوون. لە کۆبـــوونەوە هەرە ســـەرەنجڕاکێش و لەبیرنەچووەکان لەگەڵ جۆن ئێف کەنەدی[109]، لیندن جۆنسن[110] و چارلس دیگۆل[111]) بوون. دوو جارم کەنەدی بینی. جاری یەکەم ڕاستەوخۆ دوای هەڵمەتی سینا بوو، ئەوکات ئەو نوێنەری (سیناتۆری) ولایەتی ماسسیوشیتت بوو. زایۆنیستەکانی بۆستن خۆپیشاندانێکی گەورە و ئێوارەخوانێکیان بۆ پشتگیری ئیسرائیل ڕێکخستبوو، تەواوی کونسولەکان، دوو سیناتۆری وڵاتە یەکگرتووەکان و وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل ئامادەی بوون. من لە تەنیشت کەنەدییەوە دانیشتبووم، ئەویش یەکێک بوو لە قسەکەرەکان، لە بیرمە چەند زۆر پێیەوە کارانگازبووم، بەوەی چەند گەنجە و چەند جوانیش قسان دەکا، هەرچەندە لەوانەش نەبوو بە ئاسانی لەگەڵیدا بکەویە گفتوگۆ.

---

109 John F Kennedy : (١٩١٧-١٩٦٣) سی و پێنجەمین سەرۆکی ئەمریکا-وەرگێڕ

110 Lyndon Johnson: لیندن جۆنسن (١٩٠٨-١٩٧٣) سی و چوارەمین سەرۆکی ئەمریکا-وەرگێڕ

111 Charles de Gaulle (١٨٩٠-١٩٧٠) ئەندازیاری کۆماری پێنجەمی فەڕەنسا-وەرگێڕ

هەستێکی وام هەبوو ئەو زۆر شەرمنانەیە، ئێمە تەنیا چەند وشەیەکمان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕکرد. جاری دووەم کە بینیم بە ماوەیەکی کەم بەر لە کوژرانەکەی بوو. من چوومە فلۆریدا، لەوێ ئەو پشووی بەسەردەبرد، لەوێ ئێمە –زۆر نافەرمییانە–ماوەیەکی باش بە پێ ڕۆیشتین. دواتر لە دالانی خانوویەکی گەورە، کە شوێنی حەوانەوەی بوو، دانیشتین. هێشتاش هەر لەبەرچاومە، کە لەسەر کورسییە ڕاژێنەکەی بە بێ بەستنی بۆینباخ دانیشتبوو، قۆڵی کراسەکەی هەڵکردبوو، بە وردی گوێی لێ گرتبووم، منیش هەوڵمدەدا بۆی ڕوونبکەمە ئاخۆ بۆچی ئێمە ئاوا زۆر حەوجەی چەکی وڵاتە یەکگرتووەکانین. ئەو زۆر قۆز و کەشخە دیاربوو، زۆریش لاو بوو، بۆیە زۆرم لا قورسبوو لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکان قسەدەکەم، هەرچەندە پێم وا بوو ئەویش لەو بیرەدا بوو، کە من لە وەزیری دەرەوە ناچم! هەرچۆنێک بێ دانیشتنێکی سەیر بوو بۆ وتوێژێکی وا گرنگ. دوو یان سێ کەسی دیکەمان لەگەڵدابوون، یەکێکیان مایک فێلدمانی دەستەڕاستی بوو، بەڵام ئەوان بەشداری وتووێژەکانمان نەبوون.

سەرەتا باسی بارودۆخی هەنوکەی ڕۆژهەڵاتی ناوینم کرد. پاشان لەپڕ شتێکی وام بۆ هات، کە ئەو پیاوە گەنجە ڕەنگبێ زۆر شت لە بارەی جوو تێنەگا و لە ڕاستیدا نەشزانێ ئاخۆ ئیسرائیل واتای چی دەگەیەنێ. بۆیە بڕیارمدا سەرەتا هەندێ شتی بۆ ڕوونبکەمەوە ئەوسا باسی پرسی چەک بکەم. بۆیە پێمگوت: "جەنابی سەرۆک ڕێگام بدە باسی ئەوەت بۆ بکەم ئاخۆ بۆچی ئیسرائیل لە وڵاتەکانی دیکە جیاوازە." بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەم دەبووایە زۆر بگەڕابامەوە دواوە، چونکە جوو گەلێکی زۆر دێرینن. من گوتم: "بوونی جوو بۆ پتر لە سێ هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە، لەپاڵ ئەو نەتەوەکانی ئامۆنیتی، مۆئابیتی، ئاشورییەکان، بابلییەکان و ئەوانی دیکە ژیاون، ئەوان نەماون. ئەوان لە سەردەمی بەرێدا بووبوونە بابەتی چەوساندوەی هێزە دەرەکییەکان، ئەمەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە و لە دواییدا بە چارەنووسی خۆیان قایلبوون و بوونە بەشێک لە کلتوری زاڵ کە هەبوو. بێجگە لە جوو ئەوان هەموو بوونە شتێکی دی. پێمگوت: "خاکی جووەکانیش وەک هی گەلانی دیکە لە لایەن دەسەڵاتی دەرەکییەوە داگیرکرا. بەڵام چارەنووسی جوو جیاواز بوو، چونکە لە هەموو

نەتەوە کۆنینەکانی بەرێ تەنیا خەڵکی ئیسرائیل بڕیاریاندا وەک خۆیان بمێننەوە. خەڵکی نەتەوەکانی دیکە لەسەر خاکی خۆیان مانەوە، بەلاّم دەستبەرداری ناسنامەی خۆیان بوون، لە کاتێکدا جوو هەرچەندە بەنێو نەتەوەکانی دیکەی جیهاندا پەرتەوازەکران و خاکی خۆیان لەدەستدا، کەچی هەرگیز بڕیاری جووایەتی خۆیان نەدۆڕاند، یاخود هیوای گەڕانەوەیان بۆ زایۆن لە دەست نەدا. بەڵێ، ئێمە ئێستا گەڕاینەوە ئەوێ، کۆڵی باری ئەو جێیە زۆر لەسەر شانی سەرکردایەتی ئیسرائیل قورسە. بە زۆر شێوازەوە حکومەتی ئیسرائیل جیاوازتر نییە لە حکوومەتەکانی دیکە. حکومەت مشووری خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی دەخوا، هەوڵی خۆپێشخستن دەدا و ئاوا بەم شێوەیە، بەلاّم لەپاڵ ئەوەشدا بەرپرسیارێتیەکی گەورەی دیکەشی هەیە، ئەویش خەمی پاشەڕۆژیەتی. ئەگەر ئێمە جارێکی دیکە سەروەری خۆمان بدۆڕێنین، ئەوانەی لە ئێمە دەمێننەوە- ڕەنگبێ زۆریش نەبن- ئەوا بە یەکجار پەرتەوازە دەبن. لێ ئێمە ئەو کۆگا یەدەگە مەزنەمان نەماوە، کە بۆ دیینەکەمان، کلتور و بڕوامان هەمانبوو. کاتێ ئەو شەش ملیۆن جووە لە هۆلۆکۆستدا سەریان تێداچوو ئێمە زۆرمان لە دەست دان."

کەنەدی چاوی لەسەر من لانەبرد، منیش بەردەوام بووم :"پێنج ملیۆن و نیو یان شەش ملیۆن جوو لە ولاّتە یەکگرتووەکاندا هەن. ئەوان خەڵکی نایاب، بەخشندە و جوو چاکن، بەلاّم پێم وایە ئەوانیش یەکەمین کەس بن لەگەڵمدا کۆکبن، کە بڵێم گومانێکی زۆرم هەیە؛ هەرچەندە ئەوان قایمیش بن بە لەدەستدانی ئەو شەش ملیۆنە. ئەگەر من ڕاست بم ئەوا لەسەر دیوارەکە بۆمان نوسراوە: "ئاگاداربە، دووبارە سەروەریت نەدۆڕێنی، ئەمجارەیان بۆ تاهەتایە لە دەستی دەدەی." ئەگەر ئەمە ڕووبدا کەواتە نەوەی من دیسان هەروەک ئەو نەوەیەی ئیسڕائیلی دروست کرد دەبێتەوە مێژووو، بەلاّم نازانێ چۆن ئەو سەربەخۆییە بەدەستهاتووە."

کاتێک کە لەخۆبوومەوە، کەنەدی بەسەرمدا شۆڕبۆوە، دەستی گرتم و سەیری نێوچاوی کردم بە شکۆمەندانە گوتی، "خانم مایەر، من تێدەگەم، خەم مەخۆ. هیچ شتێک بەسەر ئیسڕائیل نایەت." پێم وایە بە ڕاستی ئەو لێمتێگەیشت.

جـارێکی دیـکە کەنەدیـم لە بـۆنە پێشـوازییە فەرمیـیەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان دیتەوە، کە سڵاوی لەسەرانی نوێنەرایەتییەکان دەکرد؛ لێ تەنیا چاکوچۆنیمـان لەگەڵ یەک کـرد، دواتـر هەرگیـز نەمـدیتەوە. لـێ چـوومە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی، پاشان –لەگەڵ سەرانی هەموو نوێنەرایەتیەکان– چـوم دەسـتی خـانم کەنەدیـم گـرت. ئەویشـم هەر نەدیـتەوە، بەڵام دیمەنـی ئەوساکەی وەستانەکەیم پێ فەرامـۆش نـاکرێ، ڕەنگ هەڵبزڕکاو، چاوپڕ لە فرمێسک بەڵام هێشتا شـتێکی تایبەتمەندانەی بۆ هەریەکێک لە ئێمە هەبـوو، کە پێمـان بڵـێ. ئەوە هەر لەبـۆنەی ناشـتنی کەنەدی بـوو یـان بەدەقـاودەقی لەسـەر خوانی شـێوان کە لە لایەن سـەرۆکی نـوێیەوە ئامـادەکرابوو، لیندۆن بـی جۆنسـۆنم دی. پێشـتر ئەوم لە کـۆمەڵەی گشـتییدا لە سـاڵانی ١٩٥٦ و ١٩٥٧دا دیتبوو، ئەوکات سەرکردەی زۆرینەی دێموکراتەکان بوو لە سینات، بە هێـز و جەمـاوەرەوە دژی سـەرەک ئایزنهـاوەر بـووەوە، کە هەڕەشـەی سزادانی لە دژمان دەکرد. بـۆیە دەمزانـی سـەرۆک لیندن جۆنسۆن هەستی لەبـارەی ئیسـڕائیل چـۆنە، بەڵام کاتێـک لەو ئێـوارە خـوانەدا گەیشـتمە لای، دەسـتی خستەسەرشـانم بـۆ خولەکێـک هێشـتیەوە ئەوسـا گـوتی: "مـن لەوە تێدەگەم کە تۆ دۆستێکت لە دەست دا، بەڵام هیوام وایە لەوە تێبگەی منیش هەر دۆستم" بە دڵنیاییشەوە دۆستاییەتیەکەی خۆی سەلماند.

زۆر جـاران لە مـاوەی شـەڕی شـەش ڕۆژەدا کاتێـک سـەرۆک جۆنسـۆن پشـتی هەڵوێسـتی ڕەتکردنەوەی کشـانەوەی هێزەکـانی ئێمەی بـۆ بەر لە هێڵـی ١٩٦٧ دەگـرت مەگەر ئـێمە نەگەیـنە چوارچێـوەیەک بـۆ سـەقامگیرکردنی ئاشـتی، یـارمەتی ئێمەشـی لە دەسـتکەوتی سـەربازیی و ئـابوری دا بەوەی لە پـێگەی خۆمانـدا بمێنیـنەوە، ئیـدی مـن بیـرم بـۆ ئەو شەوەی بەخاکسپاردنی کەنەدی دەچوو دوای ئەوەی زۆر بیری لێکردبۆوە و خەمی خواردبوو چەند وشـەیەکی دڵنەوایی پێگوتمەوە. من هەرگیز ئەوم نەبینیـەوە هەرچەنـدە زۆریـش سەرسـام نەبووم، کە زۆر بـاش لەگەڵ لیڤـی ئەشـکۆلی سـەروەزیر گونجـابوو. ئەوان لە گەلێـک شـتی وەک کراوەیـی، گەرموگوڕی و بە ئاسانی پەیوەندیکردن زۆر لێکدەچوون. دەمزانی جۆنسۆن لە دواییدا لە وڵاتە یەگکرتووەکاندا چەند ناجەمـاوەری بـوو، بەڵام بە ڕاستی برادەرێکی دڵسۆز بوو، ئیسرائیلیش زۆر قەرزبارییەتی. پێم وابێ ئەو یەکێک

له سـەرکردە کەمە بیانییەکـانە، کە تێگەیشـتبێ ئیـدارەی ئایزنهـاوەر چ هەڵەیەکـی لە دوای هەڵمەتـی سـیناوە کـرد، لەو کـاتەی ئـێمە ناچـارکراین بەرلەوەی هیچ دانوستاندنێک لەگەڵ عەرەبەکاندا بچێتە سەرپێ، کشاینەوە.

کـاتێکیش جۆنسـۆن لە ١٩٧٣دا مـرد، مـن سـەرۆکوەزیر بـووم، هەڵبەتە نـامەیەکی تازیەبـاریم بـۆ خـانم جۆنسـۆن نووسـی. ئێسـتا وەڵامەکەی لەبەردەمـمە. ئەویـش زۆر هەژانـدمی، بەتـایبەتیش کە زانـیم چەنـد ڕاستگۆیانەیە.

خـانم جۆنسـۆن نوسـیبووی: "ئـازیزم خـانم مـایەر، تـۆ دەبـێ بزانـی هاوسـەرەکەم چەنـدی پێخۆشـبوو تـۆ سـەردانمان بکەی. زۆرجـار لەبـارەی ئەوە دەدوا، کە ڕۆژێک سەردانی ئیسرائیل بکا. خەمـی ئەو لەسـەر ئیسـڕائیل خەمێکی ڕاستی و قوڵ بوو، ڕێزی ئەو بۆ گەلەکەت لە قوڵایی نـاخی دڵییەوە هەڵقوڵابوو..."

کەسـایەتیەکی دیـکە، کە کـاریگەرییەکی لێبـڕاوانەی بەسـەر ئاینـدەی ئیسرائیلەوە هەبوو، شارل دیگۆل بوو، کە لە بۆنەی ناشتنی کەنەدیدا بینیم. یەکەمجـار ئەوم لە ١٩٥٨دا بینـی کـاتێ پیـرێ گیلبێـرت (کە هەر خـۆی چیرۆکێکە) باڵوێزی فەڕەنسـا لە ئیسـڕائیل وای کـرد ژەنەڕاڵ ببینم. گیلبیرت وەک چـۆن دیگـۆلییەکی بە جـۆش بـوو ئـاواش زایۆنیسـت بـوو، بـۆیە نەخشەکەی هـی مشتومڕلەسـەرکردن نەبوو، هەر چەندە پێویستە بڵێم، مـن لەبـارەی دیتنـی دیگـۆلەوە دەمـارگرژ بـووم. هەمـوو ئەو شـتانەی لەبـارەی دیگـۆلەوە دەمزانـی — بەوەش ئەو ڕەچـاوی ئەوەی دەکـرد هەمـووان فەڕەنسـییەکی ڕەوان بزانن، لەو کاتەی کە مـن هەر نەمدەزانی- ترسـاندمی. بەڵام کاتێ گیلبرت بیرۆکەی دیداری دیگۆلی بۆ ڕێکخستم، نەدەکرا پاشگەز ببمەوە، بۆیە بـۆ چەنـد ڕۆژێکـی کەم بـارگەم بـۆ پـاریس تێکنـا. یەکەم جـار وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕەنسـا مـاوریس کـۆوڤ دیمـورڤیلم بینی، پتر پیاوێکی فەرەنسی بەریتـانی کە تائێسـتا چـاوم پێیکەوتبێ. ئەو لە زۆر وڵاتـی عەرەبیدا خزمەتی کردبوو. ئەو زۆر ڕاست، زۆر سارد بە گشتیش نادۆستانە بـوو، یـارمەتی دام تـا ڕۆژی پاشـتر لەگەڵ دیگۆلـدا کـۆببمەوە. بە هەمـوو پێوەرێکی کەشوفشـەوە لە کۆشـکی ئەلیزێدا پێشـوازیم لێکرا. کـاتێ هەنگـاوم دەهاوێشت وام هەستکرد لەنێو نمایشـی سـەرتاپای سـوپای فەڕەنسـییدا بـم.

پێم سەیربوو، تۆ بڵێی ئەو پاسەوانە فەڕەنسییە سورپۆشە ڕەونەقدارانە چۆنم بیرلێبکەنەوە کاتێ بەهەستێکی نائاسودە بەرەو نوسینگەی ژەنەڕاڵەکەیان هەنگاوم دەنا. ئیدی ئەو چارلس دیگۆلی ئەفسوناوی بەهەموو مەزنی و شکۆی خۆیەوە لەوێ بوو. وۆلتەر ئیتانم لەگەڵدابوو. ئەوکات بەڕێوبەری گشتیی وەزارەتی دەرەوەمان بوو، پاشان بووە باڵویزمان لە فەڕەنسا. لەنێوان وەرگێڕەکەی دیگۆل و ئیتاندا، ژەنەڕاڵ و من وتووێژەکەمان ڕێکخست. ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو دڵگەرم و دۆستانە بوو. تەنیا چەند خولەکێکی خایاند تا هەست بە ئاسودەیی بکەم، ئیدی بەڕازیبوونێکی زۆرەوە لەبارەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە دواین و دڵنیاشیکردمەوە بەوەی دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەمیشەییە.

پاشان جارێکی دیکە لە بۆنەی بەخاکسپاردنی کەنەدییدا بینیمەوە، سەرەتا لە کاتێدرال (لەو بڕوایەدابووم تاکە کەس نەچەمانەوە دیگۆل، زالمان شازار-سەرۆکی ئیسرائیل- و من بووین) دواتر لەسەر خوانی ئێوارە کە پێشتر ئاماژەم پێدا. بەر لەوەی بچینە سەرخوانەکە، دیگۆلم (شتێکی مەزن نەبوو کە چۆن لەسەرووی هەمووانەوەیە) لەوسەری ژوورەکە بەدیکرد. لەو بیرەدا بوم ئاخۆ بچمە لای یان نا، کاتێ ئەو بەرەو ڕووم هات. ئیدی ئەو ناوە تەواو هەژا، مقۆمقۆ ئەوە بوو تۆ بڵێی دیگۆل بەرەو کوێ هەنگاو بنێ؟ یەکێک لە تەنیشم بۆی ڕوونکردمەوە: "ئەو هەرگیز بە خۆی نەچووەتە لای هیچ کەسێک؛ بەردەوام خەڵکی بۆ بانگ دەکرا تا بچنە لای." من وەک دەریای سوور وابوم، کە بۆ ڕۆڵەکانی ئیسرائیل شەقبوو تا بەناویدا تێپەڕبن؛ دیگۆل ڕاستەوڕاست دەهات، هەمووان ڕێگایان بۆ بەردا. خەریک بوو بکەوم کاتێ لە بەردەممدا قیتبووەوە شتێکی کرد هەرگیز پێشینەی نەبووە: بە ئینگلیزی لەگەڵم دوا. پێی گوتم : "دڵخۆشم بەوەی جارێکی دیکە دەتبینمەوە، تەنانەت لەو بۆنە کارەستبارانەشدا." ئەوسا بۆم چەمایەوە. بەم کارەی جێسەرنجی هەمووان بوو، بەڵام لە هەمووشیان پتر من. پێبەپێی ڕۆژگاریش تەنانەت بوومە دۆستێکی باشی کۆوڤ دیمۆرڤیلیش، کە پێی گوتم دیگۆل شوێنێکی نەرمی لەدڵدا بۆت هەیە. ئارەزوم وابوو هەروا بمێنێتەوە، بەڵام ئێمە لە ١٩٦٧دا بەگوێی ئەومان نەکرد(ئەوەش ئەوەبوو کە هیچ نەکەین)، ئیدی هەرگیز لەو ملکەچنەبوونەمان خۆش نەبوو. لەو ڕۆژە ترسناکانەی بەر لە

شەڕی شەش ڕۆژەدا بە ئابا ئیبانی[112] گوتبوو، کە دەبوو‌ایە ئیسرائیل دوو شت بزانێ: " ئەگەر ئێوە لە مەترسیی ڕاستەقینەدا بن، ئەوا دەکرێ پشتم پێ ببەسـتن، بەڵام ئەگەر ئێـوە لە جووڵەکەتانـدا دەستپێشـخەربن، ئەوا تێکدەشـکێندرێن و کارەسـاتیش بەسـەر تەواوی جیهانـدا دەهێـنن." بەڵـێ، دیگـۆل هەڵە بـوو. ئـێمە تێکنەشـکاین و جەنگـی دیـکەی جیهـانییش نەقەومـا؛ بەڵام پەیوەنـدییەکەمان لەگەڵیـدا-و لەگەڵ حکـومەتی فەڕەنسـادا- وەک ئەو ڕۆژەی لێ نەهاتەوە. هەر هەمـان دیگۆل کە لە ١٩٦١دا بە خۆشـی "ئسیرائیل، دۆست و هاوپەیمانمانن" بادەی لە یەک دەدا، دوای شەڕی شـەش ڕۆژەش رووی لە جوەکان وەرگێڕا و بە "خەڵکێکی دەستبژێر و بە خۆنـاز و بە زەبر" وێنای دەکردین.

پـێم وایە زۆرتـرین پشـکەبوونم وەک وەزیـری کاروبـاری دەرەوە هەرچەندە بە تەواوی کەشوهەواکەشی جیاوازبوو، پەیوەست بوو بەو ڕۆڵە نـوێیەی ئیسـرائیل لەگەڵ وڵاتە پەرەسـێنەکانی ئەمریکـای لاتـین، ئاسـیا و بەتایبەتیش ئەفریقا بوو، کە بەشێکی تەواو و نوێشی خستە سەر ژیانم.

---

[112] Abba Eban: ئابا ئیبان (١٩١٥-٢٠٠٢) نوێنەری ئیسرائیل لە نەتەوە یەکگرتووەکان دواتر وەزیری کاروباری دەرەوە و بە ڕەوانبێژی و زمانزانییەکەی ناسراو بوو-وەرگێڕ

## ١١

# دۆستایەتی ئەفریقایی و ئەوانی دیکەش

پێم وابێ تا ئەوەندەی هەستە تایبەتییەکانم لەبەرچاو گیرابن، ئەوا بە لای کەمییەوە لەسەر دەستپێشخەرییە پەیوەندیدارەکەی من تەکانێک بەرەو ئەفریقـا درا و لە کۆتـایی ١٩٥٠ش وەک کـاردانەوەیەکی سـۆزاویی بەرانـبەر ئەو هەلومەرجەی دوای هەڵمەتـی سینا تێیکەوتین، کە لە زۆر لایەنەوە تەنیا بووین، کەمتر خۆشەویست و بە خراپیش لێمان حاڵیببوون.

فەرەنسـە هاوپەیمـان و دۆسـتێکی بـاش بـوو، یەک تـا دوو دەوڵەتـی ئەوروپـــایش هاوســـۆزمان بـــوون؛ بەڵام پەیوەنـــدیمان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان گرژ بوو، لەگەڵ بلۆکی سۆڤیەتیش لە گرژبـوون پۆلکتر بـوو، لە ئاسیاش –سـەرەڕای هەمـوو هەوڵێکمـان بۆ چەسپاندنی قبوڵکردنمـان– لە بەشـــە زۆرەکەی ڕوومـــان بە دیـــوارێکی قایمـــدا درا. ئەوە ڕاســـتبوو، کە نوێنەرایەتییمـــان لە بۆرمـــا، ژاپـــۆن و جیلیـــۆن دامەزرانـــدبوو، نووســـینگەی کونسوڵیشمان لە فیلیپین و تایلاند و هیندستان هەبوو؛ لێ هەرچەندە ئێمە لە دەوڵەتە یەکەمەکـــان بـــووین، کە دانمـــان بە کۆمـــاری چینـــی میللیـــدا نـــا، کەچی چین حەزی لێ نەبوو باڵیۆزخانەمـان لە پەکیندا هەبێ. ئەندەنۆسـیا و پاکسـتانیش دەوڵەتـی موسـڵمان بـوون، بە ئاشـکرا ناحەزمـان بـوون. جیهـانی سـێیەم کە نەهـرۆ لە لایەک و تیتـۆش لە لایەکەی دیکە ڕۆڵـی بڕیاردەریـان تیـــادا دەبینـــی، زیـــاتر لە ناســـر و عەرەب نزیـــک دەبـــوونەوە، لە ئـــێمەش دووردەکەوتنەوە. کاتێکیش لە بەهاری ١٩٥٥دا کۆنگرەی نەتەوەکانی ئاسیای و ئەفریقـــایی لە بانـــدۆنگ بەســـترا، هەرچەنـــدە ئـــێمە زۆرمـــان حەزلێبـــوو بانگهێشـت بکـرێین، بەڵام دەوڵەتە عەرەبییەکـان گەفیـان کردبـوو، کە ئەگەر ئێمە بچین ئەوا ئەوان بەشداری ناکەن، ئیدی ئێمە خراینە دەرەوەی بازنەی

"یـانەکە". لە ١٩٥٧ و١٩٦٨دا لە نەتەوە یەکگرتووەکـان سـەیری دەوروبەری خۆم دەکرد، لەبەرخۆمەوە بیرم کردەوە: "ئێمە لێرە بێ خانەوادەین. هیچیان لە ئۆل و زمـان و ڕابردوودا هاوبەشـمان نین. بـاقی جیهان پێدەچێ بە پێی باری جوگرافیایی و دیرۆکییەوە بووبێتە دەستە دەستە و ئیدی بەرژەوەندی هاوبەشـی خەڵکەکەیـان بە یەکەوە گرێبدا، بەڵام دراوسـێکانمان —هاوپەیمـانە سروشـتییەکان- نایـانەوێ هـیچ هاموشـۆییێکیان لەگەڵمانـدا هەبێ، بە ڕاسـتی ئێمە بێجگە لە خۆمان سەر بە هیچ شـوێن و هـیچ کەس نین." ئێمە یەکەمین دەوڵەتـی لەدایکبـووی نەتەوە یەکگرتووەکـان بـووین؛ بەڵام وا کەوتیـنە بـن باری هەڕەشە و گوڕەشە وەک ئەوەی زڕ بین، پێویستە پێشی لێ بنێم، ئەم دۆخە ئازاردەر بوو.

ئـــاخر، خـــۆ جیهـــان هێشـــتا هەر لە ئەوروپـــایی و ئاســـیاییەکان پێکنەهـاتووە. بەڵکـو چەنـدان نەتەوەی دیـکەش لە ئەفریقـا و هەندێکیشـیان لەسەر لێواری سـەربەخۆیین، دەشکرێ ئیسـڕائیل هاموشـۆیان لەگەڵدابکا و شـتی زۆریشـیان پێببەخشـێ. هەروەک ئەوانـیش ئـێمە لە بـن بـاری هێـزە دەرەکییەکـان دەمانناڵانـد؛ وەک ئەوان دەبـووایە لە خۆمـان فێـربین چـۆن خاکەکەمان بگەڕێنینەوە؛ چۆن بەروبوومی دانەوێڵەمـان پەرەپێبدەین، چۆن بەراوی بکەین، چۆن بەخێوکردنی پەلەوەرمان برەوپێبدەین، چۆن بتوانین بە یەکەوە بـژین و چـۆنیش بەرگـری لە خۆمـان بکەیـن. سـەربەخۆیی هەروەک ئەفریقاییەکـان، بە شـێوەیەک بەدەسـتمان هێنـا، کە لەسـەر دەفرێکـی زیـوین پێشکەشـمان نەکـرا، بەڵکـو دوای خەبـاتی چەنـدان سـاڵ، ئـێمە دەبـووایە بـاج و نرخـی چـارەی خۆنووسـینمان بـزانین —کە بەشـێکیش لە هەڵەکانمـان فێربـووین- چـۆن بیـدەین. ئـاخر جیهـان بە ڕێکـی دابەش بووبـووە سـەر ئەوانەی هەیـانە و ئەوانەی نیـانە، ئەزمـونی ئیسـڕائیل خەریکبوو بێوێنە بێ، چـــونکە ئـێمە ناچـــارکراین چارەســـەری زۆر لە کێشـــەکان بـــدۆزینەوە، کە دەوڵەتە هێزدار و خواپێیداوەکان هەرگیـز ڕووبەڕووی نەبووبوونەوە. ئێمە نەماندەتوانی پارە و چەک بدەینە ئەفریقـا، بەڵام لەسـەرێکی دیکەشـەوە ئێمە بەدەربـــووین لە لەکە و بەدرەفتـــاریی ئیســـتیعمارییانە، چـــونکە هەمـــوو داخوازییەکمان هەر بۆ دۆستایەتی بوو. ڕێگام بدەن دەستبەجێ چاوەڕوانی

هەندێ شتی تەوسلێدەران بکەم. ئایا ئێمە بۆ ئەوە چووینە ئەفریقا تا دەنگ بۆ خۆمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان خڕبکەینەوە؟ بەڵێ، بێگومان ئەوە یەکێک بوو لە پاڵنەرەکانمان، -پاڵنەرێکی شەرەفمەندانەش بوو- من هەگیز و هیچ کات نە لە خۆم نە لە ئەفریقاییەکانم نەشاردۆتەوە، بەڵام ئەوە بە دووربوو لە مرازە هەرە گرنگەکەمان، هەرچەندە هاندەرێکی بێبایەخیش نەبوو. هۆیە سەرەکییەکەی "سەرکێشییەکانی" ئەفریقامان ئەوەبوو، کە ئێمە شتێکمان دەویست بیگەیەنینە دەوڵەتە تازەکان یان ئەوانەی ئەزموون و شارەزاییان لە ئێمە کەمتر بوو.

ئەمڕۆ لە بە ئاگاهاتنەوەی قۆناخی دوای شەڕی یوم کوپەر، پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانمان لەگەڵ زۆر لە دەوڵەتە ئەفریقاییەکان لەیەکترازاوە، زورنای لاقرتێکاران، بێئومێدی ئیسرائیلیش لە خۆ دەگرێ. ئەوان گوتیان؛ "ئەوە هەموو پارە، کات و ئەرک لەدەستدان بوو، ئەوە مژدە و بزووتنەوەیەکی ساختەبوو کە لە ئیسرائیل زۆر بە هەند هەڵگیرابوو، هاوپەیمانێتیەکە لەو ساتەدا ڕووخا، کە عەرەب بە ڕاستی گوشاریان خستەسەر ئەفریقاییەکان." بەڵێ، بێگومان هیچ شتێک لە ڕاستی دوای ڕەخنە هەرزانتر و ئاسانتر یان ڕوخێنەرتر نییە، پێویستە ئەوەش بڵێم، لەو ڕوانگەوە ئەوە کەمترین ڕاستییە. شت لە وڵاتان هەروەک لە خەڵکەکەش دەقەومێن. هیچ کەسێک تەواوعەیار نییە، نوچدان و شکستیش هەر هەیە، هەندێکیان زیانبەخش و بە ئازارترن لە هەندێکی دیکە؛ بەڵام هیچ پڕۆژەیەک چاوەڕوانی سەرکەوتنی تەواو سەد لە سەد و خێرای لێ ناکرێ. لەوەش پتر ناکۆکبوون واتای نوشستی ناگەیەنێ، بە ڕاستی منیش هاوسۆزییەکی زۆر کەمم لەگەڵ هەلپەرستیی سیاسییانەدا هەیە، کە یەکسەر داوای خۆکێشانەوە دەکا. ڕاستی ئەوەی لە ئەفریقا کردمان، ئەوە نەبوو سیاسەتێکی خۆڕوونکەرەوە بێ –شت بە شت یان پاک لە پاک بێ- بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە لە خۆگری زۆرترین نەریتە بەهادارەکانمان و دەربڕی ناخی سەلیقە خۆکردییە مێژووییەکەمان بوو.

ئێمە چووینە ئەفریقا تا وانە بڵێینەوە، ئەوەی پێشمان گوتن فێری بوون. کەس لە من نیگەران و پەشیمان نییە لەو کاتەی کە نەتەوە

ئەفریقاییەکان —یان زۆر لەوان- پشتیان لە ئێمە کرد. بەڵام ڕاستی پرسەکە ئەوەبـــوو، ئەوەی ئـــێمە —و ئەوان- بە یەکەوە ئەنجاممانـــدا، ئەوەی ئەو هەزاران شـــارەزا کشـــتوکاڵییە، هایـــدرۆلۆجیی، پلانـــدانەری هەرێمیـــی، تەندروستی گشتیی، ئەندازیاریی، ڕاژە کۆمەڵاتییەکان، دەرمانسازی و بوار و کەرتی دیکەش لەماوەی ١٩٥٨ تا ١٩٧٣ کردییان، ئەو هەزاران ئەفریقاییەی لە ئیسرائیل لە ماوەی ئەو ساڵانەدا مەشقیان پێکرا؛ ئەو سوود و کەڵکە هەرگیـــز ون نـــابێ، ئەو دەســـتکەوتانە هەرگیـــز کەم نـــابنەوە. ئەو شـــتانە بەردەوام سوودبەخشبوون، هیچ شتێک ناتوانی بیانسڕێتەوە. ئەو حکوومەتە بەدنمەکانە دەبێ بە دڵنیاییەوە لە لای خۆیان هەوڵ و تەکانی زۆر بدەن تا ئەو بێتامییەی بە هۆی پشتکردنە ئێمەیان لە کاتی قەیرانەکان توش دەبێ، بسترێنەوە. لێ خۆ ئەوە پاساوێک نییە بۆ حاشاییلێکردن یان بۆ بە کەم گـــرتن، ئەوەی بە ڕاســـتی بـــڕوام پێیەتـــی، هەرچەنـــدە ئەوەش نـــاڵێم کە نیشـــانەیەکی بێـــوێنە دیـــار و بەرچـــاوبوون بـــۆ بـــوون، بەوەی هەولێکـــی باشـــکردنی ژیـــانی ئادەمیزادمـــان لەوێ دا، زۆریـــش شـــانازی بەو کـــۆمەکە تەکنیکییە دەکەم کە بەرنامەی هاوکاریی نێودەوڵەتی ئیسرائیل پێشکەشـی خەڵکی ئەفریقایی کرد، پتر لە هەموو پرۆژەیەکی دیکە، کە لەوێ ئەنجامـمان دابێ.

بۆ مـن لە هەمـوو شـتێک پتـر بەرنـامەکە تەکـانی دایە بەر ڕەوتـی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانەوە کە لە ناخی دڵی کرێکارانی زایۆنیزم و جـووایەتی هەڵقوڵابـوو. ئەو فەلســەفەی ژیـانەی کـاتی خـۆی لە ١٩٢٠دا خەڵکـــی مێرهاڤیـــای ناچـــارکردبوو وەک کەســـانی پێشـــەنگ لە بـــۆتەی هەرەوەزییەکدا بژین، هانی کچەکەم و هاوڕێکانی دا هەمان ڕێباز لە ١٩٤٠دا لە ڕێڤیڤم دووبارەبکەنەوە، ئێستاش بەرپرسە لە ناسنامەی هەر کیبۆتێک کە لە ئیسـرائیل دامەزرابێ، لەو بـڕوایە دام ئەو سروشـەی کە ئیسـرائیلییەکانی گەیانـدە وڵاتەکـانی ئەفریقـایی و بە سـاڵان لەوێدا ڕەنجیـان دا، بۆ ئەوە بـوو لایەنە بیردۆزیی و کردارییەکەیان لەگەڵدا بەشبکەن، بەڵکو ئەمە ببێتە وەڵام بۆ پێویسـتییەکانی ئەفریقـا و بـۆ گـۆڕانی جیهانەکەیـان بە شـێوەیەک لەگەڵ چارەنووســـیان یەکبگـــرێتەوە. وەنەبـــێ هەمـــوو ئەو ئەفریقاییـــانەی هـــاتنە

وڵاتەکەمـــان لە ئەزمـــوون و زانیارییەکانمـــان بەشـــداربوون، سۆشیالیســـت بــــووبن. بەڵکـــو زۆر لەوە دووربــــوون، بەڵام بـــۆ مـــن بەرنـــامەکە درێژبـوونەوەیەکی ئاوەزیانە(لۆژیکییـانە)ی ئەو بنەمایـانە بـوو کە هەمیشـە بڕوامان پێی هەبووە، لە ڕاستیدا هیوا و مەبەستی دەدایە ژیان. هەڵبەتە هیچ ڕوویەکـی بەرنـامە نـاوبراوەکە لەوێ، کە وەک خـۆی هەبـوو سـەلمێنرا "لە گۆترە بووبێ" هەروەهـا بە هەمـان شـێوەش پێمـوانییە هـیچ ئەفریقاییەک کە پێیەوە گرێدراوبووبێ یاخود لەبەرهەمەکەی خواردبێ لەژێر هەمان تیشکدا لێی بڕوانێ.

شتێکی دیکەش هەیە: ئێمە لەگەڵ ئەفریقاییەکان بەشداری شتگەلێک بــووین، نەوەک هەر لەبەر ئەوەی کە پێویســـتی گەشەســـەندن داوای لـــێ دەکـــردین، بەڵکـــو لەبەر یـــادەوەریی چەوســـاندنەوە ســـەدەکانیش بـــوو. چەوساندنەوە و جیاوازگەری وکۆیلایەتی هەر بە تەنیا واژەگەلی جوو یان ئەفریقایی نەبوون. ئەو دەستەواژانە هێماگەلێک نەبوون بۆ سەدان ساڵی ڕابردوو، کە لە لایەن باب و باپیرانەمانەوە لەبیرکرابوون، بەڵکو ئاماژەبوون بـــۆ ژانوناســـۆر و شـــەرمەزاریی، کە تەنیـــا دوێنـــێ بـــوو لە بـــن بـــارییەوە دەمانناڵانـــد. لە ١٩٠٢دا تیـــۆدۆر هێرتـــزل ڕۆمـــانێکی نووســـی، تێییـــدا وێنـــای دەوڵەتێکـــی خەیـــاڵی جـــووی لە ئاینـــدەدا کـــرد. ڕۆمـــانەکە بەنـــاوی ئالتێنیولانـــد[113] ("وڵاتـــی کـــۆنی نوێ")بـــوو، لە لاپەڕەی ناونیشانی ڕۆمانەکەیدا ئەم وشانەی خوارەوە نوسراون: "**<u>ئەگەر تۆ شتێکت بوێ، ئیدی ئەوە خەون نییە</u>**" ئەو وشـانە بـوونە دروشـمی جۆشـدانەوەی بزووتنەوەی زایۆنیستیی. لە ئالتنیولاندا بڕگەیەک لە بارەی ئەفریقادا هاتووە، زۆر جار دەقەکەیم نیشـانی برادەرە ئەفریقاییەکـانم داوە و بە پێویستیشـی دەزانم لێرەدا وەک خۆی بینوسمەوە:

---

[113] Altneuland : وڵاتی کۆنی نوێ، ڕۆمانێکی ئەندێشاوی تیۆدۆر هرتزلی دامەزرێنەری زایۆنیزمی سیاسی بوو لە ١٩٠٢دا دوای سەش ساڵ لە بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (دەوڵەتی جوو) بە ئەڵمانی چاپ و بڵاوی کردەوە. وەرگێڕ.

**"...هێشتا پرسێکی کارەساتبار لەنێو نەتەوەکاندا و تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان بێ چارەسەر ماوەتەوە، ئەو تراژیدیایە قووڵەش هەر جوو لە واتاکەی تێدەگەن. ئەویش دۆزی ئەفریقاییەکانە. تۆ تەنیا ئەو قۆناخە ترسناکە مێژووییانەی بازرگانیی کۆیلەکان بە بیر خۆت بهێنەوە، ئەو ئادەمیزادانەی هەر لەبەرئەوەی کە ڕەشپێست بوون، بە چەشنی مێگەلەمەڕ دزران، بە دیل گیران و کەلەپچە و سندم کران و فرۆشران. منداڵەکانیان لە وڵاتێکی نامۆ گەورە بوون، بوونە بابەتی سوکایەتیی مێژوویی، چونکە سروشتەکەیان جیاواز بوو. من خەجاڵەتبار نیم لەوەی بڵێم، هەرچەندە خۆشم دەبمە مایەی گاڵتەپێکردن لەوەی دەیڵێم، جارێکیان من بوومە گەواهیدەر بە سەر ڕزگاربوونی جوو، گەلی خۆم، حەزیشم لێیە کۆمەکی ڕزگاربوونی ئەفریقاییەکانیش بم."**

پێم وابێ ئەم بڕگەیە خۆی خۆی دەدوێنێ!

لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە و هیوادارم کە من بەرپرسیاربم لە مەودا سەرەتاییەکانی نزیکەی ٢٠٠ بەرنامەی گەشەپێدان، کە ئیسرائیل تا ڕۆژی ئەمڕۆی لە پتر لە هەشتا وڵاتی ئەفریقا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین و لەو دواییانەشدا لە حەوزی دەریای سپیی ناوەڕاستدا ئەنجامی داون، ئەوەش بەو هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و بەهرەی پێنج هەزار ڕاوێژکاری ئیسرائیلی بوو، خۆ ناتوانم ئەوەش بڵێم گوایە من داهێنەرەکەی بوومە. یەکەمین کەسی ئیسرائیلی، کە توانای هاوکاریی نێودەوڵەتی دۆزییەوە، دۆستێکی من بوو بە ناوی ڕیوڤن بەرەکات، ئەو سەرۆکی هۆبەی سیاسییانەی هیستادروت بوو. چەندان ئەفریقایی و ئاسیایی هێنانە ئیسرائیل تا بە چاوی خۆیان ئەوە ببین، کە چۆن بە خۆمان چارەسەری چەندان کێشەی خۆمانمان کردووە. کاتێکیش لە ١٩٥٦دا بوومە وەزیری کاروباری دەرەوە –بەرلە ڕۆژی سەربەخۆیی گانا بوو- دیپلۆماتێکی گەنجی ئیسرائیلی چانان یاڤۆر، کە شارێت دەستنیشانی کردبوو، خەریکی پێچانەوەی بارگە و بارخانەی خۆی بوو تا نوێنەرایەتی ئیسرائیل لەوێدا بکا. کاتێک گانا لە

١٩٥٧دا سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، ئێهود ئاڤریل وەک باڵوێز بۆ ئەوێ و بۆ لێبیریا دیارکرابوو، ئەویش پێشنیازی کردبوو، کە من یادی یەکەمین ساڵڕۆژی سەربەخۆبوونەکەی گانا لە ١٩٥٨دا لەوێ بکەم و هەروەها سەردانی هەریەک لە لیبیریا، سەنیگال و کەناری عاج ونایجیریا بکەم. ئیدی خەریکی نەخشەی گەشتەکەم بووم، بڕیارماندا ئێهود و جاکۆب تزور باڵویزی فەڕەنساش یاوەرم بن.

دیارە پێشتر بە شێوەیەکی سەرەکی ئەفریقاییم لە کۆبونەکانی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال دیتبوون؛ بەڵام هەرگیز نەچووبوومە ئەفریقا، بە ڕاستیش هەر خەیاڵی ئەوێم نەبوو. لەبیرمە خۆمان بۆ گەشتەکە ئامادەدەکرد (بە ڕێکەوت یەکێک لە کەموکوڕیەکانم وەک گەشتیار نادروستییانە شتومەکی پتر لەپێویست لەگەڵ خۆمدا دەبەم) و بە چەندان سەعات خۆم لەنێو داڵغەکانی خۆم سەبارەت بە ئەگەری ئەو ڕۆڵەی کە دەتوانین لەو کیشورە گەورەیەدا وازیبکەین، نغرۆ کردبوو. هیچ ئەندێشەیەکی وامان نەبوو لەبارەی ئەو ڕاستیەی ئاخۆ ڕۆڵەکەمان چەند بچووک دەبێ، بەڵام بە جۆش بووم بۆ ئەو بەتەمابوونەی ئەو بەشەی جیهانەدا، کە ئێمە بۆ ئەو و ئەویش بۆ ئێمە نوێ بوو. وەک منداڵێکی خرۆشاو بووم، ئاخۆ لەوێ چیمان دێتەپێش.

یەکەمین قۆناخم مانرۆڤیای پایتەختی لایبێریا بوو، لەوێ میوانی سەرۆک ویلیەم توبمان بووم. خەڵکی دەستەبژێری کۆمەڵایەتی و ئابوری لایبیری لە بارودۆخێکی لوکسەییانە(کەمالیاتیانە) دەژیان- نزیکبوون لە سنوورێکی خەیاڵی- کەچی باقیی دانیشتوانەکانی وڵاتەکە زۆر نەداربوون. بەڵام من بۆ پەند و ئامۆژگاری دادان، نە بۆ خۆتێهەڵقورتاندن نە بۆ گۆڕاندنیان چووبوم. من بۆ دیدەنی ئەفریقاییەکان چووبووم، ئەوەشم دەزانی، کە سەرۆک توبمان دۆستێکی دڵسۆزی جووە، بە شێوەیەکی سەرەکیش کاتێ بەبیر خۆم دەهێنمەوە، دەزانم لەبەر ئەو مێژووە دورودرێژە ئاڵۆزکاوەی پەیوەندییەکانێتی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لەوێوە دۆستایەتی لەگەڵ کۆنگرێسمانی جوو ئێمانوئێل سێللەر پەیداکردبوو- کە تاکە پەیوەندیکاری سەرەکی هەموو پەیوەندییەکانی توبمان

بووه له واشنتندا- سیللەر له تەنیایی ئەو سەرکردە ڕەشپێستە گەیشتبوو، له کاتێکدا هەستکردن به هەرچی ڕەشپێستە مایەی ڕێز و پەسندان نەبوو. لایبیریا یەکەمین دەوڵەتی ڕەشپێستی جیهان بوو، که تەواو جیاواز نەبوو له هی ئیسرائیل، لەدایکببوو. منیش نەمدەتوانی کاردانەوەم هەمبەر مەیلی خۆشەویستی توبمان بۆ ئیسرائیل و هەستی به هێزی هاوبەشی لەگەڵماندا نەبێ، بەڵام ئەوەی زیاتر دڵڕفێن و جێسەرنجی من بوو له مۆنرۆڤیا و لایبیریا نەبوو بەڵکو ئەو ئەفریقایە بوو، که له ناوەوەی وڵاتەکەدا بینیم.

بۆ چەندان مایل به ناو لایبیریادا گەڕام. قسەم لەگەڵ سەدان کەس کرد و بەرسڤی هەزاران پرسم لەمەڕ ئیسرائیل دایەوە، زۆر پرسیاریان لەسەر ئیسرائیل بوون وەک وڵاتی تەوجیل[114]. ژنێکی گەنجی زۆر جوان له فەرمانگەی کاروباری دەرەوەی لایبیریا یاوەرمان بوو، له بیرمه له دوا ڕۆژی سەردانەکەمدا زۆر شەرمنانه پێیگوتم، "من پیره داکێکم هەیه، پێم گوتووه ئەو چەند ڕۆژانه سەرقاڵم به میوانێک که له ئۆرشەلیمەوە هاتووه. دایکم تەنیا لێمی ڕوانی، ئەوسا پێی گوتم: "ئەرێ نازانی که هیچ شوێنێک له دنیادا وەک ئۆرشەلیم نییه؟ ئۆرشەلیم له بەهەشتە. ئایا خانم مایەر پێتوانیه گەر بۆ خولەکێکیش بێ بتوانی ببینی و لەبارەی ئۆرشەلیم قسەی بۆ بکەی؟"

هەمان ڕۆژ چوومه سەردانی دایکی کچەکە و بوتڵە ئاوێکی ڕووباری ئوردنیشم لەگەڵ خۆمدا به دیاری بۆ برد. پیرەژەنەکە تەنیا له دەورەمدا دەسوڕایەوە، دەخولایەوە، هەرگیز دەستیشی لێ نەدام. ئەوسا قسەیکرد و گوتی : "تۆ له ئۆرشەلیمەوە هاتوی. تۆ مەبەستت شاره ڕاستەقینەکەیە، ئەو شارەی جادەوبان و خانوی لێ هەن و خەڵکی به ڕاست لێ دەژی؟"

وەڵامم دایەوە؛ "بەڵێ، من لەوێ دەژیم،" بەڵام پێم وا نەبوو ئەوکات بڕوای پێکردبم. ئەوە ئەو پرسیارە بوو، که له هەموو ئەفریقادا لێمکرا، منیش

---

[114] تەوجیل: واته بایبل، له لەیەکدانی پیتی یەکەم و دووەمی هەردوو کتێبەکەی تەورات و ئینجیلەوە هاتووە. وەرگێڕ.

به ئەفریقاییەکانم گوت، تاکە شت لە ئۆرشەلیمدا بەهەشتاوی بێ ئەوەیە، کە تا ئێستا هەر ماوە!

بۆ من گرنگترین بەشی سەردانەکەم بۆ لایبێریا ئامادەبوونی ئەو ڕێوڕەسمەکە بوو، کە کرابوومە سەرۆکی هۆز-ئەوە شەرەفێک بوو بە دەگمەن دەبەخشرایە ژنان- گۆلا (کاتێک دواتر سەربردەکەم گێڕایەوە، شتێکی ڕێکەوتانەش بوو کە لە ئیسرائیلدا بە دیساپۆرا بە عیبری پێی دەگوترێ گۆلا) لە باکوری لایبێریا. بە دڵنیاییەوە ئەوە شتێکی هەرە ناوازە بوو لە ژیاندا توشم هاتبێ، دانیشی پێدادەنێم کاتێک لەبەر تین و تاوە سوتێنەرەکەی ڕۆژ لەگەڵ خەڵکی هۆزەکە وەستابووم، هەموویان بە دەورمدا هەڵدەپەڕین و گۆرانییان دەگوت، بە ئاستەم باوەڕم دەکرد، ئەوە من بووبم؛ گۆلدا مایەری پینسک، میلواکی و تەلئەبیب، کە بۆ من ئەو بۆنەیە ڕێکخرابێ و ئەو ڕێزە زۆرە دەربڕابێ. دوو بیرۆکە لای من باڵکێشبوون: " من دەبێ ڕەفتارێکی وا لە سەرەتای ئەو بۆنەیە و لەنێو جەرگەی ئەفریقادا بنوێنم، وەک ئەوەی هەموو ژیانم لەسەری ڕاهاتبم" و " حەزیشم لێبوو کە نەوەکانم بیان دیتبام." کاتێک سەماکردنەکە تەواوبوو، بە ۲۰۰ ئافرەتی هۆزەکە منیان بردە کۆڵیتێکی بچوکی هەناسەبڕ کە لە گیا دروستکرابوو، لەوێ عەبایەکی بریقەداری سەرۆکە ژنی خێڵەکەیان لەبەر کردم و شتێکی نهێنییانەشیان دەستپێکرد -حەزناکەم وردەکارییەکەی بگێڕمەوە. بەڵام هەرگیز نیگای دەستە ئیسرائیلییە یاوەرەکەم (بە ئێهود و ئەفسەرە ئاسایشەکەشمەوە) لەبیرناچێ کاتێ لە نێو دەنگی دەهۆڵەکان و جادوی ژنەکان لەنێو کۆڵیتە تاریکەکەدا بزربووم- یان ئەو ئۆخەیەی هەناسەیان کە هاتەوەبەر لەو دەمەی جارێکی دیکە ڕوخسارم دەرکەوتەوە و بە سەلامەتی و بە زەوقەوە بە پێیەکانی خۆم دەڕۆیشتم. ئەوەی دەکرێ لەبارەی ئەو ڕێوڕەسمەکەوە بڵێم ئەوەیە، کە زۆر کاریگەربووم و بە پڕڕەنگی سروشتەکەیان و دڵگەرمییان دڵشادبووم. ئەو شێوە مێواندارییە گەرموگوڕەی ئەوان هەستێکی وای پێبەخشیم لە ماڵی خۆمم؛ ئیدی ئەو بەخێرهاتنەم لە هەموو سەردانەکانی ئەفریقا هاتەپێش و لە هیچ شوێنێکی

دیکه وا به گەرمییەوە پێشوازی لێ نەکراوم، هەر هیچ نەبێ لە ئاسیادا توشی نەهاتم.

لە لایبیریاوە چووینە گانا، کە یەکەمین دەوڵەت بوو لەدەست ئیستعمار ڕزگاری بووبوو، لەوێ چاوم بە د.کوامێ نکرومای نیمچە خوای ئەفسوناوی ناسیونالیزمی ئەفریقای ئەوێ ڕۆژێ کەوت. ئەستەم بوو نکرۆما ببینی و خۆشت نەوێ یان پێیەوە سەرسام نەبی، بەڵام هەر گەیشتمە ئەوێ وتوویژێکی زۆرمان کرد هەرچەندە پشتپێبەستن و ڕاستگۆیەتی مایەی دوودڵیم بوو. شتێکی ناواقعی و ناسەرنجڕاکێشانە لەبارەی لەبلەبانیی و پەرۆشییە بە جۆشییەکەی بەوەی هەر بە هێمای ڕزگارکەری ئەفریقا بمێنێتەوە. ئەو کێشەکانی ئەفریکای بەوە لێکدەدایەوە، کە کێشەیەکی فەرمییانەی سەربەخۆبوون بێ، زۆر دووربوو لەوەی حەز بە وتوویژ لەسەر گەشەپێدانی سەرچاوە دەرامەتییەکانی ئەفریقا بکا یان تەنانەت ئاخۆ چۆن پێوەرەکانی ژیانی گەلەکەی خۆی بەرزبکاتەوە. ئەو لە ئاشێک لێی دەکرد و منیش لە ئاشێکی دیکە. ئەو لەبارەی سەربەرزی ئازادی قسەی دەکرد، منیش لەبارەی خوێندن و فێربوون، تەندروستیی گشتی پێویستیەکانی ئەفریقا بۆ مامۆستا، تەکنیکار و پزیشکی خۆیی. بۆ چەندان دەمژمێر بەوەوە قسەمانکرد، بەڵام پێم وابێ هیچ کاممان قەناعەتی بە ئەوی دیکە نەهێنا.

من نەمدەتوانی ببمە کەسێکی کردەوەباز(پراگماتیک) و لەسەر تەکنیک و زانین و زانیاریی ڕژدبم، لە کاتێکدا نکروما بە مەزندەی من لە دواندەریی ئاستبەرز و ڕەوانبێژیدا شتێکی دیکەی نەبوو. هەر بۆ نموونە لە خاڵێکیان بۆی ڕونکردمەوە، کە بۆچی کۆتەڵێکی قەبەی خۆی لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەماندا لە ئەکرا دا[115] داناوە، هەروەها بۆ چی ڕوخساری خۆی خستۆتە سەر پارەوپولی نوێی گانا، بۆی ڕوونکردمەوە: " سەربەخۆیی بۆ خەڵکی نێو جەنگەڵ هیچ نییە. ئەوان لە واتای وشەکە تێناگەن. بەڵام کاتێک پارەوپول دەبینن، کە ڕوخساری نکرۆمای لە جیاتی شاژنی ئینگلاند

---

[115] Accra: پایتەختی وڵاتەکە-وەرگێڕ

لەسەر هەڵکۆڵراوە، ئیدی تێدەگەن سەربەخۆیی چییە." هەرچەندە دوو ڕێگای جیاوازمان بۆ ڕووکردنە شتەکان هەبوون، بەڵام ئەمە لەوەی نەگۆڕی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان ئیسرائیل و گانا دابمەزرێ، ئەمەش خۆی لە جاڕدانی بەرنامەیەکی ڕاهێنان لە ئیسرائیل و گانا بینیەوە، کە کاری بنیاتنەرانە و ئەندازەسازی لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە ئەنجامدرا. هەروەها ئێمە یارمەتی هێنانەکایەی هێڵی کەشتیرانی ئەستێرە ڕەشەکەی گاناشمان دا. لە ڕاستییدا ئەمڕۆ بۆ سەدان ئیسرائیلیی گانا وڵاتی دووەمیانە و بۆ ئەوانەش، کە ئایندەی گانایان وەک هی ئیسرائیل لە لا مەبەست بێ.

دواتر سەرکردە ئەفریکاییەکانی دیکەم بینین، نموونەش سەرۆکی کەناری عاج هاوفاوت بۆگنی، ئەوکەسەی داوا و پێشنۆرەییەکانی پتر لە هی من نزیک بوون. بۆگنی (هەر بەو بۆنەیەوە لە هەمان هۆزی نکرۆما بوو، دەیتوانی تەنیا بە زمانی هۆزەکەی خۆیان لەگەڵیدا بدوێ، چونکە نکرۆما فەرەنسی نەدەزانی و بۆگنیش لە ئینگلیزییدا بەڵەد نەبوو) لە ١٩٥٨دا هاتەسەر ئەو بڕوایە، کە پەرەپێدانی وڵات بە قەد سەربەخۆیی گرنگە. ئاسۆی ڕوانینی ئەو لە هی نکرۆما ڕوونتر بوو سەبارەت بەو مەترسیە کوشندانەی ڕووبەڕووی ئەفریقا دەبنەوە، ئەگەر ئەوان تەنیا پێ لەسەر سەربەخۆیی، بێ هیچ ئامادەکاریەکی پێشوەخت دابگرن: ئیسلامییە توندڕۆکان؛ تەنانەت تێکەڵییە کوشندەکەی کۆمۆنیزم-ڕووسی یان چینی-و ئیسلام؛ گەڕانەوەیان- بە سووکە ڕوخسارێکی دیکە-ی وەک سەردارانی ئەفریقا و لاوازی ڕەگەزە پەرەپێدراوە میانڕەوەکانی لە نێو سەرتاپای کیشوەرەکە دەبینی. هەروەها ئەو بۆ ساڵانێکی زۆر بەرەنگاری پشی پشیکردنی ناسر و گەفەکانی بووەوە. لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣دا، هەرچەندە بۆگنی ملی بۆ دان و پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا پچڕاند، بە خەمبارییەوە ڕوونیکردەوە، کە ئەو دەبووایە شتێک "لەنێوان "برا" عەرەبەکان و "دۆستە" ئیسرائیلییەکاندا هەڵبژێرێ. دیارە لە ١٩٥٨دا هەموو شتێک لە بەردەم ئایندەدا بوو، ئەوەی باشیش بوو کرا.

هەرچەندە سەرەتا بە دیدارم لەگەڵ نکرۆمادا پەستبووم، بەڵام سەردانەکەی گانام نەوەک هەر بە سەردانێکی باش و سەرنجڕاکێش

وەرگەڕا، بەڵکــو بــووە خــاڵێکی جەوهەری و وەرچەرخــان بــۆ هەمــوو پرۆژەکـانی ئەفریقامـان. وەک بەشـێک لە ئـاهەنگی سـەرەسـاڵ، گانـا ڕۆڵـی خانەخوێی بۆ یەکەمین کۆنفرانسی گەلانی ئەفریقا بینی، کە نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی ئەفریقای لەخۆگرتبوو بە بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیریشیەوە. من پێشتر د. جۆرج پادمۆر[116] ئەو کۆمۆنیستە ناوازەیەی ڕۆژئاوای هیندییم بینیبوو، کە گرنگترین بیرمەندی هێزە "پێشکەوتنخواز"ە پان ئەفریقانی بوو، ئەو مامۆتکی ڕوانینی پەرەپێدانی ئەفریقابوو، لەنێو ئەو کارانەی، کە کردی کۆکردنەوەی کۆمەکێکی زۆری دارایی لەنێو کۆمەڵگا ڕەشپێســتەکانی ولاتە یەکگرتووەکــان بــوو و شــان بە شــانی یەکێتیــی بــانگخوازانی جــوو. ئەو زۆر حەزی لە ئیســرائیل بــوو و لەســەر ئەوەش مکوڕبوو سەرکردە ئەفریقاییەکان ببینم، کە لە ئاکرا کۆبوونەتەوە. پێی گوتم ئەوەش دەرفەتێکی لەبارە بۆ مـن و بۆ ئەوانیش. کۆنفرانس دەبـووایە لە ســەعات چــواری دوای نیــوەڕۆ لە میوانخــانەی باڵویزەکــان، کە تــاکە میوانخـانەی نوێبـوو لە گانـا دەسـت پێبکـا، بەڵام دانیشـتنە تـایبەتییەکە لە ســەعات ســێ ڕێکخرابــوو، کــاتێکیش مــن لەگەڵ پــادمۆر چــوومە نێــو ژووری کۆنفرانسـەکە، نزیکەی شەست پیاو لەسـەر کورسییەکان بە دەوری مێزیکی کەتە دانیشتبوون، چاوەڕێی منیان دەکرد.

ڕووبەڕووبــوونەوەیەکی بە مەراق و بە جــۆش بــوو. لێــرە ئــێمە یەکەمین وڵاتی ئەفریقی بووین، کە سەربەخۆییمان بە دەست هێنابوو (بێجگە لە لایبێریا و ئەسیوبیا)؛ منێک کە وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی جوو بــووم، تەمەنــی تەنیـا دە سـاڵ بـوو، لەگەڵ شەسـت کەس دانیشـتووم، کە وڵاتەکانیـان دوو یـان سـێ ساڵێک دەبێ سـەربەخۆییان بەدەستهێناوە. ئێمە هەموومـان لە بـن بـاری چەوسـاندنەوەدا دەمانناڵاند، هەموومـان خەبـاتێکی سـەختمان لەپێنـاو ئازادیـدا کردبـوو، ئەوان هێشـتا نـوێنەرایەتی بێژمـاری بە ملیۆنـان خەڵکیـان دەکـرد کەب هسـەر ئەو پـارزەمینە گەورە و بەرفـرەوانەی

[116] George Padmore: (١٩٠٢-١٩٥٩) سیاسەتمەدار و چالاکوانی چەپی ترینادی، نووسەر و ئایدۆلۆگیستی پان ئەفریقانیزم-وەرگێڕ

ئەفریقادا دابەشبووبوون، ئێمەش لە نێو وڵاتێکی بچکۆڵەدا، کە زۆر لەمێژە لەچوار لاوە لێی دەدرێ و ئابلۆقەدەدرێ دەژین. ئەو ئێوارەیە بۆ من لە دانیشتنێکی مێژووییانەی وا دەچوو، کە تیۆدۆر هێرتزل پێشبینی کردبوو. زۆر لە ئەفریقاییەکانم بە ناوەکانیان نەدەناسینەوە، بەڵام پادمۆر پێی گوتم کەوا سەرکردەی جەنگاوەرەکانی جەزائیریش لەوێ دانیشتوون لەگەڵ ئەوانەی پێشتر لە ژێر ئیستیعماری فەڕەنسیدا بوون وەک تانجانیکا و باکوور و باشووری ڕۆدیسیا. کەشی ژوورەکە زۆر بارگاوی بوو. هەستم بە گرژی و گومان دەکرد، هیچیشیان هاوپەیمانی ئەو گوتە سەرەتاییانەی پادمۆر نەبوون کە کۆبوونەکەی پێکردوون؛ "من داوای ئەو کۆبوونەوەیەم کردووە بۆ ئەوەی تا وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتێکی ساوا ببینن، کە تازە سەربەخۆیی بەدەستهێناوە و خەباتێکی بێوچانی لەپێناودا کردووە."

بۆ ماوەی چەند چرکەیەک بێدەنگییەکی جارس باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا؛ ئەنجا نوێنەری جەزائیر قیت بووەوە. بە دەنگێکی ساردوسڕ و شەڕپێفرۆشانە –پەیوەندیدار بە بابەتەکە- گوتی: "خانم مایەر، وڵاتەکەت لە ڕێی فەڕەنساوە، کە دوژمنی سەرەکیی هەموو ئەوانەیە لەسەر ئەو مێزەدا دانیشتوون، پڕچەککراوە؛ ئەو حکوومەتەی بە شێوەیەکی دڵڕەق و دڕندانە شەڕی گەلەکەمان دەکا و کاری تیرۆرستیانەش دژی برا ڕەشپێستەکانمان دەکا. ئەرێ تۆ چۆن ڕەوایەتی دەدەییە ئەو دۆستایەتیە لەگەڵ هێزێک، کە دوژمنی سەرەکیی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنوسینی گەلانی ئەفریقاییە؟" ئەوسا لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. من زۆر بە پرسیارەکەی هێدمەگرتی نەبووم، بەڵام تەنیا لەو ڕاستییە سەرسامبووم، کە دەستپێکی کۆبوونەکە بوو. بە شێوەیەک لە شێوەکان چاوەڕوانی ڕستەسازی ڕازاوەتر و کاتی زۆرترم دەکرد، بەڵام من شادمان بووم بەوەی ئێمە کورتە پشوودانێکمان هەبوو، هەروەها منیش پێویستم بە کاتێکی زۆر نەبوو بۆ خۆئامادەکردن.

جگەرەیەکم داگیرساند و سەیرێکی دەروبەری خۆمم لەسەر مێزەکە کرد. ئینجا وەڵامی پرسیارەکەم دایەوە. بە هەر شەست سەرکردە ئەفریقاییەی کە بە شێوەیەکی ساردوسڕ و ناحەزانە نیگایان تێ بڕیبووم گوتم: "دراوسێکانمان بەو چەکە بەلاشە یان بە پارەیەکی کەم، کە لە یەکێتیی

سۆڤیەت دەستیان کەوتبوو، بە تەمابوون لەناومانبەرن. تاکە دەوڵەتێک کە ئامادەبوو —بە بڕێکی زۆری دراوی قورس-هەندێ چەکمان پێ بفرۆشێ، کە پێویستمان پێبوو بۆ داکۆکی لەخۆکردن، فەرەنسا بوو. من هاوهەڵوێستی ڕقوکینەی ئێوە نیم بەرانبەر دیگۆل، بەڵام ڕێگام بدەن ڕاستییەکتان پێ بڵێم، ئەوسا حەزتان لێی بێ یان نا: ئەگەر خودی دیگۆلیش دێوەزمە بێ، ئەوا بە ئەرکی حکوومەتی خۆمی دەزانم چەکی لێ بکڕێ؛ کە تاکە سەرچاوەی چەککڕینمانە. هەنوکەش ڕێگام بدەن پرسیارێکتان لێبکەم، ئەگەر هاتبا و ئێوە لە هەمان دۆخی ئێمەدا بان، ئایا چیتان دەکرد؟"

خەریکبوو گوێم لە هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشان دەبوو، کە باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. ئیدی گرژییەکە لە بەیندا نەما. ئەفریقایەکان زانییان من ڕاستییم پێگوتوون و هیچ شتێکیشم لێ نەشاردنەوە، دەستبەجێ بارە گرژەکە خاو بووەوە. ئیدی هیچ شتێک لە پرسیاربارانکردنیان سەبارەت بە ئیسرائیل نەوەستان. ئەوان زۆر تینووی زانیاریی بوون- سەبارەت بە کیبۆتایەتی، هیستادروت، سوپا- ئیدی لەو بارەیە پرسیارکوتیان کردم. هەروەها لە کاردانەکانیشیاندا زۆر ڕاشکاوانە بوون. گەنجێک لە باکووری نایجیریا (نزیکەی هەمووشیان موسڵمانن) هاتە بەردەمم و گوتی: "ئێمە هیچ جوویەکمان لە باکووری نایجێریادا نییە، بەڵام ئێمە دەزانین دەبێ قینمان لێیان بێ!"

ئەو دەمەتەقێیانە لەگەڵ شۆڕشگێڕە ئەفریقاییەکان لە ماوەی مانەوەم لە گانادا بەردەوام بوون، تا کار گەیشتە ئەوەی بەرنامەی هاوکاریی نێودەوڵەتیی لێ دابمەزرێنین. من ڕێز و دۆستایەتی سەرکردە ئەفریقایەکانم بەدەستهێنا، ئەوانیش مەقاقبوون بمانبینن و کار لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا بکەن. ئەوان لەوە ڕانەهاتبوون ببینن پیاوی سپیپێست بە دەست و بازووی خۆی کاربکا، یاخود شارەزای بێگانە بە ئارەزووی خۆی نووسینگەکەی جێبێڵێ و بچێتە سەر مەیدانی کاری پڕۆژەکان، ئەو ڕاستییەی ئێمە لای ئەوان بە ڕەنگکوێر[117] وێنادەکرێن، زۆر زۆر گرنگبوو. ئەو شتانەی زۆر سروشتییانە

[117] ئەوەی ناتوانێ ڕەنگەکان لە یەک جیابکاتەوە-وەرگێڕ

بۆم دەهات ئەفریقاییەکانی سەرسام کردبوو- هەرچەندە ئەوەش زۆر مەزن نەبوو، بەڵام هەوڵێکی ڕاستگۆییانە بوو بۆ فێربوونی سەمای ئەفریقاییانە یان هەوڵی پەرۆشانەی من لەگەڵ کارمەندە گەنجەکانی نووسینگەی کاروباری دەرەوەی گانــا، کە فێـرە ســەمای ئیســڕائیلییانەیان (هــۆرا) بــکەم. هەســتی زۆربەیان ئەوەبوو من زۆرم خۆشدەوێن. لە یادمە بەیانییەک لە گانا لە بن دارێکی زەبەلاحی مانگۆدا دانیشتبووم، پرچی خۆم شانەدەکرد، دە یان یانزە کیژۆڵەم لەپڕ لێ وەدەرکەوتن، کە پێشـتر هەرگیز قژی درێژیـان نەبینیبوو. کچێکی بچکۆلەیان کە لەوانی دیکە ئازاتربوو هاتە لام. بینیم حەزدەکا دەست لە پرچم بدا، ئاوا بۆ نیو سەعاتی داهاتوو لێ گەڕام بە نۆرە پرچم بۆ دابێنن تەنـانەت ئەو حەشـاماتە سامڵێنیشـتووەی لە پشـتمەوە گردببـونەوە، بەدیـم نەکردبوون.

بەو شـێوەیە ڕەفتـارێکی وامـان نەنوانـد، کە ئەوان لە بێگانەیەکیـان چاوەڕێ دەکرد، پێم وابێ شتی زیاترمـان لە کێڵگەی کشتیاریی، ڕووەکی دەستکرد، میوانخانەکان، هێزی پۆلیس یان مەکۆی گەنجان بۆ زۆر وڵاتـی ئەفریقــایی بنیــات نــا، ئــێمە بــۆ ئەفریقاییەکــان یارمەتیــدەری بنیاتنــانی بڕوابەخۆکردن بووین، بە کارکردمان لەگەڵیان بۆمان سەلماندن، کە دەتـوانن ببــنە پزیشــکی نەشــتەرگەر، فــڕۆکەوان، لیمــۆچێن، کرێکــاری جڤــاکیی و دارســتانناس، بۆمــان ســەلماندن توانــای تەکنیکــی هەر ئەوە نیــیە- کە بــۆ مــاوەیەکی زۆر باوەڕیــان پێکردبــوو- بەوەی تەنیـا لە ســەر ڕەگەزی ســپی پێست پاوان بێ.

هەڵبەتە عەرەبەکان کاری خۆیان لەوێ کردبوو، تەنانەت بڕوایان پێ هێنــابوون، گــوایە ئــێمە لە بنەڕەتــدا هــیچ جیاوازییەکمــان لەگەڵ "ئیســتعمارییەکان"دا نیــیە، بەڵام بەشــێکی زۆری ئەفریقاییەکــان باشــتریان دەزانی. دەیانزانی کاتێک شارەزایەکی ئیسڕائیلیی بەخێوکردنی پەلەوەر کار لە کێڵگەیەکــی زامبیــادا دەکــا، ئەوا مریشــکەکانی زامبیــا ناکــاتە مریشــکی "ئیستیعمارییانە" و ئەو بەرنامەی پەرەپێدانی بەخێوکردنی ماسی لە وڵاتـی مـالی دا ماسـی "ئیسـتیعمارییانە" بەرهەم نـاهێنێ. هەروەهـا ئەوان دەیـانزانی ئەو سەدان ئەفریقاییەی لە ئیسڕائیلدا دەخـوێنن، لەسـەر ئەوە مەشـق نـادرێن

تـا ببـنه چەوسـێنەر. لە ڕاسـتییدا ئـێمە لەوێ پێوەرێکمـان بـۆ بەرنامەکـان دانابوو، پێم وایە کارێکی نابەجێ و ڕووقایمی نییە، کە بڵێین پێوەرەکانیشمان نوێ بوون. ئێمە سێ پرسمان لە خۆمـان و ئەفریقاییەکان لەبارەی ئامـانجی پڕۆژەکـان کـردن: ئایـا پـڕۆژەکە داواکـراوە، ئایـا بە ڕاسـتی پێویسـتە بکـرێ، هەروەها ئایا بەتایبەتی ئیسرائیل لەو بوارەدا ئەم کارەی پێهەڵدەسوڕێ؟ ئێمە تەنیـا لەو بـارە دەسـتمان بە پڕۆژەکـان دەکـرد، کە وەڵامـی هەر سـێ پرسـیارەکە بەڵـێ بـووایە، بـۆیە ئەفریقاییەکـان دەیـانزانی ئـێمە خۆمـان وا نابینین، کە ئۆتۆماتیکییانە بتوانین هەموو کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین.

چەند جاری دیکە گەڕامەوە ئەفریقا، هەر جارێکیش پێش گەشتەکەم گوتـــوومە ئەوە زۆرە بـــۆ مـــن. مـــن لەوە ڕاهـــاتم خـــۆم لەگەڵ گەرمـــی، کەموکورتی پاکوخاوێنی ئەوێ، دانەکانم بە ئاوی کوڵاو (خۆ ئەگەر دەست نەکەوتبا ئەوا بە قـاوە) دەمشوشـت و بە چەنـدان سـەعاتیش بە شـتگەلی وا بەسەربەرم، کە لە ژیانمدا و تەنانەت لەنێو خەونە سەیرەکانیشـدا نەمـدەدیت وەک ئەوەی سەرۆکایەتی لیژنەیەک بکەم بۆ لێ هەڵبژاردنـی شـای جوانـان، ئەوەش لە میهرەجـانی سـاڵیادی سـەربەخۆیی وڵاتـی کـامیرۆن، یـان لەگەڵ دەستەیەک لە سەرکردە ئەفریقاییەکـان فـراوین لە ئابیجـان لە کەنـاری عاجـدا بخۆم و گـوێم لە تیپێکـی هـونەری بێت گـۆرانی یدیشـی بـێ. هەرچەنـد زۆر بەناو ئەفریقادا گەڕابم، ئەوەندە زۆر خۆشمویستوە و مایەی بەختیاریم بووە ئەوانـــیش ئەوەنـــدە منیـــان خۆشویســـتووە. تـــا ئەمڕۆشـــی لەگەڵـــدابێ نـــامەگۆڕینەوەم لەگەڵ هەنـدێ لەو دایـک و بـاوکە ئەفریقاییـانە مـاوە، کە منداڵەکانیان بە ناوی منەوە کردووە. لەم دواییانەدا نـامەیەکم لە کـابرایەک لە نایجیرییاوە بۆ هاتووە، تێیدا نوسیویەتی: "بە پێزانینەوە سوپاسێکی زۆرم بۆ ئەو نـامە دلۆڤانیەتـان هەیە، کە ملـوانکەیەکی بـۆ گۆلـدای بچکـۆلە تێـدا بـوو. تکـایە لەگەڵ ئەو نامەیەمانـدا وێـنەی ئەو گۆلـدای بچکـۆلە وەربگـرە، کە نیشانەی ڕێز و سوپاسگوزارییانەی ئێمەیە بۆ ئەو یارمەتی و کۆمەکانەی بۆ مرۆڤایەتیـت داوە." بە ڕاسـتی بە قـوڵی کەوتبـوومە بـن ئەو شـێوازەی، کە ئەوان ڕێز و خۆشەویستیان بەسەردا باراندم.

لە ١٩٥٩دا سەردانی کامیرۆنم کرد، گەڕامەوە بۆ گانا، بۆ یەکەمین جاریش چوومە تۆگۆ (لەوێ بەدەر لە پرۆژەکانی دیکە بزووتنەوەی گەنجانی ناشیۆنال گوندێکی هەرەوزییان دروستکردبوو)، سەردانی سەرۆک توبمانم لە مانرۆڤیا کردەوە و بە سیرالیۆن و گامبیاشدا گەڕام. هەروەها چوومە گینییش و یەکەم جارم بوو کە سیکۆ تۆری[118] ببینم. هەرچەندە ئەوێ وەک ئەوانی دیکە سەرکەوتو نەبوو. ئەو یەکێک بوو لەو کەمە سەرکردە ئەفریقاییانەی، کە نەمتوانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵیدا پەرەپێبدەم، هەرچەندە زۆریش بە توانا ڕۆشنبیرییەکانی سەرسام بووم. هەروەک نکرومەا بە پلەیەکی کەمتریش لە نایریری سەرۆکی تانزانیا کە سیکۆ تۆری پتر بە هەڵوێستی نێودەوڵەتییەوە خەریکبوو زیاتر لەوەی کە بە خۆیان هەن. هەرچەندە سەر بە باڵی چەپی ڕادیکالەوە بوو، پێدەچوو ڕوانینێکی تەواوی لەسەر سۆشیالیزمی ڕاستەقینەوە نەبێ، لەبەر ئەوە لەوێ شتی زۆر کەم هەبوو پێشکەشیان بکەین، هەرچەندە لە (گینی) کۆمەکەکانمان بەرفرەوانکرد، لەوێ توانیمان قوتابخانەیەکی خنجیلانەی باڵای پیشەیی بهێنینە کایە، بەڵام گینی هەرگیز دۆستێکی ڕاستەقینەی ئیسرائیل نەبوو، کاتێکیش لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێمەدا پچڕاند-کە تاکە دەوڵەتی ئەفریقا بوو ئەو کات وا بکا- بەتایبەتیش من پێم شتێکی سەرسوڕهێن نەبوو. ئەوەش نەک لەبەر ئەوەی کە پێم وا بوو هەڵوێستی ڕاگەیەنراویان بەرانبەر ئیسرائیل دەبووایە حەتمیەتی دۆستایەتیی دەوڵەتەکەیان پێ تاقی کرابایەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەبەر ئەو ڕاستیە بوو، کە زۆر لە سەرکردە ئەفریقاییەکان هەر خەمی خۆیان بوو لە پێشکەوتنەکانی نەتەوەییان لەوەی یارییەکە لەگەڵ ئەو بلۆکەی دەسەڵات یان ئەویدیکەدا بکەن، چەند پتر دەوڵەتەکە داوای پشتگیریی لێ کردبایەن ئەوەندە ئێمە باشتر لەگەڵیدا هەڵماندەکرد.

من هەندێک لە هەستەکانم - لەبارەی ڕووەکانی دیکەی ئەزموونم لە ئەفریقا- خستەنێو ئەو وتارەی لە کۆتایی ١٩٦٠دا لەبەردەم کۆمەڵەی گشتیی

---

[118] Sekou Toure

نەتەوە یەکگرتووەکانم دا، هاوکات شازدە دەوڵەتی سەربەخۆی ئەفریقا نوێنەریان لەوێ هەبوو. کاتێک کە دوانەکەم دەدا، وێنەی ئەو ژن و پیاو و منداڵانەی کە لە ئەفریقام دیتن، هاتنە بەرچاوم، هەرچەندە لەگەڵ زۆریشیان بەبێ وەرگێڕ نەمدەتوانی قسەیان لەگەڵدا بکەم، بەڵام لەگەڵ هەمووشیاندا هەستم بە پەیوەندییەکی ڕاستگۆیانە دەکرد، پەیوەستییەکی برایەتی ڕاستەقینە و هاوبەشی جۆشدانەکانیان بووم و هەروەها بە چاوی مێشکم، نەداری و نەبوونی و نەخوێندەواری ئەو ئاپۆرا جووانەی هاتنە ئیسرائیلم بینی کە -بە سەدان هەزار بوون- پێیان وابوو بەرەو بەهەشتی سەرزەمین دەڕۆن. ئەوەی من قسەم لە بارەیەوە کرد، کەوتنە داوی ئەو چاوەڕوانییە ناواقعیانە و خەیاڵپڵاوی ئەو سیاسەتەی لەبارەی ڕابردوو یاخود داهاتوو هەبوو، شتگەلێک ئێمەشی لێ بەدەر نەبووین، بۆیە سروشتی بوو کە جێناوی "ئێمە" نەک "ئەوان" بەکاربهێنم. لەوێدا گوتم:

**"لێرەدا دوو شتی مەترسیدار ڕووبەڕووی ئەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهیناوە، بووەتەوە: یەکەمیان هۆگربوونە بە ڕابردوو، دووەمیشیان ئەو خەیاڵ و ئەندێشە سیاسییانەی سەربەخۆبوونەیە، گوایە دەستبەجێ چارەسەری هەموو کێشەکان دەکا.**

**تۆ بڵێی مەبەستمان چی بێ لە خۆهەڵواسین بە ڕابردوو؟ شتێکی سروشتییە کە زۆر خەڵک پێیەوە کەیفخۆش نییە، بەڵکو لە هەندێ باردا یادەوەریی تاڵیشی هەیە. بۆیە مایەی لێتێگەیشتنە، کە هەندێکیان هەستێکی داخ لەدڵانەیان بەرانبەر دەسەڵاتدارەکانی دوێنێ هەبێ و دەبێ ئەرکەکانی ئەمڕۆشیان وەک درێژەی پاشماوەی ڕابردوو ڕاییبکەن. مایەی ئازارێکی دژبەریەکە،[119] لە کاتێکدا هەندێ وڵات کێشەی زیادە و کەڵەکەبوونی بەروبومیان هەیە، کەچی ئەوان هێشتا هەر لەبارێکی هەژاریدان. ئەگەر ئەوان سەیرێکی وڵاتەکانیان بکەن،**

[119] پارادۆکس

**که دەوڵەمەنـدە بە کانزاکـان و سـەوزایی - زێـڕ و ئەڵمـاس، باوکسایت،[120] ئاسن و مس، کاکا و لۆکە، شـەکر و لاسـتیک- پێویستە ئەوان بگەنە بەرەنجامێک؛ ئەوە ئیرادەی خوا نییە کە ئەوان برسین.**

**ئەرێ چـۆن چـاوەڕوان بکـرێ ئەفریقاییەکـان بە دەسـتکەوتەکانی بـواری چـوونە ئاسـمان سەرسـوڕمان بـن، لە کاتێکدا ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی نەخوێندەوار بێ؟ تۆ ناتوانی ئەوە لە دایکێک لە گونـدێکی ئەفریقـایی چـاوەڕێ بکەی، کە بە دەرمانسـازی نـوێ دڵشـاد بـێ، کاتێک بە چـاوی خـۆی دەبینـی جگەرگۆشـەکەی لەبەر دەردی چاوئێشـە(تەراخۆما)، سـیل و مەلاریـاوە دەنـاڵێنێ. هەمـوو ئەوانە دەبـێ لە ڕەگوڕیشـەوە دەربهێنـدرێن. شـتێکی سروشـتییە ئەو ژان و سـوکایەتییەی ڕابردوو لە یادەوەریی ئازادەکانی ئەمڕۆ بمێنێتەوە. هیچ کەسێک ناتوانێ ئایندەی بنیاتبنێ ئەگەر ڕابردووی خـۆی لەبیـر نەبـێ، بەڵام خۆ خەڵک ناتوانێت هەر لەسەر ڕاوکی ڕابردوو کڕبکەوێ؛ پێویستە هەموو وزە و توانایەک بۆ پاشەڕۆژ بخرێتەگەڕ."**

ئەوسا هاتمە سەر دارِسانەکانی پاشەڕۆژ:

**" ئێمە وڵاتە نوێیەکـان لە سـەردەمێکی وەهـا گەیشـتینە سەربەخۆیی، کە دەستکەوتێکی مەزنی مرۆڤ بـوو. لە هەنـدێ بەشـی ئەم دنیـایەدا پێـوەری ژیـان و پێشـکەوتن گەیشـتونەتە ئەوپەڕی لـووتکە. نـابێ ئەوە بە ئـێمە بگـوترێ، کە ڕادەی گەشەسـەندنەکەتان هێـواش بـکەنەوە؛ ناشـبێ ئەوەشـمان پـێ بگـوترێ کە وڵاتە پێشـکەوتووەکان بە چەنـدان نەوە و سـەدە گەیشتونەتە ئەوەی پێیگەیشتون. ناکرێ ئێمە بوەستین. پێویستە بە خێرایی پێش بکەوین. وەک برادەرێکی کینییای هاتە ئیسرائیل**

---

[120] Bauxaite: کانزایەکە ئەلەمنیۆمی لێ دەردەهێنرێ-وەرگێڕ

**و گـوتی: ئەرێ پێویسـتە منـیش هەر لە لێـواری سـەردەمی فڕۆکەوانیدا بڕۆم لەبەرئەوەی ئەوانەی فڕۆکەی باربەریان هەن و چەندان نەوە پێشتر پێیدا تێپەڕبوون؟"**

**ئەو داڕسانانە نەک هەر هی یەک نەتەوەی نوێیە، بەڵکو بۆ سەرتاپای دونیایە. زۆر شت لەبارەی ئەوەی من ناوم نابوو " فریاگوزاریی سـەرەتایی" گوترا و کرا: بەشـکردنی خـۆراک؛ گواسـتنەوەی شـتە زیادەکـان بـۆ برسـییەکان. ئارەزوومە ئەوە بڵێم، ئێمە هەرگیز بە شێوەیەکی ڕاستەقینە ئازاد نابین تا ئەو کاتەی منداڵەکانمان لە لایەن ئەوانی دیکەوە خواردنیان بدرێتی. ئازادیمـان تەنیا ئەو کات سـەرتاپا دەبێ، کە بە خۆمـان و بە دەستی خۆمان خۆراکمان لەسەر خاکەکەمان بەدەستبێنین. ئەو هـاوارەی لە وڵاتەکـانی ئەفریقـایی و ئاسـیاییەوە ئەمـڕۆ بەرزبـووەتەوە: تەنیـا خۆراکمـان لەگەڵـدا بەش مەکە، بەڵکـو زانسـتی بەرهەمهێناکەیشـمان لەگەڵـدا بەش بـکە. زۆرتـرین مەترسی نایەکسانی جیهانی ئەمڕۆ، خۆی لە بۆشاییە لێکترازانە قەبەی نێوان ئەوانەی گەیشتنە سـەرمانگ و ئەوانەی نـازانن بە کارایی لەسەر خاکەکەی خۆیان بەرهەمە پێویستییەکان دابین بکەن، دەبینێتەوە."**

لە پـاڵ بەرنـامەی هاوکـاریی نێـودەوڵەتیی ئیسـڕائیلی و دامەزراوەی هیسـتادروت پەیمانگـای ئـافرۆ- ئاسـیایی، ئـێمە بەشـداری ئاژانسـە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان کرد؛ ئەوانەی پەیوەست بوون بە پەرەپێـدانی وڵاتـان. ئەو کـات –هێشـتاش- دوو چـالاکیی ئیسـڕائیلیی تایبەتمەنـد هەبـوون، وەڵامـی ئەو پرسـیارانەی دامەوە کە لە نەتەوە یەکگرتوەکان کردم. لە هاوینی ١٩٦٠دا لەژێر ڕێنوێنی ئابا ئیباندا، کە تـازە لە ئەرکە سەرکەوتووانەکەی خۆی وەک باڵوێزی ئیسڕائیل لە واشنتن گەڕابۆوە و نـوێنەرایەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکانـدا دەکـردین (ئەوەی لە ١٩٦٦یشـدا بـووە وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ئیسـڕائیل) یەکەمـین کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی زانست و پێشکەوتنی دەوڵەتە نوێیەکان لە ڕێهۆڤۆت کۆمەڵگە

خنجـیلانەکەی پەیمــانگەی زانســتی وایزمەنــدا کــرایەوە. مەبەســتیش لێــی دروستکردنی پردێکی ڕاستەقینە بوو لەنێوان وڵاتە پێشکەوتوەکان و وڵاتە گەشەسەندووەکانی جیهان بەوەی ڕێگا تەکنیکی و زانستییەکان بدۆزرێنەوە و بخرێنە ژێر خزمەتی کارای وڵاتە تازە سەربەخۆکان. نیوەی بەشداربووان، ئەفریقایی و ئاسیایی بوون، نیوەکەی دیکەش لە لایەن زاناکانی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتوەکانەوە ڕێبەرایەتی کرا. بۆ هەموو بەشداربووان بە منیشـەوە جووڵەیەکی چڕوپڕ و گردبونەوەیەکی پشتگیرییانە بوو، تاکە شتێک بوو لە جۆری خۆی کە تا ئەوکات کرابێ.

هەنـدێ لە دوانەکـان زۆر درێژبـوون، هەنـدێ باسـی زانسـتیش زۆر ناڕۆشن بوون، هەندێ لە پرسیار و وەڵامەکانیش لەجێگەی خۆیاندا نەبوون؛ بەڵام بە ئاقـاری هاوکـارییەکی ڕاسـتەقینەی نێودەوڵەتییـانە هەنگـاوێکی قەبە بـوو. ئەم جـۆرە هەنگـاوانە پتـر واتـابەخش بـوون لەو یەکسـانییە فەرمییەی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەخشـیبوویان. لە ڕێهۆڤۆت نوێنەرانی دوو کلتور لەسەر نەخشە ڕێگایەکی وا یەکانگیربوون، کە بەشـێکی مرۆڤایەتی بە کەڵک ئەوی دیکە بێ؛ منیش هەرگیز لە سـەیرکردنی ئەو دەوڵەتمەدارانەی ئەفریقایی (زۆربەشیان بە پۆشاکی ڕەسەنی خۆیان بوون) وەڕەز نەدەبووم، کە مـن لە ئەفریقـا بینیبـوومن – وەزیـری نـوێی خوێنـدن، تەندروسـتی یـان تەکنەلۆژیــا بــوون- کە بە قــووڵی لەگەڵ هەڵگرانــی خەڵاتــی نۆبــل و ئەندامە ناودارەکانی کۆمەڵگا زانستییە جیهانییەکانی دیکەدا لە گفتوگۆدابوون، بە یەکەوە بە هێواشــی و بە زمانێــک هاوبەشــی وتووێژیــان پەرەپێــدەدا. یەکەمـین کۆنفرانسـی ڕێهۆڤـۆڤ بـووە نەریـت. لە ١٩٦٠ەوە هەر دوو سـاڵ جارێــک کۆبــوونەوەیەکی هاوشــێوە لە کۆمەڵگــای پەیمانگــای وایزمەنــدا دەبەسترا، بابەتەکانی وەک تەندروستیی گشتی، ئابوری، خوێندن و کشتوکاڵ تــــاوتوێ دەکــــرد، هەریەک لە کۆنفرانســــەکانیش شــــتێکی دەبەخشــــێتە بەشـدارەکانی، کە بە تەنیـا بە پـارە نەدەکـڕدرا: ئەو هەسـتەی کە هەمـووان بیڵێن و بیکەن، کەواتە بە ڕاستی ئەوە جیهانە.

پڕۆژەیەکـی دیـکە، هەر بە جێســەرنج و بـایەخی مـن دەمێنێـتەوە هەروەک لە سـەرەتاکەی لە ١٩٦٠دا لە شـاخی کارمێـل (نـاوە فەرمییـەکەی

مەکۆی نێودەوڵەتیی مەشقی خزمەتگوزارییە جڤاکییەکان) کە جەختیکردە سەر ڕاهێنانی ژنانی وڵاتە گەشەسەندووەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. دوای ئەو پاندە ساڵەی ڕابردوو بە خۆم بینیم، توانای بۆ سەدان ئافرەت لە بوارە جیاجیاکان سازداوە- مامۆستایەکی باخچەی ساوایان لە نیپال، خۆراکناسێک لە لیسۆتۆ، کرێکارێکی خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی لە کینیا یان مامۆستایەک لە مالاوی- بۆ ئەوەی ڕۆڵی چارەنووسسازانە لە پێشخستنی وڵاتەکانیان بگێڕن. بۆ هەموو ئەو ژنانە، ئیسرائیل وەک تاقیگەیەکی زیندوو لە خزمەتیاندا بوو، چونکە هەروەک جارێکیان خوێندکارێکی کینیا بە منی گوت: "ئەگەر هاتبا و من بۆ خوێندن چووبامە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەوا فێری دیرۆکی پێواژۆی پەرەسەندن دەبووم، بەڵام لێرە لە ئیسرائیل بە چاوی خۆم گەشەسەندنەکەم بینی، کە ڕوویداوە."

مەکۆیەکە هەمیشە جێگایەکی گرنگی لەنێو دڵمدا هەبوو، نەوەک لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئینگا تۆرۆسۆنی سوێدی و مینا بن زیڤی ئیسرائیلی یارمەتی دامەزراندنیم داوە، بەڵکو لەبەرئەوەش زۆر سەرسامبووم بەو ژنانەی وڵاتە پەرەستێنەکان، کە شار و گوند و خانەوادەکانی خۆیان جێهێشتبوو، ئەو ڕێگا دوورەیان بڕیبوو تا فێرە شارەزایی ببن و لە دواییدا ژیانی خەڵکەکەیان ئاسانتر و دەوڵەمەند بکەن. پێم وایە لەوێ کاری پاڵەوانانە دەکرا –ئەو وشەیەش من نە ئاسان و نە زۆریش بەکاریدەهێنم- ئەو ژنانە هەوڵ و تەکانێکی وایان دا تا بوونی خۆیان بسەلمێنن و لە ڕێگەی پێواژۆی درێژ و سەختی خۆفێرکردن و خۆپێگەیاندنەوە بارێکی باشتر بۆ خۆیان و منداڵانیان و نەوەکانیان مسۆگەر بکەن. لەنێو ئەو ژنانەی لە مەڵبەندەکەدا بینیم، کە زۆر بە ڕوونیش لەبیرم ماون، ئەو خانمە دادوەرە سەرنجڕاکێشەی گانا، ئەو پەرستارە گەنجە شەرمنەی سوازیلاند، ئەو دکتۆرە ژنە بە تەمەنەی پلاندارێژەرەی نایجێریا و ئەو ژنە خۆراکناسە وردەکارەی ئاسیوبیا بوون. هەمووان هاوسەر و دایک بوون، لە بوارەکەی خۆیاندا پێشەنگ بوون، هیوای مەزنیشیان ئەوەبوو، کە ڕۆژێک دێ ژنانی ئەفریقاش جێگەی شیاوی خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا دەگرن

و به تەواوی بەشـداری بنیاتنـانی پاشـەڕۆژ دەبـن، ئـاخر زۆر ژنییـان لە ئیسرائیلدا بینی، کە ڕۆڵی شیاوەی خۆیان لە نێو دەوڵەتی جوودا دەگێڕا. پێم وا نیـیە هەرگیـز کـۆمەڵە ژنێکـی وا مانـدوونەناس، بە جـۆش، یـان سەرنجڕاکێشم وەک ئەوانەی حەیفا دیتبێ، کە دەتوانم بە چەندان سـەعات لە سەریان بدوێم. بە ڕواڵەت ئەزموونی ژیانمان بە تەواوی جیاوازتربوو، بەڵام لە ڕاستییدا خەباتی زۆری ئێمە بۆ هەمان شت بوو.

پەیوەسـتبوونی ئـێمە بە مەشـقپێدانی ئەفریقاییەکـان هەر بەو چالاکییـانەی نێـو ئیسـرائیل بەنـد نەبـوو، لەگەڵ ئەوەشـدا سـەردانەکەم بـۆ فێـرگەی مەشـقی کارمەنـدە کۆمەڵایەتییەکـان کە بە پشـتگیری و کـۆمەکی مەڵبەندی شاخی کارمێل – لەبنەڕەتەوە وەک ئەڵقەیەکی بە یەکەوەگرێدراوی پـڕۆژەی کێنیـا-ئیسـرائیل بـوو- لە ماچـاکۆش لە کێنیـا کە یەکێـک بـوو لە سەرهێڵەکانی یەکەمین گەشتم لە ١٩٦٣دا بە ئەفریقـای ڕۆژئـاوادا، کاتێک بە هەزاران مایـل ڕۆیشـتم زۆربەشـیان بە فـڕۆکەی بچـووک، بە نێـو کینیـا، تانگانیکا، ئۆگەندا و مەدەغەشقەردا چووم. هەنوکە و ئەوکات لەهەر گوندێک دادەبەزیـم چـاوم بە ڕاوێژکـارێکی ئیسـرائیلی دەکەوت، کە ئەرکـی قورسـی ئەنجـام دەدا، و دەمەویسـت بە سـەعاتێک یـان دوان لەگەڵ خۆیـان و خێزانەکانیـان بمێـنمەوە تـا بە چـاوی خـۆم لەوە دڵنیـابم، چـۆن ڕەفتـار لەگەڵ ئەفریقایەکانـدا دەنـوێنن و ئـاخۆ بە چ دلۆڤـانییەک و لێبـڕاوییەوە ئەو گەنـجە ئیسـرائیلیانە لە بـن بـاری ئەو بـاردودۆخە سـەرەتاییەدا کـاری خۆسەلمێن دەکەن.

ئەوەش لەبەر ئەوە نەبـوو ئـاخۆ ئیسـرائیلی شکسـتناهێنێ یـاخود هەموو شتێک بە شـادی و پڕشنگدارییەوە بەسـەردەچێ. زۆرجـاران چەندان مـانگی خایانـدووە تـا خێزانـی ئیسـرائیلییەک لە ئـاووهەواکە، لە خـۆراک، لەو هێورەیی، شێوازی نەریتییانەی ئەفریقاییەکان بۆ ئەنجامدانی شـت ڕاهـاتووە، تا لە هەستیاریی و گومانەکانی ئەفریقاییەکـان تێبگا و حەوسـەڵەی ئـارامی و بەخۆنـازینی لە کـاتی ئەنجامـدانی ئیشـەکانی ئەوێـی ڕابگـرێ. لەوێ لە دوو لایەنە دەمەقـاڵێ، پـڕۆژەی شکسـتخواردوو هەسـتکردن بەئـازاریش هەبـوو. بەڵام بەشی زۆری لەبەر ئەوەی هەر دوو لایان ئەفریقـایی و ئیسـرائیلییەکان

به قووڵی لەوە تێگەیشتبوون، کە بەهای ئەو هەوڵەی دەیدەن، هی کارێکە هەرەوەزییانەیە. هیچ شتێکیش بە قەد ئەوە خۆشحاڵی نەدەکردم، ئەو ئەفریقاییانە ببینم، کە لە ئیسرائیل راهێنراون، ئیدی لەوێ لە وڵاتەکەی خۆیان جێدەستی کاریان لە نۆرینگە، کێڵگە یان قوتابخانەم نیشاندەدەن و هەموو شتێکم بە کەیفخۆشی و بە عیبرییەکی ڕەوانەوە بۆ شیدەکەنەوە، باسی ئەو سابرا[121] ئەفریقاییانەش هەر مەکە، کە لە هەموو شوێنێک تووشت دەبن، ئەو منداڵە ڕەشپێستانەی کە لە ئیسرائیل لەدایکبوون و زمانی یەکەمیان عیبریە. دەزانم منداڵە ئەفریقاییەکان- هەرچەندە "ڕادیکالیش" بن- هەرگیز وا لەو برادەرانەی خۆیان کە لە بیرشیبا، حەیفا یاخود ئۆرشەلیم پەیدایان کردوون یاخود بۆ ئەو مەبەستە بیر لە من وەک "دوژمن" ناکەنەوە، ئەوسا بە چاوپۆشین لەوەی کە لەنێو خەڵکدا دەیڵێن.

یەکێک لە بە کەڵکترین بیرۆکە نەوەک باشترینیان، کە لەو گەڕانەی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا فێربووم، گۆڕینی ئەو شێوازەمان بوو، کە چۆن کەیف و سەفایەک بۆ میوانە فەرمیەکانمان لە ئیسرائیل بسازێنین. هەروەک ئیسرائیلیەکان، ئەفریقاییەکانیش لەسەر ئەوە مکوڕبوون سەردانی شوێنەوارەکانی بکەن، کە زۆر جاران دوازدە سەعاتی دەخایاند یان لە ڕۆژێکی پتری پێدەچوو، دواتریش خوانە ئاهەنگێکی بە دوادا دەهات و کۆتاییەکەشی بە وتار و دوان و پەسندان و پیرۆزبایی یەکدی بوو. من لەو خوانە ئاهەنگئامێزانە لە بارێکی تەواو شەکەتدا دادەنیشتم، دەمزانی زۆری نەماوە شەو کۆتایی پێ بێ و بەیانی گەڕانێکی دیکە دەست پێدەکا و دواتر خوانە ئاهەنگ و دیسان بەزمی وتاردان. بۆیە سوێندم خوارد کە گەڕامەوە ئیسرائیل، بەڵکو ئەو خووە بشکێنین، هەرچەندە ڕاستگۆنابم ئەگەر بڵێم هەوڵەکانم بەو ئاڕاستەیە زۆر سەرکەوتوو نەبوون.

بە هەرحاڵ لە دواییدا نەخۆش کەوتم و کورتە گەڕانە تایبەتییەکەم بڕی و لە هەمان کاتیشدا واتای ئەوەی دەگەیاند، خوانە ئاهەنگئامێزەکەش کە میلتۆن ئۆبۆتی بۆی ئامادەکردبووم، هەڵبوەشێتەوە. ئۆبۆتی ئەو سەرۆکە

---

[121] Sabra: جوویەک لە ئیسرائیل لە دایک ببێ. وەرگێڕ

ڕۆشنبیرەی ئۆگەندا بوو، کە دواتر دڵڕەقانە لە لایەن ئیدی ئەمینەوە لابرا. بە ئەرخاینبوونەوە ئێستا دەرکم بەوە کردووە، کە ئۆبۆتێ و ئیدی ئەمین، نوێنەرایەتی دوو تونددڕەوی هەنوکەی دووڕیانی ئەفریقا دەکەن. ئۆبۆتێ هەموو شتێک بوو- ژیر، سەنگین، ماندونەناس و کاریگەر- کەچی ئیدی ئەمین هیچیان نەبوو. ترسیشم لەوە هەبوو گەشەکردنی ئۆگەندا بۆ چەندان ساڵ بە هۆی دەسەڵاتوەرگرتنی کەسێکی وەک ئیدی ئەمین بگەڕێتەوە دواوە، کە بە شێوەیەکی بێهودە بریندارکرا بەوەی بە جڵەوکردنێکی ڕەهاوە سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی تازە سەربەخۆبووی کەوتە بن ڕکێفیەوە. کاتێ ئیدی ئەمین لە ئیسرائیل مەشقی پەرەشوتوانی دەکرد نەمدەناسی (هێشتاش بە شانازییەوە نیشانەی فڕۆکەوانی ئیسرائیلیی نەک هەر لە لای ئەو بەڵکو لای ژمارەیەک لە سەرکردەکانی دیکەی ئەفریقا و لەنێویشیاندا مۆبۆتۆی سەرۆکی زائیر بەخۆوە وەدەکرێ)، تەنانەت گوێم لێ ببوو، کە بڕوای وابوو ڕۆژ لە ئیسرائیل هەڵدێ و ئاوا دەبێ، گوێم لێ ببوو ئەو زۆر غەریب ڕەفتارە لەوەی بەڕێز بێ. دوا دیدارم لەگەڵ ئەودا لە ئۆرشەلیم بوو، کاتێک سەروەزیر بووم؛ بەو دیدارەی بۆی سەلماندم تەواو شێتە. لە ڕاستییدا گفتوگۆکەمان دەبووایە لە لایەن چارلی چاپلنەوە نمایش کرابایە.

ئەو زۆر بە سەنگینییەوە پێی گوتم : "بۆ ئەوە هاتووم بتبینم بەڵکو چەند فڕۆکەیەکی فانتۆم[122] بدەیتێ."

وەڵامم دایەوە: "فانتۆم! ئێمە فانتۆم بەرهەم ناهێنین، ئێمە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی دەکڕین، ئەویش ئەگەر بۆمان بکرێ، چونکە هەمووجار بۆ مان مەیسەرنابێ. ئەوانە شتگەلێک نین بۆ کڕین و فرۆشتن بن. هەر چۆنێک بێ تۆ فانتۆمت بۆ چییە؟"

مەرایکەرانە گوتی: "ئۆۆۆ، تا لە دژی تانزانیا بەکاریان بێنم."

پاشان پەیامێکی دیکەی بۆ ناردم :"دەنا دەستبەجێ پێویستم بە دە ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینیە." نەمتوانی ئەو پارەیەشی بدەمێ، بۆیە بە تووڕەبوونێکی هاروهاجیەوە ئیسرائیلی بەجێهێشت و چووە لای کۆلۆنێل

---

[122] Phantom

قەزافی لە لیبیا- ئیدی ئۆگەندا لە ١٩٧٢ەوە ساڵ و نیوێک بەر لە شەڕی یۆم کیپەر پەیوەندی دیپلۆماسییانەی لەگەڵ ئێمەدا پچراند، بەڵام خۆ ئیدی ئەمین ئۆگەندا نەبوو، تەنانەت بەرەنجام ئەوە بوو تا سەر بە هەر دیکتاتۆر نامێنێ.

با بیرلە سەرکردە ئەفریقاییەکان بکەینەوە، من پیاوە پیر و بە شکۆکەی کینیا ژۆمۆ کینیاتا و کۆچکردوو تۆم مبۆیا، کێنێس کاوندای زامبیا و ژەنەڕال مۆبۆتۆ سیسی سیکۆی زائیرم دیتن، دەبێ بڵێم تەنیا ناوی هەندێکیانم بردووە، پەیوەندی پچڕانەکانیان لەگەڵمان کارەساتبارانە بوو، ئەوان خەڵکانێک بوون جێبڕوای خەڵکەکە و بزووتنەوەی ئازادیخوازی وڵاتەکەیان بوون. پێم وایە یەکێک لە هۆیەکان، کە بۆ ئەو ماوە درێژە لەگەڵیان هەڵسوڕام – تەنانەت بۆ هەموو شتێکیش چاوبەچاو سەیرمان نەدەکرد- ئەوەبوو من ئەوەی گفتارم بوو دەمکردە کردار، ئەوانیش منیان بینی، کە وا دەکەم. بۆ نموونە لە ١٩٦٤دا ئامادەی ڕێوڕەسمی ڕۆژی سەربەخۆیی زامبیا (بە فەرمی باکوری رۆدیسیا) بووم، لە بەرنامەکەدا بوو هەموو میوانە هەر گرنگەکان VIP سەرێکی تاڤگەکانی ڤیکتۆریا بدەن، کە بەشێکی سەر بە زامبیا بوو، بەشەکەی دیکەشی هێشتا هەر پێی دەگوترا باشوری ڕۆدیسیا. ئێمەیان بە پاس برد بۆ قەڵبەزەکان، کاتێکیش گەیشتینە سنوری هەردوو وڵات، پۆلیسی باشوری ڕۆدیسیا بێئابڕوییانە ڕێیان لێگرتین و ویستیان ڕەشپێستەکانی ناوپاسەکەم دابەزێنن، هەرچەندە هەمووشیان خاوەن پلەوپایە و میوانی تایبەتی سەرۆک کاوەنداش بوون. بڕوام بە گوێی خۆم نەکرد کاتێک ئەفسەری پۆلیسەکە گوتی: "تەنیا سپییەکان بۆیان هەیە." ئیدی منیش بە دەنگ هاتم و گوتم :"لەم بارەدا، داوای لێبوردن دەکەم، کەواتە منیش ناتوانم بچمە باشووری ڕۆدیسیا." ئیدی بووە مقۆمقۆ و واقوڕمان. ڕۆدیسییەکان زۆریان هەوڵدا پاسی ڕەشپێستەکان جێبهێڵم، بەڵام من نەمویست گوێیان لێبگرم. لێم دووبارەکردنەوە: "من نامەوێ لە برادەرەکانم جیا ببمەوە." هەموو سەرنشینانی پاسەکە بە خۆشی گەڕاینەوە لوساکا، لەوێ کاوندا وای پێشوازی لێ کردم وەک ئەوەی ژان دارک بم نەوەک تەنیا ژنێک کە نەیتوانی لە جیاکردنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانە خۆش ببێ، ئەوسا بەهەر شێوەیەک بێ.

لە هەمان گەشتدا بە ڕووداوێکی دیکەوە پەیوەستبووم، بە ڕوونیش یارمەتیدەربوو تا بۆ ئەفریقاییەکان دەربکەوێ، کە بە ڕاستی هەرچی وتبێتمان مەبەستمان بووە، ئەمەش خەسڵەتێک بوو، کە هۆکار بوو، کەمتر لەگەڵ ئەوروپاییەکاندا هەڵبکەن. نەخشە دانرابوو لە زامبیاوە بەرەو وڵات بگەڕێمەوە و سەرێکی نایجێریاش بدەم. لەو گەشتەدا دەبووایە لە نایرۆبی بوەستم، ئیدی لەوێوە فڕۆکەیەکی تایبەت بەکرێگیرابوو بمگەیەنێتە لاگۆس، بەدەر لەوە ڕێگایەکی دیکە نەبوو، مەگەر بە ئاسمانی دەوڵەتێکی عەرەبی نەبووایە کە دەیانخستینە خوارەوە. لە نایرۆبی باڵوێزەکەی نێجێریا چاوەڕێی دەکردم، بەڵام شڵەژابوو. پێی گوتم خۆپیشاندانێکی دژە ئیسرائیلییانە لە لائۆسدا لە گۆڕێدایە. ژنی باڵوێزی هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان کۆبوونەتەوە و بەتەمای خۆپیشاندانێکن دژی سەردانەکەی من. خۆ لە باروودۆخێکی ئەوێ دەمێ شتێکی ژیرانە بوو ئەگەر گەشتەکەم هەڵبوەشاندبایەوە. نیجێریا لەسەر لێواری هەڵبژاردن بوو، هەر چۆنێکیش بێ زۆر لە وەزیرەکان هی لاگۆس بوون؛ بۆیە بە قسەی باڵوێزەکەمان کاتێکی باش نەبوو بۆ چوونە ئەوێ. چی دەبێ ئەگەر لەوێ شتێکم لێ بقەومێ؟ من لەو حاڵەدا زۆر هەراسان و ماندوو بووم و دژی هەر توندوتیژییەک بووم لەسەر شەقامی شارە گەورەکانی ئەفریقا ڕووبدا. لە سەرێکی دیکەشەوە نەدەبووا ئەو کەڵەگاییەم بە سەردا تێبپەڕێ، کە باڵوێزە عەرەبەکان خۆیان لەبن کراسی ژنەکانیان شاردبووەوە، بۆیە وەڵاممدانەوە "ئەگەر حکوومەتی نێیجیری بیەوێ، ئەوا دەکشێمەوە، بەڵام ئەگەر حکوومەت داوەتنامەکەی نەکێشێتەوە ئەوا بە نیازم بەردەوام بم."

کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانەی لاگۆس، حەشاماتێکی زۆری خەڵکم بینی چاوەڕێیان دەکردم، کە بە هەزاران ئەفریقایی بوون. بیرم کردەوە "ئا ئەوەیە، ئەوەی پێدچێ ناخۆشی لێ بکەوێتەوە" بەڵام لەجیاتی خۆپیشاندانە هەڵچوونـاویەکە بە جەمـاوەرێکی زۆری ژن و پیـاو دەورەدرام، کە لە ئیسرائیل یان لە نایجێریا لەسەر دەستی ئیسرائیلییەکان مەشقیان پێدرابوو. هەمووشیان گۆرانی هێڤینو شالۆم ئالەیخم (ئاشتی بۆ تۆ) سروودەکەی بەرنامەی هاوکاریی نێودەوڵەتیی ئیسرائیلییان دەگوت، کە بە هەزاران جار

گـوێم لێـی بـووە، بەڵام هـیچ جارێکیـان وەک ئەوشــەوە بە لامەوە ئەوەنـدە کـاریگەر نەبـوو. ڕۆژی پاشـتر لە لایەن سـەرۆک ئـازکیوە پێشـوازییم لێکـرا. سەرۆک پێیگوتم: "ئێمە سڵاو و ڕێزمان بۆ تۆ وەک باڵوێزێکی ڕاستەقینەی نیازپـاک هەیە." ئیـدی ئەو گەشــتەی نێجیریــام بە گەورەتــرین ســەرکەوتن وەرگەڕا.

من کاتێکی کەمترم لە ئاسیا بەسەربرد، هەرچەندە لەوێش هەستم بە گەرموگـوڕی بەخێرهــاتن کــرد. هێشــتا هەر غەریبــی زینــدوێتی و نمایشــە یاوەریەکانی ئەفریقام دەکرد. ئەوەش لەوانەیە لەبەرئەوە بووبێ، هەرگیز لە وردەکاری کۆدی ڕەفتاری ڕۆژهەڵاتی دوور نەگەیشتم، یان ڕەنگبێ لەبەر پرسی جووایەتی بوبێ، میرات و ئێتیکی جووایەتی لەوێ کەمتر ناسراو بوو لەچاو ئەفریقا، لە ئەفریقا لە ڕێی کریستیانێتی تەوجیلەوە جۆرە ئاشنایەتیان لەگەڵ جــوایەتی پەیــداکردبوو. تەنــانەت نــاوی شــوێنەکانی وەک گالیلیــا، نەزارەت، بێت لەحم واتایەکیان بۆ دەرچووانی ئەفریقایی هەبوو، هەروەک لە وڵات زۆر کەسیشم لە ئەفریقا بە ناوی موشێ، سامۆئیل و شاول بینین. لێ ئاسیا شتێکی دیکەبوو. ئاسیا لە دەرەوەی دابونەریتی تەوجیلی کۆنەوە بوو، لەوێ پتر پێویستی بە ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردن هەبوو، ئاخۆ ئێمە کێین و لە کوێــوە هــاتووین. تەنــانەت پیــاوێکی ڕونــاکبیری وەک ئــو نــوی[123] سەروەزیری پێشووی بۆرماش، جارێکیان لە ڕانگۆن (پایتەختی بۆرما) بە داود هاکۆهین باڵوێزەکەمانی گوتبوو، کە تا ئەمڕۆش هیچ لەبارەی ئێمەوە نازانێ "تا بە ڕێکەوت کتێبێکی کەوتەبەردەست" ئیدی هەر ئەوکاتبوو، کە بە قەیرەیـی تەوجیلـی خوێنـدبووەوە، لەوێـوە بە بـوونی جـوو ئاشـنابوو. وەک ڕاســتیەکیش ئەوەی پەیوەنـدی نێـوانی لەگەڵ بنگۆریۆنـدا گەرموگـوڕ کـرد ئەوەبوو، کە بنگۆریۆنیش بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە درەنگەوە شتی لەبارەی بودیزمەوە زانی.

لێ گەلۆ، پێش ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی گەشتەکانم بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور بنوسم، حەزدەکەم دووبارە بیڵێمەوە، تاکە نەتەوەیەکی ئاسیایی، کە بە

---

[123] U Nu

داخەوە هەرچیەکیشمان کرد نەمانتوانی لەگەڵیدا بچینە پێشەوە، چین بوو؛ لە ڕاستیشدا پێشتر بە کورتی ئاماژەم پێداوە. ئیسرائیلی لەوێ هەبوون، لەنێویشیاندا داود هاکۆهن لەو باوەڕەدا بوون، کە زۆر بە کورتی و ئاسان گوایە ئێمە هەوڵێکی ئەوتۆمان بۆ دۆستایەتیان نەداوە، بەڵام من لەوە تەواو دڵنیانیم ئەوەی لە دەستمان هاتبێ نەمانکردبێ. لە ١٩٥٥دا بە سەرۆکایەتی هاکۆهن نێردەی ئەرکێکی بازرگانیمان نارده چین، هەڵبەتە بانگهێشتی نێردەی بازرگانی ئەوانیشمان بۆ ئیسرائیل کرد، بەڵام ئەوان هەرگیز وەڵامی بانگهێشتنامەکەمانیان نەدایەوە، لە کۆنفرانسی باندۆنگی هەمان ساڵیش لێکنزیکبوونەوەی چین-میسر چەکەرەیکرد. ئەوەش بووە مایەی کاردانەوەیەکی توندوتیژی چینی لە هەمبەر هەڵمەتی سینا و لە کۆتاییشدا ناسنامەی چینی لەگەڵ عەرەب، گوایە دژی تیرۆری ئیسرئیلین، ئاشکرابوو. لە ڕاستیدا حکومەتی چین بە لای شەڕی عەرەب دژی ئیسرائیلدا شکایەوە، مستەر عەرەفات و هاوڕێکانی بەردەوام چەک و پارە و پشتگیری مەعنەوییان لە پەکین وەردەگرت، هەرچەندە من یەک جاریش لەوە تێنەگەیشتم بۆ ئەو هەموو ساڵە دووردرێژانە لە خەیاڵی ئەوەدا بووین ئەگەر دەرفەتی قسەمان لەگەڵ چینییەکاندا هەبووایە، ڕەنگبووایە بۆ خۆمان کێش کردبان.

کاتێک ناوی چین دێنم، دوو وێنەم دێنە بەرچاو: یەکەمیان کاری تۆقێنەرانەی کارخانەی بنەتەقەی چینیی- لە ئەوەندە دورەوەی ئێمە- کە ژیانی کیژۆڵەیەکی شەش ساڵانی لەسەر سنووری نشینگەیەکی ئیسرائیل کۆتایی پێهێنا. من لەوێ لە نزیک کفنە بچوکەکە ڕاوەستابووم، دەوروبەرم پڕبوو لە خزمەکانی و دەگریان. بیرم کردەوە؛ "بۆ خاتری زەوی و ئاسمان، ئەرێ بۆ چین دژمان وەستاوەتەوە؟ تەنانەت خۆ ئەوان ئێمەش ناناسن." ئیدی ئەو بۆنەئاهەنگەی سەربەخۆیی کینییام بەبیرداهاتەوە، لەوێ لەگەڵ ئێهود ئاڤریل لەسەر مێزێک لە نزیک نێردەیەکی چینیی دانیشتبووم. کەشەکە زۆر خۆش و هێور و ئاسودە بوو، لەبەرخۆمەوە بیرم کردەوە، "باشتر وایە بچمە لایان بەڵکو هەندێ قسەیان لەگەڵدا بکەم." بۆیە داوام لە ئێهود کرد بەو چینییانەم بناسێنێ. ئەو چووە لایان و ڕێک بە بەرپرسی نێردەکەی گوت:

"وەزیری کاروباری دەرەوەمان حەز دەکا بتانبینێ." چینییەکان ڕووی خۆیان وەرگێڕا، تەنانەت خۆشیان تێکنەدا و بڵێن "نەخێر، سوپاس، ئێمە نامانەوێ ببیبنین."

ئاخر خۆ ئیسرائیلی و بەتایبەتیش من بە ئاسانی وەڵام بە نەخێر نادەینەوە. ماوەیەکی لەمێژ نییە دۆستێکی خۆشەویستم، سۆشیالیستخواز و دەوڵەتمەداری ئیتالیی پیترۆ نێننی لە چین بانگهێشت کرابوو. بەرلەوەی بچێتە ئەوێ، لە ئۆرشەلیم سەردانێکی کردم. لەبەر هەیوانی ماڵەکەی ئەوێم دانیشتین، بەدەم قاوەخواردنەوە قسەمان دەکرد، هەروەک خوی پیرە سۆشیالیستخوازان باسوخواس لە بارەی پاشەڕۆژ بوو. شتێکی گرێدراوی مسۆگەرانەش بوو، کە باسی چینیشمان کرد. پێمگوت: "سەیرکە، چینییەکان گوێ لە تۆ دەگرن. تکایە باسی ئیسرائیلیان بۆ بکە." هەر واشی کرد. هەوڵی لەگەڵ چەندان دەوڵەتمەداری گرنگی چینی دا، کە باسی ئیسرائیلییان بۆ بکا، ئاخۆ چ جۆرە وڵاتێکە، چۆن کاروباری دەگوزەرێنێ، هەڵوێستی چۆنە، بەڵام ئەوان گوێیان پێنەدا. ئەوان هەروەک هەمیشە ئاساییانە دەیانگوت هەرچەندە ڕووبەڕوو بە پیترۆ نێنیان نەگوتبوو کە ئیسرائیل "بووکەشوشەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە"، یەکێک گوتبووی سا ئەگەر هەر کۆمەڵەیەکی سێ ملیۆن کەسی هەوڵیدا دەوڵەتی خۆی هەبێ، ئایا جیهان چی بەسەردێ؟

چەندین جار هەولْم لەگەڵ منداڵەکانم دا، بەڵکو لەگەشتەکانمدا یاوەرم بن، بەڵام سارا نەیدەویست لە ڕێڤیقم دووربکەوێتەوە و مناحیمیش دوودڵ بو لەوەی ئایا و کوڕەکانی (ئەوان ئەوکات سێ کوڕیان هەبوون، ئامنۆن، دانییێل و گیدۆن) یان چەلۆکەی بەجێبڵێ. هەر جارێک چووبامایە ئەفریقا بە هەگبەیەکی پڕ لە دەمامک، جلوبەرگی بە دەست نەخشێنردراو و زۆر سەربردە لەبارەی ئەو شتانەی دیتبووم، بۆم دەهێنانەوە؛ بەڵام هەڵبەتە ئەو شتە وەک ئەوە نەبوو خۆیان بە ڕاستی لەگەڵمدابن و هاوبەشی ئەزموونەکەم بن. حەزم لێبوو هەرهیچ نەبێ منداڵەکان یەک گەشت یاوەرم بن، نەوەک لەبەرئەوەی ئەوان بایی خۆیان گەشتیان نەکردبێ (ئێمە بەشی خۆمان گەشتمان کردبوو) بەڵکو دەمویست ئەوانیش ئەو شت و کەسانە

ببینن، که من دەمدیتن. زۆر جاران لەو ساڵانەدا خەمی ئەوەم دەخوارد، تەنانەت دواتریش کە سەرۆوەزیر بووم، ئاخۆ ئەوان یان نەوەکانم بە ڕاستی چ هەستێکیان لەبارەی ئەو شێوە ژیانەی من هەیە. لەبارەی ئەو شتانەش زۆرمان قسە لەسەر نەدەکردن، بەڵام پێم وانییە هیچ کامێکیان چێژی لەوە وەرگرتبێ "کە سەر بە منن." ئێمە هەمیشە دۆستانە و بە زۆریش لەبارەی سیاسەت، ئەوسا هەردوو لایەنی نێودەوڵەتیی و نێوخۆ دەدواین، هەرگیزیش نەوەکـــانم لەو دەمەتەقێیـــانە هەرچەنـــدە بچـــوکیش بوونـــایە، بە دوور نەگیرابـــوون. بەدەر لەو ڕاســـتییەش، کە مـــن ســـەرچاوەی ئەو وێـــنە هەستیارانەی هاوڕێکانیان یان ئەوەیان دەزانی کە لەسەر مێز گوێیان لێدەبوو، دەنا پێم وا نییە هیچیان لە منداڵەکانی دیکە جیاوازتر بووبن. ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ مندا وەک هەر داپیرەیەکی سادە و ئاسایی بوو. میوانەکان سەریان دەسوڕما بەوەی کوڕەکەی مناحیم لەماڵ دەهات و دەچوو، بەو هەموو سەربەستییە بەو ڕاستییەش کەیفخۆش دەبوو، کە ئەوان پتر بە شـــتەکانی نێـــو یەخچـــالەکەم سەرمەســـتن لەوەی مـــن بە میـــوانە نـــاوداره جیهانییەکـــانم. ئەوەی دەربـــارەی مـــن بـــێ، هەروەک هەمـــوو داپیرەیەک نازونوزم زیاتر لە پێویست هەڵدەگرتن، هێشتاش هەروام. بەڵام هەر پێنج نەوەم شیرینترین شتی ژیانمن، هیچ شتێکیش لەوە باشتر نییە خەمیان لێبخۆم. تاکە مرازم ئەوەیە چیدیکە شەڕ نەبێتەوە، ئەمەشیان تاکە شتێکە، کە ناتوانم بەڵێنیان بدەمێ.

هەر چۆنێک بێ ئەوە مایەی بێبەشبوونی ئەو هەموو جارە زۆرانە لێیان دوور دەکەوتمەوە، بەردەوامیش بووم لەسەر مناحیم و سارا تا بە دەوری خۆیان قایل بوون سەر و گەشتم لەگەڵدا بکەن. لە ١٩٦٢دا سارا لەگەڵم هاتە کێنیا و ئەسیوبیا، لەوێ بە هایلی سیلاسیم ناساند. لەوێ سەردانی کۆمەڵگەیەکی گەورەی ئیسرائیلییەکانمان کرد ،کە کاری کشتوکاڵی، ماسیگریی، گواستنەوە و مەشقپێدانی پۆلیس و سەربازەکانیان دەکردن و لە زانکۆی ئەدیس ئابابـاش مامۆستا بوون. تەنانەت ئەسیوپیاش کە ئەو پەیوەندییە تایبەتمەندییەمان بۆ ماوەی ساڵانێکی دووورودرێژ لەگەڵدا هەبوو، لە ١٩٧٣دا پەیوەندی لەگەڵماندا پچڕاند، بەڵام لەو کاتەی کە لەبارەیەوە

دەنووسم پەیوەندییەکانمان گەرم بوون، هەرچەندە هەرگیز نە لە لای ئەوان و نە لای ئێمە لەبارەی پەیوەندییە بە هێزەکەمان نەنوسرابوو. کەسایەتی هایلی سیلاسی خەریکبوو وەک چیرۆکنامەیەکی لێ بێ، ئەو پیاوەی خەڵکی وڵاتێکی دوور و دڵگیر، کە وێرای لە ١٩٣٦دا ڕاپەڕێ و سەرنجی بێباکانەی جیهانی بۆ پەلاماردانی ئیتالیا بۆ سەر ئاسیوپیا (حەبەشە) ڕابکێشێ. بە خۆی وماڵباتەکەی ساڵێکیان لە ئۆرشەلیم وەک پەنابەر لە ماوەی داگیرکاریی ئیتاڵیادا بەسەربرد، منیش چەند جارێک ئەو پیاوە ڕەشپێستە ڕیشدارە بچکۆلەیە چاوگەورەیەم دەدی، کە لەسەر شەقامەکان دەڕۆیشت و سەگەکەشی بە دواوە بوو، سەرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا. ئەو تەنیا پەنابەرێکی هەلاتووی دەستی فاشیزم نەبوو؛ ئەو لە پاشماوەی هێڵی خانەوادەی پاشاکانی ئاسیوپیا بوو، کە لافی ئەوەی لێدەدا گوایە سەر بە بنەچەکی پاشا سلێمان[124] و شاژن شیبایە، هەر بۆیەشە خزمایەتی لەگەڵ ئێمەی جوودا هەیە. شێری جودا[125] هەمیشە هێمای پاشایەتی ئاسیوپی بووە، بە یەکگرێدانەوەی نێوان جوو و ئاسیوپیا هەمیشە بێ وێنە بووە.

هەرچەندە ئاسیوپیا وڵاتێکی کریستییانییە و بەشێکی ئەفریقایە، بەڵام بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ لەژێر گوشاری عەرەبەکاندا، بابەتی دژە ئیسرائیل بووە. بۆ ماوەیەکی زۆر هایلی سیلاسی بە وریایەوە لەسەر پەتێکی گرژبوو لەگەڵمان، زۆر لە هاموشۆکردنەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە نهێنی بوو، ئێمە تەنیا لە ١٩٦١دا باڵوێزمان نارده ئەوێ. هەڵمەتی سینا- لەبەرئەوەی گەرووی تیرانی کردەوە- بوو بە سەرەتای پەیوەندییەکی دۆستانەتر. کەشتی و فڕۆکەی ئیسرائیلیی برەوی بە ڕەوتی گەشەپێدانی نێوانمان دا. لە هەمان کاتدا پشکێکی گرنگمان لە پەرەپێدانی توانستی خوێندن و فێرکردن لە ئاسیوپیا دا، چەندان مامۆستای ئیسرائیلیی لە ئادیس ئابابای پایتەختی ئاسیوپیا بۆ ماوەی چەند ساڵێک نیشتەجێ بوون. سارا بە

---

[124] Solomon : لای موسڵمانان پێغەمبەر سلێمانە-وەرگێڕ

[125] Judah

مەزندەی من زۆر گەنجتر بوو لەوەی هەست بە هایلی سیلاسی بکا، وەک من کردم. بۆ ئەو هایلی سیلاسی تەنیا دەسەڵاتداری وڵاتێکی دڵرفێن بوو، بۆ من هەمیشە شتێکی زیاتر بوو. من ناتوانم بڵێم ئێمە بە خێرایی بووینە ئاشنا، بەڵام کاتێک من ئەوم لە کۆشکەکەی خۆیدا بینی و بیچمە تەنیاییە تاراوگەنشینەکەی ئەو و ساڵی ١٩٣٠ی ئۆرشەلیمم کەوتەوە یاد؛ هەستمکرد کە دادپەروەری-بۆ گۆڕینیش بێ- کاری خۆی کردوە، کاتێکیش بینیم هەڵوێستی خۆی گۆڕی و پشتی تێکردین زۆری لەگەڵ ناکۆک بووم. ئەوەش جارێکی دیکەی بۆ سەلماندمەوە —هەرچەندە ئەوکات زۆریشم پێویست نەبوو بۆم بسەلمێنرێتەوە- کە مرۆ نابێ بێجگە لە خۆی حیساب لەسەر هیچ کەس بکا.

هەر چۆنێک بێ، هەمان ساڵ کەمایەی خۆشحاڵیم بوو، ئەوە بوو مناحیم قایل بوو گەشتێکم لەگەڵدا بکا. ئیدی ئێمە بە یەکەوە چووینە ڕۆژهەڵاتی دوور. ئەوەش بە ڕاستی جوامێری هەردووکیان ئایا و ئەو بوو، چونکە گیدی تازە لەدایکببوو. ئێمە هەفتەیەک پتر لە ژاپۆن ماینەوە، لەوێ لە لایەن ئیمپراتۆر، سەروەزیر و وەزیری کاروباری دەرەوە بەخێرهاتنم لێکرا. من نەمدەزانی ئاخۆ هیرۆ هیتۆی ئیمپراتۆر لەچی دەچێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە پێم وانەبوو ئەو پیاوە جوامێرە ڕووخۆشە بێ، کە بەزمانشیرینی هەرگیز دڵنیانەبووم، گومانم هەبوو کە لەگەڵ یەک هەڵبکەین. من ژاپۆنیەکانم وەها دیتن کە زمانشیرینن، بەڵام زۆریش دەورن لە خۆ یەکلاکردنەوە. دەمزانی ئەوان لە پەیوەندیکردن لەگەڵماندا زۆر وریان و وایان ڕەفتار دەنواند، کە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەسکەگوڵێکی ڕێکوپێک بێ، هەموو توخمەکانی وەک هەن هاوسەنگ بن.

یەکێک لە شتە تەنز و خۆشەکانی ماوەی گەشتەکەی ژاپۆندا بەسەرمدا هات، ئەو مەراقخواردنە زیاد لە پێویستەی کارمەندە ژاپۆنییەکان بوو، کاتێک چوومە گایشایەک (گایشا گۆرانی و موزیک و شوێنی ڕابواردنی ژاپۆنی). لەو فرۆکەیەی کە پێی چوومە ژاپۆن یاکۆڤ شیمۆنی (سەرۆکی فەرمانگەی کاروباری ڕۆژهەڵاتی دورمان) یاوەرمان بوو، بە مناحیمی گوت؛" لەبەرئەوەی گۆلدا هەم ژنە و هەم وەزیری کاروباری دەرەوەشە بۆیە

ژاپۆنییەکان پێشنیازی ئاهەنگێکی نەریتیانەی گایشایان بۆ نەکردووە، ئەو جۆرە ئاهەنگانە بۆ میوانە تایبەتمەندە بێگانەکان سازدەکەن. دیارە پێیان لایەق نەبووە ئێستا سازی بکەن." کاتێک گەیشتینە تۆکیۆ بە مناحیمم گوت ڕاشکاوانە بە ژاپۆنییەکان بڵێ، کە بەدڵنیاییەوە دەچمە ئاهەنگی گایشە و بە هیچ شێوەیەکیش دژی ئەو جۆرە ئاهەنگانە نیم. لە کۆتاییدا ئاهەنگێکی خۆشی گایشا لە کیۆتۆ لە لایەن پارێزگار و ژنەکەی بۆ من ڕێکخرا، هەموو لایەک لێی ڕازیبوون، هەرچەندە پێم وا بوو کە شیمۆنی لەبەرچاوی من لەسەر بالیفەکان دانەنیشت، کاتێ سەماکەرەکە لە دەوروبەرم پەپولەئاسا دەهات و دەچوو.

وەک زۆر لە خەڵکی، جوانی ژاپۆن زۆر کاری لە منیش کرد؛ تەنانەت بە توانای ژاپۆنییەکانیش سەرسامبووم، کە ڕۆژانە جوانی ژینگەکەیان دەئافراند. هەڵبەتە لەوێ جووشمان بینین، زۆر لە ژاپۆنییەکان بووبوونە جوو، لەنێویشیاندا ئەوەی مایەی سەرسامیم بوو، ئەندامێکی خانەوادەی ئیمپراتۆری بوو، کە بە عیبری قسەی لەگەڵ کردم. هەر بەو بۆنەیەوە لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام لە لایەن چەندان گروپی دڵگەرمی هەواداری ئیسرائیل لە ژاپۆنەوە سەردانیان کردین و منیش چێدی سەرسام نەمام کاتێ بە دەیان ژاپۆنیم لەپاڵ دیواری ڕۆژئاوا بینین، گۆرانی "ئۆرشەلیمی زێڕین"یان بە عیبرییەکی ڕەوانەوە دەچڕی.

لە ژاپۆنەوە بەرەو فلیپین فڕین، لەوێ بڕوانامەیەکی شەرەفم لە زانکۆی کاسۆلیکی مانیللا پێدرا، لە ڕێوڕەسمەکە بە هێواشی و سەنگینییەوە بە خۆم و ئەو ڕۆبە پانوپۆڕە بەناو کەنیسەکەدا دەڕۆیشتم و هەریەک لە قەشەکانیش دامێنی کەواکەمیان گرتبوو. دەمزانی کە شەرەفێکی گەورەیە، پەیمانگایەکی کاسۆلیکی ژنە جوویەکی سەر بە دەوڵەتی جوو بەسەربکاتەوە. کاتێکیش ڕێڕەوەکەم دەبڕی، بیرم لەخۆم دەکردەوە، کە هەرگیز ڕێگای جوو نەدراوە بچنە زانکۆ و خوێندنی باڵایان تەواوبکەن، تەنانەت لە جیهانی ئازادیشدا تەنیا ڕێگە بە ژمارەیەکی کەممان دراوە. کاتێک قسەم کرد- شتێکم بەبیر هاتەوە- بۆ یەکەمجاریش نەبوو- ئەویش نامەیەکی شینای خوشکم بوو، کە بەردەوام لەوە دەترسا نەوەک لەپێی خۆم بچم، جارێکیان

ئاگادارینامەیەکی بۆ نوسیبووم: "هەرگیز خۆت لەبیر نەکەی کە کێی." بەڵام پێویستی نەدەکرد لێم بترسێ. من هەرگیز ئەوەم لەبیر خۆم نەبردووەتەوە، کە لە خانەوادەیەکی هەژارم یان هەرگیز خۆم شێت ناکەم و لە خۆم ناگۆڕم بەوەی، کە لە هەر شوێنێکەوە-بە مانیلاشەوە- لەبەر جوانی، ژیری یان زانست بی، کە ڕێزم دەگیرێ.

دەتوانم چەندان لاپەڕە لەسەر مانێلا، هۆنگ کۆنگ، تایلاند، کامبۆدیا بنووسم، کە چۆن ئەو خەڵکەی دیمان و دیمەنی وڵاتەکان جێگەی سەرسامی ئێمە بوو، بەڵام دڵی گەشتەکەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور سەردانی بۆرما بوو، ئەو وڵاتەی هەر لە ١٩٥٢ەوە پەیوەندیی تونـدوتۆڵمان بە یەکەوە هەبوو، ئەویش لەو کاتەدا بوو، کە نێردەیەکی سۆشیالیستەکانی بۆرمایی بۆ یەکەم جار سەردانی ئیسرائیلیان کرد. ساڵی دواتر شارێت چووبووە ڕانگۆن و بەشداری کۆنگرەی سۆشیالیستەکانی ئاسیای کردبوو، لە ١٩٥٥یشدا پەیوەندیی تەواوی دیپلۆماسیانە لە نێوان بۆرما و ئیسرائیلدا گرێدرا. داود هاکۆهن باڵوێزخانەی ئیسرائیلیی لە رانگۆندا کردەوە، ئو نوی سەروەزیری بۆرماش وەک میوانێکی بنگۆریۆن سەردانی ئیسرائیلی کرد.

پێم وایە هیچ وڵاتێکی گەشەکردووی جیهان-تەنانەت گانا و کینیاش- ئەوانەی پەیوەندییمان لەگەڵیاندا هەبوون وەک ئەوێ بە جۆش و دلۆڤان نەبوون. بۆ چەندان ساڵ پێدەچوو هیچ شتێکی ئیسرائیل نەمابێتەوە، کە ئەوان پێیەوە کارانگاز نەبن و لاسایی نەکەنەوە، هەروەک تاکە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی ئاسیایی شتێکی سروشتییانەبوو، کە بە قووڵی حەز بە جۆرە سۆشیالیستییە تایبەتمەندیەکەی ئێمە لە هیستادروت، بزووتنەوەی کیبۆتنشینی و ئەو ڕێگایەی کە ئێمە دامانهێنابوو بکەن بەوەی لەشکری مەدەنی بکەینە کاریگەرترین دامەزراوەی خوێندن و فێرکردن، بە هۆیەوە هەزاران منداڵی بێبەش لە خوێندن و کلتوری ئەو خێزانە ئاوارە و کۆچبەرانە (سەبارەت بە منیش هەروەها زۆر لە دایکەکانیشیان) فێرە خوێندن و نووسین بکرێن. هەروەها بۆرماییەکان ئەو ئەزموونە سەربازییەی ئێمەیان لا سەرنجڕاکێش بوو، کە خزمەتی سەربازیی لەگەڵ پێشەنگایەتی وڵات لەیەک گرێدرابوو. ئەوە بوو سیستمەکەیان بە تەواوی لە ئێمە وەرگرت. ئەوەش

بەوەی کە خەڵـکەکە دەکـرێ لە کێڵگەکانیانـدا کشـتیاری بـکەن و لە هەمـان کاتیشــدا مەشــقی بەرگــری لەخۆکردنیــان پێبکــرێ. بــۆ بۆرماییەکــان کە ســـنووریان لەگەڵ چینـــدا هەبـــوو، بەردەوام ســـەرچاوەی سەرئێشـــە و هەراســانکردنیان بــوو. نەشــیاندەتوانی ســوپایەکی گەورە بە بەردەوامــی ڕێکـبخەن ناهـالی ئیسـڕائیلی (کـورتکراوەی دەسـەتەواژەیەکی عیبـرییە بـۆ گەنــجە جەنگاوەرەکــانی پێشــەنگ) بــۆ ئەوان باشــترین وەڵام بــوو. مــن دەرفەتێکم دایە گەنجە ئایدیالیستەکان تا کشـتیارییەکەی خۆیـان پەرەپێبدەن و مەشقی سـەربازیی لە چوارچێوەی کیبۆتنشینەکاندا بکەن. بۆیە هانـدران، ئەوانیش نشینگەی هاوشێوەی خۆیان دروستبکەن. پێشنیازم وابوو؛ ئەوانیش لەسـەر سـنوور نشـینگەی هاوشـێوە دروسـتبکەن، بانگهێشـتی کـۆمەڵەیەکی گەورەی ســەربازە بڵاوەپێکراوەکـانم کـردن بە خـۆ و خاوخێزانیـانەوە بـۆ مـاوەی سـاڵێک بێنە کیبۆتەکانی ئیسـڕائیل و تـایبەتیش لە مۆشـاڤیم (گونـدە هەرەوەزییەکـــان) کـــاربکەن و لە ژیـــانی بە زبـــارەیی ڕۆژانە ڕابـــێن، لە کاتێکدا ئـێمەش ئیسـڕائیلی بنێـرینە بۆرمـا بـۆ یارمەتیـدانیان لە بنیاتنـانی مۆشــاڤیمەکانیان. ئەوەش بــوو کە ڕوویــدا. مۆشــاڤەکان پێــدەچوو لەگەڵ میزاجی بۆرماییەکاندا بێتەوە.

لەوێ زۆر پـڕۆژەی لێکگرێـدراوی بـۆرمی-ئیسـڕائیلییانە هەبـوون، لەنێویشیاندا دامەزراندنی پڕۆژە سـەرەکییەکەی پیشەسـازی دەرمانسـازی لە بۆرمـا، مەشـقپیدانی دەیـان پزیشـک و پەرسـتاری و چێکردنـی خشـتەیەکی مەزنـی ئـاودێری، بەڵام بـۆ مـن بەتـایبەتی دامەزرانـدنی مۆشـاڤیمی دەڤەری نامسانگی باکووری بۆرما زیاتر لەوانـی دیکە وروژێنەرتـر بـوو. هەڵبەتە بە تاسە و پەرۆشییەکی زۆرەوە بە دوای ئەو پـڕۆژەیەدا چووم، بەڵام مـن ئەو کـــات زۆر بە ئاســـتەم لەو بـــڕوایەدا بـــووم، ئەوە خەون نیـــیە کاتێـــک لە فڕۆکەخـانەی بـاکوری بۆرمـا دابەزیـن و ژن و منـداڵی بۆرمـایی بینـین، کە پێشـتر لە ئیسـڕائیل بـوون، بەخێرهـاتنی منیـان بە گـۆرانی عیبریـی و ئـاڵای ئیسڕائیلییەوە کرد. پێم وا نییە هەرگیـز ئەوە لەبیـربکەم کـاتێ بەنـاو خـانووە بچکۆلەکانی ناماسانگدا دەڕۆیشتم، بە زمانی عیبریی بە لاوێکی بۆرمـایی کە لە دەروازەی خـانووەکەدا وەسـتابوو، گـوتم:" شـالۆم، مـا نیشماهـ؟ (سـڵاو،

ئەرێ کاروبـار چـۆنە؟) و ئەویـش وەک ئیسـرائیلییەکی ڕاسـتەقینە وەڵامـی دامەوە؛ "بیسیدەر، ئاڤال ئاین ماسپییک مابیم.( زۆرباشە، بەڵام بایی پێویست ئاومان نییە.") وەک ئەوە وابوو لە ڕێڤیڤم بم.

من لەگەڵ نی وینی سوپاسالاری بۆرمـایی بەنـاو وڵاتەکەدا گەڕام. لە مـاوەی چەنـد هەفتەیەکی کەمـدا دەسـتی بەسـەر دەسـەڵاتی بۆرمـادا گـرت و سیاسـەتێکی نـوێی پەیڕەوکـرد، کە لایەنگـری ڕووسـیا و دژی ئەمریکـا بـوو، جەختیشـی لەسـەر ئەوە کـردەوە، پەیوەسـتیان بە هـیچ شـتێکەوە نەمێنـێ، کە بەرژەوەنـدی بۆرمـا نەیخـوازێ. ئەم ڕەوشـە پەیوەنـدی بازرگـانیی بۆرمـا و ئیسـرائیلیی لەنـاو نەبـرد، بەڵام بـووە مـایەی کۆتاییهێنـان بە دۆسـتایەتییە خۆشەویستەکەمان.

مـن زۆر بە بۆرماییەکـان سەرسـام بـووم. لەوێ هەسـتم بە نـامۆیی نەدەکرد. هەرچەنـدە نـاتوانم بڵـێم، کە تـامی خـواردنی ئەوانـم بە دڵ بـووبێ. لە ١٩٦٣ شتگەلی بچووک هەبوون نەمویست لە بۆرمـا بیکەم، مـن نەمتـوانی هەویری ماسی ئەوان بخۆم یان تەنانەت تامی گۆشتی برژاوی بەور(جۆرێکە لە پڵنگ) بکەم کە لە نامسـانگ بۆیـان ئامـادەکردبووم، تەنیـا سـوپی کێشـکەم خوارد، کە ئێمە لەسەر شەڕەفی ئو نو دروستمان کردبوو. منـاحیم هەمـوو شـتێکی لەبـارەی وردەکـار و ناسـکێتی خـواردنی ڕۆژهەڵات بـۆ ڕوون دەکـرمەوە، بەڵام پـێم وا نەبـوو بە ڕاسـتی ئەو ببێـتە مـایەی لاوازکردنـی پەیوەنـدییەکانمان لەگەڵ بۆرمـا ئەگەر هـات و مـن دەسـت لەو هـێلکە کـۆنە هەزار ساڵیە –هاتبـا و قـوتم دابـا ڕەنگبـووایە بیکوشـتبام- نەدەم کە لەسـەر دەفرەکەم دانراوە. هەڵبەتە شتی وامان هەبوو، کە ماوەیەکی زۆری ویست تا بۆرماییەکـان لێی تێبگەن. لەبیـرمە لە یەکەم سـەردانی ئـو نـو بـۆ ئیسـرائیل، کاتێـک لەگەڵ بنگۆریۆنـدا بە نێـو دارسـتانێکی تـازە داچێنـدراودا ڕەتبـوون لەسـەر هێڵـی ڕێگـای تەلئەبیـب –ئۆرشـەلیم- کە ئـێمە زۆر شـانازیمان پێوەدەکرد، چونکە هەوڵ و کۆششێکی زۆروزەوندمان دا تـا گاشـەبەردەکان لەسەر خاکە ڕەقەنەکە لابەرین و ڕێگەی دارەکـان خـۆش بکەیـن-ئـو نـو زۆر بە خەمخـۆرییەوە سـەیرێکی کـرد، ئەوسـا بە بنگۆریـۆنی گـوت: "لە منـی وەرگرە، ئەو دارانە گەورە دەبن. تۆ دەبێ لەمە زۆر وریا بی." دیارە کێشـەی

ئەو ئەوە بــوو دەربەنــدەکانی نەبــنە جەنگەڵســتان، بەڵام خەیــاڵی بــۆ ئەوە نەدەچوو، کە هەر دارێک بۆ ئێمە گەوهەر و گەنجینەیەکە!

لەو دەمەی گەڕامەوە ئیسرائیل، بایی پێویست بۆ چەندین ساڵ ئەگەر بۆ تەواوی ژیانیشم نەبێ کێڵگەی برنج و عەرەبانەی ڕیشاو[126] بینین. ئیدی دەمویست و بە ڕاستیش پێویستم بە پشودان هەبوو: بەڵام لە ١٩٦٤، ١٩٦٥ و ١٩٦٦دا من لەنێو خولگەکەدا بووم. دیسان گەشتی ئەوروپا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینم کەوتەوەبەر، لەو ماوەیەشدا زۆرجاران نەخۆش دەکەوتم. خەریکبوو ئەو گەشتە بەردەوامانە شپرزەم بکەن؛ پێدەچوو یان دەبێ لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە بچم و لە جێگایەکیش نەساخ بکەوم. سەرباری ئەوەش مــن چیــدیکە گەنــج نەمــابووم. لە ١٩٦٣شــدا ئــاهەنگی ســاڵڕۆژی شەست و پێنج ساڵی لەدایکبوونم گێڕا. هێشتاش هەستم نەکرد، کە پیربووم یان گوروتینم تەواو بوبێ، بەڵام خەریکبوو بیربکەمەوە، کە چەند خۆشە ڕۆژێکت هەبێ و بیر لە خۆت بکەیتەوە یان سەردانی کۆنە هاوڕێکانت بکەیت بە بێ ئەوەی پاسەوانت بە دواوە بن، منداڵەکان و دکتۆرەکەشم هەر پێیان دەگوتم کاتی هاتووە زەحمەت لەسەر خۆم کەم بکەمەوە. هەوڵمدا بەڵام هەرگیز لەوەدا سەرنەکەوتم، کە چۆن بیکەم. هەمیشەش گوشاری ئەرکەکانم-هی دەرەوە و ناوەی ئیسرائیل-لەسەربوو، هەرچەندە بەیانیانیش سەر لە زوو ڕۆژە کارەکەم دەستپێکردبا، ئەوا هەرگیز تا سەعاتە زووەکانی بەیانی دواتر کۆتاییان نەدەهات. هەندێک جار هەڵسوکەوتی وام لەگەڵ خۆم دەکرد کە دەمەویست، بەڵام ئەو دۆخانە دەگمەن بوون.

لە ئاهەنگە بۆنەیەکدا کە لە تەمموزی ١٩٦١ بۆ ئەو برادەرانەی کاتی خۆی بەر لە چل ساڵ بەیەکەوە هاتینە فەڵەستین، سازم دا. هەنوکە نایەتەوە بیرم ئاخۆ چۆن و کەی ئەو بیرۆکەی ساڵیادی هاتنمان بە ئاهەنگۆکەیەک بگێڕم، بەڵام زۆر مەراقبووم جارێکی دیکە ئەو دەستەیە ببینمەوە، تا بزانم چەندیان لە ئیسرائیل نیشتەجی بوون و چەندیشیان گەڕانەوتەوە وڵاتە یەکگرتوەکان، حەزم دەکرد منداڵەکانیشیان ببینم. یەکێک لە بابەتی

[126] جۆرە عەرەبانەیەکی هیندییە کە دوو تایەی هەیە و مرۆڤ ڕایدەکێشێ-وەرگێڕ

باسوخواس و دەمەتەقێی ئەوێ ڕۆژێمان لەنێوان من و هاوڕێیانم لە ماپایدا، لە سەر ئەو ژمارە کەمەی کۆچبەران بوو لەچاو جاران، کە لە ڕۆژئاواوە دەهاتنە ئیسرائیل. یەکێکیان ڕوونیکردەوە، کە "ئەوان ژیانیان زۆر باشە. ئەوان تەنیا ئەو کاتە دێن، کە بە ڕاستی ڕووبەڕووی تەوژمی دژە سامیزم ببنەوە." بەڵام من هەستمکرد ئەم لێکدانەوەیە سادەکردنەوەیەکی زۆر ناڕەوایانەیە. لەو بارەشەوە بەڵگەوبەندی زۆر دوورودرێژم لەگەڵ بنگۆریۆن سەبارەت بە سەرنجڕانەکێشانی کۆچبەران لە وڵاتەکانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا و بەریتانیادا هێنانەوە. پێمگوت: "ئەگەر ئارام بگرین، ڕۆژێک دادێ ئەوان هەر بێن. شتێکی ئاسان نییە کە خۆمان و منداڵەکانمان لە شوێنێک هەڵکەنین. هەروەها خەڵکیش وەک جاران ئایدیالیست، ڕۆمانسیی یان خۆبەخشکار نەماونەتەوە. بوێری و بڕیارێکی مەزنی لێبراوانەی دەوێ تا زایۆنستێکی پیتسبورگ، تۆرێنتۆ یان لیدز ڕۆژێک بڕیاربدا، بە یەکجاری لە ئیسرائیل نیشتەجێ ببێ. ئەوەش واتای لەوە زۆرترە کە لە وڵاتێکەوە بچیە وڵاتێکی دیکە. ئەوە دەبێ هاموشۆ لەگەڵ فێربوونی زمانێکی نوێ بکا و جیاوازیی پێوەر و شێوەی ژیانیش بپەژرێنێ، دەشبێ خۆی لەگەڵ ئەو جۆرە گرژی و نا ئارامییەش بگونجێنێ." منیش لە بنگۆریۆن کەمتر خەمی جووەکانی ڕۆژئاوام نەبوو، کە بە سەدان هەزار تەنانەت ملیۆنان بێن و بدەنە پاڵمان، وەلێ چاوپۆشیم نەکرد لە دردۆنگیەکانیان و بە دڵنیاییشەوە ئامادە نەبووم – لەو دەمەی مێژووی ئیسرائیلدا- داوا لەو جووانە بکەم، کە پشتی دەوڵەتی ئیسرائیل بوون بەبێ ئەوەی بە ڕاستی لێیشی بژین بەوەی نابێ چیدیکە خۆیان بە زایۆنیست دابنێن، بەڵکو دەبێ خۆیان بە "دۆستی زایۆن" لە قەڵەم بدەن، ئەو دارشتنە توڕەییە سواوەی، کە لە لایەن بنگۆریۆنەوە پێشنیازکرابوو.

بەڵێ کاتی خۆی ئەو نۆزدە ژن و پیاوەی لەگەڵ مۆریس و مندا بە سواری کەشتی پۆکاهۆنتاس لە ١٩٢١دا گەورەترین بڕیارماندا. تاسەمەندیش بووم جارێکی دیکە بیانبینمەوە. من ناونیشانی هەمووانم نەبوو، بۆیە ڕاگەیاندنامەیەکم لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردەوە: "وەزیری کاروباری دەرەوە بانگهێشتی هەموو ئەندامانی تیپە ڕێکەوتی پۆکاهۆنتاس بۆ ئێوارە خوانێک بۆ

ماڵەوە دەکا، داوەتنامەکەش نەوەک بە تەنیا هەر ئەندامە ڕەسەنەکان بەڵکو هاوژین و منداڵ و نەوەکانیشیان دەگرێتەوە."

زۆر لەوانەی گەشتە ترسناکەکەی ئەوێ ڕۆژێ لە ١٩٢١ کردیان، نەهاتن. هەبوو مردبوو، هەبوو کەلەلا ببوو، یەکێکیشیان بە یەکجاری گەڕابوووەوە وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام حەوت یان هەشت کەسە بنەڕەتییەکە و منداڵەکانیان و نەوەکانیان لەگەڵیان هاتبوون. ئاهەنگێکی نایابمان گێڕا، یادی کۆنمان کردەوە، گۆرانیمان چڕی و کێک و میوەمان لەناو باخچەکەماندا خوارد. هیچ وتە و لێدوانی فەرمیی تێدا نەدرا، لێش نەگەڕام ڕۆژنامە تخونی ئەوێ بکەوێ، هەرچەندە ڕۆژنامەنووسان داوایان لێکردم، "تەنیا بۆ چەند خولەکێکی کەم" بێنە نێو ئاهەنگەکە، بەڵام بوارم نەدان. ئەوە نیشانەی سەرەساڵی یادکردنەوەیەکی کەسییانە بوو، منیش دەمەویست گردبونەوەیەکی تایبەتمەندانە بێ.

وام دانا هەندێ لەو گۆرانییانەی گوتمان (هەمان ئەو گۆرانییانە بوون کاتی خۆی بە هۆیەوە دەمانویست ورەمان لەسەر ئەو کەشتییە پەڕپووتە بەرزبکەینەوە) سەدایەکی زۆر سۆزدارییانە و ساویلکانەی دەدایەوە، لەوانەیە بۆ منداڵەکانمان بێتامیش بووبن. گۆرانییەکان هەموویان لەبارەی بنیاتنان و پێشەنگایەتی بوون. هەرچۆنێک بێ ئەوەیان بەبیرهێنایەنەوە، کە ئەوی ڕۆژێ بڕوامان وابوو دەتوانین هەموو شتێک بکەین و ئیدی ئێمە بۆ چەندان سەعات گۆرانیمان گوت. پاشان کە ئاهەنگەکە کۆتاییهات و هەموو میوانەکانیش گەڕانەوە ماڵەکانیان ، بۆ مایەوەک لە باخچەکەم لە تاریکییدا دانیشتم، بیرم لەو چل ساڵەی ڕابردوو دەکردەوە، ئارەزووم بوو مۆریسیشمان لەگەڵدا بووایە. ئەوێ شەوێ لەیەک شت دڵنیابووم: هیچ کام لە ئێمە هەرگیز بۆ ساتێکیش پەشیمان نەبوو، ئێمە لەسەر پشتی پاکاهۆناتس ماینەوە تا لە دواییدا کەشتییەکە لە بۆستنەوە ڕێگای بڕی و ئێمەی گەیاندە فەڵەستین.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی ١٩٦٥دا هاتمە سەر ئەوەی پێویستم بە گۆڕانە. هەڵمەتی هەڵبژارنی هاوینی هەمان ساڵ زۆری ماندووکردم. بە ڕاستی من هەرگیز بە گەرما هەستم بە ساخی خۆم نەدەکرد، ئەو سەرئێشە

میگرینه که سالانێک بو لەبەری دەمنالاند، لێم توندتر ببوو. نەمدەتوانی خۆم لەو بەرەنجامەم بدزمەوە، که ئەو بەرپرسیارێتیەی سی ساڵ پترە شانم دابووە بەری، خەریکە زۆر قورس دەبێ. من نەمدەویست تا هەتایە بژیم، بەڵام نەشمدەویست ببمە نیمچە پەککەوتە. هەر چۆنێک بێ تەنیا باری لەشساخیم نەبوو، کە هەراسانی کردبم؛ هەروەها پێویستی خۆبوژاندنەوە(خۆبارگاویکردنەوە)ی پیلەکانی هەست و سۆزیشم هەبوو، دیاربوو بەرەوکزبوون چووبوون، چونکە ماندوو بووم. بارودۆخی نێوخۆی ئیسرائیلیش باش نەبوو. بێبازاڕی سەختی ئابوری، کۆچکردن – کە ئێمە ناوی پێریدا (دابەزین)مان لێنابوو لە بەرانبەر تەوژمی "هەڵبەزینی" کۆچبەرایەتی- هەروەها لە دواییشدا گۆبەندی لاڤۆن، کە ورەبەردانێکی جەماوەری بوو، بزووتنەوەی کرێکارانیشی شپرزە کردبوو. هەڵبەتە تاکە جەنگەکەم لەگەڵ بنگۆریۆندا دوا سەرئێشەم نەبوو. خۆ هیچ کارەساتێکیش ڕوونادا گەر من لە ژیانی گشتییدا دووربکەومەوە! حزب برینەکانی خۆی سارێژ دەکاتەوە و منیش شتێکی زۆرم بۆ چارەسەری قەیرانی ئابوری ئیسرائیل پێناکرێ، ئەوەش بەشێکی زۆری لەو ڕاستییەوە هات، کە قەرەبووی ئالمان خەریکبوو تەواو دەبوو، کەچی نە بودجەی بەرگریمان و نە گەمارۆی عەرەبەکان دانەدەبەزی و کەم نەدەبوو.

سەرباری خەفەتەکانیشم، تەندروستی شیناش لەنگ بووبوو. ئەویش زۆر پیر ببوو، خەریکبوو وەک دایکمان جەستە و مێشکی دەپوکایەوە. ئەشکۆل کە لە ١٩٦٣دا بووە سەروەزیر و پینچاس ساپیر کە وەزیری دارایی بوو، ئازایانە هەوڵیاندا لە داوای دەستلەکارکێشانەکە ساردم بکەنەوە، بەڵام من دەمزانی، کە ئابا ئیبان لەسەر باڵ وەستاوە تا ببێتە وەزیری کاروباری دەرەوە و منیش لە بن ئەو بارودۆخەدا هیچ هۆیەکم نەدەدی، کە خۆم بە وەزارەتەکدا شۆڕ بکەمەوە. ئەشکۆل جێگرایەتی سەروەزیری خستەبەرم، بەڵام ئەوە هەرگیز دادی منی نەدا. پێم وا بوو بۆ من باشترە داپیرەیەکی هەمەکات[127]بم لەوەی وەزیرێکی نیوەکات، بە ئەشکۆلم گوت،

---

[127] مەبەست full-time ە. وەرگێڕ

هەر بە ڕاستی دەمەوێ خانەنشین بم. دڵنیام کردەوە: "من نامەوێ ببمە داپیرەیەکی سیاسییانە. بەڵکو دەمەوێ کتێبێک بخوێنمەوە بێئەوەی هەست بە خەتابارییەک بکەم یان هەر کاتێک حەزم لێبێ بچمە کۆنسێرتێک و ناشمەوێ تا چەندان ساڵی دی فڕۆکەخانەی دیکە ببینمەوە."

## ١٢

# ئێمە تەنیاین

ئەوەی ڕاستی بێ، ڕەوشەکە نەوەک هەر هەندێ کات، بەڵکو چەند مانگێکی خایاند تا کاروباری خانەنشینییەکەم "ڕێکبخەم". سەرەتا بەوە دەستمپێکرد لە ئۆرشەلیم بگوازمەوە خانوێکی بچکۆلەی نیمچەسەربەخۆی ئارام لە شەقامێکی پڕداروباری گەڕەکێکی قەراخی تەلئەبیب، دەرگای تەنیشتیشم مناحیم و ئانیا بوون. ئەوەش وەنەبێ هەر گواستنەوەبێ لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە؛ گواستنەکە پێوەستی بە چەندین دەمژمێری خۆ خڕکردنەوە و کەلوپەل جیاکردنەوە و تێکنانەوە هەبوو، دەبووایە بڕیار بدەم کامە کەلوپەل هی منە و کامەش هی حکوومەتە، ئاخۆ چی پێویستە لەگەڵ خۆم بیبەم و چیش بەجێبێڵم.

من لە ماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەی ڕابردوودا زۆر گەڕام، گەشتی ئەملا و ئەولای زۆرم کردووە و ئەوەندە زۆر یادگار (مەبەست کەلوپەلی مادییە کە وەک یادگار دەمێنێتەوە) لە ماوەی ئەو کارە هەمەکاتەم کەڵەکەکردبوو، کە هییچیشیان زەوقی تایبەتیانەی من نەبوون، بەڵام کارلا لە وڵاتە یەکگرتووەکان هاتە سەردانم، ئیدی ئەو لەگەڵ من و لوودا هەموو شتێکمان ڕێکخست. بەختیاربووم، ئاخر من بە سروشت ئارەزوم لە شت کۆکردنەوە نەبوو، نەشمدەویست شوێنی لێژیانم وەک مۆزەخانەیەک بێ، بۆیە بۆ من سەخت نەبوو زۆر لە شتەکان و دیارییەکان بەلاوەبنێم و تەنیا کتێبەکان، تابلۆکان، وێنە و دەستنوسی لولدراو و کلیلی شارەکان نەبێ، کە هەندێکیان واتای تایبەتمەندییانەی پێدەبەخشیم. هەڵبەتە زۆر لەو خاڵە خاترجەمبووم کە نەمدەویست هەرگیز بکەومە بەر تاقیکردنەوەی لێبژاردنی شتەکان، شت تێکنان و دووبارە شت لەیەککردنەوە بۆ من قورس بوو، بەڵام هەستێکی وام لا پەیدا بوو، کە ئەمە دوا جارمە و کارلاش یارمەتیدام.

ماڵە نوێیەکەم- ئەوەی ئێستاش تیایدا دەژیم- نزیکەی چواریەکی ڕووبەری خانووەکەی وەزیری کاروباری دەرەوم بوو، کە بۆ ماوەی نۆ ساڵ تێیدا ئاکنجی بووم؛ بەڵام خۆ کتومتیش خانووەکە ئەوە بوو، کە خۆم دەمەویست و پێویستیشم پێی بوو، هەر لە ڕۆژی یەکەمیشەوە کە چوومە ناوی هەستم بە ئاسودەیی کرد. نەخشەیەکی وام دانابوو شتەکان لەگەڵ داخوازییەکانم بگونجێنم، بەیەکەوەگرێدانی دیوی دانیشتن، دیوی نانخواردن، کە ڕەفەی کتێبەکانی تێدابێ و بڕوانێتە سەر باخچە، کە لەگەڵ ماڵی مناحیمدا هاوبەش بوو، ناندینەکەشم بایی ئەوەندە گەورە بوو کاروبارەکانی خۆمی تێدا بە باشی جێبەجێبکەم، لە نهۆمی سەرەوەش ژوورێکی نوستن لەگەڵ ژوورێکی خوێندن هەبوو، وەک ژووری میوانانیش بەکاردەهات. هیواشم وا بوو لە داهاتودا ژوورێکی دیکەشی بۆ زیادبکەم، بەڵام بە بێ ئەو ژوورە زیادەش هەمیشە خانووەکە بەشی منی دەکرد و لە ١٩٦٥دا بۆ من زۆر نایاب بوو، کە تێیدا هەست بەوە بکەم تا کۆتایی لێرەدا دەژیم.

لێ گەلۆ، گومانم هەبوو ماڵباتەکەشم بە ڕاستی بڕوایان کردبێ، کەوا من چێژ لە ژیانی گواستنەوەم بەرەو کەسێکی سادەی هاووڵاتی وەربگرم، بەڵام من دڵشادبووم هەروەک ئەوەی پێیەوە ناسرابووم. دوای ماوەی چەندان ساڵ ئیدی ئازاد بووم، بازاڕی خۆم بە خۆم دەکرد، هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیی بەکاربهێنم بۆ هەر شوێنێک بڕۆم خەمی ئەوەم نەبێ ئاخۆ شوفێرەکە دەبێ هەر چاوەڕێم بکا تا لە کارەکەم تەواودەبم، لە هەمووشیان پتر کاتی خۆم هی خۆم بوو. من وام هەستکرد گیراوێکم و لە زیندان دەرچووم. لیستێکی درێژم بۆ ئەو کتێبانە دانا کە دەمویست بیانخوێنمەوە، زەنگ بۆ دۆستە دێرینەکانم لێبدەم، کە ساڵانێکی درێژبوو نەمدیتبون و نەخشەی زنجیرەیەک سەردانی ڕێڤیڤشم دانابوو. لەوانەش زیاتر بە خۆشییەکی زۆرەوە شێوم لێدەنا، جلەکانم بە خۆم ئوتو کردن و ماڵم پاکدەکردەوە. بە ڕاستی لە کاتوساتی خۆی ئیشی نووسینگە فەرمییەکەم جێهێڵا، ئەوەش بە ئارەزوی خۆم بەرلەوەی کەسێک هەبێ و پێمبڵێ" ئەرێ بۆ خاتری خوا، کەی ئەو پیرەژنە دەرک بەوە دەکا، کە

کـاتەکەی بەسـەرچووە؟" هەسـتمکرد وەک ئەوەی دەسـت بە ژیـانێکی نـوێ بکەم.

جەماوەریش هەر زوو وەک خۆم لە ژیانی نوێم ڕاهات، هەرچەندە ئەوکات و ئێستاشی لەگەڵدابێ پێویستە دان بەوەدا بنێم، کە ڕەزامەندبووم بەو سەوداکردنە تایبەتییەی لەگەڵمدا کرا. زۆر جاران دوکاندارە دراوسێکانم خۆبەخشـانە ئەو کەلـوپەلانەی دەمکڕین بۆیـان دەگەیانـدمە مـاڵەوە، چـونکە پێیان جوان نەبوو وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشو کیسی سەوزە و میوە هەڵبگرێ، شوفێرەکانی پاسیش بە هەمان شێوە زۆر لەگەڵم دلۆڤان بوون، هەنـدێک جـار لە گەڕانەوەمـدا، لە نزیـک ماڵیـان دادەبەزانـدم، هەرچەنـدە وێستگەش نەبووبایە، جارێک و دووانیش یەکسەر منیان گەیاندەوە ماڵەوە. لێ خۆ من باکم بەوە نەبوو ئاخۆ چی هەڵدەگرم یاخود بە پێ دەڕۆم یان نـا؛ ئازادبوونم لە دەست فەرمانبەرداریێتی دیدار و بەڵێن و ئاهەنگە پێشوازییە فەرمییەکـان بـۆ مـن وەک پەڕجـوو وابـوو. هـیچ کـاتێکیش هەسـتم نەکـردوە گۆشـەگیربم و لەو شـتانەی لە وڵات ڕوویانـدەدا دابـڕابم. مـن هێشـتا بە ئەنـدامی کێنێسـت و بەڕێـوبەرایەتی جێبەجێکـاری ماپـای مـابوومەوە، لە هەردوو جێگەش بایی ئەوەندە کار هەبوو هەستم پێکردبێ بیکەم، بەڵام لەوە پتر نەبوو. هەمووی بە سەریەکەوە من زۆر بە بەشـەبەختی خۆم قایلبووم. ئاخر خۆ دەبووایە ئەوەم مەزندەکردبایە، کە خۆدۆزینەوەم لەو ژیانە نوێ هێورە و ئارامەدا زۆر ناکێشێ. ئیدی جێگرەوەی نـاوبڕ هەبـوو، کە زۆرتـرین گوشار لە هاوڕێکانی حزبیمەوە دەهات بەوەی جارێکی دیکە بە هەمەکـاتی بگەڕێمەوە سـەرکار-ئەوسـا هەر هـیچ نەبێ بۆ مـاوەیەکی کـاتی بێ- بەڵکو یارمەتیـــان بـــدەم لە یەکخســـتنەوەی هەمـــوو یـــان زۆربەی کەرتەکـــانی بـــزووتنەوەی کرێکـــاری، لەبەرئەوەی بە شـــێوەیکی جـــدی گۆبەندی لاقۆن شـڵەقاندبوونی. ئەگەر کاتێـک بـۆ یەکگرتنەوە هەبـووبێ، ئەوا بە دڵنیـاییەوە هەنـوکە کـاتیەتی. بـارودۆخی ئـابوری لە ئیسـڕائیل، ورەی نەتەوەیـی بە شـێوەیەکی وا بـوو، کە بـۆ یەکەمـین جـار بـوو ئەسـتەم بـوو خەیاڵی ئەوە نەکرێ کۆتایی سەرکردایەتی کرێکارانە لە وڵات مەگەر یەکێتی بەرەی کرێکاریی بە شێوەیەکی کارا و خێرا نۆژەن بکرێتەوە. خودی ماپای

به دڵنیاییەوە بە هۆی لێجیابوونەوەی ڕافای (ئەو باڵەی بە سەرۆکایەتی بنگۆریۆن و دایان جیابووەوە) لاواز ببوو، خۆ ئەگەر ڕاستیش بڵێن ئەوا هەر لە یەکەم لێکترازانی ئاخدوت ها ئاقۆدا ١٩٤٤ بە تەواوی ڕاستی نەکردبووەوە، یان جیابوونەوەی چوارساڵ لەمەوبەر کە ماپامی مارکسیسم و دژە ڕۆژئاوا پێکهات، پشتگیریشیان لە ئەندامانی زۆرینەی کیبۆتنشینیە ڕادیکالەکانەوە و هەندێ گەنجی ڕۆشنبیرەوە بوو، ئەوانەی دەهۆڵیان بۆ ئەو بیرۆکەیە لێدەدا، گوایە هێشتا دەکرێ ئیسرائیل بە چاوەڕێکردن لە یەکێتیی سۆڤیەت نزیکببێتەوە!

جیاوازی ئایدیۆلۆژی لە نێوان ماپای و رافای و ئاخدوت ها ئاقۆدا ئەوەندە گەورە نەبوو، کە قسە لەسەر یەکگرتنی پارتی کرێکاران نەکرێ. بەڵکو هەندێک کەس پێی وا بوو دەکرێ پردی ئاشتبوونەوە بۆ خاڵە ناکۆکەکان و کەسایەتییە ناکۆکەکان هەڵببەسترێ و دەکرێ برینی کۆنیش بە بێ لێزیادکردنی برینێکی نوێ سارێژبکرێنەوە و لەسەرجەمیان بونیادێکی نوێ پێکبهێندرێ. ئینجا ئەو کەسە هەرکێ بێ، پێویستە کەسێک بێ خاوەنی تاکە ڕوانینێک بێ، بەوەی دەکرێ حزب لەنێو خۆیدا باڵە جیاوازەکان کۆبکاتەوە، کە ساڵانێک بوو لەگەڵ یەک نامۆیانە ڕەفتاریان دەنواند، ئیدی باوەڕیان پێبهێنێ کە بارودۆخ پێویست بە هاوپەیمانێتییەکی کرێکاریی دەکا. هەرئەوەش بوو هاوڕێکانم پێیانگوتم (ئەوانەی کەیەک لە دوای یەک دەهاتنە لام)، کە تەنیا یەک کەس ئەو لێهاتووییە پێویستیە و کاتەی هەیە. ئەگەر هەر تەنیا لەبەر خۆپەرستی نەمویستبا ئەو کارە بکەم، ئەوا هەرگیز نەدەکرا. هەموو ئەوەی داوایان لێکردم ئەوەبوو ببمە سکرتێری گشتیی ماپای تا ئەو کاتەی پێواژۆی یەکگرتنەکە تەواو دەبێ، بۆ ئەوەش دڵنیایان کردمەوە. ئیدی دوای ئەوە دەکرا بگەڕێمەوە سەر خانەنشینییەکەم.

ئەوە داوایەک بوو نەمدەتوانی پشتی تێبکەم. ئەوەش نەوەک لەبەر ئەوەی دڵنیابووم لە سەرکەوتنەکەی یان لەبەرئەوەی پەرۆشی گەڕانەوە بم نێو ململانێ، هەروەها لەبەئەوەش نەبوو لە ماڵ هەراسان بووبم بەوەی کەسەکانم پێیان وا بووبێ ئیدی لە کەڵک کەوتووم، بەڵام هۆیە هەرە سادە و گرنگەکە ئەوەبوو: بە ڕاستی لەو بڕوایەدا بووم، کە ئایندەی بزووتنەوەی

کرێکاری لەسەنگی مەحەکدایە. هەرچەندە بە زەحمەت ئەوەم بۆ قوتدەدرا، دەستبەرداری هێورەیی و ئارامی ئەو ژیانەم بم، کە لەم دواییانەدا بەدەستم هێنا - هەرچەندە تەنیا چەند مانگێکی کەمە تیایدام- بەڵام لەم قۆناخەی ژیانمدا نەدەکرا پشت لە بنەماکانم یان هاوڕێکانم بکەم. بۆیە پێمگوتن بەڵێ و گەڕامەوە سەرکار، سەر گەشتەکان، گەڕامەوە بۆ زنجیرە کۆبوونەوە بەردەوامەکان و لیستی دەفتەری وادە و دیدارەکانم، بەڵام بەڵێنم بە خۆم دابوو- هەروەها بە منداڵەکانیشم- کە ئەمە دوا کارمە ئەنجامی دەدەم.

لە میانەی ئەو ماوەیەدا ژمارەیەک پێشهات لەسەر گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هاتنەپێش، کە پێگەی ئایندەی ئیسرائیلی ترسناکانە دژوارکرد لەوەی کە چارەنووسی کرێکاران توشی بووبوو. عەرەبەکان لە ١٩٦٦دا خۆیان بۆ خولێکی دیکەی شەڕ ئامادەکرد. نیشانەکانی خۆئامادەکردنەکە هەمان نیشانگەلی بەریێ بوون. وەک ڕاستییەکی بەرایی شەڕی شەش ڕۆژەی ١٩٦٧ هەمان ناسنامەی بەراییەکانی هەڵمەتی سینا بوو: چالاکی تاقم و باندە تیرۆریستەکان هاندەدران و لە لایەن سەرۆک ناسرەوە پشتگیری لێدەکران، هەروەک ڕەوشی فیداییەکانی پەنجاکان و لە هەردوو لاوە واتە لە کەرتی غەززە و لای ئوردنەوە ئۆپەراسۆنیان ئەنجام دەدا. ئەمجارەیان ڕێکخراوێکی نوێیان هەبوو، کە لە ١٩٦٥دا بە ناوی ئەلفەتح(الفتح) پێکهێندرا و سەرکردەکەشی یاسر عەرەفات بوو، دواتر بەرەبەرە بووە دەسەڵاتدارترین و بڵاوترین ڕێکخراوی ڕزگاریخوازانەی فەلەستین. هەروەها فەرماندەیی هاوبەشی میسر-سوریاش دامەزرا و بڕە پارەیەکی زۆریش لە کۆنفرانسی عەرەب بە مەبەستی خێرا عەمبارکردنی چەک و بەکارهێنانی دژی ئیسرائیل کۆکرایەوە، هەڵبەتە یەکێتیی سۆڤیەتیش لە ناردنی چەک و پارە بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان بەردەوام بوو. سووریەکان پێدەچوو ملیان بدەنەبەر ئەو پەرەپێدان و تەنینەوەی پشێویەکە؛ لە بۆمبارانە بێ کۆتاییەکانی نشینگەکانی خواروی بەرزاییەکانی جۆلان بەردەوامبوون، ماسیگرە ئیسرائیلییەکانیش بەردەوام ببوونە جێنیشانەی دەستڕێژییەکانیان. لەو ماوەیەدا سەردانی ئەو نشینگانەم دەکرد، دەمدی خەڵکەکە دەچووە سەرکاروباری خۆیان و بە یاوەری پارێزگاریکردنی سەربازەکان

زەوییەکانیـان دەکـێڵا یـان هەمـوو شـەوێکیش منـداڵەکانیان لە ژێـر زەمینـدا دەخەوانـد، بەڵام هەرگیـز بـاوەڕم پێنەکـردن کاتێـک دەیـانگوت، کە ئەوان لە ژیان لە بن رەحمەتی گوللەباراندا ڕاهاتوون. پێم وا نییە هەرگیز دایباب لەو بیرۆکەیە ڕابێن، کە جگەرگۆشەکانیان لەبن باری مەترسیدا بژین.

پاشان لە پایزی ١٩٦٦دا لەپڕێکەوە یەکێتیی سۆڤیەت ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد گوایە خۆی بۆ هێرشێکی بەربڵاو بۆ سـەر سوریا ئامادەدەکا. ئەوەش خەتابـارکردنێکی نـابەجێ بـوو، بـێ دواکەوتـن لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان لێی کۆڵرایەوە، شتێکی سروشتیش بوو بێ بنەمایی داواکەیـان بۆیـان دەربـکەوێ. کەچـی ڕووسـەکان بەردەوام هەر هەمـان قەوانیـان لێدەدایەوە و ئیسرائیلیان بەوە تاوانباردەکرد، گوایە "دەستریژییەکانی" دەبێتە مـایەی نـانەوەی شـەڕی سـێیەمی عەرەب-ئیسـرائیل، لەو کاتەشـدا سـووریا کـۆمەکی چەک و دارایـی لە یەکێتیـی سـۆڤیەت پێدەگەیشـت و لە سـەر ڕاوەدونـانی نشـینگەکانی سەرسـنووریش بەردەوام بـوو. کـاتێکیش تیـرۆری سـوورییەکان گەیشـتە خاڵێـک مـایەی چاولێپۆشـین نەبـوو، هێـزی ئاسـمانی ئیسـرائیلی لە دژی تیرۆریسـتەکان کەوتەگەڕ و بۆ مـاوەی چەنـد هەفتەیەک گرژیـی سەرسـنورەکان هێوربـووەوە. لە تازەبەهـاری ١٩٦٧دا، کە مـاوەیەک هێـورەیی بـوو، خەریکبـوو کەموکـورت دەبێـتەوە. لە نیسـانی ١٩٦٧دا هێـزە چەکـدارە ئاسـمانییەکانمان دەسـتیان بەکـار کـردەوە و لە ئاسـمان بـووە شـەڕێکی هەوایـی قـورس، لە ئەنجامـدا لە لایەن فڕۆکەکـانی ئیسـرائیلییەوە شـەش فـڕۆکەی میگـی سـووری خرانەخـوارەوە. کـاتێکیش ئەوە قەومـا، سوورییەکان وەک کاری هەمیشەییان بە پاڵپشتی یەکێتیی سۆڤیەت هاواریان لێ هەڵسا، گوایە ئیسرائیل بە تەمایە هێرشێکی سەرەکی بکاتەسەر سوریا و سکاڵانەمەیەکی فەرمییش بەو بۆنەیەوە، کە سورییەکان ئامادەیان کردبوو، لە ڕێـی مسـتەر چوڤـاکهینی بـاڵوێزی ڕووسـیا لە ئیسـرائیل گەیەنـدرایە ئەشکۆلی سەرۆەزیرمان. ئەوەش وەنەبێ تاکە ڕووداوی سەیری ئەو دەمە بووبێ، بەڵکو یـارمەتی پللێدانی سـەر پەلاپیتکەی تفەنگی شـەڕ بـوو، کە لە حوزەیراندا هەڵگیرسا.

چوڤـاکهین بە پەسـتییەکەوە بە ئەشـکۆلی گـوت: "سـەرەڕای هەمـوو ڕاگەیاندنە فەرمییەکانت، لەڕاستییدا ئێمە لەوە تێدەگەین، کە لەسەر سنووری سوریادا کەڵەکەبوونێکی زۆری لەشکر و چەک هەیە." ئەشکۆل ئەمجارەیان لە حاشـالێکردنی تاوانبـارکردنەکە زیـاتری کـرد. داوای لە چوڤـاکهیم کـرد بە خۆی بچێتە بـاکوور ڕەوشـی سـەر سـنوور بە چـاوی خـۆی ببینێ، تەنـانەت ئەوەشـی پێگوتبوو، کە ئەشـکۆل خـۆی ئامـادەیە لەو گەشـتەیدا یـاوەری بکـا. کەچـی چوڤـاکهین دەسـتبەجێ گـوتی، کـاری دیـکەی هەیە و بانگهێشـتنەکەی ڕەتکـردەوە، هەرچەنـدە هەمـوو گەشـتەکەش هەر چەنـد سـەعاتێکی کەمـی پێدەچوو. هەڵبەتە ئەگەر چووبـایە، ناچـاربوو ڕاپۆرتێک بـۆ کرەملین-و بـۆ سـوورییەکانیش- بنێـرێ، کەوا هـیچ گردبـوونەوەیەکی هێـزە چەکـدارەکانی ئیسـرائیلی لەسـەر سـنوورەکان نیـیە، ئەوەش واتـای ئەوەی دەگەیانـد هۆشـدارینامەکەی بە تەواوی نـاڕەوابوو. بەڵام بە ڕێکـوپێکی ئەم کـارە هـی ئەوە نەبوو ئەو بیەوێ بیکا. بە ڕەتکردنەوەی سەردانکردنی سەرسنوور، لەو هەناسـە هەڵکێشـانە درۆزنـانەی سـەرکەوت و بە هـۆیەوە ناسـریش هـاتە سەرهێڵ، ئیدی پەلکێشی شەڕی شەش ڕۆژە بوون.

لە دەسـتپێکی مـانگی ئایـاردا، ناسـر بە دەسـتەواژەکانی خـۆی "پەیمانێکی ناچاریی" کاردانەوەی بەرانبەر سورییەکان بەوە بوو، فەرمـانی بە سـوپا و زرێپۆشـەکانی کـرد بە کـۆمەڵ بچـنە سـینا و بـۆ کەسـێکیش، کە لە نیازەکە حاڵی بووبێ ڕادیۆی قاهیرە جاڕیدا و دەیشیڕاند: "میسر بە هەموو توانـایەکیەوە... ئامـادەی تەکـانە بـۆ شـەڕێکی سەرتاسـەری، کە کۆتـایی بە ئیسرائیل بهێندرێ."

لە ١٦ی ئـاداردا دیسـان ناسـر جـووڵا، ئەم جارەیـان نەوەک هەر فەرمـانی بە لەشـکری خـۆی کـرد، بەڵکو فەرمـانی بەسـەر هێزەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کرد. داوای لەو هێزە فریاگوزارەی نەتەوە یەکگرتووەکان کـرد کە هەر لە ١٩٥٦ەوە لە شـەرەم ئەلشـەیخ و کەرتـی غەززەوە دامەزرێنـدرابوون، دەسـتبەجێ ئەوێ چـۆڵ بـکەن. قانونیـانە بـۆی هەبـوو هێـزەکەی ئاشـتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکـان دەربکـا، چـونکە تەنیـا بە

ڕەزامەندی میسر پۆلیسی نیودەوڵەتی لەسەر خاکەکەیان جێگیربببوون، بەڵام مـن بـۆ چرکەسـاتێکیش بـاوەڕم نەکـرد، ناسـر چـاوەڕوانی ئەوەبێ، نەتەوە یەکگرتووەکـان ئـاوا بە ئاسـانی سـەر بـۆ داواکەی دابنـوێنێ. ئەوش دژی هەموو پێوەر یان هۆیەکی ئەو هێزە بوون، کە تاکە مەبەستی پەیدابوونیان بوو وەک چاودێریکردنی ئاگربەستی نێوان میسر و ئیسرائیل، کەچی لەسەر داوای لایەنێکی شەڕکەر و لە کاتێکیشدا لادەبردرێن، کە هەڕەشەوگەفی سەر ئاگربەسـت زۆر بەرچـاوبوو، مـن دڵنیـابووم ناسـر چـاوەڕێی خـولێکی دورودرێـژی دانوسـتاندنی لەبـارەی بەڵگەوبەنـد و بێـنە و بەردەوە دەکـرد. ئەگەر هەر هـیچ نەبـووایە، ئەوا لای خـۆی ئەوەی دانـابوو، کە نەتەوە یەکگرتووەکـان لەسـەر جـۆرە کێشـانەوەیەکی بەرەبەرە سـووردەبوو. هەرچەندە لە سۆنگەی هۆگەلێک کە هەرگیز بۆ هیچکەس مایەی لێتێگەیشتن نەبـوو- بە لای کەمیـیەوە بـۆ مـن- ئـو تـانتی سـکرتێری گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکـان دەسـتبەجێ داوای ناسـری بەدیهێنـا. ئەو پرسـی بە هـیچ کەسێکی دیکە نەکرد. داوای ڕاوبۆچوونی ئەنجوومەنی ئاسایشیشی نەکرد. تەنانەت پێشنیازی وەخراندنی کێشانەوەکەی بۆ چەند ڕۆژێکیش نەکرد. ئو تانـت بە تەواوی لەسـەر پەسـەندنامەی خـۆی بەدەسـتبەجێی کشـاندنەوەی هێـزی ئاشـتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکـان قـایلبوو. هەر ڕۆژی پاشـتر لە داواکەی ناسـر، هێـزەکەی نەتەوە یەکگرتوەکـان لە شـەڕەم ئەرلشـەیخ و غەززەوە دەسـتی بە کشـانەکرد و لە ١٩ی ئایاریشـدا لەبەر هەراوهوریـای چەپڵەی میسرییەکاندا، دوا یەکەی هێزەکە کشانەوە و دەستی مسرییەکانی بە تەواوی لە چاودێریکردنی سنووریان لەگەڵ ئیسرائیلدا والاکرد.

پـێم وا نیـیە کەس ئەوەنـدەی مـن هەسـتی بە بێـزراوی لەبـارەی دەستەوەستانە نابەجێیکەی یو تانت بەرانبەر ناسر کردبێ. ئەمەش نەوەک لەبەرئەوەی مـن تاکەکەسـم لەوە تێگەیشـتبم کە ڕوویـدا، مەوداکە زۆر لەوە دوورتر بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو یادەوەریە تاڵ و ترسناکانەی مانگەکانی دوای هەڵمەتـی سـینای خسـتمەوەبیر، کە هەمـوو مەراق و ناسـۆر بـوو، دیاربوو هەموو جیهان بەرەو ڕوومان وەستابووەوە و گوشاری دەخستینە سـەر تـا لە شـەرم ئەلشـێخ و کەرتـی غەززەدا بکشـێینەوە، ئەوەش بە بـێ

گوێـدانە ئەوەی، کە دەمـانزانی و لە مسـۆگەرێتی ئەوەی پاشـتر ڕوودەدا ئاگادارمـان کـردنەوە. مـن ئەو مانگـانەم لە مێشـکی خۆمـدا هەر لێکـدەدایەوە: ئەو چەنـدان سـەعاتە وتـووێژە بـێ بەرهەمـانە لەگەڵ مسـتەر دەلەس[128] هاوشـانی ئەوەش ئاسـتەنگی و بـێ بەرهەمـی ئەو دانوسـتانانەی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی دیکەمان ئەنجامدا، ئەو هەوڵ و کۆششە نەبڕاوە کە درا-بێ ئەوەی تروسکاییێکی سەرکەوتنیشی لێ بەدیبکرێ- بۆ ڕوونکـردنەوەی ئەوەی کە تەنیـا یەک تـاکە ڕێگـا بـۆ دابینکردنـی ئاشـتی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا هەیە، ئەوەش نەوەک بە شـکانەوە بە لای عەرەب و ڕازیکردنیـان، بەڵکـو بە سـووربوون لەسـەر ڕێککەوتـن بـۆ دەسـتدرێژیی نەکردنە سەریەک لەنێوان دەوڵەتانی عەرەب و ئیسرائیل لەسەر ناوچەیەکی بێچەک و دانوستاندنی ڕاستەوخۆ، دەبوو. ئەرێ بۆ چی لێتێگەیشتنەکە بۆ ئێمە وەها سادە و ئاشکراوڕوون بوو، کەچی بۆ هەر کەسێی دیکە ئەستەم بـوو؟ ئایـا ئـێمە بەشـبەحاڵی خۆمـان لەو جیهـانەدا بە ڕێکـوپێکی واقعیەتـی خۆمـان ڕوون نەکـردووەتەوە؟ ئەرێ مـن هەڵەیەکـی ترسـناکم کـردووە یـان هەنـدێ شـتی چارەنووسسـازم باسـنەکردووە؟ چەنـد مـن زۆر بیـر لە و مانگانەی نێوان ١٩٥٦- ١٩٥٧ بکەمەوە، ئەوەندە پترم بۆ ڕووندەبێتەوە، لەو کـاتەوە تـا ئێسـتا هـیچ شـتێک لای عەرەبەکـان نەگـۆڕاوە و دیسـان خەریکە عەرەب خۆیـان لەخشـتە دەبەن بەوەی گـوایە دەتـوانن گەسـکێکمان لێبـدەن و لەسەر گۆی زەوی بمانسڕنەوە.

ئەو خۆخەڵەتاندنە لە ٢٢ی ئاداردا بە هێزتر دەرکەوت، کاتێک ناسر بە سەرکەوتنەکەی دەرکردنی هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مەست و سەرخۆش بوو، بۆیە تـاقیکردنەوەیەکی دیکەی لە بەردەم جیهانـدا کرد، بەوەی نیازی خۆی بۆ شەڕێکی سەرتاسـەری دژی ئیسرائیل دەربڕی. جـارێکی دیـکە گەمـارۆی خستەوەسـەر گەرووی تیـران، سـەرەڕای ئەو ڕاسـتییەی، کە ژمـارەیەک لە دەوڵەتـان (بە وڵاتە یەکگرتووەکـان، بەریتانیـا،

---

[128] John Foster Dulles: جۆن فۆرستەر دەلەس (١٨٨٨-١٩٥٩) وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا-وەرگێڕ

کەنەدا و فەڕەنساشەوە) دەستەبەری مافەکانی کەشتیڕانی ئیسرائیلیان بەنێو کەنداوی عەقەبەدا کردبوو. ئەوەش بێ سێ و دوو بە ئەنقەست داڕسانێکی دیکەی جەنگ بوو، ناسر چاوەڕێی دەکرد ئاخۆ چۆن ڕووبەڕووی دەبنەوە. هەڵبەتە نارەزایی و کاردانەوی تورەییانە لێرەولەوێ هەبوون. سەرۆک جۆنسۆن ئابلۆقەکەی بە "ناقانونی" و "ڕێکارێکی کارەساتبار بۆ سەر پرسی ئاشتی" وێناکرد و پێشنیازیکرد، سەرەڕای فشەفشی ناسر کاروانی دەریایی نێودەوڵەتی بە هێ ئیسرائیلیشەوە بەناو گەرووەکەدا گوزەربکا، بەڵام تەنانەت ئەویش نەیتوانی فەڕەنسا و بەریتانیەکان بهێنێتە سەر هەڵوێستی خۆی. بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی کرد، بەڵام ڕووسەکان وایان بینی، نابێ کۆبوونەکە بگاتە هیچ بەرەنجامێک. هارۆلد ویلسنی سەروەزیری بەریتانیا، کە دۆستێکی باشی من بوو بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فڕی تا پێشنیازی ئەوە بکا، بەڵکو هێزێکی دەریایی نێودەوڵەتی لە گەرووی تیران وەک پۆلیس دابمەزرێنی، بەڵام ئەو پێشنیازەش بە هیچ ئاکامێک نەگەیشت. تەنانەت ئو تانیش- پەی بە دوا هەڵە کوشندەکەی خۆی نەبرد- کەوتەخۆ و چووە قاهیرە تا لەگەڵ ناسر قسەبکا، بەڵام کاتەکەی زۆر دواکەوت و کار لە کار ترازابوو.

ناسر بەرەنجامەکەی خۆی وا دانابوو: ئەگەر ئەو دەستەبەرییەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارە دەریاوانەکان دوای هەڵمەتی سینا داویانەتە ئیسرائیل، وەک هەنوکە پێدەچێ بێبەها بێ، کەواتە و کێ دەتوانێ و چۆن دەتوانێ ڕێ لە دوا بردنەوەی میسرییەکان، ڕێ لە نەمری و سەرکەوتنی تەواویان بە سەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا بگرێ، ئەوکات ناسر بەسەر جیهانی عەرەبدا دەکاتە دەسەڵاتدارێکی کەڵەگا. ڕووسەکانیش بۆ ڕەواندنەوەی تەمی گومانی هەر سەرچڵییەکی خۆی و تێوەگلاندنی نەتەوەکەی لەسەرپێبوون. وەزیری بەرگریی سۆڤیەت دوا پەیامی هاندەرانەی دوا ساتی کۆسیجنی[129] گەیاندە ناسر: یەکێتیی سۆڤیەت پشتگیری میسرە لەو شەڕەی کە لە پێشیەتی. ئاوا

---

[129] Kosygin: ئەلیکساندەر نیکۆڤیس کۆسیجن ١٩٠٤-١٩٨٠سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی ساردا-وەرگێڕ

قۆناخەکە ئامادەکرا. هەرچی لەبارەی ئامانجی جەنگەکەش بوو، بۆ مەودای هەستکردنی ناسر بەوەی دەبێ هەرشتێک بۆ گەلەکەی ڕوونبکاتەوە –کە پێشتر ژانی هێستریایی شەڕ هەبوو- ئەوەندە بەس بوو تەنیا ئەو دەستەواژەیەی دووبارە بکاتەوە، کەوا "مەبەستمان تێکوپێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلە" و بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی میسریش هەروەک لە دوا هەفتەی ئاداردا گوتی: "ئەو دۆزە، پرسی عەقەبە و گەروی تیران یان هێزی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە.... بەڵکو دۆزەکە دوژمنکارییە دژی فەڵەستینییەکان کە لە ١٩٤٨ەوە سەرچاوەی گرتووە." بە وشەگەلێکی دیکە، ئەو شەڕەی ئەم جارەیان هەڵدەگیرسێ، شەڕی یەکلاکەرەوەی عەرەبە لە دژمان، لە ڕوویێکیشەوە ناسر هۆکاری خۆی بۆ ئەو بیرکردنەوەیە هەبوو، کە بیباتەوە.

بە هاتنی ڕۆژی یەکەمی حوزەیران، ١٠٠.٠٠٠ سەربازی میسری و پتر لە ٩٠٠ تانک لە سینا بوون، سەرباری ئەوانیش شەش هەنگی سوپای سووری و نزیکەی ٣٠٠ تانکیان لەسەر سنووری باکوورمان دامەزراندبوو. هەروەها –دوای دوودڵی چەند هەفتەیەک- شا حوسێنی ئوردنیش لە دواییدا سەرچڵییانە بڕیاریدا ڕەگەڵ ناسر بکەوێ و دەرفەتەکە بقۆزێتەوە. هەرچەندە ئێمە بەردەوام پەیاممان بۆ نارد و بەڵێنمان پێدا ئەگەر ئەو خۆی لەشەڕ بە دووربگرێ، ئەوا هیچی لێناقەومێ ( دوا پەیامیش لە لایەن ئەشکۆلەوە بۆ حوسێن نێردرا لە ڕێگەی نووسینگەی سەرپەرشتیارانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ چاودێری ئاگربەستەوە بوو لەو سپێدەیەی کە جەنگەکەی تیادا هەڵگیرسا)، میزاجی بەشداربوونی جەنگ –سەرەڕای ترسی لە داڕسانی ناسری- لە دواییدا چارەنووسی خۆی لەگەڵ هی مسرییەکان گرێدا بەوەی کە لە هەوڵی جەنگی عەرەبدا حەوت هەنگی لەشکری دیکە و نزیکەی ٢٧٠ تانک و هێزێکی ئاسمانی بچووک، بەڵام کارای خستەسەر. دوا هاوپەیمانی شەڕی دژی ئیسرائیل دەوڵەتی عێراق بوو هاتە پاڵیان و ڕێککەوتننامەی بەرگریی ڕۆژێک بەر لە ڕۆژی جەنگەکە لەگەڵ میسردا مۆرکرد. ئەوەش بە دڵنیایەوە گردبوونەوەی هێزێکی گەورە و سامناکی سەربازیی بوو، لەو کاتەشدا پێدەچوو ڕۆژئاوا ئیفلیج بووبێ یان بە تەواوی بێباک بووبێ، کەچی

ڕووسەکان بە تەواوی پشتی عەرەبەکانیان گرتبوو، مرۆ نەیدەتوانی زۆر لۆمەی ناسر بکا، کە وای دانابوو لە بارێکدایە دەتوانێ زەبرێکی کوشندە و جەرگبڕ بسرەوێنێتە ئیسرائیل.

بەڵێ ڕەوشەکە ئاوا بوو، ورەی عەرەب زۆر بەرز و خەونیشیان زۆر قەبە بوو. بەڵام ئاخۆ چی بەسەر ئێمەدا هات؟ پێم وانییە کارێکی باشبێ وردەکاری چیرۆکی جەنگی شەش ڕۆژە بگێڕمەوە، چونکە زۆری لەبارەوە نوسراوە، بەڵام هەر کەسێک کە لە هەفتەکانی پێش جەنگەکە لە ئیسرائیلدا ژیابێ، لەو باوەڕەدانیم ئەو ڕێگاو شێوازەی ئێمەی پێ ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە سامناک و کوشندەیە بووینەوە، لە بیر بکا. هیچ کەسیش ناکرێ لە کاردانەوی ئیسرائیل سەبارەت ڕەوشی ئەوێ دەمێ تێبگا بێ ئەوەی یەکەمجار لەوە تێگەیشتبێ، کە ئێمە چی لە خۆمان، چی لەبارەی دەوڵەتەکانی عەرەب و باقی جیهان لەو سێ هەفتەیەی بەهاری ١٩٦٧ فێربووبین، کە بە عیبری پێی دەگوترێ سەردەمی کۆنینوت (ئامادەیی). هەڵبەتە من ئەندامی کابینەی حکومەت نەمابووم، بەڵام شتێکی سروشتی بوو لە ماوەی پەرەسەندنی تەنگژەکەدا داوادەکرام، کە لە وتوویژکردنی ژیان یان مەرگ ڕووبەڕووی کابینەکە بووەتەوە، بەشداربم؛ ئەوەش لای هەمووان مسۆگەربوو، کە من بە تەواوی ئامادە و بەردەستم.

هەر لە دەستپێکەوە ئەو پرسە لە مێشکی کەسدا نەبوو، کە تا بتوانرێ دەبێ –بە هەر نرخێک بێ– خۆ لە شەڕەکە لابدرێ. ئەو پرسیارەش لە گۆڕێدا نەبوو ئەگەر هات و جەنگاین، دەبێ شەڕبکەین و بیبەینەوە، بەڵام لە سەرەتادا ئەگەری هەموو ڕێگایەک بەسەرکرایەوە. دەموچاوی ئەشکۆل لە خەم و گرژیدا خۆڵەمێشی هەڵاتبوو، هەوڵی سەرەداوەکانی ناوبژیوانی دیپلۆماتییانەی دەدا. ئەوەش کۆی داخوازیەکانی بوون؛ بێ چارە بوو کە بڵێ ئێمە هەرگیز داوای سەربازگیریمان نەکردووە. ئیبان نێردرا و بە پاریس، لەندەن و واشنتندا گەڕا، لە هەمان کاتیشدا ئەشکۆل بە هێواشی ئاماژەیەکی بۆ نەتەوە کرد، کە خۆی بۆ گەڕی سێیەمی لە ماوەی نۆزدە ساڵدا بۆ بەرگری لە مافی مانەوەی خۆی ئامادەبکا. ترسی هەرە گەورەمان دوپاتکرایەوە. لەندەن و واشنتۆن هاوسۆزبوون و نیگەران بوون، بەڵام

هێشـا ئامـادەنەبوون هـیچ بکەن. ڕەوشـەکە زۆر خـراپ بـوو، بەڵام لەوانەیە شێتایەتی عەرەب بەسەر خۆیدا بشکێتەوە. هەر چۆنێک بێ، ئەوان ڕێنمایی ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتنیان دەربڕی. هیچ جێگرەوەیەکی دیکە لە بەردەم ئیسرائیل بەدەر لە چاوەڕوانکردندا نەمابووەوە. دیگۆل زۆر ڕاستەوخۆیانەتر بـــوو، بە ئیبـــانی گوتبـــوو: هەر چیـــیەک ڕووبـــدا، نـــابێ ئیســـرائیل لە دەستوەشـــاندندا پێشـــبکەوێ، مەگەر عەرەب بەراســـتی هێرشـــەکەیان دەستپێکردێ. کاتێک ئەوە قەومـا ئینجـا فەرەنسـا بـۆ ڕزگارکردنی ڕەوشـەکە دێتە مەیدان. لە وەڵامـی پرسـێکی ئیبانـدا "بەڵام ئایـا ئەگەر ئێمە تـا ئەوکـات هیچـی وامـان لـێ نەمـا، کە ڕزگـار بکـرێ، چـی دەبـێ؟" دیگـۆل بێـدەنگی هەڵبژاردبوو، وەڵامی نەدابووەوە، بەڵام ئەوەی بە ڕوونـی بە ئیبـان گوتبوو، کە دۆستایەتی فەرەنسا بە تەواوی بەندە بەوەی ئایا تا چەند ئێمە گوێڕایەڵی ئەو دەبین.

دیسـان لە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکدا پرسـی مانەوەمـان خـرایەوە سـەر سـەنگی مـحەک. بە تەواوی واتـای وشـەوە لە ناکـاو ئێمە تاکوتەنیـا مـاینەوە. جیهانی ڕۆژئاوا کە هەمیشە خۆمان بە بەشێکی دانـاوە، گوێی لە قسـەکانمان بـــوو، گـــوێی لە هـــاواری ئەو خەمڵانـــدنە دژوارە بـــوو، کە ڕووبەڕوومـــان دەبووەوە، هەرچەندە لەسەر شەقام یان لە هۆڵەکانی کۆبوونەکاندا لە هەموو شـوێنێک خەڵـک لەگەڵ ئـێمەدا بـوو. بـۆیە ئـێمە خەریکـی خۆئامـادەکردنی جەنگێکی مسۆگەر بووین. لەشکر سەرقاڵی دانانی نەخشەی باری ناکاو بوو. ئەشکۆل فەرمـانی جۆشـدانی گشـتیی ڕاگەیانـد. ژن و پیـاوە بە تەمەنەکـان و منـداڵەکان لە ئیســـرائیل خەریکـــی خـــاوێنکردنەوەی ژێـــر زەمـــین و کۆگـــا کۆنکرێتەکـانی بـوون تـا بەکاریـان بهێنن، بە هەزاران تەلیسـە خۆڵیـان هێنـا، تا باب و باپیرە لە حەوشـەی مـاڵێ خۆیـان و لە گۆڕەپانی قوتاباخانەکان و لە سەرتاسەری وڵاتدا کەندرێ خۆحەشاردانەوەی قـایم لـێ بدەن بـۆ ئەوەی ببێـتە هەنـوانێکی پـارێزەری ژیـانی مەدەنییەکـان، لە کاتێکـدا سـەربازەکان چاوەڕێبوون، مەشـقیان دەکرد و دەڕۆیشـتن و چاوەڕێیـان دەکـرد. دۆخەکە هەروەک ئەوە وابـوو، کە چـرکەی دەمژمێرێکـی زەبەلاح بـۆ هەمـووان لێبـدا، لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر لە ناسر کەس نەیدەزانی ئاخۆ سەعاتی سفر کەیە.

به کۆتاییهـاتنی مـانگی ئـادار ژیـانی ئاسـایی –وەک لە مانگەکـانی پێشوودا بەسەرماندەبرد- کۆتایی هات. هەر ڕۆژێک پێدەچوو سەعاتەکانی دووقـات ببـنەوە، هەر سـەعاتێکیش پێـدەچوو بـێ کۆتـایی بـێ. لە گەرمـای سەرەتای هاویندا، منیش ئەو شتەم کرد، کە هەمـووان دەیانکرد: هەگبەیەکی بچوکی شەوانەم تێکنا لەگەڵ چەند شتێکی زۆر پێویست کە لە ژێرزەمینەکە پێویستم پێیان دەبوو، لە شـوێنێکی بەردەستم دانـان بۆ ئەوەی هەر کاتێک زەنگی مەترسی لێیدا بتوانم دەستیان بدەمێ. یارمەتی لە هەڵبژاردنی شت و پێویستیەکانی منداڵان ئایام دا. ڕۆژێکیشیان چوومە ڕیڤیقم و سەری سارا و منداڵەکانیم دا. سەیرێکی کیبۆتەکەم کرد هەر لە ڕۆژی یەکەمیەوە خەریکی خۆئامادەکردن بـوو بۆ هێرشـی عەرەبەکان، کە ڕەنگبێ لە بن پێیانـدا بچێ، لەوێ چاوم بە چەند برادەرێکی سارا کەوت–لەسـەر داخـوازی خۆیـان بـوو- بۆ ئەوەی قسە لەبارەی ئەوە بکەین، ئاخۆ چی دەقەومێ. بەڵام ئەوەی ئەوان بە ڕاستی دەیانەویست بیزانن ئەوەبـوو ئـاخۆ کەی چاوەڕوانییەکە کۆتـایی دێ، ئەوەش پرسێک بوو وەڵامم پێنەبوو. ئاوا چکەی چکی دەمژمێرەکە لێی دەدا و ئێمەش چاوەڕوان و هەر چاوەڕوان.

هەروەها ئەوکات خۆئامادەکردنێکی دڵڕەقانەش هەبـوو، کە دەبـووایە بەنهێنـی بمێنێـتەوە: پـارکی هەر شـارێک وەک ئەگەرێـک بـۆ گۆڕسـتانێکی بە کـۆمەڵ تەرخـانکرا؛ میوانخانەکـان لە میوانـان چـۆڵکران و کـرانە وێسـتگە و مەکـۆی پێویسـت و ناچـاری بـۆ فریـاگوزارییە سـەرەتاییەکان؛ کەلـوپەلی برینپێچـی، داودەرمـان و نەقالەی نەخـۆش لە کۆگاکـان دەرهێـنران و دابەش کران. هەڵبەتە لە سەرووی هەمووشیانەوە خۆئامادەکردنێکی سەربازییانەش لە گۆڕێـدا بـوو، چـونکە هەرچەنـدە ئـێمە لەو ڕاسـتییە تێگەیشـتین، کە بە تەواوی هەر بە خۆمـانین، هـیچ تـاکە کەسـێک لە ئیسـڕائیلدا تـا ئەو ڕادەیەی من زانیبێتم هـیچ خەیاڵ و ئەندێشـەیەکی لەو ڕاسـتییە نەترازا بـوو، کە هەر چۆنێک بێ هـیچ جێگرەوەیەکی بە دەر لە بـردنەوەی شـەڕەکە نییە، هەر دەبووایە ببیەینەوە، ئەوەش دەبێ بە متمانەی خۆمان بێ. کاتێک من بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، ئەوەی لە مێشکمدا گینگڵی دەدا، هەستێکی پەرجوانەی یەکێتی و ئامانج بوو، کە لەمـاوەی هەفتەیەک و دووانـدا کـردە کۆمەڵگـایەکی

ســـەر لێــواری خنکـــان –هەمـــوو جـــارێکیش هەر بـــاش نەدەبـــوو- کە سەروســـەودای لەگەڵ هەمـــوو شـــێوەکانی بـــاری ئـــابوری، سیاســـییانە و کۆمەڵایەتی ٢،٥٠٠،٠٠٠ جووی توورە، کە هەریەکەیان بەتایبەتی هەستی بە لێپرســـراوێتی ڕزگـــارکردنی ئیســـڕائیل دەکـــرد و هەمووشـــیان دەیـــانزانی، دوژمنەکەمان نیازی تەفروتوناکردنی ئێمەی هەیە.

ئاوا پرسەکەمان وەک هی هیچ وڵاتێکی دیکە نەبوو، ئاخۆ چەندی بە ســـاخی دەردەچـــێ، چەنـــدی لەو شـــەڕە حەتمـــیەدا زەرەرمەنـــد دەبـــێ، بەڵکـــو پرسەکە ئەوەبوو ئاخۆ چۆن خەڵکەکە ڕزگار دەبێ. هیـچ گومـانیش لەبـارەی وەڵامی پرسیارەکە نەبوو. ئێمە ئەوکاتە ڕزگاردەبین، کە سەربکەوین، هەموو شتێکی دیکە- هەموو سکاڵاکان بێنرخ و ناکۆکن- لە ئێمە دورکەوتوونەتەوە؛ ئـــێمە بە شـــێوەیەکی سوکوئاســـان یەک خێـــزان بـــووین لەســـەر نەجـــوولان مکوڕبووین. لە ماوەی ئەو هەفتە چاوەڕوانیانەدا هـیچ جوویـیەک ئیسـڕائیلی جێنەهێشت. هیچ دایکێکی نشـینگەی دامێنـی بەرزاییـەکانی جـۆلان یـان نەقەب پەلـی منداڵەکانی نەگرت و هەڵنەهـات. هـیچ کامێـک لەوانەی لە تـونی مەرگـی نازییەکـان قوتاریـان بووبـوو، کە زۆریـان منداڵەکانیان لە کـوورە گازییەکـان ببـونە قەرەبـروت و نەیـانگوت: "مـن دیسـان بەرگەی ژان و ناسـۆرێکی دیکە ناگرم." بە سەدان ئەو ئیسڕائیلییانەی چوبوونە دەرەوە، گەڕانەوە، هەرچەندە کەسیش بانگی نەکردبوون. ئەوان بۆ ئەوە گەڕانەوە، چونکە نەیاندەتوانی لەو دۆخەدا لە دوورەوڵاتی بمێننەوە.

لەوەش پتـــــر، جووەکـــــانی جیهـــــان کە ســـــــەیریانکرد وا ئـــــێمە خەریـکە قڕدەکـرێین و تەواویـش دابـڕاوین، ئەوە بـوو بـۆ یەکەمـین جـار لە خۆیـان پرسـی: ئایـا چـی دەقەومـێ ئەگەر دەوڵەتـی ئیسـڕائیل نەمێنـێ؟ بـۆ ئەو پرسـیارەش تەنیـا یەک تـاکە کـورتەوەڵام هەبـوو: ئەگەر دەوڵەتـی ئیسـڕائیل ، ئیـدی هـیچ جـوویەکی جیهـان هەسـت بە ئـازادی ناکـا. دوای جەنگەکە- بۆ ئەوەی دەقاودەق بم، دوا ڕۆژی شـەڕەکە- بـۆ چەند ڕۆژێک بەرەو وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکـا فـڕیم و لەوێ قسـەم بـۆ جەمـاوەرێکی زۆرکرد، کە لە گۆڕەپانی باخی مادیسۆن کۆببونەوە و یەکێتیی بـانگخوازانی جوو بۆنەکەی ڕێکخستبوو. خشتەی ڕۆژژمێرەکەم زۆر چڕوپڕ بوو، منیش

به پەلە بووم تا بگەڕێمەوە نیشتمان؛ بەڵام زۆر حەزم لێ بوو ئەو هەزاران گەنجە جووەی ئەمریکا ببینم، کە لەو هەراوهوریایەدا دەیانویست لەگەڵماندا بن. دەمویست بزانم ئاخۆ چی وای لەوان و ئەوانی دیکەش کردووە- گەنجە جووەکانی بەرتیانیا کە بە ئاپۆرە بچنە فڕۆکەخانەی لەندەن چونکە ئەلئال (تاکە کۆمپانیای گەشتی ئاسمانی بۆ ئیسرائیل لەکاتی جەنگەکەدا) نەیدەتوانی ئەو هەموو خۆبەخشانە بگەیەنێتە ئیسرائیل- کە سەری خۆیان بخەنە سەر پەتەکە، کەوا ئێستا لەملی ئێمەدا ئاڵاوە و کشتیش بووە. هەر چۆنێک بێ چونکە ئەوە هەر دەمەقرەیەکی ڕۆمانسیانەی ڕووت نەبوو لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل چاوەڕوانیان بێ. بەڵکو بەرەکانی پێشەوەمان دەزگای زەبەلاحی کوشتن، شێواندن و تێکوپێکشکاندن خڕببوونەوە، ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو دەزگا بکوژانە نزیک و نزیکتر دەبوونەوە. وەک ئێمەش شەوان لە جیهانی عەرەبدا، بە ئاپۆرە لەبەردەم تەلەفزیۆندا دادەنیشتن هێستریانە بانگەوازی خوێنڕشتن و کوشتارگەی وایان دەکرد، گوایە کۆتاییهاتنی ئیسرائیلە. گوایە ئەوان بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکەیان دەزانی. لە کۆتاییدا زۆریان نەهاتنە ئیسرائیل. وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕێگای نەدان، هەر چۆنێک بێ شەڕەکە هەر شەش ڕۆژی خایاند؛ بەڵام هەستمکرد پێویستم بە دڵنیاکردنەوەیەکی شێلگیرانەش هەبوو، کە بەڕاستی ئیسرائیل بۆ ئەوان شتە، منیش لە برادەرەکانی نیویۆرکم پرسی، کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ ئەو گەنجانە بۆ ڕێکبخەن، بە لای کەمی گەر هەمووشیان نەبێ ئەوا ئەو ٢،٥٠٠ گەنجە بێ، کە لە ماوەی شەڕەکەدا خۆیان بەخشکردبوو بێنە ئیسرائیل.

ئەوەش ئاسان نەبوو، کە کۆبوونەکە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا ڕێکبخرێ، بەڵام کرا و پتر لە ١٠٠٠ کەس لەو گەنجە خۆبەخشانە هاتن قسەم لەگەڵ بکەن. لێم پرسین: "دەی پێم بڵێن، ئاخۆ بۆچی ئێوە دەتانەوێ بێنە ئیسرائیل؟ ئایا لەبەرئەو شێوە پەرەوەردەکردن و پێگەیاندنەی ئێوەیە؟ یان ئایا لەبەرئەوەیە کە پێتان شتێکی بە جۆش و خرۆشێنەرە؟ یان لەبەرئەوەیە ئێوە زایۆنیستن؟ ئایا ئێوە کە لە کۆتایی مانگدا بە ڕیز نۆرەتان

گرتبـو داوای ڕێگەپێـدانی چـوونە نێـو ئیسـڕائیلتان دەکـرد، چۆنتـان بیـر دەکردەوە؟"

دیارە هەموویان یەک وەڵامیان بۆ پرسیارەکانم نەبوو، بەڵام بۆ مـن وا پێدەچوو گەنجێکیـان وەک ئەوەی لەجیـاتی هەمـووان قسـان بکـا، گـوتی: "خانم مایەر ئەز نازانم چۆنت بۆ ڕوون بکەمەوە، بەڵام من یەک شت دەزانم. ژیـانم هەرگیـز وەک خـۆی لـێ نەدەهـاتەوە. جەنگـی شـەش ڕۆژە -ئەو ڕاستییەی کەوا تێکشکانی ئیسرائیل نزیکبۆتەوە- هەمـوو شـتێکی پێ گۆڕیم: هەستەکانم لە بارەی خۆمەوە، تەنانەت لە بارەی دراوسێکانیشم. هیچ شـتێک بە ئارامی وەک خۆی نەمایەوە."

وەڵامەکەی زۆر پێکەوەنوسـاو نەبـوو؛ بەڵام لە دڵـیەوە هەڵقوڵابـوو، دەشـمزانی بـاس لە چـی دەکـا. ئەوەش لەبـارەی ناسـنامەی وەک جـوو و لەبـارەی خێزانێکـی گەورەبـوو، کە لەناکـاو لەگەڵ ئەو هەمـوو جیـاوازییەی نێوانیشـمان، زانـی هـی ئەوە. ئەو هەڕەشـەی تاقیمـان کـردەوە زۆر کوشـندە بــوو، هەڕەشـــەی ڕیشەکێشــکردن بــوو، بــۆ ئەوەش جووکــان هەمــان کاردانەوەیان هەبوو، سا ئەگەر چووبانە سیناگۆک یـان نـا، سـا لە نیۆیـورک، بۆینس ئـایرس، پـاریس، مۆسـکۆ یـان پیتـیچ تکڤا ژیابـان یـان نـا. ئەوە هەر هەمـان جـۆرە هەڕەشـەی قـوڵ و بنگەیـی بـوو، کاتێـک ناسـر و یـاوەرانی کردیان، ئەوان نیشانەی شکستی شەڕەکە بوون، چونکە ئێمە - هەموومـان- بڕیارمـان دابـوو، کە نـابێ "دواچارەسـەری" هیـتلەر و هۆلۆکۆسـتی دووەم دووپات ببێتەوە.

لەگەڵ ڕێزێکـی دڵنیـاوە، ئەو مەزنـایەتیەی توشـی نەتەوە بـوو بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی هەڕەشـەکە بـووە هـۆی ئەوەی لە ئیسـڕائیل داوای هاوپەیمـانێتیەک لە دیـوارەوە بـۆ دیـوار بکـرێ، هەمـوو لایەنە سیاسـییەکان بگـرێتەوە (بـێجگە لە کۆمۆنیسـتەکان) و ئەو گریمـانەش هەبـوو، کە پۆسـتی بەرگریش بدرێتە کەسێک، کە ئەزمونی لە لیڤی ئەشکۆل پتر هەبوو. پێویسـتە ئەوە بڵـێم، مـن لایەنگـری هـیچ کـام لەو پەرەسـەندنانە نەبووم. هاوپەیمـانی نیشـتمانیی -کە دواتـر خۆشـم ئەزمـونم لەگەڵیـدا پەیـداکرد- ڕەنگبـێ زۆر

چاکبێ لە ژێر بارودۆخێکی ئاساییدا بێتەدی، لەو کاتەی کە کاتی تەواو بۆ وتووێژە درێژەکان هەیە، کە نوێنەرایەتی خاڵ و بۆچوونە ناکۆکەکان دەکا؛ بەڵام بە بۆچوونی من ئاکامی پێچەوانەش لەگەڵ خۆیدا دێنێ، لەو ساتەی بە ڕاستی دەبێ بڕیاری چارەنووسساز بدرێ و کاتێک کە تەنیا ئایدیۆلۆژیا، هەڵوێست و پاشخان وا لە کابینەکە دەکا کارەکانی خۆی بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕێکوپێک بەڕێوەببا. ئەگەر ئەوە لە دوا ڕۆژە کەمەکانی بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ، کە حکومەتی ئەشکۆل بەهێزبکرێ- کە من گومانم هەبوو- بڕوام وابوو دەبووایە ئەوە کرابا، بە بێ ئەوەی گۆڕانکاری سەرەکی بکرێ و گۆڕانی گرنگیش لە کەسەکاندا بکرێ. من دەمزانی – هەرچەندە خەڵکی ئیسرائیل ئەوکات نەیاندەزانی- کە ئەشکۆل لە ڕۆڵە دوانەییەکەی خۆی وەک سەروەزیریی و وەزیری بەرگرییدا ئەوەی دەدی، کە بە بێ هەراوزەنا یان بە هەر ڕێگایەک بێ سەرنج بۆخۆڕاکێشان، ئەوا هێزی بەرگری ئیسرائیلیی ئامادەیە ئەو ئەرکەی لەبەردەمیدا بوو ڕاییبکا. پەیوەندیی ئەو لەگەڵ سوپادا، تێگەیشتنی ئەو بۆ پێداویستیەکانیان و توانای ئەو بۆ دابینکردنی پێویستییەکانیان هەرگیز جێگای گومان نەبوو.

من وەک هیچ کەسێکی دیکە لە شێوازی نەبڕاوەیی ئەشکۆل چاوبەستی نەبووم. ئەو جارێک یان دوو جاران لە ڕۆژە تەنگەکانی کۆنێنوتدا ڕووی دەمی کردە نەتەوە و هەموو ئەو شتانەی گوت، کە هەر کەسێکی دیکە بووایە هەر ئاوهای دەگوت؛ بەڵام ئەو بە شێوەیەکی دوودڵیانە و نابەهرەمەندانە قسەکانی دەربڕین، لەو کاتەی وڵاتەکە سەرکردایەتییەکی بزۆزتری گەرەک بوو. - تەنانەت گەر بۆ دواوەش بگەڕێینەوە هەر پێم وا نەبوو- کە ئەمانە هیچیان پرسگەل بن. ئەو پیاوێکی ژیر و دڵسۆز و خۆتەرخانەکەر بوو خۆی وا دەبینییەوە، شانی داوەتەبەر بەرپرسیاریەتییەکی شڵەژێنەر وەک هەر دەوڵەتمەدارێک، کە شانی دابێتە ئەرکێکی هاوشێوە و هەستیشی دەکرد دایهێزراندووە. تەنیا شتیش دەکرا هەست بە شتێکی جیاواز لەوە بکا، کاتێکیش کەمێک زمانی تێدەگیرا، کە خەڵکی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرد، ئەوا شانازییە نەمرییەکەی بوو.

منیش لەو کاتەوە فێربووم، کە هەستی پێبکەم، ئیدی لە ماوەی شەڕی ئوم کوپەردا پتر لە جارێک بیرم لە ئەشکۆل دەکردەوە، لەو کاتەی دەبوووایە لە بەردەم تەلەفزیۆن دەربکەوم و هەست و ڕوخسارم لە ڕەنگبزڕکاوێکی مردوو دەچوو، چونکە ئەوەی پێویستبوو بیڵێم –کە هیچ کەسێکی دیکە نەدەکرا پێمبڵێ- وا جدی بوو هیچ خەمی هەڵبژاردنی وشەکانم نەخوارد یاخود چۆن دوانەکەم دا، بەڵام وەک شتەکانی دیکە، تۆ ئەگەر ئەو کات بە خۆت لەوێ نەبی، ئەوا سەختە بهێنیە بەرچاوت و زۆر لە ئیسرائیلییەکان –دەمارەکانیان وا گرژببون گەیشتبونە خاڵی پچڕان- بەو ڕاگەیاندنەی ئەشکۆل و هەوڵی بێهودەییانەی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دیکەی بەدەر لە جەنگ تا لە تەنگژەکە دەربازیان ببێ، هەستیان بە بێ هیوایی کرد. ئایا سوودی چی بوو، کە ئیبان بنێرێ و لە هەندێ دەرکەی دیکە بدا؟ ئایا تا چەند دڵنیانەبوونی درێژەبکێشێ؟ ئایا تا چەند ئەو جۆشدان و چاوەڕێکردنە دەمێنێ؟ دیاربوو ئەشکۆل دڵنیا نەبوو، لە کردەوە نواندن زۆر دوودڵ بوو. ئەوە ڕۆژگاری پاڵەوانان بوو، بەڵام پاڵەوان لە کوێ بوو؟

لەو هەمووو باهۆزە ڕەخنەیەدا، هیچ داوایەکی ڕاستەقینە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی ئەشکۆل لە ئارادا نەبوو؛ هەر چەندە ژێربێژیانەش نەبوو تەنیا نارەزایی تەشەنەیکرد، کە بووە مایەی گوشارنواندن بۆ ئەوەی وەزیرێکی نوێی بەرگری دابنێ، یەکێک دابنێ کە ئازاتر و کاریزماتر بێ. بە کۆتاییهاتنی مانگی ئادار هەزاران ئیسرائیلی سەیری مۆشی دایانیان دەکرد، بەڵکو برِیاری بەرپرسیاریێتیەکە بدا. ئەوەش هەروەک ئەوە وابوو، کە ئیسرائیلییەکان (نەک هەموویان، بەڵکو بەشێکی زۆریان) حیسابیان لەسەر دایان دەکرد بۆ ئەوەی شتێکییان پێ ببەخشێ، کە لە دەست ئەشکۆل نەدەهات. تەنانەت هەنوکەش ناتوانم بە دەقاودەقی پێناسەی ئەوە بکەم ئەوان چۆنیان لێ دەڕوانی. ڕەنگبێ ئەوە جۆرە خۆدڵنیاکردنەوەیەک بێ، لەو کاتە تەنگانەیەدا لە لایەن جەنگاوەرێک سەرکردایەتی بکرێن، کە خەسڵەتی نەترسانی لە کەسایەتییەکەیدا بوو. هەر چۆنێک بێ، بەرگەی ئەو گوشارە نەگیرا. لە کۆتاییدا ئەشکۆل تا مۆخیشی ئازاری پێگەیشت، بەڵام دەرکی بەوەکرد، کە پارێزگاری لەوپەڕی یەکبوون پرسێکی چارەنووسسازانەیە،

بۆیە ملیدا و ئیدی منیش لە خۆم ناپرسم چۆن ڕوویدا، کە مۆشی دایان ئەو بەربژارە بەرچاوەی وەزراەتی بەرگری بوو، تەنانەت بنگۆریۆنیش هەرگیز ئەو پۆستەی پێ نەبەخشی بوو.

مۆشێ دایان تا ١٩٧٤بە وەزیری بەرگری مایەوە؛ ئەو تاکە وەزیری بەرگری بوو لە کابینەکەی مندا خزمەتی کرد، ئێمە بەو پەڕی باشی کارمان لەگەڵ یەکدا کرد. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم لەو قسەیەم خۆش ببێ، کە هێشتا لەو باوەڕەدا نیم دانانی ئەو لە ١٩٦٧دا بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕەوتی شەڕی شەش ڕۆژەی گۆڕیبێ، یان ئەو ئەندازیاری سەرەکی سەرکەوتنەکە بوو بێ. هێزی بەرگریی ئیسرائیلی تا یەکی حوزەیران نە لە نەخشەی ستراتیژی خۆیان و نە لە مەشقەکانیان نەوەستابوون، پاڵەوانی ڕاستەقینەی شەڕەکەش بێگومان خەڵکی ئیسرائیل بوو. زۆر بە زەحمەت ئەو بۆچوونەم هەبوو، ئەگەر دایان نەهاتبایە حکومەتەکە ئەوا شەڕەکە بە شێویەکی جیاوازتر کۆتایی پێهاتبا.

هەقە ئەوەش بگوترێ، کە من بە هەموو ڕەوایەتییەکەوە پێی لێدەنێم هەرچەندە هەستم بە نادادییەکی گەورەش کردووە، کە دەرهەق ئەشکۆل کراوە، بەڵام جەماوەری ئیسرائیلیی لە دواییدا سەرکردایەتییێکی بە جۆش و بزوێنەری سەربازییانەی دەستکەوت، کە داوایدەکرد، تەنانەت پێوستیشی پێبوو، منیش سوپاسگوزار بووم پرسەکە جێگیرکرا.

هێشتا دوو تێبینی دیکەشم لە بارەی شەڕی شەش ڕۆژەوە ماون. یەکەمیان هەق بوو بە بێ قسە لەسەرکردن ڕێی خۆی بگرێ و بڕوا؛ بەڵام من وا فێرببووم، کە هیچ شتێک بە مسۆگەری وەرنەگیرێ، بۆیە ڕەنگبێ خەڵکی وا هەبێ لەوە تێنەگا، کە ئێمە بەو شێوە سەرکەوتووانە جەنگاین، نەوەک تەنیا لەبەرئەوەی ئێمە بۆ شەڕ دروستکراوین، بەڵکو بە قووڵی هیوای هەرە زۆرمان ئەوەبوو، دەبێ ئەو جەنگە ببەینەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە توشی شەڕ نەبینەوە. ئەگەر شکستی ئەو لەشکر و سوپایانەی عەرەب لە دژمان سەرتاپایی بێ، ڕەنگبێ ئەوسا دراوسێکانمان دەستبەرداری "جەنگە پیرۆزەکەیان" بن لە دژی ئێمە و دەرک بەوە بکەن، کە ئاشتی بۆ ئەوان و بۆ ئێمە پێویستە و ژیان و سەلامەتی ڕۆڵەکانیان بەهادارە، هەروەک هی

ڕۆڵەکانمان. کەچی ئێمە لەو بارەیەوە هەڵە بووین. شکستییەکە سەرتاپایی بوو، عەرەبەکان زەبرێکی گورچکبڕیان پێکەوت؛ بەڵام هێشتاش نە توانییان و نە ئەوەشیان کرد، بگەنە ئەو ڕاستییە، کە ئیسرائیل شتێک نییە بتوانرێ لەسەر نەخشەدا بسڕێتەوە. خاڵی دووەم کە دەمەوێ بە بیر خوێنەران بهێنمەوە؛ لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا، سینا، کەرتی غەززە، کەناری ڕۆژئاوا، بەرزاییەکانی جۆلان و ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم هەر هەموویان لە ژێر ڕکێفی عەرەبدا دابوون. بۆیە لێکدانەوەیەکی گەوجانەیە، کە ئەمڕۆ بگوترێ هەبوونی ئیسرائیلییەکان لەو دەڤەرانە لە ١٩٦٧ەوە هۆکاری گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە یاخود هۆکاری جەنگی یوم کیپەر بوو. کاتێک سەرانی دەوڵەتانی عەرەب سووربوون لەسەرئەوەی دەبێ ئیسرائیل بکشێتەوە سەر هێڵەکانی بەر لە ١٩٦٧، مرۆ دەتوانی تەنیا بپرسێ: ئەگەر ئەو هێڵانە ئەوەندە بۆ عەرەب پیرۆزبووبان، ئەدی بۆچی جەنگی شەش ڕۆژەیان هەڵگیرساند، تا تێکوپێکیان بشکێنن؟

شەڕەکە سەر لە بەیانی دووشەممەی پێنجی حوزەیران هەڵگیرسا. هەر کاتێکیش گوێمان لە فیکەی ئاگادارکردنەوەی پەلاماری هەوایی بووەوە، ئەوسا زانیمان ئیدی کاتی چاوەڕوانی بەسەرچوو، هەرچەندە ئەوەش درەنگانێکی شەوی هەینی ڕوویدا، کە پەردەی لەسەر مەدای زەبروەشاندنی هێزەکانی ئیسرائیل هەڵدایەوە. هەموو ڕۆژەکە پۆل پۆل فڕۆکە جەنگییەکانمان بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا بەرەو میسر دەفڕین تا فڕۆکەخانەکانیان و فڕۆکەکانیان تێکبشکێنێ، کە لەسەرڕێ بوون بۆ پەلاماردانمان، ئێمە چاوەڕوانی هەواڵمان دەکرد، گوێمان بە ڕادیۆکانمانەوە نابوو، کە لەگەڵ خۆماندا هەڵمانگرتبوو، کەچی بێجگە لە موزیک، گۆرانی عیبریی، وشەکۆدی نهێنی کە بانگەواز بوون بۆ سەربازە یەدەگەکان، کە تا ئەوکات ڕێکنەخرابوونەوە، گوێمان لە هیچ نەبوو. تەنیا دوای نیوەی شەو، ئەو کاتەی بە فەرمی یەکەمین چیرۆکی سەرنجڕاکێشی دەسپێکی ئەو شەش ڕۆژانە لە ڕێی سەرۆکی هێزی ئاسمانییەوە بۆ جەماوەری مەدەنی ئاشکرا کرا، ئەودەم لە ژوورە تاریککراوەکانمان دانیشتبووین، خەڵکی ئیسرائیل گوێیان لەو هەواڵەی تێکشکانی هێزی دوژمن بوو، کە لە ماوەی

شەش سەعاتدا هێزە ئاسمانییەکانمان دەستیان کردووەتەوە، پتر لە ٤٠٠ فڕۆکەی دوژمنیان تێکشکاندووە؛ لەنێویشیاندا ئەوانەی لە فڕۆکەخانەکانی سوریا و ئوردن مۆڵدرابوون، هەروەها جڵەوی باڵادەستیی ئاسمانیان هەرلە سیناوە تا سنوری سووریا بەدەستەوە گرت. من هەموو ڕۆژەکەی لە ڕەوشە گشتییەکەدا ئاگادارکرامەوە، بەڵام بە تەواوی دەرکم بە قەبارەی ئەو زیانانەیان نەکرد تا ڕادیۆکە ڕاینەگەیاند. من بۆ چەند خولەکێک لە دەرکەیماڵی خۆم وەستابووم، چاوم بڕیبووە ئاسمانی ساماڵ و ڕۆشن و پەییم بەوە برد، ئێمە لە دەست ترسێکی کوشندەی پەلاماری ئاسمانییەوە ڕزگارمان بووە، کە بۆ چەندان ڕۆژ هەر بە دوامانەوە بوو. ئەوە ڕاست بوو شەڕ تازە هەڵگیرسابوو؛ هێشتا هەر قوربانی، شین و کوێرەوەری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو فڕۆکە جەنگییانەی، کە ئامادەبوون بۆمبمان بەسەردا ببارێنن، زۆر باش پەکیان خرا و ئەو فڕۆکەخانانەش کە پێگەی فڕینیان بوو، ئاداریان بەسەر پادارەوە نەما. من لەوێ وەستابووم، هەناسەی شەوبام هەڵدەمژت، هەروەک ئەوە وابوو، بۆ چەند هەفتەیەک هەناسەیەکی وەها قووڵم هەڵنەکێشابێ.

وەنەبێ تەنیا هەر لە ئاسمانەوە سەرکەوتنمان بەدەستهێنابێ، بەڵکو لە هەمان ڕۆژدا هێزە زەمینییەکانمان بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی لە سێ قۆڵەوە لە کێبڕکێدابوون، ئەو ڕێگەیان گرتەبەر کە لە ١٩٥٦ گرتبوومانەبەر، بەرەو قولایی سینا هەنگاویان دەنا و دوژمنیان ڕاوەنا. لەوێدا لە شەڕی تانکەکاندا باڵادەستبووین. تەنانەت ئەوەندە زرێپۆشیان تێکشکا، کە ژمارەیان پتربوو لەوانەی لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیی لە بیابانی ڕۆژئاوادا تێکشکان؛ ئیدی لەوێشەوە ئامادەبوون بەرەو نۆکەندی سوێس بڕۆن. ئەو دەستەیکە ئیسرائیل لەمێژبوو بۆ ئاشتی درێژکردبوو، بووە مستەکۆڵەیەک و ئیدی هیچ نەبوو بەرگەی پێشڕەویی هێزە بەرگرییەکانی بگرێ، بەڵام هەر فڕۆکەکانی دەسەلاتدارێکی وەک ناسر بە تەنیا نەبوون کە لە پێنجی حوزەیراندا تێکشکێندران.

هەروەها لە حوسێنیش قەوما. ئەوەی حیسابی بۆ بەڵێننامەی ئەشکۆل نەکرد و بەوەی ئەگەر هاتبا و ئوردن لاشەڕبێ ئەوا هیچی بە

سەردا نەدەهات، کەچی هەمان بەیانی لە لایەن ناسرەوە ئاگادارکرایەوە، کە تەلئەبیب لە لایەن میسرییەکانەوە بۆمباران کراوە؛ کەچی ئەوەش قەیدینەبوو کە ناسر لەو کاتەدا خاوەن بۆمبایەکیش نەمابوو. حوسێن هەروەک باپیری بە وردی بـــارودۆخەکەی هەڵســـەنگاند، بەڵام کەوتە هەڵەوە. لە پێنجـــی حوزەیراندا فەرمانی بە هێزەکانی کرد، کە ئۆرشەلیم و نشینگە جووەکانی نزیک سنووری ئوردن بدەنە بەر شێلکەی گوللە و بۆمبا. سوپای ئەو بۆ ئەوە دانرابوو گوایە وەک دەمی گاز لە لای ڕۆژئاواوە دژمان بجووڵێ، بەڵام لە ئەرکەکەیان سەرکەوتوو نەبوون. هەر کاتێک بۆردومانی ئوردنییەکان دەستتیپێکرد، هێزی بەرگری ئیسرائیلی دەستی لە حوسێنیش وەشاند، هەرچەندە شەڕ لەبەرەی ئۆرشەلیمدا قوربانی زۆری بە گیانی گەنجەکانمان دا، کە دەستەویەخە و کۆڵان بە کۆڵان جەنگان، نەوەک تانک بکەوێتە گەڕ نەبادا شارەکە و شوێنە پیرۆزەکانی کریستیان و موسڵمانەکان تێکبچن، ئەوەش هەر زوو ئاشـــکرابوو، کە حوســـێن لەســـەر چـــاوچنۆکیی خـــۆی خەریکبوو ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیمیش لە دەست بدا، دواییش هەر لە دەستی دا. لەو سەرچڵییەی کە خۆی دووبارەکردەوە پێویستە لەو خاڵەدا ڕژد بم، بەوەی بڵێم هەر تەنیا عەرەبەکان بوون لە ١٩٤٨دا بەسەر ئۆرشەلیمیان دادا، بێئەوەی هیچ سەلامەتی کڵێسا و شوێنە پیرۆزەکانیش لەبەرچاوبگرن، بۆیە لە ١٩٦٧یشدا قۆشەنە سەربازەکانی ئوردن دوودڵ نەبوون لەوەی کڵێسەکان و تەنانەت گومبەز و منارەی مزگەوتەکانی خۆشیان وەک چەپەر بەکاربهێنن. ئەوەیە هەندێ جار دەبێتە مایەی پەستی و بێزاریمان بەوەی دەگوترێ گوایە تـــرس لەوەدا هەیە کە پیرۆزییەتـــی ئۆرشـــەلیم لە ژێـــر بەڕێـــوبەرایەتی ئیسرائیلیدایە، هیچیش ناڵێن سەبارەت بەوەی ئێمە لە دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیمدا بۆمان دەرکەوت: گۆڕستانی جووەکان شێوێندرابوو، سیناگۆکە دێرینەکـــانی بارەگـــای جووەکـــان لە شـــارە کـــۆنەکەدا لەگەڵ خـــاک ڕاستکرابوونەوە، کێلەبەردەکانی گۆڕی جوو لە شاخی زەیتون کرابوونە بەردەبازی ڕێگای سەربازییانەی ئوردن و ئاودەستیان بۆ سەربازەکانیان پێ دروستکردبوون. بۆیە با کەس هەوڵنەدا بڵێ؛ گوایە ئۆرشەلیم باشترە لە بن دەستی عەرەبدا بێ یان گوایەیا ئێمە جێی متمانەنین مشوری بخۆین.

هەمووی بە سەریەکەوە سێ ڕۆژی پێچوو تا میسرییەکان بشکێن و دوو ڕۆژیش بۆ ئەوەی حوسێن باجی هەڵەکەی خۆی بدا. بە هاتنی پێنجشەممەش، ڕۆژی هەشتی حوزەیران پارێزگاری کەرتی غەززە خۆی بە دەستەوە دا، هێزە جەنگاوەرەکانی ئیسرائیلی لە کەناری ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێس لێیان داکوتا، بەم جۆرە گەرووی تیران گەڕایەوە ژێر ڕکێفی ئیسرائیل و بە ڕێژەی ٨٠% ئەگەر پتریش نەبێ کەرەسەی سەربازی میسری تێکومەکان درا. تەنانەت ناسریش کە پیاوێکی دەقاودەق نەبوو دانی بەوەدا نا کە ١٠.٠٠٠ سەرباز و ١،٥٠٠ ئەفسەری میسری بێسەروشوێنن، ئێمەش نزیکەی ٦،٠٠٠ سەربازی مسریمان بە دیل گرتبوو. هەموو ناوچەی سینا و کەرتی غەززە جارێکی دیکە کەوتەوە بن دەستی ئیسرائیل. هەر بەم شێوەیەش ڕۆژهەڵاتی ئۆرشەلیم، شارە کۆنەکە و لە واقعیدا نیوەی شانشینی ئوردنیش کەوتە بندەستمان، بەڵام هێشتا ئێمە نەماندەزانی ئاخۆ چەند ڕۆڵەمان لە جەنگەکەدا تێداچوون، چونکە هێشتا دەستریژیکەرێکی دیکەش مابوو چارەی بکەین. لە ڕۆژی هەینی ٩ی حوزەیراندا هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل ڕوویان وەرگێڕایە سەر سووریا تا ئەو هەڵەیەی سووریا ڕاست بکەنەوە، کە پێی وا بوو دەتوانێ بەردەوام لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە گوندەکانی جوونشین بداتە بەر دەستڕێژی گوللە و گوایە چەپەر و سەنگەرەکانی ئەوێی لە شکان نایەن. من دەبێ پێ لێ بنێم، کە لەخۆڕادیتن و لە خۆڕازیبوونی سوورییەکان هەندێ ڕەوایەتی تێدابوو. دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، کاتێک سەردانی بەرزاییەکانی جۆلانم کرد، بە چاوی خۆم ئەو سەنگەرە کۆنکرێتیە قایمانەی ئەوێم بینین، کە بەتێلدڕ دەورەدرابوون، پڕی تۆپی تانکشکێن و تۆپ و دۆشکای دیکەبوون، ئیدی تێگەیشتم بۆچی سوورییەکان دڵنیابوون لە خۆیان و بۆچی ئەو ڕۆژە خوێناوی و شەوە سامناکانەی بۆ هێزی بەرگری ئیسرائیلیدا لە بۆسەدابوون، کە دەبووایە بست بە بست پاککرابایەوە ئەوسا چووبانە نێو سەنگەرەکانیان و تەواوی بەرزاییەکانی جۆلان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. هەڵبەتە ئەوەش سوپا، هێزی ئاسمانی و هێزی پەڕەشوتوان و ئەندازیارە بە جەرگەکانی بلدۆزەرەکان ئەوەشیان لە ١٠ی حوزەیران کرد و کارێکی وایان کرد، کە

سووورییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان بپارێنەوە بەڵکو هەوڵی ڕێخستنی ئاگربەستێک بدا. ژەنەڕاڵ داود ئێلیازەر (سوپاسالارمان لە کاتی جەنگی یوم کیپوردا) فەرماندەی هێزەکانی بەرەی باکور بوو. کاتێکیش شەڕ تەواو بوو، پەیامێکی بۆ ئەو نشینگە ئیسرائیلییانەی ئەو دۆڵەی دامێنی جۆلان نارد: "تەنیا لەو بەرزاییانەوە دەبینم کە ئێوە چەند مەزن بوون."

هەموو شتێک تەواو بوو. دەوڵەتە عەرەبییەکان و سۆڤیەتی پشتیوانیان جەنگەکەیان دۆڕاند، بەڵام ئەم جارەیان نرخی کشانەوەمان دەبووایە زۆر بەرز بێ، بەرزتر لەوەی ساڵی ١٩٥٦. ئەمجارەیان نرخەکە دەبووایە ئاشتی بێ، ئاشتییەکی هەمیشەیی جێگر، ئاشتییەک بە ڕێککەوتننامە و لەسەر بنگەی قایلبوون و ئاسایشی سنوورەکان بەند بێ. جەنگەکە جەنگێکی بروسکەئاسا بوو، بەڵام جەنگێکی دڕندانەش بوو. دیسان لە سەرتاسەری ئیسرائیلدا پرسەی جەنگاوەرەکامان دانا. لە پرسەی زۆریشیاندا باوکیان یان براگەورەکەیان لە شەڕی سەربەخۆیی یان لەو شەڕانەی کە لەو کاتەوە بەرۆکی گرتبووین بووبوونە قوربانی. ئێمە جارێکی دیکە بە ناو ژان و ناسۆردا تێناپەڕین، کە ئەمجارە جەنگەکە بە هانامان هاتبوو. ئێمە ناچینە بن باری ئەو قسانەی کە دەگوترا ئیسرائیلییەکان چ گەلێکی سەرسامهێنن. هەموو دەساڵ جارێک شەڕەکان دەبەنەوە، ئەوا دیسان دوپاتیان کردەوە. نایابە! هەنوکە کە شەڕەکەیان بردۆتەوە، ئەوا دەگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سوورییەکان لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە کیبۆتەکان گوللەباران بکەن، بۆ ئەوەی قۆشەنە لەشکرییەکانی ئوردن لەسەر بورجەکانی شارە دێرینەکەدا جارێکی دیکە ئەوەی بیانەوێ بیکەنە نیشانەی گوللەکانیان، بۆ ئەوەش کەرتی غەززە سەرلەنوێ ببێتەوە مۆڵگە و لانەی تیرۆریستان و بیابانی سیناش ببێتەوە مەکۆی لێوەدەرچوونی لیوا و فرقەکانی لەشکری ناسر.

"ئایا کەسێک هەیە" ئەوە دەستپێکی ئەو قسانەم بوو کە لە کۆبوونەوەیەک لە نیویۆرکدا کردم: "کێ هەیە ئەوەندە ئازابێ پێمان بڵێ: "بڕۆنەوە ماڵێ دانیشن! خۆتان بۆ جەنگێکی دیکەی نۆ یان دە ساڵەی داهاتوو

ئامادەبکەن." من دڵنیام هەر کەسێکی شایستە و بەڕێزی سەر ئەم دونیایە دەڵێ نەخێر، -لێشم ببوورن ئەوەندە ڕووقایم بم- لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، خۆمان دەڵێین نەخێر."

ئێمە بە تەنیا بۆ مانەوە و ئاسایشی خۆمان جەنگاین و نرخەکەشمان دا، بۆ زۆربەشمان وا پێدەچوو ڕۆژێکی نوێ دابێ، ڕەنگبێ عەرەبەکان -کە لەسەر گۆڕەپانی جەنگدا شکان- لە دواییدا قایلبن لەگەڵمان دابنیشن و لە کێشە و جیاوازەکانی نێوانمان بکۆڵنەوە، کە هیچ یەکێکیان هی ئەوە نەبوون و نین، چارەسەر نەکرێن.

لەوێدا هەستی بردنەوە لە گۆڕێدا نەبوو، ئەوەی هەبوو تەنیا کەفوکوڵێکی پڕ لە هیوابوون بوو. لە خۆشی ئاسودەیی سەرکەوتنەکەدا، لە گەشبینی خۆمان، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی تێکنەشکاین و سەرمەستی گۆشەنیگای کاتیانەی ئاشتی بووین، هەموو ئیسرائل بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پشوویێکدا بوو، کە زۆربەی هاوینەکەی خایاند. لەو باوەڕەدا نیم تاکە خێزانێک هەبێ بە هی منیشەوە، بە چەند ڕۆژێکی کەم ڕاستەوخۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ جڵەو بۆ ئەوە شل نەکا، کە لە چاوی غەوارەیەک سەردانی شوێنەوارەکان نەکا، لە ڕاستییدا حەجێکی نایاب بوو. ئەو شوێنە پیرۆزانە، نزیکەی بیست ساڵ بوو لێمان حەڕام کرابوون. هەڵبەتە بە پلەی یەکەم جوو دارژانە ناو ئۆرشەلیم؛ ڕۆژانە بە هەزاران جوو دابارینە شارە دێرینەکە، لە بەردەم دیواری ڕۆژئاوادا نوێژ و سروتەکانی خۆیان دەخوێند، لەوێشەوە ڕێگای خۆیان بەنێو وێرانەکەدا دەگرت تا بگەنە گەڕەکی جووەکان[130]. هەروەها ئێمە چووینە بێت لەحم، بێریخۆ، هیبرون، غەززە و شەرم ئەلشەیخ. فەرمانگەکان، کارخانەکان، کیبۆتەکان و قوتابخانەکان هەموویان بەشداری ئەو گەشتە لەبن نەهاتوانەیان کرد. بە سەدان ترومبێل، پاس، لۆری و تەنانەت تاکسیش لە خەڵک لێوانلێوبوون و بە

---

130 یەکێک بوو لە چوار گەڕەکە دێرینەکانی شارە کۆنەکەی ئۆرشەلیم-قودس- ١١٦.٠٠٠ مەتر دووجایە و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵات، کەرتی لای دیوارەکە و لە دەروازەی زایۆنەوە بەرەو باشوور دەکشێ-وەرگێڕ.

مانگ به نێو وڵاتدا گەڕان؛ هەر لە دەروازەی شاخی هیبرۆنیش لە باکووری یان لە شاخی سیناوە لە باشوور. بۆ هەر شوێنێک لەو هاوینە خۆش و شادمانەدا دەڕۆیشتین، ئەو عەرەبانەمان دەبینین، کە ناوچەکانیان کەوتبووە بن جڵەوی بەڕێوبەرایەتیمان، بۆیان پێدەکەنین، کەلوپەلمان لێدەکڕین و قسەمان لەگەڵدا دەکردن، ڕوانین و بۆچوونی ئاشتیمان –تەنانەت هەمووکاتێ هەر بە وشەش نا– لەگەڵماندا بەشدەکردن، کە لە هیکەوە ببووە واقیعێک و هەوڵدەدرا پەرشببێتەوە و ئەوانیش بگرێتەوە، تا بتوانین ئاساییانە بە یەکەوە بژین.

ئەو ڕۆژانە هەمووان هەر لە گەڕان و سوڕاندا بووین، چونکە عەرەبەکانی ژێر بەڕێوبەرایەتییەکانیش هەر وەک ئێمە لە گەشت و گەڕاندابوون. ئەوانیش ڕژانە تەلئەبیب، چوونەسەر کەناری زێ و سەردانی باخچەی ئاژەڵانیان کرد، سەیری پەنجەرەی دوکانەکانی ئۆرشەلیمی ڕۆژئاوایان دەکرد و لە قاوەخانەکانی شەقامە سەرەکییەکاندا دادەنیشتن، ئەوانیش بە چەشنی ئێمە پەرۆش و مەراقببون و وەک ئێمە حەزیان لە بینینی دیمەنە دڵڕفێنەکان دەکرد، چونکە هەراشەکانیان فەرامۆشیان کردبوو منداڵەکانیشیان هەرگیز نەیانبینیبوو. هەموو ئەو شتانە پێدەچوو باش و ڕاست بن و منیش بە دڵنیاییەوە نەمدەویست ئەو تێبینییە بگوازرێتەوە، کەوا عەرەبەکان پێنج جار لە ڕۆژێکدا ڕوی خۆیان لە مەککە دەکرد بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری خوا بن لەو بەختە باشەی کە هەیانبوو بەوەی شکشتیانخوارد یان کە لەوێ هیچ جووییەک نەیدەویست لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە لەوەی بەشدارییەکی ئەو ئاهەنگە نەشیاوانەی ئاشتی بکا بەرلەوەی برینەکانی شەڕ کاتی تیمارکردنیان بێ. لێ هەر کەسێک لە هاوینی ١٩٦٧دا سەردانی ئیسرائیلی کردبێ بەو جۆش و خرۆشە نائاساییەی، کە باڵی بەسەر جووەکاندا کێشابوو، ڕەزامەند دەبوو، هەروەها ئەو هەراوبەزمەش باندۆری بەسەر عەرەبەکانیشەوە هەبوو. بە کورتی وەک ئەوە وابوو حوکمی مەرگ لەو نێوەدا هەڵگیرابێ، لە دواییشدا بە ڕاست وەرگەڕا.

ئەگەر یەک ڕوانگەی تایبەتمەندی ڕۆژگاری ڕاستەوخۆی دوای شەڕ وەک نمـــوونەیەکی کەشـــی گشـــتیی هەڵبژێـــرم، ئەوا بە دڵنیـــاییەوە پارچەپـــارچەکردن و لابردنـــی ئەو بەربەســـتە کـــۆنکریتیی و پەرژیـــنە تەلبەندییەی هەردوو نیوە شاری ئۆرشەلیمی لە ١٩٤٨ەوە لێکجیاکردبووەوە، هەڵدەبژێم. لە هەموو شتێکیش پتر، ئەو بەربەستە دێوەزمەئاسایە هێمایەکی نائاســایی ژیانمــان بــوو، کــاتێکیش بلــدۆزەرەکان ڕۆیشــتن و لە شــەودا ئۆرشەلیم بووە یەک شار، ئیدی ئەوە ئاماژە و هێمای سەردەمێکی نوێ بوو. وەک ئەوەی کەسێک بۆ یەکەم جار بێتە ئۆرشەلیم و پێم بڵێ: 'لەوێ چرای شار هەیە،" منیش کتومت مەبەستەکەی تێدەگەم. من بە نەوەکانم گوت: "هەر بەو نزیکانە سەربازەکان دەگەڕێنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان؛ ئاشتی پەیدا دەبێ؛ ئەوسا دەتوانین گەشت بەرەو ئوردن و میسر بکەین؛ لەمەوپاش هەموو شتێک باش دەبێ." من دڵپاکانە بڕوام پێی هەبوو، کەچی واش دەرنەچوو. لە ئابی ١٩٦٧ و لە کۆبوونەوەی بالای خرتومدا، سەرکردە عەرەبەکان بە بارودۆخەکەدا چوونەوە و بە یەکەوەش گەیشتنە دەرنجامێکی جیاواز. ئەوان دەستیان بە دامێنی هەر سێ نەخێرە شومەکەی خۆیانیان گرتەوە: نەخێر، هیچ ئاشتییەک لەگەڵ ئیسرائیلدا پێکنایە، نەخێر دان بە دەوڵەتی جوودا نانرێ و نەخێریش بۆ دانوستاندن لەگەڵیدا. نەخێر، نەخێر، نەخێر! ئیسرائیلیش دەبێ بکشێتەوە، بە تەواوی و بەبێ مەرج لەو ناوچانەی لەشەڕی شەش ڕۆژەدا کەوتنە بن دەستی بکشێتەوە و ئەو تیرۆریستە عەرەبانەی لە کۆنگرەکەش بانگهێشتکرابوون لە خۆیانەوە ڕاگەیاندنی پڕئومێدی چوارەمیشیان خستەسەر: دەبێ ئیسرائیل لەناوببردرێ، تەنانەت بە سنووری بەر لە ١٩٦٧یشەوە. ئەوەش وەڵامەکەیان بوو بۆ داوایەکی حکومەتی ئیسرائیل: "دەبا ئێمە لەگەڵ یەکدی دانیشین نەک زاڵ و تێکشکاو، بەڵکو وەک دوو لای یەکسان با دانوستانی ئاشتییانە بکەین- بێ هیچ پێشمەرجێک." ئەوەش قەیدینەدەکرد، کە کێ جەنگەکەی هەڵگیرساند و کێش بردییەوە. تا ئەو ڕادەیەی عەرەب مشورخۆربوون هیچ شتێک نەگۆڕا. بۆیە ئەوەی پێدەگوترا چنینەوەی بەری سەرکەوتن و بەرلەوەی پێبگا بووە خـۆڵەمێش و خەونـی خۆشـی ئاشـتی ڕاسـتەوخۆش بە تەواوی ڕەوییەوە.

بــلەگەڵ ئەوەی کە عەرەب هــیچ فێرنەبــووبن، بەڵام ئــێمە هەنــدێک شــت فێربــووین. ئـێمە ئامـادەنەبووین هەمـان بەزمـی ١٩٥٦ دووبـارە بکەیـنەوە. مشـتومڕ، دانوسـتان، سـازان، مـل بـۆ دان- بـۆ هەمـوو ئەوانە، بەڵـێ! بەڵام نەوەک گەڕانەوە بــۆ ئەو پــێگەیەی کە ئــێمە لە ٤ی حــوزەیرانی ١٩٦٧ تێیدابووین. ئـێمە نـاتوانین ئەو چـاکەیە پێشـکەش بکەیـن تەنـانەت ئەگەر بـۆ ئابڕووهێشـتنەوەی ناسـریش بـێ یـاخود وا لە سـوورییەکان بکەیـن، کە هەسـتێکی باشـتریان هەبـێ لەوەی ئێمەیـان تێکنەشـکاندوە! ئەوەش مـایەی بەزەییەکـی مەزن بـوو، کە دەوڵەتە عەرەبییەکـان هەسـتیان بە شـەرمەزاری کرد بەوەی ئەو شەڕەیان دۆڕاند، کە هەرخۆیان هەڵیانگیرساندبوو، نەشیان دەتوانی قسەشـمان لەگەڵدابکەن، بەڵام لە سـەرێکی دیکەشـەوە خۆ نەدەکرا ئێمە پاداشـتی ئەو هەوڵەیـان بـدەینەوە، کە دەیانەویسـت فڕێمـان بـدەنە نێـو دەریـا. ئـێمە لەوێـدا بە خراپـی نـاکۆک بـووین، بەڵام تەنیـا ئەگەری یەک وەڵامـمـان هەبـوو: ئیسـرائیل لە هـیچ نـاوچەیەک ناکشـێتەوە ئەگەر دەوڵەتە عەرەبییەکـان یەکسـەر و بـۆ هەتاهەتـایە کۆتـایی بەو کێشـەیە نەهێنن. ئێمە بڕیارماندا –بڕواشم پێبکەن بڕیارەکەمان بە سوێ بوو، ئەوسـا نـرخەکەی بە هەرچەنـد لە سـەرمان کەوتبـا بە پێـی بیـروڕای گشـتیی، پـارە یـان وزە و بە چاوپۆشین لەو هەموو گوشارەی کە لە سەرمان بوو، دەبووایە ئێمە لەسـەر قـاچی خۆمـان لە پشـت هێڵەکـانی ئاگربەسـتەوە وەسـتابایـن. ئێمە چـاوەڕێ بووین عەرەب بەو ڕاستییە قایلبن، کە تەنیا ئاشتی جێگرەوەی شـەڕە و تـاکە ڕێگای ئاشتیش دانوستانە.

لەو کــاتەی ئاگربەســت ڕاگەیەنــرا نــزیکەی یەک ملیــۆن عەرەب لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتماندا دەژیان. نزیکەی ٦٠٠.٠٠٠یان لە کەناری ڕۆژئاوا و ئــوردن ٣٦٥.٠٠٠یشــیان لە کەرتــی غەززە و ســینا لەگەڵ ئەو گونــدە دوورزییـانەی دوای گرتنـی بەرزاییەکـانی جـۆلان مانەوەیـان لەوێ هەڵبـژارد، هەڵبەتە ژیانیـان زۆرباشـتر بـوو لەوەی بەر لەشـەڕی شـەش ڕۆژە. ئەوەش هەرگیز خۆش نەبوو، کە لە لایەن حکوومەتێکی سەربازییەوە بەڕێوەببرێ و هــیچ عەرەبێکــیش لەو ناوچــانە پێــی خۆشــنەبوو، دەســتە ســەربازییە ئیسرائیلییەکانیان بەنێودا گوزەر بکا، بەڵام سوپا تا بۆی کرا ژمارەی خۆی

کەم کردەوە، حکوومەتی سەربازییانەش - کە چاکەیەکی زۆریش بۆ ڕوانین و ڕۆڵی دایان دەگەڕایەوە- زۆر بە کەمی دەستی لە کاروباری ڕۆژانەی ئەوێ وەردەدا. قانونە خۆجێیەکان گەڕێندرانەوە و بەڕێوبەرایەتی خۆجێیش هەبوون. پردەکانی سەر ڕوباری ئوردن کرانەوە، عەرەبەکانی کەناری ڕۆژئاوا بۆ بازرگانی، بۆ خوێندن و سەردانی خزمانیان ئازادبون لە چوونیان بۆ وڵاتە عەرەبییەکان — ئەم کارەشیان بە هەزاران ئەنجام دەدا. هەرچۆنێک بێ ئەوەش تەنیا ڕێکارێکی کاتی بوو؛ هیچ ئیسرائیلییەکی ژێر هەرگیز لای خۆی وای دانەنابوو ئەو ناوچانە هەر لەژێر بەڕێوبەرایەتی ئیسرائیلیدا بمێننەوە. هەڵبەتە ئۆرشەلیم بە یەکگرتویی دەمێنێتەوە، بەڵام سەبارەت چاودێری موسڵمانەکان بەسەر شوێنە پیرۆزەکانیان ئەوا شتێک ڕێکدەخرێ. دەبێ سنووری نوێ لە نێوان ئوردن و ئیسرائیلدا بکێشرێ؛ پێشنەدەچوو بەرزاییەکانی جۆلان بۆ سووریەکان، یان هەموو سینا ڕەنگبێ دەستبەجێ بۆ میسر بگەڕێندرێتەوە و کەرتی غەززەش بە دڵنیاییەوە کێشە بوو؛ بەڵام ئەوش شتێک نەبوو ئاخۆ نەخشەکێشانەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هەر چۆنێک بێ تەنانەت لەنێو خۆشماندا مشتومڕ لەسەر ئەو ناوچانە هەبوون، کە بۆ کێ بگەڕێندرێنەوە تا ئەو کاتەی ڕێکارەکە لەگەڵ ئەو کەسە دراوسێیانەمان دەکرێ، کە بە ڕاستی خەمخۆرن. لە دواییدا تۆ ناتوانی بە پۆست ناوچەکان بگەڕێنیتەوە. بۆیە ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو داوا دوپاتکراوەی خۆمانمان بۆ گفتوگۆکردن دەکرد.

لەو نێوەدا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێکی دەرکرد -ئەو بڕیارە بەزمگێڕەی٢٤٢ لە لایەن بەریتانیاوە دەستەبەرکرا- چوارچێوەیەکی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی "ناکۆکی عەرەب-ئیسرائیل" بوو، کە د. گوننار یارینگ وەک نوێنەرێکی تایبەتمەندانە بۆ سەرپەرشتی کردنی "ئاشتی و ڕەزامەندبوونی بەرقەرارکردنی" دەستنیشان کردبوو. ئەوەندە زۆر لەبارەی بڕیاری ٢٤٢ گوتراوە و نوسراوە و ئەوەندەش لە لایەن عەرەب و ڕووسەکان شێوێندراوە، بۆیە پێم وایە جێی خۆیەتی بەتایبەتیش، کە دەقەکەی زۆر درێژ نییە وەک خۆی بهێنینەوە:

**ئەنجوومەنی ئاسایش،**

نیگەرانی بەردەوامی خۆی لە دۆخی نالەباری ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەردەبڕێ.

جەخت لەسەر قبووڵنەکردنی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکان بە شەڕ دەکاتەوە و پێویست بە کاری ڕاست و ڕەوای ئاشتییەکی درێژخایەن دەکا، بەوەی هەموو دەوڵەتێکی ناوچەکە بە ئاشتی و ئارامی بژی.

بە جەختکردنەوەی زیاتر بەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام، ئەوانەی بڕوانامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان واژۆکردووە کە بە گوێرەی ماددەی دووەمی بڕوانامەکە هەڵبسووڕێن و ڕەفتار بنوێنن.

١- بە گوێرەی پەیڕەوکردنی بنەما داخوازییەکانی دامەزراندنی ئاشتیەکی بەردرێژ و ڕاستودروست لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بەوەی کە دەبێ لە جێبەجێکردندا ئەم بنەمایانە لە خۆ بگرێ:

ئا- کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئەو کێشەی دوایی؛

ب- کۆتاییهێنان بە هەموو داوا یان باری شەڕانگێزی و ڕێزگرتن و پێزانینی سەروەری، یەکپارچەیی هەرێمایەتی و سەربەخۆیی سیاسییانەی هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکە و مافەکانیان بۆ ژیانێکی ئاشتییانەی پڕئاسایش و دانان بە سنوورەکان بەبێ هیچ هەڕەشەیەک یان کردەیەکی زۆرداریانە؛

٢- بەو پێیە بجەختکردنەوەی پتر لەسەر پێویستی

ئا- بۆ دەستەبەرییەکی ئازادانەی دەریاوانی بە نێو ئاوە نێودەوڵەتیەکانی ئەو ناوچەیەدا؛

ب- بۆ دەستەبەرکردنی چارەسەرێکی ڕەوایانەی کێشەی پەنابەری؛

پ- بۆ دەستەبەری پاراستنی هەرێمایەتیی و سەربەخۆیی سیاسییانەی هەر دەوڵەتێکی ناوچەکە، لە ڕێگای گرتنەبەری ڕێکارگەلێک بە دامەزراندنی ناوچەی ناسەربازییانەشەوە.

مـایەی تێبینیـیە، مـاددەکە نەیگوتـوە کە دەبـێ ئیسـرائیل لە هەمـوو ناوچەکان بکشێتەوە، هەروەها نەشیگوتووە دەبێ ئیسرائیل لە ناوچە**کان،**[131] بەڵام گوتویەتی هەموو دەوڵەتێکی ناوچەکە مافی بە ئاشتی ژیانی هەیە، کە "ئاسایش بێ و سنورەکانیشی بناسرێن" و بە دەقاودەقیش کۆتاییهێنانی بە باری شەڕانگێزی ناوبردووە. لەوەش پتر ماددەکە باسی دەوڵەتی فەڵەستینی نەکردووە، لە کاتێکدا باسی کێشەی پەنابەریی کردووە. بەڵام هەر بە تەنیا ماددەی ٢٤٢ نەبوو، کە بە شێوێندراوی ڕاڤە کرا، بەڵکو هەڵوێستی ئێمەش بە شێوێندراوی شیتەڵ کرا. دوای جەنگی شەش ڕۆژە نووسەرە ساتیری هەرەدیاری ئیسرائیل ئیفرایمکیشۆن لەگەڵ دۆش Doshی کاریکارتیریست کتێبێکیان بەناوی "بۆ ئەوە ببورە کە بردمانەوە" بڵاوکردەوە. ناونیشانەکە تفتوتاڵ بوو، بەڵام بە لای کەمی بۆ خوێنەری ئیسرائیلی تەلیسماوی نەبوو. لە ڕاستییدا ئەو شێوازەی لە ١٩٦٨دا هەستمان پێدەکرد کورت و پوخت و چڕکرابووەوە لەوەی، کە تاکە ڕاچێتەیە بۆ چاکردنەوەیەکی خێرای خەیاڵی شێواوی ئەوەی هەموو شتێک لەبارەی ئاشتییەوە فەرامۆش بکا. پێدەچوو تاوانەکەمان ئەوە بووبێ، کە بەردەوام بە عەرەبەکانمان دەگوت، "با دانوستان بکەین." نەوەک بەوەی ئێمە لە پێگەیەکدا بووین کە بیکەیەن، " ئەوە نەخشە نوێکەیە؛ لە سەر هێڵە ڕاکێشراوەکە واژۆی بکە،" بەڵام " دە وەرە با دانوستان بکەین."

بە چەند ڕێگەیەکی تەلیسماویی، ئەو پێشهاتە ئێمەی کردبووە ناکەسبەچە. من هەرگیز لە ژیانی خۆمدا لەوە تێنەگەیشتم، بۆ نموونە بۆچی ویلی براند کاتێ دانی بە سنووری ئۆددەر—نێسسی دانا لەبەرئەوەی کاتی ئەوە هاتبوو بارە لەنگەکە ڕاستبکاتەوە، کە ئاڵمان لە جەنگی دووەمی جیهانییدا بەسەر پۆلەندای سەپاندبوو. لە بەرانبەریشدا (کە شایانی بوو) خەڵاتی نۆبلی ئاشتی پێدرا و وەک مەزنە پیاوێکی ئاشتیخوازیش لێی ڕوانرا، لەکاتێکدا ئەشکۆل و دواتریش من، کە هەمان جۆرە ڕاستکردنەوەی

[131] نوسەر بە ئامرازی ناسراوی the (کە) بۆ ژدبوون لەسەر جیاکرنەوەی جیاوازییەکانی لەگەڵ ماددەی ناوبراو بەکارهێناوە-وەرگێڕ

سنووری ئیسرائیلیمان لەگەڵ دراوسێکانمان داخواز بوو کەچی بە کەسی فراوانخواز وێناکراین. ئەمەش وەنەبێ هەر لە ڕەخنەگرەکانمان بە داگیرکاری فراوانخواز ناوبراین، بەڵکو بەردەوام لە لایەن دۆستەکانیشمانەوە داوامان لێدەکرا خەمی ئەوەمان نەبێ، کە ئیسرائیل بۆتە نەتەوەیەکی میلیتارییانە (زۆرجاران دەستەواژەی " سپارتای بچکۆلە" بەکاردەهات)، کە دەبێ پشت بە هێزی دڕندانەی داگیرکارییانە ببەستی بۆ بەرقەرارکردنی ڕێساو قانون لە ناوچە بەڕێوبەرایەتییەکاندا. هەڵبەتە "سەرسەخت"یش بووە پاشگرێکی ناوەکەم. کەچی نە ئەشکۆل و نە من و نە زۆرینەی ئیسرائیلیەکانی دیکەش نەدەکرا ئەو ڕاستییە بشارینەوە، کە ئێمە بە تەواوی حەزمان بە دەوڵەتێکی مردووی دژەمیلیتاری، لیبرال و ناسک نەدەهات یاخود "دامەزراندنێک" کە ببێتە مایەی پەسندان سەبارەت بە ژیری و زیرەکی، بەڵام ژیانمان بخاتە مەترسییەوە. دکتۆر وایزمەن دەیگوت، گوایە بۆتە سەرۆکی وڵاتێک، کە هەموو کەسێک تێیدا سەرۆکە؛ دیموکراسیی ئیسرائیلیی ئەوەندە زیندوو بووە و زیندوە بە قەد کۆترەکان هەڵۆی هەن، بەڵام من هێشتا ئیسرائیلییەکم تەنانەت بە خەیاڵیش نەبینی، کە پێی وابێ دەبێ ئێمە بە تەواوی خۆمان بکەینە کۆتری قوڕینە.

بە هەرحاڵ دەبووایە ئەو ئەرکەم بە کۆتا بگەیەنم، کە یەکخستنەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی بوو. ئەو کارەی بە درێژایی زستانی ١٩٦٧ و سەرەتای ١٩٦٨ی پێیەوە خەریک بووم. هەڵبەتە خەریکی ڕێکخستنەکەی ئەشکۆل بووم، کە قەیرانێکی دیکەی نوێ تەقیەوە، هەر یەکەیان پەیوەندی بەو چالاکوانە تیرۆرستیانەی ناوچە بەڕێوبەرایەتییەکان هەبوو، کە ڕێکخراوی ئەلفەتح و کۆمەڵەی بچووکی دیکە جاڕیاندا، گوایە ئەوان نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی عەرەبن، یاخود ئەو هەوڵە بەردەوامەی کە ماددەی ٢٤٢یان بەکاردەهێنا تا گوشاری زۆر بخەنە سەر ئیسرائیل بۆ کێشانەوەی هێزەکانی لە ناوچەکان، لەو کاتەدا جێگەی پەسندنامەمان نەبوو. لە یانیوەری ١٩٦٨دا پارتی کرێکارانی ئیسرائیل لە یەکگرتنی ماپای، ئاخدوت ها ئاڤۆدا و ڕافای پێکهات و لە یەکی شوباتیشدا من بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردرام. لە ڕاستیدا ئەوەش تەنیا بەشێکی یەکگرتنەکەبوو لەو قۆناخەدا، فیدراسیۆنی

سێ حزب تا ساڵی ئاینده و پێکهێنانی مائاراخ، که لەگەڵ ماپام یەکیگرت نەهاتە ئارا. بەڵام بەدەر لەو شلییەی پەیوەست بە هەر سێ لایەن، خۆ بە لای کەمەوە لەژێر یەک هەنوانی سیاسییانەدا بوون، کە دەبووایە ئەرکی تەواوکردنەکەیم بەجێهێنابا. بۆیە بیرم کردەوە، ئیدی دەتوانم بگەڕێمەوە سەر خانەنشینییەکەم؛ لە تەممووزیشدا وام کرد.

ئێستاش تەمەنم حەفتا ساڵە. ئەوەش تاوان نییە، کە حەفتا ساڵ بی؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو تەمەنە گاڵتە نییە. من دووبارە لە ١٩٦٧دا نەخۆش کەوتمەوە، بەڵام نە شەڕی شەش ڕۆژە و نە هێنانەکایەی مائاراخ ئەوە نەبوو، کە پزیشک ڕێنماییم بکا. هەستم بەوە کرد پێویستم بە هەندێ ئاشتی و ئارامی هەیە، ئەم جارەیان هیچ کەس و هیچ شتێک بیرۆکەکەم پێناگۆڕێ. بە کاری قەواڵەی ئیسرائیلی چوومە وڵاتە یەککگرتووەکان و لەوێ سەردانی مناحیم، ئایا و منداڵەکانیانم لە کۆننەکتیکوتدا کرد، ئایا بە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆ خەریکبوو و مناحیمیش وانەی چەلۆی دەدایەوە. چەند هەفتەیەکیشم لە سویسرا بەسەربرد، ئەوەش یەکەم پشودانێکی تەواو بووکە وەرمگرتبێ، ئیدی کە هاتمەوە وڵات هەستمکرد وەک گوێزێکی ساغم لێهاتۆتەوە.

هەرچەندە ڕەوش لە نیشتمان زۆر چوبووە پێشەوە، بەڵام سەرەڕای ئاگربەست هێشتا جۆرە شەڕێک لە نۆکەندی سوێس هەبوو. میسرییەکان ئەوەیان دووپاتکردەوە، کە ڕووسەکان تەواوی ئەو تانک و فڕۆکە و چەکانەیان قەرەبووکردۆتەوە، کە لە جەنگەکەدا تێکشکابوون، ئیدی جبەخانەکەیان پڕببوەوە و هەر کاتێک بوێرن دەستپێبکەن و ئامادەی تەقاندنن. ناسر دیسان نەڕاندی: "ئەگەر کاتی هات ئەوا دەستمان دەوەشێنینەوە،" ئەو بانگەوازەی پێشتری دوپاتکردەوە: "بنەمای سیاسەتی میسرییەکان" ئەوەیە نەخێر بۆ دانوستان لەگەڵ ئیسرائیل، نەخێر بۆ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل، نەخێر بۆ دانانان بە ئیسرائیل. لە بەهاری ١٩٦٩شدا هەڵمەتی ئەوەی جارِدا، کە بە شەڕی داهێزراندن ناسراوبوو.

پێم وا بوو لە دوور و بەردەوام نیشانەگرتن لە پێگەی هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل لە نۆکەندەکە وەک ڕووداوە بەردەوامەکانی

ڕۆژهەڵاتی ناوینە، کە هەر لەمێژەوە هەیە، ئەوەش نمایشێکی دیکە بوو، کە عەرەب و جوو نەتوانن بەیەکەوەهەڵبکەن، لەو بۆچوونەشدا لەسەرەتاوە هیچ کەسێک لە دەرەوە ڕاپۆرتی لەسەر ئەو توندوتیژییە جدییەی میسرییەکانی بۆ سەر ئاگربەست نەداوە، بەڵام ئێمە کردمان، چونکە دەمانزانی ئەو توندوتیژیە چی لە بندایە، بۆیە ئێمە دەستمان بە دامەزراندنی هێڵێکی بەرگی بارلیڤ بۆ پاراستنی هێزەکانمان لەسەر کەنارەکانی نۆکەندەکەدا کرد.

کاتێکیش ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی عەرەب نەیانتوانی دانیشتوانە عەرەبەکانی ناوچە بەڕێوبەرایتیەکان بهێننەرایێ تا دوژمنکاری لە دژی ئیسرائیلدا بکەن – هەرچەندە ناوبەناو ڕێڕۆیشتنێکی ناڕەزاییانە لە هیبرۆن و مانگرتن لە جەنین ڕوویدەدا –بۆیە بڕیاریاندا لە دووری هەزاران مایلەوە کاری تیرۆرستانە دژی ئیسرائیل بکەن. دیاربوو بۆ ئەوان ئاسایشترە و کاریگەرییەکەی بەرچاوترە، لەوێش ئەگەری بەرفرەوان هەبون بۆ ئەوەی بیکەنە ئامانجی خۆیان، کە لەنێویاندا فڕۆکەی مەدەنی و ڕێبوارە بێخەتاکانی تەرمینالی فڕۆکەخانە بیانییەکان بوون. لەپاڵ ئەمەشدا تیرۆریستەکان کردەوەکانیان هەر بە تەنیا لە سەر جووەکان چڕنەکردبووەوە. عەرەبستانی سعودی وای کرد ئەلفەتح خەمی پارەی نەبێ؛ ناسریش بە فەرمی پەسننامەی خۆی بۆ دەربڕین (ڕایگەیاند کە "ئەلفەتح بە ڕژاندنی خوێنی جوو ئەرکی دژواری خۆی ڕاییدەکا") شا حوسێنیش سەرەکەی دیکەی پەتە کشتەکەی گرتبوو. هەرچەندە زۆری نەبرد تیرۆریستەکان بە کەڵبە و چڕنوکەکانیان بە ڕووی ئەویشدا هەڵشاخان، بۆ ئەوەی جڵەوی ئوردن بخەنە بن دەستیان و ئەوەندە هەڕشەیەکی کوشندەبوون لەسەری پتر لەوەی لەسەر ئێمە. حوسێن بەو کێماسییە لە پێشبینیکردندا، کە لە جەنگی شەش ڕۆژەدا نیشانی دا، پاڵپشتی بە جۆشانەی خۆی بۆ دووپاتکردبوونەوە. لە ١٩٧٠دا کاتێک خۆی لەو بارە سامناکە لەگەڵ ئەوەی پێی دەگوترا ڕێکخراوی تیرۆرستی فەڵەستینی ئیدی بە هەموو لایەک داوای پشتیوانی دەکرد، نەمدەتوانی وا بیرنەکەمەوە، کە ئەوم وەک پیاوێک هاتە پێشچاو، کە دایک و باوکی خۆی کوشتبێ، ئەوسا لەسەر بنەمای ئەوەی هەتیو کەوتووە داوای گەردنئازادی و لێ خۆشبوون بکا.

هەروەهــا لە باکووریشــدا ئاشــتی بەرپــانەبوو. باشــووری لوبنــان بەرەبەرە بووە گۆڕەپانی تیرۆریستان؛ شار، دێهات و کێڵگە ئیسرائیلییەکان – تەنــانەت پاســی قوتابخــانەی پڕاوپــڕ لە منــداڵ–بەردەوام بووبــوونە جێنیشانەی گوللەکانیان، لەوێوە کە نازناوەکەی ببووە فەتحستان تەقەیان لێ دەکرین، لە کاتێکدا حکوومەتی لوبنـان فرمێسـکی تیمسـاحانەی دەڕشـت و دەیگوت گوایە "ناتوانێ" هیچ کارێک دەرهەقی چالاکی ئەو تیرۆرستانە بکا یـان تەنـانەت سـەرباری ئەو ڕاسـتییەی، کە ئەو تیرۆریسـتانە لەسـەر خـاکی لوبنان مەشق و ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان دەکرد.

لێ ئێمە بڕیارماندابوو، کە بەرگری لە هێڵەکانی ئاگربەستەکە بکەین بە چاوپۆشین لەوەی ناسر، ئەلفەتح و یان پتر بەردەوامبین لەسەر گەڕان بە دوای ئاشــتیدا، هەرچەنــدە ئەو گەڕانەش بێهــوودە بــێ. بە شــێوەیەک لە شێوەکان ئێمە بەرگەی هەمـوو شـتێکمان گـرت بێ ئەوەی هیـوابڕ ببین، بە زۆریش لەبەر گەنجەکانمان، لەپێناو پاشەڕۆژی ئیسرائیل کە بە ئارەزووەوە بە چەنـدان هەفـتە لەسەرشـاخی هێرمۆنەوەیـان لە سـینا، یـاخود لە دۆڵــی ئــوردنەوە بە خۆشــییەکی زۆر کەمەوە دەســتیان بە هێڵــی ئــاگربڕەکەوە گرتبــوو. لەوێــدا هەق نیــیە بەدحاڵیبوونێــک لەمەڕ پەیوەســتبوون بە قوربانیـدانەوە بێتەگـۆڕێ. ئەوە سـوپایەک بـوو کە لە یەدەگەکـان–جوتیـار، کارمەندی چێشتخانە–خوێندکار، خـاوەن وردەکار، دکتۆر، شـوفێرانی لۆری هتد..– پێکهاتبوو، هیچ کامیان جەنگاوەرێکی پیشەیی نەبوو کە موچەی خۆی لە دەزگای سەربازییەوە وەربگرێ. ئەوان پیاوگەلێک بوون بە پیر بانگەوازی سـوپاوە هــاتن، ئەرکــی خۆیــان نایابــانە ڕاییکــرد و پەرۆشــانەش داوای گەڕانەوەی ماڵەوەیـان دەکـرد. ئەوان کـارێکی دیـکە و ئەرکێکـی دیکەیـان بەجێدەگەیانـد، پـێم وا نیـیە سـوپایەکی وا سـەرکەوتوی خەمبـارانە هەبـێ لەبەرئەوەی ئەو جەنـگەی کە کردیـان هەرگیـز کۆتـایی ڕاسـتەقینەی نیـیە. یەدەگەکـان بۆ مـاوەی چەنـد هەفتەیەکی کەم یـان چەنـد مانگێک چـوونەوە ماڵیان، بەڵام دیسان بانگکرانەوە. هەندێک بۆڵە بۆڵ و منگەمنگیان کرد، بەڵام کەسـیش پرسـیاری ئەوەی نەکـرد ئـاخۆ چەنـد پێویسـت دەکـا لەو هـێڵانەی ئاگربڕەکە بمێنێتەوە تا ئاشتی هەمیشەیی بەرقەرار دەبێ.

ئەوسا لە ٢٦ی فێبرایەری ١٩٦٩دا لیڤی ئەشکۆلی هاوڕێم، ئەو کەسەی بۆ چەندین ساڵ لەگەڵیدا کارم کرد و ئەو کەسەی، کە خۆشمویستووە و زۆر پێیەوە کارانگازبووم، بە لێدانی دڵ کەوت و مرد. من لە ماڵ بووم کاتێ هەواڵەکەیان پێڕاگەیاندم، حەپەسام. من بە هێدمەگرتنەوە بۆ چەندان خولەک بە دیار تەلەفونەوە مامەوە، تەنانەت نەمدەتوانی زەنگیش بۆ کەسیک لێ بدەم بەڵکو ترومبێل بمگەیەنێتە ئۆرشەلیم. پێدەچوو مەحاڵ بێ ئەشکۆل ئۆغربکا. من تەنیا شەوی پێشتر قسەم لەگەڵیدا کردبوو، بڕیاریش بوو ڕۆژی دواتر یەکدی ببینین. نەمدەتوانی ئەو کات ئەوە بێنمە پێشچاوی خۆم، کە چی دەقەومێ یان ئاخۆ کێ جێگەی وەک سەروەزیر دەگرێتەوە. لە ئۆرشەلیم یەکسەر چوومە ماڵی ئەشکۆل. لەو کاتەی کە کابینەی حکومەت لە کۆبوونەوەیەکی ناکاو و تەنگانەدا بوو، لە نووسینگەی یەکێکیان دانیشتبووم، چاوەڕێی کۆتاییەکەم دەکرد ئاخۆ چیان لەبارەی ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی بڕیارداوە. کاتێک لەوێ دانیشتبووم ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی هاتەلام.

پێی گوتم : "من دەزانم تۆ هەنوکە هەستت چۆنە، بەڵام من تازە لە کنێستەوەرا دێم. هەمووان دەڵێن یەک چارەسەر هەیە. گۆلدا دەبێ بگەڕێتەوە."

من بە تووڕەیەوە وەڵامم دایەوە: "من هیچ لەبارەی ئەوەی دەیڵێ نازانم. تکایە ئێستا هەراسانم مەکە. ئێستا کاتی قسەی سیاسییانە نییە. تکایە، تکایە بڕۆ ئەولا."

ئەو گوتی: "بەڵێ باشە. سەرنووسەرەکەم دەیەویست بزانێ ئایا تۆ ئەمشەو لە کوێ دەبی. ویستی قسەت لەگەڵدا بکا."

پێمگوتەوە: "سەیرکە، من نامەوێ ئێستا کەس ببینم. من هیچ شتێک نازانم، ناشمەوێ هیچ شتێک بزانم. تەنیا ئەوەم دەوێ، وازم لێ بینی."

کۆبونەوەی کابینە کۆتاییهات. یگال ئاللۆن، کە جێگری سەروەزیر بوو، کاروباری ڕاپەڕاندنی سەروەزیریی گرتەئەستۆ. من لەگەڵ دەستەیەکی وەزیرەکانی کابینە چووم تا دووبارە مریام ئەشکۆل ببینم. ئەوسا بەرەبەرەی شەو گەڕامەوە تەلئەبیب. نزیکەی سەعات ١٠ی شەو بوو،

سەرنوسەرەکە زەنگی بۆ لێدام و گوتی: "من بۆیە زەنگت بۆ لێدەدەم تا پێت بڵێم، هەمووان بڕیاریانداوە تۆ جێگای ئەشکۆل بگریتەوە. تۆ تاکە کەسی دەسەڵات و ئەزموون و جێبڕوای ناوحزب بی، کە هەمووان لەسەری کۆک بن."

ئەگەر من لەسەر میزاجێکی جیاوازتربووبام، لەنێویاندا بماباماییەوە و ڕاپرسی بۆ کرابا، کاتێکیش جەماوەر داوای هەڵبژاردنی سەرۆوەزیری داهاتوی بکردابایە، ئەوا ڕێک ڕێژەی سێ لە سەدی دەنگەکانم دەهێنا، ئەوەش بۆ من باش بوو؛ بەڵام نەوەک یەکێک داوای زۆرینەی ڕەها بکا. زۆرترین ژمارەی دەنگەکان لە لایەن مۆشێ دایانەوە هات و یگال ئالۆنیش خراپ نەبوو، بەڵام من لە بارێکی وادا نەبووم قسەلەسەر ئەو بابەتە بکەم. بە سەرنووسەرەکەم گوت: "ئاخر تا ئێستا ئەشکۆل نەنێژراوە. چۆن تۆ لە بارەی شتێکی وەها قسەدەکەی؟" ئیدی کابرام بەڕێکرد.

ئەوە بوو لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمەوە حزب خەریکی گوشارخستنەسەرم بوو. "نەخشە بۆ هەڵبژاردنی نیشتمانیی کێشراوە، لە تشرینی یەکەمدا ئەنجام بدرێ؛ سەرۆوەزیری کاتیش دەبێ دەستنیشان بکرێ؛ ئیدی تەنیا چەند مانگێکی کەمی ماوە! لەوەش پتر کەسی دیکەش نییە." تەنانەت خودی ئالۆنیش تکای لێ کردم لەبەر خاتری حزب، کە تازە یەکیگرتۆتەوە و لەبەر خاتری وڵات، کە هێشتا هەر لە بن مەترسیدایە، ئەم کارە وەک دوا خزمەت وەربگرم. ئەوەش نەوەک تەواوی پارتی کار لەسەر من ئاوا بەجۆش بێ. کۆنە باڵی ڕافی کە دایان و پێرێز ڕابەرایەتیان دەکرد کەمتر مەیلدار بوون بەوەی من بە سەرۆوەزیری ببینن، منیش بە دڵنیاییەوە لە خۆگری خەڵکانی دیکەی وڵاتەکەمان تێگەیشتبووم، کە داپیرەیەکی حەفتا ساڵە بە ئاستەم بەربژاڕێکی تەواوعەیارە بۆ سەرۆوەزیری وڵاتێکی تەمەن بیست ساڵە.

منیش نەمدەتوانی خۆم یەکلا بکەمەوە. لە سەرێکەوە دەرکم بەوەکردبوو مەگەر قایلبم دەنا شەڕە گوریسڕاکێشانێکی زۆر لەنێوان دایان و ئالۆندا پەیدادەبێ، ئەوەش شتێک بوو ئیسرائیل پێویستی پێی نەبوو. ئەوەندە بەس بوو، کە لەسەر دەستی ئێمەدا شەڕ لەگەڵ عەرەبدا کرا؛

دەبووایە چاوەڕێی کۆتاییەکەی بین بەرلەوەی شەڕی جوو لەنێوخۆیدا دەستپێبکا. لە سەرێکی دیکەشەوە ڕاستگۆییانە بڵێم ئەو بەرپرسیارێتیەم نەدەویست، ئەوە فشار و دەمارگرژبونێکی زۆربوو کە ببیە سەروەزیر. دەمەویست قسە لەگەڵ خانەوادەکەم بکەم، بۆیە زەنگم بۆ مناحیم و ئایا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێدا، ئەوسا زەنگم بۆ سارا و زەکەریا لە ڕێڤیڤم لێدا و پێمگوتن کەوا حەزم لێیە بیانبینم، بەڵام زۆر ماندووم ناگەمە نەقەب. ئایا دەکرێ ئێوە بێنە لای من؟ ئەوان وایان ڕێکخست، کە نیوەشەو بە لۆری بەڕێبکەون، ئیدی هەموو باقی شەوەکە لەگەڵ یەک دانیشتین، پێکەوە دواین، جگەرەمان دەکێشا و قاوەمان دەخواردەوە. لە بەیانیدا سارا پێیگوتم کە زەکەریا و ئەو خۆیان یەکلاکردووەتەوە. ئەوان لەگەڵ مناحیم و ئایا قایلن؛ من بژاری دیکەم لە بەردەمدا نەما. "دایکە، ئێمە دەزانین ئەو کارە بۆ تۆ سامناکانە سەخت دەبێ، لەوە قورسترە، کە هەرگیز پێشبینی کرابێ، بەڵام سوک و ئاسان هیچ ڕێگای دیکەت لە پێشدا نییە- تۆ دەبێ بڵێی بەڵێ."

منیش وام کرد. لە ٧ی ئازاردا ئەنجوومەنی ناوەندی پارتی کرێکاران دەنگی لەسەر دیارکردنی من بۆ سەروەزیری دا؛ لەو دانیشتنەدا حەفتا دەنگم بۆ درا، کەس دژ نەبوو و باڵی ڕافایش دەنگی نەدا. زۆر جاران لە خۆم پرسیوە، ئاخۆ ئەو ساتە هەستم بە چی کردووە؟، حەزمدەکرد وەڵامێکی شعرئامیزانەم بۆ ئەو پرسە هەبوایە. کاتێک دەنگەکان دران دەزانمکە فرمێسک بە چاومدا هاتنەخوار و سەرم لەنێو هەردوولەپی دەستم دانابوو، بەڵام ئەوەی لەو هەستەی ئەوێم بە بیردا دێ ئەوە بوو، کە گێژ ببووم. ئاخر هەرگیز نەخشەی بوونە سەروەزیریم نەکێشابوو؛ لە ڕاستییدا نەخشەی هیچ پۆستێکم دانەنابوو. من نەخشەی هاتنە فەڵەستینم کێشابوو، بۆ ئەوەی بچمە مێرهاڤیا، ببمە کارایەک لەنێو بزووتنەوەی کرێکارییدا. کەچی بۆ ئەو پایەی ئێستا؟ نەخێر هەرگیز. من تەنیا ئەوەم زانی کە دەبێ ڕۆژانە دەبێ بڕیاری وا بدەم کار لە ژیانی ملیۆنان خەڵک بکا، پێم وا بوو لەبەرئەوەبوو، گریام، بەڵام کاتێکی زۆر بۆ کاردانەوە نەمابووەوە، هەر بیرکردنەوەیەکیش لەو ڕێچکەیەی، کە لە کیڤەوە دەستیپێکرد و منی گەیاندە نووسینگەی سەروەزیریی، لە ئۆرشەلیم دەبووایە

چاوەڕێی بکردبایە. ئەمڕۆ کە کاتم بۆ ئەم جۆرە کاردانەوانە هەیە، دەبینم هیچ زەوقێکم بۆیان نییە. من بوومە سەروەزیر لەبەرئەوەی ئەوە بوو کە بوو، بە هەمان شێوەش کابرای شیرفرۆشەکە بووە فەرماندە لە دەرەوەی شاخی هێرمۆن. هیچ کامێکمان تامێکی خۆشمان لە ئیشەکانمان نەکرد، بەڵام هەر دووکمان ئەوەی لە تواناماندا بوو کردمان.

# ١٣

# سەروەزیرەکە

دیسـان کەوتـمەوە جـوولە، ئەم جارەیـان بـۆ نشـینگەیەکی گەورەی سەروەزیر لە ئۆرشەلیم. بەڵام شوێنەکە تایبەتمەندانە سەرنجڕاکێش نەبوو، - بنگۆریۆن، شارێت و ئەشکۆلی پێشتر بەر لە من لێی دەژیان – خەریکبوو لە هەبوونی بەردەوامی پۆلیس و پاسەوان ڕادەهـاتمەوە، لە کاری ڕۆژانە کە بە لای کەمـی شـازدە سـەعاتی دەخایانـد و کەمتـرین کـاتی تایبەتیشـم بـۆ مابووەوە. ئاشکرابوو هەندێ ڕۆژ لە چاو ڕۆژەکانی دیکە ئاسانتر، کورتر و کەمتر وروژاو و گرژ بوون، من ئەوەش ناڵێم ئەو پێنج ساڵەی سەروەزیریم لە بارێکی گیانبەخشین دەژیام یاخود هەرگیز چێژم لە ژیانم نەبینیوە.

لێ گەلۆ، خولی فەرمانگەی سـەروەزیریم بە جەنگێک دەستپێکرد و کۆتاییشی بە جەنگێکی دیکە بوو. ناشتوانم بیر لەوە نەکەمەوە، ئاخۆ یەکەمین ڕێنماییم وەک سـەروەزیرێک بـۆ سکرتێری سـەربازییم ئیسـڕائیل لیـۆر چەند هێماداربوو، ئاخۆ لە تواناشمدا بـوو یـان نـا، کە دەبووایە هەر کـاتێ ڕاپۆرتی کردەوەیەکی سەربازیی پێگەیشتبا، دەردەست ئاگادارم بکاتەوە، تەنـانەت گەر لەنیوە شەویشدا بووبایە.

بە سـکرتێرە سـەربازییەکەم گـوت: "مـن دەمەوێ لە هەر سـاتێکدا بـێ بـزانم ئـاخۆ کوڕەکـان گەڕانەوە بـزانم ئەوان چۆنن." مـن وشـەی "قوربـانیم" بەکارنەهێنا بەڵام لایۆر تێگەیشت و بەوەش سامگرتی بوو.

ئەو پێـی گـوتم؛ "بە ڕاسـت خـۆ تـۆ نـاتەوێ لە سـەعات سـێی بەیانییدا زەنگـی تەلەفونت بـۆ لێبدەم. لە دوای هەمـوو شـتێکیش ئەوکـات هەر نـاتوانی هیچ لەبارەی لێقەومانەکە بکەی. بەڵێنت پێدەدەم بەیـانی پێش هەمـوو شـتێک لەوە ئاگادارت بکەمەوە."

منیش دەمزانی بەرگەی ئەو بیرۆکەیە ناگرم، شەو بە ئارامی بخەوم، لە کاتێکدا تەنانەت نەشزانم کە سەربازەکانمان لەوێ کوژراون یان بریندارکراون، من لیۆری بەستەزمانم ناچارکرد ملکەچی داواکەم بێ. کاتێک هەواڵەکە ناخۆش بووبا، ئەوا نەمدەتوانی بنوومەوە، ئیدی زۆربەی شەوان لە بیرمە بە هاتنوچوون لەو خانووە گەورە چۆڵەیەدا بەسەرمدەبرد، چاوەڕێی بەیانی و وردەکاریی زانیارییەکانم دەکرد. هەندێ جار ئەو پاسەوانانەی لە دەرەوە دەیانبینی، کە چرای ناندینەکەم لە سەعات چواری بەیانیدا هەڵکراوە، یەکێکیان بۆ دڵنیابوون لە باشیم، سەرێکی بە ژووردا دەکرد. ئەوسا چایەکم بۆ هەردووکمان تێدەکرد و لەبارەی ئەوەی لە نۆکەندی سوێس یان لە باکوور ڕوویدەدا قسەماندەکرد تا ئەو کاتەی هەستم دەکرد دەبێ بگەڕێمەوە نێو پێخەفەکەم.

جەنگی داهێزران[132] کە میسرییەکان هەڵیانگیرساندبوو، دەستپێکەکەی بۆ ئازاری ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە و ئیدی تا دەهات بە گوڕوتینتر دەبوو تا کات گەیشتە هاوینی ١٩٧٠. یەکێتیی سۆڤیەت گوشاری نەخستەسەر ناسر بۆ کۆتاییهێنان بە کاری توندوتیژیی و بکوژییەکانی ناسر، بەڵکو بە پەلەپڕوزێش هەزاران ڕێبەری ناردنە میسر تا یارمەتی سوپا تێکشکاوەکەی بدەن و دەستی یارمەتییان لە دژمان بۆ درێژ بکەن و لێشاوی چەک و کەرەستەی سەربازییان بە مەزەندەی ٣.٥ بیلیۆن دۆلار بگەیەننە دەستیان. هەر بە تەنیا میسر لە بەخشندەییەکەی یەکێتیی سۆڤیەت سودمەند نەبوو، بەڵکو سوریا و عێراقیش بەشیان بەرکەوت، بەڵام بێگومان ناسر سوودمەندی سەرەکی بوو. دوو لەسەر سێی ئەو هەموو سەدان تانک و فڕۆکە جەنگییە ڕووسیانەی ڕاستەوخۆ دوای جەنگی شەش ڕۆژە بۆ میسرییەکان تەرخانکران تا بەو هیوایە بەکاریبهێنن، کە بەدرێژایی شەڕەکەیان و لەدەستچوونی تفاقی جەنگیمان بۆ ئەوەی ئێمە توانستی مانەوەی پێگەی خۆمان لە لێوارەکانی نۆکەندا نەمێنێ و بۆ ئەوەش ورەمان وەک کەرەسەکانمان تێکبشکێنن، لە دواییدا بە ناچاری ئێمە لەسەر کشانەوە

---

[132] داهێزران: داشۆران، ئینسنزاف

له نۆکەند قایلبین بێئەوەی هیچ ئاشتییەک بەدەستبهێنین یان هەر شێوەیەکی کۆتاییهێنان بە شەڕەکە بێتە ئاراوە.

پێم وا بوو لە ڕووی تیۆرییەوە، شتەکە بۆ ناسر و ڕووسەکان ئاسان بێ. ئەگەر ئەوان بەردەوام بان لەسەر کوتانەی بەرەکانی پێشەوەی نۆکەندەکە- ئەوا ژیانی سەربازە ئیسرائیلییەکان لەسەر زەوییان دەکردە دۆزەخ- ئەو کات زوو یان درەنگ (لەوانەش بوو زوو بووایە) ملمان بۆ کەچکردبان. لە دواییشدا ئەوە نە لە میسرییەکان شاراوە بوو نە لە یەکێتیی سۆڤیەتیش کە هەر قوربانییەکی ئیسرائیلی، هەر ڕێوڕەسمەکەی ناشتنی سەربازێکی ئیسرائیلیی، هەر کۆستکەوتنی خانەوادەیەکی ئیسرائیلی وەک خەنجەرێک وابوو، لە جەرگی هەموو نەتەوەکە بدرێ، منیش زۆر باش تێگەیشتم ئاخۆ بۆ چی ناسر و پشتیوانەکانی دڵنیان، کە ئێمە لە کۆتاییدا ملیان بۆ دادەنەوێنین. کەچی ئێمە وامان نەکرد- چونکە نەماندەتوانی ئەو شتەیان پێشکەشبکەین. ئێمە زۆر بە شەوق نەبووین بۆ هیچ جەنگێکی دیکە- نە میسرییەکان و تەنانەت نە ڕووسەکانیش- بەڵام بە ڕەهاییەوە ئێمە هیچ جێگرەوەیەکی دیکەمان نەبوو. تاکە چارە بۆ ڕێگرتن لەو شەڕە سەرتاسەرییە، کە خودی ناسر شەو و ڕۆژ جاڕی بۆ دەدا و ئامانجەکەشی شەڕی داهێزران و زەبروەشاندنەوە بوو، ئەوە بوو زەبرێکی کوشندە لە دامەزراوە سەربازییە میسرییەکان بدرێ، ئیدی سوپای میسری بکرێتە ئامانج، ئینجا وەنەبێ تەنیا لەسەر هێڵەکانی ئاگربەس بەڵکو لە نێو قووڵایی خاکی میسر خۆشیدا، خۆ ئەگەر هاتبا و پێویستیش بووبا، ئەوا دەبووایە پەیامەکەمان بەرەو جەرگەی میسر بردبا. ئەوەش بڕیارێکی ئاسان نەبوو بدرێ، بە تایبەتیش لەو کاتەی دەمانزانی سۆڤیەتیەکان زۆر خۆیان هەڵقورتاندۆتە نێو کاروباری میسریی. (ڕێکەوتێکی سەیریش بوو دوای ڕەوشی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، هەر بە ڕاستی ئەوە یەکەمین دەستوەردانی سۆڤیەت بوو لە دەرەوە). بۆیە ئێمە بە دوودڵی دەستمان بە ستراتیژی "قووڵکردنەوە" کرد تا فڕۆکەکانمان بۆ تۆڵەکردنەوە بۆردومانی مۆڵگە سەربازیەکانیان بکەن بەو هیوایەی گەلی میسر گوێیان لەو

فڕۆکانە بێ، کە بەسەر فڕۆکەخانەی قاهیرەوە دەسووڕێنەوە، بەوەی چیدی نەتوانن لە هەردوو بەری جۆگەکە بخۆن: شەڕ بۆ ئێمە و ئاشتیش بۆ خۆیان.

لەو کاتەوە تا ئێستا ئەوەندە شت قەوماوە، لەوانەیە زۆر کەس بە جۆش نەبێ بۆ خوێندنەوەی شت لە بارەی جەنگی داهێزران. تەنانەت ئەو چیرۆکە سامناکانەی کەشتییەکانی سۆڤیەتی، کە بە نهێنییەوە بەرەو میسر دەهاتن و بارەکانیان دادەگرتن کە ڕۆکێکتی SA-3 زەوی بۆ هەوایان تێدابوو، لە میسر دایانمەزراند، ئەو ڕۆکێتانە لە لایەن شارەزا سۆڤیەتیەکان لە ناوچەی نۆکەند دامەزران و کاریان پێکرا، ڕەنگبێ هەنوکە مایەی پەرۆشی و سەرنجڕاکێشان نەبێ، هەرچەندە ئێمە هەموومان دەمانزانی چۆن لە پایزی ١٩٧٣دا ئەو ڕۆکێتانەمان لە دژدا بەکارهێنران، بەڵام بۆ ئێمە جەنگی داهێزران جەنگێکی ڕاستەقینە بوو، ئەوەش هەموو هەوڵ و کۆششێکی لێبڕاوەیی، ئازایەتی، توانا و کارامەیی سەرباز و فڕۆکەوانەکانمانی گەرەکبوو تا دەست بە هێڵەکانی ئاگربەستەوە بگرین، بە بێ گوێدانە قوربانییەکان ڕێ لە جموجۆڵی دانانی بنکەی ئەو ڕۆکێتانە بگرین، کە ڕاهێندراوە میسرییەکان و مامۆستا ڕووسەکانیان لە نزیک هێڵەکانی ئاگربڕ لە نۆکەندا خەریکی دانانیان بوون. بۆ ئەوەش هێشتاش توانامان سنوردار بوو هەر بە تەنیا ئەو کارەبکەین. ئێمە دەبووایە پاڵپشت و یارمەتی، فڕۆکەی جەنگی و چەک پەیدا بکەین، دەشبووایە زوو بەدەستی بهێنین.

لەوێ تەنیا یەک دەسەڵاتی جیهانیی هەبوو کە ڕووی تێبکەین: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دۆستە مەزن و دێرینەکەی خۆمان، ئەوەی کە فڕۆکەی پێ دەفرۆشتین بەڵام نەیکرد، لەو کاتەدا پێدەچوو تەواو لە دۆخەکەمان تێبگا؛ ئێمەش لەوە دەترساین لە هەر ساتێک کۆمەکمان لێببڕێ. سەرۆک نیکسۆن لەوە پتربوو هەر بە تەنیا دۆستێک بێ، بەڵام خۆ نە ئەو نە وەزیری کاروباری دەرەوەش ویلیام ڕۆگەرس لە ڕەتکردنەوەی ئێمە بۆ پەژراندنی هەر چارەسەرییەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لە لایەن ئەوانی دیکە بە زۆر بەسەرماندا بسەپێنن هاوسۆزمان نەبوون. بیرۆکەی ڕۆگەریش ئەوەبوو کە ڕووسەکان، ئەمریکاییەکان، فەرانسییەکان و بەریتانییەکان هەقە بە یەکەوە لە شوێنێک دابنیشن کار لەسەر سازانێکی"

لیوەشاوە" چ بۆ عەرەب چ بۆ ئێمە بکەن. ئەو جۆرە سازاندنەم چەند جارێک بـــۆ ڕۆگەرس ڕوونکردبـــووە، ڕەنگبـــێ ببێـــتە مـــایەی ڕەزامەنـــدبوونی خاوبوونەوەی گرژیی نیوان ولاتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت، بەلام بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی دەستەبەری فەرمانبەردار بۆ سەلامەتی ئیسرائیل ناداتەدەســـت. ئایـــا ئەوەش چـــۆن بـــوو؟ ڕووســـەکان هەمـــوو جەنگـــی میسرییەکانیان کۆمەککردووە و قۆستووەتەوە، فەڕەنسیەکانیش هەروەک ڕووســـەکان پتـــر بە لای عەرەبـدا شـكاندویانەتەوە؛ بەریتانییەکـانیش زۆر دوورنەبوون لە فەڕەنسییەکان؛ تەنیا ئەمریکاییەکان بوون خەمی مانەوەی ئیسرائیلیان هەبێ. بە لای هەر باشیەوە سێ بەرانبەر یەک بوون، منیش بۆچوونم وا نەبوو، کە چارەسەرییێکی کارا لەژێر ئەو بارودۆخەدا بێتەئارا. لە سەرێکی دیکەشەوە ئەگەر ئێمە کارێکی نابەدڵی هەردووکیان سەرۆک نیکسن و مستەر ڕۆگەرس بکەین، لەوانەیە چەکمان هەر دەستنەکەوێ. دەبووایە شتێک هەر بکرابایە تا لەو تەنگژەیە دەرباز بووباین.

ڕێگام بدەن ئەوە بڵێم، کە بە خۆم لە سەرەتاوە هەمیشە ویلیام ڕۆگەرسم بە دڵ بوو. ئەو کەسێکی زۆر جوان، زۆر زمانشیرین و زۆریش بە حەوسەڵەبوو، لە کۆتاییدا هەر ئەویش بوو پێشنیازی ئاگربەستی لە ئابی ١٩٧٠دا هێنایە پێشەوە. لێ (هیوادارم سەبارەت بەم نووسینەم لێم ببورێ) گومانم هەبوو ئەو هەرگیز لەپاشخانی شەڕی عەرەب لە دژی ئیسرائیلدا تێگەیشتبێ یان هاتبێتە سەر ئەو ڕایە، کە گفتاری سەرزاری سەرکردە عەرەبەکان وەک هی خۆی ڕاست و دروست بێ. لە بیرمە چەند بەجۆش و پەرۆشـــەوە باســـی یەکەم ســـەردانی بـــۆ ولاتە عەرەبییەکـــان بـــۆ کـــردم و چۆنیش بە باری :"تێنوێتی فەیسەل بۆ ئاشتی" کارانگاز بوو. ئەگەر ڕاستبا وەک زۆر جوامێری دیکە، کە ناسیومن بە مەزندەی ڕۆگەرس- بە هەڵە و بۆ بەدبەختی- گوایە سەتاپای دونیا هەر جوامێری تێدان.

هەموو هەوڵوتەقەللام بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردەکانی عەرەب پەیوەندی ببەستم، شەپرێویانە شکستم هێنا. لە یەکەم ڕۆژیشم کە چـــوومە نووســـینگەی ســـەرورەزیریی، ڕامگەیانـد: "ئـێمە ئامـادەین لەگەڵ دراوسێکانمان وتوێژ لەسەر ئاشتی بکەین، ئەوسا هەر ڕۆژێک بێ و با

لەســـەر هەمـــوو پرســـەکانیش بـــێ"، دوای حەفتـــا و دوو ســـەعات ئەوە خوێندرایەوە، کە ناسر وەڵامێکی هەبوو؛ "لەوێ هیچ دەنگێک بەسەر دەنگی جەنگ ناکەوێ.... هیچ بانگەوازێکیش لە هی جەنگ پیرۆزتر نییە." ئیدی نە کاردانەوە لە دیمەشق، عەممان یان بەیروتەوە نەبوو کە هاندەرانە بێ. بۆ ئەوەی تەنیا یەک نمونەی کاردانەوەی جیهانی عەرەب وەک خۆی بەرانبەر داوای دەستبەجێی من بۆدانوستاندن بهێنینەوە، لە خوارەوە بڕگەی وتارێکی ڕۆژنامەیەکی بەرچاوی ئوردنییە، لە حوزەیرانی ١٩٦٩دا بڵاوکراوەتەوە:

**".... خانم مایەر خۆی ئامادەکردووە بچێتە قاهیرە تا لەگەڵ سەرۆک ناسردا گفتوگۆبکا، بەڵام بۆ نەگبەتی ئەو بانگهێشت نەکراوە. ئەو پێی وایە کە ڕۆژێکی خۆشی بێ چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەرهەڵدێنێ. گۆلدا مایەر وەک داپیرەیەک ڕەفتاردەنوێنێ، کە لە کاتی نوستندا چیرۆک بۆ نەوەکانی بگێڕێتەوە...."**

هەســتێکی وام لا پەیــدابوو وەک ئەوەی ئــێمە لە مەنــگەنە درابــین. هەموو کاتێک هەر جەنگ لەپێشەوە بوو، خەڵکی هەندەران دەیانپرسی ئاخۆ نیازی ڕاستەقینەی ئێمە ڕووخاندنی ناسرە- وەک ئەوەی ئێمە لە وێمان دانابێ و هەنوکەش نەخشەی گۆڕینیمان هەبێ. ئەوەی تووڕەی دەکردم و هەروەها پرسیاریشمان لێ دەکرا ئاخۆ بۆمبارانەکانمان بۆ قوڵایی میسر شتێکی پێویستە و کارێکە دەچێتە خانەی بەرگری لەخۆکردن وەک ئەوەی کەسێک بوەستێ تا بکوژەکەی بە ڕاستی بیگاتێ و پێش ئەوەی لە ڕووی مۆراڵەوە ڕێگەی بەرگری پێبدرێ، کە بەر بە هەوڵی کوشتنەکەی بگرێ، بە تایبەتیش —لە باری ناسردا- ئێمە هیچ گومانمان لە نیاز و مەبەستی ئەودا نەمابوو.

ئەو دەمەش کورت و پڕئاستەنگ بوو، کەسیش بارەکەی بۆ سووک نەکردم بەوەی میراتگری ئەشکۆل بووم لەحکوومەتی یەکێتیی نەتەوەیی کە بلۆکی دژە سۆشیالیستی وەک گاهال (لەباڵی ڕاست و توندڕەوەکانی پارتی هێروت و پارتی لیبرالی نەرمڕەوتر بەڵام بچووک پێکهاتبوو) کە مناحیم

بـیگن[133] رابەڕایەتـی دەکـرد. بە تەواوی بەدەر لەوە، هەمیشـە جیـاوازییەکی زۆری بنگەیـی ئایـدیۆلۆژی بەرچـاو لە نێـوان بـاڵی چەپ و ڕاسـتی نمایشـی سیاسـییانەی ئیسـڕائیلدا هەبـوو، لەوێـدا جیـاوازی قەبەی جدیش لە شـێوەی خۆلەقەرەدانی بارودۆخ هەبوو، کە ئیسڕائیل هەنوکە خۆی تێدا دەبینێتەوە. لە حوزەیرانـدا وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ئەمریکـا ڕۆگەرس پێشـنیازیکرد، ئیسڕائیل بە ئامانجی ئاشتییەکی ڕەوا و درێژخایەن لە ژێر سەرپەرشتی د. جارینگدا[134] گفتوگۆ لەگەڵ میسر و ئوردندا بکا. گفتوگۆکانیش لەسەر بنەمای "پێزانینـی دوولایەنە بـۆ سـەروەری یەکـدی، یەکێتـی دانەبـڕاوەی خـاک و سەربەخۆیی سیاسییانە و کشانەوەی ئیسـڕائیل لەو ناوچانەی، کە لە شـەڕی ١٩٦٧دا کەوتونەتە بن دەستی"، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی بڕیاری ٢٤٢دا دەبێ. هەروەهـا ئەو پێشـنیازی ئەوەشـی کـرد ئاگربەسـت لەگەڵ میسـر کە بە هـۆی جەنگـی داهێـزران تێکشـکاوە، بە لای کەمـی بـۆ مـاوەی ٩٠ ڕۆژ نـۆژەن بکرێتەوە. گاهـال هەرچەندە بە ڕژدبوونەوە لەسـەر ئەو ڕاسـتییە وەسـتا، کە سیاسـەتی حکومەتی ئیسـڕائیل هەر لە ١٩٦٧ەوە –هێشـتاش تـا ئەو ڕادەیەی کە گاهــال خەمیەتــی– ئەوە بــووە هێزەکــانی بەرگــری دەبــێ لە هێڵەکــانی ئاگربەستەکە بمێننەوە تا ئاشتی بەرقەرار دەبێ. هەڵبەتە بە شێوەیەکی فەرمی گۆشەنیگای خۆی هەبوو. دەمزانی من دەبێ لەسـەر گـۆڕینی سیاسـەتەکەمان بـۆ قایلکردنیـان بچـمە کێنێسـت، بەڵام ئەوە قەیـدینەبوو ئـاخۆ مشـتومڕەکەم چەنـد چڕوتونـد دەبـێ بەوەی، کە بـارودۆخەکە گـۆڕاوە. سـەرەڕای ئەوەی پێشـنیازی ئاگربەسـتەکە پەژرێنـدراوە، گاهـال ڕازینەبـوو هـیچ دانوسـتاندنێک لەبارەی بابەتی کشانەوە لە ناوچەکان بکرێ تا ئاشتی نەیەتە کایە.

---

133 Menachem Begin (١٩١٣–١٩٩٢) لە ١٩٧٧ بووە سەروەزیری ئیسرائیل لەسەر حزبی لیکود. هەر بۆ زانیاری، دوو کتێبی بێگنم بە ناوەکانی (یاخیبوون و شەوە سپییەکان) کردوونەتە کوردی، کە زانیاری زۆریان لەبارەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە تێدایە. وەرگێڕ

134 Dr. Jarring (١٩٠٧–٢٠٠٢) دیپلۆماتێکی سوئێد و نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە سەرەتای حەفتاکاندا–وەرگێڕ

هەوڵمـــدا بـــۆ مســـتەر بـــێگن ڕوونـــبکەمەوە: "بەڵام ئـــێمە هـــیچ ئاگربەستێکمان نابێ مەگەر هەندێ مەرجی ناخۆش پەسەند نەکەین. لەوەش پتر ئێمە گەر وانەکەین چەکمان لە ئەمریکاوە دەستناکەوێ." پێیگوتمەوە: "مەبەستت چیە کە چەکمان لە ئەمریکاوە دەستناکەوێ؟ ئێمە داوا لە ئەمریکا دەکەین." من نەمتوانی بیهێنمەڕایێ، هەرچەندە پابەندبوونی ئەمریکاییەکان بە مانەوە و ڕزگاربوونی ئیسرائیل شتێکی مەزنە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە مستەر نیکسن و ڕۆگەرس پتر هەیە وەک ئەوان پێویستیان بە ئێمە هەبێ و ناشکرێ تەواوی سیاسەتی ئیسرائیل لەسەر گریمانەیە بنیات بنێین، کە جووەکانی ئەمریکا بتوانن نیکسۆن ناچاربکەن ڕەوشێک وەربگرێ دژ بەخواستی خۆی. کەچی گاهال بە ڕەوانبێژییەکەی خۆی سەرمەستبوو، خۆی هێنابووە سەر ئەو بڕوایە، گوایە هەموو ئەوەی لە سەریەتی ئەوەیە، بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵێ ئێمە مل بۆ هیچ گوشارێک شل ناکەین ئەوسا هەرچۆنێک بێ، ئەگەر ڕۆژێکیش ئەوەمان کرد ئەوا گوشارەکان نامێنن. من دەتوانم تەنیا بڕوای ئەو بە سۆفیزمی بچوێنم، چونکە بە دڵنیاییەوە وەک ئەوەی من زانیبێتم لەسەر بنەمای واقعییانە ڕۆنەنرابوو، ئەمڕۆش کە بیر لەوەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا قەوما، دەکەمەوە، دەلەرزم. خۆ ئەگەر هاتبا ئێمە لە ١٩٦٩ و ١٩٧٠دا بە شێوەیەکی خۆ تێکدەرانە جووڵابینەوە وەک گاهال خوازیاربوو، ئەوا ڕەوش خراپ دەکەوتەوە. دەکرا لە ١٩٧٠دا هیچ کۆمەکی سەربازییانەی وڵاتە یەکگرتووەکانمان پێنەگا، ئەوسا جەنگی یوم کیپور بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر دەبوو.

کاتێ لە ئابی ١٩٧٠دا هەر چوار وەزیرەکەی گاهال لە کابینە دەستیان لە کار کێشایەوە، ئەوەش لەسەر بنەمایەکی نابەجێ بوو، بەوەی گوایە قایلنامەی حکومەتی ئیسرائیلی بۆ ئاگربەست سەرەتایەکە بۆ کشانەوەیەکی بێمەرج لە هێڵەکانی ئاگربڕدا، لە ڕاستییدا دەست لە کار کێشانەکە بۆ خودی خۆم شتێکی ناکاو نەبوو. لەبەرخاتری ئەوەی کێشەیەکی دیکەی لاوەکی بەرۆکمان نەگرێ، داوامان لێکردن بمێننەوە، بەڵام سەرسەخت بوون و نەگەڕانەوە. دەردێکی دیکەی کوشندەی ژیانم کاتێ سەروەزیربووم- لەو ڕەوشەش چەندان مانگی خایاند تا لێیڕاهاتم- ئەو

سەربەستییەی وەزیرەکان بوو لە درکاندنی ڕازونیازەکان لەگەڵ ڕۆژنامەگەرییدا، دەبوایە زۆر بە نەزاکەتەوە چارەی بکەم. بەردەوام دزەکردنی کۆبوونەوکانی کابینە زۆر تووڕەی دەکردم، هەرچەندە من گومانی خۆشم لە سەرچاوەی دزەپێکردنەکانەوە هەبوو، بەوەی هەموو بەیانیان لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەکان بە ناوی پەیامنێری دیپلۆماتیمان دەمبینی، بەڵام نەمدەتوانی بیسەلمێنم، بۆیە نەمتوانی شتێکی زۆریان دەرهەق بکەم. کەچی ستافەکەم بە خێرایی ئەو ڕۆژی دوایی کۆبوونەوەی کابینەکە دەیاندیتم ڕەشهەڵگەڕاوم و زۆریش تووڕەم، چونکە لە کاتی بەرچایی بەیانیانمدا هەندێک شتی شێوێندراوم لە ڕۆژنامەکان خوێندبووەوە، کە نەدەبووایە ئەو بابەتانە بخرابانە سەر ڕووپەڕیان چ بە شێواوی چ وەکی دیکەش. بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم، ئەو شتانە خەم و مەڕاقی سەرەکیم نەبوون. کێشەی ڕاستەقینە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە گۆڕێدا بوو دەستەبەرکردنی مانەوە و ئاشتیمان بوو.

ئەوسا دوای چەند مانگێک لە چوونم بۆ نوسینگەی سەروەزیریی، بڕیاری خۆمدا. من دەبووایە بە خۆم بچمە واشنتن-ئەگەر بێت و ڕێکبخرێ- تا قسە لەگەڵ سەرۆک نیکسندا بکەم، قسە لەگەڵ نوێنەران و سیناتۆرەکان بکەم و ئەوەشم بۆ دەربکەوێ ئاخۆ خەڵکی ئەمریکا هەستی بەرانبەرمان چییە و چۆنمان لێ تێدەگەن، ئاخۆ حەزیان لێیە کۆمەکمان بکەن. من بۆ خولەکێکیش خۆم لەخشتەنەبرد بەوەی گوایە هێزێکی جادوییم بۆ قەناعەتپێهێنانیان هەبێ. لە دواییشدا لەوەدا سەرنەکەوتم ڕای مستەر ڕۆگەرس لەمەڕ پێویستی ڕووسەکان بۆ بەشداریکردنیان لە چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بگۆڕم – هەرچەندە بە پێی توانا هەوڵوتەقەللای خۆشم دا. منیش چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد پتر لە پیاوە زێدە بەهرەدارەکانمان وەک وەزیری کاروباری دەرەوەمان ئابا ئیبان یان باڵوێزە نوێیەکەی واشنتۆنمان ژەنەڕاڵ ئیسحاق ڕابین[135] کارەکە فراژیتربکەم. بەڵام هەستم بە

---

[135] ئیسحاق رابین: (١٩٢٢-١٩٩٥) دووجار بووەتە سەرەوەزیر و لە ١٩٩٥یشدا بەدەستی توندڕۆییێکی ئیسرائیلی کوژرا-وەرگێر

پێویستییەکی زۆر قوڵ کرد کە لەو شوێنەی لێیوەستاوین و بە خۆشم دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکا قوڵتربکەمەوە، کە مایەی پەرۆشیمان بوو، کابینەش پێی وا بوو کارێکی باشە بە خۆم سەردانەکە بکەم. هەر کاتێکیش بانگهێشتننامە فەرمییەکەی کۆشکی سپیمان پێگەیشت، دەستمان بە خۆئامادەکردن کرد.

بە دڵنیاییەوە گومانم لە ئاسۆی سەرکەوتنەکانەوە هەبوو. هەرگیز ڕیچارد نیکسنم نەدیتبوو، تەنانەت زۆریشم لە پیاوەکانی دەوروبەری نەدەناسین. هیچ بیرۆکەیەکی وام نەبوو ئاخۆ سەرەک چیم پێدەڵێ؛ هەموو ئەو شتەی دەمزانی، ڕەنگبێ وەهاش حیسابم بۆ بکا (یان بایی ئەوەندەم لێتێبگا)، کە من سەروەزیرێکی قۆناخی گواستنەوەی سەردەمیم کە لە وڵاتەکەی خۆی سەنگێکی زۆری نییە و ڕەنگبێ هەڵیش نەبژێردرێتەوە، بەڵام لە یەک شت خاترجەمبووم؛ ئەوسا سەرنج و تێبینی هەر چییەک بێ، خۆ دەبێ هەموو کێشە و ئاستەنگەکانمان زۆر ڕاشکاوانە بخەمە بەردەم و هەوڵی قەناعەتپێهێنانیشی بدەم، بێگومان بەشێکی زۆریش دەکەوێتە سەر ئێمە بەوەی داوای سازان و دەستبەردابوونی هەندێ شتمان لێبکری، بەڵام نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین دەستبەرداری خەونی ئاشتی بین یان هیچ جەنگاوەرێکمان یەک بست بکشێنینەوە تا ڕێککەوتن لەنێوان عەرەب و ئێمەدا نەکرێ. ئەوەش هەر هەموو شت نەبوو. ئێمە بێ ئەندازە پێویستمان بە چەک هەبوو، هەستمکرد دەبێ بە خۆم داوای ئەوەی لێ بکەم. لەو ڕووەوە پەیامەکەمان زۆر ئاڵۆزکاو نەبوو، بەڵام پێم وا بوو دەبووایە لە مرۆڤ کەمتربووبام یان گەوجێک بوومایە ئەگەر لەکاتی گەیاندنی پەیامەکان زێدە شپرزە نەبووبام.

خۆئامادەکردنە تایبەتیەکانم زۆر سادە بوون. دووکراسی ئێوارانەم کڕین (یەکێکیان قوماشێکی خوری قەیتاندار و مەخمەڵێک کە لە فراوێنی کۆشکی سپیدا پۆشیبووم)، قاتێک، جوتێک شەپقە (کە هەرگیز نەمکردە سەرم) و چەند دەستوانەیەکیش. وەک دەربڕینێکی دۆستایەتییێکی نمونەیی سەروک نیکسن وای بینی کە کلارا و مناحیمیش و خێزانەکەی بانگ بکرێنە سەر خوانی ئێوارەی کۆشکی سپی، کە لە یەکەم ئێوارەم لە واشنتندا لەسەر

شـەڕەفم سـازدرا و ئـێمەش وامـان ڕێکخسـت، لە ٢٤ی ئەیلـوول لە فیلادیلڤیا ببینین (ئەوەش لەبەرهەندێک هۆی- لەوانە هۆیەکی گرنگی مێژوویی- چونکە وا باوبوو کە یەکەم هەنگاوی مێوانێکی دەرەوەیە). لە فیلادیلڤیاوە بە کۆپتەر لە چیمەنـی کۆشـک نیشـتینەوە. بەو هەمـوو ڕێکارانەشـەوە کە کـران، مـن هەفتەکانی پێش دەرچوون ئازادبووم تا لەگەڵ ڕاوێژکارەکانم بەسـەربەرم، نەخاسمە لەگەڵ دایان و بالێڤی سوپاسالار بۆ ئەوەی لیستێکی شتکڕینەکان ئامـادەبکەین و لەگەڵ خۆمـدا بیبەمە واشـنتن. لە پـاش ئەو داوا دەقـاودەقەی بیست و پێنج فڕۆکەی جەنگی فانتۆم و شیهۆوکدا، لە نەخشـەم دابوو داوا لە سەرۆک بکەم قەرزێکی ساڵانە دووسەد ملیۆن دۆلارمان بە سوویێکی کەم بۆ ماوەی پێنج ساڵان بداتێ، تا پارمەتیمـان بدا ئەو فڕۆکـانەی کە هیوامـان وایە پێمان بفرۆشرێ بکڕین. من دەبێ ئەوە ڕوون بکەمەوە، یەکەمـین سـەرۆکی ئەمریکـا، کە فەرمانیـدا فڕۆکەکـانی فـانتۆم و شـیهۆکمان بـدرێتێ سـەرۆک جۆنسـۆن بـوو، کە ئەشـکۆل لە تێکسـاس سـەردانی کردبـوو، بەڵێنیـدابوو "هاوسـۆزییەکی بایەخـدار" بە داواکانمـان دەدا، بەڵام ئەو شـتە هەنـدێ کـاتی ویست تا یەکەم شیهۆک بە ڕاستی وەربگرین، بۆیە منیش دڵنیابووم تەنـاتەت ئەگەر سـەرۆک نیکسـنیش قـایلبێ فانتۆمەکانمـان پێبفرۆشـێ، ئەوا لە توانـای ئێمەدا نییە بەخێرایی وەری بگرین، مەگەر بتوانم بیهێنمەسـەر ئەو بڕوایە، کە بـارودۆخی چەکـداریی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا لاسـەنگە. هەرچـی لە بـارەی پارەش بوو، پێم وا بوو ڕەنگبێ دەستمان بکەوێ (هەرچەنـدە پـارەش شـتێک بـوو، مرۆ نەیدەتوانی هەمیشـە لێی دڵنیـابێ) ئەگەر هـۆیەکی دیکە نەبێ ئەوا متمـانەی قەرزدانەوەمـان نایـاب بـوو. وەک ڕاسـتییەکی پرسـەکەش، ئیسـڕائیل هەرگیز لە هیچ قەرزدانەوەیەکی نەوەخراوە. تەنانەت لەسەر ئەو بابەتە کەیفم بەوە هـات، کە بهێنمەوەیـاد چـۆن لە ١٩٥٦-١٩٥٧دا دوای هەڵمەتـی سـینا و کاتێـک ئـێمە قەرزە زۆرەکەمـان لە بـانکی هێنـان و هـاوردەکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پێگەیشتبوو، دایەوە (ئەوەش کاتی بوو کە هەڵوێستی فەرمـی ئەمریکا لە بەرانبەرماندا بەڕاستی زۆر باشبوو) بۆیە ئێمە لە خۆمان ڕادەبینی داوای دواخسـتنی دانەوەی قەرزە زۆرەکە بکەیـن. ئەو کـات لە ئیسـڕائیلدا بێبازاڕی بوو، بە ڕاستی زۆر سەختیش بوو گەسکێک لەو پارەیە بدەین، کە

هەمان بوو؛ بەڵام ئێمە هەردوو دیوی پرسەکەمان هەڵسەنگاند و لە دواییدا بڕیارماندا، هەرچەندە پرسەکە بۆ مان قورسیش بێ، نابێ تەنانەت لەو ڕۆژەشدا شتەکە پشتگوێ بخەین. ئیدی من هەرگیز ئەو نیشانە سەرسوڕمانییەی ئابا ئیبان لەبیرناکەم، کە لەکاتی خۆیدا چووە بانکی هێنان و هاوردەکردنی ئەمریکا لە واشنتن و چەکی پارەدانەکەی دانەوەدەست.

هەر چۆنیک بێ، لەنێو فڕۆکە دا، لە گژ هزران ڕاچووبووم، هەوڵمدەدا ئەو مەتەڵە هەڵبێنم ئاخۆ سەردانەکەی من بۆ لای سەرۆک نیکسن لەچی بچێ و ئاخۆ تا سەر بەردەوام دەبێ. بە گشتی لەو ئاهەنگەپێشوازییەش دڵنیانەبووم، کە لە وڵاتە یەکگرتوەکان بۆم سازدەدرێ. پاش جەنگی شەش ڕۆژە من بە گەرمی و خۆشەویستی و شانازییەوە لە لایەن جووەکانی ئەمریکاوە بەخێرهاتنم لێکرا؛ بەڵام لەو کاتەوە تا هەنوکە دووساڵی ڕەبەقی بەسەردا ڕۆیشتووە، واش وێدەچێ لەو ماوەیەدا ئەو جۆش و خرۆشییە بۆ دۆزی ئیسرائیل هەندێ لە پاشەکشە دابێ. کەچی خۆ پێویست نەبوو من ئەوەندەش نیگەران بم.

لە فڕۆکەخانەی فیلادلڤیاوە حەشاماتێکی هەزاران کەسی چاوەڕێیان دەکردم؛ بە سەدان منداڵی قوتابخانەکان، گۆرانی "هێڤینو شالۆم ئەلێیخم" دەگوت و ئاڵا و دروشمەکانیشیان بۆ دەشەکاندمەوە. لەبیرمە لەسەر یەکێ لە دروشمەکان نوسرابوو؛ گۆلدا، ئێمە خۆشمان دەوێی. منیش بیرمکردەوە، ئەمەیان ناسکترین دەربڕینە بۆ پشتگیریی ئیسرائیل – هەر هیچ نەبێ بۆ من-کە تا ئێستا بینیبێتم. بە ڕاستییش من هیچ بیرۆکەیەکم لەوە پتر نەبوو کە بە ڕوویان پێبکەنم و دەستیان بۆ ڕابوەشێنم، بە ڕوونوئاشکرا بەو گەنجانە بڵێم، کە بە دڵنیاییەوە منیش خۆشم دەوێن. ئاوا تەنیا دەستم بۆ ڕاوەشاندن و بە ڕوویاندا پێکەنیم زۆریش شادمانبووم، کە خانەوادەکەی خۆم بەدیکردن. لە گۆڕەپانی سەربەخۆیی شارەکە ئاپۆرایەکی پتر لە ٣٠،٠٠٠ جووی ئەمریکایی بۆ پێشوازییم گردببوونەوە، زۆریشیان بۆ ماوەی چەندان سەعات لەوێ وەستابوون. نەمدەتوانی ڕوخساری هەموان لەبەر پاڵەپەستۆی پۆلیس و بەربەستەکەیان و چەپڵەلێدانەکانیان ببینم. هەر زۆر بە کورتی قسەم بۆ

کردن، بەڵام وەک کەسێک پێمبڵێ؛ "خۆ دەکرا لاپەڕەیەکی تەلەفوننامەش بخوێنیتەوە و ئاپۆراکەش هەر شادمان دەبوون."

شەو لە فیلادلفیا ماینەوە، بۆ بەیانییەکەشی بەرەو واشنتن فڕین. هەموو شەوەکە هەر دەباری، ئاسمان هێشتا هەر هەور و خۆڵەمێشی بوو، وەک ئەوەی دیسان ببارێتەوە. کەچی (وەک ئەوەی لە لایەن کۆشکی سپییەوە ڕێکخرابێ) دوای دوو خولەک لە دابەزینی کۆپتەر و سواربوونی لیمۆزین، ڕۆژ بەسەر چیمەنەکەی کۆشکی سپییەوە سەری دەرهێنا. سەرۆکیش یەکسەر کاری بۆ ئاسان کردم. یارمەتیدام لە ترومبێلەکە داببەزم، خانمەکەی نیکسۆنیش دەسکە گوڵە باخێکی سووری گەورەی دایە دەستم. ئەوەش شێوازێکی نیکسن بوو بۆ بەخێرهاتنم، کە وای لێ کردم هەر لە سەرەتاوە هەست بە ئاسودەییەکی وەک ماڵ بکەم و منیش سوپاسگوزاری هەردووکیان بووم.

ڕێوڕەسمە فەرمییەکە بە ڕاستی فەرمیی بوو، زۆر بە بریق و باق بوو. سەرۆک و من لەسەر سەکۆیەکە وەستابووین، کە بە مافوری سوور داپۆشرابوو، لەو کاتەشدا دەستەی دەریاوانیی (مارینز) هەر دوو سروودی نەتەوەیی لێدەدا. گوێم لە سرودی هاتیکڤا گرت، بیریشم لەوە دەکردەوە، کە خۆم بە ئارامگرێکی تەواو عەیار نیشانبدەم، هەرچەندە چاوەکانیشم پڕببوون لە فرمێسک. ئەوە من بووم لەوێ، سەروەزیری دەوڵەتی جوو، دژی ئەو بارودۆخە ناهەمووارە پەیدابووە و هەنوکەش لەگەڵ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا وەستاوە و وڵاتەکەشم ئەوپەڕی شەرەفی سەربازیی پێدەبەخشرێ. لەبیرمە بیرم لەوە دەکردەوە؛ " ئای ئەگەر تەنیا کوڕەکانی نۆکەندەکە دەیاندیتم،" بەڵام دەمزانی بە لای کەمی بە هەزاران خەڵک ئەم ئێوارەیە لە ئیسرائیل لە ڕێگای تەلەفزیۆن سەیری ڕێوڕەسمەکە دەکەن و هەروەک منیش لە دڵەوە خرۆشاون. لەوانەیە نەتەوەی دیکە ئەو ڕێوڕەسمەیان مسۆگەر بێ، بەڵام هێشتا بۆ ئێمە وا نەبوو. لە ڕاستییدا هەمووی لە خەونێک دەچوو، کە ساڵانێک پێشتر لەگەڵ هاوڕێکانمدا هەندێ جاران قسەمان لەسەر ئەوە دەکرد، ئاخۆ چیدەبێ ئەگەر ئێمە هەر بە تەنیا دەوڵەتی خۆمان نەبێ بەڵکو کەشوفشی دەوڵەتایەتیش.

وتەکانی مستەر نیکسن کورت و پوخت بوون. ئەو لەبارەی ئەوە قسەی کرد، کە ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئاشتیدایە لە ڕۆژهەلاتی ناوین و هەندێ ستایشی جوانیشی کردم. ئەو گوتی هیچ شتێک لەیەک کۆبوونەوەدا چارەسەرناکرێ، تەنانەت بە چەندان کۆبوونەوەش هەر ناکرێ، بەلام خەبات بۆ گەیشتن بە ئاشتی لە پێشنۆرییە هەرە سەردەقەکانی دایە. منیش هەر وا بە کورتی قسەم کرد. من چەند وشەیەکم نوسیبووەوە-ئەوانیش لەبارەی ئاشتی و دۆستایەتی بوون- هەر ئەوانیشم خوێندنەوە، بەلام من بۆ ئەوە نەهاتبوومە کۆشکی سپی، کە تەنیا گوێ لە وتەی کورت بگرم یان وتەی کورت بلێم، یان تەنانەت دەستەی هێزی پاسەوانی شەرەف بپشکنم- هەرچەندە پێم وا بوو من بە جوانی جوولاومەتەوە و هەموو شتێکیش ڕێک و ڕەوان دەڕوا.

کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک بە قەد پێشوازییکردنەکەی سەرەتای لێم گەرموگوڕ بوو. ئێمە بە یەکەوە بۆ دوو سەعات دانیشتین؛ بوێرانە و ڕاشکاوانە وەک ئەوەی هیوام وابوو، قسەمان لە بارەی هەموو شتێکەوە کرد. ئێمە ڕێککەوتنێکی تەواومان لەسەر ئەوە هەبوو، کە ئیسرائیل دەبێ بمێنێتەوە تا جۆرە ڕێکەوتنێکی پەژرێندراو لەگەڵ عەرەب بە ئەنجام دەگا و ئەو دەولەتە زلهێزەش بەلێنی پشتگیری دەولەتە بچکۆلانەکەی دا هەرکاتێک توشی تەنگوچەلەمە هات. هەروەها لەبارەی فەلەستینییەکان قسەمان کردن، منیش ئەوەی لە مێشکمدا بوو سەبارەت بەو بابەتە، کراوانە بۆم باسکرد. من گوتم: "لە نێوان دەریای سپیی ناوەڕاست و سنوورەکانی عێراقدا، جاران تەنیا یەک فەلەستین هەبوو، ئێستاش لەوێ دوو ولات هەن، یەکیان جوو و ئەویدیکەشیان عەرەبن، ئیدی لەوێ جێگای سێیەم نەماوەتەوە. فەلەستینییەکان دەبێ چارەسەری کێشەکەیان بە یەکەوە لەگەڵ ولاتی عەرەبی ئوردندا بکەن، چونکە "دەولەتی فەلەستین" لەنێوان ئێمە و ئوردندا تەنیا دەبێتە بنکەیەک تەنانەت زۆر بڕوای بە خۆی دەبێ تا پەلاماری ئیسرائیل بدا و تێکبشکێنێ." مستەر نیکسن زۆر لە نزیکەوە گوێی لە هەموو شتێک گرت، کە من لە بارەی ڕۆژهەلاتی ناویندا گوتم، وەک ئەوەی هیچی نەبێ تەنیا دانیشێ و لەگەڵ گۆلدا مایەردا لە بارەی کێشەکانی ئیسرائیل

بــدوێ، بەڵام ئەو زۆر مەراقــی ئەو وتــوێژانەی دوو زلهێــزەکە و چــوار گەورەکــان بــوو کە بەردەوامــبن، ســەرەڕای ئەو ڕاســتییەش پێــدەچوو بەڵگەوبەندەکەی[136] منی بە دڵ بێ، بەوەی ڕووسیا بە زۆری وایە، لایەنگریی هـیچ شـتێک ناکـا، کە مەعمـیلە عەرەبەکـانی نەیـانەوێ. مـن دەبـێ بڵـێم بەو زانیارییە خۆشحاڵ بوم، کە لە هەمانکاتدا سـەرەک نیکسـن و مـن وتووێژمـان دەکرد، وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ئەندریێ گرۆمیکۆ[137] و مستەر ڕۆگەرس لە نیۆرک لە کۆبـوونەوەدا بـوون، منیش نەمدەتوانی بیر لەوە نەکەمەوە، ئاخۆ مستەر گرۆمیکۆ چەند لەو کاتبەندییەی دانیشتنی لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکادا پەستە.

زۆر بابەتی گرنگی دیکەم لەگەڵ مستەر نیکسندا تاوتوێکردن، دەتوانم تەنیا ئەوەندە بڵێم، کە ناتوانم لەو کاتەدا قسەکانی ئەو وەک خۆی بهێنمەوە و ناشمەوێ ئەوە بکەم. ڕۆژنامەکانیش تـا ئەوپەڕی هەراسـانبوون تەنگەتاویـان کردم، بەڵام هەموو ئەوەی کە دەمویست بڵێم ئەوەبوو، بـاری سـەرنجی مـن، خەملاّنـدنی تایبەتیـانەی مـن بـۆ بەرەنجـامی گفتوگۆکانمـان ئەوە بـوو، کە "ئیدارەی ئەمریکا لەسەر درێژەپێدانی سیاسەتەکەی بۆ پاڕاستنی هاوسـەنگی هێـزی جەنگـاوەری لە هەرێـمەکەدا سـوورە." چـونکە هـیچ بەیاننـامە دوای مــن ســەبارەت بە باسوخواســەکانم لەگەڵ ســەرۆک دەرنەچــوون، هەندێ لە ڕۆژنامەنوسان ئەوەیان بەوە لێکدایەوە گوایە من بە دەسـتی بەتـاڵ گەڕاومەتەوە. کەچی ڕاستییەکەی ئەوەبوو، کە بۆی چووبووم هیچ پنتێکی وا لە گۆڕێـدا نەبـوو ڕابگەیەنـدرێ، هەسـتی سـەرۆک نیکسـینش زیـاتر هەر بە هەمان ئاراستەدا بوو، بۆیە بە یەکەوە بڕیارماندا هیچ ڕاگەیەندراوێکی فەرمـی لەو بارەیەوە ئاشکرانەکەین. سـەبارەت بە لیسـتی شـتکڕینەکانمان، لەکۆتاییدا لیستەکە دەستگۆڕی پێکرا و واتای خۆیشی بە دەستەوە دا.

---

136 بەڵگەوبەند: ئەرگومێنت.

137 Andrei Gromyko (١٩٠٩-١٩٨٩) سیاسەتمەداری ناوداری یەکێتیی سۆڤێتی، کە ٢٨ ساڵ وەزیری کاروبارەی دەرەوەیان بووە-وەرگێڕ

بۆ شەوەکەی سەرۆک و خانمەکەی ئێوارەخوانێکی دەوڵەتییانەیان لەسەر شەرەفی من سازدا. دواتر کەسانێک لە واشنتن گوتیان خۆشترین ئاهەنگی کۆشکی سپی بوو لە سەردەمی بەڕێوبەرایەتی نیکسندا، هەرچەندە کەسیش نەبوو ئەوە ڕەت بکاتەوە ئاخۆ ئەو سەرکەوتنە لەچی خۆی دەبینیەوە. سەبارەت بە من ئاهەنگەکە هەر لە بەراییەوە تا کۆتایی یەکێک بوو لە ئێوارە خۆش و نایابەکانی ژیانم، بەشێکیم چاوەڕێ دەکرد چونکە من دیدارم لەگەڵ سەرۆک نیکسندا بوو کە باش لێم تێگەیشت، بەشێکیش لەبەر ئەوە بوو، کە ئێستا هەستپێدەکەم وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەویست پشتمان بگرێ، منیش هەر بە ڕاستی لە ماوەی چەند مانگێکی دورودرێژەوە هەستم بە ئاسودەیی کرد. هەروەها هەموو شتێک بۆ مایەی خۆشحاڵیم نایابانە نەخشەی بۆ کێشرابوو، هەر لە ئامادەبوونی ماڵباتەکەم لە "جارلۆت ڕێڤێڤیم"ی بیابانەوە، ئەوەندە بە سەلیقە ڕێکخرابوو، کە سارا و زەکەریاش بخزێندرێنە نێو ئاهەنگەکە. لەو ١٢٠ میوانەشدا زۆریان برادەری دێرینم بوون لە هەردوو حزبەکە، لە نێوياندا باڵوێزی پێشوی وڵاتە یەکگرتووەکان ئارسەر گۆلدبێرگ و سیناتۆر یاکۆب یاڤیتز. بێگومان لەنێو ئامادەبووانداا مستەر ڕۆگەرس، دکتۆر کیسنجەر، ئیبان و ڕابینیش لەگەڵ چەندان کارمەندی پلەبەرزی بەڕێوبەرایەتییەکەیان. بە درێژایی خوانە ئاهەنگەکە موزیکی ئیسرائیلی لێدرا، پاشان -وەک مامەڵەیەکی تایبەتمەندانە – لیۆنارد بێرنستاین و ئیسحاق ستێرن ی موزیکژەن لە دوای یەک بە نمایشی دڵگیرانەی خۆیان شادمانیان کردین. بە بینین و وگوێلێبوونیان، کە چۆن هەستبزوێنانە دەجوولان و بە موزیکەکەیان دڵیان ڕفاندین، تەنانەت وا تێکەڵ بە نمایشەکەیان بووین، کاتێ لە موزیک ژەنین وەستان، شوێنی لێبوونی خۆم لەبیرکرد و یەکسەر ڕابووم باوەشم بە هەردووکیاندا کرد.

پێش خوانەکە نیکسن و من دیارییەکانمان پێشکەش یەک کردن. ئەوان گۆزەیەکی گریکی جوان نەخشێندراو و بەزێر ڕووپۆشراویان پیشکەشکردم، لەگەڵ گوڵدانێک کە بە ڕەنگی شین و زێڕ نەخشێندرابوو، لە کاتێکدا منیش شتێکی ئەنتیکە(کۆنینە)ی ئیسرائیلییانەم بۆ بردبوون: بۆ خانمی نیکسن ملوانکەیەک لە بەردی گەوهەری سور (عەقیق)، کە شێوەکەی لە

لۆتوس دەچوو، مێژووەکەشی بۆ سەدەی پێش زایین دەگەڕایەوە؛ بۆ سەرۆکیش چرایەکەی ڕۆنی گەرچەکی جووانەی کۆن، مۆمدانێکی زیوینیش بۆ جولی و داود ئایزنهاوەر و ملوانکە و گوارەیەکی یەمەنیش بۆ تریسیا نیکسن. لە دوای شێوەکە لەیەکدانی پێکەکان بوو. دووبارە سەرۆک زۆر بۆ من و بۆ ئیسرائیل دلۆڤان بوو.

ئەو گوتی "خەڵکی ئیسرائیل شایانی ئاشتین، نەوەک ئاشتییەکی شلۆقیش، کە بە جۆرە بەڵگەنامەیەک پەیدا دەبێ و هیچ لایەنێکیش حەزیان لە پاراستنیدا نییە، بەڵکو جۆرە ئاشتییەک درێژە بکێشێ. ئێمە هیوادارین وەک بەرەنجامێکی ئەو یەکدی دیتنە، هەنگاوێکی بەرچاومان بەرەو پێشەوە بەئاراستەی ئاشتی نابێت، کە واتای زۆر ببەخشێتە گەلی ئیسرائیل، هەروەها بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهانیش."

هەستمکرد لە کانگای دڵییەوە قسەدەکا، ئەوەش دەزانم منیش وەڵامم دایەوە بە هەمان شێوە لە دڵمەوە بوو: "سەرۆکی بەڕێز، سوپاس بۆ تۆ، سوپاس نەک هەر بۆ میوانداریێتیت، نەک هەر بۆ ئەو ڕۆژە مەزنە و هەموو ساتێکی ئەو ڕۆژە، بەڵکو سوپاس بۆتۆ بۆ هەموو ئەو شتانەی کە واتکرد بگەڕێمەوە نیشتمان بە گەلەکەم بڵێم کەوا ئێمە دۆستمان هەیە، دۆستێکی مەزنمان لە کۆشکی سپیدا هەیە. مایەی پشتیوانیمانە. یارمەتیدەرمانە تا بەسەر زۆر لە ئاستەنگەکانمادا زاڵبین."

لە سەروبەندی سەعات ١١ی شەو سەرۆک و خانمەکەی و من ئاهەنگەکەمان جێهێشت، لە لای ئۆتۆمبێلەکەشمدا خانم نیکسن و من یەکدیمان ماچکرد و شەوشادیمان لەیەکدی کرد، وەک ئەوەی ئێمە ساڵانێکی دوورودرێژ ئاشنای یەک بووبین. میوانەکانی دیکەش لە ئاهەنگەکەدا لەسەر سەماکردنی خۆیان تا دوای نیوە شەویش مانەوە.

هەمووی بە سەریەکەوە چوار ڕۆژان لە واشنتن بووم؛ دەبووایە لە ڕێڕۆیشتنە فەرمیەکەدا پێ بە پێی شەنقاوەکانی یاریدەدەری ژەنەراڵی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان بڕۆم (ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، کە هەرگیز نەمکردبوو)، دەسکە گوڵێکی شین و سپیم لەسەر گۆڕی سەربازی ون لە

گۆڕستانی نیشتمانیی ئارلینگتندا دانا، بە پێش پۆلی سڵاوی نۆزدە تفەنگ لە شاندا ڕۆیشتم و ئاڵای ڕەنگینی ئیسرائیلم هەڵگرتبوو. سەردانی مستەر ڕۆگەرسم لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەدا کرد و چێژیشم لە خواردنی سەرخوانی ئەو وەرگرت، لە وەزارەتی بەرگریش چاوم بە مستەر مێلڤین لایرد کەوت، دیدارێکیشم لەگەڵ کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا کرد و لە یانەی نیشتمانیی ڕۆژنامەوانانیش دەرکەوتم، لەوێ چاوم بە ڕۆژنامەنووسە ناودار و زۆر بە ئەزموونەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کەوت و بۆ یەکەمجاریشم بوو هەستبکەم لەگەڵیان لەبازنەیەکی بۆکسێن دام. لێ ئەوان لەگەڵم زۆر ڕەفتارجوان بوون، پێدەچوو حەز بەو ڕاستییانە بکەن، کە من کورتی وەڵامی پرسیارەکانیانم پێ دەدایەوە، هەرچەندە ناتوانم بڵێم ئەوان پرسیارێکی وایان لێ کردووم، کە پێشتر بە دەرزەن لێمنەکرابێ.

لەوێ دوو پرس هەبوون، بە تەواوی نوێ بوون. ڕۆژنامەنووسێکیان پرسی: "ئایا ئیسرائیل دەست بۆ چەکی ناوەکی دەبا ئەگەر مانەوەی لە بن مەترسیدا بێ؟" بۆ ئەمەیان دەبووایە بە ڕاستی وەڵام بدەمەوە، بەوەی ئێمە تا ئێستا لە بەکارهێنانی چەکی نەریتئاساى بەردەست خراپ نەبووین تا پێویستمان بە هی دیکە بێ –ئەو وەڵامەم بە پێکەنینەوە پێشوازی لێ کرا. دووەمینیشیان ئەو پرسیارەی سەرۆکی یانەی ڕۆژنامەوانی بوو، کە منی هێنایە پێکەنین. ئەو گوتی: "تۆ گیدۆنی نەوەت دەڵێ؛ گوایە تۆ باشترین ماسی پڕکراوە(مەحشی) لە ئیسرائیل چادەکەی، ئایا دەکرێ ڕاچێتەکەیمان بۆ ئاشکرا بکەی؟"

وەڵامم دایەوە: "من لەوە چاکتریش دەزانم، ئەگەر جارێکی دیکە هاتمەوە ئێرە، بەڵێنتان دەدەمێ سێ ڕۆژ لە پێشدا بێم و ژەمە ماسییەکی ئاخنراو بۆ هەمووان دروست بکەم." دوای ئەوە بە چەندان مانگ، بە ڕێکەوت جارێکیان لە لۆس ئەنجلسدا دیدارێکم لەگەڵدا کرا، لێیان پرسیم ئایا دەکرێ سوپە مریشکێکی بە تام سازبکەی. لە وەڵامدا گوتم: "بەڵێ، بە خۆشییەوە گوتم، ئایا ڕاچێتەکەتان بۆ بنێرم؟" ئەوەم نایەتە خەیاڵیش کە لە ماوەی هەفتەیەک لە دیدارەکەمدا ٤٠،٠٠٠ داخوازیم بۆهات. من تەنیا هیوام وا بوو کە بەرەنجامەکەی ٤٠،٠٠٠ دەفری سوپی جووی باشی بە دواوە هاتبێ. هەر

چۆنێک بێ کابانێتی من لە چیشتلێناندا لە واشنتندا مایەی پرس نەبوو؛ بەڵکو ئەو پەیمانی دۆستایەتییەی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل و هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بەرانبەر سیاسەتی دژە شەڕی داهێزران. بەر لەوەی ئەوێ بەجێبیلم، مستەر نیکسن بە ناوی خۆی و بەناوی منەوە ڕاگەیاندنێکی بۆ ڕۆژمانەکان دەرکرد، هەرچەندە لە وردەکاریشی کەمبوو، بەڵام ئەنجامی سەردانەکەمی کورت کردبووەوە.

ئەو گوتبووی، "ئێمە بۆ هەڵوێستی هەردووڵامان لەیەکتێگەیشتنێکی باشمان هەیە، بەهۆی ئەو یەکدیدیتنەشەوە هەندێ پێشوەچوونی بە خۆیەوە بینیوە، هەندێ چارەسەری کێشە سەخت و ئاستەنگەکان ڕووبەڕووی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بووەتەوە. چاوەڕێی ئەوەش ناکەین، کە دیپلۆماسی دەستبەجێ دەرەقەتی ئەو کێشانە بێ. لە سەرێکی دیکەشەوە ئێمە دەبێ هەوڵدەین، منیش دڵخۆشم، کە لە لایەن سەرۆەزیر و هاوڕێکانی حەزی گەڕان بە دوای ڕێگایەک بۆ ئاشتی دەبینم. ئێمە هیچ دەستپێشخەرییەکی نوێمان نییە تا ڕاییگەیەنین، بەڵام پێمان وا یە باشتر لەیەک تێگەیشتین، کە چۆن لەمەوپاش بجوڵێین."

لە واشنتنەوە چوومە نیویۆرک، لەوێ ئەرک لەسەر ئەرکم لە پێش بوو، تەنانەت کاتی ئەوشم نەبوو هەست بە ماندوبوون بکەم. لە ستی هۆل پێشوازییەکی سەرسوڕهێنەرانەم لێکرا، نانم لەگەڵ ئو تانت خوارد، لە سویتەکەی خۆم لە والدرۆف ئەستۆریا زنجیرەیەک کۆبوونەوەم کردن، ئامادەی ئەو ئاهەنگە پێشوازییەی ئیبان بووم، کە بۆ دیپلۆماتەکانی سازدابوو، چوومە سەر خوانێکی گەورەی یەکێتیی بانگخوازانی جوو، هاوپەیمانی ئیسرائیل و پەنجا ڕێکخراوی بچوکتری جوو، ئەوانەش هەر هەموویان لە ڕۆژی یەکەمی ئەوێمدا بوون. پاشان چوومە لۆس ئەنجلس، میلواکیی و لە دواییشدا گەڕامەوە کەناری ڕۆژهەڵات. نیازم وابوو لە پێنجی تشرینی یەکەمدا بگەڕێمەوە، بەڵام بانگهێشتنامەیەکم بۆ هات، کە نەدەکرا ڕەتیبکەمەوە، بۆیە ڕۆژێکی دیکەش مامەوە، کە قسە بۆ کۆنگرە دووساڵیەکەی AFL-CLO لە ئاتلانتیک ستی و نیوجێرسی بکەم. بۆ چەندان ساڵ AFL-CLO زۆر لە ئیسرائیل نزیک بوو، بەتایبەتی لە هیستادروت،

سەرۆکەکەشی جۆرج مینی، دۆستێکی خۆشەویست و دێرین بوو، سەرۆکی شەڕەفی ئەنجوومەنی یەکێتیی کرێکارانی ئەمریکایی بۆ هیستادروت. قسەکردن بۆ ئەو جەماوەرە زۆرەی یەکێتیی کرێکاران، بۆ یەکەم جار لە دوای ئەوەی ئیسرائیلم بەجێهێشت، هەستێکی وام لاپەیدابوو، کە بە ڕاستی من لەسەر خاکی نیشتمانم. ئەوەی لەوێدا گوتم نزیکەی هەر هەمان ئەو قسانە بوون، کە لە فیلادیلڤیا، واشنتن، میلواکیی، لۆس ئەنجلس و نیویۆرکدا کردم، ئەو شتەش، کە هێشتا قسەم لە بارەیەوە دەکرد ئاشتی نێوان ئێمە و عەرەب بوو. لەوێ بە دۆستەکانم بە کرێکاران و سەرکردەکانی نەقابەی کرێکارانی ئەمریکام گوت؛ "ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مەزن دەبێ، کاتێ جوتیارانی عەرەب بەناو ئوردندا گوزەر بکەن، بەڵام نەوەک بە فڕۆکە و تانک، بەڵکو بە تراکتۆر و دەستی درێژکراویان بۆ ئاشتی لەنێوان جوتیار و جوتیارێکی دیکە، لەنێوان ئادەمیزادان. لەوانەیە ئەمە خەون بێ؛ بەڵام من دڵنیام، ڕۆژێک دێ خەونەکە دەبێتە ڕاستی."

کاتێکیش گەڕامەوە ئیسرائیل، هەرچەندە هێشتا نەمدەتوانی هیچ لە بارەی فانتۆمەکان ڕابگەیەنم، بەڵام دەمزانی دەستمان دەکەون، دڵیشم لە کاتی دەرچوونم ڕوونتر بوو، بەڵام شەڕی داهێزران هێشتا هەر بەردەوام بوو، تیرۆریستەکان هەر کارابوون، ژمارەی شارەزا جەنگییەکانی سۆڤیەت لە میسر هەر لە زیادبووندا بوو، لەنێویشیاندا فڕۆکەوانی شەڕکەر و دەستە و تاقمی ڕۆکێتەکانی زەمین بە ئاسمان. بە وشەیەک دەکرا بگوترێ، ئاشتی دوورتر کەوتبوو. لە ڕاستیدا لەو کاتەی نووسینگەی سەروەزیریم وەگرتبوو هیچ شتێکی جەوهەری نەگۆڕابوو. ئەو هۆیانەی بوونە مایەی هاتنە سەرپۆستەکەم، بۆ بەدبەختی هێشتا لە سەروبەندی هەڵبژاردنی نیشتمانییماندا هەر لە ئارادا مابوونەوە، لەو کاتەی دەوڵەتەکەمان دامەزرابوو، هەڵبژاردنەکەش حەفتەم هەڵبژاردنی گشتی بوو. لە مانگەکانی دواتردا، هەرچەندە ئەوەی پێمدەگوت پۆلینکردن هاتەدی، هەرچەندە من بەدەرنەبووم لەوەی، کێبڕکێی جەماوەری ببەمەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەستم وابوو بەختم

باشتره له پۆلینێکی حەفتا و پێنج یان هەشتا دابێ لەوەی سێ بێ![138] هەر چۆنێک بێ ئاکامی هەڵبژاردنەکە بە تەواوی وا نەکەوتەوە، کە پێشبینی نەکرێ. مائاراخ ٥٦ کورسی له ١٢٠ کورسیەکی کێنێستی بە دەست هێنا. منیش کابینەی "له دیوارەوە بۆ دیوار"[139] پێشکەش بە کێنێست کرد، کە گاهال لە هاوینەوە لێی دەرچوبوون.

دەکرێ بگوترێ، هەنوکە من بە مافی خۆم بوومە سەروەزیر، هیواشم زۆربوو بتوانم شتێک بکەم، یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئیسرائیل بدەم، کێشەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری گەورە بووبوون و وای لێهاتبوو کەلێنێکی گەورە لەنێوان کەرت و توێژە جیاجیاکانی دانیشتوان بەرفرەوانتر ببێ. من دەنگم بەرزکردەوە بەوەی بڵێم بۆ چەندان ساڵ هەر دوو دەزگا چ هیستادروت و چ حزب بۆ بەدبەختی لەو کاتەی نەمانتوانیوە هیچ شتێ لە بەرانبەر هێشتنەوەی بودجەی زەبەلاحی بەرگریدا بکەین، ئەوا بەلای کەمی هەقە بە هەمووان گوشار بکەین و هەوڵی ئەوە بدەین ئەو کەلێنە قەبەیەی نێوان خەڵکی، ئەوانەی هەموو شتێکی پێویستیان –ئەگەر نەگوترێ هەموو شتێکی داخوازییان- هەیە و ئەوانەش کە بە دەیان هەزارن لە خانووی کەچە و پەڕپووت دان و جلوبەرگیان پەڕپوتە و نەخوێندەوارن و هەندێک جارانیش خۆراکەکەشیان خراپە. بۆ بەشێکی زۆری ئەو کەلێنە نێوان دانیشتوانان کە لە ١٩٤٨، و١٩٥٠ و ١٩٥١ لە یەمەن، لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقاوە رڕاهاتبوون، ئەوانەش پێوەری ستانداردی ژیانیان لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای زووی حەفتاکان هێشتا زۆر لە دواوەی مراز و داخوازییەوە بوو. هەڵبەتە ئێمە پیرۆزبایی لەخۆمان دەکەین کە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٩ و ١٩٧٠دا پتر لە ٤٠٠،٠٠٠ یەکەی خانوبەرەی جەماوەرییمان دروستکردووە و شوێنێک لە وڵات نەمابووەوە –هەرچەندە لاپەڕگەش

[138] نووسەر پێش ئەوەی لە خانەنشینیەکەی ببیتە سەروەزیر، بەشی خۆی لە دەنگداندا هەر سێ لە سەد دانابوو، بۆیە ئەم سێیەی ئێرە ئاماژەیە بۆ ئەوێ-وەرگێڕ.

[139] مەبەست حکومەتی هاوپەیمانی –ئیئتلافیە-وەرگێڕ

بووبا- که قوتابخانه، باخچەی منداڵان، له زۆر باریشدا دایەنگا (قوتابخانەی منداڵانی له پێنج ساڵ کەمتر)ی لێنەبێ. بەڵام هیچ به خۆنازینێکی ڕەوای هیچ دەستکەوتێک که پێیگەیشتبین ئەو ڕاستییانەی که کەمتر خۆشحاڵمان دەکا، ناسڕێتەوه. لەوێ له ئیسرائیل هەژاری هەبوو هەروەها دەوڵەمەندیش هەبوو. هیچ کامیان نه هەژاری و نه دەوڵەمەندی زۆر گەوره و مەزن نەبوون، بەڵام هەردووکیشیان هەبوون.

لەوێ و هێشتاش ئیسرائیلییەکان به ده کەس له خانوویێکی دوو ژووریدا دەژیان و منداڵەکانیشیان وازیان له قوتابخانه هێناوه (تەنانەت هەرچەنده به تەواویش لەپارەدانەکەی خوێندنی ناوەندیشدا بەخشراون) و کەمتەرخەمن (بەشێکی زۆریشیان لەبەر پاشخانه نالەبارەکەیان) ئەوانەش بڕوایان وایه ژیانیان له مەترسی دایه و دیسان بۆ هەمیشه دەبنەوه هاووڵاتی پله دوو، هەموو کۆچبەره نوێیەکان به شێوەیەکی لێبڕاوانه بارودۆخیان خراپ بوو. هەروەها ئیسرائیلی واش هەبوو، ژمارەشیان زۆر نەبوو، که له ژیانێکی لوکسەدا دەژیان، ترومبێلی گەوره و کەشخەیان هەبوو، به دەستکراوەیی ڕایاندەبوارد، جلی دوامۆدەیان لەبەردەکرد و ئەو شێوه ژیانه دەژیان، که له دەرەوه هاوردەکرابوو، ئەوەش هیچ پەیوەندی به توانستی ئابوریی ڕاستەقینەی نەتەوه یاخود به بارودۆخه ڕاستەقینەکەی ژیانی نەتەوەکەمان نەبوو. لەنێو ئەو دوو کۆمەڵەیەدا ئاپۆرایەکی کرێکاره لێهاتووەکان و کرێکاره یاخه سپییەکان هەن، که کاتی تەنگانه و زەحمەتیان بەڕێکردووه تا پێداویستییەکانیان دابینبکەن، ئەوانەی ناتوانن پارێزگاری له پێوەری ستانداردی ژیانیان تەنیا به یەک موچه بکەن، ئەوانه بۆ چەندان گرێ[140] خۆیان سەلماندوه، که بەرچاوترین بنەمایان هەیه، وڵاتپارێز و قوربانیدەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا به باوەڕی من بەرپرسیارن لەوەی به سەرمان هاتووه و خەتابارن بەوەی هەموو کاتێک سووردەبوون لەسەر بەرزکردنەوەی مز و کرێی موچه کەمەکان، هەموو کەسێک – دەبووایه زیادەکەیان وەرگرتبایه.

---

[140] گرێ واته دەیه، که دەکاته قۆناغێکی ده ساڵی. وەرگێڕ.

هەوڵمـدا لەو چینـانەوە هەرچەنـدە زۆریـش سـەرکەوتوو نەبـوون، دەسـتپێبکەم. شـتێک لە ڕیزبەنـدی کارمەنـدانی هیسـتادروت، لە کرێکـارە باشـەکانی ئیسـڕائیل ڕوویـدا کە تۆقانـدمی، ئیـدی نەمتـوانی لە بارەیـانەوە بێدەنگ ببم. کەسێک وەک من ئەوەندە باوەڕی بە هێز نەبوو بەوەی یەکێتیی کرێکـاران نەوەک هەر پەیوەسـتە بەڵکـو فەرمـانبەردارە بە پاڕاسـتنی مـافی کرێکـاران و بـانگەوازی بـۆ مـانگرتن کاتێک کە دانوستانەکان بـۆ مـاوەیەکی درێژ دەستی دەستیان پێدەکرێ یان کە ڕێککەوتنەکان ئەنجـام نـادرێن. بەڵام ئەو ڕێکەوتنـانەی مـۆرکراون دەبـێ ڕێزیـان لێبگیـرێ بێئەوەی دەسـتبەجێ داخــوازی دیــکەی لەســەرباربکرێ، ئەوانەش کە لە بــن ئاســتی ئــابوری نەتەوەییــدا پێویســتە لەو ڕاســتییە بــگەن و ئەوەش بپەژرێــنن هەر کــاتێ زیادەیەک بدرێ ئەوا دەبێ بدرێتە ئەوانەی، کە زۆر پێویستیان پێیەتی. هـیچ شـتێکی ترسـناک لەبـارەی بنەمـای جیاوازییەکـانەوە لەگۆڕێـدا نەبـوو. مـن ساڵانێک لەمەوبەر لە هیستادروت دەبووایە شـەڕم کردبا، ئێستاش ئامادەم سەرلەنوێ تێهەڵبچمەوە. خوا دەزانێ کە پزیشـک و پەرسـتار و مامۆستایانی ئیسـڕائیل هـیچ کـات بـارێکی ئـابوریی ئاسـانیان نەبـووە، بەڵام ئەوان دەتـوانن بەردەوام بن لە کاتێکدا کۆمەڵەکانی دیکەی موچە نزم لە بن باری هەڵاوسـان و بەرزبــوونەوە و خەرجیــیە زۆرەکــانی ژیــان نغرۆبــوون، خــۆ ئەگەر موچەکانیان زیادنەکرێ، ئەوا ناتوانن پێی بژین. ئەوەش شتە ئاسانەکەیە.

هەروەهــا ناهاوســۆزییەکی بە هێــزیش بــۆ بیــرۆکەی مــانگرتنی خزمەتگــوزارییە جەوهەرییەکــان هەبــوو بەتــایبەتیش، کە وڵات لە بــارێکی جەنگدا بوو. پێم وا نییە پێویستم بەوە هەبێ بۆ هیچ کەسێکی ڕوون بکەمەوە، کە ئەمە بـۆ خـودی خـۆم چـی دەگەیەنـێ بەوەی بڕیـار لەسـەر گەڕاندنەوەی ئاسایش و ئارامی بدەم، کاتێک ستافی نەخۆشخانەیەک ماندەگرن، بەڵام هـیچ ڕێگـایەکی دیــکەش نەبــووئەوە دەســتەبەر بکــا، کە بەرەنجــامی قوربــانی لێنەکەوێتەوە، بۆیە دانم لەسەریەک گیرساندن و کارەکەم کرد.

ئەوەم بـۆ نەتەوە چەنـد بـارە کـردەوە، کە "حکـومەت نـاتوانێ بە یەک جار هەمـوو ئیشـێک بکـا. خـۆ ئەوە نـاکرێ جادوگەرییانە دارعەسـای دەستی

هەڵبدا و ئیدی داخوازی هەمووان دەستبەجێ بێتەدی: بەسەر هەژاریدا زاڵ بین بێئەوەی باج دابندرێ، جەنگەکان ببردرێنەوە، باوەش بۆ کۆچبەران بکرێتەوە، ئابوری پەرەبسێنێ و هەموو کەسێکیش مافی خۆی وەربگرێ. هیچ حکومەتێک ناتوانێ ئەو هەموو کارانە لە یەک کاتدا بکا." بەڵام پرسیش تەنیا پارەوپول نەبوو. یەکسانیی کۆمەڵایەتی تەنیا بە دەرامەتە ماددیەکان نایەتەدی. بۆ ئەوەی لە ئاکامدا هەژاری نەهێڵی، پێویستت بە دوو هاوکار هەیە، کە وەک یەک خواستی تەکاندانیان هەبێ، منیش هیچ قسووریم لەو بارەیەوە نەکرد.

من گوتم؛ "لە پلەی یەکەمدا، ئەوانەی لەناو ئێمەدا هەژارن، نابێ ڕێگا بە خۆیان بدەن ببنە بابەتێکی ناکارا(پاسیڤ) بۆ خەمخواردنی کەسانی دیکە. ئەوان دەبێ بە خۆیان بجووڵێن و کارا بن. چەند زۆریش تەکاندەر بن ئەوەندەش چینە دەوڵەمەندەکەی دانیشتوان دەداتە پاڵ ئەو بزووتنەوە خۆبەخشە مەزنەی، کە مەبەستی یەکخستنی خۆگونجاندنی کۆمەڵگایە. ئەو کەلێنەی نێوان ئەوانەی خوێندوویانە و مەشقیان بینیوە لەگەڵ ئەوانەی نیانە بە لای کەمی ئەوەندە گەورە و کارەساتبارە وەک کەلێنی نێوان ئەوانەی توانای بەسەر ئابورییدا دەشکێ و ئەوانەی کە توانای ئابورییان نییە."

هەندێ پێشکەوتنمان بەدیهێنا؛ بەڵام لە هیچ شوێنێ بەس نەبوو. من کۆمیتەیەکی سەروەزییرم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنج و نەدارەکان پێکهێنا. لە لیژنەکە فێرکاری شارەزا، دەروناسێک، پزیشکێک، ئەفسەری چاودێری تەمەنەکان و هتد.. هەمووشیان خۆبەخشانە کاریان تێداکرد. هەرچەندە کاری کۆمیتەکە دوو ساڵی خایاند لە جیاتی ئەوەی کە هیوام وابوو تەنیا چەند مانگێکی پێ بچێ، بۆ ئەوەی دواتر کۆمەڵێ ڕاسپاردەی لێ بکەوێتەوە، تەنانەت بەرلەوەی ڕاپۆرتەکەش بڵاوبکەنەوە زۆر لە ڕاسپاردەکانمان جێبەجێکرد. کاتێکیش دەبووایە نرخی خۆراکی سەرەکیی بەرزبکەینەوە، ئەوا خەڵکی موچەنزم لە باربووی باجەکان سودمەند دەبوون، ئیدی تا بکرابا خانوبەرەمان بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروستدەکرد، لەو کاتەی بە خۆم شەڕی بەردەوامم بۆ دروستکردنی خانووی بەکرێ دەکرد بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیدا دەستگیرۆییان بۆ بکرێ. بێگومان هەوڵماندا بۆ ئەوەی کە

کرا هەرچەندە لەبن بارێکی شەڕانگێزیشدابووین یان سەردەمەکە سەردەمی تیرۆریزمەکان بوو، ئیدی هەرگیز کاتی پێویست و پارە بە دەستەوە نەبوو تا بپەڕژێینە سەر کێشە هەرە لە پێشە خۆجێیەکان- کە بەدەر لە هەموو شتێکی دیکە، پێم وا بوو ئەستەمە لە دراوسێکانمان خۆش ببین. سەبارەت بە ئاشتی ئەوەم دەزانی، هەرچەندە لەوانەیە نەتوانین هەرگیز کۆمەڵگەیەکی نمونەیی بنیاتبنێین، خۆ بە دڵنیاییەوە دەکرا کۆمەڵگەیەکی باشتر بنیات بنێین. بەڵام ئاخۆ ئاشتی لەکوێ بوو؟

پاشان لە ئابی ١٩٧٠دا ئاگربەستی مستەر ڕۆگەرس هاتەدی. ناسر گوتی تا ئەوشوێنەی مایەی مشوورخواردنیەتی ئاگربەستەکە تەنیا بۆ سێ مانگان درێژە دەکێشی، بەڵام –هەروەک ئەوەی کاتەکە بە خۆی هێمادار بێ- ئەو لە ئەیلوولدا مرد، ئەنوەر ئەلسادات لە جێگەی ئەو بووە سەرۆکی میسر. نەوەک هەرلەبەرئەوەی کە لە سیمای یەکەمەوە پێدەچوو سادات پیاوێکی ژیرتربێ، کە هۆشیارانەتر بەرژەوەندی کۆتاییهاتنی جەنگ بۆ گەلەکەی لێکبداتەوە، بەڵکو ئاماژەگەلی دیکەش هەبوون، کە تاسەر بە باشی لەگەڵ ڕووسەکاندا هەڵناکا. لە ئوردنیش شا حوسێن، کە بە خۆشییەوە بۆ چەندان مانگ داڵدەی تیرۆریستە فەلەستینییەکانی دا، لەپڕێکەوە خۆی لە بارێکدا دۆزییەوە، لە لایەن ئەوانەوە کەوتە بەردەم گەف و هەڕەشەوە و ئیدی لە ئەیلوولدا کەوتەسەریان و پانیکردنەوە. ئاوا پێدەچوو بۆ ئەلفەتح، ئەیلوولێکی ڕەش بێ. وا دیاردبوو دۆخەکە درێژە بکێشی و دەستپێشخەرییەکەی ڕۆگەرس و د. یارینگیش دەرفەتێکی کەمی سەرکەوتنی هەبێ. سەرکردە عەرەبییەکان ڕاگەیەندراوی خۆیان بە هیچ شێوەیەک بەرانبەر ئیسرائیل هەموار نەکرد، یان داواکارییەکانی خۆیان بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل نەگۆڕی، بەڵام لەوێ قسە لەسەر کردنەوەی نۆکەندی سوێس و چاککردنەوەی شارە وێرانکراوەکانی میسر لەسەر کەنارەکان هەبوو، بە جۆرێک کە ژیانی ئاساییانەی تێدا نۆژەن بکرێتەوە –هەموو ئەو پێشهاتانە ئاماژەگەلێکی گەشبینی بوون بۆ ئیسرائیل. بەڵێ، ئاگربەست هاتەکایەوە، ئێمە هەر لەو شوێنەی لێبووین ماینەوە، عەرەبیش لە ڕەتکردنەوەی دیدەنی یان سەروسەودا لەگەڵ ئێمە بەردەوامبوون. ئیدی بە

هەر شێوەیەک بێ ئەو گەشبینییەی لە ئیسرائیل پەیداببوو، وردە وردە کز دەبوو، بەڵام بە تەواویش نەکوژایەوە. جەنگیش لە ١٩٧١ یان ١٩٧٢دا هەڵنەگیرسایەوە! بەڵام ئاشتی بەرپانەبوو، تیرۆریزمی عەرەبیش گەیشتە ئەوپەڕی ئاستی هاری و دڕندایەتی.

بە دڵنیاییەوە کەسێک لەسەر ئەم دونیایەی شارستانیەتەوە بێ، بەم کردەوانەی خوارەوە پەست بوو: ئەو کوشتارگەی فڕۆکەخانەی لیدا، حاجییە کاسۆلیکەکانی پیورتۆ ڕیکۆ، یەکێک لە زانا هەرە بە ناوبانگەکانی ئیسرائیل، تۆقاندنی جەماوەر و ڕفاندنی خەڵک و کوشتنی وەرزشوانانی ئیسرائیلی لە یارییەکانی ئۆلۆمپی میونیخ یان کوشتنەوەی منداڵە ئیسرائیلییەکان لە قوتابخانەیەکی شاری تازەدروستکراوی مائالۆت. هیچ کەسێک ئەوەی پەسند نەکرد، هەر تاوانکارییەکی ئاواهاش دەبووایە بە لێشاو تازیەنامە و دڵنەوایی دەربڕینی هێدمەگرتوویانەی هاوسۆزییان بۆ دەرببڕم. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ئەوەمان ڕەچاودەکرد (هێشتا هەر زۆر چاوەڕێدەکەین) کە لەگەڵ بکوژەکان بە شێوەیەک کە حکومەتەکانی دیکە کردیان، بەوەی ئەگەر ئەو کردەوە خۆکوژیانە توندڕۆکان ڕێگەی کەڵەگاییان بەسەرمانەوە ڕێپێبدرابا، ئەوا دەیانهێنایە سەر چۆک. بێگومان شتێکی حاشاهەڵنەگربوو، دووبارە ئەگەر جڵەوت بۆ تیرۆر شلکردبا، هەر تیرۆری بە دوادا دەهات. هیچ کەسیش هەرگیز ئەوە نازانێ، هەرچەندە زۆر بە گرانیش لەسەر حکومەتی ئیسرائیل دەکەوت، کە بڵێ نەخێر بۆ داخوازی تیرۆریستەکان یان هەستت بە چی دەچواند، کە هیچ کارمەندێکی فەرمی ئیسرائیلی لە دەرەوە بە تەواوی لە ژیانی خۆی لەبەر بۆمبی چێنراودا دڵنیابێ، لەو ڕاستییەش هەر گەڕێ هەر شارێکی ئارامی ئیسرائیلی سەرسنوور یەکسەر ببێتە (کە زۆر جار وا بووە) دیمەنێکی کوشتارگە بە هۆی کەسانێکی داخ لە دڵ و پڕ کینەی شێت، کە بڕوایان وابوو ئیسرائیل لە توانستەکانی دادەدۆشن تا بەرگەی ژان و ناسۆر نەگرێ.

لێ گەلۆ، ئێمە فێربووین بەرگەی تیرۆر بگرین، فڕۆکەکان و ڕێبوارانمان بپارێزین، باڵوێزخانەکانمان بکەینە بەرەیەکی پێشەوەی شەڕ و ئێشکگری گەڕۆکمان بۆ گۆڕەپانی قوتابخانەکان و شەقامەکان دابنێین. من بە

دوای دارەبازەکاندا دەڕۆیشتم و سەردانی خێزانە کۆستکەوتوەکانی دەستی تیرۆری عەرەبەکانم کرد، من پڕاوپڕبووم لە هەستی شانازیکردن سەر بە نەتەوەیەک، کە ئەو زەبرانە دەخوا- زەبری ترسنۆکانە و دێوەزمانە. بێ ئەوەی بڵێ "بەسیەتی. ئیدی ئێمە لە تواناماندا نەما. تیرۆریستەکان هەرچییان دەوێ بیاندەرێ، چونکە هەرچی لە تواناماندا بوو کردمان." حکومەتەکانی دیکە کۆڵیاندا و خۆیان دایە دەست داخوازییەکانی تیرۆرستان، لەسەر پێشنیازیان فڕۆکەیان خستنە خزمەت و بەندکراویان بۆ ئازادکردن، لە کاتێکدا ڕۆژنامەگەریی بێگانە و باڵە چەپی نوێ پێیان دەگوتن "گەریلا" و "جەنگاوەرانی ئازادی". هەرچەندە بۆ ئێمە هەر بە تاوانبار نەوەک پاڵەوان مانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕێوڕەسمی ناشتنێک ژانێک بوو بۆ خۆی، من هەر نەچووومە بن باری ئەو "نەمرێتیە"ی بنەتەقەدانان لە ناو سوپەرمارکێتەکان و پاسەکان یان "جادوی" جەنگی پیرۆز، کە داوای ئەوە بوو حەوت پیرەمێردی جوو لە خانوویێکی بەساڵاچووانی میونیخ بکوژێ. من بە واتای تەواوی وشەوە نەخۆشدەکەوتم کاتێ عەرەب ئەوانەی کە یازدە وەرزشوانەکانی ئیسرائیلیان لە ١٩٧٢دا لە یاری ئۆلۆمپیی دا کوشتن، بە هەراوهوریایەکی راگەیاندنیشەوە ئازادکران و تەنیا شەش هەفتە دوای کەتنەکەیان بەرەو لیبیا فڕین. دەوڵەتە عەرەبییەکان پارەوپولیان دەدایە تیرۆریستان، چەکیان دەدانێ و پشتگیریان دەکردن و کاتێکیش بە بەرچاوڕوونی ڕاوەدوی بنکەی تیرۆریستەکانمان لە سوریا و لوبناندا کرد، عەرەب هاواریان لێهەڵسا، ئەوسا ئێمە حکومەتەکانمان لەوە ئاگادارکردەوە، کە ئەوان ئۆبالی بەرپرسیارێتی هەر قەومانێکیان دەکەوێتە ئەستۆ.

تاکە چارەسەر، تاکە چارەسەری ڕێتێچوو ئاشتی بوو، نەوەک هەر ئاشتییەکی شەڕەفمەندانە، بەڵکو ئاشتیەکی هەمیشەیی. تاکە ڕێگاش بۆ گەیشتن پێی، ئەوەبوو بچین و هەوڵێک لەگەڵ دۆستەکانمان بدەین بەوەی هەڵوێستی ئێمە ڕاستە و لەوەتەی دوژمنەکانمان گفتوگۆییان لەگەڵ نەدەکردین-دەبووایە بە دوای هەر سەرەداوێکدا بڕۆین، کە بەرەو دانوستاندنمان ببا.

زۆر لەو گەشت و وتووێژانەی کردمان، پێویستبوو هەر بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ پێم وایە دەتوانم لە بارەی یەکێکیان بنووسم. لە دەستپێکی ساڵی ١٩٧٢دا، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕۆمانیا بە سەردان هاتە ئیسرائیل، بە ڕواڵەت هەر بۆ ئەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی فەرمانگەی دەرەوەمان کۆ ببێتەوە. کەچی ئەو داخوازییەکی تایبەتمەندانەی پێشکەشکرد: داوایکرد من ببینێ، لەسەر ئەوەش ڕژدبوو، بەتەنیا دەیەوێ من ببینێ؛ نابێ هیچ کەسی دیکە لە کاتی ئاخاوتنەکانمادا ئامادەبێ. ئێمە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ ڕۆمانیادا هەبوو. ڕۆمانیا تاکە دەوڵەتی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بوو، پەیوەندیی دیپلۆماتیی لەگەڵ ئێمە لە دوای جەنگی شەش ڕۆژەدا نەبڕی و بەردەوامیش ڕەتیدەکردوە لەگەڵ نواڕینی بلۆکی سۆڤیەتیدا هەڵمەتی پڕوپاگەندە دژە ئیسرائیل بکا یان بچێتە پاڵ بلۆکی سۆڤیەتی بۆ تاوانبارکردنمان بە "دەستدرێژییکردنە" سەر دراوسێکانمان. ئێمە گەیشتبووینە ڕێککەوتننامەیەکی هاوبەشی بازرگانی، پێشانگا هونەرییەکان، موزیکژەنەکان، کۆرس و تیاترۆکانمان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕدەکرد و هەندێ کۆچبەریشمان لە ڕۆمانیاوە بۆ دەهات. من سەرۆکە بە گوڕوتینەکەی ڕۆمانیا نیکۆلا چاوشیسکۆم لە ١٩٧٠دا بینی و خۆشیشم ویست، پێشی سەرسام بووم، کە چۆن ملی بۆ گوشاری عەرەب دانەنەواند و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێمەدا هەروەک لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا پاراست. دەمزانی چاوشیسکۆ مەڕاقی بەرەوپێشوەچوونی سەقامگیربوونی ئاشتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بۆیە سەرسام نەبووم کاتێ جێگری وەزیرەکەیان ڕایگەیاند دەیەوێ من ببینێ. کاتێکیش بە تەنیا بینیم، گوتی لە ڕاستییدا تەنیا بۆ ئەوە هاتوتە ئیسرائیل، ئەمەی خوارەوەم پێ ڕابگەیەنێ: "سەرۆک منی ناردووە، تا پێتڕابگەیەنم کاتێ ئەو بەو زووانە سەردانی میسری کرد، ساداتی بینی و وەک بەرەنجامێکی کۆبوونەکەشیان سەرۆکەکەمان پەیامێکی زۆر گرنگی بۆ تۆ پێیە. دەیەوێ خودی خۆی پەیامەکەت پێبڵێ، بەڵام لەوەتەی ئەو ناتوانی {ئەو چووبووە چین}، بۆیە پێشنیازی کردووە، ئێوە بێنە بوخارست. تۆ دەتوانی بە نهێنییش بێیت، یان بەئارەزوی خۆت گەر پێت باشتر بێ ئەوا بە خۆشییەوە بانگهێشتی ئەوێت دەکەین." من ئەوەم نەپەژراند، کە چوونە

چین ئۆتۆماتیکانە سەردانی ئیسرائیلی بە دوورخستبێ، بەڵام پێمگوت هەڵبەتە من دەمەوێ بە زوترین کات گەر بکرێ بێمە بوخارست. بە نهێنیش ناچمە ئەوێ- چونکە گونجاو نییە بۆ من وەک سەروەزیری دەوڵەتی ئیسرائیل (مەگەر بە رەها شتێکی هەرە جەوهەری لە ئارادابێ) بەڵام هەر کاتێک بە فەرمی بانگهێشتنامەکەم پێگەیشت، ئامادەی هاتنم. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، بانگهێشتنامەی چاوشیسکۆم پێگەیشت، منیش بەرەو ڕۆمانیا فڕیم.

چواردە سەعاتم (بە دوو دانیشتنی دووورودرێژ) لەگەڵ چاوشیسکۆدا بردەسەر، ئەو پێی گوتم لە خودی سادات وا تێگەیشتووە، کە ڕابەری میسرییەکان ئامادەیە ئیسرائیلییەک ببینێ، ڕەنگبێ من بم، ڕەنگبێ منیش نەبم، ڕەنگبێ یەکێکی دیکە، کە پلەوپایەکی نزمتری لە سەرۆکی دەوڵەت هەبێ. گوایە دانیشتنێکی لەو جۆرە دەبێ ساز بدرێ. منیش بە ساوشیسکۆم گوت؛ "جەنابی سەرۆک، لە ماوەی ساڵانێکی دورودرێژەوە ئەوە خۆشترین هەواڵە بیبیستم"- سا بە ڕاستی واش بوو. ئێمە بە چەندان سەعات لەو بارەیەوە دواین، چاوشیسکۆ وەک من خەریکبوو لە خۆشیان باڵ بگرێ. ئەو لەوە دوودڵ نەبوو، کە پەیامێکی مێژوویی و ڕاستگۆیانەی گەیاندبوو. تەنانەت لە بارەی وردەکاریشەوە قسەی کرد. ئەو گوتی : "ئێمە لە ڕێی باڵوێزەکانی فەرمانگەی دەرەوەمان کارەکە ئەنجام نادەین، نەهی من نەهی تۆش." پێشنیازی وا بوو لە ڕێی کەسی جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە پەیوەندی، لە ڕێی سیمچا دینتز، ئەوسا سکرتێری سیاسیم کە لەگەڵم هاتبووە بوخارست، پەیوەندییەکە ڕێکبخرێ.

دوای چەند ساڵێک، پێدەچوو بەستەڵەکی نێوانمان بشکێ، بەڵام وا دەرنەچوو. کاتێ گەڕامەوە ئیسرائیل، ئێمە چاوەڕوان و هەر چاوەڕوان- تومەز لەختوخۆرایی بوو. چاوەڕوانییەکە هیچ شتێکی بە دوادا نەهات. ئەوسا سادات هەرچییەکی بە چاوشیسکۆ گوتبێ — کە هەندێ شتی هەر پێگوتووە- بەڵام سەرتاپای بێ واتابوو، منیش گومانم بۆ ئەوە چوو، کە هۆی ئەوەی هەرگیز گوێم لە چاوشیسکۆ نەبووەوە لەبارەی دانیشتنەکەی لەگەڵ سادات قسەبکاتەوە ئەوەبوو، نەیدەتوانی خۆی توشی دانپێدانان بکا تەنانەت بۆ منیش بەوەی، کە سادات هەڵیخەڵەتاندوە.

ئەوەی پەیوەندیی بە جەماوەر و ڕۆژنامەگەرییەوە هەبێ–لە هەر دوو شوێن، ئیسرائیل و ڕۆمانیا وا پەیوەستبوون، کە سەردانەکە تەنیا سەردانێکی ئاسـاییانە بـووە؛ چاوشیسـکۆ خـوانێکی نـانی نیـوەڕۆی بـۆ سـازدام، سەروەزیریش خوانی شێوان، منیش خوانێکی شێوانم بۆیان ئامادەکرد، بەڵام تاکە ئەنجامی واتاداری سەردانەکەی بوخارستم–کە چەند هیوایەکی زۆرم لەسەر هەڵچنیبوو– ئەوە بوو توانیم لە ڕێوڕەسمی شەوی هەینی سیناگۆکی خـۆراڵی لە بوخارسـت ئامـادەبم و بە سـەدان جـووی ڕۆمـانی ببیـنم، کە بەتەواوی لە جووەکـانی مۆسـکۆ ئـازادتر بـوون. ئەوان بە سـۆزێکی زۆر و خۆشەویستییەک بۆ ئیسرائیل بەخێرهاتنیان لێکردم، هەستمکرد جەستەم هەڵگیراوە، بە بیریشم نایە کە گۆرانی عیبریی خۆشم وەک ئەوێ، هەرگیز گـوێی لێبـووبێ یـان ئەونەرمونیـانیەی ئەو ئێـوارە هەینییەی ئەوێم هەرگیز دیبێ. کاتێک بەرەو لای ترومبێلەکەم ڕۆیشتم، بینیم ئاپۆرایەکی خەڵکی زۆر بە بێـدەنگی چـاوەڕێم دەکەن؛ دەیـان هەزار جـوو لە هەمـوو ڕۆمانیـاوە هـاتبوون، ئیدی گەڕامەوە، بەنێویاندا تێپەڕبووم و گوتم "شابات شالۆم" و گوێم لە دەنگی دە هەزار کەس بوو شابات شالۆمیان گوتەوە. خودی ئەو دیدارە خۆی لە گەشتەکە بۆ من بەهادارتر بوو. تاکە شتێکی بەرجەستەش کە لەگەڵ خۆم بردەوە (ئەو کات نەمدەزانی چییە) کەوڵە ورچێکی ڕەشی قەبە بـوو، کە سـەرەوەزیری ڕۆمانیـا (ڕاوکەرە ئـاهەنگگێڕەکە) پێـی بەخشـیم و دواتر دامە منداڵەکانی ڕێڤیڤم. ئەوان پێیەوە سەرسام بوون و بۆ ئەوان ئەو یادەوەرییە تفتوتاڵەی نەبوو وەک بۆ من.

هەروەها گەشتی دیکەش بۆ شوێنی دیکە هەبوون، جارێکیان تەنانەت بیرۆکەیەکی سەرچڵییانەش فێریکردم بچمە شوێنێک بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکا. لە بەهاری ١٩٧١دا گەشتێکی دە ڕۆژیم بۆ دانیمارک، فینلاند، سوئێد و نۆرویج کرد. لە نێوان ئەو ماوە سەردانەی من لە هێلسنکییەوە بۆ ستۆکهۆلم، پشووی کۆتایی هەفتە هەبوو، خۆ ئەگەر نەخشەیەکی باشی بۆ دابنێم ئەوا لە تەلەفـون، تێلـیکس، بروسـکە و ڕاپۆرتەکـانیش دوور دەکەومەوە، بەڵام خـۆ ئاسان نەبوو شوێنێکی پڕبەپێستی نەخشەکە بدۆزیتەوە تیایدا بە ئارامی لێی پاڵکەوی و پشـووبدەی، لە کاتێکدا هێشـتاش دۆخـی ئاسایشـەکەم هەر زیـاد

دەكــرا  بەتــايبەتيش كاتێــك لە شــوێنێكەوە دەچــوومە شــوێنێكی دیــكە. نووسینگەكەی ئۆرشەلیمم لە باڵوێزی ستۆكهۆلمی پرسی بەڵكو لە شوێنێكی وا هێـورە بـگەڕێ، زۆریـش لە پـایتەختی سـوئێدەوە دوورنەبـێ و دواتـر ئاگادارمـان بكـاتەوە. هەر پـێش ئەوەی ئیسـڕائیل بەجێبـێڵم، زەنگێـك لێـدرا؛ یەكێك لە وەزیرەكـان بـوو، داوای لێبوردنی كـرد، كە نەیتوانیـوە مـن ببینـێ، بەڵام شتێكی خۆشی هەیە پێم ڕابگەیەنێ. ئێمە بۆ دوو خولەكێك قسـەمانكرد و پاشان بەرەو فڕۆكەخانە بەڕێكەوتم.

لە هێلسـنكی هەواڵـی باڵوێزخـانەكەی سـتۆكهۆڵمم وەرگـرتەوە، گـوایە هـیچ شـوێنێكی وایـان بـۆ ئەو دوو ڕۆژە دەسـتبەتاڵیەم نەدۆزیـوەتەوە، بـۆیە دەبـووایە هەر لە میوانخـانەكەم بمێـنمەوە تـا گەشـتە فەرمیـیەكەم دەسـت پێـدەكاتەوە، بەڵام لە پـڕێكەوە زەنگـی تەلەفـونی دوا سـاتی بەڕێكەوتـنم بەبیرهاتەوە، ئیدی داوام لە لو كادار كرد- كە بووە مایەی واقوڕمانی- ئاخۆ پێـی خۆشـە گەر پشـووی هەفـتە لە لاپلانـد[141] بەسـەربەرین. ئەو بە واقوڕمانەوە گوتی :"لاپلاند؟" باوەڕی نەدەكرد بە ڕاستییم بێ.
بۆم ڕونكـردەوە "بەڵـێ، مـن بە تەواوی ئەو گەشـتەم لەبیركردبـوو تـا هەنـوكە، بەڵام ئـێمە بانگهێشـتی دوورگەی لاپلانـدی فینلەنـدی دڵڕفێنـی سروشتی كراوین، كە هی دۆستێكی ئیسڕائیلە. بەڵێنی داومەتێ كاتێكی خۆش لەوێ بگوزەرێنین، منیش خۆم حەزم لێیەتی."

كەچـی كۆمەڵێـك نـاڕەزایی هەبـوون: پاسـەوانەكانم گوتیـان شـوێنەكە زۆر لاپەڕگە و زۆریش دوورە؛ (لو)ش گوتی جلوبەرگی پێویستمان پێ نییە، چـونكە ئەوێ تـا ڕاددەی ڕەقبـوونەوە دەیبەسـتێ. ئاسایشـی فینلەنـدی و سـوێدیش لە بیـرۆكەكە سـامدایگرتن، چـونكە شـوێنەكە تەنیـا سـەد مایلێك لە سنووری یەكێتیی سـۆڤیەتەوە دووربـوو؛ هەمـووانیش پێیـان وا بـوو، شـێتییە گەشـتێكی تەواوی ١٢٠٠ مـایلی بـۆ تەنیـا دوو ڕۆژی پشـوو، مـایەی شـێتییە بكەی،بەڵام خۆ من ویستم بڕۆم و هەر واشمان كرد.

---

[141] Lapland

هەڵبەتە گەشتەکەمان تا ئەوپەڕی، نهێنی بوو. ئێمە چووینە ستۆکهۆلم، لەوێشەوە بە فڕۆکەیەکی بچوک بەرەو لاپلاند فڕین. لە ئێوارەیەکی خۆرەتاوی پڕشنگدار گەیشتینە ڕۆڤانیمی[142] پایتەختی لاپلاندی فینلەندی. فڕۆکەخانەکە کە هەر ئەوەندەی گۆڕەپانێکی تێنس دەبوو، چەند تاکسی چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، سەرۆکی شارەوانی ڕۆڤانیمی و ژنەکەی وەستابوون. ئەو تەنیا ئەوەندەی پێگوترابوو، هەندێ میوانی گرنگ دێن، بەڵام پێی نەگوترابوو میوانەکان کێن. لەوێ دەرکەوت ڕۆژنامەنووسێکیشی لێیە، هەر ئەوەش تێبینیکرا، کە هاوسەری سەرۆکی شارەوانی دەسکەگوڵەباخێکی پێیە. ئاخۆ گوڵەباخ لە لاپلاند بۆ کێ بێ؟ ئەو چاوێکی دیکەشی خستە سەر ئەو کەسانەی لە فڕۆکەکە دابەزین، سەیری ژنێکی کورتەباڵای کرد، کە لەبن پاڵتۆیەکی قوڕسدایە و دیارە کەسێکی زۆر گرنگە و بۆ ئەویش گوڵەباخەکان ئامادەکراون. ڕۆژنامەنوسەکە لە خۆی دەپرسێ، شتێکی نەکردەیە! ئینجا ئێمە ڕێگای خۆمان بەناو بەفر بەرەو شوێنی حەوانەمان بڕی، لەپڕێکەوە پێی دەزانێ، کەوا ژنەکە منم و ودەستبەجێش بروسکە بۆ سەرنووسەرەکەی خۆی لێدا.

من کاتێکی نایابم لە ڕۆڤانیمیدا بەسەر برد، لەوێ حەسامەوە، ئینجا گەڕامەوە ستۆکهۆڵم، بەڵام چ گەڕانەوەیەک، هەموو دنیا زانیبووی گوایە من لەوێ دانیشتنێکی نهێنییم لەگەڵ ڕووسەکان کردوە. ئەرێ بۆچی لەو هەموو شوێنانە، گۆلدا مایر چۆتە لاپلاندی فینلاند؟ ئایا باسی چییان کردووە؟ ئایا لەوێ کێی بینی؟ هیچ کەسێ لە سکەندەناڤیا و یان هەر جێگایەکی دیکە بڕوایان بە ڕاستییەکە نەدەکرد تا مستەر تسارپکینی جێگریڤ وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسی ڕۆژێک بەر لەوەی من ستۆکهۆلم جێبهێڵم هاتە ئەوێ، کەچی یەکدیشمان نەبینی. ڕۆژنامەکان لە دواییدا هاتنەسەر ئەو بڕوایەی ئەو هەموو شتەی من لەوێدا لە ماوەی ئەو ٤٨ سەعاتە کردبێتم هەر خواردن و نوستن و کڕینی چەند یادگارییەکی ئاژەڵە کێوییەکان بوو بۆ

---

[142] Rovaniemi

نەوەکـانم و گەڕانێکـی خۆشەویسـتانە و بێـدەنگانەش بـوو بەنـاو دەریـاچە بەستوەکەدا.

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵانەمدا حەزم لێبوو گەر ئازاد بام، پۆستەکەم بەجێهێشتبا و لێی دوورکەوتبامەوە، ئەوەش نەوەک لەبەرئەوەی هێزوشـەنگم لێبڕابوو، یان لەبەرئەوەی ئیدی شـوێنی مـن لـەوێ نەمـابوو، بەڵکو هۆکـاری سـەرەکی ئەوەبـوو، لە خۆدووبـارەکردنەوە مانـدوبوو بووبـووم. ئـاخر ئەو شـتەی گوتـووتە دووبـارە و دە بـارەی بـکەرەوە و بە مەرجێـک نەتـوانی لە چوارچێوەکەی دەرچی، ئیدی هەر چی لێ دەکەوێتەوە. هەروەهـا مـن لەوەش ماندو و هەراسان بووبوم کە گوێم لەبارەی پێشنیازە ئالۆزەکانم دەبووەوە، ئـاخر کەسـانێک پێیـان وابـوو گـوایە ئـێمە بە جۆرێـک ڕەفتـار دەنـوێنین، کە ئەنجـامەکەی بەوە دەگـا ئیسـڕائیل بـدەینە دەسـتی سـەرۆکێکی وەک سـادات یاخود لەویش پۆلکتر بیدەینە دەست مسـتەر عەرەفات. ئەوەش بە ڕای خـۆم ئەوەی دەگەیاند، دەبێ لە بیرخستنەوەی ئەو دەرسـانەی ڕابردوو بوەسـتم و هەوڵـــی بڕواپێهێنـــانی دانیشـــتوانی ئیســـڕائیل بـــدەم، کە بە هـــۆی ئەوەی نیشتمانەکەمان جارێک، دوان و سیان شکاوە، بۆیە دەبێ لەوە دەرچین و لە شـوێنێکی دیـکەوە دەسـتپێبکەین، لە بـری ئەوەی هێڵینـگ لە پەنجەرەکانمـان بدەین و بە قفڵی پتریش دەرگاکانمـان کلۆم بدەین. مـن گرێکوێرەم هەبوون. ئەوان دەستیان پێکرد، خۆ ئەگەر لە کییڤ نەبێ ئەوا لە کۆنفرانسـی ١٩٣٨ی ئیڤیان بوو، لەو کاتەوە کە گوێمان لێیـان گـرت هـیچ ڕوویـنەدا. تەنـانەت لەنـاو ئیسڕائیلیشـــدا خەڵکانێـــک هەبـــوون پێیـــان وا بـــوو-بە دەنگـــی بەرزیشـــەوە دەیـانگوت- کەوا حکـومەت "بـایی ئەوەنـدە" تێناکۆشـێ زەمینەیەکـی هـاوبەش لەگەڵ عەرەب بـدۆزێتەوە، هەرچەنـدە ئەوان هـیچ کـات پێشـنیازێکی وایـان نەکردووە ئێمە بە خۆمان تاقیمان نەکردبێتەوە.

هەروەها لەوێ بەردەوام هەراوهوریایەکیش لە لایەن ژمارەیەکی کەم بەڵام دەنـگە بـاڵە تونـدڕۆکانی نێـو دانیشـتوان سـەبارەت بە بڕیارەکـانی حکومەتەوە هەبوو، دوای جەنگی شەش ڕۆژە ڕێگەدان بوو بە ژمـارەیەک لە جوو تا لە هیبرون، شارێکی کەناری ڕۆژئاوا لەسەر ڕوبـاری ئـوردن (سـی و پێـنج کیلـۆمەتە لە خـــواروی ئۆرشـــەلیم) نیشـــتەجی بـــبن، کە بەگـــوێرەی

دابونەریتی جووە پاتریارکە بایبلییەکان لەویَ نێژراون و هەرئەویش یەکەم جار پایتەختی شا داود بووە، پێش ئەوەی بگوازێتەوە بۆ ئۆرشەلیم. خاچدارەکان جووەکانیان لە هیبرون دەرکردبوو، بەلاَم لە ماوەی دەسەلاَتی عوسمانلییەکاندا لە فەلَەستین هەندێک جوو گەڕابوونەوە ئەویَ، ئیدی شارەکە کۆمەلَگەیەکی جووی لێ پەیدابووەوە تا ئەوکاتەی لە دواییدا کوشتارگە دژوارەکەی عەرەبەکان لە ١٩٢٩دا ئەوانەی لێی دەربازببوون، چۆلَیانکرد. دوای ١٩٤٨ ئوردونییەکان تەنانەت لێ نەدەگەڕان جوو سەردانی ئەشکەوتی پیرۆز ی ماخپێلاش بکەن تا نوێژ و درودیان لەسەر مەزاری پاتریارکەکانیان بکەن. لەگەلَ ئەوەشدا هیبرون بۆ جوو هەر بەپیرۆزی مایەوە، لە ئێوارەی ڕۆژی هەلَسانەوەش لە ١٩٦٨دا، شوێنەکە کەوتەوە بن دەستی بەڕێوبەرایەتی ئیسرائیلی، کۆمەلێ گەنج و چەکدارانی جووی ئەرسەدۆکسی داڕسانە قەدەخەکردنی سەربازیی و بۆ نیشتەجێبوون لە کەناری خۆرئاوادا. ئەوە بوو بە بێ مۆلَەت چوونە نێو کۆمەلَگای پۆلیسی هیبرون و مانەوە. ئەوەش کێشەیەک نەبوو، بەلاَم ڕەفتارێکی وا ناشیاوانەیان بە شێوەیەک نواند، کە "وێنەی" ئیسرائیلی شێواند. عەرەبەکان دەستبەجێ کردیانە هەرایەکی گەورە و هاواریان لەبەر "پێوەلکاندنی" هیبرۆن بۆ ئیسرائیل لێهەلَسا، ڕای گشتی ئیسرائیلیش لەسەر ئەم بابەتە دابەش بوو. لە سەرێکەوە ڕەنگبێ هەولَێکی بەرچاوی نیشتەجێبوون بێ و ببێتە ئەمری واقع و حکومەتی ئیسرائیلیش ناچاربکا لە داهاتوودا بیر لە جۆرە نیشتەجێبوونێکی وا لە کەناری ڕۆژئاوادا بکاتەوە. لە سەرەکەی دیکەشەوە، هەرچەندە داخم بۆ ئەو شێوازە خوارد، کە کۆمەلَەکە قانونیان خستبووە بن دەستی خۆیان، وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوای دڕندە بن، پێم وا بوو کە دۆزی ڕاستەقینە ئەوە نییە ئەوان کردیان یان تەنانەت چۆنیشیان کردووە بەلَکو شتێکی لەوە زۆر سەنگینتر بوو.

من لە خۆم و لە هاوڕێکانم دەپرسی، ئاخۆ بۆ دنیا شتێکی ژیربێژییانەیە (بە کۆترە بالاَدەستەکانی خۆشمانەوە) داوا لەحکوومەتی جوو بکا قانونێکی زەقوزۆپی وەها دەربکا نیشتەجێبونی جوو لەسەر هەر بستە زەمینێکی ئەم جیهانەدا قەدەغەبکا؟

منیش  لە خەڵکی دیکەم باشتر نەدەزانی ئاخۆ دواجار چی بەسەر ئەوانەی هیبروندا دێت، بەڵام بواربدەن وا دابنێین، ڕۆژێکیان من گوتم، تکایە خوایە، ئێمە دەمانەوێ ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ ئوردن ببەستین و هیبرۆنیش "بگەڕێنینەوە". بەڵام ئایا ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێ، کە هەرگیز لێنەگەڕێین جوویيەک دووبارە لەوێ بژی؟ بێگومان هیچ حکومەتێکی ئیسرائیلی هەرگیز ناتوانێ بۆ هەمیشەیی جووەکان لە هیچ بەشێکی وڵاتە پیرۆزەکە قەدەغە بکا. هیبرۆنیش نەک هەر شارە بازاڕێک بوو؛ بەڵکو واتای زۆری بۆ باوەڕی جوو دەبەخشی.

بۆ چەندان مانگ مشتومڕ و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندێکی هەر دوو دیوی ئەرێنی نەرێنی پرسەکەمان کرد، لە ١٩٧٠دا مۆڵەتماندا ژمارەیەکی سنووورداری یەکەی خانووبەرە بۆ جووەکان لە قەراخی هیبرون بەناوی کیریات ئاربا (شاری چوارەکان، ناوەکەی دیکەی عیبری بۆ هیبرون) دروستکرد و ئەو ڕەشەبا تایبەتمەندەش دامرکایەوە. هەوڵی دیکەی لاوەکی ناقانونیش بۆ نیشتەجێبوون هەبوون، دەبووایە بە توندی لەگەڵیان جووڵابواینەوە- هەرچەندە مایەی ئازاریش بوو، کە حکومەت فەرمان بە سەربازە ئیسرائیلیەکان بکا ئەو جووانەی دەیانویست لە کەناری ڕۆژئاواوە جێنشین بن، ڕابکێشێ و دەریانبکا. ئێمە ڕێگەمان بە جوو دا لە هەندێ شوێنی دەستنیشانکراوی ناوچەکانی بن ڕکێفی بەرێوبەرایەتییەکە نیشتەجێبن، لێ تەنیا ئەو جۆرە نشینگانەی بە تەواوی لەگەڵ بەرژوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئێمە دەهاتنەوە.

جێچەقی بازنەیەکی دیکەی بەئاگاهێنانەوەی نێودەوڵەتی شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانەکان بوون لە هەردوو ناوچەی کەناری ڕۆژئاوا و لە ئۆرشەلیم. بۆیە پێویست بە گوتن ناکا، من زۆر شادمان بووم کە بتوانم بچمە ڤاتیکان. لە یانیوەری ١٩٧٣ کاتێ کە بانگهێشتنامەکەی پاپا پاولی شەشەمم بۆ دیدەنییەکی هەشتا خولەکییم پێگەیشت، دوودڵێم لی نەکرد. ئەوە یەکەمین جار بوو، سەروەزیرێکی ئیسرائیل دیدارێکی پاپای بۆ ساز ببێ. هەرچەندە لەو سەردانە یەکڕۆژەیەی ساڵی ١٩٦٤دا، کاتێ پاپا وەک حاجییەک سەردانی وڵاتی پیرۆزی کرد، پاپا سەرۆک شازار، ئەشکۆل و بە کردەوش

هەموو کابینەی حکومەتی ئیسرائیلی بینی. من لە شادمانترینەکانی کۆبوونەکە نەبووم. پاپا بە ئاشکرا و ڕوونی ڕایگەیاندبوو؛ ئەو سەردانەی ڕێگەیەکی دەستوریانە نییە بۆ دانپێدانانێکی تەواوی ڤاتیکان بە دەوڵەتی ئیسرائیل؛ ئەو، ئوردن نەوەک ئیسرائیلی بۆ ماوەی سێ ڕۆژان کردبووە بارەگای حەوانەوەی خۆی، پەیامی خواحافیزبوونیشی کە لەنێو فڕۆکە بۆ ئێمەدا، نارد بە وردی ئاراستەی تەلئەبیبی کردبوو، نەوەک ئۆرشەلیم.

پەیوەندییەکانی نێوان ڤاتیکان و بزووتنەوەی زایۆنیزم هەمیشە هەر ناسک بووە، هەر لە سەردەمی تیۆدۆر هێرتزیلیشەوە، کە لە ١٩٠٤دا دیدارێکی گوێگرتنانەی لەگەڵ پاپا پیۆسی دەیەم دا هەبوو، پاپا پێی گوتبوو؛ "ئێمە ناتوانین ڕێ لە جولەکە بگرین نەچنە ئۆرشەلیم، بەڵام هەرگیز سزاشی لەسەر دانانێین... جووەکانیش دانیان بە عیسای ئێمەدا نەناوە؛ ئێمەش ناتوانین دانتان پێدابنێین." پاپایەکی دیکە دۆستانەتر بووە. شارێت دوو جاران (جارێکیان کە وەزیری کاروباری دەرەوە بووە) لە لایەن پاپا پیۆسی دوانزەم پێشوازی لێکراوە. پاپا جۆنی بیست و سێیەم هاوسۆز و تەنانەت گەرموگوڕتر بوو لەگەڵ ئیسرائیل، ئێمە بانگهێشتکراین تا نوێنەرمان بۆ هەر دوو بۆنەکەی بە خاکسپاردنی پاپا جۆن و لەجێدانانەوەی پاپا پاولی شەشەم بنێرین. لە ١٩٦٩دا پاپا پاول، ئابا ئیبانی لە نووسینگەی دیدارەکان بینی، باڵویزەکەی ڕۆماشمان هەمیشە پەیوەندییەکی باش و نزیکی لەگەڵ پایەبەرزەکانی ڤاتیکاندا هەبووە. هەرچەندە ڤاتیکان دانی بە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا نابوو، بەڵام هێشتا دانی بە ئیسرائیلدا نەنابوو، هەڵوێستی دەقاودەقی ڤاتیکان سەبارەت بە پرسی ئۆرشەلیم پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبوو. بۆ منیش وا پێدەچوو ڤاتیکان بەڕاستی دوای ئەو هەموو شتە، خۆی لەگەڵ دەوڵەتی جوو ئاشتکردبێتەوە.

چیرۆکی گوێگرتن و هەڵوێست ڕوونکردنەوەی من لەگەڵ پاپا نەوەک لە ڕۆما بەڵکو لە پاریس دەستیپێکرد. بۆ سالانێک من ئامادەی کۆنگرەی سۆشیال ئەنتەرناسیونال دەبووم (تێیدا جێگری سەرۆک بووم) سا لە هەر کوێیەک گیرابا. لە ١٩٧٣دا کۆبوونەوەی سەرکردە سۆشیالیستەکان لە پاریس بەڕێوەچوو- ئەوەش مانگ و نیوێک بەر لە هەڵبژاردنی نیشتمانیی فەڕەنسیی

بـوو- منـيش بێگومــان نیــازم هەبـوو بچــم وەک هەر ســەرانی حکــومەتە سۆشیالیسـتەکانی دیـکەش لەنێویانـدا ئـوتریش، دانیمـارک، فینلانـد و سـوئێد چـــوون، هەروەک هەنـــدێ لە ســـەرانی حـــزبە سۆشیالیســـتەکان کە لە ئۆپۆزسیۆندا بوون. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانی هەموو کەسێک بوو، جۆرج پۆمپیـدۆ لە هـیکەوە داوای لێکـردم بە شـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ پرسـی بەلایەکـدابردنی "دەنگـی جـوو" لە بەرژەوەنـدی سۆشیالیسـتەکان بچـمە پـاریس(کە لە فەرەنسـادا بـوونی نەبـوو). وەک بەرەنجـامێکی هەراوهوریـای فەرەنسـا، سۆشـیال ئەنتەرناسـیونال –کە مـایەی بەدبەختـی بـوو هیچیـان گرنگییـان بە ڕێسـاکان نەدا- بە شـێوەیەکی زۆر و بەرفـرەوان بـۆ خەڵـک ئاشـکراکران و حکـومەتی فەرەنسـیش ئەوەی کـرد و هەڵوێسـتی نـاحەزانەی بەرانبەر ئیسرائیل پێ جڵەو نەکرا. بە هەرحاڵ لەو کاتەی دەچوومە فەرەنسـا، باڵوێزەکەی ڕۆمامان ئامیل نەجار پێشنیازێکی کرد، ڕەنگبێ کاتێکی بـاش بێ بۆ ڕاسپاردەکەی، کە لە زۆر بۆنەدا لای دۆستەکانی لە ڤاتیکان پێی گوتراوە بەوەی پاپا ببینم. منیش گوتم ئەم دیدارە مایەی خۆشحاڵیم دەبێ، دوای ئەوە داوای دیـدارێکی وامــان پێشـکەش کـردن. لە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکـی کەم نـامەیەکم بـۆ نێردرابـووە باڵوێزخانەکەمـان لە ڕۆمـا. نـامەکە لە دەوڵەتـی ڤاتیکـانەوە هـاتبوو، تیایـدا نوسـرابوو: "جەنـابی پـایەبەرز، مـایەی ڕێـز و شانازیمە پێتان ڕابگەیەنم، کەوا باوکی پیرۆز لە دووشەممەی ١٦ی یانیوەری ١٩٧٣دا، تۆ لە دیداری گوێلێگرتن پێشوازیت دەکا."

ئەم وەڵامە بێئەندازە کاری تێکردم- دەبوایە هەر واش بێ- نەوەک لەبەرئەوەی (تەنانەت بە زۆری) لە ڤاتیکانەوە بوو بەڵکو لە پاپا خۆیەوە بـوو، بە شێوازە سادە و بەهـادار و نیگـاتیڤ و قوڵی چاوەڕەشـەکانی. پێم وایە مـن ئەوەنـــدە زۆر لە بـــارەی ئاخاوتنەکەمـــان شـــڵەژام، گەر هاتبـــا و خـــۆی ســەرەداوەکەی نەکردبـایەوە کـاتی پێـی گـوتم، ئەو ڕاسـتیە زۆر بەسـەختی دەبینـــێ کـــاتێ جـــوو بەرانـــبەر هەمـــوو خەڵکـــی لەبەر ئەو ژان و ناســـۆرە ترسناکانەی چەشتویانە، توانای لێبوردەییان بەرانبەر خەڵکی هەبێ، ئەوەیە لە وڵاتـی خۆیـان ئەوەنـدە دڵڕەقـانە جـووڵاونەتەوە. بەڵـی ئەوە جـۆرە قسـەیەک بـوو، کە تایبەتمەنـدانە نەدەبـووایە بەرگەی بگـرم لەبەر هـۆیەکی زۆر سـادە،

ئەویش گوتنەکە ڕاست نەبوو، ئاخر ئێمە بەدڕەفتاریمان لەگەڵ عەرەبی ناوچەکانی ژێر بەڕێوبەرایەتیمان نەنواندووە. هێشتا سزای مەرگ لە ئیسرائیلدا نییە، هەموو ئەوەی کردوشمانە تەنیا زیندانیکردنی تیرۆریستەکان بووە، ڕووخاندنی خانووی ئەو عەرەبانە بووە، کە دالّدەی تیرۆریستەکانیان دەدا و سەرباری چەندان ئاگادارکردنەوەشیان هەر وازیان نەدەهێنا، هەندێک جار هیچ ڕێگە چارەی دیکەمان نەبوو، تەنانەت دەرکردنی ئەو عەرەبانەی بە ئاشکرا دنەی تیرۆریستەکان دەدەن و پاڵنەریانن. بەلاّم من دادەڕسێمە سەر هەر کەسێک کە بەندێک یان کۆپلەیەک لە دڕندایەتی و چەوساندنەوە بێنێتەوە. زۆرم ئارەزوو بوو لە پاپا بپرسم، ئاخۆ سەرچاوەی زانیارییەکانی چین، کە ئەوەندە لەگەڵ هی من ئاسمان و ڕێسمانە، بەلاّم من وام نەکرد. لە جیاتی ئەوە وام پێگوت؛ لەرینەوەی دەنگی خۆم بوو کە تووڕەبووم: " ئێوەی پیرۆز، ئایا دەزانی یادەوەری بەرایی من چییە؟ ئەویش چاوەڕێکردنی ڕەشبگیری بوو لە کییف (پایتەختی ئۆکراین). ڕێگام بدە با خاترجەمت بکەم، گەلی من هەمووی لەبارەی "توندوتیژیی" ڕاستەقینە دەزانن، هەروەها کاتێک ئێمەیان پەلکێشی کوورەی گازی نازییەکان دەکر، ئێمە هەموومان لەبارەی لێبوردەیی فێربووین."

ئەوەش ڕێگایەکی نەریتئاسا نەبوو لەگەڵ پاپا وا بدوێی، بەلاّم هەستمکرد من بۆ جوو لە هەر کوێیەک بن قسەدەکەم، بۆ ئەوانەی ئێستا لە ژیاندان و ئەوانەش کە سەریان تێداچوو، لەو کاتەی ڤاتیکان لە جەنگی دووەمی جیهانییدا بەبێ لایەنی مایەوە. من هەستی پشکداربوونی ڕووبەیووبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی مێژوویيم هەبوو، ئیدی من و پاپا بۆ چەند چرکەیەک لە یەک ڕامāین. پێم وایە ئەو زۆر بە قسەکانم هێدمەگرتی بوو، بەلاّم هیچیشی نەگوت. تەنیا سەیرێکی کردم، ڕاستەوڕاست تەماشای نێو چاوی کردم، منیش بە هەمان شێوە سەیری ئەوم کردەوە. ئەوسا من بەردەوام بووم لەسەر ئەوەی زۆر بەڕێزەوە، بەلاّم لێبڕاوانە و هەندێکیش بە درێژی بۆ ڕوون بکەمەوە، کە ئێستا دەوڵەتی خۆمانمان هەیە، ئێمە هەردەم "لێبوردەبووین" بەرانبەر ئەوانی دیکە. ئەویش وەک ئەوەی مێشکی منی خوێندبێتەوە گوتی؛ "بە ڕاستی ئەوە ساتێکی مێژووییە."

ئەنجا لەبارەی بابەتگەلی دیکە دواین و بە گشتیش پێگەی ئۆرشەلیم لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. لەوێ دەبێ ڕێوڕەسمی تایبەت بە شوێنە پیرۆزەکان هەبێ، منیش ئەوەم خستەسەر، کە ئەم کارە بە "وتووێژی بەردەوام" لەنێوان کڵێسا و ئێمەدا ڕێکدەخرێ، ئەویش بە شەوقەوە ئاماژەی پێدا. هەروەها ئەو لە سەری ڕۆیشت و پێزانینی قووڵی خۆی مشوورخواردنی ئیسرائیل لە شوێنە پیرۆزەکانی کریستیانەکان دەربڕی. هەرچی ئێمەش بووین، پاپام لەوە دڵنیاکردەوە، ئەوەی داخوازیمان لێ بکرێ سەبارەت بە ڕێکخستنی کاروباری شوێنە پیرۆزەکان، نەوەک هەر بۆ کریستیانەکان بەڵکو بۆ موسڵمانانیش لە ئیسرائیلدا دەیکەین، بەڵام خودی ئۆرشەلیم هەر بە پایەتەختی ئیسرائیل دەمێنێتەوە. هەروەها داوام لە پاپاش کرد دەسەڵاتی خۆی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەکاربهێنی و هەوڵێکیش بدا بۆ گەڕاندنەوەی ئیسرائیلیە زیندانکراوەکان لە لای میسری و سورییەکان، ئەوانەی لە میانەی جەنگی داهێزراندا گیرابوون و دەوڵەتە عەرەبییەکانیش تا ئێستا ڕەتیانکردووەتەوە بەریان بدەن.

دوای ئاستەنگی خولەکی یەکەم یان دووەم، ئیدی کەشوهەوایەکە زۆر گەرم و ئاسودە بووەوە. ئێمە لە کتێبخانە تایبەتییەکەی پاپا لە نهۆمی دووەمی کۆشکی پاپایی دانیشتین و بە بێ هیچ گرژییەک ئاخاوتنەکانی خۆمان کرد. هەموو ئەو قۆناخە ناخۆشە ئیدی یەکسەر سەردانەکەی منی بەسەرداهات کە سەختبوو هەرس بکرێ. بە پێی ڕاگەیاندنی نەریتئاسا وتەبێژی پاپا پرۆفیسۆر ئالیساندرینی نائاساییانە "بەزارەکی" چەند تێبینیەکی بۆ ڕۆژنامە دا. هەوڵێکی بەرچاوبوو بۆ دڵنەواییکردنەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان سەبارەت بە پەیوەستبوونی پاپا بە کۆبوونەکە. ڕاگەیاندنەکەی پرۆفیسۆر ئالێساندرینی وەها بوو؛ "ئەوەش سیمای مامەڵەیەکی پێشنۆرەیی و تایبەت نەبوو، پاپا داوای خانم مایەری پەژراند، چونکە پێی وا بوو ئەرکی ئەو ئەوەیە هیچ دەرفەتێک بۆ بەرژەوەندی ئاشتی لە دەست نەدا، بۆ بەرگریکردن لە سەرجەم بەرژەوەندییە ئاینییەکان، بەتایبەتیش لاوازترین و زەبونترینیان و زۆریش لەوان پەنابەرە فەڵەستینییەکان."

(ناجار)ی باڵوێزمان لە ڕۆما، هەر دوای ئەوە دەستبەجێ و زەنگی بۆ ڤاتیکـان لێـدا و نـاڕەزایی خـۆی بەرانـبەر ئەو ڕاگەیەنـدراوە لە ڕێـلادەرەوە ڕاگەیانـد. منـیش هـیچ منگەمـنگم نەکـرد. هەمـان ئێـوارە لە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی لە باڵیۆزخانەکەمان لە ڕۆما بە ڕۆژنامەنووسـەکانم گوت، من بەسـەر ڤاتیکـانم دانەداوە. بە چاوپۆشـین لەوەی ئایـا ڤاتیکـان هەوڵیـداوە لە بایەخی ئەو دیدارە قسـەکردن و گوێلێگرتنەم لەگەڵ پاپادا کەم بکاتەوە، من گوتم؛ "دیدارەکە بۆ من و بۆ گەلەکەم زۆر جێگای پێزانین بـوو... لە پێناوی ئاشتی و نیازپاکی لە سەرتاسەری جیهاندا، ناسینەوەی تەواوی بۆچوونەکان لە نێوان پاپا و جوودا هەبوو."

ڕۆژی پاشتر دیارییەکی ناسکم لە ڤاتیکان پێگەیشت: کۆترێکی زۆر جـوانی ئاشـتی لە برۆنـز هەڵکەنـراو، کە لە لایەن پاپـاوە بـۆ سـەروەزیری ئیسرائیل، تەوجیلێکی جوان – وەک سیمایەک وای بۆ چووم، تا ئەو تێبینییە نادروستانەی ئالێسـاندرینی ڕاسـت بکاتەوە- لیسـتێکی چاپکراوەکانی هەمـوو عیبریزمانەکانی کتێبخانەی ڤاتیکان، هەروەها سـەر و میدالیاش بۆ سـیچما و لـــوو. هەمـــووی بەســـەریەکەوە شـــتگەلی چڕوپـــڕ و واتـــابەخش و سەرنجڕاکیشبوون بۆ من، هیواشم وابوو ڕێچکەیەکیش بێ بەڵکو ڤاتیکان لە تێگەیشـتن لە ئیسـرائیل لە زایـۆنیزم و هەسـتی جـوو وەک خـۆم لە بـارەی خۆیان نزیکبکاتەوە.

کـاتێ بیـر لە ڕابـردوو، لە هـاوینی ١٩٧٣ دەکەمەوە، پێویسـتە بڵـێم بە خۆشـــحاڵییەکی زۆر کەمەوە بیـــری لـــێ دەکەمەوە. ئەو ڕۆژانەی دوای نیوەشـەو، سـەعات دووی بەیـانی لەخەوهەڵدەسـتام، لەوێ دەکەوتـم، بەخـۆم دەگـوت شـێت بـوومە. لە تەمەنـی حەفتـا و پێـنج سـاڵیدا پتـر لە جـاران کـارم دەکرد و زۆریش بە ناوەوەی وڵات یان دەرەوە دەگەڕام، ئەوەش بۆ هەمـوو کەسـێک بـاش بـێ، بـۆ مـن بـاش نەبـوو. لەگەڵ ئەوەشـدا بە ڕاسـتی هەمـوو توانـای خـۆم بەکاردەهێنـا، کە هەنـدێ لە وادەکـانم کەم بکەمەوە و هەنـدێ لە کارەکانم بە ئەوانی دیکە بسپێرم، بەڵام هێشتا زۆر درەنگ بوو بکەومەوە خۆ و ببمەوە کەسێکی دیکە. بە چاوپۆشین لەو هەمـوو ئامۆژگـاری و ڕاوێژانەی لە لایەن کەســە نزیکەکــانەوە کــرام- منــداڵەکان، کــلارا (کە هەنــوکە لە

بریپۆرتەوە هاتووە تا چەند هەفتەیەکم لەگەڵدا بێ) گالیلی، سیمچا و لوو- کە تەنیا یەک ڕێگا هەبوو کە سەروەزیربم، ئەوەی کە من دەمەوێ ببم و قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەم ئەوانەی خوازیاربوون قسەم لەگەڵدا بکەن گوێ لە خەڵکی بگرم، ئەوانەی شتێکیان هەیە پێمبڵێن.

ئاخر نەمدەتوانی بچمە کۆڕێکی کراوە، کە بۆ نمونە لە لایەن یەکێتیی مامۆستایانەوە ڕێکخرابێ، بێ ئەوەی خۆم ئامادەکردبێ و خوێندنەوەی یاداشتەکەمان بیرۆکەی من نەبوو بۆ ئەوەی ئەرکی ماڵەوەم بە باشی جێبەجێ بکەم. هەمیشە یاداشتەکان پرسی بێ وەڵامیان لای من جێدەهێشت، کە زۆر جاریش دەبوونە پرسیاری هەرە بنگەیی و گرنگ. من زۆر خەمم لە قوتابییەکانی شارە پەرەستێنەکان دەخوارد، کە خوێندنەکەیان بەجێدەهێشت و پێم وا بوو دەبێ بکرێتە بابەتی ئەو دوانەم کە مامۆستایان داوایان لێ کردبووم قسەیان بۆ بکەم. بە ڕاستییش نەمدەتوانی ژمارەی دەقاودەقی ئەو خۆدزینەوە لە کەس وەربگرم، نە لە سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایان، نە لە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، ئەوەش پەستی دەکردم. ئایا چۆن دەبێ بە تەواوی ژمارەی ئەو قوتابیانەی هەر شارێک خۆیان لە قوتابخانە دەدزنەوە، نەزانردێ؟ ئەگەر مامۆستاکان ڕاپۆرتی تۆماری ئامادەنەبووان نەدەنە بەڕێوبەرەکان و ئەوانیش نەینێرن بۆ وەزارەت، کەواتە بۆچی ئەو ئامارە بەردەست نییە؟ هەرچەند پرسیارم زۆرکردبان ئەوەندە لەبارەی ئەو خۆدزینەوانە تێدەگەیشتم، ئەوەندەش لە بارەی شێوازی کارڕاییکردنی قوتابخانەکان و وەزارەت تێدەگەیشتم، لە هەمووش پتر لەبارەی ژیانی شارە نوێیەکان و پێوەرەکانی فێرکردنیان تێدەگەیشتم. کاتێکیش چوومە کۆڕەکە، دەبووایە شتێک بڵێم، زۆر پرسیار دەکران و دەرفەتی زۆر وەڵامیش هەبوو، کە لە دواییدا کۆمەکی دەکردم بۆ پێشنیازکردنی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو کێشەیە، کە بە سەختی بەرۆکی ئایندەی ئیسرائیلی گرتبوو.

هەروەها بە تەماش نەبووم خۆم لە کەس بشارمەوە. کاتێک بانگهێشتی جوەکانم دەکرد، ئەوانەی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە دوای چەندین مانگ، بەزۆریش چەندین ساڵ لە چەوساندنەوە و ژانوناسۆر کۆچیان کردبوو، ئەوانەی داوایان دەکرد و شایانیش بوون قسە لەگەڵ سەروەزیردا

بـــکەن، هەوڵمـــدەدا کـــاتێکی زۆرریـــان لەگەڵـــدا بەســـەربەرم. کـــاتێکیش سەرکردەکانی حزب لە ئێواران دەهاتنە لام تـا لە پرسـێکی پێویسـتی سیاسـی ناوخۆ بکۆڵینەوە، ئەوا نەمدەتوانی ئەو دانیشـتنانە لە کورتیدا ببڕێنمەوە. هەر چۆنێک بێ من سەرۆکی پارتی کار بوامایە یاخۆ نـا، بەڵام ئەگەر وا بوومـایە ئەوا هەر بەناو سەرۆک نەدەبووم. هەروەهـا ئەو کاتەشـم سنوردار نەدەکرد کە لەگەڵ نێـردەی جووەکـانی ڕۆژهەڵات یـان خوێنـدکاران یـاخود خـاوەن موڵکەکـان یـاخود هەر کەسـێک ویسـتبای پێمبڵـێ، کەوا چەنـد خـراپ ( یـان هەنـدێ جـارانیش کەوا چەنـد بـاش) هەڵسـوکەوت لەگەڵ کاروبـاری نەتەوە دەکەم. بەردەوام میـوانی دەرەوەش دەهـاتن و شایستەشـبوون -بە ڕاسـتیش وا بوو-کە نیو سـەعات بمبینن. هەندێکیان جووەکانی ئەمریکـا بوون، کە بۆ چەندان ساڵ کۆمەکێکی دارایی و مۆراڵی مەحکەمیـان بەخشـیبووە ئیسـڕائیل؛ هەندێکیشـیان وەبەرهێـنەری ئەوروپـایی بـوون، ئـێمە بە ژیـان پێویسـتمان پێبوون، ئەوانی دیکەش کەسانێک بوون لە لایەن خەڵکی دیکەوە نێردرابوونە لام، کە پێشـتر لە وڵاتە یەکگرتووەکـان یـان لە ئەفریقـا یـاخود لە ئەمریکـای لاتین دیتبوونم یان یارمەتیان دابووین.

حەزم لێبـوو خەڵـک ببیـنم و هەسـتم دەکـرد، ئەرکـی سەرشـانمە ڕاییـدەکەم، بەڵام هەرچەنـد زۆر خەڵکـم لە نووسـینگەکەم یـان لە مـاڵەکەم دەبینـی، ئەوەنـدە کـاخەز و نـامەم لا کەڵەکە دەبـوو، کە شـەوان دەبـووایە شەنوکەویان بکەم. هەوڵمدەدا هەر چۆنێک بێ بۆ نانی نیوەڕۆ بێمەوە ماڵ؛ هەندێ جاران خوانی فەرمی هەبوو، بەڵام هەندێک جاران تەنیا دەمویست لەگەڵ لـوو لە دەوروبەری سـەعات دوودا بگەڕێـمەوە مـاڵەوە و بە خێرایـی شـتێک بخـۆم و لە سـەعات سێشـدا بگەڕێـمەوە نووسـینگەکەم بـۆ خـولێکی دیـکەی کۆبـوونەوە و تەلەفـونکردن. ئەگەر بەخـتم هەبـووایە ئێـواران هـیچ ئەرکێکم لە ڕۆژمێرەکەدا نەبووایە، ئەوا دەمویسـت نووسـینگەکە لە سـەعات حەوت یان هەشت بەجێبێڵم و بگەڕێمەوە ماڵ و دوشێک بکەم، خۆم بگۆڕم و هەنـدێک نـانی شـێوان بخـۆم. هەڵـبەتە کابـانێکم لەمـاڵ هەبـوو. هەر کاتێـک دەفرەکانی شێوانی تەواوکردبا دەڕۆیشـت (مەگەر ئێوارە خوانێکی فەرمیمـان هەبووایە، لەو بارەدا لە دەرەوە کۆمەک دەکراین)، بەڵام ئاسـاییانە بـۆ ژەمـی

شـەوانە، شـتێکی بـۆ لەنێـو یەخچـاڵەکە دادەنـام. ناوبەنـاو ئێـواران لە مـاڵ دەمـامەوە و یەکێـک لە نووسـینگەکە بە خـۆی بارسـتایی فـایلی نـامە و نوسراوەکانی بۆ دەهێنام. هەندێ جاریش، بەڵام خۆ زۆر دەگمەن لەسەر کورسی قۆڵدار دادەنیشتم و سەیری فیلمێکی کۆنم لە تەلەفزیۆن دەکرد، یاخود لەو نێوەدا بە شتی بچووک وەک ڕێکخستنەوەی سەر ڕەفەکان، کە هەمیشە ئاسودەیی پێدەبەخشیم، لە کاتی خۆم دەکوشت.

هەنـوکە و ئەوکـات ئەنـدامی جیاجیـا، لە کـابینە دەبـوونەوە، ئیـدی دەمـانتوانی لەبـارەی کێشـەی دیـارکراو بە خـاوبوونەوەیەکی زیـاتر و نافەرمییـانە قسـەبکەین. لەوێ کۆبـوونەوەی فەرمـی نەبـوون و هـیچ بڕیارێکیشمان لەبارەیانەوە دەرنەکرد، بەڵام من هاتمە سەرئەو بڕوایە، کە ئەوان وایان کرد ڕێکارەکانی حکومەت کاریگەرانەتر بێ تەنیا لەبەرئەوەی دەمانتوانی کێشەکان بەدەم قاوەخواردنەوە یان هەندێ خواردن لێکبدەینەوە. هەر دوو یـان سـێ هەفـتە پینچـاس سـاپیر وەزیـری دارایـیم (هەنـوکەش سـەرۆکی ئاژانسـی جووە)دەهـات و بە قـووڵی گفتوگۆ لەسـەر پێشنیازەکان بکەیـن، کە حەزیـدەکرد بەر لە کۆبـوونەوەی کـابینە باسـیان بکـات. سـاپیر پیـاوێکی لە ڕادەبەدەر بـۆ ئیشـکردن توانـادارە و یەکێکیشـە لە سەرکەتوترین ئیسڕائیلییە فەند کۆکەرەوەکان. هەر کاتێک ساپیر جوویەک لە هەندەران دەبینێ، دەڵێ "ئایا چەند پارەت پەیداکردوە؟" ئیدی شتی خۆشی بە پیاوەکە دەڵێ! یەکێک لە کارە مەزنەکان، کە سەرقاڵیکردبوو باشکردنی ژیان بوو-بەتایبەتیش باری خوێندن لە شارە تازە پەرەستێنەکان، بۆ ئەو پرسە کارێکی مەزنی بۆ کرد، پتر لەوەی خەڵک دەیزانی. ئێمە هەمیشە بە باشی لەگەڵ یەک دەهـاتینەوە و کارمـان دەکـرد، سـەرەڕای ئەو ڕاسـتییەش، کە لە ژمـارەیەک سیاسـەتدا جەمسـەری لە یەک جیـا بـووین، لەمەڕ خـۆمەوە ئەو دیمەنەی سەرۆکایەتیکردنی کابینەم بە بێ بوونی ئەو نەدەهێنایە پێشچاو.

ئەندامێکی دیکەی کابینە، کە هی دەستلێهەڵگرتن نەبوو، ئیگال گالیلی وەزیری بێ هەگبە بوو، کە پشتم بە راوێژە سەنگینەکانی دەبەست. گالیلی هەر پیـاوێکی ژیـر و خاکیـانەی نـاوازە نەبـوو، بەڵکو کەسێکی بەهرەمەنـدی بێـوێنە بـوو، کە بچێـتە نێـو نـاخی کێشـە ئاڵۆزەکـان و هەتـا بشـکرێ بە

شێوەیەکی ئاشکراو ڕەوان دایان بڕێژێتەوە. پێم وایە تا ماوەیەکی درێژیش بۆ پرسە گرنگەکان هەر ڕاوێژ بە گالیلی دەکەم.

بە گشتیی، مـن زۆر بەختیاربووم، کە ئەو خەڵکە باشانەم لە دەوروبەردابوون. بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکەم، یاکۆڤ هێرزۆکی کۆچکردوو، یەکێک بوو لە زۆر دنیادیدە ڕۆشنبیرەکان کە بینیبێتم. کەسیش ئەوەندەی مۆردەخای گازیت دڵسۆز و خۆتەرخانکەرنەبوو بۆ پشتیوانی (کە جێگەی هێرزۆگی جوانەمەرگی گرتەوە)؛ ئیزرائیل لیۆر، عەلی میزراحی و بێگومان سیمچا دینیز و لووش.

شتێکی خۆشم لە ١٩٧٣دا توشهات، ئەوەش بڕیاری سارا بوو، کە ساڵێک مۆڵەت لە کیبۆتەکەی وەربگرێ و ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە زانکۆی عیبری بخوێنێ، ئەوەش ئەوەی دەگەیاند ئیدی شەوان بە تەنیا نەبم، بەڵام سزاکەشی ئەوەبوو تا درەنگانێکی شەو قسەماندەکرد، قسەکانیشمان سەبارەت بەوەی ئاخۆ من لە سەرووی لیستەکەی حزب دەبمەوە و بەدوای نووسینگە غاربدەم ( بە ڕادەیەک کە مرۆڤ لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیشدا بە دوای هەموو شتێ ڕادەکا!) بڕیاربوو هەڵبژاردنیش لە پایزدا بکرێ. من بەشێکی زۆری بیرکردنەوەم لەسەر خانەنشین بوو، بەڵام ڕووم لە هەر شوێنێک کردبا، هەمان بەڵگەوبەندی ١٩٦٩م گوێ لێ دەبووەوە: کێشەکەی من وەک پێی دەگوترا جێگرەوەبوو، کە لە کێشەی جێگرتنەوەی ئەشکۆل کەمتر نەبوو؛ ئەو سێ توخمەی وای لە پارتی کرێکاران کرد، هاوپەیمانێکی ئاسان نەبێ، بارودۆخی جەنگاوەریی-هەرچەندە ئەو بارە لە وەتەی جەنگی داهێزرانەوە پرسێکی ڕەوابوو-هی ئەوەبوو لە هەر کاتێکدا خراپتر ببێ، پەیوەندیی من لەگەڵ سەرۆک نیکسن یەکێک لە ڕاپۆرتە مەزنەکان بوو، کە پێنەدەچوو لای هەموو کەسێک جێگیر بووبێ؛ ئا بەو شێوە تا کۆتایی. من قێزم لەوە هەڵدەستا ببمە بابەتی ڕەمڵێدانێکی بێ کۆتا-ئایا دەیەوێ یان نایەوێ؟ بەڵام ڕاستگۆبم نەمدەتوانی بەڵگەوبەندە کاریگەرییەکانی خۆم ڕووبەڕووی ئەو ئەرگومەنتانەی سەروو ببمەوە، لەوە پتر هەستم بەوە کرد، کەوا شایستەی خانەنشینیم. هەموو ئەو دەمەتەقێیانە لە ماوەی بەهاردا لەنێو هاوڕێکانم لە حزبدا لە برەودا بوون، ڕۆژنامەگەریش بە شەوقەوە بە دوای

کەوتبوو، وەک ئەوەی ئیسرائیل هیچ خەمێکی دیکەی نەبێ. لە کۆتاییدا گوتم، "زۆر باشە. پێویست ناکا چیدیکە بڕیارەکە بوەخرێندرێ، شتگەلی دیکە هەیە بیری لێبکرێتەوە." دواتر زۆر جاران بە تفتوتاڵی بیرم لە خۆم دەکردەوە، تەنانەت ئەگەر هاتبا و ڕەتیشم کردبایەوە سەرۆکایەتی لیستی حزب بکەمەوە. هێشتا لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا سەروەزیر بووم، چونکە هەڵبژاردن تەنیا لە تشرینی دووەمدا دەکرا.

لە ئازاردا، دیسان سەرێکی واشنتنم دایەوە. ئەوکات ڕووداوێکی بەدبەخت ڕوویدا، کە وەک هەورێکی ڕەش ئاسمانی سەردانەکەمی داگرت: هێزەکانی ئاسمانی ئیسرائیلی فڕۆکەیەکی بۆینگ ٧٢٧ی لیبیایان خستەخوارەوە و لە نیمچەدوورگەی سینا بێسەروشوێن بوو. هەر ١٠٦ سەرنشینەکە گیانیان لەدەستدا. ئەوە یەکێک لە و کارەساتانە بوو نەدەکرا خۆی لێ لابدرێ، ئەمە لە کاتێکدا بوو، دەوڵەت شەوو ڕۆژ لەباری ئاگاهی دژی تیرۆرستاندا دابوو. ئێمە خەمی ئەوەمان بوو نەوەک پەلامارێکی خۆکوژیانەی تیرۆریستەکان بێ، بیانەوێ فڕۆکەیەکی پڕ لە تەقەمەنی دابەزێنن، ئێمەش لە میزاجێکی وا دا نەبووین، هیچ دەرفەتێکیان بدەینێ- هەرچەندە دەبووایە واشمان کردبایە، تەنانەت خۆ ئەگەر کەمترین زانیاریشمان هەبووایە، کە سەرنشینیان بارکردوون. کەچی فڕۆکەوانەکە هەموو هەوڵەکانی خۆپێناسەکردنی پشتگوێ خستبوون، ئەوەش دواتر بە دۆزینەوەی "سندوقی ڕەش" سەلمێندرا. هەردووکیان سەرۆک نیکسن و کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران بە هاوسۆزییەوە گوێیان لە ڕوونکردنەکەی من گرت و ئاخۆ ئەوە بۆچی ئەو شتە قەوما، لەو نۆهەد خولەکەی لەگەڵ سەرۆکدا بووم، دیسان بە گەرمییەوە لە کۆمەکی بەردەوامی وڵاتە یەکگرتووەکانی دڵنیاکردمەوە و هەروەها لە پشتگیری ئێمە بۆ داوای دانوستاندن لەگەڵ دراوسێکانماندا. بەڵام من کەمتر پەرۆش نەبووم کە ڕەوشەکە بۆ نەتەوەکانی ئەوروپا ڕوونبکەمەوە، کاتێکیش سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەوروپا بانگهێشتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری ئاوروپای لە ستراسبورگ کردم، پێمگوت، بە خۆشحاڵییەوە ئامادە دەبم. ئەمجارەیان من نەچوومە پاریس، داوام لە باڵوێزەکەمان کرد بە فەرمانگەی

کاروباری دەرەوەی فەرەنسی بڵێ، من دەمەوێ سەردانی فەرەنسا بکەم، ئەوسا بە هەر شێوەیەک بێ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ ئەوەی سەرنجێک لای فەڕەنسییەکان پەیدابکەم، کە بانگهێشتم بکەن. بۆیە ئاوا ڕاستەوخۆ چوومە ستراسبورگ.

لێ هەر پێشئەوەی ئیسرائیل بەجێبێڵم، هەواڵێکی ویرانکارانەم بۆ هات. تیرۆریستە عەرەبەکان لەوەدا سەرکەوتوبون، بڕوا بە حکومەتی ئوتریش بهێنن تا چادرگەی ئاژانسی جوو لە قەڵای سخۆناو لە نزیک ڤیەننا دابخەن. شوێنەکە بۆ ساڵانێک وەک وێستگەیەکی نیوەی ڕێگای هەرە پێویست بوو بۆ ئەو جووانەی لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بەرەو ئیسرائیل کۆچیان دەکرد. بەرلەوەی بچمە نێو چیرۆکی ئەو ملکەچبوونە بۆ کەڵەگاییەکە و ئەو هەوڵەی لەو بارەیەوە دام، ڕێگام بدەن شتێک لەبارەی ئەرکی سخۆناو بنووسم. ئەو جووە ئازایانەی سۆڤیەت، کە وێران داوای دەرچوون لە سۆڤیەت بکەن بەو مەبەستەی بەرەو ئیسرائیل کۆچبکەن، دەبوایە بە ناچاری چەندین ساڵ چاوەڕێ بکەن. هەر هاتنێکیش ڕێگەیان دابوونایە، بە ماوەیەکی پێشتر  ئاگادار نەدەکرانەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی توند و زبر پێیان دەگوترا، دەبێ لە ماوەی هەفتەیەکدا یان بە زۆری لەماوەی دە ڕۆژدا یەکێتیی کۆمارە سۆشیالیستیەکانی سۆڤیەت بەجێبێڵی. دیارە ڕیزپەڕیش هەبوون، بە هەندێک جوو گوترابوو ئەگەر دەتانەوێ بڕۆن، ئەوا دەبێ لە ماوەی چەند سەعاتێکدا چۆڵی بکەن، بەڵام بە زۆری هەر مۆڵەتی چەند ڕۆژێک بە کۆچبەران درابوو تا کاروباریان ڕێکدەخەن، مشوری ئەو کەلوپەلانەش بخۆن کە ڕێگە دەدرا بینێرنە ئیسرائیل، گومرگ بکرێن و ڕەوانەبکرێن، کاری ڤیزا مەیسەربکەن و ڕەگەزنامەی سۆڤێتیش بدەنەوە؛ ئەوسا کۆمەڵێک ڕێوشوێنی فەرمی دیکە ببڕن و دەبوایە کاتیش بۆ خواحافیکردن لە خزمەکانیان بدۆزیبایەوە، کە لەوانەبوو هەرگیز نەیان بیننەوە. ئەوەش ئەو ڕێگایە نەبوو، کە زۆربەی کۆچبەران وڵاتەکانی خۆیان جێدەهێڵا؛ ڕێوشوێنەکە نە مرۆڤانە بوو نە گونجاویش بوو، بەڵام تاکە ڕێگا بوو بە هۆیەوە جوو لە سۆڤیەتەوە دەربچن، هەروەک ئەوەی ئەوان تاوانباربن یاخود سنووورداش بکرێنەوە.

یەکەمین وێستگەی وەستانی قیتارەکەیان بەرەو ئازادی، بە گشتی لە ڕێی پراگەوە بوو، قیتارێکی بچوک بوو، سنوری چیکۆسلۆڤاک و ئوتریشی دەبڕی. لەوێ دەسەڵاتی ئوتریشی ڤیزای ترانسیتیان دەدانێ، تا ئەو کۆچبەرانە بێنە نێو دنیای ئازاد و ئاژانسی جووش بە فەرمی لە ئوتریش بەخێرهاتنی دەکردن؛ ناو و ژمارەی جووەکانی قیتارە تایبەتەکەیان تۆماردەکرد. لەسەر سنوورەوە قیتارەکان –بە واگۆنی تایبەت بە کۆچبەرە جووەکان– لەسەر هێڵەکەیان بەردەوام بوون تا دەگەیشتە ڤیەننا، لەوێش پاسی ئامادەکراو هەبوو تا بیانگەیەننە چادرگەکە. ئاژانسی جوو قەڵایەکی گەورەی سپی لە خانەدانێکی ئوتریشی بەکرێگرتبوو، لەوەش پتر هەرچەندە شوێنێکی بۆ لێ حەسانەوەی کۆچبەران و لەوێشەوە ئامادەبکرێن تا دەگەیەندرێنە دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەوێ ئەو شوێنە بوو، کە کۆچبەران –شەپرێو و شەکەت– زانیارییان لەبارەی ئیسرائیل پێدەدرا، بە پێی پیشەکانیشیان پۆلێن دەکران و ئامادەدەکران، ئەو زانیارییانە ئەگەر بۆ ڕاددەیەکی هەرە کەمیش بێ، پێویست بوو بۆ ئەوەی ببرێنە وڵاتێکی نوێ.

کەسیان زۆر لە سخۆناو نەمانەوە. تێکڕای مانەوەی خێزانێکی کۆچبەر تەنیا دوو تا سێ ڕۆژ لەوێ دەمانەوە، پێش ئەوەی کاروباری فڕۆکەخانە و فڕۆکەکانی ئەلئال ئامادەبکرێن و بیانگەیەننە لای ئێمە. من ساڵی پێشتر سەردانی سخۆناوم کردبوو، بە خۆم گەواهی باری دەروونی و جەستەیی ئەو کەسانە بووم، کە لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە دەهاتن، بایەخی ئەو دەروازەی ئازادییەشم زۆر باش دەزانی. هەروەها ئەوەشم دەزانی، کە بەکردەوە ڕێگایەکی دیکە بێجگە لە ئوتریش نییە تا جووەکانی یەکێتیی سۆڤیەت پێبگوازرێتەوە ئیسرائیل، دەشمزانی بۆ ملیۆنان جووی ڕووسیی، کە هێشتا هەرلەوێ ماون، سخۆناو هێمای ئازادی و هیوایان بوو.

دیار بوو تیرۆریستانی عەرەب هەموو ئەو شتانەیان دەزانی، لە کۆتایی ئەیلوولی ١٩٧٣دا، دوو پیاوی تفەنگبەدەست دزەیان کردبووە یەکێ لەو قیتارانەی دەهاتنە ئوتریش و حەفت جوویان (کە لەنێویاندا پیرەمێردێکی حەفتاو یەک ساڵە، ژنێکی نەساخ و منداڵێکی سێ ساڵانی تێدابوو) بەبارمتەگرتن و بە چەتوونی و بێ شەرمیش حکومەتی ئوتریشیان وا ئاگادار

کردبووەوە؛ ئەگەر بۆ هەمیشە کۆتایی بە کۆمەکردنی جووەکانیلە سۆڤیەتەوە نەهێنن و سخۆناش دانەخەن، ئەوا نەوەک هەر بارمتەکان دەکوژن، بەڵکو کاردانەوەی توندوتیژیش بەرانبەر ئوتریش ئەنجام دەدەن. بۆ مایەی سەرسامی و تۆقانمان کابینەی حکومەتی ئوتریش، کە ڕاوێژکار برونۆ کرایسکی سەرکردایەتی دەکرد، یەکسەر ملی بۆ دان و کەیفی هەر دوو تفەنگبەدەستەکەی خۆشکرد و (دەستبەجێش گەیەنرانە لیبیا) سەرتاپای ڕۆژنامەگەریش بە کەیفسازییەوە ناوی لێنان؛" کۆماندۆ سەرکەوتووەکان، مەکۆی بزووتنەوەی کۆچبەری جووەکانی ڕووسیایان بۆ ئیسڕائیل تەقاندەوە."

ماوەیەکی زۆر بوو کایرسکیم دەناسی و پیاوێکی شیاو بوو. ئەو بۆ چەندان ساڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئوتریش بوو. ئێمە ڕاهاتبووین لە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکدیمان دەدی. ئەو سۆشیالیتیخوازبوو، منیش لەڕاستیدا دواجار دوو ساڵ لەمەوبەر لە کۆنگرەی سۆشیال ئەنتەرناسیونال لە ڤیەننا دیتبووم. لە بیرمە جارێکیان بانگهێشتی ئیسڕائیلم کرد، بەڵام پێدەچوو بپرسێ چۆن و بۆچی، دیاربوو زۆر خۆشحاڵ نەبوو. من پێمگوت؛ "من کتومت دەزانم تۆ چیت داخوازە. تۆ مەبەستتە بڵێی گەر من بێمە ئیسرائیل ئەوا دەبێ سەرەتا بچمە میسر و دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکەش. باشە بڕۆ ئەوێش. لای ئێمە شتێک نییە ئاخۆ یەکەم جار دێیت یان دواجار، گرنگ ئەوەیە سەردانمان بکەی." بینیم بەم قسانە دڵیم ئاسوودە کرد.

ئەویش گوتی؛ " باشە، من دێم." واشیکرد هات. وەک جوویەک مستەر کرایسکی هیچ حەزێکی بەرانبەر ئیسڕائیل نمایش نەکرد، هەرچەندە لە ١٩٧٤دا بە سەرۆکایەتی نێردەیەکی سەرکردە سۆشیالیستەکانی ئەورووپا سەردانی ئیسڕائیلی کرد.

لە ئوتریش زۆر سۆشیالیستیخواز هەبوون، هەندێکیان جووبوون هەندێکیان نا، لەگەڵیاندا دۆستایەتیەکی باشمان هەبوو. خۆی دەمویست قسە لەگەڵ کایرسکی خۆیدا بکەم و تەواوی پێشهاتی داخستنی سخۆناوی بۆ ڕوون بکەمەوە، کە ئەمە هەر کار لە ئوتریش ناکا، بەڵکو کاریگەری بەسەر جووەکانی سۆڤیەتەوە هەیە. بە باڵوێزەکەی ڤیەننامان گوت داوا لە کایرسکی

بکــا، دەمەویٚ لەســەر ڕێــی خــۆم بــۆ ستراســبورگ ببیــنم. بــۆ ئەوەی ڕاستوڕەوان بم، پێویستە ئەو تێبینییە بدەم، هەرچەندە بڕوام بەوە نەبوو هەرگیز هۆکارێکی باش بۆ ملشۆڕکردن بۆ تیرۆریزم هەبێ، بەڵام بڕیارەکەی ئــوتریش بە تەواویــش بــێ پاســاو نەبــوو. لە دەســتپێکەوە ســخۆناو زۆر ناسراوبوو، هەرچەندە ئێمە بە سەختی هەوڵماندا هانی گەشتیاران نەدرێ بچنە ئەوێ و ڕۆژنامەش زۆر لەســەری نەنووســێ، هەروەهــا بەنــدوباوی ئەوەش هەبوو تیرۆریستان پەلاماری بدەن. بە ڕاستی ئاسایشی ئوتریش زۆر باش بوو، چاوەڕێی قیتارەکانیان دەکرد و یاوەری کۆچبەرەکانیان دەکرد تا دەگەیشتنە سخۆناو؛ قەڵایەکە بە خۆی پارێزراو بوو. بە ڕاستی ئوتریشــییەکان لەوبــارە زۆر کــاریگەرانە یارمەتیــدەر بــوون. بەڵام ئەگەر سخۆناو دابخرێ، ئەو هەر شوێنێکی دیکە بخرێتە بەردەست، دەبێتە مایەی بــارمتەکردن. هەســتمکرد دەبــێ لەگەڵ کایرســکیدا قســەی لەســەر بکــرێ، بەڵکــو بتــوانم ڕایەکەی پــێ بگــۆڕم. مــن زۆر بە دەمــارگرژییەوە چــاوەڕێی وەڵامەکەیم دەکرد؛ کاتێکیش وەڵامەکە هات، زانیم کایرسکی نایەوێ لەسەر ڕێگای خۆم بەرەو ستراسبورگ بمبینێ، بەڵکو لەکاتی گەڕانەوەمدا دەمبینێ.

من خۆم بۆ نمایشی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئەورووپا ئامادەکرد. تیایــدا سوپاســی ئەنجــوومەن و ئەنــدامانی پەرلەمــانی ئەورووپــا و پــارتە سیاسییەکانم کرد، کە دەنگیان بۆ داوای جووەکانی سۆڤیەت بەرزکردەوە تا ڕێــگەی کۆچیــان پێبــدرێ لەگەڵ بــابەتگەلی دیــکە لە نێویانــدا ڕەتکــردنەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان تا سەروسەودامان لەگەڵدابکەن و ئەو ڕوانینەی ئێمە بۆ بە یەکەوە ژیانی عەرەب- جوو. من وتارە ئاڕاستەکراوەکەم بەوە کۆتایی پێهێنا داوا لە ئەنجوومەن بکەم، بەڵکو بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین لە "لاسایکردنەوە لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی وەک هی خۆیان لە ناوچەکە یارمەتیدەر بن." دوا وتەشم بەبیرهێنانەوەی دەقە وتەیەکی دەوڵەتمەدارێکی ئەورووپی مەزن ژان مۆنێ[143]بوو کە جارێکیان گوتبووی: "ئاشتی بە تەنیا لەسەر بەڵێن و

---

[143] Jean Monnet: ژان مۆنێ (١٨٨٨-١٩٧٩) ئابوریناسە سیاسییەکی فەرەنسی، بە ئەندازیاری یەکێتی ئەورووپا دادەنرێ. وەرگێڕ

پەیماننــــامە بەنــد نیــیە. بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی لەســـەر ڕەخســـاندنی هەلومەرجەکـان بەنـدە، ئەگەر سروشـتی مرۆڤەکـانیش نەگـۆڕێ ئەوا بە لای کەمەوە دەبــێ ڕێنیشــاندەری ڕەفتاریــان بەرانــبەر یەکـدی بـێ بە ئاڕاســتەی ئاشتیەوە." پێم وا بـوو ئەو وشـانە پـوختەیەکن، باشـترن لەهەر وتەیەکـی مـن، کە داخوازی ڕاستەقینەی ئیسـڕائیل بەرانبەر عەرەب و تەواوی جیهـان ڕوون بکاتەوە.

کە گەیشـــتمە ستراســـبورگ پـێم شـێتی بـــوو، ئەوەی نووســـیومە بیخــوێنمەوە. لەوێ شــتگەلی کتــوپڕ و هەنــوکەیی هەبــوون، کە ئاڕاســتەی ئەنجوومەنی یەکێتی ئەوروپایان بکەم.

لەوێـدا گـوتم؛ "مـن وتـارەکەم نوسـیوەتەوە. پـێم وایە نووسـراوەکە لەبەردەسـتاندایە. بەڵام لەدوا ســاتدا بڕیارمـدا کـاخەز نێوانمـان نەگـرێ، کە وتارەکەم لێی نوسراوەتەوە، بەتـایبەتیش لە ڕوانگەی ئەو دوو سـێ ڕۆژانەی دوایی ڕوویداوە." ئیدی لەبارەی بڕیارەکەی ئۆتریش دەستم بە قسان کرد:

**" تیرۆریســـتەانی عەرەب بە پشـــتیوانی حکومەتەکـانی عەرەب لە ئیسرائیلدا بۆڕدران، ئیدی تیرۆرەکەی خۆیان هێنایە ئەوروپا... من بە تەواوی لە هەستەکانی سەروەزیر و ئەندامانی حکومەتی ئەو وڵاتە تێدەگەم، کە گوتیان " ئێمە هیچمـان لەگەڵ ئەو کێشەیەدا نییە. ئەرێ بۆچی هەرێمەکەمان بۆ ئەو چالاکییانە هەڵبژێــردراوە؟" هەروەهــا لەوەش تێــدەگەم ئەو حکــوومەتە ڕەنگبــێ بگـاتە ئاکامێـک، کە تـاکە ڕێگـا بـۆ ئەوەی خـۆی لەو سەرئێشـــــەیە ڕزگـــــار بکـــــا ئەوەیە، کە وڵاتەکەی لە وان دووربخاتەوە؛ ئەوسا چ جوو (بە دڵنیاییشـەوە ئیسـرائیلییەکان) یـان تیرۆریسـتەکان بـن. ئەوەش بـژارێکە هەمـوو حکومەتێـک پێویسـتە لەو ڕۆژانەدا بیکـا... بەڵام خـۆ نـابێ مـامەڵە لەگەڵ تیرۆرسـتاندا بکـرێ. ئەوەی لە ڤیەننـا ڕوویـدا لە ســەرەتاوە حکـــومەت هـــاتە بـــارێکی لێتێگەیشـــتن، ڕێککەوتـــن لەگەڵ تیرۆریستەکان. بنەمـا بنگەییەکـانی ئـازادی بـزووتنەوەی گەلان کەوتە ژێر پرسیارەوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا بۆ تیرۆرزم و**

**تیرۆرستان سەرکەوتنێکی گەورەبوو. بڕوام پێبکەن ئێمە زۆر مەمنوونی حکوومەتی ئوتریشین بۆ ئەو هەموو چاکەیەی کە بەسەر دەیان هەزار جووەوە هەیەتی، ئەوانەی لە پۆڵەندا، ڕۆمانیا و یەکێتیی سۆڤیەتەوە لە ڕێی ئوتریشەوە هاتن، بەڵام ئەگەر بڕیاربێ لەبری ئەوەی لە تیرۆرستان ڕزگارمان بێ، ئەوا با تیرۆریستەکان ئازاد بن هەموو ئەو شتانەیان بدەنێ کە داوای دەکەن، ئەوسا پرسیارێک سەرهەڵدەدا، ئاخۆ چ دەوڵەتێک ڕێگەی بە خۆی دەدا، کە پەیوەست بێ بە ڕێگەدانی جوو تا خاکەکەی بۆ گواستنەوە بەکاربهێنێ..."**

بۆ دوو ڕۆژ لە ستراسبورگ مامەوە و ئامادەی خوانە پێویستەکانی نیوەڕۆ و ئێوارە بووم؛ بەڵام هەموو دەم مێشکم هەر لای سخۆناو بوو. کاتێکیش چوومە ڤیەننا ڕاستەوخۆ چوومە نووسینگەی کایرسکی. سەروەزیر هەموو هۆکارەکانی سەردانەواندنی حکوومەتەکەی بۆ عەرەب بۆ ڕیزکردم و پرسیشی ئەرێ بۆچی تەنیا وڵاتەکەی ئەو گیرۆدەی کێشەی جووەکانی ڕووسیا بکرێ. بۆ وڵاتی هۆڵەندا نەبێ؟ خۆ ئەوان ڕێگەی کۆچبەران دەدەن بە وڵاتەکەیاندا تێبپەڕن. منیش پێم گوتەوە بیرم لە هۆڵەند کردۆتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئامادەن ئەو زەحمەتییەمان لەگەڵدا بکێشن. بەڵام پرسەکە بە ئەوانەوە بەند نییە؛ بەڵکو بە ڕووسەکانەوە بەندە. ڕووسەکان بەوە ڕازیبوون، کە جوو لەڤڕێی ئوتریشەوە کۆچ بکەن. ئەوسا کایرسکی شتێکی گوت، هەر بە ڕاستی نەمتوانی قبووڵی بکەم. ئەو پێی گوتم: "ئێمە سەر بە دوو جیهانی لە یەک جیاوازین." گەر لە بن بارودۆخێکی ئاساییدا بوومایە، ئەوا هیچ شتێکی دیکەم نەدەما بیڵێم؛ بەڵام من هەر لەبەر خاتری خۆم لەوێ نەبووم، دەبووایە لەسەر دەمەتەقێکەم بەرداوم بوومایە.

کایرسکی لەبارەی داخستنی سخۆناو کەللەڕەق بوو. دووبارەی کردەوە: "هەرگیز من بەرپرسیارێتی هیچ خوێنڕژانێک لەسەر خاکی ئوتریش هەڵناگرم، دەکرێ شتی دیکە ڕێکبخرێ."

منیش وەڵامم دایەوە: "تۆ بەم کارەت پاساوێکی تەواوعەیار دەدەیە دەست ڕووس، کە ڕێگای هیچ جوویەک نەدەن بۆ کۆچکردن، چونکە بە

دڵنیاییەوە دەڵێن ئەگەر توانستێکی ترانزێت لە گۆڕێدا نەبێ، کەواتە ڕێگەنادەن هیچ کۆچبەرێک ڕووسیا بەجێبێڵێ."

کایرسکی گوتی؛ " باشە، ئایا شتێکی دیکە نییە بیکەین. لێگەڕێ با خەڵکی خۆت کاتێ کە قیتارەکە گەیشت پێشوازی لەو جووانە بکەن."

من گوتم؛ "ئەوە مەحاڵە. ئاخر ئێمە نازانین ئاخۆ چەند جوو لە هەر قیتارەکە دان. هەر چۆنێک بێ پێم وا نییە ئەوە شتێکی ئاسایشیانە بێ، کە دەرزەنێک خەڵک لە فرۆکەخانە چاوەڕوانی فرۆکەکانی ئەلئال بکەن تا کۆیان بکەنەوە." لێ ئەوەم بۆ دەرکەوت، قسەکردن کەڵکی نییە. هەرچی بمگوتبا هیچی لە پرسەکە نەدەگۆڕی. لە سەروی هەمووشیانەوە کایرسکی خوازیار بوو زۆر خۆی لە ترۆتەشقەڵەی عەرەب بە دوور بگرێ. ئیدی سوپاسی پێشوازییکرنەکەم لێکرد و بە جێم هێشت.

کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ئامادەکرابوو تا هەردووکمان، کایرسکی و من وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە، بەڵام کاتێک گەیشتینە ئەو ژوورەی، ڕۆژنامەوانان چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، کایرسکی دەرگای کردەوە، بەڵام من سەرم بادا و گوتم: نەخێر، من هیچم نییە بیڵێم. من نامەوێ بێمە ئەوێ." تا ئەمرۆشی لەگەڵدابێ، نازانم ئاخۆ ئەو بە تەنیا قسەی بۆ ڕۆژنامەوانان کرد یاخود کۆنفرانسەکەی هەڵوەشاندەوە؛ تەنیا ئەوە دەزانم هەستمکرد وەک ئەوەی دەمم پڕبووبێ لە خۆڵەمێش. ئێمە سەر بە دوو جیهانی لە یەک جیاوازین! ئەو شتەی کایرسکی بەمنی گوت هەر لەمێشکمدا گینگڵی دەخوارد. هەڵبەتە هیچ بیرۆکەیەکیشم نەبوو ئاخۆ لە گەڕانەوەم بۆ ئیسرائیل چی چاوەڕێم دەکا.

# ١٤

# جەنگی یۆم کیپور

هیچ لەو پێشهاتانەی کە لەو کتێبەدا ناویان هاتووە بە قەد جەنگی یۆم کیپوری تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ بۆم قورس نییە. شەڕەکەش هەر قەوما، ئەوەی لێرەدا جێگەی نووسینە؛ وەک لێکدانەوەی سەربازییانە نا، چونکە ئەو بوارەیان بۆ کەسانی دیکە بەجێدێڵم، بەڵام وەک کارەساتێک خەریکبوو بقەومێ، وەک دێوەزمەیەک توشم هات و هەمیشەش لەگەڵمدایە، لە بارەیەوە دەنوسم.

تەنانەت وەک چیرۆکێکی کەسییش، هێشتا بەشێکی زۆری ماوە، هی ئەوە نییە بدرکێندرێ، ئەوەی لە بارەشیەوە دەنوسم، دوورە لەوەی یەکلاکەرەوەبێ. لێ ئەوەی ڕاستی بێ، لە میانەی جەنگەکەدا هەستمپێیکردوە و زانیومە، ئاخر لەماوەی بیست و حەوت ساڵی دامەزراندنییەوە، پێنجەمین جەنگ بوو توشی دەوڵەتی ئیسرائیلدا هات.

دوو خاڵ هەن پێویستە یەکسەر باسیان بکەم. یەکەمیان ئەوە بوو ئێمە جەنگی یۆم کیپورمان بردەوە، لەسەر ئەو بڕوایەشم کە سیاسەتوان و سەرکردە سەربازییەکانی هەر یەک لە سووریا و میسر لە کانگای دڵیانەوە دەزانن کە ئەوان سەرلەنوێ تێکشکانەوە، هەرچەندە لە دەستپێکیشدا دەستکەوتێکیان هەبوو. ئەوی دیکەشیان ئەوەیە؛ جیهان بە گشتی و دوژمنەکانی ئیسرائیل بەتایبەتی دەبووایە بیانزانیبایە ئەو بارودۆخەی تیایدا ژیانی ئەو ٢٥٠٠ ئیسرائیلییەی لە شەڕی یۆم کیپوردا کوژران، هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

جەنگەکە لە ٦ی تشرینی یەکەمدا هەڵگیرسا، بەڵام کاتێ هەنوکە بیری لێ دەکەمەوە، هۆشی من بۆ مایس دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی زانیارییمان سەبارەت بە خۆڕێکخستنەوەی هێزەکانی سووری و میسری لەسەر سنوورەکان پێگەیشت. کەسە هەواڵگرەکانی ئێمە پێیان وا بوو، پێناچێ ئەم جموجۆڵانە جەنگی بە دواوە بێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارماندا وەک ڕەوشێکی جدی و سەنگین هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین. لەو کاتەدا بە خۆم چوومە بارەگای سەرەکی. هەردووکیان، وەزیری بەرگری و سوپاسالار داڤید ئێلیازەر (لە ناو وڵات بەنازناوەکەی دادۆ Dado دەناسرێتەوە) بە تەواوی لە بارەی ڕەوشی خۆئامادەکردنی هێزە بەرگرییەکانمان ئاگاداریان کردمەوە، منیش بڕوام هێنا، کە سوپا بۆ هەر ڕەوشێکی ئاوارتە و لەناکاو ئامادەیە؛ تەنانەت بۆ جەنگێکی گەرماوگەرمیش. هەروەها ئیدی هۆشم چووە سەر پرسی هۆشدارینامەی کاریگەری پێشکات، بە هەر هۆیەکەوە بێ هەندێ لە گرژییەکە ڕەویەوە.

لە ئەیلوولدا زانیارییمان سەبارەت بە خۆبەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانی سووریا لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە بۆ هات. لە سێزدەی هەمان مانگدا، شەڕێکی هێزی ئاسمانی لەگەڵ فڕۆکەکانی سووریادا ڕوویدا و ئاکامەکەشی بە خستنەخوارەوەی سێزدە فڕۆکە لە جۆری میگیی سوریایی کۆتایی پێهات. لەگەڵ ئەوشدا پیاوە سووسەکارانی ئێمە سەرلەنوێ دڵنیاییان کردینەوە: وەک ئەوان گوتیان، لە باری هەرە زۆریدا پێناچێ هیچ کاردانەوەیەکی سەرەکی سوورییەکانی بە دوادا بێ، بەڵام ئەم جارەیان گرژیەکە هەر مایەوە و لانەچوو. لەوەش پتر، بەزمەکە بۆ لای میسرییەکان پەڕیەوە. هێشتاش پیاوە سووسەکارانی ئێمە هەر لەسەر هەڵوێستی خۆیان مانەوە. ئەوان وایان ڕوونکردەوە، گوایە بەردەوامێتی خۆبەهێزکردنی هێزەکانی سووری لەوەوە دێ، دەترسن مەبادا ئێمە هێرشیان بکەینەسەر. لە ماوەی مانگەکەشدا من خەریکی وڵات بەجێهێشتن بووم بەرەو ئەورووپا، ئەو لێکدانەوەی بارودۆخی جموجۆڵی سووریەکان هەر دووبارە دەکرایەوە.

لە ڕۆژی دووشەممەی یەکی تشرینی یەکەمدا، ئیسرائیل گالیلی تەلەفونی بۆ ستراسبورگ بۆ کردم. ئەو لەنێو وتەکانیدا پێیگوتم، کەوا بە

مۆشێ دایانیشی گوتووە و هەردووکیان پێیان وایە دەبێ زوو بگەڕێمەوە، ئێمە دەبێ گفتوگۆیەکی سەنگین دەبارەی ڕەوشی بەرزاییەکانی جۆلان بکەین. پێمگوت بە مسۆگەری ڕۆژی پاشتر دەگەڕێمەوە، ڕۆژی دوای ئەویش کۆدەبینەوە.

بە درەنگەوەی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە لەگەڵ دایان و ئاللۆن و گالیلی فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکان، سوپاسالار و لەبەرئەوەی ئەوێ ڕۆژێ سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نەخۆشبوو، لەگەڵ سەرۆکی لێکۆڵینەوەی هەواڵگری سەربازی، دانیشتم. دایان کۆبوونەکەی کردەوە، سوپاسالار و سەرۆکی لێکۆڵینەوەی هەواڵگریی بە وردی بارودۆخی بەرەکانی پێشەوەی ڕوونکردەوە. لەوێ شتگەلێک مایەی بێزاریی بوون، بەڵام لە هەڵسەنگاندی باری سەربازییمان هێشتا ئەوە دەخوێندرایەوە، کە ڕووبەڕووی هێرشێکی کوشندانەی سووری-میسری نابینەوە، لەوەش پتر، پێنەدەچوو سوورییەکان بە تەنیا هێرشمان بکەنەسەر. ئەو خۆبەهێزکردن و جموجۆڵەی هێزەکانی میسریش لە باشوور ڕەنگبێ لە پای ئەو مانۆڕانەوە بێ، کە هەمیشە لەو کاتانەی ساڵدا لەوێ دەکران، ئەو پاڵپشتی و پێشهاتانەی باکووریش هەروەک پێشتر لێکدرایەوە. ئەو ڕاستییەش کە چەندان یەکەی سەربازیی سووری لە ماوەی تەنیا هەفتەی پێشوودا لە سەر سنوری سووریا-ئوردنەوە گواستراونەتەوە، بەوە لێکدەدرایەوە گوایە بەرەنجامی کەمبوونەوەی گرژیی و ئاڵۆزی نێوانیان بووە و بەمە سووریا نیازپاکی نیشانی ئوردن داوە. هیچ کەسێک لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەی بە پێویست نەزانی بانگەوازی یەدەگەکانمان بکەین و کەسیش پێی وا نەبوو هەڵگیرسانی شەڕ لەئانوساتدایە. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردرا مشتومڕی پتر لەو بارەیەوە بۆ کۆبونەوەی کابینە لە ڕۆژی شەممەدا هەڵبگیرێ.

ئاساییانە لە پێنجشەممەدا چوومە تەلئەبیب. بۆ چەندان ساڵ ڕۆژانی پێنجشەمە و هەینی دەچوومە نووسینگەی تەلئەبیب، شەممەوانیش دەچوومە ماڵی خۆم لە ڕامات ئاڤیڤ، شەوی شەممەش یان بەیانی یەکشەممە دەگەڕامەوە ئۆرشەلیم؛ ئیدی هیچ ئاماژەیەکی وا لە هەفتەکەدا لەگۆڕێدا نەبوو تا خشتەکەم بگۆڕم. لە ڕاستییدا هەفتەکە هەفتەیەکی کورت بوو،

چونکە یۆم کیپور (ڕۆژی لێخۆشبوون) ئێوارەکەی هەینی دەستپێدەکرد، زۆربەی خەڵکی ئیسرائیلیش پشوویەکی درێژیان وەردەگرت.

پێم وایە ئێستا بەشێکی لە چاوی جەنگەکەوە، تەنانەت غەیرە جووەکانیش، کە پێشتر گوێیان لە یۆم کیپور نەببوو، بۆیان دەرکەوت لە ساڵنامەی جووایەتیدا ڕۆژێکی چەند پیرۆز و سەنگینە. ئەوەش ڕۆژێکە لەساڵ کە جووەکانی جیهان –تەنانەت ئەگەر زۆر دینداریش نەبن- ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکانی پەیڕەوکردن و یادکردنەوەیدا یەکانگیر دەبن. بڕوای جوو لەو ڕۆژەدا ئەوەیە؛ بە تەواوی لە خواردن و خواردنەوە و کارکردن دووربکەونەوە، لە ڕۆژی یۆم کیپوردا (وەک هەموو ڕۆژە پشوەکانی جوو و شاباتیش، بە ئێوارەی ڕۆژێک دەستپێدەکا و بە ئێوارەی ڕۆژی پاشتریش کۆتایی پێدێ) دەچنە سیناگۆکەکان نوێژ دەکەن و داوای لێخۆشبوون لەو گوناحانە دەکەن، کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا کردویانە. جووەکانی دیکە، بە ئەوانەی بە ڕۆژووش نابن، بە ڕێگای تایبەتی خۆیان یۆم کیپور بەسەردەبەن، بەوەی نەچنە سەرکار، بە ئاشکرا نان نەخۆن و بچنە سیناگۆگەکان تەنانەت ئەگەر بۆ سەعاتێک یان دوانیش بێ، تا گوێ لە دەستپێکی ئەو نوێژە مەزنەی کۆل نیدرای[144] لەو شەوەی، کە یۆم کیپوری بە دوادا دێ بگرن یان گوێ لە ڕێورەسمی نەریتیانەی شۆفار،[145] شاخی بەران کە نیشانەی ڕۆژوگرتنە، بگرن. بەڵام بۆ زۆر لە جووەکان لە هەر کوێیەک بن، بە چاوپۆشین لەوەی چۆن یادی دەکەنەوە، یۆم کیپۆر ڕۆژێکە لە ئەوانی دیکە ناچێ.

لە ئیسرائیلدا ڕۆژەکە ئەو ڕۆژەیە، بە کردەوە وڵات مۆلەق دەوەستێ. بۆ جووەکانیش، نە ڕۆژنامە هەیە، نە هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیی؛ هەموو قوتابخانە، دوکان و بازاڕ، خواردنگەکان، قاوەخانە

---

[144] Kol Nidrei

[145] Shofar: شۆفار ئەو کەڕەنایەیە لە شاخی بەران دروست دەکری و لە جەژنەکانی یۆم کیپۆر و ڕۆش هاشانادا لێدەدرێ-وەرگێڕ

فەرمانگەکان بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات دادەخرێن. هەر چەندە هیچ شتێک، تەنانەت خودی یۆم کیپوریش لای جوو لە ژیان گرنگتر نییە، مەترسی بۆ سەر ژیان لە هەموو لایەوەکەوە دێ، بۆیە هەموو خزمەتگوزارییە سەرەکییە مەدەنییەکان بە کاری خۆیان رادەبن، هەر چەندە زۆریان لە ماوەی ئەو بیستو چوار سەعاتەدا هەر پەیکەری کەسە پێویستەکان دەمێننەوە. دەزگا هەرە چارەنووسسازەکەی گشتیی بۆ هەموو ئیسرائیلییەکان، بۆ بەدبەختی سوپایە، بەڵام زۆر لە سەربازەکان وەک هەمیشە لەو بۆنەیەدا مادۆنییان پێدەدرێ، تا ئەو ڕۆژە لەنێو ماڵ و حاڵی خۆیان ببەنەسەر.

لە هەینی ڕۆژی پێنجی تشرینی یەکەمدا، ڕاپۆرتێکمان پێگەیشت، نیگەرانی کردم. خێزانی ڕاوێژکارە ڕووسییەکان لە سووریادا بارگەی خۆیان تێکدەنا و وڵاتەکەیان جێدەهێشت. ئەوەش ئەو ڕۆژانەی سەروبەندی جەنگی شەش ڕۆژەی خستەوە بیرم، ئەوەشم هەرگیز بە دڵ نەبوو. ئەرێ ئەوان بۆ وا بە پەلەن؟ ئەرێ تۆ بڵێی خانەوادەی ئەو ڕووسانە چی بزانن، کە ئێمە نایزانین؟ ئای دەکرێ ئەوان بەجێیبێڵن؟ لەو تەوژمە زانیارییانەی دەڕژانە نوسینگەکەمەوە، یەک وردەکاری بچووک لە مێشکی دام و نەمتوانی خۆی لەبەر ڕاتەکێنم و لێ ببوێرم، بەڵام لەوەتەی کەس لە دەوروبەرم نەبوو، کە ببێتە مایەی نیگەرانی، هەوڵمدا نەبێتە مایەی خولیام. سەرباری ئەوە، سەلیقە شتێکی زۆر ئاڵۆز و تەڵەکابازە؛ هەندێک جار پێویستە دەستبەجێ بچێتە ژێرباری، بەڵام هەندێک جار تەنیا نیشانەی دڕدۆنگیە و دەکرێ بە ڕاستی ببێتە مایەی سەرەڕۆیی.

لە وەزیری بەرگری، سوپاسالار و سەرۆکی هەواڵگرییم پرسی ئاخۆ ئەوانیش ئەو زانیارییانە بە گرنگ دادەنێن. نەخێر، ئەو زانیارییانە هیچی لە ڕەوشەکە نەگۆڕی. دڵنیا کرامەوە، کەوا لەهەر مەترسییەکی ڕاستەقینەدا ئاگادار دەکرێمەوە، هەر چۆنێک بێ فەرمان و هێزی خۆڕێکخستنەوە و خۆقایمکردنی کاریگەر نێردرانە بەرەکانی پێشەوە بۆ ئەوەی ئامادەی هەر ئەگەرێک بن. هەرچی پێویست بوو کرا، سوپا لەو پەڕی ئاستی هۆشداریدا دانرا، بەتایبەتیش هێزی ئاسمانی و هێزی زرێپۆشمان. کاتێک سەرۆکی

دەستەی هەواڵگریی بەجێی هێشتم، لە ڕاڕەوەکە توشی لوو کادار بوو. دواتر لوو پێیگوتم کەوا دەستێکی لەسەر شان داوە و بە خەندەوە پێیگوتووە، " مەترسە، شەڕ رونادا." بەڵام من نیگەران بووم، لەوەش بەو لاوەتر، لە جەختکردنەکەی ئەو بە تەواوی تێنەدەگەیشتم. ئایا چی دەبێ ئەگەر ئەو هەڵە بێ؟ خۆ ئەگەر تروسکاییەکی کەمی شەڕیش لە ئارابێ، ئەوا خۆ بەلای کەمی دەبووایە بانگی یەدەگەکانمان بکردبایە. هەر چۆنێک بێ، من بەلای کەمی کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ ئەو وەزیرانەی لە تەلئەبیب بوون دەویست. ئاوڕێکم لەو کەمانەی دەورووپشتم دایەوە. دوودڵیش بووم لەوەی بانگی دوو وەزیری حزبی دینی ناسیونالی بکەم، کە لە ئۆرشەلیم دەژیان تا لە سەروبەندی یۆم کیپوردا بۆ کۆبوونەکە بێنە تەلئەبیب، هەندێک لە وەزیرەکانیش پێشتر چووبونە کیبۆتەکان، کە بەمە ڕێگایان دوورکەوتبوەوە، بەڵام هێشتا نۆ وەزیر لەشارەکەدا مابوونەوە، منیش بە سکرتێرە سەربازییەکی خۆمم گوت، خشتەی کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەم لە شەوی هەینیدا بۆ دابنێ.

ئەوە بوو لە نوسینگەکەی من لە تەلئەبیبدا کۆبووینەوە. سەرەڕای ئەندامانی کابینە، لە کۆبوونەکە سوپاسالار و سەرۆکی دەستەی هەواڵگرییش ئامادەبوون. سەرلەنوێ گوێمان لە هەموو ڕاپۆرتەکان گرتەوە، بە ئەو ڕاپۆرتە نوێیەش-بۆ من هێشتا ڕاڤەنەکراو بوو- کە لەبارەی بە پەلەپڕوزێی بارکردنی خانەوادەی ڕووسەکان لە سوریا، بەڵام دووبارە نەبووە مایەی هۆشدارییەکی پلە باڵا بۆ کەس. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارمدا ئەوەی لە مێشکمدایە بیدرکێنم. پێمگوتن: "سەیرکەن، من هەستێکی سامناکانەم هەیە، کە هەموو ئە وشتانە پێشتر ڕویانداوە. ئەم ڕەوشە ساڵی ١٩٦٧م بیردەخاتەوە، کاتێک ئێمە بەوە تاوانبارکراین، گوایە سوپا بۆ سەر سوریا دەبەین، ئەوەش کتومت ئەوەیە، هەنوکە ڕۆژنامەی عەرەب باسی لێوە دەکا. پێم وایە ئەو هەموو شتەش واتایەکی خۆی هەیە. "وەک ئاکامێک و وەک ڕێسای بڕیاردانی کابینە داخوازبوو بۆ جاڕدانێکی سەرتاسەری بۆ باری ناکاو، لە هەینییدا بڕیارمان دەرکرد، لەسەر پێشنیازی گالیلی ئەگەر پێویستبکا ئەوا وەزیری بەرگری و من دەتوانین بە خۆمان ئەو جۆرە بڕیارانە دەربکەین. منیش گوتم پێویستە پەیوەندیەکیش بە

ئەمریکاییەکانەوە بکەین، بەڵکو ئەوانیش لە ڕێی خۆیانەوە پەیوەندی بە ڕووسەکانەوە بکەن و بە شێوەیەک گەر بە ناڕۆشنیش بێ پێیان بڵێن، وڵاتە یەکگرتووەکان لەو میزاجەدا نییە هیچ پشێویەک پەیدابێ. کۆبوونەکە کۆتاییهات، بەڵام من لە نووسینگەکەم مامەوە، بۆ ماوەیەک هەر بیرم لێ دەکردەوە.

ئەرێ ئەوە چۆن دەبێ کەوا من ئەوەندە ساماناکانە بیر لە هەڵگیرسانی جەنگ دەکەمەوە، لە کاتێکدا سوپاسالاری ئامادە، دوو سوپاسالاری پێشتر (دایان و حایم بارلێف، کە ئێستا بووەتە وەزیری بازرگانی و پیشەسازیمان) و سەرۆکی هەواڵگریی زۆر لەو جەختکردنەوەیە دوورن بەوەی شەڕ سەرهەڵبدا؟ دوای هەموو شتێک، خۆ ئەوان تەنیا سەربازی ئاسایی نەبوون. ئەوان ژەنەڕاڵی زۆر بە ئەزموون بوون، ئەوان کەسانێک بوون، جەنگاون و سەرکردایەتی خەڵکیان لە شەڕی سەرکەوتوانەدا کردووە. هەر یەکێک لەوان تۆمارێکی نایابی سەربازییانەی هەیە، هەرچی لە بارەی دەزگای هەواڵگریی و سوسەکردنی ئێمەشە، ئەوا لە جیهاندا ناسراون. نەک بە تەنیا هەر ئەوە، بەڵکو ئەو سەرچاوە بێگانانەی کە لەگەڵیاندا هاموشۆمان هەیە، بە ڕەهاییەوە لەگەڵ پسپۆڕەکانمان لەو بوارەدا هاوڕان. کەواتە ئەدی بۆچی من هێشتا بە ئاسانی ئەو پرسەم بۆ قوت نادرێ؟ تۆ بڵێی من هەر لەبەرخۆمەوە قسە بۆ خۆم بکەم؟ نەمدەتوانی وەڵامی پرسیارەکانی خۆم بدەمەوە.

ئەمڕۆ دەزانم کە دەبووایە بمکردبایە. ئەمن دەبووایە بەسەر دوودڵییەکەم زاڵ ببوومایە. من دەمزانی کە بانگەوازی جۆشدانەوەی سەرتاسەری باری ناکاو و تەنگانە چی دەگەیەنێ و چەندیشی خەرجی دەوێ، هەروەها دەشمزانی هەر چەند مانگێکی کەم، پێشتر لە مایسدا ئێمە هۆشداریماندا و سەربازە یەدەگەکانمان بانگکردبوونەوە، بەڵام هیچیش ڕووینەدا. لەوەش تێگەیشتبووم لەوانەیە لە مایسدا شەڕ ڕونەدا، هەر لەبەرئەوەی یەدەگەکانمان بانگکردبوونەوە، بەڵام ئەو بەیانییەی ڕۆژی هەینی، دەبووایە گوێم لە هۆشدارینامەکەی دڵم گرتبا و فەرمانی جۆشدانم دەرکردبا. بۆ من هیچ دڵنەواییەک سا هەر کەسێک گوتبێتی یان هەموو ئەو

گفتولفته گشتییەی هاوڕێکانم بۆ دڵدانەوەیان بۆ کردم، نەکرا ڕاستییەکەم لێبشارێتەوە و هەرگیز ناشسڕێتەوە.

پرس ئەوە نەبوو ئاخۆ دەست بۆ چ لۆژیکێک دەبردرێ. پرس تەنیا ئەوەبوو لێ ڕاهاتبوم بڕیار دەربکەم –وەک لە میانەی جەنگەکەشدا وام کرد– لە دەرکردنی یەک بڕیاردا شکستم هێنا. پرسەکەش پرسی هەستکردن بە تاوانبارێتی نییە. منیش دەرک بەوە دەکەم، لە ڕووی ئەو دڵنیابوونەی بەشێکی هەواڵگریی بە خۆم دەڵێم –هەروەها بە پەسندکردنی ئەو هەڵسەنگاندنە لە لایەن بەشێکی پیاوە بەرچاوەکانی سەربازییمان– ئەوا بێ هۆ دەبوو گەر هەر لەسەر جۆشدانێکی سەرتاسەری سووربام. لێ گەلۆ، دەزانم، دەبووایە هەر وام بکردبایە، تا باقی ژیانیشم هەر بەو شتەوە دەتلێمەوە. من هەرگیز نابمەوە ئەو کەسەی بەر لە جەنگی یۆم کیپور بووم.

هەرچەندە لە نووسینگەکە دانیشتبووم، بیرم دەکردوە و بەو ئازارە دەتلامەوە تا چیدیکە نەمتوانی لەوێ بمێنمەوە، ئیدی بەرەوماڵ بوومەوە. مناحیم و ئایا، چەند برادەرێکی خۆیان بۆ دوای نانی شێوان بانگهێشت کردبوون. جووەکان لە ڕۆژی بەر لە یۆم کیپور نەریتئاسا زوتر نانی شێوان دەخۆن، کە دوا ژەمە لە ماوەی بیستوچوار کاژمێری داهاتوودا، تا ئەوکاتیش ئەستێرە سەریان دەرهێنا و بە ڕۆژووبوونەکەش دەستیپێکرد. ئێمە دانیشتین نان بخۆین؛ بەڵام من ئۆقرەم لێهەڵگیرابوو، مجێزی خواردنیشم نەمابوو، هەرچەندە ئەوان ویستیان لەگەڵ برادەرەکانیان بمێنمەوە، بەڵام داوای لێبوردنم لێکردن و چوومە سەر پێخەفەکەم. کەچی نەمدەتوانی بخەوم.

دنیا ئەوەندە کشومات بوو، شەو گەرم بوو، پەنجەرەم کردەوە، لە پەنجەرەوە کە بە سەر باخچەکەدا دەیڕوانی، گوێم لە دەنگەدەنگی مناحیم و برادەرەکانی بوو بە هێواشی قسەیان دەکرد. جارێک و دووان سەگی منداڵەکان وەڕی، بەڵام وەکی دیکە، بێدەنگی بوو، نموونەی شەوی یۆم کیپور بوو. من بۆ چەندین سەعات بە بێداری خۆم درێژکردبوو، نەمدەتوانی بڕازێم. لە دواییدا دەبێ ئاگام لە خۆم نەمابووبێ. ئەنجا لە سەروبەندی سەعات چواری کازیوەی بەربەیاندا زەنگی تەلەفونەکەی تەنیشتم لێدرا. راوێژکارە سەربازییەکەم لەسەر هێڵی تەلەفون بوو.

زانیارییەکان وابوون، میسریی و سورییەکان بە یەکەوە "شەو درەنگانێک" هێرشیان کردووەتە سەر ئیسرائیل. ئیدی هیچ گومان نەمایەوە. سەرچاوەی هەواڵگرییەکە بڕواپێکراوبوو. بە لیۆرم گوت کە بە دایان، دادۆ، ئاللۆن و گالیلی ڕابگەیەنێ بۆ سەعات حەوتی بەیانی لە نووسینگەکەی من بن. لە ڕێگام بۆ ئەوێ بینیم پیرەمێردێک بەرەو سیناگۆک دەڕوا، بەرماڵی نوێژکردنی بەسەرشان داداوە و دەستی منداڵێکی بچکۆلانەشی گرتووە. ئەوان بە خودی هێمای جووایەتی دەچوون، منیش بە خەمبارییەوە بیرم لە سەرتاپای ئیسرائیل، لە گەنجەکانیان دەکردەوە، کە لە سیناگۆکەکاندا بە ڕۆژوون. ئیدی هەر بەو زووانە لەبەر نویژەکانیانەوەڕا بانگی نێو سوپا دەکرێنەوە.

لە سەعات هەشتدا کۆبوونەکە دەستیپێکرا. دایان و دادۆ سەبارەت بە قەبارەی جاڕی جۆشدانی گشتی جیاوازبوون. ڕاسپاردەی سوپاسالار ئەوەبوو، تەواوی هێزی ئاسمانی و چوار لەشکرمان دەستبەجێ بانگ بکرێن و بخرێنە باری ئامادەباشییەوە، بۆ ئەوەی ڕۆژی پاشتر واتە شەممە دەستبەکاربن و زەبری خۆیان بوەشێنن. دایانیش لە سەرێکی دیکەوە لەگەڵ ئەوە دابوو هێزی ئاسمانی و تەنیا دوو لەشکر (یەکێکیان بۆ باکوور و ئەوی دیکەشیان بۆ باشوور) جۆش بدرێن، مشتومڕی ئەو لەسەر ئەوە بوو ئەگەر جۆشدانێکی سەرتاسەری بێ ئەوەی فیشەکێک تەقێندرابێ، ڕابگەیەندرێ؛ ئەوا جیهان پاساوی ئەوەی دەدرێتە دەست، کە ئێمە بە "دەستدرێژییکار" لەقەڵەم بدا. سەرباری ئەو بیرکردنەوەیەش هێزی ئاسمانیی لەگەڵ دوو لەشکر دەتوانن دەرەقەتی ڕەوشەکە بێن، خۆ ئەگەر هات و تا ئێوارەش بارودۆخەکە بەرەو خراپتربوون ڕۆیشت، ئەوا هەمووکات دەکرێ لە ماوەی چەند سەعاتێکی کەمدا جاڕی جۆشدانێکی گشتی بدرێ. ئەو گوتی، "ئەوەیە پێشنیازی من، بەڵام ئەگەر تۆ بە دژی من بڕیار بدەی ئەوا دەست لە کار ناکێشمەوە." منیش بیرم کردەوە، "خودایە، دەبێ بڕیاربدەم ئاخۆ کامیان ڕاستە؟" بەڵام ئەوەی گوتم تەنیا یەک پێوەری هەبوو: ئەگەر بە ڕاستی جەنگ بقەومێ، خۆ دەبێ باشترین دۆخ وەربگرین. "بانگکردنەوە هەروەک دادۆ گوتی، وا دەبێ." بەڵام بێگومان تەنیا یەک ڕۆژ لە ساڵێکدا

تەنانەت بەو توانستەی خۆجۆشدانەش، کە هەمان بوو، لە بەشێکیدا هەر سەرنەکەوتین.

دادۆ لەگەڵ ئەوەدا بوو مادام جەنگهەڵگیرسان شتێکی مسۆگەرە، کەواتە ئێمە بۆ خۆپاراستن وا باشترە لەزەبروەشاندندا دەستپێشخەر بین. ئەو گوتی، "من دەمەوێ تۆ بزانی، کە هێزی ئاسمانیمان تا ئێوارە ئامادەی زەبروەشاندن دەبن، بەڵام دەبێ هەر ئێستا نیشانەی سەوزم بۆ هەڵبکەی. ئەگەر ئێمە یەکەمجار لێیان بدەین، ئەوا زۆر بە قازانجمان دەشکێتەوە." من پیشتریش خۆم یەکلاکربوووەوە، لەوێدا گوتم، "دادۆ، من هەموو بەڵگەوبەندەکان بە قازانجی زەبری دەستپێشخەری دەزانم، بەڵام من دژی ئەوەم. ئێمە هێشتا نازانین، کەسمان نازانێ ئاخۆ پاشەڕۆژ چی بۆ هەڵگرتوین، خۆ ئەگەر ئێمە لە زەبروەشاندندا دەستپێشخەر بین، ئەوا هیچ شتێکمان لە کەس دەستناکەوێ. من حەزدەکەم بڵێم بەڵێ، چونکە دەزانم شتەکە واتای چی دەگەیەنێ، بەڵام بە دڵێکی گرانەوە دەبێ بڵێم نەخێر." ئیدی دایان و دادۆ چوونەوە نووسینگەکانی خۆیان و منیش بە سیچما دینتز (ئێستا لە واشنتن باڵوێزمانە، ئەو هەفتەیە لە ئیسرائیل بوو) گوت بەرەو واشنتن بفڕێتەوە و بانگی مناحیم بێگنم کرد و پێمگوت، کە چی ڕوودەدا. هەروەها بۆ ئێوارە داوای کۆبونەوەی کابینەشم کرد پاشان بانگی کێنیس کیتینگ باڵوێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشم کرد و داوام لێکرد بێت و بمبینێ. من دوو شتم پێگوت: بەگوێرەی هەواڵگرییەکانمان هێرشەکە لە ئێوارە دەستپێدەکا و ئێمەش لە زەبروەشاندندا دەستپێشخەرنابین. لەوانەیە هێشتا بە بەریەوەمابێ شتێک بکرێ لە شەڕەکە دوربکەوینەوە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕووس بێنە نێوانەوە، یان ڕەنگبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ سووریی و میسرییەکان شتێک بکەن. هەر چۆنێک بێ، ئێمە لە هێرشکردندا دەستپێشخەر نابین. من خوازیاربووم ئەو بزانێ تا بکرێ بە زووترین کات زانیارییەکە بگەیەنرێتە واشنتن. باڵوێز کێتینگ بۆ چەندان ساڵ چ لە سینات لە ئەمریکا و چ لە ئیسرائیل دۆستێکی باش بوو. ئەو پیاوێک بوو خۆشمویست و متمانەم پێی هەبوو، لەو بەیانییە ترسناکەشدا زۆر مەمنونی پاڵپشتی و لێتێگەیشتنی ئەو بووم.

کاتێکیش لە نیوەڕۆ کابینە کۆبووەوە، وێنای تەواوی ڕەوشەکەیان بۆ ڕوونکرایەوە بە بڕیاری بانگکردنەوەی یەدەگەکان و ئەو بڕیارەی سەبارەت بە دەستپێشخەرنەبوون دەرمان کرد. هیچ کەسێک دەستی نارەزایی بەرزجنەکردەوە. کاتێکیش ئێمە لە کۆبوونەوەدابووین، سکرتێرە سەربازییەکەم خۆی بە ژووورداکرد و هەواڵی تەقەی بۆ هێناین، خەریکبوو یەکەم جار گوێمان لە فیکەی زەنگی لێدانی هێزی ئاسمانی لە تەلئەبیب دەبوو. ئیدی جەنگەکە هەڵگیرسا.

ئێمە نەوەک هەر لە کاتی خۆیدا ئاگادار نەکراینەوە، بەڵکو لە یەک کاتدا لە دوو بەرەوە جەنگاین و دوژمنەکانیشمان ساڵێک بوو خۆیان بۆ ئەو هێرشە ئامادەکردبوو. ئێمە لە ڕووی – تفەنگ، تانک، فڕۆکە و پیاو- زاڵ بووین و لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە لەوپەڕی خراپیدا بووین. هێدمەگرتنەکە تەنیا لە چۆنیەتی دەستپێکردنی شەڕەکە نەبوو، بەڵکو لەو ڕاستیەش بوو، کە هەندێ لە گریمانە سەرەکییەکانمان ڕاست دەرنەچوون: ئەگەری لاوازی هێرشکردن لە تشرینی یەکەم، دڵنیابوونەوە لەوەی بەر لە هەر هێرشێک هۆشداری بەرچاومان پێدەدرێ و ئەو بڕوایەش، کەوا ئێمە دەتوانین ڕێ بگرین لەوەی میسرییەکان لە نۆکەندی سوێسدا بپەڕنەوە. بارودۆخەکە نەدەکرا خراپ بووبایە. لە دوو یان سێ ڕۆژی یەکەمی جەنگەکەدا، تەنیا هێڵێکی باریکی گەنجە ئازاکانمان لە نێوان ئێمە و کارەسات قەوماندا بوون. هیچ وشەیەکی منیش ناتوانێ دەربڕی ئەو قەرزبارییەی گەلی جوو بێ، بۆ ئەو کوڕانەی لە نۆکەند و بەرزاییەکانی جۆلاندا بوون. ئەوان وەک شێر جەنگان و وەک شێریش کەوتن، بەڵام لە سەرەتادا هیچ دەرەتانێکیان لە بەردەمدا نەمابووەوە.

من هەرگیز هەوڵی ئەوە نادەم، وەسفی ئەو ڕۆژانە بکەم ،کە بۆ من لە چی دەچوون. پێم وایە ئەوەندە بەسیەتی بڵێم تەنانەت لە تەنیاییشدا نەمدەتوانی بگریم. کەچی بە دەگمەنیش تەنیا دەبووم. وابوو بە زۆری لە نووسینگەکەم دەمامەوە، هەرچەندە ئێستا و ئەو دەمیش دەچوومە ژووری جەنگ و هەندێ جاریش لوو دەیبردمە ماڵەوە و خۆم درێژدەکرد تا کەسێک بە تەلەفون بانگی دەکردم. لەوێ بە درێژایی ڕۆژ و شەو هەر کۆبوونەوە

بوون، بەردەوامیش کۆبوونەکان لە لایەن تەلەفونەکانی واشنتن یان هەواڵی بەرەی جەنگەوە دەپچڕان. نەخشە دادەنران، شیدەکرانەوە و مشتومڕیان لەسەر دەکرا. بەرگەی ئەوەم نەدەگرت لە سەعاتێک پتر لە نووسینگەکەم دووربکەومەوە، چونکە دایان و دادۆ و کاربەدەستانی فەرمانگەی دەرەوە و وەزیرە جیاجیاکان بەردەوام دەهاتن و ڕاپۆرتیان لەبارەی دوا پەرەسەندنی پێشهاتەکان دەدامێ، یاخود لەسەر بابەتگەلی دیکە پرسیان پێدەکردم.

بەڵێ، تەنانەت لە ناخۆشترین ڕۆژە بەراییەکانی ئەودەم، کاتێک دەمانزانی کە پارێزگاری لە زیانەکانمان بکەین، بڕوای تەواوم بە ئەفسەر و سەربازەکانمان، بە گیان و ورەی هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل و توانای بەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسییەک هەبوو، هەمیشەش بڕوام بە سەرکەوتنی مسۆگەر هەبوو. دەمزانی زو یان درەنگ دەیبەینەوە؛ بەڵام هەر ڕاپۆرتێک لەبارەی ئەو نرخە ئاماژەی بە گیانی مرۆکانمان دەدا، وەک خەنجەرێک بوو لە دڵم بدرێ، هەرگیزیش ئەو ڕۆژە لەبیرناکەم کاتێ گوێم لە پێشبینییە هەرە گەشبینیەکە گرت.

لە دوای نیوەڕۆی ٧ی تشرینی یەکەمدا، دایان لە یەکێ لە سەردانەکانی بۆ بەرەکانی شەڕ گەڕابووەوە و داوای کرد بمبینێ. پێی گوتم کە بە بۆچوونی ئەو ڕەوشی بەرەی باشوور ئەوەندە خراپە، پێویست بەوە دەکا هەندێک بکشێینەوە و هێڵی بەرگری نوێ لێ بدەین. من بە سامناکی گوێم لێ گرت. ئاللۆن، گالیلی و سکرتێری سەربازییم لە ژوورەکەدا بوون. ئەوسا بانگی دادۆشم کرد بێتە لامان. ئەو پێشنیازێکی دیکەی هەبوو-بەوەی دەبێ هێرشیکی چڕوپڕ لە باشووردا بکەین. داوایکرد بەڵکو ڕێگەی بدەین بە خۆی بچێ سەرپەرشتی بەرەی باشوور بکا، بۆ ئەوەی لەوێ، لە سەرزەمینی شەڕ بڕیاری پێویست بدا. دایان پێشنیازەکەی پەژراند و دادۆ چوو. ئەو شەوە من بانگی کابینەم بۆ کۆبونەوە کرد و ئەوانیش بڕیاری دژە هێرشیان بەرانبەر میسرییەکان لە ٨ تشرینی یەکەمدا پەسندکرد. کاتێکیش من لە ژورەکە بە تەنیا مامەوە، چاوەکانم داخستن و بۆ خولەکێک بە کڕ و بێدەنگی لێی دانیشتم. پێم وا بوو ئەگەر هاتباو لە ماوەی ئەو ساڵانە

فێرنەبووبام، کە چۆن خۆ بە بەهێزی ڕابگرم، ئەوا ئەوێ دەمێ دەڕووخام و پارچەپارچەدەبووم، بەڵام وام نەکرد.

نۆکەند لە لایەن میسرییەکانەوە بەزێندرا و هێزەکانی ئێمەش لە سینادا شکان. سورییەکانیش هاتنە نێو قولایی بەرزاییەکانی جۆلان. لە هەردوو بەرەکەدا زیانەکان زۆر قەبە بوون. پرسیارە جەرگ سووتێنەرەکەش ئەوەبوو، دەبووایە ڕەوشە خراپە ڕاستەقینەکەمان بە نەتەوەکەمان گوتبا، بەڵام هەستێکی بەهێزم لاپەیدا بوو، هەندێکی دیکەش بوەستین. باشترین شت کە دەرهەق سەربازەکانمان و خانەوادەکانیان بکەین، ئەوەبوو جارێ ڕاستییەکە بۆ چەند ڕۆژێکی کەمی دیکە بشارینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبووایە جۆرە ڕاگەیاندنێک دەستبەجێ بدرابایە، ئاوا لە یەکەم ڕۆژی جەنگەکەدا ڕووم لە هاووڵاتییانی ئیسرائیل کرد. ئەوەش ئەرکێکی هەرە قورس بوو، چونکە دەمزانی لەبەر خاتری هەمووان نەمدەتوانی هەموو ڕاستییەکان بڵێم.

قسەکردن بۆ نەتەوە بۆ ئەوە نەبوو باسی باجە گرانبەهاکە بکرێ، کە لە بەرەی باشوور و باکوور دامان و ئیسرائیل ڕووبەڕووی مەترسییەکی کوشندە بووبووەوە، تا ئەو کاتەی یەدەگەکان بە تەواوی بانگدەکرێنەوە ئامادەی هەڵمەتبردن دەبن، لەوێدا گوتم، "ئێمە هیچ گومانمان لە بردنەودا نییە. بەڵام بڕواشمان بەوە هەیە، کە نۆژەنبوونەوەی دەستدرێژیی میسریی و سوورییەکان کردەوەیەکی شێتانەیە. ئێمە ئەوپەڕی تەقەلامان‌دا تا نەتەقێتەوە. هانامان بردەوە بەر دەستڕۆیشتووەکانی چوارقوڕنەی دنیایێ تا هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ ئەو جووڵە شوومەی میسری و سوورییەکان بەتاڵ بکەنەوە. لەو دەمەی هێشتا کات بە بەریەوەماوە، ئێمە دەوڵەتە دۆستەکانمان لەو زانیارییە باوەڕپێکراوانە ئاگاداركردووەتەوە، کە ئیسرائیل لەناو نەخشەدایە لەلای ئەوانەوە هێرشێکی چڕوپڕی بکرێتەسەر. ئێمە داوامان لێ کردن ئەوپەڕی توانای خۆیان بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی شەڕ بەکاربهێنن، بەڵام میسری و سورییەکان هێرشەکەیان دەستپێکرد."

لە یەکشەممەدا دایان هاتە نووسینگەکەم. دەرگای داخست و لە بەرانبەرمدا دانیشت. لێی پرسیم، "ئایا دەتەوێ دەست لەکار بکێشمەوە؟ من

ئامادەم ئەوە بکەم ئەگەر تۆ پێت پێویست بێ. ئەگەر متمانەی تۆم نەبێ دەنا ناتوانم بەردەوام بم." من پێمگوت- هەرگیزیش لە گوتنەکەم پەشیمان نیم- کەوا ئەو هەر بە وەزیری بەرگری بمێنێتەوە. ئیدی بڕیارماندا بارلیف بنێرینە بەرەی باکوور تا بەخۆی بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنێ. ئەوسا دەستمان بە دانوستانی خۆمان بۆ پەیداکردنی کۆمەکی سەربازییانە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا کرد. دەبوایە بە پەلە بڕیار بدرابان و بڕیارەکانیش ڕاست و ڕەوان بوونایە. لەوێدا نە کات مابووە و نە پەراوێزی هیچ هەڵەیەکیش.

بە هاتنی ڕۆژی چوارشەممە، پێنجەمین ڕۆژی جەنگ، هێزەکانی سووریمان پاڵنان و گەڕاندمانەوە ئەودیو هێڵەکانی ئاگربەستی ١٩٦٧ و هێرشی ئێمەش بۆ ناو سووریا دەستیپێکرد؛ لە کاتێکدا بارودۆخی سینا مۆلەق مابۆوە، بۆ کابینەش ئەوەندە بەس بوو، کە پەڕینەوە بۆ ئەوبەری نۆکەند بە هەند وەربگیرێ، بەڵام چی دەبێ ئەگەر هێزەکانمان بپەڕنەوە، تۆ بڵێی ئەوەش داوێک بێ بۆیان؟ هەروەها منیش خەمی ئەوەم خوارد، کە شەڕەکە ناکرێ شەڕێکی کورتخایەن بێ ئێمەش دەبێ بە بێ فڕۆکە، تانک و تەقەمەنی کە پێویستمانە، هەڵبکەین. ئێمە بێ ئەندازە پێویستمان بە چەک هەبوو، لە سەرەتاشدا بە هێواشی دەهات.

من هەموو سەعاتەکانی ڕۆژ و شەو قسەم لەگەڵ دینتز لە واشنتندا دەکرد. ئەرێ هێڵی گواستنەوەی ئاسمانی لە کوێیە؟ ئایا بۆچی نەکەوتۆتە ڕێ؟ لە بیرمە جارێکیان لە سەعات ٣ی بەربەیان بەکاتی واشنتن زەنگم بۆ لێدا، ئەویش گوتی؛ "گۆلدا، هێشتا زۆر زووە، من ناتوانم قسە لەگەڵ هیچ کەسێک بکەم." بەڵام من گوێم لە پاساوەکەی نەگرت. من دەمزانی سەرۆک نیکسن بەڵێنی یارمەتیدانی ئێمەی داوە، بە هۆی ئەزموونی ڕابردووشم لەگەڵ سەرۆکدا، دەمزانی لێناگەڕێ پشتمان بە زەویدا بدرێ. ڕێگام بدەن لەم خاڵەدا، ئەو شتە دووبارەبکەمەوە ،کە پێشتر زۆر جاران گوتوومە (لە ڕادەبەدەریش دەبووە مایەی هەراسانکردنی دۆستە ئەمریکاییەکانمان). هەرچەندە مێژوو حوکم لەسەر ڕیچارد نیکسن دەدا- لەوانەشە بڕیارەکەش زۆر توند بێ- پێویستە ئەوەش بخرێتە سەر تۆماری هەمیشەیی، کەوا هیچ کاتێ بێ پەیمانی لەگەڵ ئێمەدا نەکردووە. کەواتە ئەو دواکەوتنەی ناردنی

چەک لە پای چی؟ من لە دینتز توورەبووم و پێمگوت، "باکم بەوە نییە ئاخۆ سەعات چەندە، هەر ئێستا زەنگ بۆ کیسنجەر لێبدە. لە نێوەڕاستی شەو قیتی بکەرەوە. ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە کۆمەکە، چونکە بەیانی زۆر درەنگ دەکەوێ و کار لەکار دەترازێ."

پێشتر چیرۆکی ئەو وەخراندنەی چەک و کەمتەرخەمییەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بۆ ناردنی چەک و تەقەمەنی بە فڕۆکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوبووەتەوە، کە ئێمە زۆر حەوجەداری بووین، لە کاتێکدا گواستنەوی قەبارە زل و زەبەلاحی کۆمەکی سۆڤیەتی لە ڕێگای دەریا و ئاسمانەوە دەگەیشتە میسری و سورییەکان، لە هەمان کاتیشدا ئێمە فڕۆکە جەنگییەکانمان لە دەست دەدان، ئەمەش نەوەک لەبەر فڕۆکەی دوژمنەکانمان، بەڵکو لەبەر ڕۆکێتی سۆڤیەتییەووە بوو، کە لە هەردوو بەرەکەوە هەبوون. هەر سەعاتێک وەخران و چاوەڕێکردن بۆ من وەک سەدەیەک وابوو، بەڵام چارەش نەبوو، هیچ جێگرەوەیەکی دیکەش نەبوو بەدەر لە دەستپێوەگرتنێکی توند بەو هیوایە، کە لە سەعاتی داهاتوودا هەواڵی خۆش لەمەڕ هاتنی فڕۆکەکان ببیستین. زەنگم بۆ دینتز لێدا و پێمگوت گەر دیدارەکەت بۆ ڕێکدەخرێ ئامادەم بە نهێنی بەرەو واشنتن بفڕم و نیکسن ببینم. پێمگوت، "بە زووترین کات ئەوە بکە. من دەمەوێ تا بکرێ بە زوویی بچمە ئەوێ" بەڵام ئەوە پێویست نەبوو. لە دواییدا نیکسن بڕیاریدا کەشتییە زەبەلاحەکەی گالاکسی C-5 Galaxies بنێرێ، یەکەمین گەشتی ئاسمانیش لە نۆهەم ڕۆژی جەنگەکەدا گەیشت، لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا هێڵی ئاسمانییەکە بێوێنە بەهادار بوو. ئەوەش نەوەک هەر ورە و گیانی ئێمەی بەرزکردەوە، بەڵکو هەڵوێستی ئەمریکاشی بەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەت یەکلاکردەوە، ئیدی بێگومان ئەگەری سەرکەوتنی ئێمەشی مسۆگەرکرد. کاتێ بیستم فڕۆکەکان گەیشتوون و لە لیدیا نیشتوونەتەوە، بۆ یەکەم جارم بوو لەوەتەی جەنگ دەستی پێکردبوو، هەرچەندە دواجاریشم نەبوو، گریام. ئەو ڕۆژەش هەر هەمان ڕۆژ بوو، یەکەمین لیستی زیانەکانمان بڵاوکردەوە، کە ٦٥٦ ئیسرائیلی لەبەرەکانی جەنگدا گیانیان لەدەستدابوو. بەڵام تەنانەت گەلاکسیش کە تانک، تەقەمەنی، جلوبەرگ، پێداویستییە داودەرمان و ڕۆکێتی

هەوا بە هەوایی بۆهێنـاین، نەیتـوانی هەمـوو داخوازییەکانمـان بـۆبێنێ. ئەرێ لەبـارەی فڕۆکەکـان چـی بـوو؟ فانتۆم و سکایهۆکەکان لە ڕێگـاوە بەنزینیـان تێـــــدەکرا، واتە هەر لە هەواوە فـــــول دەکــــرانەوە، بەڵام ئەوان هەروەک گەلاکسـییەکە هـاتن و لە لیـدیا نیشـتنەوە، هەنـدێکجار بە ڕێـژەی هەر پـازدە خولەکێک یەکێکیان دەگەیشت.

لە بەهـاردا، کاتێـک هەمـوو شـتێک تەواو بـوو، ئەو کۆلـۆنێلەی وڵاتە یەکگرتووەکـان، کە بەرپـرس بـوو لە نـاردنی ئەو هـێڵە هەوایـیەدا، خـۆی و خێزانەکەی سەردانێکی ئیسرائیلیان کرد و هاتن و من ببینن. ئەوان کەسانی خۆشەویست بوون، پڕ لە جۆش بـوون بۆ وڵاتەکە و سەرسـامیش بـوون بە تاقمەکەی ئێمە، کە بە زۆری هەر بە شـەوان ڕاهێنـران و فێربـوون تـا بتـوانن ئەو ئـامێر و کەرسـتانە لەو کەشـتییە زەبەلاحـانەدا دابەزێـنن. لەبیـرمە جارێکیان چوومە لیدیا تەماشـای گەلاکسییەکان بکەم، کە دەهـاتن. ئەوان لە دیوەزمەیەکی باڵداری سـەردەمی پێش مێژوو دەچـوون، لە بەرخۆمـدا بیـرم کـــردەوە: "خـــودایە ســـوپاس، مـــن ڕاســـت بـــووم، کە دژی بیـــرۆکەی زەبروەشاندنی یەکەم بووم! دەکرا زەبرەکە هەندێ گیانی پاراستبا، بەڵام من دڵنیام ئەو کات ئەو هێڵە گواستنەوە هەواییەی ئێستامان نەدەبوو، کە ئێستا ژیانی خەڵکانێکی زۆرتر دەپارێزێ."

لەو کاتەدا دادۆ لەم بەرەی شەڕ دەچووە ئەوبەرەی شەڕ. بارلیڤ لە باکوور گەڕابووەوە، ئەمجارە ڕەوانەی باشوورمان کرد، ئەویش بەهێزتربکـا تــا ئەو پشـێویەی لەوێ لە نێـوان ژەنەراڵەکـان لەمەڕ تـاکتیکی پەیڕەوکـراو دروستبووبوو، نەهێڵێ. ئەوا داوایکرد تا پێویست دەکا لەوێ بمێنێتەوە. لە چوارشـــەممەدا لە ســـیناوە زەنگـــی بـــۆ لێـــدام. ئەوەش ڕاســـتەوخۆ دوای ئەو شــەڕە تـانکە مەزنەی کە هێزەکانمـان هێـزە پێشـکەوتوو زرێپۆشـەکەی میسـرییەکانیان تێکشـکاند. دادۆ شـێوازێکی هێـواش و وردی لە قسـەکردندا هەبوو، کاتێکیش گوێم لێ گرتبوو دەیگوت؛ " گـــــۆلدا، ڕەوشەکە باش دەبێ. ئـێمە وەک جارانمـان لێهـاتەوە و ئەوانـیش بـوونەوە ئەوانـی جـاران،" مـن دەمزانـی کە بەرزاوەکە هەڵگەڕاوەتەوە، هەرچەنـدە هێشـتا شـەڕی خوێنـاوی مـابوون، کە داوای خـوێن و ژیـانی سـەدان گەنـج و پیـری ئـێمەی دەکـرد.

ئەوەش لە خۆڕا نەبوو، خەڵک دواتر پێشنیازیان کرد؛ جەنگەکە بە جەنگی یۆم کیپور بناسرێ، بەڵام لە شەڕی باوک و ڕۆڵەکان، هەموویان شانبەشانی یەکدی لە هەموو بەرەکانەوە جەنگان.

بۆ چەندان ڕۆژ ژانی ئەو ترسەم هەبوو مەبادا بەرەی سێیەممان لێ ببێتەوە و ئوردنیش بچێتە پاڵیان و پەلامارمان بدا، بەڵام دیاربوو شا حوسێن لە جەنگی شەش ڕۆژە پەندی وەرگرتبوو، بەختیشمان لەوەدابوو، پشکدارییەکەی ئەو لەجەنگی یۆم کیپوردا تەنیا یەک هەنگی زرێپۆش بوو، کە بەهانای سورییەکانی ناردبوو، بەڵام تا ئەوان گەیشتن ئێمە هێرشی ستراتیژیانەمان بۆ نێو قولایی سووریا دەستپێکردبوو، زەبری تۆپخانەکەشمان گەیشتە لێوارەکانی دیمەشق و تانکەکانی حوسێنیش دوای ئەوە بۆ ئەوان هیچ دادی نەدان.

لە ١٥ی تشرینی یەکەم و لە دەیەمین ڕۆژی جەنگدا، هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل بەو مەبەستەی پردێک بۆ هەردوو لێوارەکە دروستبکەن، لە نۆکەند پەڕینەوە. ئەو شەوە لە نووسینگەکەم بەسەربرد و پێشم وا بوو شەوەکە هەرگیز کۆتایی نایەت. لە بنەڕەتدا سەعات حەوتی دوای نیوەڕۆ بە کاتی پەڕینەوەی نۆکەندەکە دانرابوو، بڕیارپیش درا سەعاتێک پێشتر کۆبوونەوەی کابینە بکەین تا بە وەزیرەکان بڵێم، چی دەقەومێ. ئەوسا پێمڕاگەیەنرا کاتی پەڕینەوەی نۆکەندەکە تا سەعات نۆی شەو دواخراوە، ئیدی ئێمەش خشتەی کۆبوونەوەی کابینەمان خستە سەعات هەشتی شەو. بەڵام پەڕینەوەکە جارێکی دیکە دواخرایەوە، ئەمجارەیان بۆ سەعات دەی شەو، ئەوسا دیسان پەڕینەکە لەبەرئەوەی کێشە لە پردەکەدا هەبوو، دواخرا. لەو نێوەشدا هەرچەندە وەزیرەکانیش هاتبوونە نووسینگەکەم و لەوێ هەموویان لەگەڵمدا مانەوە، چاوەڕێی هەواڵی ئۆپەراسیۆنەکەمان دەکرد. هەر دە خولەک یان پانزە خولەکێک یەکێک دەهات و دەیگوت؛ "هێشتا زۆر زووە. تەنیا یەک چارەگە سەعاتێکی دیکە." ئیدی شەوەکە بەو شێوە بە ژان و چاوەڕوانی و وەخرانەوە تێپەڕی. پەرەشوتوانەکان لەکاتی خۆیاندا پەڕیبوونەوە، بەڵام پەڕینەوەی پیادە،

تۆپخـانه و تانکەکـان بە هـۆی شـەڕی بە زەبروزەنـگ وەسـتابوون. منـیش نەمدەتوانی بگەڕێمەوە ماڵ تا نەمزانیبا، کە کردەی پەڕینەوەکە تەواو بووە.

ڕۆژی پاشتر ڕووم لە کێنێست کرد. هەرچەندە زۆریش ماندووبووم، بەڵام بـۆ ٤٠ خـولەکیش قسـەم کـرد. ئـاخر زۆر شـتم پێبـوو، دەبوواية بیڵـێم، زۆربەی وتەکانیشم مایەی خۆشـحاڵی گوێلێگرتن نەبوون. پاشـان تـوانیم بە کێنێست بڵێم، کە هێزەکانمان ئۆپەراسیۆنەکانیان بردووەتە بەری ڕۆژئـاوای نۆکەنـدەکە. مـن دەمویسـت راشـکاوانە سوپاسـگوزاری خـۆم بـۆ سـەرۆک و گەلی ئەمریکا دەرببڕم، هاوشانیش تووڕەییمان بۆ ئەو حکومەتـانە بەتـایبەتی فەرەنسـە و بەریتانیـا روونـبکەمەوە، کە گەمارۆیـان خسـتبووە سـەر بـار و کەشـتییە تەقەمەنییەکانمـان لەو کـاتەی بـۆ ژیـانی خۆمـان دەجەنگـاین. لە هەمووشیان پتر، دەمویست جیهان بزانێ کە چی ڕوویدەدا گەر هاتبا و ئێمە کشـابانەوە هێڵەکانی بەر لە جەنگی شـەش ڕۆژەی ١٩٦٧دا- بە ڕێکەوتـیش هەمـان ئەو هـێڵانە نەیـانتوانی جەنگی شـەش ڕۆژە دوورخەنەوە، هەرچەنـدە پێناچی کەس لە بیری مابێ.

مـن بـۆ سـاتێکیش گومـانم لەوەدا نەبـوو، کە ئامـانجی ڕاسـتەقینەی دەوڵەتە عەرەبییەکـان هەمیشـە و هێشـتاش تەفروتونـاکردنی سـەرتاپایی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو یان تەنانەت خۆ ئەگەر کشابانەوە هێڵەکانی بەر لە جەنگی شـەش ڕۆژەش و بووبـاینە نـاوچەیەکی بچـوکی دەورەگیـراو، هێشـتا هەر هەوڵیاندەدا دەوڵەتەکە و ئێمە لەناوبەرن. خۆ ئەوەنـدە سـاویلکە نەبـووم تـا بـاوەڕ بکەم بەوەی کە بە قسـە دەتـوانی هەمـوو کەسـێک لەسـەر هەمـوو شـتێک بـاوەڕپێبهێنی. بەڵام لە ١٦ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٧٣دا کاتێـک هێشتا مەترسیی کوشندە لەسـەر ئیسـرائیل هەبوو، هەسـتم کـرد ئەرکـی منە بە بیـر دەوڵەتـانی ئەنـدامی نەتەوە یەکگرتووەکـان و عەرەب بهێـنمەوە، ئاخۆ بۆچی ئێمە وا سەرسەختانە-تا وتـووێژی ئاشـتیانە دێ- پێمـان لەسـەر ئەو هەرێمـانەی ١٩٦٧دا داگرتـووە. هەروەک ئەوەی ئەوێ ڕۆژێ لە کنێسـتدا گوتم:

**" مـرۆ پێویسـتی بە خەیـاڵێکی زۆروزەوەنـد نییە تـا لە بـارودۆخی ئیسرائیل تێبگات، کە هەر هی کـاتی هێڵەکـانی ٤ی حـوزەیرانی ١٩٦٧ە. هەر**

**کەسێک بە لایەوە زەحمەت بێ وێنەی ئەو مۆتەکەیە بێنێتە بەرچاوی خۆی پێویستە مێشک و ئاگاهی خۆی یەکسەر بەرەو ئەوەی لە بەرەی باکوور-لە بەرزاییەکانی جۆلاندا- لە ماوەی ڕۆژەکانی یەکەمی جەنگدا قەوما، ببا. دەروای خواستی سورییەکان بە پارچە زەوییەکەوە نەبەسترابووەوە، بەڵکو بەوەی تۆپخانەکەیان لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە دابمەزریننەوە و نشینگەکانی گالیلی پێ تۆپباران بکەن، بۆ ئەوەی بنکەی ڕۆکێتەکانی خۆیان دژی فڕۆکەکانمان دابنین، بۆ ئەوەی چەترێکی هەوایی بن تا هێزەکانیان بەرەو جەرگەی ئیسرائیل بکشێن.**

**هەروەها پێویست بە خەیاڵێکی زۆریش نەبوو تا دەرک بەوە بکرێ، ئاخۆ چارەنووسی دەوڵەتی ئیسڕائیل چۆن دەبوو، گەر بهاتبا و سوپای میسری بیتوانیبا هێڵەکانی هێزی بەرگریمان لە سینا ببەزێنێ و بە تەواوی هێزیەوە بەرەو سنورەکانی ئیسڕائیل بکشێ... جەنگ جارێکی دیکە لە دژی بوونمان وەک دەوڵەت و وەک نەتەوە هەڵگیرسا. دەسەڵاتدارانی عەرەب وا خۆ دەنوێنن گوایە مەبەستیان ئەوە بووە بگەنە هێڵەکانی ٤ی حوزەیرانی ١٩٦٧، بەڵام ئێمە مەبەستە ڕاستەقینەکەیان دەزانین: کە لەناوبردنی تەواوی دەوڵەتی ئیسرائیلە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە پەی بە ڕاستییە ببەین؛ ئەوە ئەرکمانە بۆ هەموو کەسێکی نیازپاک کە بیەوێ پشتگوێی بخا، بۆی ڕوون و ساخ بکەینەوە. بە هەموو هێزی ڕاکێشانی خۆیەوە پێویستمانە دەرک بەو ڕاستییە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر خۆجۆشدانەوەی نێو خۆمان و گەلی جوو بەردەوامبین تا هەموو سەرچاوەکان بخەینەگەڕ، پەکی دوژمنەکەمان بخەین و بە ڕوویاندا بجنگینەوە تا پەلاماردەران تێکدەشکێنین."**

هەروەها ویستم لە بارەی توانستی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕۆڵی ئەهریمەنانەی ڕووس، کە جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بینیانەوە، بدوێم:

**"جێدەستی یەکێتیی سۆڤیەت بە کەرەستەکان، بە تاکتیک و ڕێبازی سەربازییەوە دیارە، کە عەرەبەکان هەوڵی لاساییکردنەوەی دەدەن. سەرباری هەموو شتێکی دیکەش، پشتگیری و کۆمەکی سۆڤیەت بۆ دوژمنەکانمان لە ڕێی گواستنەوەی ئاسمانی، کە لە فڕۆکەخانەکانی نیشتنەوە**

**و ڕێگــای گەشــتیوانی کە لە بەنــدەرەکانیان لەنگەریــان گــرت. فــڕۆکە و کەشتییەکانی سۆڤیتی، چەکوتفاقی جەنگییان هەڵگرتبوو، لەنێویاندا چەندان جۆری ڕۆکێت و هەروەها گریمانەی ئەوەش هەیە فڕۆکەکانیان پڕبووبن لە ڕاوێژکـار و شـارەزای کاروبـاری ئۆپەراسـیۆنەکان، هەروەک کەرەسـتە و تفاقی جەنگی.**

**ڕێگەی گواستنەوەی هەوایی سۆڤیەت لە ١٥ی تشرینی یەکەمدا ئەم شـتانەی لەخۆگرتبـوو: سـەد و بیسـت و پێـنج فـڕۆکەی ئەنتۆنـۆڤی ١٢؛ بـۆ میسـریش چل و دوو فـڕۆکەی ئەنتۆنـۆڤی ١٢ و شـازدە ئەنتۆنـۆڤی ٢٢ بـۆ سوریا؛ بۆ عێراقیش حەڤدە فڕۆکەی ئەنتۆنۆڤی ١٢.**

**ڕاپــۆرتی هەواڵگریــی بــاس لەوە دەکــا، یەکێتیــی ســۆڤیەت سەرکەوتوبووە، کە چەند دەوڵەتێکی دیکەی بلۆکی سۆڤیەت لە کۆمەککردنی میسـر و سـوریاوە تیـوەبگلێنێ. ئەو ڕەفتـارەی بەشـێکی یەکێتیـی کۆمـارە سۆشیالیســتەکانی ســۆڤیەت لە پشــت ســنووری هێڵــی سیاســەتی نادۆستانەوەیە. ئەوەش سیاسەتێکی نابەرپرسیارانەیە، نەوەک هەر بەرانبەر ئیسرائیل، بەڵکو بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەرانبەر جیهانیش."**

ئەوســا بــۆ ئەرکــێکم کە لەوانەیە ناپەســەندترینیان بــێ گەڕامەوە نووسـینگەکەم، یەکێـک لە کۆبـوونەوە زۆرەکـانی دیـکەم دیتنـی ئەو دایبـابە پەشۆکاوانە بوون، کە ڕۆڵەکانیـان لە سـەر گـۆڕەپانی شـەڕدا بێسـەروشـوێن بووبوون. یەکێک لە ترسناکترین ڕووەکانی جەنگی یۆم کیپور ئەوەبوو، ئێمە بۆ چەندان ڕۆژ نەماندەتوانی بڕیار لەسەر چارەنووسی سەربازەکان بدەین، کە هەر لەســــەرەتای جەنــــگەوە لە هەمــــوو هــــۆیەکی پەیوەنــــدیکردن بە کەســــوکارەکانیانەوە دابڕابــــوون. ئیســــڕائیل وڵاتێکــــی زۆر بچکــــۆلانەیە، سوپاکەشی وەک هەموو کەسێک دەزانێ، سوپایەکی مەدەنییانەیە، لە هێزێکی سـنووورداری هەمیشـەیی و یەدەگەکـان پێکهـاتووە. ئێمە هەرگیـز شـەڕێکمان نەکردووە لە دووری سنورەکانمانەوە بێ، پەیوەندیی نێوان سـەربازەکان و خانەوادەکانیان هەمیشە گەرموگوڕ و پارێزراوبوو، بەڵام ئەم جەنگە لەوانـی دیـکەی درێژترکێشـا- بـێجگە لە جەنگـی سـەربەخۆیی- و لەپڕێکیشـەوە بەسەرماندا درا.

یەدەگەکان لەسەرتاسەری وڵات، لە ڕێی سیناگۆک و ماڵەکانیانەوە بانگکرانەوە. لەبەر پڕتاوی تەنانەت هەندێکیان نەیانپڕژابووە سەر نیشانەی سەرملوانکەکەیان یان نەیانتوانی بوو یەکەکانیان بدۆزنەوە. یەدەگەکانی تیپە زرێپۆشەکان خۆیان گەیاندە تاقمی پیادەی تانک، لە سەر تانکێکی تێکشکاوەوە بازیان دەدایە سەر ئەوی دیکە لەوێشەوە بۆ هی سێیەم، کە ئەوەی ژێرەوەیان دەتەقایەوە. دیارە جەنگەکەی دژمان چەکی سامناکی تیادا بەکارهات، ڕووسەکان ڕۆکێتی دژە تانکیان دابووە میسری و سوورییەکان، بە شێوەیەک تانکەکەی ئاگردەدا و تاقمەکەشی بە سەختی بریندار دەبوون، زۆر جاران ناسینەوەشیان ئەستەم بوو. یەکێک لە شانازیترین نەریتی هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل ئەوەبوو، کە بریندار و کوژراوەکانمان هەرگیز نەکەوتوونەتە بەردەستی دوژمن؛ بەڵام لە یەکەم ڕۆژی یۆم کیپوردا، بە زۆری وابوو، هیچ چارەیەکی جیگرەوەی دیکە نەمابووەوە، ئیدی بە سەدان دایباب لەپاڵ خۆیاندا نیگەران بوون. "ئایا ئەو مردوە؟ ئەگەر وابێ، ئایا تەرمەکەی لە کوێیە؟ ئایا ئەو دیلی شەڕە؟ ئەگەر وابێ بۆ هیچ کەسێک شتێکی لە بارەوە نازانێ؟"

من لەنێو ژانوناسۆرەی دایبابی ئەو کوڕانەدا بووم ،کە لە جەنگی داهێزراندا بەدیل گیرابوون، چەندان ڕۆژی زستانی ١٩٧٣ش هەبوو بەئاستەم دەمتوانی ڕووی خۆم نیشانی کۆمەڵەیەکی دیکەی دایبابەکان بدەم، دەزانرا من هیچ شتێکم پێ نییە تا پێیان بڵێم و مسرییەکان و سورییەکانیش بە چەندان مانگ دوای ئاگربەست نەوەک هەر ڕەتیان کردەوە، کە لیستی ناوەکان بدەنە خاچی سوور، بەڵکو لێشنەدەگەڕان قەشەکانمان بچنە گۆڕەپانی شەڕ و بە دوای تەرمی کوژراوەکانماندا بگەڕێن.

لێ گەلۆ، من چۆن دەتوانم بڵێم نەخێر بۆ ئەو دایباب و خێزانانە، کە پێیانوابوو کاتێ دەگەنە لای من، ئەوا ئەفسوناویانە هەندێ وەڵامی پرسیارەکانیانم لە لایە، هەرچەندە دەشمزانی هەندێکیان لە ناخی دڵیانەوە لۆمەی من دەکەن، بەوەی بۆ جەنگەکە و بۆ کەمتەرخەمی ئامادەکارییەکان. ئاوا من هەموویانم دیتن و بەشێکی زۆریشیان بە ڕاستی ئازا بوون. هەموو ئەو شتانەی لە منیان داخواز بوو چەند زانیارییەکی کەم بوو، ڕاستییەک یان

دووان ئەوسـا هەرچەنـدە تـاڵوتفتیش بووبـا، دەیانویسـت شـتێکی ڕاستوڕەوانیان لە بەردەستدا بێ تا دەستی پێوەبگرن و هەندێک لە ئازاریـان کەم بکاتەوە، بەڵام تا چەند هەفتەیەک نەمدەتوانی هیچ شتێکیان پێبڵێم. دوای کۆبـوونەوەیەکی وا لەگەڵ دایبابەکانـدا، مـن بیـرم لە دایبابەکـانی ئەوان لە ١٩٤٨دا کردەوە، کاتێک ٦٠٠ کەسیان تێداچوون، ک ئەوسا دەیکردە ڕێژەی یەک لەسەدی هەموو کۆمەڵگاکە، ئەوانەی لە ماوەی هەژدە مانگدا کوژران.

مـن بە دەیـان سـەعاتم لەگەڵ ئەو دایبابـانە بردەسـەر، هەرچەندە لە سـەرەتادا ئەوەی دەمتـوانی پێیـان بڵێم ئەوەبوو، کە ئێمە ئەوپەڕی توامانـان بەکـاردەهێنین تـا سەروسـۆراخی ڕۆڵەکانیـان بـزانین و بە هـیچ جـۆرە ڕێکخسـتنێکیش ڕازی نـابین تـا گەڕانەوەی هەمـوو دیلەکـانی جەنـگ لە خـۆ نەگرێ، بەڵام ئایـا چەنـد دیلـی جەنگمـان هەبـوون؟ پێم وا نییە هەرگیـز مـن ئەوەندەی عەودالّی لیستی دیلکراوەکانی جەنگ بووم، عەودالّـی شـتێکی دیکە بووبم، کە لە بەردەممان درێژدادڕانە و دلّڕەقانە دەهات و دەچوو. بۆیە زۆر شت هەن، کە هەرگیز لە میسرییەکان و سوورییەکان خۆشنابم، لە سـەرووی هەمووشیانەوە، لەبەر ئەوەی ئەو زانیاریانەیان سەبارەت بە دیلەکانی جەنگ بۆ چەندان ڕۆژ تەنیا بۆ بەدنیازی و قیزەونی خۆیان هێشتەوە هەرگیز لێیـان خۆشنابم تا دایبابەکانی ئیسرائیل بتۆقێنن. بۆ ئەوەش وەک کـارتی گوشـاری سیاسیانە دژمان بەکاربهێنن.

دوای ئاگربەسـت و چەنـدان مانـگ لە دانوسـتان، کە بـۆ لێکجیـاکردنەوەی هێزەکـان لە هەردوو بەرەوە سـەری کێشـا، کاتێـک لە کۆتاییدا دیلەکانمان لە سووریا و میسر گەڕانەوە، بە لای کەمـی، جیهـان بۆ خـۆی تێگەیشـت، کە ئـێمە ئەو سـاڵانە چیمـان دەزانـی، ئەو خۆشـی و ئاسـودەییەی وەک ڕێککەوتنـامەکەی جنێـڤ کاتێـک جـوویەک دەکەوتە بەردەسـتی عەرەب –بەتـایبەتیش دەسـتی سـوورییەکان– ئەوا نـاوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە باریدەکرد و لەبەیندا نەدەما، بۆیە خەم و مەراقی ئێمە لەسـەر دیلەکانی جەنگدا مایەی لێتێگەیشتن بوو. زۆرجار کاتێ ئەو دایباب، ژن و خوشـکە شـڵەژاوانەم دەدیـتن، گـوێم لـێ دەگـرتن هێشـتا داوای تکـا و

خۆپیشاندانێکی دیکەیان دەکرد، ئەوسا سەرباری ئەو هەموو شتەش، هێشتا بۆ چەندان هەفتە پێمدەگوتن، کە هەموو شتێک دەکەین تا سۆراخی لیستەکە بکەین، خودی خۆم پێم وا بوو ئازاردان بە دەستی دوژمنەکانمان لە مردن خراپترە.

بەهاتنی ١٩ی تشرینی یەکەم، لە سێزدەمین ڕۆژی جەنگدا و هەرچەندە شەڕەکە هێشتا کۆتایی پێنەهاتبوو، مستەر کۆسیجن بە پەلەپڕوزێ خۆی گەیاندە قاهیرە. دیاربوو "مەعمیلەکەی" ئەو جەنگەکەی دۆڕاندبوو، دەیانویست بە پشتگیری ئەو نەک هەر "ئابڕووی" مسرییەکان، کە پێویستی بە کڕینەوە هەبوو، بەڵکو هی خودی سۆڤیەتیش بپارێزن. هەر ئەوەندە بەس نەبوو، کە میسرییەکان نەیانتوانی تیپە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە کەناری ڕۆژهەڵاتی نۆکەندەکەدا تاروماربکەن، بەڵکو لەوەش پۆلکتر هەنوکە دەبێ بۆ پشتیوانەکانیان پێ لەوەش بنێن، کە هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل چوونەتە دیوی ڕۆژئاوای نۆکەندەکە، کە هەر٦٠ مایل لە قاهیرەوە دوور بوو، لە ناوچەیەک کە لە ئیسرائیل بە ئەفریقا ناسراوە. هەرچی سەبارەت بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە هەیە، بارودۆخی پیاوەکەی دیکەی، سووریا لە ئەویدیکە وێرانتر بوو. ڕەوشەکە وا بوو، ڕووسەکان ئەوەیان کرد، وەک هەمیشە کردیان: هەڵمەتی ئاگربەستێکی سەرتاپا و خێرایان دەستپێکرد. ئەوەش پرسێک نەبوو ئاخۆ کێ جەنگەکەی هەڵگیرساند و کێش دۆڕاندی. گرنگترین شت ئەوە بوو عەرەب لەو گێژاوەدا بێنەدەرەوە، کە هەر بە خۆیان بەسەر خۆیاندا هێنابوو، هەروەها هێزەکانی میسر و سوریاش لە تێکشکانی یەکجارەکی ڕزگاربکرێن.

لێ گەلۆ، ئێمە نە جەنگی یۆم کیپۆرمان ویست و نە هەڵیشمان گیرساند، ئێمە جەنگاین و بردیشمانەوە، ئامانجی شەڕمان ئامانجی ئاشتیمان بوو. بۆ یەک جاریان ئێمە نەچووین کوژراوەکانمان بە هێواشی بنێژین و تەماشایان بکەین لە کاتێکدا عەرەب و پاڵپشتەکانیان دڵنەوایی خۆیان لە نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ شەرمەزارییان دەدایەوە. ئەم جارەیان عەرەب هەوڵیاندەدا ئێمە ببینن، ئەوەش نەوەک هەر لە سەر گۆڕەپانی جەنگ، بەڵکو لەسەر مێزی دانوستاندا و بەیەکەوە لەگەڵمان بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ

کێشەیەک بدۆزینەوە کە ژیانی هەزاران کەسی-ئەوان و ئێمەی- لە ماوەی ئەو سێ دەیەی دواییدا درویییەوە. بۆ چەندان ساڵ بوو هەر هاوارمان دەکرد؛ "ئاشتی" و هەر سەدای "جەنگ"مان لە دیوەکەی دیکە بۆ دەگەڕایەوە. بۆ سالآنێک نەوەک هەر بە تەنیا بینیمان ڕۆڵەکانمان دەکوژرێن، بەڵکو دۆخی لێبوردەیی وا سەیرونامۆ هەبوو مایەی بڕواپێکردن نەبوو: تەنیا ئەوکاتە دەوڵەتە عەرەبییەکان ئامادەبوون هەبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بپەژرێنن کاتێک بە ئامانجی لەناوبردنمان هێرشیان دەکردینەسەر.

لە بیرمە کاتێک لە نووسینگەکەم دەگەڕامەوە ماڵ، بەنێو شەقامە تاریککراوەکانی تەلئەبیبدا، لەو شەوانەدا بوو کە گفتوگۆی برێجنێڤ-کیسنجەر لەمەڕ ئاگربەست لە مۆسکۆ گەرم بوو، ئیدی بە بێدەنگیش سوێندم خوارد کە مەودای بەرفرەوانکردنەکەی هەمووی بکەوێتە سەرشانی من؛ بۆیە دەبێ جەنگەکە بە ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی کۆتایی پێبێ، کە هەرسێ نەخێرە ناودارەکانی عەرەب کە لە خرتوم و دوای جەنگی شەش ڕۆژە جاڕیان بۆدا، ریشەکێش بکرێ. ئەو سێ نەخێرانەش لە وەلامی داوای ئێمە بوون بۆ دانیشتن بۆ دانوستاندن، ئەوسا گوتیان نەخێر بۆ دانپێدانان، نەخێر بۆ دانوستان و نەخێریش بۆ ئاشتی! من لەپەنجەرەی ترومبیلەکەمدا سەیرێکی پەنجەرە تاریکەکانی ماڵەکانم کرد، سەرسام بووم بەوەی ئاخۆ چ خانەوادەیەک لەوێ لە شیڤا (یەکەم هەفتەی شین و ماتەمی نەریتانە) دایە و چ ماڵباتێکیش ئاساییانە لەسەر پرسیاری خۆی لە ئێمە ڕژدە، ئایا ئەو لە کوێیە؟ ئایا لە شوێنێک لە سینا یان لە بەرزاییەکانی جۆلاندا مردوە یان بە دیل گیراوە؟ لەو شەوەدا سوێندمخ وارد؛ ئەوەی لە دەسەلآتم دایە لەپێناو ئاشتییدا بیکەم، ئەو ئاشتییەی عەرەب لە ئێمە کەمتر پێویستیان پێ نییە، ئەمەش هەر بە تەنیا بە یەک ڕێگا مەیسەر دەبێ، ئەویش دانوستانە.

چەند ڕۆژێک پێشتر لە ١٣ی تشرینی یەکەمدا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیم بەست، لەوێدا ڕۆژنامەنووسێک لێیپرسیم، ئاخۆ ئیسرائیل بە ئاگربەستێک لەسەر بنەمای هێڵی سنوری ٥ی تشرینی یەکەم قایلە، واتە ڕۆژێک بەر لە هێرشی عەرەب.

وەڵامەکەی منیش وەها بوو؛ "هێشتا وادەی هیچ شتێکی لەو بابەتە نییە، تا ئەوکاتەی دراوسێکان لە باشوور و لە باکوور هیچ ئاماژەیەک بۆ وەستاندنی شەڕ نەنێرن. کاتێک دێینە سەر باسوخواسی ئاگربەست، ئێمە زۆر بە هەندی هەڵدەگرین و بڕیاری لێ دەدەین، چونکە حەزمان لێیە بە زووترین کات جەنگەکە کۆتایی پێبێ."

ئەوەندەشم لێ زیادکرد؛ " هەرچەندە ئێمە گەلێکی بچکۆلانەین و هیچ رووبەکی بەراوردکاریش لەنێوان ژمارەی سوپای ئێمە و ئەو دەوڵەتانەدا نییە کە دژمان وەستاونەتەوە، هەروەها لە چەک و تەقەمەنیشدا وەک ئەوان دەوڵەمەند نین، بەڵام دوو شتمان هەیە کە پێشی خستووین و ئەوان نییانە، ئەویش داخلەدڵیمان بەرانبەر جەنگ و مردنە."

ئێستا کە ئێمە سەبارەت بە پرسی ئاگربەس لەبن گوشارێکی زۆر داین، هەستێکی زۆر بەهێزم هەبوو، کە پێویست نییە هیچ جۆرە بۆ دانەواندنێکی(سازانێکی) جەوهەری بکەین، مەگەر دانوستاندنێکی لەبار نەگرێتە خۆی-ئەوەش لە هەر کات و شوێنێک کە عەرەب هەڵیببژێرن. نەک من باری گەمارۆی نەوت سوکبکەم کە عەرەبستانی سعودی، لیبیا، کوێت و وڵاتە میانڕەوە عەرەبەکان وەک بارمتەیەکی دیکە خستبوویانە سەر ڕۆژئاوا بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە، بەڵام سنوورێک داندرابوو چۆن ئێمە لەگەڵیدا هەڵبکەین.

بۆ ئەوەی راشکاوانە بین، لە دوا لێکدانەوەدا هەمیشە وا بووە، کە چارەنووسی وڵاتە بچوکەکان بە زلهێزەکانەوە گرێدراوە، ئەوانیش هەمیشە بەرژەوەندیی خۆیان هەیە، کە دەیپارێزن. ئێمە حەزمان دەکرد داوای ئاگربەست بۆ چەند ڕۆژێکی دیکە بوەخرێندرێ، تا شکستی میسری و سورییەکان لەوەی هەبوو بە ئاکامتر بێ، لە ٢١ی تشرینی یەکەمدا هۆی سەلمێنەر هەبوو بۆ بڕواکردن بەوەی هێشتا پێویستە ئاگربەست هەندێ کاتی بدرێتێ، هەرواش ڕوویدا. ئێمە لە باکووری ئیسماعیلییەدا گوشاری زۆرمان خستبووە سەر سوپای دووەمی میسر. لە باشووری سوێسیشدا بە تەواوی بازنەی گەمارۆمان بە دەوری سوپای سێیەمی میسردا بەستبوو. لە

بەرزاییەکانی جۆلانیشدا پێگەکانی هێزەکانی سووری لە چیای هێرمون کەوتە بەردەستی هێزەکانمان. ئێمە جڵەوی تەواوی ئاسمانی هەردوو بەرەمان لە بن جڵەودا بوو، بە هەزاران دیلیشمان گرتبوون. دیاربوو ساداتیش لە ڕووی دیپلۆماسییەوە لە  چاو ئێمە لە بارێکی سەیردا بوو، ئەو دانەخۆرەی نیشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا، زۆر مرخلێخۆشکەربوو: دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین سەربارى هەڵگرتنی ئابڵوقەی سەپێندراوی سەر نەوت. هەروەها یەکێتیی سۆڤیەتیش لە دەستکەوتی قەناعەتپێهێنان بەدەرنەبوون. هەڵبەتە خواستەکانی سۆڤیەتیش زۆر بەرز بوون. بۆیە من بە تەواوی هێدمەگرتی نەبووم کاتێ لە ٢٢ی تشرینی یەکەمدا ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکی باری نائاسایی گرێدا، وەک پێشبینی کرا بڕیارێکیان دەرکرد، کە دەبێ ئاگربەست لەماوەی دوازدە سەعات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

قسەی لەسەر نەبوو دەرچوواندنی بڕیاری ٣٣٨ بەو خێراییە نالەبارە، مەبەستی ڕێگرتن بوو لە تێکشکانی سەرتاپای هێزەکانی میسر و سووریا، هەرچەندە ئەو حەبە بۆ ماوەیەک کاری خۆی کرد. بڕیارەکە داوای کرد، "دانوستان لەنێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان لەژێر چاودێرییەک بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی ڕەوا و بەردرێژ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بێنێتە کایە،" بەڵام ئەوەی شینەکردەوە ئاخۆ کارەکە چۆن بکرێ. وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە مۆسکۆوە بەرەو ئۆرشەلیم فڕی، تا بڕوام پێ بهێنێ، کە ئێمە بە ئاگربەستەکە قایلبین و ڕاشیبگەیەنین وادەکەین، بەڵام سوورییەکان بە تەواوی ئەوەیان قبوڵ نەکرد، هەرچەندە میسرییەکان وایان ڕاگەیاند کە پێیقایلن، بەڵام لە ٢٢ی تشرینی یەکەمدا تەقەیان نەوەستاند. شەڕەکان هەر بەردەوامبوون، ئێمەش بازنەی گەمارۆدانی سەر سوپای سێیەمی میسریمان تەواوکرد و کۆنترۆلی بەشێکی شاری سوێسیشمان کەوتەبەردەست.

لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا ڕاگەیەندراوێکم لە کنێست سەبارەت بە ئاگربەست دا. دەمەویست خەڵکی ئیسرائیل بزانێ، ئێمە لەبەر لاوازیی باری سەربازیمانەوە نەبوو ئاگربەستەکەمان پەژراند، خۆشمان داوامان نەکردبوو.

لەوێ گـوتم گـوتم، ئەگەر میسـرییەکان نەیسـەلمێنن، ئەوا ئـێمەش هەگیـز بێدەنگ نابین. پێگەمان لە هەر دوو بەرەکەی شەڕەوە لەو کاتە باشتر بوو، کە شەڕەکە دەستییێکرد. ئەوەش ڕاستبوو، کە میسرییەکان هێڵێکی باریکییان لە کەناری ڕۆژهەڵاتی نۆکەندی سوێسەوە هەبوو، بەڵام هێزە بەرگرییەکانی ئیسـڕائیل لە بەشـێکی بەرفرەوانـی بەری ڕۆژئـاوای نۆکەنـدەکە لێیـان داکوتـابوو. لە بەرەی باکووریش لە بەرزاییەکانی جۆلاندا، ئێمە هەموو ئەو ناوچانەمـان کەوتەوە بندەسـت، کە پـێش هەڵگیرسـانی شـەڕەکە لە بـن دەستماندا بـوو، بە بەرچاوڕوونیەوەش بەرەو قوڵایی سوریا دەڕۆیشتین. هەرچەندە لەوێدا گوتم و هەموو وشەیەکیش لە کانگای دڵمەوە دەردەچوون؛ "ئیسـڕائیل خوازیـارە دەسـتبەجێ دانوسـتانی ئاشـتی لەگەڵ ئاگربەسـت دەستپێبکا. ئەو دانوستاندنە نمایشی هێزی پێوستی ناخ دەکا بۆ ئاشتییەکی شـەڕەفمەندانە، کە سـنورەکانمان ئـارام بکـاتەوە." بەڵام تـا میسـری و سـورییەکان بە هەمـان ڕێگـادا نەڕۆن و هەمـان شـت پەیـڕەونەکەن، ئەوا بێگومان ئەو شتە هەر بە مەرەکەبی سەر کاغەز دەمێنێتەوە.

جەنگەکە بە قەیرانێکەوە پێی نایە نۆزدەمین ڕۆژ. دەزانـرا داواکە لای ئێمە دەرفەتی پەژراندنی نەبوو، بۆیە سادات داوای لە هێزەکانی سۆڤیەت-وڵاتە یەکگرتوەکـان کـرد سەرپەرستی ئاگربەستەکە بکەن، ڕووسـەکانیش ئامـادەیی خۆیـان کردبـوو تـا جێپێیـان لە نـاوچەکەدا بکەنەوە. چیرۆکـی بە دواداچـوونی بە ئاگـابوونی وڵاتە یەکگرتووەکـان کـاری مـن نیـیە باسـی لێوە بکەم. تەنیا یەک شت هەیە حەزم لێیە لە بارەیەوە بدوێم. من دەزانم ئەوکـات لە وڵاتە یەکگرتوەکانـدا زۆر کەس هەبـون وایـان دانـابوو، کە هۆشـیارییەکە "داهێنـراوی" سـەرۆک بـوو تـا سـەرنجەکان لەسـەر کێشـەی واتەرگێتەوە لاببا، بەڵام من باوەڕم بەوە نەکرد و ئێستاش باوەڕی پێناکەم. من هەرگیز نائاساییانە لە خەڵک نەگەیشتووم، بەڵام پێم وایە لەو قۆناخەی ژیانمـدا ئەو کـاتە دەتـوانم باسـی بـکەم، کە کەسـانێک قەنـاعەتێکی ڕاستگۆیانەیان هەبێ.

یەکێـک لە بیـرەوەرییە گەشـەکانم لەگەڵ سـەرۆک نیکسـندا ئەو گفتوگۆیەی واشنتن بوو، کە لە هەمان کاتدا دوو دیپلۆماتی ئەمریکایی بە

دەستی تیرۆرستان لە خەرتوم کوژرابوون. ئەو ئێوارەیەی بەرلە کوژرانیان، من لە کۆشکی سپی لەسەر خوانی سەرۆک بووم. بەرلەوەی بۆ سەر خوانەکە بچین، سەرۆک نیکسن، خانم نیکسن، ئیسحاق ڕابین (باڵوێزمان لە وڵاتە یەکگرتوەکان) و من قسەمان لەبارەی پێشهاتەکەی خەرتومەوە بوو، سەرۆک نیکسن زۆر بە ئارامیەوە گوتی؛ "خانم مایەر، پێویستە ئەوە بزانی، من هەرگیز ناچمە بن باری کەڵەگایی؛ هەرگیز! ئەگەر هەنوکە لەگەڵ تیرۆرستاندا سازان بکەم، ئەوا ژیانی زۆر کەس لە دواڕۆژدا دەخەمە مەترسییەوە." ئەو چۆن لە گفتاردا باش بوو، لە کرداریشدا وابوو. پاشان لە سەردانەکەی ١٩٧٤یدا بۆ ئیسرائیل، کاتێک ئێمە لەبن باری کارە درندایەتیەکەی کوشتارگەی منداڵانی مائالۆت دابووین، کە بە دەستی تیرۆریستەکان کوژرابوون؛ نیکسن گەڕایەوە سەر هەمان بابەت. کاتێ هاتە سەردانم لە ماڵەکەم پێی گوتم، "من وا پەروەردەکراوم قینم لەسزای سەرەکی لەسێدارەدان بێ. من پاشخانێکی کواکەریانەم[146]هەیە، بەڵام نابێ بە هیچ ڕێگایەکی دیکە سەودا لەگەڵ تیرۆرستاندا بکەی. تۆ پێویستە هەرگیز نەچیتە بن باری سەرانە و کەڵەگایی."

من بە تەواوی لە هەردوو بۆنەدا دڵنیابووم، ئەو پیاوەی قسەی بۆ کردم —بەبێ سودمەندبوون لە ڕۆژنامە و کامێرای تەلەفزیۆنەکان- بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە قسەی کرد، هێشتاش هەر خاترجەمم کە سەرۆک نیکسن فەرمانی هۆشدارینامەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣دا دەرکرد، لەبەرئەوەبوو کە هێوربوونە بووایە یان نەبوایە، ئەوەبوو نەچووە بن باری کەڵەگایی یەکێتیی سۆڤیەت. پێم وایە بڕیارێکی دژوار و بوێرانە و ڕاست بوو.

پرسەکەش پتر تەشەنەی دەکرد و کەسێکیش هەوڵی نەدەدا گرژییەکە خاوبکاتەوە. نرخەکەشی کە لە ئیسرائیل پێویست ناکا بگوترێ، داوای ئەوەی دەکردکە قایلبین بەوەی ڕێگای ئازوقە و پێداویستییەکان بدەین

---

[146] Quaker: کواکەر ڕێبازێکی دینییە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە بەریتانیا پەیدابووە، باوەڕی ئاشتیخوازی و سادەیی لە ڕەوشت و نەریتی ئایینی و جلوبەرگدا هەیە-وەرگێڕ.

که بۆ سوپای سێیەمی میسریی گەمارۆدراو بدرێ و دووەمین ئاگربەستیش بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بپەژرێنین. داوای ئەوەی ڕێگەی خۆراکی سوپای سێیەمی میسری بدەین و ئاو کۆمەکی دیکەیان بگەیەنینە ئەو ۲۰،۰۰۰ سەربازەی و لەدەست تێکشکان ڕزگاربین، بەهەر شێوەیەک بێ پرسێکی مرۆڤدۆستانە نەبوو. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە هەموو شتێکمان دەدایە میسریەکان، کە خۆبەخشانە چەکیان دابنابایە و بگەڕابانەوە ماڵەوە، بەڵام کتومت ئەوە شتێک بوو سادات دەیەویست لێی دووربکەوێتەوە. ئەو بێئەندازە خەمی ئەوەی بوو، ئەو ڕاستییە بۆ جەماوەری میسری سەبارەت بە زاڵبوونی ئیسرائیل و هێرشێکی دیکە ئاشکرا نەکرێ- چونکە هەر چەند ڕۆژێک لە شەڕەکە هەراوهوریای سەرکەوتنی سەرتاپای میسری تەنیبوو. ئاوا جارێکی دیکە هەستێکی سۆزدارانە بەرانبەر عەرەبە دەستدرێژییکارەکان لە دنیادا بەرز بووەوە، لەبری ئەوەی بۆ قوربانییەکانی دەستی عەرەبە دەستدرێژییکارەکان بەرزبکرێتەوە، ئێمەش مشتومڕی ئەوەمان بوو چۆن سازانێک لە ژێر ناوی "ئاشتیی جیهانییدا" بکەین.

لەو هەفتەیەدا بە کابینەم گوت؛ "بە لای کەمی، دەبا شتەکان بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بانگبکەین. ڕەش ڕەشە و سپیش سپی. لێرەدا تەنیا یەک دەوڵەت هەیە بۆی بگەڕێینەوە هەندێک جاریش ملی بۆ بدەین، تەنانەت لە کاتێکدا ئەگەر شتەکەشمان ڕا لێنەبێ و نەشمانەوێ، بەڵام خۆ ئەو تاکە دۆستمانە و لە هەرە زلهێزەکانیشە. ئێمە نابێ بۆ هەموو شتێک بڵێین بەڵێ؛ بەڵام ڕێگابدەن با شتەکان بە ناوی شیاوی خۆیانەوە بانگ بکەین. لێرەدا هیچ شەرمەزارییەک نییە کە دەوڵەتێکی بچکۆلەی وەک ئیسرائیل، لەو بارودۆخەدا، هەندێکجار مل بۆ خواستەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان بدا. کاتێکیش ئێمە بڵێین بەڵێ، بۆ خاتری خوا با کارێکی وا نەکەین پێچەوانەکەی بنوێنین و ئەو ڕەشە ببێتە سپی."

بەڵام ئێمە لەسەر هەموو شتێک قایل نەبووین. ڕادەی کەمی داخوازییەکانمان هەبوون، کە لە ۲۳ی تشرینی یەکەمدا بەم شێوەی خوارەوە بەلیستێک بۆ کێنێستم باسکرد:

**"ئەوە مەبەستمانە ڕوونی بکەینەوە و لەنێویاندا ئاگربەست دەبێ بۆ هەموو هێزە تەکوزییەکانی[147] دامەزراو لەو دەوڵەتەی ئاگربەستی قبوڵە، فەرمانبەردار بێ، بە هێزی وڵاتە بیانییەکانیشەوە وەک سوپای عێراق و ئوردن لە سوریا و سوپای وڵاتە عەرەبییەکانی دیکەش کە بەشداری دوژمنکارییەکەیان کرد.**

**هەروەها ئاگربەست دەبێ هێزە ناتەکوزییەکانیش بگرێتەوە، کە لە ناوچەکانی ئەو دەوڵەتانەی ئاگربەست مۆردەکەن، دژی ئیسرائیل لە کاردان.**

**بە دڵنیاییەوە ئاگربەست دەبێ ڕێگر بێ لە ئابلۆقە یان هەر دەستوەردانێکی ئازادانەی ڕێگای دەریایی بە تانکەرە نەوتییەکانی گەرووی باب ئەلمەندەبیشەوە کە بەرەو ئیلات دێن.**

**هەروەها دەبێ لێکدانەوەی دەستەواژەی "دانوستان لە نێو لایەنەکاندا" دانوستانی ڕاستەوخۆ بگرێتەوە. ئاساییانەش پێویستە ڕێکارەکانی نەخشەکێشان و بابەتەکانی سەرپەرشتیکردنی ئاگربەست بە ڕێکەوتن بڕیاری لەسەر بدرێ.**

**بابەتی زۆر گرنگیش... ئازادکردنی دیلەکانە. حکومەتی ئیسرائیل بڕیاری داوە داوای گۆڕینەوەی دەستبەجێی دیلەکانی بکا. ئێمە ئەوەمان لەگەڵ حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکدا تاوتوێ کردوە، کە یەکێک بووە لە دەستپێشخەرەکانی ئاگربەست."**

لەنێو لیستەکەدا شتێکی نوێ نەهاتبوو، شتێکی پێچەوانە و شتێکی وا —بە هەموو پێوەرەکان– نەهاتبوو کە ئەرکی سەرشانمان نەبێ.

لەم خاڵەدا کەسی دیار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نە سەرۆک سادات، یان سەرۆک ئەسەد، یان شا فەیسەل یاخود خانم مایەر نەبوون، بەڵکو هینری کیسنجەری وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، کە هەوڵ و تەقەلای بۆ هێنانەکایەی ئاشتی لە ناوچەکەدا بە قارەمانانە وێنادەکرێ. پەیوەندیی لەگەڵ کیسنجەردا لە بەرزی و دابەزیندا بوو. کاتێک زۆر ئاڵۆزکاو دەبوو، کاتی واش هەبوو دەمزانی دەبمە مایەی

---

[147] تەکوزی: نیزامی: هێزی تەکوزی: هێزی نیزامی.

هەراسانبوون و تەنانەت پەستبوونیشی- و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام من بە بەهرەی زیرەکایەتییەکەی سەرسام بووم، حەوسەڵە و کۆڵنەدانی بێ سنوور بوو، لە دواییشدا ئێمە بووینە دوو دۆست. من لە ئیسرائیل کاتێکی باشم لەگەڵ ژنەکەی بەسەربرد، ئەویشم خۆشویست و پێی سەرسام بووم. پێم وایە یەکێ لە خەسڵەتە سەرنجراکێشەکانی کە زۆر بوون، توانای نایابانەی بوو لە سەوداکردن لەگەڵ وردترین شتەکانی کێشەیەک سا هەر چییەک بێ و دۆزینەوەی چارەسەرەکەی. جارێکیان پێی گوتم کە دووساڵ لەمەوبەر، ئەو هەرگیز گوێی لە ناوی شوێنێک نەبوو بەناوی کونەیترە، بەڵام کاتێک بە دانوستان پەیوەست بوو بۆ لەیەککردنەوەی هێزەکانی سووریی و ئیسرائیلی لە بەرزاییەکانی جۆلاندا، ئەوا هیچ ڕێگا، خانوو یاخود تەنانەت دارێکی ئەو ناوەش نەبوو، کە هەموو شتێکی لە بارەیەوە نەزانێ. منیش پێمگوت، "بەدەر لە ژەنەراڵەکانی پێشوو، کە هەنوکە ئەندامی کابینەی حکومەتی ئیسرائیلن، پێموانییە تاکە وەزیرێکیشمان ئەوەندەی ئێوە لەبارەی کونەیترەوە بزانن."

کاتێک ئەو یەکەم جار لە سەر ڕێگە درێژ و بەردینەکەی، کە دەبووایە هێزەکانی لە بەرزاییەکانی جۆلان لە یەک جیابکرێتەوە، دەستیپێکرد؛ ئێمەش پێمانگوت کە ناتوانین دەستبەرداری ئەو پێگەیەمان بین لەسەر گردەکەی نزیک کونەیترەدا، چونکە ئەگەر وا بکەین، ئەوا نشینگەکانی دامێنەکە دەکەونە بەر مەترسی، کەچی ئەو زۆر لە قسەکانمان بەگومان بوو، ئەوە بوو گوتی "تۆ بە شێوەیەک لەبارەی ئەو گردانە دەدوێی وەک ئەوەی ئەلپ و هیمالایا بن،." بەڵام وەک هەمیشە دەیکرد، زۆر بە پارێز و وشیارییەوە گوێی دەگرت، بە خۆی هەموو وردەکاری تۆپۆگرافییەکان بەڵەد بوو، کاتێکیش تەواو ڕەزامەندبوو، کە ئەو شتانە واتای خۆیان بۆ ئێمە هەیە، ئیدی ئامادەبوو ڕۆژ لەسەر ڕۆژ بەوە خەرجبکا هەوڵبدا قەناعەت بە ئەسەد بهێنێ، کە ئەو پنت و ئەو شوێنە دەبێ سوورییەکان بۆ ئێمەی بەجێبهێڵن. لە کۆتاییشدا هەر وای کرد. لێ ئەو هەموو کاتە، کە کیسنجەر دەهات و دەچوو وەک ئەوەی هەرگیز گوێی لە وشەی "شەکەتبوون" نەبووبێ وابوو.

چەندین جار خەریکبوو دانوستان لەگەڵ سوورییەکان بپچڕێ، کیسنجەریش هەر ڕەشنوسی ڕاگەیاندنی بۆ ئێمە و ئەوان دەنووسی بەوەی

دانوستانەکان تەنیا بۆ کاتێکی دیکە دواخراون و لەبارنەچوون. ئەوسا لە دوا ڕۆژدا، ئەو هاتە لامان و داوایەکی دیکەی نوێی ئەسەدی بۆ هێنایین، ئێمەش گوتمان، "نەخێر. ئەمەیان نا. ئەمەیان مایەی پەژراندن نییە." ئیدی کیسنجەر گوتی؛ " زۆر باشە. کەواتە ئێرە کۆتاییەکەیە. ئەمڕۆ سیسکۆ دەچێتە دیمەشق ڕێنمایی ئەوەیان پێدەدا، کە "هیچ دانوستانی دیکە نەماوە" و ئێمەش پێشنیازی بەیاننامەیەکی هاوبەش دەکەین." هەمان ئێوارە کیسنجەر هاتەوە بمبینێ – وا چاوەڕوان دەکرا شەوەکەی بڕواتەوە- و پێی گوتم،"بەڵێ، ئەوە کۆتاییەکەیەتی." ئەوسا تەماشایەکی کردم و گوتی، "ئایا پێت وا نییە پێویستە لەبری سیسکۆ بچمە دیمەشق؟" منیش گوتم، "ئاخر نەوێرام لێت بپرسم، تۆ پێتگوتم کەوا هەرگیز ناتەوێ گرۆمیکۆ لە دیمەشق ببینیەوە، هەنوکەش دەقاودەق گرۆمیکۆ لەوێیە." کیسنجەر بۆ خولەکێک بیری کردەوە، ئەوسا گوتی، "بەڵێ، پێویستە ببینم، تەنانەت ئەگەر بۆ کورتە موجامەلەیەکیش بێ. ئەرێ تۆ پێت چۆنە؟ من ئەوە دەکەم کە خۆت پێشنیازت کرد." منیش پێمگوتەوە،"سەیرکە، من تەنیا یەک شت دەزانم، ئەگەر تۆ خۆت بڕۆی، دەرفەتێک هەیە، لە کاتی خۆیدا بیکەی. بەدەر لەوەش بواری دەرفەتی دیکە نەماوە." جوزیف سیسکۆ لە ژوورەکە لەگەڵمان بوو، سەرێکی لەقاند و گوتی، "بە تەواوی هاوڕام." کیسنجەریش گوتی، "باشە، من دەچم. ڕەنگبێ لە دواییدا شتێک بە شتێک بکەم." ئیدی دەستبەجێ ئەو لێیدا و ڕۆیشت.

ئەو سەروبەندی سەعات ١:٣٠ی نیوەشەو گەڕایەوە ئیسڕائیل و لە فڕۆکەکەیدا پەیامێکی بۆ ناردم، دەیەوێ سەعات ٢:٣٠ هەمان شەو بمبینێ. ئەو وا گەڕایەوە تازە و بە خرۆش بوو وەک ئەوەی مانگی ڕابردوو پشووی هاوینی بردبێتەسەر و وەک ئەوەی هەموو کەسێکی دەوروبەری هەڵقرچابێ. تەکانێکی داو گوتی، "شتەکە تەواوە. تەواو بوو. کارەکەمان کرد." هەڵبەتە تەنانەت بە لێهاتووە ڕاستەقینەکەی مێشکی و بە توانا بێ ئەندازەکەی بۆ کاری قورس، ئەگەر کیسنجەر وەزیری کاروباری دەرەوەی گابۆن بووبایە، ئەوا نەیدەتوانی لەگەڵ سوورییەکاندا بێتەوە، بەڵام ئەو هەموو شتێکی هەبوو: زیرەکی، وریایی، بەرگەگرتن و ئەو ڕاستیەش کە نوێنەری مەزنترین هێزی جیهانە، بە ڕاستی وا دەکا تێکەڵەیەکی کارای لێدەربچێ.

سەبارەت بە جووایەتییەکەی، پێم وا نییە لەو هەموو مانگانەی دانوستاندا ڕێخۆشکەر یان ڕێگر بوو بێ. بەڵام ئەگەر ئەو لە ڕووی سۆزەوە بە ئێمەوە پەیوەست بووبێ، ئەوا ئەو ئالودەبوونەی هەرگیز بۆ تاکە خولەکێکیش لە هیچ شتێک، کە گوتبێتی یان کردبێتی ڕەنگی نەداوەتەوە. یەکەمین جاریش کە چووە عەرەبستانی سعودی، وانەیەکی دوورودرێژی لە لایەن فەیسەڵەوە سەبارەت بە "کۆمۆنیستەکان، ئیسرائیل و جووەکانی" پێدرابوو. بیردۆزەکەی فەیسەڵ -کە هیچ دوودڵ نەبوو لەوەی وردەکارییەکەی بۆ کیسنجەر ڕوونبکاتەوە- ئەوەبوو، گوایە جوو بزوتنەوی کۆمۆنیستییان بۆ ئەوە دروستکردوە تا دەست بەسەر جیهاندا بگرن. بەشێکی جیهان هەر خۆیانە، بەڵام لەو بەشەی کە جوو نەیانتوانیوە زاڵ بن، ئەوا جووەکانیان لە پایە گرنگە حکومییەکان داناوە. ئەوسا لەسەری دەڕوا و دەڵێ، " ئایا تۆ دەزانی کەوا گۆلدا مایەر لە کییڤ لەدایکبووە؟"

کیسنجەریش وەڵامدەداتەوە: "بەڵێ".

" ئایا ئەمە واتای شتێکت پێ نابەخشێ؟"

کیسنجەر دەڵێ: "نەخێر. پێویست نییە."

فەیسەڵ ڕایدەگەیەنێ، " کییڤ، ڕووسیا، کۆمۆنیزم، ئەوە هاوکێشەکەیە."

لە دواییدا فەیسەڵ هەوڵدەدا کتێبی "پرۆتۆکۆلی دانایانی زایۆن"، کە ساختەکراوێکی بەدناوی قڕالەکانی ڕووسییە، وەک دیاری بداتە کیسنجەر، هەڵبەتە ئەویش وەریناگرێ.

من یەک دوو جار گفتوگۆی سەختم لەگەڵ کیسنجەر سەبارەت بە سۆڤیەت و گوتەی میسرییەکان هەبوو، کە دەیانگوت گوایە ئێمە ئاگربەستمان شکاندوە. پێدەچوو کیسینجەر مەیلی ئەوەی هەبێ بڕوا بە شتەکە بکا. دەستبەجێش لە واشنتنەوە دینتز زەنگی بۆ لێدام، داوای لێکردم کیسنجەر لەوە دڵنیابکەمەوە، کە ئێمە ئەم سەرپێچییەمان نەکردووە. لەو هەفتەیەدا پەیامگۆڕینەوە لەنێوان ئێمەدا هەبوو، کە سەرۆک نیکسن و کیسنجەر داوایان لێ کردین سەرەتا دەست لەشتێک هەڵبگرین، پاشان شتێکی دیکە، ئەوسا بۆ جاری سێیەم دیسان شتێکی دیکە و کاتێکیش

تێگەیشتم، کە پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەتدا زۆر باشە، ئەو لێشاوە داخوازیەی ئەمریکام پێ مایەی هەراسانی بوو. نامەیەکم بۆ کیسنجەر نووسی، داوام لێکرد هەموو ئەو شتانەی لە ئێمەیان دەوێ بە یەکجار بۆمان بەیان بکا، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ بڕیاریان لە بارەوە بدەین، لەوەی هەر جارە و داخوازیەکی نوێمان لێ بکرێ. کاتێکیش دێنتیز سەبارەت بەو دۆخە تەلەفۆنی بۆ کردم، بڕیارمدا دەست بدەمە تەلەفۆن و قسە لەگەڵ کیسنجەردا بکەم، لەوەی کە نامەی بۆ بنێرم. من گوتم، " تۆ دەتوانی هەر شتێک بتەوێ بکەی و سەبارەت بە ئێمەش بڵێی، بەڵام ئێمە درۆزن نین. ئەو قسانە ڕاست نین."

لە ٣١ی تشرینی یەکەمدا بەرەو واشنتن فڕیم، تا ئەو پەیوەندییە ڕاست بکەمەوە، کە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا گرژببوو. بۆ ئەوەی بە خۆم بۆیان ڕوون بکەمەوە ئاخۆ بۆچی هەندێ داخوازیمان لێکراوە، کە نە هەر ناڕەوان بەڵکو هی پەژراندن نین. ڕۆژی پێشتر، لەگەڵ دایان و دادۆدا چووومە "ئەفریقا"[148] و سەردانی فەرماندەکانی ئەوێم کرد، گوێم لە ڕوونکردنەکانی ئەوان سەبارەت بە هەندێ خاڵ گرت و هەندێ کاتیشم لەگەڵ سەربازەکاندا بردەسەر. ئێمە سێ جار لە بەرەکانی پێشەوە وەستاین و پێویستە ئەوەش بڵێم، سەربازەکان بە بینینی من لەنێو جەرگەی بیابانەکەدا هەندێک سەرسامبوون و منیش هەرگیز چاوەڕێی وەڵامدانەوەی ئەو لێشاوی پرسیارانە نەبووم، کە کوڕێکی ئیسرائیلی لەسەر خاکی میسردا لێی کردم. جارێکیان بۆ کۆمەڵێکی زۆری سەربازەکانمان لە چەپەرەکانی ژێرزەمیندا دوام، جارێکیان بە پێوە لە دەرەوەی خێوەت و جارێکیشیان لە بنکەیەکی مسرییەکان لە سوێس. ئاساییانە زۆربەی پرسیاری کوڕەکان لەبارەی ئاگربەستەکە بوو. ئایا بۆچی ڕێگەمان دا خواردن و ئازوقە بگەیەندرێتە سوپای سێیەمی میسر؟ ئایا بۆچی بە ئاگربەستی پێشوەختە قایل بووین؟ ئایا دیلەکانی جەنگمان لە کوێن؟ ئەوەی لەسەرم بوو کردم تا

[148] مەبەست لە ئەفریقا ئەو شوێنەیە، کە دەکەوێتە بەری ڕۆژئاوای نۆکەندی سوێس و جووەکان بە ئافریقای لە قەڵەم دەدەن، پێشتریش نووسەر ئاماژەی پێداوە. وەرگێڕ

ڕاســتییەکانی ژیــانی سیاســییانەیان بــۆ ڕوون بــکەمەوە، دواتــریش بەرەو بەرزاییەکــانی جــۆلان فــڕیم، لەویــش هەمــان باسوخواســمان بــوو. منــیش پرسیارگەلێکم هەبوون، کە وەڵامی پەسندم وەرنەگرتنەوە. من هێشتا هەر لە ڕەتکردنەوەی هاوڕێ سۆشیالیستەکانم لە ئەورووپا تووڕەم، کە ڕێگەیان نەدا فڕۆکەکــانی فــانتۆم و ســکایهۆک لەوێ وەک بەشــێک لە گواســتنەوەی هێڵــی ئاسمانی بۆ بەنزی نپڕکردنەوە بنیشنەوە. ڕۆژێکیــان بە چەنــدان هەفتە دوای جەنگەکە، زەنگم بۆ ویلی براند لێدا، کە پیاوێکی زۆر ڕێزلێگیــراوی ســۆشیال ئەنتەرناسیونال بــوو، گــوتم، "مــن داوام لە هــیچ کەســێک نییە، بەڵام دەمەوێ لەگەڵ برادەرەکانم قسە بکەم. بۆ خــاتری خێــر و چــاکە، پێویســتم بەوە هەیە بــزانم ئــاخۆ واتــای ســۆشــیالیزم چــی دەگەیەنــێ کــاتێ تــاکە دەوڵەتێکــی سۆشیالیســتی لە هەمــوو ئەورووپــادا ئامــادەنەبوو بە هــاواری تــاکە دەوڵەتــی دیموکرات لە ڕۆژهەڵاتی ناوینەوە بێ. ئەرێ ئەگەری ئەوە هەیە دیموکراســی و برایەتــی بــۆ پرســەکەی ئێمە دەســتنەدا؟ هەر چۆنێــک بــێ، مــن دەمەوێ بە گوێی خۆم گوێم لێبێ، ئاخۆ چی لە مێشکی حکومەتی سۆشیالیســتەکان بــۆ کۆمەکی ئێمە هەیە."

کۆبــوونەوەی ســـەرکردەکانی سۆسیالیســـت ئەنتەرناســـیونال لە لەنــدەن بەســترا و هەمووشــیان ئامــادەبوون. ئەو کۆبــوونەوەیە پێکهــاتبوو لە سەرانی پارتە سۆشیالیستەکان، ئەوانەی لە حکومەتدا بوون و ئەوانەی لە ئۆپۆزســیۆنی پەرلەمانییــدا بــوون. لەو بــۆنەیەدا، لەوەتەی کە مــن داوای کۆبــوونەکەم کردبــوو، کۆبــوونەکەم کــردەوە. دەقــاودەق بــارودۆخەکەم بــۆ هاوکارە سۆشیالیسەتەکانم باسکرد، کە چۆن لەپڕێکەوە بەسەرماندا درا، بە هۆی پەرۆشی بیرکردنەوەی خۆمان و بڕواهێنانمــان بە ڕاپــۆرتی هەواڵگریــی لە خشتەبراین و بڕوونکردنەوە چۆنیش جەنگەکەمــان بــردەوە، بەڵام ئەوەش ســەخت بــوو و چەنــدان ڕۆژیشــی خایانــد. پاشــان گــوتم، "مــن تەنیــا دەمەوێ لەژێر تیشکی ئەوەدا لەوە تێبگەم ئاخۆ سۆشیالیزم لەبارەی ئەمڕۆمــان چــی دەگەیەنــێ. ئێســتا ئێــوە هەر هەمووتــان لێــرەن. هــیچ بســتێکی خــاکی ئێــوە بــۆ نیشــتنەوە و بەنزینپڕکــردنەوەی ئەو فڕۆکــانە بەکارنەهــات، کە ئێمەیــان لە تەفروتونــاکردن پاراســت. هەنــوکە، وا دابنــێ کە ڕیچــارد نیکســن گوتبــای

"ببووره، بەڵام لەوەتەی هیچ شوێنێک لە ئەوروپا ڕێگەی سوتەمەنی پڕکردنەوە نادا، ئێمەش ناتوانین هیچ شتێکت بۆ بکەین، لە دواییشدا؛ ئایا ئێوە هەمووتان، چیتان دەکرد؟ ئێوە دەزانن، کە ئێمە کێین. ئێمە هاوڕێی دێرینین، برادەری لەمێژینەین. ئایا ئێوە ڕاتان چییە؟ ئایا لەسەر چ بنەمایەک بڕیارتاندا، کە فڕۆکەکان لای ئێوە پڕسوتەمەنی نەکرێنەوە؟ بڕوام پێبکەن، من دواکەسم لەو ڕاستییە کەم بکاتەوە، کە ئێمە دەوڵەتیکی جووی بچکۆلەین و ئەوانیش پتر لەبیست دەوڵەتی عەرەبن و خاکی بەرفرەوان، نەفتی نەبڕاوە و بلیۆنان دۆلاریان هەیە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ من لەئێوەم دەوێ بیزانم ئەوەیە، ئایا ئەو هۆکارانە لە بیرکردنەوەی سۆشیالیستییانەتان بڕیاردەربوونە ؟"

کاتێک ئەوەم گوت، سەرۆکی کۆبوونەکە، پرسیاری لە هەمووان کرد ئاخۆ کێ دەیەوێ قسە بکا. لێ کەس قسەی نەکرد. یەکێک لە پشتمەوە -من نەمویست ئاوڕبدەمەوە و سەیریبکەم چونکە نەمدەویست هەراسانی بکەم- زۆر بە ڕوونی گوتی، "هەڵبەت، ئەوان ناتوانن بدوێن. گەرووییان پڕی نەوت کراوە." هەرچەندە لەوێ مشتومڕ هەبوو، بەڵام بە ڕاستی شتێکی وا نەمابووەوە بگوترێ. هەموو شتێک لە لایەن ئەو پیاوە گوترا، کە بیچمەکەم هەر نەبینی.

لە واشنتنیشدا سەعاتێک و نیوم لەگەڵ سەرۆک نیکسندا بەسەربرد. لە ئەنجامدا ڕۆژنامەکان دەیانویست بزانن ئاخۆ چ گوشارێک خراوەتە سەر ئیسرائیل تا سازانی پتر بۆ عەرەبەکان بکا. من دڵنیام کردنەوە هیچ پاڵەپەستۆی وەها لە ئارادا نییە. یەکێک لە هەواڵسازەکان گوتی، "خانمی سەروەزیر، ئەگەر وابێ، کەواتە بۆچی هاتویتە واشنتن؟"

منیش گوتم، "تەنیا بۆ ئەوەی، کە بۆمدەربکەوێ هیچ گوشارێک لەگۆڕێدا نییە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەهێنێ!"

چەقی بازنەی گفتوگۆکانم لەگەڵ کیسنجەردا لەسەر هێڵەکانی ئاگربەست بوون لە باشووردا، ئەوەش بابەتێکی ئاسان و خۆش نەبوو بۆ وتوویژلەسەرکردن؛ بەڵام خۆ ئێمەش کێشەگەلێکی ئاسانمان تاوتوێ نەدەکرد. من پێشنیازێکی شەش خاڵییم بردبوو، لەبیرمە کیسنجەر و من

بەتایبەتی هەموو شەوەکەی لە کۆشکی بلێیر، ئەو شوێنەی منی لێ بووم، دانیشتین. لە قۆناخێکیدا پێمگوت، "خۆت دەزانی، بە ڕاستی هەموو ئەوەی هەمانە ورە و گیانمانە[149] ئەوەی تۆ داوام لێدەکەی ئەوەیە، کە بڕۆمەوە نیشتمان و ئەو ورە و گیانە تێکبشکێنم، ئیدی ئەو کاتیش پێویست بە هیچ فریاگوزارییەک ناکا."

دەقی ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و میسر لە ١١ی نۆڤیمبەری ١٩٧٣دا لە کیلۆمەتر ١٠١ لە ڕێگای قاهیرە- سوێس دا لە لایەن ژەنەراڵی ئسڕائیلی ئاهارون یاریڤ و ژەنەڕاڵی میسری عەبدول قاماسی A واژۆکرا. وەها دەخوێندرێتەوە:

**١- میسر و ئیسڕائیل قایلن بەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێرییەکی وردی ئاگربەستەکە بکا.**
**٢- هە ردوولایان قایلن بەوەی وتووێژی نێوانیان دەستبەجێ لەسەر پرسی گەڕانەوە بۆ پێگەی ٢٢ی تشرینی یەکەم لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەیەکی جیاکردنەوەی هێزەکان لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا.**
**٣- شاری سوێس ڕۆژانە ئاو، خواردەمەنی، ئازوقە و داودەرمانی بۆ بچێ. هەموو برینداره مەدەنییەکانی شاری سوێس دەبێ بگوازرێنەوە.**
**٤- نابێ هیچ ڕێگرییەک لە بەردەم جموجۆڵی ناسەربازییانەی ئازوقەناردن بۆ کەناری ڕۆژهەڵاتی نۆکەندەکە بکرێ.**
**٥- بازگەکانی ئیسرائیلی لەسەر ڕێگای قاهیرە- سوێس دەبێ بە بازگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگۆڕدرێنەوە. لە سوێس و لە کۆتایی ڕێگاکە، ئەفسەرە ئیسڕائیلییەکان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکاندا سەرپەرشتی تێپەڕبوونی باری سروشتی لە لێوارەکانی نۆکەندەکەدا بکەن.**

---

[149] زۆر بە دوای وەرگێڕانی وشەی Spiritدا گەڕام، فەرهەنگەکانیش دادێکی وایان بۆ نەدام، بۆیە بە داوای لێبوردنەوە ورە و گیانم بە یەکەوە بۆ دانا-وەرگێڕ.

**٦- هەر کـاتێکیش بازگەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان لەســەر ڕێگای قاهیرە- سوێس دامەزران، ئیدی لەوێ دیلەکانی جەنگ بە بریندارەکانیشەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن.**

لە مـاوەی چـارەگە سـەدەیەکدا، ئەوە یەکەمـین جـار بـوو ڕاسـتەوخۆ وئاسـان، پەیوەنـدی کەسـیی لەنێـوان ئیسـڕائیل و میسـرییەکاندا ببـێ. هەردوولایـان بە یەکەوە دانیشـتن، بە درێـژی وردەکـاری جیـاکردنەوەی هێزەکانیـان باسـکرد و دەسـتی یەکـدییان گوشـی. دیلەکـانی جەنگمـان لە میسرەوە گەڕانەوە، ئەوانەی لە جەنگی داهێزران و لە جەنگی یۆم کیپورەوە بە دیل گیرابـوون. پەڕجووئاسـا ئەوان سـەرەڕای ئەوەی توشـیان هـاتبو، بە شـێوەیەک گەڕانەوە بـێ ئەوەی یەک شووختیشـیان بەر ورە و گیانیـان کەوتبێ، هەرچەندە هەندێکیان کاتێک ئێمەیان دیتەوە وەک زارۆک دەگریـان. تەنـانەت دیلەکـان دیارییشـیان لەگەڵ خۆیانـدا هێنـابوو، ئەو شـتانەی کە لە بەنـدیخانەدا دروسـتیانکردبوو، وەک ئەسـتێرەی شـین و سـپی داود کە بە خۆیـان چنیبوویـان وەک ئاڵاشـیان وابـوو لە نێـو زیندانـدا. دەسـتەیەک لە ئەفسـەرەکان پێیـانگوتم، "هەنـوکە "یەکەکەمـان" هەڵوەشـاوەتەوە، دەمانەوێ ئەوە بۆ تۆ بێ." منیش لە چوارچێوەم گرتن و لە ژوری مێوانانـدا هەڵمواسیون.

لێ گەلۆ، هێشتا هیچمـان لەبـارەی دیلە جەنگییەکانمـان لە سوریاوە نەدەزانی، نزیکەی ڕۆژانەش ڕێوڕەسمەکەی سەربازییانە بوو بۆ ناشتنی ئەو سـەربازانەی لە سینادا کوژرابـوون و تەرمە هەڵاوساوەکەشـیان تـازە لەنێو لمـدا دۆزرابـووەنەوە، دوای ناسـینەوەی ناسـنامەکەی هێنـران و نێـژران. لە هەمووشـی پۆلکتر سـەرەڕای زیـادبوونی ئەو هەسـتەی، کە ئەمجارەیـان لە یەکجیاکردنەوەی هێزەکان ڕەنگبێ ئاستی بە دوادا بێ، بەڵام میزاجی گشتی لە ئیسڕائیل زۆر ڕەشبینانە بوو. لە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵەوە داوای ئەوە دەکرا، حکومەت دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەمەش بە خەتـای ئەوەی، کە بـاری نالەبـاری سـوپا بـۆ خۆئامـادەکردن لە ئەنجـامی شکسـتهێنانی سەرکردەکانییەوە بووە، لەخۆڕازیبون و کێماسـی تەواو لە پەیوەندیی نێوان حکومەت و گەلدا هەبوو.

ژمارەی بزووتنەوەی نارەزایی زیادبوو. ئەوان لە ڕژدبوونیان و لە بەرنامەشیان جیاواز بوون؛ بەڵام هەمان داوای گۆڕینیان هەبوو. لە نێویشیاندا یەدەگەکان بوون، زۆرجاران ئەوەیان دەردەبڕی کە زۆر بە بەلەز و پڕتاو بانگکراونەتەوە و هەندێک جار بە شێوەیەک بووە کە ئازاری داوم. من لەگەڵ زۆریان سەبارەت بە ڕابردوو ناکۆک بووم، بەڵام هەندێک لە ڕەخنەکانیشیان ڕەوابوون. هەرچۆنێک بێ، من دەبووایە گوێ بگرم ئاخۆ چی دەڵێن و زۆر لەو خەڵکانەی نێو بزووتنەکەم بینین. هەوڵمدا کارئاسانیان بۆڤبکەم تا لەگەڵمدا بدوێن، منیش گەیشتمە ئەو هەستکردنە، کە زۆرجاران سەرسامبوون دایدەگرتی لە جیاوازی نێوان ژنێک کە بەو شێوە پەرۆشیە گوێیان لێبگری و ئەو وێنەیەی کە ئەوان بۆ منیان کێشابوو. لە کەشوهەوایەکدا، کە بارگاوی بوو بە گومان و خەتابارکردن، پێم وایە زۆر جار وەک یەک سەرسوڕماو بوون بەوەی کە بۆم باسکردن.

زۆر لەو هاوارانە ڕاسگۆیانە بوون. لە ڕاستییدا زۆریان دەربرینێکی سروشتییانەی تووڕەیی بوون سەبارەت بەو زیانە کوشندانەی کە کەوتنەوە. لەو باهۆزەی نارەزاییەتیدا نەوەک هەر داوای دەستلەکارکێشانەوەی من و دایان دەکرا؛ داوای خستنەلاوەی هەر کەسێک دەکرا، کە ئەگەری بەرپرسیارێتی لەوەی قەوما هەبووایە، لەسەر سەکۆ لابدرابا و ئەنجا لەنۆژەنەوە بە خەڵکی نوێ، کەسانی گەنج، کەسانێک پەڵەی هیچ خەتایەکیان لەسەر نییە و دەستیان لە گومڕاکردنی گەلدا نییە، هاتبانەپێشەوە. ئەوەش کاردانەوەیەکی توندڕەوانە بوو بۆ دۆخێکی توندڕەوانە، کە ئێمەی تیادا بووین، بۆیە هەرچەندە زۆر بە ژان و سوێش بوو، بەڵام مایەی لێتێگەیشتنیش بوو. دیاربوو بەشێکی هەڵچوونەکە شەڕانگێزیانە بوو، هەندێکیشی تەفرەدەرانە بوو، سادە و ڕەوان، دەسمایەکی سیاسیانەی ئۆپۆزسیۆن بوو بۆ قۆستنەوەی کارەساتە نەتەوەییەکە.

لە سەرەتای دەمەتەقێ سیاسییەکانی کێنێست دوای جەنگ، گوێم لە وتەی ئۆپۆزسیۆن گرت بە خودی مناحیم بێگن و شامویل تامیریشەوە، کە منیان پارچەپارچەکرد. ئەوان ئەوەندە پڕبوون لە لەبلەبانیی و شانۆئاسا، نەمدەتوانی لەسەری بوەستم. کاتێکیش کە هەڵسام دەمەتەقێکە کۆتایی پێ

بهێنم، پێمگوتن، کە سروشتی وتارەکانیان هی ئەوە نییە وەڵامی بدەمەوە. گوتم، "من تەنیا دەمەوێ یەک شت بڵێم، دەمەوێ دەقی وتەیەکی دۆستێکی زۆر ئازیزی خۆم، کرێکارێکی زایۆنیستی ئەمریکایی بهێنمەوە، جارێکیان لە دەمەتەقێی بابەتێکی سەنگیندا ئامادە بوو —هەرچەندە ئەوەندەش سەنگین نەبوو وەک ئەو باسوخواسەی ئەمڕۆمان- و کابرا هەڵسا و دەستی بەقسان کرد. ئەو وەها سادە و ڕەوان دوا، هەموو ئەوەی برادەرەکەم گوتی،"خۆ ئەگەر تەنیا تێگیرابا یان ناوبەناو دوودڵ بووبا." ئەوەش ڕێک ئەو هەستەیە لەبارەی ئەو وتارە ڕەوانبێژیانەی کە لە کێنێستدا دران. بیگن و تامیر لەبارەی نزیکبوونەوەی کارەسات دوان، لەبارەی ئەو پیاوانەی کوژران و یان کەچوکرۆم کران، لەبارەی شتی سامناک قسەیان کردن؛ بەڵام بە ڕەوانی قسەیان کردن بەبێ هیچ پشوودانێک و منیش قێزم لێیهات.

چەقی گەردەلوولەکە مۆشی دایان بوو. تا ئەو ڕادەیەی لەبیرم بێ، یەکەمین داوای ڕاشکاوانەی دەستلەکارکێشانەوەی لە لایەن وەزیرێکی دیکەی کابینەکەی من، یاکۆڤ شیمشون شاپیرۆی وەزیری دادەوە بوو. من هەرگیز بە سەر تووڕەیی خۆم لە بەرانبەریدا زاڵ نەبوم، کە ئاخر داواکەی لەکاتێکدا کرد، قەیرانەکە لەوپەڕی لوتکەدا بوو، ڕاستەوخۆ دوا بە دوای ئاگربەستی دووەمدا هات و پێش کۆبوونەوەش، بوو کە دەزانرا ڕۆژنامە دەیقۆزێتەوە. ئەگەر ئەوە بەس نەبووبێ، من گوتم دەکرا بەناو نانەینەکەی کێنێستدا بسوڕێتەوە، لە سەر مێزی دەستەیەک بچێتە لای دەستەیەکی دیکە و ڕاپۆرتیان بداتێ ئاخۆ ئێمە چیمان کردووە. بۆیە داوام لێ کرد بێ و بمبینێ. ئەو هاتە نووسینگەکەم و گوتی، "لەوەتەی زانیومە تۆ داوا لە دایان ناکەی بڕوا، من داوای دەستلەکارکێشانەوە پێشکەشدەکەم." منیش گوتم جارێ تەنیا دوو پرسیارم هەن. من نەمدەویست داوای لێ بکەم بمێنێتەوە، چونکە پێم وا بوو ئەو وای کرد، کە داوایەکی وا مەحاڵ بێ، بەڵام من دەمویست بزانم، پێش هەموو شتێک ئاخۆ بۆچی ئەو زێدە لە هەموو ڕۆژێک، ئەو ڕۆژەی هەڵبژارد، ئەویش وەڵامی دامەوە، "باشە، لەبەرئەوەی کە ڕۆژەکە ڕۆژی ئاگربەست بوو." منیش گوتم، "ئاوا؟ من هەواڵێکم بۆت هەیە. هێشتا لەو ڕۆژە شەڕ هەر بەردەوامە. هەندێک لە پیاوەکانمان لەوێدا

کوژراون؛ ئەوانی دیکەش بریندار بوونە. لە ڕاستییدا ئەوە ئەو ڕۆژە نییە تۆ ئەو جۆرە داوایە لە وەزیرێکی دیکە بکەی. دووەمیشیان، ئەرێ بۆ داوات لە من نەکرد، دەست لە کار بکێشمەوە؟ من سەروەزیرم."

بۆ ئەمەیان شاپیرۆ تەنیا ئەوەندەی گوت، "تۆ بەرپرسیار نەبووی. تۆ وەزیری بەرگری نەبووی."

لە دواییدا دایان هاتە نووسینگەکەم و جارێکی دیکە لێیپرسیم، "ئایا دەتەوێ دەست لە کار بکێشمەوە؟ من ئامادەم ئەمە بکەم." جارێکی دیکە پێم گوتەوە، نەخێر. من دەمزانی کە کۆمیتەیەکی فەرمی بۆ لیکۆڵینەوە و بەدواداچوون بەم زوانە پێکدێ -کۆمیتەکەش لە ١٨ی تشرینی دووەم لەژێر سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای باڵا شیمۆن ئاگرانات پێکهات- بێگومان تا کۆمیتەکە کارەکانی خۆی تەواودەکا و ئەنجامەکانی دەخاتەبەردەست، ئەوا بنەمای بەرپرسیارێتی بە کۆمەڵی کابینە هەر دەمێنی و بەلای کەمیش ئەمە بایەخدارە بۆ بەرپرسیارێتی وەزیرایەتی. یەک شتێک لەوێدا کە ئیسرائیل پێویستی پێی نەبوو قەیرانی کابینە بوو. هەر چۆنێک بێ ئێمە خشتەی هەڵبژاردنمان دانایەوە، کە لەبنەڕەتدا ٣١ی تشرینی یەکەم بوو، کردمانە ٣١ی کانونی یەکەم، تا ئەو کاتیش نەتەوە دەتوانێ هەستی خۆی یەکلابکاتەوە. منیش هەر چەندە زۆرم حەزلێبوو دەست لە کار بکێشمەوە، بیرم کردەوە بەڵکو تا کەمێکی دیکەش بەردەوام بم- بەم جۆرە دایانیش.

لەنێو هەموو ئەندامانی کابینەدا، هەڵبەتە دایان لە هەموویان پتر مایەی مشتومڕ بوو. پێدەچوو لە هەمووشیان ئاڵۆزتر بێ. ئەو وایە و هەمیشەش وابووە، کەسێک بوو کاردانەوەی بەهێزی لە ناو جەماوەردا دەردەهێنا. سروشیانە بوو کە شاشی خۆی هەبوون و چاکییەکانی خۆی خۆش بوێ کە کەمیش نەبوون. بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە بم، یەکێک لەو شتانەی کە زۆر شانازی پێوەدەکەم، بۆ من ئەوەیە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە یەکەوە لە کابینەدا نەک هەر دایانی تێدا بوو، بەڵکو ژمارەیەک لە پیاوی تێدا بوو، کە خۆشیان نەدەویست و ڕقیان لێبوو، بەڵام هەر لە بەراییەوە بیرۆکەیەکی باشم لەبارەی کێشەکەوە هەبوو، کە بە ڕێزەوە پێدەچوو ڕووبەڕووی ببمەوە. من بۆ ساڵانێک دایانم دەناسی، دەشمزانی ئەو نەیاری

من بوو كاتێ ئەشكۆل مرد و من بوومە سەروەزیر. تاكە ڕێگا كە كاری پێبكەم، ئەوەی هەیە وەک خۆی وەربگرم و دەبووایە جەوهەری پرسەكانم وەرگرتبا و بۆ كابینە —و بۆ خودی دایانیش– بسەلمێنم كە من ئەو خووەم نییە پیشنیازەكان بەشێوەیەكی وا هەڵبسەنگێنم ئاخۆ سەر بەكێیە.

بۆ ئەو هەڵسەنگاندنە، پێویستە ئەوە بڵێم كاتێک من پشتگیری دایانم لە هەندێ شتدا نەكرد، ئەو هەمیشە بە باشی وەریدەگرت، هەرچەندە ئەو بە ئاسانی لەگەڵ خەڵک نەدەهاتەوە و ئەوەش وایكرد ڕێگای خۆی هەبێ. لە كۆتاییدا ئێمە بووینە دۆست، هیچ تاكە بۆنەیەكیش نەبوو سكاڵام لە دەست نادڵسۆزی لایەنی ئەوەوە هەبێ. تاكە جارێكیش نەبوو. تەنانەت لە بابەتی سەربازیشدا، ئەو هەمیشە -لەگەڵ سوپاسالاردا- دەهات تا سەرەتا قسەم لەگەڵدا بكا. هەندێک جار پێمدەگوت، "من دەمەوێ بۆ ئەو پرسە دەنگ بدەم، بەڵام تۆ ئازادی كە پێشنیازی خۆت بۆ كابینە هەبێ." بەڵام كاتێک من لەگەڵ بیرۆكەیەكی ئەوم هەڵنەكردبا، ئەوا هیچی دیكەی لەسەر نەدەڕۆیشت. بە ڕەچاوكردنی ناوبانگی دایان لەوەی نەیدەتوانی وەک یەكێک لەنێو دەستەیەكدا هەڵبكا –و منیش بەوەی نەمدەتوانی بە ئاسانی سازان بكەم– پێم وابێ بەگشتی ئێمە زۆرباشمان هێنا.

ئەوەش ڕاست نییە كە، گوایە ئەو پیاوێكی ڕەق و زبر بێ. من بینیم كاتێ لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەوانەی لە شەڕدا كوژرابوون هاتەوە، تێكچووبوو، ئەو كاتەی دایكەكان بە پاڵەپەستۆ منداڵەكانیان بۆ بەردەم دەبردن و هاواریان دەكرد، "تۆ باوكی ئەوانەت كوشتوە،" شینگێڕەكان مستەكۆڵەیان بۆ بەرزكردبووەوە بانگیان كردبوو: بكوژ. من دەزانم هەستم چۆن بوو– و دەشزانم كە دایانیش هەستی چۆن بوو. لە ڕۆژە یەكەمەكانی جەنگی یۆم كیپوردا، ئەو زۆر ڕەشبین بوو، دەیویست نەتەوە بۆ بارێكی لەوەش خراپتر ئامادە بكا. ئەو بانگی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەكانی كرد و وەسفی بارودۆخەكەی بۆكردن كە بینیبووی– بە دڵنیاییشەوە ئەوە شتێكی ئاسان نەبوو بۆی.

لێ نەگەڕام ئەو لەمیانی جەنگەكەدا دەست لە كار بكێشێتەوە، بەڵام پێشموابوو دەبووایە ڕاستەوخۆ دوای ئەوەی كە كۆمسیۆنی ئاگرانات بۆ

لێکـــۆڵینەوە یەکەمـــین ڕاپـــۆرتی بەرایـــی خـــۆی لە ٢ی ئەپریلـــی ١٩٧٤دا بڵاوکردەوە، دەستی لە کار کێشـابایەوە. ئەو ڕاپۆرتە پاکپەرێزی دایـان (و منیش)ی لەهەر "بەرپرسیارێتیەکی ڕاستەوخۆی" خۆئامادەنەکردنی ئیسرائیلی لە جەنگـی یـۆم کیپـوردا راگەیانـد، بەڵام زۆر بە تونـدی سـەودای لەگەڵ سوپاسـالار و سـەرۆکی هەواڵگریـی سـەربازی کـرد، کە دادۆ دەسـتبەجێ دەستی لە کار کێشایەوە. من هەمیشە گومانم هەبوو کە دایان بتوانێ وێنەی "کاریزمایەتیەکەی" بگێڕێتەوە -یان بەلای کەمی بەشێکی- کە ئەو هەیبوو کە ڕاشکاوانە لەنێو هەڤاڵەکانی سوپادا تێکشکابوو. ئەو(تەنیا بەشێکی) ڕاپۆرتە سەرەتاییەکەی لە نووسینگەی مندا خوێندبووەوە، بۆ جاری سێیەمیش لێی پرسیم ئاخۆ دەست لە کار بکێشێتەوە. منیش پێمگوت، "ئەمجارەیان، پێویستە بڕیارەکە بۆ حزب جێبێڵی." بەڵام ئەو بەگوێرەی ژیربێژیەکەی خۆی ڕۆیشت، منـیش هەسـتم وا نەبـوو لەو کێشـە قوڕسـەدا ئامۆژگـاری بـکەم. هەنـوکە پەشـیمانم کە وام نەکـرد، هەرچەنـدە دەکـرا ئەو وەرینەگرتبـا. هەرچـی سەبارەت بە منیشەوە بوو، کۆمسیۆنەکە گوتی، لە بەیانییەکەی یۆم کیپوردا "ئەو بەژیـری و بە هەسـتێکی گشـتی و خێرایـی لە بەرژەوەنـدی جۆشـدانی هەموو یەدەگەکان لەسەر ڕاسپاردەی سوپاسالار، سەرەڕای لەبەرچاوگرتنە سیاسییەکان، ڕەفتـاری نوانـدووە، بەمە نمایشـێکی زۆر گرنگـی دامودەزگـای بەرگری دەوڵەتەکەی کرد."

بـۆ زۆر لە بێگانەکـان، بـارودۆخی ئیسـرائیل لە زسـتانی ١٩٧٣دا ڕۆشـــنتر دەرکەوت لەوەی لەنێـــو خـــودی ئیســـرائیلیەکان. یەکێـــک لە سەردانکەرەکانم ئەوێ ڕۆژێ، ڕیچارد کرۆسمان بوو، کە پەیوەسـت بـوو بە لەدایکبـوونی دەوڵەتەکە و لە بـارودۆخی بێهـودەیی و گەشـبینی سـەردەمە نوێکەش تێنەدەگەیشت. پێی گوتم، "چیە، دەڵێی گەلەکەت شێت بووە، ئایا چی بەسەر هەمووتاندا هاتووە؟"

منیش لێمپرسی، "تکایە پێم بڵێ، ئایا ئەگەر بارودۆخێکی هاوشێوە لە ئینگلستان ڕوویدابا، ئایا بەریتانییەکان چ کاردانەوەیان دەبـوو؟" ئەو ئەوەنـدە سەری لە پرسیارەکەم سوڕما، کوپە قاوەکەی دانایەوە سەرمێز.

ئەو گوتی، "ئایا پێتوایە ئەو جۆرە شتانە لە ئێمەدا بقەومێن؟ ئایا هەرگیز چەرچەل لە ماوەی جەنگدا هەڵەی نەکردوون؟ ئایا داونکەرکەمان لێڕونەدەدا و زۆر کارەساتی دیکەش؟ تەنیا ئێمە بەو شێوە چڕ و توندییەی ئێوە لەگەڵ شتەکان نەدەڕۆیشتین." بەڵام ئێمە جیاوازین، پێم وایە کە وشەی "تراوما"، کە بە درێژایی زستان لەسەر زمانی هەمووان بوو، شیاوترین وێناکردنی هەستی نەتەوەییانەیە بوو بۆ ئەو کۆستکەوتن و زیانانەی کە کرۆسمان پێی وابوو لە ئەندازە بەدەرن.

# ١٥

# کۆتایی ڕێگاکە

هەفتەکان ڕادەبوردن. یەدەگەکان هێشتا لە باشوور و لە باکووری بەستەڵەکدا هەر لەباری جۆشدراندابوون. تەنانەت تەقەکانیش کۆتاییان نەهاتبوو، میزاجیش لە ئیسرائیل ڕەش و پەشێو و زۆر بێ ئۆقرە بوو. کیسنجەر لە هەوڵەکانی بۆ بە ئارامی لە یەکجیاکردنەوەی هێزەکان لە نێوان سووریا و ئیسرائیلدا بەردەوام بوو، لیستێکی دیلەکانی جەنگی ئیسرائیلی لە سوریا پێشکەشی گفتوگۆکانی جنێڤ کرد، گفتوگۆکان لە نێوان میسرییەکان، ئوردنییەکان و ئێمەدا بوون- سورییەکانیش لە کانونی یەکەمدا ڕایانگەیاند، بەشداری ئەو گفتوگۆیانە ناکەن.

هەرچەندە بە ڕواڵەت پێدەچوو ئێمە لە چاو جاران پتر لە ئاشتی نزیکببینەوە، کەچی لە ڕاستییدا نە من و نە زۆرینەی ئیسرائیلییەکان بە کردەوە بڕوامان پێهەبوو، لە کانگای دڵمانەوە شتێکی وا هەبوو، ئێمە جنێڤ بەجێدێڵین بێ ئەوەی ڕێککەوتننامەی ئاشتیمان لەنێو لەپی دەستدا بێ، ئەوا ئێمە بەو خەیاڵپلاویە یان لە بارێکی زۆر خۆشحاڵدا نەچووبووینە ئەوێ. میسرییەکان و ئوردنییەکان قایلبوون لە یەک ژووردا لەگەڵماندا دابنیشن، ئەوەش خۆی لە خۆیدا شتێکی دەگەیاند، کە پێشتر هەرگیز ئەوەشیان نەپەژراندبوو.

وتووێژەکانی جنێڤ لە ٢١ی کانونی یەکەمدا دەستی پێکرد، منیش لەوە دەترسام نەمانگەیەنێتە هیچ شوێنێک. لەوێدا گفتوگۆی ڕاستەقینە لە نێوان ئێمە و میسرییەکان لە ئارادا نەبوو. بە پێچەوانەوە، هەر لە ساتی یەکەمەوە ئەوە ڕوون بوو، هیچ شتێک نەگۆڕاوە. نێردەی میسرییەکان

دەقـــاودەق ڕەتیـــانکردەوە، کە مێزەکەیـــان لە تەنیشـــت ئـــێمەوە بـــێ، کەشـوهەوایەکەش لە دۆسـتایەتیەوە دوور بـوو. ڕێککەوتنـی سـەربازییانە پێویسـتیەکی بەرچـاوبوو بـۆ میسـرییەکان، بەڵام ئاشـتی؛ دیسـان درکمـان پێکـردەوە ئەوە نیـیە، کە ئەوان بە دوایـدا بگەڕێـن. تەنـانەت هێشـتاش هـیچ چارەسـەرێکی سیاسـییانە لەو کۆبـوونەوانەوە ڕەچـاونەکرا، لە مـاوەی چەنـد ڕۆژێکی کەمـدا، لە کیلـۆمتر ١٠١دا ڕێکەوتننـامەی لە یەککـردنەوەی هێزەکـان واژۆکـرا، ئـێمەش هیوامـان وا بـوو بە شـێوەیەک لە شـێوەکان بمـانگەیەنێتە چارەسەرییەکی سیاسییانە. بە دڵنیاییەوە مژدەدەر(ماسـایا Messiah) نەهـاتە سەر هێڵی کیلۆمەتر ١٠١ و دیاربوو، بە تەمبەڵی ڕێگای دەبڕی.

لە ٣١ی کـانونی یەکەمـدا ئـێمە هەڵبژاردنـی خۆمانمـان کـرد. سندوقەکانی دەنگدان ئەوەیان نیشـاندا، کە گەل لەسـەر ئەوە سوور نییە لە نێوەڕاسـتی گەردەلـوولەکەدا پاڵەوانەکـان بگـۆڕێ، هەرچەنـدە ئـێمە چەنـد دەنگێکمان لە دەست دا – هەروەک پارتی دینی ناشیۆنالیش لە دەستی دا-هێشـتا مائـاراخ هەر بە بلـۆکی سەردەسـتە مـایەوە. بەڵام نەیـارێتی بەرانـبەر مائاراخ توندتر بوو، چونکە سـەرتاپای باڵەکانی ڕاست بلۆکێکی تایبەت بە خـۆی پێکهێنـا. دەبـووایە هاوپەیمـانێتی سـەر لە نـوێ ڕێکبخـرێتەوە، ئەوەش لەوەتەی بلۆکی دینی، کە هاوپەیمانی نەریتییانەی ئێمە بوو، لەنێو خۆیدا بە قووڵی لەسەر ئەو پرسە ئاخۆ کێ رابەڕایەتی بکا و چ جۆرە سیاسـەتێک لەو سـەردەمە زۆر تەنگـانەیەدا بگیـرێتە بەر، دابەش بـوو، بۆیە هاوپەیمـانێتیەکە کارێکی قورس و کەمەرشکێن بوو.

ئەو کـات دەسـتپێکی هەسـتێکی کـاریگەریی جەسـتەیی و دەرونـی هەڵچۆڕاندنی ئەو کەمە مانگانەی ڕابردوو بوو. من تەواو شـەکەت بووبووم و تەواویـش لەو دۆخە دڵنیـا نەبـووم، ئـاخۆ بتـوانم حکـومەتێکی دیـکە پێـک نەهێنم یـان تەنـانەت بەردەوام بـم لەسـەر هەوڵدانێکی وا. نەوەک هەر بە بێ ئەوە کێشــە هەبـوون، بەڵکـو ئاسـتەنگیش لەنێـو خـودی حزبـدا هەبـوو. لە سـەرەتای مـانگی ئـازاردا، هەسـتمکرد نـاتوانم بەردەوام بـم، ئیـدی بە حـزبم گوت بەسیەتی. بەڵام بە لێشاو نێردە دەهـاتنە لام و تکایـان لێ دەکردم ڕای خۆم بگۆڕم. لەوێدا زۆریش پێدەچوو، جارێکی دیکە شـەڕ دەستپێبکاتەوە،

نەخاسـه لەوەتەی هێشتا هێزەکان لەنێوان ئێمە و سووریا لەیەک جیانەکرابوونەوە و بەردەوامیش توندوتیژی هەڕەشەی لە ئاگربەست دەکرد. جارێکی دیکەش پێمگوترایەوە، کە مائاراخ لێکدەترازێ ئەگەر من نەمێنمەوە.

هەندێک جار وام بۆ دەردەکەوت، کە هەموو شتێک لەوەتەی ئەو ئێوارەی ٦ی تشرینی یەکەم قەوماوە، نابڕێتەوە، منیش دەمەویست ئەو ڕۆژە کۆتایی پێ بێ. بە قووڵی لە تێکشکانی پشتگیرییەکەی بازنەی نێوخۆی حزب دڵتەنگ بووم. خەڵکانێک کە لە نێو حکومەتەکەی مندا وەزیر بوون، هاوڕێیانم کە زۆر نزیکانە لە ماوەی ئەو ساڵانەی نووسینگەکەمدا کارمان بە یەکەوە دەکرد و بە تەواوی لە داڕشتنی سیاسەتی حکومەتدا هاوشان بووین، هەنوکە دەرچوون، و نایانەوێ بەرانبەر ئەو تەوژمەی ڕەخنە ناڕەوایە و تەنانەت بەدگۆییش بوەستن، کە بە ڕووی دایان، گالیلی و خۆشمدا دەدرا؛ ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایە بوو گوایە هەر سێکمان – بە بێ ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا- بڕیاری چارەنووسسازانەمان داڕشتوە و ئەمەش سەرکێش بووە بۆ هەڵگیرسانی جەنگەکە. هەروەها من زۆر لەو قسە نابەرپرسیارییانە، کە پێی دەگوترا کابینەی ناندینەکە، پەست بووم، گوایە لە بڕیار و ڕێنماییەکاندا جێگەی کابینەی بەرفرەوانی گرتبووەوە. ئەم تۆمەتبارکردنە بە تەواوی بێ بنەما بوو. ئەوەش شتێکی سروشتی بوو، کە تەنیا بۆ من بوو بە دوای ڕاوێژ و ڕای ئەو کەسانەدا بگەڕێم، کە سەنگیان هەبوو. هیچ کات و بە هیچ شێوەیەکیش، ئەو ڕاوێژە نافەرمییانە جێگەی بڕیارەکانی حکومەتیان نەگرتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ماوەی مانگی ئازاردا، هەوڵمدا حکومەت پێکبهێنم، هەرچەندە پێدەچوو ئەرکێکی ئەستەم بێ، بە تایبەتیش لەو کاتەی داوای هاوپەیمانێتی" لە دیوارەوە بۆ دیوار" هەر تەشەنەی دەسەند، ئەوەش شتێک بوو من و زۆرینەی کەسانی نێو حزب نەیاربوون پێی. بە دڵنیاییشەوە ئەوە کاتی ئەزمونی سیاسییانە نییە و منیش چیدی بڕوام بە توانستی ئۆپۆزسیۆن بەوەی داوای ڕەوا و هەستی گشتی هاوبەش و نەرمڕەوی بۆ هەوڵەکانی ئیسرائیل و لە دواییشدا بۆ جۆرە لێکگەیشتنێک لەگەڵ دڕواسێکانیدا، نەمابوو. من نەمدەویست کابینە گیرۆدەی ئەوە بێت، لایەنێکی دانوستان ڕەت بکاتەوە

-ئەگەر کاتی هاتبا- چونکە هەڵوێستێکی سەرتاپای نەرێیانە بەرانبەر هەر سازانێک لەسەر خاک، نەخاسمە کە بەرەی ڕۆژئاوا بگرێتەوە. من دەمزانی -لەبەر هۆکارگەلی مێژووییەوە- بۆ نموونە جیاوازی لە هەڵوێستی دانیشتوان سەبارەت بە سازان لەسەر خاکی سینا و بەرەی ڕۆژئاوادا هەیە- هەرچەندە بە خۆم هەستمکرد زۆرینەی ئیسرائیلییەکان لەسەر خاکی بەرەی ڕۆژئاوادا ئامادەی سازانن. پێم وا بوو پێویستە لە سیاسەتی ڕاگەیەندراوی حکوومەتدا دەستەواژەیەکی کاریگەری تێدابێ، بەوەی کابینە دەسەڵاتی دانوستان و بڕیاردان لەسەر سازانی خاک لەگەڵ ئوردندا هەبێ، بەرلەوەی هیچ ڕێکەوتننامەش مۆربکرێ، پرسەکەش دەکرێ لە ڕێگەی گەلەوە لە شێوەی هەڵبژاردنی نوێوە ڕاییبکرێ.

ئەوسا دوو شت قەومان: یەکەمیان، دایان دەستی لە کار کێشایەوە، هەرچەندە هەوڵمدا بڕوای پێبهێنم بگەڕێتەوە نێو کابینەکە، بەڵام ئەو هەراوبەزمەی سەبارەت بە ئەو لەنێو حزبدا ڕوویدا مەترسی لێکترازانی هێنایە گۆڕێ. ئیدی پێنەدەچوو هیچ شێوە داڕشتەیەکی دیکە هەبێ، کە دایان دەست لە وەزارەتی بەرگری هەڵبگرێ و لە هەمان کاتیشدا سەرۆکایەتی دەستەکەی خۆی ڕافای لەناو حزبدا هەر بمێنێ. هەروەها کێشەیەکی دیکەش هەبوو: بلۆکی دینیی، کە هەفتە لەسەر هەفتە گوشاری ئەوەی دەنواند حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانیی پێکبهێنین، لە پڕێکەوە وەک بەرەنجامی ئاستەنگەکانی نێو خۆی بڕیاریدا، کە نابێتە هاوکاریی هاوپەیمانیەتێکی بەرتەسک و نایەوێ بچێتە ناو هیچ کابینەیەک. ئەوەش واتای پێکهێنانی حکومەتێکی کەمینەی دەگەیاند، بەڵام پێم وا نەبوو کێشەکە ئەوەندە گران بێ، چونکە پشتگیری چەندان پارتی بچکۆلەی نێو کنێستمان هەبوو. پرسی ڕاستەقینەی یەکلاکەرەوە وەک من بینیم هێشتا هەر ئەگەری لێکترازانی مائاراخ بوو. من وام ڕێکخست کابینەیەک پێکبهێنم، دایان تیایدا وەزیری بەرگری بێ، بەڵام تەوژمی دژی هەر لە هەڵچووندا بوو. هەنوکەش جەخت لەسەر ڕاپۆرتی کاتی ئاگرانات کرایەوە، ئەوەی پێشتر گوتوومە کەوا ئەو لە هەموو بەرپرسیارێتییەکی ڕاستەوخۆی هەڵەی بڕیارە سەربازییەکانی ڕۆژانی بەرلە جەنگی یۆم کیپور بێخەتا دەرهێنابوو.

هەرچەندە ڕاپۆرتەکە نەگەیشتە ئاستی بەرپرسیاریێتی پەرلەمانی یان وەزاریی و بە دەقاودەقی تایبەت بوو بەو پرسە کە بیروڕای گشتی –لە نێوان حزب و لە دەرەوەشدا– هەنوکە بە جۆشتر خۆی نواند. زۆرکەس لە وڵات هەستیان کرد ناڕەوایانە لەگەڵ سوپاساڵاردا جوڵاونەتەوە و وەزیری بەرگریش بە لای کەمی وەک ئەو لۆمەداربوو لەو شتەی کە بەسەر دادۆدا هات. (بەبێ هیچ کۆمێنتێک لەسەر ڕاپۆرتەکەی ئاگرانات، من دەمویست سەبارەت بەو پەیوەستبوونە ئەوە بڵێم، کە ڕەفتاری دادۆ لە خودی شەڕەکەدا نایابانە بووە و هیچ پەڵەیەکی لەسەر نەبوو.) ناڕەزایەتیەکی زۆر لە بارەی چۆنیەتی ڕەفتارنواندنی ڕاپۆرتەکە لەگەڵ دایاندا هەبوو و هەستەکانیش لەو بارەیەوە بەرزەفڕی بوون.

هەرچەند من زۆر لەگەڵ هاوڕێکانم لە نێو حزبدا سەبارەت بەو کێشەیە بدوابام، ئەوەندە زۆر بە خۆم شتەکەم وا لێکدەدایەوە، ئەوەندە زۆر هەستم دەکرد، کە ناتوانم چی دیکەی لەگەڵدا بڕۆم. من گەیشتمە پنتێک، هەستمکرد بە بێ پشتگیری سەرتاپای حزب(هەمیشەش زۆرینەم لەگەڵدا بووە) ئەوا ناتوانم هیچی دیکە بەڕابەرایەتی بمێنمەوە. ئەو چرکەساتەش هات کە بە خۆم گوت، "ئیدی کاتی هاتووە و بەسە. من دەبێ دەست لە کار بکێشمەوە، خەڵکانێکی دیکە با مشووری پێکهێنانی هاوپەیمانێتی حکوومەت بخۆن. لێرەدا سنوورێک بۆ کارهەڵسوڕانی من هەیە و منیش گەیشتومەتە ئەو سنوورە."

لە میانەی ئەو هەفتانەی وتوویژی نێوبەرایەتی، بەڵگەوبەند و ناخۆشیدا، من زۆرترین نامەی هەستبزوێن و هاندەرانە و پشتگیریم لە خەڵک، لە هەموو لایەکی ئیسرائیلدا بۆ هات، لە لایەن ئەو خەڵکانەی کە هەرگیز نەمدیبوون، بەڵام پێدەچوو لەو دۆخەی منی پێدا دەڕۆم، تێگەیشتبن. هەندێکیان لە سەربازە بریندارەکانەوە بوون، کە هێشتا هەر لە خەستەخانە مابوونەوە؛ ئەوانی دیکە لەو دایبابانە بوون، کە ڕۆڵەکانیان لە گۆڕەپانی جەنگدا گیانیان لە دەستدا بوو. بۆیان نوسیبووم، "باش بە، بە هێز بە. هەموو شتێک باش و ڕاست دێتەوە." بە ڕاستی نەمدەویست نوشستیان پێبهێنم، بەڵام لە ١٠ی نیساندا بە ئەندامانی حزبم گوت ئیدی من تا ئێرە و بەس.

مـن گـوتم، "پێـنج سـاڵ بەسـە. بەردەوام بـوون و بەرگەگـرتن لە دەرەوەی هێزی منداڵیە. من سەر بە هیچ بازنە یان دەستەیەکی نێو حزبدا نیم. من تەنیا سەربە یەک بازنەی ڕاوێژی خۆمم. ئەم جارەیان دوابڕیارمە و پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە. لێتان دەپاڕێمەوە، بەهەر هۆیەکەوە بێ، هەوڵی قەناعەتگۆڕینم نەدەن. ئەو جۆرە هەوڵە سەرناگرێ." هەڵبەتە هەوڵ هەر درا کە بڕیارەکەم بگۆڕم، بەڵام هەوڵەکانیان بێهودە بوون. خەریکبوو پەنجا ساڵی خزمەتی گشتییم تەواودەکرد، بە تەواوی خاترجەمیمەوە دەمزانی کارێکی ڕاستم کردووە. من حەزم دەکرد ئەوەم زووتر بکردبایە، بەڵام هەنوکە هیچ شتێک نییە بموەستێنێ، هیچیش وای نەکرد. کارنامەی سیاسییانەم کۆتایی پێهات.

هێشتا من دەبووایە بە سەرۆکی حکومەتێکی چاودێری تا پێکهێنانی حکومەتی دادێ بماباماییەوە. پێش ئەوەی لە ٤ی حوزەیراندا نووسینگەکە جێبهێڵم، سوپاس بۆ خوا، توانیم بە کێنێست بڵێم، کە ڕێککەوتننامەی لێکجیاکردنەوەی هێزەکان لەگەڵ سوورییەکان لە ڕێی نووسینگەکانی دکتۆر کیسنجەر بە ئاکام گەیشت. لە ٥ی حوزەیراندا لە جنێڤ ڕێککەوتننامەکە مۆرکرا و دیلەکانی جەنگمان گەڕانەوە. ئەوەش بۆ من واتای لەوە پتر هەبوو، بتوانم بڵێم کە بمتوانیبا بەخێرهاتنەوەیان بکەم-هەرچەندە لەوەی هیوامان وا بوو بگەڕێنەوە کەمتر بوو.

ئیدی من بە خۆم گەڕامەوە ماڵ، ئەم جارەیان بۆ یەکجاری. سەرۆوەزیری نوێ ئیسحاق ڕابین، سابرایەکی ئیسرائیلی بوو، کە لە ئۆرشەلیم لەو ساڵەی مۆریس و من هاتینە نشینگەی مێهراڤیا، لەدایکببوو. زۆر جیاوازی لەنێوان نەوەی ئەو هی ئێمەدا هەبوو- جیاوازی لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و ئەزموون. ئەوەش دەبێ وابێ، چونکە ئیسرائیل وڵاتێکە هەمـوو شـتێکی تیـادا پەرەدەسـێنێ و بەرەو پێشـەوە دەڕوا. بەڵام ئەو جیاوازییانە ئەوەندە زۆر و قەبە نین وەک شتە لێکچووەکانیان.

هەروەک نەوەکەی مـن، ئەو نەوەی سـابرایەش دەبـێ تێبکۆشـێ، خەبات بکا، هەڵەبکا و دەستکەوتیشی هەبێ. ئەوانیش هەروەک ئێمە بە تەواوی پابەندن بە بەرەوپێشوەبردن و ئاسایشی دەوڵەتی ئیسـرائیل و

خەون بە کۆمەڵگای ئێرە بینین. هەروەک ئێمە ئەوانیش دەزانن کە گەلی جوو بۆ ئەوەی بە گەل بمێننەوە، ئەوە زۆر چارەنووسسازە دەبێ دەوڵەتی جوو هەبێ تا بە جووایەتی خۆیان بمێننەوە، نەوەک لە ژێر چەوسانەوەدا بن و کەمینە بن. من دڵنیام بە لای کەمی ئەوان ئەوەندە بۆ گەلی جوو لە چوارکەناری دنیادا دەکەن، کە ئێمە هەوڵماندا بیکەین. لەو خاڵەشدا من دەمەوێ شتێک لە بارەی جووایەتی بکەمەسەربار. ئەوەش بڕوام وایە هەر پرسی ڕەچاوکردنی ئاین و پەیڕەوکردنی نییە. بۆ من جووایەتی واتای ئەوەیە و هەمیشەش هەر وایگەیاندووە، کە شاناز بی بەوەی بەشێکی لە گەلێک کە ٢٠٠٠ ساڵە لەگەڵ ئەو هەموو ژان و ناسۆر و گۆبەندانەی بەسەریشدا هاتووە، پارێزگارییان لە ناسنامەی خۆیان کردوە. لەو باوەڕەدام ئەوانەی نەیانتوانی بەرگەبگرن و شتێکی دیکەیان لە بری جووایەتی خۆیان لەسەر حیسابی ناسنامەی بەرایی خۆیان هەڵبژارد، ئەوان مایەی بەزەیی پێهاتنەوەبوون و خۆیان خۆیان بێهێزکرد.

من ئەوە نازانم ئاخۆ لە پاشەڕۆژ، لە هەزار ساڵی دادێ چۆن جووایەتی پەیڕەودەکرێ یان چۆن جووەکانی ئیسڕائیل و هەر شوێنێکی دیکە جووایەتی خۆیان دەردەبڕن، بەڵام من ئەوە دەزانم، کە ئیسڕائیل تەنیا دەوڵەتێکی بچکۆلەی گەمارۆدراو نییە، کە ٣،٠٠٠.٠٠٠ کەس هەوڵی مانەوەی بدا. ئیسڕائیل دەوڵەتی جووە و وەک بەرەنجامی پەرۆشی، باوەڕ و بڕیاردانی گەلێکی دێرین، هاتۆتەکایە. ئێمە لە ئیسڕائیل تەنیا بەشێکی نەتەوەی جووین، تەنانەت بەشە هەرە زۆرەکەش نین؛ بەڵام لەبەر ئەوەی ئیسڕائیل هەیە، مێژوی جوو بۆ هەتاهەتایە گۆڕا، لە قووڵایی بڕواشمەوە پێم وایە ئەمڕۆ چەند کەسێکی کەمی ئیسڕائیلی هەن، کە تێناگەن و بەتەواوی بەرپرسیارێتی مێژوویی قبووڵناکەن، کە وەک جوویەک کەوتۆتە سەرشانیان.

بۆ منیش، بەشێکی زۆری ژیانم پیرۆزانە بوو. نەوەک هەر لەبەر ئەوەی کە لە ژیانمدا لەدایکبوونی دەوڵەتی ئیسڕائیلم بینی، بەڵکو من ئەوەم بینی کە سەرکەوتنەکانی زۆربەی ئاپۆرای جووی لە هەر چوارکەناری دونیایێ لە خۆ گرت. کاتێک من لە ١٩٢١دا هاتمە ئەو وڵاتە، دانیشتووانە

جووەکـان هەر ٨٠،٠٠٠ کەس دەبـوون، هـاتنی هەر جـوویەکیش پابەنـد بـوو بەو مـۆڵەتەی کە لە حکـومەتی مانـداتی بەریتـانییەوە دەدرا. ئـێمە هەنـوکە ژمارەی دانیشتوانمان لە سێ ملیۆن تێپەڕاندووە،[150] لەو ژمارەیەشیاندا پتر لە یەک ملیۆن ئەو جووانە بوون، لەوەتەی دەوڵەتەکە لەدایکبووە و لەسایەی قانونی ئیسـرائیلی گەڕاونەتەوە؛ ئەو قانونەی مـافی نیشـتەجێبوونی بـۆ جـوو مسـۆگەر کـردووە. هەروەهـا مـن سوپاسـگوزارم لە وڵاتێکـدا دەژیـم کە خەڵکەکەی فێربوون چۆن لەنێو زەریایەک لە ڕق و کینەدا بژین بێ ئەوەی قینیان لەو کەسـانە ببێتەوە کە دەیانەوێ تەفروتونایـان بکەن، بێ ئەوەی لە ڕوانینی تایبەتی خۆیان بۆ ئاشتی بکەون. بۆ ئەوەی فێربی، ئەمە هـونەرێکی بەرزە، کە پەیڕەوەکەی لە هیچ شوێنێک نەنووسراوەتەوە. ئەوەش بەشێکە لە شێوازی ژیان لە ئیسرائیلدا.

لە کۆتاییـدا، حەزم لێیە بڵێم، لەو کـاتەی وەک کچێکـی گەنـج هـاتمە فەڵەسـتین، ئـێمە ناچـارکراین لە نێـوان ئەوەی کە زۆر مەترسـی و دژوارە و ئەوەی کەمتـر دژوارە هەڵبژێـرین. لەو کـاتەی هەوڵمانـدا بچیـنە بـن بـاری چەنـدین گوشــاری جیــاواز و ئەو پێشــنیازە بپەژرێنــین، کە بــۆ مــاوەی چەنـد مانگێـک ئارامیمـان بـۆ مسـۆگەر بکـا یـان تەنـانەت ڕەنگبێ بۆ چەنـد ساڵێکیش، بەڵام ئەو شتە لە دواییدا ئێمەی تەنیا بەرەو دژوارییەکی گەورەتر دەبــرد. ئــێمە هەمیشــە ڕووبەڕووی ئەو پرســە دەبــووینەوە: "کامەیــان گەورەتـرین مەترسـییە؟" ئـێمە هەر لەو دۆخەدا مـاینەوە یـان توشـی لەوەش وێرانتـر دەبـووین. دنیـا ڕەق و زبـر، خۆویسـت و مـاددیە. ژان و ناسـۆری نەتەوەیەکـی بچـوک مـایەی هەسـتپێکردن نیـیە. تەنـانەت ڕوونـاکبیرترین حکـوومەتی دیمـوکراتیش، کە لە لایەن سـەرکردە لێوەشـاوەکان ڕابەرایەتـی دەکـرێ و نـوێنەرایەتی گەلێکـی شـیاویش دەکەن، ئەمـڕۆ مەیلیـان لـێ نیـیە خۆیان توشی کێشەکانی دادپەروەری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن.

---

[150] وەک پێشتر ئاماژەکراوە، نووسەر لە ١٩٧٥ کتێبەکەی چاپکردووە، ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئیسرائیل لە حەوت ملیۆت تێپەڕی کردووە-وەرگێڕ

لەو کاتەی نەتەوەیەکی مەزن مایەی ئەوەبوو بچێتە بن باری سەرانە و کەڵەگایی و بڕیارەکانی لەسەر بنەمای سیاسەتی زلهێزی بدا، ئێمە هەمیشە ڕەچاوی ئەوە ناکەین کە ڕاوێژەکەی وەربگرێ، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە توانست و بوێری ئەوەمان هەبێ، شتەکان وەک خۆیان ببینن و بۆ پارێزگاری لە مانەوەی خۆمان لەسەر ماکی بنگەیی خۆمان هەنگاو بنێین. ئاوا بۆ ئەو کەسانەی کە دەپرسن: "چی بۆ پاشەڕۆژ هەیە؟" من تەنیا یەک بەرسڤم هەیە: من لەو بڕوایەدام دەبێ ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانماندا بەرپابێ، بەڵام من لەوە دڵنیام، کە هیچیان ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلێکی لاوازدا بکەن. ئەگەر ئیسرائیل بەهێز نەبێ، ئەوا ئاشتی نایەتەدی.

بۆچوونی من بۆ ئایندەمان؟ دەوڵەتی جوو کە ئاپۆرای جووی هەر چوار کەناری دنیایێ گرتەخۆ، دەبێ بۆ نیشتەجێبوون و ڕۆنان بەردەوام بن؛ پابەندبوونی ئیسرائیل بە تەکانی هاوکاریی لەگەڵ دراوسێکانی لەبری هەموو خەڵکی ناوچەکە؛ ئیسرائیلێک کە وەک دیموکراسیەکی گەشاوە بمێنێتەوە و کۆمەڵگایەک لە سایەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یەکسانەدا بحەسێتەوە.

هەنوکەش من تەنیا یەک مرازم ماوە: هەرگیز ئەو هەستە لە دەست نەدرێ، کە من پێی قەرزبارم، لەو کاتەی یەکەمجار لە ژوورە بچکۆڵەکەی ڕووسیای قڕالدا لەبارەی زایۆنیزمەوە فێربووم، لە ماوەی ئەو نیو سەدەیەشمدا کە لێرە لە کاردا بوو، ئەوەی من لە هەر پێنج نەوەکانم بینی، کە وەک جوویەکی ئازاد لە وڵاتی خۆیان پەروەردە و گەورە بوون. لێمەگەڕێن هیچ کەسێک لە هەر کوێیەک بێ هیچ گومانێکی لەو بارەوە هەبێ: منداڵەکانمان و منداڵی منداڵەکانمان هەرگیز بۆ شتی لەوە بچوکتر تەرخان مەکەن.

**کۆتایی**

# چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایکبووە
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانوون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ـەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ـەوە هەوڵی نووسینی داوە. تا ئێستا بیست کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون. دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانوونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.

## چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١ - نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢ - مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣ - داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤ - کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥ - وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.

٦ - ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.

٧ - ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨ - شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩ - یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ - خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.
١١ - کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.
١٢ - خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوللا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.
١٣ - کردە هەرەگرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.
١٤ - لە مەککە، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی
١٥ - ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبسن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩.
١٦- شەوە سپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.
١٧ - زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.
١٨- ژیانی من، گۆلدا مایەر، یادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.
ئامادەی چاپ:
١- هێڵێک بە نێو لمدا، جێمس بار، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە.
٢- کچانی ئاگر و دوکەڵ، ئاڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە.